2022

# ئاراسنامە – وەشانی 3

## تەواوی ئەو پەند و ئیدیۆمانەیە کە هاوکارمان ئاراس ئیلنجاغی کۆیکردوونەتەوە و شیکردنەوەی بۆ کردوون.

ئەرشیڤوانی بەشداربوو لەم بەرهەمەدا
ئاراس ئیلنجاغی

ژمارەی بابەت
1526

رێکخراوی کوردیپێدیا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کوردستان و کورد
https://www.kurdipedia.org
08-08-2022

# ناوەڕۆک


چەند وتەیەک........ 46
بڵاوکراوەکانی کوردیپێدیا ........ 47
دەربارە! ........ 51
بابەت: 1526 ........ 53
ڕۆژی دەرچوون: 2022/8/8 PM5:10:59 ........ 53
ئاتەشبازی بە کنگی خاڵی ناکرێ ........ 54
ئادار مەشکە لەدار، لێرە یان لە شنگار ........ 54
ئادار ناچێ بەبێ دۆ، نیسان ناچێ بەبێ جۆ ........ 55
ئارداوێژی دەمی خۆشە ........ 55
ئاردی بێژاوە، کەپەکی ماوە........ 56
ئاروو بەبرکی خۆیەوە جوانە ........ 57
ئاسن داک و بابی ناپرسێ........ 57
ئاسنگەر دەزانێت لەگەڵ ئاسندا چی بکات ........ 58
ئاسنی سارد کوتانە ........ 59
ئاسیاو بێ ئاو ناگەڕێ ........ 59
ئاشپەز خلە بێ و شاگردەکەی بلە بێ هەر کەس بیخوا گول ئەبێ........ 60
ئاشتی پشیلە مشکە ........ 60
ئاغی گوندی ڕێی بەگاوانی گوندی دەکەوێ ........ 61
ئاگات لە بەرینایی بێت........ 62
ئاگر بێ دوو کەڵ نابێت ........ 62
ئاگر بەئاوی پیسیش دەکوژێتەوە ........ 63
ئاگر بەری دای لەسەری ........ 64
ئاگر لەسەر پشتی بکەوە ........ 64
ئاگری بن کایە ........ 65
ئاگری پوشێ یە ........ 66
ئاگری ژێر پۆلوان بە تینە ........ 66
ئاگری لەسەر پشتی کردەوە ........ 67
ئالیکی بەر هەورازە ........ 67
ئاهی بزنە مسکێنێ کێوان لە بن دێنێ........ 68
ئاو بەگوریس دەبەستێتەوە ........ 69
ئاو خەستکردنەوە ........ 69
ئاو دەڕوا زیخ بەجێ دەمێنێ........ 70
ئاو زۆر لە گۆمدا ماوە بۆگەن دەبێت........ 70
ئاو شوێنی خۆی دەگرێتەوە........ 71

ئاو لە گونیەدا دەکوتێ ..................................................... 71
ئاو هەموو ئاشەکەی بردبوو، کابرا بەدوای چەقچەقەدا دەگەڕا ..................................................... 72
ئاو و ئاو چوو ..................................................... 73
ئاوی حەمامیش نامێنێتەوە ..................................................... 73
ئاوی شیرین لەگڵی سوێر دەرناچێ ..................................................... 74
ئاوەدان بێ حەریر، هەر گوندێک و نۆ میر ..................................................... 74
ئە و باوکەت مرد ..................................................... 75
ئە و ترەی لە قنگتایە بیکەنە ..................................................... 76
ئە و خەبەرە هەرزان دەبێت ..................................................... 76
ئە و دێر و هەرشەمەی لۆچییە؟ ..................................................... 77
ئە و ماستە مووەکی تێدایە ..................................................... 77
ئیشی پینە و پەڕۆ هەر دەگاتە نیوەڕۆ ..................................................... 78
ئیشی وەختی پاشای سەر تەختی ..................................................... 79
ئۆمەرمەندان نەیکا بەگیسکێ، خاڵخاڵان دەیکا بەمریشکێ ..................................................... 79
ئیش گەیشتە نێر گاینێ ..................................................... 80
ئێ هێی قۆچ بەگە بەمردویش گونت لەسەر قونانە ..................................................... 80
ئێستریان ناڵ دەکرد کەر کلکی بڵند دەکرد ..................................................... 81
ئێستری ماچەیە پیر نابێت ..................................................... 82
ئێشی ددان بەخە و ناشکێ ..................................................... 82
ئەخلاق لەگەڵ شیری دێ و لەگەڵ مەرگی دەڕوا ..................................................... 83
ئەرێی هەورازی کەر ترێنییە ..................................................... 83
ئەرێی کۆرانێ هەرسێیە ..................................................... 84
ئەرێی کۆرە ماری ..................................................... 85
ئەرێی چاکی دار بەڕوییە ..................................................... 85
ئەسپ بەڕاکردن ئالیکی خۆی زیاد دەکات ..................................................... 86
ئەسپ سەیری سواری سەرپشتی خۆی دەکات ..................................................... 86
ئەسپ و زین، کەر قەڕازە ..................................................... 87
ئەسپی چاک شولێکی بەسە ..................................................... 87
ئەسپێ لەدەست کۆری نایەتە دەرێ ..................................................... 88
ئەسپەشێ یان ئەترێ یان ئەفرێ ..................................................... 88
ئەستووک،ئەستووکی سێر لە قێنە ..................................................... 89
ئەستێ و پوشن ..................................................... 90
ئەگەر ئاژەڵ تینوی بێت فیکەی بۆ چیە؟ ..................................................... 90
ئەگەر ئاغاژن حیز بێت، کارەکەر چی بکات ..................................................... 91
ئەگەر ئەتەوێ بەهەشت بنۆشی، نەفسێ تێرکە و سڕی بپۆشی ..................................................... 92

ئەگەر بەتەمای سێبەری خڕنووک بیت، هەتاو دەتسوتێنێت ................................ 92
ئەگەر بەدوعا دەبوو پشقڵ بەخورما دەبوو ................................ 93
ئەگەر بەرد نی یە لە کەوشتا بۆچی ئەشەلی ................................ 94
ئەگەر خە و ئەبوو بەمایە کەروێشک ئەبوو بەگایە ................................ 94
ئەگەر داکی درۆیانی نەگایە ................................ 95
ئەگەر دزیت تاریکە شە و زۆرە ................................ 96
ئەگەر دیتیانم ئەزم ئەگەر نەیاندیتم دزم ................................ 96
ئەگەر سەروپێی کەمتیار بخورایە نە ئەدرا بەمن ................................ 97
ئەگەر سەری لەبەر هەتاو سپی نەکردبێت ................................ 97
ئەگەر شەرت کرد بەشی ئاشتی تێدا بێهێڵەوە ................................ 98
ئەگەر لە خۆت دەخەفتی دەڵێیماینی بەرەختی، ئەگەر لە خۆت ناخەفتی دەرێی کوندە بە جەفتی ................................ 98
ئەگەر مەعبود نەیدا، مەحمود چ بکا ................................ 99
ئەگەر نەگەیشتیە کوێستانێ، هەروە دەربەندی گۆمەسپانێ ................................ 100
ئەگەر ڕازی نیت، ئەوە خەرەند ................................ 101
ئەگەر کوڕ هەبێت، تاریکە شە و زۆرە ................................ 101
ئەگەر کەر هەیە کەرکەدەنیش هەیە ................................ 102
ئەنگوتک ژمێر ................................ 103
ئەوە گیرفان و ئەوە بازاڕ ................................ 103
ئەوە گەز و ئەوە ئەرز ................................ 104
ئەوە لێ لێیە، هێشتا لۆ لۆ مایە ................................ 105
ئەوەش لە بەختانە ................................ 105
ئەوەندە بچووە شوێنان شتێکت هەڵدەنە بەر پێیان ................................ 106
ئەوەندە وەستایە موو دەقلیشێنێت ................................ 106
ئەوەندەی قوزی بزن لەگۆڕێیە قوزی مەڕ بوایە حەیای دەچوو ................................ 107
ئەوەی بچێتە بن زاران، ئەوەدێتە بن گوانان ................................ 108
ئەوەی بە بێوەژنی دەیکەیت، بەکچی عازەبی بتکردایە ................................ 108
ئەوەی بە کێر کردمان بە قنگ دامانەوە ................................ 109
ئەوەی بەبێوەژنی دەیکەی، بەکچی بتکردبوایە ................................ 109
ئەوەی بەدزی کەڵ بخوات بەئاشکرا دەزێت ................................ 110
ئەوەی دەمی بە شیری گەرم سوتابێت، لە ئاوی گەرم دەرەوێتەوە ................................ 111
ئەوەی زۆر بخوات زۆر ناژێت ................................ 111
ئەوەی سنگ بخوا، سنگ دەکوتێ ................................ 112
ئەوەی گیسکێکی نەبێت، گیسکێک ناهێنێت ................................ 112
ئەوەی لە خوانەترسێ لە هیچ ناپرسێ ................................ 113
ئەوەی لەبەر شێر بمێنێتەوە کەمتیار ئەیخوا ................................ 114

ئەوەی لەنێرەکەر بێت، دەبێت لەسەر زبڵدان بگەوزێت ........ 114
ئەوەی لەهێزە بێت دێتە ئەسکو ........ 115
ئەوەی ناوکی بوێ دەبێ توێکڵیش بشکێنی ........ 115
ئەوەی کەرێکی نەبێت کەرێک ناهێنێت ........ 116
با برنج و شیرێ بخۆن ........ 117
باب و کوڕ لەسەر یەک ئاخوڕی کەرێ نابەستنەوە ........ 117
بار بەلای بێ دەسەڵاتدا ئەکەوێ ........ 118
بارگیر هەر تەرسی لەدوای خۆی بەجێ دێڵێ ........ 119
بارنەبەر، بەشی نەقیزە و دارە ........ 119
باریک ڕێسە ........ 120
باری کەر، هەمیشە قورسە ........ 120
باریکی دەڕێسێت ........ 121
بارە گوێزی لێ نێیت، خڕەی نایەت ........ 122
بازی پشیلە تا دەرگای کادینە ........ 122
باسکە سەگە ........ 123
باش بار نەهاتووە ........ 123
باوکم کوژرا چ بەشیر چ بە تیر ........ 124
باڵای کورتە و دەڵێ دیوار بڵندە ........ 124
بچۆ بێگار، دامەنیشە بێکار ........ 125
برا ئەگەر گاوانە، خوشک چاوی لەدەستانە ........ 125
برا برایە، بازاڕ جودایە ........ 126
برای باوەژن نە دۆستە و نەدوژمن ........ 127
بردیان بۆ ڕاوە ژووژک ........ 127
برسی مەنێرە بۆ نان و جوان-یش مەنێرە بۆ خوازبێنی ........ 128
برکی گەڵاوێژ ........ 129
بزن بۆ بێرە، گاجووت بۆ گێرە ........ 129
بزن بۆ شەوێک جێی خۆی خۆش دەکات ........ 130
بزن و عەینەکیان نەگۆتیە ........ 130
بژێویان لە ماڵدا نیە ........ 131
بشفرێ هەر بزنە ........ 132
بگرمێنە و مەبارێنە، بخورە و مەبرە ........ 132
بلوێر بەزێنە ........ 133
بن گۆمی گرت ........ 133
بنە مۆم ........ 134
بنە کوندە ........ 134

به قسه ئاڵی زەنگانە، بەکردەوە ڕیخ لە لنگانە ........ 135
بوار بەباران گەڕەک بەژنی جوان مێگەڵ بەنێری ........ 136
بوخچەی نەکراوەیە ........ 136
بوو بوو، نەبوو کەڕەپوو ........ 137
بووک گەیشتە ناو داڵان خەسو وەک وورچ دەیناڵاند ........ 137
بووکەکەمان زۆر جوانە، بالوکەی لە لێوانە ........ 138
بووە بە مەیدانی نێرەکەری حاجیاوا ........ 138
بووە بەشوانەکەی، حەق نادیاری ........ 139
بووە بەمووی کونە لوت ........ 139
بووە تڕی ناو رانک ........ 140
بووە گانە سە ........ 141
بووە یاسینی گۆڵکێ ........ 141
بووە ڕێی شامێ ........ 142
بووە کەری نیوە زەڕ ........ 142
بویتە بنیشتە خۆشەی سەر زاران ........ 143
بوکی وەرتیانە ........ 144
بیت بە میر خوانەکەی لە ویر ........ 144
بڕکیان تاڵە ........ 145
بکەویە بەر پێیان، نەکەویە سەر زاران ........ 145
بۆ ئەوەندە قوون قوچاوی ........ 146
بۆ باجی حەلاوی باس بکە ........ 146
بۆ بەرخی هەژار چ گورگ چ سوار ........ 147
بۆ پارەی، بن سێبەری هەوری ........ 148
بۆ قاوەڵتی نەوەک دایکوتی ........ 148
بۆ گیسکێک گایەک مردار مەکەوە ........ 149
بۆ نانێک ماڵی خۆی جیاکردەوە ........ 149
بۆ کوێر چ شەو، چ ڕۆژ ........ 150
بۆتە ئەسکوێ لە هەموو چێشتان هەیە ........ 150
بۆرە پیاوە ........ 151
بۆقێ دەقیرێنێ دەمی پڕ با بێت ........ 151
بۆگەخۆرە ........ 152
بیانووی تڕ نانی جۆیە ........ 153
بیوری کۆڵکانیش هەیە ........ 153
بێ بوار، لە ئاوی داوە ........ 154
بێ دۆنە ........ 154

بێ دەرپێ خەون بەگەزی خامەوە ئەبینێ ..... 155
بێژینگی کون بڵاوە ..... 155
بێوەژن کۆشی ..... 156
بێوەژەن کۆڵەگەی ماڵی زێڕ بێت خێری پێ دەشێت ..... 157
بە ئاگری گەش نەبمەوە بۆ بە دوو کەڵی ڕەش ببمەوە ..... 157
بە پشیلە یان گوت: گووت بەدەرمان دەچێ، دەچوو ئەیکرد بە ژێر خۆڵەوە ..... 158
بە پشیلەی گۆشت(تەوزیع) ناکرێت ..... 158
بە تاوستان هان لەسیبەر پەرک، بەزمستان بە جوارە وە چنە سەر چار خەرک ..... 159
بە جەڕ و مەنگەنەیە ..... 160
بە چەقەنەیەک حاڵ دەگرێت ..... 160
بە دۆ کەرەتێک ئەڵێن ترشە ..... 161
بە دەنکە جۆیەک دەزەرێت ..... 161
بە قنگ هەناسە دەدات ..... 162
بە قونیا مەخە ..... 162
بە قونە خشکێ، بەغدا ناگیرێ ..... 163
بە قینگە خلیسکێ دوژمن ناگیرێ ..... 163
بە قەلێ دەڵێ گدی گدی ..... 164
بە مەلایان ووت کاغەزێکمان بۆ بنوسە ووتی قاچم قلیشاوە ..... 165
بە هەزار وێر قەرزێک پڕ ناکاتەوە ..... 165
بە هەموو بایەک جۆخین سوور نابێتەوە ..... 166
بە هەوهەوی سواران دەکرێت نەک بە ترۆتۆپی پیرێژنان ..... 166
بە کلکی مراکی راگەیشت ..... 167
بەئالیکی کەر جوتی ئێستر ناکرێت ..... 168
بەبێ گۆرانی شایی دەگێڕێ ..... 168
بەپتی خۆی دەتەکێنێ ..... 169
بە-تا-یەکی نۆزدە ڕەمەزانان دەخوات ..... 169
بەتیرێ دوو نیشان ئەشکێنێ ..... 170
بەتەشکەری بارگیری دادا و گەڕایەوە ..... 170
بەتەمای جیران بی بێ نان دەبی و بەتەمای دۆستیش بێ گان دەبی ..... 171
بەتەمای فرۆی مانگای زەردە ..... 171
بەجوو سەرت بخوسێنە، بەگاور بیتاشە ..... 172
بەحر ناخرێتە ناو جەڕەوە ..... 173
بەحەوت قەڵەم ئارایشتی کردووە ..... 173
بەختی مە تارە سێوە کیری کەرانی پێوە، بەختی خەرکی شیرنە سێوە شەکر و نەباتی پێوە ..... 174
بەخزمە خزمە کردی بە قوزما ..... 175

بەخێرا بنە برنجەکی، سەد داڕوجان ئاوی دەخواتەوە 175
بەخێرا گوڵە گەنمەکی چەند گوڵە زیوان ئاوی دەخۆنەوە 176
بەدرێژی یان بەپانی هەر دەچێتەوە سەربانی 176
بەدزی ئیزرائیلەوە دەگەڕێ 177
بەدیوار وەتن عمرت چەندە وەت بەکێ بویشن زانیک 178
بەدۆی دەرکان گەورە بووە 178
بەدەرزی بیر هەڵکەندنە 179
بەدەستێک دوو گندۆرە هەڵناگیرێت 179
بەدەمێک دەخۆن و بە قنگێک دەڕین 180
بەر بووکی شێخ و شەیتانە 180
بەر پێی خۆی نابینی 181
بەراز تا بۆز نەبێت، بێناموس نابێت 181
بەراز خۆی لەسەگ بدات گڵاو دەبێت 182
بەرخی بەرانە 183
بەرخی چلەی، گۆلکی ڕەشەمەی، کاری ئاداری پەسندن 183
بەرد ئەدرێت بەدەرگای داخراودا 184
بەرد تل بدە، بێ کار مەبە 184
بەرد کوڵاندن 185
بەرداشی لەسەر دەگەڕێ 185
بەردی بچێنێت دەیبێت 186
بەردی بەستێ، چۆلەکەی دەشتێ 186
بەردی لادێ ژیانی تێدایە 187
بەردێک نەزان بیخاتە ئاوەوە بەهەزار زانا دەرنایەت 188
بەردەکی لەسەر دانێ 188
بەرۆژووە 189
بەری تەنگانە کورتە 190
بەزاک و ماکەوە هاتوون 190
بەزمان شێر دەکاتە ڕێوی 190
بەزی بەکتکی دەسپێرێ 191
بەس گووەکەی تەرس نی یە 192
بەستەی ئاغا ژنە 192
بەسمتی سپی نەگەڕاوە، بەدەسکە پوشێ ناگەڕێتەوە 193
بەسەر حەوت پشقڵ باز دەدات 193
بەشە و جەردە و بەڕۆژ مەردە 194
بەشەر ئەگەر دەستی خۆی دیت باوکی خۆی نا ناسێت 194

بەشەر لەبەرد سەختر و لەگوڵ ناسکترە ........ 195
بەقای موو و بەقای شوو ........ 195
بەقنگیەوە خستیە چاڵەوە ........ 196
بەگوریسی خەڵکی دەڵێ پەتە ........ 197
بەگۆر گوێمان برِی بەدێل دەرچوو ........ 197
بەگەورەیی دەستی بۆ پڵاوبردووە ........ 198
بەماڵی پرِ لە رِازیانەوە بەسک ئێشە بمرن ........ 198
بەمێردی نیە بە خوڵایە ........ 199
بەنانی دەرکان گەورە بووە ........ 200
بەنی برای ئاوریشمە ........ 200
بەنەکە ئاڵۆز بووە ........ 201
بەهار لە گەرمیان دێت و زستانیش لە کوێستان ........ 202
بەهارە لە هەمزە کۆری ........ 202
بەهەزار زاوا، ماڵم نابێ ئاوا ........ 203
بەیار کێڵان و گای لەرِیان نەگۆتیە ........ 203
بەین دۆستایەتی و دوژمنایەتی چیابوک، دبوکە داوە موییک ........ 204
بەیەوە بمری، نەک ئەرِای بمری ........ 204
بەرِ نابێتە پۆست، دوژمن نابێتە دۆست ........ 205
بەرِوو نی لە قەپێلکی بچیە دەرێ ........ 205
بەرەی خەڵکی، دەبێت لەسەری هەستی ........ 206
بەکارەکەر بڵێیت خانم، کاسە و کەوچکت ئەشکێنێ ........ 207
بەکفتەی دەڵێ فلتە ........ 207
بەکلکی دەخورِێت ........ 208
بەکیری خەلق گان ئەکات ........ 208
بەکیری منداڵی دەمیزێت ........ 209
بەکەروێشک دەڵێ رِاکە، بەتانج-یش دەڵێ بیگرە ........ 209
بەکەریان وت مەعریفەت بنوێنە لنگی هەڵبرِی و ترِێکی کەند ........ 210
بەکەری خۆم، بەجواری خۆم، سەرم بەقونێ خاری خۆم ........ 210
بەکەوچکم رادێرە، لە رێزێم بژمێرە ........ 211
پاتەخۆری بەرماوە خۆرە ........ 212
پارو لە دەم دەفرِێنێت ........ 212
پاروو بکەوێتە کۆشی نەوەک عاردی ........ 213
پارووێەک کەمتر، برایەک زیاتر ........ 213
پارە بە قنگ هەڵدەگرێت ........ 214
پاش تەگەی کردۆتەوە ........ 214

پاشی بارانێ فەرەنجی دەپۆشێت ........................................................................ 215
پاشی ترێ، خەپشەی برێ.................................................................................... 216
پاشی رووتکردن تەشتی زێرت لەسەر بنێ.......................................................... 216
پاشی لەگێلاکی دەدات ........................................................................................ 217
پاشەڵت جوانە ...................................................................................................... 217
پانی نەبێ بەخونە، ئەوەی دی مەکر و جادونە ..................................................... 218
پاڵ بە دیواری رووخاوەوە مەدە.......................................................................... 218
پایزە برا.............................................................................................................. 219
پشت شۆرمان نی یە.............................................................................................. 220
پشیلە شۆری کرد ................................................................................................. 221
پشکە سە............................................................................................................ 221
پلە مووچەیە....................................................................................................... 222
پوشکە لەکای نابژێردرێت .................................................................................... 223
پوشکەیان پساندییە............................................................................................. 223
پوشی بەر ڕۆژە..................................................................................................... 224
پیاو لە بنەماڵە نابڕێت ......................................................................................... 224
پیاو ڕقی لەبەنەخوێنی خۆی هەڵسێ گوو دەکات بەخۆیا .......................................... 225
پیاو کەندووە ژن لەدووە ...................................................................................... 226
پیاوی ترسنۆک کوتەکی زلە.................................................................................. 226
پیاوێکی تەڕنە...................................................................................................... 227
پیری ئاخر شەڕ..................................................................................................... 227
پیری سەیانی....................................................................................................... 228
پیری و سەد عەیب، قەرزاری هەزار....................................................................... 228
پیرە سەی(عەمەل) گوجیلانی ................................................................................. 229
پیرە قۆتڕ............................................................................................................. 230
پیرە کەر و قەڕاسەیان نەگۆتیە ............................................................................. 230
پیاو بای دەشتێیە ................................................................................................. 231
پیاوکوژ گوێچکەی قیتە......................................................................................... 231
پیر لە خۆشیان ناترێ............................................................................................ 232
پیرەژنی دۆ لێڕژاو ................................................................................................ 232
پیسکەی تەڕپڕ..................................................................................................... 233
پێ مەڕە لەشانی شلە............................................................................................ 233
پێ یەک نزیکتر، ئاگری گەرمتر................................................................................. 234
پێچک چارە، بە ئەژمارە ........................................................................................ 234
پێچک چوارە بە ئەژمارە ........................................................................................ 235

پێخواسی خوا نەناس.......... 236
پێستی سەگ بە دەباخ پاک نابێتەوە .......... 236
پێستەخۆرن.......... 237
پێش تایێ بەرەی بەخۆمان دادەین.......... 237
پێشمەرگەی ناو تەڕاشان کیرتان بەقونێ جاشان .......... 238
پێویستە زوڕنای شەش کون بکوتی.......... 239
پێوەدان لە گیزگیزێ باشترە .......... 239
پێی خۆی پارسەنگە.......... 240
پەتی درۆ کورتە .......... 240
پەرێزی پاکژ نی یە .......... 241
پەرێزە و بێ ڕێزە.......... 241
پەرە کەت خەرمان کەت .......... 242
پەز هی پەزەوانی، ڕەز هی ڕەزەوانی.......... 243
پەنا هەر پەنای خوایە.......... 243
پەڕۆی لێ دەرهێنابوو .......... 244
تا ئاو لەدوو بێری بێت لێخورە.......... 245
تا گوی نێت نازانێ قونی لە کوێیە .......... 245
تا لە مردن چاکترە.......... 246
تا لەئاو نەدرێت گونی قۆڕ دەرناکەوێت .......... 246
تا مانگا لەدەرەوە بێت کەڵەگا جەژنیەتی .......... 247
تا ماڵ پێی بوێت، مزگەوت بەتاڵە.......... 247
تارینە شەڕێ لەگەڵ سەفینێ دەکات.......... 248
تارەتی بەمیزی یەکتر دەکەن .......... 249
تازە بووک گسک باش لێ دەدات .......... 249
تازە بە بوارێ دەزانێت .......... 250
تاژی و ڕست، کەر و قەڕازە .......... 251
تاقە سوار تۆزی نی یە.......... 251
تاقە سوارە تۆزی بەهەزارە .......... 252
تامردن، هەرکردن.......... 252
تانەی دۆست، لە تیری دوژمن تیژترە.......... 253
تاوی مەیدان و قسەی بەر ئاگردان وەک یەک نیە .......... 253
تروسکایەکی چاو، لە سەد گۆچان باشترە.......... 254
تفەنگی تۆ خاڵیە بەڵام دڵی من واناڵێت.......... 254
توشی گونە ڕەشەی خۆی بووە.......... 255
توشی نیری شەش کون بووە.......... 256

تولەی دوو سوارانە ........................................................................................................ 256
توول بە تەڕی نەچەمێتەوە، ناچەمێتەوە ..................................................................... 257
تیر هاوژیک، کەوان شاریکەوە...................................................................................... 257
تیرێ مەگرە، نیشان دیار نەبێت .................................................................................. 258
تێژەنی گرت ................................................................................................................ 258
تیکەی زل، قونیش دەدڕێ و دەمیش .......................................................................... 259
تڕ برێشکەیە ................................................................................................................ 260
تڕ بێ و دەم باکەوێ.................................................................................................... 260
تڕ تەقیلە ..................................................................................................................... 261
تڕ زلی باوان دەروێش .................................................................................................. 261
تڕ فیقە.......................................................................................................................... 262
تڕ قورە سەیە ............................................................................................................... 262
تڕ لە حەمامێ و درۆ لەغەریبیێ .................................................................................... 263
تڕ لە ورگی پڕ................................................................................................................ 263
تڕ لەکێ و تەورداس لەکێ............................................................................................. 264
تڕاندی .......................................................................................................................... 264
ترۆ کراوە........................................................................................................................ 265
ترێ بە مێکوت نیشکیک............................................................................................... 265
ترێ بە نۆ بیور ناشکێ ................................................................................................. 266
ترێ بە نۆ بیوور ناشکێت ............................................................................................. 266
ترێ دوایێ ................................................................................................................... 267
ترێ گوێژە دەکێلێت...................................................................................................... 268
ترپان گەورەیە................................................................................................................ 268
تۆ کاڵەک خۆری یان بێستان رنی ................................................................................... 269
تۆبەی گورگ مەرگە ...................................................................................................... 269
تۆپەقوڕ......................................................................................................................... 270
تێ بکۆشە، لێی بدۆشە .................................................................................................. 270
تێ گەیشتن لەپەڵاو خواردن خۆشترە .......................................................................... 271
تێ گەیشتم، دوژمن و بڕبڕەی پشتم ............................................................................ 272
تێ کوتە و تێ بڕەیە ...................................................................................................... 272
تێبڕای لێبڕای گەلێک گوناحە ...................................................................................... 273
تێر نەخۆرە بانگی کردیە................................................................................................ 273
تێر و نیوەتێر، هەر لەگەرمەسێر.................................................................................... 274
تێلەگەکی خواردیە ....................................................................................................... 274
تێلاترێن-یان کرد .......................................................................................................... 275

تەبارەی هەر وا لە گۆڕێ یە ........ 276
تەبەق بەترش هەردێتەوە ........ 276
تەخدیر تەگبیر دەبڕێ ........ 277
تەرەسی عۆجە ........ 277
تەزرە کوتیان کرد ........ 278
تەشوێ دەسکی خۆی نابڕێتەوە ........ 278
تەشیەک بەن بادە خۆت لە بێ حەیا لادە ........ 279
تەشی ڕێس تەشی ڕێس بێت بەکلکی کەرێ دەیڕێسێت ........ 280
تەشی لە ڕێ-ەوە دەڕێسێت ........ 280
تەماع وا لەولای ئەڕواحەوە ........ 281
تەمبەڵێ ئەوەندەی هەزار وەزیر دەزانێ ........ 281
تەنیا خەرمان ئاگر تێ بەردان دەزانێت ........ 282
تەنیایی لە هاوەڵی خراپ باشترە ........ 283
تەونێ کەوتە دار، ئاخری دێتە خوار ........ 283
تەڕاش لەسەر ڕەگی خۆی شین دەبێت ........ 284
تەرکێکی لێ نەدەی ........ 284
تەڵە بەکلکی دەتەقێنێتەوە ........ 285
تەیری گول عاشق بەداری زەقنەبوتە ........ 285
جاشکی لە دەست گاوان بەر بووە ........ 286
جاشی ماکەرێکن ........ 287
جانگی حیزە ........ 287
جوابی دوور درۆیە ........ 288
جوانویەک بەشیری گامێش گۆش کرابێت، لە ئاودا دەخەوێت ........ 288
جوانی بەدەستی کەس پێی ناوەستی ........ 289
جوتیاری تەمبەڵ گای کاوێژ دەکات ........ 289
جوجەلەی بەهاران، لەپاییزدا دەژمێرن ........ 290
جۆگەلە دەریا لێل ناکات ........ 291
جۆی دیووە، کا ناخوات ........ 291
چ بار و بارخانەیەکی پێوەیە ........ 292
چ پەنکە هەورا نابینی ........ 293
چ دوو مار لە خانەکی، چ دوو مردی دە قەبرەکی ........ 293
چارەی خواستنێ دانە ........ 294
چاو باشقاڵە ........ 294
چاو لەدەر ........ 295
چاوسوری سپڵە نان خۆری کێیت حەپە حەپ بۆ کێ دەکەیت ........ 295

چاوی بویتەوە ........ 296
چاوی سپی کرد ........ 296
چاوی شەمشەمە کوێرە و هەتاویان نەوتووە ........ 297
چاوی فسی سەی نابینێت ........ 298
چاوی لە دەرێ خۆڵی تێ وەرێ ........ 298
چاوی ڕەش کرد بۆ هەوێزێ، تۆشمان دیوە لە پەرێزێ ........ 299
چاک لە بێریاندایە ........ 299
چاکی پەڕۆیانە ........ 300
چاکە لەگەڵ کرمانجان بکە ........ 301
چاڵ هەڵکەن هەمیشە لەچاڵدایە ........ 301
چرا هەڵبرە گوی تێدا ماوە ........ 302
چرای حەوت ماڵان دەکوژێنێتەوە ........ 302
چرای کەس تا بەیانی ناسوتێت ........ 303
چل درۆ ........ 304
چل دۆستە ........ 304
چلی بەشان و ملی ........ 305
چوار ماڵ و چل کێخا ........ 305
چوو بۆ ڕەشکە، وتیان گاڵی تێدایە ........ 306
چوێلەکە لەخەرمانی زیز بوو تەغارێکی زیاد کرد ........ 306
چڕدۆیە ........ 307
چڵم شۆڕ ........ 307
چۆپی کێش، نابێت شەل بێت ........ 308
چۆلەکە خۆت چی و گۆشتاوت چی؟ ........ 308
چی بچێنیت ئەوەی دەدوریەوە ........ 309
چیرەی پیرەژنە دومێ یە ........ 310
چیکڵدانە تەسکە ........ 310
چێڵی زایە ........ 311
چێڵە بە کەڵ ........ 311
چەقاوەسو ........ 312
چەند ساڵ بەرۆژوو بوو فتاری بەگوو کردەوە ........ 313
چەند هەوڵ دەدەی بیکەیە بن زگ هەر دەبێتەوە بە پاڵو ........ 313
حاپوڵی دایێ ........ 314
حاجی لەقلەق فەقیرە ماریش دەخوات ........ 314
حازر خۆری بەر سێبەرێ ........ 315
حالۆری بووە ........ 316

حاڵی قنگی خۆشه ........ 316
حساب بەدینار، بەخشیش بەخەروار ........ 317
حیزاو حیز کەوتووە ........ 317
حیزی بە دەستەوایی ناژمێردرێت ........ 318
حەرامخۆرە، کیسە بۆرە ........ 319
حەریر کۆن دەبێت، بەڵام نابێتە پێتاو ........ 319
حەلک ڕۆیی، وەلک لەجێی ........ 320
حەمام بەتراِن گەرم نابێت........ 320
حەمباڵ بە، شە و لەماڵ بە........ 321
حەواڵە بە گەواڵە ........ 321
حەواڵەی خودا بێ ........ 322
حەوت جۆشە........ 323
حەوت کفنی زەردکردووە ........ 323
حەرِام وەکو ئاوی سوێرە، تا بیخۆیتەوە برِت ناشکێنێ........ 324
حەیوانی تێکرد........ 324
خابوور، ئەویش ئابوور ........ 325
خانمی دەستەوەستان، چ لەگەرمیان بێت چ لە کوێستان ........ 325
خانوو مەکرِە تا دراوسێ نە ناسیت ........ 326
خاکیان لە تورەگە کرد ........ 327
خدرەلیاس سەرما خلاس........ 327
خزم زۆر بی، با گاوگۆر بی ........ 328
خزمی جێژنانە ........ 328
خزمی خراپ گونی قۆرِە دەیبرِی وەی نای برِی وەی ........ 329
خزمی خەزووری سەپانی شێخیە ........ 330
خشت نانە بەر ئاو ........ 330
خوا پێ بە مار نەدات ........ 331
خوا دەرووی زۆرە........ 331
خوا لە گۆرِخانانی بەزیاد بکات ........ 332
خوا نانی برِیوە و پێغەمبەریش دۆ ........ 333
خوارزا نمونەی خاڵوانیەتی ........ 333
خوارزای خوێرِی بەخاری دەوێری ........ 334
خواشی دەوێت و خورماشی دەوێت........ 334
خوای گەرمیان و کوێستان یەک خودایە ........ 335
خودا بیدات لە بن کلکی کەرەشین دەیدات........ 335
خودا خودا ئەویکە تۆز و بایە ........ 336

خودا دایپێت، ناڵێت کوڕی کێیت؟ ........ 337
خورما زۆر و بەغا دوور ........ 337
خوری چاک بەپشتی مەڕیەوەیە........ 338
خوشکی بێ برا ماڵی بێ چرا ........ 339
خولقی توو ترکی یە(توودڕک) ........ 339
خولقی سابونی یە ........ 340
خوی شیری هەتا پیری ........ 340
خوێشی تێ بکەی گیر نابێت........ 341
خوێن-یان کردە کاسەوە........ 341
خوێنی بۆ گەڕی دەشێت........ 342
خوێنی بۆی دەبزوێت ........ 342
خڕ ناز دەکات ........ 343
خۆ ئێمە پیازی چاک ناکەین ........ 344
خۆ بن مەمکی نەڕزیوە........ 344
خۆ لە باتی خوێن نەهاتووە........ 345
خۆ من حەمە قەدۆی موسڵ نیم........ 345
خۆ نانکردنی تیری نییە ........ 347
خۆ کانی ژنان نییە ........ 348
خۆ کەس بەدرۆیێ نەمردیە ........ 348
خۆ کەعبە(کابە) کەچ نەبووە........ 349
خۆری لە دۆی خۆی کرد........ 350
خۆشناو زوو سەریان گەرم دەبێت........ 350
خۆشە پیاو گاڕانی بێت ........ 351
خۆشەویستی کوێرە ڕەش وسپی لێک ناکاتەوە........ 351
خۆمان ڕەزەوان بووین گانمان دەدا بە پەرسیلە........ 352
خۆڕەشمیری تەلانی ماویلیان نییە........ 353
خۆڵی تاوستان هەڵگرە بۆ زمستان........ 353
خۆی بەداود بەگی جاف ناگۆڕێتەوە........ 354
خۆی لێ کردوین بە هەنارەشیرینە ........ 354
خۆی ڕەق کرد ........ 355
خێر بەخوێش، نەک بەدەروێش ........ 355
خێر لە قونێ سەی پەیدا نابی ........ 356
خێری نییە، زەرەریشی بەپێی سەی........ 357
خێرە خۆرەیە ........ 357
خێوەت دەرگەی نی یە ........ 358

خێڕسک یان خوێڕسکە ..... 358
خێی عارەبان بڕشێ..... 359
خەتی خوار لەبن سەری گای پیرە ..... 360
خەرمان کوتان کاری بزن نییە ..... 360
خەسویەکی باش بە فەلاحەتیەک هەیە ..... 361
خەلە فرۆش لە مەن دەپرسێت ..... 362
خەلەی خۆم و گەلەی خۆم ..... 362
خەنجەر لەکایە ..... 363
خەڵوە ئەکێشێ، بەنگیش ئەکێشێ ..... 363
خەڵک حەسوودی بە گوی گەورە دەبات ..... 364
داخوا کەری کێ لە گاڕانێ نەهاتیتەوە ..... 365
دار مەکە بەکونی زەردەواڵەوە با پێوەت نەدا ..... 365
دار نەرم بێت، کرم دەیخوات ..... 366
دار کە بڕا چاوی لەبەهار نی یە ..... 366
داری بێ بەر بۆ بڕین باشە ..... 367
داری گەورە، نابێتە گۆپاڵ ..... 368
داشی سوارە ..... 368
داشەهارە ..... 369
دامێن هەڵکراوە ..... 370
دان و ماشیان پێکەوە ناکورێ ..... 370
دانا بە ئاماژە، کەر بە نەقیزە ..... 371
دانە خۆرە ..... 371
دانە خۆرە بووە ..... 372
داو دۆز بووە ..... 372
داوای شانە لە کەچەڵ دەکات ..... 373
دایک ببینە و کچەی بخوازە ..... 374
دایک بگرە کچ بەدەستی خۆتەوەیە ..... 374
دایتیە بەرداسی ..... 375
ددانیان لێک سپی بۆتەوە ..... 375
درۆ بناوانی نزیکە ..... 376
درۆ لایان ساغ دەبێتەوە ..... 377
درۆ نە فەرزە نە سونەتە ..... 377
درۆ هێشتا لەدەم دەرنەچووە، لۆقە دەکات ..... 378
درۆزن ئاگر لەماڵی بەر بێت کەس بڕوای پێ ناکات ..... 379
درۆزن تورەگەی پڕە و ڕووی ڕەشە ..... 379

درۆیەک ماڵێک ئاودان بکاتەوە، باشترە لە ڕاستیەک ماڵێک کاول بکات ...................................................... 380
درەختی بەردار ملی کەچە ........................................................................................ 380
دز بازاڕی شێواوی دەوێت ....................................................................................... 381
دز یەکێک و شک هەزار .......................................................................................... 381
دزی حەوت شاران بوایە، بەس تۆزێک جوان بوایە............................................................ 382
دزی کەسی دەوڵەمەند نەکردووە................................................................................ 383
دش و درێشە ....................................................................................................... 383
دوعا لۆ ئامینێ یە ................................................................................................. 384
دونیا بەهەشتی بڵحانە............................................................................................ 385
دونیا خانوچکۆڵەی مندارانە....................................................................................... 385
دونیا لە خرابونە دوو سواریش لە جەردەیی دەگەڕێن ....................................................... 385
دونیا لە ویرە ویرە، کۆسە لە بەندەی کیرە...................................................................... 386
دونیا هەوا و هەوەسێکە، هەر ڕۆژەی لەسەر تەرەسێکە ..................................................... 386
دونیا کاروان سەرایە .............................................................................................. 387
دونیا پێچی مێزەرێ یە ........................................................................................... 388
دونیا پەشتە ماڵی حەمامە........................................................................................ 388
دونیا دەفی دەروێشانە............................................................................................. 389
دونیا زەردەی دەم کەلە ......................................................................................... 389
دونیا هەر ڕۆژ نابێت، شەویشی بەسەرا دێت ................................................................. 390
دونیا وەک ماستی مەیوو وایە .................................................................................. 391
دونیای داوەتە بەر کلکان.......................................................................................... 391
دونیای لێ بووە بەچەرمی چۆلەکە............................................................................... 392
دوو پشقڵی بکردایە، گۆشتی دەخورا .......................................................................... 393
دوو شت خۆشەویستی لەحەد بەدرە، یەک نۆبەرە دوو پاشەبەرە ........................................... 393
دوو قوز و دوو قونە .............................................................................................. 394
دوو لە ئاداری یەک لە نیسانێ، دێنێ موڵکی خۆراسانێ........................................................ 394
دوو ڕێوی شێرێک کەوڵ دەکەن ............................................................................... 395
دوور بە، شیرن بە................................................................................................. 396
دووری و پوری...................................................................................................... 397
دووری و دۆستی .................................................................................................. 397
دیاری شوانە وێڵە ئاڵەکۆکە....................................................................................... 398
دیارە دوعای شێخی گوندی قبوڵ نیە............................................................................. 398
درکێ لەدەستم دەرنەهێنی پوشێ لەچاوت دەرناهێنم ........................................................ 399
دڵ ئاوێنەی دڵە .................................................................................................... 399
دڵ مێشە لەگووش دەنیشێت...................................................................................... 400

دڵی تەڕەی دەخوازێ ........................................................................................................ 401
دڵی وەک گونی هەلاج دەلەرزێت........................................................................................ 401
دۆ زۆریش بێت، کەشک هەر ڕەقە........................................................................................ 402
دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکات ................................................................................................. 403
دۆخین شلە ......................................................................................................................... 403
دۆزەخ لە دەرگایشی بگەڕێیتەوە، هەر باشە ...................................................................... 404
دۆست ئەگەر بەدڵی خۆت بێ دەڵاڵی ناوێ......................................................................... 404
دۆست بگرە بە قەسپێک، بەری مەدە بە ئەسپێک.............................................................. 405
دۆست سەیری ڕەنگت دەکات دوژمن سەیری بەرگت دەکات ............................................ 405
دۆستی بێ ئاقڵ، باری پشتێیە............................................................................................. 406
دۆستی چاک پوڵی ناو گیرفانی خۆتە .................................................................................. 407
دۆستی نەزان بەڵای خوایە.................................................................................................. 407
دۆشاو بۆ پاشای قاتی نییە.................................................................................................. 408
دۆشاو بە گونت لە جێی بێ ئاو............................................................................................ 408
دۆیەکی چەند ترشە............................................................................................................ 409
دۆڵ درا، تەقەی برا............................................................................................................. 409
دۆی پاییزان بدە ئازیزان، دۆی بەهاران بدە نەیاران............................................................. 410
دیاری مێرۆلە، قاچە کوللەیە................................................................................................ 411
دێگەڵە و قوندەریان نەگۆتیە .............................................................................................. 411
دێگەڵەی نەدیووە چەند ماڵە................................................................................................ 412
دێڵە بەبا ............................................................................................................................. 412
دێیەکی بەچاو دیارە، شارەزایی ناوێت................................................................................ 413
دەبێ ئەو بەردەت هەر لە بن تەنیشتێ دابێت ...................................................................... 413
دەبێ بچیە سەر بەرەی خەڵکی............................................................................................. 414
دەتکەم بەکولەکەی کەوباراِن................................................................................................. 415
دەروێش ڕۆژی تاڵانی دەردەکەوێت .................................................................................... 415
دەرێی لەبەر هەوێزی هاتیە ................................................................................................. 416
دەزانێت چەند موو بە قنگیەوە هەیە .................................................................................. 416
دەست ئەگەر شکا خوار ئەگیرێتەوە ................................................................................... 417
دەست بنێرە لاس، دەم بنێرە ماس...................................................................................... 418
دەست لە گونان درێژ دەکاتەوە .......................................................................................... 418
دەستاوی خۆشە .................................................................................................................. 419
دەستت لەگونی بارگیرم...................................................................................................... 419
دەستی چەوری خۆت بەمن مەسڕە .................................................................................... 420
دەستی خۆی نییە و ماری پێ دەگرێت ................................................................................ 420

دەستی خەلکی ماری پێ بکوژە.... 421
دەستی زۆر لەکارم بێت لەماڵم نەبێت.... 422
دەستی شەنێی هەیە.... 422
دەستی لە گونی بارگیری بوو.... 423
دەستە و نەزەر وەستاوە.... 424
دەسدار دەیبا و بێ دەس دادەمێنێ.... 424
دەسماڵ سپی، سابوون بە قەرز.... 425
دەعوەتێ میران، گڕە لە فەقیران.... 425
دەم تەڕی کاسە وشک.... 426
دەم تەڕی، کاسە وشک.... 426
دەم دەخوا، چاو شەرمەزارە.... 427
دەم دەخوات چاو شەرمەزارە.... 428
دەم شڕی دەم حیز.... 428
دەماڵی نیە دەنکە برویشیە، بەبێ دەرپێ چۆپی دەکیشیە.... 429
دەمی بووە بە تەڵەی تەقیوو.... 429
دەمەکی لەبارە، بیستی لاخوارە.... 430
دەنگی دەڵێی کەڕنایە.... 430
دەهۆڵ هەرچەندی گەورەتر بێت، ناوی بۆشترە.... 431
دەوڵەمەند گوی چەورە.... 432
دەڵێی ئالەت کراوەتە قنگی.... 432
دەڵێی ئەسپێی کراسی کۆنی لەبەشەر نابیتەوە.... 433
دەڵێی بارۆکەی نەگایراوە.... 433
دەڵێی بزنە بەتەگەیە.... 434
دەڵێی بەتەپکەی گیرایە.... 434
دەڵێی بەرانی دابەستەی جولەکانە.... 435
دەڵێی بەرخی دایک مردووە.... 436
دەڵێی بەردیلی بەر بواردە.... 436
دەڵێی بەردی دەم ڕووبارانە.... 437
دەڵێی بەردە بەناوی گوی دادەدات.... 437
دەڵێی بەری مەلا ژنە.... 438
دەڵێی بەڕووی بەدەمیا تەڤق یە.... 439
دەڵێی پشیلەی سەروپێخانەیە.... 439
دەڵێی پیرەژنە جوی گایە.... 440
دەڵێی پەڕەسێلکەیە.... 440
دەڵێی تاقانەی حاجی نەجمەیە.... 441

دەڵێی تەنیمۆک سێرێ یە ........ 442
دەڵێی جاحێڵی قۆڕپیتانە ........ 442
دەڵێی جامانەی لەسەر کردووە ........ 443
دەڵێی جگە گورگت پێیە ........ 443
دەڵێی جولەکەیە خمی لێ شێواوە ........ 444
دەڵێی چەقەنەیە ........ 444
دەڵێی حەمامی ژنانە ........ 445
دەڵێی دۆنی سەی لە قەلب درایە ........ 446
دەڵێی دێڵە بە بایە ........ 446
دەڵێی سنگە تەرەی ........ 447
دەڵێی سەرەوێڵکی جولەکانە ........ 447
دەڵێی سەگە دەڕشێتەوە ........ 448
دەڵێی سەی پێ سوتایە ........ 449
دەڵێی سەیە ئاوێ دەخواتەوە ........ 449
دەڵێی سەیە بە عاسمانی دەوەڕێت ........ 450
دەڵێی شێلاقەیە ........ 450
دەڵێی شەریفی مەککەیە ........ 451
دەڵێی فاتەی سورەبانە ........ 451
دەڵێی قوزەکەمتیاری پێ یە ........ 452
دەڵێی گای بنەیە ........ 452
دەڵێی گای بوغەیە ........ 453
دەڵێی گوڵەبەڕۆژەیە ........ 453
دەڵێی گوێزی بۆ دەژمێری ........ 454
دەڵێی گیسکی بە تەگەیە ........ 455
دەڵێی لە بازیان لەوەڕایە ........ 455
دەڵێی مارە بەدەستی ژن کوژرایە ........ 456
دەڵێی مانگای مالوانە ........ 456
دەڵێی مریشکە کورکە ........ 457
دەڵێی موی ناو ماستە ........ 457
دەڵێی مەڕی چوار گورچیلەیە ........ 458
دەڵێی هێلکەی لە قون سوڕایە ........ 459
دەڵێی هەنگوینی بەدارێوە دیتیتەوە ........ 459
دەڵێی وورچی گەمە نەکەرە ........ 460
دەڵێی وەستا مەحمودی بێ قنگە ........ 460
دەڵێی ڕێوی قەمچوغەیە ........ 461

دەڵێی ڕێی درە کەرییە ........ 461
دەڵێی کورەبەشەیە ........ 462
دەڵێی کێرە سەیە دەلەرزێت ........ 462
دەڵێی کۆرانی گادەرێیە ........ 463
دەڵێی کەری چەرچیانە ........ 464
دەڵێی کەری دێزەیە ........ 464
دەڵێی کەری گاڕانێیە ........ 465
دەڵێی کەرە دەترێت ........ 465
دەڵە دێوێکە بۆ خۆی ........ 466
دەی هێشێ و دەیخورێ ........ 466
راستی یەک ڕێگای هەیە چەوتی هەزار ........ 467
ربەی تەقتەق ........ 467
رواندزی کفتە دزی ........ 468
ریخی لە قونێی هەڵسو و بەرەڵای گاڕانی بکە ........ 469
رۆحیان لە قنگی یەکدایە ........ 469
رۆژێک لەدارە، رۆژێک لەخوارە ........ 470
رۆن لە پیاو بسێنە و گەنم لەژن ........ 470
رێوییەکی گەڕۆک لە شێرێکی نوستوو باشترە ........ 471
رێوی بە شاگرد ناگرێ ........ 471
رێوی گەزیزە خواردوو تولەک دەردەکات ........ 472
رەژی کەری چاولێ کەری ........ 472
رەمەزانت بەقونەکی خاوێن گرت نۆرەی شەشەرانێ یە ........ 473
رەنگ نی یە بە عەرەب بڵێی مەرحەبا ........ 474
رەنگی دەڵێی قوری بن گووە ........ 474
زارهەراش ........ 475
زاوا خوێرییە ........ 475
زستان بەشەوێ، پیران بە تەوێ ........ 476
زستانان کۆ هاوینان شنۆ ........ 477
زگ مەشکەدۆ ........ 478
زمانی دەڵێیت تولەمارە دەیگێرێت ........ 478
زمانی وەکو بزنمشک وایە ........ 479
زیرە بۆ(کرمان)دەبات ........ 479
زین بۆ ئەسپە و کورتانیش بۆ کەرە ........ 480
زڕ هەر زرەی لێوە دێ ........ 480
زۆر بێ تام و خوێ یە ........ 481

زۆر گۆتن لەسک سۆتنەوەیە ........ 481
زۆردار ئاوی سەرە و ژوور دەڕوات ........ 482
زێڕی پاک ژەنگ هەڵناهێنێ ........ 483
زەرفی عەلاگە دەباتە پەرێزێ ........ 483
زەلامی کۆیە و گاڕانی تەقتەق ........ 484
زەمانە بەزمی ڕەندانە ........ 484
زەوی فرەس، گۆڕ بە ئەنازە ........ 485
زەڕینی هەیە و پەڕینی نی یە ........ 486
ژ ژنان دۆتمام ژ شوران شورێ شام ........ 486
ژن بووم بەگرێی چارۆگێ دەریانکردم ........ 487
ژن بەدوای قەلقەلاشک دەکەوێت ........ 487
ژن پاژنەشی دوژمنیەتی ........ 488
ژن ژنی بەسەرهات شەرتی هەرات ........ 489
ژن هەسانی مێردیە ........ 489
ژن و تێلا ........ 490
ژنا خەڵکێ ڕاموسانەک، هەسپێ خەڵکێ مەیدانەک ........ 490
ژنت شەریک بێت، ماڵت شەریک نەبێت ........ 491
ژنت نی یە خەمت نی یە ........ 492
ژنیان کردە کێخوا ساڵی حەوت جاریان بزن بڕییەوە ........ 492
ژنی خراپ مناڵی ڕەسەنی لێ ناکەوێتەوە ........ 493
ژنی ماڵانگەڕ یان کۆڵ دێنێ یان زۆڵ ........ 494
ژنێ بە مێرد وەکی باخچەی بە پەرژینە ........ 495
ژنێ پیران، وەکی میران ........ 495
ژنێکی زۆر بە ئاڵۆشە ........ 496
ژنەکە مێردۆنییە ........ 496
ژیان بەردی دەستاڕێیە ........ 497
سابوونی لەژێر پێی دا ........ 497
سارێک کار و سارێک مندار ........ 498
ساغیان بەکۆڵی کەر دەگەڕێت ........ 498
ساوارمان نەبوو لۆ ڕونیش حەیر مابووین ........ 499
ساوەر لەئاوکە، ماین لغاوکە ........ 500
ساڵی بەتەم، هەڵمەگرە خەم ........ 500
سپلی لا ورگە ........ 501
سرکە تاترش بێت زیانی بۆ خۆی دەبێت ........ 501
سرکەی دە ساڵە ........ 502

سم سمی کەرە، چنگ چنگی مەیاسێ، سەرم لە و کاروبارە دەرناچێ ........................................ 503
سمکۆڵان لە خۆڵ دەکات........................................................................................ 503
سمی سوڕاوەتەوە ................................................................................................ 504
سواری گای هاربووە.............................................................................................. 504
سواری لە ئەسپی دێنێتە خوار ................................................................................. 505
سوڕناتک بردی.................................................................................................... 505
سوێسکەی گێڕەجارە ............................................................................................ 506
سینگ شێری ماکەر پشتە ....................................................................................... 507
سۆفیلکەی قون قوڵەتێن.......................................................................................... 507
سیخوڕی لە گەوادی خراپترە .................................................................................. 508
سیر بخۆ و زوڕنای لێدە.......................................................................................... 509
سیروان لە کونێکەوە پەیدا دەبێت................................................................................ 509
سینگ شێری، ماکەر پشتە....................................................................................... 510
سینگت دەبێت تەختە سێر بێت .................................................................................. 510
سینگی سەدەفە.................................................................................................... 511
سینگە تەڵە ........................................................................................................ 512
سێبەریان خۆش بووە ............................................................................................ 512
سێپەڕە لە گونانە.................................................................................................. 513
سێوەرۆکی گەیاندە گونان........................................................................................ 514
سە هەرچەندی قەڵە و بێت گۆشتی هەر ناخورێت............................................................ 514
سە وەڕە سەیەک دوورە.......................................................................................... 515
سەپانی پوشیە ..................................................................................................... 516
سەد تەرەی پساندیە .............................................................................................. 516
سەد دزو جەردە لاتێک ڕووت ناکەنەوە....................................................................... 517
سەد دۆست کەمە دوژمنێک غەمە ............................................................................. 517
سەد گوڵە زیوان، بە وشیەک گەنم ............................................................................ 518
سەر زلی مل پان ................................................................................................. 518
سەر قۆزی بن ئاڵۆز ............................................................................................. 519
سەر لە بن بەڕێ، قون لەدەرێ، شە و دەکا شە و لەوەڕێ.................................................. 519
سەر ڕەشی بن بۆش ............................................................................................. 520
سەراو و دەراوی زۆری تاقیکردۆتەوە.......................................................................... 520
سەرباری لەبن باری قورسترە .................................................................................. 521
سەربەرد و ڕەقەن کێڵانە.......................................................................................... 522
سەرپەڕی خەڵکی دەکات، بنەی خۆی ناکات ................................................................. 522
سەرت بچێ قسەت نەچێ......................................................................................... 523

سەرچۆپی بدە دەست گامێشێ، بۆلای کادینێ دەیکێشێ ........ 524
سەرچۆپی دەباتەوە سەر تەشتی نانی ........ 524
سەرم نائێشێ، پرێسکەی لێ نابەستم ........ 525
سەرما ئاگر نازانێ ........ 525
سەری زمانی خۆی گەستییە ........ 526
سەری سەفینە، بنی سەرگینە ........ 527
سەری گەوارە و بنی گەواران ........ 527
سەری لە گێی قەبران دەلەرزێ ........ 528
سەری لەبەر هەتاو سپی نەکردووە ........ 528
سەری ناهێشی پەڕۆی لێ بەستووە ........ 529
سەری کوێرەماری لادەست دەکەوێت ........ 530
سەری کەچەڵان، دەچنە باغەڵی گەردەن زەران ........ 530
سەرەخۆرەیە ........ 531
سەفەر و مامەڵە، سەنگی مەحەکە ........ 532
سەگ بترسنەی، نەکوشیەی ........ 532
سەگ بە بەلاش ناوەڕێ ........ 533
سەگ بەتوتکەیی و شوان کوڕی خۆت ........ 533
سەگ بەنانە یان بەدەرکە ........ 534
سەگ فرۆشن ........ 535
سەگمان تۆپیە لۆیە قاپمان وا پیسە ........ 535
سەگی پیر فێڵی تازە فێر نابێت ........ 536
سەگی حەوت گوندانی پێ وەڕیووە ........ 537
سەگی دوای سوارانە ........ 537
سەگی ناو گەنم ........ 538
سەیری خاڵم دەکەم گریانم دێ، سەیری خاڵۆژنم دەکەم کیرم هەڵدەستێ ........ 538
سەیرە لە کۆیە ........ 539
سەڵت وقوڵت، حەماغایە ........ 540
سەی نان بدە سفرەی نان مەدە ........ 540
شارەدێیە، کێ بەکێیە؟ ........ 541
شارەک و گندۆرەیەکیان نەگۆتیە ........ 541
شاناخسێ بە پاڵ مەڕوێ-ەوەیە ........ 542
شانە بەدرکانەوە هەڵدەواسی ........ 543
شاییەکی بێ دۆیە ........ 543
شمشێری چاک لەئاسنی خراپ دروست نابێت ........ 544
شە و و ڕۆژێک، نعوری پێ دەگەڕێت ........ 544

شوان مەیلی بێ، لە گیسکە نێر شیر ئەدۆشێ ........................................................................ 545
شوان مەیلی بێت، لەگیسکە نێر شیر دەدۆشێت ........................................................................ 545
شوان هەتا دانیشێ مێگەلەکەی دوور ئەکەوێتەوە........................................................................ 546
شوشتن ڕەنگ و ڕوو، خواردن گەند و گوو ........................................................................ 546
شوم دەوێ، زووم دەوێ ........................................................................ 547
شیری زوو هەڵدەچێت ........................................................................ 548
شینایی ئەگەر هات دوکانەک، دەغڵ ئەگەر هات مەیدانەک ........................................................................ 548
شڕ و شیتاڵی خۆم باشترە لە موڵکی ڕۆم........................................................................ 549
شکار بەرچە ئەدۆزرێتەوە........................................................................ 549
شیاکەی تێهەڵسوو، بیکەرە گاگەل........................................................................ 550
شیر مردەیە........................................................................ 551
شیر هەڵبزرکا لە هەموو شتێک خراپترە ........................................................................ 551
شیربایی خۆرە ........................................................................ 552
شیری سەگی خواردووە ........................................................................ 553
شین و شایی دەستەوایی........................................................................ 553
شینی حەسەن و حوسێنی لۆ هەریسەکەیە........................................................................ 554
شینیکە شینیکە ئێ ........................................................................ 555
شێتی عاقر گێ یە ........................................................................ 555
شێخ بە گوێز و هەنگوینی شوکرە ........................................................................ 556
شێر ئەگەر پیر بێت، مێش لە(گەڵ و گون)ی دەئاڵێت........................................................................ 556
شێر بەنانە ڕەقە بەخێوناکرێت ........................................................................ 557
شێر لە بێشان خڵاس نابن ........................................................................ 558
شێر لەهەر کوێ بێت چنگی خۆی پێیە ........................................................................ 558
شێر هەر شێرا، چ ژنە چ مێرا، شێر لە بێشە هاتەدەر چ نێرە چ مێیە ........................................................................ 559
شێلم تەنکتر، عەزابی کەمتر........................................................................ 559
شێڵم تەنکتر عەزابی کەمتر ........................................................................ 560
شەرعی مار بەدار ........................................................................ 561
شەریک و خەریک........................................................................ 561
شەریکی دز و ڕەفیقی کاروانە........................................................................ 562
شەریک ئەگەر باش بوایە، خوداش شەریکی ئەگرت ........................................................................ 562
شەریکی قەلێ دەم بەگووە........................................................................ 563
شەق دەزانێ قۆناغ لە کوێیە........................................................................ 564
شەقێکی لە قنگیدا ........................................................................ 564
شەو قەڵای مێردانە........................................................................ 565
شەڕ بەتیران، نەک بە تڕان........................................................................ 565

شەڕ لە بادینان تۆز لە دەرگای ماڵێ ........................................ 566
شەڕ لەشۆ نەک لەتۆ ........................................ 566
شەڕ و تڕ بەدەست خۆت نی یە........................................ 567
شەڕی خۆ تڕێن ........................................ 568
شەیتان ئاوس دەكات ........................................ 568
شەیتان میزی بەدەم وچاوی داکردیە........................................ 569
عومری پیرە مەڕێکی ماوە........................................ 569
عومری پیرە مەڕێکی ماوە........................................ 570
عیوا و عیوە ........................................ 570
عەباسە لەدیوەخان چ باسە؟ ........................................ 571
عەتر و دەهۆڵ بە دزییەوە لێ نادرێن ........................................ 571
عەشرەت گلێرە، وەختی كولێرە ........................................ 572
عەقڵی حوڵحوڵیە........................................ 573
عەقڵی منداڵی،قوونی قرژاڵی........................................ 573
غاری بارگیر هەتا ناو قەدی هەورازە ........................................ 574
غیرەت نییە پێچە ........................................ 574
فاتیحەی خۆڕایی لەسەر قەبری باوكیشی ناخوێنێ........................................ 575
فرۆی هەوێن دەكات........................................ 576
فو لە مانگ کردن........................................ 576
فەرموی سنەیی یە ........................................ 577
فەلەی پیر موسڵمان نابێ ........................................ 577
فەوجە دێ و دەڕوا........................................ 578
قادیانە، سەد ئاغا و یەک شانە ........................................ 579
قازانج سەری مایە دەخوا ........................................ 579
قازانجی شوانی ماكەر گاینە ........................................ 580
قالب مێشی، دەنگ گامێش........................................ 581
قالۆچەش لە چاوی دایکیەوە شیرینە ........................................ 581
قالۆنچە بە بۆنی گوڵ سەری ئێش دەكات ........................................ 582
قالۆنچە خێر لە گوی نابینێت ........................................ 583
قانتر نازێ، خوێ شین نابێ........................................ 583
قاوتی بەر با، کای بەر شەنە ........................................ 584
قسان دەبزرکێنێ........................................ 584
قسە خۆشی عەمەل سەگ........................................ 585
قسە دوای حەوت كێو دەگاتەوە بەخێو........................................ 586
قسە لە گیرفانی خۆی دەردەهێنێت........................................ 586

قسه یان لەشێتی یان لەمنداری ........ 587
قسەکەی گا ........ 587
قشقەرە بە خۆڕایی پشتی گامێشی ناخورێ ........ 588
قنگ بەتاڵ دەرچوو ........ 588
قنگ جنۆکەیە ........ 589
قنگی چوزاندەوە ........ 590
قوتۆی هاوار و بانگان ........ 590
قوچاندی ........ 591
قوراغە ........ 591
قورە کێخوایە ........ 592
قوز بە قەرماسنگ پاس ناکرێت ........ 592
قوز خوارە نیر و گاسن بێنە خوارە ........ 593
قوز سمە مامز ........ 593
قوز فستق ........ 594
قوز فیقە ........ 594
قوز لاستیک ........ 595
قوز لۆرە لەپ ........ 595
قوز لە قەحپەی ناکردرێت ........ 596
قوز لەندە هۆر ........ 596
قوز مراکی ........ 597
قوزی بێ موی دەوێ ........ 597
قوزە چێڵە ........ 598
قون سەرە قەڵنە ........ 598
قون قەرەپوول ........ 599
قون لە کۆچەکان، سەر لە باڵەکان ........ 599
قونت دڕی ........ 600
قونی لە ڕەشەبا کردیە ........ 600
قونی ڕەش وسپی بەدەردەکەوێت ........ 601
قونێ فێربێ بەترین راناوەستێ لەسەر هیچ بەڕان ........ 601
قونێ لە دووم مەرۆ بۆن گوت لێ دێت ........ 602
قوون بە کوریکە ........ 602
قوونێک ئە و بیگێ، بە ئاوی چەغەتووی پاک نابێتەوە ........ 603
قوڕ و چڵپاوی دونیای بە قنگدا هەڵپژاوە ........ 604
قورەی دوای گورگێ یە ........ 604
قیڕی کەوای سپییە ........ 605

قۆڕەی قوونی دێ ........................................ 605
قەبرم دەمی بەتاڵە ........................................ 606
قەتارێک پێشەنگی کەر بێت زوو لە قوڕێ دەچەقێ ........................................ 607
قەرانگی بەگو ناگاتە لوتی ........................................ 607
قەلبی ساغ، بالیفی ناوێ ........................................ 608
قەلقەلاشکە لەخۆی بەشکە ........................................ 608
قەلی ڕەشە بەچل ساڵی بارە ........................................ 609
قەوم بۆ ڕۆژی تەنگ شمشێر بۆ ڕۆژی جەنگ ........................................ 610
قەڕاسەیان لەسەر داکەندیە ........................................ 610
قەڵای مەریوانمان بۆ دەگرێت ........................................ 611
گا بدە گابردە، ژن بدە ژن مردە ........................................ 611
گا بە پوش ناپەڕێ ........................................ 612
گا بە تەنیا گێرە ناکات ........................................ 613
گا بە گاڕانەوە ڕۆیشت، پیرێژن لە گۆلکە سۆرێی دەپێچایەوە ........................................ 613
گا بەدەنگی ناڕوات ........................................ 614
گا گوراوە، کلکی ماوە ........................................ 615
گا لە گێرەی گاوسی خۆی سەری ژان دەکات ........................................ 615
گا یەک نێکە دوو جلی لێکە ........................................ 616
گاسور سەر بڕا بێ خەتا، قوز بەشەمێشیان هەر گا ........................................ 617
گاقۆڕان ........................................ 617
گام لەو جوتەی نیە ........................................ 618
گاندانیش بە بەختە ........................................ 618
گانی شەلان، یەک بەچلان ........................................ 619
گاوان تا لەگاڕانێ نەیەتەوە نانی نادەنێ ........................................ 620
گاڵ لە درزی مشتی ناوەری ........................................ 620
گای بەگون دەناسێت ........................................ 621
گای تەنیا ئاخوڕە ........................................ 622
گای جووتێ، بە گۆلکی دیارە ........................................ 622
گای حەفت ئاخوڕە ........................................ 623
گای گوی نەکات ........................................ 623
گردی فیشارە ........................................ 624
گندۆرە بەرەنگی نی یە ........................................ 625
گو با گردێن ........................................ 625
گو لەسەر گوی یەکتری دەکەن ........................................ 626
گورگ گورگێنەی خۆی دەکات و لەتەنگانەش قون لێک دەکات ........................................ 626

گورگ نەخۆری دز نەبەر ........ 627
گورگانە شەوێ بۆ دەکات ........ 628
گورگی بالان دیدە ........ 628
گورگی بەرداوەتە، کۆزی خۆی ........ 629
گورگی کەرخۆریش هەیە ........ 629
گوریس زۆری ڕابکێشی ئەپچڕێت ........ 630
گوریسی پەتەیە ........ 631
گوریسی لەبن دنیا ڕاخستییە ........ 631
گوزل ........ 632
گولله بەتاریکیەوە مەنێ ........ 632
گون جەوەندەر ........ 633
گوندەک و گندۆرەکیان نەگۆتیە ........ 634
گونی بۆ دەدات لە خوم ........ 634
گونی بۆ لە خوم دەدات ........ 635
گونی بەسەردا شۆڕکردۆتەوە ........ 635
گونی خۆی و گێزەر لێک ناکاتەوە ........ 636
گونی قۆڕە ........ 636
گونی گوندار دەردەهێنێت ........ 637
گونی لێمان کردۆتە باتمان ........ 637
گونی مێش دەخەسێنێت ........ 638
گونی مێشان ئەخەسێنێ ........ 638
گوو تا داری تێوەردەی بۆنی زیاتری لێ دێت ........ 639
گوون لە سک ........ 640
گوڵ بێ دڕک نابێت ........ 640
گوڵ نی یە پەپولەی بەدەوردا نەسوڕێتەوە ........ 641
گوی دونیایان پێ ڕیاندین ........ 641
گوێدرێژێکە بۆ خۆی ........ 642
گوێز بە ژمارە، مایەی دیارە ........ 642
گوێز لە گومەز خستن ........ 643
گوێز هەتا نەشکێنرێت، نازانرێت پووچە ........ 644
گوێیەکت کەڕە و گوێیەکت ڕەشەبایە ........ 644
گیرفانیان لە بن عەردیە ........ 645
گیرفانی تەسکە دەستی ناچتەوە باغەڵی ........ 645
گیسکی قەرداران نەبردی ........ 646
گڕ لەهەموانە و خۆشی بۆدووانە ........ 646

گڤەی داوێنی دێ ...... 647
گلێرە و بن بێژینگە ...... 648
گۆتنێ پێشینان نەقشێ کەڤرانە ...... 648
گۆزە هەموو جارێ بەساغی ناگەڕێتەوە ...... 649
گۆزەیەک کابان بیشکێنێ دەنگی نایەت ...... 649
گۆزەی تازە ئاوی ساردە ...... 650
گۆشت بکوڵێ خاو نابێتەوە ...... 651
گۆشتی لاگونی خۆت بخۆی لەمنەتی قەساب باشترە ...... 651
گۆشتی ناخوات، گۆشتاوی دەخوات ...... 652
گۆشتە، هێدی جەفتە ...... 652
گۆلکی پیرە چێڵە ...... 653
گۆلکی خۆماڵی نابێتە گا ...... 653
گۆڕ بە گۆڕ ...... 654
گۆڕی بەخیل تەنگە ...... 654
گیا بەدەوی مەڕێ خۆشە ...... 655
گیسکی باربووانە ...... 656
گیسکی بەهارێ، لەدایکی خۆی هەڵدێ ...... 656
گیوەکەر پای پەتیە ...... 657
گێرە بە گۆلکان ناکرێت ...... 657
گێرەشێوێن ...... 658
گێرەی ئۆمەرە کۆرە ...... 659
گێرەی زەردە دڕکە ...... 659
گێرەی لە هەولێر دەگەڕێ ...... 660
گەر بەدوعای کەر بوایە جۆ دەباری ...... 660
گەر ماسی سەری بوگەن بوک، با کلکی هەر بیڕیەی ...... 661
گەز، گەز باڵا دەکات ...... 662
گەزیزە پیربوون لە نزاران، ئێمەش ماینەوە لە کۆنە هەواران ...... 662
گەندە پەڵە ...... 663
گەنمی قەندەهاریە ...... 663
گەوادی دوو گەز و سێ گەز ...... 664
گەوارەی بوهارێیە ...... 665
گەڕی بارە ترێ یە ...... 665
لاپەرەسەنگ ...... 666
لات پاڵەوانی خودایە ...... 666
لاکەی سەری دێت ...... 667

لچت لۆقەی لێ ناکات ........ 668
لغلغه لەسەری زمانی کەوێ........ 668
لنگە کەوشێکی لە دیوانا هەیە ........ 669
لە( قەشە) یاندا(شەماش ) لەخۆی ری ........ 669
لە( مازی)ان دۆڕاندیتی لە(ستک)ان دەیەوێت تێی بینتەوە ........ 670
لوتیم لەبەردی ئەلحەددا........ 671
لورەی دوای گورگە ........ 671
لووت لەبەینا نەبێ، چاو چاوی دەخوا ........ 672
لۆ گەنمی زیوان، لۆ برنجی داڕوجان ........ 672
لۆمەی عەبدی لە عەزابی قەبر ناخۆشترە ........ 673
لێ یان بە بەنێوەکرد ........ 674
لێخوڕە دەشتە........ 674
لێی بووە بەکورتە غیرەتی........ 675
لێی کەوتۆتە کلکان ........ 676
لە ئاست ڕاستیدا، لە داس خوارترە ........ 676
لە ئاش زۆری پێچووە، لە ڕێگا پەلە پەلیەتی........ 677
لە باخەڵی خۆت بپرسە چی دەکرێ........ 678
لە بنی هەمبانەکەی دا........ 678
لە بنی کولەکەی دا ........ 679
لە بیاباندا خرنوکیش درەختە ........ 679
لە بەختانمانە........ 680
لە پەنجەی ساغ کرم دەردەهێنێت ........ 681
لە تازیەدا یان تەسبێح هەڵگرە یان جگەرەی بکێشە ........ 681
لە جەواڵ دەستی پێوە نەگرتووە، لە هەمبانە دەستی پێوە ئەگرێ........ 682
لە چوارپەلی داوە........ 682
لە چۆلی شامی مایتەوە........ 683
لە خوری تیسکێک لە ڕوون نیسکێک........ 684
لە خۆشیان پاشەڵیان لە گێلاکیان دەدەا ........ 684
لە خەزووران بەچەمەرە، لەباوانان بێ خەبەرە ........ 685
لە خەودا خراپن........ 685
لە درۆنت نێم ........ 686
لە دە گوێز، گوێزێک پووچ دەبێت ........ 686
لە دەستی شکا........ 687
لە زستان بە ئەرکترە ........ 688
لە زستان شەوێک لە پیران هەوێک........ 688

له زەرەران شەریکم له قازانجێ تەریکم........ 689
له سووژن بێ کەسترە........ 689
له سۆرێ تێچووە، له لابای نایەتەوە........ 690
له شێت ترسان عەیب نییە........ 690
له شەشی فشێ نازانێ........ 691
له عەمرەکەم حەلاوەوە بۆ قولوئەڵلاهو ئەحەد........ 692
له قنگەوە لغاوی دەکات........ 692
له قولو ئەڵلا(قل الله) ساتمە دەکات........ 693
له قەلاوان ڕاوەستایە........ 693
له گای گەڵناغاج و سەگی ساتوقەڵا و ژنی قەرەناو بترسە........ 694
له گوندێ دەماڵ و دوازدە ڕیش سپینە........ 695
له گونی گا ڕووتترە........ 695
له لانکێیان نایە........ 696
له موی گون بێ خێرترە........ 696
له نێوان شاپێ و شۆپێ کەوتۆتە قۆڵپێ قوڵپێ........ 697
له هیچ شوێنێک قنگی توێتکە ناگرێت........ 697
له هیچی نەخواردی له سمێلان مەیوو........ 698
له هەر شوێنێ بێت، پەرکی لێ دەڕوێت........ 698
له هەولێر کۆنترە........ 699
له وشکی بەیار پێ کوڵان کەیک........ 700
له ڕێوی بە پێچترە........ 700
له کاڕوشی ناو زرعات بێ خێرترە........ 701
له کوێرەکانیان ئاو مەخۆرەوە........ 701
له کۆیە عادەت له عیبادەت زۆرترە........ 702
لەبەر نەوسێ کەوتە حەبسێ........ 702
لەپاش مله سەری میران دەبڕێت........ 703
لەپشکەکی ڕشکێک........ 704
لەپڕێ نابێت بە کوڕێ........ 704
لەپێچکەی پردێ بە بەرکەوێ........ 705
لەتاو نەوس کەوتە حەوس........ 705
لەتاوی جاجک کاغەز دەجاوی........ 706
لەترِی لۆتی سازترە........ 706
لەجێی بازان کۆرکۆرە وازان........ 707
لەجێی سندانێ قوزەڵقورتە........ 707
لەجێی سنگان، قوزەڵقورتە........ 708

لەجێی مستی پێ لەقەیە ............ 709
لەچاو شلان پەیتە ............ 709
لەچاوی ماری ناگەڕێتەوە............ 710
لەچەم دار ڕاست و دار چەفتیش هەست ............ 710
لەخاک ئەمین ترە ............ 711
لەدوای باران کەپەنک ............ 711
لەژن مەدە ئەگەر بەگوڵ-یش بێت ............ 712
لەسوری دۆڕاندووە لەلاباتی تێ هەڵدینێتەوە............ 713
لەسەر دینێک ساغ نابێتەوە ............ 713
لەسەر سەد حەبلان بازی دایە............ 714
لەسەرەوە یارە، لە بنەوە مارە ............ 714
لەسەگ سواڵ ئەکات ............ 715
لەشکر ترازا، بوک نەڕازا............ 715
لەشەڕدا شیرینی نابەخشنەوە............ 716
لەگەڵ ترێ خۆی شەڕ دەکات ............ 717
لەگەڵ جیرەی نانی ڕۆحی دەردەچێت............ 717
لەگەڵ سەگ کەوتۆتە چاڵەوە............ 718
لەگەڵ ماری دەچێتە کونەوە ............ 719
لەماڵی جوولەکە بخۆ، لە ماڵی مەسیحی بنوو ............ 719
لەناو دەخوات، لەپەڕ دەخەوێت ............ 720
لەنێوان دوو نانی گەرمدا بێت............ 720
لەهەتاوێ نایگەیەنێتە سێبەرێ ............ 721
لەواشە بکرێت باشە ............ 722
لەوێرانەدا خەزێنە دەدۆزرێتەوە ............ 722
لەکەری تۆپیو دەگەڕێت ناڵی بکێشێتەوە............ 723
ماچی ئاغاژن بەشەرتە شوانی حەساب ناکرێت............ 723
مار لە کونی خۆی دەرنایە ............ 724
مار هەیە ژەهرەکەی شیرین بێت؟! ............ 725
مار کاژی فڕێ دەدات، خوی فڕێ نادات ............ 725
ماران گاز لە خشکەی قەلقەلاشکێ دەترسێت ............ 726
مار-ان گاستە لە گوریس-یش سڵ دەکات............ 727
ماری مارخۆریش هەیە............ 727
ماری کلک قرتاو، کلکی بیرناچێتەوە............ 728
مارە بەجاش ............ 729
مازووچنی کون لە پاشۆڵ............ 729

ماست نییە بەلێوتەوە دیار بێت ............ 730
ماستی بواریێ، ئاوی ڕووباریێ ............ 731
ماسی گرتن و قون تەڕنەکردنیان نەگۆتیە ............ 731
ماسی لەسەریەوە بۆگەن دەبێت ............ 732
ماسی هەر کاتێ لە ئاویێ دەرهات تازەیە ............ 732
ماسی و میوان مانەوە بۆگەن دەبن ............ 733
مانگ شەوق خۆی هەر دەدات هەرچەندە گورگ بلورێنێ ............ 734
مانگا مرد و دۆ بڕا ............ 734
ماویلی هێسکێ فیلی ............ 735
ماینت هەرجوانی بێت ژنت هەر بووک بێت ............ 735
ماکەری ئابڵاخە ............ 736
ماکەری بارە تەماتە ............ 736
ماکەری بەتەڵەب ............ 737
ماکەری ماینگێ ............ 737
ماڵ بۆ خۆی نەبێت میوانیشی هەبێت ............ 738
ماڵ سوتاو بە ماڵ دەبێت، سکەڕۆ بە ماڵ نابێت ............ 738
ماڵ لە و هەوارە نەمایە ............ 739
ماڵان گەڕە ............ 740
ماڵیان گانی لێ دەتکێ ............ 740
ماڵی با بەبا دەچێ ............ 741
ماڵی بەفرە کچان، ئاو نییە لە گۆزان ............ 741
ماڵی دزێتی، مەگەر شە و بکرێت بەخۆدا ............ 742
ماڵی دوو کابان هەمیشە خۆڵیان لە ئەژنۆدایە ............ 743
ماڵی قەڵپ سەر بەساحێبیەتی ............ 744
ماڵی مەمۆ نانیان نەبوو داوای تەڕە پیازیان دەکرد ............ 744
ماڵێک کە بووم لێی بێ بەری، چ عەرەب بیخوا چ یەنگی چەری ............ 745
ماڵە خەزوور، نۆ مەن خویێ ............ 745
ماڵەکەی تەخشان وپەخشان کرد ............ 746
ماینی باش زگی خەزنەیە پشتی مورادە ............ 747
ماین و مەیدان، تفەنگ و نیشان ............ 747
مراویە تەڕ نابێت ............ 748
مراوی لەئاو دەترسێنێ ............ 748
مرخی لێ خۆشکردووە ............ 749
مردن مردنە و تەنیا جارێکە قسەی ناکەسان گۆڕە و شارێکە ............ 749
مردوش دەچنە ڕێواسان ............ 750

مردی عالەمێ، بەعالەمێ خەو لێ کەتییە ........ 750
مردی لەوە چاکتر ناشورێ ........ 751
مریشک سێ ساڵ لەتەلاری بکەی کە بەرت دا دەچێتەوە سەر کیفۆکێ ........ 752
مریشک مەڕی پیاوی فەقیرە ........ 752
مریشک هێلکەی قاز بکات قونی دەدرێت ........ 753
مریشک تاقەڵە و بێت قونی بچوکتر دەبتەوە ........ 753
مژانەی لە قەلب بشکێنی دەرەقەتی نایەی ........ 754
مژمۆر لە ناو کوێراندا چاوساغە ........ 755
مست لە درێشەی دەگەڕێتەوە ........ 755
مشتێکە لە خەرواڵێک ........ 756
مشتە لە دۆم ناکرێدرێت ........ 756
مشک لەماڵەکەی کلکی بەئارد نابێت ........ 757
مل پان ........ 758
ملی لەداوە موویەک باریکترە ........ 758
ملی لەداوە موویەک باریکترە ........ 759
من لە شام و ئە و لەشیراز، مەحاڵە ببین بە هاوڕاز ........ 759
منداڵی بە دەرمانان، ناگاتە سەربانان ........ 760
منداڵی نازدار، یان شێتە یان هار ........ 761
موو ڕەقە ........ 761
مووی ناپسێنێ ........ 762
مویەک لەبەراز بێتەوە هەرباشە ........ 763
میری کورد کورتە ........ 763
میمکە لۆمەی منی دەکرد، لۆخۆی هیشکە ڕنی دەکرد ........ 764
میوانی ماڵی خۆیەتی ........ 764
مۆنەی بن بڕ ........ 765
میراتی کەر، کورتانەکەیەتی ........ 766
میوان چاکی خانەخوێ خراپ ........ 766
میوانی ساتێک جاسوسی ساڵێک ........ 767
مێرد بەکێشانەی نی یە ........ 767
مێرد نەتکات خەڕۆ، بەکەس نابیت ترۆ ........ 768
مێروچە چیە تا گازی هەبێت ........ 769
مێشان دەکەن بۆ لای یەکتر ........ 769
مێشک ئاشەوان ........ 770
مێشکی کەری خواردووە ........ 770
مێشێک دەکاتە گامێشێک ........ 771

مێشێک و گایەکی پێ وەکو یەکە.......... 772
مێوژی سەربوکێ.......... 772
مەشکەی گاوسی کابان لەبەر دەفسی.......... 773
مەگەر گو بکەنە سەر ڕێی کاروان.......... 773
مەلا خۆرکە بووە.......... 774
مەلا قونە شەرتی هەر چوونە.......... 775
مەلا مێزەری بۆ ئەفرۆشێ.......... 775
مەم شۆوە بە گواوێ چاکەی دوایم ناوێ.......... 776
مەیمون بۆخۆی نەبوو سورێژەشی لێهات.......... 776
مەیمون هەڵدەپەڕێ خاوەنەکەی پارەی وەر ئەگرێ.......... 777
مەڕ بەپێی خۆی، بزنیش بەپێی خۆی.......... 778
مەڕ لە گەلە بڕ بووە.......... 778
مەڕ هاوینێ دەمرێ، زستانی خاوەنی دەزانێ.......... 779
مەڕوانە سەری تاسی، بڕوانە بەختی خاسی.......... 779
مەڕە گەڕەی ناو لەوەڕێ هەڵدەپەڕێ و نا لەوەڕێ.......... 780
مەیکە ڕاوە ڕێوی.......... 781
مەیکەنە دیوەخانەکەی ساتوقەڵا.......... 781
نازانم لەکەیەوە پیازیش بەخۆی دەڵێ میوە.......... 783
نان بایە نانەوا، نیمەی خوەیک و نیمەی دیلیکەوە.......... 783
نان خۆری، سفرە دڕ.......... 784
نان گیربوو ئاو، ئاوگیربوو جاو.......... 784
نان نانی گەنم و دین دینی موحەمەد.......... 785
نان و پیازی پێوە دەخۆن.......... 786
نان و دۆ، بە خولق و خۆ.......... 786
نان و شیری شوانی جاشکە تەسکەی گاڕانی.......... 787
نان کەرت بوو، خۆی ناگرێتەوە.......... 788
نانت جۆ بێت، خولقت گەنم بێت.......... 788
نانی بێ خوێ دەخوات، ترِی سوێر دەکات.......... 789
نانی بەدۆی رناگات.......... 789
نانی پاڵەوان هەر کەسێ بیخوا ئەبێت زۆران بگرێت.......... 790
نانی پەڕیوەتە پشتی شێر.......... 790
نانی سواڵ یان سوتاوە یان نەبرژاوە.......... 791
نانی لەسەر سێری سوتایە.......... 791
نانی مێردان، لەبن بەردان.......... 792
نانی کاسبی برژایە.......... 793

نانی یەک بەگوێی سێرێیە ........................................................................................................ 793
نانیان بێ خوێیە................................................................................................................. 794
نانەکەت دەخوات و سفرەکەشت دەدڕێنێت............................................................................ 794
ناوم چووە بەگولی، تۆقم چووە لەملی..................................................................................... 795
ناوەجاغ ببێت بەحاکم، باوکی خۆی لەدار ئەدات ..................................................................... 796
نایەتە گا کێڵەوە................................................................................................................. 796
نە سەربانی لێژ، نە بانگوشی گێژ........................................................................................... 797
نە کەری سەرمۆردیان، نە ژنی بۆگدییان................................................................................. 797
نوشتەی چاک هەر چل شەوە عومری ...................................................................................... 798
نوێژی لەسەر ئاتەگی دەکرێ.................................................................................................. 799
نۆکەری بێ مزە و خەڵات تانجی سەری ئاغایەتی ...................................................................... 799
نۆی بمرێ لە باوان، کلی نابڕی لە چاوان ................................................................................. 800
نێرەکەر بەبارە تەنگزەوە دەگێت ........................................................................................... 801
نێرەکەر بەتەنگ ماکەرەوە نی یە ........................................................................................... 801
نێرەکەر تۆڕ .................................................................................................................... 802
نێرەکەری ماینان ................................................................................................................ 802
نە ئە و نان و روونە نە ئە و زەبرە قونە .................................................................................... 803
نە بەزەردەخەنە زاڵم باوەڕ بکە، نە بەخۆشی زستان ................................................................... 803
نە جۆ لەشوێنی بە میز، نە گۆر لە دێرەی حیز............................................................................ 804
نە خانووی سەر شیوو، نە ئاغاژنی کچەتیوو .............................................................................. 805
نە شیری حوشتر نەدیداری عەرەب ....................................................................................... 805
نە کوڵەکە....................................................................................................................... 806
نە کۆراوان بکە بە رەز، نە ناکەسان بکە بە کەس......................................................................... 807
نەبای دیووە نەباران، هەڵدەبەزێت وەک جاران.......................................................................... 807
نەبونی کراسی ئاگرە ........................................................................................................... 808
نەپێت هەڵکەوێت لە مێخ، نە بچۆ بۆ لای شێخ .......................................................................... 809
نەترس لەمار بترس لەئایم گومار............................................................................................. 809
نەترە دەنگی بێت نەفسە بۆنی بێت.......................................................................................... 810
نەچیە بن بەرەی دوژمنم ...................................................................................................... 811
نەخۆر و نەشۆر................................................................................................................... 811
نەخۆری نەشۆر.................................................................................................................. 812
نەژنی تیلاک خوار، نە پیاوی گوێ بەگوار ................................................................................ 812
نەژنی جوان حیز دەبێت نە ئاوی سارد پیس دەبێت ................................................................... 813
نەشیربایی یە و نە خوێن بایی یە ............................................................................................ 813
نەگوڵی گەنمی دیووە، نەچەقەنەی ئاش .................................................................................. 814

نەگۆزەی نزیک بە ئاوان نە ژنی نزیک بە باوان ........................................................................ 815
نەم گاوە بەس لە گوینە ........................................................................ 815
نەماڵ لەسەر شیو، نەژن لە کچە تیو ........................................................................ 816
نەماڵت لەبەر ماڵان بێت، نە ژنی برا گچکەی بیت ........................................................................ 816
نەنێرە و مێ یە ........................................................................ 817
نەهێسترت جاش بێت، نە بارت بەردە ئاش بێت ........................................................................ 818
نەوەی قازی مەلەوانە ........................................................................ 818
نەکردنی باشترە لە مامە حەمە ........................................................................ 819
هات چاوی ڕەش بکات کوێرەی کرد ........................................................................ 820
هاورێی نەفسێ هەر زیزە ........................................................................ 820
هاوینان شل و ملن، زستانان جوار لەملن ........................................................................ 821
هیچت نەزانی پیری بدە بە جوانی ........................................................................ 821
هێسترێ سەرانەییان ........................................................................ 822
هێشتا میزی کەفی نەکردیە ........................................................................ 823
هێلکە لە قەلی نادزرێت ........................................................................ 823
هێندە بێ بارە بەهیچ شتێک تەڕ نابێت ........................................................................ 824
هێندە شیرینە دەڵێی هەنگوینی بەدرەمە ........................................................................ 824
هێندە ڕووتە بارەبەری سەگە ........................................................................ 825
هێلکە پینەکەرە ........................................................................ 825
هەتا جۆزەردان، سەد پاشا گەردان ........................................................................ 826
هەتا دەم بیەوێت، خوارێش دەیەوێت ........................................................................ 826
هەتا نەبینی بەفری زستان، تێر ناخۆی لە باغ و بێستان ........................................................................ 827
هەتا کورێک دەکەی بەلاو خوێنت دەبێ بە ئاو ........................................................................ 828
هەتا کەندەرانێک نە ڕوخێت، کەندێک پڕ نابێتەوە ........................................................................ 828
هەتاوی قەراغ بانە ........................................................................ 829
هەر تاوێ یەکێ گەورە و سەردارە ........................................................................ 829
هەر تیرەکی لە کەندارەکی دەدات ........................................................................ 830
هەر تەیرە و بە ڕەوەی خۆی ........................................................................ 830
هەر دەلینگێکی لەماڵێک پساوە ........................................................................ 831
هەر شەوەی قەبرێ بناسێ ........................................................................ 831
هەر عاقلە و لە خەسارەکی ........................................................................ 832
هەر قامکە و خوێنی خۆی لێ دێت ........................................................................ 833
هەر گاڵتەیەک مەبەستێکی لە دوایە ........................................................................ 833
هەر لەعەرش هەتا قورش، کەس بەدۆی خۆی ناڵێ ترش ........................................................................ 834
هەر هەراوێک بە پەراوێک ........................................................................ 834

هەر کەس بکا بە قسەی ژنان، عاقیبەت دەست دەگریٚ بە گونان............ 835
هەر کەس کەر بێت ئە و کورتانە ............ 836
هەر کەسە و لە کەوڵی خۆیدا جوانە ............ 836
هەرایەکە سەگ ساحێبی خۆی نا ناسێتەوە............ 837
هەرایە لە بانە شانی............ 838
هەرچی گا بیکات گا نایخوات ............ 838
هەرچی لەکە، هەمووی یەکە............ 839
هەرچەندی دەتکەمە بن زگ هەر دەبیەوە بە بن پاروو ............ 839
هەرخوا لەهەموو ڕازێک ئاگادارە ............ 840
هەردێیەوە سەر تەندوربانەکەی نەنە حەڵە ............ 841
هەرسی سەمەدەرا ............ 841
هەرگیز نان و دۆی نەگەیونە یەک............ 842
هەروا ئاو بەیکەیک............ 843
هەروا شەڕی گەورە دیٚ یە............ 843
هەرکەس بانی فرەترە، بەفری زۆرترە ............ 844
هەرکەسە و گوێز لە هەمبانەی خۆی دەژمێرێت............ 844
هەرکەسە و نانی ناوچەوانی خۆی دەخوات............ 845
هەزار حەکیم هەندی دەدەدارێک نازانێت ............ 845
هەزار ساڵ ئاو بڕوات لەڕۆخانە خۆیی نابیٚ بە بێگانە............ 846
هەشت بیٚ لە مشت بیٚ نەک نۆ بێت لە دەشت بێت ............ 847
هەموو چونە هەواران، ئێمە ماوین لە ئاران ............ 847
هەموو شتمان لە کۆڵە نۆرەی زوورنا و دەهۆڵە ............ 848
هەموو ڕیٚ ئەچنۆ کانی وەتمانیٚ ............ 848
هەمووان کەری یەک ئاخوڕن ............ 849
هەمیشە خەنجەری تانیوە هەڵکێشاوە............ 849
هەنجیری تەقتەقی، نەیخۆی دەتەقی ............ 850
هەندێک ئینتیزارە، هەندێک لێی بێزارە............ 851
هەنگوین بە دەمی تاڵە ............ 851
هەواوان سەی زۆرترە لەپیاوان............ 852
هەویری، ئەوەندە دەستاوەی ناویٚ ............ 852
هەویٚ ببتە کەویٚ نامەویٚ ............ 853
هەویٚ هەویٚ جوان دەکات، هێوەرژن هێوەرژن خێرا دەکات ............ 854
هەوێنی حەوت مەنجەڵە شیرانە............ 854
هەڵبژێرە تەماتەی ڕزیوو ............ 855
هەڵدانە سەر تۆڕە ............ 856

هەڵیت و پەڵیت دەڵێ.......... 856
هەڵی تڕاند.......... 857
وار قەت کەون نابن .......... 857
وار، لە وارێ پیرۆزترە .......... 858
وجاغ کوێر جەرگی ناسوتێ.......... 859
وشتر بەقاپولە بەڕوو ئاو نادرێت .......... 859
وەحەی لێ بکەی دەچێتە گاگەل.......... 860
وەختی نیسان سۆران خۆزگەم بە مەڕ زۆران.......... 860
وەدوو ماری ڕاچی وارێ گوریسە.......... 861
وەران بەپیری نێری بە کوری .......... 861
وەستای قسان کۆلەواری دەستان .......... 862
وەستای نەجاڕ، بنو بێ خەم و خەیار، خودا یەکە و دەرگا هەزار.......... 862
وەڕێنی سەگی هار بە هەند وەرمەگرە .......... 863
وەک ئاشی ئاو لێ بڕایە.......... 864
وەک بارگیر تەرسی خۆمان گێرە دەکەینەوە .......... 864
وەک پشتەماڵی حەمامە.......... 865
وەک پیازی پاککراوە.......... 866
وەک تڕی بن گۆم ڕۆیشت.......... 866
وەک دەمارەکۆڵ دایم چزی بەرە و ژوورە.......... 867
وەک زیوانی تاڵە.......... 867
وەک سەی سەر دێلە بە با لە دوورەوە دەژەنێ.......... 868
وەک سەیەکەی کەرکەت لێ دێت .......... 868
وەک گۆڵکی تالآنی لێهاتووە.......... 869
وەک ماستی مەیووە.......... 870
وەک ماسی چەقۆی لەسەر هەڵگیراوە.......... 870
وەک نوێژی قەڵلا پێی دەگێڕنەوە .......... 871
وەک نیسکی بێ بەر و پشتە .......... 871
وەک یەخسیری خوار بەغدای دەخیلت دەبم .......... 872
یاری بەرتیلە.......... 873
یان دەبێتە خانی خانان یان دەبێتە تۆزی بانان.......... 873
یەک ڕۆژم مابێ لەکانونێ بەزت دەردێنم لەقونێ .......... 874
یەک کاوڕی نێر دەهێنێت .......... 874
یەکشەویلەی قینگ قەویلەیە.......... 875
یەکمان گرت و یەکمان بەرڵلاکرد.......... 875
یەکێک کەباب دەخوات و یەکێکیش سیخ دەڵێسێتەوە .......... 876

ڕاست لە مەزەبیدا نییە ........ 877
ڕاوی دوو کەروێشک بکەیت هیچیانت بۆ ناگیرێت ........ 877
ڕاوی ڕێوی بۆ کەوڵەکەیەتی ........ 878
ڕووبار زۆرن، بوار نین ........ 878
ڕۆن زۆر بوو قنگی پێ دەسون ........ 879
ڕیخی لەقونێ بدە و بیخە ناو گاڕانێ ........ 880
ڕیسەکەی لێکردەوە خوری ........ 880
ڕیشی لەسەر دانا ........ 881
ڕێبوار بە خەوتن، بە جێماوە لە کاروان ........ 881
ڕێوی بە شاگرد وەرناگرێ ........ 882
ڕێوی بە کونێوە نەدەچوو، گەڕەشکی بەدوای خۆی خستبوو ........ 883
ڕێوی بەفێڵ ناگیرێ، ئەبێ بەتەڵە بگیرێ ........ 883
ڕێوی قەت لە نزیک لانەی خۆی ڕاو ناکات ........ 884
ڕەزێکم هەیە لەسرێشمەی ........ 885
ڕەفیقایەتی سنەیی، تابەر حەوزە کەس ........ 885
ڕەنجی فەرهاد بکێشی گەنجینەی قارونت دەست ئەکەوێت ........ 886
کابان بێ بەشە یان ڕوو ڕەشە ........ 886
کادین بەگۆلکان، کاسە بەوورتکان ........ 887
کادین کەپڕ بوو شەنە ئاخنی ناوێت ........ 887
کار کاری خاتونێ ناو ناوی مەیمونێ ........ 888
کاروانچی ماندوو بێت جنێو بەخاوەن وولاغ ئەدات ........ 889
کاریتە لە کفری هەڵناکەوێت ........ 889
کاری کەر و خواردنی بارگین ........ 890
کارەکەری بادینان، نانخۆری شەمزینان ........ 891
کارەکەری خۆتی، خۆشەویستی خەڵکی ........ 891
کاسبی وەکو جەمی گورگییە ........ 892
کامی کردیە ........ 893
کانی درۆزنەیە ........ 893
کاڵەک شیرین دەبێتە قیسمەتی ڕێوی ........ 894
کاڵەک گێ کراوە ........ 894
کای کۆن بەبا دەکات ........ 895
کتکی کۆر نمەکیان ناکات ........ 895
کچ تەشییەکەی دایکی دەڕێسێت ........ 896
کچ لۆیە چاکن، پینەکەریان داکن ........ 897
کچیان ناوی زێرینۆکە، بۆن گو لەماڵیان دێت ........ 897

کراست جاو بێت مێردت جوان بێت ........................................ 898
کراسی کەتان لەبەریا شۆڕەی دێت زگی لەبرسان قوڕەی دێت ........................................ 899
کردوویانە بەڕێگای کانی ........................................ 899
کردی بردی، گەڕا دڕا........................................ 900
کردی بە بنێشتە خۆشەی ژێر ددانی ........................................ 900
کرم لە گوێزی ساغ دەردێنێ........................................ 901
کفن گیرفانی نیە ........................................ 902
کلکی خستە ناو گەلیەوە ........................................ 902
کلکی لە سەگ کەمترە ........................................ 903
کلکی لەسەی کەمترە........................................ 903
کلکی کەرێ بەدەستەسڕی دەگرێت........................................ 904
کلۆ مسەیە یان کلۆ مسکەیە ........................................ 905
کلی لەچاوان دەڕفێنێ........................................ 905
کوچک لەئاگر گەرمترە........................................ 906
کورتانی بۆ دەجالی دەکات........................................ 906
کورتانی خوارکرد........................................ 907
کورد یەک بەزمی دەزانێت ئەویش سێ پێ ییە ........................................ 908
کوردی دۆ نەدیوو ........................................ 908
کوریکە گاگرۆ، بەهارت هێنا بەدرۆ........................................ 909
کوندە ژەهرە ........................................ 909
کونەبای قەیسەریان ........................................ 910
کوڕپیشت ساوا بوو سەری بڕی باشە........................................ 910
کوڕی بن چارۆگەیە ........................................ 911
کوین لەبەردی بدەیت دەیکاتە هەنگوین ........................................ 912
کوێرە نانە ........................................ 912
کیریان کردە بەلەچەک ........................................ 913
کیسەی سوالکەر هەرگیز پڕ نابێت........................................ 914
کۆتری ساواری بەهەزاری........................................ 914
کۆرە بژ ........................................ 915
کۆنە بەنرخی تازە دەفرۆشێت ........................................ 915
کۆنە دۆست ماینی بەزینە........................................ 916
کۆیی یەک بن ژنتن، دوو بن مێردتن........................................ 916
کۆییایەتی و خۆیایەتی........................................ 917
کیسە بۆرە، حەرامخۆرە ........................................ 918
کێ ژنی جوانە با ئە و پێش نوێژی بکات........................................ 918

کێ گو بە کڵاوی دەپیوێت.......... 919
کێچ بە گا دەفرۆشێت.......... 919
کێچ کەوتە کەوڵی.......... 920
کێچی حەفت مەن شیر ئەدا.......... 921
کێر بە پەڕۆ گەورە نابێت .......... 921
کێر بەر کێری نادرێت.......... 922
کێرمیزی لێ برین.......... 922
کێری نیە و مەدحی گونی دەکا .......... 923
کە زۆر هات، قەواڵە بەتاڵە.......... 924
کە گورگ پیر بوو دەبێتە مەخسەرەی سەگان .......... 924
کە گوێسوانە نەما لادێش نەما .......... 925
کە گڵۆڵەت کەوتە لێژی کەس خاست پێ نابێژی.......... 925
کە مانگ هەڵات حەوجە بە ئەنگوست ناکات .......... 926
کە کلۆ هات بفەوتێ چاوی ڕەش دەبێ .......... 927
کەر بگێت سەقەتی دەکات .......... 928
کەر بەجل وجۆڕ، ژن بەسەر و پۆڕ .......... 928
کەر بەلێدان نابێتە ئەسپ .......... 929
کەر تری و بار شێوا .......... 929
کەر تۆپیوە شایی سەگانە .......... 930
کەر چوزانێ بۆنی بەهێ چیە؟.......... 931
کەر لە قوڕاودا دەگێت .......... 931
کەر لە قوڕدا ئەگێت.......... 932
کەر لە کەرێی خۆشی دێ .......... 932
کەر لەچاو ئە و سعاتچیە .......... 933
کەر لەکوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە.......... 933
کەر و خۆڵەمێشن .......... 934
کەر و شەڵتەمان نی یە قوڕێ دەگرینەوە .......... 935
کەر و مشکی دان.......... 935
کەر و ڕمبازیان نەگۆتیە.......... 936
کەر و کورتانیان دەردێنێ.......... 936
کەرت هەبێت، کەرت دەتۆپێ، ژنت هەبێت ژنت دەڕوا .......... 937
کەری بردە سەرکانی، کورتانی هێناوە بەشانی.......... 938
کەری خۆیەتی و گوێی ناڵ دەکات.......... 939
کەری خۆیەتی گوێی ناڵ دەکات .......... 939
کەری دوژمنیشت بگێی هەرباشە.......... 940

کەری شەریکی گورگ ئەیخوات ........ 940
کەری نێر نایکێشێ ........ 941
کەرەکەم کرد بە زەنگ ........ 942
کەس بە و سەردولکانە گریانی نایە ........ 943
کەس بەدۆی خۆی ناڵێ ترشە ........ 943
کەس دەسکی لە دو ناکا ........ 944
کەس لە کەس ڕازی نیە و خواش لە هەموان ........ 944
کەس لەسکی دایکیەوە هیچ فێر نەبووە ........ 945
کەس ناچتە قەبری کەس ........ 946
کەس نازیشی هەیە، گازیشی هەیە ........ 946
کەس ناڵێ هاوارتە لە من، هەمووی دەڵێ قوتۆ بۆ من ........ 947
کەسکوونە ........ 948
کەشکیش برای دۆیە ........ 948
کەلاکی تۆپیوە گۆشتی لێ بکەوە ........ 949
کەما بەدەم کەر خۆشە ........ 949
کەنگر و ماست بەوادەی خۆی ........ 950
کەنێری نەبوون، گیسک دەبنە بلمباس ........ 950
کەوا سوری بەر گەڕەک ........ 951
کەوا سوری بەر لەشکر ........ 952
کەوڵەکۆن ........ 952
کەڵ بۆت هاتۆتە بەر نیری ........ 953
کەڵەبابی سەر بارە دارێ ........ 953
کەڵەشێر گەنم و هەرزنیشی پێ بدەی هێلکەی ناکا ........ 954
یاخوا بەخێر بێی سۆرەگوڵی باخان ........ 955
یاخوا قوندان نەبتە عادەت ........ 955
یان دەبینە قەشمەرخانی خەڵک، یان دەبینە خزمەتکاری خەڵک ........ 956
یان گاڵ دێنێ یان پەمۆ ........ 957

## چەند وتەیەک

ئەمەی بەردەستتان، لیستەیەکی رێکخراوی تەواوی ئەو پەند و ئیدیۆمانەیە کە هاوکارمان ئاراس ئیلنجاغی کۆیکردوونەتەوە و شیکردنەوەی بۆ کردوون..
لەم لیستەیەدا رەچاوی ریزبەندیی ئەلفوبێی ناوەکان کراوە، پاشان زمان و شێوەزمانەکان.
تۆمارەکان بەپێی توانا و دەستکەوتنی زانیاری، پێناسیان نووسراوە، وێنە ئەگەر دەستمان کەوتبێت خراوەتە پاڵ تۆمارەکەیەوە. هەروەها هەر مێتاداتایەکی تری پێویستیش وەک پاشکۆ لەگەڵ تۆمارەکاندا دانراون.
لەگەڵ هەر تۆمارێک لینکێک هەیە، ئەو لینکە گرێدراوە بە تۆمارەکەوە لەسەر ماڵپەڕی کوردیپێدیا، بابەتەکان هەندێکجار گۆڕانکارییان بەسەردادێت و باشتر دەکرێن، مێتاداتا و وێنەیان دەخریتەسەر، بۆ ئەوەی لە دوا ڤێرشنی ئەو تۆمارە ئاگاداربیت، کلیک لە بابەتەکە بکە و لە ماڵپەڕی کوردیپێدیادا بیکەرەوە.
لە کۆتایی هەر بابەتێکدا، وێنەی کویک ریسپۆنس هەیە، ئەم وێنەیە کە سکێن دەکرێت، یەکسەر دەتباتە سەر بابەتەکە لەسەر ماڵپەڕی کوردیپێدیا.
هەندێک بابەت پەیوەستکراوە بە بابەتی ترەوە، بۆ نموونە نووسەر بە پەڕتووکەکانییەوە، یان هەندێک بابەت فایلی پەیوەندیداری لەگەڵە، ئەوانە لێرەدا پیشان نەدراون و بۆ بینینیان دەبێت لە ماڵپەڕی کوردیپێدیادا سەیریان بکەیت.

تێبینی: وەشانی یەکەمی ئەم کوردیپێدیانامانە، تاقیکردنەوەن!
ئەم پەڕتووکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە بەرنامەیەکی کۆمپیوتەریی تایبەت بە رێکخراوی کوردیپێدیاوە ئافرێندراوە.
بەهیوای ئەوەی ئەم لیستەیە زۆرتر و پاکژتری بکەین و بەزووترین کات وەشانێکی تر بخەینە بەردەستی ئێوەی بەرێز..

رێکخراوی کوردیپێدیا
https://www.kurdipedia.org
contact@kurdipedia.org
08-08-2022

## بڵاوکراوەکانی کوردیپێدیا

| # | ناوی پەرتووک | زمان | ژمارەی وەشان | لاپەڕەکان - A4 | بابەت | ڕۆژی دەرچوون |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 68 | ئاراسنامە – وەشانی 2 | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 724 | 1179 | 2022-02-14 |
| 67 | ژنکوژینامە - وەشانی 3یەم | کوردیی ناوەڕاست | 3 | 69 | 83 | 2021-03-08 |
| 66 | 2020نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 687 | 366 | 2021-02-25 |
| 65 | 2019نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 459 | 363 | 2020-01-01 |
| 64 | ژینگەنامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 173 | 158 | 2019-01-10 |
| 63 | 2018نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 624 | 365 | 2019-01-03 |
| 62 | 2017نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 472 | 363 | 2018-01-03 |
| 61 | چۆنێتی بەکارهێنانی کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 30 | 0 | 2017-04-02 |
| 60 | 2016نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 208 | 348 | 2017-01-22 |
| 59 | شهدائنا في حرب ضد الدولة الاسلامية - داعش، الطبعة ١ | SA عربي | 1 | 1252 | 2028 | 2016-10-10 |
| 58 | دور احداث شنكال في تطوير القضية الكردية | SA عربي | 1 | 20 | 0 | 2016-09-26 |
| 57 | ڕۆڵی ڕووداوەکانی شنگال لە پێشخستنی دۆزی کورد | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 21 | 0 | 2016-08-08 |
| 56 | شەهیدانی شەڕی داعش - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 1734 | 3287 | 2016-05-12 |
| 55 | 2015نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 153 | 339 | 2016-01-01 |
| 54 | یارینامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 11 | 9 | 2015-09-17 |
| 53 | ناندینامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 29 | 45 | 2015-09-17 |
| 52 | یاسۆکنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 189 | 141 | 2015-09-11 |
| 51 | هونەرنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 1219 | 2075 | 2015-09-10 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| -09-10 2015 | 2075 | 1249 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | چالاکواننامە - وەشانی 2مە | 50 |
| -09-10 2015 | 2333 | 882 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | وێنەنامە - وەشانی 2مە | 49 |
| -09-10 2015 | 771 | 847 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | بەڵگەنامە - وەشانی 1مە | 48 |
| -09-10 2015 | 93 | 42 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | ئەتڵەسنامە - وەشانی 1مە | 47 |
| -09-09 2015 | 1191 | 901 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | ئامارنامە - وەشانی 1 | 46 |
| -09-09 2015 | 4563 | 2703 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | نووسەرنامە - وەشانی 2مە | 45 |
| -09-08 2015 | 719 | 325 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | بڵاوکراوەنامە - وەشانی 2مە | 44 |
| -09-08 2015 | 11223 | 5207 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکنامە - وەشانی 2مە | 43 |
| -09-07 2015 | 476 | 190 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | گەینامە - وەشانی 2مە | 42 |
| -09-07 2015 | 4294 | 1347 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | ناونامە - وەشانی 2مە | 41 |
| -09-07 2015 | 5613 | 1579 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | پەندنامە - وەشانی 2مە | 40 |
| -09-07 2015 | 7015 | 2849 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | زیندانینامە - وەشانی 2مە | 39 |
| -03-18 2015 | 117 | 89 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | پاسۆکنامە - وەشانی 1مە | 38 |
| -03-14 2015 | 92 | 58 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | داعشنامە - وەشانی 2مە | 37 |
| -02-01 2015 | 191 | 136 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | کۆبانێنامە - وەشانی 2مە | 36 |
| -01-24 2015 | 226 | 135 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | شوێنەوارنامە - وەشانی 2مە | 35 |
| -01-22 2015 | 2957 | 1347 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | شوێننامە - وەشانی 2مە | 34 |
| -01-21 2015 | 536 | 353 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | پێشمەرگەنامە - وەشانی 2مە | 33 |
| -01-19 2015 | 113 | 75 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | وەرزشنامە - وەشانی 2مە | 32 |
| -01-18 2015 | 287 | 140 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | جاشنامە - وەشانی 2مە | 31 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 30 | ژنکوژینامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 30 | 41 | -01-18 2015 |
| 29 | ڕێکخراونامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 510 | 960 | -01-16 2015 |
| 28 | هاوڕێنامە - وەشانی 4ەم | کوردیی ناوەڕاست | 4 | 1859 | 5035 | -01-15 2015 |
| 27 | براکوژنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 172 | 285 | -01-11 2015 |
| 26 | ئەنفالنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 165 | 359 | -01-10 2015 |
| 25 | شەهیدنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 3935 | 7345 | -01-04 2015 |
| 24 | 2014نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 166 | 344 | -01-01 2015 |
| 23 | کۆبانێنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 118 | 130 | -11-23 2014 |
| 22 | گەینامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 236 | 428 | -11-23 2014 |
| 21 | داعشنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 26 | 27 | -11-16 2014 |
| 20 | پێشمەرگەنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 403 | 514 | -06-10 2014 |
| 19 | هاوڕێنامە - وەشانی 3ەم | کوردیی ناوەڕاست | 3 | 1653 | 4811 | -06-03 2014 |
| 18 | وێنەنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 722 | 1419 | -06-03 2014 |
| 17 | وەرزشنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 78 | 101 | -06-02 2014 |
| 16 | چالاکواننامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 1284 | 1778 | -06-02 2014 |
| 15 | ژنکوژینامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 31 | 33 | -06-01 2014 |
| 14 | براکوژنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 219 | 282 | -06-01 2014 |
| 13 | هونەرنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 1204 | 1695 | -06-01 2014 |
| 12 | زیندانینامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 1812 | 3172 | -06-01 2014 |
| 11 | ناونامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 1238 | 3259 | -06-01 2014 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| -05-31 2014 | 937 | 546 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | رێکخراونامە - وەشانی 1ەم | 10 |
| -05-31 2014 | 171 | 100 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | شوێنەوارنامە - وەشانی 1ەم | 9 |
| -05-31 2014 | 2887 | 1396 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | شوێننامە - وەشانی 1ەم | 8 |
| -05-31 2014 | 756 | 435 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | بڵاوکراوەنامە - وەشانی 1ەم | 7 |
| -05-31 2014 | 404 | 110 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | پەندنامە - وەشانی 1ەم | 6 |
| -05-30 2014 | 285 | 163 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | جاشنامە - وەشانی 1ەم | 5 |
| -05-28 2014 | 358 | 188 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | ئەنفالنامە - وەشانی 1ەم | 4 |
| -05-28 2014 | 3289 | 2291 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | نووسەرنامە - وەشانی 1ەم | 3 |
| -05-27 2014 | 6140 | 2753 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | شەهیدنامە - وەشانی 1ەم | 2 |
| -05-25 2014 | 12747 | 3562 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکنامە - وەشانی 1ەم | 1 |

## دەربارە!

کوردیپێدیا، پرۆژەیەکە بۆ کۆکردنەوەی هەر زانیارییەکی پەیوەست بە کوردستان و کورد و بەهیوایە لە پاشەڕۆژدا ببێتە پڕزانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بەهۆیەوە بەئاسانی بزانرێت: کێ، کێیە؟! و کوێ، کوێیە؟! و چی، چییە؟...!
کوردیپێدیا وشەیەکی لێکدراوە و لە کوردی و پێدیا پێکهاتووە. وشەی پێدیا، وشەی دووەمی وشەی لێکدراوی گریکیی ئەنسیکلۆپێدیایە (encyclopedia) کە بەواتای ناسین یان زانینی یاخود زانیاریی گشتی دێت. وشەی کوردیپێدیاش لەوەوە داتاشراوە و دەکرێت واتای کوردناسی، کوردیناسی یان کوردزانین یاخود زانیاریی کوردی بدات.

سەرچاوەکانی کوردیپێدیا بریتییە لە:

ئەو تۆمارانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لەنێو ماڵپەڕەکانی ئنتەرنێت دەیدۆزنەوە و لە یەکێک لە پۆلەکانی کوردیپێدیادا چروپڕیدەکاتەوە و هەندێکجاریش هەوڵی گۆڕینی ڕێنووسە هەڵەکانی دەدرێت و بەشێوەیەکی دروست تۆماریدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی دەستکاریی ناوەڕۆکی بابەتەکان بکرێت. هەر بابەتێک لە هەر ماڵپەڕێکەوە وەربگیرێت، وەک ئەمانەتێکی زانستی ناوی ماڵپەڕەکە لە لیستی سەرچاوەکەدا تۆماردەکرێت.
ئەو بابەتانەی کە میوانانی کوردیپێدیا بۆماندەنێرن و لەڕێی فۆڕمی تۆمارکردنی بابەتیکەوە ئامادەیدەکەن. هەر بابەتێک لەلایەن هەر میوانێکەوە بەدەستمان بگات، ناوی ئەو میوانە دەبێتە سەرچاوەی ئەو بابەتە. تکایە هەر کەسێک نایەوێت ناوی لە لیستی سەرچاوەکانی کوردیپێدیادا بێت با ئاگادارمانبکاتەوە.
ئەو نامە تایبەتییانەی کە بەدەست کوردیپێدیا دەگەن و پەیوەستن بە ژیان و کارنامەی ئەو کەسانەی کە دەخوازن وەک بابەتێک بێنە نێو ئەم کوردیپێدیایەوە.
ئەو بابەتانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لە دوو توێی بڵاوکراوەکاندا ئامادەیدەکات و چروپڕیدەکاتەوە و پۆلێنی دەکات.
ئەو دیمانانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لەگەڵ کەسانێکدا ئەنجامی دەدات، بەمەبەستی نووسینەوەی بیۆگرافیی کەسێک، شوێنێک، ڕێکخراوێک، بڵاوکراوەیەک یان هەر شتێکی تری پەیوەست بە کوردستان و کورد.
تەواوی بابەتەکانی پۆلی ڕێکەوت و ڕووداو لە داتابەیسی هاوڕێنامەوە وەرگیراوە، بڕوانە: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999 .

هەر تۆمارێک بێتە نێو کوریدپێدیاوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیی بە کوردستان و کوردستانییانەوە هەیە، هیچ بابەتێک لە دەرەوەی ئەو تەوەرانە تۆمار ناکرێت. لەو تێڕوانینەوە هەندێکجار ژیان و کارنامەی کەسێکی ناکورد دەبینیت، ئەو کەسە یان کوردناسە و خاوەنی باسێکە لەسەر کورد یان کوردستانییەکی ناکوردە، یاخود پەیوەندیی بەڕووداوێکی کوردستانییەوە هەیە.

کوردیپێدیا، هیچ پەیوەندییەکی بە ویکیپێدیا و هەر ڕێکخراوێکی ترەوە نییە، پرۆژەیەکی سەربەخۆیە و ئەرکێکی تایبەتیی ڕێکخراوی کوردیپێدیایە.

تکایە ئەگەر هەر زانیارییەک لەم داتابەیسەدا بۆ بەڕێزتان گونجاو نییە و ناخوازن لێرەدا ببێت، ئەوا کوردیپێدیای لێ ئاگاداربکەنەوە.
کوردیپێدیا هەر زانیاری و وێنەیەک لە هەر سەرچاوەیەکەوە وەربگرێت، بۆ مەبەستێکی بازرگانی بەکارناهێنێت.

کوردیپێدیا بەردەوامە لەسەر پاکژکردنی بابەتەکان و وەرگێڕانی ساڵە کۆچی و هەتاوییەکان بۆ ساڵی زایینی بەشێوەیەکی دروست، تکایە لە هەڵە و کەموکورتییەکانمان ببوورن.
هەر زانیارییەک لە کوردیپێدیاوە وەربگیرێت، پێویستە ناوی سەرچاوەکەی و ناوی کوردپێدیای لەسەر بنووسرێت.

ماڵپەڕ و داتابەیسی کوردیپێدیا بە دۆت نێت #C - و SQL و لە هەندێک لاپەڕەشدا بە گووگڵ API ئامادەکراوە کە بەشێکی زۆر کەمی Adobe Flash Player بەکاردێنێت. ڕۆژانە لەسەر دوو سێرڤەری جوودا بەکئەپی داتا و وێنەکان دەکرێت، تاوەکو پارێزراوبن لەهەر هێرشێکی هاکەرەکان.!
ماڵپەڕی کوردیپێدیا لەسەر براوسەرەکانی ئنتەرنێت ئێکسپلۆرەر، فایەر فۆکس، سەفاری، ئۆپێرا و گووگڵ کرۆم بەتەواوەتی تێست کراوە و بەبێ کێشە کاردەکات، تکایە ئەگەر هەر کێشەیەکتان بوو ئەوا ئاگادارمان بکەنەوە..
بەهۆی هەوڵەکانی هاوکارمان کاک (هەڤاڵ نەژاد)ەوە، کوردیپێدیا لە ڕۆژی ١١-١١-٢٠١٣ بووە ڕێکراوێکی فەرمی و لە هەولێر لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان تۆمارکرا.

بەهیوای ئەوەی کوردیپێدیا بکەینە پڕزانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بانکی زانیاریی نەتەوەیی کورد!
لەگەڵ ڕێزی هاوکارانی کوردیپێدیا:

| هاوکاری بەشداربوو لەم بەرهەمەدا | ژمارەی بابەت |
|---|---|
| ئاراس ئیلنجاغی | 1526 |

دامەزرێنەری کوردیپێدیا: هاوڕێ باخەوان
Tel.: +31 (6) 54710293
2008 - 2022

**بابەت: 1526**

**رۆژی دەرچوون: 2022/8/8 PM5:10:59**

بابەت: 1

## ئاتەشبازی بە کنگی خاڵی ناکرێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20171203074623143390

ئاتەشبازی بەکنگی خاڵی ناکرێ

زیاتر ئەم ئیدیۆمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکاردەهێنرێت ئاتەشبازی یاری فیشەکە شێتە و تەقەی خۆشیە لە ڕۆژانی شادی و جەژندا، لە نەبونی و نەداریشدا ئەم یاریە و قۆشمە و گاڵتەیە بەگیرفانی بەتاڵەوە ناکرێت، بە واتایەکی تر ناکرێت دەربڕینی خۆشی و شادی لە سەر حسابی قنگێکی خاڵیەوە بێت واتە(بەتاڵ و حەتاڵ) هەر بۆیەش ووتراوە(ئاتەشبازی بەکنگی خاڵی ناکرێ)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/3/12 7:46:23 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 2

## ئادار مەشکە لەدار، لێرە یان لە شنگار

https://www.kurdipedia.org/?q=20220329133021409356



ئادار مەشکە لەدار، لێرە یان لە شنگار

دوو بەشی مانگی ئادار دەکەوێتە ناو مانگی(ڕەشەمە-ڕەشەمانگی) ساڵی کوردییەوە، لە سەرەتای ئە و مانگە هیچ قوت و زەخیرە و دانەوێڵەیەک نامێنێ، مانگێکی ڕەشە و لە گۆتە و پەند و باڵۆرە و ئیدیۆمی کوردەواری لەسەری ووتراوە: ڕەشەمە ڕەشکی ڕووان، بەشەڕ دینی بوک و خەسوان، یان ڕەشەمە بەتاڵ دەبی جواڵ و کەندوو، بەشەڕ دەینی بوک و خەسوو، بەڵام لە دە ڕۆژی کۆتایی مانگی ئاداریش دەبێتە مانگی(خاکەلێوە) و نەورۆز کە کورد گوتەنی دەچێتە نێوبەهار و سەرماوسۆڵەی زستان بارگەی دەپێچێتەوە و گژوگیا مۆڵەت(ئیزن) دەدرێن و پلەکانی گەرما بەرز دەبێتەوە، بەمەش گیاوگۆڵ نەشونما و باڵا دەکەن و بەرزدەبنەوە و دەبنە لەوەڕێکی پڕ بەزاری مەڕومالآت، ماڵاتیش وەرزی زاوزێی تێپەڕاندووە، بەرخ و کاریلەکانیش وورده وورده فێرە گیاخواردن دەبن و ماست و بەرهەمەکانی زیاد دەبن و وتراویشە: ماستی بواران وەکو ڕووباران، ئیتر بێرییەکان بە مەنجەڵی گەورە گەورە شیری دۆشراو لە پاوانان و لەوەڕگایان بەسەر سەرەوە دەهێننەوە چ ئاوایی و چ ڕەشماڵان و دەکەونە هەڵبەستنی مەشکە و ژەنینی مەشکە، ئە و هەموو باسکردنە بۆ ئەوەیە بزانرێت: ئادار مەشکە لەدار، لێرە یان لە شنگار، شنگاریش دەڤەرێکی وراتی کوردانە، تێکەڵەیەک لە کوردی ئێزدی ئێزدیخان و کوردی موسڵمانی تێدایە هەندێجار بە(شنگاڵ) و(سنجار) و(شەنگاڵ)یش گۆدەکرێت، لە دامێنی چیای(شنگار)ە و تێکەڵ بەدەشتی(نەینەوا) دەبێت و دەشتێکی کاکی بەکاکی بەپیت و بەرەکەتە، ئە و تێکەڵیەش لە ئیدیۆمەکەدا بۆ ئەوەیە بوترێت

چ لە گەرمیان و چ لە کوێستان ماست و بەرهەمەکانی زۆر دەبن، ئەوە زیاتر لادێنشینان و ڕەوەند و کۆچەرییە کوردەکان بەکاری دەهێنن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] ⓚ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)

کاتی تۆمارکردن: 2022/29/3 1:30:21 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 3

## ئادار ناچێ بەبێ دۆ، نیسان ناچێ بەبێ جۆ

https://www.kurdipedia.org/?q=20190428101550285665



ئادار ناچێ بەبێ دۆ، نیسان ناچێ بەبێ جۆ یان لەگەرمیان یان لەشەنگاڵ ئەم ئیدیۆمە ئەوەندەی پەیوەندی بە ئەزمون و تاقیکراوەی وەرزێر و کشتیار و جوتیار و جۆوان و شوانکارەی کوردانەوە هەیە ئەوەندە بۆ مەبەست و توانج و ماناسازی و وشەسازی بەکارنەهاتووە چونکە مانگی ئادار واتە خاکەلێوە و نەورۆز کە گژوگیا پڕ بە زار و دەمی مەڕ و بزن هاتووە و لە و مانگەدا کاریلە و برخۆڵە گەورە بوون و دەتوانن ئەوانیش گیاوگۆڵ بخۆن لەجیاتی شیری دایکیان لەلایەکیتریشەوە مەڕ و بزنیش تێر و پڕ دەبن و ئەوەی بچێتە بن(ددان)یان دەچێتە ناو(گوان)یان بەمەش شیر و بەرهەمەکانی زۆر دەبێت بۆیە وتراوە(ئادار ناچێ بەبێ دۆ) بڕگەی دووەمی ئیدیۆمەکەش مانگی(نیسان) واتە کۆتایی(گوڵان) و سەرەتایی(جۆزەردان) واتە دانەوێڵەی جۆ لەمانگی گوڵان شیری تێ دەکەوێت و لەمانگی جۆزەردان وادەی دروێنە دێت ئینجا ئەم دروێنەیە هەندێجار لە سنوری دەشتی شەنگاڵ دەبێت یاخود لە گەرمیان واتە لە و دوو ناوچەیە لە یەکێکیان دروێنەی جۆ پێشتر یان دواتر دەکرێت بۆیە وتراوە(نیسان ناچێ بێ جۆ، لەیان لەشەنگاڵ یان لەگەرمیان).

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] ⓚ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)

کاتی تۆمارکردن: 2019/28/4 10:15:50 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 4

## ئارداوێژی دەمی خۆشە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171203075826143393

ئارداوێژی دەمی خۆشە

دۆڵەدانەی ئاشی(دۆرەدان) کە مزاش و گەنمی بۆ هارین تێ دەکرێت و بەرداش(بەردە ئاش) دەیهارێت و دواتر لەوێوە و دوای هارین دەچێتە(ئارداوێژ) و کۆدەکرێتەوە دەخرێتە گونیەوە، ئینجا ئەمە بووە بە کینایە و درکە و دەربڕ لە کوردەواریدا ئەگەر کەسێک گفت و لفت و ئاخاوتنی خۆش بێت و قسەی خۆش و گەرم و بەگوڕ بێت دەوترێت فلانە کەس(ئارداوێژی خۆشە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/3/12 7:58:26 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 5

**ئاردی پێژاوە، کەپەکی ماوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220524232447414749



ئاردی پێژاوە، کەپەکی ماوە

پێژان: کرداری دابێشتن و پێژتنی هاڕاوەی وردبووی دانەوێڵەیە بە هێڵەگ، کەپەک: توێکڵی دانەوێڵەی هاڕاوی وەکو(گەنم و جۆ و برنج و گەنمەشامی و شۆفان) لە کاتی دابێژان لە هێڵەگ گیر دەبێت لە بنەچەدا توێژاڵی تووەکەیە کە بۆ پارێزگاری تووەکە خوڵقاوە تاوەکو چاندن و چەکەرەکردنی، کاتی خۆی کە باراشی دانەوێڵەی گەنمیان دەبردە ئاشی و لە ئاسیاو بۆ ئارد دەهاڕدرا و کە دەهاتەوە بۆ ماڵەوە کابانەکان لە هێڵەگیان دەدا و ئاردەکە دەچووە خوارەوە و ئەوەی لە کونیلەکانی هێڵەگەکە گیر دەبوو ئە و توێکڵ و توێژاڵە بوو کە پێی دەوترێت: کەپەک، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەکارێک دەوترێت کە بەرە و کۆتایی بێت و زۆربەی زۆری ئەنجام درابێت هاوشێوەی(گاگوراوە کلکی ماوە)، یان تەمەنی مرۆڤ بەرە و کۆتایی بێت، هاوشێوەی(ئاردی جەوالّم خواردووە و هەمبانەم ماوە)هەندێجاریش دەوترێت: فلانە کەس کاری خۆی تەواو کردیە ئاردی خۆی بێشتیە و کەپەکی خۆی ڕێشتیە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: PM 11:24:47 2022/24/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 6

## ئاروو بەبڕکی خۆیەوە جوانە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200816115711386933



ئاروو بەبڕکی خۆیەوە جوانە
ئیدیۆمەکان لەناوچەکانی کوردستان و هەندێکجاریش لە گوندێکەوە بۆ گوندێکیتر جیاوازن لە دارشتنەوە، بەگوێرەی ژیان و گوزەران و پیشە وکاروکاسبیان، ئاروو بەروبوومەکی هاوینەیە بەشێوەیەکی گشتی پێی دەوترێت(خەیار) بەڵام لە هەندێ ناوچە و خۆجێی پێی دەوترێت(ئاروو)، برک: واتە پنج و بنە رووەکەکە، شێوەی ئیدیۆمی(بەرد لەجێگەی خۆیدا سەنگینە) لێرەدا وتراوە(ئاروو بەبڕکی خۆیەوە جوانە) واتە هەر کەسە بە کۆمەڵەکەی خۆیەوە جوانە و بایەخی پێ دەدرێت، یان هەرشتە لەپێگە و جێگە و ڕێگەی خۆیدا گونجاو و لەبارتر ولەبەردڵانترە، لەهەندێ ئیدیۆمی تری وەک(هەر تەیرە و بەرەوی خۆی، یان ڕێوی لەکونی خۆی هەڵگەڕێتەوە گەر دەبێت)درکە و کینایەی ئاروو بەبڕکی خۆیەوە جوانە هەست پێ دەکەیت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: AM 11:57:11 2020/16/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 7

## ئاسن داک و بابی ناپرسێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20181006081930156796



ئاسن داک وبابی ناپرسێ
لە کوردەواریدا بە مەکینە و تراکتۆر و ئۆتۆمبیل بەتێکرا دەوترێت(ئاسن) هەموو ئەمانە پێویستی بە روون گۆڕین و سوتەمەنی و گریس و حەقدەستی فیتەر و تایە و پەنجەرچی و تاد دەبێت هەڵبەت هەموو ئەمانەش بە پارە دەکرێ-ن، ئینجا کاتێک کارێکت بۆ هەر کەسێک کرد ئە و کەسە ئەگەر دایک وباوک بێت یان قەوم و خوێش ئەوا دەبێت حەقدەستی مەکینەکە یان تراکتۆرەکە یان ئۆتۆمبیلەکە وەربگریت، ئەگەرنا زۆر زوو ئامێرە ئاسنەکەت قەرزارت دەکاتەوە بەهۆی هەمیشە خەرجیەوە بۆ ئامێرەکە لە روون و گریس و تایە گۆڕین و بەنزینخانە وتاد، ئینجا هەرکەسێک ئامێرەکە و کاسبیەکەی خۆی زۆر خۆشبوێت بەهیچ شێوەیەک کەس نابوێرێت لە حەق و کرێی ئامێرەکەی ئەگەر دایک و باوکیشی بێت ئە و دەڵێت(ئاسن داک وبابی ناپرسێ).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 8:19:30 2018/6/10

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 8

**ئاسنگەر دەزانێت لەگەڵ ئاسندا چی بکات**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190116071043210202



ئاسنگەر دەزانێت لەگەڵ ئاسندا چی بکات
وتراویشە(نان بۆ نانەوا، گۆشتیش بۆ قەساب) یان(زێڕ لای زێڕینگەر بەقەدرە) لێرەش ووتراوە(ئاسن لای ئاسنگەر بەقەدرە) ئاسن کە کەرەسەی ئاسنگەرییە هەر ئاسنگەر کە پیشەیەتی دەزانێت چۆنە و چیە و هەر ئەویش دەزانێت بەکاردێت یان ناشێت بۆ بەکارهێنان و دروستکردنی کەل و پەل و پێداویستی، ئەم ئیدیۆمە بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی لە هەموو کارێک هەڵنەقورتێنێ و هەرکەسە و بەپێی خۆی یان بەگوێرەی پسپۆڕی و وەستایی و شارەزاییەکەی لەسەر شتەکان بدوێ یان بێتە ئاخاوتن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: AM 7:10:43 2019/16/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 9
**ئاسنی سارد کوتانە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180623083106152020



ئاسنی سارد کوتانە
ئاسنگەر، کورەی هەیە بۆ تواندنەوەی ئاسن تاوەکو بەپیاکێشان و پیاکوتانی بەئارەزووی خۆی شێوەی ئاسنەکە بگۆڕێت و ئەوەی گەرەکیەتی لێی دروستبکات، تا وەکو گەرم نەکرێت ئاسنگەر ناتوانێت هیچ لە شێوەی ئاسن و پارچە شیشەکە بکات، چونکە تا بەیانی ئاسنگەر لەسەر دەزگاکەی بە کوتک و چەغماغەکەی پارچە ئاسنێکی سارد بکوتێت جگە لە هیلاک بوون و ماندووبوون و عارەقەی شین و مۆر هیچ سودێک نابینێت، ئەم حاڵە لە دەربڕی کوردەواریدا هاتووە بۆ کەسێکی لامل و(ئینکار) نەیەوێت بسەڵمێنێت، یان کارێک هیچ ئەنجامێکی نەبێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: AM 8:31:06 2018/23/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 10
**ئاسیاو بێ ئاو ناگەڕێ**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190116071236210203



ئاسیاو بێ ئاو ناگەڕێ
وتراویشە دەڵێی(ئاشی ئاو لێ بڕایە) بەر لە ئاشی ئاگر ئاشەکان بەئاوێ دەگەڕان و کاریان دەکرد، بۆیە لەرووی ڕاستەقینەوە ئاسیاو بێ ئاوناگەڕێ، ئەم ئیدیۆمە بەکاردێت بۆ ئەنجامدانی کارێک کە کەموکوڕی هەبێت بۆ ڕاپەڕاندنی چۆن دەوترێت(گا بەپوش ناپەڕێت) ئاوهاش ووتراوە ئاشەکە بەبێ ئاو ناگەڕێ هەروەک چۆن شێخ ڕەزای تاڵەبانی-ش لە هەجوو کردندا زۆر لێزانانە بەکاریهێناوە(ئاشی سمتی ئێوە بەئاوی کێری ئێمە ناگەڕێ).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 7:12:36 2019/16/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 11

## ئاشپەز خلە بێ و شاگردەکەی بلە بێ هەر کەس بیخوا گول ئەبێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20180120070846144156




ئاشپەز خلە بێ و شاگردەکەی بلەبێ هەر کەس بیخوا گول ئەبێ
ئاشپەز واتە چێشت لێنەر خلەش ناوی بچوککراوەی خەلیل-ە لەبەر پۆخڵی و چرپنی پێی دەوترێت خلە، بلەش ئیبراهیم-ە و لەبەر هەمان مەبەست ناوەکەی بچوککراوەتەوە بۆ بلە، ئینجا لە گوندێکی کوردەواری بهێنە بەرچاوی خۆت چێشت لێنەر و شاگرد یەک خاسیەت و ئەدگاریان هەبێت و کەس نەبێت ئەوانە بکرێنە سەرپاڵە، دەبێت ئە و کارەی دەیکەن چۆن بێت، دیارە کارێکی ناتەواو و نارێک ئەنجام دەدەن، بۆیە ئەگەر دوو کەسی پیس و پۆخەڵ و شێتۆکە چێشتێک لێ بنێن لەبەر پیسی شیوەکە-چێشتەکە-ئاشەکە ئەوەی بیخوات گڕوو-گەڕ- گول دەبێت، هەڵبەت مەبەستی سەرەکی و ڕاستەقینە چێشتەکە نیە بەڵکو هەرکارێکیترە کە دوو کەس بیکەن بەیەکەوە لە جێگە و ڕێگەی ئە و کارە و متمانەیە نەبن هەندێجار ئەم ئیدیۆمە بەشێوازێکی تر بەکارهاتووە(کەس نەبێت ڕەجەب سەرپاڵە بێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی


کاتی تۆمارکردن: AM 7:08:46 2018/20/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 12

## ئاشتی پشیلە مشکە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190116065905210201



ئاشتی پشیلە مشکە
ئەگەر بۆ مرۆڤ(ئاشتی پرتەبەقەی ماڵ) بێت بۆ بۆ گیانەوەری وەک(پشیلە) مشک هێماو ڕەمزی ئاشتی نەبێت، مرۆڤ کە برسی بوو ئەوەندەی پێی بکرێت لە خۆراک دەگەڕێت و هەندێ مرۆڤیش وەک دڕەندەش پێویست بکات بەدەستی دەهێنن ئەوە لەکاتی قات و قڕی و گرانی و نەبونی سەختدا لەلایەکیتریشەوە لەکاتی ئارامی و شێنەیی دا خێزان ئەگەر سامان و ماڵی نەبێت پردەبێت لە دەنگە دەنگ و ژاوەژاو و ناتەبایی و نارەزایی بە پێچەوانەشەوە ماڵ و سامان و پارە ئە و نارەزاییانە زۆر کەم دەکەنەوە تامایەی بەرقەراربوونی ئاشتی، سەبارەت بەپشیلەش ئەگەر مشکی لەمشە بێت ئەوا دڕندەیی و گەڕۆکی و مرەمرە و سمرخ سمرخی لەکۆڵ دەبێتەوە و کەمترین شەرە پشیلە ڕوودەدات هەربۆیە ئە و حاڵەی پشیلە بووە بەئیدیۆم و جێگەی تەبەقەی پرئاشتی ماڵەی گرتۆتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇️ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2019/16/1 6:59:05 AM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 13

## ئاغی گوندی ڕێی بەگاوانی گوندی دەکەوێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20190116072455210206



ئاغای گوندی ڕێی بەگاوانی گوندی دەکەوێ
ئاغای گوند واتە گەورە داربەدەست و دەسەڵاتداری گوندی هەموو کاروبارەکانی گوند بە قسە و دەنگی ئە و دەنگ دەدرێت و دەروات بەڕێوە ئینجا هەندێجار ئەم ئاغای ئاوایە لەخۆبایی دەبێت و هیچ بۆ دوارۆژ ناهێڵێتەوە و ڕۆژان ڕۆژی لەدوایە، ڕۆژ هەیە پێویستمان بە سادەترین کاراکتەری ئاوی دەبێت کە ئەویش گاوانە، لەوانەیە ئاغا ئاغایەتیەکەی بەهەر هۆکارێکەوە بێت لەدەست بدات و پێویستی بەوە هەبێت تەنها چێڵێک کە شیری دەمی ماڵ و منالی پێوە بەندە گاوان بۆی بخاتە ناو گارانەوە، کەواتە پایە بەرزی و لوتکە هەموو ڕۆژێک نابێتە شوێن و فەرمانگەی فەرمانەکانت بۆیە دەبێت چاوت دوارۆژ ببینێت و ئە و ئیدیۆمە لەبیر نەکەی کە دەفەرموێ(ئاغای گوندی ڕێی بەگاوانی گوندی دەکەوێ).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇️ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: AM 7:24:55 2019/16/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 14
**ئاگات لە بەرینایی بێت**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220619123738419110



ئاگات لە بەرینایی بێت
ئە و ئیدیۆمە لە دەشتی هەولێری زۆر بەکاردەهێنرێت، لە ناوچەی ڕواندزێش هاوشێوەی ئەوە دەوترێت: چ پەنکە هەورا نابینی لە وراتی کۆیەش دەڵێن: پەرە هەور دیارە، بەگشتیش لە ناو کوردان دەوترێت: دیوار بەگوێ یە، بەرین واتە: پانتایی و فراوانی ئە و کۆڕ و کۆبوونەوەی کە تۆ تێیدایت، هەندێجار قسە وەردەگریت و بە ئارەزووی خۆت باسی ئەم و ئە و دەکەیت، ئەوانەی لە کۆڕەکەن بە هەویرەخوێیەک دەگەنەوە بە و کەسەی کە تۆ باسی دەکەیت، خەڵکانێکیش بە و ئیدیۆمە دەتهێننەوە هۆش و ئاگاداریت پێ دەدەن کە کەس و کاری ئە و کەسە لێرەیە کە تۆ بەخراپە ناوی دەهێنیت، ئامادەبوانیش بە هۆشداری و بەبیرهێنانەوە و ئاگادارکردنەوەت دەڵێن: ئاگات لە بەرینایی بێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: PM 12:37:38 2022/19/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 15
**ئاگر بێ دوو کەڵ نابێت**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190116072011210205



ئاگر بێ دووکەڵ نابێت
ووتراویشە(گوی وشک لەبەلاش بە قونی کەسەوە نانوسێت) ئاو(هایدرۆجین و ئۆکسجین) و کەرەسەی سوتەمەنی دەتوانن چرەدوکەڵ دروست بکەن، واتە ئەگەر ئەمانە یەکدی گرنەبوون دووکەڵ نایەتە ئاراوە، دووکەڵ کە لایەنە نەرێنیەکەیە لەم ئیدیۆمەدا واتە هەر کارێک کە ئەنجام دەدرێت یان جێبەجێ دەکرێت هەندێ لێکەوتەی خراپی لێ دەکەوێتەوە واتە ناکرێت کارێک ئەنجام نەدرێت لەبەر هەندێ لێکەوتەی نەرێنی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/16/1 7:20:11 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 16
## ئاگر بەئاوی پیسیش دەکوژێتەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20180626094154152112
ئاگر بەئاوی پیسیش دەکوژێتەوە.
ئاگر کە کەوتەوە دەبێت بیر لە کوژاندنەوەی بکرێت، لە کۆندا پەنا بۆ ئاو دەبرا و هەرچی ستڵ و مەنجەڵ و تەنەکەی بەردەست هەبوو پڕ پڕ لەئاو دەکراو بەگوڕجی دەپرژێنرایە سەر ئاگرەکە، ئینجا ئە و ئاوە تا پیس و قوڕاویبێت باشتر کلوکۆی ئاگرەکەی خامۆش دەکرت و زمانەی ئاگری دەبرییەوە، هەندێجار ناکۆکیەک دەکەوێتە نێوان دوو خانەوادەی ڕەسەنی شارێک یان گوندێکەوە خوێن ڕشتنی لێ دەکەوێتەوە و چەندین کەس لەسەر ئە و ناکۆکیە دەکوژرێت، بەچەندین کەسایەتی و ریش سپی و پیاوی خانەدان و رێک و پێک ناکوژێتەوە ئەوەی ئاگرەی دوژمنایەتیە کەچی بە بۆرە پیاوێک یان کەسێک کەناوی لە قوتوی عەتاریش نیە دەتوانێت بیکوژێنێتەوە و چارەسەری کێشەکەیان بکات بۆیە وتراوە(ئاگر بە ئاوی پیسیش دەکوژێتەوە)

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/26/6 9:41:54 AM

بابەت: 17

## ئاگر بەری دای لەسەری

https://www.kurdipedia.org/?q=20190116065425210200



ئاگربەری دای لەسەری
ئاگر بەیەکێک لە ڕەگەزەکانی ژیان دادەنرێت لەسەر زەوی هەربۆیە گەلان زۆر لە ئیدیۆمەکانیان دا بەکاریدەهێنن لە شوێنی جۆراوجۆر بۆ مەبەستی جیاجیا، هەندێجار بە(نیعمەت) و هەندێجار بە(نیقمە) دەشکێتەوە دەوترێت(ئاگربەربوو لەماڵم) یان(ئاگر لەماڵیان ناکرێتەوە) یان(ئاگری ئاگردانیان کوژایەوە) یان(سێ شت هەرچەندە کەم بن مەترسیدارن ئەوانیش نەخۆشی و دوژمن و ئاگر).....تاد.
ئەم ئیدیۆمەش کە دەڵێت(ئاگر بەری دای لەسەری) واتە سەرەوە و بەرەوە(ژوروو و خواروو)ی گرتەوە، ئەمەش واتە کار لەکارترازان و کوژاندنەوەی زەحمەت بووە یاخود ئەگەر بشکوژێنرێتەوە ئەوا کاری خۆی کردووە لە سوتاندن و برژاندن و کلوکۆدامرکاندنەوە، ئەم دەربڕینە بەکاردێت بۆ گرفتێک یان کێشەیەک لەبچوکیەوە سەر بکێشێت بۆ گەورە بوون و لەدەست دەرچوون و توانای ئەوە نەمێنێتەوە کەزاڵ بیت بەسەر گرفت و کێشە و مەسەلەکە بۆیە بە دەربڕینەوە دوای گەورە بوونی گرفت ووتراوە(ئاگر بەری دای لەسەری) واتە دەبێت هەرچی زووە دەست بەکاربین بۆ کوژاندنەوەی ئەگەرنا دوور نی یە هەموو لایەکمان بسوتێین بە و ئاگرەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2019/16/1 6:54:25 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 18

## ئاگر لەسەر پشتی بکەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220616174123418845



ئاگر لەسەر پشتی بکەوە
پشت: لە لە خوار پشتی ملەوە تا سەر کەفەڵ و سمتی مرۆڤە، بەئێسکێکی گەورەی درێژکۆڵە بەستراوەتەوە کە پێی دەوترێت:بڕبڕەی پشت، هەر زەبر و لێدانێک بەر ئە و پشتە بکەوێت تەواو کار لە چالاکی و جولەی مرۆڤ دەکات، بۆیە پشت لە زۆر بواردا لە ئیدیۆمی کوردیدا ئاماژەی پێکراوە وەک: پشتەوشکێنی کردەوە، پشتی شکاند، پشتی شکا، پشتی هەیە، بێ پشتە، پشتی بە سەفینی دایە، پشت ئەستور و...تاد، لێرەش دووبارە پشت لە و ئیدیۆمەدا بەکارهاتووە لە بەر پربایەخی پشت بۆ مرۆڤ و ڕاگری هەموو ئەندامەکانی تری لەش بە سەرەیەوە، ئەگەر زیان بەر پشت بکەوێت کار لە هەموو بزاوتێک دەگیرێت و شەلەل و دەستەپاچە دەمێنیەوە، ئاگریش کە پشتی مرۆڤ بگرێتەوە بەتەواوەتی پەکی دەخات و ئەگەری چاکبونەوەی کەمتر دەبێتەوە، بۆیە بووە بە و ئیدیۆمە و بۆ فەوتاندن(مەحفکردن) و لەناوبردن و تواندنەوە و پەکخستن و سوتاندن و دوورخستنەوە بەرق و کینەوە دەوترێت: ئاگری لەسەر پشتی بکەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆیە

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/16/6 5:41:23 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 19

## ئاگری بن کایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200924225311388154



ئاگری بن کایە.
کا، ئەگەر گڕی گرت، ئاگرەکەی گڕێکی کزی هەیە وهێواش هێواش کایەکە دەسوتێنێت و دووکەڵێکی خەستی ڕەنگ شین و بۆر وسپی ورەشی دەبێت ودووکەڵێکە خنکێنەرە و چاوکوێر دەکات، ئە و گڕەش لەژێری کایەکەوەیە و تا هەموو کایەکە نەسوتێنێت ناکوژێتەوە، ئەوە بووە بەئیدیۆم بەکەسێکی فێڵباز و تەڵەکەباز کە دەستی هەبێت لە ئاگرخۆشکردن و فیتنەبازی دا، کەچی لە ڕواڵەت و لەڕووشدا بەکەسێکی باش و دۆست خۆی نیشان دەدات بە و جۆرە کەسانە دەوترێت(ئاگری بن کا).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: PM 10:53:11 2020/24/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 20
## ئاگری پوشێ یە
https://www.kurdipedia.org/?q=20190112081944190965



ئاگری پوشێ-یە
پوش و پەلاش وەک داروەرخت بە(ووزەی سەوز) دادەنرێن کە وشکیش دەبنەوە تیشکێ خۆر زۆر ماندووی کردوون وەک رووەکی(قالۆغان) دەبنە زەخیرەی(بەردەئەستێ) یان وەک دارە چنارۆکی لە پر ئاگری لە خۆی هەڵدەهێنا و گرپەی کردووە و بووە بە بڵێسە و ئاگر، پوش وپەڵاش هێندە ئامادەیە بۆ گرگرتن هەندێجار تەنها بەبەرزبوونەوەی پلەی گەرما لە خۆیدا گڵپەدەکات هێندە لەبارە نەبێتەوە، ئەم خاسیەتەی پوش بووە بە ئیدیۆم و بۆ کەسێکی توندە(تەبیعات) و زوو هەڵچوو یان ئە و کەسانەی لەگەڵ(تر)ی خۆیان بەشەڕ دێن ووتراوە فلانە کەس کەڵکی قسە لەگەڵ کردنی نی یە وەک(ئاگری پوشێ یە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: AM 8:19:44 2019/12/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 21
## ئاگری ژێر پۆلوان بە تینە
https://www.kurdipedia.org/?q=20171214083852143509
ئاگری ژێر پۆلوان بە تینە
پۆلو واتە پشکۆ زۆر هاوماناى ترى وەک(سکڵ و پەنگر و پەرەنگ و پۆلۆ و پشکۆ وپەن)ی هەیە هەموو ئەمانەش لە ئەنجامی ئاگرێکەوە بووە کە کردونی بە پشکۆ، هەڵبەت گڕ و تینی پۆلو دار و چیلکەی سەرووی خۆی دەکاتە خۆراک چونکە تەواو داگیرساوە بەرە و خۆڵەمێشی دەڕوات گەڕانەوەی نیە، وەک گڕو ئاگری قرچەی جگەرسوتان(شەهید بوونی کوڕ و جەرگی دایک وباوک)، شەڕ بە کۆنە قینانان دەکرێت، شەڕی کۆنە عەگیدان، ئاگری بێ خۆڵەمێشی دڵی عاشق بە هەموو ئەمانە بە ئیدیۆمەوە دەوترێت(ئاگری ژێر پۆلوان بەتینە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺️ وڵات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] 📖 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/14/12 8:38:52 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 22

## ئاگری لەسەر پشتی کردەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200902011252387403



ئاگری لەسەر پشتی کردەوە.
ئاگری لە خلەوخەرمانی بەردا، گەڵاجارەکەیان سوتاند، هەموو ئاگر کردنەوەیەک دەسەڵاتێکی دەرەبەگایەتی لە پشت بووە لە کۆندا، دوو تەوژم و بەرە بکەونە ڕکابەری ئەوا یەکێکیان سەر دەکەوێت، هەندێجار سەرکەوتنێکی بەهێز و پشت شکێن ڕوودەدات یان بردنەوەیەکی فێڵبازانە ڕوودەدات و بەتەواوەتی کابری دۆڕاو دەسوتێنێت و بە و جۆرە بردنەوەیە دەوترێت بەخوای وای بردەوە یان واسەرکەوت بەسەریدا(ئاگری لەسەر پشتی کردەوە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] 📖 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/2/9 1:12:52 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 23

## ئالیکی بەر هەورازە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171122092413143298

ئالیکی بەر هەورازە
جوتیاریێ یان وەرزێریێ نێرەکەرێکی هەبێت کەم کا و جۆ و ئالیکی بداتێ و بەرەڵلای بکات لەکاتی پێ ئیشیدا و هەرکاتێکیش باراش بباتە ئاشی ئەوا نێرەکەرەکەی بە بیر دێتەوە و باری دەکات بەڵام نێرەکەرەکە لە هەورازێکدا لەبەر بێ خزمەتی پەکی دەکەوێت ناچار لەبەر هەورازەکەوە هەندێک کا و کۆتی بدرێتێ تاوەکو هەندێک گوڕ و تینی تێ بکەوێت و باراشەکەی بۆ

بگەیەنەتە ئاشی، ئینجا هەر حاڵەتێکی لە و شێوەیە بەدیکرا لە ناو کوردان بە هاوکاری و دەستگرۆیی و نانەکە دەوترێت هیچ نی یە ئەوە(ئالیکی بەر هەورازە)، هەندێجار حزبە خاوەن میلیشیاکان ئە و سیستەمە پەیڕە و دەکەن لەکاتی گرژی و شەڕ و شۆڕەکان دا موچەی چەکدارەکانیان دابین دەکەن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/22/11 9:24:13 AM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 24

**ئاهی بزنە مسکێنێ کێوان لە بن دێنێ**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190116073605210207



ئاهی بزنە مسکێنێ کێوان لەبن دێنێ
وتراویشە(خودا حەقی بزنە کۆریسی لە شاخداری دەسێنێتەوە-دەکاتەوە ئەگەر بزنە مسکێن مەبەست کۆریس-یش بێت هەڕاستە) ئاهی هەر گیانلەبەرێ مرۆڤ یان ئاژەڵ لەئەنجامی بێ دەسەڵاتی و نەبونی دێتە کایەوە ئەگەرنا خۆی دەستی بڕوات و هەبێت چنگی خۆی دەگەیەنێتێ و هیچ پێویست بە ئاهی و ئاخ بۆ هەڵکێشان ناکات، ئینجا ئەگەر دەرئەنجامی زوڵمێک بێت ئە و ئاهی و ئاخە ئەوا خودای گەورە هەڵی ناگرێت چونکە نزاو پاڕانەوە و هەنیسک و ناڵەی زۆرلێکراو کێو لە بن دێنێ و خودا خۆی دەکاتە خاوەنی و تۆڵەی بۆ وەردەگرێتەوە، مسکێن واتە خەڵکی هەژار و بێ دەرەتان و ڕەشۆک و ڕەمەکی و جۆوان و بەرەوان و کاسبی نانەسکی، جەندرمەکانی عوسمانلی کەدەهاتن دەیەک و پێنج یەک وشەش یەک و مەڕانە و بزنانە و فروجانەیان لە مسکێن و هەژاران وەردەگرت و خەڵکیش بێ دەسەڵات و دەستەپاچە بوو بەڵام ئاهی-یان کێوی بێستونی لەبن دەردێنا، بە و حاڵە زۆرداریە وتراوە(ئاهی بزنە مسکێنێ کێوان لەبن دێنێ).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 7:36:05 2019/16/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 25
## ئاو بەگوریس دەبەستێتەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20180623084148152025
ئاو بەگوریس دەبەستێتەوە
ئاو شلەیەکی بێ تام و بێ ڕەنگ و بۆنە، ئەوەی دەکەوێتە بەرچاو یان لەدۆخی گازیە یان شلیە یان ڕەقیە، زیاتر شلەیەکی شلە، شلەش بەگوریس و کێبڵ و حەبل نابەسترێتەوە، زیاتر ئەم ئیدیۆمە بۆ شتێکی(مستەحیل) بەکاردەهێنرێت و دەوترێت فلانە کەس ئاو بەگوریس دەبەستێتەوە واتە کارێک دەکات کە ئەنجامی نیە و کەسی پێش خۆی نەیکردووە چونکە ناکرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:41:48 2018/23/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 26
## ئاو خەستکردنەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20180623083941152024
ئاو خەستکردنەوە
ئاو پەیتی و چڕی خۆی هەیە بەڵام شلەیەکی بێ تام و بێ ڕەنگ و بۆنە، ئەوەی دەکەوێتە بەرچاو یان لەدۆخی گازیە یان شلیە یان ڕەقیە، زیاتر شلەیەکی شلە و خەست نیە کاتێک خەستە یان ئاوێتە بووە یان تێکەڵەی تری تێکراوە،ئاوخەستکردنەوە واتە شتێکە ڕێی تێ ناچێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/23/6 8:39:41 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 27

### ئاو دەڕوا زیخ بەجێ دەمێنێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20190131071923242316



ئاو دەڕوا زیخ بەجێ دەمێنێ
زیخ کە پێکهاتەی وورد و خاشبووی جۆرەکانی بەردە بەهۆی کەشکاری-ەوە، مادەیەکی بێ گیان و بێ کەڵک و ڕووتەوەبووە لە خاسیەتەکانی گڵ و خاک، ئاویش سەرچاوەی ئاوەدانی و پێکەوەژیان و بونیاتنانی شارستانیەت و گەشەکردنی مرۆڤایەتیە لەدوو گەردیلەی هایدرۆجین و ئۆکسجین پێکهاتووە، ئەوەی لەسەر ڕووی زەوی دەبینرێت لە کشتیاری و پیشەساری و بازرگانی و ئاژەڵداری و تاد هەموو بەبێ ئاو هەڵناکات وکارئاسانی بۆ نایەتە کایەوە، کەواتە ئاو بەکەڵک و زیخ بێ کەڵکە بۆ یە بە ئیدیۆمەوە بۆ لەدەستدانی شتێکی بەنرخ و مانەوەی شتێکی تیابەستە نەبوو بەهەناسە هەڵکێشانەوە ووتراوە(ئاو دەڕوا زیخ بەجێ دەمێنێ).

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/31/1 7:19:23 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 28

### ئاو زۆر لە گۆمدا ماوە بۆگەن دەبێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20190120081945216642



ئاو زۆر لە گۆمدا ماوە بۆگەن دەبێ
گۆی زەوی ڕێژەی ڕووبەری ئاوی سێ هێندەی وشکاوییەکانیەتی بەڵام 97%ی ئاوەکان لەدەریاوزەریاکان سوێرن بۆیە مرۆڤ دەتوانێت لەوشکاوییەکان و کیشوەرەکان بەئاسودەیی هەڵبکات و بۆنی گەنیووی دەریا و زەریاکانی بۆ نەیەت، بەڵام گۆم و گۆملیچەکان و کانی و کانیاوەکان و ڕووبار و ڕوبارۆچکەکان کە زۆربەیان ئاویان شیرینە بۆ خواردنەوە دەشێن و مرۆڤ پشت بە و ئاوانە دەبەستێت بۆ خواردنەوە و پیشەسازی و خۆشوشتن و کاری کشتیاری بەڵام هەموو ئەم ئاوانە 3%ی ئاوی سەر ڕووی زەوی پێکدێنن، خاسیەتی ئاوی شیرینیش وایە ئەگەر ڕابوەستێ و پەنگی دابێتەوە و جولەی نەبێت هێدی هێدی گەنیو دەبێت و خۆی لەخۆیدا دەبێتە چڵکاو، بۆن ساردی و گەنیوی مرۆڤی هەراسان دەکرد، ئینجا کە وتراوە(ئاو) زۆر لەگۆمدا بمێنێتەوە بۆگەن دەبێت واتە زۆر مانەوە لەشوێنێک چ ماڵان چ فەرمانگە چ شوێن و مەزار و نزاگە هەرچەندە وەک ئاوی شیرین بەنرخ بیت هەر لەکۆتاییدا بۆگەن و بێزراو و قێزلێ بۆوە دەبیت بۆیە زۆر لە جێیەک مەمێنەوە تا ڕێز لێگیراو بیت نەوەک بە بینینت دەست بەلوتیانەوە بگرن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/20/1 8:19:45 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 29
## ئاو شوێنی خۆی دەگرێتەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20200826231251387223



ئاو شوێنی خۆی دەگرێتەوە.
دۆڵی هەموو ڕووبارێک بەدرێژایی ڕۆژگار و بارودۆخەکانی ئاووهەوا دروستبوون و دامەزراون، بەساڵی کەم ونامسۆگەری بێ بارانی و زەنە و شەستە وەرەهێڵە باراندا گوزەری کردووە، وشکەساڵی و تەڕوتوشی زۆری بینیووە، ئە و دۆڵەی دروستبووە جێگەی متمانە نییە لە سەروبەندی وشکەساڵی و قاتی باراندا خانوبەرە و شوێنی نیشتەجێبوون و حەوانەوە دروست بکرێت، چونکە بەدڵنیاییەوە لەساڵی بارانی زۆردا لاڤاوی ڕووبارەکە لەگەڵ خۆی ڕاپێچی دەکات و زیانی گیانی و ماددی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە بەساڵاچوان لەدێر زەمانەوە وەک ڕێنمایی و ئاگادارکردنەوە بۆ نەوەکان دەڵێن(ئاو شوێنی خۆی دەگرێتەوە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/26/8 11:12:51 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 30
## ئاو لە گونیەدا دەکوتێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20180623085042152030

ئاو لە گونیەدا دەکوتێ
ئاو شلەیەکی بێ تام و بێ ڕەنگ و بۆنە، ئەوەی دەکەوێتە بەرچاو یان لەدۆخی گازیە یان شلیە یان ڕەقیە، زیاتر شلەیەکی شلە، شلەش پێویستی بەکوتان نیە بەتایبەت بخرێتە ناوگونیەشەوە واتە هەرنابێت چونکە ئاو خۆی شلەیە چۆن بکوترێت، ئە و ئیدیۆمەش بۆکارێکی نابەجێ و ڕێ پێ نەچوو و مستەحیل بەکاردەهێنرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:50:42 2018/23/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 31
## ئاو هەموو ئاشەکەی بردبوو، کابرا بەدوای چەقچەقەدا دەگەڕا
https://www.kurdipedia.org/?q=20190317072408281821



ئاو هەموو ئاشەکەی بردبوو، کابرا بە دوای چەقچەقە دا دەگەڕا
ئاش یان ئاسیاو دوو جۆری هەبوو ئاشی ئاو و ئاشی ئاگر، ئە و ئاشەی بە ئاو کاریدەکرد پێی وتراوە ئاشی ئاو، ئاشی ئاویش پێویستی بەدەراو و سەرچاوەی ئاو هەبوو بۆیە یان لە نزیک کارێز و کانی و سەرچاوە دامەزراوە یانیش لە ڕۆخ و کەناری ڕووبارۆچکە و ڕووباران دامەزرێنراوە، ئاش کە کاریکردوە و کورد وتەنی کە(گەڕاوە) دەنگێکی هەبوو بە(چەقەچەق)ی ئاشی ناوی هاتووە و بە هۆی دووبارە بوونەوەی هەمان دەنگ شێوەی ئاوازیشی لێهاتووە وتراوە چەقەوڕەی ئاشی، ئینجا ئە و ساڵەی زەنە باران و ساڵێکی تەڕو توش و بەئاو بوایە لە وەرزی بەهاردا ئەگەری لافاو و ئاودەربوون زۆر بووە و هەندێجار سێڵاو و لافاوی دەم چۆم و ڕووباران هاتووە و ئاشی ئاوی بەتەواوی ڕاماڵیوە و بردیویەتی، خاوەنەکەشی هیچ ئەوەی نەزانیوە ئاو بردویەتی وتویەتی دەنگی چەقەچەقی ئاشەکە نایەت، ئەمە واتە لە(بێ خەبەران کەشکەک سڵاوات) واتە کەسی بێ ئاگا و لەدوای شتی بچوک چوو، هەروەها هەمان ئیدیۆم بەشێوەیەکیتر هەیە و وتراوە(گایەڵ بەگاڕانەوە چوو، لە گۆڵکە سووری دەپێچێتەوە).

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:24:08 2019/17/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 32
## ئاو و ئاو چوو
https://www.kurdipedia.org/?q=20171012101020142880
ئاو و ئاو چوو
هەروەها دەوترێت(وەک بەفرەکەی پار توایەوە) بۆ شتێک بەکاردێت کە وەرگرتنەوە و گەڕاندنەوە و بەدەستهێنانی قورس و ئاستەم و گران بێت بۆ نمونە پارەت لای پیاوێکی زۆر قەرزار بێت، پەیمان و بەڵێنی کەسێکی پەیمان شکێن بۆ گەڕاندنەوەی(ئەمانە)تێک.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/12/10 10:10:20 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 33
## ئاوی حەمامیش نامێنێتەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220226211401406397

ئاوی حەمامیش نامێنێتەوە
لە کۆندا گەرماو و کورکردن لە دەوروبەری کانیاو و جۆگا و ڕووباران و چۆمەکاندا بووە، مەنجەلێکیان پڕ ئاوکردووە، ئاگریان لە ژێریدا کردۆتەوە و کە گەرم بووە خۆیا پێ شوشتووە، لە شارەکانیشدا لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیەت گەرماو و حەمام دروستکراوە و حەمامچیەکان باشترین بازاڕیان هەبووە و هەندێک لە خانەوادەکانیش نازناوی(حەمامچی)یان وەرگرت بە هۆی ئە و پیشەوە، ئینجا ئە و حەمامانە هەموو کەسێک ڕووی تێ دەکرد و خۆیان تێدا دەشوشت و هیچ پشکە ئاوێک نامایەوە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ دڵدانەوەی ئە وکچ و کوڕانەی کە ژنیان نەهێناوە و شوویان نەکردووە، کەمێکیش پوت و نابوت و بەرچاو نین، وتراوە: دڵ لە دڵەی مەدەن و خەمتان نەبێت ئاوی حەمامیش نامێنێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: PM 9:14:01 2022/26/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 34
**ئاوی شیرین لەگڵی سوێر دەرناچێ**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200816114730386931




ئاوی شیرین لەگڵی سوێر دەرناچێ
ئاو لە سروشتدا بێ تام و بێ ڕەنگ و بێ بۆنە، هەر کاتێک ئە و خاسیەتانەی گۆڕانی بەسەر داهات واتە کاریگەرییەک یان هۆکارێکی لەپشتەوەیە، بۆ نمونە ئاوێک خوێواو بێت کاریگەری زۆری گەردیلەکانی خوێیە لە ئاوەکەدا، ئیتر بە و شێوەیە گڵی سوێریش خوێیەکەی لە ئاوەکەدا دەتوێتەوە و ئاوەکە شیرینی لە دەست دەدات و دەبێتە شۆرەکات و خوێواوک، ئە و ئیدیۆمە بە تەوسەوە بەکەسێک دەوترێت کە کردەوەی باشی لێ ڕەچاو نەکرێت و جێگەی چاوی نییە و بنچینەی ڕێک و پێکی نیە و وەک بۆ هەمان مەبەست وتراویشە(کفر کاریتەی لێ هەڵناکەوێت).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: AM 11:47:30 2020/16/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 35
**ئاوەدان بێ حەریر، هەر گوندێک و نۆ میر**
https://www.kurdipedia.org/?q=20211230073519399842



ئاوەدان بێ حەریر، هەر گوندێک و نۆ میر
دیارە گوندەکانی دەوروبەری هەریر وەکو گوندی قادیانە، کەسی دڵفراوان و متمانە بەخۆی تێدایە و هەموویان خۆیان بەکەم نازانن و خۆیان بەمیر و پاشا دادەنێن، بۆیە بەتەوسە و گاڵتە و گەپی کوردەوارییەوە وتراوە(ئاوەدان بێ حەریر، هەر گوندێک و نۆ میر).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()

کاتی تۆمارکردن: AM 7:35:19 2021/30/12

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 36

**ئە و باوکەت مرد**

[https://www.kurdipedia.org/?q=20220616180031418856](https://www.kurdipedia.org/?q=20220616180031418856)



ئە و باوکەت مرد
لە هەولێر و کۆیە دەڵێن: ئە و بابەت مرد، باوک، باب کە بەخێوکەر و پەروەردەکارە، بژێوی و قوت و خۆراک و جل وبەرگ و پێداویستیەکانی رۆژانە و ژیان بۆ منالەکانی دابین دەکات، هەروەها پشت و پەنا و پەسێو و پشتیوانە بۆ هەموو کاروبارەکانی لێقەومان و پێداویستیەکان و پارێزەری سەرسەختی نەوەکانیەتی، هەندێ منالّ بە و هەموو خزمەتگوزارییەی کە باوک دابینی دەکات تەواو بە ناز و نوز دەبن و چەتوون و سەرکێشی دەکەن، گەورەکانیش بە هۆی هەبوونی پشتێکەوە لە کارێکدا غروور و لە خۆبایی دەبن، ئە و حاڵەتە کراوە بە ئیدیۆم و بە کەسانێک دەوترێت کە پشت بە کەسێک دەبەستن بۆ سەرکێشی و سەرپێچی و لەرێ لادان، کە ئە و کەسە نەما بە تەوسەوە پێی دەوترێت: ئە و باوکەت مرد، ئە و بابەت مرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()

کاتی تۆمارکردن: PM 6:00:31 2022/16/6

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 37

## ئە و ترەی لە قنگتایە بیکەنە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171109083553143124

ئە و ترەی لە قنگتایە بیکەنە
ئیدیۆمێکە لە کاتێکدا بەکاردەهێنرێت کە دوو کەس لە چەلەحانێ و گفتوگۆیەک نەگەنە چارەسەر و یەکێکیان دەست دەکات بە هەڕەشە و گوڕەشە ئەویتریش بە تووڕەییەوە و بەبێ منەتیەوە پێی دەڵێت(ئە و ترەی لە قنگتایە بیکەنەیان چ ترێکت نەکردووە بیکە) واتە چیت لە دەست دێت بیکە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/9/11 8:35:53 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 38

## ئە و خەبەرە هەرزان دەبێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20180820092108154558

ئە و خەبەرە هەرزان دەبێت
لەناو کورداندا خەڵکانێک هەنە زۆر زوو دەیانەوێت سر و ڕاز و نیاز و زانیاری و خەبەروباسی خەڵکی بزانن، بۆ هەر خەبەرێک سێ بۆ چوار پرسیار دەکەن و ناگەنە هیچ سەرچاوە و زانیارییەکی دروست بۆ زانینی هەواڵەکە لەبەر ئەمەیە کورد بۆ ڕووداوی ڕووداوێک یان نهێنی بابەتێک یان کۆبوونەوە و گردبوونەوەیەک یان خەبەروباسێک وتویەتی دڵ لەدڵە مەدە (ئە و خەبەرە هەرزان دەبێت) واتە هیچ شتێ تا ئەبەد بەنهێنی نامێنێتەوە و ئەمڕۆ یان سبەی دەزانرێت چی ڕوویداوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان


[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/20/8 9:21:08 AM

بابەت: 39

**ئە و دێر و هەرشەمەی لۆچییە؟**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220429201814411822



ئە و دێر و هەرشەمەی لۆچییە؟
پەرستگای جولەکەکان لە کوردستاندا، پێی دەگوترا:( دێر) یان(هەرشەم)، لەکۆندا ئەوانەی دەمارگیری ئاینیان هەبووە، شەوی(هەینی) لەسەر رۆژی(شەممە) بەمناڵە وردکە، لە درەنگانی شە و بەر دەرگای ئە و دێر وهەرشەمانەیان پر دەکرد لە زبڵ و خۆڵ و خاشاک، هەندێجاریش دەچوونە سەر رێگە و ماڵی جولەکەکان، بزمار و زبڵ وزاڵ و درەختە شکاو و درکیان دەخستە بەردەم دەرگا و رێگای دێر و ناو حەوشەی هەرشەمەکانیان پردەکرد لە پیسی و پۆخڵی، ئە و چیرۆکە زارەکیە و دەماودەم گێردراوەتەوە، ئینجا لە شاری کۆیە تا کۆتایی چلەکانی سەدەی بیستەم(1948-1950) گەڕەکێکی جولەکەنشین هەبوو، کە تا ئەم دواییانەش پێی دەوترا:(گردی جولەکان)و خاوەنی دێر و هەرشەمی خۆیان بوون، لە کۆیە پێکەوە ژیانی ئایینەکان(موسلمان و گاور و جولەکە) لەکۆنەوە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت زۆر باش بووە و گرژی و توندوتیژی لەنێوانیاندا ڕوویینەداوە، وەکو هاوشاری و هاوڵاتی بەیەکەوە هەڵیانکردووە و بەشداری خەم و خۆشی یەکتریانکردووە، هێنانەوەی نمونەی کۆیە و جولەکە تەنها بۆ ئەوەیە بڵێم ئە و ئیدیۆمە لە کۆیە تا ئێستاش بەکاردەهێنرێت بۆ خانووبەرەیەکی گەورە و کۆن هاوشێوەی پەرستگای دێر و هەرشەم بێت بە کەس پاک و خاوێن و سارد و گەرمی زستان و هاوینی ڕانەگیرێت و خزمەت نەکرێت خەڵکی کۆیە بە سەرسوڕمانەوە دەڵێن: ئە و دێر و هەرشەمەت لۆچیە؟.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/29/4 8:18:14 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 40

**ئە و ماستە مووەکی تێدایە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200908155048387676



ئە و ماستە مووەکی تێدایە.
ماست ڕەنگی سپیە و زۆرجارانیش ڕێک دەکەوێت مووی مانگا و بزنەکە یان خوری مەڕی تێدەکەوێت لەکاتی دۆشین و لەبێرداندا، موو زۆربەی جاران ڕەنگی ڕەشە، زۆر بەجوانی لەناوسپێتی ماستەکەدا دەردەکەوێت، ئەوە لایەنە ڕاستەقینەکەیە و وەکو ئیدیۆمیش بەکاردێت بۆ گومانکردن لە ئەنجامدانی کارێک یان ئەنجامدانی جێگەی سەرسوڕمان بێت دەوترێت(ئە و ماستە مووەکی تێدایە) واتە لەبەلاش و ختوخۆڕایی ئە و کارە ئەنجام نەدراوە، بەڵکو مەرام و مەبەستێکی بەرژەوەندیخوازانەی لەپشتەوە هەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()

کاتی تۆمارکردن: 2020/8/9 3:50:48 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 41

## ئیشی پینە و پەڕۆ هەر دەگاتە نیوەڕۆ

https://www.kurdipedia.org/?q=20180626102846152116

ئیشی پینە و پەڕۆ هەر دەگاتە نیوەڕۆ
هەندێکجاریش دەوترێت ئیشی پینەوپەڕۆ ناگاتە نیوەڕۆ، واتە کارێک بناغە و مێرابێکی پتەوی نەبێت ئەگەر تا ئەستێرەش بڕوات هەر دەروخێت، ئەمە زیاتر بۆ کارێک بەکاردەهێنرێت کە پێداویستیەکانی ڕاپەڕاندنی ئە و کارە ئامادە نەکرابێت و لێرە و لەوێ هەندێک کەرەسە و ئامێری خراپ و ناشایستە بەکارەکە ئامادە کرابێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()

کاتی تۆمارکردن: 2018/26/6 10:28:46 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 42

## ئیشی وەختی پاشای سەر تەختی

https://www.kurdipedia.org/?q=20181224074654181729



ئیشی وەختی پاشای سەر تەختی
کارێک پێویست بێت بکرێت هەر دەبێ ئەنجامی بدەیت کاتێک کارەکە خۆت خاوەندارێتی بکەیت یان لە ئەستۆت بێت، ئینجا ئەگەر کاتی بۆ تەرخان بکرێت و هەوڵی جێ بەجێکردنی بدرێت لە ئان و ساتی خۆیدا واتا(وەختی) ئەوا کوردیش لە ئیدیۆمێکیتردا بۆ هەمان مەبەست وتویەتی(کاری ئەمڕۆ مەخەرە سبەینێ) ئەوەی پێت سپێردراوە جێ بەجێی بکەیت هەست بەئاسودەیی دەکەیت و هەندێکیش بەخۆت دەنازیت شێوە پاشایەک خۆت دێتە بەرچاو و لەتەخت و شوێنی خۆتەوە هەست بە خۆشی جێبەجێکردنی کار دەکەیت کە خۆشیەکەی تەواو دڵخۆشی دەهێنێت و داوەمووەکانی دەم و چاو و پرچ پێی دەشنێنەوە، بەپێچەوانەشەوە کارێکت پێ بسپێردرێت و یان کارێکی خۆت کە جێ بەجێت نەکرد هەست بەنائارامی و تەمبەڵی و تەوەزەلی دەکەیت هەر لەبەر ئەمانەیە کورد بە دەربڕینەوە وتویەتی(ئیشی وەختی، پاشای سەرتەختی).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/24/12 7:46:54 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 43

## ئۆمەرمەندان نەیکا بەگیسکێ، خاڵخاڵان دەیکا بەمریشکێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20220226211831406399



ئۆمەرمەندان نەیکا بەگیسکێ، خاڵخاڵان دەیکا بەمریشکێ
ئۆمەرمەندان، چاکێکە لە گوندی(ئۆمەر مەندان)ی شارەدێی شوانی کەرکوک، ناوی گوندەکەش لەناوی ئە و مەزار و چاکەوە هاتووە، خاڵخاڵانیش تاکە چیایە لە سنوری پارێزگای کەرکوک و زیاتر لە هەزار مەتر بەرزە لە ئاستی ڕووی دەریاوە، بیروبۆچوون و گۆتە و گێڕانەوە هەیە دەوترێت: خاڵخاڵان و هەیبەسوڵتان خوشک و برا بوون، لەسەر شاخی هەیبەت سوڵتان، گومبەتۆکە هەیە و مەزارە و لەسەر لوتکەی خاڵخاڵانیش غەرەکە بەرد و گۆڕغەریبەیەکی لێیە و دەوترێت: چاکی خاڵخاڵانە، ئینجا هەردوو چاکی(ئۆمەرمەندان و خاڵخاڵان) لە یەکتریەوە نزیکن بۆیە کراوە بە ئیدیۆم و ئەگەر کەسێک داوای کارێک بکات و کارەکە بە بەرامبەر بکرێت، خاوەن کارەکەش خۆی گران بکات بیەوێت منەتباری بخاتە سەر داواکار، بەمە داواکار نیگەران دەبێت و مامەڵەی خۆی دەکات و بێ منەتی دەخاتەڕوو کاتێک پێی دەڵێت: ئۆمەرمەندان نەیکا بە گیسکێ، خاڵخاڵان دەیکا بە مریشکێ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: PM 9:18:31 2022/26/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 44
## ئیش گەیشتە نێر گاینێ
[https://www.kurdipedia.org/?q=20210224203904391721](https://www.kurdipedia.org/?q=20210224203904391721)

ئیش گەیشتە نێر گاینێ
نێر لە خۆڕسکەوە بۆ گاینێ نە خولقێنراوە، ئەوە زانراوە کە مێینە بۆ ئە و کارەی تایبەتە و چ عەیبێکی نییە، بە ڕێ وشوێنی ئادابی و سوننەتی خۆی بۆ ئە و کارەی مەیسەر کراوە، نێر گایین ناباوی و ڕێزپەڕییە، لەسەر ئە و خووە دزێوە لە ئاینە ئاسمانیەکان، هۆز و نەتەوەی گەورەی لە مێژوی مرۆڤایەتی پێ سزدراوە و نغرۆکراون وەکو هۆزەکەی پێغەمبەر(لووت) کاتێک ئە و دیاردەی نێرگاینە پەرە دەسێنێت ڕێزپەڕی و ناوێزەیی و لادانی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات و کاروبار ئاڵۆزکاوی دەبێت و مرۆڤایەتی قێز لە خۆی دەکاتەوە، لە کوردەواریدا_نێر گایین) بە قێزەونترین شێوەی گان گانۆکێ دادەنرێت، ئە و حاڵەتە لە ئیدیۆمی کوردیدا جێگەی بوویتەوە و بۆ گەورە بوونی کارێک و لە دەست دەرچوونی و زوڵمێکی گەورە و ئابڕوچون و ناوێزەیی و لادانێکی لەڕادەبەدەر دەوترێت ئیش گەورە بووە گەیشتە نێر گاینێ. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: PM 8:39:04 2021/24/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 45
## ئێ هێ قۆچ بەگە بەمردویش گونت لەسەر قونانە
[https://www.kurdipedia.org/?q=20200918213934388024](https://www.kurdipedia.org/?q=20200918213934388024)



ئێ هێی قۆچ بەگە بەمردویش گونت لەسەر قونانە
قۆچ بەگ، یان قۆچ پاشا حاکمێکی بەهێز و بەتوانا و بەزەبر بووە و خەڵکی ڕەش و ڕووت و ڕەشۆکی و تەواوی چین و توێژی هاوڵاتیان خۆشیان ویستووە، دەگێڕنەوە پیاوێک لە سەروبەندێک دەستی دێنێ و دەیکوژێت، بۆ سەڵماندنی قارەمانێتی خۆی گوایە قۆچ بەگی کوشتووە، هەڵدەستێک گونی لە دەغاڵێنێ و دەیکاتە تورەگە و بە بەرپشتیەوە دەخات و ڕۆژێک لە ئاهەنگێک لەسەرچۆپی هەڵدەپەڕێت و تورەگە گونی قۆچ بەگەی لە بەر پشتی بووە ولەکاتی هەڵپەڕین بەسەر قونیدا هەڵتەکیوەتەوە و پیرەژنێکیش ئەوە دەبینێت و بەتەوس و رق و سوکایەتیەوە دەڵێت(ئێی هێی قۆچ بەگە بەمردویش گونت لەسەر قونانە) خەڵکی هەڵپەڕکێکە هەموویان لە تریقەی پێکەنینی دەدەن وکابرای بکوژی قۆچ بەگە شەرم دایدەگرێت و شاییەکە جێ دەهێڵێت، ئینجا ئە و ئیدیۆمە بۆ قارەمانێتی کەسێک بەکاردەهێنرێت کە بەمردویش ناپیاو و نامەردەکان هەر لێی دەترسن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:


📚 سەرچاوەکان

[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی


کاتی تۆمارکردن: 2020/18/9 9:39:34 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 46

## ئێستریان ناڵ دەکرد کەر کلکی بڵند دەکرد

https://www.kurdipedia.org/?q=20170802074226141715

ئێستریان ناڵ دەکرد کەر کلکی بڵند دەکرد
دووبارە بۆ نەفامی کەر ئە و ئیدیۆمە سەر وگوێلاکی مرۆڤی گرتۆتەوە، ئە و کەسەی ئە و ئیدیۆمەی ئاراستە دەکرێت، دەبێت کەسێکی کاڵ فام و گێل بێت، چونکە ناڵکردنی ئێستر پەیوەندی بە ئەووە نیە بۆ کلکی بڵند دەکات، واتە کارێک پەیوەندی بە تۆوە نیە لە نەفامی بەسەر خۆتی دەهێنی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:


📚 سەرچاوەکان

[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی


کاتی تۆمارکردن: 2017/2/8 7:42:26 AM

بابەت: 47

## ئێستری ماچەیە پیر نابێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20171120082236143283

ئێستری ماچەیە پیر نابێت

ئێستر لە باوکێکی نێرەکەر و دایکێکی ماین دەکەوێتەوە و ئینجا لە و دوو ڕەگیەدا چ مێ چ نێرەکەی نەزۆک دەردەچێت واتە ئێستر نەوە ناخاتەوە ئینجا ئەگەر(ماچە) واتە(مێ) بوو ئەوا لەبەر ئەوەی نەزۆکە هەمیشە بە توند وتۆڵی دەمێنێتەوە چونکە سک ناکات و جاشکۆڵە ناخاتەوە، ئەگەر ژنێکیش لە تەمەنێکی گەورەوە هەر توند وتۆڵ وجوان و سفت وسۆڵ بێت بەخۆشیەوە پێی دەوترێت(ئێستری ماچەیە پیر نابێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 8:22:36 2017/20/11

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 48

## ئێشی ددان بەخە و ناشکێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20190128094059234899



ئێشی ددان بەخە و ناشکێ

ئێشی ددان لەقولاپی پوک و دەمار-ەوە سەرچاوەی گرتووە کورد وتەنی(خوێن وگۆشتە) ئەوەی بریندارە بەهۆی ئازارەوەیە هاوار دەکات و کەسیش بێ ئازار هاوار ناکات، هەموو برینە قولەکان وەک ئێشی ددان و ژانی گورچیلەکان پرسۆوبە ئازارن، بونیادەم هەر هێزو ووزەیەکی هەبێت ناتوانێ بارتەقای ئە و ئێش و ئازارە بێت، ئینجا لە و ئیدیۆمەدا(ئێش و خەو) تێکەلکێش کراون کە خە و بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ چارەسەری دەردە دڵی و زام و قرچەی جەرگ سوتان و لەدەستدانی ئازیزان و خۆشەویستان بکات واتە هەندێ گرفت بەچارەسەری کاتی و نەرمە شێلان هیچ سودێکیان نیە و تەنها چارەسەری ڕیشەکێشی هەتوانی هەندێ پێشهات و نەخۆشیەکانمانە.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇦 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)

کاتی تۆمارکردن: AM 9:40:59 2019/28/1

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 49

## ئەخلاق لەگەڵ شیری دێ و لەگەڵ مەرگی دەڕوا

https://www.kurdipedia.org/?q=20220425225334411461



ئەخلاق لەگەڵ شیری دێ و لەگەڵ مەرگی دەڕوا
ئەخلاق ئاکار و خووی مرۆڤ دەگرێتەوە، بەگوێرەی کۆمەڵگا و جیاوازی شارستانیەتەوە، پێناسە و چەمکەکەی دەگۆڕێت، لە کوردەواریدا ڕەوشتی چاک و کردەوەی باش و مێخاسی و مێرخاسی و جوامێری و نابدەیی و سەخاوەت و خاوەن هەڵوێست و قسە و گوفتار و بوێر و شاهێدی بە حەقدان و درۆ نەکردن و داوێن پاکی و پاکیزەیی...تاد، هەموو ئەوانەی هەڵگری ئە و خاسیەتانەن بە ئاکار بەرز و بە ئەخلاق ناودەبرێن، لەبەر ئەوەی دایک قوتابخانەی یەکەمی گۆشکردنی مرۆڤە و لەگەڵ لەدایکبوون و فرچک گرتن و شیر پێدانی کۆرپەڵە ئە و خوونەریت و ڕەفتارانە وردە وردە نەش و نما دەکات و بۆ هەر کارێکی باش دەوترێت: ڕەحمەت لەشیرت یان شیری پاکی خواردووە، هەندێجاریش دایک بۆ خراپی هەڵس و کەوتی منالەکانی بە تورەییەوە دەڵێت: ئە و شیرەتان لێ حەرام بێت، بەمەبەستی دوور کەوتنەوە لەکاری خراپە و نابەجێ، بەشێوەیەکی تریش وتراوە: خویەک بیگری بەشیری تەرکی ناکەی تاپیری، لێرەدا شیری دایک بووە بە بنەمای پەروەردە و دروستبوونی کەسایەتی منال و مرۆڤ، چونکە ئە و خووەی لە منالیەوە فێری بیت تا مردن و مەرگ ناتوانرێت وازی لێ بهێنرێت، بۆیە بە ڕێنوینی و بۆ ناساندن دەوترێت: ئەخلاق لەگەڵ شیری دێ و لەگەڵ مەرگی دەڕوا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇦 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)

کاتی تۆمارکردن: PM 10:53:34 2022/25/4


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 50

## ئەرێی هەورازی کەر ترێنییە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220226204831406390



ئەرێی هەورازی کەر ترێنییە
لەگوندەکانی بناری چیای هندرێن ئە و ئیدیۆمە باوە و دەوترێت: دەڵێی هەورازی کەرترێنی هندرێنە، کە هەورازێکی سەختە، کاتێک گوندرێژەکان بەبارەوە پێیدا سەردەکەون لەبەر دژواری و رێی لێژ و لاپاڵ و قەدپاڵەکە، دەست دەکەن بەتەرس و ترکردن، ئەمە بووە بە ئیدیۆم و بۆ سەختی و دژوارییەک کە لەرێگادا دووچاری مرۆڤ ببێتەوە دەوترێت: ئەرێی هەورازی کەرترێنییە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/26/2 8:48:31 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 51

## ئەرێی کۆرانێ هەرسێیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220220214118405825



ئەرێی کۆرانێ هەرسێیە
کۆران ئە و رێچکە دژوار و لاپێ و عاسێ و نالەبارەیە کە مرۆڤ زەحمەت دەتوانێت پێیدا گوزەر بکات لە ناوچە شاخاوییەکاندا هەیە، وای بۆ دەچم کۆڵانی شاریش هەر لە و کۆرانەوە هاتبێت و کرابێتە(کۆڵان) کۆرانی هەرسیش کۆرانێکە لە گوندی بنەکاولەی ئاکۆیان چۆڵە و بەترسە لەپشتی ئاواییە و زۆرجاران ورچ-هەرسی لێبینراوە، بۆیە ئە و دژواری و نالەبارییە و ترس لە درندەی کێوی بووە بە ئیدیۆم بۆ شوێنی تەنگەبەر و پرمەترسی دەوترێت: ئەرێی کۆرانێ هەرسێیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/20/2 9:41:18 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 52

## ئەرێی کۆرە ماری

https://www.kurdipedia.org/?q=20220221203757405901



ئەرێی کۆرە ماری
خشۆکی مار، لە کوردەواریدا زۆر ناوی هەیە بەپێی تەمەن و ڕەنگ و جۆریان وەکو: تولەمار و گاینگین و ڕەشەمار و کورەوەیباب و زەردە مار و....تاد، لە وراتی کۆیە دەوترێت(کورە وەیباب) بەڵام لە رواندزێ بە(کۆرەمار) ناودەهێنرێت، خاسیەتی ماری کورە وەیباب ئەوەیە نابینرێت و کڕ و بێ خشپەیە و خۆی مەڵاس داوە لەگەڵ ئەوەشدا ژەهرەکەی کوشندەیە، ئینجا بەکەسێکی فێڵباز و تەڵەکەبازی کڕ و بێ دەنگ دەوترێت: ئەرێی کۆرەماری.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/21/2 8:37:57 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 53

## ئەرێی چاکی دار بەڕوییە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220220215538405827



ئەرێی چاکی دار بەڕوییە
لە گوندی ئاکۆیانی رواندزێ: عومەر ناوێک، پیاوچاک بووە، دوای مردنی بەڕوویان لەسەر گۆڕ و گلکۆیەکەی چاندووە، بووە بەچاک و مەزار و زیارەتگا و پیر، لە ناوچەکە بە چاکی(دار بەڕوو) ناوی دەرکردووە، بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی بروادار و لە خواترس و جێگای متمانە دەوترێت: ئەرێی چاکی دار بەڕوییە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/20/2 9:55:38 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 54

## ئەسپ بەڕاکردن ئالیکی خۆی زیاد دەکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20190122071428222136



ئەسپ بەڕاکردن ئالیکی خۆی زیاد دەکات
ئەسپی ڕەسەن خزمەتی خۆی زیاد دەکات بەتایبەت کاتێک لە سوارسوارێنێ دڵی خاوەن و سوارەکەی خۆی خۆش دەکات، هەڵبەت لێرەدا ئەسپ کراوەتە نمونە بەڵام ئەم ئیدیۆمە بۆ مرۆڤیش دەبێت، کاتێک راسپێردراوە بۆ ئەنجامدانی کارێک، ئەگەر بەسەرکەوتویی ئەنجامی بدات دەستخۆشی و پاداشت و پیاهەڵدانی چنگ دەکەوێت، ئەم ئیدیۆمە گوزارشتیە بۆ کەسێک بەکاردێت کە کارەکەی خۆی خۆش بوێت و بەڕاست و ڕێک و پێکی ئەنجامی بدات لەبەرامبەریشدا رزق و رۆزوو و دەسکەوتی زیاد دەکات بەپێچەوانەشەوە کار لەداهات و رزق و بژێویەکەی دەکات هەربۆیە کورد وتویەتی(ئەسپ بەڕاکردن ئالیکی خۆی زیاد دەکات).

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2019/22/1 7:14:28 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 55

## ئەسپ سەیری سواری سەرپشتی خۆی دەکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20190122071727222137



ئەسپ سەیری سواری سەرپشتی خۆی دەکات
ئەسپ کە بۆ بەزین و غارغارێنێ نمونەی نی یە و تاکە وڵاغە بەرزەیە کە مرۆڤ بۆ سوارسوارێنێ و ڕاکردن و پێشبرکێ و لەجەنگ و ڕووبەڕوو بونەوەکاندا بەکاریهێناوە، بەڵام ئە و ئەسپەی بەغارە و نابەزێ دەبێت سوارەکەی شۆڕەسوار بێت و قارەمان و پیاوی سەرپشتی ئەسپ بێت و ئامادە بێت تاگلان لەسەر پشتی ئەسپەشێ نەیەتە خوارەوە، ئینجا کاتێک سوار سوارچاک بێت ئەسپیش لەوە تێ دەگات و ئەسپداری خۆی دەکات بەڵام بۆی دەرکەوێت کە سوارەکەی جوامێر و سوارچاک نی یە ئەوا ئەویش تێ هەڵجلیکانێ بۆ دەکات و ئەسپداریەکەی تەواو ناکات، ئەم ئیدیۆمە واتە ڕەعیەت سەیری سەرکار و سەردارەکەی دەکات ئەگەر خەمخۆر و کار کەر بوو ئەوا ئەوانیش خەمخۆر و کارکەر دەبن.

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی


کاتی تۆمارکردن: AM 7:17:27 2019/22/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 56

## ئەسپ و زین، کەر قەرازە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220429203513411827



ئەسپ و زین، کەر قەرازە
زین، لە چەرم و تەختە دروست دەکرێت لە جیاتی(کۆپان-کورتان) دەکرێتە سەر پشتی ولآغە بەرزەی ماین و ئەسپ و سوار لەسەری دادەنیشێت، بەهیچ کلۆجێک کورتان لە ئەسپی ناوەشێتەوە تەنها بە زینەوە جوانە و هەر زینیشی لێ دێت، قەرازە، هەندێجار گۆڕان لە دەنگی پیتی(ز) ڕوودەدات لە گۆکردن دەبێتە(قەڕاسە)، قەلادەشی پێ دەگۆترێت، دەخرێتە سەر مل و سەر و گوێلاکی گوێدرێژ زۆر جوان لێی دەوشێتەوە، ئەوەش لەلایەن کوردەوارییەوە بووە بە ئیدیۆم بۆ لێهاتن و لێک وەشانەوە و هەرکەسە و بەجل و بەرگ و نەریتی خۆی دەوترێت: ئەسپ و زین، کەر قەرازە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: PM 8:35:13 2022/29/4
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 57

## ئەسپی چاک شولێکی بەسە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190127060858229556



ئەسپی چاک شولێکی بەسە
ئەسپی چاک و ڕەسەن ئەوەیە کە سوار بناسێت و قاچەکانی باریکن و تیژڕە و وبەغارە، شۆڕەسواری هەبێت وەک بروسک و تارمایی دەڕوات و وەکو موس ڕێ دەبڕێت، شول واتە شولە دار بێ یە و شێوەی قامچیە کە سوار ئەسپ لە تەشکەری ئەسپەکەی دەدات بە دەنگ و هاوار لێکردن، ئینجا ئە و ئەسپەی ڕەسەن بێت کەجارێک دەنگی غاردان و بەزینت لێکرد پێویستی بەدووبارەکردنەوە نابێت تاوەکو شۆڕەسوار داوای لێ دەکات کە بەزین و غارغارێنەکەی کەم بکاتەوە و رایبگرێت، ئینجا دەوترێتیش(ئینسان حەرفێکی بەسە) واتە ئە و کەسەی کاری خۆی بزانێت یەک ئیما و هێما و پیتی بەسە بۆ ئەوەی کارەکەی ڕاپەڕێنێت و پێویست بە پێ گوتن و نەقیزە لێدان ناکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code


▯ سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/27/1 6:08:58 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 58

## ئەسپێ لەدەست کۆری نایەتە دەرێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20210224204110391722




ئەسپێ لەدەست کۆری نایەتە دەرێ
ئەسپێ مێرووی وورد و بچوکە، زیندەوەرێکی مشەخۆرە و خوێن مژە لە نێو پرچ و قژ و سەری مرۆڤ دەژی، ئەسپێیەکی پێگەیشتوو، هێندەی قەبارەی تۆوی(کونجی) دەبێت، کۆریش واتە کەسێکی کوێر و نابینایە، ئەسپێ لەکاتی سەرڕۆنین بە هەردوو پەنجەی ئەسپێ کوژە پان وپلیق دەکرێتەوە قرچەیەکی لێوە دێت و بکوژەکەش دەمی ئاوێ دەکات هاوشێوەی تەقاندنی زیپکە، ئینجا کوێر خاسیەتی وایە ئەگەر شتێک بگرێت توند دەیگرێت تا لەناو دەستی مردار نەبێتەوە بەری نادات بۆ ئەوەی لەدەستی دەرنەچێت، ئە و حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم و بە خەڵکی قرچۆک و ڕژد و ڕەزیل کە وەکو کوێری دەست بەماڵێوە بگرێت دەوترێت(ئەسپێ لەدەست کۆری نایەتە دەرێ)[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

▯ سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/24/2 8:41:10 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 59

## ئەسپەشێ یان ئەترێ یان ئەفرێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20190122072005222138



ئەسپەشێ یان ئەترێ یان ئەفرێ
ئەسپەشێ بەغارترین ئەسپە و باشترینی جۆرەکانیەتی، قاچەکانی باریکن و تیژرە و وبەغارە، شۆڕەسواری هەبێت وەک بروسک و تارمایی دەڕوات و وەکو موس ڕێ دەبڕێت، لەچاوتروکانێک ڕەشبۆس(ئەسپەشێ) دەگاتە سەرت نایەڵێت یەک بەکلکی خۆت بڕۆیت ئەسپەشێ لە دێرزەمانەوە جێگەی متمانەی شۆڕەسواران بووە هەربۆیە لەزۆربەی داستان و رووبەڕووبونەوەکان و سەروەرییەکان و قارەمانێتی ناوی هاتووە، ئینجا لێرەدا کە بووە بە ئیدیۆم بەهۆی تیژڕۆیەتی لە ڕێگاوبانان هەندێجار ئەم تیژڕۆیە دووچاری پێکانی دەکات کە پێکاش ئەوا چەندین تەقەڵە لێ دەدات ئەگەری زۆری هەیە قاچەکانی یان ملی بشکێت بەمەش ئەسپێتی خۆی لەدەست دەدات وکەڵکی مەیدانی نامێنێت(تڕ)ینی بۆ بەکارهاتووە، خۆ ئەگەر کارەکەی پێ ئەنجامدرا هیچ وڵاغێکیتر نایگاتێ(فڕ)ینی بۆ بەکارهاتووە، وەک گرە و کردنە لەسەر ئەسپە شێ و ئەوانەی بە ئەسپی شێ دەچن لەبەر چالاکیان یان دەردەچن و سەردەکەون یان توشی هەڵدێر دێن و ملیان دەشکێت بۆیە بەدەربڕینەوە وتراوە(ئەسپەشێ یان ئەترێ یان دەفرێ).

Quick Respons Code:

📕 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 7:20:05 2019/22/1

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 60

**ئەستووک،ئەستووکی سێر لە قێنە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220506221003412954



ئەستووک، ئەستووکی سێر لە قێنە
لە زاری(ئەسعەد ئاغای نەوەی مەحمود ئاغای سارتکی)یەوە وەرم گرتووە کاتی خۆی مام سەعید ناوێک لە گوندی سارتک)ی شارەدێی سێگردکان هەبوو، بەڕەحمەت بێت هەموو جاران دەیگووت: کابانەکم دەوێت ئەستوکی سێر لە قێنم بۆ بکات، لە هەولێر وکۆیە و قەراج وکەندێناوە بە ئەستورکە و ئەستورک و کولێرەی گەورەی سەر ساج و سێرێ دەوترێت: ئەستووک، کە لەدوو ئەنگوتکە هەویر یان زیاتر کابان و نانکەران دروستیان دەکرد، ناوەکەی لە(ئەستوور)ەوە هاتووە، وەکو نانی تیری تەنک و جوان نەبوو، بەڵکو کولێرەیەکی لچ ئەستوری گەورە بوو، زیاتر لە کۆتایی نان کردن ژنان دەیانکرد بۆ بەرچایی و ماست پێ خواردن دەیانبرژاند، ئە و ئەستووکە گەورەیە کە کەیبانوو پانی دەکردەوە دواتر یان بە دەست یان لەسەر تیرۆگەکەوە بەسەر سێرەکەی دادەدا تەپەی لێوە دەهات، ئە و ئاگردانانەی لەسەر کوچک و بەرد دانرابوون سێرەکانیان دەڵەقایەوە و دەیجولاندەوە، بە و ئەستوکە دەوترا سێر لەقێن، ئەوە زیاتر گوزارشت بوو لەوەی کە وەرزێر و سەپان و پاڵە و ڕەنجبەر و کرێکار و زەحمەتکێش و جۆوان و کشتیار و جۆتیار بە و کولێرە و ئەستوکەی نەبێت تێر ناخۆن، بۆیە وەکو ئیدیۆمی لێهاتووە ئە و ڕەنجبەرانەی بەنانی تیری تێریان نەخواردووە ووتویانە ئەستووک، ئەستوکی سێر لەقێنە، نەوەک ئە و نانۆکانەی کە سیان و چوار برستی برسێتیمان ناشکێنێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 10:10:03 2022/6/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 61
**ئەستێ و پوشن**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171212072100143464
ئەستێ و پوشن
ئەستێ: بەردێکە لە ئەنجامی بەریەک کەوتن لەگەڵ پارچە ئاسنێک یان بەردێکیتر پریسکە و پریشکە ئاگری لێ دەبێتەوە و بۆ ئاگرکردنەوە و جگەرە داگیرسان بەکاردەهێنرا، پوش: گژوگیای بەهاران کە دەگاتە خەرمانان و هاوین وشک وبرینگە و هەر کە پریشکە ئاگرێکی بەرکەوێت یەکسەر هەڵدەگیرسێ و ئاگر دەگری، ئینجا لێرەدا لە کوردەواریدا لە ئیدیۆم و دەربڕیندا بەکاردەهێنرێت بۆ دوو مەبەستی نزیکبوونەوەی کوڕ و کچی عازەب و خەڵوەت و تەنیابوون بەیەکەوە لەلایەکیتریشەوە بۆ دوو کەسی نەگونجاو و بزێو و نزیکە فیتنە و شەڕ و شۆڕ دەوترێت(ئاگر وپەنگرن بەیەکەوە یان ئەستێ و پوشن بەیەکەوە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:21:00 2017/12/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 62
**ئەگەر ئاژەڵ تینوی بێت فیکەی بۆ چیە؟**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190127062248229559



ئەگەر ئاژەڵ تینوی بێت، فیکەی بۆ چیە؟
وتراوە(ئەگەرمرۆڤ خەوی بێت سەرینی ناوێت) یان(سکی برسی لەهیچ ناپرسی) بۆ ئاژەڵیش کە هەستەکانی هەیە و غەریزەی خواردن و خواردنەوە و.....تاد هەیە، ئەگەر تینوی بێت ئەوا یەکسەر بەدوای دابینکردن و تێرکردنی خۆی دەگەڕێت لە هەر شوێنێک توشی ئاو هات بە یەک بێن بێنی پێوە دەنێت تا هەناسەی خۆی سواردەکات هەر دەمی لەئاوەکە ناپچڕێنێت، ئینجا مرۆڤ خۆی هەر دەمی ڕاهاتووە کە وڵاغەبەرزە یان گوێدرێژێک ئاو بدات فیکەی بۆ لێ دەدات ئەگەرنا ئەسپێک یان کەرێک تێنوی نەبێت فیکەی سەمفۆنیا ئاسای کۆنسرێتی بۆ لێ بدەیت ناچێت بەلای ئاوەکەوە، ئەمە بۆ مرۆڤیش دروستە بۆیە بەئیدیۆم و دەربڕینەوە وتراوە(ئەگەر ئاژەڵ تینوی بێت، فیکەی بۆ چیە؟ )

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 6:22:48 2019/27/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 63

## ئەگەر ئاغاژن حیز بێت، کارەکەر چی بکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20170704102528140950

ئەگەر ئاغاژن حیز بێت، کارەکەر چی بکات
دیارە خەڵکی ڕەمەکی و ڕەشۆکی وشەی(حیز) بە پێودانگێکی خێڵەکی لێکدەداتەوە و پێی وایە کە وشەی حیز هاتە ئاراوە بەشێکی زۆری پەیوەندی بە دامێنی مرۆڤەوەیە، بەڵام ئەوە ڕاستیەکە نیە، چونکە وشەی(حیز) پێچەوانەکەی(ئازا)یە، لەبەرگریکردن ئەوەی هەڵمەتی دوژمن ڕاگرێ ئازایە و ئەوەی لەبەری رابکات حیزە، سەگی پاسەوانیش ئەگەر بوەڕێ و نەهێڵێت لە ماڵ و کەلوپەلی خاوەنەکەی نزیک بێتەوە پێی دەوترێت سەگێکی ئازا بەپێچەوانەکەشی پێی دەوترێت سەگێکی حیزە، وشەی حیز پێچەوانەی(ئازا، بێ هەڵوێست، سەخی و دڵوالا و دڵکراوە و تاد) دێت، ئەم پەندە کوردیە لە کوردەواریدا بەکارهاتووە بۆ کەسێک کە پەروەرێنی ماڵ و خاوەن ماڵ بێت و پاسەوانی و هەڵوێست و ئازایەتی نەبێت بۆ دیوەخان و دەروهەیوان و ماڵی خۆی چۆن کارەکەر و غولام و خزمەتگوزرارەکان دەتوانن ئە و خزمەت و بوارەی کاری تێدا دەکەن سەرکەوتوو بن چونکە ئەوان بەندەی گوێڕایەڵن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 10:25:28 2017/4/7
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 64

## ئەگەر ئەتەوێ بەهەشت بنۆشی، نەفسێ تێرکە و سڕی بپۆشی

https://www.kurdipedia.org/?q=20190127061354229557



ئەگەر ئەتەوێ بەهەشت بنۆشی، نەفسێ تێرکە و سڕی بپۆشی
بەهەشت نۆشین ئاسان نیە و کاری گەرەکە تا پێگەیشتنی، لە هەموو ئاینە ئاسمانی و ناوچەییەکان و دەستچێنی بیروبۆچونی مرۆڤەکان، جەختکردنەوە لە تێرکردنی برسی لەهەموو ئایینەکاندا گوزارشتی مرۆڤ دۆستی و مرۆڤایەتیە، بەڵام مەرج و پێوەر هەیە بۆ تێرکردنی خەڵکی برسی، بەتایبەت بۆ رێزگرتنی نەک بەزەیی هاتنەوە چونکە بەزەیی هاتنەوە بێ رێزگرتن ئەوا جۆرێک لەسەرکۆنە(ئیهانە)ی تێدایە، سەرکۆنە و تێرکردن بەهەشتی پێ بەدەست نایەت بەڵکو تێرکردن و داپۆشین دوو کرداری یەک لەدوای یەکبن، بە تایبەتیش ویژدان و بەزەییت بۆ پرکردنەوەی پێداویستی مرۆڤێکی برسی بێت ئەوا بەهەشت خۆی شوێنی ئە وکەسانەیە چ پێویست ناکات بۆ دونیای فانی و کایەی مناڵان ئە و ناز و بەخشینەی بەهەشت لەکیس خۆت بدەیت وەک عەتار هاواری بۆ بکەیت دەمێکە لە تەلەفزیۆنەکانی تەوژمە ئیسلامیەکان لە باشوری کوردستان خێزان و خەڵکی نەدار دەهێننە سەر شاشەکان و بەناوی هانا و خێرخوازییەوە کار لە کەرامەتیان دەکەن و هەر بۆ بەدەستهێنانی بەهەشتیش ئە وکارە دەکەن و دەق(دەستی چەپ نابێت بەخێری دەستی ڕاست بزانێت) فەرامۆش دەکەن ئەم دەربڕینە لەناو کورداندا لەچوارچێوەی ئە و فەرمودەیەی پێغەمبەری ئیسلام(د.خ) دا هاتووە کە کوردیش فەرمویەتی(ئەگەر ئەتەوێ بەهەشت بنۆشی، نەفسێ تێرکە و سڕی بپۆشی).

Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 6:13:54 2019/27/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 65

## ئەگەر بەتەمای سێبەری خرنووک بیت، هەتاو دەتسوتێنێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20220622213325419583



ئەگەر بەتەمای سێبەری خرنووک بیت، هەتاو دەتسووتێنێت
خرنووک: گیایەکی دڕکاوی دەشتایی و کێویلەی بچووکە، بەرێکی درێژکۆڵەی تفتی هەیە، شاعیران لە دەقە شیعرەکانیاندا بە شتێکی کەم سەیریانکردووە وەکو شێخ ڕەزای تاڵەبانی لەهەجووی شاری کەرکوکدا فەرمویەتی:
کەبابی گۆشتی بزن، فاکهەی بەری خرنووک، لەمن بپرسن جە فای شارە حیزەکەی کەرکوک
لە و ئیدیۆمەش بچووکی ڕووەکەکە هاوشێوەی پنچە(نۆک) و(نیسک)ە، خۆی چی و سێبەری چی، هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمە وتراوە: ئەگەر زبڵت بە خۆت داکرد برۆ سەر زبڵدانی گەورە، هەڵبەت ئەمە مەبەستی دەراوی گەورە ماڵانە کە دەبنەپەنا و پەسێو، نەوەک خەڵکی گزگل و بودەڵە، کە بۆ(هانا) بۆبردن دەست نادەن، بچووکی ڕووەکی خرنووک و سێبەرەکەی بووە بە ئیدیۆم و بەکاردەهێنرێت بۆ ڕێنوێنی و ڕێنمایی و ئامۆژگاری ژیان بۆ ئەوانەی کە پەنا بۆ شتی بچووک دەبەن دەوترێت: ئەگەر بە تەمای سێبەری خرنووک بیت، هەتاو دەتسوتێنێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/22/6 9:33:25 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 66

**ئەگەر بەدوعا دەبوو پشقڵ بەخورما دەبوو**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181002090053156703



ئەگەر بەدوعا دەبوو پشقڵ بەخورما دەبوو
هەرچەندە لەبیروبۆچونی ئاین و ئاینزاکاندا بەهۆی کۆششی کەسیەوە زۆرێک لە دەق و وتەکان دەگۆڕدرێن و مەبەستی جیاجیایان لێ دروست دەکرێت، بەڵام لەهەموو ئاینەکاندا(نزاو پاڕانەوە) سەرمەشقە و هەبووە و هەیە و دەمێنێت، چونکە بەشێکی زۆری ئاینەکان لەسەر بنەمای نزاو پاڕانەوە رێکخراون و بەدەقیش نوسراون(داوا لەخودا بکە وەڵامت دەداتەوە) ئەم بنەمایە زۆر کاری پێ دەکرێت و(تەها حوسێن) بیرمەند و نوسەری مەزنی میسری عەرەبیش وتویەتی(نزا و پاڕانەوە-دوعا-بێ دەسەڵاتەکان دەیکەن) -خودای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا فەرمویەتی(مرۆڤەکان ئەوەی بەکۆشش و ماندووبون بەدەستی نەهێنن، هیچ شتێکیان بەدەست ناکەوێ) هەربۆیە کوردی موسلمانیش لە ئیدیۆمدا فەرمویەتی(ئەگەر بەدوعا دەبوو، قشپڵ بەخورمادەبوو) واتە بێ هەوڵ و تێکۆشان هیچ شتێک بەدەست ناهێنرێت چونکە ئەگەر بەدوعا بێت ئەوا هەرچی قشپڵی دونیا هەیە دەبێتە دەنکە خورما.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

▯ سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/2/10 9:00:53 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 67

## ئەگەر بەرد نی یە لە کەوشتا بۆچی ئەشەلی

https://www.kurdipedia.org/?q=20190127061718229558



ئەگەر بەرد نی یە لە کەوشتا، بۆچی ئەشەلی
کەوش پێڵاوە ئینجا چ لە پێست یان دار یان پەڕۆ دروستکراوە، دوای لەپێکردنی ئەگەر بەردۆچکەیەکی تێدابوایە، ئەوا یەکسەر ئازاری(پێ)ی دەدایت و زۆر لەسەری بڕۆیشتبوایەی یەکسەر دووچاری لەنگ و شەلینی دەکردی، ئەمە واتە ڕاستەقینەکەی ئیدیۆمەکە بەڵام دەربڕینەکە بۆ مەبەستی تر بەکارهاتووە وتراویشە(دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە یان گوی وشک لەبەلاش بەقونی کەسەوە نانوسێت یان قەلقەلاشکە لە خۆی بەشکە) ئەم ئیدیۆمانە هەمووی نزیکن لە مەبەست واتا و لێکدانەوەی ئەم پەندەی کە دەڵێت(ئەگەر بەرد نی یە لە کەوشتا، بۆ چی دەشەڵی) واتە لەبەلاش ناشەلیت و تۆش کارێکت کردووە کە پەیوەندی بە و بابەتەوە هەیە.

Quick Respons Code:

▯ سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/27/1 6:17:18 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 68

## ئەگەر خە و ئەبوو بەمایە کەروێشک ئەبوو بەگایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190128084618234896



ئەگەر خە و ئەبوو بەمایە، کەروێشک ئەبو بەگایە
خە و وسەرخە و شکاندن بۆ پشودان و ئارامگرتنە ئەگەر زیاتر بایەخیان پێ بدرێت و زۆری کات بۆ تەرخان بکەیت ئەوا بە پێچەوانەوە مرۆڤ دووچاری جۆرێک لە ماندووبوون و دودڵی دەکات و لە سود پێ گەیاندنەوە دەگۆڕێت بۆ زیان گەیاندن، نمونەش بۆ ئەمە ئەگەر خەوی زۆر سودێکی هەبوایە ئەوا(کەروێشک) بەهۆی زۆر خەوتنەوە دەبوایە ببێتە(گا)، ئەم ئیدیۆمە گوزارشتیە بۆ کارێک کە ئەنجامدانی پێ کەڵک و(سەمەر)بێت، واتە هەندێ کار کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات بەزیادەڕۆییەوە هیچ سود و بایەخ و بەرهەمێکی نی یە و پێویستە تەنها لە سنوری خۆی جێ بەجێ بکرێت خەوی بە نمونە هێناوەتەوە بەڵام بۆ زۆربەی کارە هاوشێوەکانیش دەگونجێت.

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:46:18 2019/28/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 69

## ئەگەر داکی درۆیانی نەگایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180815091453153994

ئەگەر داکی درۆیانی نەگایە
لەناو کورداندا ئەگەر بەڵێنێک بدرێت و درەنگ جێ بەجێبکرێت و کۆمەڵێک بڕوبیانوو بدۆزرێتەوە بۆ جێ بەجێنەکردنی، لەکاتێکدا هەموو بیانووەکان نابنە مایەی دڵنەوایی ئە و کەسەی بەڵێنەکەی پێدراوە، یان دڵی بەڵێن پێدراوەکە بە پاساوەکان ئاو نەخواتەوە و پێی وابێت دەتوانرێت بەڵێنێکە جێبەجێبکرێت و بەڵێن پێدراو بەڵگەیەک دەخاتە ڕوو و دەڵێت(ئەگەر داکی درۆیانی نەگایە) ئەوەتە بۆ جێ بەجێی ناکات، ئینجا ئەم دەربڕە بۆ ئەوە بەکاردێت کە بنەما هەبێت بۆ ڕاییکردنی کارێک یان جێبەجێکردنی بەڵێنێک کەچی ئەوەی بەڵێنەکەی داوە خۆی دەدزێتەوە بۆیە دەوترێت ئەگەر دایکی درۆی نەگاوە با جێ بەجێی بکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:14:53 2018/15/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 70

## ئەگەر دزیت تاریکە شە و زۆرە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190128091245234897



ئەگەر دزیت تاریکە شە و زۆرە
مەحوی مەزن دەفەرموێت(سەتری-داپۆشی- گوناهکارانە شەو) لە ئیدیۆمیشدا کورد وتویەتی(شە و قەڵای مێردانە) لە تاریکە شەویشدا وتراوە(شەوی پێشمەرگەیە یان زێندینانە) هەرچەندە لە و ئیدیۆمەدا(تاریکە شەو)و(دزیکردن) واتە ڕاستەقینەکەی ئەم درکە و کینایە و دەربڕینەن بەڵام مەبەست لەم ئیدیۆمەدا ئەوەیە مرۆڤ دەتوانێت ئە و دەرفەت و هەلانە لە کیس خۆی نەدات و پێویست ناکات دواتر لەکاتی نەبوونی بوار و کاتی گونجاو دەستی خۆی بشکێنێتەوە یان بیانوی ناجۆر بیبنێتەوە، بۆ نمونە ئەگەر کارت دزیکردن بوو ئەوا چ تاریکەشە و زۆرە بۆ ئەنجامدانی و چ پێویست ناکات بەڕۆژی ڕووناک ئە و کارە قێزەونە ئەنجام بدەیت.

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تابەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 9:12:45 2019/28/1

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 71

## ئەگەر دیتیانم ئەزم ئەگەر نەیاندیتم دزم

https://www.kurdipedia.org/?q=20171212072223143465

ئەگەر دیتیانم ئەزم، ئەگەر نەیاندیتم دزم
لە کوردەواریدا ئەوەی زەفەرت پێ دەبات یان کەس و کار و دۆست و هاوڕێ و خزم وخوێشە یان ئەندامانی خێزانەکەتە بۆ هەر کارێک بیەوێت دەرحەقت ئەنجامی بدات، چونکە جێگەی متمانەیە و دەرگای ماڵەکەت بۆ هەموو ئە و کەسانە کراوەتەوە، ئینجا هەندێجار وارێک دەکەوێت ئە و کەسە نزیکانە چاودەبڕنە ناموس یان ماڵ و ڕزق و ڕۆژی و ئازوخە و پارە و پولت، زۆر بەتێڕادیتی دێنە ماڵەکەتەوە لە ئامادەنەبوونی خۆت و مەرامەکانیان جێ بەجێ دەکەن ئەگەر ڕێک بکەوێت بیان بینی ئەوا کەس وکار و میوان و دۆستە بۆ دیدەنی و میوانی و قاوەڵتی هاتووە خۆ ئەگەر لەوێ نەبیت ئەوا ژنت مارە دەکات و سەروەت و سامانیشت دەبات و دز دەردەچێت هەر لە و چوارچێوەیە لە ئیدیۆمی کوردەواریدا ووتراوە(ئەگەر دیتیانم ئەزم و ئەگەر نەیاندیتم دزم).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: ⬇ باشووری کوردستان

ولآت: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: AM 7:22:23 2017/12/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 72
## ئەگەر سەروێی کەمتیار بخورایە نە ئەدرا بەمن
https://www.kurdipedia.org/?q=20170926093839142732
ئەگەر سەروێی کەمتیار بخورایە نە ئەدرا بەمن
ئیدیۆمێکە بۆ بەد بەختی خۆی کەسێک دەیڵێت، واتە هێندە بێ یەخبارم و بێ(تالحم) ئەگەر شتێکی چاک بووایە بەری نەدەکەوت، هەڵبەت پاچەی گۆلک و مەڕ و بزن بوایە باشتر دەبوو و ئە و قسەیەی نە دەگوت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: AM 9:38:39 2017/26/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 73
## ئەگەر سەری لەبەر هەتاو سپی نەکردبێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20180815091921153996

ئەگەر سەری لەبەرهەتاو سپی نەکرد بێت
تەمەن و زەمەن و کات و سەردەم قوتابخانەی(فێربوون)ن، کورد وتویەتی(کەس لەسکی دایکیەوە هیچ شت فێر نەبووە) ئینجا هەرکەسێک کە دێتە ژیانەوە و پرۆسەی فێربوون بەدرێژایی تەمەن دەست پێ دەکات وەک بەسەرەر پێ کەوتن و گۆکردن و جیاکردنەوەی ڕۆژ و شە و خۆرسکانەیە، کەکەسێک تەمەنی بگاتە سەرووی چل ساڵی و کامڵبوونەوە و سەری ماش وبرنجی سپی بێت دەبێت لەژیاندا شتێک فێربوو بێت، خۆ ئەگەر شتێک فێرنەبووبێت دیارە سەری لەبەر هەتاو سپی کردووە و هەر لەبەر هەتاو وەستاوە بۆیە هیچ نازانێت، جا لێرەدا ئە و ئیدیۆمە بۆ ئەوە بەکاردێت کە کەسێک چوویێتە ساڵەوە دەوترێت(ئەگەر سەری لەبەر هەتاو سپی نەکردبێت) دەبێت شتێک بزانێ.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: AM 9:19:21 2018/15/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 74

**ئەگەر شەڕت کرد بەشی ئاشتی تێدا بێهێڵەوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181229100121181968

ئەگەر شەڕت کرد بەشی ئاشتی تێدا بێهێڵەوە
مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی یە بە بێ مرۆڤەکانیتر هەڵناکات بەڵام کەزۆریش پێکەوە دەبن دووچاری گرژی و شەڕو ناکۆکی و ناتەبایی دەبنەوە هەندێجار ئە و شەڕە بەدەست هەردوو لانی یە چونکە کورد دەڵێ(شەڕ وتر بەدەست خۆت نی یە) بەڵام کەسی عاقڵمەند ئەوەیە کەدووچاری شەڕ هات سبەی لەبیر بێت و بای ئەوەندە بهێڵێتەوە کە پێویستە ئە و شەڕە کۆتایی بێت و ڕێگەچارەی ئاشتی وون نەکرێت بۆی بدۆزرێتەوە ئینجا ڕێگەچارەی ئاشتی ئەوەیە لەکاتی شەڕدا بەشی ئاشتی بهێڵیتەوە بۆیە کورد وتویەتی(ئەگەر شەڕت کرد بەشی ئاشتی تێدا بێهێلەوە)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 10:01:21 2018/29/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 75

**ئەگەر لە خۆت دەخەفتی دەڵێیماینی بەرەختی، ئەگەر لە خۆت ناخەفتی دەرێی کوندە بە جەفتی**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220617214252418972



ئەگەر لە خۆت دەخەفتی دەڵێی ماینی بەڕەختی، ئەگەر لە خۆت ناخەفتی دەرێی کوندە بە جەفتی
لە کوردەواریدا ژنان زۆرترین کاروباری ناوماڵ و کێڵگەیان هەڵسوڕاندووە لە گەردی بەیانی و کازێوەوە دەستیانکردووە بە ئامادەکردنی کولێرە و نان و چا و ماست، دواتر جێگا هەڵگرتن و گسگدانی ماڵ و حەوشە و هەیوان و ئاوهێنان لەسەر کانی و پڕکردنی حاجەت و پێداویستیەکانی ماڵ و دواتر کاری ڕادان و دۆشینی مێگەلە مەڕ و بە گسکی کفر ماڵینی گەوڕ و کۆکردنەوەی خۆڵەمێش و زبڵ و خاشاکی ماڵ، توتنەوانی و پەلک و گەڵاکردنەوە و داو لێدان و بژارکردن و تێڵەگە و پاشۆڵی پڕ گیا بۆ ئاژەڵ دابەستە و دروێنە و تێلەکێشی و بێژینگ کردن و ساوار کوڵاندن و...تاد، هەموو ئە و کارانە تەپ و تۆز و ئارەقە و تەمینۆکی سێڕ و ساج و دووکەڵی ئاگردان بە دەم و چاو و تەوێڵ و گەردن و بناگوێیان دەنوسا و وەکو(کوندەی بەجەفت)یان لێ دەهات، ڕەنگیان ڕەش هەڵدەگەڕا وەکو کوندەی ڕەشی قەترانی کە بەهۆی کوڵاندنی جەفت و خستنە جەفتاوەوە ڕەنگی ڕەش ڕەش هەڵدەگەڕا، هەفتەی یەک ڕۆژیش ژنان دەچوونە کوڵ کردن(کور) خۆیان دەشوشت و ئارەقە و چڵکی یەک هەفتەیان بە ئاو دادەدا و خاوێن دەبوونەوە و دەبوونەوە بە کولیکە سورەی جوان و ماینی بە ڕەخت، ئە و حاڵەتەی ژنی کورد ئە و پەند و ئیدیۆمەی دروستکردووە کە دەڵێت: ئەگەر لە خۆت دەخەفتی دەڵێی ماینی بەڕەختی، ئەگەر لە خۆت ناخەفتی دەرێی کوندە بە جەفتی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/17/6 9:42:52 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 76

## ئەگەر مەعبود نەیدا، مەحمود چ بکا

https://www.kurdipedia.org/?q=20190225072355276957



ئەگەر مەعبود نەیدا، مەحمود چ بکا
دەگێڕنەوە لەم زەمینە پان و پۆڕەی ماڵی مرۆڤایەتی سوڵتان مەحمودێک لە یەکێک لەکنارەکانی ئەم گێتیە ڕانەوا و فەرمانڕەوا بووە، ڕۆژێک لە ڕۆژان بە بازاڕ تێ دەپەڕێت و دەنگێک سەرنجی سوڵتان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت کە دەبینێت وەستایەکی(جۆڵا) لە دوکانێکدا لەسەر کارگە جۆڵاییەکەی کاردەکات لەبەر خۆیەوە دەڵێت(چەندەیە هەر ئەوەندەیە) ئەوە بە بەردەوامی مەکۆیەکە دەهاوێژێت و شانەکە توند دەکێشێت و دەڵێت چەندەیە هەر ئەوەندەیە، سوڵتان لەدڵی خۆیدا دەڵێت(ئەم پیاوە هەژارە با ئەم نیوەڕۆ خوانە خوانێکی سوڵتانی بۆ ئامادە بکەم و بۆی بنێرم لە ژێر پڵاوی ساوار یان چەڵتوک و برنجەکەش هەندێک لیرەی زێڕی بۆ تێ بکەم) کە نیوەڕۆ دادێت سوڵتان ئەوەی بەدڵی داهات جێ بەجێی دەکات بە نۆبەداران دەڵێت خواردنێکی سوڵتانی ئامادەبکەن، کە ئامادەیان کرد سوڵتان تەواوێکی پێویست لیرەی زێڕ دەخاتە ژێر پڵاوەکەوە، فەرمان دەکات بۆ کابرای(جۆڵا)ی ببەن، کاتێک دەگەنە لای وەستای جۆڵایی پێی دەڵێن ئەمە سوڵتان

مەحمود بۆی ناردووی، ئەویش وەریدەگرێت و دەڵێت(ئەمە خواردنی من نی یە دەیفرۆشم و چەندین جەم-ژەمی خۆمی پێ دابین دەکەم) سوڵتان دوای چەند ڕۆژێکیتر دەچێتەوە بازاڕ و دەبینێت وەستای جۆلاکە هەر دەڵێت(چەندەیە هەر هەندەیە) سوڵتان لەدڵی خۆیدا دەڵێت(دیارە ئە و پارەی من بۆم ناردووە کەم بووە و بەشی هەموو پێداویستیەکانی نەکردووە) بۆیە فەرمان دەکات کام(شوتی) گەورەیە بیکرن، دەست و پێوەندیش جێ بەجێی دەکەن، کە دەچێتەوە کۆشک بانگی نۆبەدار دەکات و دەڵێت(شوتیەکە بکۆڵن و هیچ ناوی تێدا مەهێڵن تەنها پەڵک و توێکڵەکەی بمێنێت) ئینجا سوڵتان مەحمود پڕی دەکات لە لیرەی زێڕ و دەینێرێت بۆ کابرای جۆلا، بەهەمان شێوەی پێشوو جۆلاییەکە دەڵێت(ئەم شوتیە گەورەیە خۆراکی من نیە و دەیفرۆشێت) پاشماوەیەکیتر سوڵتان بەلای دوکانەکەی گوزەر دەکات هەر گوێی لە(چەندەیە هەر هەندەیە) دەبێت، بۆیە لەکابرای جۆلا نزیک دەبێتەوە و لێی دەپرسێت ئەرێ کابرا من دووجار هاوکاریم بۆ ناردی جارێک بە نیوەڕۆ خوان و جارێکیش بەدیاری شوتیەک کە هەردووکیان پڕ بوون لە لیرەی زێڕ، وەستایەکەش دەڵێت(بەڵێ قوربان خودا پایەدارت بکات بەڵام هەردووک جار گوتم ئەمانە خۆراکی من نین و فرۆشتمن بۆ ئەوەی قوت و خۆراکی چەندین جەمی ترم بۆ دابین بکات)، ئینجا سوڵتان سەر بەرز دەکاتەوە بەخودای گەورە دەڵێت(ئەگەر مەعبود نەید، مەحمود چ بکا) مەعبود واتە پەرستراو-خودا، مەحمود-یش ناوی سوڵتان فەرمانڕەوای زەمانە، ئەمە بووە بە ئیدیۆم واتە هەرچەندە مرۆڤ هەوڵ بدات ئەگەر خودا ڕەزامەندی لەسەر نەبێت پێ کەڵکە.

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 7:23:55 2019/25/2


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 77

## ئەگەر نەگەیشتیە کوێستانێ، هەڕوە دەربەندی گۆمەسپانێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20181215081246177957



ئەگەر نەگەیشتیە کوێستانێ، هەڕوە دەربەندی گۆمەسپانێ
پشتی زنجیرە چیایەکانی(هەیبەسوڵتان و باواجی و کێشکە و سەفین) واتە بۆ باکور-یان لەکوردستاندا پێی دەوترێت(کوێستان) کەبارانی ساڵانەی مسۆگەرە و لە (500)ملیمەتر کەمتر نابارێت و ناوچەی بەرز و سەرکەشن و باراناوی و فێنکن، بەڵام بۆ باشوری ئەم ڕەوەزشاخە چیاییانە دەبێتە(گەرمێن-گەرمیان) و بارانی ساڵانەی نامسۆگەرە و ڕێژەی بارانی ساڵانەی خۆی دەدات لە(200)ملیمەتر بەتێکڕای ساڵانە و کەم باران و وشک و گەرمن، ئینجا لەنێوان(کێشکە و سەفین) دەربەندی(زیارەت و گۆمەسپانێ) هەیە و بەردەوام بێ کزەی کوێستان و نمەباران و چۆڕاگەی بەفرێ نابێت و نەرمەبایەک و جارجارەش ڕەشەبایەکی نێوان بەرزی چیاکان و پێدەشتی دامێنی چیاکانی هەیە و ساڵانی بەباران و زەنەباران دەبێتە زەنەک و مێرگ و گژوگیایەکی باش و ئاو ولەوەڕێکی باشی لێ دەرسکێ و شوانکارەکانیش مەڕوماڵەتەکانیان تێر لە گژوگیا و ئاو دەخۆنەوە، ئەم دەربەندە ئەم خاسیەتانەی کەهەیەتی نزیکە لە خاسیەت و تایبەتمەندی کوێستانان بۆ لە کوردەواری شاری پیرە هەولێرێ دەوترێت(ئەگەر نەگەیشتیە کوێستانێ،هەڕوە دەربەندی گۆمەسپانێ).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 12/15/2018 8:12:46 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 78

**ئەگەر ڕازی نیت، ئەوە خەرەند**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220219112101405592



ئەگەر ڕازی نیت، ئەوە خەرەند
وتراویشە: دەخۆی ناخۆی ئاوی سارد، یان تێر ئاوی سارد بخۆوە، زۆرجاران دەمەقاڵێ توندی نێوان دوو لایەن ئەو ئیدیۆمەی لێ دەکەوێتەوە و تێیدا بەکاردەهێنرێت، بەتایبەت لە بوار و حاڵەتی بێ منەت بوون دەوترێت، دیارە لە ڕواندزێ ئیشەکە گەورەتر کراوە، لە جیاتی ئاوی سارد خواردنەوە و ساردبوونەوە، پێشنیاری خۆ فڕێدان و مل شکاندنی تێدایە و هیچ چار نییە یان ڕازی بە، یان خۆ هاوێشتنە خەرەندی هەڵبژێرە، وەک مامەڵە لە نێوان ڕەزامەندی و پەسند نەکردنی بابەتێک بە بێ منەتیەوە دەوترێت: ئەگەر ڕازی نیت، ئەوە خەرەند.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2/19/2022 11:21:01 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 79

**ئەگەر کوڕ هەبێت، تاریکە شە و زۆرە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200822220229387092



ئەگەر کوڕ هەبێت، تاریکە شە و زۆرە.
مەحوی مەزنە شاعیری کورد بە کەم نەیڕوانیوەتە(شەو) لەڕووی پاککردنەوەی دەروون بە(سەرتری گوناحکاران)ی داناوە، کوردیش لەدێرزەمانەوە ووتویەتی(شە و قەڵای مێردانە) ئە و شەوانەی ئەنگوستەچاوە و تاریکە، مرۆڤی قارەمان و بەجەرگ دەتوانێت ئەسپی خۆی تێدا تاو بدات، تا ڕۆژ دەبێتەوە چی بیەوێت درێغی نەکا وجێبەجێی بکات، ئەم ئیدیۆمە بۆ مەبەست بەکاردێت واتە ئەگەر پیاو و مەرد و جوامێر هەبێت بۆ ئەنجامدانی کارێکی مەزن بەتایبەت بۆ لێدانی دوژمن و داگیرکەران ئەوا تاریکە شە و زۆرە کە هەر شەوەی قەڵایەکی جوان مەرد و مێرانە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)

کاتی تۆمارکردن: 2020/22/8 10:02:29 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 80

**ئەگەر کەر هەیە کەرکەدەنیش هەیە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171214083700143508



ئەگەر کەر هەیە کەرگەدەنیش هەیە
کەر یان گوێدرێژ ئەوەندەمان کار پێیانکردووە لەڕابردوو بۆیە زۆرترین پەند و ئیدیۆم لە و ئاژەڵە پربایەخە وەرگیراوە و لەسەری هاتۆتەوە، کەر دیارە ئەگەر بیەوێت کارێک بکات بەتایبەت نێرەکەرەکەی زۆر بەزەحمەت بەرزەفت و کۆنترۆڵ دەکرێت و ئەوەی گەرەکی بێت بەنێرەکەری ئەنجامی دەدات ئەگەر شیری حەوت گەرەکیش بڕشێنێت و پشتی ملی ماکەرێش زام قوڵ بکات گوێی پێ نادات، کەرگەدەن-یش ئەگەر وەک خاسیەت وەربیگرین واتە کەرێک کارێکی گەند-نابەجێ بکات، بەڵام کەرگەدەن یان کەرکەدەن ئاژەڵێکە خورت و تێکسمڕا و تێکچەقیو و پتە و و بەهێز دیارە ئەگەر ئاراستەیەکی کەوتە بەر دیدەوە یەکسەر ملی پێوە دەنێت وەک بەراز و شفرەکەی لە شفرەی بەراز گەورەترە و لامل و نەگەڕاوە و ملهوڕە، ئینجا ئەگەر کەسێک بیەوێت بەنێرەکەری و ملهوڕی کارێک بکات پێی دەوترێت(ئەگەر کەر هەیە کەرگەدەنیش هەیە) واتە لەتۆش کەرتر و ملهوڕتر هەیە ئاگات لەخۆت بێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📋 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/14/12 8:37:00 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 81
## ئەنگوتک ژمێر
https://www.kurdipedia.org/?q=20190106091208184609




ئەنگوتک ژمێر
ئارد لەگەڵ ئاو تێکەڵ بکرێت دەبێتە(هەویر) دوای شێلانی هەویر ئینجا دەکرێتە پارچە پارچەی خڕیلە و شێوە گۆ بەوە دەوترێت(ئەنگوتک) کە پڕ بە لەپە دەستێکە بۆیە پێی ووتراوە(ئەنگوتک) هەر ئەنگوتکەی دەکرێتە یەک(نان) تا ئێرە باسکردنی ئارد و ئاو و هەویر و ئەنگوتک و نانە، ژمێر واتە ژماردن(تعداد) ئەنگوتک ژماردن بۆ کەبیانوو ئاساییە تابزانێت چەند نانی تێ دەبێت ئە و هەویرەی شێلاندویەتی، بەڵام پیاوەکەی کەبیانوەکە بیانژمێرێت مەبەستی ئەوەیە بزانێ ئایا خەسار نابێت یان بۆ ئە و ژمارەیە ئامادەکراوە، کورت و کرمانجی پیاوێک ڕەزیل و قرچۆک و گیرفان تەسک بێت پێی دەوترێت بەخوا برا پیاوێکی ڕەزیلە ئەو(ئەنگوتک ژمێرە)ە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📋 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/6/1 9:12:08 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 82
## ئەوە گیرفان و ئەوە بازاڕ
https://www.kurdipedia.org/?q=20200910230505387787



ئەوە گیرفان و ئەوە بازاڕ
گیرفان و بازاڕ، ناویان لە دوای یەکەوە دێت چونکە بازاڕکردن پشت دەبەستێت بە جۆری گیرفان پڕی و بەتاڵی، بازاڕیش شوێنی خستنەڕووی کەل وپەلەکانە، دەبێت پڕپێداویستی بێت بۆ دابینکردنی خواستەکانی مرۆڤ، ئە و ئیدیۆمە بەکاردێت بۆ بێ منەتی مرۆڤ لە بەدەستهێنانی شتێک یان کەل وپەل و پێداویستیەک، کە ئەگەر پارە و پول هەبێ و بەرک پڕ بێت، شتەکەش لەبازاڕدا هەبێت، هیچ حەوجە بە منەتباری ناکات و یەکسەر بەدەستی دەهێنێت و دەیکڕێت هەر بۆیە بووە بە ئیدیۆم و بەگوزارشتی بێ منەتی دەوترێت(ئەوە گیرفان و ئەوە بازاڕ).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📑 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/10/9 11:05:05 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 83
## ئەوە گەز و ئەوە ئەرز
https://www.kurdipedia.org/?q=20200916220257387996



ئەوە گەز و ئەوە ئەرز
گەز، پێوانەیەکە لە مەترێک کورترە و لە( دار و شیشەیەک) وەک ڕاستەیەکی باریک دروستکراوە، پێوانەی قوماشی پێدەکراو چوار بۆ پێنج گەز قوماش، کراسی گەورانی ژنان و پیاوانی تێدەبوو، ئە و پێوانەیە لە ئیدیۆمی(گەوادی دوو گەز و سێ گەز)یش بەکارهاتووە، ئەرز یان عەرز واتە زەوی، پێوانەی گەز بۆ پێوانەکردنی ڕووبەری زەوییە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم بۆ مەبەستی بێ منەتکردنی کەسێک یان لایەنێک بەکاردەهێنرێت، کاتێک دوو کەس لە یەکتری توڕەدەبن و دەگەنە کۆتایی بە یەکتری دەڵێن ئەوە گەز و ئەوە ئەرز، واتە فەرموو ئەگەر پیاوی گەزی خۆت بەکاربێنە بزانە خودا بە کاممانی دەدات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📑 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/16/9 10:02:57 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 84

**ئەوە لێ لێیە، هێشتا لۆ لۆ مایە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220619123341419109



ئەوە لێ لێیە، هێشتا لۆ لۆ مایە
لە حەیران و لاوکی کوردەوارییدا لاوکبێژ و حەیران خوانەکان، بۆ سافکردنی گەروویان چەند جارێک ئحم ئحمیان دەکرد و دواتر هەڵیان دەکرد سەرەتا بە: دەڵێلێ دەڵێلێ... دواتر دەلۆیی لۆ...دەلۆیی لۆ...دەلۆیی لۆ، تەواو بڕی بێن و پشووی خۆیان تاق دەکردەوە و بەوەش دەزانرا کە ئە و حەیران خوێنە یان لاوکبێژە دەنگێکی باش و ساف و خۆشی هەیە، جار هەبوو ئە و دەڵێلێ-یە، زۆر درێژەی دەکێشا بە گوێرەی پشووی لاوکبێژەکە، هەموو زۆر گوتەوەیەکیش دەبێتە بنەمای کەم بایەخ بوون و نیگەرانی گوێگر، ئینجا ئەوە بووە بە ئیدیۆم و لەبواری کاروباری رۆژانەی کوردەواریدا بۆ زۆری و کەمی یان ئاسانی و قورسی و زەحمەتی کارێک بۆ ترساندن و قورسی کارەکە یان سوور بوون لەسەر کارەکە هەر لەگەڵ دەست پێک و سەرەتاکەی یان تا نیووەی ئیشەکە رۆیشتووە ئینجا دەوترێت: ئەوە لێ لێیە هێشتا لۆ لۆ مایە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗌 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/19/6 12:33:41 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 85

**ئەوەش لە بەختانە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171218094054143559

ئەوەش لە بەختانە
کەسێکی بەدبەخت و چارە رەش ونەگبەت و بەش مەینەت دەست بۆ هەر کارێک ببات دووچاری زیان و نەهامەتی و کارەسات دەبێت یان لەگەڵ هەر کەسێک بکەوێتە مامەڵە و کارەوە ئە و کەسە خراپ و بەدکار و گەمژە و بەڵای خوایە بۆیە دەوترێت چیبکەین ئەوەش لە بەختمانە یان(ئەوەش لە بەختانە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2017/18/12 9:40:54 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 86

**ئەوەندە بچووە شوێنان شتێکت هەڵدەنە بەر پێیان**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180826093008154931

ئەوەندە بچووە شوێنان شتێکت هەڵدەنە بەرپێیان
ئەمەش نزیکە لە ئیدیۆمەکانی(دووری و دۆستی و دووری و پوری) لە و ئیدیۆمەدا باس لەوە دەکرێت زوو زوو مەچووە لای دۆست و خزمان چونکە ئەگەر زۆر سەردانیان بکەی ئەوا نرخی خۆت و سەردانەکەت کەم دەبێتەوە، بەڵکو درەنگ برۆ ئەوا لەبەر پێت گیسکێک یان کاورێک سەر دەبڕن وەک پێشوازی و دەربڕینی رێز و خۆشەویستیان بۆت بۆیە بەدرکە و کینایەوە وتراوە(ئەوەندە بچووە شوێنان، شتێکت هەڵدەنە بەر پێیان).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2018/26/8 9:30:08 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 87

**ئەوەندە وەستایە موو دەقلیشێنێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200824192944387130



ئەوەندە وەستایە موو دەقلیشێنێت.
موو لەکوردەواریدا لەناو ئیدیۆمدا زۆر شوێنی گرتووە وەک(بووە بە مووی کونە لووت، ملی لەداوە موویەک باریکترە، بەقای موو و بەقای شوو، ئە و ماستە مووەکی تێدایە) لە و ئیدیۆمەشدا موو قلیشاندن هاتووە، هەڵبەت داوە موو زۆر باریکە و ئاستەمە بقلیشێنرێت، بەڵام بەکەسێکی وورد و دەسترەنگین و وەستا و شارەزای بەتوانا دەوترێت(ئەوەندە وەستایە موو دەقلیشێنێت).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 8/24/2020 7:29:44 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 88

## ئەوەندەی قوزی بزن لەگۆڕییە قوزی مەڕ بوایە حەیای دەچوو

https://www.kurdipedia.org/?q=20180826092657154929



ئەوەندەی قوزی بزن لەگۆڕییە، قوزی مەڕ بوایە حەیای دەچوو
لەزاری گفتوگۆی مەڕ و بزنەوە دەوترێت لەهەرد و کێودا کاتێک مەڕێک بە غاردان دەڕوات دونگی بەرز دەبێتەوە و شوێنی زاوزێی(قوز)ی بەدەردەکەوێت، بزنیش دەڵێت(های هەموو هەرامەت لە و گۆڕەیە)
ئەم گفتو گۆیە مرۆڤ دایناوە و بەپاشەڵی(بزن و مەڕ) بەراوردێکی لەنێوان دوو مرۆڤ داناوە مرۆڤێک خاوەن ئابڕو و شەرم لەگەڵ مرۆڤێکی پێچەوانە، هەڵبەت مرۆڤە بە ئابڕو و شەرمنەکە دەکەوێتە ژێر تانە و تەشەری مرۆڤە بێ شەرمەکە، بەنمونە ساڵ دوازدەی مانگ بزن قوزی لەگۆڕێیە کەچی بەیەک غاردان و دونگ بەرزبوونەوەی مەڕ و بەدەرکەوتنی قوزی لێی دەکاتە هەڵا و دەڵێت ئەرێ وەڵلا قوزی کەوتە گۆڕێ.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 8/26/2018 9:26:57 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 89

## ئەوەی بچێتە بن زاران، ئەوەدێتە بن گوانان

https://www.kurdipedia.org/?q=20200909131310387694



ئەوەی بچێتە بن زاران، ئەوەدێتە بن گوانان
ئە و ئیدیۆمە مرۆڤی کورد لەسەر زاری بزنانەوە وەک پەیدەبای هیندی دایهێناوە، گوایە بزن بەبێچوەکانی، کاریلەکانی خۆی دەڵێت: ئەوەی نەچێتە بن زاران، ناچێتە ناو گوانان، ئیتر جوتیار و وەرزێر و ئاژەڵداری کوردیش دەڵێن(ئەوەی بچێتە بن زاران، ئەوە دێتە بن گوانان)، بزن لەپێدەشت و هەرد و کێوان و لەوەرگاکان دەلەوەڕێت و ئە و گژوگیایەی دەیخوات دەچێتە بن زاروودانی و دواتر لەڕێگەی کۆئەندامی تایبەتەوە هەرس دەبێت و دەچێتە بن گوانی دەبێتە شیر، ئینجا ئە و ئیدیۆمە گوزارشتە بۆ ئەوەی ئەگەر مرۆڤ هەوڵێک نەدات بۆ بەدەستهێنانی رسق و رۆزوو، خۆی ماندوو نەکات ئەوا هیچ بەدەست ناهێنێت، یان کرێکارێک ئەگەر رۆژانە نەچێتە کرێکاری کرێ نابێت و جوتیاریش داس و بێڵەکەی بەکارنەهێنێت دانەوێڵە و بەروبوومی نابێت، فەرمانبەرێک دەوامی مانگانەی نەکات موچەی نابێت هەموو ئەمانە وایکردووە کورد بەئیدیۆمەوە بڵێت(ئەوەی بچێتە بن زاران، ئەوە دێتە بن گوانان). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/9/9 1:13:10 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 90

## ئەوەی بە بێوەژنی دەیکەیت، بەکچی عازەبی بتکردایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20181027081428159983

ئەوەی بە بێوەژنی دەیکەیت بەکچی عازەبی بتکردایە
کورد وتویەتی(کەنگر و ماست بە وەعدی خۆی) واتە هەموو کار ئەنجامدانێک کات و ساتی خۆی هەیە لەبەهاراندا هەم ماست هەم کەنگریش زۆرە بەڵام لە پایزاندا هەردووکیان کاتیان بەسەرچووە بۆ ماستیش ئەگەر مانگا دەنا مەڕ وبزن ئاوسن و شیریان نەماوە، ئەوەی بەبێوەژنی دەکەیت دەبوایە بەکچێنی بتکردایە هەر ئە و ئیدیۆمەی(کەنگر وماست)ەکەیە واتە هەر شتە وکارەی لەسات و تۆغیان و سەردەمی خۆی چونکە ئەوەی لەکاتی خۆیدا ئەنجام نەدرێت ئەوا لەکاتێکی تردا زۆر ئاستەم و زەحمەت و قورسە جێ بەجێکردنی هەر بۆیە بە دەربڕەوە کورد وتویەتی(ئەوەی بە بێوەژنی دەیکەیت، بەکچی عازەبی بتکردایە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 10/27/2018 8:14:28 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 91

## ئەوەی بە کێر کردمان بە قنگ دامانەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171109081933143116

بەکێر کردمان بە قنگ دامانەوە
ئەم ئیدیۆمە لە و چیرۆکەدا ماناکەی وەردەگریت:حەماغای گەورەی کۆیە گۆرانی ئای ئای گوتووە:(هەی داد هەی بێداد لەگەڵ مامەوە، خۆشی و ترشی بە تاڵی دامەوە) بەڵام کێخوا حەوێزی شاخەپیسکە دەڵێت: ئاغا نا بەخوا لەلای ئێمە ئای ئای وەکو جەنابت ناڵێن، حەماغا دەڵێت حەوێز لای ئێوە چۆنی ئەڵێن، کێخوا حەوێزیش دەڵێت لای ئێمە دەڵێن: (هەی داد هەی بێداد لەگەڵ مامەوە، هەرچی بە کێر کردم بە قنگ دامەوە) حەما غاش دەڵێت هاهاها حەوێز یەکجار واشنا بەخوا ئیشی ئەم زەمانە هەمووی وەکو ئەڵێی وایە-خەم ڕەوێن، بەسەرهات و قسە خۆشەکانی کوێخا حەوێز، مراد دڵپاک شاخەپیسکەیی، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، 1976، لاپەڕە14.[1][2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
[2] 📕 پەرتووک | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | بەسەرهات و قسە خۆشەکانی کوێخا حەوێز، مراد دڵپاک شاخەپیسکەیی، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، 1976، لاپەڕە14.
کاتی تۆمارکردن: 11/9/2017 8:19:33 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 92

## ئەوەی بەبێوەژنی دەیکەی، بەکچی بتکردبوایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20201011100425388865



ئەوەی بەبێوەژنی دەیکەی، بەکچی بتکردبوایە.
بێوەژن، واتە بێ هاوژین بۆ ژنان، کچ و کیژیش دیارە واتە هێشتا جاحێڵە و لەماڵەباوانە و ئامادەیە بۆ شووکردن، مرۆڤ ئەگەر بۆ هەر کارێک کە ئەنجامی دەدات پێوەی خەریک و ماندوو بێت، یان وورد بێت لە جێبەجێکردنی ئەوا بەرهەمێکی باشی دەبێت، زۆرجاران لەسەر کچ و کیژان دەخوازرێت کە وورد و بیرتیژ و کارزان و کارمەند بن لە هەڵبژاردنی ماڵ و مێرد و کابان چاکی، پاشی ماڵ و مێرد و کەیبانوی باش، هەرچیەک بکەیت بە تەوسەوە پێت دەوترێت(ئەوەی بە بێوەژنی دەکەیت، بەکچی بتکردبوایە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2020/11/10 10:04:25 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 93
## ئەوەی بەدزی کەڵ بخوات بەئاشکرا دەزێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20180820092321154559



ئەوەی بەدزی کەڵ بخوات بەئاشکرا دەزێت
کورد لەسەروبەندی بەموسڵمانبوونیەوە ووتویەتی (دینی محەمەد بەئاشکرا خۆشە) واتە کاری ڕاست و ڕەوان هەردەبێت بەڕاستی و بێ پەردە بکرێت، زۆرجار وارێکەوتووە یەکێک ویستویەتی کارێک بەنهێنی بهێڵێتەوە و خەڵکی و دەورووبەر لێی بێ خەبەر بن و بەدزی و شاراوەیی ئەنجامی بدات وەک کەڵ خواردنی مانگا بەنمونە دەهێنێتەوە ئەگەر مانگا(چێڵ-چێر) بەدزیەوە کەڵ بخوات ئەوا دوای چەند مانگێک چی لەدوو گیانیەکەی دەکات یان چۆن گوێرەکەکەی دوای لەدایکبوونی دەشارێتەوە بۆیە ووتراوە(ئەوەی بەدزی کەڵ بخوات بەئاشکرا دەزێت) واتە هیچ شتێ تا ئەبەد بەنهێنی نامێنێتەوە و ئەمڕۆ یان سبەی دەزانرێت چی ڕوویداوە یان چی گوزەراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: AM 9:23:21 2018/20/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 94

## ئەوەی دەمی بە شیری گەرم سوتابێت، لە ئاوی گەرم دەرەوێتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171109082736143120

ئەوەی دەمی بەشیری گەرم سوتا بێ لە ئاوی گەرم دەرەوێتەوە
هەروەها وتراویشە مارانگاز لە خشکەی(قەلقەلاشیک)یش دەترسێت، ئەم ئیدیۆمە بەکاردێت بۆ کەسێک یان بۆ ئەوەی زیانێک یان ئازارێک یان کارەساتێکی بەرکەوتبێت بەهۆی شتێکەوە ئەوا لە هاوشێوەی ئەوانیش یان خاسیەتەکانیشیان دەترسێت، شیری گەرم و ئاوی گەرم، خشەی مار و خشکەی قەلقەلاش، قەلقەلاش واتە درکە زەردە و درەکە گنگر کە پایزان بەهۆی با-وە لەسەر زەوی دەروات و پوش وپەلاشی پێوە دەلکێت و خشەی دێت کەبا دەیگوازێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:27:36 2017/9/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 95

## ئەوەی زۆر بخوات زۆر ناژێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20180929102706156590

ئەوەی زۆر بخوات زۆر ناژێت
زۆر خۆری خاسیەتێکی باش نیە و کەسی(زۆر خۆر) توشی چەندین چەرمەسەری تەندروستی و ئابوری و کۆمەلایەتی دەبێتەوە لە ژیانی ڕۆژانەیدا بۆیە کورد هەوڵی داوە ئەم زۆرخۆریە کەم بکاتەوە و ڕێگە و ڕێنمایی بۆ دەربکات یەکێک لە ڕێگە و ڕێنماییانە ئەوەیە کە دەڵێت(ئەوەی زۆر بخوات زۆر ناژێت) واتە ژیان و مردن بە کەم خۆراکی و زۆر خۆراکی نی یە، مرۆڤ پێویست ناکات بۆ ژیان زۆر بخوات بەڵکو واباشە بەشێوازێکی دروست و پێویست بخوات نەوەک خۆی بەزۆر خواردن ماندوو بکات و زیانی کۆمەلایەتی و ئابوری و تەندروستی لە خۆی بدات، بۆیە وەک ڕێبەدی و ئامۆژگاری کورد بە دەربڕینەوە دەڵێت(ئەوەی زۆر بخوات زۆر ناژێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ﻙ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗸 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/29/9 10:27:06 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 96
## ئەوەی سنگ بخوا، سنگ دەکوتێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20201102132100389588



ئەوەی سنگ بخوا، سنگ دەکوتێ
وتراویشە دایکی دز برێ وەخت سین ئەخوات و برێ وەختیش سین ئەکوتێت، سنگ و سینگ و سینە لە هەر ئاژەڵ و زیندەوەرێکدا جێگەی سەرنجن و بۆ خواردنیش خۆشتر و پرداوان، هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمەش وتراوە (ئەوەی لەدەرگای خەڵکی بدات لەدەرگای دەدرێتەوە) دز کە رۆژانە دزی ماڵی خەڵک دەکات و سینگی خۆش و بەتامی وەچنگ دەکەوێ لە رێگای دزیارییەوە، دایکیشی یان خاوەنەکەی لەگەڵیدا چەلاو و سینەکەی بخوات، رۆژێکیش دێت کە دزەکە گیرا و فەلاقەکرا ئەوا دایکی و خاوەنەکەی لەتاوی دا سینگی خۆیان دەکوتن و شینی بۆ دەکەن، بەبارێکیتریش ئەوەی زوڵم لە خەڵکی بکات و چەوسێنەر بێت ئەوا رۆژێک دادێت تۆڵەی لێدەکرێتەوە نمونە سینگ خواردنەکانی(عەلی حەسەن مەجید کیمیاوی) لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو دەرحەق بەخەڵکی کوردستان و کیمیاباران کردنی هەڵەبجە چۆن دواتر لە سەدەی بیست و یەک لە سێدارەدرا و پەتی خرایە گەردنی ئە و ئیدیۆمەی کورد بۆ هاوشێوەکانی وەکو سەدام حوسێن و فازل بەڕاک و عەلی کیمیاوی وتاد ووتراوە(ئەوەی سنگ بخوا، سنگ دەکوتێ). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ﻙ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗸 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/2/11 1:21:00 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 97
## ئەوەی گیسکێکی نەبێت، گیسکێک ناهێنێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20180820093030154561



ئەوەی گیسکێکی نەبێت، گیسکێک ناهێنێت.
کوردەواری ژیان و گوزەرانی لەسەر ئاژەڵداری و کشتیاری و وەرزێری بووە، ئەوەی مێگەڵە مەڕ و بزن و گایەلی هەبووایە ئەوا لەڕێگەی بەخێوکردنیانەوە دەیتوانی داهاتێکی وەدەست بکەوێت لە بەروبومەکانی(شیر و بەرهەمەکانی و گۆشت و خوری و مووەکانی)ەوە بەمەش هەندێ لەپێداویستیەکانی خۆی دابین دەکرد بە و داهاتەی وەدەستی کەوتووە لە بەرهەمانە، هەروەها ئەگەر چەند سەرێک ئاژەڵی مەڕ و بزنی هەبووایە شیرەمەنی و دۆ و ماست و ماستاوی خۆی هەبوو،خۆ ئەگەر پارچە مەڕێک یان بزنێکی نەبووایە هەرچاوی لەدەستی مەڕدارەکانی تر بووە بۆ چۆڕێ شیر و ماست و قنچکە گۆشتێ، لەبەر ئەمانە بووە لەناو کوردان وتراوە ئەوەی گیسکێکی نەبێت، گیسکێک ناهێنێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/20/8 9:30:30 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 98

## ئەوەی لە خوانەترسێ لە هیچ ناپرسێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20180728080303153124

ئەوەی لەخوای نەترسێ، لەهیچ ناپرسێ
خوا، دامەزرێنەر و خوڵقێنەری زەوی و ئاسمانەکانە، چاودێر و ئاودێری دێمەکارانە، رزق و رۆژووی هەموو زیندە رۆحەکان دابین دەکات، ئاگای لە پەنهان و ئاشکرایان هەیە، بیروباوەڕی کوردان وایە خواناسان و ئەوانەی لەخوا دەترسن مادام کەسێک چاودێری کارو هەڵس و کەوتیان دەکات ویژدانیان رێگە نادات کاری دزێو و نابەجێ بکەن، بەڵام ئەوەی خوانەناس و لەخواترس نەبێت، هیچ چاودێر و رەقیبێکی نیە یان ئاینێکی نیە ویژدانی محاسەبە بکات یان تاوەکو لە کاری دزێو و نابەجێ و کوشتن و دزی و تاد بگەڕێتەوە بۆیە وتراوە(ئەوەی لەخوا نەترسێ، لەهیچ ناپرسێ).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی


کاتی تۆمارکردن: AM 8:03:03 2018/28/7
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 99

## ئەوەی لەبەر شێر بمێنێتەوە کەمتیار ئەیخوا

https://www.kurdipedia.org/?q=20190128092725234898



ئەوەی لەبەر شێر بمێنێتەوە کەمتیار ئەیخوا
مرۆڤ هەردەم حەز دەکات خاسیەتی ئاژەڵە بەهێزەکانی وەک شێر و پڵینگ بەخۆیەوە بلکێنێت و خاسیەتە دزێوەکانی وەک فێڵبازی و بۆگەخۆری و ترس بخاتە پاڵ نەیارەکانیەوە، شێر کە سەرداری دارستانە و بەهێزە و نێچیری پوخت و پڕ گۆشت ڕاو دەکات، دوای ئەوەی ژەمی خۆی دەخوات ئیتر ئەوەی دەمێنێتەوە پێی دەوترێت(کەلاک) و ئیتر(کەمتیار)ەکان دەتوانن سودی لێ ببینن و بیخۆن ئەم ئیدیۆمە هەندێ جار بەشێوازێتریش بەکارهاتووە وەک(لەدوای شێران ڕێوی دەکات گێران)یان(پشیلە لەماڵ نی یە مشک تلیلیانە) هەموو ئەمانە بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێن کە ئەگەر کەسێ شیاو نەبێت بۆ پۆستێک یان ئەنجامدانی کارێک یان لەپاش بەجێمانی میراتێ یان مارەکردنەوەی بێوەژنێک...تاد دەوترێت(ئەوەی لەبەر شێر بمێنێتەوە کەمتیار ئەیخوا).

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:27:25 2019/28/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 100

## ئەوەی لەنێرەکەر بێت، دەبێت لەسەر زبڵدان بگەوزێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20170709170015141243

ئەوەی لەنێرەکەر بێت، دەبێت لەسەر زبڵدان بگەوزێت.
ئە و پەندە کوردیە بۆ کەسێک بەکار دێت کەماوەیەکی باش بێ کێشە وگرفت بێت و دواتر لەپڕ کێشە و گرفت و کارێکی کەم عاقڵانەی لێ روو بدات.
چونکە ئەوەی لە توخمی نێرەکەریش بێت هەر سیفەتە بۆ ماوەییەکانی بۆ دەگوازرێتەوە کە ئەویش هەڵبەت ئارەزوو دەکات لە ناو خۆڵەمێش(مشکی) و زبڵدان وگیفۆک بگەوزێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: ڕۆژهەلاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/9/7 5:00:15 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 101

**ئەوەی لەهیزە بێت دێتە ئەسکو**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180820091419154557



ئەوەی لەهیزە بێت دێتە ئەسکو
هیزە لەپێستەی(گیسک و کاوڕ)ە دوای خۆشکردنی بە(جەوتی بەڕوو و پەلکەهەنار) ئینجا جوان دەیان شووشت و ماوەیەک ماست و دۆی تێ دەکرا و پاشماوەیەک پڕیان دەکرد لە ڕۆن(ڕوون)ی قرچاوە و دەبووە(هیزەی ڕۆن) ئەسکو-ش: کەوچکی دارە، سەری وەک ناو لەپەدەستۆکە بوو ڕۆنەکەی پێ دەردەهێنراو دەکرایە مەنجەلی چێشتەوە، ئینجا بۆ ڕووداوی ڕووداوێک یان نهێنی بابەتێک یان کۆبوونەوە و گردبوونەوەیەک یان خەبەروباسێک کورد ووتویەتی دڵ لەدڵە مەدە( ئەوەی لەهیزە بێت دێتە ئەسکو)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/20/8 9:14:19 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 102

**ئەوەی ناوکی بوی دەبێ توێکڵیش بشکێنێ**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181013072733158027



ئەوەی ناوکی بوێ دەبێ توێکڵیش بشکێنێ
ناوکی هەر شتێک توێکڵ و بەرگێکی ڕەق هەیە کە پارێزگاری لێ دەکات ئەوەی بیەوێت ناوکەکەی دەست کەوێت دەبێت ئە و بەرگە ڕەقە تێپەڕێنێت و ببیڕێت چ بەقرتاندن چ بەشکاندن یان هەر شێوازێکیتری کە زەبر و ماندوبون و هەوڵدانی بوێت، ئەمە بووە بەئیدیۆم و دەربڕ بەکاردەهێنرێت بەمەبەست بۆ ئەوەی هیچ شتێک لەخۆڕا و بەبێ ماندووبون نایەتە دەست و بەدەست ناکەوێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/13/10 7:27:33 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 103

## ئەوەی کەرێکی نەبێت کەرێک ناهێنێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20180819095802154347



ئەوەی کەرێکی نەبێت، کەرێک ناهێنێت
لەکۆندا(بارەبەر-باربەر) یان(ووڵاغە بەرزە) شوێنی ماشێن و ئۆتۆمبیلی ئەمڕۆی گرتبۆوە، بۆ هەموو کارێکی(ناوماڵ و کێڵگە و بەبازاڕبردن و باراش بردنە ئاش و بارەدارهێنان و ڕەشکە کا و تێرکەی ئاو وخاک وخۆڵ وقەتارەی ترێ و تەماتە و گندۆرە و تاد) گواستنەوە ڕۆڵی کارای هەبووە، ئەگەر ئارد و ئاو و دار لەماڵێک بڕایە ئەوا دەبوایە گەنم و دانەوێڵە بەپشتی گوێدرێژەکە ببات بۆ ئاش، تێرکەکە بخاتە سەرپشتی ووڵاغ بەرزەکە بەرە و کانی و کارێز و ڕووبارەکە بیات و پڕی بکات، بۆ هێنانی بارەداریش بە پشتی کەرەکەیەوە بچێتە هەرد و کێوان و دارستان و لێرەوارەکان بۆ هێنانەوەی بارەدارێک ئینجا ئەگەر کەسێک کەرێک یان ووڵاغە بەرزەیەکی نەبووایە و ئە و هەموو کارەی ماڵ و کێڵگە و بازاڕ و تاد هەبوایە لەبەرخۆیەوە دەیگوت(ئەوەی کەرێکی نەبێت کەرێک ناهێنێت)هەڵبەت ئەمەش بۆ ئێستا لەبارە بوترێت ئەوەی(ئۆتۆمبیلێکی نەبێت، ئۆتۆمبیلێک ناهێنێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖵 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:58:02 2018/19/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 104
**با برنج و شیرێ بخۆن**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220616161228418818




با برنج و شیرێ بخۆن
ئە و ئیدیۆمە چیرۆکێکی هەیە، لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە میرنشینی سۆراندا خاتوو(خانزادی میری سۆران) قەڵەمرە و بووە دەگێڕنەوە کە خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری(حەریر) و(باتاس) هەژار و بێ دەرەتان و بێ بژێوی و برسی بوون، کە خەبەر و هەواڵ دراوە بە خانزادی میری سۆران کە خەڵکی ئاوایی و لادێنشینانی میرنشینەکەی برسین، ئەویش وتویەتی: با برنج و شیرێ بخۆن، لە کۆندا شیرەمەنی زۆرترین تێکەڵی زۆرترین چێشت و خۆراک کراوە وەکو(دۆینە، دۆغەوا، قوڕا و برنج و شیر و...تاد) خەڵکی هەردوو ئاوەدانی و شارۆچکەی وەکو حەریر و باتاس برنج و پەزێکی باشیان هەبووە، خواردنی برنج و شیر بەیەکەوە باوبووە، لای خانزاد وابێت هەموو گوندەکانیش وەکو حەریر و باتاس برنج و شیریان زۆرە، نەیزانیووە کە بارودۆخی ئابوریان زۆر خراپە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ بێ ئاگایی و ناشارەزایی کەسێک بەتەوس و گاڵتە و توانج و پەلارەوە وتراوە: با برنج و شیرێ بخۆن. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سۆران
👸 میرنشین: سۆران
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖵 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 4:12:28 2022/16/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 105
**باب و کوڕ لەسەر یەک ئاخوڕی کەرێ نابەستنەوە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20201010204622388823



باب و کوڕ لەسەر یەک ئاخوڕی کەرێ نابەستنەوە
کورد بە درێژایی مێژوو نەخۆشیەکی دریی هەبووە و بەردەوامی پێداوە بووە بە(خۆرە) لە زۆربەی پەیوەندییە کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسیەکانی دۆزی کوردی داوە، ئەویش ناتەبایی و ناکۆکی و دوو بەرەکییە.
لەباوک و کوڕ، نزیکتر لەیەکدی نییە، کە جەرگ وپشت و پەنای یەکترن، ئینجا ئەوان ناکۆک و ناتەبا بن واتە کارلەکارترازاوە، بۆ ناکۆکی و ناتەبایی و دووبەرەکی گوند و ئاواییەک بە ئیدیۆمەوە دەوترێت هێندە ناکۆکن(باب و کوڕ لەسەر یەک ئاخوڕی کەرێ نابەستنەوە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

ٰ سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/10/10 8:46:22 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 106
## بار بەلای بێ دەسەڵاتدا ئەکەوێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20220329134446409361



بار بەلای بێ دەسەڵاتدا ئەکەوێ
وتراویشە: بەرە لە تەنکیەوە دەدرێت، هەڵبەت باریش کە خراوەتە سەر پشتی وڵاغەبەرزە یان گوێدرێژ هەر بە گوریس و پەتک و داوەوە گرێدراوە، ئە و گوریسەی پەتەیە ئەگەری پسانی زۆرترە و بارەکە بە و لایەدا خوار دەبێت و دەبێتە لابار(بار بەلاباران، ناگاتە هەواران) ئیتر ماوەیەکی کەم ئە و بارە ڕێ دەکات و بەلای گوریسی پەتەوە دەکەوێت، ئەوە مانا ڕاستەقینەکەی ئیدیۆمەکەیە، وەکو خواستن و لێکچواندن خەڵکی کەم دەست و دەست کورت بەبێ دەسەڵات دانراوە وەکو توانای گوریسە پەتەکە، بۆیە وتراوە: بار بەلای بێ دەسەڵاتدا ئەکەوێ، کێشە و گرفتێک لە نێوان نەدار و دەوڵەمەندێکدا ڕوودبدات، زۆرتر لەسەر هەژارەکە دەکەوێت وەکو لە خواپێداوەکە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

ٰ سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/29/3 1:44:46 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 107

## بارگیر هەر تەرسی لەدوای خۆی بەجێ دێڵێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20210305203115392064



بارگیر هەر تەرسی لەدوای خۆی بەجێ دێڵێ
ئە و وولاغە بەرزەی لە ئەسپ و ماین دەتکێتەوە، ئەگەر بۆ سوارسوارێنێ و غارغارێن دەست نەدات، باری پێ دەگوازرێتەوە، نازناوەکەوی دەبێتە(بار+گیر)، هەموو بارەبەرێک لەبەر قورسی بارەکەی زوو زوو بە هۆی ئە و فشارەی دەکەوێتە سەر ئەندامی دەرچەی(تەرس)ی خۆی دەکات، تەرس پاشەڕۆی وولاغە بەرزەیە چ ئەسپ و ماین و ئێستر و گوێدرێژ، تەرس ئەگەر بۆ پەینی ئاژەڵی نەبێت بۆ هیچ شتێک دەست نادات و بێ کەڵکە و لەگەڵ ئەوەشدا بۆنیشی ناخۆشە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم بەکەسی نەفام و کەودەن و بێ خێر و هیچ لەبار نەبوو دەوترێت بارگیر هەر تەرسی لەدوای خۆی بەجێ دێڵێ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

---

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2021/5/3 8:31:15 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 108

## بارنەبەر، بەشی نەقیزە و دارە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220806234911426919



بارنەبەر، بەشی نەقیزە و دارە
دەوترێت : (لە کەریان پرسی مەنزلت کوێیە؟وتی: نەقیزە دەزانێ) هەروها وتراویشە: (کوتەک دەزانێ، قۆناغ لە کوێیە؟)، بار نەبەر واتە ئە و وڵاغە بارەبەرەی کە لە گواستنەوەی بار و کەل و پەلدا خۆی دەگلخێنێ و خراپ بارێ دەبات و خۆی بە پاش دەدات، ئەوا خاوەنی کەروبار نەقیزەیەکی دەسرەوێنێتە کەفەڵ و لا قەبرغەی، نەقیزە داردەستێکی درێژە بزمارێک بە لووتەکەیەوەتی وڵاغی پێ لێ دەخورن، ئەگەر کەسێک کارێک نەکات و ترسێکی پێ نیشان بدرێت ئەوا لە بەر ترسەکە کارەکە بەخێرایی ئەنجام دەدات و کورد بۆ ئەوەش وتویەتی: بارنەبەر، بەشی نەقیزە و دارە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: ⬇ باشووری کوردستان

ولات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 11:49:11 2022/6/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 109

**باریک ڕێسە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171213081210143479

باریک ڕێسە
خوری تا باریک بڕێسرێت پەسندترە و خۆفرۆش و بەرچاوترە، ئینجا ئەگەر کەسێک نەرمی بنوێنێت لە گفتو گۆ و مامەڵە و کاروباردا یان هەندێجار ماستاوچی بێت یان زمان شیرین و زمان لوس بێت پێی دەوترێت(فلانە کەس باریک ڕێسە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:12:10 2017/13/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 110

**باری کەر، هەمیشە قورسە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220805201439426668



باری کەر، هەمیشە قورسە
کەر، گوێدرێژ، لە پۆلی باربەرەکانە، هاوشێوەی حوشتر و ئێستر و بارگیر، هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمە وتراویشە: کەر باری بڕنە و بێت گورگ دەیخوات، ئاژەڵی بەستەزمانی وەکو گوێدرێژ مرۆڤ لە کۆنەوە شارستانیەتی لەسەر پشتیدا دروستکردووە و هەر ئە و ئاژەڵە بووە کە هەموو کارێکی قوسی گواستنەوەی پێکراوە، ئینجا بەستە زمانی ئە و ئاژەڵە کراوە بە هێما بۆ مرۆڤی کەودەن و نەفام و گێلۆکە، کە ئە و چین و توێژەی کۆمەڵگا بە هۆی نەزانینەوە هەمیشە ئەرکیان قورس و زەحمەتکێشی بووە بۆیە وتراوە: باری کەر، هەمیشە قورسە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2022/5/8 8:14:39 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 111
## باریکی دەڕێسێت
[https://www.kurdipedia.org/?q=20210201191014391098](https://www.kurdipedia.org/?q=20210201191014391098)



باریکی دەڕێسێت
باریک ڕێستن واتە خورییەک داوێکی زۆری تێ دەبێت، ئەگەر هەندێک ئەستورتر بێت ئەوا زووتر لە تەشی ڕێسیەکەی دەبێتەوە و کاتی بۆ دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر باریک بڕێسرێت ئەوا کاتێکی زۆرتری دەوێت بۆ تەواو بوونی، ئەوە بووە بووە بە ئیدیۆم و لە کوردەواریدا بەکەسێکی زۆربڵێ و چیرەدرێژ و چیکەنە دەوترێت بەخوا باریک ڕێسە یان فلانەکەس باریکی دەڕێسێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2021/1/2 7:10:14 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 112

## بارە گوێزی لێ نێیت، خرەی نایەت

https://www.kurdipedia.org/?q=20220805195815426662



بارە گوێزی لێ نێیت، خرەی نایەت
بارە گوێز، هەر چۆنێک بار بکرێت هەر خرەی لێوە دێت، بەڵام ئەگەر کەسێک نەفام و کەوودەن و گێل و دەبەنگ بێت، خراپ هەست بە خرەکەی دەکات ئەمە لەلایەک لەلایەکیتریشەوە بەکەسێکی گوێ لەمست و لە ئەڵقەلە گوێ دەوترێت هەرچی لێ باربکەی رێک و راست هەڵیدەگرێت بێ خرە و خشپە و مل بادان یەکسەر دەیگوازێتەوە کورد بە گاڵتەوە بەجۆرە کەسانە دەڵێت: بارە گوێزی لێ نێیت خرەی نایەت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/5/8 7:58:15 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 113

## بازی پشیلە تا دەرگای کادینە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170923161158142707



بازی پشیلە تا دەرگای کادینە
پشیلە هەرچەندە لەتیرەی پڵنگ وشێرە بەڵام هەر پشیلەیە و تواناکانی ناگات بەتوانای ئەوان لەبازدان و پەلاماردان، لەجیاتی دارستان وسەوزەڵان بێشکە و لانەی هەر کادین-ە، لەکوردەواریشدا کەسێکی بێ توانا هەڕەشە بکات پێی دەوترێت لێی مەترسن بازی پشیلە تا دەرگای کادینە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/23/9 4:11:58 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 114

**باسکە سەگە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171213081329143480

باسکە سەگە

باریک و تاژیلەی لیاقەیەکی باشی هەیە و توانا ڕاکردن و بازدانی زۆرە و پشو درێژە، ئەم دەستەواژەیەش لە سەگی(دورە)ەوە واتە دوو ڕەگەوە هاتووە کە باوکی سەگە و دایکی تاژی باریکە، ئینجا ئە و ئیدیۆمە زیاتر بۆ گەنج و لاوان بەکاردەهێنرێت کاتێک یاریەکی لەگەڵ ئەنجام دەدەیت و ئە و ماندوو نابێت تۆی بەتەمەنتریش زوو پەکت دەکەوێت و دەڵێی(هەی باسکە سەگ) یان فلان کاکە باسکە سەگە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

ولات: ڕۆژهەلاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/13/12 8:13:29 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 115

**باش بار نەهاتووە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171213080923143477

باش بار نەهاتووە

بارهێنان و بارهاتن واتە هەڵکەوتن و ڕەخساندن و پەروەردەکردن ئینجا ئەگەر کەسێک هەندێک خاسیەت و ئەدگاری ناپەسەندی هەبێت پێی دەوترێت(باش بار نەهاتووە) واتە باش پەروەردە نەکراوە، یان ئەگەر کەسێک لەکارێکدا سەرکەوتوو نەبێت بەهۆی ئەوەی زووتر ئە و کارەی نەکردبێت و ڕاهێنانی خراپی لەسەر کردبێت هەردەوترێت(باش بارنەهێنراوە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

ولات: ڕۆژهەلاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 8:09:23 2017/13/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 116

## باوکم کوژرا چ بەشیر چ بە تیر

https://www.kurdipedia.org/?q=20190202074822245463



باوکم کوژرا چ بەشیر چ بەتیر
کوشتن چ بە تیر بێت یان شیر هەر کوشتنە، ئەم ئیدیۆمە بە و مەبەستە بەکاردێت کە تۆ شتێکی گرانبەها یان دانسق و دەگمەن لەکیس بدەیت گرنگ نیە چۆن لەدەستت داوە دواجار لەتۆ ڕۆیشتووە، ئینجا کاتێک باوکمان کە ئازیزترین کەس بێت لامان کە کوژرا کوژرا ئیتر پێویست ناکات شێر و ڕێوی بۆ بهێنرێتەوە چۆن کوژرا بەچی کوژرا، ئەم پەندە واتە شتە بەنرخەکان کە نەمان چۆن و کەی نەمان هیچ لە لەدەست دانیان کەم ناکاتەوە.

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ⲕ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:48:22 2019/2/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 117

## باڵای کورتە و دەڵێ دیوار بڵندە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220624125004419713



باڵای کورتە و دەڵێ دیوار بڵندە
وتراویشە: (بیانووی تڕ نانی جۆیە) یان(شەل نییە، پای شکاوە) یان(شایی نازانێ دەڵێ عاردەکە خوارە)، لە کوردەواریدا بیانوو دێتنەوە بۆ کار زۆر بووە، ئەوانەی لە بارایاندا نەبووە کارێک بکەن، یان بۆ شاردنەوەی ڕاستیەکان و دان پێدانەنان یان خۆ بە کەم نەزانین و خۆ دەرخستن، هەڵساون بە دۆزینەوە و هێنانەوەی پاساوی نابەجێ بۆ ئەنجام نەدانی کارێک وەک خواری زەوی بۆ ئەوانەی هەڵپەڕکێ نازانن و بڵندی دیوار بۆ ئەوانەی باڵایان کورتە و ئە و دیووی دیوارەکە نابینن، یان لە پت و لەدەست دەرچوونی تڕ بیانووی ئەوە دەهێننەوە بەخوا نانەکەمان جۆیە، دەنا ئێمەش تووند دەیگرین و نایکەنین، بۆیە کورد هەموو ئەمانەی لە شوێنی خۆیدا کردووە بە ئیدیۆم و بە وکەسەی بیانووی ناجۆر دەهێنێتەوە بۆ ئەنجام نەدانی کارێک وتویەتی: باڵای کورتە و دەڵێ دیوار بڵندە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: PM 12:50:04 2022/24/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 118
**بچۆ بێگار، دامەنیشە بێکار**
https://www.kurdipedia.org/?q=20211230072104399837



بچۆ بێگار، دامەنیشە بێکار
بێگار واتە: سوغرە(بەبیرم دێ سولێمانی دارولمولکی بابان بوو، نەمەحکومی عەجەم، نە سوغرەکێشی ئالی عوسمان بوو-شێخ ڕەزای تاڵەبانی) سوغرە و بێگاری زاڵم و دەرەبەگ بە ڕەش و ڕووت و خەڵکی ڕەشۆکی و بێ دەسەڵاتی دەکرد، لەسەردەمی عوسمانیەکان بێگاری لە ترۆپک دابوو، بێگاری زۆر زەحمەتی بۆ لادێ نشینانی کورد دروستکردبوو، لاوەکانیان دەنارد بۆ کاری خۆیان بەنانەسکی و کولەمەرگی، کاری قورسیان پێدەکردن، بێکاریش واتە: مرۆڤ دەستەوئەژنۆ دابنیشێت و هیچ کارێک ئەنجام نەدات، کورد هەردوو حاڵەتی چەشتووە بەڵام بێگاری پێ باشتر بووە لە بێکاری، بۆ ئەمەش وتویەتی: (شەڕ لە بەتاڵی باشترە) یان(بچۆ بێگار، دامەنیشە بێکار).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: AM 7:21:04 2021/30/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 119
**برا ئەگەر گاوانە، خوشک چاوی لەدەستانە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180829100616155045



برا ئەگەر گاوانە، خوشک چاوی لەدەستانە
لە کوردەواریدا برا بەپشت و پەنا و قەڵا و بەم دواییانەش بە(سەفین) وەک دەوترێت(پشتی بەسەفینی داوە) یان(پشتی بەسەفینی بەستووە) واتە ئە و کەسە بێ کەس نیە و پشتێکی هەیە بۆیە وادەکات، گاوانی ئەگەر چی پیشەیەکی حەڵال و زەڵالە بەڵام کورد بە بەراوردی شوانکارە بەپیشەیەکی خوارتر سەیری دەکات ئەمەش لەشایی و هەڵپەرکێی کوردەواریدا رەنگی داوەتەوە لەسەر سەرچۆپی و(سەرچۆپی کێشی) هەزاران شەڕ روویداوە بەڵام لەسەر(گاوانی) کەمترین ئارەقە رژاوە، لەبەری زاڵی کلتوری پیاوسالاری لە کۆمەڵی کوردەواری رۆژهەڵاتی ئیتر کچ یان خوشک (بەبێ هێزخۆی هاتۆتە بەرچاو بەگوێرەی داب و نەریت و کەلتور) بۆیە هەمووکات بەستایش و سەناوە بەباوک و برا وکەس و کاری خۆیدا هەڵگوتووە و زیاد لەپێویست بەرز و پیرۆزیان دەکات و هەمیشەش چاوی لەدەستیانە بۆ هەموو جۆرە هاوکارییەک و حەزیش دەکات زوو زوو سەری لێ بدەن تا بەخەڵک و دەروجیرانی بفرۆشێتەوە و بڵێ(من زۆربەی رۆژەکان برا وکەس وکارم سەردانیم دەکەن و ئاگایان لێمە) ئینجا ئە و حاڵەتانە ئە و ئیدیۆم و پەند و دەربڕینەی دروستکردووە(برا ئەگەر گاوانە، خوشک چاوی لەدەستانە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 8/29/2018 10:06:16 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 120

## برا برایە، بازاڕ جودایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20181217062536181611



برا برایە بازاڕ جودایە
وتراویشە برا برایە کیسەی جودایە، ئەگەر دوو گوجیلە لەبری مرۆڤ بکەینە نمونە بەبێ پارچە گۆشتێک زۆر بەهێمنی لەسەر شان و ملی یەکتری دەخەون بەڵام کەپارچەیەک گۆشتت خستە بەردەمیان گوێت لەمرە و چاوت بەددان گرکردنەوەیان دەکەوێت زۆر بکێشێت پەلاماری یەکتریش دەدەن، ئەمە واتە تەماحی پارچە گۆشتەکە حاڵەتەکەی لەدەست لەملانێ-وە گۆڕی بۆ مڵملانێ، ئینجا دوو براکە دەگەنە نانی خۆیان بەئاشکرا بۆ ئەوەی دووچاری حاڵەتی گوجیلەکان نەبن دەڵێن(برامان برایێ، کیسەمان جیایێ) یان برا برایە بازاڕ جودایە، واتە هەرکەسە و بەگوێرەی گیرفانی خۆی و خوێن و خزمایەتی لە جێگەی خۆی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: AM 6:25:36 2018/17/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 121
## برای باوەژن نە دۆستە و نەدوژمن
https://www.kurdipedia.org/?q=20190204073625250060



برای باوەژن نە دۆستە نە دوژمن
باوەژن خۆی خراپ دەبێتە دایک ئینجا نۆرەی براکەیەتی ببێتە خاڵ، زۆردەمێکە گوێبیستی ئەوە بویتی کە وتراوە(باوەژن خوا بناسە) لەهەزار باوەژنی یەک باوەژن خاس دەچەرخێ و ئەوانیتر زرەیان دەگاتە کەشکەلانی فەلەک، کە باوەژن نەبێتە دایک و شوێنی دایک نەگرێتەوە ئەی چۆن براکەی ناسیاوەتی و ئاشنایەتی و دۆستایەتی بۆ ئێمە دەبێت کەواتە بۆیە دەوترێت برای باوەژن نەدۆستە و نەدوژمن واتە نە بەچاوی خاڵ لێی بڕوانە و نەبەچاوی ناحەز و دوژمن بەڵکو بەئاسایی دەبێت وەربگیرێت.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: AM 7:36:25 2019/4/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 122
## بردیان بۆ ڕاوە ژووژک
https://www.kurdipedia.org/?q=20220622212750419579



بردیان بۆ ڕاوە ژووژک
وتراویشە: لە ژوانی ژووژکانیان داناوە، لە گوندەکانی کوردستان ئەگەر کەسێکی شاری سەردانی بکردبان و خۆی زۆر پێ عاقڵتر بێت لە خەڵکی ئاوایی و خۆی دەربهێنایە، ئەوا گەنجێک یان لاو چاکێک لێی نیگەران دەبوو و دەیویست بڕی تاقی بکاتەوە و پێی دەڵێت: ئەمشە و دەچینە ڕاوە ژووژک، تۆش وەرە لەگەڵمان کارێکی ئاسانە، ئەویش ڕازی دەبوو، کە شە و دادەهات، دەیانبردە دەرەوەی ئاوایی و گونیەکیان دەدایە دەستی و پێیان دەگوت: ئە و گونیەی بگرەوە، ئێمە لە و بەرەوە لە تەنەکەی دەدەین، ژووژکەکانیش لە ترسی دەنگی تەنەکەکەی بەرە و لای گونیەکە دێن و تۆش بە هێواشی دەرکی گونیەکەی دەبەستیت، ئیتر کابرا ڕازی دەبوو ئەوانیش دەچوون لە تەنەکەیان دەدا و هەر پێدەکەنین، تا زیاتر لە یەک کاتژمێر ئە و بەزمەی پێ دەکەن، ئەوە حاڵەتە گشتاندنی بۆ کراوە و بووە بە ئیدیۆم و دەوترێت: لە ژوانی ژووژکانیان داناوە یان بردیانە ڕاوە ژووژک، واتە: کەسێکی نەفام و نەشارەزایە دەتوانرێت فێڵی لێ بکرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/22/6 9:27:50 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 123

## برسی مەنێرە بۆ نان و جوان-یش مەنێرە بۆ خوازبێنی

https://www.kurdipedia.org/?q=20190204074125250061



برسی مەنێرە بۆنان، جوانیش مەنێرە بۆ خوازبێنی
دەوترێت(سکی برسی لەهیچ ناپرسی)یان(یان برسی ئامۆژگاری وەرناگرێت) چونکە هەموو خولیاو ئارەزووی لەسەر دابینکردنی پارچە نانێکە تاوەکو گەدەی پێ پڕبکاتەوە و برسێتیەکەی بڕەوێنێتەوە، هیچ بەند و باڵۆرەیەکیش شوێنی سک خاڵیەتی ناگرێتەوە، توشی هەر نانێک بێت لوشی دەکات لە برژان و خاوی و گرمخاوی و کەڕەپوو و تاد ناپێچێتەوە، جوانیش واتە گەنج و لاو ئەگەر گەنج و لاویش بنێری بۆ بینینی کچان ئەوا هەموو کچێکیان بەدڵە و پێ جوانە تەنها و تەنانەت ئەگەر دوو داوە مووی بەسەریەوە بێت ڕازیە و پێی نەرم و نیان و شۆڕە سوار و شۆڕە ژنی خەونەکانیەتی هەر لەبەر ئەمەیە بووە بە ئیدیۆم و کورد وتویەتی(برسی مەنێرە بۆنان، جوانیش مەنێرە بۆ خوازبێنی).

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/4/2 7:41:25 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 124

## برکی گەڵاوێژ

https://www.kurdipedia.org/?q=20180926102005156260



برکی گەڵاوێژ
لەسەرەتای مانگی(ئاب) و مانگی گەلاوێژ لە باشوری کوردستان و نزیک گەرمەسێر و گەرمیان زاواوەی(برک)ی گەلاوێژ دەوترێت، ئەمەش لەدوای هەڵهاتنی ئەستێرەی(گەلاوێژ) دێتەکایەوە، بەرۆژ دونیا گەرمە و بەشەویش فێنکە و شێ دەبێتە هۆی خاوکردنەوەی گەڵا و بەرووبووم، سەرەتای وەدەرکەوتنی پایزە و خەرمانی دەغل و دان نابێت بگاتە(برکی گەڵاوێژ) چونکە خاو و چیر دەبێتەوە بۆ کوتان لەبار نابێت، بۆ گەڵاجاری توتن-یش هەر زیانی هەیە و نایەلێت تەواو وشک ببێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/26/9 10:20:05 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 125

## بزن بۆ بێرە، گاجووت بۆ گێرە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220608234608416894



بزن بۆ بێرە، گاجووت بۆ گێرە
بێر: چەقاندنی دارە، کەسێک لە سەری دادەنیشێت بۆ گرتنی سەری مەڕ و بزنەکان بۆ دۆشینیان، گاجووت: گۆلکە نێری سێ ساڵان کە بۆ گێرەی خەرمان و جووتکردنی زەوی و زار بارهێنراوە، بزن بۆ بەر بێر دەبێت و گاجوتیش گێرەی پێ دەکرێت، ئە و حاڵەتە کراوە بە ئیدیۆم و بەکاردەهێنرێت بۆ کار دابەشکردن بە گوێرەی کارزانی و لێوەشاوەیی بە سەر کەسەکان و هەرکەسە و کارێک دەبێتە پسپۆڕیەکەی وەک ئاگادارکردنەوە و بە بیرهێنانەوە و هەندێجار وەک تەوس و توانجیش بەکارهێنراوە و دەوترێت: بزن بۆ بێرە و گاجووت بۆ گێرە، هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمەش وتراوە: نان بۆ نانەوا، گۆشت بۆ قەساب. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇹🇯 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2022/8/6 11:46:08 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 126
**بزن بۆ شەوێک جێی خۆی خۆش دەکات**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220507225429413095



بزن بۆ شەوێک جێی خۆی خۆش دەکات
بزن، ئاژەڵێکی ماڵی کاوێژکەری شیردەرە، بەخێو دەکرێت بۆ شیر و گۆشت و پێستەکەی و مووەکەی، شوانکارەکانی کورد کە ئە و ئاژەڵەیان ڕاگرتووە و بەخێوکردووە، شارەزای خاسیەت و ئەدگاری بوون، بۆیە لە زۆر ئیدیۆمدا بەکاریهێناوە، زۆربەی جارانیش بۆ تایبەتمەندی نەرێنی بۆ هەندێ مرۆڤ بە کارهاتووە وەک: بزنە بە تەگەیە، دەڵێی بزنە، دەڵێی بزنی لەڕە و...تاد، لە و ئیدیۆمەدا بەرامبەر مرۆڤێکی بێباک و کەمتەرخەم و فەرامۆش(ئیهمال) بەکاردەهێنرێت کە بایەخ بە کارەکەی خۆی یان پاک و خاوێنی و ڕێکخستنەوەی خانووەکە و ماڵ و حاڵی خۆی نەدات، بۆ جولەکردن و ڕەنج و ئەرک و زەحمەتکێشان بۆ حەسانەوە و پشوودانی خۆی، بە تەوسەوە پێی دەوترێت: بزن بۆ شەوێکی جێی خۆی خۆش دەکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇹🇯 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2022/7/5 10:54:29 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 127
**بزن و عەینەکیان نەگۆتیە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200901132112387357



بزن و عەینەکیان نەگۆتیە.
بزن، ئاژەڵێکی ماڵی و کێوییە، کۆمەڵێک خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، وەک بزێوی و لاوازی و ڕەقەڵەیی و کەم شیری و قارەی بەرز، هەموو ئەوانە وایکردووە مرۆڤ لە زۆر ئیدیۆمدا بەکاری بهێنێت و بزن بکاتە نموونە وەک:(بزن بۆ شەوێک شوێنی خۆی خۆش دەکات) و(دەڵێی بزنە بەتەگەیە) و(خوا حەقی بزنی گۆڕیس لەبزنی شاخدار دەکاتەوە) و(دەڵێی بزنە)و تاد، لێرەش جارێکیتر بزن لە ئیدیۆمدا بەکارهاتووە دەوترێت(بزن و عەینەکیان نەگۆتیە) عەینەک، چاویلکەیە، هەندێک جار کەسێک زۆر بنەمای دواکەوتویی و نەفامی و کەودەنی و گەمژەیی و گەڵۆری و کەرێتی و گێلی تێدایە، یان لە کەلتورێکی دواکەوتویی پێگەیشتووە، یان لە ئاستی پلەیەکی وەزیفی وکارگێڕی و یاسایی و پزیشکی ئەوتۆدایە، ئەگەر هەڵەیەک لەسەر بنەماکانی خۆی بکات پێی دەوترێت بەخوای(بزن و عەینەکیان نەگووتیە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/1/9 1:21:12 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 128
**بژێویان لە ماڵدا نیە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171213094750143487
بژێویان لەماڵدا نیە
بژێوی واتە خلە و خەرمان و ئازووخە و دانەوێڵە و ئاردو نۆک و نیسک یان هەرشتێ کە مرۆڤ پێی بژێێت و گوزەرانی پێ بکات، ئە و ئیدیۆمە بۆ کەسێکی دەس کورت و هەژار و نەدار و ناگوزر بەکاردەهێنرێت کە عەشتەبای خوای لەماڵا نەبێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/13/12 9:47:50 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 129

**بشفرێ هەر بزنە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171109081455143114



بشفرێ هەر بزنە
بزن ئاژەڵ و باڵندە نییە، بەڵام لە و ئیدیۆمەدا وەک باڵدار ئاماژەی پێدراوە، دەگێڕنەوە لە یەکێک لە ئاوایەکانی کوردستان دوو جوتیار لە دوورییەکەوە چاویان بە ڕەشاییەک دەکەوێت یەکێکیان دەڵێت: قەڵەڕەشە و ئەویتر دەڵێت: بزنە، بە و شێوەیە هەردوو لا سوور دەبن لەسەر بۆچوونەکانی خۆیان، وردە وردە نزیک دەبنەوە و ئەوەی دەڵێت:قەڵەڕەشە بەردێک لە ڕەشاییەکە دەگرێت و قەڵەکە دەفڕێت، ئەویش دەڵێت نەم ووت: قەڵەڕەشە کابرای کە بەبزنی تێگەیشتووە دەڵێت: بەخوای بشفرێت هەر بزنە.
ئینجا ئە و ڕووداوە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی نەسەلمێن دەوترێت بەخوای بابە بشفرێت هەربزنە، واتە سودی نیە لەگەڵی بلێیت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017/9/11 8:14:55 AM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

بابەت: 130

**بگرمێنە و مەبارێنە، بخورە و مەبرە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200816120225386935



بگرمێنە و مەبارێنە، بخورە و مەبرە
هەوری پڕ ئاو دەگرمێنێت و یان بەشەستە باران یان بەنمەباران دەبارێت و هەرچی زەوی وزار هەیە ڕەباسی دەکات و هەورە تریشقەکەشی سوتێنەرە و زیان گەیەنرە، رووەک و شتومەک و ئاژەڵ و مرۆڤیش دەربازی نابێت لە زیانەکانی، بخورە: لێرەدا واتە هەڕەشە بکە و مەبرە: واتە جێ بەجێی مەکە و هیچ مەکە وەک چۆن لە بڕگەی یەکەم: بگرمێنە و مەبارێنە واتە بەگرمەگرم هەڕەشە بکە و هیچ زیانێکیش بەکەس مەگەیەنە و مەبارێنە.
لەواتا ڕاستەقینەکەی ئیدیۆمەکە دەردەکەوێت مەبەستی سەرەکی لە و ئیدیۆمەدا ئەوەیە بۆ ئاڕاستەکردنی نەوەیەکی نوێ هەندێک خۆگفکردنەوە و گەف بکە بەڵام پەیرەوی لێ مەکە، یان لە ناوکۆمەڵگا و حەشیمەتی خەڵکی ڕەمەکی و ڕەشۆکی خۆ دەرهێنانەک بۆ تواناکانت بکە و هیچیش مەکە تەنها بە زار و قسە و خۆگرژکردنەوە بێت، چونکە دەرئەنجامی تریشقە و برین بۆ خۆ دەربازبوون و پەروەردەکردن و خۆ دەرهێنان نابێت و کارەساتی لێ دەکەوێتەوە کارەکەت بەرهەمێکی نابێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 2020/16/8 12:02:25 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 131

## بلوێر بەزێنە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171214082936143504

بلوێر بەزێنە

بلوێری جێ میزی مناڵ لە بێشکە و لانکەدا لە قەمیش یان پلاستیک دروستدەکرێت، هەندێک مناڵ جولە و بزاوتیان زیاترە و زوو زوو میزیان لە بلوێرەکەوە سەر دەکا بە و حاڵەتە دەوترێت مناڵەکە بلوێرەکەی بەزاندووە، بەڵام کە بووە کورێکی تەواو یان پیاو یان کەسێکی پێ گەیشتوو بە بزاوت و بزۆک و بزۆز و بێ ئۆقرە و بێ ئارام و دانەسەکناو و نارەحەت دەوترێت بەخوا کەسێکی(بلوێر بەزێنە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 2017/14/12 8:29:36 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 132

## بن گۆمی گرت

https://www.kurdipedia.org/?q=20171012100911142879

بن گۆمی گرت

ئەگەر شتێک بکەوێتە بن گۆمێکی قوڵەوە ئەوا دۆزینەوەی زۆر ئاستەم و قورس دەبێت، بۆ کارێکی لە دەستچوو دەوترێت بن گۆمی گرت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/12/10 10:09:11 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 133
**بنە مۆم**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200826232649387228



بنەمۆم
بنەمۆم، کاتێک مۆمێک دادەگیرسێت و هەمووی دەسوتێت تەنها ژێرەکەی دەمێنێتەوە، هەڵبەت ئەویش ئە و رەونەق و جوانیەی پێش گرتێبەربوونەکەی نامێنێت و دەبێتە تۆپەڵێکی تواوەی نارێک و شێوە جۆراوجۆری زەرد و بۆری ناچونیەک، بەکەسێکی کورتیلەی ناشیرین دەوترێت(بنەمۆم).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/26/8 11:26:49 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 134
**بنە کوندە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200826232445387227



بنە کوندە
کوندە لەپێستی ئاژەڵ دروست دەکرێت و دوای خۆشکردن و بەکارهێنانی و خستنە سەر کوندەلان، ڕەنگی ڕەش ڕەش دەبێتە ئینجا ژێرەوەی کوندە، کە بنەکوندەشی پێ دەوترێت خرپێلەیە و توند بەستراوە بۆ ئەوەی ئە و ئاوەی تیایەتی نەڕژێت، بەهۆی زۆر بەکارهێنانەوە، قەوزەی شینی لێ دەدات و ڕەنگی سەوزێکی تۆخ و مەیلەوڕەش دەبێت، ئینجا بەکەسێکی ڕەشی قەڵەوی کورتیلە دەوترێت(بنەکوندە) واتە ڕەش و خرپلە و کورتیلەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2020/26/8 11:24:45 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 135

**بە قسە ئاڵی زەنگانە، بەکردەوە ڕیخ لە لنگانە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190418083227285594



بە قسە ئاڵی زەنگانە، بەکردەوە ڕیخ لە لنگانە
دەسماڵ سپی سابوون بە قەرز، ئانی پێ خوێ دەخوات تری سوێر دەکات، ئەمانە ئە و ئیدیۆم و پەندانەن کە بۆ کەسی هەژار و دەست کورت و بێ دەرەتان و برسی و ڕەش و ڕووتی بێ چارە بەکارهاتوون کە بەخۆیاندا هەڵدەدەن و ستایش و پیاهەڵدانەکان لەگەڵ داکەوتەی ژیان و گوزەرانیان یەکناگرێتەوە بۆ نمونە(بە قسە ئاڵی زەنگ-انە) واتە بەقسان لە وەچە و خانەوادەی زەنگین و دەوڵەمەندانە، بەکردەوە و داکەوتەی سەر زەویدا(ڕیخ لە لنگ-انە) واتە لە بەر هەژاری و دەست کورتی ڕیخی گایەل و مانگا و چێڵان لە دیواری(هۆڕ-گەوڕ)ی ئاژەڵان دەدات بۆ ئەوەی ببێتە(لاس-سەرگین) خۆیی و ماڵ و منداڵی پێ گەرم بکاتەوە یان شیری مانگای پێ بکوڵێنێ هەر لەبەر ئەمەیە بەکەسە هەژارە بەخۆهەڵدەرەکان بە ئیدیۆمەوە دەوترێت(بەقسە ئاڵی زەنگانە، بەکردەوە ڕیخ لە لنگانە).

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2019/18/4 8:32:27 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 136

## بوار بەباران گەرەک بەژنی جوان مێگەڵ بەنێری

https://www.kurdipedia.org/?q=20190317073534281824



بوار بەباران گەرەک بەژنی جوان مێگەل بەنێری
بوار واتە بوهار و بەهار، ساڵی خۆش و پڕ باران نەبێت بەهاران دونیا سەوز و تەڕ نابێت، گەرەک-یش ئەگەر ژنێکی جوانی لێ نەبێت ئاوەدان وکۆمەلایەتی و پڕ باس و خواس و کۆڕ و کۆبونەوە نابێت، مێگەڵ-یش ئەگەر نێرییەکی جوانی نەبێت ئەوا ئە و کارونزانانەی لە ڕانەکە دەکەونەوە قرغ و خاپەڕۆک و ئایەغ و نابووت و نارەسەن و پەڕپوت دەبن و چ مێگەڵەکی جوان نایەتە بەرچاوان، هەر بۆیە کورد هەرسێ حاڵەتی بەدیدەگرتووە و فەرمویەتی(بوار بەباران و گەرەک بەژنی جوان و مێگەڵ بەنێری).

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/17/3 7:35:34 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 137

## بوخچەی نەکراوەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171214083041143505

بوخچەی نەکراوەیە
بەربەختەشی پێ دەوترێت لە زمانی کوردیدا بوخچە هەندێک پڕێسکەی گەورە و بچوکە یان پارچە پارچەیە، یا پارچە پەڕۆیەکە کەلوپەلی تێدەکرێت، ئینجا ئەگەر پڕێسکەکە یان بوخچەکە توند گرێ بدرێت نازانی چی تێدایە، لێرەدا بۆ کوڕ یان کچی عازەب کە هێشتا شووی نەکردبێت یان کوڕە ژنی نەهێنا بێت پێیان دەوترێت بەربەختە یان(بوخچەی نەکراوەیە) واتە هێشتا نەچۆتە ماڵی خۆیی و نەشویکردووە نە ژنی هێناوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/14/12 8:30:41 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 138

## بوو بوو، نەبوو کەڕەپوو

https://www.kurdipedia.org/?q=20210305204027392066



بوو بوو، نەبوو کەڕەپوو
هەر لەسەر کەڕەپوو وتراویشە(ئیمانی سوکە هەروەک کەڕەپوو) کەڕەپوو بەفرێکی تەنکە و زوو دەتوێتەوە و زۆر خۆی ناگرێت و نامێنێتەوە، ئەوەش بووە بە ئیدیۆم ئەگەر زۆر بەتەمای کارێک یان ئیشێک نەبیت، هەوڵێکی ئاسایی بۆ بدەیت دەوترێت ئە و کارە بکە بوو بوو نەبوو کەڕەپوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2021/5/3 8:40:27 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 139

## بووک گەیشتە ناو داڵان خەسو وەک وورچ دەیناڵاند

https://www.kurdipedia.org/?q=20190323085858282777



بووک گەیشتە ناو داڵان خەسو وەک وورچ دەیناڵاند
هەندێک ووشە هەن وەک دژیەکیان لێ هاتووە لەوانە(بوک و خەسو) و(مشک و پشیلە) و(دۆست و ناحەز) تاد، بوک لە کوردەواریدا بە هاوژین و هاوسەری کوڕی ماڵ وتراوە، خەسو-ش دایکی کیژ و کوڕە دەگرێتەوە، کەم ڕێکەوتووە بوک و خەسو کۆکبن بەڵکو بەدرێژایی تەمەنیان ناتەباو نارێک و نەگونجاون بەیەکەوە، ئینجا لەهەمووی سەیرتر ماوەیەکەوە بوک-یان کیژان ئۆینباز بوون و لەدوای خەسوو وشەی گیان بەکاردێنن وەک(خەسوگیان) هەڵبەت ئەمەش ئیدیۆم و کینایەکی مەبەستداری مەکربازیانەی نویٚ یە کیژان فێری بوون ئەگەر نا خەسو و گیان عەرەب وتەنی(کوجامەرەحەبا) چونکە ئە و دووانە تا ڕۆژی قیامەت و پەسڵان ناتەبا-ن، بەهۆی ئە و ناتەبایی و قسەی یەکتریان ژانە سەرە بۆیە کورد وتویەتی(بووک گەیشتە ناو داڵان خەسو وەک وورچ دەیناڵاند

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 8:58:58 2019/23/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 140
## بووکەکەمان زۆر جوانە، بالوکەی لە لێوانە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220507230152413099



بووکەکەمان زۆر جوانە، بالوکەی لە لێوانە
بووک: کیژێکە تازە مارە کرابێ و بە شوو درا بێت، لە سەروبەندی دەزگیرانی و گواستنەوە و زەماوەندیدا هەر بووکە، لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا تا درەنگانێک کە کوڕ و کچیشیان پاچەڵ و گەورە دەبێت هەر دەڵێن: بووکی حاجی خدری یان بووکی پوور ئایشێ، بالوکە یان بالووک یان بالوویک: گرێیەکی بچکۆڵانەیە لە جەستەی گیانداران پەیدا دەبێت، لە دەست و قاچ و دەم و لێوی مرۆڤیش دێت، لە و ئیدیۆمەدا بووک و بالووکە ڕۆشناییان خراوەتە سەر: بووک جوانییە و بالووکەش نارێکییە، بەتایبەت کە لە شوێنێکی دیاری وەکو دەم و لێو بێت، ئە و ئیدیۆمە بەکاردەهێنرێت بۆ کەسێک یان کارێک کە لە هەموو بوارەکەوە لێهاتوو نەبێت، بەڵکو خاوەنی پەڵە و هەڵەشەیی و نەنگیی و خاڵی خراپ و ناشیرینیش بێت، بەتەوسەوە وتراوە: بووکەکەمان زۆر جوانە، بالووکەی لە لێوانە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄️ سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 11:01:52 2022/7/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 141
## بووە بە مەیدانی نێرەکەری حاجیاوا
https://www.kurdipedia.org/?q=20220619124141419111



بووە بە مەیدانی نێرەکەری حاجیاوا
لە دەشتی بیتوێنێ شارەدێی(حاجیاوا) تاوەکو سەرەتایی سەدەی بیست و یەک مەیدانێکی گەورەی فرۆشتن و خستنەرووی وڵاغە بەرزە و بارەبەری هەبوو، هەموو ناوچەکانی بیتوێن و پشدەر و مەنگوڕایەتی و خۆشناوەتی و بناری کۆسرەت و کۆیە و...تاد کەر و ئێستر و ئەسپ و وڵاغەکانیان بۆ ساغکردنەوە و فرۆشتن بردووە بۆ ئە و مەیدانە، هەڵبەت مەیدانێک زۆرترین نێرەکەر و ماکەری لێ کۆبکرێتەوە شیڕە و زەڕە و زەڕینی نێرەکەر دەچێتە کەشکەلانی فەلەک لەگەڵ هات و هاوار و دەنگی دەلالان تێکەڵ دەبوو، کورد وتەنی: سەگ ساحێبی خۆی ناناسیەوە، ئە و حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم و لە وراتی کۆیە، ئەگەر ماڵێک کچە عازەبیان هەبێت وگەنج و تواری ئە و ئاواییە روویان تێ بکەن و ماڵیان بەردەوام پڕبێت لە کۆرەبژ و جحێڵان بەتەوسەوە پێیان دەوترێت: بووە بە مەیدانی نێرەکەی حاجیاوا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆیە

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()

کاتی تۆمارکردن: 2022/19/6 12:41:41 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 142

## بووە بەشوانەکەی، حەق نادیاری

https://www.kurdipedia.org/?q=20211230071020399833



بووە بەشوانەکەی، حەق نادیاری
لە کوردەواریدا هەر کەسێک شوانی بکردبوایە، حەقەشوانی پێدەدرا، زۆرجاریش وا رێک دەکەوت کورپشکەیەک، خاوەن مەڕوماڵات بەڵێنی ئەوەی پێدەدرا، کیژێکی پێدەدەن ئەگەر ماوەی حەوت ساڵان شوانی بکات، کوڕەش لەبەر خاتری نازدار حەیرانێ یەک رۆژەی بەدوو رۆژە و یەک ساڵەی بەدوو ساڵە دەبرد بەڕێوە و شوانیەکی باشی بە ئومێدی بێری خان دەکرد و بەرگەی گەرما و سەرمای هاوین و زستانی دەگرت، کە ماوەکە تەواو دەبوو، بیانویەکیان دەدۆزییەوە و هەرجارەی قسەیەکیان دەکرد و شوانەیان دەخافڵاند تاوەکو کیژەکەیان بەمێرد دەدا، شوانەکەش ڕەنجی بەفیرۆ دەڕۆیشت، ئینجا ئەوە بووە بەئیدیۆم و بەکەسێکی ڕەنجەڕۆ و فریودراو دەوترێت بووە بەشوانەکەی حەق نادیاری.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()

کاتی تۆمارکردن: 2021/30/12 7:10:20 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 143

## بووە بەمووی کونە لوت

https://www.kurdipedia.org/?q=20170921103301142665



بووە بەمووی کونە لووت
لووتی هەموان وەکو کونەکانیتری مرۆڤ دەوروبەر و قەراغەکانی پڕییەتی لەموو، ئە و مووانە بە زەل و قامیشی شیوەرۆک و نمرگە ئاوان دەچێت، بوون بە پارێزەر و ڕێکخستنی ڕژێنەکانی، ئە و مووانە زیادبن یان کەم بەکەموکورتی دادەنرێت و کۆسە و پرموو هەر بەنەنگی هاتۆتە بەردیدە، تا ئێرە قسەکردنە لەسەر موو، ئینجا مووی کونە لووت، هەندێجار وارێک دەکەوێت موویەک لە کونی لوتەوە دێتە دەرەوە و مرۆڤ لەدوورەوە دەیبینێت و واهەست دەکات سەر ڕێگەی لێگرتووە، هەندێکجار کەسێک لە هەمووکات و ساتێک وشوێنێک ئامادەیە، دەچیە بازاڕی لەوێیە، دێیەوە گەڕەکێ هاتۆتەوە، لەزەماوەندێ لە پرسەدا لەکۆڕ و کۆبونەوە لەسەرکانی پیاوان لەڕێ کانی ژنان و بەرمزگەوتێ و سەرقەبران، جگە لەمەش هەندێک جار کەسێک ڕێگری سەرەکییە لە ئەنجامدانی کارێک بەهەموو ئەمانە بە ئیدیۆمەوە دەوترێت فلانە کەس بووە بەموی کونە لووت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: 2017/21/9 10:33:01 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 144

**بووە تری ناو ڕانک**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170920151435142647

بووە تری ناو ڕانک
دیارە ڕانک و چۆغە لەدێر زەمەوانەوە کورد پۆشیویەتی، تریش با و بزی ناو ڕیخۆڵەکانە و لە دەرچەوە بەدەنگێکی بەرزەوە بەڕەڵا دەکرێت، مرۆڤ کە توشی هات و لە پێی دەرچوو لەناو کۆڕ وکۆبونەوەدا هیچ گومانی تێدا نیە هەم دەنگ و هەمیش بۆنە گەنیوە هێڵکەییەکەی بڵاو دەبێتەوە بەمەش ئارەقەی شەرمەزاری دایدەگرێت و کورد وتەنی حەیا بەرەیە، بۆیە ئەگەر کارێک لەدەست دەرچو و ڕوووبدا و خەڵک پێی زانی و دەنگیشی دایەوە وجێگەی شەرمەزاریش بێت ئەوا ئە و کاتە دەوترێت بووە تری ناو ڕانک.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/20/9 3:14:35 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 145
## بووە گانە سە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220521221615414545



بووە گانە سە
سەگ یەکێک لە و ئاژەڵانەیە کە کاتی جووتبونی بە ئاشکراو و بەبەرچاوی خەڵکیەوە، بە مەراسیمێکی قەرەباڵغەوە ئەنجام دەدات، گۆڵە و گەماڵی هەموو ناوچەکە بەدوای ئە و دێڵەبەبایە دەکەون و وەک نۆرەگرتن بەدواوەی دەبن و هەرجارەی کام سەگ خورت و بەهێز و سم سووراوەیە دەکەوێتە دەڵەکە و دەنوسێت، بۆ ماوەیەک دێڵە بەبایەکە توند چووکی سەگەکە دەگرێت، تا حاڵەتی ئۆرجازمی(ئەوپەڕی چێژ وەرگرتن)ی تەواو دەبێت، هەڵبەت بۆ سەگە گەماڵەکە ئەوە کارێکی قورس و زەحمەت دەبێت و کاری نەنگ دەکەوێت، ئە و حاڵەتەی جووتبونی سەگ بۆ دوو مەبەست کورد کردویەتی بە ئیدیۆم، یەکەمیان: بۆ کارێک ئەگەر بێتە گرێ کوێرە و عاسێ بوون لە کارێک ڕوبدات دەوترێت: ئەوە چ بوو، بووە گانە سە، دووەمیان: ئەگەر نۆرە و سرە گرتنێکی زۆر بێ بۆ وەرگرتنی شتێک و بەر نەکەوێت، وەکو نۆرەگرتنی گەماڵەکان بۆ نوسان بە دێڵەکەوە دەوترێت: بەخوای بووە گانە سە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆیە
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/21/5 10:16:15 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 146
## بووە یاسینی گۆڵکێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20171109075236143106

کردیانە یاسینی گۆڵکێ
یان(بووە یاسینی گۆڵکێ) کاتێک مانگایەک لە گارانەکەی بەهەر هۆیەکەوە دابڕابوایە خاوەنی مانگاکە دەچووە لای مەلا و نوشتەچی و خێرخوای گوندی بەڵکو دوعای دەم بەستانی گورگی بۆ بکات، ئیتر دیارە لە نەخۆشکەوتنی گا و مانگا و گۆڵکیش پەنایان بۆ یاسین خوێندن بردووە وەک بیروباوەڕێک بۆ ئەوەی بەنزا و پاڕانەوە گۆڵکەکەیان چاک ببێتەوە، ئینجا ئەگەر هاوشێوەی ئە و حاڵەتە زۆر بوایە دەگوترا ئەوە چیە بووە یاسینی گۆڵکێ، ئەم ئیدیۆمە ئێستاش زۆر بەکار دەهێنرێت لە زۆر

گوتن لەسەر بابەتێک و چیرەدان و درێژبوونەوە زۆر ئیدیۆمی لە و شێوەیەش هەیە وەک(خوێنی کراسەکەی عوسمان و خوێنی سیاوەحش).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: ⬇ باشووری کوردستان

ولآت: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/9/11 7:52:36 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 147

## بووە ڕێی شامێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20200916220001387995



بووە ڕێی شامێ

لەکۆندا کوردی موسڵمان دووترین ڕێگەی نێوان شام و شارەزوور بووە، بۆ فەریزە و ئەرکی جێبەجێکردنی(حەج) بەپێیان و بەپشتی ووڵاغ و حوشتر و کاروان و قەتار بووە، ئە و ڕێگەیە توش بووە لە گەرما و سەرما و بڕینی بیابان و تێنوێتی و برسێتی و چەتە و چەتەگەری و تاد لە و ڕێگایەدا هەبووە، ڕێگایەکی ئاسان نەبووە سەفەر و ڕێبواری ئە و ڕێگایە، ئینجا ئە و ڕێگای شامە بووە بە ئیدیۆم بە کەسێک دەوترێت کە شتێک زۆر دوور بخاتەوە، یان ڕێیەکی کورت هەر نەبڕێت و بە تەوس و گاڵتەوە دەڵێن چییە بووە ڕێی شامێ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/16/9 10:00:01 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 148

## بووە کەری نیوە زەڕ

https://www.kurdipedia.org/?q=20220302212433406782



بووە کەری نیوە زەڕ
وتراویشە:نیوە زەڕیان کرد، نیوە زەڕیان کرد، هەڵبەت زەڕین دەنگی نێرەکەرە، دەنگێکی گەورەیە و گوزارشت و پەیامە، ماکەر و نێرەکەر تێی دەگەن، بۆ خرپنازکردن و سمڕسمڕ و پێ کوتانیش خۆی پێ دەردەخات بەتایبەتی ماکەرێک ببینێت چ لە دۆخی قەوچین و بە تەڵەب بێت چ ئاگای لە هیچ نەبێت، خاوەنەکەشی هەندێکجار لێوەی نزیکە و لە قەوچە وچەنەی دەداتەوە، بەمەش نیوە زەڕ دەبێت، ئینجا ئەوە بووە بە ئیدیۆم و ئەگەر کەسێک بە پەرۆشەوە بیەوێت قسەیەک بگێڕێتەوە و قسەکەی پێ ببڕن خۆی بەگاڵتەوە دەڵێت: نیوە زەڕتان کردم، خۆ ئەگەر کەسێکیش زۆر خۆی هەڵبکێشێت بۆ ئەنجامدانی کارێک و دەست بەکارەکەی بکات و نەهێڵن تەواوی بدات بەتوانج و تەوس و لە تەنگەدانەوە دەوترێت:
بووە کەری نیوە زەڕ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ☀ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/2/3 9:24:33 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 149
## بویتە بنیشتە خۆشەی سەر زاران
https://www.kurdipedia.org/?q=20180104075841143749
بویتە بنیشتە خۆشەی سەر زاران
هەروەها دەوترێت(بووە بە بنێشتە خۆشکەی سەر زاران) واتە کەسێک بکەوێتە ناو زارانەوە وەک بنێشت، بنێشتیش خۆشکە و بەچێژ و بەتام و شیرینە، خۆش واتە بە لەزەت، ئینجا ئە و بنێشتەی لەناو زاران بێت بەردەوام دەجورێت و ئەوبەر و بەری پێدەکرێت، ئەمە زیاتر بۆ کارێک یان هەڵوێستێک یان رەفتارێکی کۆمەلایەتی خەڵکی بێکار و حەتاڵ ئەوەندەی بێنن و ببەن و زۆر باسی بکەن پێی دەوترێت ئەوەچی بوو بووە(بنێشتە خۆشەی سەر زاران).


تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ☀ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/4/1 7:58:41 AM

بابەت: 150

## بوکێ وەرتیانە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220221210008405931



[1]بوکێ وەرتیانە
خەڵکێ وەرتێ کیژ و کوریان پاک و خاوێن و حەز بە دڵتەڕی و شیکی و پۆشتەوپەرداخی دەکەن، دەوترێت کە کچەکانیان مێردی دەکەن زۆر خۆیان بۆ مێردەکانیان ڕێک دەخەن و پاک وخاوێن و ڕۆژێ دوو بۆ سێجار خۆیان دەشۆن، ئینجا ئەگەر کەسێک زۆر دڵی تەڕ بێت پێی دەوترێت: بوکێ وەرتیانە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/21/2 9:00:08 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 151

## بیت بە میر خوانەکەی لە ویر

https://www.kurdipedia.org/?q=20180125100533144266

بیت بە میر خوانەکەی لە ویر
ئەمە شێوەزاری لوریە لە گوندەکانی شارەدێی سێگردکانی شارۆچکەی کۆیە بەتایبەت لە ئاوایی ئۆمەرگومبەت بەکاردێت مەبەست لە و دەربڕە ئەوەیە دەبێت هەردەم شوکرانە بژێری خوای خوڵقێنەری ئاسمان و زەوی بیت، چونکە هەر ئە و تۆی لە نەبونەوە دروستکردوە و ئەویش تۆی کردووە بەمیر و هەر ئەویش دەتکاتەوە گەدا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/25/1 10:05:33 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 152

**بڕکیان تاڵە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20210106113411390758



بڕکیان تاڵە
بڕک واتە پنج و بنە گیاوگۆڵ و ڕووەک، زیاتر لە بێستان چاندنی گندۆرە و ترۆزی دەوترێت(بڕکە گندۆرە و بڕکە شارۆخ و تەرۆزی) ئەوانەی بێستانیان چاندووە زۆر چاک دەزانن هەندێ بڕک چ گندۆرە بێت چ تەرۆزی بڕکیان تاڵە واتە ئە و بەرهەمەی دەیگرن زۆر تاڵە و وەک ژەقنەبوتییە، بەتایبەتی(شارۆخ و تەرۆزی) ئەگەر دانەیەکی تاڵیان بخۆیت وا هەست دەکەیت تاڵی هەموو بێستانەکە لەناو ئە و ترۆزیەدا کۆکراوەتەوە، بەکەوچێک بۆ دوو کەوچک هەنگوین ئینجا تام و چێژی تاڵیەکە ناڕوات، ئە و بڕک تاڵیە کراوە بەئیدیۆم بەکەسی خراپ و شەڕانگێز و ناکەس بەچە و نامەرد و ناپیاو و بودەڵە و هیچ و پوچ کە لەباب و باپیرییەوە ئە و نامەردییەی بۆ مابێتەوە دەوترێت هاوڕێیەتیان مەکەن ئەوانە(بڕکیان تاڵە) واتە بەخانەوادەوە لە(بڕکە)وە تاڵن چۆن خۆیان بەرهەمی شیرینیان دەبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2021/6/1 11:34:11 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 153

**بکەویە بەر پێیان، نەکەویە سەر زاران**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181217060328181610



بکەوە بەر پێیان نەکەوە سەرزاران(بکەویە بەرپێ-یان، نەکەویە سەرزار-ان)
زۆر گوێت لێبووە وتراوە کۆمەڵێک(حاجی) کەوتونەتە بەر پێیان و گیانیان سپاردووە، یان وتراوە سمکۆڵانی وولاغەبەرزە زەوی و زارەکانی نەهێشتین یان هەوڵدراوە زەردەشت بخرێتە بەردەمی کۆمەڵێک گای خورتەوە تاوەکو پان و پیلیق بکرێتەوە، کەوتنە بەرپێیان جگە لەوەی بەئازار و ئەشکەنجەیە گیان سپاردنیشی بەدواوەیە، ڕووبەنەوەی ئاژەڵ و مرۆڤ لەیەکدی دەکەن چونکە هەردووک گیانەلایانە بۆ ژیان و لەمەترسیەکاندا وەک یەک دەڕەونەوە و ئەوەی بکەوێتە بەر پێیان پێی لێ دەنێن بۆ دەربازبوونی خۆیان، بەڵام جیاوازی مرۆڤ لەوەدایە کە قسەکەرە و زمانی بەخراپ و چاک دەگێڕێ، زمان خراپییەکەی لە جەنجەڕ و کاکوت و کەوتنە بەرپێیان خراپتر دەهارێت و کەسایەتی مرۆڤ دەتوانێ بکاتە کاوکۆت و سوک و ریسوای بکات بۆیە کورد لەدرککردنی بەم حاڵەتە وتویەتی(بکەوە بەرپێیان، نەکەوە سەرزاران)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 12/17/2018 6:03:28 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 154

**بۆ ئەوەندە قوون قوچاوی**

[https://www.kurdipedia.org/?q=20170926132839142736](https://www.kurdipedia.org/?q=20170926132839142736)

بۆ ئەوەندە قوون قوچاوی
دەست قوچاوە، واتە مرۆڤێکی قرچۆک و(ڕەزیل)ە، یان وتراوە(ڕق لە ددانی خۆیەتی) چونکە پێی دەخوات و خەرجی دەوێت یان وتراوە(گوی ناکات تاوەکو نەخوات) ئینجا لێرەدا قون قوچاو بۆ ئە و دەربڕینەیە کە قرچۆکی و پیسکەیەکەی زیاترە بۆیە قونی خۆی دەقوچێنێت تا هیچ خەرجی نەبێت بۆ خواردن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 9/26/2017 1:28:39 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 155

**بۆ باجی حەلاوی باس بکە**

[https://www.kurdipedia.org/?q=20190112075502190964](https://www.kurdipedia.org/?q=20190112075502190964)



بۆ باجی حەڵاوی باس بکە
دەگێڕنەوە لەم شاری(سلێمانی)یەی خۆمان پورە(حەلاو)ناوێکی جولەکەی دوکاندار هەبووە، ووردەواڵەی فرۆشتووە، خەڵکی شار بە(موسڵمان و گاور و جولەکە)وە خۆشیان ویستووە و کڕیاری کەل و پەلەکانی بوون، بەڵام ئەم پور حەلاوە گوێ-ی زۆر گران بووە، هەر کەسێک گفتوگۆ و قسەی لەگەڵ کردبێت ئەوا زۆر درەنگ حاڵی بووە یان هەر حاڵی نەبووە، بۆیە ئەگەر قسەیەک جێگەی(وەرگرتن) نەبێت یان(باوەڕ) پێکردن نەبێت دەوترێت(بڕۆ بۆ باجی حەلاوی باس بکە؟!) یان دەوترێت بابە(دەڵێی بۆ باجی حەلاوی باس دەکەیت؟).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2019/12/1 7:55:02 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 156

## بۆ بەرخی هەژار چ گورگ چ سوار

https://www.kurdipedia.org/?q=20211218112730398829



بۆ بەرخی هەژار چ گورگ چ سوار
دەگێڕدرێتەوە کە جارێک گورک لەڕانە مەڕێک دەدات و بەرخێک لەگەڵ خۆی دەبات و سوارمایینێکیش بەوناوە دەڕوات و بەخێرایی و چاپوکی بەرخەکە لە گورگەکە دەستێنێتەوە بەڵام بۆخۆی لەگەڵ خۆی دەیبات، شوانەکەش دەڵێت: بۆ بەرخی هەژار چ گورگ چ سوار، ئەوە بووە بەئیدیۆم و بۆ چەوساندنەوە و زوڵم و زەوتکردن و داگیرکاری دەوترێت چ دوژمن و چ دۆست چ هاوزمان بێت یان بێگانە ئەگەر زوڵم بکات چ بە عەگاڵەوە بێت چ بەجامانەوە هەر زوڵمە بۆیە کورد بۆ ئە و حاڵە فەرمویەتی(بۆ بەرخی هەژار چ گورگ و چ سوار).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی


کاتی تۆمارکردن: 2021/18/12 11:27:30 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 157

## بۆ پارەی، بن سێبەری هەوری

https://www.kurdipedia.org/?q=20220219110831405588



بۆ پارەی، بن سێبەری هەوری
پارە و پول و دراو بەنرخ و گرانبەهان و دەستکەوتنیان ئاسان نییە، پێویستی بەرەنج و زەحمەتکێشان و رەنجبەری هەیە، بۆیە هەڵگرتن و پاشەکەوت کردنی پێویستە، ئینجا دەگێڕنەوە لە و وراتی کوردەوارییەی خۆمان، کەسێک پارەی لە ژێر بەردێک دەشارێتەوە کە(کەوەرۆژ)ی لەسەرە، واتە سێبەری هەوری داپۆشیووە، یان بڵێین: هەوری کردووە بە نیشان بۆ دۆزینەوەی، هەر بۆیە ئەو نەزانی و کاڵفامیە بووە بە ئیدیۆم و بە نەزانی شت هەڵگرتن و بیرۆکەی منالانە و نەفامانە دەوترێت: بۆ پارەی بن سێبەری هەوری.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/19/2 11:08:31 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 158

## بۆ قاوەڵتی نەوەک دایکوتی

https://www.kurdipedia.org/?q=20171230095521143658

-بۆ قاوەڵتی نەوەک دایکوتی
قاوەڵتی یان قاوەلتبوون: چێشتەنگاو، نێوانی نانی بەیانی و نانی نیوەڕۆیە.
داکوتین: جێنشین بوون و مانەوە لە بیست و چوار کاتژمێر زیاتر و بەسەرەوە
بەکەسێک دەوترێت کە میوانیەکەی بگەیەنتە حاڵەتی جاڕس بوون واتە دیدەنی دۆست بەسعات و نەبیە مایەی هەراسانکردن و بێزارکردنی بۆیە لە دەربڕی کوردەواریدا ووتراوە(کورە بۆ قاوەڵتی نەمگوت پێی داکوتی).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | □ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 9:55:21 2017/30/12


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 159

## بۆ گیسکێک گایەک مردار مەکەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190131073050242317



بۆ گیسکێک گایەک مردار مەکەوە
زۆر ئیدیۆم وەک ئامۆژگاری هاتووە وەک(ئاو بتبات لەپردی نامەرد مەپەڕەوە) ئەم ئیدیۆمەش ڕێنوێنی و ڕێنمایی گرتۆتە خۆ، بەراوردی دوو ئاژەڵ دەکات لە ڕووی سود و توانا و قەبارەیان بۆ نمونە(گیسک) بێ تەنگ و توش و قەبارە بچوک و توانا لاواز و بێ گۆشتە، لەبەرامبەردا(گا) قەڵە و و هەوجارِ ڕاکێشت و جوتیار و گاگێرە و پرگۆشتە، مەبەستی سەرەکی ئیدیۆمەکە ئەوەیە بۆ شتێکی بچوک شتێکی گەورە لە کیس خۆت مەدە یان بۆ شتێکی هەنوکەیی و خراپ شتێکی هەتاهەتایی و باش لە دەست خۆت مەدە یان روونتر بۆ ئامانجی گەورەتر هەوڵبدە نەوەک کاری بچوک و شتی خراپ.

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | □ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 7:30:50 2019/31/1


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 160

## بۆ نانێک ماڵی خۆی جیاکردەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190131073956242318



بۆ نانێک ماڵی خۆی جیاکردەوە
نان ئە و خۆراکەی هەموو مرۆڤێک هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات چ بە ڕێگەی دروست یان نادروست، ناتوانین بەبێ زاد و نان هەڵبکەین و چیرۆک و بوبووی زۆریش هەن بە هۆکاری لە بەهەشت وەدەرچونی ئادەم و دایکە حەوای دادەنێن، هەر بۆیە تا ئێستا نەوەکانی ئادەم(ئادەمیزاد) هەر بەچاوی دەست کەوت سەیری ئەم زاد و قوت و نانە دەکەن جارێک بۆ نانێک خۆیان لەبەهەشت وەدەر دەنێن و بۆ نانێکیتر خۆیان دەدەن بەکوشت و هەندێجاریش بەهای خۆیان لەمرۆڤەوە لەدەست دەدەن بەوەی بۆ بەدەستهێنانی نان(قۆچ و چرنوک و گەزگرتن و شمشێر و چەک) بەکاردەهێنن یان شان وباڵ و بەئارەقەی نێوچەوانەوە بەرهەمی دێنن، ئەم حاڵە زۆر ئیدیۆم و پەند و دەربڕی لێ دروستبووە ئەم ئیدیۆمە نمونەیەکە گوزارشتیە و مەبەست تێیدا ئەوەیە مرۆڤ نابێت بۆ پاروە نانێک خۆی لە دۆست و خزم و خوێش و نەتەوە و میللەت و هاوسێ و کەس وکاری خۆی جیابکاتەوە چونکە ئە و پاروە هەر دەست دەکەوێت نەوەک بە و شێوەیەی ببێتە مایەی نیگەرانی و دڕدۆنگی و دوورکەوتنەوە لەیەکتری.

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:39:56 2019/31/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 161

## بۆ کوێر چ شەو، چ ڕۆژ

https://www.kurdipedia.org/?q=20211218114134398832

بۆ کوێر چ شەو، چ ڕۆژ
بۆ ئومێد و هیوا وتراوە:کوێر تا دەمرێت بە تەمای دوو چاوی ساغە، کوێر لە ئیدیۆم و پەندی کوردەواریدا جێگای کراوەتەوە و بە نمونە هێنراوەتەوە، لێرەدا کە دەوترێت: بۆ کوێر چ شە و چ ڕۆژ واتە هیچ جیاوازییەکی نییە چونکە ئە و هەر چاوی نابینێت و بۆ ئە و بیست و چوار کاتژمێرەی خودا هەر شەوە، کەواتە ڕۆژ بەدەرەوە بێت یان نا بۆ کوێر وەکو خۆیەتی، ئینجا کورد ئەگەر گۆرانکارییەک لەبارودۆخێک بێتە کایەوە و هیچ سودێکی نەبێت، خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت و بارودۆخیان هەروەکو خۆی بێت، بەکینایە و درکەوە دەوترێت: بۆ کوێر چ شە و چ ڕۆژ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 11:41:34 2021/18/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 162

## بۆتە ئەسکوێ لە هەموو چێشتان هەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171212072404143466

بۆتە ئەسکوێ لە هەموو چێشتان هەیە
ووتراویشە لە هەموو هیزەیەک ئەسکووە، ئەسکو یان ئەسکوێ کەوچکێکی گەورەی کلک درێژە ئەم ئیدیۆمە بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت کە لەهەموو بابەت و کار و کۆڕ وکۆبونەوە و گروپ و کۆمەڵە و ڕێکخراوێکدا ئەندامە و قسە و هەڵوێستی

خۆی هەیە بەتەوسەوە بە و ئیدیۆمە گوزارشت لە جارسی دەکرێت و بە بێزارییەوە پێی دەوترێت(بۆتە ئەسکوێ لە هەموو چێشتان-یان-هیزەیەک هەیە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/12/12 7:24:04 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 163

**بۆرە پیاوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171214083143143506

بۆرە پیاوە

بۆرە پیاو بە و پیاوە دەوترێت کە ڕەمەکی و ئاسایی بێت و کەس نەیناسێت ڕوونتر بڵێین(کەس نەناس) بێت، بۆرە پیاو هەم بەتەوسەوە بۆ سوککردنی پیاوەکە دەوترێت هەمیش لە نەناسینیەوە پێی دەوترێت، کەسێک هەڵبداتە خۆیی و خۆی بکاتە خولە پیزە و کەچی هیچیشی لەبارا نەبێت پێی دەوترێت دانیشە بۆرە پیاو، لەلایەکیتریشەوە بەهۆی نەناسینەوە زۆر پیاوی قارەمان و خۆراگر پێی ووتراوە بۆرەپیاو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/14/12 8:31:43 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 164

**بۆقێ دەقیرێنێ دەمی پڕ با بێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190131074502242319



بۆقێ دەقیرێنێ دەمی پڕ با بێت
زوورنا بەبێ پڕبا بوونی گوپی مرۆڤ لێ نادرێت، شەڕیش بەشیر و مامەڵەش بەدراو نەبێت ئەنجام نادرێن، قیرەقیرێ بۆقیش چ بەتاک ژەنیار بێت چ بەکۆمەڵ و کۆنسرێت پێویستیان بەدەم پڕبا بوون هەیە، ئەمەش گوزارشتیە واتە تا لە توانای خۆت ڕانەدیت مەچووە مەیدانێ یان ئەگەر پشتت بەچیای سەفین نەداوە کارێکی قورس و یاخی ئەنجام مەدە، یان کلکێکی بەهێزت نەبوو وەک سەگ ئێسقانت پێ ناشکێت هەموو ئەمانە واتە ئە و کارەی کە کاری تۆ نی یە خۆتی لێ مەدە چونکە وتراوە(بۆقێ دەقیرێنێ دەمی پڕ با بێت).

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/31/1 7:45:02 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 165

## بۆگەخۆرە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170803083256141759

بۆگەخۆرە
هەر خۆراکێک پاشماوە بێت لە کوردەواری پێی دەوترێت بۆگە، یا خود گژو گیایەگ لە سەر زبڵدان و گیفۆک و سەرینگولان وزەلکاو و چڵکاودا بڕوێت دەبێتە بۆگە، لە هەردوو حاڵەت هەم مرۆڤ بۆ خۆراکەکە و هەمیش ئاژەڵ بۆ گژوگیایەکە کەم وارێککەوتووە ئە و جۆرە خۆراک وگژوگیایە بخۆن، ئە و ئیدیۆمە بۆ کەسێک بەکاردێت کە هەموو جۆرە خۆراک وشتێکی یاساغ و پیس چ بخوات چ دڵی بکەوێتە سەری و عەوداڵی بێت و بێ سێ و دوو بیەوێت یان بیخوات بە و کەسە دەوترێت بۆگە خۆرە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/3/8 8:32:56 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 166

## بیانووی تڕ نانی جۆیە
https://www.kurdipedia.org/?q=20170801083638141677
بیانوی تڕ، نانی جۆیە
مرۆڤ ئەگەر بیەوێت بۆ سەرنەکەوتنی یان بۆ ئەنجام نەدانی کارێک یان هەڵوێستێک بیانو بهێنێتەوە ئەوا بیانوی پڕوپوچ زۆرە، دەق ئیدیۆمەکە(نانی جۆ)ی داناوە بەبیانویەک بۆ تڕکەنێک کە ئەگەر نانی گەنم بوایە ئەوا تڕەکەی نەدەکرد، یان هەویر شێل-ێک بیژێت دەستم گیراوە هەر ئەوەندەم لەبیرە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت


| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017/1/8 8:36:38 AM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 167
## بیوری کۆڵکانیش هەیە
https://www.kurdipedia.org/?q=20200825220145387184



بیوری کۆڵکانیش هەیە.
بیور: تەوەرداس، بیور زۆر بەئاسانی چل و لق و پۆپی دارەکان دەبڕێتەوە و پارچە پارچەیان دەکات و ئامادە دەبن بۆ بارەدار و تەختە و دابینکردنی پێداویستیەکانی سوتان و دروستکردنی کەل و پەل، هەندێک جار کۆڵکە دارێک بە تەورداسێک و بیورێکی ئاسایی نتبڕێتەوە بۆیە بەتایبەت بیورێکی بۆ دەهێنرێت.
ئە و حاڵە بووە بە ئیدیۆمی خوازراو(هەر زاڵمەی زەوالێکی هەیە) واتە هەر کەسە کەسێکی بەرامبەری هەیە، ئەگەر کەر هەیە کەر گەدەنیش هەیە، وتراویشە(گورگی کەرخۆریش هەیە)، هەموو ئە و ئیدیۆمانە بۆ ئەوەیە بڵێم هەرچەندە کەسێکی بەهێز بیت، کەسی بەتواناتر هەیە و توشی کەسی خۆت دەبیت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: PM 10:01:45 2020/25/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 168

**پێ بوار، لە ئاوی داوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200816120751386936



پێ بوار، لە ئاوی داوە.
بوار: لێرەدا واتە ئە و شوێنەی رووبار کە، تەنکە و برە و پێ یە و قولایی کەمە، واتە بواری پەرینەوە لە رووبارەکەدا هەیە و مرۆڤ دەتوانێت بەپێ چوپ و بەلەم و مەلەوانزانی بە پێیان لەئاوەکە بدات و بپەڕێتەوە، پێ بوار: واتە بەهیچ شێوەیەک مرۆڤ بە پێیان ناتوانێت رووبارەکە ببڕێت چونکە قوڵ و خورە و مرۆڤ نقوم دەکات و دەیبات و دەیخنکێنێت.
ئە و ئیدیۆمە بەکاردەهێنرێت بۆ کەسێک کە هیچ شارەزا نەبێت لەکارێک و ئەنجامی دابێت و زیانی گەورەی بەرکەوتبێت تا دەگاتە زیانی گیانی، هەندێجار لەئەنجامدانی کاری بازرگانی و سیاسی و کۆمەلایەتیش بەکاردەهێنرێت کە کەسێک بە نەفامی و نەزانی لەکارەکە خۆی تێ هەڵقورتێنێ و سەرکەوتووش نەبێت، بە و جۆرە مرۆڤانە بەتەوسێکەوە دەوترێت(پێ بوار، لەئاوی داوە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: PM 12:07:51 2020/16/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 169

**پێ دۆنە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170927135315142760

پێ دۆنە
هەندێجاریش دەوترێت پێ زاخە، دۆن لە زمانی کۆنە واتە(گیان) لە دۆناو دۆن-ەوە هاتووە کە یەکێک دەمرێت گیانەکەی دەچێتە ناو گیاندارێکیترەوە بە گوێرەی خاسیەتەکانی، بەڵام لێرەدا واتا کەسێک کە هیچ توانایەکی نەبێت و جەسارەت و ئازایەتی و غیرەتی نەبێت پێی دەوترێت پێ دۆنە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2017/27/9 1:53:15 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 170

## بێ دەرپێ خەون بەگەزی خامەوە ئەبینێ

[https://www.kurdipedia.org/?q=20220314192938408300](https://www.kurdipedia.org/?q=20220314192938408300)



بێ دەرپێ خەون بەگەزی خامەوە ئەبینێ
لە کۆندا قوماش و پەڕۆ کەم بوون، هیچ خێزانێک نەیتوانیووە بە تەواوەتی جل وبەرگی خاوخێزانی دابین بکات، بۆ خەڵکی ڕەشۆکیش ئەوە هەر مەپرسە، زۆربەیان گون ڕووت و بێ دەرپێ بوون، هەر بۆیەش لە کوردەواریدا وشەی گاڵتە و گەپ ئامێزی وەکو(گونت ڕووت) زۆر بەکارهاتووە، زۆر جار وا ڕێکەوتووە جوتیارێکی هەژار لە کاتی جووت کردن و کاری کشتیاری و دروێنە و سەرپاڵەیدا شەڕواڵە خامەکەی فڕێداوە بۆ ئەوەی بیپارێزێت و نەدڕێت تا لە ناو ئاوەدانی لە بەری بکات، ئینجا ئە و نەبوونیەی خام و قوماش و پەڕۆیە بووە بە ئیدیۆم دەوترێت: بێ دەرپێ خەون بە گەزی خامەوە ئەبینێ واتە مرۆڤ چی نەبوو، ئارەزووی دابینکردنی ئە و پێداویستیەی هەیە، چ ڕووت بێ، جل وبەرگ و پۆشینی بوێت، چ برسی بێت، نان و خۆراک چ بێ جێگە و لان بێت، شوێنی حەوانەوەی بوێت...تاد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/14/3 7:29:38 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 171

## بێژینگی کون بڵاوە

[https://www.kurdipedia.org/?q=20171214082712143502](https://www.kurdipedia.org/?q=20171214082712143502)

بێژینگی کون بڵاوە
بێژینگ بۆ دابێژتنی دانەوێڵە و ئاردە کەپەکی ساوارە، ئینجا ئەگەر کونیلەکانی بڵاو و کراوە و گەورە بن ئەوا هیچ جۆرە دابێژتنێکی پێ ناکرێت و جێگەی ئەوە نی یە کاری پێ بکرێت چونکە بەدڵنیاییەوە هیچ ڕاناگرێت و بەمەش کارەکە لەریسەوە

دەبێتەوە خوری، ئەم ئیدیۆمە زیاتر بۆ کەسانێک بەکاردێت کە قسە لەزاریان گیر نەبێت و هیچ نهێنی و کارێک لە دەمیان گیر نابێت و یەکسەر وەک تری دەم با بڵاو دەبێتەوە، یان هەندێک و زیاتر لە قسە و گفت و لفتیان خۆ هەڵکێشان و بەخۆداهەڵگوتنە و لە ڕاستیشدا هەر ئەوەن کە خۆیان هەن بۆیە بە و کەسانە دەوترێت هیچ نیە بێژەینگی کون بڵاون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📧 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/14/12 8:27:12 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 172

## بێوەژن کۆشی

https://www.kurdipedia.org/?q=20220624130808419717



بێوەژن کۆشی

بێوەژن: ژنێکە کە مێردەکەی نەماوە و مردووە، خۆی ماوەتەوە و ئەرکی بە خێوکردنی ماڵ و منداڵی بەتەنها کەوتۆتە ئەستۆ، بۆ ئە و پیاوەی کە ژنەکەشی مردووە هەر دەوترێت: بێوەپیاو، سەختی ژیان و کۆست کەوتن و بێوەژن کەوتن لە کوردەواریدا زۆر دژوار بووە چونکە کارکردن هەمووی بەدەست وبازوو بووە، هەڵبەت پیاویش لە و بوارەدا ماسولکە و شان و باڵی گونجاوترە، بۆیە ئە و ژنەی بەتەنها بمابایە و پیاوی نەبووایە، ڕەنج و زەحمەتکێشیەکەی دەبووە دوو هێندەی پێشووتری، ئە و زەحمەتکێشانە بۆ بە خێوکردنی ماڵ و منداڵ پێی دەوترێت: بێوەژن کۆشی، ئەوەش بووە بە ئیدیۆم و بە پیاوێکی ڕەزیل و قرچۆک و دەست قوچاو و کە لە هەموو کارێکدا دەیەوێت بپچڕێتەوە و پاشکەوت بکات و بۆ خۆی لابدات و هەر هەڵێ بگرێت و بۆ خۆیی و ماڵ و منداڵی سەرف و خەرج نەکات بەتەوسەوە پێی دەوترێت: ئە و بێوەژن کۆشیەی بۆ کێ دەکات؟. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📧 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/24/6 1:08:08 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 173

## بێوەژەن کۆڵەگەی ماڵی زێڕ بێت خێری پێ دەشێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20201011100957388866



بێوەژەن کۆڵەگەی ماڵی زێڕ بێت خێری پێ دەشێت.
بێوەژن، واتە بێ هاوژین بۆ ژنان، هەڵسوڕاندنی کاروباری ژیان هەروا ئاسان نییە، بەڵکو ورەبەرزی و بوێری و چاونەترسی وجەسوری و تێکۆشانی زۆری گەرەکە، هەڵبەت ئەگەر خێزان(ژن و پیاو) بەرێوەی ببەن، خۆ ئەگەر باڵێکیان نەما، بەتایبەت(نێرەکە) پیاوەکە، ئەوا بۆ(مێیەکە-ژنەکە) کە پێی دەوترێت(بێوەژن) قورستر دەبێت، بەگوێرەی کۆمەڵی کوردەواری، چونکە پێداویستی ماڵ و منداڵ یەکجار زۆرە و دابینکردنی هەوڵ و ماندوو بونێکی زۆری گەرەکە، بەتەنیا ناکرێت هەر پێویستی بەدەستگرۆییە بۆیە لەکوردەواری بە پێشینەیەکی ئاینیەوە دەوترێت(بێوەژن کۆڵەگەی ماڵی زێڕ بێت خێری پێ دەشێت).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/11/10 10:09:57 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 174

## بە ئاگری گەش نەبمەوە بۆ بە دوو کەڵی ڕەش ببمەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190418082546285593



بەئاگری گەش نەبمەوە بۆ بەدووکەڵی ڕەش ببمەوە
ئاگر بۆ زۆر پێداویستی مرۆڤ لەکۆنەوە بەکاریهێناوە بۆ خۆگەرم کردنەوە یەکێکە لە هەر بەکارهێنانە باوەکانی مرۆڤایەتی، ئینجا ئاگر ئەگەر گەش و لە کڵپە و بڵێسە دابێت سودەکەی زۆرترە، نەوەک لە کاتی خامۆشی و کزی و خۆڵەمێشی چونکە لەباری دووەمدا بەس چڕەدووکەڵ چاوت کوێر دەکات و فرمێسکی نەرژاوت دەهێنێتە جۆش و خرۆش، ئینجا ئاگری گەش و خامۆش لە ئیدیۆمی کوردەواریدا بەکارهاتووە و وتراوە(بەئاگری گەش نەبمەوە بۆ بە دووکەڵی ڕەش ببمەوە) واتە ئەگەر شتێک لایەنە چاکی و باشیەکەی بۆ من نەبێت بۆ پاشەڕۆ و بەرماوەکەی زیان بەمن بگەیەنێت هەر نزیک لە و ئیدیۆمەش بە تەوس-ەوە وتراوە(لەقازانجێ تەریکم لە زەرەرێ شەریکم) واتە بەرهەم و بەروبوم بۆمن نەبێت بۆ لە زەرەر و زیانەکەیدا بەشدار بم وەک چۆن لێرەدا وتراوە لە گەشی ئاگر بەشدار نەبم لە خامۆشی و چرە دووکەڵی بۆ بەشداربم

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2019/18/4 8:25:46 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 175

## بە پشیلە یان گوت: گووت بەدەرمان دەچێ، دەچوو ئەیکرد بە ژێر خۆڵەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190525085635289805



بە پشیلە- یان گوت: گووت بەدەرمان دەچێ، دەچوو ئەیکرد بەژێر خۆڵەوە.
زۆر کەس هەیە لەم دونیایە نایەوێت(قالۆنچە، قالۆچە)ش سوود-خێر لە(گو)ەکەی ببینێت، پشیلە-ش بە و جۆرە کەسانە چوێنراوە لە و ئیدیۆمەدا، دیارە ئێرەیی و رژدی پشیلە وادەکات کە وا کەس سوود لە گوەکەشی نەبینێت بۆیە دەیشارێتەوە، لەم ژیانەی من و تۆ تێیدا دەژین زۆر کەس ئە و خاسیەت و سیفەتانەی هەیە کە پووشتی و دەست قوچاوییەکەی هێندە زۆرە کە کەم کەس دەتوانێت سوود و خێر لە دەستی ببینێت و ئەگەر داوای شتێکی لێ بکرێت هەشی بێت دەیشارێتەوە و سەدان سوێندی لەسەر دەخوات کە نیەتی و ناتوانێت خێر و چاکە و پیاوەتیەکی پێ بکات ئینجا لەکوردەواریدا بە و جۆرە کەسانە دەوترێت(بە پشیلە- یان گوت: گووت بەدەرمان دەچێ، دەچوو ئەیکرد بەژێر خۆڵەوە.)

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2019/25/5 8:56:35 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 176

## بە پشیلەی گۆشت(تەوزیع) ناکرێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20170731103810141655



بە پشیلەی گۆشت(تەوزیع) ناکرێت
ئیدیۆمێکە بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت کە لەئاست ڕاسپاردنی کارێک نەبێت کە پێی دەسپێردرێت، بۆ پشیلە گۆشت جێگەی بایەخ و قوتی سەرەکیەتی ئەگەر ئەو بکرێتە سەرپاڵە و سەرپشک بەدڵنیاییەوە بەشێکی زۆری بۆ خۆی گل دەداتەوە و بەشەکەی تریش دەخاتە ژێر گڵەوە کەواتە ناکرێت کەسێک لە ئاستی ڕاسپاردنی کارێک نەبێت و کارەکەی پێ رابسپێرێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/31/7 10:38:10 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 177

**بە تاوستان هان لەسیبەر پەرک، بەزمستان بە جوارە وە چنە سەر چار خەرک**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220504222109412742



بە تاوستان هان لەسیبەر پەرک، بەزمستان بە جوارەوە چنە سەر چار خەرک لەشێوەزاری(لوڕی) خزمانی گوندی(ئۆمەر گومبەت)ی شارەدێی(سێگردکان)ی شاری کۆیەوە وتراوە، شێوەی قسەی نەستەق و پەند و ئیدیۆمی وەرگرتووە، هەندێک دەڵێن ئەوە وتەی(خاڵەحمەوە-خاڵە ئەحمەد) کە پیاوێکی قسەزانی بەرەی کاکیەکانی گوندی ئۆمەرگومبەت و پیاوماقوڵی دەربەندییەکان بووە، ئۆمەرگومبەتیەکان خەڵکی زۆر کاسب و شارەزان لەکاری کشتیاری و وەرزێری وماڵداری و ئاژەڵداری، رووبەری گوندەکەیان نزیکەی(50)کیلۆمەتر چوارگۆشە دەبێت، زەوی کشتوکاڵیان کەمە، بەڵام پاوان و لەوەڕگای زۆرە بۆ بەخێوکردنی مەروماڵات، لە هەر چوار وەرزی ساڵ کار و کاسبیەک دەکەن و خۆیان موحتاجی ئەم و ئە و ناکەن و بە شان و بازووی خۆیان، نان و بژێوی بەرهەم دێنن، بۆیە خەڵکی ناکاسبیان خۆش ناوێت، بۆیە بوون بە خاوەنی ئە و ئیدیۆمە جوانە، کە دەڵێن بە تاوستان هان لە سیبەر پەرک، ناوچە کەناریەکانی زێی بچووک ڕووەکی(پەرک)ی زۆرە کە لە بنەچەدا واتە(بێ بەر) سێبەرەکەشی مرۆڤ ناتوانێت لەبەری بحەسێتەوە، چونکە گەڵاکانی شاش و واشن تیشکی خۆر پێیاندا گوزەر دەکات و بە بەرچاو یان شان و مل و سەری ئە و کەسە دەکەوێت کە لەژێری دایە، تاوستان واتە هاوین کە وادەی کار و کەسابەتە هەندێ کەسی ناکاسب بە گەلۆری و تەمبەڵی دەچنە ژێر ئە و ڕووەکەوە، زمستانیش واتە زستانیش بە جەواڵ و گونیە و تورەگەوە دەچنە سەر چاڵە گەنمی خەڵکی و ناچار دەست لەم و لە و پان دەکەنەوە یان چاڵە گەنمی خەڵکی دەبرن، ئەوە بووە بەپەند و ئیدیۆم بە خەڵکی ناکاسب و تەمبەڵ و عەمەل مەندە دەوترێت: بە تاوستان هان لە سیبەر پەرک، بە زمستان بەجوارە چنە سەر چار خەرک. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/4/5 10:21:09 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 178

## به جەڕ و مەنگەنەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171221093004143580

به جەڕ و مەنگەنەیە

جەڕ بزماری بەپێچە و بچێتە نێو هەر شتێکەوە دەرهێنانی زەحمەتە و هەمیش بە خوار و خێچی کاری خۆی دەکات، مەنگەنەش ئامێرێکە ئاسنگەر و بۆریچیەکان بۆ گرتنی پارچە پۆڕی و ئاسن بەکاری دەهێنن، ئەگەر هەر شتێ بگرێت ئەوا زۆر بە توندی دەیگرێت و زەحمەتە لێی بێتەوە، لێرەدا وەک دەربڕ و درکە و کنایە بەکارهاتووە بۆ کەسێکی جاڕس و ئینکار و مونجیڕ و چیرەدرێژ و نەسەلمێن و ئەگەر پێت لە پێی بچەقێت ئەوا وەک قیڕ وایە و لەقاچ و پێت نابێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: ⬇ باشووری کوردستان

ولات: ➡ رۆژهەلاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 9:30:04 2017/21/12

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 179

## به چەقەنەیەک حاڵ دەگرێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20171230095912143662

به چەقەنە حاڵ دەگرێت

چەقەنە: قامک و پەنجە بەیەک دادان، حاڵ: جەزمەی دەروێش لەکاتی زیکرا، بەکەسێک دەوترێت بەچەقەنە حاڵ دەگرێت کە زوو بکەوێتە ژێرکاریگەرییەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: ⬇ باشووری کوردستان

ولات: ➡ رۆژهەلاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/30/12 9:59:12 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 180
**بە دۆ کەرەتێک ئەڵێن ترشە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220329133551409358



بە دۆ کەرەتێک ئەڵێن ترشە
هەموو کورد دەزانێت دۆ خواردنەوەیەکی ترشە، هەر بۆیەش کردویەتی بەنمونەیەکی جوان بۆ ئە و کەسانەی کە لایەنی خراپی خۆیان نابینن و وتویەتی: کەس بەدۆی خۆی ناڵێ ترشە، ئەمە لەلایەک لەلایەکیتریشەوە ئە و ترشێتیە جارێکیتر لە ئیدیۆمێکی جوانتر بەکارهاتۆتەوە ئەویش: بەدۆ کەرەتێک دەوترێت ترشە، واتە زۆر هەڵناگرێت یەکجار بوترێت بەسە و پێویستە بەدووبارە و سێبارە و دەبارەکردنەوە ناکات، مرۆڤ کاتێک بێزار دەبێت لە کەسی بەرامبەر چ بەهۆی تێنەگەیشتنەوە بێت چ بەهۆی زۆرگوتنەوە بێت بە نارەزای و تورەبونەوە دەوترێت ئای چەندت ووت: بەدۆ کەرەتێک دەوترێت ترشە یان زۆر گوتن قورئان خۆشە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/29/3 1:35:51 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 181
**بە دەنکە جۆیەک دەزەڕێت**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171109084045143127
بە دەنکە جۆیەک دەزەڕێت
کەسێک زوو بکەوێتە هەڵەوە یان نەفام و کاڵفام بێت پێشی دەوترێت(بەجامە ئاوێک دەکەوێتە مەلەوە) واتە ژیرییەکەی زۆر کەمە و زوو دەکەوێتە داوەوە خۆ ئەگەر دەنکە جۆ وەربگیرێت لەگەڵ زەڕین واتە کەسێکی کەرە و یەک دەنکە جۆی بەسە بۆ زەڕین.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: AM 8:40:45 2017/9/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 182

**بە قنگ هەناسە دەدات**

[https://www.kurdipedia.org/?q=20171109084337143129](https://www.kurdipedia.org/?q=20171109084337143129)

بە قنگ هەناسە دەدات
ئەم ئیدیۆمە بۆ کەسێک بەکاردێت کە ئەوەندە ماندوو و هیلاکە ناتوانێت بۆ ساتێکیش دابنیشێت و زۆر پڕکارە و نانی بەدۆیان ڕاناگات و هەمیشە و بەردەوام لە کاردایە و پڕئیشە و ناتوانێ سەری خۆی بخورێنێت بۆیە پێی دەوترێت بە قنگ هەناسە دەدات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: AM 8:43:37 2017/9/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 183

**بە قونیا مەخە**

[https://www.kurdipedia.org/?q=20170926133440142740](https://www.kurdipedia.org/?q=20170926133440142740)

بە قونیا مەخە
ئەگەر گوێدرێژێک بارەکەی قورس بێت و توانای باربردنیشی کەم بێت لە هەندێ شوێندا ئەگەری کەوتنی بارەکەی قوناوقون هەیە ئەمەش خراپترین حاڵەتە بۆ ئە و کەسەی بیەوێت بارەکەی بگەیەنێتەوە، یان هەندێجار دەوترێت(سەراقونی کرد) واتە بەپێچەوانەوە کارەکەی تێکدا، لێرەش ئە و ئیدیۆمە بۆ ئەوە بەکاردێت کە کەسێک بیەوێت کارێک بکات و هیچیشی لێ نەزانێت خاوەن کارەکە کەسەیری دەکات دڵی کارەکەی ناگرێت و پێی دەڵێت لێی گەڕێ یان زیاتر دەڵێت و دەڵێ بە قونیا مەخە واتە کارەکە سەقەت مەکە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰🇷 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/26/9 1:34:40 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 184

## به قونه خشكێ، بەغدا ناگیرێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20190418100007285595



بەقنگە خشكێ بەغدا ناگیرێ
دەوترێت سوڵتان سلێمانی قانونی عوسمانی بەس بە تەپ و تۆزی لەشکرەکەی سوپاسی سەفەوییەکانی بەسەرکردایەتی(تەهماسپ) ترساند و لەرزاند و بەغدادیان چۆڵکرد چونکە سوپاکەی پرچەک و بیرباوەڕی ڕێچکەی سونیگەرایی بوون، پشت ئەستوربوون بۆ ئەوەی کە سەردەکەون و بۆ سەرکەوتن ڕێیان گرتبوو، ئەم ئیدیۆمە بۆ ستایشی لەشکری عوسمانیەکان نی یە و بۆ سەرکۆنەی لەشکری سەفەوییەکان نیە بەڵکو ئەمە داکەوتە و ڕووداوێکی مێژوویی سەدەی شازدەیەمی زاینی یە(1534ز).
بەغداد کە هەمیشە لەگەڵ دەرکەوتنی(جێنشینی عەباسیەکان) و بەتایبەت بونیاتنەرەکەی جێنشین(جەعفەری کوڕی مەنسور)شارێک بووە هەردەم ژمارە بووە لە ناوچەکەدا، ئینجا لێرەدا بۆیە کراوە بە ئیدیۆم(بە قنگە خشکێ بەغدا ناگیرێ) لەمێژوودا هەمیشە بە ئۆپەراسیۆن و لەشکرکێشی بێ ژمارە ئینجا کەوتووە و داگیرکراوە وەک لەشکرکێشیەکانی(ئەسکەندەری مەقدۆنی و هۆلاکۆی مەغۆڵ و ئیسماعیل سەفەویی و سوڵتان سلێمانی قانونی و جۆرج بۆشی ئەمریکی و تاد) کەواتە کاری قورس بەگاڵتەوە ناکرێت بۆیە دەوترێت(بەقنگە خشکێ بەغدا ناگیرێ).

Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰🇷 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/18/4 10:00:07 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 185

## به قینگە خلیسکێ دوژمن ناگیرێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20190204072800250059



بەقینگە خلیسکێ دوژمن ناگیرێ
وتراوە(بەپێوە شەهید بوو) یان(لەسەر پشتی وولاغی نەهاتە خوارەوە تا شەهید بوو)
یان(بەسەر لێواری گوللەدا دەڕوا) هەموو ئەمانە واتە رووبەڕووبونەوەی دوژمن بە ترسنۆکی
و دودڵی نابێت بەڵکو دەبێت بەسەربڵندی وبەپێوە و بەمێرخاسی بێت چونکە خەڵکی
ترسنۆک و ژیانپەرست ناتوانن دوژمن ببەزێنن یان دەستگیری بکەن هەربۆیە لە و ئیدیۆمەدا
بە مەبەست و توانج قینگە خلیسکێ بەکارهاتووە بۆ کەسی ترسنۆک و بێ توانا پێی
وتراوە(بەقینگە خلیسکێ دوژمن ناگیرێ).

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2019/4/2 7:28:00 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 186

## بە قەلێ دەڵێ گدی گدی

https://www.kurdipedia.org/?q=20171126094710143320

بە قەلێ دەڵێ گدی گدی
قەل ڕەنگی ڕەشە و گدی گدیش بانگکردنی بزنە، هەڵبەت بزنیش زۆرینەیان لە کوردستان ڕەنگیان ڕەشە، ئینجا ئەم ئیدیۆمە لێرەدا بۆ چەند مەبەستێ بەکارهاتووە:
یەکەمیان: واتە کەسێکی نەسەلمێنە و بشفرێ هەر پێی وایە بزنە.
دووەمیان: کەسێکی هەژار و نەدار بێت پێی دەوترێت بابە زۆر هەژارە و هیچی نیە و بە بزنێ دەڵێ گدی گدی.
سێیەمیان: نەفام و نەزانە قەلێ ببینێ پێی وایە بزنە و پێی دەڵێت گدی گدی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2017/26/11 9:47:10 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 187

## به مەلایان ووت کاغەزێکمان بۆ بنوسە ووتی قاچم قڵیشاوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190513080403286970



بەمەلایان ووت کاغەزێکمان بۆ بنوسە ووتی قاچم قڵیشاوە
هەندێ بیانو گرتن هەیە لەگەڵ ناوەڕۆکی کارێک ناگونجێت، نوسینی کاغەز بە دەست و پەنجەی دەنوسرێت چ پەیوەندی بە قاچ قڵیشانەوە نی یە، ئەوەی ترێک بکەنێت چ پەیوەندی بەنانی جۆ-وە نی یە، لە ناو کۆمەڵدا زۆر جاران کۆمەڵێک بیانوو دەوترێن و دەبینرێنەوە و بەکاردێن بۆ ئەنجام نەدانی کارێک یان فەرامۆشکردنی کە لە بنەچەدا ئە و بیانووە ڕێگر نین لە ئەنجامدانی کارەکە بەڵکو هەر ئەوەیە ڕاستەوخۆ ناڵێت ئە و کارەی ناکەم بۆیە بۆ ئەم جۆرە بیانوو گرتنانە ووتراوە(بەملایان ووت کاغەزێکمان بۆ بنوسە ووتی قاچم قڵیشاوە) بەتەوسەوە بەکاردێت واتە مەبەست ئەنجام نەدانە ئەگەرنا بیانوەکە ڕێگر نیە لە ئەنجامدانی کارەکە.

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2019/13/5 8:04:03 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 188

## به هەزار وێر قەرزێک پڕ ناکاتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220507224824413093



به هەزار وێر قەرزێک پڕ ناکاتەوە
وێر: پارەدانە لە جیاتی شتێ بۆ کەسێک ، لەناو کەلتوری کوردەواری تا ئەم دواییانەش زۆر باوی بوو، کاتێک یەکێک لە چایخانەیەک یان ساردەمەنیەک، چایەیەک یان شەربەتێکی دەخواردەوە دەستی بۆ باغەڵ و گیرفانی دەبرد تاوەکو پارەکەی بدات، خاوەنی شوێنەکە دەیگووت پارەکەت دراوە، بە و پیاوەتیە دەوترا: وێر، لەگەڵ گۆڕانکاری لە سیستەمی ئابوری و بژێوی خەڵک ئە و پیاوەتییەش کاڵبۆوە و بۆیە لە زۆربەی دوکانەکانی خواردنەوە و شیرنەمەنی و تاوەکو هەندێک لە چێشتخانەکانیش لەسەر دیوارەکانیان نوسراوە: تکایە وێر نی یە، قەرزیش: دراو یان کەل وپەل بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بدرێت بە کەسێک و دواتر لەماوەی دیاریکراودا دەبێت بدرێتەوە بە خاوەنەکەی، ئە و دوو دیاردەیە(وێر، قەرز) لە و ئیدیۆمەدا بەکارهاتوون، هەزارجار پارەی چایەکی هاورێیەکت بدەیت لە چایخانەیەک، شوێنی دانەوەی قەرزێکی بۆ پڕناکاتەوە، وەکو ڕێنوێنی و ئامۆژگاری دەوترێت: بە هەزار وێر قەرزێک پڕ ناکاتەوە واتە: هەموو شتێک ڕێ و شوێن و جێگەی خۆی هەیە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: PM 10:48:24 2022/7/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 189

## به هەموو بایەک جۆخین سوور نابێتەوه

[https://www.kurdipedia.org/?q=20220314195733408305](https://www.kurdipedia.org/?q=20220314195733408305)



به هەموو بایەک جۆخین سوور نابێتەوه
وتراویشە: لە هەموو هەورێ باران نابارێت یان هەموو سمێڵ سورێک هەمزاغا نییە یان هەموو چەک بەدەست و بەرگ بۆرێک پێشمەرگە نییە ئە و ئیدیۆمەش هاوشێوەی ئەمانەیە، جۆخین واتە خەرمانی بەکاوکۆتەوە، هەم دانەوێڵە و هەم کایەکەشە بەیەکەوە، بە شەنەبا و شەن وکە و دان و کایەکە لە یەکدی جیادەکرێتەوە، لە کۆندا بۆ گاڵتە و گەپ و بەرێکردنی کۆڕ و دانیشتنەکان دەیانکردە مەتەڵۆکە و دەیان ووت: کاچوو مادانی چییە؟ مەبەستیان ئە و جۆخین و خەرمان و ڕەوسە و شارایە بووە، کە بە هۆی کزە و سروە و بای شەماڵەوە بووە نەوەک ڕەشەبا و گرەوفرە، چونکە ڕەشەبا دانەکەش لەگەڵ خۆی دەبات و جوتیار و وەرزێر ڕەنج بە خەسار دەکات، بەڵام بای شەماڵ هەم فێنکی دەداتە کاکی جوتیار و سەپان هەمیش بە هێواشی تەنیا کایەکە لە جۆخین و ڕەوسەکە دوور دەخاتەوە بەمەش خەرمان سوور دەبێت و گەنمەکەی دەبێتە ڕەوسە، ئینجا ئە و حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم و دەوترێت: بە هەموو بایەک جۆخین سوور نابێتەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: PM 7:57:33 2022/14/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 190

## بە هەوهەوی سواران دەکرێت نەک بە ترِوتۆڕی پیرێژنان

[https://www.kurdipedia.org/?q=20190513081437286973](https://www.kurdipedia.org/?q=20190513081437286973)



بەهەوهەوی سواران دەکرێت نەک بە ترۆتۆپی پیرێژنان
هە و هەوی سواران واتە دەنگ و سەدا و هاوار و دەنگدانی ئەسپ و وولاغی بەرزە بۆ ڕووبەڕوو بونەوە و شەڕ و پەلاماردان و گەڕاندنەوەی تاڵانی و ڕمبازی و غارغارێن و سوارچاکی و تاد، ترۆتۆپ واتە خۆ بەزلزانین و تیابەستەنەبوون و لە خۆڕازیبوون، سواران واتە سوار چاک و شۆڕە سواری لە شەڕدا نەگلاو و ئامادەیە لەسەر ئەسپ بمرێت، پیرێژن-یش واتە کەسی بەساڵاچووی و کەنەفت و پەککەوتە و ناچالاک، تێکرای ئەمانە کراوە بەئیدیۆم و وتراوە(بەهەوهەوی سواران دەکرێت نەک بە ترۆتۆپی پیرێژنان) واتە کارێکی مەزن هەبێت بۆ ڕووبەڕووبونەوە و گیان لەسەردەستان بە سوارچاک و عەگید و مێرخاسان ئەنجام دەدرێت نەوەک بە پرتەوبۆڵەی پیرێژنان.

Quick Respons Code:

📖 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: 2019/13/5 8:14:37 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 191

## بە کلکی مراکی ڕاگەیشت

https://www.kurdipedia.org/?q=20171107090025143079

بەکلکی مراکی ڕاگەیشت یان بەکلکی مراکی ڕاناگات
کەسێک لە خوانێک داوەتکراوە زۆر درەنگ فریا بکەوێت و بەرماوەی بەرکەوێت دەوترێت بەکلکی(مراک)ی ڕاگەیشت ئەوە گوزرارشتە ڕاستەقینەکەیە، مراک لە ملعەقەی زمانی عەرەبیەوە هاتووە کەوچک کوردیەکەیەتی، بەڵام بووە بە دەربڕ بۆ کۆمەڵێک هەولوێستی هاوشێوە بۆ نمونە لە خولەکانی کۆتایی یاریەک ببینی یان لەکاتی زیادکراودا گۆل یەکسان بکەیت یان بەر لەدەستپێکردنی شەڕێک بگەیتە شەرگە و ڕۆڵت هەبێت لە هەڵنەگیرسانی شەڕە، هەندێجاریش دەوترێت بەکلکی کەوچکا ڕاناگات واتە تازە درەنگە فریای هیچ ناکەویت و کارەکە زۆری لێ ڕۆیشتووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📖 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: 2017/7/11 9:00:25 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 192

## بەئالیکی کەر جوتی ئێستر ناکرێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20180929104058156598



بەئالیکی کەر جوتی ئێستر ناکرێت
توانای هەر یەک لە و دوو وڵاغە(گوێدرێژ و ئێستر) لە کارکردنی وەک جوت و باربردن و بەزین و سوارە و لۆقە دا جیاوازە بەدڵنیاییەوە ئێستر بەهێزترە و بەرگەی باربردنی ناوچە شاخاوی و سەختەکانی هەیە و بۆ ئەمەش پێویستی بەئالیکی باشتر لە گوێدرێژ هەیە، بەگوێرەی ئەم دەربڕە بێت ئالیکی(کەر) کەمتر و خراپترە وەک لە ئالیکی ئێستر، کەچی هەموو کارێکی قورس-یشی پێ دەکرێت لەکێڵگە و بردنە ئاش و گواستنەوەی قشرە و ڕەشکەی کا و تاد، ئەمە یەکێک بەکاردەهێنێت کەکارێکی قورسی لە ئەستۆ و لەسەر شان بێت لەبەرامبەریشدا کرێ و موچەیەکی کەمی هەبێت یان کارێکی قورسی پێ بسپێردرێت و لەبەرامبەریشدا پاداشتێکی کەم وەربگرێت ناچار بە تەوس و دەربڕینەوە دەڵێت(بەئالیکی کەر جوتی ئێستر ناکرێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/29/9 10:40:58 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 193

## بەبێ گۆرانی شایی دەگێڕێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20190327094950283399



بەبێ گۆرانی شایی دەگێڕێ
وتراویشە(لەوشکی بەیاری هەڵدەپەڕێت) ئەوە بۆ خەڵکی دڵتەڕ بەکارهاتووە کچە عازەب و کوڕە عازەبی خوڕت هەبووە هەر لە و گۆڕەی سیوسیوەی دەرگای داری گرتووە و لەتەکیەوە دەستی کردووە بە هەڵپەڕین و پێی وابووە چ کچە لەدەستی یان کوڕە لەدەستی و هیچ ئاواز و گۆرانیەکیش نەووتراوە نە لێدراوە تاوەکو بە و ئاواز و گۆرانی یەی هەڵپەڕێت تەنها گەشەی هۆرمۆنەکانە ئە و جۆش و خرۆشەی بۆ پەیداکردووە ئەگەر نا نەگۆرانی و نەزورنا و نەدۆ هەیە ئە و بەزم و هەڵپەڕینەی لە چی یە؟
ئینجا لەکوردەواریدا بە و کەسانەی کە دڵ-یان زۆر تەڕە و نانی پێ ئاورژێن دەکرێت بە ئیدیۆمەوە دەوترێت(بەبێ گۆرانی شایی دەگێڕێ).

Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 9:49:50 2019/27/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 194

## بەپتی خۆی دەتەکێنێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20181231080213182125

بە پتی خۆی دەتەکێنی
ئیدیۆمێکە بەکاردەهێنرێت بۆ کەسێک کە خۆی زۆر خاوێن وباوێن ڕابگرێت و خۆی لەهەمووکارێک نەدات و زوو زووش خۆی دادەتەکێنێ لە تۆز و خۆڵ ئەمە بۆ واتە ڕاستەقینەکەی بەڵام بۆ دەربڕینەکە واتە ئە وکەسەی پێی دەوترێت(بەپتی خۆی دەتەکێنێ) فیزبەرز و خۆبەزلزان و لەخۆباییە و دردۆنگ و دوو دڵە بەرامبەر هەموو شتێ ڕازی نابێت یان پێی شورەییە یانیش لوتبەرزە و بەمە ڕازی نابێت بۆیە کورد بەتەوسەوە بە و جۆرە مرۆڤانە دەڵێت کوڕە بابە فلانە کەس بەس بەپتی خۆی دەتەکێنێ.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺️ وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 8:02:13 2018/31/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 195

## بە-تا-یەکی نۆزدە ڕەمەزانان دەخوات

https://www.kurdipedia.org/?q=20190525085840289806



بە - تا-یەکی نۆزدە ڕەمەزان-ان دەخوات.
لەرز و تا نەخۆشیەکی درم و کوشندەیە و هەر کەسێک دووچاری بێت ئەوا یەکسەر دەیخاتە سەرجێ و لەسەر جێش کورد ووتەنی(حەجمانی نی یە- یان نابێت) کەسێکیش هێندە نەخۆش بێت خوای گەورە لە مانگی(ڕەمەزان) دەیبەخشێت و دەتوانێت ئە و ڕەمەزانەی تایەکەی گرتووە(فیدیە) بدات لە بری(بەرۆژوو) نەبونەکەی، هەندێ مرۆڤ باوەڕدارییەکەی بەهێزە و سەباری ئە و نەخۆشیانەش هەندێک لە ڕۆژەکانی ئە و مانگە هەر بەرۆژوو دەبێت، لەبەرامبەریش خەڵکانێک هەن ناتوانن لە ڕۆژانی ئاسایی و لەشساغی دا بەرۆژوو بن، ئینجا ئەگەر(عوزر)ێکیان هەبێت ئەوا باشترین ئیشی لەسەر دەکەن وکورد ووتەنی(مام ڕەمەزانەکەی لەسەر دەخۆن)
ئەم ئیدیۆمە بۆ کەسێکی بێ توانا و بێ باوەڕ و بێ سەلیقە و ترسنۆکیش بەکاردەهێنرێت کە

بیانوی بچوکیش گەورە دەکات بۆ ئەنجام نەدانی کارێک یان خۆ لێ دەربازبوونی بۆیە بە تەوس-ەوە پێیان دەوترێت(بە - تا-یەکی نۆزدە ڕەمەزان-ان دەخوات.) یان دەوترێتریش(بە پخەیەک حەوت مەنجەڵە شیر-ان دەرژێنێت-دەرشێنێت)

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/25/5 8:58:40 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 196

## بەتیری دوو نیشان ئەشکێنێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20200819112341387019



بەتیری دوو نیشان ئەشکێنێ
وتراویشە: (بە بەردێ دوو نیشانی پێکا، یان بە بەردێ دوو چوێلەکە دەکوژێت) وتراوێکی کۆمەڵایەتی باوە، بەکەسێکی زۆرزان و لێزان دەوترێت، چونکە زۆر وەستایانە و کارزانانە کارێک ئەنجام دەدات بەهۆیەوە دوو ئامانج دەپێکێت بە و جۆرە کارە وتراوە فلانە کەس(بە تیری دوو نیشان ئەشکێنێ).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: 🇮🇷 باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/19/8 11:23:41 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 197

## بەتەشکەری بارگیری دادا و گەڕایەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170802073838141713

بەتەشکەری بارگیری دادا و گەڕایەوە
هەندێ جار دەوترێت(بەتەشکی بارگیریدا گەڕایەوە)، ئەوە زیاتر بۆ شاند یان نوێنەری کەسێک یان کەسێک کە بۆ کارێک، داخوازیەک دەڕوات بۆ شوێنێک، جێگەیەک، بەدەستی خاڵی بگەڕێتەوە لە سەردان و سەفەرەکەی هیچی بەدەست نەهێنا بێت، یان بۆ گژوگیایەکی بەهارە، بۆ ڕراوکردنی هەر گیاندار و پەلەوەرێ بڕوات هیچ نەهێنێت و ڕاو نەکات دەگوترێت فلانە

کەس بەتەشکی بارگیریدا گەڕایەوە یان بە تەشکەری بارگیری دادا و گەڕایەوە، تەشەکەر و تەشکی لە بارگیریدا زیاتر بە(داوێن وتەشکەر) واتە هەردوو پەڵی دواوەی نەوەک دەستەکانی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/2/8 7:38:38 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 198

**بەتەمای جیران بی بێ نان دەبی و بەتەمای دۆستیش بێ گان دەبی**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171123090045143304

بەتەمای جیران بی بێ نان دەبی و بەتەمای دۆستیش بێ گان دەبی
هەوڵ و تێکۆشانی هاوسێ نان و ڕۆژووەکەی هەر بۆ خۆیەتی وکەندوی پڕ ئاردی ئە و هیچ نانێکی بۆ تۆ نی یە و هەر بۆ خۆیەتی یا جارێک لە جاران یەک دوو کولێرەت بۆ بنێرێت، دۆست و یاریش لە ماڵی خۆیەتی و هەمیشە ناتوانێ وەک ژنەکەت لەلات بێت بەگوێرەی کەلتوری ووڵات بۆیە ووتراوەی ئەوەی بە تەمای نانی هاوسێ بێت بێ نان دەبێت و ئەوەی بەتەمای گانی دۆستیش بێت بێ گان دەبێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/23/11 9:00:45 AM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 199

**بەتەمای فرۆی مانگای زەردە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191126141848375880



بەتەمای فرۆی مانگا زەردە
لەکوردەواریدا دەوترێت مانگای زەرد شیرەکەی چەورە و کەرەی زۆری لێ دەگیرێت و ماست و ماستاو و دۆیەکەی خۆشترە وەک لە جۆرەکانیتری مانگای سوور و ڕەش و شین و بۆر، هەروەها لە قورئانی پیرۆزیش ناوی مانگای زەرد هاتووە، فرۆ-ش شیری مانگا دوای زاینی کە پێی دەوترێت(ژەک) ئەوەی لەبەر گۆلکەکە-گوێرەکەکە دەمێنێتەوە دەدۆشرێت و دەخرێتە تاوێرێکەوە یان مەنجەلێکەوە دەخرێتەسەر ئاگر و پاش هەندێک کوڵان و دەمدانی دەبێتە تۆپەڵ وپلیت پلیت شێوەی دەڵەمە و پەنیری ژاژی لێ دێت و هەندێک شەکریشی پێوەدەکرێت و بەنان و چایی دەخورێت و خۆراکێکی زۆر خۆش و بەتامە ئینجا لێرەدا وەک درکە بەکارهاتووە مانگای زەرد واتە شتێکی بەنرخ و گرانبەها و خاوەن جێگە و پێگە هەرکەسێک تەمای گرتبێ لە شتێکی پڕبایەخ یان لە کیژۆڵەیەکی جوانکیلە بە دەربڕینەوە ووتراوە فلانە کەس(بەتەمای فرۆی مانگای زەردە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)

کاتی تۆمارکردن: 26/11/2019 2:18:48 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 200

## بەجوو سەرت بخوسێنە، بەگاور بیتاشە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220613231351417456



بەجوو سەرت بخوسێنە، بەگاور بیتاشە
جیاوازی ئاینی و ڕک وکینەی ئاینزاکان هاوشێوەی پارت و قەوارە و گروپ و حزبەکان بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات و پەیڕە و کردنی بیروبۆچوون و سەپاندنی قەڵەمڕەوی خۆیان لە هەڵپەدان، بۆ ئەمەش شێوازی جیاواز جیاواز بەکاردەهێنن بۆ سووککردن و بێ ڕێزیکردن و ناو و ناتۆرە و ناوزڕاندنی یەکتری بەتایبەت لەلایەن ئاینی باڵادەستەوە، لە کوردەواری کە زۆرینەی خەڵکی لە پەیڕەوانی ئاینی ئیسلامن، ئیدیۆمی لە و جۆرەیان زۆر بەکارهێناوە وەکو: دەڵێی جووە، جووی ڕشا، ڕەنگی دیانانی لێ نیشتووە، هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمەشمان هەیە وەکو(نان موسایی بخۆ، لەماڵی گاور بخەوە یان لە ماڵی جولەکان نانی بخۆ، لە ماڵی مەسیحی بنوو) لە و ئیدیۆمەش دەڵێت: بۆ پاک و خاوێنی و لێزانی لە کارێک بە جوولەکە ئەنجامی بدە، بەڵام ئەوەی مەترسیدار بوو، بۆ سەلامەتی و دڵنیایی و متمانە بە گاور و دیانەکان جێ بەجێی بکە، سەر خوساندن بۆ پاکبوونەوەیە، بەڵام تاشین شتی نووک تیژی تێ دەکەوێت و مەترسیدارە، ئینجا ئەوە لە کوردستان بووە بە ئیدیۆم و وتراوە: بە جوو سەرت بخوسێنە، بە گاور بیتاشە.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇹🇯 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/13/6 11:13:51 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 201
## بەحر ناخرێتە ناو جەڕەوە
[https://www.kurdipedia.org/?q=20220617221933418976](https://www.kurdipedia.org/?q=20220617221933418976)



بەحر ناخرێتە ناو جەڕەوە
بەحر: دەریا، پانتاییەکی فراوانی زەوییە ئاو داپۆشیووە، قوڵ و بێ بن وەسف کراوە، لە شێنەییدا هێمن و ئارام بەخشە، لە کاتی شەپۆڵ و زریاندا تورە و کارەساتبارە، لەبەر گەورەیی و زەبەڵاحی زۆر پەند و ئیدیۆمیشی لەسەر هاتووە وەک: دەریا بە دەمی سەگ پیس نابێت، دەڵێی بەحرە شێلو(لێڵ)نابێت، هێندە نهێنی پارێزە دەڵێی(بەحرە)، لێرەدا لە بەرامبەر ئە و ئاوە زۆرەی دەریا، هاتوون گۆزە و کوپە و جەڕەیان بە نمونە هیناوەتەوە، کە بەحر بە ملیۆنان ملیۆن جەڕە زیاتر پڕ دەکات چۆن لە کوپە و جەڕەییەک دەکرێت؟ بچوکی جەڕە و ئاوی دەریا بەراورد کراوە، کە بەهیچ کلۆجێک ئە و بەراوردکارییە نابێت بکرێت، بەڵام بۆ ڕێنوێنی و ئامۆژگاری و ڕێنمایی و هۆشداری پێدان بە مرۆڤ بەکاردەهێنرێت تاوەکو هەر کەسە توانا و بایەخی خۆی وەک خۆی وەربگیرێت و بزانێت، هاوشێوەی ئیدیۆمی(بە قەد بەڕەی خۆت پێ ڕاکێشە) جەخت دەکرێتەوە کە دەریا ناخرێتە ناو جەڕەیەکەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇹🇯 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/17/6 10:19:33 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 202
## بەحەوت قەڵەم ئارایشتی کردووە
[https://www.kurdipedia.org/?q=20211224124247399373](https://www.kurdipedia.org/?q=20211224124247399373)

بەحەوت قەڵەم ئارایشتی کردووە
وتراویشە بە حەوت قەڵەم خۆی ڕازاندۆتەوە یان لە حەوت ئاوی داوە قاچی تەڕ نەبووە، یان حەوت بەرگ و حەوت گیرفان و حەوت پەستەک و...تاد، ئە و ژمارە حەوتانە لە کوردەواریدا بۆ خەڵکێکی زۆر زان و زۆر لەبار و دونیا دیدە و زۆری خوێندوە یان مامۆستای زۆر شتانە، عەرەبیش دەڵێن(سەبعە سەنایيع)، کەسێک هەڵەیەک بکات و لەخۆی دوور بخاتەوە، دەوترێت کێ دەرەقەتی دێت ئەوە(بەحەوت قەڵەم ئارایشتی کردووە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2021/24/12 12:42:47 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 203

**بەختی مە تارە سێوە کیری کەرانی پێوە، بەختی خەرکی شیرنە سێوە شەکر و نەباتی پێوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220617213547418970



بەختی مە تارە سێوە کیری کەرانی پێوە، بەختی خەرکی شیرنە سێوە شەکر و نەباتی پێوە لە کوێیە زیاتر ئە و ژنە بەتەمەن و ڕەشبینانە دەیلێن، کە گلەیی لە بەخت و شانسی خۆیان دەکەن، ناشوکرن و بەهیچ شێوەیەک شوکرانە بژێر نین و پێیان وایە بەختی باش هەر ڕوو لە خەڵکی تر دەکات و لە ژیاندا بەلای ئەواندا نایەت، وا هەست دەکەن نا خۆشی و نەخۆشی و دەرد و بەڵا هەر ئەوان بەسەر دەکاتەوە، هیچ خێریان نە لە خۆیان و نە لەمێرد و ماڵ و منداڵ نەدیووە، ئەمەش لە دایکان و پێشینانەوە بۆیان بەجێماوە و دووچاری خەمۆکی و دڵتووندی و نیگەرانی کردوون، کاریگەری بەسەر دڵ و دەروونیاندا جێهێشتووە، خۆیان بەخاوەنی ئە و بەدبەختیە دادەنێن، لە و بەند و باڵۆرە و ئیدیۆمەدا میوەی سێو وەرگیراوە(بەختدارەکان، سێوی شیرین) و(بێ بەختەکان، سێوی تاڵ)یان بۆ بەکارهاتووە، هەر کاتێک دووچاری حاڵەتێکی نەخوازراو و بەسەرهات و کارەسات و ڕووداوێک ببنەوە بە ناشوکرییەوە دەڵێن: بەختی مە تارە سێوە کیری کەرانی پێوە، بەختی خەرکی شیرنە سێوە شەکر و نەباتی پێوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/17/6 9:35:47 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 204

## بەخزمە خزمە کردی بە قوزما

https://www.kurdipedia.org/?q=20170926133023142737

بەخزمە خزمە کردی بە قوزما
خزم وخوێش جێگەی متمانەیە و هەموو جۆرە راسپاردەیەکی بە و هۆیەوە لەلا دادەنرێت، هەندێجاریش ئە و خزمە ناتوانێت لە ئاستی ئە و راسپاردەیە بێت و ناپاکی لێ دەکات، کەواتە ئە و ئیدیۆمە بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت کە بەهۆی نزیکی و خزمایەتی توانیویەتی زوڵمێکت لێ بکات کە کەسیتر نەیتوانیووە ئە و ناحەقیەت بەرامبەر بکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/26/9 1:30:23 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 205

## بەخێرا بنە برنجەکی، سەد داڕوجان ئاوێ دەخواتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220126120507402831



بەخێرا بنە برنجەکی، سەد داڕوجان ئاوێ دەخواتەوە
(داڕوجان-کاڕووشە) ڕووەکێکی فرە ساڵیە، حەوت ساڵان وشکی بکەنەوە دواتر بارودۆخی گونجاو بێت دەست بەڕوان و شین بوونەوە دەکات، زیانی زۆری بۆ بەرووبومە کشتوکاڵیەکان هەیە بەتایبەتی دانەوێڵەی برنج ، بۆیە جوتیاری کورد لە ئیدیۆمدا برنج و داڕوجانی کۆکردۆتەوە و بەماناداری گوزارشتی لێکردوون و بۆ مەبەستی تر بەکاریهێناوە هاوشێوەی(بەخێرا گوڵە گەنمەکی سەد گوڵە زیوان ئاو دەخواتەوە)، زیوان گیایەکە تۆوەکەی تاڵە لەناو دەغڵ و دان دەڕوێت و ئەگەر کەسێک بیخوات دەڵێن خەوی دێت و نانیش تاڵ دەکات ئەگەر لەگەڵ گەنمەکەی بهاڕدرێت،کوردەواری هەردوو ئیدیۆم لەکاتی ئەنجامدانی کارێک بۆ کەسێکی نزیک و هاوڕێ و دۆست یان نزیکە خوێنە، یان خەزوورانگەرە یان خۆشەویست، کە بەهۆیەوە خەڵکیتر سوود مەند بن دەوترێت(بەخێرا بنە برنجەکی، سەد داڕوجان ئاوێ دەخواتەوە) یان(بەخێرا گوڵە گەنمەکی سەد گوڵە زیوان ئاو دەخواتەوە)، یان هاوشێوەیتری هەیە دەوترێت(لەبەر خاتری خاتران، دەچمە سەر دینی کافران).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2022/26/1 12:05:07 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 206
## بەخێرا گوڵە گەنمەکی چەند گوڵە زیوان ئاوێ دەخۆنەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20201028194433389552



بەخێرا گوڵە گەنمەکی چەند گوڵە زیوان ئاوێ دەخۆنەوە.
لەناوچەکانی کوردستان بەشێوازی جیاواز دەوترێت وەک(بەخێری گوڵەگەنمەکی.... یان بەخێرا.... یان بەهۆی.... یان لەسایەی گوڵەگەنمەکی... تاد)، ئاودێری دێمەکاران خوایە، گەنمی زەوی پشتئاو بە بارانێ ئاو دەدرێت و زەوی بەرئاویش بە کاریز و جۆگە و ئەستێرە و بیران ئاو دەدرێت، چ باران و چ ئاودێرییەکە هەر بۆ گەنم ئاودانەکەیە، کەچی لە و نێوەندەدا گوڵە زیوانەکانیش هاوشێوەی گوڵەگەنمەکان ئاو وەردەگرن و دەخۆنەوە.
ئەمە بووە بە ئیدیۆم و بەمەبەست بەکاردەهێنرێت بۆ کارێک کە تایبەتمەندە بۆ کەسێک دەردەچێت و لەبەرخاتری ئە و هاوشێوەکانی بگرێتەوە، زۆرجاران کێژێک حەزی لە کوڕێک کردووە بەهۆی کوڕەکەوە چێشتێکی خۆشی بۆ خوشکەکانی کردووە یان بردووە، یان کوڕێک دڵی بۆ کچێک چووە بە هۆیەوە تانکەری پڕ ئاوی بۆ گەڕەکە بێ ئاوەکەیان بردووە بە و جۆرە کارانە دەوترێت(بەخێری گوڵە گەنمەکی چەند گوڵە زیوان ئاوێ دەخونەوە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2020/28/10 7:44:33 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 207
## بەدرێژی یان بەپانی هەر دەچێتەوە سەربانی
https://www.kurdipedia.org/?q=20181002092646156708



بەدرێژی یان بەپانی هەر دەچتەوە سەربانی
ئەم ئیدیۆمە بۆ پێوانە بەکاردێت بەڵام ئەژماریش بۆ پێوانەکە نەکرێت، بۆنمونە دوو جوتیاری کورد کێشە و گرفتیان لەسەر(ناوان) واتە بارست و نێوانی دوو پارچە زەوی تەنیشت یەکتری هەیە، کە هەندێجار ئاڵۆزی دروست دەبێت و ڕەنگە بەخوێن ڕشتنی یەکتری کۆتایی پێ بێت، چونکە یەکێک لەوەرزێرەکان بەهیچ پێودانگێک ڕەزامەند نابێت تەنها ئەوەی خۆی گەرەکیەتی و حساب بۆ قارس و ناواندانەری گوند و ئاوایی و کێڵگە نەکات، یان دەسەلاتداری ملهوڕ بۆ گرتنەبەری دەسەڵات هیچ ڕێکەوتنامە و ئاگربەست و پەیمانێک لەگەڵ یاخی و ئۆپۆزسیۆنی وڵات ناباتە سەر تەنها ئەوەی خۆی مەبەستیەتی ئەوە جێ بەجێ دەکات، یان لەسیستەمی دەرەبەگایەتی ئاغا و کێخوای ئاوایی هیچ گوێ بەقسە و بیروبۆچونی مسکێن و جوتیار نادات و ئەوەی لەمێشکی خۆیەتی هەر ئەوەی جێ بەجێ دەکات بۆیە بە و شێوە هەڵس وکەوتانە لە ئیدیۆم و دەربڕی کوردەواریدا ووتراوە(بەدرێژی یان بەپانی هەر دەچتەوە سەربانی).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/2/10 9:26:46 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 208

## بەدزی ئیزرائیلەوە دەگەڕێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20190520091130289202

بەدزی ئیزرائیلەوە دەگەڕێ
فریشتەی گیان کێشان کە (ئیزرائیل- عیزرائیل)ە، ڕۆژانە و شەوانە و هەموو ساتێ کاری ئە و هەر ڕۆح و گیان کێشانی مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوییە بە کۆمەڵێک هۆکاری نەخۆشی و تەمەن و ڕووداوگەلێکی وەک حاجی قادری کۆیی دەفەرموێ(نایەتە تەخمین حەوادیسی سبەینێ) ئینجا ئەگەر مرۆڤێک پەککەوتە و نەخۆش و ڕەنگ زەرد و بێ تەنک وتۆژ و سیس و لەڕ و لاواز و کەم توانا بێت و کورد وتەنی(بەسەری بروات) ئەوا ئەگەر یەکێک لە ئەحواڵی بپرسێت ئەوا بە ئیدیۆمەوە دەوترێت(بە دزی ئیزرائیلەوە دەگەڕێ) واتە زۆر نەخۆش و لەڕ و لاواز بووە و خۆی پێ ناگیرێت.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 9:11:30 2019/20/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 209

**بەدیوار وەتن عمرت چەندە وەت بەکێ بویشن زانیک**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180125100253144264

بەدیوار وەتن عەمرت چەندە وەت بەکێ بوویشن زانیک
ئەمە شێوەزاری لوڕیە لە گوندەکانی شارەدێی سێگردکانی شارۆچکەی کۆیە بەتایبەت لە ئاوایی ئۆمەرگومبەت بەکاردێت مەبەست لە و دەربڕە ئەوەیە کە خانوبەرەی کوردەواری کە لەقوڕ دروستکراوە ئەگەر قورەکە تێر کا(کێ) نەبوایە ئەوا ئاوی باران زوو ڕایدەماڵی و دەبووە مایەی دەلاندنی ئاو بۆ دیوارەکان و دیوارەکانی دەروخاند، واتە ئەگەر کای زۆر بوایە تەمەنی خانوەکە درێژ دەبوو، ئەمەش وەک کینایە بەکاردێت بۆ کارێکی باش و تەواو لە هەموو ڕووەکانەوە کە مەترسی لەداهاتووی ئە و کاروبارە نەبێت بۆیە ووتویانە(بەدیوار وەتن عومرت چەندە وەت بەکێ(کا) بویشن زانیک).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:


📚 سەرچاوەکان
[1] 📧 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 10:02:53 2018/25/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 210

**بەدۆی دەرکان گەورە بووە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20211218114529398834




بەدۆی دەرکان گەورە بووە
ئە و دەرگا و ئە و دەرگا کردن بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان باجی خۆی هەیە و لەناو کوردان کراوە بە ئیدیۆم بەکەسێک دەوترێت(بەدۆی دەرکان گەورە بووە) واتە هەژار و بێ دەرەتان بووە و مەمرە و مەژی ژیاوە و لێرە و لەوێ چاوی لەدەستی خەڵک بووە تا چۆڕەشیر و قاپە ماستێکی پێ بدەن، بۆیە ئێستاش چاوی لەدۆی دەرگایانە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/18/12 11:45:29 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 211
**بەدەرزی بیر هەڵکەندنە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180623084459152028
بەدەرزی بیر هەڵکەندن
بیرهەڵکەندن ئامێری قەلەم و سمبە و قازمە و جۆرەها ئامێری تایبەتی بۆ دابینکراوە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای سەردەم، وتراوە خوێندن بیرێکە بەدەرزی لێدراوە واتە بە پێنوسەکەت ساڵانە هەندێک هەڵدەکەنی ئەمە وەک خوازە بەکارهاتووە، بەڵام بیر بەدەرزی لێدان لە و ئیدیۆمەدا واتە کارێکی قورس و بێ ئەنجام دەکرێت چونکە بیر بەدەرزی تەواو نابێت و لە هەڵکەندنی نابیتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/23/6 8:44:59 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 212
**بەدەستێک دوو گندۆرە هەڵناگیرێت**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180623084914152029
بە دەستێک دوو گندۆرە هەڵناگیرێت
دوو کاڵەگ یان شوتی بە یەک دەست هەڵناگیرێت، واتە مرۆڤ لە یەک کاتدا ناتوانێت دوو کار ئەنجام بدات دەبێت کارێک بۆ کارێک بەجێبهێڵێت، بۆیە بە و مرۆڤانەی چەند کارێک بەیەکەوە لەسەرخۆیان کۆدەکەنەوە پێیان دەوترێت(بەدەستێک دوو گندۆرە هەڵناگیرێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: AM 8:49:14 2018/23/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 213

## بەدەمێک دەخۆن و بە قنگێک دەڕین

[https://www.kurdipedia.org/?q=20171109083920143126](https://www.kurdipedia.org/?q=20171109083920143126)

بەدەمێک دەخۆن و بەقنگێک دەڕین
ئەم ئیدیۆمە بەکاردێت بۆ دوو کەس کە زۆر هاوڕێی یەکتر بن و هەردەم بەیەکەوە بن لە خۆشی و ناخۆشیەکانیان، کەسیش نەتوانێت نێوانیان تێک بدات هەندێجاریش بە تەوسەوە دەوترێت بەدەمێک دەخۆن و بە قنگێک دەڕین.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: ڕۆژهەلاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: AM 8:39:20 2017/9/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 214

## بەر بووکی شێخ و شەیتانە

[https://www.kurdipedia.org/?q=20171224081042143595](https://www.kurdipedia.org/?q=20171224081042143595)

بەربوکی شێخ و شەیتانە
بەربوک واتە پاخەسو ئە و ژن یان ئافرەتەی کە لەکۆندا لەگەڵ زاوادا سەر و دەستێکی بوکیان دەگرت و کارکتەرێکی بوک گواستنەوە و ئاهەنگ و ژن و ژنخوازی بووە لە کەلتوری کوردەواریدا، شێخ واتە پیر و پیاو چاک و خاوەن(تەجروبە) و ئەختیار و تەگبیر کەری قەوم و هۆز و خانەوادە و بنەماڵە و بەرەباب، شەیتانیش لە ناو موسلمانان نەفرەت لێکراوە بە هۆی لە خۆباییەکەی و سەرپێچیکردنی فەرمانی خوای گەورە و لەدڵ ودەرروونی موسلمانانیش فیتنە و ئاژاوە و بەلاڕێ بردنی موسلمانە لەرێگەی حەق و راستیدا، ئەم ئیدیۆمە بەکاردەهێنرێت بۆ کەسێکی فێڵباز، گەرساز، بەدکار، کلاوچی، دەستبر، چاوبەست و جادوگەر، دووروو، واتە (لەگەڵ مەڕ شین دەگات و لەگەڵ گورگیش گۆشت دەخوات).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: ڕۆژهەلاتی کوردستان

:Quick Respons Code


🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇹🇯 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 12/24/2017 8:10:42 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 215

## بەر پێی خۆی نابینێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20220505204256412791



بەر پێی خۆی نابینێ
مرۆڤ کاتێک بەر پێی خۆی نابینێت کە دووچاری بەرکەوتنێکی گەورە بێت لەسەریدا بەهۆیەوە بتاسێت، یان ڕق و کینەیەکی زۆر و تورەبوونێکی گەورەی هەبێت لەکار وبارێک کە تەواو بەهۆیەوە سەری لێ دەشێوێت، جاریش هەیە لەبەر کەیف خۆشی و دڵخۆشیەکی فرە، ئە و خۆشیە زۆرە وادەکات هەست لەلای بێت، بۆیە ئاگای لەدەوروبەرەکەی خۆی دەبڕێت، جاروباریش هەیە بەهۆی بیر و سەرقاڵیەوە بەهەردوو چاوی سەیرت دەکات کەچی تۆ نابینێت چونکە بەچاوی دڵ تۆ نابینێت و چاوی سەریش خوێندنەوەت بۆ ناکات، لە هەموو ئە وکاتانەدا دەوترێت: فڕ چاوی نابینێت، ئە و حاڵەتە واقیعی و داکەوتانە ئەوەندەی فیزیکین ئەوەندە بەرجەستە نین، چونکە چاوەکانی ساغن و بینیایان لە ڕاستیدا زۆرباشیشە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم بەکەسێک یان بەرەوتێک دەگوترێت کە بێ لێکدانەوە، کوێرانە و نەفامانە کارێک ئەنجام دەدەن و ئایندەی هەنگاوەکانیان ناخوێننەوە و نابینن وەکو سەر لێشێواو دێنە بەرچاو، بە بکەرانی ئە و کارانە لە کوردەواریدا بە نیگەرانی و دڵتەنگیەوە دەوترێت: بەر پێی خۆی نابینێت، یان بەرپێی خۆیان نابینن واتە: سەر لێشێوان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇹🇯 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 5/5/2022 8:42:56 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 216

## بەراز تا بۆز نەبێت، بێناموس نابێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20220221210653405934



بەراز تا بۆز نەبێت، بێناموس نابێت
لە زۆر ناوچەی کوردستان لەبری ئە و ئیدیۆمە دەوترێت:پیرە سەی عەمەل گوجیلانی، مرۆڤ کە بەساڵ بچێت و هێشتا مەیلی بێ ناموسی هەبێت، بۆز: واتە تێکەڵ بوونی ڕەنگی سپی و ڕەش یان ماش و برنجی، وشەی: بازەش هەر لە بوونی پەڵەی سپی و ڕەش بەیەکەوە هاتووە، ئە و کەسانەی بێ ناموسی بکەن و لەگەڵ تەمەنیان یەکدی نەگرێتەوە بەتەوسەوە پێیان دەوترێت: بەراز تا بۆز نەبێت، بێ ناموس نابێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/21/2 9:06:53 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 217

## بەراز خۆی لەسەگ بدات گلاو دەبێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20181220073627181670

بەراز خۆی لەسەگ بدات گلاو دەبێت
بەراز و سەگ لە کۆمەڵی کوردەواری دا هەردوو کیان بە(گلاو) دادەنرێن و بۆ بەریەکەوتن لەگەڵ مرۆڤ قێزەونن ئەگەر رووبدات دەستت بەر سەگ یان بەراز بکەوێت ناچار دەبێت بچیت دەستت ئاوەگل-ئاوەگر بکەیت، ئینجا لە و ئیدیۆمەدا هاتووە بەراز بە بەرازی خۆی بەسەگ بکەوێت گلاو دەبێت واتە پێویستە(بە گڵ+ئاو) بشورێت تاوەکو گلاویەکەی نەمێنێت ئینجا وەک ئیدیۆم بۆ دوو کەسی پیس و گلاو بەکاردێت کە هاوڕێی یەکتری بن یان کەسێک زۆر پۆخڵ و نارەسەن و پیس بێت بە درکەوە پێی دەوترێت(بەراز خۆی لەسەگ بدات گلاو دەبێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/20/12 7:36:27 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 218

## بەرخی بەرانە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170921132617142672

بەرخی بەرانە
ئیدیۆمێکە لەواقیعدا بۆ ئە و بەرخە بەکاردەهێنرێت کە ئاژەڵدار درکی پێ دەکات بۆ بوون بە بەرانێکی ڕەسەن و پێویستە بەخێوی بکات تا ڕانەکەی بەرانێکی باشی هەبێت، بەڵام بۆ مرۆڤ کینایە و درکەیە بۆ کوڕێک بەکار دەهێنرێت کە لەمناڵیەوە خاسیەت و ئەدگاری پیاوانە و مەردانەی تێدا دەرکەوێت دەوترۆێت بەراستی بەرخی بەرانە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

ولات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: PM 1:26:17 2017/21/9

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 219

## بەرخی چلەی، گۆلکی ڕەشەمەی، کاری ئاداری پەسندن

https://www.kurdipedia.org/?q=20210515115437394069



بەرخی چلەی، گۆلکی ڕەشەمەی، کاری ئاداری پەسندن
چلەی زستانێ سەرماوسۆڵەیە و دونیا دەیبەستێت و کاریلە ناتوانێت لەساردوسرەی هەڵبکات مەگەر بەرخ بەرگەی ئە و سەرمایە بگرێ و گۆلکیش لەمانگی ڕەشەمانگ بزێ، مانگ ونیوێک شیری دایکی دەخوات و زوو بەهاری بەسەر دادێت و گیا زۆر دەبێت و تێر گژوگیا دەخوات و گەورە و قەڵە و دەبێت و کاریش لە ئاداری بزێ پەسندە چونکە ساردوسۆڵەی زستان بارگەی پێچاوەتەوە و کاریلەش بە و بارودۆخەوە جوانتر گەشە دەکات هەربۆیە وەکو ئەزمونی کوردەواری بووە بەدرکە و کینایە و کورد ئەزمونان وتویانە(بەرخی چلەی، گۆلکی ڕەشەمەی، کاری ئاداری پەسندن).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 11:54:37 2021/15/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 220

## بەرد ئەدرێت بەدەرگای داخراودا

https://www.kurdipedia.org/?q=20190202075647245465

بەرد ئەدرێت بەدەرگای داخراودا
وتراویشە(دەرگایەک کلیلی هەبوو مەیشکێنە) کەواتە دەرگایەک داخراو بێت و کلیلیشی نەبێت نەک هەر بەردی لێ دەدەرێت ئەگەری شکان و لەرێسمەبردنیشی هەیە، ئە و دەرگایانەی کراونەتەوە یان ئاسان دەکرێنەوە و والآ و کراوەن زۆر زەحمەتە کەس بیر لە بەرد تێ گرتنیان بکاتەوە، بەڵام ئە و دەرگایانەی دەخراون لەبارن بۆ بەرد تێ گرتن، ئینجا ئەم دەربڕینە هەر بۆ دەرگا نەوتراوە بۆ بیری داخراو و ئەدگاری ناجۆری داخراو و گۆشەگیری و کاروکردەوەی نەزانراو و داپۆشراو و کڵۆمکراو دەتوانرێت وەک هۆشداری و ئاگادارکردنەوە وئامۆژگاری بوترێت(بەرد ئەدرێت بەدەرگای داخراودا).

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:56:47 2019/2/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 221

## بەرد تل بدە، بێ کار مەبە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220617220708418974



بەرد تل بدە، بێ کار مەبە
هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمە، ئیدیۆمی تر هەیە وەکو(بچۆ بێگار، دامەنیشە بێکار) و(شەڕ لە دەست بەتاڵی باشترە)، لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەگەر نزا و تووک و دوعا لە یەکێک بکەن دەڵێن: خودایە بێ کار بی یان خودا بێ کارت کا، بێگار و سوغرەکێشی و شەڕکردن دوو کاری قورس و سەخت و دژوارن، بەڵام هێشتا لە دەست بەتاڵی باشترن، لێرەش خلۆرکردنەوە و تلدانەوەی بەردی زل و گەورە لەلاپاڵ و هەرد و کێوان کارێکی گران و پشت شکێنە، بەڵام هێشتان بە بەراوردی بێ کاری بە بەرهەمتر و بە بایەخترە، پێشینانی کورد هێندە ئەزموونی ناپەسند و سفت و تاڵ و ناخۆشیان لەگەڵ بێکاریدا بینیووە، کە بەهۆی بێ کارییەوە مرۆڤ بیر لە هەزاران کاری نارێک و ناجۆر و نالەبار و ناقۆڵا و لادانی کۆمەلایەتی دەکاتەوە یان چاوی لەدەستی ناکەسان بووە بە هۆی نەبوونی و نەداری و دەست کورتیەوە، بۆیە وەکو رێنوێنی و ئامۆژگاری و رێنمایی و هۆشداریدان بە لاو و جحێڵ و جەوانی کورد فەرمویەتی: بەرد تل بدە، بێ کار مەبە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2022/17/6 10:07:08 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 222
**بەرد کولاندن**
[https://www.kurdipedia.org/?q=20180623084346152027](https://www.kurdipedia.org/?q=20180623084346152027)
بەرد کولاندن
بەرد کانزایەکی ڕەقە و چەندین جۆری ئاگرین و گۆڕاو و نیشتوی هەیە، بەرد داخ و دەشکێنرێت و ڕێکیش دەخرێت و پارچەپارچە دەکرێت و جۆرەهای شێوە و کەرەستەی لێ دروست دەکرێت، بەڵام کولاندنی نەزانراوە تا ئەمڕۆ بەرد بکوڵێنرێت ئەمەش هەر گوزارشتە لە بێ ئەنجامی کارێک دەوترێت فلانە کەس بەرد دەکوڵێنێت و ئە و کارە بەرد کولاندنە واتە بێ ئامانج و ئەنجامە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2018/23/6 8:43:46 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 223
**بەرداشی لەسەر دەگەڕێ**
[https://www.kurdipedia.org/?q=20171225093805143609](https://www.kurdipedia.org/?q=20171225093805143609)
بەرداشی لەسەر دەگەڕێ
مەبەست لەو تەوەرەیە کە بەردە ئاشەکەی لەسەرە و ئە و هۆکاری سوڕاندن و دەوران و خولاندنەوەی خەرکە بەردەکەیە، ئەم ئیدیۆمە بەکاردێت بۆ کەسێکی(سەر بەگۆبەند و سەری گۆبەند و بنی گۆبەندە) یان پشێووی و ئاژاوەگێڕی و هۆکاری هەموو بەڵا و نەهامەتیەکانە، یان ئەوەی لێقەومانی هێنایە کایەوە و سەری گەواڵە و بنی گەواڵەیە هەر ئە و کەسەیە کە تەوەری بەرداشەکەیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/25/12 9:38:05 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 224
**بەردی بچێنێت دەبیێت**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200905113802387525



بەردی بچێنێت دەبیێت
بەرد، زادەی کەشکارییە و بەپێکهاتەیەکی کانزایی ئەژماردەکرێت جۆری نیشتو و گۆڕاو و ئاگرینی هەیە، نارووێنرێت بەڵکو گۆڕانکاری کەش و هەوا دروستی دەکات و هەر ئەویش تێکوپێکی دەشکێنێت، بەرد لە ئیدیۆمدا زۆر بەکارهاتووە چونکە گەلانی دونیا سروشت دۆستن و پشت بەژینگەی دەوروبەری خۆیان دەبەستن بۆ دڵرەقی دەوترێت(دەڵێی بەردی رەقە) لەبواری تریش بەکارهاتووە(بەرد لەجێی خۆی سەنگینە) و(دەڵێی بەردە بەگوی دادەدات) و(بەقای مێردی و سێبەری بەردی) و(بەردەباز) و تاد، ئینجا لێرەدا(بەردی بچێنی دەبیێ) واتە کەسێکی سەر بەرسق و رۆژووە و هەرکاسبیەک بکات خوا دەست بەباڵییەوە دەگرێت و بۆی دەبێتە خێروبەرەکەت و قازانج و داهات و بەروبومێکی باشی بۆ دێتە بەرهەم و خەرمانی پر دەبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/5/9 11:38:02 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 225
**بەردی بەستێ، چۆلەکەی دەشتێ**
https://www.kurdipedia.org/?q=20210305203635392065



بەردی بەستێ، چۆلەکەی دەشتێ
بەست، پانتاییەکی گەورەیە لە بەردۆچکەی ڕاپێچراو و ڕامالراوی ڕووباران دروست دەبێت، بەگوێرەی شوێنی پێکهاتنیان شێوەیان جیاوازە لە دامێنی شاخەکان شێوە پانکەییە و لە دەلتاکان سێگۆشەییە و لە پێدەشتان پان وپۆرە وەکو بەستی(شەرغە)ی نێوان دێگەلە و سێگردکان، بەرد لەبەستێ زۆرینەیە بەگالتەوە وتراوە(پیاوێک لەبەستی شەرغەی دوو بەردی بەدەستەوە بووە لە بەردی سێیەم گەڕاوە ووتیویانە لەچی دەگەڕێ وتویەتی لەبەردی سێیەم دەگەڕێم کە لە و بەستەی تەلاقی پێ نەخورابێت، سەرچاوە: کۆبەرهەمی بلاو نەکراوەی تاهیر ئەحمەد حەوێزی:2020زاییێی)
چۆلەکەی دەشتێ واتە بالندەی پاساری و کێشکە، کە ئەوانیش وەک بەردی بەستێ لەژمارە نایەن و زۆر وزەبەندن، ئە و ئیدیۆمە بۆ شتی فرە و زۆر دەوترێت کە دەستکەوتنیان ئاسان بێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/5/3 8:36:35 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 226
**بەردی لادێ ژیانی تێدایە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171109083737143125
بەردی لادێ ژیانی تێدایە
مرۆڤ لە سروشتدا پێویستی بەهەموو شتێک دەبێت بەتایبەتیش لە گوند و لادێکاندا، ئینجا بەرد لەلادێ جگە بۆ دروستکردنی خانوبەرە و چیلە و کۆلیت و حەسار وەک چەکیش بەکارهاتووە و بووە بەفیشەکی قۆچەقانی و پەلاری شوان و ناوانی زەوی و زار و بەردەبازی ڕووبار و جۆگەلە و جۆباران و کەل و پەلی ناومال و بەردە جۆنی و دەستاڕ و بەردە ئاش و بەردە خەروا و تاد هەندێجار لە ڕووی واتاییەوە سودی دەرونی هەبووە و دل و دەرونی مرۆڤی پێ کراوەتەوە بەتایبەت لە لاپال هەرد و زنار و شیو و دۆلەکان و بنمیچی گۆم و ڕووبار و کارێزەکانی کە شێوەی چاوی قرژال ڕوونن، کەواتە بۆیە وتراوە(بەردی لادێ ژیانی تێدایە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەلاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2017/9/11 8:37:37 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 227
**بەردێک نەزان بیخاتە ئاوەوە بەهەزار زانا دەرنایەت**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180604170200151307
بەردێک نەزان بیخاتە ئاوەوە بەهەزار زانا دەرنایەت
وەستای کارزان بەردی زەق دەخاتە نێو دیوارەوە، بەڵام ئەگەر وەستایەکە یان بەنناکە شارەزاییکەم بوو یان سەرەتا بوو زۆر زەحمەت دەتوانێ بەردی زەق بخەوێنتە دیوارەوە، ئینجا ئەگەر وەستایەکی نەزانیش بەسەقەتی بەردەکەی خستە دیوارەکەوە بەهەزاران وەستای لێوەشاوە ئە و قیناجی و بەدگونیەیی و خوارییەی دروستیکردووە چاک نابێتەوە، بەرد ئەگەر بخرێتە نێو ئاوەوە لەبەر سەنگ و قورساییەکەی یەکسەر دەچێتە بنی گۆمەکە و زۆر زەحمەت دەتوانرێت بهێنرێتە دەرەوە ئینجا ئەگەر ئە و کەسەی بەردەکەی فڕێداوە نەزانێت لە چ کات و ساتێک یان لە چ شوێن و ناوچەیەک بەردەکەی فڕێداوە ئەوە خۆکار لەکارترازاوە و دەرهێنانی ئاستەنگ و ئاستەم دەبێت، بۆیە ئەم درکەیە لە کوردەواریدا بەکاردێت بۆ کارێک یان هەوڵێک بۆ ئەنجامدانی کارێک، لەلایەن کەسێکەوە کە کاری ئە و نەبێت و شارەزایی لە کارەکە نەبێت بەدڵنیاییەوە سەقەتی دەکات و بەهەزار کارناس و وەستا و زانایان چاک نابێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2018/4/6 5:02:00 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 228
**بەردەکی لەسەر دانێ**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220215225826405191



بەردەکی لەسەر دانێ
لە ژیانی رۆژانەدا کورد بەردی زۆر بەکارهێناوە و کۆمەڵێک پێداویستی خۆی پێ پڕکردۆتەوە، بەردیشی لە زۆر ئیدیۆمدا بەکارهێناوە وەکو: (بەرد لە جێی خۆیدا سەنگینە، قسەی زۆر رەقە دەڵێی بەردە بەناو گویدا دەدات، کوچک لە ئاگری گەرمترە، بەردێکی لەسەر بەردێک داناوە، لە ئیدیۆمی (بەردەکی لە سەر دانێ) واتە ئەو بابەتە زۆر هەستیارە با کەس نەزانێت و بەنهێنی هەستیاری بمێنێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/15/2 10:58:26 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 229
**بەرۆژووە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180530082432151152
بەرۆژووە
بەکەسێکی گێل، نەفام، کەودەن، بێ ئاوەز-عەقڵ، نەزان، لامل و نەسەلمێن، خۆبەزلزان، هیچ لەبارا نەبوو، تیابەستە نەبوو، عەشتەبای خوای لێ نەزانێت، فرێ بە جمهوریەتەوە نەبێت، دۆشاو بەگون بێت، هەپرەگوون و کاڵفام وتێ نەگەیشتوو و گا بەگون ناس بێت دەوترێت ئینجا فلانە کەس چیە هرێ لەبرێ ناکاتەوە و لە و بوارەوە (بەرۆژووە) واتە دەمی بەستراوەتەوە و ناتوانێت هیچی لەبارەوە بڵێت یان بکات... تاد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/30/5 8:24:32 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 230

## بەری تەنگانە کورتە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200815123004386902

بەری تەنگانە کورتە
لەدێر زەمانەوە بە تاقیکردنەوەی یەک لەداوای یەک کورد گوتویەتی : بەری تەنگانەی کورتە, هەڵبەت تەنگانە لە کوردیدا واتە: ڕۆژانی ناخۆشی وەکو نەبونی و هەژاری و نەخۆشی و شەڕ وشۆڕ و...تاد، ئینجا مرۆڤی خۆگر و پشوو درێژ دەتوانێت بەسەریدا زاڵ بێت؛ ئەمە بووە بەئیدیۆم وەک بەچاو دادانەوەی دۆست و خزم یاخود بۆ هاندان و خۆڕاگری و ئومێد بەخشین دەوترێت بەری تەنگانەی کورتە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020/15/8 12:30:04 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 231

## بەزاک و ماکەوە هاتوون

https://www.kurdipedia.org/?q=20220516230906414154



بەزاک و ماکەوە هاتوون
لە کوردەواریدا، شوانکارەکان بە هاران کار و بەرخ لەگەڵ مەڕ و بزن تێکەڵ دەکەن بۆ ئەوەی تێر شیر بخۆن و فێرە لەوەڕیش ببن، بەمەش دەنگ و سەدایەکی زۆر و قارە و مرق و بارەیەکی باش دروست دەبێت لە نێوان بزن و کارژۆڵە و مەڕ و بەرخۆڵەکان، ئینجا لە نێوان کەندێناوە و قەراج و شەمامک و کۆیە و پشدەر و مەنگوڕایەتی و موکریان هەموویان ئە و زاراوەیە(زاک و ماک) بەکاردەهێنن واتە: زا و ما یان ساوا و دایک، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و لە کوردەواریدا ئەگەر بڵێن بە خاوخێزانەوە هاتوون دەوترێت: بە زاک و ماکەوە هاتوون. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/16/5 11:09:06 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 232

## بەزمان شێر دەکاتە ڕێوی

https://www.kurdipedia.org/?q=20190520091257289203

بەزمان شێر دەکاتە ڕێوی

ئە و ئەندامەی ناو زاری مرۆڤ دەتوانێت ببێتە چەقۆ و تیغ و ئاوی بەخوڕ و تۆفان و ڕەشەبا و لێزمە و کورد ووتەنی بەرێتە گیانی هەر شتێک ئاتاری لەسەر پاتاری ناهێلێت، هەندێجاریش دەبێتە کلۆەشەکر و قۆزاخەی پەمۆ و دەنگی جۆبار و نەرمە هەوا و سروە و شنەی شەماڵی ئارام و خوناوی سەر گژوگیا و کورد وتەنی(دڵی بەرد نەرم دەکات) ئەمە لە حاڵەتە ئاساییەکان و نائاساییەکاندا هەندێجار ئە و زمانەچکۆلەیە مرۆڤ وا قسەی پێ دەکات هەست ناکات تواناکانی خۆی چەندە و بایی چەندە بۆ نمونە مرۆڤێک توانای کەمی هەبێت بەزمانی دەتوانێ خۆی وانیشان بدات کە شێرە و لە بنەچەشدا توانای ڕێوییەکیشی نیە، ئینجا بەمەبەست و دەربڕینەوە بە و جۆرە کەسانە دەوترێت(بەزمان شێر دەکاتە ڕێوی) واتە لە کردەوەدا تیابەستە نەبووە و تەنها بەزارولە.

Quick Respons Code:



🗄 سەرچاوەکان

[1] 🌐 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 20/5/2019 9:12:57 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 233

## بەزی بەکتکی دەسپێری

https://www.kurdipedia.org/?q=20171226094604143619

بەزی بەکتکی دەسپێری

بەز:پیو، چەوری گۆشتە، ئینجا کە پشیلەی گۆشت خۆر ئە و بەزە ببینێت دەمی ئاو دەکات و حەوت سەربانی بۆ دەکات و هەر حەوت ڕۆحەکەی لەسەر دادەنێت و یەکسەر حەپەلوشی دەکات، ئینجا کەسێک سیفەتی ئە و پشیلەی هەبێت و ئەمانەتێکی لەلا دابنرێت دەوترێت بەخوا بابم باشە یان کێت بە ئەمانەتدار و ئەمیندار داناوە فلانە کەس وەک ئەوە وایە(بەزی بەکتکی بسپێری)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:



🗄 سەرچاوەکان

[1] 🌐 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 26/12/2017 9:46:04 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 234

## بەس گووەکەی تەرس نی یە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170802073155141710

بەس گووەکەی تەرس نی یە
ئیدیۆمێکە بەکاردەهێنرێت بۆ کەسێک کە زۆر کەڵحۆ و نەفام و گێل و هەڵەوەڕ و کار نابەجێ یە، واتە هیچ قازانج و سودێکی نیە لەبەر کەڵحۆیی و نابەجێی هەڵس وکەوتی خۆ ئەگەر گوەکەی تەرس بوایە ئەوا لە کوردەواری سودی لێ وەردەگیرا وەک(سەرگین و لاس و تەپاڵە و قەرەسەقوڵ) بۆ سوتان بەکار دەهات، بەڵام ئێستا لەبەر ئەوەی بێ گومان هاوشانی(کەر-گوێدرێژ)ە، بەڵام بەداخەوە ناتوانین سوود لەپاشەڕۆکەشی وەرگرین چونکە وەک وتراوە بەس گوەکەی تەرس نیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/2/8 7:31:55 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 235

## بەستەی ئاغا ژنە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171221092405143577

بەستەی ئاغا ژنە
بەستە لە بەستن و گرێدانەوە هاتووە، وابەستەبوون و گیرۆدەبوون و پەیوەندیەکی گیانی بەگیانی نێوان دووکەس یان دوو خولیا و دوو عاشق و ماشقە و ئەویندار، لە کوردەواریدا ئاغا ژنیش کەسێکی خان و مان و خاوەن جوانی و بڕیار و دەست و پەیوەند و دەست ڕۆیشتوو بووە و وەک هەسانی ئاغا بووە ئەگەر کەسێکی خۆش بویستبوایە ئەوا کێشە و گرفتی کەم دەبوو و نانی دەکەوتە ڕۆنەوە لە نێو چوتیاراندا ئەگەر یەکێک لەلای دەسەڵاتی دەرەبەگیەوە جوان بچوایە بەڕێوە و دۆستی ئاغا ژن بوایە دەوترا فلانەکەس کێشەی نیە و(وابەستەی ئاغا ژنە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017/21/12 9:24:05 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 236

## بەسمتی سپی نەگەڕاوە، بەدەسکە پوشێ ناگەڕێتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170927135203142759

بەسمتی سپی نەگەڕاوە، بەدەسکە پوشێ ناگەڕێتەوە
ئیدیۆمێکە بۆ کەسێک بەکاردێت کە شتێکی گرنگ و بە بەهای پێدرابێت وەرینەگرتبێت چۆن شتی بێ بەها وهیچ وەردەگرێت، لە بنەچەدا بۆ گا بەکارهاتووە، بەگژۆکردنی مانگایەکی خەپان رازی نەبووە چۆن بەدەسکە پوش و توێ توێ دەگەڕێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/27/9 1:52:03 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 237

## بەسەر حەوت پشقڵ باز دەدات

https://www.kurdipedia.org/?q=20171109084211143128

بەسەر حەوت پشقڵ باز دەدات
وتراویشە ئەگەر ختەی لێ بکەی بەسەر حەوت مەنجەڵ شیر بازدەدات بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت کە(مەدح)ی خۆی بکات و لەراستیشدا وانەبێت و وادەرنەچێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/9/11 8:42:11 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 238

## بەشە و جەردە و بەڕۆژ مەردە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190523100230289277



بەشە و جەردە بە رۆژ مەردە
بەشە و وبەرۆژ جەردەن و نایشانەوە
لە کۆندا زۆر بەسەر شەودا هەڵدەرا و دەوترا(شە و قەڵاتی مێردانە) و مەحوی مەزن-یش دەیوت(سەتری گوناحکارانە شەو) لەزەمانی(جاهیلی-نەفامی) پێش ئیسلام ئەگەر کەسێک دزی پێ نەکرایە ژنیان پێ نادا دەیانووت لەبرسان دەمرێ، دزیی و جەردەیش سەردەمانێک جێگەی بەخۆهەڵدان بووە خۆم ساڵی 2013 لە یەکێک لە گوندەکانی کوردستان ناوی کەسایەتیەکانی مێژوویی گوندەکەم لە ئەنجومەنێک داوا کرد ووتی باپیرەم فلان زۆر ناودار بووە ووتم ناوداریەکەی چی بوو(پاڵەوان و نان دەر و کێخوا و خاوەن دیوەخان و پێشمەرگەی دوازدە سوارەی مەریوان و لەشکری شێخ مەحمود و شۆرشی ئیبراهیم خانی دەڵۆ) وتی بابۆت باس بکەم(بۆی گێرامەوە کە کاتی خۆی چۆن توانیویەتی چەکی فلانە ئاغای دەستڕۆیشتو بدزێت)، لەوێ رۆژێ دزیش ئەتەکێت و بنەما و پێوەری خۆی هەبوو ئەگەر نمەکی ماڵێکیان بکردایە بەبرای بەبرای دزیان لێ ناکرد، ئینجا ئە و ئیدیۆمەی بەشە و جەردەیە واتە بەشە و ڕاو ورووت دەکات و خەڵکی رووت دەکاتەوە بەرۆژیش خۆی دەکاتە مەرد و پیاوی(سوڵح و سەڵاحەت-ئاشتەوایی) و ناو کۆڕ و (مەجلیسان) هەڵبەت ئەمەش پیشەی بەشێک لە دەرەبەگەکان بوو لە سەدەی رابردوو بەشەوان بە پیاوەکان و داردەستەکانیان(گاجوت و ئەسپ و مەڕو ماڵات و ڕەشەوڵاغ و کەچە چەک و شتی گرانبەهایان) دە دزی و بەرۆژیش دیوەخانیان پێ دەرازاندەوە و خۆیان بە پیاوماقوڵ نیشان دەدا و ئەلقە بەگوێیان پێ دابەستە دەکرد و گەڵاجاڕ و خەرمانی جوتیارانیان پێ دەسوتاندن، بۆیە وتراوە بەشە و جەردەیە و بەرۆژ مەردە بەداخەوە ئێستا بەشە و و بەرۆژ جەردەن و نایشارنەوە بۆیە دەکرێت لەمرۆدا بوترێت(بەشە و وبەرۆژ جەردەن و نایشانەوە).

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 10:02:30 2019/23/5

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 239

## بەشەر ئەگەر دەستی خۆی دیت باوکی خۆی نا ناسێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20180830090727155082

بەشەر ئەگەر دەستی خۆی دیت بابی خۆی ناناسێت
بونیادەم و بەشەر مەبەست لێیان مرۆڤە، خاسیەتی جۆراوجۆر لەمرۆڤەکاندا هەیە و هەڵس وکەوت و بیر و باوەڕ وئەندێشە و ئەدگاری جیاواز جیاواز لێیان بەدیدەکرێت بەنمونە خۆ بەزلزان و گەورە یان لووتبەرز و خۆسەپێن و خۆبەبەشت زان و تاد، پێکهاتەی بەشەر وایە لە لاوازی و کزۆڵی و داکشان ونەخۆشی و هەژاری و بارودۆخ خراپی بێت خاسیەتی خۆبەکەمزانی و ملکەچی و بێ دەسەڵاتی و بێ نەفسی و سادەیی و خاکیەتی زیاد دەکات بەپێچەوانەشەوە کە هەبوو و دەوڵەمەند و تەندروست باش بوو واهەست دەکات پێویستی بەکەس نەماوە وکەس ناناسێت، بەنمونەی جوانتر مناڵ تا دەبێتە سەرووی هەژدەساڵی لەلایەن دایک و باوکیەوە گۆش و پەروەردە و بەخێودەکرێت لەمناڵیدا ناتوانێت خۆشی خاوێن بکاتەوە و ژەمێکیش خۆراک پەیدا بکات و ناتوانێت هەنگاوێکیش بڕوات، لەمێرد منداڵیدا بەبێ دایک وباوک هیچ پێداویستیەکی بۆ دابین ناکرێت کورت و کرمانجی(کەس لەپڕێک نەبووە بەکورێک)

ئینجا ئه و مناڵه که گەورە بوو و بووە خاوەنی دەسەڵات و دارایی و ماڵ و منداڵی خۆی ئەوا ئەوەندە لەخۆی دەگۆڕێت باوکی خۆشی ناناسێتەوە کە بەخێوی کردووە وادەزانێ لەپڕێ بووە بە و پیاو و کوڕە بۆیە کورد ژیرانە ووتویەتی(بەشەر ئەگەر دەستی خۆی دیت بابی خۆی ناناسێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

📚 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 9:07:27 2018/30/8

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 240

## بەشەر لەبەرد سەختر و لەگوڵ ناسکترە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190204072356250057



بەشەر لەبەرد سەختر و لە گوڵ ناسکترە
مرۆڤ بونەوەرێکە هەم لاواز هەمیش بەهێز، هەندێ جار قاڵبونەوەی مرۆڤ مرۆڤ سەرسام دەکات چۆن مرۆڤ بەرگەی ئەم هەموو کۆسپ و تەگەرەی ژیان دەکات هەبونی و نەبونی و گرانی و هەرزانی و شەڕ و ئاشتی و دردۆنگی و پێکەوە ژیان و نەخۆشی و لەش ساغی....تاد، لەهەمان کاتیشدا مرۆڤ زۆر بێ هێز و لاواز و بێ دەسەڵاتە بەرامبەر دیاردە سروشتی و مرۆییەکانی وەک بومەلەرزە و لافاو ورەشەبا و گەرما و سەرما و خۆڵباران و تاد لە و چوارچێوەیەوە وتراوە(بەشەر لەبەرد سەختر و لەگوڵ ناسکترە) واتە وەک بەرد بەرگەی کەشکاریش دەگرێت و وەک گوڵیش سەرما و گەرما دەیسوتێنێت.

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 7:23:56 2019/4/2

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 241

## بەقای موو و بەقای شوو

https://www.kurdipedia.org/?q=20200908154831387675



بەقای موو و بەقای شوو.
موو، باریکە و ئەگەر کەمێک توند ڕایبکێشیت دەپسێت، واتا ناتوانیت پشتی پێ ببەستیت بۆ بەستنەوەی شتێک و پشتی خۆتی لێ بکەیتەوە، بۆ کچانیش شوو کردن و مانەوەی لەگەڵ هاوسەر و هاوژینەکەی وەکو ئە و داوە مووە وایە جێگەی متمانەی تەواوەتی نییە، ئە و ئیدیۆمە بەشێوەی تریش گوتراوە(بەقای مێردی و سێبەری بەردی)، زۆرجار وارێکەوتووە پیاوێک لەتەمەنێکی درەنگدا ژنی دووەم بهێنێت بۆیە لە کوردەواریدا زیاتر لەزاری ژنانەوە ووتراوە بەخوای خوشکم(بەقای مو و بەقای شو) وەکو یەکە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/8/9 3:48:31 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 242

## بەقنگیەوە خستیە چاڵەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171109092439143132

بەقنگەوە خستیە چاڵەوە
هەندێجار لە نێوان دوو لادا بەر لە دەستپێکردنی شەڕ و گرژی گوێبیستی کۆمەڵێک هەڕەشە و گورەشەی جۆراوجۆر دەبین، کە شەڕەکە ڕوودەدات لایەک لایەکیان دەبەزێنێت و تەواو دەمکوت و سەرکوتی دەکات ئینجا بە تەوسەوە لە کوردەواریدا ووتراوە(بە قنگەوە خستیە چاڵەوە)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/9/11 9:24:39 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 243

## بەگوریسی خەڵکی دەڵێ پەتە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190120081523216641



بەگوریسی خەڵکی دەڵێ پەتە
گوریس دوای ڕێستنی مووی بزن بە و کەرەسەیەی کە بووە بەگڵۆرەی موو لەلایەن وەستای خۆیەوە دەرێسرێت و دروست دەکرێت بۆ کۆمەڵێک پێداویستی بەکاردەهێنرێت بەتایبەت بۆ بەستانی(بار) چ لەسەر پشتی وولاغەبەرزە بێت یان لەناو عارەبانەی تراکتۆری بێت، هەروەها بۆ بەستانەوەی کەر و ماین و ئێستر و ئەسپ بەکارهاتووە، یان توندکردنی تێڵەگەی گەنم و...تاد هەندێجار ئەم گوریسە بەهۆی زۆر بەکارهاتن و کۆنیەوە دەخورێتەوە و پارچەپارچە دەبێت بەهەر پارچەیەکی دەوترێت(پەتە) وەک(تیلم)ە پەرۆکە خاسیەتی گوریسیەکەی لەدەست دەدات و بۆ بار بەستان و تێلەکێشی دەست نادات، ئینجا هەندێ کەس هەن شت و مەکی خەڵکی دەشکێنن و بایەخی پێ نادەن تەنها مەدح و ستایش و پیاهەڵدان بە کەلوپەلی خۆیان دەڵێن ئینجا لە کوردەواریدا بەدرکە و ئیدیۆمەوە دەوترێت فلانە کەس گوریسی خەڵکی پێ پەتەیە واتە شتی خەڵکی بەهەند وەرناگرێت و پێی هیچ نی یە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2019/20/1 8:15:23 AM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 244

## بەگۆر گوێمان بڕی بەدێڵ دەرچوو

https://www.kurdipedia.org/?q=20171108094328143098

بەگۆر گوێمان بڕی بەدێڵ دەرچوو
گوچیلەی نێرکە پێی دەوترێت(گۆر) لە تەمەنێکی بچوکەوە خاوەن پەز بۆ پاسەوانی بەخێوی دەکات و زۆر زوو هەردوو گوێی دەبرن کەم ڕێکەوتووە گوچیلەی(دێڵ) گوێی ببردرێت و کەمیش بە خێو کراوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گۆر دەتوانێت پاسەوانێکی باشی لێ پەروەردە بکرێت بۆ ڕانە بزن و مەڕ و ماڵات، ئینجا کاتێک ئەمە وەک خوازە بۆ مرۆڤ بەکاردەهێنرێت دەبێتە ئیدیۆم و دەربڕێکی ناوازەی جوان بۆ نمونە کارێک بە کەسێک دەسپێری و پێت وایە لە ئاستی جێبەجێکردنی ئە و کارە دایە کەچی لە نیوەی کارەکەدا بۆت دەردەکەوێ هەڵەت کردووە و ئە و کەسە لە ئاستی ئە و کارە نەبووە کە پێیت سپاردووە و ناتوانێ تەواوی بکات و کوڵ بدات و بەجێی بهێڵێت دەوترێت(بەگۆر گوێ-مان بڕی دێڵ دەرچوو).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:43:28 2017/8/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 245

**بەگەورەیی دەستی بۆ پڵاوبردووە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200830091236387276



بەگەورەیی دەستی بۆ پڵاوبردووە.
وتراویشە(بەگەورەیی فێری پڵاو خواردن بووە) فێربوون پرۆسەیەکی دوور و درێژە، هەر لەمنداڵیەوە دەست پێ دەکات تا کامڵ و پیربوون، ئەگەر بەپیری هەوڵی فێربوون بدرێت درەنگە و کارلەکار ترازاوە و ئە و زووە بە و درەنگەی ڕاناگات، زۆرجاران دەبینرێت کەسێک زۆر درەنگ دەوڵەمەند دەبێت لەگەڵ ئەتەکێتی دەوڵەمەنداری و خاوەن سەرمایە یەکناگرێتەوە، یان ئەوەی لە گوندەوە بچێتە شار، هەندێ کەسیش لە خۆی دەگۆڕێت بەوەرگرتنی پلەیەک یان کارێکی نوێ و تاد، هەندێ ڕەفتار و کاری نابەجێ دەکات، بۆیە بەتەوسەوە بە و جۆرە کەسانە دەوترێت(بەگەورەیی دەستی بۆ پڵاوبردووە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:12:36 2020/30/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 246

**بەماڵێ پڕ لە ڕازیانەوە بەسک ئێشە بمرن**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220325182203409050



بەماڵی پڕ لە ڕازیانەوە بەسک ئێشە بمرن
ڕازیانە گیایەکی ساڵانەیە، گەڵاکەی دداندارە، گوڵەکەی سپی و بەرەکەی وورد و قاوییە، مادەیەکی گرنگی تێدایە پێی دەوترێت: ڕۆنی ڕازیانە کە وەکو دەرمانی کوردەواری بەکارهاتووە بۆ هەرسکردن و کەمکردنەوە و نەهێشتنی ژانی ڕیخۆڵە و سکچون و بۆ چارەسەری نەخۆشی تر سوودی لێ بینراوە، لەفۆلکلۆری کوردەواریش وتراوە:
هۆی کاکی جوتیار، جوتت شا گوڵ بێ
تووەکەت ڕازیانە خەرمانت گوڵ بێ
ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ حاڵەتێکی هەبوونی بەرهەمێک یان کەرەسەیەک یان کانزایەک یان سەروەت و سامانێکی گرانبەها و نەشزانرێت بە دروستی بەرهەم بهێنرێت وەکو حەسرەت و بەداخێکەوە دەوترێت: بە ماڵی پڕ لە ڕازیانەوە بەسک ئێشە بمرن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: 2022/3/25 6:22:03 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 247

## بەمێردی نیە بە خوڵایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190513080200286969



بەمێردێ نیە بە خوڵایە
وتراویشە(فاتیەلەی خوشکم چ ترەترەی مێردانی هەڵنەگرت و خوا دوو کوریژکۆکەی پێداوە) بۆ ئەم ئیدیۆمە دەگێڕنەوە لەنێو ماڵە ڕەوەند و کۆچەریان لە نێوان کوێستان و گەرمیانان کیژۆڵەیەک چەند ناڵێکی دەبێت و هەر لەگەڵ هۆبەی ڕەشماڵی ماڵی باوان(دایک وباوک) هاتوچۆی کوێستان و گەرمیانی کردووە، بەبێ ئەوەی شووی کردبێت، ئینجا زۆر جاران بەکیژان و کوران وتراوە لەکاتی خۆیدا بچنە ژیانی هاوسەری و خێزان پێکەوە بنێن وە ئەگەرنا تەمەنیان بەرەوژوور و بەفیڕۆ دەچێت و کۆز وبەچەیان ساوا دەبێت و بێ وجاغ و منداڵ دەبن بەمەش ماڵیان کوێر(کۆر) دەبێتەوە، بۆ وەڵامی ئەمە پیرەژنە کۆچەری و ڕەوەندان گۆتیتی(بەمێردی نیە بەخوڵایە، فاتیلەی کیژم چ مێردی نینە، دوو غورام کۆرەی تۆی هەنە) ئەمە بووە بەئیدیۆم بۆ گوزارشت لە توانای خودای گەورە بۆ پێدانی منداڵ و بۆ گاڵتە و گەپیش بەکاردێت کاتێک بیانەوێت وەڵامی هاوسەرگیری و مێردکردن و ژنهێنان بدەنەوە.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/13/5 8:02:00 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 248

## بەنانی دەرکان گەورە بووە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220621215527419388



بەنانی دەرکان گەورە بووە
دەرک: دەرو، دەروازە، دەرگا، دەری، دەرکە، قاپی، لە هەندێ ناوچەی تری کوردستان دەوترێت: بەدۆی دەرکان گەورە بووە، دەرکە لە نزاو توکیش دەوترێت لە ناوچەی مەنگوڕایەتی(ئەکە دەرکت بە قوڕێ گیرێ)، نان: هەویری پانکراوەیە بە تیرۆک و لەسەر سێر برژێنراوە، زاد و قووتی ڕۆژانەی مەردومە، ئە و کەسانەی نانی ڕۆژانەیان نەبێت یان ئەورۆ بە و ڕۆیان هەبێت، هەژار و کەمدەرامەت و نەدارن، هەیانە بە ئارەقەی نێوچەوان پەیدای دەکات، هەشە بە سواڵ و سەدەقە و دەرۆزەکردن پەیدای دەکات، ئیجا ئە و جۆرە کەسە هەر چاویان لەدەستی خەڵکە، وەکو ئەوانەی کە بەنانی حەڵال گەورە نەبوون، ئەگەر دەوڵەمەندیش بن ڕەزیل و چاوچنۆک و چاویان لە دەستی ئەم و ئەوە، بەتەوسەوە بە و جۆرە کەسانە دەڵێن: بەنانی دەرکان گەورە بووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆیە

ولات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/21/6 9:55:27 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 249

## بەنی برای ئاوریشمە

https://www.kurdipedia.org/?q=20181215080146177956



بەنی برای ئاوریشمە
وتراویشە(ریسە بێرە موویە) مرۆڤ لەبەر ئەوەی بونەوەرێکی کۆمەلایەتیە بێ یەکتر هەڵناکەن بەتایبەت ژیانی خوشک و برا، خوشک لەکۆمەلی کوردەواریدا برای زۆر خۆش دەوێت، هەرشتێک لەلای براوباوانیەوە بچێت بۆی ئە و بەنرخ و رێزەوە لێی دەروانێت ئەگەر داوەبەنێکی بزنێکیش بێت یان داوە بەنێکی خوری و سوف بێت ئە و وای لێک دەداتەوە بەنێکی(ئاوریشمیە) چونکە ئەوەندەی براکەی خۆش دەوێت هەموو شتەکانی ئە و بەجوان دەبینێت بۆیە لە ئیدیۆمی کوردەواریدا بووە بەدەربرێکی زۆر جوان بۆ خۆشەویستی خوشک بۆ برایان وتراوە(بەنی برای ئاوریشمە) واتە گفتوگۆ هەڵناگرێت و تەنەکەی بەر دەرگاشیان زیووە و تەپاڵە و ریخیان پشکۆی شەوی تارە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 15/12/2018 8:01:46 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 250

## بەنەکە ئاڵۆز بووە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171207094621143421

بەنەکە ئاڵۆز بووە
کێشەیەک یان گرفتێک بگاتە گرێ کوێرە و چارەسەری قورس بێت و خەریک بێت بگاتە بنبەست ئێستای هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی و کۆمەلایەتی ناوخۆیی و دەرەکی و پەیوەندی لەگەڵ بەغدا گەیشتۆتە ئە و حاڵەتەی ئە و ئیدیۆمە کوردیە جێگەی خۆی بکاتەوە و بوترێت(بەنەکە ئاڵۆز بووە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 12/7/2017 9:46:21 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 251
**بەهار لە گەرمیان دێت و زستانیش لە کوێستان**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220103204255400257



بەهار لە گەرمیان دێت و زستانیش لە کوێستان
لەگەڵ یەکەم بارانی پەڵە، کوێستان سارد و سۆڵە ڕووی تێدەکات و هەندێجار بەفر دەبێتە میوانی شاخە سەرکەشەکانی کوردستان، یەکسەر بەرگی هەژاری دەدڕێت و پێویستی بەسۆپای دار و شوێن و حەوانەوەی گەرم و گوڕ دەبێت، بەپێچەوانەشەوە لە گەرمیان بەیەکەم باران بارینی پەڵە و تارادەیەکی بەرزی پلەکانی گەرمی بارودۆخێک دەرەخسێت بۆ شینبوون و چەکەرەکردنی گژوگیا، ئە و حاڵەتە لەلایەن بەساڵاچوانەوە زوو درکی پێکراوە، بەتایبەت ئەوانەی کوێستان و گەرمیانیان کردووە لەپێدەشتی پێبازی کەناری ڕووباری سیروان و دەربەندیخان، بۆیە وتویانە(بەهار لەگەرمیان دێت و زستانیش لە کوێستان).[1]

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/3/1 8:42:55 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 252
**بەهارە لە هەمزە کۆری**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180116072108144059
بەهارە لە هەمزە کۆری
هەمزە کۆر گوندێکە لە سنوری شارۆچکەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێر، دەگێڕنەوە ڕێبوارێک ڕێ دەکات و دەگاتە سنوری ئەم گوندە ترێکی گەورە دەکەنێت و ئاوڕ دەداتەوە کەس دیار نیە و دەڵێت: بەهارە لە هەمزە کۆری، پاش ماوەیەکیتر ڕێ کردن دووبارەی دەکاتەوە و ئاوڕێکیتر دەداتەوە و بەهەمان شێوە دەڵێت بەهارە لە هەمزەکۆری، بەڵام بۆ جاری سێیەم لەگەڵ ترکردن و ئاوڕدانەوە پیاوێک لەدوای خۆی دەبینێ لێی دەپرسێت کاکە لە مێژە بەدواوەمی ئەویش دەڵێت: ئەوە سێیەمین بەهارە لەدواوەتم، ئینجا ئە و ئە و ئیدیۆمە بووە بەدرکە و کینایە بۆ گوزارشت لە هەپرە گونی و کاڵفامی و دەبەنگی کەسێک بەکاردهێنرێت و ئەگەر کەسێک ئە و جۆرە هەڵس و کەوت و کەوەدەنیەی هەبێت بەتەوس و گاڵتەوە دەوترێت(بەهارە لە هەمزە کۆری).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:21:08 2018/16/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 253

## بەهەزار زاوا، ماڵم نابێ ئاوا

https://www.kurdipedia.org/?q=20190513081106286971



بەهەزار زاوا، ماڵم نابێ ئاوا
نەوەی زاوا بۆ خۆیەتی چونکە وتراوە(کیژ بەراوە) و ئەوەی لێی بچێنێت ئە و دەبێتە خاوەنی وەچە و نەوەکەی، بۆیە ئەگەر پیاوێک لە کوردەواریدا هەزار کیژی بەمێردی هەبێت و یەک تاقە کوڕی نەبێت ئەوا ئاگردانی بەرە و کزبوون و کوژانەوە دەچێت و ماڵی لەمناڵ و نەوەی خۆی ئاوەدان نابێت، هەربۆیە ئە و حاڵەتە لەناو کورداندا بەتایبەت لە خێڵەکیدا زۆر ووتراوتەوە(بەهەزار زاوا، ماڵم نابێ ئاوا) واتە ئەوەی لەپشتی خۆم نەبێت، ئەوەی لەسکە هی خۆم نابێت تا ماڵی پێ ئاوەدان و گەش بێت و شانازی بەوەچەکانیەوە بکەم.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:11:06 2019/13/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 254

## بەیار کێڵان و گای لەڕیان نەگۆتیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171109092605143133

بەیار کێڵان و گای لەڕیان نەگوتووە
کاری گران و ئامانجی گەورە بە کەسی بێ هێز و لاواز نە جێبەجێ دەکرێت و نە دێتە ئامانج، هەر بە و شێوەیەش زەوی ڕەق بە گای لەڕ و لاواز ناکێڵرێت ئەم ئیدیۆمە بەکاردێت بۆ کارێکی قورس کە کەسێکی بێ توانا گرتویەتیە بەر بەتەوسەوە پێی دەوترێت(بەیار کێڵان و گای لەڕیان نەگۆتیە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/9/11 9:26:05 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 255

**بەین دۆستایەتی و دوژمنایەتی چیابوک، دبوکە داوە موییک**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180125100114144263

بەین دۆستایەتی و دوژمنایەتی، چیا بوک، دبوکە داوە موییک
ئەمە شێوەزاری لوریە لە گوندەکانی شارەدێی سێگردکانی شارۆچکەی کۆیە بەتایبەت لە ئاوایی ئۆمەرگومبەت بەکاردێت مەبەست لە و دەربڕە ئەوەیە دۆستایەتی ئەگەر بەرقەرار بوو ئەوا نێوانی(بەین) ی مرۆڤەکان هێندە نزیکە تەنها داوە کویەکە و ئەگەریش نێوانیان دوژمنایەتی بوو ئەوا مرۆڤەکان کێوێک یان چیایەکی گەورەی بەزنار لە نێواندایە، ئینجا ئەگەر دۆستایەتیت لەدەستدا دوژمنایەتی جێگەی گرتەوە ئەوا چیایەک دەکەوێتە نێوانەوە بەڵام سوڵح و ئاشتی و پێکەوە ژیان ئە و چیایە دەکاتەوە داوە مویەک.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/25/1 10:01:14 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 256

**بەیەوە بمری، نەک ئەڕای بمری**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180125095820144261

بەیەوە بمری، نەک ئەڕای بمری
ئەمە شێوەزاری لوریە لە گوندەکانی شارەدێی سێگردکانی شارۆچکەی کۆیە بەتایبەت لە ئاوایی ئۆمەرگومبەت بەکاردێت مەبەست لە و دەربڕە ئەوەیە بەهەوڵ و ماندبوون و ئارەقەی نێوچاوان دەتوانی ئەوەی دەتەوێت بەدەستی بهێنیت و چاوت لە دەستی کەس نەبێت چونکە ئەگەر بەتەمای هاوسێ بیت بێ شیو سەردەنێیتەوە، قەت لەحەسرەتی شتێکا مەمرە بەڵکو لەڕێگەی بەدەستهێنانی بمرە باشترە ئەمەش بە خەبات و کۆشش و تەقەڵا بەدەست دێت ئەگەر گیان لەسەر دانانیشی بەدواوە بێت ئاساییە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/25/1 9:58:20 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 257

**بەڕ نابێتە پۆست، دوژمن نابێتە دۆست**

https://www.kurdipedia.org/?q=20211231083439399908



بەڕ نابێتە پۆست، دوژمن نابێتە دۆست
بەرە رایەخی ئێستا و بەتانی کۆن بووە، کورد بەزۆر شێوە لە ئیدیۆمدا بەکاریهێناوە وەکو: یاخوا نەچێتە بن بەرەی دوژمنم، بەرە لە تەنکییەوە دەدرێت، پێش تاێ بەرەی بەخۆمان دادەین، بەگوێرەی بەرەی خوت پێ ڕاکێشە....تاد، بەرە یان لە خوری یان لە پەرۆ کۆن دروست دەکرا، زۆرتر بەرە لە پەرۆ و هەتا نایلۆنی کۆنەش دەچنرا و تەون دەکرا، پۆست واتە کەڵ و پێستە و فەوری ئاژەڵ هەڵبەت مرۆڤ لە ڕاو وشکاردا دوای ماندوبونێکی زۆر لەساڵان لەمانگان دانەیەکی ڕاو دەکرد و تا پیستەی خۆش دەکرد و دەباغی دەکرد زۆری دەوێست، هەم جوان و هەمیش گەرمتر بووە، بۆیە لەبەرەی زۆر باشتر بوو، دوژمنیش ئیتر دیارە کە جێگای متمانە نییە و هەر کاتێک دەرفەت وەرگرێت دەستی خۆی وەکو گورگ دەوشێنێت، هەردوو حاڵەت لە نێو یەک ئیدیۆمدا شوێنیان کراوەتەوە بووە بە و ئیدیۆمە(بەڕ نابێتە پۆست، دوژمن نابێتە دۆست) واتە شتی خراپ هیچ کاتێک جێگەی ئومێد نییە و نابێتە شتی چاک. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/31/12 8:34:39 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 258

**بەڕوو نی لە قەپێلکی بچیە دەرێ**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201216190610390129



بەروو نی لە قەپێلکی بچیە دەری؟
بەروو قەپێلک و توێکلێکی ڕەق و سفت و سۆل و تۆکمەی هەیە، بەڵام کە کاتی هات لە قەپێلکەکەی بەئاسانی دەردێت، ئینجا ئە و لە قەپێلک دەرچوونە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێک دەوترێت کە زۆر هۆگری کەس وکار و خزم و خوێش نەبێت، گوزارشتە لەوەی کە مرۆڤ نابێت لە قەوم و خوێشی بەدەربێت، پێویستە نزیک و تێکەڵیان بێت بۆیە وتراوە(بەروو نی لە قەپێلکی بچیە دەری؟).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/16/12 7:06:10 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 259
**بەڕەی خەڵکی، دەبێت لەسەری هەستی**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190202075319245464



بەڕەی خەڵکی دەبێت لەسەری هەستیت
وتراویشە(بە قەد بەڕەکەت پێ ڕابکێشە یان بۆ کورمان دەچینە سەر بەڕەی خەڵکی و بۆ کچیشمان خەڵک دێتە سەر بەڕەمان یان بەڕە لەلای تەنکیەوە دەدرێت) ئەم هەموو شێرە و بێژەیە سەبارەت بە بەڕە گوتراوە لە ئیدیۆمی کوردیدا بەڕە کە ڕایەخێکی تەونکاریە چ بە خوری و موی ڕێسراو یان پەڕۆ چنراوە، مرۆڤ لەسەر دادەنیشێت و پاڵ دەکەوێت و دەخەوێت و تاد، هەموو مرۆڤێک لە نێو کوردەواریدا بەڕە شڕەیەکی هەیە بەگوێرەی توانای خۆی، هەر کاتێک بچیتە ماڵی یەکێک ئەوا فەرموت لێ دەکرێت و بەڕەت بۆ ڕادەخرێت، کە تۆ میوان بیت هەم بەڕەت بۆ ڕادەخرێت و هەمیش ڕێز لێگیراو دەبیت، لە و ئیدیۆمەدا ئەم دەبێت لەسەر بەڕە هەڵسانە گوزارشتیە واتە چونە سەر بەڕەی خەڵکی کاتی یە و قاوەڵتی یە و نەوەک هەمیشەیی و داکوتین بەڵکو دوای چاخواردنەوە و میوانی دەبێ ماڵ ئاوایی لێ بکەیت و لەسەر بەڕەکە هەڵبستیت و بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنیتەوە بۆیە لە دەربڕینی کوردەوایدا ووتراوە(بەڕەی خەڵکی دەبێت لەسەری هەستیت).

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/2/2 7:53:19 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 260

**بەکارەکەر بڵێیت خانم، کاسە و کەوچکت ئەشکێنێ**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190418100237285596



بەکارەکەر بڵێیت خانم کاسە و کەوچکت ئەشکێنێ
ڕێزگرتن لە یەکتری کارێکی بەجێ یە، بەڵام بۆ ئەویش وتراوە(هەموو شت بەخوێ و خوێ-ش بە مەعنا) واتە سنورێک دەبێت بۆ هەموو هەڵوێست و کار و کردەوەیەک یان خواردن و خواردنەوەیەک هەبێت، کارەکەر یان بەکرێ گیراو و خزمەتکار واتە کارکەری ماڵ و دیوەخان و کیلگە و تاد دەبێت هەم کاری دیار بێت هەمیش شوێن و جێگەی ئەگەر ئە و بە ئارەزووی خۆی ڕەفتاری کرد تۆش پێی بڵێی خانم ئەوا دەبێتە خاوەنی ماڵ و پێ لەسەر پێیان دادەنێت و هەندێجار بەخاوەن کار و ماڵ دەڵێت(قەی چیەکا بۆ دەستێکی نادەیدێ یان گەیەنێ خۆ دونیا خرا نابێت) یان هەندێجار لەخۆی دەردەچێت کاسە و کەوچکی ماڵ دەشکێنێت، ئەم ئیدیۆمە بۆ ئەوە بەکارهاتووە هەرکەسە و ماف و شوێن و جێگەی خۆی هەیە و کەس ناتوانێ کاری کەسێکیتر ئەنجام بدات و ڕێزیش وەک هەموو شتێک سنوری خۆی هەیە.

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2019/18/4 10:02:37 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 261

**بەکفتەی دەڵێ فلّتە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200824193202387131



بەکفتەی دەڵێ فلّتە
فلّتە فلّت، کە دەم بڵ بوو ڕوودەدات، هەر کەسێک بە کفتەی بڵێ فلّتە واتە ددانەکانی کەم بوون و شێوەیەکی ناشیرین و ناحەزی دەبێت، لەگەڵ ئەوەش دەنگی قسەکردنیشی دەگۆڕێت و ڕەوان و پەتی دەرناچێت، ئە و ئیدیۆمە بەکاردەهێنرێت وەک تەوس و بۆ ناشیرینکردن بەکەسێک کە تەمەنی هەیە و ددانەکانی نەماون دەوترێت فلانە کەس بە کفتەی دەڵێ فلّتە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولّات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)

کاتی تۆمارکردن: 2020/24/8 7:32:02 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 262

## بەکلکی دەخورێت

[171109084617143130https://www.kurdipedia.org/?q=20](https://www.kurdipedia.org/?q=20171109084617143130)

بەکلکی دەخورێت
لە کوردەواریدا ووتراوە سەگ بە هێزی کلکی ئێسک دەشکێنێت هەروەها بەیەکێکیش دەوترێت بە کلکی دەخورێت کە کەسێکی بەهێز لە پشتیەوە بێت و هاوکار و دەستگرۆی بکات لە هەڵسوڕاندنی کارەکانی و کوتەکی پشت کەندووە بۆ ئە و هەرەشانەی کە لەسەریەتی، ئینجا کەسێک یەکێکی لە پشت بێت دەوترێت(بەکلکی دەخورێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)

کاتی تۆمارکردن: 2017/9/11 8:46:17 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 263

## بەکیری خەلق گان ئەکات

[https://www.kurdipedia.org/?q=20200824193813387134](https://www.kurdipedia.org/?q=20200824193813387134)

بەکیری خەلق گان ئەکات.
ئەوەی بەتەمای شیوی هاوسێ بێت بێ شێو سەردەنێتەوە، ئەوەی سواری ئەسپی خەڵکی بێت پیادەیە، هەموو بەتەمای خەڵک بوونێک هەر پەشیمانی لەدوایە و جێگەی شانازیکردن نییە، ئینجا بەهەموو ئە و کەسانەی بەهۆی خەڵکانەوە خۆیان هەڵدەدەنەوە یان کارێک ئەنجام دەدەن بە تەوسەوە پێیان دەوترێت ئەمانە(بەکیری خەلق گان ئەکات).[1][1][1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗆 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2020/24/8 7:38:13 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 264

## بەکیری منداڵی دەمیزێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20170801083446141676

بەکیری منداڵی دەمیزێت
ئیدیۆمێکە بۆ کەسێک بەکاردێت کەتەمەنی منالی و هەرزەکاری بڕی بێت و بەرە و کاملبوون چوو بێت، بەڵام کار و کردەوەکانی و بیرکردنەوەی هەر لە و قۆناغی هەرزەیی و منالی ماوەتەوە وەک پیرە ژنێ یان پیرە پیاوێ لەگەڵ گەنج ولاوان بیەوێ ڕە و ببات یان کارێکی منالانە و هەرزەکارانە بکات پێی دەوترێت فلانە کەس هەر بەکیری منالی میز دەکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗆 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2017/1/8 8:34:46 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 265

## بەکەروێشک دەڵێ ڕاکە، بەتانج-یش دەڵێ بیگرە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190418100813285597



بە کەروێشک دەڵێ ڕاکە، بەتانج-یش دەڵێ بیگرە
وتراویشە(لەگەڵ مەڕ شین دەکات و لەگەڵ گورگ-یش گۆشت دەخوات) یان(دوو قوز و دوو قونە) یان(کەری ناوجۆگەیە) کەروێشک لێرە زۆر لێکراو و پەلامار دراوە و ژیانی لەمەترسیدایە کە پێی دەوترێت(ڕاکە) ئەوە ڕێنوێنی و هاندانیەتی و ئەگەر دەربازی بێت ئەوا قەرزاربار دەبێت، گورگ-یش کە زۆردار و هێرشبەرە و دەیەوێت دەست بەسەر گیانی دابگرێت کە پێی دەوترێت(بیگرە) واتە تۆ شایستەی ئە و کەروێشکەی مەهێڵە ڕابکە و بیگرە و بیخۆ ئەمیش مەرایی و کوسکێشی و ماستاو کردنە و هەر هیچ نەبێت لایەنگیری ئە و پەلامار و کارەکەی دەکەیت و بە و گوفتار و زارشیرینی و مەراییە خۆت لە گورگ نزیک دەکەیتەوە، هەڵبەت ئەم ئیدیۆمە کەروێشک و گورگ کراون بەدوو دژ و نەیار و ناحەز بەڵام ئەمە بۆ مرۆڤەکانیش ڕاست و دروستە هەندێ مرۆڤ هەیە لەیەک کاتدا لەگەڵ دوو لای نەیار و ناحەز و دژ بەیەکە و لەلای هەردوکیان بەدۆست ئەژماردەکرێت لەڕاستیشدا مرۆڤێکی دووڕوو و دوو زمانە و درۆزن و کوسکێشە.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📖 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/18/4 10:08:13 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 266

**بەکەریان وت مەعریفەت بنوێنە لنگی هەڵبڕی و تڕێکی کەند**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190421101059285629



بەکەریان وت مەعریفەت بنوێنە لنگی هەڵبڕی و تڕێکی کەند
کورد ئەگەر دڵی کارێک نەگرێت دەڵێت(بریا تڕێکت بکردایە) یان(دیسان گووت تێکرد) یان(تڕێکی کرد و کارەکەی تێکدا) لێرەش ئەم ئیدیۆمە(مەعریفە و کەر)ی کردووە بە بنەما بۆ ناوەڕۆکی ئیدیۆمەکە، مەعریفە زانست و زانیاری و هۆش و ڕووناکبیریە، کەر-یش گوێدرێژو بەستەزمان و کۆڵبەر و ماندوو باربەرە، ئینجا کوردیش کوێ لەمستی و بارهاتنەکەی ئە و گوێدرێژەی بە نەفامی وتێ نەگەیشتویی لەقەڵەم داوە بۆیە ئەگەر کەسێک کاری قورس بکات و کارەکەر و گوێ لەمست بێت سیفەتی(دەبەنگی و کەودەنی و کاڵفامی و کەر)ی دەدەنە پاڵ، هەموو ئەمانەش گوزارشتە بۆ ئەوەی کەر و مەعریفەتیان نەووتووە بۆیە ئەگەر کەسێک بە نەفام دابنرێت و داوای کارێکی حەکیمانەی لێ بکرێت و نەتوانێت ئەنجامی بدات دەوترێت(بەکەریان وت مەعریفەت بنوێنە لنگی هەڵبڕی و تڕێکی کەند).

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📖 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/21/4 10:10:59 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 267

**بەکەری خۆم، بەجواری خۆم، سەرم بەقوونێ خاری خۆم**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200822002324387081



بەکەری خۆم، بەجواری خۆم، سەرم بەقوونێ خاری خۆم
کەسێک چاکەیەک لەگەڵ یەکێک بکات، لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ نمونە لە کوێرەدێیەک یارمەتی بدەیت بۆ ئەوەی باراش بباتە ئاش، جواڵ و کەرەکەی پێ بدەیت، هێشتا پرتەوبۆڵەی بکات خاوەنی جواڵ و کەرەکە دەڵێت: بابە ئەوەندەی ناوێ بەکەری خۆم بەجواری خۆم سەرم بەقوونێ خاری خۆم.
ئە و ئیدیۆمە وەک نارەزایی دەربڕینێک بەکاردێت بۆ بێ باری و بێ منەتی کەسێک دەرحەق بەکردەوەیەکی چاکە کە لەگەڵی ئەنجام دەدرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: 2020/22/8 12:23:24 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 268

## بەکەوچکم رادێرە، لە رێزێم بژمێرە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200830003932387273



بەکەوچکم رادێرە، لە رێزێم بژمێرە.
کەوچکە ماستێک، یان چێشتێک، لەماڵی کوردەواریدا کەیبانوو خۆی چێشتی دەکردە ناو قاپ و دەوری و لەگنەکانەوە، هەموو ئەندامانی خێزان و مێوانەکانی دەژمارد و بە کەوچک و کەوگیرەکەی دەستی بۆی پردەکردن لە چێشت، ئە و ئیدیۆمە گوزارشتیە بۆ ریزگرتن ئە و کەسەی ئە و ئیدیۆمە دەڵێت مەبەستی(نەوس) نییە بەڵکو مەبەستی رێزە، بۆیە بە نیگەرانی و دڵگرانیەوە دەڵێت: بەکەوچکم ڕادێرە، لە ڕێزێم بژمێرە واتە زۆر کەمم بۆ بخە ناو قاپەکەوە بەس لە رێزی خەڵکیم دابنێ و قەدرم بگرە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: 2020/30/8 12:39:32 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 269

## پاتەخۆری بەرماوە خۆرە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171223091532143584

پاتەخۆری بەرماوە خۆرە
پاتە و بەرماوە لە کوردیدا پاشماوەی خۆراکی کەسێکی ترە دوای ئەوەی بەکەیف و سەفای خۆی لێ خواردووە و تێری خواردووە و هەندێکی ماوەتەوە، لە ئیدیۆمی کوردەواریدا بۆ پیاوی خۆفرۆش، جاش، تۆڕی، هیچ و پوچی سەر سوالکەر و خەڵکی خوازەڵۆک(خوازۆک) و گەدایی و چڵکاوخۆری و کاسە لێسی بەکاردەهێنرێت و دەوترێت فلانەکەس پاتە خۆرە یان بەرماوەخۆرە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 12/23/2017 9:15:32 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 270

## پارو لە دەم دەفڕێنێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20220508224341413273



پارو لە دەم دەفڕێنێت
وتراویشە: تیکە فڕێنە، پاروو: ئە و ئەندازە خواردنەیە کە بەجارێک دەخرێتەوە دەمەوە بۆ خواردن، تیکە و باڵوولەشی پێ دەوترێت، لە کوردەواریدا لەمانگی ڕەمەزاندا لە گوندەکاندا بەر لە بانگی ئێوارە، هەر پیاوەی کە دەچووە مزگەوت بۆ بەربانگ پارووبەک نانی دەپێچایەوە بە گوێرەی ئە و چێشتەی لەماڵەوە بۆ بەربانگ ئامادەیانکردووە، لە و نێوەندە هەندێکجار منداڵانی چەتوون ئە و پارووە نانەیان دەرفاند، هەڵبەت ئە و منداڵانەش تەماحیان دەچووە سەر تیکە و پارووە ئامادەکراوەکە، ئەوە لایەنی ڕاستەقینەی ئیدیۆمەکەیە، وەکو ئیدیۆمیش بە کەسێکی تەماحکار و جەردە کە بۆ پەیداکردنی نانی خۆی حەرام و حەڵاڵ نازانێ و ناپرسێ و لێک جیاناکاتەوە بە تەوسەوە پێی دەوترێت: پاروو لەدەم دەفڕێنێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ‎κ‎ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗄 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/8/5 10:43:41 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 271

## پاروو بکەوێتە کۆشی نەوەک عاردی

https://www.kurdipedia.org/?q=20220720224851424098



پاروو بکەوێتە کۆشی نەوەک عاردی
ئەو ئەندازە کەمەیە لە خۆراک کە بە جارێک بخرێتە دەمەوە، وتراوە: پارووە نانێک، ئەو پارووە نانە جاری واهەبووە برنج و ساوار و نیسک و نۆک و گۆشتی تێدابووە، جاری واش هەبووە هەر چنکە گۆشتێکە، کۆشیش: بە خوار ورگ و سەر هەردوو ڕانەکەی مرۆڤ لەکاتی دانیشتندا دەگوترێت، عارد: لە ئەرزەوە هاتووە کورد بە(عارد) گۆی دەکات، لەناو وەرزێران لەبەر ئەوەی بەرەنجی شان و بازوو زاد و خۆراکی خۆیان بەرهەمهێناوە زۆر ڕێزی نان و پارووە نانیان گرتووە، ئەگەر پارووەیەک لەزار و دەمیان بکەوتایە سەر کۆشیان ئەوا سوودێکی دەبوو و پیس نابوو، بەکەڵکیان دەهات و دەیانخوارد، ئەو حاڵەتە ڕاستەقینەیە بووە بە ئیدیۆم و کورد بەکاریهێناوە، بۆ لە دەست دەرچوونی شتێکی بەنرخ و گرانبەها، بەڵام ئەگەر ئەو شتە بەنرخ و گرانبەهایە بکەوتایە دەست خزم و خوێش و کەس و کار و برا و عەشیرەت و هۆز وتراوە: پاروو بکەوێتە کۆشی نەوەک عاردی. [1]

بیستومە پاروو لە زار بکەوێ
بۆ کۆش چاکترە نەک لێرە و لەوێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

🗄 سەرچاوەکان
[1] ‎κ‎ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗄 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/20/7 10:48:51 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 272

## پارووەیەک کەمتر، برایەک زیاتر

https://www.kurdipedia.org/?q=20211218114816398835



پارووبەک کەمتر، برایەک زیاتر
مرۆڤ زۆر چاوچنۆکە ئەگەر بنەمایەک بۆ کەمکردنەوەی ئە و چاوچنۆکیەی نەگرێتەبەر زیانی پێ دەگەیەنێت، بۆ نمونە لە و ئیدیۆمەدا بەئاشکرا وتراوە: پارووبەک کەمتر، برایەک زیاتر واتە ئەگەر لە کەمێک یان هەندێک لە داهات و خواردن و پێداویستی خۆت ببوری ئەوا کەسێکی تر پێداویستیەکی پڕ دەبێتەوە و بۆیە لە زۆر خواردندا ئە و ئیدیۆمە کورتکراوەتەوە و دەوترێت پارووبەک کەمتر، برایەک زیاتر.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 12/18/2021 11:48:16 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 273
**پارە بە قنگ هەڵدەگرێت**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171109082948143121
پارە بە قنگ هەڵدەگرێت
ئیدیۆمێکە بەکاردەهێنرێت بۆ کەسێکی ڕژد و پولەکی و پارەپەرست و قرچۆک و تامەزرۆی فلس وعانە واتە بەهیچ شێوەیەک پول و پارە لەدەستی دەرباز نابێت ئەگەر هەردوو دەستی گیرا بێت ئەوا بەقنگ هەلیدەگرێتەوە وەک چۆن بە زۆربڵێ یەکیش وتراوە(ئەگەر دەمی بگریت بە قنگی قسە دەکات).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 11/9/2017 8:29:48 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 274
**پاش تەگەی کردۆتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170920143836142644
پاش تەگەی کردۆتەوە
بزن کە بەتەگە هات، تەگەی تێ بەردەبێت و تەگە دەخوات، هەندێ جار بزنەکە بەهەر هۆکارێک بێت تەگە ناگرێت و پاش ماوەیەک بەتەگە دێتەوە بە و حاڵەتە دەوترێت پاش تەگە، ئەم حاڵەتە بۆ مرۆڤیش لە کوردەواریدا وەک ئیدیۆم بەکارهاتووە بۆنمونە:- کەسێک بۆماوەیەک لەماڵە ئاغاکەی دوور بکەوێتەوە چ بە تورە بوون و زویر بوون بێت یان لەسەر کارەکەی بەهۆی هەڵوێستێکی یاخی بووانەی دوور خرابێتەوە، کەچی پاشماوەیەک دەبینیت کابرا چۆتەوە سەرکارەکەی بەنەرمی نواندنەوە بە و حاڵەتەش لە کوردەواریدا دەوترێت کابرا پاش تەگەی کردۆتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/20/9 2:38:36 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 275
## پاشی بارانێ فەرەنجی دەپۆشێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20180109082106143899
پاشی باران فەرەنجی دەپۆشێت
فەرەنجی واتە کەپەنک لوای مەڕ و ماڵاتە لە خوری دروست دەکرێت شوانە وێڵە بەکاری دەهێنن بۆ تەڕ نەبوون لەکاتی باران بارین دا بەخۆیانی دادەن، ئینجا ئەگەر دوای باران بەخۆتی دابدەی هیچ سوودی نیە و کارلەکارترازاوە، ئەمە بەتەوسەوە بەکاردەهێنرێت بۆ کەسێک کە کارێکی لەدەست چووە ئینجا رێوشوێنی بۆ دەگرێتە بەر تا بیگەڕێنێتەوە بۆیە وتراویشە(پاشی باران کەپەنک بۆچیە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/9/1 8:21:06 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 276

## پاشی ترێ، خەپشەی برێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20170801083859141678

پاشی ترێ، خەپشەی برێ
لە ناو کوردان با لێ بەریوون زۆر جێگەی نیگەرانی و شەرمە، ئینجا ئەگەر بایەکێ توند و دەنگدارت لێ بەر بوو واچاکترە، شوێنی شەرمیشت ببڕێ چونکە خەپشە واتە(قوز، یان شوێنی شەرم) یان مەلاکان پێی دەڵێن(دەعباکە)، ئینجا ئە و ئیدیۆمە لێرەدا بۆ کەسێک یان کارێک بەکاردەهێنرێت کە نابوایە رووبدات خۆ ئەگەر روویدا یان ئەنجامدرا، خەپشە و شوێنی شەرمیشی لەسەر دابنێ هەر ئەوەندە جێگەی زیان و شەرم و سوو لێ بوونەوە و نیگەرانی بووە، کورت و کرمانجی ئەگەر کارێکی وەک ترِ بکەیت، خەپشەش ببریت هەر وەک خۆی لێ نایەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/1/8 8:38:59 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 277

## پاشی رووتکردن تەشتی زێرت لەسەر بێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20171109075811143109

پاشی رووتکردن تەشتی(تاسی) زێر لەسەرت بێ
عەرەب دەڵێن(بەعدە خەراب لبەسرە) ئەم ئیدیۆمە لەوەوە هاتووە کاتێک جەردە و رێگری رێگاکان تاڵانیان کردی و ئەوەی پێت بوو لێیان بردی و رووتیانکردییەوە تازە بۆچی تاس و تەشتی بەتاڵ بشاریتەوە، واتە بەر لەوەی کارێک رووبدات دەبێت ئامادەکاری بۆ بکەیت و کاروانەکەت بپارێزی خۆ ئەگەر کارەکە روویدا و تاڵانکرای ئیتر دەتوانی(تاس و تەشت)ی بەتاڵ بخەیتە بەرچاو و لەسەرتی بنێی، بەپێچەوانەشەوە وتراوە(تەشتی ئاڵتون بخەرە سەرتەوە) واتە دونیا لە ئاسایش و هێمنی دایە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🅺 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2017/9/11 7:58:11 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 278

## پاشی لەگێلاکی دەدات

[https://www.kurdipedia.org/?q=20201002211755388585](https://www.kurdipedia.org/?q=20201002211755388585)



پاشی لەگێلاکی دەدات
پاشی، مەبەست لاق و قاچی دواوەی بزنە، کە شوان بە(پاشەڵ، پاشی) ناوی دەبات، بزن لەکاتی غاردان بۆ ئالیکی ڕووکراوی وەک (کاوجۆ، خویَ، پەرێزو گوڵوەچنی داوەری گوڵە گەنم و جۆ) یان بۆسەرکۆل و جۆگەی ئاو خواردنەوە، پاشەڵی یان پاشی لەبەر خێرا ڕۆیشتنی واهەست دەکەیت بەر گویَ و شەویلاکی دەکەوێت کە شوان پێی دەڵێت: (گێلاک).
لەزاری شوانانەوە ئەوە بووە بە ئیدیۆم و تێکرای خەڵکی کوردستان لەکاتێکدا کە کەسێک زۆر بەپەرۆشە بۆ گەیشتن بەکەسێک یان ئەنجامدانی کارێک یان وەرگرتنی پلەوپایەک یان بەرژەوەندییەکی تایبەتی خۆی پێی دەوترێت هێندە خێرایە یان هێندەی حەز لێیە(پاشی لەگێلاکی دەدات).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🅺 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2020/2/10 9:17:55 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 279

## پاشەڵت جوانە

[https://www.kurdipedia.org/?q=20170923155049142703](https://www.kurdipedia.org/?q=20170923155049142703)

پاشەڵت جوانە
زۆر جار ئەمە بەکەسێک دەوترێت کە قسەی خراپ بەخەڵک بڵێت وخۆشی کەسێکی خراپ بێت، لەلایەکیتریشەوە مەدحی خۆی بکات و ئە و خاسیەتانەی نەبێت و ئەدگاریشی لەگەڵیدا یەک نەگرێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] 𝗞 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇬🇧 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/23/9 3:50:49 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 280

**پانی نەبێ بەخونە، ئەوەی دی مەکر و جادونە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180109081913143898

پانی نەبێ بەخونە، ئەوەی دی مەکر و جادونە
ئەم ئیدیۆمە لەزاری سەرە ژنە کۆیبیانەوە سەرچاوەی گرتووە و شێوەزاری کۆییانە، پانە نەبێ بەخونە واتە: کە منالْ لە دامێنی ئافرەتەوە دێتە دەرەوە و چاو بەژیان هەڵدێنێ پاژنەی پێی هەم دایک و هەمیش منالْ بە خوێن دەبێ، خون بەشێوەزاری کۆییانە واتە خوێن، ئینجا هەر ئە و منالە جەرگی دایکە و ئەوانیتر جەرگی دایکانی ترن نابنە جەرگی کەس جگە لەدایکی خۆیان، ئەوەی دی مەکر و جادونە واتە: خەڵکیتر تەنها مەرایی کەر و ئۆینباز و گەرچی و فرت و فێڵە، تەواوی ئیدیۆمەکە واتە هەرکەسێک لەخۆت نەبێت جەرگی بۆت ناسوتێ و جەرگسۆزە و دڵسوتاوت نابێت ئەوانەی ترکە خۆیان لێت نزیک دەکەنەوە هەریەکە مەرامێک و جادویەک و مەبەستێکی بەرژەوەند خوازی لەتۆی نزیک دەکاتەوە بۆیە سەرە ژنە کۆییەکان دەڵێن(پانی نەبێ بەخونە، ئەوی دی مەکرو جادونە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] 𝗞 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇬🇧 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/9/1 8:19:13 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 281

**پاڵ بە دیواری ڕووخاوەوە مەدە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220805195420426660



پاڵ بە دیواری رووخاوەوە مەدە
وتراویشە: پێ مەخە سەر تەختەی چرووک مەنێ، ئە و دیوارەی درز و کەلەبەر و ڕوخانی هەبێت، جێگای متمانە و پشت پێ دان و پشت پێ بەستن نییە، نابێتە نوان و داڵدە و پەناگە و سێبەر، چونکە هەر کاتەکی بڕوخێت دەروخێت، ئەوە کورد وەکو ئیدیۆم بەکارهێناوە بۆ ئەوانەی پشت بە کەسانێک دەبەستن کە جێگەی بایەخ و گرنگیدان و پشت پێ بەستن نین، چونکە تیابەستە نەبوون و بەکەڵکی ئەوە نایەت متمانەیان پێ بکرێت بۆیە کورد بەتەوس و درکەوە دەڵێت: پاڵ بە دیواری رووخاوەوە مەدە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/5/8 7:54:20 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 282
**پایزە برا**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220608232558416890



پایزە برا
لە وڵاتی کوردەواریدا لە سەرەتای بەهار و خاکەلێوە، سەرما و سۆڵەی زستان بارگەی دەپێچێتەوە ئیتر کشتیار و وەرزێر و شوانکارەی کورد دەکەونە خۆ بۆ کارکردن و کاری کێڵگە و زەوییە کشتوکاڵیەکان و بە خێوکردنی مەڕوماڵات هێندە زۆر دەبێت، کەس سەری خۆی پێ ناخورێنرێت، ئە و بەروبومی دانەوێڵەی(گەنم و جۆ و نۆک و نیسک)ەی لە زستان چێنراوە، خەریکە بەرە و پێگەیشتن دەچێت و جۆزەردان و خەرمانان و گەلاوێژ دێت، دروێنە و کێشە و قشرە و خەرمان و قەسەر و گێرە و کوتان و شەنە باکردن و ڕەشکە و سواخی کادین و دەسکەنەی نۆک و نیسک و بژاری بێستان و لە ئاژەڵداریش برینەوەی مەڕو ماڵات و شە و بەکێو و بێرکردن، لە زەوییە کشتوکاڵیەکانیش جووتکردن و کێڵان و وەرد دانەوە و شۆبڕین و هەڵدانەوەی دۆریخە و پێ مەرە و بێڵ تەپ و گۆڵ و خەت و خاکاو و ئاودان و ئاودێری و جۆگە و جۆبار هەڵبەستن و ئاوبارە و شەڵەگە و شتڵ لێدان و بژارکردن و کاروباری زۆر و زەوەندی کێڵگە و توتن لێدان و گەلاجاڕ و زاخە و بۆ بازاڕ بردن و ساغکردنەوەی بەرهەمەکان و گواستنەوە و باراش لێکردن و ڕێگای ئاشی و..تاد، لەگەڵ کۆتایی هاتنی کاروباری ئاژەڵداری و باخداری و کشتیاری و وەرزێری، لە کۆتایی مانگی گەلاوێژدا جوتیارەکان دەگەڕێنەوە ناو ئاوایی و کاری سەرسواخ و قوڕکاری و خشت بڕین دەکەن، هەموو ئە و کاروبارانە لە کوردەواریدا پێویستی بە هەرەوەزی و کاری بەکۆمەڵ و دەستگرۆیی و زبارەکردن هەیە، کورد لە کۆندا لەوەرزی بەهار و هاوین هێندە پڕ ئیش بووە، شە و و ڕۆژی لەسەر یەک داناوە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان تاوەکو وەرزی پایز هاتووە ئینجا بێن و پشوویەکی داوە، ئە و حاڵەتە پڕ ئیشیەی بەهار و هاوین و بێ کاروبارەییەی پایزان و سەرماوەرز و سەرەتای زستانان بووە بە ئیدیۆم و بەکاردەهێنرێت بۆ کەسێک کە لەکاتی کاروبار و دەستگرۆیی و زبارە و هەرەوەزی دیار نەبێت و بۆ ئیش و کارێکی خۆی دوای

تەواوبوونی کارەکان سەریدات، کارێک یان داواکاریەکیشی هەبێت، یان بە پێ ئیش سەر لەکەس نەدات بە تەوسەوە بە و جۆرە کەسانە دەوترێت: پایزە برا. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺️ وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/8/6 11:25:58 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 283

## پشت شۆرمان نی یە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190429105442285667



-پشت شۆر-مان نی یە
مرۆڤ کە دەچێتە(سەر شۆر) ەوە(گەرماو-حەمام) قورسترین کاری پشت شوشتن-شۆرین بوو، چونکە گۆشەی سوڕانەوەی دەست کارێکی زۆر ئاستەمە و وەک پێویستیش ناتوانرێت چڵکی پشت پاک و خاوێن بکرێتەوە، بۆیە دایکان هەم پشتی مناڵەکان و هەمیش پشتی مێردەکانیان دەشوشت-دەشۆری، تا ئێرە هیچ ناچێتە ناو ئیدیۆمی کوردەوارییەوە چونکە کارێکی ئاسایی و ڕێپێدراو بووە لە کۆمەڵی کوردەواریدا، بەڵام ئەوەی بووە بە کینایە و درکە و توانج و مەبەستی گوماندار ئەوەیە پیاوی بێگانەی هەژمون بەدەست چ لەشار و چ لەشاخ لەلایەن هەندێ خێزانەوە زۆر ڕێزی لێگیراوە و زیاد لە پێویست مەراپی و کوسکێشی و ماستاو و مل پانی بۆ کراوە تا کار گەیشتۆتە ئە و ڕادەی کیژی جاحێل و ژنی جوانی خاوەن ماڵ بە تێ ڕادیێ چووە بۆ سەرشۆر و پشتی ئە و پیاوە نامەحرەمە هەژمونداراەی شوشتوە، هەرچەندە(شەرع)یش دەڵێت(ئەگەر سەگێک لە ژوورێک هاتەدەرەوە و دەمی دەڵێسیەوە و پڕ زار و لێوی ماست بوو، کەچویتە ژوورەوە یەک مەنجەڵ ماستت بینی لە و ماستە بخۆ مەرج نی یە ئە و سەگە دەمی تێ هاویشتبێت، بەڵام وتراویشە(مێش هیچ نی یە بەس بەری دڵی پیاوی دەگرێت) بۆیە دیاردەی پشت شۆرینی نامەحرەم لە سەرشۆری ماڵی خۆت بەتەوس و توانج و پەلاری لاق شکێنەوە کورد وتەنی(بۆنی خوێن و ناموس)ی لێ دێت و دەوترێت بۆیە ئێمە کارمان بۆ ناکرێت چاک دەزانین چونکە(پشت شۆر-مان نی یە) واتە نەرمە گەوادی-مان پێ ناکرێت.

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان


[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 10:54:42 2019/29/4
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 284

## پشیلە شۆری کرد

https://www.kurdipedia.org/?q=20180611083945151480



پشیلە شۆری کرد
زۆرجار گوێ بیستی(پشیلە شۆرێکم کرد) یان (پشیلە شۆری کرد) یان(ئۆتۆمبیلەکەم پشیلەشۆر دەکەم) هەڵبەت پشیلە گیانەورێکە لە بەرە و وەچە و پۆلی شێروپڵنگانە، شوێن و لانەی ووشکاویی و دێمەکاری و کێویی و دارستانە و جۆری(ماڵی)یەکەشی بەژیانم نەمبینوە بچێتە ناو ئاوەوە ئەگەر ئاویشی بۆ بپرژێنی ئەوا خێراو گورج رادەکات و ناهێڵێت لەشی تەڕ ببێت، چوست و چالاکی پشیلە لەبازدان و خۆدەربازکردن و هەڵاتن بێ وێنەیە، کاتێک ئاوی بێ بکەوێت هێندە خێرا خۆی لە ئاوەکە لادەدات بەوە دەچێت زۆر قڵس(قرس) بێت بەئاو، ئینجا ئەگەر منالان یان هەر کەسێکی گەورە و بەتەمەنیش زۆر حەز بە خۆشوشتن و مانەوە نەکات لەسەرشۆر(سەرشۆرگە-حەمام) و زوو و بەپەلە هێندێک ئاو بکات بەخۆیدا دەوترێت ئەوە چیە(پشیلەشۆرت کرد) واتە یەکجار زوو هاتیتە دەر تەنها بابی چڵک نەرم کردنەوە ئاوت بەخۆتدا کردووە، ئەم حاڵەتەش لەناو کوردان کراوە بەدرکە و دەربڕی(پشیلەشۆرت کرد): بە کەسێک دەوترێت کە حەزنەکات زۆر لە سەرشۆر بمێنێتەوە وکەمێک ئاو بکات بەخۆیدا و بێتە دەرەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت


ولات: باشووری کوردستان
ولات: رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:39:45 2018/11/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 285

## پشکە سە

https://www.kurdipedia.org/?q=20210324102755393116



پشکە سە
پشک واتە بەش(سە) واتە سەگ لە و وراتەی کۆیە بە سەگ دەوترێت(سە) هەندێجار بە پروشە ئاو و پریشکە ئاویش دەوترێت(پشکە ئاو) ئەوەی لەسەگ بکەوێتەوە پێی دەوترێت(پشکە سە) هەڵبەت پشکە سەگیش لە سەگەکە گڵاوترە ئینجا بەکەسێکی گڵاو و فێڵبازی تەڵەکەباز دەوترێت(پشکە سە) واتە لەسەگی گڵاوتر.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] 📧 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📄 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 3/24/2021 10:27:55 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 286
## پلە مووچەیە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220720224452424095



پلە مووچەیە
هەندێ ئیدیۆم لە زاری هاوڵاتیەکەوە دەردەچێت و دواتر خەڵکانیتر لێی وەردەگرن و لە شوێنی تر دەیڵێنەوە، ئیتر وورده وورده دەبێتە قسە یان وتە یان ئیدیۆمێکی گشتی، ئیدیۆمی پلە مووچە لە سنوری شارەدێ تەقتەق لەدوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992ەوە خەڵکی بەسەر زاریان دادەهات و بە و کەسانە دەوترا کە پلەیەکی سەربازی یان کارگێری باشیان پێدەدرا بەڵام هیچ فەرمانگە و شوێنێک نەبوو خزمەتی لێ بکەن یان سەرباز و کارمەندیان بەڕێوە نابرد، تەنها مانگانە مووچەکەی خۆی وەردەگرت و دەبووە مفتەخۆری حازر بەدەست، ئێستا ئە و ئیدیۆمە هەموو هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە چونکە لە هەرێم خەڵکانێکی زۆر پلەی جۆراوجۆری حزبی و حکومییان پێدراوە و هەیە، کەچی هیچ ئەرکێکی تایبەت بە پلەکەیان پێ ڕانەسپێردراوە، بۆنمونە: چەندین بەرپرس هەیە پلەی لێپرسراوی کۆمیتە یان ناوچەیە کەچی ناوچە و کۆمیتەیەک بەڕێوە نابەن، چەند ئەفسەری پلەدارمان هەیە، یەک سەرباز بەڕێوەنابەن، یان بەڕێوەبەری ناحیە و وەزیریشمان هەبووە کە هیچ وەزارەتێکی بەڕێوە نەبردووە بە و جۆرە کەسانە وتراوە: پلە مووچە، واتە هیچیان بەدەست نییە تەنها مووچەکەیان پێ دەدرێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆیە
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/20/7 10:44:52 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 287
**پوشکە لەکای نابژێردرێت**
[https://www.kurdipedia.org/?q=20210324102620393115](https://www.kurdipedia.org/?q=20210324102620393115)



پوشکە لەکای نابژێردرێت
وتویانە: بە حوشتریان ووت: کوێت خوارە؟ لەوەڵامدا وتویەتی: جا کوێم ڕاستە!
ئیدیۆمی(پوشکە لەکای ژماردن)یش هەر وەکو ئە و حوشترەیە چونکە(کا) لە(پوش و قەسەر) دروست دەبێت ئاستەمە پوشکە لەکای بژمێردرێت، هەندێجار شتێک یان کارێک بگرە کەسێک هەموو ڕەفتار و هەڵس وکەوت و تێکڕای لەشی کەم وکورتی و کوریيە، ئینجا پێی نەنگییەکانی بژمێریت بە تەوس و ئیدیۆمەوە دەوترێت(پوشکە لەکای نابژێردرێت) واتە شتەکە خۆی هەموو لەشی عەیب و کەموکوریيە چی دەژمێریت؟![1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

---

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2021/24/3 10:26:20 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 288
**پوشکەیان پساندییە**
[https://www.kurdipedia.org/?q=20210328202900393244](https://www.kurdipedia.org/?q=20210328202900393244)




پوشکەیان پساندییە
منداڵ لە کوردەواریدا بە(پوشکە) پساندن یاری(لەبیرمە)یان پێ دەکرد و دوو منداڵ لە نێوان خۆیان پوشکەیان دەپساند و لەکاتی پساندنەکەدا گرەوێکیان دەکرد، ئەوەی لە و گرەوە بیربردبوایەوە ئەویتر گرەوەکەی دەدۆڕاند و لەسەر چی ڕێکەوتوون دەبێت بەوە ڕازی بێت، ئە و یارییە هەندێجار سەری دەکێشا بۆ نیگەرانی لێکتر توڕەبوون، لە و حاڵەتەش هەر پوشکەیان دەپساند و دەیانگۆت(دووشکم) واتە قسەمان لەگەڵ یەکتری نەما، ئینجا ئە و پوشکە پساندنە بووە بە ئیدیۆم و بەدوو کەسی نێوان خراپ و نێوان نەبوو دەوترێت بابە ئەوانە پوشکەیان پساندیە واتە نێوانیان نییە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📧 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/28/3 8:29:00 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 289
**پوشی بەر ڕۆژە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171221092709143578
پوشی بەر ڕۆژە
پوش وشکە گیای دەشت و دەرە، لە پوشەڵان و جێگەی وشکە گیای زۆرەوە بووە بەگیای با بردەڵەی وشکی بەر بەرۆچک و خۆرەتاو، کاتێک بەیەکێک بووترێت(پوشی بەر بەرۆژە) واتە پیاوێکی سوک و چروک و تیا بەستە نەبوو بێ سەنگە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📧 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/21/12 9:27:09 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 290
**پیاو لە بنەماڵە نابڕێت**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200816121707386940



پیاو لە بنەماڵە نابڕێت.
پیاو: پێموایە وشەی پیاو لە(لە سەر پێیانەوە) هاتووە و دواتر بووە بە(پیاو) چونکە هەموو نێرێک ئە و خاسیەتەی نییە، دەبوو پیاو بۆ هەردوو ڕەگەزیش بەکاربهاتبوایە، ئە و کەسانەی دەتوانن هاوکاری و یارمەتی و هەرەوەزی و خۆبەختکردن و قوربانی بدەن بەکات و تەمەن و دارایی خۆیان بۆ ئەوەی خەڵکانی دەوروبەریان سود وەربگرن و دەستبار و دەستگرۆییان بکەن، خاسیەتی پیاوەتیان دەدرێتە پاڵ، ئینجا لە هەموو بنەماڵەیەک وەک چۆن وتراوە(چۆم، بێ چقڵ نابێت)یان(چەم بێ چەقەڵ نابێت) ئەوهاش پێچەوانەکەی هەیە و وتراوە(پیاو لەبنەماڵە نابڕێت) واتە خانەوادە و بەرەباب و بنەماڵە وماڵبات و عێڵ و عەشیرەت و هۆز و خێڵ نییە کە پیاو ماقوڵ و نەجیب زادە و سەرخێڵێکی مەزن و ناوداری نەبێت و تا ئە و خانەوادەیەش بمێنن هەر پیاویان لێ هەڵدەکەوێ چونکە وتراوە(پیاو لە بنەماڵەی نابڕێت).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی


کاتی تۆمارکردن: 2020/16/8 12:17:07 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 291

## پیاو ڕق لەبەنەخوێنی خۆی هەڵسێ گوو دەکات بەخۆیا

https://www.kurdipedia.org/?q=20190205073124252165



پیاو ڕق لەبەنەخوێنی خۆی هەڵسێ گوو دەکات بەخۆیا
بەنە-خوێن(دۆخین) بەن-ی خوری وموی ئاژەڵە وای تێ دەگەم بەهۆی ئەوەی لەسەرناوک-ەوە بەستراوە بوبێتە(بەنە-خوێن) ئەم بەنەخوێنە زۆربەی لە خوری دروستکراوە بەم دواییە لە(سوف) دروست دەکرا بەنێکی تۆکمە و قایم بوو هەم ژن هەم پیاو شەرواڵ و دەرپێ-کەی پێ گرێ داوە، ئەم بەنە خوێنە چیرۆکی زۆری لەپشتەوە لەسەر باس دەکرێت کچان لە شەوی سوردا-بوکێنی دەیانکردە گرێ کوێرە هەم لەترسان هەم لەسەگیان، لەترسان دیارە بەڵام لەسەگیان بۆ ئەوە بوو بزانرێت ئەوەی پێی دراوە و ژن بەژنەی پێکراوە پەردەی تەواوە یان بزانێت تابراکەی بەزاوا دەبێت یان زووتر بەزاوا بێت، ئینجا زاوای گێلۆکە هەر بەددان و دەست هەوڵی داوە بەنەخوێنە گرێدارەکە بکاتەوە بەمەش بەرامبەر زووتر کاری خۆی کردووە، ئینجا لێرەدا لە و ئیدیۆمەی سەرەوە بەنەخوێن بە شێوازێکیتر بەکارهێنراوە کورد وتویەتیشی(کەرە دێزە بەمردنی خۆی دێتە پێشەوە تاوەکو خاوەنی زەرەر بکات) بەهەمان شێوە پیاوی نەفام لە حەشمەت و خەفەتی نەبونەوەی بەنەخوێن و دۆخینەکەی وەک کەرە دێزەکەی ڕق هەڵدەستێ گو دەکات بەخۆیا واتە مرۆڤی نەفام و نەزان وەک کەرە دێزەیە خۆی هەڵبدێرێنێ پێی باشترە لەوەی قسەیەکی نابەجێ یان کارێکی نارێکی سەر نەگرێت.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: AM 7:31:24 2019/5/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 292

## پیاو کەندووە ژن لەدووە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171120092933143285

پیاو کەندووە ژن لە دووە
رزق و رۆژوو دابین کردن بنەمایەکی سەرەکی پێکەوەنانی خێزانە لەووڵاتی خۆمان، ئینجا لەبەر ئەوەی پیاو بای دەشتێیە و لە دەرەوە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکان هەوڵ دەدات و کەندووی ماڵەکەی پڕ دەکات لە دانەوێڵە و ئارد، ژنیش چاودێری ئەوە دەکات کەندووەکە چی تێدایە یان چی تێدا نی یە و هەر لە ئاردی ئە و کەندووە ژەمە خۆراکی ماڵەوە لە خواردن و نان ئامادەکات، واتە ئەوەی لە کەندوو نەبێت ناچێتە سەر خوان هەر لەبەر ئەمەش ووتراوە(پیاو کەندووە ژن لەدووە) واتە پیاو دەبێت کاسبی بدۆزێتەوە و ژن هاوکاری بکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: AM 9:29:33 2017/20/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 293

## پیاوی ترسنۆک کوتەکی زلە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190209075612256681

پیاوی ترسنۆک کوتەکی زلە
بەردی زل-گەورە نیشانەی رانەوەشاندنە، دەمەزەنی و زۆر گوتن نیشانەی دەست کورتی و بێ دەسەڵاتی یە، خۆهەڵکێشان و بەخۆداگوتن گوزارشتی گەوجی یە، زۆر جار وا رێکەوتووە پیاوی بوودەڵە و ترسنۆک هەندە(مەدح وسەنا) و بە خۆیانا هەڵدەدەن و گوێی گا و ئەژدیها و فیل بادەدەن، بەزمان و گفتوگۆ و بەرئاگردان رۆستەمی زاڵ و میرئەرسەلان و خولە پیزە و

مامەڕیشەن و لە تاودان و ڕووبەڕوو بونەوەش ڕێویلە و بودەلە و جاشولکە دەردەچن هەر بۆیە بە ئیدیۆمەوە لە ناو کوردان بە و تەرزە پیاوە وتراوە(پیاوی ترسنۆک کوتەکی زلە).

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:56:12 2019/9/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 294

## پیاوێکی تەڕنە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171225093218143605

پیاوێکی تەڕنە
تەڕن لە کوردیدا زۆر مانای هەیە وەک(گزیکار، فێڵباز، گەڕساز، تەشقەڵەباز، تەڵەکەباز، دەستبڕ، زمانشڕ، بێ فەڕ، بەسوێ و ئازار، کلاوچی، چاوبەست) کەواتە هەر پیاوێک لەناو کورداندا یەکێک لە و خاسیەتەی هەبێت پەسند نیە و بە پەسنەوە پێی دەوترێت(پیاوێکی تەڕنە) هەندێکجاریش لە گۆ و ئاخافتندا وا هەست دەکەیت دەوترێت پیاوێکی ترنە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:32:18 2017/25/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 295

## پیری ئاخر شەڕ

4094654142608https://www.kurdipedia.org/?q=2017091

پیری ئاخر شەڕ
ئیدیۆمێکە بۆ کەسێکی بەتەمەن و بەساڵاچوو بەکاردەهێنرێت کە لە کۆتایی تەمەنیدا قسەی ئاشتەوایی و پێکەوەژیان ناکات و هەر لە قسە وقسەڵۆک و ناو وناتۆرە و ئاژاوە و ناتەبایی زمانی بەکاردەهێنێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان
ولات: رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/14/9 9:46:54 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 296
**پیری سەیانی**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170914093825142605
پیری سەیانی
پیری سەیانی ئیدیۆمێکی جنێوە بە کەسێکی بەتەمەنی کار و کردەوە نارێک و نەگونجاو و قسە ڕەق و ناخۆش دەوترێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/14/9 9:38:25 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 297
**پیری و سەد عەیب، قەرزاری هەزار**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190209080959256682



پیری وسەد عەیب، قەرزاری هەزار
وەک حاجی گەورە شاعیر سەبارەت بە(پیری) فەرمویەتی: سەرم سەراپا بۆتە لۆکە، شەوێ هەمرازمە پشین و کۆکە، پیری زۆرنیشانەی هەیە کورد هەمووی بە(عەیب و عار) شەرم و شورەیی لێکداوەتەوە بۆی، هەر لەبەر ئەمەشە وتراوە(پیری و هەزار عەیب) بەڵام لەم ئیدیۆمەدا بۆ رێکەوتن و زیاتر بۆ دەرخستنی دەردی گرانی(قەرزاری) ژمارەی شورەییەکانی پیری لەهەزارەوە کراوە بە(سەد) قەرزاری دەردێکی کوشندەیە و مرۆڤی قەرزدار زۆر تێژ بە بازاڕدا تێ دەپەڕێت و هەر باس و خواسێک بێتە کایە گوێی هەڵدەخات و قوراغ دەبێت بزانێت خاوەن قەرز داوای پارەکەی ناکاتەوە، کەسێک باغەڵی پارەی تێدا نەبێت لایەنی دەروونیشی بەرە و خراپ بوون دەڕوات هەربۆیە کورد وتویەتی(پیری و سە عەیب، قەرزاری هەزار)

 Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 8:09:59 2019/9/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 298

## پیرە سەی(عەمەل) گوجیلانی

https://www.kurdipedia.org/?q=20170731103543141654

پیرە سەی(عەمەل) گوجیلانی
ئیدیۆمێکە بۆ کەسانێک بەکاردەهێنرێت کە بەگوێرەی تەمەنی خۆیان هەڵس وکەوت ناکەن، بۆ نمونە پیرە پیاوێک حەز لە ناو کیژۆلان و کورێژکان بکات و بە پیودانگی ئەوان قسە بکات و هەڵپەڕێت و تاد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code 

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 10:35:43 2017/31/7
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 299

**پیرە قۆتڕ**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170731104125141656

پیرە قۆتڕ

ئیدیۆمێکە بۆ کەسێک بەکار دەهێنرێت کەسەر و پرچی لەبەر هەتاو سپی کردبێت و هیچ تیا بەستە نەبوو و کەسایەتی نزم و کەم فام و خۆ هەڵقورتێن و کاری نابەجێ دەکات و بەپێی ئاست وتەمەن و بەرەکەی خۆی پێ لەکاران راناکێشێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: باشووری کوردستان

ولآت: رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/31/7 10:41:25 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 300

**پیرە کەر و قەڕاسەیان نەگۆتیە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171109092847143135

پیرەکەر و قەڕاسەیان نەگۆتیە

کات و تەمەن لە کوردەواریدا زۆر بایەخی پێدراوە و لە کۆنەوە وتویانە(کەنگر و ماست بە وادەی خۆی) لێرەدا ئە و دەربڕە بۆ کەسێک بەکاردێت کە لە تەمەنێکی پیریەوە دەستی بەکارێک کردبێت و لەگەڵ ریش و تەمەنی نەگونجێت، پیرەکەر و قەڕاسەیان نەگۆتیە واتە هەر شتە و بە وادەی خۆی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: باشووری کوردستان

ولآت: رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/9/11 9:28:47 AM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 301

## پیاو بای دەشتێیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220727222653425009



پیاو بای دەشتێیە
لە کۆمەڵگەی داب و نەریتی و سوننەتی ڕۆژهەڵاتی و کوردستانی دا، ڕەگەزی نێرینە و پیاوان کاروباریان لەدەرەوەی ماڵ بووە لە کێڵگە و هەرد و کێوان و چێواری و چەرچی و قاچاغچی و ڕێبواری و قەتار و کاروانچی و پێشمەرگایەتی و سەربازی و کرێکاری و...تاد.
با: جووڵەی ئاسۆیی بەرگە هەوایە، بەهۆی جیاوازی لە پلەکانی گەرمییەوە بەبەردەوامی ناوچەی پەستان بەرز و نزم پەیدا دەبن و یەکبینە با هەڵدەکات لە ناوچەکانی گۆی زەوی، هەر کاتێک بچیە دەشت و دەر ئەو بایە بەتەواوەتی هەست پێ دەکەیت، ئینجا لە کوردەواریدا ئەو بایە و پیاویان بە یەکتری چوواندووە، بووە بە ئیدیۆمێکی گوزارشتی و لە گوندەکانی کوردستان بەکاردەهێنرێت بۆ جیاکردنەوەی کاروباری پیاوان کە لە دەرەوەی ماڵە و کەم پیاوان لە ماڵ دەبن بۆیە وتراوە: پیاو بای دەشتێیە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆیە

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/27/7 10:26:53 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 302

## پیاوکوژ گوێچکەی قیتە

https://www.kurdipedia.org/?q=20211218182756398875




پیاوکوژ گوێچکەی قیتە
پیاوکوژ، لەکوردەواریدا بە دوژمندار ئەژمار دەکرێت، دوژمنداریش تا ئاشتەوایی نەکات هەر دەبێت خۆی بپارێزێت لەکەس وکاری کوژراوەکە، یەکێک لە ئەدگارەکانی خۆپاراستن گوێ قوڵاغی و قیتیە، بۆ بیستنی خەبەر وباسان بۆیە ئە و حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم دەوترێت(پیاوکوژ گوێچکەی قیتە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/18/12 6:27:56 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 303

## پیر لە خۆشیان ناترێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20220203201928403748



پیر لە خۆشیان ناترێ
مرۆڤ کە بە ساڵدا دەچێت وردەوردە هەموو ئەندامەکانی سست و ناچالاک دەبن، خۆویست و خۆنەویستی تێکەڵ دەبێت، سەرباریش کۆمەڵێک نەخۆشی و دەردە پیری سەر هەڵدەدەن، یەکێک لە و دەردانە وردە ئاهەنگی پاشەڵی مرۆڤە، کە بەدەنگ و بێ دەنگی لە دەرچەوە بەرەڵادەبێت، ئەو حاڵەتە، داکەوتە ڕاستەقینە بووە بە ئیدیۆم و دەوترێت(پیر لە خۆشیا ناترێ) بۆ ئەوە بەکاردێت کە هیچ شتێک لە خۆڕا نییە و بۆ هەر کار و کردەوەیەک هۆکاری خۆی هەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:


📙 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/3/2 8:19:28 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 304

## پیرەژنی دۆ لێڕژاو

https://www.kurdipedia.org/?q=20220325182456409051



پیرەژنی دۆ لێڕژاو
دۆ بەرهەمی شیرەمەنیە و لە کۆنەوە کورد مەڕوماڵاتی بەخێوکردووە بۆ شیر و خورییەکەی و گۆشتەکەی، دۆ کە بەرهەمی ماست و ئاوی تێکەڵکراوی ناو مەشکەیە، بەڕاهەژاندن(کەرە و دۆ)ی لێ دروست دەکرێت، دۆ خواردنەوەیەکی ترش و مزرە، لە هەموو کاتێک و شوێنێک دەخورێتەوە، لە ژەمەکان و دوای ژەمەکان و وەکو عەسرە چاو و چێشتەنگاو و شێوان، لە ناو کێڵگە و پەرێز و سەرجۆخین...تاد، ژنانی کورد کاری مەشکە ژەنینیانکردووە، هەر لە بێردان و دۆشینی مەڕوماڵات و پارزنگ و کوڵاندنی و هەوێنکردن و خستنە ناومەشکە و ڕاژاندن و تێکەڵاوی ئاو و ماست بە پێوان، کات و سات و ماوەیەکی دوور و درێژی ویستووە ئینجا خوانەخواستەش ئەو دۆیە برژێت ئەوا مایەپوچ دەردەچێت، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بە کەسێکی ڕەنج بە خەسار و مایەپوچ بوون لەکارێک دەوترێت بووە پیرەژنی دۆ لێڕژاو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇹🇯 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2022/25/3 6:24:56 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 305

## پیسکەی تەرپیر

https://www.kurdipedia.org/?q=20210113225029390887

پیسکەی تەرپیر
مرۆڤ تا بە تەمەن بڕوات ئارەزووەکانی بۆ ژیان و موڵکایەتی زۆرتر دەبێت بەتایبەتی ژن و مێینەی لاجوانتر و شیرینتر دەبێت، ئینجا ئەگەر پێوەرێک و قالبێک بۆخۆی دانەنێت و بکەوێتە دوای ئارەزووەکانی و ڕۆچون و زیادەڕۆیی تێدا بکات ئەوا توشی لۆمە و گازاندە و ناو وناتۆرە دەبێت ئە و پیاوانەی مەراقیان دەبێتە کیژ و ژنان لەتەمەنێکی گەورە کورد بە ئیدیۆمەوە پێیان دەڵێت(پیسکەی تەڕ پیر) واتە پیروخەرۆ بووە کەچی دڵی هەر تەڕەی دەخوازێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇹🇯 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2021/13/1 10:50:29 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 306

## پێ مەرە لەشانی شلە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180514093707150851

پێ مەرە لەشانی شلە
پێمەرە شان و پیلێکی باشی دەوێت، دەبێت چوارشانە و تێک سمراو و باسک و بازوویەکی باش هەبێت بۆ داگرتنی(بێڵ) خاکەناز و هەڵگێڕانەوەی زەوی ئە و کارە لە بنەڕەتدا کاری(گاجوتە)، ئینجا ئەگەر بە یەکێکیتر کارەکە بکرێت لات ئاسان دەبێت و خۆت ماندووبوون و ئارەق ڕشتن و گرژبوونی ماسولکەت دووچار نابێت بۆیە تێکرای کارەکە بەهەند وەرناگریت و پێتوایە کارەکە بەئاسانی دەڕوات بەڕێوە بۆیە بە وکەسانەی کە خەمی کارێکیان نیە چۆن دەکرێت و جێبەجێ دەکرێت

دەوترێت فلانە کەس پێمەرە لەشانی شلە واتە خۆی کارەکە ناکات هۆوپێناو و سەرمایەی بۆ بەکاردێنێ کە خۆی کۆی نەکردۆتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/14/5 9:37:07 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 307
## پێ یەک نزیکتر، ئاگری گەرمتر
https://www.kurdipedia.org/?q=20181117085332162828
پێ یەک نزیکتر، ئاگری گەرمتر
ئەمە بۆ هەست وسۆزی خزمایەتی و قەوم و خوێش بەکاردەهێنرێت مرۆڤ جەرگی بۆ ئە و کەسە دەسوتێ کە هەندێک نزیکترە چ لەولاتەکەت یان شارەکەت یان گوندەکەت یان ماڵەکەت، هەڵبەت باوان لە پێش خاڵوان-ە و برا لەپێش ئامۆزایانە و مناڵەکەشت کەسی لە و لەپێشترت نیە بە بەراوردی ئەوە، ئینجا ئەم هەست و سۆزە لەدەربڕینی کوردەواریدا بووە بە درکە و کینایە و ئیدیۆم بەکاردەهێنرێت کاتێک دەتەوێت هاوکاری خزمێک یان هاوسێیەک یان هاوشارییەک یان هاو-وڵاتیەک بدەیت دەوترێت(پێ یەک نزیکتر ئاگری گەرمتر) واتە جەرگسۆزەی دەبیت بەهۆی نزیکیەکەیەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/17/11 8:53:32 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 308
## پێچک چارە، بە ئەژمارە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220429200859411819



پێچک چاره، بە ئەژماره

پێچک چواره بە ئەژماره، لە هەولێرێ دەوترێت: پێچک چاره، پێچک یان پێچکە دەست و پێی ئاژەڵی ووردی وەکو کار و بەرخ و بزن و مەڕە، هەڵبەت دوو دەست و دوو قاچیان هەیە بەیەکەوە دەبێتە چوار پەل و چوار پێچک، کوشتنەوەی ئه و ئاژەڵش بۆ گۆشتەکەی زۆر خواستی لەسەرە و بەتایبەت سەروپێیەکەی(کەڵلە و پاچە)، کەبیانووی کورد کە زۆر پێیەوە ماندوو بووە بە شوشتنەوە و خاوێنکردنەوە و ئامادەکردنی، لەکاتی ئامادەبوون و کوڵان و هاتنە سەرخوان هەمووی بەتامەزرۆییەوە حەز بەخواردنی دەکەن و لەبەرکەمی پێچکەکانی بەشی هەموو ئەوانە ناکات کە لەسەر سفرە و خوانەکە کۆبونەتەوە، ئەوە لایەنی راستەقینەکەیە لە ئیدیۆمەکە، بەکارهێنانیشی بەمەبەستی ئیدیۆم وەک ڕێنوێنی و شارەزایی و ناساندنی کەمی شتێک لەڕووی بڕ و ڕێژەوە بۆ پێوانە و بە ئابوریانە بەکارهێنانی دەوترێت: پێچک چواره، بە ئەژماره.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/29/4 8:08:59 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 309

## پێچک چواره بە ئەژماره

https://www.kurdipedia.org/?q=20180820094416154572



پێچک چواره بە ئەژماره

پێچک واتە پێی کاریلە و گیسک و بزن و مەڕ و ماڵات، هەڵبەت(چوار) پێی هەیە، بۆ گۆڵک و مانگا و گاش هەمان پێچک دەوترێت، ئینجا کە پاچە و سەروپێ لێنراوە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە سەرووپێ سنورداره و هەر تەنها چەند کەسێک دەتوانێت سەروپێیەک بخوات و بەشی زۆر لەخەڵکی ناکات، ئەمە بووە بەدرکە و کینایە و زۆر بەکاردێت بەتایبەت بۆ کەمی بەرهەمێک یان کەل وپەلێک یان خۆراکێک بۆ گەلێ برین بەکاردێت دەوترێت بەخوا بەرهەمەکە کەمە هەر بەشی خۆمانیش ناکات یان بەخوا چوار پەرتوکە تەنها بۆ بایی چوارکەسە یان سەروپێ کاریلەکە پێچک چواره و بەئەژماره...تاد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/20/8 9:44:16 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 310

**پێخواسی خوا نەناس**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190107090936186217



پێخواسی خوانەناس
لەکوردەواریدا کە باوکێک دەمرێت کۆمەڵێک منالی چاوگەشی لەدوا بەجێ دەمێنێت، بە و منالانە دەوترێت(پێخواسی خوانەناس) واتە هەم نەبوون و بێ بەخێوکەرن تا پێلاو و جل وبەرگ و رزق و رۆژویان بۆ پەیدا بکات ئەمە پێخواسیەکەیە، خوانەناسیەکەشیان واتە زۆر منالن و هەتیون و نەگەیشتونەتە تەمەنی پێگەیشتن وخۆیان خۆیان بناسن بۆیە دەوترێت فلانە کەس دوای خۆی زۆری(پێخواسی خوانەناس) جێهێشتووە پێویستە هاوکاریان بکرێت هەم هەژارن و هەتیون و هەمیش منالن و هەتیون دەستیان داری نەگرتووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: رۆژهەلاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/7/1 9:09:36 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 311

**پێستی سەگ بە دەباخ پاک نابێتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171109093003143136

پێستی سەگ بە دەباخ پاک نابێتەوە
پێستەی ئاژەڵ بە تاڵەمەشکە و هەنار و جەفت خۆش دەکرا و دەکرا بە مەشکە و کوندە و جەوەندەر و تاد ئە و کارانەش کاری دەباخ خانە بووە بەلام لێرەدا ئە و ئیدیۆمە خوازراوە چونکە پێستی سەگ هەرگلاوە قەت بە دەباخ خانە خاوێن نابۆوە، ئینجا ئەم دەربڕە بۆ کەسێکی بەدخو و گلاو وەک سەگ بەکارهاتووە کە بەهیچ شتێ خاوێن نابێتەوە و هەر پیاوێک یان کەسێکی گلاوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: رۆژهەلاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2017/9/11 9:30:03 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 312

**پێستەخۆرن**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170801085017141682

پێستەخۆرن
ئیدیۆمێکە بۆ کەسانێک بەکاردەهێنرێت کە ئەوەی دەستیان بکەوێت(حەلال)ە و ئەوەی دەستیان نەکەوێت(حەرام)ە، یان ئەوەندە بە(تەماح)ن و تەماحگیرن پێستەی گۆلک و سەرە مریشک و قاچیشی دەخۆن و نایەڵن ئاژەڵی وەک پشیلە و سەگ و چەقەڵ و ڕێوی سودیان لێ ببینێ چ جای مرۆڤ سودیان لێ ببینێ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2017/1/8 8:50:17 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 313

**پێش تایێ بەرەی بەخۆمان دادەین**

https://www.kurdipedia.org/?q=20211211213829398341



پێش تاپۆ بەرەی بەخۆمان دادەین
لەکۆندا لەبری بەتانی بەرە بەخۆدادراوە، زۆر ئیدیۆمی تری لەسەر هاتووە وەکو(نەچیە بن بەرەی دوژمنم) یان(دەبێت بچیە سەر بەرەی خەڵکی) لە و ئیدیۆمەدا کە دەوترێت(پێش تاپۆ بەرەی بەخۆمان دادەین) مانا ڕاستەقینەکە ئەوەیە سەرما وسۆڵە دەبێتە مایەی لەرز وتا، لە ئیدیۆمیشدا وەکو ڕێنماییەک بەکاردەهێنرێت بۆ وریابونەوە و خۆئامادەکردن بۆ هەر ئەگەرێک کە دێتە پێشەوە، واتە پێش ڕوودانی شتێک خۆمانی بۆ ئامادە بکەین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/11/12 9:38:29 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 314
## پێشمەرگەی ناو تەڕاشان کێرتان بەقونێ جاشان
https://www.kurdipedia.org/?q=20211211213551398339



پێشمەرگەی ناو تەڕاشان کێرتان بەقونێ جاشان
تەڕاش لە خۆشناوەتیدا دوای بڕینی داری مازوو، لە کۆڵکەی دارەمازوەکەدا چەندین غەرف و شوری تازە دەردەچێت و زوو باڵا دەکات و دەبێتە قۆپەنێک و گرمۆڵە دەبێت، شێوەی چەترێکی گەورە دەردەکەوێت و مرۆڤ دەتوانێت خۆی تێدا بشارێتەوە و پایزانیش کوارگ و قارچکی گەورەی تێدا دەرسکێت، لەشۆڕشی ئەیلول لەکاتی هاتنی فڕۆکەی دوژمن پێشمەرگە تاوەکو نەبینرێت خۆی خزاندۆتە یان کوتاوەتە نێو ئە و تەڕاشانە، بۆیە لەشۆڕشی ئەیلول ئەوە بووە بەگۆتە و بالۆرە و ئیدیۆمی کوردەواری وەک خۆشەویستی پێشمەرگە گوتراوە(پێشمەرگەی ناو تەڕاشان، کێرتان بەقونێ جاشان)[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/11/12 9:35:51 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 315
## پێویستە زوڕنای شەش کون بکوتی
https://www.kurdipedia.org/?q=20170923140540142697
پێویستە زوڕنای شەش کون بکوتی
ئیدیۆمێکە بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت کە پرسێک یان ئاهەنگێگ خۆی خاوەنی بێت، واتە ئەوەی خاوەنی هەڵپەڕکێیەک بێت پێویستە جوان هەڵپەڕێت و زوڕنای شەش کون پڕ فوو بکات و لەگەڵیشدا دەهۆڵ کوتان و بەزم ڕەزم بکات چونکە ئە و خاوەنیەتی ئەگەر ئە و ئەوکارە نەکات ئەی کێ بیکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/23/9 2:05:40 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 316
## پیوەدان لە گیزگیزێ باشترە
https://www.kurdipedia.org/?q=20211211214311398343

پیوەدان لە گیزگیزێ باشترە
مێش و مەگەز بەتایبەت(زەنگەستورە و سوێرەموس و زەنگەزۆرە و زەرگەتە) بە باڵەکانیان گیزە گیزێک دروست دەکەن کە دەنگێکی ناخۆشی هەیە و جاڕس و بێزار کەرە، بۆیە بووە بە ئیدیۆم بە تەوسەوە بەکەسێک دەوترێت کە زۆر خۆی هەڵدەکێشێت و ناوە ناوە سارد دەبێتەوە یان هەڕەشەیەک دەکات و جێ بەجێی ناکات، ئەمەش چوێنراوە بە گیزە گیز بۆیە دەوترێت ئەوە چییە؟ خۆ پێودان لە گیزگیزێ باشترە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/11/12 9:43:11 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 317

## پێی خۆی پارسەنگە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171108095224143104

پێی خۆی - پارسەنگە - حۆقەیە
کەسێک پێوان و پارسەنگی بەپێی خۆی بکات، واتە هیچ تەرازوویەک نیە چونکە تەنها لە بەرژەوەندی خۆی و توانای خۆی بە و لاوە هیچیتری لا مەبەست نی یە، حۆقەش خۆی جۆرێکە لە پێوانە ئە و ئیدیۆمە بۆ ئە و کەسانە بەکاردەهێنرێت کە تەنها بیر لە بەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/8/11 9:52:24 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 318

## پەتی درۆ کورتە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170729104702141617

پەتی درۆ کورتە
کورد دەمێکە دەڵێت پەتی درۆ کورتە، واتە ڕاستی وون نابێت و لەناو خۆڵەمێشیش بێت هەر دەدرەوشێتەوە، کەواتە درۆ بۆ ماوەیەک دەربازت دەکات بەڵام ڕاستی زۆر زوو دەردەکەوێت و پەردەی سەر درۆ رادەماڵێت و درۆ زۆر بڕ ناکات و ناتوانێت تا کۆتایی خۆتی پێ دەرباز بکەیت و خەڵکی پێ فریوو بدەیت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/29/7 10:47:02 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 319

## پەرێزی پاکژ نی یە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180820093912154567



پەرێزی پاکژ نیە
دەغل و دان دوای درونەکردنی ئەوەی دەمێنێتەوە لە(قەسەر: لاسکی گەنم و جۆ دوای کاملبوون و ووشک بوونی پێی دەوترێت قەسەر) بەسەراپای زەوییەکەش کە درونەکراوە دەوترێت(پەرێز).
ئینجا دوو جۆر پەرێز هەیە(پاکژ،پاک، خاوێن) یان(پیس) پاکژ واتە هیچ گوڵە گەنم و جۆیەکی وەریووی تێدا نیە و سەپان و سەرپاڵەیەکی باش گەنم و جۆکەی دووریوەتەوە و هیچ داوەر و گوڵێکی خەسار نەکردووە، بەڵام پیس واتە سەپانێکی خراپی هەبووە و گوێ نەداوەتە خەسارەت و زیانی گەنم و جۆیەکە و لەکاتی داس وەشاندن چەندی دووریوەتەوە ئەوەندەشی وەریوە و خەسارکردووە بە و جۆرە پەرێزە دەوترێت پیس چونکە خەسارەتی زۆری داوە سەپانەکە، ئینجا ئەوەی ستایشی پەرێز پاکژی هەبێت دەبێتە سەپانێکی جێگەی متمانە و ئەوەی ستایشی پەرێز پیسی هەبێت هیچ کاتێک خاوەن تەبارە و دەغل و دان ئامادە نیە بەسەپانی خۆی بیگرێت، ئینجا ئەم حاڵەتە لەکوردەواریدا بووە بەدرکە و ئیدیۆم بەکەسێک کە مێژوویەکی خراپ و نەگریس و ناجۆر و نەگونجاوی هەبێت یان مێژوی کارەکانی باش نەبێت و پێشینەی هەبێت دەوترێت(پەرێزی پاکژ نی یە) بەکەسێکیش مێژوویەکی جوان و کاری رێک وپێکی هەبێت دەوترێت(پەرێزی پاکژە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/20/8 9:39:12 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 320

## پەرێزە و بێ رێزە

https://www.kurdipedia.org/?q=20181006081715156795



پەرێزە و بێ ڕێزە
پەرێز پاشماوەی درووێنەوەی تەبارەی دەغڵ و دانە(دانەوێڵە) بەتایبەت(گەنم و جۆ) دوای درووێنەی لاسکی گەنم و جۆ لە زەوییەکە دەمێنێتەوە بەوە دەوترێت قەسەر و کۆی قەسەری هەموو زەوییەکەش پێی دەوترێت(پەرێز) هەرچی(ڕێزە) واتە ڕێزی گەورە و بچوکی و ڕێزی مرۆڤایەتی بۆ یەکتری بەگوێرەی تەمەن، هەڵبەت(بێ ڕێز) لێرەدا بۆ مەرامی مرۆڤایەتی و کارکردن پێویستە بۆیە هاتۆتە ناو دەربڕینەوە، لەکاتی درووێنەی گەنم و جۆ، سەپان و پاڵە چ گەنج و منالکارین یان کامڵ وپیربن، هەردووک لایان زوو زوو تێنویان دەبێت، بۆ ئاوخواردنەوە گەورە و بچوکی ئەژمار ناکرێت کێ تێنوی بوو و ئاوی پێ بدرێت ئە و دەبێت بیخواتەوە چونکە وەک یەک پێویستیان بە خواردنەوەی ئاو هەیە بۆیە لە کوردەواریدا لە و جۆرە حاڵەتەدا ڕێزیان لێ تەرککردوە و بەبێ ڕێزی ئەژمار ناکرێت و دەوترێت(پەرێزە و بێ ڕێزە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2018/6/10 8:17:15 AM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 321

## پەرە کەت خەرمان کەت

https://www.kurdipedia.org/?q=20180530082626151153



پەرە کەت، خەرمان کەت
واتە(بارانی پەڵە بەتەواوی ببارێت، ئەوا خەرمانی گەورەی بەدواوە دێت) لە هەولێر و ووراتی کۆیە پیتی(ل) دەکرێتە(ر) لە وشەی(پەڵە=پەرە) کەوت دەبێتە(کەت) بەجۆرێک لە جۆرەکان دەتوانرێت بەپێشکەوتنی زمانەوانی دابنرێت چونکە کەمترین تێچوون زۆرترین گوزارشت و مانا دەدا بەدەستەوە، ئەوەی لێرەدا جێگەی ئاماژەیە ئیدیۆمە کوردەوارییەکەی دەڵێت(پەرە کەت، خەرمان کەت) کاتێک بارانی پەڵە لەسەروبەندی خۆیدا لە کۆتایی مانگی گەڵارێزان و سەرەتای مانگی سەرماوەرزی هەموو ساڵێک دابدات و ببارێت و زەوی و خاک بەتەواوی پاراو(ڕەیاس) بکات، ئەوا ئەوساڵە دەرگای(ڕەحمەت و فەرعان)ی بەسەر بەرووبومەکاندا دەکرێتەوە، زەوی سەقای لێ دەدات و(ئافات) و نەخۆشیە کوشندەکان و مێروەزیان بەخشەکان و دەردو بەڵا هەتا بۆ مرۆڤیش ناهێڵێت و زیندەوەرەکانیش بە پێی قۆناغی گەشەکردن و مت بوونیان(زیندەگی) خۆیان دەکەن و زیندەزانی بە باری ئاسایی خۆیدا دەڕوات، نەش ونمای خلە(خەل) ودەغڵ و دانیش لە و بارودۆخە لەبارەدا شنە و باڵا دەکات و (کەروێشکە مەلە) لەگەڵ با و باران دەبێتە سەمای تەبارە و قەرسیل ولاسکەکانی گەنم وجۆ باڵادەکەن و دنکەکانیان پردەبن، لێرەدا خەرمانی گەورە گەورە لەسەر شوێنی خەرمانان و لەمانگی خەرمانان بەدیدەکرێن(تێبینی ئەمساڵ2017-2018 بارانی پەڵە نەکەوت بۆیە زیان بەر تێکرای بەرووبومە کشتوکاڵیەکانی باشوری کوردستان کەوت و

خەرمانیش خەرمانی بچوکی بێ گیشە و قەسەر و گەڵاوێژ و دان بوو) ئەمەش جوتیاری کورد لەدێر زەمانەوە تاقیکردۆتەوە بۆیە وتراوە(پەرە کەت، خەرمان کەت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2018/30/5 8:26:26 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 322

## پەز هی پەزەوانی، رەز هی رەزەوانی

https://www.kurdipedia.org/?q=20210515120837394071



پەز هی پەزەوانی، رەز هی رەزەوانی
وتراویشە (نان بۆ نانەوا، گۆشت بۆ قەساب) واتە هەر کارە و بۆ وەستا و شارەزا و کەسی لێزان و کارامەی خۆی، مەڕوماڵاتداری بۆ خاوەنەکەی لەبارترە وەک ئەوەی دەستی دووەم شوانکارەیەک بگیرێت بۆ بەخێوکردنی مەڕوماڵاتەکە، لە کۆنیشدا لە کوردەواریدا هەر واهاتووە کەم خاوەن مەڕوماڵات هەبووە گەلەی لە شوانکارەی خۆی نەبێت، بۆیە ئەوە بووە بە ئیدیۆم و دەوترێت (پەزهی پەزەوانێ، رەز هی رەزەوانێ).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2021/15/5 12:08:37 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 323

## پەنا هەر پەنای خوایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220508224748413274



پەنا هەر پەنای خوایە
پەنا، دالّدە، پەناوپەسێو و قوژبن، پەناگە، چەپاڵە لەکاتی خۆشاردنەوە و دەربازبوون و پێویستی و هات و هاوار و گرانی و نەبوونی و قاتوقڕی و نەخۆشی و کارەسات و نالەباریدا مرۆڤ پێویستی بەفریادڕەسێک دەبێت، تاقیکراوەتەوە کە باشترین پشتیوان و فریاگوزارترینیان بۆ بەهاناوەچوونی ئەوانەی داوای دالّدە و پەناگە دەکەن خوای تاک و تەنیا و ڕاگری زەوی و ئاسمانەکانە، بۆیە ئەوە بووە بە ئیدیۆم و مرۆڤ بۆ سووک سەیرکردنی تواناکانی مرۆڤ و بێ دەسەڵاتی بەرامبەر دیاردە و ڕووداوە سروشتیەکان بۆ نەبوونی ڕێگە چارە بۆ مردن و ژیان و خۆشی و ناخۆشی و هەبوون و نەبوون و رزق و رۆژووو، وەکو ڕێنوێنی و ئامۆژگاری دەڵێت: پەنا هەر پەنای خوایە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: 2022/8/5 10:47:48 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 324

## پەڕۆی لێ دەرهێنابوو

https://www.kurdipedia.org/?q=20220425234211411467



پەڕۆی لێ دەرهێنابوو
پەڕۆ، پارچە کوتاڵێکە یان تەنراوێکی کۆنە، کورد زۆر ئیدیۆمی جوانی لێ دروستکردووە وەکو: (پەڕۆی بێ نوێژ، دەم پەڕۆ، پارچە پەڕۆیە)لێرەدا وتراوە: پەڕۆی لێ دەرهێناوە هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمەش هەیە وەکو(شوڵی لێ هەڵکێشاوە، بەجارەکی لینگی لە دەرپێ دەرهێنایە، دەرپێی لێ فڕێدایە، بێتامی کردیە)، پەڕۆ خۆی گوزارشتی بێ نرخی و بێ بەهاییە، چونکە کوتاڵ کاتێک بەهای دەبێت کە پارچە پارچە نەبێت، بەڵام کەبووە تیلم تیلم و پارچە پارچە ئەوا نرخەکەی خۆی لە دەست دەدات، ئینجا ئەگەر کەسێک بە ئاشکرا و بێ شەرم کاری نەخوازراو بە بەرچاوی خەڵکەوە ئەنجام بدات و دووبارە و سێ بارەی بکاتەوە ئەوابەتەوس و سووک سەیرکردن و توانج و تانەوتەشەرەوە دەوترێت: بەخوا چاک پەڕۆی لێ دەرهێنابوو.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: PM 11:42:11 2022/25/4
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 325

## تا ئاو لەدوو بیری بێت لێخورە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180106090425143789

تا ئاو لە دوو بیری بێت لێخورە
جوتیار کە زەوی ئاو دەدات جۆگەی جۆماڵ دەکات و گژوگیا و بەربەستی ناو جۆگە و جۆباران بە بێڵەکەی ڕادەماڵێت تاوەکو ئاوەکە بەجوانی و بەخێرایی و بێ لادان و ڕۆچوونە لاوە و ناو زەوی بگاتە ناو کێڵگە و خەت و گۆڵەکانەوە ئەم دەربڕەی سەرەوە تا ئاو لە دوو بیری بێت لێخورە واتە تا ئە و کاتەی بۆی دەلۆێت و ئاو هەیە ئەوا کاری خۆی دەکات و گوێ بەهیچ نادات کە ئاویش لە دوو بیری نەهات ئەوا هیچ تاوانی نیە و کارەکەی دەگاتە بنبەست و دوماهی و کۆتایی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: AM 9:04:25 2018/6/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 326

## تا گوێ نێت نازانێ قونی لە کوێیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170928145521142777


تا گوێ نێت نازانێ قونی لە کوێیە
ئەوە ئە و کەسانە دەگرێتەوە کە کێلن و فەقیرحاڵ و کاڵ فام و بێ عەقلن، چونکە تا گویان نەیەت نازانن قونیان لە کوێیە، هەڵبەت لەناو هەموو کۆمەڵگایەکیش خەڵک و کەسانی لە و شێوەیە هەیە و هەبووە و دەبێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📧 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/28/9 2:55:21 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 327
## تا لە مردن چاکترە
https://www.kurdipedia.org/?q=20211218181353398870





تا لە مردن چاکترە
لەرز و تا نەخۆشیەکە مرۆڤ لەدێر زەمانەوە دووچاری دەبێت و ناوە ناوە لەرز دایدەگرێت و ناوەناوەش وەکو بەردی تەباغ سور هەڵدەگەڕێت و تایەکی توند دەیگرێت، ئە و لەرزوتایە مرۆڤ توشی ورینە دەکات، بەڵام ئەگەر بەراورد بکرێت بە مردن کە ڕۆح کێشانە دەردێکی زۆر گرانە، ئینجا ئەوە بووە بەئیدیۆم و ئەگەر مردن بەیەکێک نیشان بدەی بە(تا ولەرز) شکور دەبێت بۆیە بەحاڵەتی بە و شێوەیە وتراوە(تا لەمردن چاکترە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📧 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/18/12 6:13:53 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 328
## تا لەئاو نەدرێت گونی قۆڕ دەرناکەوێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20200906003600387561



تا لەئاو نەدرێت گونی قۆڕ دەرناکەوێت
لەکوردەواریدا قۆڕی نەخۆشیەکی شەرمەندە بووە و حەزنەکراوە کەس بە و نەخۆشیەی بزانێت، وتراویشە(خزمی خراپ گونی قۆڕە بیبری وەی نەیبری وەی)یان(خزمی خراپ گونی قۆڕە هەردەبێت تەکەتەکی بێت) چونکە ڕیخۆڵە بەهۆی نەمانی پەردەیەکەوە شۆڕدەبێتەوە بۆ هێلکەکانی گوون، ئەمەش بەهۆی ماندووبون و بازدان و بڵندکردنی شتی قورس نێرینەکان زیاتر دووچار دەبوون، ئینجا شەرواڵی کوردی پان و پۆڕە گون ئەگەر زۆر گەورە نەبێت لەناویدا دەر ناکەوێت، بەڵام ئەگەر لە ڕووبارۆچکەیەک یان گۆمیلکەیەک یان قوڵەتێنێک خۆت تەڕ بکەیت، ئەوا لەکاتی دەرهاتن لەئاوەکە شەرواڵەکە دەنوسێت بەپێستەوە و گەروگوون بە گەورەیی دەردەکەوێت، ئەمە لایەنە ڕاستەقینەکەیە لایەنی ئیدیۆم و مەبەستەکەی ئەوەیە لەکاتی ڕووداو وگۆڕانکاری و ناهەمواری و کارەسات و تەنگانەدا هەندێ کەس دەردەکەوێت کە بەهیچ کلۆجێ درک بەوە نەکراوە کە پیاو و کەسی لە و شێوەیە هەبێت بەتایبەت لەبواری نابەجێ و پیاوخراپی و جاشایەتی و بەکرێگیراوی و

سیخوڕی وهەواڵگری بۆ دوژمن لە و کاتەنەدا کە پیاو خراپ دەردەکەوێت دەوترێت(تا لەئاو نەدرێت گونی قۆڕ دەرناکەوێت).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولأت: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()

کاتی تۆمارکردن: 2020/6/9 12:36:00 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 329

## تا مانگا لەدەرەوە بێت کەڵەگا جەژنیەتی

https://www.kurdipedia.org/?q=20190204074956250063



تا مانگا لەدەرەوە بێت کەڵەگا جەژنیەتی
دەوترێت(تا ئە و بابە لە و کونەوە بێت) ئەمەش بەکارهاتووە(کەڵەگا) لەبەر خورتی و بەهێزی کەم مرۆڤ هەیە بتوانێ بەرزەفت و رامی بکات یان کورد وتەنی(باری بێنێ) هەر لەبەر ئەمەشە ئەگەر پیاوێک بەکاربێت و یاساو ڕێساکانی ژیان پەیرە و نەکات و بەئارەزووی خۆی بجوڵێتەوە ئەوا پێی دەوترێت گەڵەگا و بە گەڵەگایی دەخولێتەوە، ئینجا ئەگەر مانگا بەدیار و لە دەرەوە بێت دەبێتە جەژنی گا چونکە پیشەی خۆیەتی کەڵەگایی و هەر لەبەر خاتری مانگاشە بووە کەڵەگایی خۆی دەکات، لەزۆر بوار دەتوانرێت ئەم ئیدیۆمە بەکاربێت هەم مانگا و گایەل هەمیش ژن و کچ کە پیاوێک یان کوڕێک دەخەنە داوەوە ئە و زاراوە و ئیدیۆمەیان بۆ بەکاردێت(تا مانگا لەدەرەوە بێت کەڵەگا جەژنیەتی).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولأت: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()

کاتی تۆمارکردن: 2019/4/2 7:49:56 AM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 330

## تا ماڵ پێی بوێت، مزگەوت بەتاڵە

https://www.kurdipedia.org/?q=20201019232457389183



تا ماڵ پێی بوێت، مزگەوت بەتاڵە
وتراویشە(تا ماڵ بیەوێت بە مزگەوت حەرامە)، دەگێڕنەوە لەیەکێک لەمزگەوتەکانی شاری کۆیە، ڕۆژێک خێرومەندێک فەرشێکی زۆر جوان بەدیاری بۆ مزگەوتەکە دەبات، مەلای مزگەوتەکەش دەستخۆشی لێ دەکات و بەکارێکی گەورەی دادەنێت و دەڵێت هەر کەسێک مزگەوتەکانی خودا ئاوەدان بکاتەوە خێرێکی گەورەیە و پاداشتێکی گەورەی لەلایەن خوداوە پێ دەدرێت، دواتر خێرومەندەکە دەڕوات و مەلایەکەش بانگی کوڕەکەی دەکات و دەڵێت: کوڕم ئە و فەرشەی ببەوە ماڵەوە.
کوڕەکەشی دەڵێت: بابە تازە چت بە و پیاوە گووت، چۆن بیبەمەوە ماڵێ، باوکیشی دەڵێت: لەماڵێ فەرشی وامان هەیە ئەویش دەڵێ نا، ئێ کەواتە کورد فەرمویەتی: تاماڵ پێی بوێت، مزگەوت بەتاڵە کوڕم.
هەموو شتێک لە پێناوی ماڵ و منداڵ و پێداویستیەکانی خۆتە و ئینجا دەتوانی لەسەر ئەوانەوە خێرو دەستی باشە و چاکە بۆ شوێنەکان و کەسەکانیتر ببەیت، مزگەوت کە ماڵی خودایە پێش ماڵی خۆت نییە بۆ ئاوەدانکردنەوە و خزمەتکردنی بۆیە کورد لە دێرزەمانەوە بە ڕاستی و دروستی فەرمویەتی: تا ماڵ پێی بوێت، مزگەوت بەتاڵە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 10/19/2020 11:24:57 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 331

## تارینە شەڕێ لەگەڵ سەفینێ دەکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20190414095646285097



تارینە شەڕێ لەگەڵ سەفینێ دەکات
تارین کۆمەڵە گردۆلکە و زورگانە لە پشتی گوندی(مەلا ئۆمەر)ی ئەگەر بچیە سەر ئە و زورگانە ئەوا وا هەست دەکەیت(تارین) لە چیای(سەفین) بەرزترە و سەفین وادێتە پێش چاوان کە چ وابەرزتر نیە لە تارینی هەروەها بارودۆخی ئاوهەوای تارین و سەفین-یش لەیەکتریەوە نزیکە لە سەرماوسۆڵە و باران و بەفرەوە بگرە تاوەکو فێنکی شنەی چلەی هاوینانی هەردوو بەرزاییەکە بۆیە بووە بەدرکە و کینایە و ئیدیۆم ئەگەر یەکێک کارێکی باش بکات ئە و کارەی لە گەورەکانی خۆی باشتر بکات یان بۆ ململانێ بوترێت ئەو(سەفین) بێت ئێمە تارین-ین، هەر بۆیە بەکارێکی باش و بەململانێی دروست ووتراوە(تارینە و شەڕێ لەگەڵ سەفینێ دەکات).

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/14/4 9:56:46 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 332

## تارەتی بەمیزی یەکتر دەکەن

https://www.kurdipedia.org/?q=20210328203547393245

تارەتی بەمیزی یەکتر دەکەن
تەهارەتی زمانی عەرەبی لە زمانی کوردیدا بە(تارەت) گۆ دەکرێت واتە خۆپاککردنەوە بە ئاو کاتێک مرۆڤ چڵکنە یان کارێکی سەرجێی یان سەرئاو و پێشاوی ئەنجام داوە، بەئاوێ خۆی پاک دەکاتەوە، بەوە بزاوتە دەوترێت(تارەت) ئینجا ئەگەر لەبری(ئاو) دوو کەس بە(میز)ی یەکتر ئە و تارەتەی بکەن واتە ئە و دووکەسە زۆر تەبان و یەکتریان زۆر خۆش دەوێت و موو بە بەینیانەوە ناچێت بەتەوسەوە دەوترێت ئەوانە(تارەتی بەمیزی یەکتر دەکەن) واتە زۆر تەبان و یەکتریان زۆر خۆش دەوێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/28/3 8:35:47 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 333

## تازە بووک گسک باش لێ دەدات

https://www.kurdipedia.org/?q=20220409092704410808



تازە بووک گسک باش لێ دەدات
گسک لە کۆندا لە ڕووەک دروستکراوە چ لە چڵەکانی(بنەکفر و گەز) یان لە ڕووەکی(کرتی)بێت، کراوە بە دەستەیەکی پڕ بەدەست، توند بەیەکەوە دەبەسترێت چ بە شول یان بە داوەبەن و پەڕۆ، بۆماڵینی ماڵ و کۆزی کاروبەرخ و هەوێزی ڕانی مەڕوماڵات و بەر ڕەشماڵ بەکاردەهێنرێت، ئینجا گسک لێدان، یەکێک لە کاروبارەکانی ماڵە، ئە و کەیبانوانەی خاوێن و باوێن زوو زوو ماڵەکانیان گسک دەدەن هەر لەبەر دەرگای ماڵەوە تاوەکو کونی ژوورەوە، لەناو کۆمەڵگاش بەئازا ناو دەردەکەن، ئە و ناودەرکردنەیان دەبێتە مایەی بەخت بۆ کچەکانیشیان، دەوترێت: داکێ ببینە، کچەی بینە، زۆرجاریش کچێکی تەمبەڵ کە تازە شوو دەکات بۆ لاساییکردنەوەی ئە و جۆرە کەیبانووە ئازایانە، لەپێش چاوی خەزوورانی زوو پەلاماری گسک دەدات و دەست دەکات بەماڵین، بەڵام چونکە لە بنەچەدا بەدەست وبرد نەبووە، بەڵکو زەغەڵ و تەوەزەڵ و تەپە و گەلۆر بووە، زوو دەزانرێت کابانی

گەورە ماڵ نییە و لە خۆدەرهێنان بەولاوە هیچیتر نییە، ئەوە ڕووە ڕاستەقینەکەی ئیدیۆمەکەیە و لەبواری درکە و کینایە وەکو ئامۆژگاری و ڕێنوێنی بەکاردەهێنرێت بۆ شتێک یان حاڵەتێک کە تازە و سەرەتایە پێویستە زوو بڕیاری لەبارەوە نەدرێت تاوەکو بەتەواوەتی تاقی دە کرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە دەوترێت: تازە بووک گسگ باش لێ دەدات، واتە سەرەتا خۆدەرهێنانە، کۆتاییەکەی تەواوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: 2022/9/4 9:27:04 AM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 334

**تازە بە بواریێ دەزانێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220203202712403751



تازە بە بواریێ دەزانێت

زۆرجاران وارێک دەکەوێت کەسێک دوای هەموو کەسەکانی دەوروبەری بە هەواڵێکی دڵخۆشکەر دەزانێت، کاتێک خۆشی دەردەبڕێت، کاتی بەسەرچووە، هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمەش هەیە، دەڵێن مەڕە کەرە دوو جار دەڕەوێتەوە، جارێک لەگەڵ ڕانەکە و جارێکیش دوای هۆکاری ڕەوینەوەکە دەڵێن: گورگ بوو، ئەویش جارێکیتر بە ناوهێنانی گورگ دەڕەوێتەوە، ئیدیۆمی(تازە بە بواریێ دەزانێ) بەتەوس و گاڵتە و گەپەوە بەکەسێک دەوترێت کە درەنگ لە شتێک حاڵی دەبێت، ئەو شتەش کاتی بەسەرچوو بێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: 2022/3/2 8:27:12 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 335

## تاژی و ڕست، کەر و قەڕازە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220806235158426920



تاژی و ڕست، کەر و قەڕازە
تاژی: تانجی جۆرە سەگێکی باریکەڵەی تیژڕەوی ڕاوە، بۆ ڕاوکردن ڕادەگیرێت، ڕست: پەتێکە دەخرێتە ملی تانجیەوە کە بۆ دەشت و دەر و ڕاو دەبردرێت، قەڕاسە و قەڕازە زنجیرێکە کەر و گوێدرێژی پێ دەبەسترێتەوە و لغاو و قەپۆزی پێ جڵە و دەکرێت، هەم تانجی بەڕستەوە جوانە و لێی دێت، هەمیش گوێدرێژ بە قەڕاسە و جل و جوارەوە دەڕازێتەوە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ لێهاتن و هەر شتە و لە خۆی جوانە دەوترێت: تاژی و ڕست، کەر و قەڕازە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/6/8 11:51:58 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 336

## تاقە سوار تۆزی نی یە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170802101346141718

تاقە سوار تۆزی نی یە
دەستە و کۆمەڵە و لەشکر و کۆمەڵکاری هەرەوەزی کاری دیارە و تۆزیان بەری ئاسمان دەگرێت و هەرکارێک بکەن سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام بەتەنها هیچ کارێک پێ هەرەوەزی سەرکەوتوو نابێت و هەوڵدان بەتەنهایی هیچ بەرهەم و دەسکەوتێکی نابێت بۆیە لەناو کوردان ئەگەر کەسێک بەتەنها کارێک بکات پێی دەوترێت تاقە سوار تۆزی نیە، واتە ناتوانێت ئە و دەستکەوتەی لە دەستە(جەمعی) بەدەست دێت ئە و بەدەستی بهێنێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/2/8 10:13:46 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 337
## تاقە سوارە تۆزی بەهەزارە
https://www.kurdipedia.org/?q=20181217065536181615

تاقە سوارە، تۆزی بە هەزارە
پیاوی مەرد و ئازا با تاقە کەسیش بێت لەلایەن نەیار و دۆست و دوژمنەوە ئەژماری سەدان بگرە هەزاران پیاوی بۆ دەکرێت و زۆر لەکۆنیشەوە کورد ناوی لە کورەکانی خۆی ناوە(هەزار ئەسپ و هەزار مێرد) واتە بە و هیوایەی ئەم ناولێناوە هێزی هەزار مێرد یان هەزار ئەسپی پێ بدات و کەس نەتوانێت خۆی لەقەرەی بدات لەداهاتوودا ببێتە سەردار و میر، ئینجا کاتێک مرۆڤی بەهێز وشینگ و بەتوانا پەیدابووە ووتیانە دەرەقەتی هەزار پیاو دێت و توانای ڕاکێشانی گالیسکەی هەزار ئەسپی هەیە، کورد بەدەربڕینەوە بەپیاوی جەنگاوەری چاپوک سوار و چوست وچالاک و خاوەن غیرەت وگورج دەست وەشێن و تاودەر دەڵێت(تاقەسوارە، تۆزی بەهەزارە)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 6:55:36 2018/17/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 338
## تامردن، هەرکردن
https://www.kurdipedia.org/?q=20211218115216398837

تامردن، هەرکردن
کارکردن و ماندوو بوون بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیان لە و کاتەی کە خۆت دەناسی هەتاوەکو دونیائاوایی دەکەیت هەر پێویست بەکۆشش و هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنان و دابینکردنی پێویستیەکان بۆیە کورد زۆر جوان لە ئیدیۆمێکدا دەڵێت(تامردن، هەرکردن)[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/18/12 11:52:16 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 339

## تانەی دۆست، لە تیری دوژمن تیژترە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220508225053413275



تانەی دۆست، لە تیری دوژمن تیژترە
تانە: تەشەر، توانج سەرکۆنەکردن و قسە فڕێدان و هاوێشتنە بۆ کەسێک شێوەی پەلارە کوێرەیە ، یان قسەی بە تونێکل و گاڵتە پێکردنە کە دەبێتە مایەی نیگەرانی، هەندێجاریش بۆ بەبیرهێنانەوەی کاری نابەجێی مرۆڤێکە، لەهەموو ئە و حاڵەتانەدا مرۆڤ پێی دڵتەنگ دەبێت، چونکە لەوانەیە ببێتە مایەی ناوزڕاندن و لەکەداربوون و ئابڕووچوون، ئینجا کاتێک خزمێک یان هاوڕێیەک ئە و تانەیەت لێدەدات لەبەرئەوەی جێگەی متمانەیە و هەموو ڕاز و نهێنیت دەزانێت، زۆر بەئازارترە وەک لە ناحەز و نەیاران، چونکە کارێکە لە دۆست چاوەڕێ ناکرێت و لێی ناوەشێتەوە، تیری دوژمن ئە و کاریگەرییەی نییە و نابێت، چونکە چاوەڕوانکراوە و دەتوانرێت شوێنی برینەکەی بە تۆڵەکردنەوە سارێژبێتەوە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و لە خزم و ئەحباب و دۆست چاوەڕوانکراونییە، بۆ دوژمنیش دەتوانرێت تۆڵە بکرێتەوە بۆیە بە نیگەرانیەوە بۆ ئە و حاڵەتە وتراوە: تانەی دۆست، لە تیری دوژمن تیژترە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/8/5 10:50:53 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 340

## تاوی مەیدان و قسەی بەر ئاگردان وەک یەک نیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180604170348151309

تاوی مەیدان و قسەی بەر ئاگردان یەک نیە
مەیدان گورج وگۆڵی و خورت و چوست و چالاک و چاپوک و شۆڕەسواری پێویستە نەوەک ڕەوانبێژی و قسەزانی و گفتوگۆی شیرین و لێزانانە، زۆر بۆرە پیاو هەنە لە کۆڕ و کۆبونەوە و دیوەخانان درک بە جوانمەردی و جوامێری و لێوەشاوەییان ناکرێت کەچی لەمەیدان و ڕووبەڕوو بوونەوەدا قارەمان و ڕۆستەم و بەجەرگ و جەسور و شێری مەیدان دەرچووە، زۆر قسەزان و زمان لوس و باریک و کوسکێش هەبوون لەبەر ئاگردان و لە شێنەیی خۆیان بەشێر ئاسایی و قارەمانی داستانان داوەتە قەڵەم و لە ڕووبەڕووبونەدا ڕیوەڵە و بودەڵە دەرچوون بۆیە لە دەربڕی کوردەواریدا ووتراوە(تاوی مەیدان و قسەی بەر ئاگردان یەک نیە)

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2018/4/6 5:03:48 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 341
## تروسکایەکی چاو، لە سەد گۆچان باشترە
[https://www.kurdipedia.org/?q=20220805195159426659](https://www.kurdipedia.org/?q=20220805195159426659)



تروسکایەکی چاو، لە سەد گۆچان باشترە
وتراویشە: کوێر هەتا دەمرێت بەتەمای دوو چاوی ساغە، بەڵام هەر بە ئومێدی چاوی ساغەوە ڕێ ناکات و گۆپاڵ و گۆچانێک دەگرێت بەدەستەوە، تاوەکو بتوانێت ڕێبەدیی بکات و هەنگاو بنێت، ڕەش و سپی لێکردنەوە و تروسکایەکی کەمیش بۆ مرۆڤ سەدان هۆوێناو و گۆپاڵ دەهێنێت بۆیە کورد گوتەیەتی: تروسکایەکی چاو، لە سەد گۆچان باشترە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/5/8 7:51:59 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 342
## تفەنگی تۆ خاڵیە بەڵام دڵی من واناڵێت
[https://www.kurdipedia.org/?q=20190205072803252164](https://www.kurdipedia.org/?q=20190205072803252164)



تفەنگی تۆ خاڵیە، بەڵام دڵی من واناڵێت
هەموو جارێ خاڵم(ڕەشیدی حاجی ساڵحی ئیلنجاغی گەورە)ی شارەدێی تەقتەق دەیگۆت: (مام کاکەڕەش سەعدون ئیبراهیم تەقتەقی لەگەڵ باوکم هاوڕێیەتی هەبوو هاموشۆی یەکتریان دەکرد جارێکیان لەسەروبەندی شۆڕشی ئەیلول(1961-1963) بابم دەیویست چەکێک بکڕێت و مام کاکەڕەشیش پێی دەگۆت حاجی ساڵح چەکەکی بکڕە دوو کەس لێی بترسێت یەکێکیان ناحە ز و دز و دوژمن بڵێن چەکی پێ یە و دووەمیش خۆت لەکاتی کوڵلە خستنە بەری بڵێی خودایە دەبێت بتەقێت) مەبەستی مام کاکەڕەشیش بۆ ئەوەبووە کە لەوانەیە شۆڕش بەباشی چەکەکەی بزانێت لێی بسێنێت یان لەوسەروبەندی دز و سەگوسوار زۆربووە نەوەک تەماح و چاوچنۆکی بخەنەسەری، ئەمە لەلایەک لەلایەکتریشەوە تفەنگ کە هێمای جەنگ و شەڕ و خۆپارێزی و پەلامار و دەست بەسەراگرتنە شوێنی شمشێری گرتۆتەوە، هەناوی پریەتی لەئاگر بپرمێنێ سوتان و برینی لێ دەکەوتەوە بۆیە هەردەم جێگەی خورتەی دڵ و نائارامی و بێ ئۆقرەیی یە هەر لەبەر ئەمەشە کورد لەناو پەند وئیدیۆمدا جێی کردۆتەوە و بەمەرام و مەبەستی جیاوە بەکاری هێناوە و وتویەتی(تفەنگی تۆ خاڵیە بەڵام دڵی من واناڵێت).

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📚 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/5/2 7:28:03 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 343

## توشی گونە ڕەشەی خۆی بووە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171109093457143139

توشی گونە ڕەشەی خۆی بووە
هەندێجار کەسێک تەشقەڵە بەخەڵکی بکات دەوترێت لێی گەڕێن و خۆتانی لێ لادەن(توشی گونە ڕەشەی خۆی دەبێت) واتە بۆی ناچێتە سەر و کەسی خۆی دەبێت ڕۆژێک کەوڵی بباتە دەباخ خانە، هەروەها بۆ کەسێکیش بەکاردێت کە توشی نەفرەجاڕ و کەسێکی ملەوەزی بەهێز بوبێت یان کەسێکی چیڕ و نەسەڵمێن بوو بێت و ئەوەی بیەوێت بۆی نەلوێت و نەڕوات و بەهەرچوار پەلەوە کەوتبێتە داوییەوە بە ئیدیۆمەوە دەوترێت فلانە کەس توشی گونە ڕەشەی خۆی بووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📚 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 9:34:57 2017/9/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 344

**توشی نیری شەش کون بووە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170923154453142700

توشی نیری شەش کون بووە
نیر، دارێکە لەکاتی جوت و کێڵاندا لە پشتی ملی وولاغەبەرزە و گوێدرێژ و گا دەبەسترێت و بە هۆیەوە گاسنەکە رادەکێشرێت، ئینجا بەگوێرەی توانای ئاژەڵەکە و بچوکی و گەورەییەکەی ژمارەی کونەکانی ناو ئە و نیرە دەگۆرێت بۆنمونە گوێدرێژ نیرەکەی دوو کونی هەیە و نیری گا چوار کونە و نیری ئێستر(هێستر)یش شەش کونی هەیە و قورسترە لەوانەی پێشوو، ئەم درکەیە بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت کە باری قورس بێت و رەشەماڵ و منالێکی لە ئەستۆ بێت بۆ بەخێوکردن و پەیدانی بژێوی و پێداویستیەکانیان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: PM 3:44:53 2017/23/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 345

**تولەی دوو سوارانە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20210324102431393114



تولەی دوو سوارانە
تولە تۆرەمەیەکە لە رەچەڵەکی سەگ و گورگ و تاژی، هەندێجار تولەی دوورەگ لە ئەنجامی نوسان وپێتاندن لەنێوان سەگێک و دەڵە تولەیەکی بەبادا دێتە کایەوە، خاسیەتی تولە و سەگ ئەوەیە ئەگەر نانێکی پێ بدەیت ئەوا هەر کە دەتبینێت دەکەوێتە دوات و دەبێتە دواکەتەت، ئینجا مرۆڤیش ئە و حاڵەتەی بەسەر دێت و زۆرکەس دەبنە تولەی دوای دەسەڵات ورانەوایان ئەوە بووە بە ئیدیۆم و دەوترێت:تولەی دوای سوارانە واتە هەر پاشکۆ و دواکەوتەی خەڵکە خۆی هیچ نییە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 10:24:31 2021/24/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 346

## توول بە تەڕی نەچەمێتەوە، ناچەمێتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220508225315413277



توول بە تەڕی نەچەمێتەوە، ناچەمێتەوە
توول: چڵی ناسک و باریکی گژوگیا و داروردەختە، لکی تەڕ و تازەی دارە، توولەی ڕووەکی ترۆزی و گندۆرە و خەیار و شارۆخ و شوتتیە، هەندێجار گوڵەلاولاوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە باسی لق و چڵی دار و درەختە، تا تەڕ و ناسک بێت دەتوانرێت بچەمێنرێتەوە و بەئارەزووی مرۆڤ باربهێنرێت بۆ گۆپاڵ و گۆچان و قەڵتارە و دروستکردنی چیخ، هەروەها دەتوانرێت دارێکی ڕاست و ڕێک و کاریتەیی لێ دابمەزرێنرێت، بەڵام ئە و لقەدارە گەورە بێت و ووشک بێت هەر کارێکی لەسەر بکرێت دەشکێت و ئەوەی دەمانەوێت لێی دروست بکەین، ناتوانرێت لێی دروست بکرێت، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤ بەکاردەهێنرێت لە منداڵیەوە، چونکە منداڵ لاپەڕەیەکی سپیە و مادەیەکی خاوە دەتوانرێت بەگوێرەی بەرنامەیەکی گونجاو پەروەردە بکرێت، ئەگەر گەورە بێت ناتوانرێت پەروەردە بکرێت بۆیە وتراوە: توول بە تەڕی نەچەمێتەوە، ناچەمێتەوە، هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمەشمان هەیە، کە دەڵێت: گۆلکی باری، بە منداری واتە: ئە و گۆلکەی کە لە ئایندە دەبێتە گا و باری پێ دەگوازرێتەوە پێویستە لە گۆلکیەوە ڕابهێنرێت و فێر بکرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 10:53:15 2022/8/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 347

## تیر هاوژیک، کەوان شاریکەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180125100757144268

تیرهاوژیک، کەوان شارییکەوە
ئەمە شێوەزاری لوریە لە گوندەکانی شارەدێی سێگردکانی شارۆچکەی کۆیە بەتایبەت لە ئاوایی ئۆمەرگومبەت بەکاردێت مەبەست لە و دەربڕە ئەوەیە کەسانێک هەن سەری گۆبەند و بنی گۆبەندن کەچی لەڕواڵەت وانیشاندەدەن کە پیاوی چاکن

و ئاگایان لە هیچ و کێشەیەک نیە و سەرەداوی هیچ گرفتێک نین بۆیە بە و کەسانە دەوترێت(تیرهاوژێک و کەوان شارییکەوە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/25/1 10:07:57 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 348

## تیری مەگرە، نیشان دیار نەبێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20200816121437386939



تیری مەگرە، نیشان دیار نەبێت.
نیشانشکێن، لە پێشیناندا لەناو کورداندا پێگە و جێگەی خۆی هەبوو، ئە و کەسەی نیشانشکێن بوایە لەهەموو ئاواپی باسی دەکرا و بەنمونەی سوارچاکی ناوی دەهات، بەڵام هیچ کات نیشانشکێن بەبێ دیاریکردنی(نیشان) تیری نەهاوێشتووە .
ئەم ئیدیۆمە بۆ ئە و مەبەستە بەکاردێت کە لە ئەنجامدانی کارێک دەبێت(ئامانج)ەکە دیار بێت، چونکە ئامانج دیار نەبێت هەموو ڕەنجەکە بەفیڕۆ دەچێت و تیرەکەش لەبەلاش دەڕوات، بۆیە کورد وتویەتی(تیری مەگرە، نیشان دیار نەبێت) واتە شەلم کوێرم هەنگاو مەنێ، تا بەرچاو ڕوونی و ئامانج و مەبەستت دیار نەبێت، هیچ هەنگاوان مەهاوێژە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/16/8 12:14:37 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 349

## تیژەنی گرت

https://www.kurdipedia.org/?q=20171012100730142878

تیژەنی گرت

لەکوردستاندا جۆگەڵە و چەم و رووباری بە خوڕ و تیژڕە و هەیە بە هۆی بەرزی و نزمی رووی زەویەکەیەوە ئینجا هەر کاتێک کەل و پەلێک یان هەر شتێک لەدەستت بکەوێتە ناو جۆگەڵە یان رووبارەکە یان چەمە خوڕەکەوە ئەوا لەگەڵ خۆی بەخێرایی راپێچی دەکرد و فریای ئەوە ناکەوتیت بیگریتەوە و دەڕۆیشت و تازە چاوت پێی ناکەوتەوە، ئەم ئیدیۆمە بەکاردێت بۆ شتێک کە تازە نەتوانی بەدەستی بهێنیتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017/12/10 10:07:30 AM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 350

## تیکەی زل، قونیش دەدڕێ و دەمیش

https://www.kurdipedia.org/?q=20200816121148386938



تیکەی زل، قونیش دەدڕێ و دەمیش.

تیکە: پاروو نانە، زل: گەورە و قەبە و ئەستور، تیکەی زل واتە پاروو نانێکی گەورە و قەبە و ئەستوور، دەم سەرەتای(کۆئەندامی هەرس) و قونیش دەرچەکەیەتی، ئە و پاروو نانەی بەدەمەوە بخورێت و قوت بدرێت، بە دەرچەوە دێتە دەرەوە.

وتراوە(بەردی گەورە نیشانەی نەهاوێشتنیەتی) و (مریشک هێلکەی قاز بکات قونی دەدڕێت) و(بەگوێرەی بەڕەکەی خۆت پێ ڕاکێشە) ئە و ئیدیۆمانە لە توانج و تەوس و مەبەستەوە نزیکن لە ناوەڕۆکی ئیدیۆمی(تیکەی زل، قونیش دەدڕێ و دەمیش) هەندێ کەس هەیە خۆی ناناسێت لەسەرووی توانای خۆیەوە کارێک دەکات و لە دەرەنجامدا زەرەرمەند دەبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2020/16/8 12:11:48 PM |

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 351

## تر برێشکەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170930092547142794

تر برێشکەیە
گوڵە بەرۆژە(برێشکە) ئەگەر هەندێکی بخرێتە ناو تاوەرێکەوە و بخرێتە سەر ئاگر لە کاتی برژانی زۆربەیان بەیەکەوە دەتەقن و دەنگیان دەیکاتە قرچەقرچ بەسەلیە واتە دانە نیە، بەمەش ئەگەر کەسێک ترکەن بێت و خێرا خێرا لەسەر یەک ترِ بکات پێی دەوترێت ترِ برێشکە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/30/9 9:25:47 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 352

## ترِ بێ و دەم باکەوێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20170802073006141709

ترِ بێ و دەم با بکەوێ
ئیدیۆمێکە بەکاردەهێنرێت ئەگەر هەواڵ و باسێک بتەوێت بڵاو نەبێتەوە کەچی بکەوێتە زاری کەسێکی دەم شڕەوە ئیتر بوار بۆ بڵاو نەبوونەوە نامێنێتەوە، بۆیە هەر کاتێک هەواڵێک بکەوێتە دەست یەکێکی لە و شێوەیە و بتەوێ بڵاویش نەبێتەوە هیچ چار نامێنێتەوە بەدەنگ وبۆن و بەرامەشەوە دەیگوازێتەوە و پەخشانی دەکات بۆیە دەوترێت(ترِ بێ و دەم با بکەوێ).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 7:30:06 2017/2/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 353

**تڕ تەقیلە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170923135519142696

تڕ تەقیلە
ئیدیۆمێکە بۆ پیاوێکی کورتە باڵای خۆبەزلزان دەوترێت، تەقیلە واتە قاپی بچوک، واتە تڕی وەک تەقیلەی بچوکە چی پێ ناکرێت هیچیش لەبارانەبووە کەچی خۆشی پێ گەورەیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 1:55:19 2017/23/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 354

**تڕ زلی باوان دەروێش**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171119085128143269



تڕ زلی باوان دەروێش
دەروێشی چاوی لە دەستی خەڵکە بۆ بژێوی ژیان چونکە هیچ کارێک ناکات بۆیە دەروێشەکان لات و هەژار و دەست کورت بوون، زۆر جار وارێکەوتووە کوڕە دەروێش کە بەنانی ئەم و ئە و باوکی پەروەردەی کردووە، فێرە لاف و گەزاف و خۆ بەزلزانی دەبێت ئینجا لە و کوردەوارییەی ئێمە بە تەوسەوە بە و جۆرە کەسانە دەوترێت(تڕ زلی باوان دەروێش).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: AM 8:51:28 2017/19/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 355
**تر فیقە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170930143702142811
ترِ فیقە
ئەم جۆرە ترِە باریک و دوور و درێژە تاتەواو دەبێت، هەڵبەت ئەم دەربرِینە وەک جنێویش بەکاردێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: PM 2:37:02 2017/30/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 356
**تر قورِە سەیە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170930092201142793
ترِ قورِە سەیە
قورِە قورِ و وارِ بوونەوەی سەگ شێوە دەنگێکی جیاوازی هەیە وەک وەرِین و حەپە حەپ ولوراندن نیە، دەگێرِنەوە لە ئاواییەکی کوردستان پیاوێک دەبێتە میوانی ماڵێک و شە و پێش خەوتن و چرا کوژاندنەوە خاوەن ماڵ بە میوان دەڵێت:ئەگەر شە و پێویستیت بەسەر ئاو بوو ئەوا شوێنی سەر ئاو دەکەوێتە فلانە شوێنەوە.
شە و رادەشکێ کابرای میوان میز خەبەری دەکاتەوە و لەبەر ئەوەی چراش کوژاوەتەوە شوێنی سەر ئاو نادۆزێتەوە لە پشت کوندەڵانی ماڵەکە کە خاوەن ماڵەکە لە نزیکیەوە لێی خەوتوون دەست دەکات بە میزکردن بەڵام پێش میزەکە باوبژەکەی دەردەچێت و خاوەن ماڵی پێ بەخەبەر دێت و سەیر دەکات میوانەکەیەتی و دەڵێت(تر قورِە سە ئەوە تۆیت) ئینجا لەمەوە بووە بە ئیدیۆم و قورِە سە واتە دەنگی وەک(ئینزار)ی ئاگادارکردنەوەی هاتنی فرۆکەی دوژمنە هێندە ناخۆشە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2017/30/9 9:22:01 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 357
**تڕ لە حەمامێ و درۆ لەغەریبێ**
https://www.kurdipedia.org/?q=20211218181752398872

تڕ لە حەمامێ و درۆ لەغەریبێ
لە گەرماوێ شورەی ئاو و زرینگانەوەی تاس و جام و ئاو بەخۆداکردن دەبنە گەرەلاوژە و دەنگی تڕ لە و ناوە ون و بزر دەبێت و هەستی پێ ناکرێت، هەروەها لە دوورە ولاتی و غوربەت کەس ناناسیت و کەسیش ناتناسێت وەکو وتراوە:(چومە شارێکی کەس نەناس خۆم هەڵکێشا پڕ بەکراس) ئینجا ئەوە وەک درکە و کینایە بە شتێک دەوترێت کە لەشوێنی خۆیاندا کەس وەریان ناگرێت و شەرم و شورەیین هەم تڕ و هەمیش درۆ بۆیە بەتەوس و گاڵتە پێکردنەوە دەوترێت(تڕ لە حەمامێ و درۆ لە غەریبێ).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 ولات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2021/18/12 6:17:52 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 358
**تڕ لە ورگی پڕ**
https://www.kurdipedia.org/?q=20211218182201398873

تڕ لە ورگی پڕ
دەوترێت: ئاگر بێ دوکەڵ نابێت، واتە کە ئاگر پریشکی لێ هەڵسا ئیتر دوکەڵیشی لێ پەیدا دەبێت، سەبارەت تڕ و ورگی پریش هەر وایە، چونکە ئەوەی تێر بخوات و ورگی پڕ بکات، باوبژێشی لێ پەیدا دەبێت، هاوشێوەی ئەوە دەوترێت: ئاو بەدوای ئاوەدانی دەگەڕێت یان لە وشکی بەیاری هیچ ناکرێت یان لە پشتی دەست دروێنە ناکرێت، ئەوەی شتێکی پێ نەبێت ناتوانێت شتێک بکات بۆیە وتراوە(تڕ لە ورگی پڕ).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 ولات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 6:22:01 2021/18/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 359

## تر لەکێ و تەورداس لەکێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20180829095832155043

ترِ لەکێ و تەورداس لە کێ
دەگێڕنەوە لە و کوردستانەی خۆمان لەهاوینێک لە هاوینەکان پیاوێک لەگەڵ ژنەکەی دەچنە داران، لەکاتی بڕین و کۆکردنەوەی داران پیاوەکە(تەورە)کەی لێ بزر دەبێت، زستان دادێت و پیاوە و ژنە بەیەکەوە لەبەر سۆپای دار دانیشتوین ژنەکە(با)یەکی توندی لێ بەردەبێت و پیاوەکەش دەڵێت(ژنەکە قەلبت ساغ بێت ئە و ترەت لەبەرچی کرد) ژنەکەش دەڵێ(ئەدی ئەتۆ لۆ ئە و تەورەت بزرکرد) پیاوەکەش دەڵێت(ترِ لەکوێ، تەورداس لەکوێ) ئینجا ئەم ئیدیۆمە بۆ کارێک یان قسەیەک یان هەڵوێستێک دەوترێت کە هیچ پەیوەندیان بەیەکەوە نەبێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:58:32 2018/29/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 360

## ترِاندی

https://www.kurdipedia.org/?q=20171109093128143137

ترِاندی
هەندێجاریش دەوترێت(ترِی برِی) ئەم ئیدیۆمە بەکاردێت بۆ پەک خستنی کەسێک یان شپرزەبونی یان بۆرِیدان و خستنە ژێرخۆتەوە، بۆ نمونە دوو کەس دەکەونە زۆرانبازی یان شەڕەوە ئەوەی بدۆرابوایە دەوترا(ترِێنرا یان ترِاندی یان ترِی برا).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)

کاتی تۆمارکردن: 2017/9/11 9:31:28 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 361

**ترۆ کراوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171223091954143587

ترۆ کراوە

ترۆ واتە بێ ئابڕو یاخود دەرکراو و ریسوا کراو، یان کەسێکی نالەبار و بێ بەشکراو و دورخراوە لە ئیشێ لەکارێ، یان دژ و ناحەز و لەریزدەرکراو، مەرجیش نیە لەسەر بنەمای دروست هەموو ئە و بێ ئابرو و ریسواکراوەی درابێتە پاڵ، زۆر جار دەبینیت لە کۆمەڵەیەک یان گروپێک کەسێک بریار بەدەستە و کاری پێ ڕاسپێراوە بەڵام پاشماوەیەک نە واژۆ و ئیمزای نە نامە و کاغەزی نە قسە و گوفتاری نە هەرەشە و گورەشەی هیچی نایخوات بەوە دەوترێت(ترۆکراوە) و سلّقی تەڕی بەدەست نەماوە و کلکی کەرێشی بەدەست نیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)

کاتی تۆمارکردن: 2017/23/12 9:19:54 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 362

**تری بە مێکوت نیشکیک**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220325192914409078



ترێ بە مێکوت نیشکیک
لورپیەکانی گوندی ئۆمەرگومبەتی شارەدێی سێگردکانی باشووری خۆرئاوای کۆیە، ئەو ئیدیۆمە لەبری ئیدیۆمی(ترێ بە نۆ بیور ناشکێت) بەکاردەهێنن، مێکوت دارێکی گردە، کلکێکی داری تێبڕاوە، بۆ ساوار کوتان و کاری کوتانی مێخیش بەکارهاتووە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی خۆبەزلزان و خۆهەڵکێش و هیچ لەبارا نەبوو دەوترێت: ترێ بە مێکوت نیشکیک.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/25/3 7:29:14 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 363

## ترێ بە نۆ بیور ناشکێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20170928150238142781

ترێ بە نۆ بیور ناشکێ
ئەمەش واتا کەسێک هێندە خۆی پێ گەورەیە و کەس لە خۆی بەسەروو تر نازانێ و ئەژمار بۆ کەس ناکات، تریش لێرەدا بەمانای ترێ(گەورە، ئەستور، زڵ) دێت، بۆیە(بیور) بەکارهاتووە چونکە نۆ بیور دەشکێنێت و ئینجا ئەستوری فیز و خۆبەزلزانیەکەی هەر ناشکێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/28/9 3:02:38 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 364

## ترێ بە نۆ بیوور ناشکێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20220621202856419357



تری بە نۆ بیوور ناشکێت
بیوور: تەور، سەرە ئاسنێکی تیژکراوە و کلکەکەی دارە، داری پێ لەت و پەت و پارچە پارچە دەکرێت، تەور و بیوور دەبێت کەسێکی شارەزا و بە هێز و بازوو بەکاریبهێنێت بۆ ئەوەی دارەکەی پێ بشکێنرێت و بیکاتە تلیش و پارچە و لەتی رێک کە بخەوێتە بەر ئاگردان و سۆپای دار و تەندوور و...تاد، بیوور و دارشکاندن لەگەڵ(تڕ: بای دەنگداری دەرچەی مرۆڤ) و ژمارە(نۆ) بۆ دووپاتکردنەوەی تڕ زلی بەکارهاتووە، بووە بە ئیدیۆم و بە کەسێکی لووتبەرز و قۆتەرات بڵند و خۆهەڵکێش و بە فیز و بە(دەعیە) و تڕ زل دەوترێت: تری بە نۆ بیوور ناشکێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/21/6 8:28:56 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 365

## تری دوایی

https://www.kurdipedia.org/?q=20170930092041142792

تری دوایی
تەمەنی مرۆڤ کە هەڵکشا و بەرە و بەساڵاچون ڕۆیشت دەبێت لە هەندێک کار خۆی لێ بەدوور بگرێت وەک ئەوەی پیرەمێردێک بیەوێت کچێکی قەیرە یان گەنجی تازە پێگەیشتو بخوازێت و تازە بەتازە ژیانی هاوسەری پێک بهێنێت بۆ جێبەجێ نەکردنی داوا و داخوازییەکەی دەوترێت ئینجا(تری دوایی) واتە هیچی پێ ناکرێت و ناتوانێت بە و کارە هەڵسێت و مەبەستی کچەش ئەوەیە کە چۆن شوی پێ بکات خۆ هیچی پێ نەماوە، دەوترێتیش نێرکەری پیر کە کەوتە ماکەرەوە دوای لێبوونەوە پشتاوپشت دەکەوێت و هەندێجار لەوانەیە هەڵنەستێتەوە چونکە(تری دوایی).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/30/9 9:20:41 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 366
**تری گۆیژە دەکێڵێت**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171109093330143138
تری گۆیژە دەکێڵێت
یان وتراویشە(تری گۆیژە کون دەکات یان تری گوێزی کوێر دەشکێنێت) کێڵانی شاخی گۆیژە و کونکردنی تاوێرە بەردی گۆیژە و شکاندنی گوێزی کوێر کارێکی ئاسان نیە، بۆیە بە خوازە ووتراوە بەکەسێک کە زۆر لوت بەرز و لە خۆڕازی بووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/9/11 9:33:30 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 367
**تریان گەورەیە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20201102134519389590

تریان گەورەیە.
ئە و گازەی لە کۆئەندامی هەرسی مرۆڤەوە پەیدا دەبێت بەرێچکەی دەمەوە بێتە دەرەوە پێی دەوترێت(قرپ، قرقێنە) بەڵام بەرێگەی دەرچە و کۆمەوە پێی دەوترێت(ترِ یان تس، فس)، کەسێ لووتبەرز و بەفیز و بەپۆز و لەخۆبایی بێت بە ئیدیۆمەوە پێیان دەوترێت زۆر پۆزاوین(تریان گەورەیە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/2/11 1:45:19 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 368

## تۆ کاڵەک خۆری یان بێستان ڕنی

https://www.kurdipedia.org/?q=20170704101826140948



تۆ کاڵەک خۆری یان بێستان ڕنی
درکە و کینایە و ئیدیۆمە بەکەسێک دەوترێت کە خۆی لەکاری خەڵکی هەڵبقورتێنێ و کاری ناکەس کاری بکات سەبارەت بە بابەتێک یان کارێک کە پەیوەندی بە ئەوەوە نەبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ● دیارینەکراو | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/4/7 10:18:26 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 369

## تۆبەی گورگ مەرگە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180528091303151129



تۆبەی گورگ مەرگە
گورگ ئاژەڵێکی درندەی گۆشت خۆرە بەتایبەت مەڕوماڵات، پێشینانی کورد زۆر گورگ-یان لە نێو پەند و دەربڕ و ئیدیۆمدا بەکارهێناوە، مەگەر ئاژەڵی(گوێدرێژ) هێندەی(گورگ) لە قسەی نەستەق و پەند وئیدیۆمدا زیاتر بەکارهێنرا بێت، بۆ نمونە(گورگی بالان دیدە، گورگی کەرخۆریش هەیە، گورگ نەخۆری دز نەبەر، گورگانە شەوێ بۆ دەکات، لەگەڵ مەڕ شین دەگات و لەگەڵ گورگیش گۆشت دەخوات).
لەرووی غەریزەییەوە تۆبەی گورگ مەرگی بۆ دانراوە، گورگ ناتوانێت بەبێ خۆراک ژیان بباتە سەر و بژێوی خۆی و بێچووەکانی و گەڵەکەی دابین بکات، بۆیە ئەگەر تۆبەش بکات لەخواردنی مەڕوماڵات، تۆبەکەی تا ئە و سات و کاتەیە کە برسێتی تاوی بۆ دێنێ و ناچار تۆبەکەی دەشکێنێ و پەلاماری دونگ و گەروو و قەپۆزی مەڕو بزن و کاروبەرخ-ان دەدات و دەست دەکاتەوە بە کاری مەیل و ئارەزوو و پێشینەی خۆی، ئینجا لێرەدا بووە بەدرکە و دەربڕی کوردەواری بۆ کەسێک کە نەتوانێت کارێکی قێزەون و نەگریس و زیانگەیەنەر بە دەوروبەر و خەڵکی تەرک بکات، یان کاری چەتەوڵی و ڕێگری و لاقەکردن و دەستڕێژی و گەلاجاڕ سوتاندن و خەرمان ئاگر تێبەردان کاری هەمیشەیی بێت زۆر زەحمەتە پێی تەرک بکرێت و ببێتە پیاوێک یان مرۆڤێکی بەرماڵ لەکۆڵ بۆیە لە کوردەواریدا بە و مرۆڤە نادسنانە ووتراوە(تۆبەی گورگ مەرگە) واتە مەگەر بیکوژیت وەئەگەرنا کار و پیشەی خۆی نەتەرک دەکا نەوازیشی لێ دێنێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات:  ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات:  ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 9:13:03 2018/28/5

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 370

## تۆپەقوڕ

https://www.kurdipedia.org/?q=20200827221448387233



تۆپەقوڕ

قوڕ، ئەگەر هەندێکی خڕبکەیتەوە بیکەیتە تۆپەڵ تۆپەڵ و شێوەی کفتە و کوبە و ئەنگوتکی هەویرە، تۆپە قوڕ بەگوێرەی گڵ و خاک و خۆڵەکەی ڕەنگ وەردەگرێت خاکی سور و ڕەش و بۆر و تاد، بەکەسێکی گەڵحۆی گۆڵکەسەنگۆی ڕەزا قورس و گران و ناشیرن و قێزەون بە توریيەوە دەوترێت دەڵێیت(تۆپە قوڕی).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات:  ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: PM 10:14:48 2020/27/8


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 371

## تێ بکۆشە، لێی بدۆشە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220215225126405187



تێ بکۆشە، لێی بدۆشە
لەوەتەی مرۆڤ هاتۆتە سەر ئەم زەمینە، هەر بەدوای دابینکردنی خۆراکەوە ئە و دەشت و دەر و شاخ و دارستان و ئەشکەوتەی کردووە، لە گیا و گۆڵ و ڕووەک و درەخت و میوەکانەوە تا دەگاتە گۆشتی گیانەوەران برسێتی خۆی پێ شکاندووە، بەڵام هیچ کاتێک ئە و بەرووبومانە چ ئاژەڵی و چ ڕووەکییە لە خۆڕا و سروشتەوە بەردەست نەبووە بەبێ هەوڵ و تێکۆشان و زەحمەتکێشان، کاتێک مرۆڤێک مانگایەک بەخێودەکات، ئە و مانگایە پێویستی شوێنی حەوانەوە و ئالیک و خزمەتکردن و لەوەڕاندن و بردنە کەژ و کێوان هەیە و ناو هۆڵ و گەورەکەی بماڵرێت و شیاکە و ڕیخ و لاس و پاشەڕۆکەی لە ژێر پاک بکرێتەوە، ئینجا دەتوانیت سوود لە شیرەکەی و بەرهەمەکانی وەربگریت، ئینجا ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ هاندانی مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی بژێوی دەوترێت:(تێ بکۆشە، لێی بدۆشە) واتە: بەرهەم بە ماندوو بوون بەدەست دەهێنرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/15/2 10:51:26 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 372
## تێ گەیشتن لەپەڵاو خواردن خۆشترە
https://www.kurdipedia.org/?q=20181001102033156648



تێگەیشتن لە پەڵاو(پەراو) خواردنێ خۆشترە
دوای ماندووبون و برسێتی پەڵاو خواردن بەیەکێک لە هەرە خۆراکە باشەکان دێتە ئەژمار، بەڵام لە پەڵاویش خۆشتر ئەوەیە لە بابەتێک تێ بگەیت و هەردوو سەری بابەتەکەت لێ دیاربێت، ئینجا بەتەوس و توانج و گاڵتەپێکردنەوە بەکەسێک دەوترێت کە لە بابەتێک خراپ حاڵی ببێت و زۆرترین گفتوگۆ و جەلەحانێشی لەسەر بکات، ئینجا کەتێگەیشت پێی دەوترێت(تێگەیشتن لە پەڵاو خواردنێ خۆشترە یان چاکترە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/1/10 10:20:33 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 373

## تێ گەیشتم، دوژمن و بڕبڕەی پشتم

https://www.kurdipedia.org/?q=20220622212120419576



تێ گەیشتم، دوژمن و بڕبڕەی پشتم
لە درامای بووکی ژێردەواری ڕەشدا، لالە(سەرحەد) کە هاوزمان و هاونەتەوە و خزم و خوێش تەشقەڵەی شەڕ فرۆشتنی پێ دەکەن لەسەر خوێنی لالە(جافەر)، ئە و درامایە لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم دەنگدانەوەیەکی جەماوەری زۆری لێکەوتەوە، بەشەڕی براکان، زیاتر(جاش و پێشمەرگە) لێکدرایەوە، هەڵبەتە ئە و ئیدیۆمەش هەر بۆ ئە و مەبەستە گوتراوە کە ئامۆزا و بن عام و قەوم و کەس و کار دژی یەکتر بچنە سەنگەرەوە و کەیفیان بە سەرکەوتن و خۆشی و دڵشادی یەکتری نەیەت و کار لەسەر تێکدان و لەناوبردنی دەستکەوتی یەکتر بکەن و ببەنە ئەڵقە لەگوێی دوژمنان و نەیارانی دۆزی ڕەوای نەتەوەیەک بگرە تا ئەندامانی یەک خانەوادە و بنەماڵەش، کاتێک دەردەکەوێت کە کەس وکار لەگەڵ دوژمن دەستیان تێکەڵکردووە، خاوەن ماڵ بەحەسەرەت و نیگەرانی زۆرەوە ئەوە دەزانێت کە دوژمنەکەی برا و ئامۆزای خۆیەتی بۆیە دەڵێت: تێ گەیشتم، دوژمن و بڕبڕەی پشتم. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

---

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/22/6 9:21:20 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 374

## تێ کوتە و تێ برەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171109093609143140

تێ کوتە و تێ برەیە
پاشاگەردانی وکەس بەکەس نیە و هەر بابایە و بۆ خۆی حاکمە ئەمانە کۆمەڵێک دەربڕی کوردەوارین لە کاتی هات و هاوار و هەراو هۆریا بەکاردەهێنرێن، ئەم ئیدیۆمەش لە بارودۆخێک بەکاردەهێنرێت کە کەس نامەی کەس نەخوێنێتەوە و گوێ لە یەکتری رانەگرن و ئە و پەلاماری ئە و بدات و ئەمیش هێرش بکاتە سەر ئە و و هەرکەسە و لە ئاوازێک بخوێنێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2017/9/11 9:36:09 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 375
## تێبڕای لێبڕای گەڵێک گوناحە
https://www.kurdipedia.org/?q=20181001104749156658
تێبڕای لێبڕای گەڵێک گوناحە
کورد چوک و ئەندامی نێرینەی زۆر وەک سەروەری و پیاوەتی بەکاردەهێنێت و نازانێت لەکاتی لێ قەومان و تێبڕین و لێ بڕیندا خەپڵە و ئاوەزێ و زێ باشترین دەرەچە و ڕێرەوەی دەرباز بوون و فریادڕەسی و خۆش مەشرەبی تێدایە و تەنگەبەری ژیانە بۆ ژیان و بەرزەخ، تا ئێرە تەنها مەبەست ڕوونکردنەوەی پێش بابەتەکە بوو ئەم ئیدیۆمە ژنان زیاتر بەکاریدەهێنن و لەزاری ئەوانیشەوەیە بەگوێی پیاوان گەیشتووە و بەزاریاندا هاتۆتەدەرەوە ئەویش(تێبڕای لێبڕای گەڵێک گوناحە) مەبەست ئە و ژنەیە پاش ماوەیەکی کەم لەشوکردن شووەکەی نامێنێت چ جیابونەوە چ مردن و سەفەری دوور و درێژ و گرتن و زیندان وابکات لێک دوور بکەونەوە، ئینجا ژنان درک بە و بێ مێردیەی دەکەن و لە زۆر ڕووەوە دەیبورن و بەزەییان پێ دێتەوە و لە بێ چوکی تێ دەگەن و بەدەم پێکەنین و گاڵتە ئامێزییەوە دەڵێن بەخوای خوشکم(تێبڕای لێبڕای گەڵێک گوناحە) واتە کافر نەبێت بەحاڵی یان بەماڵی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2018/1/10 10:47:49 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 376
## تێر نەخۆرە بانگی کردیە
https://www.kurdipedia.org/?q=20171214084159143511
تێر نەخۆرە بانگی کردیە
تێر نەبوون بۆ ئە وکەسەی بەردەوام حەز دەکات شتێک بخوات بەکاردەهێنرێت، ئینجا مناڵێک زۆر بخوات و بەردەوامیش هەست بکات برسیەتی هەرچی ببینێت پری بداتێ و بیخوات لە کوردەواری بە نەخۆشی ئەژماردەکرێت و پێی

دەوترێت(بەچەخۆرە) لێرەوە تێرنەبوون و بەچەخۆرە لێکدراوە و بووە بە(تێر نەخۆرە بانگی کردووە) واتە توشی نەخۆشی بەچەخۆرە بووە و تێر ناخوات، ئێستا بۆ زۆر خۆرانیش بەکاردەهێنرێت نەوەک هەر منداڵ.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 8:41:59 2017/14/12


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 377

## تێر و نیوەتێر، هەر لەگەرمەسێر

https://www.kurdipedia.org/?q=20211218183042398876




تێر و نیوەتێر، هەر لەگەرمەسێر

گەرمەسێر و گەرمیان بۆ خەڵکی ڕەش و ڕووت و ڕەشۆکی و هەژار و دەست کورت زۆر لەبارە و دەتوانن هەرچۆنێک بێت قوت و بژێوی ڕۆژانەیان بەدەست بکەوێت و کوردیش دەمێکە وتویەتی(بۆیە هاوینم پێ خۆشە، کەس ناڵێ گونت داپۆشە) واتە هاوین و گەرمەسێر بێ خەرجین و بۆ هەژاران باشە، چونکە کوێستان و زستانیش بۆی وتراوە(زستان هات بەرگی فەقیری درا) کەواتە بۆیە وتراوە(تێر و نیوەتێر، هەر لەگەرمەسێر).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: PM 6:30:42 2021/18/12

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 378

## تێلەگەکی خواردیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220505205304412795



تێلەگەکی خواردیە
تێلەگە، کۆڵێکی بەستراوە، بە بەن و گوریس و کێبڵ، تاوەکو بتوانرێت بە کۆڵ هەڵبگیرێت لە شت و مەک و کەل وپەل پێکهاتووە، بەشێوەیەکی گشتی تێلەگە کۆڵێکی گەورەیە، تێلەگە هەڵگرەکان هەوڵیان دەدا زۆرترین شت لە کۆڵە بەستراوەکە بدەن تاوەکو بیگەیەننەوە ماڵەوە یان هەوار، بۆیە بەردەوام تێلەگەکان پڕبوون و کۆڵێکی قورس و گران بوون، هەموو کەسێک پێی ناگوازرایەوە، بەنمونە تێلەگەی دارکە زۆر سەنگین بوو، ئە و گرانی و پڕیەی تێلەگە بووە بە ئیدیۆم و بە کەسێکی زۆر خۆر دەوترێت: یەک تێلەگەی دەخوات یان تێلەگەکی خواردیە واتە: هەندی یەک تێلەگەی گەورە و گران خواردوویەتی هاوشێوەی ئیدیۆمی: دەڵێی مانگایە بەکارهاتووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/5/5 8:53:04 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 379

**تێلاترێن-یان کرد**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171226091231143614

تێلا ترێن-یان کرد
تێلا: واتە دارە دەستی ئەستور و چۆماغ و کوتەک، ترێن: لێرەدا واتە لەسەر یەک و خەست و تیر و کوتان ئەم دەربڕەی(تێلا ترێن-یان کرد) لە کوردەواریدا بۆ کەسێک بەکاری دەهێنن کە دارکاریەکی خەست و خۆڵ و لەسەریەک تێهەڵدان وحەسیر مەیدان بکرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/26/12 9:12:31 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 380

## تەبارەی هەر وا لە گۆڕێ یە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200830143812387289



تەبارەی هەر وا لە گۆڕێ یە
تەبارە، پارچەیەک زەوی تۆدراوە بەدانەوێڵەی گەنم کە کاتی پێگەیشتنی هات لەمانگی(پوشپەڕ و خەرمانان) واتە حوزەیران و تەمموز دەبێت زبارە وهەرەوەرزی بۆ بکرێت بۆ ئەوەی بدوورێتەوە، ئەوە رووە ڕاستینەکەیە، وەک ئیدیۆمیش مەبەست ئەوەیە ئە و کابرایە هەندە بێ کەس و دەست وقام و هەژار و نەدارە یان گرفت و کێشەی زۆری بەسەردا باریووە بۆیە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت تەبارەی هەر نەدووراوەتەوە بۆیە دەوترێت کابرا (تەبارەی هەروا لە گۆڕێ یە). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/30/8 2:38:12 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 381

## تەبەق بەترش هەردێتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170924144122142723

تەبەق بەترش هەردێتەوە
تەبەق کەل وپەلی ناوماڵە وەک قاپ وقاچاغ لە دار دروستدەکرا، بە و دواییە تەنها وەک شەکردان بەکاردەهات دەوترا دەبەق و شەکرشکێن، بەڵام دیارە پێشتر وەک لەگەن و قاپ وتەقیلە و تاسوڵکە بووە چێشتیشی تێکراوە بەتایبەت شلەی وەک ترش(شلە یان مەرەگە)، ئینجا ئە و دەربڕە و ئیدیۆمە بۆ کەسێک بەکارهاتووە کە کچە عازەب بێت و کابان و خاوێن وباوێن نەبێت و بەردەوام قاپ و قاچاغ و تەبەقی هەر بەترش بێت و نەیشۆر دبێت، ئینجا کە شوو دەکات و دەچێتە ماڵ و مێردی خۆی لە سەر ئە و کارە نا بەجێ و نا کابانیەی توشی گاڵە گاڵ و کێشە دەبێت و مێردەکەی دەینێرێتەوە ماڵی باوکی بە و حاڵەتە دەگوترێت(تەبەق بەترش هەر دێتەوە) وەک(ماڵی قەڵپ سەر بەخاوەنیەتی).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/24/9 2:41:22 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 382

## تەخدیر تەگبیر دەبڕێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20171226091519143616

تەخدیر تەگبیر دەبڕێ
تەخدیر لە تەقدیر و قەدەرەوە هاتووە ئە و ڕووداو و پێشهاتەی کە مرۆڤ خۆی هیچ ڕۆڵی نیە و ناتوانێت خۆی لێ بەدوور بگرێت، بۆ نمونە دەڵێیت بەیانی ئەگەر باران نەبێت بەیەکەوە دەچینە داران، ئەگەر باران بوو ئە و تەگبیرە بەتاڵ دەبێتەوە یان دەڵێی خوا موقەدەران نەدات بەیانی دێمە هەولێر، لە پڕ لەڕێگاکە ئۆتومبیلەکەت خۆی دەکێشێت بە ئۆتومبیلی پێش خۆی هەموو ئەمانە تەخدیرە و مرۆڤ توانای نیە پێشبینی و ڕێگەی ڕوودانیان بگرێت، تەگبیر و مشور خواردن واتە بەرنامە ڕێژی مرۆڤ بۆ کارێک بۆ سەفەرێک یان شتێکی لە و شێوەیە بۆیە لە ئیدیۆمی کوردادا هاتووە(تەخدیر تەگبیریان دەبڕێ) واتە قەدەر هیچ بۆ تەگبیران ناهێڵێتەوە بۆ گفتوگۆ و جەلەحانێ لەسەرکردن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/26/12 9:15:19 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 383

## تەرەسی عۆجە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171225093329143606

تەرەسی عۆجە
لەهەشتاکانی سەدەی بیستەم عۆجە کەوتە ناو ناوانەوە گوندێکی پارێزگای تکریتی عێراقە و زێدە سەرۆک کۆماری دیکتاتۆری پێشووی عێراق(سەددام حوسێن) بوو، لە کوردەواریدا وەک سوککردن بۆ شۆڤینیەکانی عەرەب ئە و دەستەواژەیە بەکارهات بەڵام ئێستا زیاتر بە و کەسانە دەوترێت کە بێ ناموس و بێ ئابڕو و بێژی و خوێڕی و تۆڕین.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇬🇧 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: AM 9:33:29 2017/25/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 384
**تەزرە کوتیان کرد**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171225092935143603
تەزرە کوتیان کرد
تەزرە واتە یەکێک لە شێوەکانی بارین کە دڵۆپە ئاوە پلەی بەستنەکەی بۆ ژێر سفری سەدی دابەزیووە و دەنکۆڵە دەنکۆڵەی ڕەق و بەستوون و قەبارەیان جیاوازە تا هەڵماتێک بگرە گەورەتریش دەبن، لە کوردستان زیاتر لەوەرزی بەهاردا دەبارێت، ڕەز و باغ و زراعات و شینایی جوتیار وێران دەکات بەتایبەت لەکاتی گوڵ کردن و هەرچی گوڵە دەیوەرێنێت بە و حاڵەتە دەوترێت تەزرە کوت، ئینجا ئەگەر ماڵێک میوانێکی زۆر و ئەستور و حەشیمەتێکی زۆر بەیەکەوە بە کۆستەرێکی پڕەوە سەردانی بکەن دەوترێت فلانە ماڵیان تەزرە کوت کرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇬🇧 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: AM 9:29:35 2017/25/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 385
**تەشوێ دەسکی خۆی نابڕێتەوە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220314192615408299



تەشوێ دەسكی خۆی نابڕێتەوە
لە کوردەواریدا وارێکەوتەوە پێچەوانە و دژیەک لە ئیدیۆمەکاندا هەبێت، ئەوەش تاقیکراوە تەوە و ڕاست و دروست دەرچووە، بۆ نمونە تەشویێ و تەور لە دوو پەند و ئیدیۆمدا بەکارهاتوون بە دژیەکی وەکو: دارکلکی لە خۆی نەبێت نابڕدرێتەوە، واتە تەور و تەشوێ ئەگەر لە کلکی لەدار دروست نەکرێت بەهیچ کلۆجێک بەسەرە تەشوێ و تەور دار نابڕدرێتەوە، کەچی لێرەدا تەواو پێچەوانە کراوەتەوە، دەوترێت(تەشوێ دەسکی خۆی نابڕێتەوە) واتە مرۆڤ پەیوەندی خوێنی لەگەڵ یەکدا هەبێت، خوێنەکە نابێتە ئاو و ئەگەر گۆشتی یەکتریش بخۆن، ئێسقانی یەکتر ناشکێنن و یەکتر نابڕنەوە .[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/14/3 7:26:15 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 386

## تەشیەک بەن بادە خۆت لە بێ حەیا لادە

https://www.kurdipedia.org/?q=20181220074107181672



تەشیەک بەن بادە خۆت لەبێ حەیا لادە
تەشی ڕێسی کارێکی ئاسان نی یە و لەکۆندا زۆر بەسەر تەشی ڕێس وتراوە(تەشی لەڕێوە دەڕێسێت) یان(تەشی ڕێس تەشی ڕێس بێت بەکلکی کەرێوە دەیرێسێت) لەگەڵ ئەمەشدا تەشی ڕستن کارێکی ئاسان نی یە و هەموو کەسێک نەیتوانیوە بیرێسێت، بەن-یش لە خوری مەڕ یان موی بزن دروست دەکرا، تەشیەک بەن واتە(گلۆرە یان خلۆرە)یەک ئەمەش شان و پیل و کات و ماوەیەکی دەوێت تاوەکو دەتوانی تەشیەک بەن بادەی هەڵبەت لەبەر ووردی و زۆر ماندووبون و هیلاکی، بێ حەیا واتە بێ شەرم خەڵکی بێ شەرم لەیەک کاتدا کوێستان و گەرمێن بکات بەبای گوێ-شیا نایەت، هیچی بێ شەرم و(عار) نی یە، هەروەک پەیامبەری ئیسلام فەرمویەتی(ئەگەر شەرمت بەخۆت نەبوو چی دەکەیت بیکە) بۆیە کوردیش ئامادەیە یەک تەشی بەن بڕێسێت تاوەکو ڕووبەرووی کەسێکی بێ حەیا و شەرم بێتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە بە دەربڕینەوە وتویەتی(تەشیەک بەن بادە خۆت لەبێ حەیا لادە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:41:07 2018/20/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 387

**تەشی ڕێس تەشی ڕێس بێت بەکلکی کەرێ دەیرێسێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170724155330141568

تەشی ڕێس تەشی ڕێس بێت بەکلکی کەرێ دەیرێسێت
ئەم پەندە بۆ ئەوە بەکاردێت ئەگەر مرۆڤ مەیلی هەر کارێکی هەبێت بەهەر هۆو پێناوێک بێت جێ بەجێی دەکات، ئەگەر لە دەشت ودەر-یش بێت لەجیاتی سنگی بەر هەیوان بەکلکی کەرەکەی کارەکەی بەجێ دەهێنێت و هیچ پروبیانویەک بۆ جێ بەجێ نەکردنی کارەکەی ناهێنێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: رۆژهەلاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 3:53:30 2017/24/7
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 388

**تەشی لە ڕێ-ەوە دەڕێسێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170802074025141714

تەشی لە ڕێ-ەوە دەڕێسێت
ئیدیۆمێکە بۆ کەسێکی پڕِ ئیش و کار بەکار دەهێنرێت لەکۆندا ژنی کورد ئاسانترین ئیش و کاری بووە چونکە کە بۆ درونێنە چووە تا ناو تەبارە و پەرێزەکە تەشی لە ڕێگا ڕێسیووە، یان بۆ ئازایەتی لە کاردا دەوترێت فلانە ژن هەندە ئازایە هەر لە ڕێ-وە تەشی دەڕێسێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: رۆژهەلاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2017/2/8 7:40:25 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 389
## تەماع وا لەولای ئەڕواحەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20201102134316389589



تەماع وا لەولای ئەڕواحەوە
تەماع وشەیەکی عەرەبیە و بەکوردی(چاوتێرین)ە، ئەرواحیش کۆی(رۆح)ە، ئەویش هەر عەرەبییە بەکوردی(گیان ودۆن)ە، مرۆڤ ئەگەر چاو بڕێتە موڵک و ماڵ و ناموس و بژێوی و خاکی کەسێکەوە ئەوا ڕووبەڕووی بەرگری و بەرخودان و پارێزی باش دەبێتەوە لەسەروبەندەدا هەندێجار گیانیشی دەکەوێتە مەترسی و بەختکردنەوە، چاوتێرینی شتی کەسانیتر باش نییە و ملشکان و تەفروتونابوونی بەدواوەیە بۆیە کورد بە ئیدیۆمەوە فەرمویەتی(تەماع وا لەولای ئەڕواحەوە) زۆرمان بینی بۆ تاڵانی ڕۆیشت و تەرم(مەیت)ی گەڕایەوە وخۆی بەکوشتداوە بۆ ماڵی دونیا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2020/2/11 1:43:16 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 390
## تەمبەڵێ ئەوەندەی هەزار وەزیر دەزانێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20190205071003252163



تەمبەڵێ ئەوەندەی هەزار وەزیر دەزانێ
تەمبەڵ بەکەسێک دەوترێت کە(بزاوت و جوله و چالاکی) کەم یان هەر نەبێت، وەزیر-یش دیارە بۆیە ئە و پایەی بۆیە سپێردراوە کە تواناداره و چوست و کار ڕاپەڕێنەرە و ئاوەزمەندە و هۆش لە کەڵلەیەتی، لە وولاتی ئێمە وارێکەوتووە و هەر واشە ئەوانەی تەمبەڵن لە کاتی چەلەحانێ و حەوت و هەشتدا حەوت تەقەڵە لێ دەدەن و حەوت وەزیر وکەسیش بەجارێ دەبەستنەوە و کورد وتەنی(وەستای قسان) بەڵام ئەمانە لە بەر تەمبەڵی لە ڕاپەڕاندنی کاروبار دەستەپاچە وکۆڵەوارن وتراویشە(کۆلەواری دەستان) کوردیش ئەمەی لەم ئیدیۆمە جوانە بەکارهێناوە و فەرمویەتی(تەمبەڵێ ئەوەندەی هەزار وەزیر دەزانێ) واتە قسەکەری(عەمەل مەندە بەمانایەکیتر واتە بەس زمانی دەگەڕێ و هیچیتر خۆی وادێنێتە بەرچاو هەندی هەزار وەزیر دەزانێ کەچیش بێ کردار و تەمبەڵ و تەوەزەنە.

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | AM 7:10:03 2019/5/2 |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 391

## تەنیا خەرمان ئاگر تێ بەردان دەزانێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20220624123811419710



تەنیا خەرمان ئاگر تێ بەردان دەزانێت
کۆکردنەوەی سوارە و مەڵۆ و گیشە و گەڵاوێژی گەنم و جۆیە لە شوێنێکدا، ئامادەکرابێت بۆ گێرە و کوتان، خەرمان واتە بەرهەمی دانەوێڵەی یەک ساڵ زیاتری جوتیاران، لە دوژمنداری و نەیاری و ناحەزیدا، لە کۆندا پیاوانی ئاغا و شێخ و مەلا و سەید و دەربەگەکان، بەکاردەهاتن بۆ سووتاندنی خەرمان، ئە و ئاغایانەی کێ بەرکێی یەکتر بوون یان ئە و کرمانجانەی ئازا و سەر ڕاستبوونایە، شەوان لە دیوەخانەکانەوە فتوای خەرمان سوتانیان بۆ دەردەچوو، هەم جوتیاری کرمانجی سەر ڕاست هەمیش دەرەبەگی ڕکابەر بە سوتانی خەرمانەکانیان دەهاتنەوە سەر ساجی عەلی و هەژار و دەست کورتی ساڵ دەردەچوون، ئە و خەرمان سوتاندنە زۆر دەنگی داوەتەوە لە کوردەواریدا بۆیە لە ئیدیۆمدا جێگەی بۆ کراوەتەوە، ئەوانەی کە خەرمانی خەڵکیان سوتاندووە، مرۆڤی دەرباربوون، پوشخۆر و کاخۆر و چڵکاوخۆر و کاسەلێس و گوێ لەمست، دەبەنگ و کەودەن و کاڵفام و بەرماوەخۆر بوون، هیچ چاکەیەکیان لێ نەوەشاوەتەوە، هەموو کاتێکیش دەستی خراپەکاریان ماچ کردووە، بە و مرۆڤە بەیدوم وزمان و دڵ و دەست ڕەشانە کە بۆ کاری خراپە بەکارهێنراون وتراوە: تەنیا خەرمان ئاگر تێ بەردان دەزانێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📃 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/24/6 12:38:11 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 392
## تەنیایی لە هاوەڵی خراپ باشترە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220805194250426657



تەنیایی لە هاوەڵی خراپ باشترە
کورد وتویەتی: تەنیایی بۆ خودای چاکە، بەڵام لێرەدا تەنیایی بەباشتر داناوە وەک لەوەی هاوەڵ و هاوڕێ و برادەری خراپ و بێ ئەمەک و حەرامزادە و بێ کەڵکت هەبێت، ئەوەش بەدرێژایی ڕۆژگار تاقیکراوەتەوە، کە مرۆڤ بێ هاوەڵ بێت چاکترە وەک لە هاوڕێی بەد و خراپ، بۆیە وەکو ئامۆژگاری وڕینوێنی کورد وتویەتی: تەنیایی لە هاوەڵی خراپ باشترە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📃 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/5/8 7:42:50 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 393
## تەونێ کەوتە دار، ئاخری دێتە خوار
https://www.kurdipedia.org/?q=20220308224041407682



تەونێ کەوتە دار، ئاخری دێتە خوار
تەون و تەونکاری، کارگەی دروستکردنی مافور وبەڕەیە، تەونێک کە بۆ مافور و بەڕە ئامادەکراوە، بەر لەوەی بخرێتە ناو کارخانە زۆری ویستووە، کاتێک دەخرێتە سەر دار و کارگەی تەون واتە دەست بەدروستکردنی مافورەکە کرا، ئیتر زۆری نامێنێت و زوو تەواو دەبێت، ئەوە لە کوردەواریدا بووە بە ئیدیۆم و بۆ هاندن و دەستوبردکردنی کارێک و وره بەخشین بەکارەکەران دەوترێت: تەونێ کەوتە دار، ئاخری دێتە خوار.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/8/3 10:40:41 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 394
## تەڕاش لەسەر ڕەگی خۆی شین دەبێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20220523224234414674



تەڕاش لەسەر ڕەگی خۆی شین دەبێت
تەڕاش لە خۆشناوەتیدا دوای بڕینی داری مازوو، لە کۆڵکەی دارەمازووەکەدا چەندین غەرف و شوری تازە دەردەچێت و زوو باڵا دەکات و دەبێتە قۆپەنێک و گرمۆڵە دەبێت، شێوەی چەترێکی گەورە دەردەکەوێت و مرۆڤ دەتوانێت خۆی تێدا بشارێتەوە و پایزانیش کوارگ و قارچکی گەورەی تێدا دەرسکێت، ئە و تەڕاشانە لەسەر کۆڵکەی خۆیان دەڕوێنەوە، ئەوە هاوشێوەی پەند و ئیدیۆمی(گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە)، بۆ ڕەگەزناسی و ناساندن و پێناس و ڕەچەڵەک و توخم و بنەچەناسی دەوترێت: تەڕاش لەسەر ڕەگی خۆی شین دەبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/23/5 10:42:34 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 395
## تەرکێکی لێ نەدەی
https://www.kurdipedia.org/?q=20171225093058143604

تەرکێکی لێ نەدەی
تەرک، دارە دەستی ئەستوری تەڕە، جۆرە قامیشێکی تەڕی ناوپڕە، گوزراشتیشە لە کێری زڵ و بەدەمار، ئەم ئیدیۆمە بۆ بێ ناموسی و بێ ئابڕویی و بێ شەرمی بەکاردێت ئەگەر دڵیان کار و گفتار و هەڵس و کەوتێکی کچێک یان ژنێک نەگرێت یان

ئەگەر ئافرەتێکی بە ئاڵۆش و تەڕ و بڕ بێت و خۆی بەجۆرێکی وروژێنەرانە دەربخات، ئەوا بۆ دڵ ئاوخواردنەوە نێرینەکان بە ئیدیۆمێکەوە دەڵێن بە خوا حەیفە ئێستا تەڕکێکی لێ نەدەی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/25/12 9:30:58 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 396
## تەڵە بەکلکی دەتەقێنێتەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20171120080305143276
تەڵە بەکلکی دەتەقێنێتەوە
ئەم ئیدیۆمە بۆکەسێکی کلاوچی و تەڵەکەباز و فێڵباز و زۆرزان بەکارهاتووە کە بەدەستی خۆی کارێک نەکات کە مەترسی هەبێت و وەک ئەوەی بەدەستی خەڵکی مار بکوژێت یان تا مقاش هەبێت دەستی خۆی ناخاتە ناو ئاورەوە-ئاگرەوە، واتە زۆرزانیەکەی وای کردووە پێی بوترێت(تەڵە بە کلکی دەتەقێنێتەوە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/20/11 8:03:05 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 397
## تەیری گول عاشق بەداری زەقنەبوتە
https://www.kurdipedia.org/?q=20201003233532388661



تەیری گوڵ عاشق بەداری زەقنەبوتە
تەیر، لەزمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە و بەکوردی واتە(باڵندە) ، زەقنەبووت هەندێجار بە(ژەقنەبووت)یش گۆدەکرێت، ئەویش وشەیەکی ئایینیە، لەئاینی ئیسلامەوە(شەجرەت زەقوم)ی عەرەبییەوە هاتووە، کە ڕووەکێکی ناو دۆزەخە ئەوپەڕی تفت و تاڵ و زووخاوە، دۆزەخیانی پێ سزادەدرێت، گوڵ، واتە(گرۆو) تەیری گوڵ واتە باڵندەی گرۆو خولیایی داری ژەقنەبووتە، ئەمە بووە بە ئیدیۆم بۆ ئە و کەسانە بەکاردەهێنرێت کە خۆیان کەسی خراپن و تەنها کاری خراپیشیان لێ چاوەڕوان دەکرێت، یان خۆیان کەسی نارێکن و هاورێکانیشیان هەر دەبێت وەک خۆیان ناپەسند بن، بە گوزارشتەوە بە و کەسانە دەگوترێت(تەیری گوڵ عاشق بەداری ژەقنەبووتە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:



🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2020/3/10 11:35:32 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 398

## جاشکی لە دەست گاوان بەر بووە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170928150430142782

جاشکی لە دەست گاوان بەر بووە
گاوان بە بەراوردی(شوان) کەمتر ماندوو دەبێت و گاڕان لە پێدەشت و لا پاڵان زیاتر دەوەستێت و دەلەوەڕێت و گاوانیش لەسەر بەرزایی و بنار و تەپۆلکەوە بەدیارییەوە دەبێت و زۆر خەریکی(کەرە شوان) ەکەی دەبێت و بەردەوام لە سەر پشتیەتی و ئەزیەتی زۆری دەدات و هەندێجاریش سێکسی لەگەڵ دەکات ئەگەر جاشکەمێ بێت، کاتێک گاوان دەکەوێتە حاڵەتی بێ ئاگایی جاشولکەکە یەکسەر لە دەستی بەڕەڵا دەبێت و ڕادەکات، ئەمە بە یەکێک دەوترێت کە لەسەر کارەکەی زوو بڕوات و بەجێی بهێڵێت پێی دەوترێت(جاشکی لە دەست گاوان بەربووە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:



🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2017/28/9 3:04:30 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 399

**جاشی ماکەرێکن**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171109093715143141

جاشی ماکەرێکن

جاش یان جاشکۆڵەی ماکەر واتە بێچوە کەر، ئینجا ئەم دەربڕە بۆ دوو کەس یان دوو شت یان دوو گروپ بەکاردەهێنرێت کە زۆر دۆستی یەکتر بن و لە سیفەت و ئەدگار و خاسیەت وەک یەک بن دەوترێت هەردوکیان(جاشی ماکەرێکن).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: ⬇️ باشووری کوردستان

ولآت: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/9/11 9:37:15 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 400

**جانگی حیزە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220506220650412953



جانگی حیزە

وتراویشە: دۆنی حیزە، جانگی واتە: نێوانی گوێ و چاوی مرۆڤ، زیاتر بە مانای(چروچاو) یان دەم وچاو (فەیس)دێت، حیز واتە مرۆڤی هیچ لە باردانەبوو و ترسنۆک و بێ غیرەت، ئە و حیزییەی لێرەدا ئاماژەی پێکراوە سەرشۆڕی و بێ دۆنی و سەرکزۆڵی و چاو بەرە و ژێری تێدایە، چاوگەش و کراوە و ڕوو لە کۆڕومەجلیسان نییە، یان بەهۆی کلتور و پەروەردەکردن و ئە و شیرەی خواردویەتی وافرچک دراوە یان بە هۆی کارێکی قێزەون و شەرمەندەوە کە ئەنجامی داوە ناتوانێت سەر بەرز بکاتەوە، ئە و حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی سەرشۆڕ و چاو بەرە و ژێر و چاو نەرم و تیا بەستە نەبوو بەسوکی و بێ ڕێزی پێکردنەوە دەوترێت: جانگی حیزە، پیاوانە نایەتە بەرچاو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/6/5 10:06:50 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 401
## جوابی دوور درۆیە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220508225638413278



جوابی دوور درۆیە
گواستنەوەی پەیامی زارەکی، قسە و ئاخاوتن و وەڵام و وەڵامکاری لە نێوان ناوچەکاندا، دەماودەم لە مرۆڤێکەوە و بۆ مرۆڤێکیتر ڕۆیشتووە، ئە و دەماودەمەش لە ئاخێوەری یەکەمەوە تا دوا کەس کە وەریدەگرێت بە تەواوەتی دەشێوێنرێت و هیچ پەیوەندی بە پەیام و وەڵامە ڕاستەقینەکەوە نامێنێت وەکو ئە و بەردەی کەشکاری لەلاپاڵی شاخەکانەوە ڕایدەماڵێت تا دەگاتە پێدەشت و دەڵتا یان دەبێتە گەردیلەی خاک یان دەبێتە خڕکەبەردی چەو، ئەوە بووە بە ئیدیۆم بۆ هەموو ئە و جواب و وەڵامانەی کە لەدوورەوە دێن و دەماودەم دەگوازرێتەوە تا دەگاتە شوێنی مەبەست دەشێوێنرێن دەوترێت: جوابی دوور درۆیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/8/5 10:56:38 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 402
## جوانویەک بەشیری گامێش گۆش کرابێت، لە ئاودا دەخەوێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20201107082019389639



جوانویەک بەشیری گامێش گۆش کرابێت، لەئاودا دەخەوێت.
جوانو، بێچوی ماین و نەوەی ئەسپە، ئەوەی ڕەسەن بێت دەبێتە ماین و ئەسپ، بۆ غارغاران و سوارسواران و پێشبڕکێ و دیاری پاشایان و ناوداران بەکاردێت ئەوەی قرغ و خراپ بارهاتوو بێت دەبێتە بارگیری بن باران.
ئەسپەشێ و ئەسپە کەوێت ڕەسەنن و لەداستان و قارەمانێتیەکان ناویان زۆر هاتووە، گامێش، ئاژەڵێکی شیردەرە، لەناو زەلکاو و لێرەوار و زۆنگ و گۆماو وزرێبار و دەریاچە و کەنار ڕووباران دەلەوەڕێت و زۆر حەز بەچوونە ناو ئاو دەکات.
ئە و ئیدیۆمە گوزارشتیە واتە ئەگەر کەسێک بە پەروەردەیەکی دروستی باوانی و ڕەسەنیەکەی گۆش و گەورە نەکرێت، پەروەردەیەکیتری بۆ پەیڕە و بکرێت زیانی پێ دەگات وەکو چۆن هێلکەی مریشک بخرێتە ژێر مراوی و هێلکەی مراوی بخرێتە ژێر مریشکە کورکەوە، هەر بۆیە کورد بەئیدیۆمەوە وتویەتی(جوانویەک بەشیری گامێش گۆش کرابێت،

لەئاودا دەخەوێت) واتە دەبێت هەر کەسە و لەسەر ڕەسەنایەتی و پشت و باوانی خۆی باربهێنرێت، ئەگەرنا خویتر و ئەدگاری تری لێ بەدیدەکرێت کە لەبەرژەوندیدا نییە و زیانی پێ دەگەیەنێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/7/11 8:20:19 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 403

**جوانی بەدەستی کەس پێی ناوەستی**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180516093640150880

جوانی بەدەستی کەس پێی ناوەستی

جوانیەک سروشتی نەبێت، بە جوانکاری و بایەخ بەخۆدانەوە دروستکرا بێت کاتیە و ناتوانێت تا سەر بێت، ڕاستیەکان لە دەوروبەر بە و شێوازە لە خۆخەفتنە یان نەشتەرگەریەش ناتوانرێت بشارێتەوە، ئەگەر میکیاژ سوروسپێتی لە گۆنا و ڕوومەتێک ئاڵ کردبێت ئەوا تیشکی هەتاو و بەر خۆرەتاو زوو پەڵە پەڵی دەکات و چۆڕاوگەی جۆراو جۆر لەسەر خاکی ڕەش وەدەردەکەوێت هەر لەبەر ئەمانەیە لە کوردەواریدا وەک دەربڕ و درکە ووتراوە(جوانی بەدەستی، کەس پێی ناوەستی).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: ⬇ باشووری کوردستان

ولات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/16/5 9:36:40 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 404

**جوتیاری تەمبەڵ گای کاوێژ دەکات**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190209081501256683



جوتیاری تەمبەڵ گای کاوێژ دەکات
جوتیار، جوتی زەوی دەکات و گا-ش بەهۆی نیرەوە هەوجارەکەی ڕادەکێشێت، جوتیارێک ئازا بێ و بیەوێت کارەکەی خۆی ئەنجام بدات ئەوا یەکبینە دەنگ لەگایەکان دەکات و دەڵێ(وەحە هەرە) بەمەش گایەکان لە پەیامەکە تێ دەگەن و ملی خۆیان شۆڕ دەکەنەوە و کاری هەوجار ڕاکێشانی خۆیان دەکەن و زوو زوو بەرە جوت تەواو دەبێت، ئەمە لەکاتی ئاساییدا بەڵام ئەگەر جوتیارەکە تەمبەڵ و تەوەزەڵ بێت ئەوا دەنگ لەگایەکان ناکات و گایەکانیش دەوەستن و لەکاتی ڕاوەستاندا لە بن نیرەوە(کاوێژ)ی خۆیان دەکەن، ئەم حاڵەتە بووە بە دەربڕ و ئیدیۆم بەکاردەهێنرێت بۆ سەرکار و(ڕەعیەت) ئەگەر سەرکار جلەوی ئیش شل بکات ئەوا(ڕەعیەت)یش نەرمە پشودانی خۆی بۆ دەکات.

Quick Respons Code:

▫ سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]


| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2019/9/2 8:15:01 AM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 405

## جوجەلەی بەهاران، لەپاییزدا دەژمێرن

https://www.kurdipedia.org/?q=20220119204811402060




جوجەلەی بەهاران، لەپاییزدا دەژمێرن
پەلەوەڕ و بەخێوکردنی مریشک لە کوردەواریدا باو بووە، هەموو ماڵێک لە مریشکێکەوە تا دەیان مریشکی بەخێوکردووە، بۆ هێلکە و گۆشتەکەی، هەندێجار لە بەهاراندا مریشکە کورکەکان بەنیوەڕێ دەنرانەوە لەنێوان خاوەن مریشک و ئە وکەسەی کە مریشکە کورکە دەخوازێت، نزیکەی(15) هێلکە دەخرایە ژێرییەوە، بۆ ماوەی 21ڕۆژ لەسەری دەکەوت و کرِدەبوو، هەندێک لە هێلکەکان پیس دەبوون و نابوونە جوجەڵە، ئەوانیتری هەڵدەهێناو دەبوونە(جوجەڵە)، ئینجا سەرەتا(12) جوجەڵە بوون و دواتر وورده وورده یەکێکیان دەکەوتە ناوبیرەوە یەکێکیتر بە چیقنە سپیلکەی دەمرد و یەکێک پشیلە دەیخوارد و بە و شێوەیە تا گەورە دەبوون و تەمەنیان دەبووە شەش مانگ نیوەی دەفەوتان، بۆیە سەرەتای هەڵهێنانی جوجەڵە نابێتە بنەمای ژماردنی جوجەڵەکان چونکە زۆربەیان نامێنن ئەوە لەکوردەواریدا بووە بە ئیدیۆم دەوترێت: جوجەلەی بەهاران، لەپاییزدا دەژمێرن، لەسەر ئە و بنەمایەش دابەش دەکرا کە(بارۆکە و کەڵەباب)یان بەدەردەکەوێت و دانەیەکیش سەربار دەدرایە ئە وکەسەی مریشکەکەی لە و ماوەیە بەخێوکردووە و مریشکەکەش دەدرایەوە خاوەنەکەی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇬🇧 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: PM 8:48:11 2022/19/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 406
**جۆگەلە دەریا لێل ناکات**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200817230626386980



جۆگەلە دەریا لێل ناکات.
وتراویشە(دەریا بەدەمی سەگ گلاو نابێت)، دەریا پانتاییەکی قوڵ و فراوانە ئاو داپۆشیووە، جۆگەلەش باریکە ئاوێکە بە بەراورد بە دەریا مولولەیەکی بچوکە، ناتوانێت ئاوی ئە و پانتاییە فراوانە لێخن و قوڕاو و لێل بکات، ئەوە بووە بە ئیدیۆم بۆ دڵدانەوە بە کەسێکی ڕێزدار دەوترێت کە کەسێکی لاسار و چەتوون وناکەس بەچە بەجۆرێک لە جۆرەکان سەرکۆنەیەکی کردبێت و یان بێ ڕێزیەکی بەرامبەر ئەنجام دابێت، لەڕوویەکیتریشەوە بە کەسێکی بێ توانای هیچ لەبارا نەبووش دەوترێت کە بیەوێت ناوی کەسێک بزڕێنێت یان بچێت بە گژ شتێکی مەزن یان کەسێکی گەورە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇬🇧 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: PM 11:06:26 2020/17/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 407
**جۆی دیووە، کا ناخوات**
https://www.kurdipedia.org/?q=20201119061224389821



جۆی دیووە، کا ناخوات
دانەوێڵەی جۆ بەیەکێک لە گرنگترین ئە و خۆراکانە دادەنرێت کە مەڕومالآت و بزن و گوێدرێژ زۆر قاندرینە و زۆری جوان دەیخۆن و لەدوورەوە بۆی غاردەدەن، کاش لەدوای کوتانی خەرمان و شەن و کەوکردنی ئەوەی دەمێنێتەوە ڕەوسە و کایەکەیە، کای جۆ و گەنم زۆر لە کوردستان باوە و ئالیکی سەرەکی مالآتە، بەلآم لەڕووی ناوەڕۆک و بەکەڵکی ناگاتە جۆ، هەتا جۆ هەبێت گوێدرێژیش کایەکە ناخوات، ئینجا ئەوە بووە بەئیدیۆم و بەکەسێک دەوترێت شتی باش شک ببات و لە شتی خراپ خۆی لابدات واتە هەتا خۆراکی خۆش و بەتام و باش هەبێت ئەوا شتی ناخۆش و بێ تام و بێ کەڵک ناخوات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 6:12:24 2020/19/11

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 408

## چ بار و بارخانەیەکی پێوەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171213080804143476

چ بار و بارخانەیەکی پێوەیە
باروبارخانە واتە کەل وپەلی پارچە و شمەکی کاروانە، هەروەها بۆ خرو خەپانی و پانی و گۆشتنی کەفەڵی ژنان بەکاردێت، واتە بەخوا کەفەڵێکی گەورەی هەیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: باشووری کوردستان

ولآت: ڕۆژهەلآتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 8:08:04 2017/13/12


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 409

## چ پەنکە هەورا نابینی

https://www.kurdipedia.org/?q=20220203203516403754



چ پەنکە هەورا نابینی
پەنکە هەور واتە:پەڵە هەور، بۆ ئهو ئیدیۆمە هاوشێوە هەیە و دەوترێت: دیوار بە گوێیە، لە واریٚ رواندز و سۆران ئیدیۆمی(چ پەنکە هەوران نابینی) بۆ ئاگادارکردنەوەی قسەکەر بەکاردەهێنرێت کە ئاگای لە قسان بێت، چونکە کەس و کاری ئە و کەسە دیارن کەباسی دەکرێت، ئیدیۆمێکی رێنماییکردنە وەکو(دیوار بەگوێ یە)ی وراتی کۆیەیە، ئەم ئیدیۆمە لە پەرتوکی(ئیدیۆم لە رواندزێ و دەوروبەری) وەرگیراوە و راڤەی زیاتری بۆ کراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/3/2 8:35:16 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 410

## چ دوو مار لە خانەکێ، چ دوو مردی دە قەبرەکێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20220219110602405587



چ دوو مار لە خانەکێ، چ دوو مردی دە قەبرەکێ
دوو ماڵ: لە بن زاری کۆیە و رواندزێ دەبێتە: دوو مار، خانەک: واتە خانوویەک، ئینجا لێرەدا دوو خێزان یان خانەوادە یان ماڵ لە ماڵ و خانویەکدا بن، زۆر گیروگرفت و کێشە دەکەوێتە نێوانیانەوە لەسەر منداڵ و ئاوی خواردنەوە و خۆراک و چێشتی ئاگردان و مێوان، لە ئاینی ئیسلامدا ناشتنی دوو کەسی مردوو لە یەک گۆڕدا نابێت، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ ناگوزری و نارێکی و نەگونجانی دوو ماڵ لە خانوویەک و رێ پێنەدانی(شەرع) بە ناشتنی دوو مردوو لە گۆڕێکدا دەوترێت(چ دوو مار لە خانەکێ، چ دوو مردی دە قەبرەکێ).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/19/2 11:06:02 AM

ناوی تۆمارکار:		ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 411

**چارەی خواستنێ دانە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201028194103389551

چارەی خواستنێ دانە
چارە، چارەسەرکردنی بابەتێکە، خواستن واتە داخوازیکردن بۆ شتێک یان کەسێک، دان، پێدانە، ئەوە لایەنی ڕاستەقینەی ئیدیۆمەکە وەکو مەبەستیش گوزارشتە بۆ خوازبێنی کیژوکاڵ و یان شت ومەکی ناوماڵ و بگرە تا سەرمایەی نەختینەش، ئە و کەسەی کە دەخوازێت ئارەزوو دەکات بیدرێتێ بۆیە کورد بە ئیدیۆمەوە بەکاریهێناوە دەڵێت(چارەی خواستنێ دانە) واتە کارێک یەک ڕێگە چارەی هەبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات:		⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن:		2020/28/10 7:41:03 PM

ناوی تۆمارکار:		ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 412

**چاو باشقاڵە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171230095643143659

چاوباشقاڵە
بەکەسێکی نەزەرباز و چاوچرێن و چاوحیز وچاو لەدەر و چاوگێڕ دەوترێت کە دڵی دانەکەوتبێ و فێرە لامژی و چاوچلێسی بوو بێت یان کەسێکە بێ شەرمانە بۆ ژنان دەڕوانێ، قاڵ-یش واتە خاراو و ڕاهاتوو لەکارێک و خوی پێوە گرتبێت پێی دەوترێت(چاو باشقاڵە) واتە باش ڕاهاتووە لە نەزبارزی و چاو حیزی بۆ ژنان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات:		⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات:		➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن:		2017/30/12 9:56:43 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 413

**چاو لەدەر**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200826232053387226



چاو لەدەر
مرۆڤ کە گەورە دەبێت هەردوو ڕەگەزەکەی خولیای یەکتردەبن و چاویان لەسەر یەکتری دەبێت، کاتێک هاوسەرگیری دەکەن، دەبێت ئە و خولیابوونەیان تێر بووبێت، هەر کە یەکێکیان چ ژنەکە یان پیاوەکە بەدەر لە خێزان و هاوسەری خۆی سەیری کەسێکیتریان کرد، بەچاولەدەر بۆیان ئەژماردەکرێت چونکە سەیری دەرەوەیەی خێزانەکەی خۆی کردووە و بە ئیدیۆمەوە پێیان دەوترێت(چاو لەدەر).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/26/8 11:20:53 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 414

**چاوسوری سپڵە نان خۆری کێیت حەپە حەپ بۆ کێ دەکەیت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170924144657142727

چاوسوری سپلە نان خۆری کێیت حەپە حەپ بۆ کێ دەکەیت
لەشارەزووردا ئەم دەربڕ و ئیدیۆمە باوە کورد بەپشیلەی گرتووە کە(سپڵە) یە و لە هەموو ماڵێکیش بەخێو دەکرا، لێرەدا چاو سوری سپڵە ئاڕاستەی(سەگ) کراوە، مرۆڤ ئەگەر خاسیەتی سەگی بدرێتە پاڵ وەک سەگ بە وەفا نابێت، دەربڕ و ئیدیۆمەکە حەپە حەپی تێدا نەبووایە و میاوە میاو بوایە کێشە نەبوو، هەر پشیلەی سپڵەی دەگرتەوە، بەڵام ئەم درکەیە بۆ کەسێک کەنمەکی شوێنێ یان ماڵێک یان دیوەخانێکی کردبێت و دواتر(بەرد لە و کانیاوە بگرێ کە ئاوی لێخواردۆتەوە) و پێ بوەرێت و زەمی بکات و نمەکگیری نەبێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان


🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/24/9 2:46:57 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 415
## چاوی بویتەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20210113225213390888




چاوی بویتەوە
چاو زۆرترین ڕاز و نهێنی ناخی مرۆڤی هەڵگرتووە هەر بۆیە زۆرترین ئیدیۆمی لەسەر دروستکراوە وەکو(چاو لەدەر، چاوحیز، چاو مۆن، چاوبرسی، چاوتێر، چاو لەدەست، چاوچنۆک، چاوپان، چاوساغ، چاوپیس، چاوچاوانێ، چاو قایم، بێ چاو وڕوو...تاد) هەڵبەت هەموو ئیدیۆمانە لە کۆمەڵگای کوردیدا بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێت، لێرەدا چاوی بویتەوە لەوەوە وەرگیراوە هەندێک لە ئاژەڵان و پەلەوەران بۆ ماوەیەک دوای لەدایکبونیان چاویان نەکراوەتەوە، پاش ماوەیەک ئینجا چاویان دەبێتەوە و دەوروبەری خۆیان دەبینن، ئەوە بۆ مرۆڤ بەکاردەهێنرێت کاتێک مرۆڤێک لەقۆناغێکی پێش خۆی زۆر زانتر بێت و نەتوانرێت فێڵ و گاڵتەی لەگەڵ بکرێت دەوترێت فلانەکەس چاوی بویتەوە واتە ووریا و شارەزا بووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت


🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/13/1 10:52:13 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 416
## چاوی سپی کرد
https://www.kurdipedia.org/?q=20220616175650418853



چاوی سپی کرد
چاو زۆرترین نهێنی مرۆڤی تێدایە و زۆر ئیدیۆمیشی لەسەر هاتووە وەک: چاوسوورکردنەوە، چاوباز، چاوبرکێ، چاو باشقاڵی، چاوتیژ، چاوپیس، چاو لێدان، چاوچنۆک، چاومۆن، چاوحیز، چاوچیڕکردنەوە، بەرچاو تەنگ...تاد، لە و ئیدیۆمەشدا(چاوی سپی کرد) هاتووە، سپی بوون لە چاودا لە چەند حاڵەتێک ڕوودەدات یان چاوەڕوانیەکی زۆر یان نەخۆشی کە سپێنەی چاو زیادە دەکات یان ترسێکی زۆر گەورە وەک ڕۆح کێشان و مەرگ، ئە و چاو سپیکردنەوە وەکو ئیدیۆم بەکاردەهێنرێت بۆ زیان پێ گەیاندن و حاڵەتێک کە نزیک ببێتەوە لە کوشتن و مردن و بەخۆداشکاندنەوە و زیان پێ گەیان و لێ بردنەوە و وەستاندنی کەسێک دەوترێت: چاوی سپی کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: 2022/16/6 5:56:50 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 417

## چاوی شەمشەمە کوێرە و هەتاویان نەوتووە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171120081824143282

چاوی شەمشەمە کوێرە و هەتاویان نەوتووە
شەمشەمە کوێرە ڕۆژی شەوە و شەویشی ڕۆژە، واتە بەدەرکەوتنی تیشکی هەتاو کاری گەڕانی شەمشەکوێرە کۆتایی هاتووە و دێت و چاوەڕوانی ئاوابوونی دەکات تاوەکو خۆر بەدەرەوە بێت ئە و دەست لەکارەکانی خۆی هەڵدەگرێت، ئینجا ئەگەر کەسێک بیەوێت کارێک بکات و بۆ ئەویش گونجاو نەبێت بەتەوسەوە یان بەسوکایەتیەوە دەوترێت(چاوی شەمشەمە کوێرە و هەتاویان نەوتووە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: 2017/20/11 8:18:24 AM

بابەت: 418

## چاوی فسی سەی نابینێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20180929103206156594

چاوی فسی سەی نابینی
فسی سەگ واتە(با) دەرچوونە لەسەگ، ئینجا با نەبینراوە چ سەگ بیکات یان ئاژەڵێکی تر هەتا بە بادەرچوونی مرۆڤیشەوە، چاوکە کەمبینا و کز و سۆما خراپ بوو، دەوترێت چاوی کزبووە ئەم کزبونەش واتە سۆمای چاوی دوور نابینێت بۆیە دەوترێت کزبووە، ئینجا چاوی تەواو و سۆما بەهێز(فس-با) نابینێت تا چاوی کز و کەم بین ببینێت، بۆیە بەتوانج و تونێکڵەوە یان بەگاڵتە و ڕەوانبێژییەوە بەکەسێکی چاوکز و کەمبین دەوترێت(چاوی فسی سەی نابینێت)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

ولات: رۆژهەلاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 9/29/2018 10:32:06 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 419

## چاوی لە دەری خۆڵی تێ وەری

https://www.kurdipedia.org/?q=20171109080113143111

چاوی لە دەری خۆڵی تێ وەری
مرۆڤ دەبێت بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی پێداویستیەکانی بکاتە دەستکەوت، نابێت وەک عەرەبیش دەڵێن(لەبەر خۆر دانیشتووە تا سێبەری بگاتێ) دەستە وەستان بوەستێت، ئینجا لە کوردەواریدا ئە و کەسەی هیچ کارێک ناکات و هەر چاوی لەدەستی خەڵکیەوە ئەوا تەنها خۆڵی تێ وەردەبێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

ولات: رۆژهەلاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 8:01:13 2017/9/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 420

**چاوی ڕەش کرد بۆ هەوێزێ، تۆشمان دیوە لە پەرێزێ**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181002084354156701



چاوی ڕەش کرد بۆ هەوێزێ، تۆشمان دیوە لە پەرێزێ
چاو ڕەشکردن خۆ جوانکردن و بەجۆرێکیش خۆدەرهێنانە، هەوێزیش شوێنی حەوانەی ئاژەڵی(مەڕ و بزن)ە و دەبێت دوای ڕادانی مێگەل کچان و ژنان بیماڵن و قشپڵ و میزەڕۆیان خاوێن بکەنەوە تاوەکو دووبارە کە لە پاوان و مێرگ و لەوەڕگایان گەڕایەوە شوێنی حەوانەوەیان خاوێن بێت و پشوو بدەن، پەرێزیش پاشماوەی دروێنەی دەغل و دانە و پاڵە و سەپان کە بەداسەکانیان دەست دەکەن بەدروێنەی گەنم و جۆ سوارە و مەڵۆیە کی زۆر دەخەن و تێڵەکێش کە زیاتر کچان و ژنان بوون لەناو کوردان بەدواوەیانەوەن تاوەکو هەموو مەڵۆ و سوارەکان گردوکۆبکەنەوە چ بیگوازنەوە سەرخەرمان چ سەرەتا کیشە و گەڵاوێژی لێ دروست بکەن لەناو پەرێزەکە، ئینجا ژن هەیە لە گردوکۆکردنەوەی مەڵۆیان زۆر تەمبەڵە و هەشە زۆر ئازایە و مەڵۆ دەخاتە سەرپشت و شانی سەپانی بەواتا بۆ مەڵۆ و سوارەت نیە و تەمبەڵی لە دروێنەی، ئینجا لێرەدا هەردوو حاڵەتی(هەوێز و پەرێز) بۆ ژنەی یان کیژەی بووە بە ئیدیۆم بەمەبەست بۆ ژنە یان کچەی بەکاردێت واتە خۆت بامەدە و خۆت دەرمەهێنە گوایە دەچیە هەوێزی و کابان و خانومان و ئازایت ئێمە تۆمان لەکاتی گردوکۆکردنەوەی مەڵۆ و سوارەدا بینیووە لەپەرێزێ چەندە نەکارا وتەمبەڵ و تەوەزەڵ بویتی، ئەم ئیدیۆمەم لە کاتی جیابوونەوەی دکتۆر بەرهەم ساڵح جێگری دووەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و دروستبونی قەوارەی هاوپەیمانی وەبیر هاتەوە، چونکە دکتۆر هەم لە دەسەڵاتدا(پەرێز)بینراوە، هەمیش لە ئۆپۆزیسیۆن(هەوێز)دا هەوڵی دەدا کاری خۆی بکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی


کاتی تۆمارکردن: AM 8:43:54 2018/2/10
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 421

**چاک لە بێریاندایە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220616175005418848



چاک لە بێریاندایە
بێر، شوێنێکە کە دارێکی لێ دەچەقێنرێت و یەکێک لە نزیک ئە و دارەوە دادەنیشێت بۆ گرتنی سەری ئاژەڵەکانی وەک مەڕ و بزن بۆ دۆشینیان، ئینجا کرداری بردنی هەموو ئاژەڵەکان بە و بێرەدا پێی دەوترێت: لە بێردان، ئە و ژن و کیژەی بزن و مەڕەکان دەدۆشێت پێی دەوترێت: بێری، لایەنی ڕاستەقینەی لە بێردانی ئاژەڵان بۆ دۆشینە ، ئە و حاڵەتەش بووە بە ئیدیۆم و بۆ ڕێکخستنی نۆرە و سرە و لێساندن و دۆشین و ڕووتاندنەوە و باج و سەرانە و ڕسوماتی زۆر و زەوەند و قاچاندنەوە و مزە وەرگرتن لە چینێک لە کەسێک، هەندێجاریش بەگاڵتەوە بە پیاو دەوترێت کە ژنەکەی زۆر لە بێری بدات بۆ کاروباری تایبەت و..تاد، بەو حاڵەتانەش بە توانج و تەوسەوە دەوترێت: چاک لە بێریاندایە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/16/6 5:50:05 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 422
## چاکی پەڕۆیانە
https://www.kurdipedia.org/?q=20211224102100399348
چاکی پەڕۆیانە
هەندێ جاریش دەوترێت(مەلای بەمن و بەتۆ)، زۆرجار ئە و جۆرە کەسانەت لە کۆمەڵی کوردەواریدا بینیوە، کە بەرواڵەت دەبنە مەلای دوازدە(عیلم) و سۆفی و لەخواترسی ریاکار، زۆریش مەزار و چاک و گۆڕی پیر و گۆڕیچکەی ڕەنگاوڕەنگ بەپەڕۆی سەوز و زەرد و سور ڕازاوەمان بینیوە، کە لەبنەچەدا نە چاک و پیر و خواناس بوون، نە کەسی کۆمەڵایەتی و دیاری کورد بوون، هەر بۆیە کورد بە تەوس و گاڵتە پێکردنەوە بە و جۆرە رواڵەتباز و چاکانەی کە پڕ پەڕۆی بەناو(متفەرکن) دەڵێ چ نینە ئەوانە(چاکی پەڕۆیانن) واتە بێ بنەما و بێ ناوەڕۆکن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان


Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/24/12 10:21:00 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 423

## چاکە لەگەڵ کرمانجان بکە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200827222844387236



چاکە لەگەڵ کرمانجان بکە.
کرمانج خەڵکی رەمەکی و رەشۆکی کوردن، ئەحمەدی خانی دەڵێت(کرمانجم و کۆهی و کەناری، ڤان چەن خەبەرێن کوردەواری) هەولێری دەڵێن: دەشتەکی و سلێمانی دەڵێن:لادێی و کۆیش دەڵێن: کرمانج، کرمانج پیشە و کارییان کشتیاری و ئاژەڵداری و وەرزێری و جوتیارییە، ژینی لادێ پڕکاروکاسبیە و لەبەر پڕئیشیان پێ ناپرژێن هەموو کارەکانیان ئەنجام بدەن، لەبەر ئەوەی گوندەکان و لادێکان سیبەکانی شارن، هاتوچۆ و هاموشۆی یەکتری نێوان شار و گوند، مامەڵە و ئالوێر و شت گۆڕینەوە و هەڵوێست و کارو ئیش پێک بوون رووەدەدات، خەڵکی شار پێیان وایە کرمانج بەچاکەکردن لەگەڵیدا تێ ناگات و ئەمەکداری ئە و چاکەیە نابێت، وەک ئیدیۆمی(رەنگ نییە بەعەرەب بڵێی مەرەحەبا، هەندێک دەخوات و هەندێک دەنێتە بن عەبا) بووە بە(رەنگ نییە بە کرمانجیش بڵێی مەرەحەبا هەندێک دەخوات و هەندێک دەنێتە بن عەبا) کۆییش ئەگەر دڵیان کارێکی کەسێکی گوندەکان نەگرێت دەڵێن(رەنگ نیە چاکە لەگە کرمانجان بکەی).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/27/8 10:28:44 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 424

## چاڵ هەڵکەن هەمیشە لەچاڵدایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190302083532279666

چاڵ هەڵکەن هەمیشە لە چاڵدایە
وتراویشە(ئەوەی چاڵ بۆ خەڵکی هەڵبکەنێت خۆی دەکەوێتە نێویەوە) ئەمە گوزارشتە لەوەی کە کاری چاڵ هەڵکەندن بۆ کەسانیتر کارێکی خراپە و سەرئەنجام چاڵ هەڵکەنیش دەکەوێتە چاڵەکەوە، بەڵام لەم ئیدیۆمەی(چاڵ هەڵکەن هەمیشە لەچاڵ دایە) واتە ئەوەی چاڵ هەڵدەکەنێت دەبێت خۆی لەناو چاڵەکە بێت بۆ هەڵکەندنی چاڵەکە ئەمە رووە راستەقینەکەی چاڵ هەڵکەنە بەڵام لەرووی لێکدانەوەدا واتە ئەوەی چاڵ بۆ خەڵکی هەڵبکەنێت خۆشی دەکەوێتە چاڵەکەوە.

Quick Respons Code:

📋 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی)
کاتی تۆمارکردن: 2019/2/3 8:35:32 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 425

**چرا هەڵبڕە گوی تێدا ماوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170923154115142698

چرا هەڵبڕە گوی تێدا ماوە
مەگەر گوی تێدا مابێت، هەردوو ئیدیۆم لە گوزارشتدا بەیەک دەچن بەڵام ئیدیۆمی یەکەم نەرمترە و ئیدیۆمی دووەم هەندێک توندترە، بۆ نمونە لەکارێکدا سەرکەوتوو نەبیت و کات و بواری سەرکەوتن زۆر کەم مابێتەوە پێت بووترێت هەوڵێکی تری بۆ بدە لە و حاڵەتە دەوترێت چرا هەڵبڕە گوی تێدا ماوەتەوە واتە فریای هیچ ناکەویت و هیچ نەماوەتەوە، بەڵام لەحاڵەتی دووەم مەگەر گوی تێدا مابێت، بۆ پەیوەندیەک لەنێوان دوو کەس کە هیچ بواری برادەرێتی و هاورێیەتی تێدا نەمابێت، یان بۆ چاککردنەوەی بارێک یان کارێک یان هاورێیەتیەک یان بەرهەمێک پێت بڵێن ئە و کارە بکە بۆ تۆ باشترە تۆش بڵێی بەخوا بابە هیچی تێدا نەماوەتەوە مەگەر گوی تێدا بێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:


📋 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/23/9 3:41:15 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 426

**چرای حەوت ماڵان دەکوژێنێتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190428102731285666



چرای حەوت ماڵان دەکوژێنێتەوە
هەموو ماڵێکی کوردەواری شەوان چرا ڕەشکەی هەبووە، ئەم چرایە لەدوای نوێژی ئێوارەوە هەڵدەگیرسا و دوای نوێژی شێوان و خەوتنان دەکوژێنرایەوە، شەوانی زستانیش لادێ نشینەکانی کوردستان بێ ئیش و کارن ئەوەی لەماوەی بەهار و هاوین و پایز کۆیان کردۆتەوە تا مانگی(ڕەشەمانگ-ڕەشەمێ) بەکاری دەهێنن و دەیخۆن و چ کاروکاسبیەکی ناکەن، بەڵام ئەوەی ئاژەڵدارە ئەوجا ژیانی قورستر دەبێت و کاری یەکبینە و بەردەوامە بۆ بەخێوکردن و پەروەردەکردنی مەڕوماڵاتەکانی، بەڵام لە و سەروبەندە هەندێ کەسی ئاوابی هەیە هێندە بەشەوق و زەوق و خولقە دەتوانێ تا درەنگانی شەوی درێژی زستان بەئاگا بێت و خە و نەچێتە چاویەوە و لەگەڵ ئەمەش(حەوت) ماڵی ئاوابی دەکات و هەر (حەوت) یان وەنەوس دەدەن و خە و دەیانباتەوە، هەر ماڵێکیش بخەون چراکانیان(کز) یان دەکوژێنەوە، ئینجا ئە و کەسەی ئە و حاڵەتەی لێ بەدیبکرێت بە خوازە و ئیدیۆم و توانجی مانادراوە پێی دەوترێت(حەوت-ماران- ماڵان دەنوێنی-دەخەوێنی)یان(چرای حەوت ماڵان دەکوژێنێتەوە)

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | AM 10:27:31 2019/28/4 |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 427

## چرای کەس تا بەیانی ناسوتێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20190306075525280176



چرای کەس تابەیانی ناسوتێ
چرا و چرا ڕەشکە لەکۆندا لەجیاتی گڵۆپ بەکاردەهێنرا، ئە و سەردەم نەوت گران چنگ دەکەوت و چراکەش خۆی جێگەی دڵئارامی نەبوو بێ خەبەری بەدیار سەرتەوە بەداگیرساوی لێی بگەڕێیت بۆیە لەکاتی خەوتنان دەکوژێنرایەوە، ئەمە مانا ڕاستەقینەکەی ئیدیۆمەکەیە بەڵام گوزارشتی و واتایی و مەبەستەکەی ئەوەیە مرۆڤ تا کۆتایی گەش و گەنج و خورت و جوان نابێت هەموو قۆناغێک دێت و دەڕوات، ژیان بۆکەس تاسەر نابێت.

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | AM 7:55:25 2019/6/3 |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 428

## چل درۆ

https://www.kurdipedia.org/?q=20211224123605399370

چل درۆ
هەمبانەی درۆ و گردی فیشار و درۆ و دەلەسە هاوشێوەی ئیدیۆمی چل درۆن، ژمارەی چل لە کوردەواریدا زۆر بەکارهاتوە و ژمارەیەکی گوزارشتییە و بەهۆی ئە و ژمارەوە کورد لەزۆر شت حاڵی دەبێت وەکو(چلەی زستان و چلەی هاوینێ) واتە زۆر سارد و زۆر گەرم، چلەشۆر واتە ماوەیەکی دوور و درێژە و ئێستا خاوێن بوویتەوە، لێرەش ئیدیۆمی(چل درۆ)ش واتە کەسێکە کونە درۆیە و پەکی ناکەوێتە لەدرۆ کردن. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/24/12 12:36:05 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 429

## چل دۆستە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220624130011419715



چل دۆستە
ژمارە چل لە زۆر بواردا مرۆڤ بەکاریهێناوە بەچل ڕۆژ، چلەی ماتەمینی داناوە، بەچل ڕۆژ دوای منداڵبوون، چلەشۆری بەکارهێناوە، بەچل ڕۆژی ناوەڕاستی هاوین و زستان، چلەی هاوین و زستانی داناوە، زیندەوەرۆچکەی ڕووناکی پەخشی شەوانە، چلچرا و...تاد، ئە و ژمارەی چلە لە داب و نەریت و کلتور و ئایین و بۆنەکاندا شوێنی خۆی کردۆتەوە، بۆیە لە ناو گەلی کورددا چەندین ئیدیۆمی لەسەر هێنراوەتەوە وەکو: چل درۆ و چل فێڵ، لێرەش دوو بارە بەکارهاتووە بۆ پیاوێک یان گەنجێک یان ژنێک یان کچێک کە پەیوەندی سۆزداری و ئەوینی و خۆشەویستی لەگەڵ چەندین کەس هەبێت لە یەک کاتدا بەتەوسەوە پێی دەوترێت: چل دۆستە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/24/6 1:00:11 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 430

## چلی بەشان و ملی

https://www.kurdipedia.org/?q=20190317073041281822



چلی بەشان و ملی
مرۆڤ تا تەمەنی دەگاتە چل ساڵی هەر جوامێر و بەهێز و پڕ شان و شەوکەت دەبێت و لە خورتی و گڕوتین بەردەوام دەبێت و کورد پێی دەڵێت(کامڵبوون) لە و قۆناغەدا لە هەموو بوارێکدا مرۆڤ دەتوانێت ئەسپی خۆی تاو بدات وەک پەیامبەر ببێتە نێردراوە و وەک جەنگیزخان ببێتە ئیمپراتۆر، ئەم ئیدیۆمە لەگەڵ تەمەن تاقیکراوەتەوە و زیاتر ووتراوە(چلی بەشان و ملی، پەنجای سستی، شەستی فەوتای، حەفتای نەمای) واتە لە تەمەنی چل ساڵیدا مرۆڤ دەتوانێت لە هەموو روویەکەوە هێز و برستی و خورتی خۆی بسەلمێنێت.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2019/17/3 7:30:41 AM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 431

## چوار ماڵ و چل کێخا

https://www.kurdipedia.org/?q=20190107084428186213



چوارماڵ و چل کێخوا
من ئاغا و تۆ ئاغا، ئەی کێ جێمان بۆ ڕاخا، کورد لەدێر زەمانەوە حەزی بە کێخوایەتی و براگەورەیی کردووە و ئاواییەکانی کوردستانیش لە مێژودا بەدەرنین لە مڵملانێ لە سەر کێخوایەتی و ریش سپی و براگەورەیی لەگوند و ئاوایی و شار و ئێستاش لە حزب و گروپ و دەستە و تاقم، لەئێستادا هەرێمی کوردستان-باشوری کوردستان بەچوار پارێزگا-وە زیاتر لە چل کێخوای هەیە، ئەمە ئیدیۆمە بۆ گوند و لادێ و ئاواییەک وتراوە بەڵام ئەمرۆ هەموو هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە بەراستی خاسیەت و ئەدگارێکی نابەجێی کوردانە بۆ گرتنە دەستی مۆری ئەنجومەنی و کێخوایەتی کورد دەمێکیشە بۆ ئە و خاسیەتە نالەبارە و حەزو ئارەزووەی کوردان گوتویەتی(چوار ماڵ و چل کێخا)یان نەگۆتیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: AM 8:44:28 2019/7/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 432

## چوو بۆ ڕەشکە، وتیان گاڵی تێدایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20211227092909399705

چوو بۆ ڕەشکە، وتیان گاڵی تێدایە
ڕەشکەی کا، لەمووی بزن دروست دەکرێت و شێوەی تۆڕە، بەڵام کونیلەکانی گەورە و درشتن، گاڵ و هەرزان و پەمۆ، تۆوەکانیان ووردن و لەناو ڕەشکەی کادا هەڵناگیرێن، کەواتە ئە و ئیدیۆمە بۆ بیانوو دۆزینەوە بەکاردەهێنرێت و مەبەست ئەوەیە ڕەشکە کایەکە بۆ خواستن نابێت بۆیە دەوترێت(چوو بۆ ڕەشکە، وتیان گاڵی تێدایە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: AM 9:29:09 2021/27/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 433

## چوێلەکە لەخەرمانی زیز بوو تەغارێکی زیاد کرد

https://www.kurdipedia.org/?q=20190103072551182411



چوێلەکە لەخەرمانی زیز بوو، تەغارێکی زیاد کرد
چۆلەکە باڵندەیەکی بچوکە و زۆر ناویتریشی هەیە وەک(کێشکە و پاساری و چۆلەکە وتراویشە(چۆلەکە خۆی هەیە تافروجاوی هەبێت) واتە بچوک و بێ کێشە، ئەوباڵندەیە دانەوێڵە خۆرە، بەتایبەت(گەنم) بۆیە لە و ئیدیۆمە لە(خەرمان زیز)بوون هاتووە خەرمان حاسڵاتی دوای شەن و کەوی خەرمانە، تەغار-یش پێوانێکە بریتیە لە چوار ڕبە گەنم، مەبەست لە و ئیدیۆمە ئەوەیە چوێلەکە خۆی هەیە تا کاری لە و شێوەیە بکات واتە بەهەند وەرنەگرتنی زیزبوونی بێ دەسەڵاتان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2019/3/1 7:25:51 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 434

## چڕدۆیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20210512162634393989



چڕدۆیە
هەندێجار چڕ لە چاوگی چڕین-ەوە هاتووە بەمانای زۆر و فرە دێت وەکو خوێندنی بەکۆمەڵی باڵندە، لەهەندێ وشەی وەکو(غەریبی چڕ، گژوگیای چڕ، هیتر) لەشێوەزاریتر هەر دەنگ و هاوار و بانگکردنەوە وەکو ناوچەکانی لوڕستان(چڕیکەوەت) واتە بانگت دەکاتەوە ئەوە لە چەقی ناحیەی سێگردکان و گوندی ئۆمەرگومبەتی قەزای کۆیەش لەزمانی ئاخێوەراندا بەدیدەکرێت، لەلایەکیتریشەوە(چڕ) لە چاوگی چڕبوون-ەوە هاتووە بەمانای خەست و پەیت بوون، ئینجا لێرەدا(چڕ دۆ) واتە شیرەکەی پەیت و خەستە خاسیەتی کیمیایی شیرەکە دەردەبڕێت، چڕ لە چۆڕە شیریشەوە هاتووە بووە بەچڕێک شیر، چونکە زۆر خراپ ئە و شیرە لە گوانی ئە و چێڵ و مانگایە دەدۆشرێت، بەچۆڕە شیر و فیزی کورت و کەم بێری بەماندوبوونەوە دەیدۆشێت، واتە ئە و مانگا و ئاژەڵە شیری کەمە و چۆڕچۆڕە شیر لە گوانی دێت وتراویشە: کەندووە، کەم دۆیە، پیاڵەیەک شیری پێ نییە و خراپیش دەدۆشرێت واتە گوانی بەکەمی و خراپی شیری لێ دێت، ئەوە بووە بە ئیدیۆم بۆ مرۆڤی هاوئەدگار و خاسیەتیش لە کۆمەڵێک بواری دارایی و ئابوری و هیچ پێ نەبوو و خێر لە نەبینراوە بەتەوسەوە دەوترێت(چڕدۆیە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2021/12/5 4:26:34 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 435

## چلّم شۆڕ

https://www.kurdipedia.org/?q=20170926093643142731
چلم شۆڕ
چلمشۆڕ ئیدیۆمێکە بەکەسێکی پۆخڵ و پیس و پەرۆس دەوترێت واتە هێندە پیسە ناتوانێت چڵمی خۆی بسڕێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/26/9 9:36:43 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 436
## چۆپی کێش، نابێت شەل بێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20200819000543387017

چۆپی کێش، نابێت شەل بێت.
چۆپی، سەرچۆپیەکی لێزان و شارەزاو وەستای دەوێت بەجوانی و ڕێک وپێکی هەڵیسوڕێنێت، نابێت کەسێکی خاوخلیچ و سست و کەنەفت و تەمبەڵ جلەوی شاییەکە بگرێتە دەست، چونکە دەبێتە مایەی تێکدان و تێکچڕژان و تێک ئاڵانی شاییکەران، ئەی ئەگەر شەل بێت شاییەکە دەڵەنگێ و هاوسەنگی هەڵپەڕکێکە نامێنێ و دەهەژێت، ئەوە بووە بە ئیدیۆم بەمەبەست بەکاردێت بۆ کەسێک کە لەئاستی ئە و کارە نەبێت کە بەڕێوەی دەبات. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/19/8 12:05:43 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 437
## چۆلەکە خۆت چی و گۆشتاوت چی؟
https://www.kurdipedia.org/?q=20200819000217387016



چۆلەکە خۆت چی و گۆشتاوت چی؟
چۆلەکە، کێشکە، پاساری، زۆر بچوکە و قەڵەوترین و گەورەترینیان ناگاتە(200)گرام، ئینجا دەبێت چ فروجاو و گۆشتاوێکی لێ بێتە بەرهەم؟ ئەم ئیدیۆمە بەتەوس و توانجەوە بەیەکێک دەوترێت کە خۆی زۆر هەڵبکێشێت و هیچیشی لەبارا نەبێت، یان کەم و بچوک بێت و پروپاگەندەی بەهێزی و گەورەیی خۆی بکات بە پەلارەوە بە و جۆرە کەسانە دەوترێت(چۆلەکە خۆت چی و گۆشتاوت چی؟). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/19/8 12:02:17 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 438
## چی بچێنیت ئەوەی دەدورییەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20200826230851387222



چی بچێنیت ئەوەی دەدورییەوە
چاندن و رواندن پیشەی وەرزێرو کشتیار و جوتیارە، هەر شتێک بروێنن هەر ئەوە دێتە بەرهەم، ئە و بوارە ڕاستەقینە بووە بەئیدیۆم، بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکاردێت وەک توانج بەکەسێکی بەدکار دەوترێت کە لەڕابردوودا هەر کاری نابەجێی کردبێت و دووچاری کارێکی نارێک ببێتەوە و تێ بکەوێت، لەسەردەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو زۆرکەس دەبوونە جاش و دەستیان لەسەدان کون وکەلەبەران ڕادەکرد و کەس وکاری خەڵکیان بەکوشتن دەدا و لە ڕاپەرینیش خۆیان بەرهەمەکەیان دوورییەوە و بەدەستی کەس و کاری قوربانیەکانەوە کوژرانەوە، یان هەندێک کوڕ و کچان زۆر بێ رێزی بەرامبەر دایک و باوکیان دەکەن و دواتریش خۆیان دەبنە مەخسەرەی منداڵەکانیان و خراپتریان بەسەر دێت، یان هەندێک خوێندکار و قوتابە هەوڵ و کۆششیان نییە و دواتۆر دەرناچن لەتاقیکردنەوە هەموو ئەمانە بووە بە و ئیدیۆمەی کە دەوترێت(چی بچێنیت ئەوە دەدوورییەوە).
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: 2020/26/8 11:08:51 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 439

## چیرەی پیرەژنە دوەمیَ یە

https://www.kurdipedia.org/?q=20210328203808393246

چیرەی پیرەژنە دوەمیَ یە

چیڕ، ئاوەڵناوێکە بۆ زۆر شت بەکاردێت وەک(نانێکی چیرە) واتە ناپچڕێت، یان(چیرە درێژە) واتە زۆر لەسەر شتی دەدوێت ، پیرەژن و دۆم بەیەکەوە ئە و نازناوەیان پێدراوە هەم پیرەژن چیرەی درێژە و هەمیش(دۆم)کە کۆمەڵێکی کۆچەری و گەڕۆکن، چیرەیان بۆ ژیان و کاروکردەوەی خۆیان درێژە و بە پشوون، ئینجا ئەگەر کەسێک لە ئیشێک یان کارێک یان داوایەکی سور بێت و بەردەوام بێت و وازنەهێنێت دەوترێت(چیرەی پیرەژنە دۆمیَ یە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: 2021/28/3 8:38:08 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 440

## چیکڵدانە تەسکە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220523223834414673



چیکڵدانە تەسکە

چیکڵدانە: سیقەتۆرە، سیکەتۆرە، بەرچینۆکە، باڵندەی گۆشتخۆر و رووەک خۆریش هەیەتی، لە ئاشێکدا مریشکێک کە تێری خواردووە لە دانەوێڵە، سیقەتۆرەی پڕە و کە دەست لە چیکڵدانەی دەدەیت هێندە توند و پڕە واهەست دەکەیت شوێنی هیچتری تێدا نابێتەوە، بچووکی چیکڵدانەی باڵندە بووە بە ئیدیۆم و ئەگەر کەسێک(حەوسەڵە)ی کەم بێت و زۆر زوو لەگەڵ(تڕ)ی خۆیدا بەشەڕ بێت و تووڕە و تووند بێ و زوو ترشی تەڕ بێت، پێچەوانەی باغەڵ قوڵ و سینگ فراوان و پشوودرێژ و دان بەخۆداگر و بەئارام بێت ووتراوە: فلانە کەس چیکڵدانەی تەسکە یان کەم چیکڵدانە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: PM 10:38:34 2022/23/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 441
## چێڵی زایە
https://www.kurdipedia.org/?q=20210106112741390756



چێڵی زایە
چێل دەوترێت مانگا و چێریش، ئاوایەکانی کوردستان لە کۆندا کەم ماڵ هەبوون کە مانگایەکیان هەبێت، ئەوەی مانگای هەبوایە بە هەبوو هەژماردەکرا چونکە دۆ و ماستێکی باشی هەبوو کە بەلایەنی کەمەوە ژەمێک بۆ دوو ژەمی لەکۆڵ کابانی ماڵ دەکردەوە چ بە ماست و ماستاو و دۆبەکەشک و پەنیر و لۆر و تاد، ئینجا ئەگەر چێڵی جوتیارێک بزابوایە ئەوا دوو(نیعمەت)ی چنگ دەکەوت ئەویش گۆلک و شیر بوو، بۆیە ئەوە لە کوردەواریدا بووە بە ئیدیۆم کەسێک کارێکی باشی چنگ بکەوێت یان(واریدات)ێکی باشی دەست بکەوێت بە تەوس و خۆشی و گاڵتەوە پێی دەوترێت کابرا لەچی کەمە(چێڵی زایە) واتە بەرهەمێکی باشی بەسەردا ڕژاوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: AM 11:27:41 2021/6/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 442
## چێڵە بە کەڵ
https://www.kurdipedia.org/?q=20220424224809411410



چێڵە بە کەڵ
لە هەولێرێ دەوترێت:چێرە بەکەرە، مانگا کاتێک بەکەڵ دێت، زۆر زەحمەت بەرزەفت دەکرێت، هاروهاج و شێت دەبێت بۆ گا و فڕ چاوی نابینێت و ملهوڕی مل دەنێت و ناتوانرێت پێشی لێ بگیرێت، جگە لەوەی کۆنترۆلکردنی بۆ خاوەنەکەی قورسە، گایەکەش وەکو پێویست ناتوانێت باری بهێنێت و مەرەخەستی بکات، گایەکە دەبێت خورت و بەهێز بێت و توانای غاردانی باشی هەبێت، چونکە تەنها دەتوانێت لەبای غارا بیکەوێتێ، ئە و حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم و لەناو خێڵی کوردان بە ژنێکی بێ شەرم و بێ حەیا دەوترێت: چێڵە بە کەڵ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()

کاتی تۆمارکردن: 2022/24/4 10:48:09 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 443

## چەقاوەسو

https://www.kurdipedia.org/?q=20200827222521387235

چەقاوەسو
چەقەنەی ئاشی، چیکەنە، چەقەچەق، دەڵێن لەسلێمانی تورکمانێک چایە و قاوە و ئاوی فرۆشتووە(چا+قاوە+سو)بەڵام ئەوە بە وەرگێڕانی پیت و وشەکان دەچێت، چیکەنە و چەقەنە دەنگی ئامێرێکە لۆکە و خوری و پەڕۆ دەرێسێت و دەنگەکەی خێرا و جاڕس و بێزارکەرە، دەنگی ئاشی ئاویش چەقەنەکەی بەهەمان شێوە زۆرە و دەبێتە مایەی وەڕس بوون، کەسێکیش زۆر بلێ بێت پێی دەوترێت دەڵێی چیکەنەیە، چەنەبازە، یان چەقاوەسوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()

کاتی تۆمارکردن: 2020/27/8 10:25:21 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 444

## چەند ساڵ بەرۆژوو بوو فتاری بەگوو کردەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200905115319387530



چەند ساڵ بەرۆژوو بوو فتاری بەگوو کردەوە
بەرۆژوو بوون یەکێکە لە بنەماکانی ئاینی ئیسلام و مرۆڤ لەماوەی مانگێکدا بەرۆژوو دەبێت و هەموو رۆژێک لە پارشێوە وە تاوەکو نوێژی خۆرئاوابوون و بەربانگ، لە زار و چاو و گوێ و خواردن و خواردنەوە بەدەم پەرستشەوە خۆی دەگرێت، کە رۆژووەکەی شکاند و خواردنی خوارد و خواردنەوەی خواردەوە بەعەرەبی دەوترێت(فتار)، ئە و رۆژوو بوونە کراوە بەئیدیۆم و بەکێژێک دەوترێت کە تەمەنی گەورە بوو بێت بۆ سەرووی سی ساڵی و تا درەنگ شووی نەکردبێت و نەفس و دەروون و حەزو ئارەزووی خۆی خەفەکردبێت و خۆی ئاودامێن داپۆشتبێت و ئابروو و کەسایەتی پارێزتبێت و دواجار شوو بە گودەڵە و بودەڵە و بستەپیاو و گزگل و بۆرە پیاو و ناپیاوێک بکات بەتەوەسەوە دەوترێت(چەند ساڵ بەرۆژوو بوو، فتاری بەگوو کردەوە) لەهەشتاکانی سەدەی رابردوو دوو شوان لە کەناری زێی بچووک باسی کچێکی قەیرەیان دەکرد و دەیانگوت(تەمەشای سی ساڵ لە بن پەرۆی نا تازە تەسلیمی پیاوێکی دوو ژنەی دەکات). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] 𝗞 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/5/9 11:53:19 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 445

## چەند هەوڵ دەدەی بیکەیە بن زگ هەر دەبێتەوە بە پاڵو

https://www.kurdipedia.org/?q=20171223091715143585

چەند هەوڵ دەدەی بیکەیە بن زگ هەر دەبێتەوە بە پاڵو
کورتانی ووڵاغەبەرزە لە زۆر بەش و پارچە پێکهاتووە هەر بەش و پارچەیەکیش ناوێکی هەیە و وەستای کورتان دروو و خاوەنی وڵاغەکە بە و ناوەوە ناوی دەهێنێت، بن زگ ئە و گوریسە یان قایش و لاستیکەیە کە کورتانەکە توند بەپشتی ولاغەکەوە گرێدەدات لەهەردوو لای کورتانەکەوە بە بن سکی دا دەبرێت و شەتەک دەدرێت، هەرچی پاڵو-ە یان پاردو ئەڵقەیەکە لەهەردوو لای دواوەی کورتانەوە چ گوریس چ قایش و لاستیکی چەرمی بێت بن کلکی کەرێ یان وڵاغە بەرزەکە دەگرێت، ئینجا لێرەدا کە بووە بە درکە و دەربڕ و ئیدیۆم مەبەستی ئەوەیە هەرچەندە رێزی کەسێک بگریت بەڵام ئەگەر مرۆڤەکە شایستە و شایانی ئە و رێزە نەبێت ئەوا بۆ خۆی حەق خۆی دەدات و نایەڵێت لەجێگەی ئە و رێز و تەقدیرە بێت وەک میزی حوشتر هەر بۆ دواوە دەگەڕێتەوە، چونکە بن سکی وڵاغەبەرزە و کەرێ شوێنێکی پاک وخاوێنە، بەڵام بن کلکی شوێنی میز و قەرەسقوڵ و تەرس و پاشەڕۆیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📄 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 12/23/2017 9:17:15 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 446

**حاپوڵی داپێ**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171230095753143660

حاپولی داپێ
لەبنەچەدا(حاپول) واتە ڕێڕی کەلا-هەڵمات لە کەڵلاێن و ماتماتێن، ئینجا بۆ قەرەبووی ئە و ڕێبڕییەی کەلایەکە خاوەنی کەلاکە هەڵماتەکە هەڵدەگرێت و بەهەنگاوی گەورە و شەقاوی زل کەلاکە دوور دەخاتەوە، هەر لەبەر ئەمەیە کەسێک قسەیەک بگێڕێتەوە بەڵام زیادەی لەسەر دابنێت و درۆ تێکەڵی گێڕانەوەکە بکات دەوترێت(حاپولی داپێ) یان حاپولی مەدێ.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📄 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 12/30/2017 9:57:53 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 447

**حاجی لەقلەق فەقیرە ماریش دەخوات**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190209082510256684



حاجی لەقلەق فەقیرە مار-یش دەخوات
وتراوە(بۆق پێوە بدات نەوعی ماریٚ نی یە) یان(هەرلە فەقیران بترسیٚ) یان(دەرێ ئاگری بن کایە) یان(لەئاوی خوڕ مەترسیٚ هەر لەئاوی مەنگ بترسیٚ) هەموو ئەمانە واتە لە رووکار و رووکەش هێمن و ئارام و بێ زیان وەدەردەکەوێت کەچی ئەویش ئەگەر بیەوێت لەمار و ئاگر و ئاوی مەنگ ترسناکترە، حاجی لەقلەق بەرواڵەت باڵندەیەکی بەستەزمان و بێوەی دیارە کەچی ئەوەی ئێمە بەدوژمنی خۆمانی دادەنێین و لێی دەترسێین مارە ئەویش زۆر بەئاسانی دەیخوات ئەمە لەزمانی کوردیدا بووە بە ئیدیۆم و پەند وتراوە(حاجی لەقلەق فەقیرە ماریش دەخوات) واتە بە رواڵەت هەڵمەخەڵەتێ.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:25:10 2019/9/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 448

## حازر خۆری بەر سێبەریٚ

https://www.kurdipedia.org/?q=20220210125847404525



حازر خۆری بەر سێبەریٚ
حازرخۆر واتە: ئەو کەسەی بێ ماندووبوون خواردنێکی ئامادەی لەبەر دەست بێت و لێی بخوات، کورد وتەنی: هاتۆتە سەر حازرەکی، سێبەر و سایە بەهۆی خانوو و دیوار و هەیوان و کەپر و درەخت و کەپکەشاخ و ئە و تەنانەوە دروست دەبێت کە تاو نایانبڕێت، هەندێجاریش پیاوێکی مەزن دەبێتە سێبەر و پەنای خەڵکانێکی زۆر، هەموو خواردنێک بەماندوو بوون و ڕەنج و تێکۆشان دێتە ئامادەکردن و هەموو سێبەرێکیش هەر لە خۆڕا پەیدا نەبووە، ئینجا ئەگەر کەسێک بێ ئارەق ڕشتن و ڕەنج و زەحمەتکێشان، لە بەرهەمی کارێک بخوات و مشەخۆر بێت بە تەوسەوە پێی دەوترێت: حازر خۆری بەر سێبەریٚ. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 12:58:47 2022/10/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 449

## حالۆری بووە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170920143024142643

حالۆری بووە

حالۆری بەنێریەک یان تەگەیەک دەوترێت کە لەناو ڕانە بزنەکەی خۆیەوە هەوڵی بەدەستهێنانی بزنە بەتەگەی ڕانەکانی تر بدات بۆ ئە و مەبەستەش بەگوڕ و تینێکی زۆرەوە دەڕوات کە کەم شوان هەیە بتوانێت بیگەڕێنێتەوە، مەگەر پەلاری کوێرەی شوان دەم و قەپۆزی بگرێتەوە، ئەمە بۆ کەسێکیش بەکاردێت نزیک ئە و خاسیەتەی هەبێت و لەناو ماڵ ومناڵی خۆی کەم دابنیشێت و هەر هەڵپەی شوێنانی تر بکات، یان مرۆڤێک یان کەسێک بەهیچ شێوەیەک نەگیرسێتەوە و نەگەڕێتەوە بۆ کارێک بەویش دەوترێت حالۆری بووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 9/20/2017 2:30:24 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 450

## حاڵی قنگی خۆشە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171112082753143148

حاڵی قنگی خۆشە

ئەم دەربڕە بە تەوسەوە دەگوترێت بە کەسێک کە حاڵ و گوزەرانی نالەبار بێت لە هەموو ڕوویەکەوە ئابوری و کۆمەلایەتی و بژێوی و تاد کەچی لە شێنەیی و ناو کۆڕ و کۆبونەوەشدا بە باڵا و حاڵی خۆیدا هەڵبدات یان پەرێشان بێت و وازیش لە کارێک نەهێنێت پێی دەوترێت(حاڵی قنگی خۆشە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان


[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 11/12/2017 8:27:53 AM

بابەت: 451

## حساب بەدینار، بەخشیش بەخەروار

https://www.kurdipedia.org/?q=20211224124037399372




حساب بەدینار، بەخشیش بەخەروار
لە کوردەواریدا زۆر گێڕانەوە هەیە بۆ کۆکردنەوە و بەخشین، جارێک کەسێکی هەژار بەلای جۆغین و خەرمان و ڕەوسەی گەنمی پیاوێکدا دەڕوات، دەبینێت خاوەنەکەی بە چیلکەداران لەدرز و قلیشی خاکەوە گەنمی ڕژاو کۆدەکاتەوە، کە بە و حاڵەتە دەیبینێت، دەگەڕێتەوە، خاوەن خەرمان دەنگی لێ دەکات و دەڵێت: بۆ هاتی و بۆ گەڕایتەوە، ئەویش دەڵێت: هاتم تا هەندێ گەنمم پێ بدەی، بەڵام کە بینیم تۆ لە درز و کەلەبەری زەوییەکە گەنمەپرژاوەکان کۆدەکەیتەوە، پەشیمان بوومەوە، کابرای خاوەن خەرمانیش دەڵێت: ئە و زەوییە چ پێویستی بە و گەنمانە نیە، بەڵام من و تۆ پێویستمان پێیەتی هەموو ڕبە و قەزناخ و عەربە هەر لە و دەنکانەوە دروست دەبن و دەچنە خەروارەوە، وەرە بەپێی پێویستی خۆت گەنم لە خەرمانەکە پڕ بە خەروارەکەت ببە، ئە و چیرۆکە واتە هەر دەنکە گەنمێک حسابی بۆ کراوە، بەڵام لە بەخشیندا بەخەروار بەخشراوە، ئیدیۆمەکە بۆ ئەوە هاتووە کە مرۆڤ حساب بەحساب وەربگرێت واتە مامەڵەی بکات و بەڵام بۆ بەخشین وورد لێ نەکات و مامەڵەی بەخشینی لەگەڵدا بکات، بۆیە کورد وتویەتی(حساب بەدینار، بەخشیش بەخەروار).
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2021/24/12 12:40:37 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 452

## حیزاو حیز کەوتووە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171231095013143674

حیزاو حیز کەوتووە
حیز واتە ترسنۆک، حیزاوحیز واتە ترسنۆک و ترسنۆک لە ڕاست یەکتری وەک دزا و دز کەوتوو دز و دز لەڕاست و بەرامبەر یەکتری، هەروەها وشەی حیز لە زۆر شوێنیتر بووە بە ئیدیۆم وەک(حیزە بخۆیی) و(حیزی حیزان) کە یەکەمیان واتە ژیانی خوێڕیانە و سەربابوون بەسەریەکەوە ودوژمن و ناحەزی یەکتربوون لە ناوگەڵ و خاک و وڵاتدا و دووەمیشیان واتە لە ترسنۆک ترسنۆکتر واتە خوێڕی تۆڕی و لەنامەرد نامەردتر کە شاعیری گەورەمان حاجی قادری کۆیی لەدێڕێکدا هەردووکیانی کۆکردۆتەوە و فەرمویەتی:
لەبەر حیزە بخۆیی و ناتەبایی لەژێر حیزی حیزان بووینە دۆشەک

کورد زۆر بۆ گیانی یەکدی ئازایە و حیزاو حیز و حیزە بخۆییە بۆیە بەردەوام بووە بە دۆشەک و ڕایەخی پۆستاڵی دوژمنانی لەترسنۆک ترسنۆکتر(حیزی حیزان).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/31/12 9:50:13 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 453

## حیزی بە دەستەوایی ناژمێردرێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20201119062251389823

حیزی بە دەستەوایی ناژمێردرێت.
لە و کوردەوارییەی خۆمان هەموو شتێکی باش بە دەستەواییە جگە لە حیزی و دزی و ناکەسی، بۆ ئەمەش وتراوە(شین و شایی دەستەوایی) لەخۆشی و ناخۆشی دا کۆمەڵی کوردەواری هاوکار و هەرەوەزی و دەستباری یەکتریان کردووە لەزەماوەندا هەموو خەڵکی ئاوایی ڕەشبەڵکیان گێڕاوە و لە شین و تازە و سەر قەبرانیشدا بەیەکەوە بوون و...تاد.
کاری نابەجێ و دامێن هەڵکراویی و ترسنۆکی و حیزی و ناجۆر و نارێک و گەوادی و نامەردی و فرسەت حیزی هەر حیزییە و بەکردارێکی هەرەوەزی و زیارە لەقەڵەم نادرێت، بۆیە لە و کوردەوارییەی وڵاتی کوردان هەرکەسێک کارێکی قێزەون و ناشیرین و نارەسەن و حیزی بکات کەس دەستباری لەگەڵ ناگرێت و کەسیش دەستگرۆیی ناکات بۆیە کورد بە و شێوە بەئیدیۆمەوە دەڵێت:(حیزی بە دەستەوایی ناژمێردرێت)[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/19/11 6:22:51 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 454

## حەرامخۆرە، کیسە بۆرە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200924225511388155



حەرامخۆرە، کیسە بۆرە
حەرامخۆر، حەڵاڵ و حەرام لێک جیاناکاتەوە و ئەوەی بکەوێتە دەستی حەڵاڵە، گوێ بەهیچ نادات بۆیە تورەگە و کیسەکەی پیس و چڵکن دەبێت، زۆربەی ئە و حەرامخۆرانە بەسکێک تێر و بەدوان برسین و هەرچی بکەوێتە دەستیان دەیبەن و تورەگەیان بۆر هەڵدەگەرێت، چۆن تاوانکاران ڕەنگیان ڕەش دەبێت ئەوانەش کیسەیان ڕەنگ دەگرێت چونکە رزق و رۆژوو و پارەی حەرامیان تێکردووە ئەمە بووە بە ئیدیۆم و بە هەموو کەسێکی حەرامخۆر دەوترێت(حەرامخۆرە، کیسە بۆرە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/24/9 10:55:11 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 455

## حەریر کۆن دەبێت، بەڵام نابێتە پێتاو

https://www.kurdipedia.org/?q=20220105151957400470



حەریر کۆن دەبێت، بەڵام نابێتە پێتاو
ئاوریشم پۆشاک و قوماشێکی بەنرخە، ئە و کەسەی جلێکی ئاوریشمی هەبێت، تەواو لەخۆی بایی دەبێت چونکە هەم ڕەونەق و جوانی هەیە، هەمیش بەنرخ و گرانبەهایە و هەموو کەسێکیش بەدەستی ناکەوێت و هەموو کاتێکیش لەبازاڕدا نییە، ئیتر ئە و هەموو جوانی و ڕەنگاوڕەنگییە لە کۆن بوون نایپارێزێت، ئەویش کۆن دەبێت بەڵام خاوەنەکەی دڵی نایەت بیکاتە دەزوو و داوی پێتاو و قەیتانی قۆندەرە و پێڵاوەکەی، ئەم ئیدیۆمە بۆ سەنگ و نرخ و بەهای شتێک دەوترێت کە لە هەر حاڵەت و بارێکدا بێت، لە بایەخ و پێگەکەی کەم نابێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: PM 3:19:57 2022/5/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 456

## حەلک ڕۆیی، وەلک لەجێی

https://www.kurdipedia.org/?q=20211224124754399376

حەلک ڕۆیی، وەلک لەجێی
مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە زۆردارێک دەڕوات زاڵمێک شوێنی دەگرێتەوە و دەبێتە هەمان تاس و هەمان حەمام، لەو وڵاتی کوردەوارییەدا وەکو کاراونسەرا زۆر بۆرە پیاو هاتووە و تێپەڕیوون و دواتر زرتە و بودەڵەی تر هاتوون و شوێنی ئەوانیان گرتۆتەوە، وادەزانن کەس نەبووە و نییە ئەوان نەبن، پاشی کەمێک ئەوانیش دەبنە مێژوو، کورد بۆ ئە و حاڵەتانە بە ئیدیۆمەوە فەرمویەتی(حەلک ڕۆیی، وەلک لەجێی).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: PM 12:47:54 2021/24/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 457

## حەمام بەتراں گەرم نابێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20170927135950142765

حەمام بەتراں گەرم نابێت
حەمام کە وا باشترە کورد زیاتر(سەرشۆرک) بەکار بهێنێت، شوێنی خۆشۆرینە، ئینجا لە زستاناندا زۆر سارد دەبێت و تا خۆت دەشۆی ددانەکانت بەیەک دەکەون بەهۆی سەرما و سۆلەوە ئینجا کە دەوترێت بەتڕ گەرم نابێت واتە پێویستی بە ئاگرێکی باشە تاوەکو گەرمی بکات، ئەم دەربڕ و ئیدیۆمە بۆ کەسێک بەکاردێت کە کار بە ڕۆتینەوە وەربگرێت و فشەفش و قسەی زل و گەورە بکات و لەرووی کرداریشەوە هیچ هەنگاوێک نەنێت پێی دەوترێت(حەمام بەتراں گەرم نابێت)

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2017/27/9 1:59:50 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 458

**حەمباڵ بە، شە و لەماڵ بە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181004103540156774



حەمباڵ بە، شە و لەماڵ بە
حەماڵ و حەمبار، لە(حەمل)ی عەرەبی و لە( بارکردن)ی کوردیەوە بە شان وپیل (باڵ)بووە بە(حەمباڵ) لە زمانی شیرینی دایکانی کورد(کۆڵکێش و کۆڵبەر) هاتووە، ئەم پیشەیە زۆر قورسە و کاری(زەحمەتکێشان و کرێکاران وکارگەر و ڕەنجدەرانە) هیچ کات نیە ئارەقەی شین و مۆر نەکەیتەوە و نەخرێتە بن باری قورسەوە جل و بەرگی بەرت هەمووی نەخشەی جۆراوجۆری خێرسکی(خوێ-ڕسکی سپی) لێ دروست دەبێت هەر لەناو شانی کورتەک و بن هەنگڵ-باڵ و پزوو و بەنەخوێن و دۆخین و تاد، جگە لەمانەش دووچاری نەخۆشیەکانی بڕبڕەی پشت و مل و چۆک و باڵ دەبیت ولەتەمەنی نزیکە پیریدا تەواو هەستی پێ دەکەیت، سەرباری هەموو ئەمانە ئینجا کورد دەڵێت:(حەمباڵ بە، شە و لەماڵ بە) واتە بەهەموو چەرمەسەریەک لەماوەی ڕۆژدا ڕەزامەندم بەس تەنها شە و لەناو ماڵ و ناڵم بم، چونکە دەزانێت شە و ڕاز و نیاز و ناز دەگۆڕدرێتەوە، شە و قەڵای مێردان و سەتری گوناحکارانە، ئەگەری هەیە لەشەودا پەروەردەی مناڵ و سەرجێی و پشوو حەوانەت لەدەست دەربچێ و نەمناڵەکانت بۆ گۆش بکرێ و هاوژینەکەشت لەنەبونی تۆدا بێ راموسان و بۆن وبەرامە شە و ڕۆژبکاتەوە و ئەندێشەی چەندان شۆڕسواریش سەربکێشێ بۆ بیرۆکەی(شەیتانی-ئەهریمەنی) لەبەر تریفەی مانگەشەودا خۆی بەتاڵ بکاتەوە، بۆیە ئەم زاراوە و ئیدیۆمە بووە بەدرکە و دەربڕ لەکوردەواریدا بەتایبەتی خەڵکی شارئە و ئیدیۆمەی زۆر دەڵێنەوە: حەمباڵ بە، شە و لەماڵ بە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇️ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2018/4/10 10:35:40 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 459

**حەواڵە بە گەواڵە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171225093616143608

حەواڵە بەگەواڵە
حەواڵە لێرەدا واتە: دەستی دەستی پێکردن و ڕادەستکردن و ڕاسپاردنی شتێک بەکەسێک بۆ بردن و گواستنەوەی، گەواڵەش: واتە پەڵە هەورێک کە تەنها شوێنێک بگرێتەوە و بەخوڕی ببارێت یان هەندێک جاریش هەر نابارێت، ئەم دەربڕ و ئیدیۆمە بەکارهاتووە بۆ(هەڵخەڵەتاندن و تەفرەدان و کات بەفیڕۆدان و لەخشتەبردن و دەستاودەست پێکردن) ئەگەر کەسێک بیەوێت سەرەداوێکی لە بابەتێک یان شتێک بەدەست بکەوێت هەر یەکە و بینێرێتە لای یەکێکیتر و هیچیشی دەست نەکەوێت دەڵێت زۆریان(حەواڵە بەگەواڵە) پێکردم.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/25/12 9:36:16 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 460
## حەواڵەی خودا پێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20171230100152143664
حەواڵەی خودا بێت
وتراویشە(حەواڵەی قیامەت پێ) حەواڵە واتە: بەنوسراو پارە وەرگرتن، ناردن، سپاردن وەک ئیدیۆم بەکارهاتنی لێرەدا بۆ مەزڵومێکە کە کەس فریادڕەسی نەبێت و ئاهونزولەی ڕەوانەی دادگا و بارەگای خودای بانی سەر بکات و لەرۆژی حیساب و پەسڵان حەق بۆ لە زاڵم وەربگرێتەوە، لە کۆمەڵگای موسڵمانان ئە و جۆرە سکالایە و حەواڵەکردنە قورسترین جۆری حەواڵەکردنە چونکە تەرازووی پەروەردگار لاسەنگ نیە و حەق کۆریس لە شاخداران وەردەگرێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/30/12 10:01:52 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 461

**حەوت جۆشە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171230095242143656

حەوت جۆشە

حەوت جۆش شێوەی تکلی و قۆریەیە بەڵام لە ماددەیەکی پتە و و ئەستور و سرخ دروستکراوە کە دەیخەیتە سەر ئاگر درەنگ گەرم دەبێت بەڵام کە گەرم بوو حەوت جۆشی هەیە و بە حەوت جاریش ئینجا ساردەبێتەوە، ئینجا ئەم ئیدیۆمە لە کوردەواریدا بە پیاوێکی بەکێش و بەتین و پشوو درێژ و ئازا لە کاروباردا دەوترێت بەخوا بابم فلانە کەس(حەوت جۆشە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/30/12 9:52:42 AM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 462

**حەوت کفنی زەردکردووە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201119062105389822




حەوت کفنی زەردکردووە.

لە کوردەواریدا بەوە دەچێت سوود لە ئاینە کۆنەکان وەرگیرا بێت ژمارە حەوت زۆر بەکار دێت وەک حەوت گیرفان، حەوت ترینگە، لەحەفت ئاوانی داوە، هەفتانە، لە ئاینی ئیسلامیش حەوت ئاسمانەکان و حەوت شە و ورۆژ و بە حەوت قورئان و.... تاد، ئەمانە وایکردووە پیرۆزییەک بدرێتە ژمارە حەوت وژمارە حەوت لەژمارەکانیتر زیاتر بەکاربێت، حەوت کفنی زەردکردووە بەکەسێکی ترسنۆکی(جورڕا)دەوترێت ئەوەندە زۆر ترساوە حەوت کفنی زەرد کردووە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/19/11 6:21:05 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 463

## حەرام وەکو ئاوی سوێرە، تا بیخۆیتەوە برت ناشکێنێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20220215225617405190



حەرام وەکو ئاوی سوێرە، تا بیخۆیتەوە برت ناشکێنێ
ئەوەی تێنوێتی و بری مرۆڤ دەشکێنێت ئاوی شیرینە نەووەک ئاوی سوێر، چونکە چێشتی سوێر ئاوکێشە و مرۆڤ زگئاو دەکات و تێرئاو ناخواتەوە، لێرەدا حەرام و یاساغ چوێنراوە بە و سوێراوە، چونکە کەمرۆڤ فێری خواردنی حەڕام بوو، دواتر وازی لێ ناهێنێت و هەر بەدوای دەچێت و تێر نابێت، مەگەر مستێک خۆڵ بەری چاوی دابپۆشێت بۆیە ئەوە کراوە بە ئیدیۆمێک بۆ ڕێنوێنی و ڕێنمایی و هۆشداری مرۆڤەکان دەوترێت(حەڕام وەکو ئاوی سوێرە، تابیخۆییتەوە برت ناشکێنێ).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/15/2 10:56:17 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 464

## حەیوانی تێکرد

https://www.kurdipedia.org/?q=20220619115426419106



حەیوانی تێکرد
لە وراتی کۆیە بە مەڕوماڵات دەڵێن: حەیوان، برکە مەڕێکمان هەیە یان برکە حەیوانێکمان هەیە، حەیوانەکانت ئاودا یان مێگەلەکەت ئاودا، کوردنشینانی لادێ هەندێکیان زیاتر خەریکی بەرهەمهێنانی زەویین، هاوینان پارچە زەوییە بەراوەکانیان بە توتن و تەماتە و خەیار و باینجان و شوتی و گندۆرە و بامیە و لۆبیا و بیبەر و کدوو و کونجی و گوڵەبەڕۆژە و لۆکە و...تاد، دادەچاند و لەماوەی وەرزی هاوین بژار و ئاودان و پەیینکردن و چنینەوە و پەلک لێدان و تا بەرە و پایزان دەچوون، یەکبینە بەرهەمەکانیان لێدەکردەوە و کۆیان دەکردەوە و بەرە و بازاڕ دەیانبرد بۆ ساغکردنەوەی، بەڵام لە پایزاندا بەرووبومەکان دەگەیشتنە خاپەڕۆ و دوابەر، ئیتر جوتیارەکان هیچیتر ئە و بەروبومەیان ئاو نادا، یان مێگەلە بزن و مەری خۆیانیان تێدەکرد، یاخود بە بەرامبەر برە پارەیەک یان گیسکێک دەیانداپە خاوەن مەڕوماڵاتەکان، بەوەش دەوترا: کشتوکاڵەکەمان بەرەڵاکرد یان حەیوانمان تێکرد، ئە و حاڵەتەش بووە بە ئیدیۆم و بۆ هەر کارێک کە بەفشە و گاڵتەوە یان بەری لێ بەرەڵا بکرێت و پارێزگاری لە بنەماکانی ئاکار و ڕەوشت و داب و نەریت دەکرێت بە تەوس و گاڵتەجارییەوە دەوترێت: حەیوانی تێکرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کۆیە
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/19/6 11:54:26 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 465

**خابوور، ئەویش ئابوور**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220103203943400256



خابوور، ئەویش ئابوور
ئە و ڕووبارەیە بەناو شاری زاخۆدا تێدەپەڕێت، سەرچاوەکەی لەباکوری کوردستانەوە لەشاری(هەکاری)یەوە سەرچاوەی گرتووە، هەندێجار بەفیشخابوریش دەناسرێت چونکە لە سنوری گوندی(فیشخابوور) تێکەڵ بەڕووباری(دیجلە-تیژ) دەبێت، بۆ کوردستانیان ئاوێکی زۆر و زەوەند بووە، هاوین و زستانان هەر ئاوی پێداڕۆیشتووە، بۆیە زۆری ئاوەکەی بەنمونە هێنراوەتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ دەست بەپێداویستیەکانیەوە بگرێت و بەفیرۆی نەدات و ئابوری پێوە بکات بۆیە کراوە بە و ئیدیۆمە جوانە(خابوور، ئەویش ئابوور).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/3/1 8:39:43 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 466

**خانمی دەستەوەستان، چ لەگەرمیان بێت چ لە کوێستان**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201007224831388747

خانمی دەستەوەستان، چ لەگەرمیان بێت چ لە کوێستان

خانم لێرەدا بۆ ژنێکی کابان(کەیبانوو) بەکارهێنراوە، پیشەی ڕەوەندی لەکوردەواریدا بەگوێرەی وەرزەکان بەدوای لەوەڕگادا گەڕاوان بۆ مەڕوماڵاتەکانیان، بۆ ئەمەش لەدوای باران بڕان و تاوسەندنی پلەکانی گەرما گەرمیانیان جێهێشتووە و بەرە و کوێستانەکان کۆچ و کۆچباریان لێکناوە، لەگەڵ وەرزی سەرما و سۆڵە و بەر لە(سەرماوەرز) دووبارە کۆچ و کۆچبار لێدەنێنەوە بەرە و گەرمیان دەگەڕێنەوە، گەورە هۆزی(جاف) لە کوێستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە تاوەکو گەرمیانەکانی باشوری کوردستان بۆ بەدرە و جەسان شۆڕ دەبوونەوە، ئینجا خانمی دەستەوەستان بووە بە ئیدیۆم واتە کەیبانووەکی تەمبەڵ و کارنەکەر ئینجا لە هەر جێگا و شوێن و ناوچەیەک بێت هەر وەک خۆیەتی چ پێویست ناکات بیانووی شوێن و هەوار و کۆتانی کوێستان و گەرمیان بهێنێتەوە، ئە و ئیدیۆمە بە کەیبانووەکی تەمبەڵ و تەوەزەڵ دەوترێت(خانمی دەستەوەستان، چ لەگەرمیان بێت چ لە کوێستان).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/7/10 10:48:31 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 467

**خانوو مەکڕە تا دراوسێ نە ناسیت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200818235935387015


خانوو مەکڕە تا دراوسێ نە ناسیت.
دراوسێ و هاوسێ یان(جیران)، نزیکترین کەسن لەدەوروبەری ماڵ ومنداڵ و خانوو، زۆرترین بەریەک کەوتن و تێکەڵاوی و کاریان بەیەک دەکەوێت و منداڵیان زۆر زوو دەبنە هاوڕێی یەکتری و تاد، دەوترێت خانوت کڕی سەیری کۆڵانی بەردەرگا و هاوسێکانی بکە، چونکە لەخزم و کەس وکار نزیکترە زۆر ئەرکیان بەسەر یەکەوەیە ئەگەر هاوسێکانی باش بن ئە و کێشە و گرفتی کەم دەبێت بەپێچەوانەشەوە دراوسێکانی خراپ بن ئەوا دەبنە مایەی گرفت و کێشە و ناچار دەبێت لەخانوەکەی بنوسێت ئەم خانووە بۆ فرۆشتن.
ئەم ئیدیۆمە ڕێنمایی و پێشنیار و ئامۆژگارییە و سەلمێنراوە کە هاوسێی خراپ، ئارامی گەڕەک و کۆڵان تێک دەدات و زیانی پەروەردەیی بۆ منداڵ و مەترسیشی لەسەر سەروەت و سامانیش هەیە بۆیە دەوترێت(خانوو مەکڕە تا دراوسێ نەناسیت).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/18/8 11:59:35 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 468
## خاکیان لە تورەگە کرد
https://www.kurdipedia.org/?q=20171231095252143675
خاک-یان لە تورەکە کرد
یان خاکیان بەتورەکە کێشا و بەتاڵان-یان برد و بووە ڕێچکەی سمکۆڵانی داگیرکەران، هەندێجار بەمانای تەفروتوناکردنیش دێت کە دەوترێت خاک وخۆڵیان لە تورەگەکرد، لەلایەکیتریشەوە بەمانای وێران کردن و لە بەین بردن و تاڵانکردن و خاک فرۆشتنیش دێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/31/12 9:52:52 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 469
## خدرەلیاس سەرما خلاس
https://www.kurdipedia.org/?q=20171231095421143676
خدرەلیاس سەرما خلاس
کوردەواری دەڵێن لە هەژدەی ئاداریٚ بەفر بگریٚ گوێی داریٚ نامێنێتەوە تا ئێواریٚ، هەڵبەت لە دەیەی دووەمی مانگی ئازار-ئادار تەزی سەرما نامێنێت و جاڵجاڵۆکە لەسەر درک وداڵ تۆڕی خۆی دەچێنێت و خاک لێوان لێو بووە و نێر بووە هیچتر ئاوی باران نامژێت و بەسەردیدا دەڕوات، ئینجا خدرەلیاس ڕۆژێکی مانگی ڕەشەمانگە(ڕەشەمە)ی کوردیە و لەناو مانگی ئاداری ڕۆمی یە، مامۆستا هەژار موکریانی لە هەنبانە بۆرینە بە(شازدەمین) ڕۆژی ڕەشەمەی دادەنێت واتە 9-10ی مانگی ئادارە کە بەتەواوەتی هەست دەکرێت خدرەلیاس سەرماوسۆڵەی زستانی نەهێشتووە بۆیە ووتراوە(خدرەلیاس سەرما خلاس).


تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 12/31/2017 9:54:21 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 470
## خزم زۆر بی، با گاوگۆر بی
https://www.kurdipedia.org/?q=20200918214323388025



خزم زۆر بی، با گاوگۆر بی.
کورد هەموو زۆر و بۆرییەکی پێ باش نییە، تەنیا لەباسکردنی خزم و کەس و کار خۆی بێ دەنگ کردووە و زۆر وبۆرییەکی وەکو گاوگاڕان بە گا وگۆلەوەی پێخۆشە، چونکە لەهەر بوارە و پێویستی بەهەندێکیان دەبێ، لەبەر ئەوە بووە بە ئیدیۆم دەوترێت(خزم زۆربێت با گاوگۆل بێت) بۆ ئەوەی لەکاتی دەرد و ڕەنج و تەنگانە بەکەڵک و فریادڕەس بن و سودێکیان دەبێت هەریەکە و بۆ شتێک.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 9/18/2020 9:43:23 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 471
## خزمی جێژنانە
https://www.kurdipedia.org/?q=20210509210532393970



خزمی جێژنانە
لەناو کوردەواریدا جەژنەکانی ڕەمەزان و قوربان، خەڵک وەکو سروتێکی ئاینی سەردانی یەکتری دەکەن و دەست و دەم وچاوی یەکتری ماچ دەکەن، جەژنە پیرۆزە دەکەن و ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر دوو دۆست و دوو خزم یەکتری نەبینن بە گازاندە و گلەیی لە یەکتری بە ئیدیۆمە وە دەڵێن: خزمی جێژنانە ئەمەش واتە کەم دیار و کەم سەردان، بەتەوسەویشەوە دەوترێت: ماندوو نەبی خزمی جێژنانە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/9/5 9:05:32 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 472
## خزمی خراپ گونی قۆرە دەیبڕی وەی نای بڕی وەی
https://www.kurdipedia.org/?q=20200914192858387914



خزمی خراپ گونی قۆرە دەیبڕی وەی نایبڕی وەی
خێزان و خێڵ و هۆز لە ناوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای(خوێن وسک) دەبنە خزم و کەسی یەکتر، هەندێک دەبێتە خزمی پشت(خوێن-باوان) و هەندێکیتر دەبێتە خزمی سک(خاڵوان-خاروان)، کە هەردوو لایان ئەگەر باش و ڕێک وپێک بن دەبنە مایەی شانازی و خۆشحاڵی و ئەگەریش خراپ بن دەبنە مایەی شەرمەندەیی و نیگەرانی، خزمی خراپ چوێنراوە بە(گوونی قۆڕ)، قۆڕبوون واتە پەردەی نێوان هێلکەکانی(گوون و وورگ) بەهۆی زەبرێکەوە دڕاوە و ڕیخۆڵەکان شۆڕ دەبنەوە ناوی بە و نەخۆشیە دەوترێت(فتق-قۆڕبوون) ئینجا ئە و گونە قۆڕە ئەگەر ببیڕیت ئەوا وەی چونکە ئەگەری ژیان لەدەستدانی تێدایە واتە وازهێنان لە خزمان ئەوا تێکچونی باری کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە کە مرۆڤ لەبنەچەدا بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و ئەگەریش نەیبڕی ئەوا تەکەتەکی دێت، واتە هەر لەسەرت ماڵە خزمی خراپ و بەڕووت دادەڕێتەوە، هەر بۆیە بەخزمی خراپ گوتراوە(گونی قۆڕ).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: PM 7:28:58 2020/14/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 473
## خزمی خەزووری سەپانی شێخیە
https://www.kurdipedia.org/?q=20201009102758388806



خزمی خەزووری سەپانی شێخیە
لە و کوردەوارییەی ئێمەدا هەندێ کەس هەڵدەکەون و دەبنە ئەستێرەیەکی ئاسمان، ئینجا لە هەر بوارێک بێت، بەنمونە: شێخی-پیری ئاینی مەزن و وەچەی(سەیدایەتی) و مەلای گەورە گەورە و زانای داهێنەر و قارەمان و فەرماندە و سەرکردە و....تاد.
لەکۆندا تاوەکو شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، کەسایەتی ئاینی ڕێبازگە و ڕێچکەی(قادری و نەقشبەندی) لەبرە و دابوو، شێخ لەبەر پایە ئایینیەکەی، پێگەی کۆمەڵایەتییەکەشی بەرز بوو، بۆیە خەڵکانێکی زۆر بەشەرەفێکی گەورەیان دەزانی بە(هەویرە خوێیەکیش بێت) بگەنەوە بە یا شێخ یان خزمەتکار وموريد و دەروێشی تەکیەکەی یان خانەقاکەی بن، ئینجا ئەگەر کەسێک بەداوە موویەکیش بیگەیشتبوایەتەوە بەشێخ خۆی پێ هەڵدەکێشا، ئەمە لایەنە ڕاستەقینەکەی ئیدیۆمەکەیە، وەک ئیدیۆمیش بەکەسێک دەوترێت کە لەرووی خزمایەتییەوە زۆر دوور بێت لە کەسێکی گەورە و ناودار و دیار و خاوەن پایە، کاتێک خزمایەتیەکەی دەخاتە ڕوو دەزانرێت هیچی ئە و کەسە مەزنە نییە بەتەوس و گاڵتەوە دەوترێت کورەبابە خزمی چی؟ خزمی خەزووری سەپانی شێخیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 10:27:58 2020/9/10
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 474
## خشت نانە بەر ئاو
https://www.kurdipedia.org/?q=20180623083549152022
خشت نانە بەر ئاو
خشت: لە گرتنەوەی قوڕ و تێکەڵکردنی ئاو و کا دا دروست دەکرێت، ئینجا بۆیە ئەگەر خشتێک بخەیتەوە بەر ئاو ئەوا شیتەڵ دەبێتەوە بۆ قوڕ و ئاو و کا، واتە ریسەکە دەبێتەوە خوری، بۆیە کارێک مەیسەر نەبێت و نەگاتە ئەنجام دەوترێت وەک خشت نانە بەر ئاوە هیچی لەجێ شین نابێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:35:49 2018/23/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 475
## خوا پێ بە مار نەدات
https://www.kurdipedia.org/?q=20220509231635413447



خوا پێ بە مار نەدات
وتراویشه:خوا رۆژ پیشانی ماری سڕ نادات چونکه گەرمی ببێتەوە یەکسەر کوشندەیە و پێوەدەدات، ئە و ئیدیۆمە بە شێوەی نزاوپاڕانەوە و دوعا دەربڕدراوە، مار لەبەر ئەوەی بە دوژمنی مرۆڤ دادەنرێت هەر کاتێک بیەوێت دەتوانێت گازبگرێت و ژەهری خۆی لە نێچیر و مرۆڤ بەتاڵ بکاتەوە و ژەهراوی بکات، بۆیە مار لەلایەن مرۆڤەوە هەموو کات بە دوژمن ئەژماردەکرێت، مار خشۆکە و زۆر خێرا گوزەر دەکات بە جولەی ماسولکەیی، ئەگەر پێی هەبێت دونیا دەکات و دەخوات و زاڵمێکی باشی لێ دەردەچێت، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ گوزارشتکردن لەوەی زاڵم دەسەڵاتی نەبێت، دەوترێت: خوا پێ بەمار نەدات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 11:16:35 2022/9/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 476
## خوا دەرووی زۆرە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220510220033413529



خوا دەرووی زۆرە
دەروو: دەرگا، دەربەند، دەرەتان، دەروازەی گەورەی حەوشە، ئە و شوێنانەن بۆ دەربازبوون و پێیداگوزەرکردن، خوای گەورە و تەنیا، زۆرترین دەرووی بۆ رزگاربوونی مەخلوقەکانی خۆی کردۆتەوە، بۆ هەر نەهامەتی و ناخۆشی و کارەسات و نالەباری و نەنگی و لەنگی و نەبوونی و گرانی و قات و قڕی و کێشە و گیروگرفت و نەخۆشی و چەرمەسەری ئەوا بێ گومان دەرەتان و دەرگایەک و رێگایەکی رزگاری و گوشادی و رێگەی چوونە دەرەوەی بۆ ئامادەکردووە، هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمەش لە چیرۆکی(وەستای نەجارِ بنوو، بێ خەم و خەیار، خودا یەکە و دەرگا هەزار) هەروەها وتراویشە(خودا دەرگایەک بگرێت دەرگایەکیتر دەکاتەوە)، لێرەش موسڵمانی کورد بۆ متمانە و بڕوای تەواوی بە خودا و دەرگا زۆر و زەوەندەکانی و بێ ئاگا نەبوونی بەرامبەر گرفتی بەندەکانی وەکو ئامۆژگاری وتویەتی: خوا دەرووی زۆرە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/10/5 10:00:33 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 477

## خوا لە گۆڕخانانی بەزیاد بکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20201209101712390070



خوا لە گۆڕخانانی بەزیاد بکات
گۆڕخانان، مردوانن و ئەوانەی لە گۆڕستانەکان نێژراون و مستەگڵێک چاوی داپۆشیوون و لە دوو گەز زەویدا ڕاکشاون و خەوتوون، لەئارامگە و گڵکۆی خۆیانن، لەزمانی کوردیدا دوو پاشگر هەیە کەناوی دارێژراوی گۆڕستان، گۆڕخانە سازدەکەن ئەوانیش(ستان، خان)ە، بەڵام پاشگری(ستان) باوترە و زیاتر بەکاردێت لەم وشەیەدا، بەڵام پاشگری(خان)یش لەوشەی تردا چالاکە وەکو(کتێبخانە، چایخانە، مەیخانە، سەرتاشخانە، قەحپەخانە، فرۆکەخانە، چێشتخانە، کەبابخانە، چاپخانە ...تاد) بۆ گۆڕخانەش لەوسیەتی قانعی شاعیریشدا زۆر بەجوانی هاتووە کە دەفەرموێت: ڕۆڵە هەرکاتێ کەوا من مردم، لەناو (گۆڕخانە) تەسلیمت کردم
ئینجا سەردەمانێک گۆڕنشینانیش لەژیاندا بوون و هەوڵ و کۆشش و تێکۆشانیان هەبووە و هەندێکیان گوریسیان لەبن دونیا ڕاخستووە و میراتێکی باشیان لە دوای خۆیان جێهێشتووە بۆ بوک و زاوا و کوڕ و کچەکانیان، هەندێجار وارێک دەکەوێت میراتگرێکی هەژار چ زاوا چ بووک و کوڕ و کچ و کچەزا و کوڕەزا.. تاد سودێکی باش لە و میراتە وەردەگرن و ئەگەر کەسێک بڵێت ئێوە شوکر دەوڵەمەندن ئەوانیش دەڵێن دەوڵەمەندی چی؟ خوا لە گۆڕخانانی بەزیاد بکات واتە تەنیا(میرات)مان بۆ بەجێماوە ئەگەرنا خۆمان هیچمان نییە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و ئە و کەسەی بەهۆی میراتەوە شتێکی چنگ کەوتووە دەڵێت(خوا لە گۆڕخانانی بەزیاد بکات).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/9/12 10:17:12 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 478
## خوا نانی بڕیوە و پێغەمبەریش دۆ
https://www.kurdipedia.org/?q=20211224125955399383



خوا نانی بڕیوە و پێغەمبەریش دۆ
نەبونی و هەژاری و بێ دەرەتانی دابەشبونێکە هەر لەلایەن خواوە قەڵەمی لەسەر دراوە بەگوێرەی بیرو باوەڕی ئاینی بێت، ڕزق و ڕۆژوو هەر لەلایەن خوای گەورەوە دابین دەکرێت و وتراوە خوا ئاگای لەمار و مێروە، بۆ خۆراک و زاد دابینکردن، ئینجا بەکەسێکی ڕووت و بێ ڕۆژوو و هەژار و دەست کورت بەجۆرێک لە گاڵتە پێکردنەوە دەوترێت هەندە هەژارە(خوا نانی بڕیوە و پێغەمبەریش دۆ).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/24/12 12:59:55 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 479
## خوارزا نمونەی خاڵوانیەتی
https://www.kurdipedia.org/?q=20190211062128257686
خوارزا نمونەی خاڵوانیەتی
وتراویشە(سێ یەکی ئەولادی دەداتەوە دوو خاڵوانی) هەناوی دایک کە پێگەی یەکەمی هەموو دروستکراوێکی بونیادەمە، ئیتر چ پێویست دەکات بوترێت(خوارزا نمونەی خاڵوانیەتی) پێتاندنی منداڵدان و هەڵگرتن و خۆراک و وێلاش و خوێن و فرچک و شیرپێدان و تاوەکو گاگۆرە کردن هەموو ئەمانە لە هەناو و ئامێز و باوەشی دایکەوە دەرسکێت، دایک و خاڵیش کە(خوشک و برا)ی یەک هەناوبوون، بەهەمان شێوە خاسیەت و ئەدگاری منداڵدان و شیری دایکیان هەڵگرتووە، کەواتە لە هەموو

نەتەوەکانی دونیا و گێتی خاسیەتی خاڵوان دەبێتە بەشێکی سەرەکی لە دروستبونی نەوە چ وەک ئەدگار چ وەک شێوە و
رووخسار هەر لەبەر ئەمەشە کورد گوتەیەتی(خوارزا نمونەی خاڵوانیەتی)

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/11/2 6:21:28 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 480

## خوارزای خوێری بەخاری دەوێری

https://www.kurdipedia.org/?q=20171203075954143394

خوارزای خوێڕی بەخاری دەوێری
خوارزا واتە خوشکەزا ئینجا چ کوڕ بێت یان کچ، لەبەر ئەوەی لە ماڵ و حاڵی خاڵدا(خار) جێگەی متمانەیە و وەک ماڵی خۆی خاڵ سەیری دەکات، ئینجا ئەگەر لە جێگەی ئە و متمانەیە نەبێت و خیانەت بکات ئەوا لە هەموو کەس زیاتر دەتوانێت زیان بە خاڵی بگەیەنێت بۆیە وتراوە(خوارزای خوێڕی بەخاری دەوێری)

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/3/12 7:59:54 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 481

## خواشی دەوێت و خورماشی دەوێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20211224131106399387

خواشی دەوێت و خورماشی دەوێت
شاعیر و هۆزانڤانی کورد بەتایبەت ئەوانەی کلاسیک و لە حوجرەکانەوە پەروەردە بوون، زۆربەیان باسی(دونیا و قیامەت) لە هۆنراوەکانیاندا بەدی دەکرێت، لە و ئیدیۆمەدا خودا گەرەک بوون بۆ پەسڵان و ڕۆژی دوایی و قیامەتە و خورماش بۆ قوت

و بژێوی و دونیایە، لە کەسێکیان پرسیووە خورمات دەوێت یان مێوژ ئەویش وتویەتی(خورمژ) واتە هەردوکیان، ئیتر ئە و ئیدیۆمەش بۆ کەسێکە(دونیا و قیامەت)ی بوێت بە تەوسەوە دەوترێت(خواشی دەوێت، خورماشی دەوێت).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 12/24/2021 1:11:06 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 482

## خوای گەرمیان و کوێستان یەک خودایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200818235658387014



خوای گەرمیان و کوێستان یەک خودایە
هەر خودا خودایە ئەوەیتر تۆز و بایە، خودای تاقانە، لە هەموو شوێنێک بوونی هەیە و باڵادەست و ڕانەوایە بەسەر گەردونندا، هیچ جیاوازییەکی نیە لە کوێستان یان گەرمیان بیت، خودا هەر زانیار و ئامادەیە و حەقی کۆریسی لە قۆچداری وەردەگرێتەوە، هیچ تاوان و پاداشتێکی لێ وون نابێت و هەزار دەرگات لەسەر پشت بۆ دەکاتەوە، کەسی بێ کەسانە، ئاودێری دێمەکارانە و لە هەموو شوێنێک و کونجێکی دونیا و جیهان و گەردون ئامادەیی هەیە، ئە و ئیدیۆمەش ڕێنمایی و ئامۆژگارییە بۆ بەندەکان و مرۆڤایەتی کە لە هەر شوێنێک بوویت خودا لەبیر نەکەیت، لە کوردستانیش گەرمیان و کوێستان گەڕاون بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان بۆیە وتراوە: (خوای گەرمیان و کوێستان یەک خودایە)[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 8/18/2020 11:56:58 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 483

## خودا بیدات لە بن کلکی کەرەشین دەیدات

https://www.kurdipedia.org/?q=20181022094331159384



خودا بیدات لە بن کلکی کەرەشین دەیدات
دەگێڕنەوە پیاوێکی دێوەرەی هەژاری گەڕیدەی دێ بەدێ لەنزیک سێبەر و کانیاوێک بۆ پشودان لادەدات و بارەکەی دادەگرێت، کەرەکەی لەناو خۆڵەپۆتێک دەست دەگات بە گەوزین و هێواش هێواش کلکی دەجولێنێ و لە ئەنجامی کلک جولاندن وەک گسک بەمەش خۆڵەپۆتەکە لادەچێت و لە بن کلکی سەری(گۆزەیەک) وەدەردەکەوێت، کابرای دێوەرەش لە خۆشیان(خەنی، شاگەشکە) دەبێت و هەست دەکات ئەم گۆزەیە شتێکی گرانبەهای تێدایە، بۆیە بە گۆپاڵەکەی ووردە ووردە خۆڵەکەی دەوری گۆزەکە بە ئەسپایی لادەدات و گۆزەکەی دەردێنێت و لەناو گۆزەکە پڕیەتی لە لیرە و زێڕ و بەمەش کابرا دەوڵەمەند دەبێت و ژنەکەی لە دەوڵەمەندییەکەی دەپرسێت ئە و یش وەڵام دەداتەوە(ژنەکە ئەگەر خودا بیدات لە بن کلکی کەرەشینێ دەیدات) وتراویشە ئەگەر خودا بیدات لە خەتێک دەیدات واتە گاسنەکە لە کاتی جوتکردن گۆزەی هەڵداوەتەوە، ئەم دەربڕە کوردەوارییە بۆ ئەوە ووتراوە کەس نازانێت رسق و رۆژوو لەچی دایە و چۆن بۆت پەیدا دەبێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

ولات: رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/22/10 9:43:31 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 484

## خودا خودا ئەویکە تۆز و بایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171122092015143296

خودا خودایە ئەویکە تۆز و بایە
دەگێڕنەوە پیاوێکی چەتە و رێگر کاری چەتەوڵی و دزی بووە لەسەر رێی کاروانەکان، زۆر تەوەزڵ و ناکاسب-یش بووە و هەردەم سەرخوان و سفرەکەی ڕازاوە و پڕ خۆراک و خواردن بووە و لێیان پرسیووە ئەرێ کابرا ئەتوو هیچ کارەکیش ناکەیەت و لەخوا بەزیادیش بێت بەردەوام کاسەت پڕە و تێر و تەسەلیش دیاری ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: خودا خودایە ئەویکە تۆز و بایە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

ولات: رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: AM 9:20:15 2017/22/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 485

## خودا داییێت، ناڵێت کوڕی کێیت؟

https://www.kurdipedia.org/?q=20220510215310413527



خودا داییێت، ناڵێت کوڕی کێیت؟
ئەوانەی شارەزان لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و خودای تاقانە دەناسن، گەیشتونەتە ئە و بڕوایەی ئەوەی خودا بیپرژێنێت بەسەر مرۆڤەکان لە رزق و رۆژوو و ناز و نیعمەت و پلە و پایە و سەرداری و هەبوونی و دڵخۆشی و دڵگەشی و ئارامی و بەخشندەیی و ماڵی دونیا و سەروەت و سامان و جوانی و لەشساغی و....تاد، لەوە ناپێچێتەوە تۆ کوڕی کێیت و لە چ خانەوادە و نەتەوە و رەنگ و رەچەڵەک و ئاین و تیرە و هۆز و بیروباوەڕێکی، تەنها ئەوەندەیە کە پێت دەبەخشێت و بەس، ناپرسێت لە رەچەڵەک و رەگەز و بنەچە و سەرجەرە و قۆناغ و دیوەخان و خانەوادە و بنەماڵەکەت، ئە و داکەوتەیە(واقیع)ە، بووە بە ئیدیۆم و کوردی موسڵمان دایڕێژتووە، بۆ کەسانێک لە لە هیچی خۆڕاییەوە بێ(ئەسڵ و نەسەب) و بەبێ پێشینە دەبنە کاربەدەست و سەرکار و دەوڵەمەند و خاوەن پێگە و جێگە لە کۆمەڵگا، بە دنەدان وهۆشیاری و ئامۆژگاری و ڕێنوێنی و ڕێنماییەوە دەڵێن: خودا داییێت، ناڵێت کوڕی کێیت؟[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: PM 9:53:10 2022/10/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 486

## خورما زۆر و بەغا دوور

https://www.kurdipedia.org/?q=20170727102900141596

خورما زۆر و بەغا دوور یان خورماش لە بەغدا زۆرە
ئەم پەندە کوردیە زۆر بەکاردەهێنرێت بۆ شتێک کە دەستت نەیگاتێ، یان لە و شوێنەی کە تۆی لێ یە وەچنگ نەکەوێ یا هەر لەشوێنێکیتر فرە بێت و هەرزان بێت، واتە زۆر بوونی شتێ لە شوێنێکی دوور یان لەناوچەیەک بەهیچ کلۆجێ سودێکی بۆ تۆ نی یە کە لە و کاتەی پێویستتە بەدەست نەکەوێت چۆن شاعیر فەرمویەتی:

که من نەخلی باغی مرادم پێ سەمەر بێ
بە من چی باغی عالەم چوملە بەربێ[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/27/7 10:29:00 AM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 487

## خوری چاک بەپشتی مەڕیەوەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20181224075718181731



خوری چاک بە پشتی مەڕیەوەیە
ناکرێت بوترێت(خوری چاک بەپشتی بزنەوەیە) بەڵام دەتوانرێت بوترێت(موی چاک بەپشتی بزنەوەیە) خوری کە یەکێک لەکەرەسە سەرەتاییەکانی پیشەسازی بەن وجل و بەرگ و فەرش و ڕایەخ و جاجم و بەرماڵ و تورەگە و قاپوت و سەرگلاو و کوڵەباڵ- کورەبار.... تاد، سەرچاوەکەی(پشتی مەڕە)ە، ئینجا ئەوە مانا ڕاستیەکەی پەند و ئیدیۆمەکەیە بەڵام مەبەستی بەکارهێنانی دەکرێت لەدوو لاوە بۆی بچین: یەکەم وەک ئەوەی بڵێی(گیا لەجێی عاسێ دەمێنێتەوە) واتە ئە و خوریەی چاکە لەپشتی مەڕەکەی لێ نەکراوەتەوە تەنها ئە و خوریەمان دەست کەوتووە کەباش نی یە ودووەمیش واتە هیچ هەڵناگرێ پێویست ناکات بەدوای خوری لە هیچ شوێنێ بگەڕێین تەنها لە پشتی مەڕ و لەلای مەڕ دەست دەکەوێت، هەڵبەت ئەگەر لە شت و مەکی دەگمەنیش بگەڕێیت لەشوێنی خۆیدا چنگت بکەوێت دەتوانی بڵێی(خوری چاک لە پشتی مەڕەوەیە)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/24/12 7:57:18 AM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 488

## خوشکی بێ برا ماڵی بێ چرا

https://www.kurdipedia.org/?q=20190211062303257687



خوشکی بێ برا ماڵی بێ چرا
بەبۆچوونی منیش(برای بێ خوشکیش هەر ماڵی بێ چرایە) نێر و مێ یان خوشک وبرا بەیەکەوە بونیان پێویستە یەک بەبێ یەکدی کەم وکوڕیەک دەهێنێتە کایەوە، ماڵێک هەموو منداڵەکانی کوڕ بێ و ماڵێکیش هەموو مناڵەکانی کچ بن ئەوا لە هەردوو لادا چرایەک(نوقستانە)، بەڵام ئیتر لەناو کوردان بێ برایی بۆ کچان بەبێ چرایی(وەسف)کراوە، ئەگەر نا ماڵێکی بێ کچیش بەبۆچونی من زۆر بێ چرایی پێوە دیارە، هەڵبەت بێ برایی بەنمونەی ئیدیۆمەکە وەربگرین هەندێجار بەگوێرەی داب ونەریت و کلتور ئە و خوشکانەی بێ بران ناتوانن بچنە هەموو شوێن و جێگە و ماڵێک یان مافەکانیان خەڵکانیتر دەیبات و دەیخوات یان ئەگەر پێویستیان بەچارەسەری کێشەیەک بێت یان ڕاپەڕاندنی کارێک ئەوا کەس نی یە دەستگرۆییان بکات و کارەکەیان بۆ ئەنجام بدات هەر بۆیە کچان خۆشیان وتویانە(خوشکی بێ برا ماڵی بێ چرا).

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2019/11/2 6:23:03 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 489

## خولقی توو ترکی یە(توودرک)

https://www.kurdipedia.org/?q=20171108094804143101

خولقی توو ترکی یە
پێچەوانەی خولقی سابونی یە واتە فەرموکردنێکە توند دەنوسێیت بە میوانەوە و ناهێڵیت بڕوات تا خزمەتی نەکەیت و نانی بۆ نەکەیت، ڕووەکی تودرک بەهۆی درکەکانیەوە توند مرۆڤ دەگرێت و ناهێڵێت بەئاویدا بڕۆیت بەمەش بە و خانەخوێیەی کە نانبدەیە و لەنان پێدان ناترسێت دەوترێت خولقی توترکیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:48:04 2017/8/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 490

## خولقی سابونی یە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171108094630143100

خولقی سابونی یە
لەباشوری کوردستان ئەم جۆرە فەرموکردنە و خولکە تەنها زمان لوسی و تەڕی و شیرینیە وهیچیتر و بەهۆشیەوە دەتوانێت خەلکیش قەرزار بکاتەوە و ببێتە میوانی خەڵکیش و نانیشی پێوە بخوات، ئینجا ئەمجۆرە کەسە لە کوردەواریدا پێیان دەوترێت(خولقی سابونی).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:46:30 2017/8/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 491

## خوی شیری هەتا پیری

https://www.kurdipedia.org/?q=20170920135108142642

خوی شیری هەتا پیری
ئەوەی بەمناڵی فێری ببیت زۆر ئاسان نیە دەستبەرداری ببیت، ئینجا هەر کارێک بێت، بۆیە ئە و ئیدیۆمە بەکەسێک دەوترێت کە کارێکی لێ بوو بێتە خوو و زۆر دووبارەی بکاتەوە و پێی چارە نەکرێت هەر لەگەڵی دەڕوات تا کۆتایی تەمەنی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 1:51:08 2017/20/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 492

**خوێشی تێ بکەی گیر نابێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170808082439141939

خوێشی تێ بکەی گیر نابێت
ئیدیۆمێکە بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت کە تۆترە و ئۆقرەی نەبێت و زوو زوو شوێن و ڕێگاکە و ڕێچکەی بگۆڕێت یان کەم لە کۆڕ و کۆبونەوە و سەردان بمێنێتەوە، هەندێک جاریش مەبەستت لە ترسنۆکی کەسێکە بۆ کارێک یان هەڵوێستێک یاخود سەنگەرگرتن، بۆیە ووتراوە خوێ چونکە خوێ شت بەتام دەکات یان دەبێتە مایەی چوزاندنەوەی برین و تاد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:24:39 2017/8/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 493

**خوێن-یان کردە کاسەوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180107075101143822

خوێنیان کردە کاسەوە
خوێن کردنە کاسە لە بنەڕەتدا جۆرە زوڵمێکە، بە ناحەق و بێدادی پیاوێک یان ژنێک بکوژرێت، گوزارشتیشە لە سزادان و زۆر بۆ هێنان و ئەزیەت دان و زوڵمێکی گەورە بکرێتە سەر گیانی کەسێک و ژیانی لێ بسەنرێتەوە دەوترێت(خوێنیان کردە کاسەوە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/7/1 7:51:01 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 494

## خوێنی بۆ گەڕی دەشێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20201009103044388807



خوێنی بۆ گەڕی دەشێت
خوێنی مرۆڤ لە زۆر ئیدیۆمدا شوێنی گرتووە وەک(بەرخوێن، خوێن بەری چاوی گرتووە، تا کوڕێک دەکەی بەپیاو، خوێنت دەبێت بەئاو، خوێن نابێت بەئاو، خوێنیان لە خوێنمدایە، خوێنمژە، خوێن تاڵ، خوێن شیرین، ...تاد) لە هەر ئیدیۆمەی بۆ گوزارشتێک بەکارهاتووە، لێرەدا خوێنی پیس ئاماژەی پێدراوە لەدەمارەکانی کەسێکی گڕوو واتە نەخۆشی(گولی) بەڵام لە ڕووی گوزارشتیەوە بەمانای مرۆڤێکی ناخ پیس دەوترێت، وتراویشە(پیسی بەپیسی دەڕوات) بۆیە ئە و کەسە ناخ پیسانە دەرمانن بۆ نەخۆشی گڕوتی و گولی، ئە و نەخۆشیە پیسە یەکێکە لە توک و نزاکانی کورد بەکەسی خراپ دەوترێت(گەڕوگول بیت).
بەکەسێکی ناخ بۆگەنی و خوێن تاڵ و چەپەڵ دەوترێت: خوێنی بۆ گەڕی دەشێت، واتە زۆر پیسە گولی هیچ نیە لەچاویدا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/9/10 10:30:44 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 495

## خوێنی بۆی دەبزوێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20210103193136390707



خوێنی بۆی دەبزوێت
لەسلێمانی و کەرکوک دەوترێت:(خوێن) و لە دهۆک و هەولێر(خین) و لە کۆیە(خوون) و لە خۆشناوەتی(خووین)، خوێن لە و ئیدیۆمەدا بەکارهاتووە بۆ هەبوونی پەیوەندی خزمایەتی نزیک و ناوچەیی و ئاوایی و شار و تاد، زۆرجاران وارێکەوتووە کەسێک دەچێتە دڵتەوە و خۆشەویستیەکی سروشتیت بۆ دروست دەکات واهەست دەکەیت کەسێکی نزیکتە وەکو برا و پورزا و کەس و کار و ئامۆزا و خاڵۆزا، ئەوە بووە بە ئیدیۆم بە هۆکاری خزمایەتی و خوێن یارمەتی و هاوکاری یەکێک بکەیت دەوترێت(خوێنی بۆی دەبزوێت-دەجولێت). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/3/1 7:31:36 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 496
## خر ناز دەکات
https://www.kurdipedia.org/?q=20180104092330143750
خرناز دەکات
ئەم خرنازە لە سورانەوەی نێرەکەر بە دەوری ماکەردا هاتووە لە بنەچەدا(نێرەکەر تۆری)یشی پێ دەوترێت ئینجا مرۆڤ ئەم هەڵوێست و سیفەت و کارەی نێرەکەری بەکارهێناوە بۆ تێپەڕینی کچێک بە بەردەم کۆمەڵە کوڕێک و یەکێک لە کوڕەکان بە دەنگێگ یان جولانەوەیەک خۆی دەربهێنێ بەنمونە بلێت ئەی هاوار یان بە قوربانی خواکەت بم بە و شێوە دەرهێنانە دەوترێت(خرناز) کردن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/4/1 9:23:30 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 497
## خۆ ئێمە پیازی چاک ناکەین
https://www.kurdipedia.org/?q=20171223091840143586
خۆ ئێمە پیازی چاک ناکەین
لە بنەڕەتدا پیاز پاککردن وچاککردنە و پەلکە مردوو و ڕووپۆشە زەردەکەی لێ دەکرێتەوە و ئامادە دەکرێت، لە ماناشدا واتە ڕیابازی و مەرایی و ناساندنی درۆینانە و پاککردنەوە و سپی کردنەوەی ڕووی ڕەش، بووە بە ئیدیۆمێ کەسێک بەکاری دەهێنێت لەکاتی بەشینەوەی دەستکەوت و سەروەری و داهات و سامان و ئازوقە و وەزیفەی گشتی و تاد، هیچی پێ نەدرێت و بەمەش نیگەران دەبێت و دەڵێت خۆ ئێمە پیازمان پاک نەکردوە بۆ هیچ بۆ ئێمە مانان نیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/23/12 9:18:40 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 498
## خۆ بن مەمکی نەڕزیوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20200818235436387013

خۆ بن مەمکی نەڕزیوە
کیژی کورد، کە بەرە و ساڵان دەچێت و گەورە و جحێڵ دەبێت، ئەگەر جوان و قۆز و شیک و بەلار و لەنجە بێت ئەوا کوڕانی گەڕەک و ئاوایی و خزم و کەس و کار هەمووی دەیەوێت بچێتە خوازبێنی و بیکاتە ژن و موڵکی خۆی، هەندێجاریش خوازیار و داخوازی کەم دەبێت و وورده وورده دەچێتە ساڵەوە، ئینجا لە و سەروبەیندا کەسێک دێتە داوای بەڵام بەجۆرێکی پێ لێکدانەوە و ڕێ تێچوون، باوک و کەسوکاری کچەش کوڕەکە و چۆنیەتی داواکەیان بەدڵ نابێت و بەشێوازێکی ڕەقەوە وەڵام دەدەنەوە و دەڵێن(خۆ کچمان بن مەمکی نەڕزیووە) ئیدیۆمێکە گوزارشتیە بۆ ئەوەی هێشتا کچمان گەنجە و لێی بێزار نین و داخوازیتری زۆر دێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ‌ K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2020/18/8 11:54:36 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 499
## خۆ لە باتی خوێن نەهاتووە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220616153905418807




خۆ لە باتی خوێن نەهاتووە
خوێن: خوێن و خون و خین لە کۆیە دەوترێت:خون باێ نییە، لە هەولێریش دەڵێن: خین بایی یان بەرخوێن، لە کەلتوری کۆنی گەلاندا ژنان و کچان هەندێجار وەکو کاڵا و کەلوپەل سەیر کراون و بوون بە میراتیش لە هەندێ نەتەوە و بیروباوەڕدا، لە کوردستانیش بۆ خزمایەتی و کوژاندنەوەی ئاگری(خوێن بە خوێن) و دوژمنداری لە بری خوێن و تۆڵە سەندنەوە بەهای خوێن ڕژان کیژ و کچان بوون، لە ئاشتەواییدا کچان لەبری خوێنی پیاوان دراون بە برا یان مام یان باوکی کوژراوەکە بە و کچەش وتراوە: (بەر خوێن یان بەدەل خوێن)، هەندێک لە و کچە بەرخوێنانە لەلایەن خەزورانەوە زۆر ئەزیەتی دەروونی دەدران و کاروباری قورس و وەچە خستنەوەی زۆریان پێ دەکرا، ئە و واقیعە کۆمەلایەتیەیە بووە بە ئیدیۆم و لە کاتی چەوساندنەوە و زوڵم و ستەمکردن و لێدان و کاری قورس پێکردن و زەحمەتکێشی بە ژنان بە نیگەرانیەوە وتراوە: خۆ لە باتی خوێن نەهاتووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ‌ K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2022/16/6 3:39:05 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 500
## خۆ من حەمە قەدۆی موسڵ نیم
https://www.kurdipedia.org/?q=20200827223139387237



خۆ من حەمە قەدۆی موسڵ نیم

خۆ من حەمە قەدۆی موسڵ نیم ئەم گوزارەیە لەکۆندا زۆر بەکاردەبرا و ئێستاش بەهەمان شێوە، بەڵام زۆرجار پرسیارمان لەخۆمان کردووە دەبێ ئەم گوزارەیە چۆن و لە چیەوە هاتبێت؟.
حەمە قەدۆ بازرگانێکی گەورە وبەناوبانگی شاری موسڵ بووە، زۆر لە خەڵک دەڵێت حەمە قەدۆ لە بنەچەدا کوردی شاری موسڵ بووە هەندێکیش پێیان وایە خەڵکی شاری سلێمانی بوون و دواتر باوباپیریان کۆچیان کردووە بۆ شاری موسڵ و لەوێ نیشتەجێ بوون.
لە نووسینێکدا لە بارەی مێژوو و کەسایەتی و بنەماڵە بەناووبانگەکانی مووسڵ، لە بارەی ماڵباتی حەمەقەدۆوە مێژوونووس و مامۆستای زانکۆ ئەزهەر عوبێدی، دەنووسێت:
خانەوادەی حەمەقەدۆ، بنەماڵەیەکی بازرگانی بوون، بریتی بوون لە محەمەد (حەمە) کوڕی عەبدولقادر (قەدۆ) کوڕی مستەفا قەسابباشی، عەبدوڵا کوڕیەتی و خاوەنی خانی حەمەقەدۆیە لە دەرگەی سەرای مووسڵ.
تۆفیق حەمەقەدۆیش بازرگان بووە و کوڕەکانی تری بریتی بوون لە عەبدولباقی، عەبدولعەزیز عەبدولمەجید حەمە قەدۆی کوڕەزای کە بازرگانێکی پاکدەست و ناوازە بووە، ئیدریس تۆفیق حەمەقەدۆی کوڕەزایشی پارێزەر بووە، دواتر بووەتە سەرۆکی شارەوانی مووسڵیش و چەند پۆستێکی تریشی لە و شارە وەرگرتووە. هەروەها نەوەکانی تریشی بریتی بوون لە ئەندازیار ئەیاد سدیق حەمەقەدۆ، دکتۆر زوهیر سدیق حەمەقەدۆ و دکتۆر بەشار سدیق حەمەقەدۆ.
لە ساڵی 1919دا، خانەوادەی حەمەقەدۆ ئۆتۆمبێلیان بردووەتە موسڵ و جێی سەرنج و تێڕامانی خەڵک بووە، جۆرەکەشی فۆردی ئەمەریکی بووە، دواتر ئەوە پەرەی سەندووە و لە ساڵی 1924دا فەرمانگەی هاتوچۆ دامەزراوە و ژمارەبەندی ئۆتۆمبێلەکان کراوە.
دکتۆر ئیبراهیم خەلیل عەلاف، مامۆستای زانکۆی موسڵ، لە بارەی ماڵباتی حەمەقەدۆی مووسڵەوە، لە نووسینێکی بەڵگەنامەییدا ئەوە دەخاتەڕوو: حەمەقەدۆ، بنەماڵەیەکی رەسەنی ناسراوی مووسڵن، لە گەڕەکی (بابولنەبی - جەرجیس) نیشتەجێ بوون، خاوەن سەروەت و سامانێکی زۆر بوون، لەوانە خانی حەمۆ، مزگەوتی حەمەقەدۆ، عەلوەی تازە لە بابولتوب، بازرگانی گەورەبوون لە نێوان مووسڵ و سووریادا.
دیارترین کەسی خانەوادەکەیان، عەبدوڵای کوڕی حەمە قەدۆ بووە، خاوەن هەژموونێکی زۆری بازرگانی و سیاسی بووە لە سەردەمی حوکمی عوسمانییەکاندا لە موسڵ. هەروەها عەبدولباقی و ئیدریسیش لە ناسراوانی بنەماڵەکە بوون، عەبدولعەزیز عەبدولمەجید حەمەقەدۆ، ئەندامی دەستەی گەنجانی موسڵمانانی موسڵ و ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانیش بووە.
ئە و مامۆستای زانکۆیە، ئەوەیشی ئاشکرا کردووە کە بنەماڵەی حەمەقەدۆ بازرگانییەکەیان تەنیا لەگەڵ سووریا نەوەستا، بەڵکو لەگەڵ فەرەنسا و ئینگلتەرا و هیندستانیش بازرگانییان دەکرد و خووری، پێست، کەرەستەی جوانکاری، قوماش، مازوو و ئەسپیان دەهێنا.
دەشڵێت: ئە و بنەماڵەیە، بە راستگۆیی لە مامەڵە و دەستپاکی لە کاروباری بازرگانیدا ناسرابوون، بە و جۆرە رێز و خۆشەویستیی موسڵییەکانیان بە دەست هێنابوو، سەرەڕای دەوڵەمەندی و پارەزۆرییان، زۆر سادە و خاکەڕا بوون و لە نێو خەڵکی سادەدا بوون و پێش ئەوەی هاورێیەتی دەوڵەمەندان بکەن، هیی هەژارانیان دەکرد. هەر لە سەروەختی عوسمانییەکاندا، ناسناوی چەلەبییان پێ درا، کە هێما بوو بۆ بازرگانیکردن.
هاوکات مێژوونووسی ناسراوی مووسڵ عەبدول مونعیم غولامی، لە رۆژنامەی سەدالئەحراردا لەسەر ئە و بنەماڵەیەی نووسیوە و بە باشە باسی کردوون و خاکەڕایی ئەوانیان دووپات کردووەتەوە. هەریەک دکتۆر زوهێر عەلی ئەحمەد نەحاس و ئوستاد عیماد غانم رەبیعی، ئە و زانیارییانەیان لە بارەی ماڵباتی حەمەقەدۆوە پشتڕاست کردووەتەوە.
هاورێ جەلال، لێکۆڵەری بواری زمان و فۆلکلۆر و ئیدیۆمە کوردەوارییەکان، ئەوەی خستەڕوو، لە و رووەوە بەدواداچوونی کردووە و ئەوەی بۆ روون بووەتەوە حەمە قەدۆ، بازرگانێکی گەورەی شاری موسڵ بووە، هەندێک دەڵێن کوردی شاری موسڵ بووە، هەندێکی تریش دەڵێن خەڵکی سلێمانی بوون و باو و باپیریان چوونەتە موسڵ و لەوێ نیشتەجێ بوون.
دەشڵێ: من ئە و رایە بەپەسەند دەزانم کە خۆیان کوردی موسڵ بووبن، ئەویش بەپێی

گۆڕانی ناوەکەیان، ئەم حەمەقەدۆیە لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا ڕایەڵەی بازرگانیی هەبووە، بە هەمان شێوە لە شارەکانی عێراق و سوریا و چەند وڵاتی دووریشدا پێوەندیی بازرگانیی هەبووە.
هاوڕێ گەییشتووەتە ئە و ڕاستییەی (حەمە قەدۆ) ناوی (محەمەد عەبدولقادر)، (محەمەد) بووە بە (حەمە) و (عەبدولقادر)یش بووە بە (قادر-قالە-قەدۆ) تا ئێستاش لە هەندێک شوێنی کوردستان وشەی قادر کورت دەکەنەوە بۆ (قەدۆ)، بە نموونە لەلای شەبەکەکان. خەڵکی سلێمانی (قادر) ناکەن بە (قەدۆ)، ئەمەش بەڵگەیە کە خەڵکی سلێمانی نەبووە. عەرەبەکانیش بۆ ئەوەی نەڵێن کوردە، دەڵێن ناوی (عەبدولا چەلەبی کوڕی محەمەد کوڕی عەبدولقادرە)!
ڕاستییەکەی (عەبدولا) کوڕی (حەمە قەدۆ)یە و ئە و کوڕە و کوڕی دیکەشی هەبووە.
وشەی (قەدۆ) بۆ هەموو نەوەکانی دواتر، بووە بە ناسناوی بنەماڵەیی.
محەمەد قەدۆ جێدەستی دیارە لەبیناکردن و ئاواکردندا، مزگەوتێکی لە ساڵی 1880 لە گەڕەکی مەیدانی شاری موسڵ درووست کرد، بەڵام لە 06-03-2015 لەلایەن داعشەوە خاپۆرکرا، هەروەها خانێکیشی لە موسڵ درووست کردووە کە هەر بە (خانی حەمە قەدۆ) ناسراوە. [1]سەرچاوە: ماڵپەڕی پیوکەی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی یوک میدیا - 27-08-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020/27/8 10:31:39 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 501

## خۆ نانکردنی تیری نییە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220616174717418847



خۆ نانکردنی تیری نییە
لە دەربەندیخاندا گوێم لە و ئیدیۆمە بوو کە هاوشارییانی ئە و شارۆچکەیە لەکاتی ئاخاوتندا لەگەڵ یەکتری بەکاریان هێنا، هاوشێوەی ئەوەشم بیستووە کە دەوترێت : خۆ قوڕکاری نییە یان قوڕ شێلان نییە، نانکردنی تیری کە ئەرکی ژنان و کچانە، زۆر ئەرک و زەحمەتی خۆی هەیە، هەر لە هەویر شێلان و ئەنگوتک کردن و پانکردنەوەی بە تیرۆک و کەوڵ و دووکەڵ و هاڵاو و گڕی زمانەی ئاگر و...تاد، هەموو ئەمانە بە ئاسانی جێ بەجێ ناکرێن، سەرباریش ڕۆژانە حاڵەتی نانکردن دووبارە دەبێتەوە، ئینجا لە دەوروبەری شارۆچکەی دەربەندیخان ئەگەر کارێک قورس نەبێت و بوترێت دەتوانی چایەیەک ئامادە بکەی ئەوانیش کارەکەیان زۆر پێ ئاسانە و بەدڵفراوانیەوە دەڵێن: خۆ نانکردنی نانی تیری نییە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دەربەندیخان

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/16/6 5:47:17 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 502
**خۆ کانی ژنان نییە**
[https://www.kurdipedia.org/?q=20220204220950403913](https://www.kurdipedia.org/?q=20220204220950403913)



خۆ کانی ژنان نییە
لە رواندزێ دەوترێت:- (خۆ کانێ ژنا نییە)، ژنگەلی هەموو ئاوایی لە کانی ژناندا کۆدەبوونەوە، دەنگوباسی جۆراوجۆری ئاوایی دەخرایەڕوو بەچاک و خراپیەوە، ئەوەی دەگوترا دووبارە ناکرایەوە هەر لە ژن خواستن و قسە و قسەلۆک و هەتا کار دەگەیشتە سەرجێی و ژوان و قسەی تابۆ و تاد، ئە و بێ تابۆییە لە کانی ژنان و حەمامی ژنان لە هەموو شوێنێک گونجاو نابێت و هەموو قسە و باسێک شوێن و جێگای خۆی هەیە و نابێت لە هەموو جێگایەک هەموو قسەیەک بوترێت بۆیە بۆ پەرچەکرداری قسەی نابەجێ و نەگونجاو لەگەڵ کۆڕ و دیوەخانان وتراوە: خۆکانی ژنان نییە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/4/2 10:09:50 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 503
**خۆ کەس بەدرۆیێ نەمردیە**
[https://www.kurdipedia.org/?q=20220204220440403912](https://www.kurdipedia.org/?q=20220204220440403912)



خۆ کەس بەدرۆیێ نەمردیە
لە کوردەواریدا لە سەر درۆکردن ئیدیۆمی زۆر پێکهاتووە وەکو:- پەتی درۆ کورتە، سەر سەدەی درۆ کورتە، درۆزن ئاگر لەماڵی بەربێت کەس باوەڕی پێ ناکات، لە هەموو ئیدیۆمەکاندا درۆکەر سەرکۆنە کراوە، بەڵام لە و ئیدیۆمەدا ڕێ بەدرۆکردن دراوە بۆ بەرژەوەندی و لایەنی ئەرێنی و سوود گەیاندن و ئاشتەوایی و پێکهێنانەوەی دوو لایەن، هانی کەسێک دەدرێت بۆ ئەوەی درۆیەکی بەرژەوەندیانە (درۆی مەسڵەحەت)بکات و وتراوە: خۆ کەس بەدرۆیێ نەمردیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 2022/4/2 10:04:40 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 504

## خۆ کەعبە(کابە) کەچ نەبووە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220510221749413533



خۆ کەعبە(کابە) کەچ نەبووە
کابە، ماڵی خودایە لەشاری مەککەی پیرۆزە، ڕووگەی موسڵمانانە و بۆ فەریزەی حەج ساڵانە بە ملیۆنان موسڵمان لە تەواوی وڵاتانی دونیا ڕووی تێ دەکەن و یەکێکە لە شوێنە پیرۆزەکانی ئاینی ئیسلام، کەچ: واتە لار بوون و خواربوون.
خوای گەورە لە سورەتی(فیل) باس لە پاراستنی ئە و ماڵەی خۆی دەکات کە سوپای ئەبرەهەی حەبەشی هەوڵی گرتن و خاپوورکردنی داوە، لە و سورەتە پیرۆزەدا دەردەکەوێت کە کەعبە-کابە چەندە جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانە لەلایەن موسڵمانانەوە، ئە و مەزنی و گرنگیەی کابە بووە بە ئیدیۆم و بۆ بە گەورە سەیر نەکردنی هەڵەیەک و بچووکردنەوەی کارێک یان بابەتێک و بەئاسایی وەرگرتنی دەوترێت: بابە مەیکەنە هەڵلا شتەکە ئەوەندە گەورە نییە خۆ کابە کەچ نەبووە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: PM 10:17:49 2022/10/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 505
## خۆری لە دۆی خۆی کرد
https://www.kurdipedia.org/?q=20220325184136409058




خۆری لە دۆی خۆی کرد
لە شێوەزاری هەولێر و کۆیە خۆڵ بە خۆر گۆدەکرێت، خواردنەوەی دۆ هەندێجار بە کۆی بەرهەمەکانی شیرەمەنیش بە ماست و پەنیر و کەرە و تاد دەوترێت: دۆ، دۆ لەلای شوانکارەی کورد بژێوی ڕۆژانەی ژیانە، ئینجا ئەگەر دۆ خۆڵ و گڵی تێ بکەوێت ئەوا پیس دەبێت و بۆ خواردنەوە ناشێت و زیانێکی گەورە بەرماڵە ڕەوەند و مەڕدارەکان دەکەوێت بە خەساربوونی دۆیەکە، ئەو حاڵەتە ڕاستەقینە بووە بە درکە و کینایە و ئیدیۆم، کەسێک کە بەهۆی قسەیەکەوە یان هەڵوێستێکەوە یان کارێکەوە زیانی بەربکەوێت و مەترسی بکەوێتە سەر بەرژەوەندییەکانی بەنیگەرانی و سوێ لێبوونەوە دەوترێت: بەخوای خۆری لە دۆی خۆی کرد واتە زیانی لە خۆیدا و بەرژەوەندی کەوتە مەترسیەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 6:41:36 2022/25/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 506
## خۆشناو زوو سەریان گەرم دەبێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20211218112239398828



خۆشناو زوو سەریان گەرم دەبێت
خۆشناو یەکێک لە هۆزە سەرەکیەکانی کوردە لە ناوچەکانی جوگرافیای(کۆیە و ڕانیە و شەقڵاوە و ڕواندزێ) زۆرینە پێکدەهێنن، هەرچەندە بیروبۆچون وایە ناوی هۆزەکە لەدڵگیری و خۆشی ناوچەکەیان هاتبێت(خۆشناو: واتە ناوچە و دەڤەری خۆش و دڵگیر) لەناو کوردان واباوە زوو تورە دەبن بەتایبەت لەدوای نانی نیوەڕۆدا، بۆیە بووە بە ئیدیۆم و کینایە و درکە بەکەسانێک کەزوو هەڵدەچن دەوترێت دەڵێی خۆشناوە زوو سەریان گەرم دەبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2021/18/12 11:22:39 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 507

**خۆشە پیاو گاڕانی بێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170924102027142714

خۆشە پیاو گاڕانی بێت

گاڕان، رانە گایە، لە وەرگا و ئاو و شوێنی حەوانەوە وکاتی زاوزێ بە و لاوە بیر لە هیچیتر ناکەنەوە، ئەمانەی بۆ دابینکرا ئیتر ژیانی مەیسەر بووە، ئەوە کەسێک دەیڵێت کە زۆر بیر بکاتەوە و لێکدانەوە بۆ شتە دزێوەکانی کۆمەڵگا بکات و بیەوێت بەدڵی خۆی چاک بکرێن و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، کەچی رۆژانە کاری دزێوتر دێتە ئاراوە و خەم وخەفەتی زیاتر دەکەن بۆیە ناچار دەڵێت بەخوا(خۆشە پیاو گاڕانی بێت).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/24/9 10:20:27 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 508

**خۆشەویستی کوێرە رەش وسپی لێک ناکاتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190209082902256685



خۆشەویستی کوێرە، ڕەش وسپی لێک ناکاتەوە
خۆشەویستی لەسەر بنەمای کۆمەڵێک خاسیەت و ئەدگار و ڕواڵەتی جوان و شیرین بونیاتنراوە زۆر ئاستەم کەموکوڕییەکان دەبینێت و مەست و سەرگەردانی ئالودەی خۆییت دەکات، هیچ بادە و پێکێک هێندەی خۆشەویستی سەرخۆشت ناکات چونکە چەندین ساڵی تەمەنت بىات هەر وادەزانی ئێستایە و هیچ لە کاروانی خۆشەویستیەکە ماندوو نابیت، هەموو وەرزان بەچاوی خۆت دەبینی سەرما و گەرما و برسێتی و تێری و...تاد کەچی لە بەبینین و هەستکردن وا هەست دەکەیت هیچیانت نەبینوە، وەک شاعیر وتویەتی(ئە و دەمانەی خەیاڵ وتی ئە و ناگاتە هاوشانی تۆ، چونکە تەنها منی دیبوو بەڵام هەرگیز تۆی نەدیبوو) کەواتە خۆشەویستی لە ئیدیۆمدا بە کوێر دانراوە کە نەسپی و ڕەش لێکدی جیادەکاتەوە نە ڕاستی و ناڕاستی لەیەکدی جیادەکاتەوە تەنها خۆشەویستیەکەی لەبەر چاو و دڵانە هەموو ئەوانیتر نابینێت بۆیە وتراوە(خۆشەویستی کوێرە، ڕەش وسپی لێک ناکاتەوە).

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2019/9/2 8:29:02 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 509

## خۆمان ڕەزەوان بووین گانمان دەدا بە پەرسیلە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171122092849143301

خۆمان ڕەزەوان بووین، گانمان دەدا بە پەرسیلە
ڕەز زۆربەی درەخت و میوەکانی تێدایە ئەگەر باخەوانێکی باشی هەبێت هەموو بەرهەمەکانی لێ دەچنێتەوە بەڵام ئەگەر باخەوانی خراپ بێت و خزمەتێکی باشی درەختەکانی نەکات ئەوا کەسێکی بێ بەرهەم و چاو لەدەستی خەڵکی دەبێت، ئەم ئیدیۆمە دەتوانرێت بۆ دوو بوار بەکاربهێنرێت:
یەکەمیان: کەسێک خۆبەڕێوەبەر نەبێت و ناکابان بێت دەریای بۆ بکەیتە ڕوون بێ ڕوون دەبێت.
دووەمیان: کەسێکی دەوڵەمەندی قرچۆک(ڕەزیل و ڕشد و سەقیل) بێت، هەموو دونیای هەبێت هەر وادەزانێ نەبوونە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2017/22/11 9:28:49 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 510

**خۆرەشمیری تەلانی ماویلیان نییە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220221210441405933



خۆرەشمیری تەلانی ماویلیان نییە
گوندی ماویلیان جۆرە ترێ و مێوێکی ڕەشمیری نایاب و دانسقە و دەگمەنی هەیە و لە کوردستاندا ناوبانگی هەیە، ئەگەر کەسێک مەدحی شتێک بکات و ئە و شتە ئە و مەدحەی لێ نەیەت و لە باری نەبێت دەوترێت: خۆ ڕەشمیری تەلانی ماویلیان نییە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

▫ سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/21/2 9:04:41 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 511

**خۆڵی تاوستان هەڵگرە بۆ زمستان**

https://www.kurdipedia.org/?q=20211224125727399382

خۆڵی تاوستان هەڵگرە بۆ زمستان
خۆڵی تاوسان بۆ زمسان یانیش کەفری هاڤینان باڤێن کادینان، هاوین وەرزی کشتوکاڵ و کارکردن و بەرهەمهێنانە، زستانیش لەمانگی(بەفرانبار)ەوە لە وڵاتی کوردەواریدا وەرزی سستبوون و متبوون و شەوچەرە و سۆپا داگیرسانە، ئەوەی لە کەندوو و هەمبانە و هیزە و دیزە و خەرار و جواری هەبێت تا ڕەشەمانگ(ڕەشەمێ) هەموو ووردە وردە خەرج دەبێت و نامێنێت، بۆیە کورد وەکو ڕێزگرتنی وەرزی هاوین و پڕ بایەخیەکەی وتویەتی زۆر قەدری وەرزەکە بگرن و تاوەکو(خۆڵی تاوسان هەڵگرە بۆ زمسان).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

▫ سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی


کاتی تۆمارکردن: PM 12:57:27 2021/24/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 512

## خۆی بەداود بەگی جاف ناگۆڕێتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220103203548400254



خۆی بەداود بەگی جاف ناگۆڕێتەوە
داود بەگی فەتاح بەگی جاف(1905-1966) سەرۆک هۆزی جاف بووە، لەسەردەمی پاشایەتی لەسەروبەندی پێکهێنانی پەرلەمانی عێراق دوای کۆچی ناوادەی براکەی(حەمەبەگ فەتاح بەگی جاف) دەبێتە ئەندامی پەرلەمان، ئێران و عێراق هەژماریان بۆکردووە، ساڵی(1959) نێوانی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم تێک دەچێت و شای ئێران پێشوازی لێ دەکات و وڵات بەرە و ئێران جێ دەهێڵێت، ئەوە داود بەگی جافە، بووە بەئیدیۆم لە گەرمیان کەسێک خۆی زۆر پێ شت بێت و لە بنەماشدا هیچی تیابەستە نەبێت بەگاڵتە و تەوسەوە پێی دەگوترێت(خۆی بەداود بەگی جاف ناگۆڕێتەوە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی


کاتی تۆمارکردن: PM 8:35:48 2022/3/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 513

## خۆی لێ کردوین بە هەنارەشیرینە

https://www.kurdipedia.org/?q=20201009103248388808



خۆی لێ کردوین بە هەنارەشیرینە
ئە و ئیدیۆمەی بەشێوازێتریش دەوترێت (خۆی لێ کردوین بەهەنگوینی شەمە تلێنکە)، هەردووک هەنگینی شەمەتلێنکە و هەنارە شیرنە دەگمەنن، مایەی خۆشحاڵی و شاگەشکەیی ئە و کەسانەن کە دەستیان دەکەوێت، لەبەر دەگمەنیش هەموو کاتێک بەردەست نین، ئەگەر لەماڵە میران هەبووبن، بۆیە باشترین دیاری کوردەواری هەناری شیرین بووە و ئەویش بووە بەئیدیۆم(دەرپێ هەناری شیرینی لۆ نەخۆش هینایە).
ئە و ئیدیۆمە بەکەسێک دەوترێت کە ڕێز لێگیراو و خۆشەویست بێت لەبەر هەر هۆکارێک بێت درەنگ ڕێک دەکەوێت سەر لە دۆست و برادەران و خزمان بدات بە گاڵتە ئامێزی و خۆشەویستیەوە پێی دەوترێت(لێمان بووە بە ئەستێرەی شیوەیل یان خۆی لێ کردوین بە هەنارە شیرینە)[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code


سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 10:32:48 2020/9/10
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 514

**خۆی ڕەق کرد**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220616172942418840



خۆی ڕەق کرد
هەندێ ئیدیۆم بە هۆی پێشکەوتنی مرۆڤەوە پەیدا دەبن، لە سەردەمانی زوو دەرزی و شریقەی کوتان و نەخۆشی نەبوون، هەروەها کامیرای وێنەگرتنیش بە و شێوەیەی ئەمڕۆ هەیە نەبوو، هەموو مرۆڤێک لە کاتی دەرزی لێدان و لە کاتی وێنەگرتندا هەندێک خۆی ئامادە و ڕەق دەکات، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ گاڵتە و گەپ و فشەکردن بە کەسێک کە کاری(جدی) ورێک وپێکی لێ ناوەشێتەوە، ئەگەر بیەوێت خۆی رێک وپێک بکات بەتەوس و گاڵتەوە پێی دەوترێت: خۆی ڕەق کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 5:29:42 2022/16/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 515

**خێر بەخوێش، نەک بەدەروێش**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201011101214388867



خێر بەخوێش، نەک بەدەروێش
دەروێش وشەیەکی کۆنی کوردی هەورامی یە بەمانای کەسێک دێت کە خەریکی پاککردنەوەی دەرون وخودی خۆیەتی و خۆی لەکاروباری خەڵکی هەڵناقورتێنێ و لەناکەس کاری دوور دەکەوێتەوە بۆ نزیکبوونەوە لە خودای تاقانە و پەرستراو، خوێش، واتە خۆیی و خزم و کەس وکار، دەروێش بەهۆی پەرستشەوە بەردەوام چاوی لە خەڵکە تێشوویەک و قوتێکی رۆژانەی پێ بدرێت، هەرچی خزم و کەس وکارە بە هۆی بارودۆخێکی نەخوازراو و لەدەست نەبوو و سەرووی دەسەڵاتی خۆیدا هەژار و نەدار دەبن، ئینجا خێر و خێرات، چاکە وچاککەکاری لەگەڵ خزم باشترە چونکە چاوناسە و چاوتان بەیەکتر دەکەوێتەوە، هەرچی دەروێشە دێت و دەڕوات و کەمتر چاوتان بەیەکدی دەکەوێتەوە بۆیە ووتراوە(خێر بەخوێش، نەک بەدەروێش).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

⁨🗄⁩ سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2020/11/10 10:12:14 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 516

## خێر لە قونێ سەی پەیدا نابی

https://www.kurdipedia.org/?q=20220226211122406396



خێر لە قونێ سەی پەیدا نابی
سەگ لەکۆمەڵی کوردەواریدا بە گڵاو ناسراوە، ئینجا ئەگەر خۆی گڵاو بێت، دەبێت پیسترین شوێنی کە قونیەتی چۆن بێت؟ ئینجا ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی پیس و پۆخڵ و ڕەزیل و قرچۆک دەوترێت(خێر لە قونی سەی پەیدا نابێت) واتە هێندە بێ کەڵکە هیچ سودێکی لێ پەیدا نابێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

⁨🗄⁩ سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2022/26/2 9:11:22 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 517

## خێری نییە، زەرەریشی بەپێی سەی

https://www.kurdipedia.org/?q=20220203204525403758



خێری نییە، زەرەریشی بەپێی سەی
سەگی هەش بەسەر یەکجار لە کوردەواریدا ستایشی کراوە ئەویش تەنها بە قسە نەوەکو ئیدیۆم کە دەوترێت: ئاژەڵێکی بە ئەمەکە بۆ خاوەنەکەی، بەڵام هەرچی ئیدیۆمی کوردانە لەسەر سەگ لایەنی خراپی سەگی وەرگرتووە وەکو:(سەی نان بدە، سپڵەی نان مەدە و سەش بەژنان ناوەرێت، سەگی لە سەگە، دەڵێی سەگی هاوشارە، سەگی هەڵەوەرە، سەگی هار تەمەنی چل رۆژە، سەگی پێ سوتاوە، بەخوا سەیە)، جگە لەمە ناوی سەگ لە زۆربەی جنێوەکانی مرۆڤ ناوی بەخراپە دەهێنرێت و وتراوە: سەگی سەگباب، سەگباب، سەی لەسە، هەڵبەت لە و ئیدیۆمەش هەر بەخراپە ناوی سەگ وەرگیراوە، سەگ کە خۆی ئاژەڵێکی گڵاو بێت، لە زەرەر و زیان بەولاوە چیتری لێ دەوەشێتەوە، بۆیە لێرەش سەرکۆنەی سەگ کراوە و بەکەسێکی بێ کەڵک و بێ خێر و زیانبەخش ووتراوە(خێری نییە، زەرەریشی بەپێی سەی) واتە زیانەکەشی وەکو زیانی سەگ وایە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/3/2 8:45:25 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 518

## خێرە خۆرەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180107075225143823



خێرە خۆرەیە
خێرە لە بنەڕەتدا لەگەڵ ماسیە(قورە)یانە کە ماسیەکی بچوکی سەرپشت ڕەش و پەڕەکەی درکێکی ڕەق و تیژی پێوەیە و زوو دەیخاتە داوای تۆڕەکانەوە، دوای ڕاوکردنیشی سکی شلە و بەر لە هەموو ماسیە ڕاوکراوەکان بۆگەنی(گەنیو) دەبێت، هەموو ڕاوکەرێک بەس تۆڕەکەی(تەرح) لێ بدایە لەناو زێ و ڕووباران ئەوا یەکسەر ئە و جۆرە ماسیەی پێوە دەبێت، بۆیە بووە بەئیدیۆم لەناو ڕاوکەرانی ماسی و دەوترێت فلانە(خێرە خۆرەیە) واتە هێندە بێ دەسەڵاتە تەنها ماسیە خێرە-قورە دەگرێت و ناتوانێت ماسیەکانی سورە و زەردە و بزە و ڕەشەی ڕاو بکات کە گۆشتەکانیان خۆشتر و بەتامتر و پڕ بازارتریشە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/7/1 7:52:25 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 519

## خێوەت دەرگەی نی یە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190330081602283427



خێوەت دەرگەی نی یە
ڕەشماڵ و خێمە و خێوەت و دەوار دەرگایان نی یە، وتراویشە فڵانە ماڵ هێندە میوان دۆستن شە و و ڕۆژ دەرگایان کراوەتەوە یان(دەرگایان لەسەر پشتە-واڵا و کراوەیە) ئەم ئیدیۆمە لە ناو کوردانی پیشە کۆچەریەوە خزاوەتە ناو خەڵکی شاریشەوە، کاتێک بەکاردێت بۆ گوزارشتە لە میوان دۆستی ئە و کەسەی قسەکە یان ئیدیۆمەکە بەکاردەهێنێت کە دەڵێت(خێوەت دەرگەی نی یە) واتە ماڵ ماڵی خۆتە هەرکاتێک بتەوێت بێیت و سەردانمان بکەیت، دەوار کوا دەرگای هەیە تا بۆ ئێوە داخرابێت، ئەم پەندە گوزارشتە لە خزم و میوان دۆستی.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/30/3 8:16:02 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 520

## خێڕسک یان خوێڕسکە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180926103011156262



خێڕسک یان خوێڕسک
خوێ کانزایەکی نافلزیە و سود و زیانی بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ و رووەک هەیە، ڕسک یان ڕسکاو بەهۆی کۆمەڵێک بارودۆخی زەیۆشی و ئاو وهەواو بنەماوەیە لەگەڵ چ سروشت یان رۆڵی مرۆڤ لە و ڕسکاندنە، ئەگەر مرۆڤ رۆڵی هەبێت پێویست بە(ڕسک) ناکات و دەوترێت(دەستکرد) کەواتە ڕسک زیاتر بۆ بنەما سروشتی دەگەڕێتەوە، کەواتە خوێڕسکیان بەشێوە زاری هەولێری و کۆیان خێڕسک واتە خوێجاری سروشتی، ئەم زاراوە و ئیدیۆمە زیاتر خاوەن ئاژەڵەکان بەکاری دەهێنن زۆربەی ئاواییەکانی کوردستان ناوی شوێنێ لە شوێنەکانی گوندەکانی زاراوەی خوێڕسک یان خێڕسکی هەیە واتە بەهۆی بارودۆخی سروشتەوە لە ڕەوەزە شاخەکانەوە خوێ دروست بووە و مەڕو ماڵات و بەتایبەت بزن زۆر حەز بە و خوێیە دەکات لەوەرزی بەهاران زیاتر بۆ ئەوەی توشی دڵخێورانەوە نەبێت بەهۆی گیاوگۆڵ و کەسکایەتی و شینکایەتیەوە دەبێت خوێی پێ بدرێت چ خێڕسک بێت چ خوێرووکردن بێت کەخاوەن ئاژەڵەکە پێی دەدات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2018/26/9 10:30:11 AM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 521

## خێی عارەبان برشێ

[https://www.kurdipedia.org/?q=20190107091234186218](https://www.kurdipedia.org/?q=20190107091234186218)



خێی عارەبان برشێ
لە هەولێرێ و کۆیە بە(خوێ) دەوترێت(خێ)، مەملەکەتی عارەبان خوێی زۆرە و ئەگەر هەندێکیش برشێ ئەوا زیانیان بەر ناکەوێت و وەک ئیدیۆمی (خورما لە بەغدا زۆرە)شی لێهاتووە، زۆر جاران کە مرۆڤ قسەیەکی دەکات بەنمونە دەڵێت کەسی مردوو بە فلانە کەسی زیندوو دەچێت ئینجا لە و نێوەندە دەڵێت(کوێی شەیتانی کەر بێت) ئەمەش واتە(دوور بێ خوایە) یان با کوێی شەیتانی کەریش بێت چش، بەهەمان شێوە کەسێک ساتمەی بکات و بکەوێت کورد یەکسەر دەڵێ(خوێی عارەبان برشێ) بەس تۆ هیچت لێ نەیەت چونکە چ زۆرە خوێی عارەبان زۆرە با هەر برشێ.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖵 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/7/1 9:12:34 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 522
## خەتی خوار لەبن سەری گای پیرە
https://www.kurdipedia.org/?q=20170711094858141305



خەتی خوار لەبن سەری گای پیرە.
لەدێر زەمانەوە میللەتی کورد جوتی بە گاجوتی کردووە، ئە و گایەی کە پیرە و بەساڵاچووە لەلایەک ئەزمونی هەیە و لەلایەکیتریشەوە فرت وفێڵ دەزانێت، ئەگەر رای لەکاری جوتکردنەکە نەبێت بەخواروخێچی دەڕوات و خەتی جوتکردنەکە خوار دەکات کە ئەمەش مەبەستی جوتیار نیە خەتی جوتکردنی زەوییەکەی خوار بێت، هەڵبەت ناچار دەبێت جوتەکە راگرێت، لەناو کوردیش ئەمە کراوە بە پەند کاتێک کێشە و گیروفتێک چارەسەر نابێت و گەنج و لاو دەکەونە شەڕ و ئاژاوە و کوشتاری دوور و درێژی لێ دەکەوێتەوە، پیاوە بەتەمەن و ئەزمونداەرەکان و بەساڵاچووەکان رۆڵیان لە ئاژاوەکە هەیە بۆیە ووتراوە خەتی خوار لەبن سەری گای پیرە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🖵 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/11/7 9:48:58 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 523
## خەرمان کوتان کاری بزن نییە
https://www.kurdipedia.org/?q=20171112085034143150



خەرمان کوتان کاری بزن نیە
گا و گوێدرێژ و وڵاغە بەرزە کاری ڕاکێشانی جەنجەڕ و خەرمان کوتانی پێکراوە و کارێکی ئاسانیش نەبووە، ئە و جەنجەڕ ڕاکێشانە بە(بزن) ناکرێت بۆیە ئە و ئیدیۆمە بەکەسێک دەوترێت کە کارێک بگرێتە دەست و نەتوانێت رایپەڕێنێت و لە ئاستی توانا و ووزەی ئە و نەبێت و دەوترێت(خەرمان کوتان کاری بزن نیە) واتە کاری گران بەهەموو کەس ناکرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/12/11 8:50:34 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 524

## خەسویەکی باش بە فەلاحەتیەک هەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190114065438198833



خەسویەکی باش بە فەلاحەتیەک هەیە
لەگەڵ ئەوەی(خەسو) وەک(خەزور-خەزوراوە) کۆ ناکرێتەوە و بوترێت(خەسواوە) بەڵام بە(تاک)یش باس بکرێت شوێنی(کۆ) هەر دەگرێتەوە لەبەر ئەوەی ئە و زاراوەیە تام و بۆن و ناوی خۆی هەیە، خەسو کە دایکی هاوژینی هەریەکێکمانە ئەگەر باش بێت بۆ کچەکەی ئەوا(نیعمەتەکان)ی نابڕێتەوە و لە(جۆوان) یان(بەرەوانێک) بە بەرهەمتر و برشتر دەبێت هەر لە ئاگا لێ بوونی وەچە و منداڵەوە تا دەرگاوبان هەڵبەت ئەم هەموو خزمەتگوزارییە هەر دایک بۆ منداڵەکانی دەیکات و جەرگی جەرگیش وەک دەڵێن شیرینە هەموو ئەمانە وایکردووە کورد بەدەربڕینەوە باسی خەسوی باش بکات و لەگەڵ جوتیاریٚ(فەلاح) یان بەرەوانێ یان جۆوانێکی باش لێکچواندنیان بۆ بکات بڵێت(خەسوی باش لە فەلاحەتیەک باشترە یان بەفەلاحەتیەک هەیە ).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 6:54:38 2019/14/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 525

## خەلە فرۆش لە مەن دەپرسێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20211230071848399836



خەلە فرۆش لە مەن دەپرسێت
خەلە فرۆش ئە و کەسەی گەنم و دانەوێلەی دەفرۆشیت، مەن-یش پێوانەیەکە(2)دوو ڕەتڵە، هەر ڕەتڵێک(453)گرامە، کەواتە(906)گرامە هەر مەنێک، ئەوە لەئیدیۆمی کوردەواریدا بەکارهاتووە، ئە و مانایە دەدات:هەرکەسە و عەودالی شتێکە، ئە و شتەش ڕێ و شوێنی خۆی هەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:18:48 2021/30/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 526

## خەلەی خۆم و گەلەی خۆم

https://www.kurdipedia.org/?q=20220509231126413445



خەلەی خۆم و گەلەی خۆم
خەلە: دەغل ودان و چاندنی دانەوێڵەی گەنم و جۆیە، گەلە: ڕان و مێگەلە مەڕ و بزنە، ئە و کەسەی خاوەنی خەلە و خەرمان بێت واتە زەخیرە و دانەوێڵەی هەیە بۆ زستان و پێویستی بەکەس نابێت، ئەوانەی خاوەنی مەڕوماڵات و بزنەگەلن، بێ ماست و دۆی نابن و گۆشت و گۆشتاو و پێستە و خوری و موویان هەیە بۆ پێداویستیەکانی جل و بەرگ و خەرار و جەوال و ڕەشکە و گوریس و ڕایەخ و...تاد، هەموو کۆشش و زەحمەت و ڕەنجبەری وەرزێر و جوتیار و کشتیار و لادێنشینانی کوردستان، لە هەردوو پیشەی شوانکارە و کشتوکاڵدا بۆ هەردوو بەرهەمهێنانی بەرهەمی ئاژەڵی و بەرووبوومی کشتوکاڵیە، واتە خەلە و گەلە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و جوتیاری کورد چاوی لە دەستی کەس نابێت، کاتێک(دانەوێڵە و دۆ)ی هەبێت بۆیە کورد وتویەتی: خەلەی خۆم و گەلەی خۆم.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇺🇳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/9/5 11:11:26 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 527
## خەنجەر لەکایە
https://www.kurdipedia.org/?q=20200902005926387400



خەنجەر لەکایە
خەنجەر، پارچە ئاسنێکی تیخ و تیژە هاوشێوەی(دەمانچە)ی ئەورۆ بووە، پێشینان پێیان سونەتی بووە کە مرۆڤ تیخێکی پێ بێت، بۆیە زۆربەی گەنج و لاو وپیاوەکان قوڵە، کوڵە خەنجەرێکیان لەبەر پشت و ناوکالانیان بووە، زۆر کەسی کوشتووە ئە و تیخە ئاسنە توند وەشێنراوە و شوێنی کارای گرتبێت کەسی نەجات نەداوە و ڕۆحی کێشاوە، کا، دەرئەنجامی کوتانی خەرمانە بەجەنجەرێ و جیاکردنەوەی کا ودان هاتۆتە کایەوە، کا خۆراکێکی زۆر و زەوەند بووە و لەمشە بووە، خەنجەر لەکایە واتە خەنجەر لە کادان هیچی ناوێت و زۆر ئاسانە، یان گوزارشتە بۆ ئەوەی کەسێک دەستی لەناوکا بێت چەندی لێ دەربهێنێت هەر کادینەکە کای لێ نەبڕێت، ئینجا ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەمەبەست بەکاردێت بۆ یەکێک زۆر دەستی بڵاو بێت بەهەردوو لەپان خەرج بکات و داهاتەکەش خۆی خاوەنی نەبێت، بەتەوسەوە بەوکەسانە دەوترێت(خەنجەری لەکایە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇺🇳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/2/9 12:59:26 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 528
## خەڵوە ئەکێشێ، بەنگیش ئەکێشێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20220328235934409336



خەڵوە ئەکێشێ، بەنگیش ئەکێشێ
بەنگ بەری ڕووەکێکە، گیایەکی سەوزە و بەروبومەکەی دەنک دەنکی قاوییە و بەمادە بێ هۆشکەرەکان دادەنرێت، ئەوەی بیکێشێت سەرخۆشی دەکات و پێی دەوترێت(بەنگکێش)، خەڵوە واتە:چلەنشینی سۆفیان کە بەتاک و تەنیایی ماوەیەک بە سۆفیگەرێتیەوە ڕادەبورێرن، ئیتر ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێک دەوترێت: کە عەیبەی نەزانێت و بلێت عەیبە لە بن عەبایە و شەرم و ئابڕوی نەبێت و لەسەرەوە خۆی بەکارێک خەریک بکات و لە ژێرەوەش کارێکیتر ئەنجام بدات بەتەوسەوە پێی دەوترێت: خەڵوە ئەکێشێ، بەنگیش ئەکێشێ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/28/3 11:59:34 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 529

## خەڵک حەسوودی بە گوی گەورە دەبات

https://www.kurdipedia.org/?q=20170724154953141567

خەڵک حەسوودی بە گوی گەورە دەبات
ئێرەیی بردن لە دەرونی مرۆڤدا وەک حاڵەتێکی دەرونی بەرجەستەکراوە و درکی پێکراوە، ئێرەیی و حەسادەت بردن بە موڵک و ماڵ و ژن و منداڵ و زەوی و زار و تەندروست باشی و جوانی و تاد هەیە و بەردەوامە بۆیە لە کوردەواریدا بووە بەپەندێکی جێماو و وتراوە خەڵک حەسودی بە گوی گەورە دەبات واتە ئەگەر کەسێک پاشەڕۆکەی زۆر بێت یان لەشی ساغە یان ماڵی خۆی پێ دەخورێت و تاد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/24/7 3:49:53 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 530

## داخوا کەری کێ لە گاڕانێ نەهاتیتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220221204746405904



داخوا کەری کێ لە گاڕانێ نەهاتیتەوە
کەرەشوانە لە ناو ڕان و مێگەل لە دوورەوە دیارە، سەبارەت بە کەری ناو گاران و گایەلیش هەروایە، کەرە شوانە لەگەڵ ڕانەکەی لەگەڵ خۆرهەڵاتن دەڕوات و لەگەڵ خۆرکەوتن دەگەڕێتەوە ماڵەوە، بەڵام کەری دەست گاڕانێ درەنگتر دەڕوات و زووتریش دەگەڕێتەوە، کاری خۆی زۆر بەباشی ناکات بۆیە لە ئیدیۆمێکیتریشدا ووتراوە: دەڵێی کەری دەست گاڕانێیە یان جاشی دەست گاوانێیە، ئەگەر کەری ناو گاڕان هەموو ڕۆژێک زوو بگەڕێتەوە دیاردەیەکی ئاساییە، بەڵام ئەگەر درەنگ گەڕایەوە دەبێتە شێکی نامۆ، ئە و حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم و بۆ کارێکی چاوەڕوان نەکراو لەکەسێک دەوترێت: داخوا کەری کێ لە گاڕانێ نەهاتیتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/21/2 8:47:46 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 531

## دار مەکە بەکونی زەردەواڵەوە با پێوەت نەدا

https://www.kurdipedia.org/?q=20181229092606181960



دار مەکە بەکونی زەردەواڵەوە با پێوەت نەدا
زەردەواڵە لەبنەچەی مێشە زیانبەخشەکانە و چزویەکی هەیە بەردەوام سوارە و پربە گەرووەکەی ژەهر دەخاتە جەستەی ئە و نێچیرەی کە دەیەوێت ژەهری خۆی پێ دابرێژێت، ئینجا لەکوردەواری لەجیاتی شانەی زەردەواڵە بەماڵ و حاڵ و لانەی دەوترێت(کونە زەردەواڵە) لەسەردەمی منالێدا کەم کوڕە لادێی و شوانکارە هەبووە داری لە کونە زەردەواڵە وەرنەدابێت، زەردەواڵەکانیش بەکۆمەڵ هێرش دەکەنە سەر ئە و کەسەی دار لەلانەکەیان وەرددەدات ئینجا کورد دەڵێ(زەردەواڵەکان هار بوون) واتە لەهیچ ناپرسن لەتاوی بارەگا و ڕەشماڵ و شانە و لانەکەیان و پاراستنی گەرا و بێچوەکانیان بەیەکەوە باڵەکانیان سەمفۆنیای سرودی بەرگری لە شانەکەیان دەژەنێت و پەلاماری ئە و دەستە دەدەن کە داری وەرداوەتە لانەکەیان هەڵبەت لە و ژمارە زۆرەی زەردەواڵە بەلایەنی کەمەوە یەک دوو چزوت دەخەوێنرێتێ و پێوەت دەدرێت و زۆریش مەراق لەدەم وچاو و سەر وگوێلاک دادەگرن بۆ ئەوەی بتکەنە مەیمون و جارێکیتر زات نەکەیت بچیەوە دەروبەری کونە زەردەواڵەکە، ئینجا ئەمە بووە بەدرکە و کینایە لەکوردەواریدا بەکەسێک دەوترێت کە خۆی لەکارێکی دژوار هەڵبقهورتێنێ و مەترسی بکەوێتە سەر ژیانی و هەڕەشەی بکەوێتە سەر پێی دەوترێت ئە و کارە مەکە یان بۆ ئە و کارەت کردووە ئاخر ئەوهات لێ دێت چونکە وتویانە(دار مەکە بەکونی زەردەواڵەوە با پێوەت نەدا)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 12/29/2018 9:26:06 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 532

## دار نەرم بێت، کرم دەیخوات

[https://www.kurdipedia.org/?q=20211227091959399701](https://www.kurdipedia.org/?q=20211227091959399701)



دار نەرم بێت، کرم دەیخوات

دار ئەگەر تۆکمە و سفت وسۆڵ بێت، کرم و مێروو ناتوانن بەئاسانی لێی بدەن و بیخۆن و بنکەوڵی بکەن، بەڵام ئەگەر دارەکە خۆی کلۆر و گەندەڵ و نەرم بێت ئەوا مێروولە و کرمی لێ دەدات، واتە ئەگەر زاڵ نەبێت بەستەزمان دەبێت و دەوروبەر بەئاسانی پێت دەوێرن، ئەوە بووە بە ئیدیۆمێکی پڕ ئامۆژگاری و لۆمەی کەسێکی پێ دەکرێت کە کەمتەرخەمە بۆیە گرفت و کێشەی بۆ دێتە پێش بۆیە دەوترێت(دار نەرم بێت، کرم دەیخوات).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 12/27/2021 9:19:59 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 533

## دارکە برا چاوی لەبەهار نی یە

[https://www.kurdipedia.org/?q=20190211063228257689](https://www.kurdipedia.org/?q=20190211063228257689)



دار كە بڕا چاوی لەبەهار نی یە
زۆر جار کەسێک لەوپەڕی زەوق و شەوق و کەیف خۆشیە کەچی لەپڕ وەک ئەوەی ئاوێکی ساردی بەسەرا بکەیت دەکوژێتەوە، ئینجا چ بەهۆی نەخۆشیەوە بێت یان تەگەرەیەکی بۆ دروستکراو و هەڵبەستراوێک ئەوا یەکسەر کز و خامۆش و مەلول دەبێت، درەخت و داریش بەهەمان شێوە ئەگەر بڕایەوە ئەوا لەبەهاردا چل و گەڵا دەرناکات چونکە ئە و بەتەواوەتی بڕدراوەتەوە و ژیانەوەی بێ سەمەر دەبێت، ئەمە بۆ جەرگ-سوتاوان و دڵبریندااران-یش هەر دروستە، ڕازانەوە و شایی و شادی نەورۆز وبەهار بەتۆ چی کاتێک دووچاری لەدەستدانی ئازیزان بوبیت هەڵبەت هاوشێوەی ئەم دەردەداریە کورد لە و ئیدیۆمەدا وتویەتی(دار كە بڕا چاوی لەبەهار نی یە).

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/11/2 6:32:28 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 534

## داری بێ بەر بۆ بڕین باشە

https://www.kurdipedia.org/?q=20181229093248181962



داری بێ بەر بۆ بڕین باشە
دارودرەخت ئەگەر سروشتی و خۆڕسک نەبن پێویستە بەردارین، چونکە دارودەوەنی خۆرسکیانە بۆ هاوسەنگی ژینگە هاتونەتە کایەوە، بەڵام ئە و جوتیارەی بەدەستەکانی خۆی نەمامێک دەڕوێنێ بە هیوای ئەوەی پاش خزمەتکردن و ئاودان و کێڵانی خاکەکەی درەختێکی بەرداری بەرهەمداری بۆ بێتە کایەوە هەم لەبەرەکەی بخوات و هەمیش بیفرۆشێت، ئینجا هەندێجار ڕێک دەکەوێت لەنێو نەمامە چێنراوەکان لەچەند بنەدارێک بنێک یان دوان و سیان بێ بەر و(زڕ)دەردەچن و هەر گەڵاو چڵیان سەوز و گەورە دەبێت بەبێ ئەوەی بەرهەمێکیان هەبێت و خاکەکەش داگیردەکەن و ئاوێتە و پەین و پێکهاتە ئەندامیەکان و پرۆتینیش لەرووەکەکانیتر دەبن و هیچ سودێکیش ناگەیەنن بۆ جوتیارەکان دوای چاوەڕوانی ساڵێک بۆ دووان دوای دڵنیابوون لە بێ بەرییەکەی بێ دوو دڵی هەڵدەستێت دەیبڕێتەوە و نەمامی تری لەشوێنەکەی دەڕوێنێتەوە، هەندێجار لە نێوان مرۆڤەکانیش مرۆڤ هەیە وەک ئە و داروردختە چێنراوەی بێ بەروبومە و هیچ بەرهەمێکی دیار نی یە و کورد ووتەنی ئەوپەڕی بێ کەڵکە جگە لەوەی بەرهەمی نی یە هیچ سێبەرێکیشی بۆ خەڵک و دەوروبەرەکەی نی یە بۆیە بە درکە وکینایە و دەربڕینەوە لە کوردەواری بە و کەسانە دەوترێت(داری بێ بەر بۆ بڕین باشە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] ✔ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: AM 9:32:48 2018/29/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 535
**داری گەورە، نابێتە گۆپاڵ**
https://www.kurdipedia.org/?q=20211227092304399703



داری گەورە، نابێتە گۆپاڵ
بەشێوەیتریش وتراوە(کەنگر و ماست بەوادەی خۆی) یان(گۆلکی باری بەمنداڵی) یان عەرەب وتەنی(فێربوونی بەمنداڵی وەکو نەقشی سەر بەردی) چڵە دار و شوڕە دار دەتوانرێت بەئارەزووی خۆت شتی لێ دروستبکرێت، بەڵام کە شوڕەکان بوونە کۆلکە و چەرەگە و کاریتە، ناتوانرێت(گۆپاڵ)ی لێ دروست بکرێت، بەڵام دەکرێنە(کلکە خاکەناس و تەور و پیشەقان و چەرەگە و دینگە و کۆڵەگە و...تاد) ئە و حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم بۆ کارێک کە کاتی خۆی نەبێت یان ڕێگەی تێ نەچێت دەوترێت(داری گەورە، نابێتە گۆپاڵ).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] ✔ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: AM 9:23:04 2021/27/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 536
**داشی سوارە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220509232025413448



داشی سواره
داش، بەردێکە لە یارییە کوردەوارییەکانی وەکو(سێ ڕیزکێن(ڕێچکان) و نۆ ڕیزکێن و دامە) بەکاردەهێنرێت، ئەوانەی ئە و یارییە دەکەن، یاری بە و بەردانە دەکەن و وەکو چەشەکردن لە پلانەکانیاندا دەیخەنە بەر دەمی بەرامبەرەکانیان و دەڵێن: ئە و بەردەی بخۆ، تاوەکو بەهۆی ئە و جولەوە چەند داشێک و بەردێک لە بەرامبەرەکەی بخوات و بارودۆخی زاڵبوونی بەسەر یاریەکەدا بسەپێنێت، لەیاری دامە و نۆڕیزکێن ئەگەر سێ لە بەردەکان ئامادەبن بۆ ئەوەی لەیەک هێڵدا تەریبی یەکتری بن، بەبەردی ئامادەی سێیەم دەوترێت ئە و داشە سوارە، واتە ئامادەیە بۆ ڕێزکردن و بەمەش دەتوانێت بەردێکی بەرامبەر بەئارەزووی خۆی بخوات، ئە و حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی بەخت و شانس باش دەوترێت:داشی سوارە واتە شانسی باشە و لە برە و و پێشوەچووندایە، هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمەش وتراوە: بەختی وەک سەگ دەوەڕێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/9/5 11:20:25 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 537
**داشەهارە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180106090826143791
داشە هارە
بەدواهەمین بەردی یاری و وازی و گەمەی دامە دەوترێت، کاتێک دامەچیەک هەموو بەرد و داشەکانی دەخورێت کۆتا بەردی کەدەمێنێتەوە بە و داش و بەردەی دەوترێت(هار) چونکە دەتوانێت ڕاست و چەپ ببجولێنێ و هاوشێوەی بەردی ئاغای لێ دێت، ئەم داشە هارەیە بووە بەدەربڕ و ئیدیۆم بۆ مرۆڤیش بەکاردێت بە تایبەت بۆ ئە و مرۆڤانەی بە بزاوت و جموجۆڵ و بێ تۆترەن واتە دانەسەکناو و هاروهاجن و هەر دەقەی لە شوێنێکن و ئارام و حەوسەڵەیان نیە دەوترێت دەڵێی داشەهارەیە یان بووە بە داشەهارە یان وەک داشەهارەی لێهاتووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:08:26 2018/6/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 538

**دامێن هەڵکراوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170923134430142690

دامێن هەڵکراوە
دامەن هەڵکراوە، ئیدیۆمێکە بەکاردەهێنرێت بۆ ئافرەتێک پێچەوانەی ئاودامانە، بێ حەیایە و دەتوانێت بۆ پەردەپۆشکردنی تاوانێک دامێنی خۆی بەرەڵا بکات و کراسەکەی لە کۆڕ و قەرەباڵغی هەڵبداتەوە و شوێنی شەرمی بخاتە ئە و ناوەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 1:44:30 2017/23/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 539

**دان و ماشیان پێکەوە ناکوڕێ**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220218202234405542



دان و ماشیان پێکەوە ناکوڕێ
ئە و ئیدیۆمە لە وراتی کۆیە بووە بە دانولە(دانەوێڵە) یان پێکەوە ناکوڵێ، بەڵام لە رواندزێ دەوترێت: دان و ماشیان پێکەوە ناکوڕێ، لێرەدا دانەوێڵەی گەنم کە بەدەنکە گەنم دەوترێت: دان، ماشیش لەرووەکە پاقلەمەنیەکانە، گەنم و ماش ئەگەر تێکەڵ بکرێن و بخرێنە ناو مەنجەڵێکەوە، لەبەر ئەوەی هەر یەکەیان پلەی کوڵانیان جیاوازە و بەیەکەوە لە یەک کاتدا ناکوڵێن، بۆیە کراوە بە و ئیدیۆمە و بە دوو کەسی نەکوڵەک و بەیەکەوە هەڵنەکردوو دەوترێت: دان و ماشیان پێکەوە ناکوڕێ. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📋 سەرچاوەکان
[1] ‎κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)


کاتی تۆمارکردن: 2022/18/2 8:22:34 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 540

## دانا بە ئاماژە، کەر بە نەقیزە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220510215637413528



دانا بە ئاماژە، کەر بە نەقیزە
ئاماژە: واتە پەنجە بۆ درێژکردن، یان تیلی چاو جولاندن یان تیشک خستنەسەر و هێما بۆ کردن، نیشانە و هێما و دەستنیشان و دیاریکردنی شتێک، نەقیزە: داردەستێکە، بزمارێک یان نەشتەرێکی نووک تیژ بە سەری دارەکەوەیە، وڵاخە بەرزەی پێ لێدەخورن، لە و ئیدیۆمەدا، دوو چەشن لە مرۆڤ دیاریکراوە(دانا، کەر)، مرۆڤی داناکەسێکی تێگەیشتوو و وریا و شارەزا و زانا و هۆشیارە بە تەنها یەک ئیما و ئاماژەی بچووک تێ دەگات و پێویستی بە دووبارە کردنەوە نییە، هەرچی چەشنی دووەمە کە ئیدیۆمەکە بە(کەر) ناوی هێناوە واتە: ئە و مرۆڤەی بەستەزمان و کاڵفام و نەزانە بە ئاماژە و هێماکردن لە هیچ شتێک تێ ناگات، تەنها داردەستی نووکە نێزەی گەرەکە و بە نەقیزە نەبێت کاری پێ ناکرێت و تێ ناگات، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ جیاکردنەوەی دانا و زانا لە نەفام و گێل بە تەوس و پەلار و توانجەوە دەوترێت: دانا بە ئاماژە، کەر بە نەقیزە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📋 سەرچاوەکان
[1] ‎κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)

کاتی تۆمارکردن: 2022/10/5 9:56:37 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 541

## دانە خۆرە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180107075512143824

دانە خۆرە
دان: دانەوێڵەی گەنم و جۆ و نیسک و نۆک، خۆرە: خواردن یان چەشەکردن
تەپکەیەک بۆ سوێسکە دەنێیتەوە دەوروبەری بەرد و قۆرتەکە هەندێک کاوکۆت و وردە دانەوێڵەی گەنم ڕوو دەکرێت، داو بۆ کە و و ڕیشۆلە دەنرێتەوە پڕ سەری داوەکە بەهەمان شێوە دەکرێتە دانەخۆرە و کاوکۆت و گەنم، گۆمێک ماسی تێدا بێت فەردەیەک کێچکەنان و وردەنان و کەپەک و هەویر و برنج و چێشتی وەک برنج و ساوار و گەنمەکوتاو تاد دەخرێتە نێویەوە تا ماسیەکانی لەدەور کۆببێتەوە ئینجا تۆڕ یان نارنجۆک یان تێ ئێنتی و بۆمبێک بەکاربهێنرێت بەهەموو ئەمانە دەوترێت دانە خۆرە واتە چەشەخواردوکراو بۆ ئەوەی زۆرترین نێچیر چ سوێسکە یان کە و یان ڕیشۆڵە یان ماسی ڕاو بکرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/7/1 7:55:12 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 542
**دانە خۆرە بووە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180107075936143825
دانە خۆرە بووە
دان: دانەوێڵەی گەنم و جۆ و نیسک و نۆک، خۆرە: خواردن یان چەشەکردن
لێرەدا بە و بێچووە باڵندە دەوترێت کە گەندەپەڕی نەماوە و بۆ خۆی دەتوانێت دوور لە دایک وباوکی دانەوێڵە بخوات بەتایبەتی بێچووە کۆتر کە دەگاتە قۆناغی باڵەفڕە و لە هێڵانەکەی دێتە دەرەوە و بۆخۆی بژێوی خۆی پەیدا دەکات ئەم بۆ کور و کچی عازەبیش بەکاردەهێنرێت کە تازە دێنە تەمەنەوە و قۆناغی منالی دەبڕن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/7/1 7:59:36 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 543
**داو دۆز بووە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180621092216151982



داو دۆز بووە
ئە و ئیدیۆمە بەجۆرێکیتریش دەوترێت(داوبەس بووە-واتە داو بەست بووە) یان دەوترێت(پرچی لەبەرهەتاو سپی نەکردووە) یان(سمی سوڕاوەتەوە) هەموو ئە و دەربڕانە گوزارشتن لە تاقیکردنەوەی ژیان و فێربوونی ژینگەیی بۆ نمونە هیچ باڵندەیەکی وەک کە و و سوێسکە و پۆڕ و قەتێ لەناو هێلکەوە فێری داو دۆزی نەبوون واتە: دۆزینەوە و ناسینەوەی داوی داونانەوەی ڕاوکەران بەڵکو بە هۆی تەڵە و داوانانەوەی مرۆڤ داوناس بوون و کورد ووتەنی(پێیان لە هەزاران ئاودایە و تەڕ نەبوون) بۆیە ئەم درکەیە ئەگەرچی باسی کە و و پۆڕ و سوێسکەی دەکات بەڵام بۆ مرۆڤێک بەکاردەهێنرێت کە هەنگاوی ژیرانە بهاوێت بەهۆی تاقیکردنەوە و زۆر ئەزمونی هیچ فرت و فێڵ و تەڵەیەک نایخاتە داووە بۆیە بە و جۆرە مرۆڤانە دەوترێت(داو دۆز بووە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 9:22:16 2018/21/6

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 544

## داوای شانە لە کەچەڵ دەکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20211227092642399704



داوای شانە لە کەچەڵ دەکات
کەچەڵ هێندە گوناحە تا ئەسپێش لەسەری نادات، ئەگەر ڕشکێک ببینێت دەیکاتە هەرا دەڵێت پرچم یان سەرم ڕشکی لێداوە، ئەوە مانای ئەوەیە کەچەڵیم نەماوە، ئەوە باوە لەناو کوردان، ئینجا ئە و کەچەڵیە واتە هێندە لوس و بێ مووە بە ژیانی پێویستی بەهەڵگرتنی شانە ناکات، خۆ ئەگەر داوای شانەی لێ بکەیت هەم گاڵتە دەکەیت هەمیش دەستت ناکەوێت، بۆیە بەتەوسەوە کە داوای شتێک لەیەکێک دەکەیت و ئەویش نیەتی دەڵێت(داوی شانە لەکەچەڵ دەکات).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:26:42 2021/27/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 545

## دایک ببینە و کچەی بخوازە

https://www.kurdipedia.org/?q=20181217063703181613



دایک ببینە و کچەی بخوازە لە چەند شێوەزارێکی زمانی کوردیدا:
1-دایک ببینە، کچی بخوازە(سۆرانی)
2-دادی ببینە، دودی هەلینە(کرمانجی)
3-داڵک بوینە، دویت بخوازە(کرماشانی)
4-داڵک بوینە، دوویەت بسینە(کەڵهوڕی)
5-دایک بوینە کەنیشک بخوازە(ئەردەلانی)
6-سحلا دایکی کە کچی بخازە(بادینی)
7-شا داکوش کەرۆ کناچەش بوازوو(هەورامی)
8-داڵک بوونە و دووەتی بخواز(گەڕوسی)
9-داڵکە بیونو دیوتەگە بخواز(ناوچەی ئیلام)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: ⬇ باشووری کوردستان
ولات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 6:37:03 2018/17/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 546

## دایک بگرە کچ بەدەستی خۆتەوەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190212080050257698



دایک بگرە کچ بەدەستی خۆتەوەیە
دایک ببینە و کچەی بخوازە واتە لە ئەدگار و خاسیەت دا چونکە پەروەردە سەرەکیەکەی دایکیەتی بۆیە دەکرێت هەمان خورەوشت و سیفەتی ئە و هەڵبگرێتەوە، هەر بۆیەشە کاریگەرترین کەس بەسەر کچەوە دایک لێک دراوەتەوە واتە ئەگەر دایکی کچەکە ڕەزامەند بێت ئەوا دڵی کچەش بەدەستهێنانی قورس نابێت هەر بۆیە کورد لە و چوارچێوەیەوە وتویەتی(دایک بگرە کچ بەدەستی خۆتەوەیە).


Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🅺 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2019/12/2 8:00:50 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 547
**داتیە بەرداسی**
https://www.kurdipedia.org/?q=20210224205608391724



داتیە بەرداسی
پاڵە و سەپان بە(داس)ی دروێنەی گەنم و جۆیان کردووە، تەبارەیەکی گەورە و فراوانی دەغڵ و دانیان خستۆتە بەرداس و بە سوارە سوارە تەبارەیان دروێنە کردووە و گیشە و گەڵاوێژ و خەرمانیان لێ پێکهێناوە، ئەوە لایەنی ڕاستەقینەی ئیدیۆمەکەیە، بەڵام لایەنی خوازراو لەوئیدیۆمەدا ئەوەیە کەسێک بێ لێکدانەوە کارێک بێباکانە و بێ ترس ئەنجام بدات و بەهیچ شێوەیەک دوارۆژی لێک نەداتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🅺 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2021/24/2 8:56:08 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 548
**ددانیان لێک سپی بۆتەوە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180109082302143900

ددانیان لێک سپی بۆتەوە
هەندێجاریش دەوترێت(دەمیان لێک سپی بۆتەوە) واتە کەسێک شەرمی نەماوە لە ڕووی کەسێکی گەورەتر لەخۆی یان مناڵێک لەدایک و باوک و براو خوشکی گەورەی یان بوک و خەسو لەیەکتری یان ژن و مێرد لەیەکتری یان مامۆستا و قوتابی و خوێندکار یان دوو کەسی ولاش و هاوڕێی یەکتری، کورت وکرمانجی شەرم نەمان لەنێوان هەموو ئەمانەی سەرەوە بە و حاڵەتە دەوترێت(ددانیان لێک سپی بۆتەوە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

🗄 سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2018/9/1 8:23:02 AM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 549

## درۆ بناوانی نزیکە

https://www.kurdipedia.org/?q=20201120075231389834

درۆ بناوانی نزیکە
کاکەی فەلاح لە دیوانی(چرۆ)دا وتویەتی:
کوڕێ بوو ناوی دارابوو
وریا و زیرەک و دانا بوو
هەرچی کەوتە بەرچاوانی
ئەچووە بنچ و بناوانی
بناوان واتە:بنەگە و پێگە وشوێنی سەرەکی و مەڵبەند و چەق وهەوار و نشینگە و...تاد، بناوان نزیکی واتە سەرچاوە و شوێنی سەرهەڵدانی دوور نییە، ئە و ئیدیۆمە بەشێوازێتریش دەگوترێت وەک(پەتی درۆ کورتە) یان(درۆ هەزارە هەمووکەس پێی دەوێرێت) لێرەشدا هەمان مانا دەبەخشێت، پەتی درۆ و سەروچاوەکەی زۆر دوور نییە و زوو بێت یان درەنگ ئاشکرا دەبێت، ئەوە ئیدیۆمە بۆ دڵدانەوە ورێنوێنی و ئامۆژگارییە بۆ ئەوەی مرۆڤ لەدرۆکردن دوور بکەوێتەوە بۆیە کورد کردویەتییە ئیدیۆم دەفەرموێت(درۆ بناوانی نزیکە) گوزارشتە لەدڵدانەوە و ئاشکرابوونی سەرچاوەکەیەتی لەنزیکترین شوێن و کاتدا و هەروەها بێ هودەیی وشەرمەندەیی و بێ ئاکامی درۆ دەخاتە ڕوو بۆ ئە و کەسەی کە دەیکات. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:52:31 2020/20/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 550
## درۆ لایان ساغ دەبێتەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20200914232155387942




درۆ لایان ساغ دەبێتەوە.
درۆ، شاردنەوەی راستیەکانە، چاوبەست و دزینی عەقڵی مرۆڤە، ساغکردنەوە واتە کڕین وفرۆشتنی لە بازاڕدا، کاتێک کەل وپەل و بەرهەمێک بەرهەم دەهێنرێت پێویستی بەبازاڕ هەیە بۆ ساغکردنەوەی، لە و ئیدیۆمەدا درۆش بازاڕی دەوێت تای لێ وەربگیرێت و سپی نەکرێتەوە، بۆ نمونە ئەگەر سێ کەس بچنە لای یەکتری و هەر یەکە و درۆیەک بکات و لەیەکتری وەربگرن، یەکێکیان دەڵێت: ئەمرۆ بەپێیان چوومە بەغدا و گەڕامەوە، ئەویتریش دەڵێت: منیش دەریای ئیجەم بە باسکە بڕی و دواینیشیان دەڵێت:بڕکە شفتیەکم چاند توولەکەی لە کۆیەوە گەیشتە شەنگاڵ و دوو شفتی گرت هەردوو رووباری زێی گچکە و بادینانی پەنگاندوە، واتە هەر سێ کەس هەستیان لەدرۆی یەکتری ڕاگرت و کەس کەسی بەدرۆ نەخستەوە لە ئیدیۆمی کوردیدا بەگاڵتەوە بە و گروپە دەوترێت(درۆ لایان ساغ دەبێتەوە) واتە خۆیان بازاڕی درۆن و لەیەکتری دەکڕن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 11:21:55 2020/14/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 551
## درۆ نە فەرزە نە سونەتە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220510220348413530



درۆ نە فەڕزە نە سونەتە
درۆ: قسەکردنی بێ بنەما و هەڵبەستنی ناڕەوا و هۆنانەوەیە بۆ شتێک کە دوورە لەڕاستیەوە، درۆ چەند ئیدیۆمێکی لەسەرە لە ناو کوردان وەکو: دەلەسە، فیشاڵ، ساختە، قەوانە، هەمبانە، فەرز: هەندێ ئەرک و فەرمانە بەسەر مەردوم سەپێنراوە، لە پەرستشەکانی بواری ئاینیدا پێی دەوترێت: فەرزە وەکو: نوێژ و حەج و ڕۆژوو و زەکات و شایەدومان، سوننەتیش: نەریتێکە ڕابەری ئایینەکە پەیڕەوی لێکردووە، شوێنکەوتوانیش دووبارەی دەکەنەوە، دەردەکەوێت کە درۆ چاک و خراپی بۆ نییە و پێویستە مرۆڤ خۆی لێ بەدوور بگرێت، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ کارێک کە بەهەر جۆرێک ئەنجام بدرێت لایەنی نەرێنی لێبکەوێتەوە، ئەوە بەهەموو شێوەیەک قەدەغە و یاساغە و ڕێپێدراو نییە بۆیە بە ئامۆژگاری و ڕێنماییەوە دەوترێت: درۆ نە فەڕزە، نە سوننەتە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/10/5 10:03:48 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 552
## درۆ هێشتا لەدەم دەرنەچووە، لۆقە دەکات
https://www.kurdipedia.org/?q=20211230071527399835



درۆ هێشتا لەدەم دەرنەچووە، لۆقە دەکات
زۆر لەسەر درۆ قسەکراوە لە ئیدیۆم و پەند و گۆتەی کوردەواری وەکو:(پەتی درۆ کورتە، سەر سەدەی درۆکورتە، درۆ بناوانی کورتە، درۆ زۆر بڕناکات...تاد) لۆقە: گورگە لۆقە، لۆقەکردنی ولاغە بەرزە واتە نەرمەغار و ڕاکردن، ئە و ئیدیۆمە وەکو ئامۆژگاری گەورەکان بەکاریدەهێنن و دەڵێن: درۆ هێشتا لەدەم دەرنەچووە، لۆقە دەکات واتە درۆ هێواش هێواش و بەزوویی ئاشکرا دەبێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/30/12 7:15:27 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 553

**درۆزن ئاگر لەماڵی بەر بێت کەس بڕوای پێ ناکات**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200918214923388026



درۆزن ئاگر لەماڵی بەر بێت کەس بڕوای پێ ناکات.
زۆربەمان لە قۆناغی سەرەتایی لەوانەی (کوردی)دا مەلەوانە درۆزنەکەمان خوێندووە، کە بەهۆی درۆکردنەوە کەس بەهاوارییەوە نەچوو، درۆزن، کەسێکە ڕاستیەکان دەشارێتەوە و ئاوەژوویان دەکات، کاتێک خاسیەتی درۆزن بەسەر کەسێک ساغ ببێتەوە، ئەوا خەڵکی لێی دەرەوونەوە و حەزناکەن لێوەی نزیک ببنەوە و متمانەیان بەقسەکانی نامێنێت، لە و ڕوانگەوە کورد بە ئیدیۆمەوە دەڵێت(درۆزن ئاگر لەماڵی بەر بێت کەس بڕوای پێ ناکات).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/18/9 9:49:23 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 554

**درۆزن تورەگەی پڕە و ڕووی ڕەشە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190212080438257699



درۆزن تورەگەی پڕە و ڕووی ڕەشە
درۆزن لە بردنی هۆش و ئاوەز و شت و مەکەوە هاتووە ئە و کەسەی دزی دەکات بە قسە و گفتوگۆ و خەڵکی لە خشتە دەبات بەردەوام تورەگەکەی پڕدەبێت لە شت و مەکی دزیاری، بەڵام پەتی کارەکەی کورتە و زوو بەدرۆخستنەوە و سپی بوونەوەکەی وەدەردەکەوێت بەمەش هەمیشە بەڕوویەکی ڕەشی نەخوازراوەوە دەردەکەوێت لەلای خەڵکی هەمیشە ڕوو زەرد و ڕەشە بۆیە وتراوە(درۆزن تورەگەی پڕە و ڕووی ڕەشە).

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2019/12/2 8:04:38 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 555

**درۆیەک ماڵێک ئاودان بکاتەوە، باشترە لە ڕاستیەک ماڵێک کاول بکات**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180829101637155047

درۆیەک ماڵەک ئاوەدان بکاتەوە باشترە لەڕاستیەک ماڵێک کاول بکات
درۆ بەیەکێک لە خراپترین ئەدگار و خەسڵەتەکانی مرۆڤایەتی دادەنرێت، سەربارى ئەمەش هەندێجار مرۆڤ وەک دەرمانێکی کاتی بەکاریدەهێنێت، درۆ هەر ماڵوێرانی بەدواوەیە کەچی لە و ئیدیۆمەدا ماڵێکی ئاوەدانکردۆتەوە و ڕاستیش هەر سەرکەوتوو بووە کەچی لە و پەندەدا بووە بەمایەی وێرانکردنی ماڵێک، هەڵبەت ئەم پەند و ئیدیۆمە بۆ هەندێ حاڵەتی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیان لەبارە و لەهەموو ئان و زەمانێ درۆ هەر خراپە و تەنها و تەنهای نەبێت وەک لە و ئیدیۆمەدا هەیە بۆ نمونە بتەوێت(ژن و مێرد یان دوو دۆست یان خوشک و برا و هاوسێ تاد) کە زیز بوون چاکبکەیتەوە هەندێجار دەخوازرێت درۆیەک بکەیت بۆ پێکەوەژیان و ئاوەدانکردنەوە، نمونەیەکیتر ئەگەر بەڕاستی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و لادان ببینیت و بە گەواهیدەرت دابنێن سوڕ بزانی بە ووتنی ڕاستیەکە کوڕێک یان کچێک یان پیاوێک یان ژنێک دەکوژرێت یان جیابونەوە و تەڵاقی لێ بکەوێتەوە ڕاستیەکە خوار بکەیتەوە ئە و ئیدیۆمە بەکاردەهێنرێت و دەوترێت(درۆیەک ماڵەک ئاوەدان بکاتەوە باشترە لەڕاستیەک ماڵێک کاول بکات).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/29/8 10:16:37 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 556

**درەختی بەردار ملی کەچە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190213074403257710



درەختی بەردار ملی کەچە
گوڵەگەنمە پڕدانەکان ملیان شۆڕکردۆتەوە گوڵە گەنمە پوچەکانیش شەڕ لەگەڵ ئاسمان دەکەن، ئە و چڵ و لقانەی بەردارن وەک سکی ئاوس پشت کوڕ دەکەنەوە و چڵەکان ملکەچ و دەستەوئەژنۆ بۆ سەر زەوی شۆڕ دەبنەوە ئەمە گوزارشتە لەپڕ گەنمی و میوەی لاسک ولقە شۆڕەوەبوەکان، ئەمە واتای ڕاستەقینەی ئیدیۆمەکە بەڵام مەبەستە بەکارهاتووەکەی واتە ئە و کەسەی سەنگین و ڕێزدار و ئەدگار و ڕەوشت بەرزن هەمیشە وەک پیرەمێردی نەمر فەرمویەتی سوراحی سەرفروو دێنێ لەبۆ پیاڵە کە تێی کا بۆی، ئە و سەردار و پاشا و سەرۆکانەی تیابەستەن هەموو کاتێ بۆ میللەتەکەیان ملکەچ و دەستەوئەژنۆ وەستاون هەر بۆیە کورد ئەمەی لە پەند وئیدیۆمدا بەدەربڕینەوە وتووە و فەرمویەتی(درەختی بەردار ملی کەچە).

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:44:03 2019/13/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 557
## دز بازاڕی شێواوی دەوێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20220617231310418983



دز بازاڕی شێواوی دەوێت
پەند و ئیدیۆم لە هەندێ بواردا تێکەڵکێشیان تێدایە وەکو ئە و ئیدیۆمە کە ڕاستەوخۆ ماناکەی داوە بە دەستەوە: دز بازاڕی شێواوی دەوێت، هاوشێوەی ئە و پەندە ئیدیۆمێکیتر هەیە دەڵێت: دونیا لە خرا بوون بوو، دوو سواریش لە جەردەیی دەگەڕان، دزیکردن لە کاتی کەس بەکەس نەبوون و شپرزەیی و ناوەخت و شەوی تاریک و ئەنگوستەچاو و باوبۆران و دەرفەت قۆستنەوە و ئاگرکەوتنەوە و لافاو و ئاوارەبوون و ماڵ بەجێهێشتن و تێکچونی باری ئاسایش و ئارامی شار و ئاوایی دەکرێت، هەندێجار لە هەڵێکدا هەندێک کاری نابەجێ و نارێک و نەخوازراو و گەندەڵی و بێ ناموسی و گێرەشێوێنی دەکرێن بۆ بکەرانی ئە و کارە بەتەوسەوە دەوترێت: دز بازاڕی شێواوی دەوێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 11:13:10 2022/17/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 558
## دز یەکێک و شک هەزار
https://www.kurdipedia.org/?q=20201010204900388824



دز یەکێک و شک هەزار
دز، پیشەیەکی کۆنە و تاکۆتایی مرۆڤایەتیش درێژەی هەیە، ئە و کەسەی ماڵی کەسێک دەدزێت چ دەرزییەک چ گایەک بێت، هەر بەدزی ئەژماردەکرێت، دز بەنهێنی کاری خۆی دەکات و کەس پێی نازانێت، بەڵام مرۆڤ گومان بۆ هەزاران کەس دەبات، هەرچەندە لەپرۆسەی کارگێڕی حوکمڕانی کوردیدا دز یەکجار زۆرن و بەگروپ و دەستە و کۆمپانیا کاردەکەن و بە نوێژی نیوەڕۆ بانک و گەنجینەکان هیچیان تێدا نامێنێت، بەڵام ئیدیۆمەکە بۆ دزی بەدەست و قام ووتراوە نەوەک دزی کۆمپیالە و بەڵێندەر و کۆمپانیا و ڕێکخراو، کاتێک دزییەکت لێ دەکرێت تەنها کەسێک بردوویەتی و گومانی تۆش لەسەر هەزار کەسە بۆیە بووە بە ئیدیۆم و دەوترێت(دز یەکێک و شک هەزار)[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/10/10 8:49:00 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 559
## دزی حەوت شاران بوایە، بەس تۆزێک جوان بوایە
https://www.kurdipedia.org/?q=20180106091218143793
دزی حەوت شاران بوایە، بەس تۆزێک جوان بوایە
دەگێڕنەوە دایکێک خوازبێنی کیژێک بۆ کورە ناشیرینەکەی دەکات کە کورەکەی زۆر ناحەز و ڕەزاگران و لاواز و کەسم نارێک بووە و یەک تەڵە یان تاڵە موش بەسەریەوە نەماوە و ددانیشی شاش و واش بووە زۆر پێی داهەڵدەڵێت و مەدح و سەنای دەکات و دەڵێت کاسبە و بەڕەوشتە و سەری بچێت نوێژی ناچێت و ئێوران لەگەڵ دەنگی مەلای دێتەوە بۆ ماڵەوە و دەستی ڕەنگینە و زیڕی دەبڕی و هەموو کیژی دوونیا بەرچاوی بڕۆن چما بیشیکوژی سەری بەرز دەکاتەوە، دایکی کچەش کە کورەکەی بینیووە زوو قسە بەدایکی کورەکە دەبڕێت و دەڵێت خوشکم بڕیا کورەکەت دزی حەوت شاران بوایە بەس تۆزێک جوان بوایە، ئەم دركەیە بە خۆزگەوە دەوترێت چونکە هەموو ئەوانەی باس دەکرێت خاڵی سەرەکی نین بۆ ڕاکێشانی دڵی دوڵبەرێک و یار یارێنی پێ ناکرێت چونکە تەمەنی کوڕە و کچە ئە و هەموو کامڵیەی نەگەرەکە چەندە چاوی بەخومار و بەژن و خەت و قەڵەم و قامەتی بەرزی پێویستە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/6/1 9:12:18 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 560

## دزی کەسی دەوڵەمەند نەکردووە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190223071855276925



دزی کەسی دەوڵەمەند نەکردووە
وتراویشە(ئە و خانوەی بناغەی لەسەر زبڵ بێت بگاتە ئەستێرەش دەروخێت) یان عەرەب گوتەنی(ئەوەی لەسەر شتی هیچ وپوچ بونیاتنرا بێ، هەر هیچ و پوچ و بەتاڵە)
هەڵبەت(دز)ی کارێکی قێزەونە ئازاترین کەس ئەنجامی بدات(حیز)ی دەکات هەربۆیە کورد دەڵێت(هیچ شتێک شورەیی-عەیب- نی یە تەنها دزی و حیزی نەبێ) بۆیە دزی و حیزی لەدوای یەک هاتوون چونکە زۆر پەیوەستن بەیەکەوە حیز دزە و دزیش حیزە ئەمە لەلایەک، لەلایەکیتریشەوە چاو لێ بکە کام دز دەوڵەمەند بوو بێت پێی وتراوە(قۆناغ) هەر وتراوە ئەمانە لەباپیریانەوە دزی بە میراتی بۆیان ماوەتەوە و پێیان وتراوە ئەمانە(دز وجەردەن) کەواتە ئەم ئیدیۆمە بۆ ئەوە بەکارهاتووە کە کاری بێ بنەما و نابەجێ وقێزەون نابێتە مایەی دەوڵەمەندی و بەدەستهێنانی ناو و ناوبانگ تەنها شورەیی و ریسوایی دەبێتە هاوەڵناوت بۆیە وتراوە(دزی کەسی دەوڵەمەند نەکردووە).

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/23/2 7:18:55 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 561

## دش و درێشە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200928203156388373



دش و درێشە
دش، واتە خوشکی مێرد، پێچەوانەیی(شوبرا)یە، درێشە، نوکێکی تیژی وەکو دلیوان و سوژن و بزمار ومێخە، دەسکێکی داری هەیە کڵاش دروو و پینەدۆز و دارتاش بۆ مەبەستی جۆراوجۆری پیشەکەیان بەکاری دەهێنن، هەندێکجاریش وەکو خەنجەر و چەقۆ بە ئامێری بڕەندەکانی شەڕکردنیش دادەنرێت، زۆرجاران کەسێک کچی خۆی بەشوونادات بە کورێک کە زۆر خوشکی هەبێت چونکە پێی وایە هەر یەکەیان دەبێتە خەسوویەکیتر و ژیانی ئاڵۆز و پڕچەرمەسەری دەبێت، هەرچۆنێک بێت(دش) چوێنراوە بە(درێشە) و لە کۆمەڵی کوردەواریشدا ئەوە تاقیکراوەتەوە بۆیە بووە بە ئیدیۆم و بەتەوسەوە دەوترێت(دش و درێشە) واتە خوشکی مێرد وەکو دلیوان و سوژن و مێخ و خەنجەر و چەقۆ تیژە و ئاگادار نەبیت زامارت دەکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/28/9 8:31:56 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 562

## دوعا لۆ ئامینێ یە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200825220912387187



دوعا لۆ ئامینێ یە.

دوعا: پاڕانەوە، ئامین: گیرابوون، هەر کاتێک مرۆڤ بیەوێت بۆ پەرستراوی خۆی، خودای تاقانە دەتوانێت بپاڕێتەوە و خوداش ئاگای لە و وێرد و داواکارییە دەبێت، ئەگەر بنەماکانی وەرگرتن و گیرابوونی هەبێت ئەوا خوای باڵادەست جێبەجێی دەکات، کەواتە هەموو هاناو هاوار و داخوازییەک بۆ خودا مەبەست گیرابوونیەتی، ئەوە بووە بەئیدیۆم و بەمەبەست دەوترێتەوە(دوعا لۆ ئامینێیە) واتە هەموو داواکارییەک هەر بۆ جێ بەجێکردنیەتی. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/25/8 10:09:12 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 563

## دونیا بەهەشتی بڵحانە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171214082825143503

دونیا بەهەشتی بڵحانە

بڵح واتە مرۆڤێکی ڕەوشت ناشیرین و ئاکار نابەجێ و ناپەسند یان کەسێکی هەرزەی بێ شەرم و هیچ نەزان و گێڵۆکە، لە دونیادا هەر ئە و جۆرە مرۆڤانە خۆشنود و بەکەیفن و دونیا لایان شامی شەریفە، کەسێک لە خەبەر وباسی دونیا تێ نەگات

ئەوا ناخۆشیەکان و نەهامەتیەکان و کارەساتەکان کاری تێ ناکات و دونیا بە کەیفی گونیەتی بۆیە لە ئیدیۆمی کوردەواریدا ووتراوە(دونیا بەهەشتی بڵحانە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ووڵات: باشووری کوردستان
ووڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/14/12 8:28:25 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 564
## دونیا خانوچکۆڵەی مندارانە
https://www.kurdipedia.org/?q=20180829092516155032



دونیا خانوچکۆڵەی مندارانە
شاعیرانی کلاسیک ووتویانە دونیایەکی چ پووچە لە زەرف و کایەی مناڵ دەچێت، مارمارۆکانێ یان ماڵەباجێنە هەندێکجاریش(خانوچکۆڵە)شی پێ دەوترێت، ئینجا داب و نەریتی ماڵەباجێنە و خانوچکۆڵە ئەوەیە هەرکات مناڵەکە ئارەزووی لێی نەما دەیروخێنێ یان تێک وپێکی دەدات واتە خانوچکۆڵە کاتیە و هەرگا کاتی نەما ئینجا لێرەدا بووە بە ئیدیۆم و کینایە و بۆ گوزارشت لە هیچ و پوچی دونیا و ئاوابوونی ژیان و گوزەران دەوترێت(دونیا خانوچکۆڵەی مندارانە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ووڵات: باشووری کوردستان
ووڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/29/8 9:25:16 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 565
## دونیا لە خرابونە دوو سواریش لە جەردەیی دەگەڕێن

https://www.kurdipedia.org/?q=20171109075631143108
دونیا لە خرابونە دوو سواریش لە جەردەیی دەگەڕێن
دونیا بووە بە وێرانگەیەک کەچی لە و لاشەوە هەندێک کەس هەن تازە خەریکی تاودانی ئەسپەکانیانن و خێر لە و وێرانکاریە دەبینن، ئەم ئیدیۆمە بۆ کەسانێک بەکاردێت کە بارودۆخ نا ئارام و ئاڵۆز بێت کەچی داواکاری بۆ کارێکی ئاسایی خۆیان دەکەن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/9/11 7:56:31 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 566
**دونیا لە ویرە ویرە، کۆسە لە بەندەی کیرە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171109075423143107
دونیا لە ویرە ویرە، کۆسە لەبەندەی کیرە
دونیا لە خراپبوونە و کاوڵ دەبێت کەچی لە و لاوە خەڵکانێک هەر بیر لە بەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە و دەیانەوێت بە و دەرفەتە چاوتێ برین و نیازە گڵاوەکانیان جێبەجێ بکەن و خواستە تایبەتەکانیان دابین بکەن ئەم ئیدیۆمە بۆ ئەوە هاتووە دونیا یەک پارچە بووە بە ئاگر کەچی کۆسە دەیەوێت ئاگری کێری دابمرکێنێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/9/11 7:54:23 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 567
**دونیا هەوا و هەوەسێکە، هەر ڕۆژەی لەسەر تەرەسێکە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171114085713143171

دونیا هەوا و هەوەسێکە، هەر ڕۆژەی لەسەر تەرەسێکە

لە کوردەواریدا زۆر جار ووتراوە(دونیا پێچی مێزەرە، هەر ڕۆژەی لەسەر کەسێکە) واتە دەورانی فەلەک بەردەوام دەبێت و هەر ڕۆژەی نۆرەی کەسێکە بێتە نێویەوە، یان ووتراوە(دونیا بۆ کەس نامێنێ) وەک مەحوی گەورە شاعیریش فەرمویەتی(دونیایەکی چ پووچە لە کایەی منالْ دەچێت) ئینجا لە و ئیدیۆمەی سەرەوە مەبەست ئەوەیە هەوا و هەوەسی دونیا کاتیە ئەوەندە ناهێنێ کەشخەیی و لاف و گەزافی پێوە لێ بدەی بەڵام خەڵکی کلاوچی(تەرەس) بە و هەوا و هەوەسە لاف لێدەدات بۆیە بە تەوسەوە لە کوردەواریدا وەک کینایە وتراوە(دونیا هەوا و هەوەسێکە، هەر ڕۆژەی لەسەر تەرەسێکە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/14/11 8:57:13 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 568

## دونیا کاروان سەرایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170808082304141938

دونیا کاروان سەرایە

ئیدۆمێکە بۆ بەکەم سەیرکردنی دونیای فانی یە، واتە دونیا کورتە و جێگەی ئومێد نیە تا سەر بۆ کەس نامێنێ، کاروان سەرا واتە ئە و خانەی کە شە و ورۆژێک تێیدا دەمێنیەوە و دوای سەرفکردنی کەڵ وپەلەکانت خانەکە و کاروان سەراکە جێ دەهێڵیت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/8/8 8:23:04 AM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 569

## دونیا پێچی مێزەرێ یە

https://www.kurdipedia.org/?q=20210404210402393378



دونیا پێچی مێزەرێ یە
دەوترێت دونیا لە هیچ و پوچییەوە هاتووە، واتە هێندە کاتی و کەموکورتە کە فریای مێزەر و جامانە پێچانەوەیەک ناکات، مەحوی شاعیریش بە(کایەی منالّ و زەرفی بەتالّ) ناویبردووە، پێچی مێزەریش واتە زۆر زوو دەسوڕێتەوە ماوەی سوڕانەوەکەی زۆر کورت و دەست وبردە و زوو کاتەکەی بەسەر دەچێت، بۆیە هیچ و پوچی دونیا و خێرا سوڕانەوە و پێچانەوەی مێزەر لە ڕووی خول خواردن و کاتەوە پێکتر چوێنراون و ئە و ئیدیۆمە جوانەی لە زمانی کوردیدا لێ بەرهەمهاتووە دەوترێت(دونیا پێچی مێزەرە-یان پێچی مێزەرێیە) واتە زوو خول دەخوا و دەسوڕێتەوە و زوو بەسەر دەچێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2021/4/4 9:04:02 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 570

## دونیا پەشتە ماڵی حەمامە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220510221047413531



دونیا پەشتە ماڵی حەمامە
پەشتەماڵ، خاولی: تەنراوێکە چوارگۆشە و درێژکۆڵەیە لە حەمام و سەرشۆرکدا لەدەوری ناوک و ئەژنۆدا دەئاڵێنرێت ، لە سەرشۆرک و حەمامی جاران پشتە ماڵەکەی هەرجارەی کەسێک خۆی پێ وشک دەکردەوە و هەر ڕۆژەی یەکێک لە ناوقەدی خۆی دەپێچایەوە و زۆرترین ئە و دەست و دەستی پێ دەکرا، وەکو خان و کاروانسەرا هەر ڕۆژەی کەروبارێک دەهاتە خانەکە و دەمایەوە و بۆ ڕۆژی دووەم کەسێکی تر دەهاتە خان و کاروانسەراکە، ئە و حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم و بۆ هیچ و پووچی و بێ نرخی و بێ بایەخی و هەر ڕۆژەی بەدەست کەسێکەوە بوون و تا سەر نەبوونی دونیا وەک ڕێنوێنی و ئامۆژگاری و هۆشداری دەوترێت: دونیا پەشتە ماڵی حەمامە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

▯ سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2022/10/5 10:10:47 PM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 571

**دونیا دەفی دەروێشانە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220126121622402835



دونیا دەفی دەروێشانە
دەروێش وشەیەکی کوردی ناوچەی هەورامانە، ئەوانەی وێرد و پیاهەڵدان بە ئەولیا و پیاوچاکان و پیر و موریدان دەهۆننەوە وەکو وێژەوان دەناسرێن واتە وشەی دەروێش بە دەربڕینی وێژەوە دەبەستنەوە یان ئەوانەی دونیای فانی جێدەهێڵێن و دەبنە زاهد و خەڵوەتنشینی هەڵدەبژێرن بۆ حاڵگرتنیان ئە و دەفەی لەپێستی ئاژەڵەکان دروستکراوە، دەکوتن و ئە و دەنگەی لێوەی پەیدا دەبێت وەکو قاڕە و باڕەی ئاژەڵەکەیە کە بەزیندوێتی لێی بدرێت، ئینجا ئە و دەفە پێستیە هەر جارە و دەروێشێک پێیدا دەکێشێت، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ ڕینوێنی و ئامۆژگاری بەکارهاتووە و وتراوە(دونیا دەفی دەروێشانە) ئەمەش واتە زۆر دڵ بە دونیا خۆش مەکە چونکە هەر ڕۆژەی بەدەست یەکێکەوەیە، یەکێک دەیژەنێت و لێی دەدات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

▯ سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2022/26/1 12:16:22 PM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 572

**دونیا زەردەی دەم کەلە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220105153005400473



دونیا زەردەی دەم کەلە
کێوە بەزنار و بەندەنەکان لەکاتی ئاوابوونی خۆردا، ئە و تابلۆ پڕ تەلیسم و سیحراویە دەخوڵقێنن، هەر ئەوەندە فریا دەکەویت جارێک بەڕامانەوە لێی بڕوانیت، تیشکەکان لەپشتی کەل و شاخەکاندا ووردە ووردە وون دەبن، لەنێوان سێبەری کەل و ئاوابوونی تیشکەکان و ڕەنگی شینی ئاسماندا، زەردییەک لەماوەیەکی کەمدا دروست دەبێت، کە زۆر سەرنج ڕاکێشە و ماندووەکان دەحەسێنێتەوە، بەڵام بەمرۆڤەکان دەڵێت: هیچ شتێک تاسەر بەردەوامی نیە و هەمووومان لەرێچکەیەکداین بۆ ئاوابوون، ئینجا ئە و زەردەی دەم کەلە گوزارشتێکە وەکو ئیدیۆم بەکارهاتووە بۆ ئەوەی کە ژیان زۆر کاتییە و بەردەوامی نیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: 2022/5/1 3:30:05 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 573

**دونیا هەر رۆژ نابێت، شەویشی بەسەرا دێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170508000734139548



لە کوردەواریدا بۆ ئەوانە بەکار دێت کە رۆژیانە و زوڵم لە خەڵک دەکەن، واتە رۆژیان کورتە و زوو کۆتایی دێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ⚫ دیارینەکراو | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: 2017/8/5 12:07:34 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 574

## دونیا وەک ماستی مەیوو وایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220513201508413845



دونیا وەک ماستی مەیوو وایە
مەییوو، مەیین: خەستبوونەوە و توندبوونەوە یان چڕبوونەوەی شتی شلە بە هۆی هەوێن یان سەرماوسۆڵەوە، شیر کە دەکوڵێنرێت کەف و کوڵی زۆرە و هەڵدەچێت تا لەسەر ئاگرەکە بێت کەفەکەی دەڕژێت بەسەر لایەکانی ئە و مەنجەڵەی تێیدایە، بەڵام کەشیرەکە دابگرین لەسەر ئاگرەکە، هێدی هێدی دەست دەکات بەساردبوونەوە و تا ئە و حاڵەتەی کە هەوێن دەکرێت، دوای هەوێن کردنی وورده وورده ماستەکە دەست دەکات بە مەیین و خەستبوونەوە، سەری شیرەکەش توێژێکی تەنک دروست دەکات و دەبێتە سەرتوو، ئە و حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم و بۆ ئاسایش و ئارامی و بەرقەراربوونی سەقامگیری وکپی و بێ دەنگی و خامۆشی دەوترێت: دونیا وەک ماستی مەییوو وایە، لەلایەکیتریشەوە هێمای هێمنی و ئەدەب و ژیریيە، ئەگەر بە ژنان بوترێت دەڵێی: ماستی مەییووە، واتە هێندە هێمن و لەسەرەخۆ و ژیر و بەئاکارە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/13/5 8:15:08 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 575

## دونیای داوەتە بەر کلکان

https://www.kurdipedia.org/?q=20220511223309413687



دونیای داوەتە بەر کلکان
لە هەولێرێ دەوترێت(دنیای دایتە بەر کلکان)، کلک ئەندامی دواوەی بەشێک لە ئاژەڵانە و دەکەوێتە سەر قونەجۆرە و کلێنجە و پشتەقوونەوە، لە ئاژەڵێکەوە بۆ ئاژەڵێکیتر جیاوازی هەیە، هاوسەنگی و رێکی و پەیامێکی باشی پێ دەگەیەنرێت، کوردیش زۆر ئیدیۆمی لەسەر هێناوەتەوە، وەک : لێی کەوتۆتە کلکان، کلک خوارە، کلکی لێ بادەدا، کلکی بادا، کلکی لێ بڵند کرد، کلک شۆڕ، کلکی ناوەتە گەلیەوە، تەڵەی بەکلکی دەتەقێنێت، بەس کلکی نییە، شاهێدی رێوی کلکی بێت، کلکیان لەگەڵ یەک گرێداوە و کلک تێوەردان و...تاد، زۆرجاران ئاژەڵێکی وەکو گوێدرێژ لەناو بزوێندا دەلەوەڕێت وەک پەشێوی مەزن دەفەرموێت:
مێوانی گەورەی سروشتە
نەخێ و نەباری لە پشتە!
بەزەڕە زەڕ، بە غارە غار
دنیای هەموو کردە بەهار
لە و بزوێن و لەوەڕگایەدا هێدی هێدی کلکی بەهەردوو بەری پشتەقوون و ڕاست و چەپی داو و تەشکەریدا دەجوڵێنێت، یان کارژۆڵەیەک لەکاتی مژینی گوانی دایکی کلکی زۆر بە خێرایی بادەدات، کلک بادان زیاتر گوزارشتە بۆ هەوەز بازی و کەیفی خۆشی ئاژەڵەکە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بە کەسێک دەوترێت کە کاروباری دونیای بەگاڵتە و فشەگرتووە و خۆی زۆر

پێوەی ماندوو ناکات و هەرچی ڕووبدات لەلای ئاسایی دەبێت، بەتەوس و گاڵتە و فشەپێ کردنەوە دەوترێت: دونیای داوەتە بەر کلکان[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/11/5 10:33:09 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 576

## دونیای لێ بووە بەچەرمی چۆلەکە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200924112942388120



دونیای لێ بووە بەچەرمی چۆلەکە
بچوکی چۆلەکە زۆر ئیدیۆمی لێ دروستبووە (چۆلەکە خۆت چی و گۆشتاوت چی؟، چۆلەکە خۆی هەیە تافروجاوی هەبێت؟، کێشکەی بەچل وچاران) هەر لەبەر گچکەیی و بچوکی چۆلەکەیە وتراویشە(دونیای لێ بووە بەچەرمی چۆلەکە) کاتێک سەر زەمین ئەوەندە روپێویەکەی کەم دەبێتەوە بۆ بارتەقای چەرمی چۆلەکەیەک وەک ئەوە وایە بوترێت(قەیسەری لێ بووە بە کونەمشک) هەڵبەت هەر ترس وتۆقینە وادەکات گێتی ئەوەندە بچوک بێتەوە تا ئاستی چەرمی چۆلەکە، یەکێک فشارێکی لەسەر بێت لەئاست و توانای نەبێت هەڵیبگرێت دونیای لێ وێک دێتەوە، لەلایەکیتریشەوە کەسێک کارەکەی لەخۆی تەنگ کردبێتەوە و سەری لەخۆی شێواندبێت بە و کەسە دەوترێت(دونیای لێ بووە بەچەرمی چۆلەکە). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/24/9 11:29:42 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 577

## دوو پشقڵی بکردایە، گۆشتی دەخورا

https://www.kurdipedia.org/?q=20211231083804399909



دوو پشقڵی بکردایە، گۆشتی دەخورا
چوارپێی ئاژەڵی وردەی وەکو مەڕو ماڵات پاشەڕۆکەکەی پشقڵە(پشکڵ)، لەکوردەواریدا پشقڵ زۆر سوودی لێ بینراوە(وزەی سەوز) ئەژماردەکرێت بۆ خۆگەرمکردنەوە و چێشتلێنان و زبڵەکەشی بووە بە پەیینی ئاژەڵی و رووەک سودی لێ بینیووە، ئەوە لەلایەک و لەلایەکیترەوە ئاژەڵەکەش کۆمەڵێک سوودی گۆشت و شیر و خوری و داهاتی هەیە، هەموو ئەمانە وایکردووە، ئەگەر یەکێک زۆر بێ عاقڵ و کەوەدن و نەفام و کاڵفام بێت، بەتەوسەوە پێ دەوترێت: دوو پشقڵی بکردایە، گۆشتی دەخورا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2021/31/12 8:38:04 AM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 578

## دوو شت خۆشەویستی لەحەد بەدرە، یەک نۆبەرە دوو پاشەبەرە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180627103754152128



دووشت خۆشەویستی لەحەد بەدرە، یەک نۆبەرە و دوو پاشەبەرە
مرۆڤ بەمناڵی خۆی دەڵێت(جەرگ) واتە وەک جگەری خۆیەتی، ئەمەش گوزارشتە لەوەی پارچەیەکی خۆتە وەک دواکەوتە و هەسارەکان هەر دڵی دواکەوتە لەسەر هەسارەکەیەتی و هەسارەکەش خولانەوەی بەدەوری خۆی وەک لە ئامێز گرتنیەتی، هەموو ئەمانە واتە مناڵ و نەوە لەخۆشیدا ببینرێن شیرین و مژدەبەخش و ئارام بەخشن لە ناخۆشیدا ببینرێن تاڵی و ئازار و بێ ئۆقرەیی روو لە دایک و باوکان دەکات، ئینجا نۆبەرە کە مناڵی یەکەمی هەموو خێزانێکە لەبەر ئەوەی یەکەم مناڵیانە هەموو شتێکی بۆ دەکرێت و زۆر شیرینە و ئەوەی لە توانای خێزان بێت بۆی دابین دەکرێت کە گەورەش بوو ئە و ڕێز و نازداریەی نۆبەرەییەی بۆ هەژماردەکرێت و بە بچوکەکان دەوترێت دەبێت ڕێزی بگرن، سەبارەت ئاخروئۆخری یان دوا مناڵ کە پاشەبەرەی پێ دەوترێت لەبەرئەوەی منالەکانیتر گەورە بوون و لە و قۆناغەدا تازە گەشەی جەستە و زمانی و ژیانی دەست پێدەکات هەموو ئەندامانی خێزان گەورە و گچکە خۆشیان دەوێت و توند لە ئامێزی دەگرن و ماچی دەکەن و بەعاردی ناکەوێت هەر لەوبارانەوەیەوە وتراوە(دووشت خۆشەویستی لەحەد بەدرە، یەک نۆبەرە و دوو پاشەبەرە)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 10:37:54 2018/27/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 579

**دوو قوز و دوو قونە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170926133607142741

دوو قوز و دوو قونە
پیرەژن بە مەلای مەشهوری گوتبوو(قوز) لەپێشەوەیە یان لە دواوە، کاتێ مەلا گوتبوی لە پێشەوەیە جاشکانی نیشانی دابوو، کە جاری دووەم دەپرسێتەوە لە کوێ یە ئەوجارە وتبوی دواوە، کەچی لە پێشەوە پێی نیشان دابوو، هەر کەسێک پێی بوترێت(دوو قوز و دوو قونە) واتە نەگرەوەی لەگەڵ دەکرێت و نەقسەشی لەگەڵ دەکرێت بە ئامانی خوای لێ نابەیتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولآت: باشووری کوردستان
ولآت: ڕۆژهەلاتی کوردستان
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 1:36:07 2017/26/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 580

**دوو لە ئاداریٚ یەک لە نیسانیٚ، دیٚنیٚ مولٚکی خۆراسانیٚ**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220405225235410307



دوو لە ئادارێ یەک لە نیسانێ، دێنێ موڵکی خۆراسانێ
پێشینانمان لە وراتی کوردەواری ئەزمونی زۆریان لەسەر پیشە و کاروباری کشتیاری و وەرزێری و کشتوکاڵکردن تاقیکردۆتەوە و زانیاری و شارەزاییەکی باشیان کۆکردۆتەوە، حسابگری زۆریان تێدا هەڵکەوتووە، ئە و حسابگرەوانە هێندە باش حسابی خۆیان ڕاگرتووە و بە بەرد و پەنچە و چیلکە کە دێنە ئاخاوتن و گفتوگۆ قسەکانیان دەبێتە نەقشی سەر بەرد و زۆرجاران سەد دەر سەد هاتۆتە جێ، ئێستا کە مانگی(نیسانی 2022)ەوە لە باشوری کوردستان تەواو هەست بە و ئیدیۆمە کوردەوارییە دەکرێت و ڕاستی ئە و گۆتەیە دەردەکەوێت، ئەمساڵ لە باشوری کوردستان باران بارین لە گەرمیان زۆر کەم بوو، لایەنی پەیوەندیدار دۆخی وشکە ساڵی ڕاگەیاند، چونکە لەمانگەکانی(شوبات و ئادار) باران زۆر کەم باری و زەنگی وشکە ساڵی لێدرا، چونکە بارانی مانگەکانی(نیسان و مایس) ناتوانن شوێنگرەوەی بارانی زستانە بگرنەوە، چونکە خاک نێر دەبێت و ناتوانێت هیچیتر ئاو وەربگرێت و کورد دەڵێت: خاک لێوان لێو بووە(خاکەلێوە)یە، ئەم ئیدیۆم و گۆتەیەی سەرەوە تایبەتە بە و دەغل و دانەی کە پشت بە ئاوی باران دەبەستێت، واتە بۆ دانەوێڵەی گەنم و جۆ کە لە کوردستاندا لە زەوییە پشتاوەکاندا دەروێنرێن، لەمانگی(ئادار) دوو بارانی بەباشی لێ بدات ئەوا دەغڵەکە تێرئاو و گەش دەبێت و لاسک وباڵاکەی بەرزدەبن و قەف و گوڵ دەردەکەن ودەنکۆڵەکان پڕ شیر دەبن و ئامادە دەبن بۆ مانگی نیسان و مانگی نیسانیش ئەگەر یەک باران بەباشی ببارێت ئەوا بەتەواوەتی بەرهەمەکە لەخەم دەردەچێت و پێ دەگات، ئە و سێ بارانەی هەردوو مانگی ئادار و نیسان ئەزمون کراوە و بە موڵکی خۆڕاسان بەراورد کراوە چونکە خۆراسان کە ناوچەیەکی بەرفراوانی ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی ئێرانە و وشەیەکی کوردی دەولەتی مادە بەمانای خۆرهەڵسان دێت ئێستا پاشماوەی خۆڕاسان لە نێوان(تورکمانستان و تاجیکستان و ئەفغانستان و ئۆزبەکستان و ئێران) دابەشبووە و زیاتر لە دوو ملیۆن کوردی کرمانجی تێدا نیشتەجێیە و دەشت و زەوی و زارێکی زۆر و فراوان و بەپیتی و بەرکەتی هەیە، بۆیە کورد وتویەتی بۆ دەغڵ و دانی پشتاو و دێمەکار: دوو لە ئادارێ یەک لەنیسانێ، دێنێ موڵکی خۆڕاسانێ، بەداخەوە تا ئەم بەرواره(05-04-2022) نە لە ئادارێ باریووە نە لەنیسانێ بۆیە دەتوانرێت بوترێت: نە لە نیسانێ نە لەئادارێ، بووە بە بیابانی عەرەبێ. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/5/4 10:52:35 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 581

## دوو ڕێوی شێرێک کەوڵ دەکەن

https://www.kurdipedia.org/?q=20211231084030399910



دوو ڕێوی شێرێک کەوڵ دەکەن
کورد ئەوەشی گوتوە: غەنیمی کەسێک دووانە یان قەومی عەلەشیشن، دەستە دەستە و کۆمەڵ کۆمەڵ واتە یەکگرتویی، هەڵبەت هێز لە یەکێتی دایە و بێ هێزیش لە پەرتەوازەییدایە، ڕێوی ئاژەڵێکی بێ جورم و تەنگ و توشە کەچی ئەگەر بەیەکەوە بن وەکو گورزەدارێک بەهێزدەبن و نەوەک گورگ و سەگ بەڵکو شێری بە زەویدا دەدەن و کەوڵی دەکەن، ئەوە بووە بەئیدیۆم و بۆ گوزارشتکردن لە بەهێزی یەکێتی و یەکگرتویی دەوترێت: دوو ڕێوی شێرێک کەوڵ دەکەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 12/31/2021 8:40:30 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 582

## دوور بە، شیرن بە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220215224741405186



دوور بە، شیرن بە
کورد ئەوەشی وتووە: (دووری و دۆستی) یان(هەتا دووری پوری)، خزمایەتی و خوێن لە ناو کوردان جێگەی بایەخە، بۆیە هاتوچۆی گەرم و گوڕ و سەردانی و مێوانی و مانەوەی زۆر لەلای یەکتری گەرم بووە، بەبێ یەکتری نان و چێشت و داوەتیان پێ نەخوراوە، هەمیشە لە خۆشی و ناخۆشیەکاندا لەگەڵ یەکبوون و دەستەوایان کردووە، ئە و تێکەڵی و زۆر لە یەکتری نزیکبوونە هەموو جارێ بەباش نەگەڕاوە، ناوە ناوە نیگەرانی و دڵتەنگی و قسەوقسەلۆک و تورەبوون و ناخۆشی لێدەکەوێتەوە، بۆیە بووە بە و ئیدیۆمە جوانە و وەکو ڕێنمایی و ئامۆژگاری و هۆشیارکردنەوە وتراوە: دووربە، شیرین بە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2/15/2022 10:47:41 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 583

**دووری و پوری**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171212072632143468

دووری و پوری
پوور: خوشکی باوک یان خوشکی دایکە هەردوو پور لە کوردەواریدا ئازیز و خۆشەویستن، هەر جارەی بیانبینی  تەوێڵ یان گەردەنت ماچ دەکەن تۆش لەناخی دڵەوە حەزدەکەی دەستیان ماچ بکەیتەوە، بەڵام کە زۆر ئە و حاڵەتە دووبارە ببێتەوە هەم خوشکەزا و برازا ڕێ تاقەت و بێزاردەبن هەمیش پور لە و گەردەن ماچ کردن و دەست ماچکردنە، بەروویەکیتر کە شە و و ڕۆژ لە یەکتریەوە نزیک بن و ماڵ بەماڵ بکەوێت ئەوا کار دەکاتە سەر ئە و هەست و نەستە خۆشەویستیە و خۆشەویستیەکە بەهەر هۆکارێک بێت درز و کەلێنی تێدەکەوێت بۆیە تا لە یەکتریەوە دوور بن خوشکەزا و برازا و پور ئەوا خۆشەویستیەکەیان زیاتر دەبێت بۆیە بە ئیدیۆمەوە ووتراوە(دووری و پوری).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/12/12 7:26:32 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 584

**دووری و دۆستی**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180826092840154930

دووری و دۆستی
ووتراویشە(دووری و پوری) مرۆڤ لەگەڵ ئەوەی بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە، زووش جاڕس دەبێت لەهەندێک داب و کەلتور و نەزم و پەیوەندی کوردەواری بۆ نمونە زوو زوو سەردان و بەسەرکردنەوە، یان ماڵ بەرامبەر ماڵ، یان هاوسێ و تاد، هەڵبەتە ئەگەر دوو ماڵ و خێزان هەموو ڕۆژ بەسەر یەکەوە بن لەسەر منداڵ و مریشک و ئاو و کاریلە و کەروێشک و پاتاڵ و دەنگەدەنگ و دەنگەدەنگ لەنێوانیان پەیدا دەبێت و سەر دەکێشێت بۆ شەڕ و تورەبوون و توند و تیژی و پەیوەندی پچڕان، بەڵام ئەگەر لەیەکتریەوە دوور بوون ئەوا لەکاتی دەگەنە لای یەکتری هەموو حاڵەتەکانی سەرەوە لەیەکتری دەبورن و دان بەخۆ دادەگرن لەهەر گرفت و ڕووبەڕووبونەوەیەک کە ڕوودەدات، هەر بۆیە وتراوە(دووری و دۆستی) واتە تا لەیەکتری دوور بیت خۆشەویستی بۆیەکتری زیاد دەکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 8/26/2018 9:28:40 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 585

## دیاری شوانە وێڵە ئاڵەکۆکە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171212071947143463

دیاری شوانە وێڵە ئاڵەکۆکە
شوانە وێڵە: شوانکارێکە ژیان و گوزەران و شە و و ڕۆژی لەلای پەزە بۆ لەوەڕاندن و شەوین و ئاگای لەکاروباری دونیا نیە بۆیە پێی دەوترێت شوانەوێڵە، ئاڵەکۆک-یش ڕووەک و گیایەکی بەهاریە پەلوک-یشی پێ دەڵێن، کەواتە دیاری شوان بە گوێرەی توانای خۆیەتی و جێگەی گلەییان نیە هەندێجاریش بەتەوسەوە بۆ یەکێک بەکاردێت کە خۆی زۆر هەڵدەکێشێت کەچی لەڕاسیشدا هیچ نیە و هەژار و نەدارە کە ڕووی ڕاستەقینەی دەرکەوێت دەوترێت دیاری شوانە وێڵە هەر ئاڵەکۆکە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 12/12/2017 7:19:47 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 586

## دیارە دوعای شێخی گوندی قبوڵ نیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170924144400142725

دیارە دوعای شێخی گوندی قبوڵ نیە
ئەمە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە(گۆڵکی خۆماڵی نابێ بەگا) واتە کەسی خۆت وەک نان دەناسی و لە منداڵیەوە بەیەکەوە بوون وکەموکورتیەکانی و پۆخڵەواتی دەزانی بۆیە بەهیچ شێوەیەک تا بێگانەیەک یان کەسێکیتر هەبێت پەنا بۆ شێخی گوندی خۆت نابەیت و پێت وایە شێخایەتیەکەی عەیار نیە و قەردی حەوت مەملەکەت دەکەیت بۆ سەر قەڵەمانەی شێخی گوندێکی تر.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/24/9 2:44:00 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 587
**درکێ لەدەستم دەرنەهێنی پوشێ لەچاوت دەرناهێنم**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190213075121257711



درکێ لەدەستم دەرنەهێنی پوشێ لەچاوت دەرناهێنم
ئەگەر چۆلەکەم بۆ بگریت پێت دەڵێم خالۆ، ئەم پەند و ئیدیۆمە زۆر بەکارهاتووە لە ئەدەبیات-یش کورد زۆرجار بەیارەکەی گوتووە(لەم دونیا بۆ من نەبی چیت لێ بکەم لەقیامەتێ)واتە ئەگەر مرۆڤێک هیچ سودی نەبوو ناتوانێ سود بەخۆشی بگەیەنێت بۆیە کورد بە و شێوەیە بە پەند وئیدیۆم ئامۆژگاری دەکات و فەرمویەتی(درکێ لەدەستم دەرنەهێنێ پوشێ لەچاوت دەرناهێنم) کورت و کرمانجی بۆم نەبیت بۆت نابم.

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/13/2 7:51:21 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 588
**دڵ ئاوێنەی دڵە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20210106112926390757



دڵ ئاوێنەی دڵە
وتراویشە(دڵ ئاگای لەدڵە) ئاوێنە خاسیەتی تیشکدانەوەی هەیە، ئەوەش چوێنراوە بە(دڵ) هەندێجاریش دڵ بە(شوشە) لەقەڵەمدراوە وەک(دڵ شوشەیە کەشکا چاک نابێتەوە)، زۆر وا ڕێکەوتووە کەسێک دەچێتە دڵتەوە، لەلای خۆتەوە خۆشەویستیەکت بۆی دەبێت، کاتێک نزیکبونەوەیەک یان گفتوگۆیەک بێتە بەرباس هەردوو لا خۆشەویستیەکە بەجۆرێک لەجۆرەکان دەردەبڕن، هەردوکیان دەڵێن(دڵ ئاوێنەی دڵە یان دڵ ئاگای لەدڵە) ئە و ئیدیۆمە لەکاروکردەوەی ڕۆژانە و پیشەیی و خزمایەتیشدا دەردەکەوێت ئەگەر دوو کەس یەکتریان بۆ خوا ومرۆڤایەتی و خزمایەتی بێ بەرژەوەندی خۆش بوێت بەئیدیۆمەوە دەوترێت(دڵ ئاوێنەی دڵە) واتە پەرچەکردار ورەنگدانەوەی یەکترن بۆ یەکتر خۆشەویستن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)

کاتی تۆمارکردن: 2021/6/1 11:29:26 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 589

## دڵ مێشە لەگووش دەنیشێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20220512223937413776



دڵ مێشە لەگووش دەنیشێت
مێش یان مەگەز، مێرووەکی باڵدارە، زۆرینەی مێشەکان لە سەر مژینی پاشەڕۆ و خوێن و پیسی و شتی گەنیوو و شیرین دەژین، تەنها مێش هەنگ نەبێت کاری(شیلە) مژینە، ئەوانیتر تا ژینگە پیستر بێت، ئەوان چاکتر لێی دەژین، وەکو: سەر زبڵدان و ئاودەستخانە و شیرنەمەنیە سەر دانەپۆشراوەکان و شوێنە گەنیوو و ئاوەڕۆ و زێرابەکان و ئاژەڵ و گیانداری کەلاک و مردارەوە بوو و...تاد، مێش بە هۆی نیشتنەوەی لەسەر پیسایی ئاژەڵ و مرۆڤ چەندین نەخۆشی وەکو: کۆلێرا و سکچوون و گرانەتا دەگوازێتەوە بۆ مرۆڤەکان، دڵ: ئە و ئەندامە سەرەکیەی مرۆڤە، بە هۆیەوە هەست بە خۆشەویستی دەکات، دڵی مرۆڤ بە مێش چوێنراوە کە لەسەر زۆر شت دەنیشێتەوە بەتایبەتە شتە ناشیرین و بێ کەڵک و بۆگەنییەکان، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و زۆرجاران وا ڕێکەوتووە کیژێکی جوان دڵی چووە بە کوڕە تیمێکەوە کە زۆر ناشیرینە و هیچ شیرینیەکی تێدا بەدی ناکرێت، بە پێچەوانەشەوە، کوڕێکی جوان دڵی دەچێتە کیژێکەوە کە تیسکن و نابووت و ڕەشکۆکە و قرغ و لاوازکەڵە و بێ تەنگ وتۆژە، بۆ هەردوو حاڵەت لە ئیدیۆمی کوردەواریدا دەوترێت: دڵ مێشە لە گووش دەنیشێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗆 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 10:39:37 2022/12/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 590
## دڵی تەڕەی دەخوازێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20181220074433181673



دڵی تەڕەی دەخوازێ
پیاوی بەساڵاچوو دڵی بۆ کچی شۆخ وشەنگ بچێت، نەبوون دڵی بۆ خواردنی شاهانە بچێت، پیرەژنیش دڵی بچێتە سەر وەسمە و خەنە و کشتەک وکل و دەرمان هەموو ئەمانە لە کوردەواریدا بە درکەوە دەتورێت(دڵی تەڕەی دەخوازێ).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗆 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:44:33 2018/20/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 591
## دڵی وەک گونی هەڵاج دەلەرزێت
178https://www.kurdipedia.org/?q=20171114093310143
دڵی وەک گونی هەڵاج دەلەرزێت
هەڵاج پیشەوەرێکە لباد و کڵاو و قاپوت و سەرکڵاو لە خوری دروست دەکات، لەکاتی کارکردندا بەپێ-وە کارەکەی دەکات و لەگەڵ جموجۆڵەکانی گونی ئە و بەر و ئەمبەر دەکات و دەلەرێتەوە، ئینجا ئەگەر کەسێک بترسێت یان دڵی بکەوێتەوە خورپەوە بەهەر هۆکارێک بێت پێی دەوترێت(دڵی وەک گونی هەڵاج دەلەرزێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺️ وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2017/14/11 9:33:10 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 592

## دۆ زۆریش بێت، کەشک هەر ڕەقە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180926101422156258



دۆ زۆریش بێت، کەشک هەر ڕەقە
دۆ لە پێکهاتەی شیرمەنیە و لە بنەچەدا شیرە و دوای هەوێن دەبێتە ماست و ماستیش دەکرێتە(کوندە و مەشکە و تازی) و دوای هەژاندن و کەرە دروستکردن، ئەوەی لە دۆیەکە دەخورایەوە دەخورایەوە ئەوەی دەمایەوە دەکرایە ناو(تازی- لە خام دروستکراوە وەک گونیە و جۆرک و هەگبە) دەخرایە بەر خۆرەتاو بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک یان هەفتەیەک زیاتر ئەوەی دوای هەڵماندن و چک چکە دەمایەوە دووبارە دەریان دەهێنایەوە و لەسەر خامێکیتر پارچە پارچەیان دەکرد و دەبووە(کەشک) خۆرەتاو سوری دەکردەوە و ڕەق دەبوو، هەندێجاریش تەنها ماست دەخرایە(تازی) بۆ ئەوەی بکرێتە کەشک بەڵام ئە و جۆرەیان چەوری ماستەکەشی لەگەڵدایە، ئەمە مانای زۆری دۆ و کەشکی ڕەق ئێنجا وەک ئیدیۆم بۆچی بەکاردەهێنرێت بۆ هەڵسوکەوت و ڕەوشت و ئەدگارێک کە گۆڕانی بەسەر نەیەت وەکو خۆی خۆی بمێنێتەوە و خاسیەتی چاک یان خراپ نەبێت و لە دۆخی خۆیدا بمێنێتەوە، بۆ هەبوونی و گیرفانی پڕیش دەوترێت ئەگەر خاسیەتی ڕەزیلی و قرچۆکی و ڕژدی هەبێت، واتە ئە و کەسەی هەبووە یا هەبوو بێت چ سودی هەیە کە خاسیەتی قرچۆکی هەبێت، یان وەک بارودۆخی ئابوری هەرێم با داهات هەر زۆر بێت چونکە کارگێری ووڵات قرچۆک و گەندەکارە چ سودی دەبێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺️ وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2018/26/9 10:14:22 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 593

## دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20201010205344388825



دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکات.
دۆ، لەدوای هەژاندنی ماست و ئاو(ماستاو) لەناو(مەشکە)ی دروست دەبێت، دۆشاویش لە گوشین و بەپێ شێلانی بەروبومی(ترێ) دەهاتە بەرهەم لەکوردستان واتە هەم دۆ و هەمیش دۆشاوی ترێ دوو بەرهەمی خۆماڵی کوردی بووە، ئینجا هەردوو بەرهەمەکە شلەن، ئەگەر تێکەڵ بکرێن ناتوانرێت لەیەکدی جیابکرێنەوە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی توندوتوڕە و بێ ئارام دەوترێت کاتێک توڕەبوون بیگرێت و ئەوەی بەدەستیەوە بێت بیوەشێنێت و ئەوەی بەزاری بێت نەیگێڕێتەوە، دواتر و پاشتر لێک نەداتەوە بە تەوسەوە پێی دەوترێت(دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکات). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/10/10 8:53:44 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 594

## دۆخین شلە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220221204147405902



دۆخین شلە
دۆخین: داوێکی چنراوە لە خوری و لۆکە هەندێکجار تیلمە پەڕۆیەکی باریکە، دەرپێ و شەرواڵی پێ توند و شەتک دراوە، لەبەر ئەوەی لە سەرووی دامێنەوە لە نزیک ناوکەوەیە پێشی دەوترێت: بەنەخوێن، ژنان و پیاوان بەکاریانهێناوە.
ئە و کەسەی داوێنی پاک بێت و شەرمی بەخۆی بێت دۆخینەکەی یەکبینە پارێزراو و توند بەستراوە، تەنها لەکاتی ڕێپێدانی شەرعی و چوونە سەرئاو دەکاتەوە، ئەوانەشی کە دۆخینیان بۆشتی یاساغ دەکەنەوە بە داوێن پیس و بێ ناموس سەیر دەکرێن، ئەوە بووە بە ئیدیۆم بە و کەسانەی زوو دۆخینیان شل دەکەنەوە بۆ مەبەستی کاری ناشەرعی دەوترێت: دۆخین شلە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 8:41:47 2022/21/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 595
## دۆزەخ لە دەرگایشی بگەڕێیتەوە، هەر باشە
https://www.kurdipedia.org/?q=20211230072311399838




دۆزەخ لە دەرگایشی بگەڕێیتەوە، هەر باشە
دۆزەخ ئاگرێکی پڕ ئامانە و هەموو شتێک، تەڕ و وشکیش بەیەکەوە دەسوتێنێت، ئینجا ئەگەر ئە و دۆزەخە بەرامبەر(زیان و کاری خراپە و ڕێ تێ نەچوو) بەراورد بکەین، کورد کردویەتی بەئیدیۆم و بۆ گەڕانەوە لە زەرەر و کاری بەد و خراپە گوتویەتی(دۆزەخ لەدەرگایشی بگەڕێیتەوە، هەرباشە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:23:11 2021/30/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 596
## دۆست ئەگەر بەدڵی خۆت پێ دەڵاڵی ناوێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20220806234610426918



دۆست ئەگەر بەدڵی خۆت پێ دەڵاڵی ناوێ
لەپشدەرێ ئە و ئیدیۆمە لەنێو خەڵکی بەتەمەن و بەساڵاچوواندا لەسەر زارانە، پێشان و لە کۆندا ئەگەر کیژ و کوڕێک دڵیان بۆ یەکتری بچووبایە، هۆوپێناویش لە کاروبار و ژیانی ڕۆژانەدا وەدەست نەکەوتبووایە، ئەوا ژنێکی بەتەمەن یان کیژۆڵەیەک لەلایەن کوڕەکەوە ڕادەسپێردرا بۆ ئەوەی نیازی دڵی کوڕە بە کچەکە بگەیەنێت بە و ژن و کیژۆڵەیەش کە ئە و کارەیان کردووە ووتراوە(پێناو یان دەڵاڵ)، زۆرجارانیش هیچ پێویستی بە دەڵاڵ و پێناو و ڕابەریکردن و چاوساغی نەکردووە، هەردوولا زوو لە ڕاز و نیازی یەکتری گەیشتوون و خۆیان کاروباری پەیوەندیاندیان سازاندووە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بە ئارەزوو و حەزی دوو کەس و لایەن کە ڕایان لە کارێک بێت ئەوا بەگوفتار شیرینی و توانجەوە وتراوە: دۆست ئەگەر بەدڵی خۆت پێ دەڵاڵی ناوێ. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/6/8 11:46:10 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 597

## دۆست بگرە بە قەسپێک، بەری مەدە بە ئەسپێک

[https://www.kurdipedia.org/?q=20220729095948425215](https://www.kurdipedia.org/?q=20220729095948425215)



دۆست بگرە بە قەسپێک، بەری مەدە بە ئەسپێک
ئەوانەی لە پەیڕەوانی ئاینی ئیسلامن، زۆر قەسپ و خورما لەلایان بەنرخە هاوشێوەی ئاینەکانیتر، زەردەشتی رووەکی(مۆرد-مورتک) لەلا بەبەهایە و مەسیحیەکانیش(زەیتون)یان لاپیرۆزە، کوردیش کە زۆرینەی موسڵمانە، قەسپی بەنمونە هێناوەتەوە، کە دەنکە قەسپ و خورمایەک چەندە بچوکە بۆ دۆست گرتن بەکاری بهێنە و ئەسپیش کە لەوڵاتی کوردان و ناوچەی شاخاوی چەندە گەورە و بە قیمەت و بەنرخ و بەهایە و باشترین هۆویێناوی گەیاندن و گواستنەوە و شەڕ و شۆڕ بووە، نابێت بۆ بەردانی دۆست وەربیگریت، ئەوە ئامۆژگارییە و بووە بە ئیدیۆم و بۆ بەنرخی دۆست کورد وتویەتی: دۆست بگرە بەقەسپێک، بەری مەدە بە ئەسپێک.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/29/7 9:59:48 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 598

## دۆست سەیری ڕەنگت دەکات دوژمن سەیری بەرگت دەکات

[https://www.kurdipedia.org/?q=20181217071007181616](https://www.kurdipedia.org/?q=20181217071007181616)



دۆست سەیری ڕەنگت دەکات دوژمن سەیری بەرگت دەکات
ئە و کەسەی کەتۆی خۆش دەوێت هەمیشە سەیری ڕەنگ ورووت دەکات کەم سەیری جل و بەرگ و پۆشتەوپەرداخ-یت دەکات، هەڵبەت ئەمەش لەناوەڕۆکدایە بۆیە ڕەنگ زەردیت هەست پێ دەکات و گەشی و دڵخۆشیت لەدەم وچاوتا دەخوێنێتەوە، بەڵام ناحەز و دوژمن کە چاوی پێت هەڵنایەت بەهیچ کلۆجێ ناتوانێ سەیری ناوچەوانت بکات تەنها سەیری ڕوخساری دەرەوەت دەکات و سەیری پۆشتەیی یان نا پۆشتەییت دەکات، ئە و خۆشەویستی نیە لەناخیدا بەرامبەرت بۆیە سەیری ناوچەوانت ناکات و ڕەنگی تۆ نابینێت هەرلە جل وبەرگەوە درکت پێ دەکات و دەتبینێ و دەزانێ هەبونیت یان نەبوون، بۆیە لەکوردەواریدا بەمەبەست ووتراوە(دۆست سەیری ڕەنگت دەکات و دوژمنیش سەیری بەرگت دەکات) واتە کە چویتیە شوێنێ گشتیەوە جل و بەرگی جوان بپۆشە و کە دۆستەکانیشت بینی ڕەنگ ورووت خۆش بکە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/17/12 7:10:07 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 599

## دۆستی بێ ئاقڵ، باری پشتێیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20211230072539399839



دۆستی بێ ئاقڵ، باری پشتێیە
پیرەمێردی نەمر بە هۆنراوە ئە و پەندەی خستۆتە روو(سوحبەتی نادان، تاڵ ڕابواردنە، ڕۆین لەدوای کەرس تەرس بۆنکردنە) کەسی نەفام وکەودەن و نەزان و کاڵفام دۆست و هاوڕێت بێت، بارت قورستر دەکەن، چونکە ئەگەر نەزان بەردێک فڕێداتە ناو ئاو بەهەزار زانایان دەرنایەت، لە و چوارچێوەیەدا کورد لە ئیدیۆمدا فەرمویەتی(دۆستی بێ ئاقڵ، باری پشتێیە) واتە ئەرکی قورسترە وەک لە ڕابواردن و پێکەوبی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/30/12 7:25:39 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 600

## دۆستی چاک پوڵی ناوگیرفانی خۆتە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190211062651257688



دۆستی چاک پولی ناوگیرفانی خۆتە
وتراوە(ئەگەر بەدوای هاورێی بێگەرد بگەرێی ئەوا بێ هاورێ دەمێنیتەوە) ئەم وتەیە زۆر نزیکە لەناوەرۆکی ئەم ئیدیۆمە کوردیەی سەرەوە، مرۆڤ کاتێ سەرکارە یان فەرمانگە و پایە و پۆستێکی هەیە خەڵکێکی زۆری لێ نزیک دەبێتەوە ئەوا خۆی هۆکاری ڕاکێشانی ئە و هەموو خەڵکە نیە بەڵکو شوێن و پایە وپۆستەکەیەتی کاتێک لە و پایە وپۆستە نەما ئەوا باشترین دۆستی پوڵی گیرفان و باغەڵی خۆیەتی، هەتاوەکو دەوڵەمەند و خاوەن پول و پارە دەتوانێت چاکتر لە هەژارێک خواش بکاتە یاوەری خۆی ئەگەر لە خێر و خێرات و لەپێناوی خودا سەرف و خەرجی بکات، کەس فریادڕەست نابێت ئەگەر پولی باخەڵی خۆت نەبێت بۆیە کورد باش لەم پەند و ئیدیۆمە ووردبۆتەوە بۆیە وتویەتی(دۆستی چاک پوڵی ناوگیرفانی خۆتە).

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/11/2 6:26:51 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 601

## دۆستی نەزان بەڵای خوایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171127083727143333

دۆستی نەزان بەڵای خوایە
عەلی کوری ئەبی تالیب جێنشین و خەلیفەی چوارەمی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی وتویەتی: (ئەگەر لەبەهەشت نەزانێک هاوسێم بێت، بەهەشت جێ دەهێڵم و ئاگر هەڵدەبژێرم) کەواتە دۆست و هاوسێ و هاورێی نەزان بەڵای سەرە و دۆزەخ و ئاگریش هەڵنەبژێریت ئەوا خۆی بەکارە نەفامانەکانی دۆزەخ و ئاگر و چەرمەسەریت بۆ دروست دەکات، جگە لەمەش بەڵایەک خوا بەسەر بەندەکانی بهێنێت کورد ووتەنی بەڵایە نەک گەمە و یاری بۆیە لە کوردەواریدا ووتراوە(دۆستی نەزان بەڵای خوایە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: AM 8:37:27 2017/27/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 602
**دۆشاو بۆ پاشای قاتی نییە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200906123550387572



دۆشاو بۆ پاشای قاتی نییە.
دۆشاوی(مێوژو خورما) دوو لە دیارترین دۆشاوەکانی کوردستانن زۆرترین خواستیان لەسەرە و ژەمەخۆراکی پێدابین دەکرێت وبەدەیان جۆرەخۆراکی ترەوە سفرە وخوان دەرازێننەوە، هەموو خێزانێکی کورد دۆشاوی بۆ خۆی دروستکردووە یان کڕیووە و وەکو خۆراک لەماڵەوە هەیبووە، هەندێک ساڵ و مانگ و ڕۆژ ئە و ڕسق و خۆراکە لەبازاڕدا بە هۆکاری جیاجیا نامێنێت، بەڵام دەوڵەمەند و خودا پێداوەکان بەتەنەکە لەماڵەکانیاندا دۆشاو بوونی هەیە تاماوەیەکی زۆر دۆشاو لەماڵیان نابڕێت، لێرەدا گرنگی دۆشاو و دەوڵەمەندی و دەسەڵاتی پاشا وایکردووە قەت دۆشاو لەماڵی نەبڕێت، ئەوە بووە بەئیدیۆم و گوزارشتە بۆ ئەوەی کە بۆ پاشا هیچ شتێک قاتی نییە و بەهۆی دەسەڵاتەکەیەوە دەتوانێت هەموو شتێک دابین بکات بۆیە وتراوە(دۆشاو بۆ پاشای قاتی نییە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: PM 12:35:50 2020/6/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 603
**دۆشاو بە گونت لە جێی بێ ئاو**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170927084736142753
دۆشاو بەگونت لە جێی بێ ئاو
دیارە دۆشاو برژێتە سەر گون بەتایبەت لە شوێنێکەوە کە ئاوی لێ نەبێت هەموو موی دەوروبەریشی بەیەکەوە دەنوسێنێت و مێروولە(کێرکە) و گەردی تۆز و ڕملی پێوە دەئالێت و کەس بەحالیەوە نەبێت، ئەمە بۆ ئەنجامدانی کارێک بەکاردەهێنرێت کە

کارەکە دروست و گونجاو نەبێت و لە جێگەی خۆی نەبێت، لەلایەکیتریشەوە ئە و کەسەی کارێکی نیوەچڵ بکات لەبەرکەم فامی و عەقلی پێی دەوترێت دۆشاو بەگوێت لە شوێنێکی بێ ئاو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰🇷 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/27/9 8:47:36 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 604

## دۆیەکی چەند ترشە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170921132104142670

دۆیەکی چەند ترشە
لەشایی و هەڵپەرکێی کوردەواریدا ئەگەر کوڕێک یان کابرایەک کچێکی لەدەست بێت و پێی جوان وقەشەنگ نەبێت دەڵێت وەی بابە دۆیەکی چەند ترشە، بەمەش کچە لە ئیدیۆمەکە تێ دەگات و دەستی کوڕە چۆل دەکات، ئەوە بۆ کەسێکیش بەکاردەهێنرێت کەخۆش مەشرەب و کۆڕ و کۆبونەوە نەبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰🇷 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/21/9 1:21:04 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 605

## دۆڵ دڕا، تەقەی برا

https://www.kurdipedia.org/?q=20201019231601389181



دۆڵ دڕا، تەقەی بڕا
لە و کوردەوارییەی خۆمان کە زەماوەندێک سازدەکرا و کوڕ وکیژێک بەیەک دەگەیەنران، بۆماوەیەک کە کەمتر نەبوو لە حەوت ڕۆژان هەڵپەڕکێ و شایی دەکرا و دەوترا: گڕ لەهەموانە و خۆشی بۆدووانە، کچان و کوڕانی ئاوایی تا درەنگانی شە و لەبەر( چرا ڕەشکە و فانۆس و لۆکس و مانگەشەو) هەڵدەپەڕین، ئەنگوچک و پشتێن و ئارەقەیان تێکەڵ بەیەکدی دەبوو، تنۆکی تەوێڵ وهەنیەوسەرگۆنایان بەرۆکی تەڕ دەکردن و وات هەست دەکرد بەڕووتی خۆیان پۆشیووە، لە دوا ڕۆژی شاییەکە، کە بووک دەهات و زاوا دەستی دەگرت و دوای عەسری ئە و ڕۆژە شاییەکە هەڵدەگیرا و کۆتایی دەهات کوڕوکاڵ بەگاڵتەوە دەیانووت:(دۆڵ دڕا، تەقەی بڕا) ئەوە بووە بەئیدیۆم و بە کۆتاهاتنی دۆخێک و هاتنەکاییەی دۆخێکی نوێ دەوترێت(دۆڵ دڕا و تەقەی بڕا).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/19/10 11:16:01 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 606
## دۆی پاییزان بدە ئازیزان، دۆی بەهاران بدە نەیاران
https://www.kurdipedia.org/?q=20220103203227400253



دۆی پاییزان بدە ئازیزان، دۆی بەهاران بدە نەیاران
بۆ زۆری ماست و ماستاو و دۆ وتراوە(ماستی بواریێ، ئاوی ڕووباریێ) واتە لە بەهاراندا لەبەری ئەوەی گژوگیای سەوز هەیە و مەڕ و بزن تێر دەخۆن و پرگوانیان شیر دەبێت، ماست و دۆ هێندە زۆرە هیچ ڕەواجێکی نییە و نابێتە دیاری، لە پاییزاندا مەڕ و بزن ئاوسن و شیریان وشکیکردووە، ماست و دۆ زۆر کەمن و دەگمەنە تەنها بۆ دۆست و ئازیزان دەست دەدات، بۆیە کورد لە ئیدیۆمدا ئە و حاڵەتەی تۆمارکردووە و دەفەرموێت: دۆی پاییزان بدە ئازیزان، دۆی بەهاران بدە نەیاران.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی


کاتی تۆمارکردن: PM 8:32:27 2022/3/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 607

**دیاری مێرۆلە، قاچە کوللەیە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20211218181545398871




دیاری مێرۆلە، قاچە کوللەیە
وتراویشە دیاری شوان ئالەکۆکە، مێرولە لە زۆر ئیدیۆمدا ناوی هێنراوە لێرەش دووبارە دەوترێت(دیاری مێرولە، قاچە کوللەیە) واتە توانای مێرولە تەنها ئەوەندەیە قاچە مێرولەت بۆ بهێنێت و بیکاتە دیاری، ئە و ئیدیۆمە بۆ پاساو هێنانەوە بەکاردەهێنرێت کە توانای کەسێک دیاریکراوە لە کۆمەک و هاوکاری و دیاری بەخشیندا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: PM 6:15:45 2021/18/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 608

**دێگەڵە و قوندەریان نەگۆتیە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170924144521142726

دێگەڵەو قوندەریان نەگۆتیە
دێگەڵە بەر لەوەی لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو بکرێتە ناحیە گوندێکی بچوکی ناوگەلی-یەک بووە و لە چەند ماڵێکی ئاژەڵداری و ڕەوەندی پێکهاتووە، شوێنی بچوکیش ناتوانی خۆتی تێدا بشارییەوە بە پۆخڵەوات و حیزی و دزی و قوندەری جێگەت نابێتەوە، کورت و کرمانجی ناتوانی لە شوێنی بچوک خوێرپایەتی بکەیت بۆیە وتراوە(دێگەڵە و قوندەریان نەگۆتیە)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: ⬇️ باشووری کوردستان

ولآت: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ☐ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2017/24/9 2:45:21 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 609

## دێگەڵەی نەدیووە چەند ماڵە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220103212214400283



دێگەڵەی نەدیووە چەند ماڵە
ئیدیۆمێکیتریش لە سەر بچوکی(دێگەڵە هەیە وتراوە دێگەڵە و قوندەریان نەگۆتیە) واتە ئە و نەریتە بۆ گوندی بچوک نابێت و لەشاری گەوراندا وون دەبێت، دیارە لەبەرئەوەی گوندە سەختە و بێ داروبارو زەوی و زاری بەپیت و بێ لەوەڕگا و پشوپەڵاشی باشە ئە و دۆڵ و گەڵیە کە ناوی شوێنەکەش بەناوی ئە و گەلیەوە هاتووە(دێگەڵە) بۆیە وەک ئیدیۆم جارێکیتر کورد بەکاریهێناوەتەوە، هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمانە کە دەڵێت (گلی دوور دەرمانە، دەنگی دەهۆڵ لەدوور خۆشە)، بەهەمان شێوە دەوترێت(دێگەڵەی نەدیووە، چەند ماڵە) واتە زۆر بچوک و کەم ماڵە، وەک ئەوە نییە لەدوورەوە ناوی ببیستیت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ☐ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2022/3/1 9:22:14 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 610

## دێڵە بەبا

https://www.kurdipedia.org/?q=20220424230026411413



دێڵە بەبا
لە شاری هەولێر دەوترێت:(دێرە بەبا) واتە: مێینە و دێڵی نێرخواز، بەراز و سەگی مێینە کە ئارەزووی نێرینەی خۆیان کرد پێیان دەوترێت: بەبا، دێڵەی سەگ کە بەبا دێت، گۆڵە-گۆرە وگەماڵ سەگی نێرینەی هەموو ناوچەکەی دەکەوێتە دوای، یەکێکە لە زەماوەندە بە کۆمەڵیەکانی سەگ، لە و هەموو سەگە گەماڵە کامەیان بەهێز بێت دێڵەکە دەخاتە بەر حەملەی خۆیی و دەکەوێتە دێڵەکەوە و دیمەنێکی سەیر و سەمەرە دروست دەبێت، چوکی گۆرەکە لەدوای ئۆرجازم-ترۆپکی خۆشی لەزێی دێڵەکە گیر دەبێت و دێڵەکە بەئامانی خوای بەری نادات، بە و حاڵەتەش دەوترێت: نووسان واتە: گۆرەکە بەدێڵەکەوە نووساوە، ئەمەش ماوەیەکی دەوێت تاوەکو ئاڵوشی دێڵەکە دادەمرکێتەوە و چوکی سەگەکە بەردەدات، ئە و حاڵەتە لە کوردەواریدا بووە بەئیدیۆم و بەژنێک یان کچێک، کە کوری گەرەکیان بەدواوە بێت یان هەر رۆژەی دۆستی یەکێک بن یان هەتیوو و خوێڕی زۆریان بەدواوە بێت دەوترێت: دێڵە بەبا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/24/4 11:00:26 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 611
## دێیەکی بەچاو دیارە، شارەزایی ناوێت
[https://www.kurdipedia.org/?q=20220103212441400284](https://www.kurdipedia.org/?q=20220103212441400284)



دێیەکی بەچاو دیارە، شارەزایی ناوێت
کە مانگ هەڵات پێویست بە ئەنگوست و پەنجە بۆ ڕاکێشان ناکات، وتراویشە(ڕۆژ دیارە ئەنگوستی ناوێت)، دێیەک دیار نەبێت لە چاوان پێویستی بە ڕێبەری و شارەزا دەبێت تا چاوساغی بۆ گوند و لادێیەکە بکات، بەڵام کە گوندەکە دیار بوو، پێویستمان بە کەس نابێت و شارەزایی ناوێت، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ شتی ڕاست و دروست و ئامانج ڕوون و دیار هیچ پێناو و پێوەند و چاوساغ و دەلیل و نێوەندگیر و ڕێبەدی ناوێت بۆیە وتراوە(دێیەکی بەرچاو دیارە، شارەزایی ناوێت).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/3/1 9:24:41 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 612
## دەبێ ئەو بەردەت هەر لە بن تەنیشتێ دابێت
[https://www.kurdipedia.org/?q=20220203202206403750](https://www.kurdipedia.org/?q=20220203202206403750)



دەبێ ئە و بەردەت هەر لە بن تەنیشتێ دابێت
بەرد، کانزایەکی ڕەقە، جۆری(ئاگری و گۆڕاو و نیشتوو)ی هەیە و لەسەر گۆی زەویدا زۆر بەربڵاوە و کەشکاری کاریگەری بەسەرەوە هەیە، مرۆڤ و ئاژەڵانیش کە پاڵ دەکەون ئە و خاکەی ژێریان تا تەختانی و خۆڵ و خاک و نەرم بێت پشوو و خەوی خۆشتر دەبێت، بەڵام بەردەڵان و ڕەقەڵان لە پەراسوی مرۆڤ دەچەقن و ختم دەبن و بەمەش تا ئەو بەردە لە بن دەنیشت بێت، پشوودانێک لە گۆڕێدا نییە، بۆیە بەرد و تەنیشتی مرۆڤ لە ئیدیۆمدا بەکارهێنراون، کاتێک دوو مرۆڤ دەکەونە شەڕ و نیگەرانییەوە یەکێکیان بۆ نائارامی و دڵەڕاوکێ و دروستکردنی گرژی و دڵ توورەیی و ڕق و تۆڵە و ئازاردانی بەرامبەر دەڵێت: (دەبێ ئەو بەردەت هەر لە بن تەنیشتێ دابێت).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2022/3/2 8:22:06 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 613

## دەبێ بچیە سەر بەڕەی خەڵکی

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901134056387363



دەبێ بچیە سەر بەڕەی خەڵکی
بەڕە، ڕایەخێکە لەڕستن و چنینی(خوری و پەڕۆ و لۆکە و داوەبەن) لەکارگەی تەوندا تەونکاری کورد دروستیکردووە، لەسەردەمانی زووکە پەتۆ و بەتانی و لێفە و جاجم هێشتا شوێنی نەگرتبۆوە، پێخەف بووە، لەکاتی خەوتنان لچکەکی بەخۆداداوە و لچکەکیشی لەژێرڕاخراوە، ئێستا بەڕە ڕایەخێکە و لە دیوەخانان و ماڵان ڕادەخرێت و مرۆڤ لەسەر پاڵدەکەوێت و دەخەوێت و دادەنیشێت، ئەوجارەش بەڕە هەر بۆ قسەکردن لەسەر کێژانە، پیاو کە کوڕی گەورە بووە کاتی ژنهێنانی هات لە کۆمەڵی کوردەوارییەی خۆمان هەردەبێت کێژی کابرایەکی بۆ بخوازیت، خواستنیش بە داب و نەریتە و دەبێت باوکی کوڕە زۆر بەڕێز و بەپێزانینەوە، بچێتە ماڵی کێژە، بە شەرم و هەناسەبڕکێوە لەسەر بەڕەیان دابنیشێت، نەبادا داخوازییەکەی ڕەتبکرێتەوە، ئینجا ئەوە حاڵەتە ڕاستینەیە بووە بە ئیدیۆم دەوترێت(دەبێ بچیە سەر بەڕەی خەڵکی) واتە هەموومان پێویستمان بەیەکە و کەس لەکەس پیاوتر نییە و بۆ هێنانی ژن بۆ کوڕەکانمان هەر دەبێت بچینە سەربەڕەی یەکتری.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/1/9 1:40:56 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 614
## دەتکەم بەکولەکەی کەوباران
https://www.kurdipedia.org/?q=20220105164853400477



دەتکەم بەکولەکەی کەوباران
وتراویشە: حەیفە نەیکەی بەکولەکەی کەوباران ئەمە ئیدیۆمێکی ناوچەی پشدەرە، هەرەشەیەکە، واتە ئەوەندە گوڵلەت پێوە دەنێم هەمولەشت کون کون بێت، پێش پەیدابونی قەفەزی تەل، ئەوانەی حەزیان لە بەخێوکردنی(کەو و کەوبار) کردووە، کولەکەی وشکیان بەکار هێناوە بۆ بەخێوکردنی کەوبارەی ساوا، دوای کون کون کردنی بۆهەناسەدان، هەر ئەم کولەکە وشکە بۆمەلەکردنیش بەکار هاتووە و لەپشتی خۆیان بەستوە چونکە سەرئاو کەوتوە ناوەکەی بۆش و کێشی سوک بووە[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/5/1 4:48:53 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 615
## دەروێش ڕۆژی تاڵانی دەردەکەوێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20200819223415387037



دەروێش ڕۆژی تاڵانی دەردەکەوێت.
دەروێش وشەیەکی کۆنی کوردی هەورامی یە بەمانای کەسێک دێت کە خەریکی پاککردنەوەی دەرون وخودی خۆیەتی و خۆی لەکاروباری خەڵکی هەڵناقورتێنێ و لەناکەس کاری دوور دەکەوێتەوە بۆ نزیکبوونەوە لە خودای تاقانە و پەرستراو، وەک چۆن زێڕ بەئاگر تاقیدەکرێتەوە، دۆست لە تەنگانە بە و شێوەیەش دەروێش لەکاتی تاڵانی دەردەکەوێت،
وتراویشە: گونی قۆڕیش لە ئاو بدرێت دەردەکەوێت، ئەم ئیدیۆمە گوزارشتە لەوەی ئەگەر دەروێش دەروێش و لە خواناس و بیروباوەڕەکەی پتە و بێت، ئەوا لەڕۆژانی تاڵانیدا دەردەکەوێت، کە هیچی نیە و هەژار و نەدارە و بەهیچ شێوەیەکیش دڵی بۆ تاڵانی ناچێت، هەندێکیش لە دەروێشەکان هەڵپەی کەلوپەل و پاتاڵن و پاککردنەوەی دەروونیان پیس دەکەنەوە بە ماڵی دونیا، نمونەیەکی زیندوو بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئیدیۆمەکە:
لەساڵی 2003دا کۆمەڵێک مامۆستا بۆ هاوکاریکردنی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ چەند شەوێک

لە(شیوەسوور)ی ئۆمەرمەندانی شارەدێی شوان وەک هێزێکی بەرگری پشتیوانی ئێشکگریان پێگیرا، یەکێک لە مامۆستایەکان ووتی: لەکاتی ئازادکردنی کەرکوک، تویوتایەک پڕ کەڵ وپەلی تاڵانی هات، سەیدێک بەپشتێنەکی سەوزەوە دابەزی و دەستیکردە ئاو بەدەم وچاو داکردن و نوێژکردن، ناسیاو دەرچوو کە ئێمەی بینی شەرمێک دایگرت و وتی: بەخوا مامۆستا من بەکرێ چووم و تاڵانیەکەم نەهێناوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org/)

کاتی تۆمارکردن: 2020/19/8 10:34:15 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 616

## دەڕێی لەبەر هەوێزی هاتیە

[https://www.kurdipedia.org/?q=20200905114153387526](https://www.kurdipedia.org/?q=20200905114153387526)



دەڕێی لەبەر هەوێزی هاتیە

هەوێز شوێنی مانەوە و نوستن و پشوو دانی شەوانەی مەڕوماڵات و مێگەل و ران و پەزە، لەگەڵ ئەوەی شوانکارە پیشەیەکی کۆنی مرۆڤە و زۆرێک لە پەیامبەرانیش ئە و پیشەیان هەبووە، بەڵام هەر بە نەفام و نەزان و نەشارەزا و شوانەوێڵە(وێرە) ناوی شوانکارەی هاتووە و دوور لەشارستانیەت و ژیارەوە دەژێت، ئینجا هەرکەسێک نەشارەزا و نادیدە بێت و هەڵسوکەوتی ناشارستانی بێت بەتەوسەوە دەوترێت(دەڵێی لەبەر هەوێزی هاتووە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org/)

کاتی تۆمارکردن: 2020/5/9 11:41:53 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 617

## دەزانێت چەند موو بە قنگیەوە هەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171113093411143160
دەزانێت چەند موو بە قنگیەوە هەیە
ئیدیۆمێکە بەکاردەهێنرێت بۆ کەسێک کە بەخۆیەوە بنازێت و خۆی هەڵبدات و هەڵبکێشێ لە ڕاستیشدا توانا و خاسیەت و ئەدگارەکانیشی بە دیارەوە بن و بزانرێت بایی چەندن، ئەمەش زیاتر بە تەوسەوە بەکاردەهێنرێت کاتێ یەکێک زیاد لە پێویست خۆی هەڵ بدات پێی دەوترێت دەزانرێت چەند مو بە قنگتەوە هەیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 13/11/2017 9:34:11 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 618
## دەست ئەگەر شکا خوار ئەگیرێتەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220617221403418975

دەست ئەگەر شکا خوار ئەگیرێتەوە
هەر شتێک کە شکا وەکو جارانی پێشووی لێ نایەتەوە، دەست شکان لە کوردەواریدا زۆر ڕوویداوە بە هۆی کاروباری ڕۆژانەی مرۆڤەوە، چ بە هۆی کەوتنە خوارەوە بێت لەسەر پشتی وڵاغ یان هەڵدێران لە شاخ یان دار و بەرد پێ کەوتن و....تاد، هەڵبەت ئەوەشیان بۆ دەرکەوتووە کە ئە و دەستەی شکاوە، هیچ بەیتار و حەکیمێک نەیتوانیووە وەکو خۆی بەڕاستی بیگرێتەوە و بیپێچێتەوە، هەر بەخواری گیراوەتەوە، ئینجا ئە و حاڵەتەیان لە ئەزمونی خۆیاندا کردووە بە ئیدیۆم و زانیویانە کار کە ڕوویدا یان کارەسات هات، تازە هاتووە و وەک خۆی لێ نایەتەوە و ناگەڕێتەوە دۆخی پێشووی خۆی بۆیە بە هۆشیاری و ڕێنوێنیەوە کورد وتویەتی: دەست ئەگەر شکا خوار ئەگیرێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 17/6/2022 10:14:03 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 619

**دەست بنێرە لاس، دەم بنێرە ماس**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220103205332400270



دەست بنێرە لاس، دەم بنێرە ماس
زۆر لەسەر کارکردن ئیدیۆم و پەندی کوردەواری هەیە و وتراوە وەکو: دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە، ئەوەی کارنەکات ناخوات، ڕەنج و گەنجی و ماسی گرتن و قونە تەڕنەبونیان نەگۆتیە....تاد، ئە و ئیدیۆمە بۆ کەسێکە کە ئاژەڵداری بەخێوکردنی مانگا کاری بێت، ئەگەر خزمەتی مانگاکە نەکات و ڕیخ و پاشەڕۆ و شیاکە ولاسەکەی ژێری خاوێن نەکاتەوە، ئەوا هەرگیز چاوی بە ماست و ماستاو ناکەوێت، بۆیە کورد ئەوەی کردووە بە ئیدیۆم و دەبێژێت(دەست بنێرە لاس، دەم بنێرە ماس) واتە کاربکە و ئارەقەبڕێژە، تا بەرهەمی باش بخۆیت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/3/1 8:53:32 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 620

**دەست لە گونان درێژ دەکاتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171113093549143161

دەست لە گونان درێژ دەکاتەوە
ئیدیۆمێکە بۆ کەسێکی بێ کار و بێ دەسەڵات بەکاردەهێنرێت، واتە ئە وکەسە یان ئە و پیاوە هیچی بە دەستەوە نیە و بێ کارە و دەستی بەڕەڵایە و لە و لاو لەوی گونی دەنێت وهەڵی دەتەکێنێت لە هەورامانیش ووتراوە بۆیە تەسبێح هەڵدەگرین چونکە ئەگەر دەست بەتاڵ بێت یان لە کونەلوتی دەنێ یان گونی پێ هەڵدەپەشێوی یان شەپاندنی پێ گونی پێ دەکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺️ وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: AM 9:35:49 2017/13/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 621

## دەستاوی خۆشە

[https://www.kurdipedia.org/?q=20180118065020144092](https://www.kurdipedia.org/?q=20180118065020144092)

دەستاوی خۆشە
دەست و ئاو دەبێتە دەستاو یان دەساو، دەساو خۆشی لەچەند بوارێک بەکاردەهێنرێت، کاتێک ئاژەڵێکی دابەستە بۆ داشتن دانراوە ئەوەی ئالیکی پێدەدا ئەگەر زوو قەڵەوی بکات دەوترێت دەستاوی خۆشە، یان ژنێک چێشتی بەتام و خوێیە یان شوانێک سەگەکەی درە دەوترێت دەستاوی باشە بۆیە سەگەکەی دڕ دەرچووە، مرۆڤ زیاتر ئەم درکەیە بۆ بەتام وخوێ چێشتی ژنێک بەکاردەهێنێت واتە فلانە کەس هەر شتێک ئامادە بکات هەر بەتام و بەلەزەت و خۆشی ئامادە دەکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: AM 6:50:20 2018/18/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 622

## دەستت لەگونی بارگیرم

[https://www.kurdipedia.org/?q=20180826090956154924](https://www.kurdipedia.org/?q=20180826090956154924)



دەستت لە گونی بارگیرم
وتراویشە دەستت(لەگونی کەرم) ئەمە بێ منەتکردنە بە گاڵتەوە یان بەجۆرێک لە هەڕەشەوە ئەگەر بەرامبەرەکەت داوایەکی نەخوازراو یان نێرەکەری و زۆرەملێی پێوە دیار بێت پێی دەوترێت دەستت لەگونی بارگیرم واتە چی دەکەی بکە منەتت بەگونی بارگیرم یان کەرەکەم.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:09:56 2018/26/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 623
**دەستی چەوری خۆت بەمن مەسڕە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190212075928257697
دەستی چەوری خۆت بەمن مەسڕە
ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ زۆر بەکاردەهێنرێن لە ئیدیۆم و پەندی کوردیدا(ئە و دەستە موحتاجی ئە و دەستە نەبێت، پیاوی سەری بچێت قسەی نەچێت، چاوی لەدەری، خۆڵی تێوەرێ...تاد) لێرەش دووبارە دەست کراوەتەوە ناو ئیدیۆم، ئەگەر کەسێکی دەست چەور دەستی بەتۆ یان بەمن سڕی ئەوا دەستی خۆی پاک دەبێتەوە وپیسەکەی دەنوسێت بە جل و بەرگمانەوە ئەمە واتە ڕاستەقینەکەیە، بەڵام مەبەست و دەربڕینەکە ئەوەیە خەڵکانێک عەیب و عاری خۆیان و شەرمەزارییەکەیان دەخەنە ئۆباڵ و ئەستۆی کەسانیتر بۆیە کورد بۆ بەرپەرچی ئە و جۆرە کەسانە وتویەتی(دەستی چەوری خۆت بەمن مەسڕە) واتە حەقیقەت ئەوە تۆی خاوێن نیت نەک ئێمە.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:59:28 2019/12/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 624
**دەستی خۆی نییە و ماری پێ دەگرێت**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220512225114413781



دەستی خۆی نییە و ماری پێ دەگرێت
بە پێچەوانەشەوە ووتراوە: دەستی خەڵکی ماری پێ بکوژی، مار لە بەرئەوەی لە زیندەوەرە خشۆکە زیانبەخشەکانە بۆ مرۆڤ، بۆیە مرۆڤ هەمیشە بە دوژمنی خۆی داناوە، ئینجا مارکوشتن بە دەستی خۆت نەبێت، دوو کەڵکی هەیە، یەکەمیان ئەگەر پێوە بدات ئەوە بەدەستی تۆوەی نەداوە، ئەگەریش کوژرا ئەوا دوژمنێکت لە کۆڵ دەبێتەوە، بەڵام لێرەدا پێچەوانە هاتووە: دەستی خۆی نییە و ماری پێ دەگرێت، دەزانرێت کە مارگرتن مەترسیدارە چونکە هەر کە مار بۆی ڕێکەوت، دەرفەت لە کیس نادات و پێوە دەدات ئە و حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم و ئەگەر کەسێک کاری بزێو و سەرکێشی و زەحمەت و قورس بە دەستی خەڵکی بکات، ئەوا بە توانج و پەلار و تەوسەوە دەوترێت: دەستی خۆی نییە، ماری پێ دەگرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/12/5 10:51:14 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 625

## دەستی خەڵکی ماری پێ بکوژە

https://www.kurdipedia.org/?q=20201002000754388581



دەستی خەڵکی ماری پێ بکوژە.
وتراویشە: زاری خەڵکی کوونە دیوار نییە، تۆپە قورەکی لێ بدەیت، خەڵک کە خزم و خوێش و هاوڵاتیانی هاونشین و دەوروبەرت دەگرێتەوە، بۆ هەموو کاروهەڵسوکەوتێک لێکدانەوە و قسەیان هەیە و ئەگەر(بارت بکەوێتە لێژی کەس باشت بۆ نابێژی) سەبارەت بەکاروبار و هەڵسوڕاندنی کەس وەک خودی خۆت(پشتت ناخورێنییێت) ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ کارێکی خۆت کەس وەکو خۆت ناتوانێت خەمخۆری بێت و بەرێک وپێکی جێ بەجێی بکات، هەرچۆنێک بیکات کەموکورتی دەبێت بۆیە بەرێنماییەوە دەوترێت(دەستی خەڵک هەر ماری پێ بکوژی) ئەگەر پەرچەکرداری هەبێت مارەکە بەدەستی کەسەکەوە دەدات و یان دەیکوژێت، بە و جۆرە زیانت بەرناکەوێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان


[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 12:07:54 2020/2/10
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 626

## دەستی زۆر لەکارم بێت لەماڵم نەبێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20200906130145387573



دەستی زۆر لەکارم بێت لەماڵم نەبێت.
زۆر ئیدیۆم لەسەر کارکردن هاتووە لەزمانی شیرینی کوردیدا وەک(ئیش شێرە دەستت پێکرد دەبێتە ڕێوی، ئیش کەرە دەبی لێخوڕی..تاد) لێرەش کارکردن هاتووە ئەگەر کارێکی قورسی وەک(گڵەبان و سەرسواق و دروێنە و گەڵاجاڕ و خەرمان گردکردنەوە و قرشە و کێشە گواستنەوە و ڕەشکەکێشان و کادین داکردن و خشت برین و دۆریخە هەڵدانەوە و شتڵ چاندن و...تاد) ئەوا بەهەرەوەزی و دەستە و کۆمەڵە زوو ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئە و خەڵکە زۆرەش پێویستە نیوەڕۆ ژەمەخۆراکێکی باشی بۆ ئامادە بکرێت وەکو هەریسەی شینی حەسەن و حوسێن و نیسکێنەی خۆمان، لێرەدا(کار، ماڵ) بوون بەتەوەری ئیدیۆمەکە، کاتێک کۆمەڵێک کەس زبارەت دەکەن و کارێکت بۆ هەڵدەسوڕێنن زۆر زوو تەواوی دەکەن و دڵت پێی خۆش دەبێت، بەڵام کە هەموویان بێنە سەر خوانت نان و چێشتێکی زۆریان دەوێت و دابینکردنی ماندووت دەکات، بۆیە لەکوردەواریدا خۆزگە بەدەستی کاری زۆر براوە لەکاردا، بەڵام لە ناوماڵدا نا چونکە دەستی کاری زۆر خۆراک و ئالیکێکی باشی دەوێت و ماڵ لەبن دەردێنێت بۆیە کورد بەخۆزگەوە وتویەتی(دەستی زۆر لەکارم بێت لەماڵم نەبێت). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 1:01:45 2020/6/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 627

## دەستی شەنێ هەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220221205413405907



دەستی شەنێی هەیە
وتراویشە: بەبای دەکات یان دیسان بەبای کرد ئە و ئیدیۆمە لە بەباکردنی خەرمانەوە هاتووە بۆ جیاکردنەوەی کا و دان بە ئامێری(شەنە) ئە وکارە دەکرێت ئەگەر بایەکە شەماڵ بێت نەوەک هورە و گرە و رەشەبا چونکە زیان دەبێت بۆ خەرمانەکە، ئە وکارەی وەرزێری کورد بەباکردنی کا و کۆت و خەرمان بووە بە ئیدیۆم و بەکاردەهێنرێت بۆ کەسێکی درۆزن و دەوترێت: دەستی شەنەی هەیە واتە: دەزانێت بەبای بکات و دەستی بەدرۆیانکردووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/21/2 8:54:13 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 628

## دەستی لە گونی بارگیری بوو

https://www.kurdipedia.org/?q=20180826091913154925



دەستی لەگونی بارگیری بوو
مرۆڤ کە سواری وولاغە بەرزە دەبێت ڕەشمەی وولاغەکەی بەدەستەوەیە و جلەوی کردووە و ئاراستەی دەکات واتە ئە و فەرمان دەردەکات و وولاغەکە جێ بەجێی دەکات ئینجا ئەگەر دەستی لە ڕەشمەکە بەربوو ئەوا بەگونی بارگیریش خۆی پێ ناگیرێتەوە، گونیش واتە پاشەڵی وولاغەکە ئەگەر دەستی لەوێش گیر نەبوو واتە بەتەواوەتی دەسەڵاتی لەدەست داو هیچی بەدەستەوە نامێنێ بۆیە ئەگەر کەسێک لە کارێک یان شوێنێک یان پرۆژەیەک یان سەرمایە و دەوڵەمەندییەک کەپێشتر تێیدا کاربەدەست بووە کەچی ئێستا هیچی بەدەست نەماوە دەوترێت دەستی لەگونی بارگیربوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/26/8 9:19:13 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 629

**دەستە و نەزەر وەستاوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180125094025144257

دەستە و نەزەر وەستاوە
ئەم ئیدیۆمە بەکەسێک دەوترێت کە دەست بەسینگەوە لە خزمەت گەورەکەی وەستا بێت یان چاوەڕێی فەرمانی ئاغاکەی بێت و تا بۆی جێ بەجێ بکات، یان چەما بێتەوە شێوە تەعزیم و کڕنوش و چاوی لە دەم و دەست و ئیما و ئاماژەی گەورەکەی بێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/25/1 9:40:25 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 630

**دەسدار دەیبا و بێ دەس دادەمێنێ**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180125093759144255

دەسدار دەیبا و بێ دەس دادەمێنێ
دەسدار واتە زۆردار و خاوەن دەسەڵات و دەسترۆیشتوو، بێ دەسیش واتە بێ دەسەڵات و بێ کەس و پشت و پەنا، دامان و دادەمێنێ واتە دەستەپاچەبوون و ناچار ودەستەوەستان.
ئەم ئیدیۆمە لە کاتی نەبوونی یاسا و ڕێسای دادپەروەرانە و بەرقەرابوونی یەکسانی دەوترێت واتە یاسای کارپێکراو یاسای هێز و دارستانە ئەوەی هێزی هەبێت براوە و ئەوەی هێزی نەبێت دۆڕاو و ژێردەستەیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/25/1 9:37:59 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 631

**دەسماڵ سپی، سابوون بە قەرز**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170711095229141306

دەسماڵ سپی، سابوون بە قەرز.
بەکەسێکی پۆشتە و پەرداخ و جل و بەرگ رێک و خاوێن دەوترێت کە خودا پێداو نەبێت و هەژار بێت و رزق و رۆژووی رۆژێک لەدار بێت و رۆژێکیش لەخوار بێت و نانی بەدوی رانەگات کەچی بەردەوام جل و بەرگ و دەسمالەکەی خاوێن و پاک بێت و بەپارەی خەڵکی بەدەستی کەوتبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: ⬇ باشووری کوردستان

ولات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ● دیارینەکراو | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/11/7 9:52:29 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 632

**دەعوەتێ میران، گرە لە فەقیران**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220203203940403756



دەعوەتێ میران، گرە لە فەقیران
هەر لەکۆنەوە تا ئەمرۆ دەسەڵاتدار، دەسەڵاتەکەی بە ئابوری خەڵک بەرێکردووە، چ بە باج و سەرانە و مزە چ بەتاڵان و برۆ و دەست بەسەراگرتن، لە سەروبەندی(میر و ئاغا و دەرەبەگ و بەگ و کێخوا) کە بەخۆش گوزەرانی و پۆشتە و پەرداخی راپانبواردووە هەر لەسەر حسابی خەڵکی رەمەکی و رەشۆکی و رەعیەت و دەست و پەیوەند و جوتیاران و مسکێن و رەنجبەران بووە، کاتێک کە مێواندارییەکی گەورەی بەرپرسانی وڵاتێک یان هەرێمێک دەبینرێت لەسەر بودجەی گشتییە، ئەوکاتیش لەسەر گیسکانە و دەیەکی گەنمانە و مەرانە و سمتانەی هەژاران بووە، بۆیە بووە بەو ئیدیۆمە وەک حەسرەت و نیگەرانی ووتراوە: دەعوەتێ میران، گرە لە فەقیران.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2022/3/2 8:39:40 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 633

## دەم تەڕی کاسە وشک

https://www.kurdipedia.org/?q=20220103210157400275



دەم تەڕی کاسە وشک
هاوشێوەی ئەمە وتراوە: خانەخوێ خراپ‌ِ مێوان چاک، خوڵقی سنەیی، سابونی، زۆرجار وا ڕێک دەکەوێت مرۆڤێک گفت و لفتی زۆر شیرینە و دەمی تەڕ و چەورە و قسەی هەراش و بەڵێنی تەڕ تەڕ دەدات، کەچی کەدێیە سەر خوان و ڕاستی خوانەکەی وشک و بێ خۆراکە ئەوانە لە کوردەواریدا بەتەوسەوە پێیان دەوترێت(دەم تەڕی کاسە وشک یان دەم چەوری و کاسە خاڵی).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2022/3/1 9:01:57 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 634

## دەم تەڕی، کاسە وشک

https://www.kurdipedia.org/?q=20220409093027410809



دەم تەڕی، کاسە وشک
وتراویشە: مێوان چاکی خانەخوێ خراپ، ئەو کەسانەی لە ماڵی خەڵکیدا خۆیان زۆر بە خانەدان و سەخی و نانبدە و دڵاوا و خوان ڕازاوە دەنوێنن و پڕ بەکراسیان خۆیان هەڵدەکێشن و زارپاراو و شیرینن، هێندە جوان دەچنە کەڵکەڵەی مەردومەوە، دێنە دڵەوە و لە خشتەت دەبن بە زمانە تەڕ و لوسەکەیانەوە، ئەوەندە باس لە باس وخواسی سەیر و سەمەرە دەکەن دەزانن کە قسەی گەورە و زۆر هیچ باج و زەکاتێکی لەسەر نییە، پڕ بە گەروویان خوانی ئەم و ئە و دەگێڕنەوە، نمونەی قۆناغ و دیوەخان و سفرەی جوان و پڕ گۆشت و پلاو دەخەنەروو، ئەگەر ڕێگات بکەوێتە ماڵیان ئەوا هێندە پوشت و قرچۆک و ڕژد و ڕەزیل و دەست قوچاون، خوان و سفرەیان پڕیەتی لە کاسەی بەتاڵ، کاسە دەفرێکی دارینە، ئەمانە لایەنی ڕاستەقینەی ئیدیۆمەکەن و هەردوو دژیەکی(تەڕ و وشک) لە نێوان(دەم و کاسە) ئە و ئیدیۆمە جوانەی لێ پێکهێنراوە وەک تانە و تەشەر و تەوس بە کەسێک دەوترێت کە لەماڵی خۆیدا هیچ خزمەتگوزارییەک لەسەر حسابی خۆی بۆ کەس

پێشکەش ناکات و لە ماڵی خەڵکیشدا زۆر بە خۆیدا هەڵدەدات و بەزاری شیرینەوە لە سفرە و خوان نزیک دەبێتەوە بۆ ئە و جۆرە کەسانە دەوترێت: دەم تەڕی، کاسە وشک.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/9/4 9:30:27 AM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 635

## دەم دەخوا، چاو شەرمەزارە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220805202105426672



دەم دەخوا، چاو شەرمەزارە

لە کوردەواریدا زۆر شت هەن دەستەواژین وەکو: شین و شایی دەستەواییی، ئەوهاش داوەتکردن و هاوکاری و زبارە و هەرەوەزی و نانخواردن و کار بۆ یەکتری کردن هەمووی دەستەوایە، لە کۆندا و تا ئەمڕۆشی لەگەڵ دابێت داوەت و نانخواردن لە ماڵی یەکتریدا نەریتی باو بووە، ئە و کەسەی نابدەر بووایە پێگە و جێگە و پلە و پایەی باشی دەبوو، هەندێ لە داوەتەکان مەبەستێکی لە پشتەوە بووە، بۆ ئەوەی دوای نانخواردنەکە تەکلیفێکی لێ بکرێت، بۆ خواستنی ئەسپێک یان کیژێک یان ئەنجامدانی کارێک هەموو ئەوانە وایکردووە لە ئەدەبیاتی کوردەواریدا بە ئیدیۆم ئە و جۆرە داوەتە باس بکرێت بووترێت: دەم دەخوا، چاو شەرمەزارە، بەهۆی ئە و نانخواردنەوە تەکلیف دەکرێت و بەهۆی خواردنەکەشەوە چاوت شۆڕ دەکەن و ناچاری کە داخوازی و داوکارییەکەیان بۆ جێ بەجێ بکەیت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/5/8 8:21:05 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 636

## دەم دەخوات چاو شەرمەزارە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170725101316141578

دەم دەخوات، چاو شەرمەزارە
لەکوردەواریدا نمەک گیر بوون زۆری لەسەر باسکراوە، نمەک واتە مانەوە و حەوانەوە و نان خواردن لە ماڵی کەسێک، ئە و کەسانەی رەسەن و دسن بن لەناو کوردان ئەگەر دز-یش بن گەر نمەکی ماڵێک بکەن دزی لێ ناکەن، واتە دەم خواردی ئیتر چاو شەرمەزار دەبێت و نابێت چاوت بەرامبەر ئە و ماڵە(قایم) بێت و دەست بۆ ناموس و سەروەت و سامانیان بەریت و هەر کاتێکیش کارێکیان پێت بوو دەبێت خۆت بەشەرمەزاریان دابنێیت و کارەکەیان بۆ رابپەڕێنی، بۆیە کاربەدەستی رەسەن لەکاتی ئەرک و دەوامدا هیچ جۆرە داوەتێک(قبول) ناکات چونکە دەزانێت دەم بخوات چاو شەرمەزارە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ولات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| ولات: | ➡ رۆژهەلاتی کوردستان |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 10:13:16 2017/25/7

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 637

## دەم شڕی دەم حیز

https://www.kurdipedia.org/?q=20170923134854142692

دەم شڕی دەم حیز
ئیدیۆمێکە بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت کە هیچ نهێنی و قسەیەک نەپارێزێت و زوو بڵاویبکاتەوە و شڕ-یش گوزارشتە لە تورەگەیەک یان هەگبەیەکی دڕاو کە ئە و شت و مەکەی تێیدایەتی بەهۆی شڕۆڵیەوە هەمووی دەرژێت و هیچی لەناو نامێنێتەوە، گفتوگۆ و ئاخاوتنەکانیشی هەمووی قسەی قۆڕ و بێ مانا و لەجێگەی خۆیدا نیە و شەرمیش لە وشەکان ناکات بەگوێرەی شوێن وجێگە و کۆڕ و کۆبونەوەکان بەڵکو ئەوەی بکەوێتە سەر زاری وەک تیر دەیهاوێژێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ولات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| ولات: | ➡ رۆژهەلاتی کوردستان |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی


کاتی تۆمارکردن: PM 1:48:54 2017/23/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 638

## دەماڵی نیە دەنکە برویشیە، بەپێ دەرپێ چۆپی دەکیشیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180621104123151987



دەماڵی نیە دەنکە برویشیە، بە پێ دەرپێ چۆپی دەکیشیە
بروش لە لێکردنی گەنم لە ئاسیاوێ دەست دەکەوێت، بروش خواردنێکی کوردەوارییە و بەشلەپی و گفتەی لێ دەنرێت و تێکەڵی شۆربا و نیسک و تاد دەکرێت، ماڵی جوتیاری کوردەواری بێ بروش نەبوون، بەڵام ئەگەر یەکێک پێی بوترێت دەنکە برویش نیە لەماڵی واتە زۆر هەژارە، ئینجا لەگەڵ ئە و هەژاریەش لە کۆندا دەرپێ، شەرواڵ زۆر کەم کەس هەیبوو، دەرپێشی لە پێ نیە کەچی دڵی تەڕە دەخوازێت و سەرچۆپی گرتووە بە گوێی ڕووتی و نەبونیەوە، هاوشێوەی ئەم ئیدیۆمە زۆر ئیدیۆمیتری وەک(دەسماڵ سپی سابوون بەقەرز و(نانی بێ خوێ دەخوات تری سوێریش دەکات).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 10:41:23 2018/21/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 639

## دەمی بووە بە تەڵەی تەقیوو

https://www.kurdipedia.org/?q=20220511223906413689



دەمی بووە بە تەڵەی تەقیوو
تەڵە: پیلان و فرۆفێڵێک و داونانەوەیە بە شێوازی تەپکە وسینگە تەڵەی ئاسن و دار و ماشە و تۆڕ و چاڵ و چەشەکردن بۆ گرتنی گیانەوەری وەکو ڕێوی و چەقەڵ و کەمتیار و کەروێشک و مشک و جورج و باڵندە و ماسی و جروجامشتی تر، ئینجا ئە و تەڵ و فاقەی کە لە ئاسن دروستکراوە، کاتێک بتەقێت بەهەر هۆکارێک بێت، ئەوا بێ دەنگ دەبێت و چیتر دەنگی تەقینەکەی نایێت یان ئەگەر دەنگی تەقینەکەشی نامێنێت، ئە و حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم و بە کەسێک دەوترێت: کە لە ترس و دڵەڕاوکیدا نەوێرێت فزە و قسەیەکیش بکات و متەقی نامێنێت و تۆقی دەچێت ناتوانێت تەنها یەک وشەی لە دەم بێتە دەرەوە، لە و دۆخەدا بۆ ناساندن و دۆخەکەی دەوترێت: دەمی بووە بە تەڵەی تەقیوو، دەمی بووە تەڵەی تەقیوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] k تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2022/11/5 10:39:06 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 640
## دەمەکی لەبارە، بیستی لاخوارە
[https://www.kurdipedia.org/?q=20220204220206403911](https://www.kurdipedia.org/?q=20220204220206403911)




دەمەکی لەبارە، بیستی لاخوارە
کاتی خۆی کە ڕێگاوبانەکان کوێرەڕێ و باریکە و بزنەڕێ بوون، کەل وپەل گواستنەوە و هاتوچۆ هەر بە کەروبار و وڵاغ بەرزە بووە، ئە و کەل وپەلانەی دەخرانە سەر پشتی گوێدرێژەوە دەبوونە بار، ئەگەر دوو فەردە توتن یان دانەوێڵە لەسەر پشتی گوێدرێژەکە بووایە، ئەگەر بەلایەکدا بکەوتایە دەوترا: بارەکە لابارە یان لاخوارە(بار بەلاباران ناگاتە هەواران) ئینجا ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی دەم دەمی و میزاجی دەوترێت: دەمەکی لەبارە، بیستی لابارە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] k تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2022/4/2 10:02:06 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 641
## دەنگی دەڵێی کەڕنایە
[https://www.kurdipedia.org/?q=20200825215425387181](https://www.kurdipedia.org/?q=20200825215425387181)



دەنگی دەڵێی کەڕنایە.
کەڕنا، لە زمانی عەرەبیدا(صور) دێت، ئامێرێکە فووی پیادەکرێت و دەنگێکی جاڕس و بێزارکەری هەیە، لەلای موسڵمانیش لە ڕۆژی دواییدا(پەسڵان) لەلایەن فریشتەی(ئیسرافیل)ەوە بەفەرمانی خودای گەورە فووی پیادەکرێت و جیهان سەراوژێر دەبێت و بە فیکەی دووەمی ئە و کەڕنایە بەفەرمانی خوداوەند ئادەمیان بۆ حەشر و حیساب زیندوو دەکرێنەوە.
ئەم ئیدیۆمە لەواتا خوازراوەکەی لە دەنگی بەرز و ناخۆشەوە هاتووە، زۆر جاران مرۆڤێک کە قسان دەکات دەنگی زۆر بەرز و ڕەق و بێزارکەرە بە و کەسانە دەوترێت(دەنگی دەڕێی کەڕنایە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت


🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2020/25/8 9:54:25 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 642
## دەهۆڵ هەرچەندی گەورەتر بێت، ناوی بۆشترە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220617223145418979



دەهۆڵ هەرچەندی گەورەتر بێت، ناوی بۆشترە
دەهۆڵ، دۆڵ، دۆر، تەپڵ: چەرمێکی خاوی ئاژەڵی خۆشکراوە، بەدەم و سەری دەفرێکی قوڵەوە توووند کراوە، ئەگەر بە دار لێی بدەیت، دەنگ دەداتەوە، لە زۆر ئیدیۆمیشدا بەکاهاتووە وەکو: دەنگی دۆڵ لە دوورەوە خۆشە، دۆڵ دڕا، تەپەی بڕا، دەهۆڵ کوتانە، ئینجا ئە و دەهۆڵە هەرچەندە گەورەتر دروست بکرێت ناوی بۆشتر دەبێت، ئە و حاڵەتەی دەهۆڵ و گەورەیییەکەی کراوە بە ئیدیۆم و بە کەسێکی ڕێ کەڵک و بێخێر و هیچ لەبارانەبوو دەوترێت تا بەرە و ساڵ بچێت و گەورەتر بێت لە تەمەن هەر وەکو خۆیەتی هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت بە تەوسەوە پێی دەوترێت: کورە بابە دەهۆڵ هەرچەندی گەورەتی بێت، ناوی بۆشترە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/17/6 10:31:45 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 643
## دەوڵەمەند گوی چەورە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220126120742402832



دەوڵەمەند گوی چەورە
هەرچەندە کورد ئەوەشی وتووە: دەوڵەمەندی چڵکی دەستیە، واتە زوو دێت و دەڕوات و نامێنێت وەکو پیسی و چڵکی دەستی مرۆڤ، بەڵام دەوڵەمەندی مانای ئەوە نییە لە زمانی شیرینی کورددیدا چەندین ئیدیۆمی خاوەن ستایشی لەسەر نەبێت، وەکو(دەوڵەمەند بترێ دەڵێن یەرحەموکەڵلا)، بەهۆی سامان و داهات و هەبوونیەوە کەسانێکی زۆر لێی نزیک دەبنەوە، بە وکەسانەی لە دەوڵەمەند نزیک دەبنەوە دەوترێت(پارووتان کەوتە ناو ڕۆنەوە) یان(شوێنەکەتان چەورە) هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمانەش ئیدیۆمی(دەوڵەمەند گوی چەورە)ش بەکاردێت و بۆ ئە وکەسەی نزیک دەکەوێتەوە لە سەروەت سامانی دەوڵەمەندێک، واتە لە پاشماوە و دەروای دەوڵەمەند شت دەست دەکەوێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/26/1 12:07:42 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 644
## دەڵێی ئالەت کراوەتە قنگی
https://www.kurdipedia.org/?q=20171114085529143170
دەڵێی ئالەت کراوەتە قنگی
کەسێک جموجۆڵی زۆر بێت و دانەسکنێ لە هیچ زەوییەکی خودادا گیر نەبێت و لە هیچ شوێنێ نەوەستێ بە تەوسەوە پێی دەوترێت دەڵێی ئالەت کراوەتە قنگی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:55:29 2017/14/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 645

## دەڵێی ئەسپێی کراسی کۆنی لەبەشەر نابیتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20181224081746181733



دەڵێی ئەسپێی کراسی کۆنی لەبەشەر نابیتەوە
ئەسپێ هەر ئەسپێ یە چ بەکراسی نوێ-ەوە بێت چ بەکراسی کۆن-ەوە بەڵام بۆ گەورەکردنی بابەتەکە کراسی کۆن هاتۆتە ئاراوە و هەڵبەتیش کراسی کۆنە لەبارترە بۆ ژینگە و مۆڵگەی ئەسپێ، لە باروددۆخی پۆخلی و نەخۆشی و پیس وپەلۆسی و نەشۆری دێتە کایەوە حەزیش دەکات لەوژینگەیەش سەربنێتەوە، بەمشەخۆری باڵا دەکات و پیشەیەتی بەمردن و کەوتنە نێو پەنجەکانی ئەسپێ کوژە کۆتایی دێت، یان بەخستنە بەرخۆرەتاوی گەرم هەندێکیان دەجوڵێن و دەڕۆن ئەگەرنا حەزناکەن ماڵەخانەخوێ بەجێ بهێڵن و وەک بنێشتی(پاپا)ی بە پرچی مرۆڤەوە نوسابن، یان قیر بەکەواوە بێت ئەوهان، ئینجا مرۆڤ بە درکە و دەربڕینەوە دەڵێت(دەڵێی ئەسپێی کراسی کۆنی لەبەشەر نابیتەوە) واتە زۆر بێزارکەر و جارسی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:17:46 2018/24/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 646

## دەڵێی بارۆکەی نەگیراوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170927135430142761

دەڵێی بارۆکەی نەگیراوە
لە سلێمانی دەوترێت دەڵێی (فەقێی نەگیراوە) لە شێخ بزێنی خواروش ئەگەر میوانێکی ئازیزیان بێت خاوەن ماڵەکە بە کابانی

ماڵ دەڵێت (بارۆکەیەکی نەگایراوی) بۆ سەربڕە، لەهەردوو ئیدیۆمدا مەبەست پۆشت و پەرداخی و خاوێن و باوێنی و نازداری یە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

ولات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/27/9 1:54:30 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 647

## دەڵێی بزنە بەتەگەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20210118183111390923



دەڵێی بزنە بەتەگەیە

ئاژەڵی بزن ساڵانە یەکجار حەز بەجووتبوون و زگ وزا دەکات، ئەوجارەش بەقارەقارە دونیا دەهێنتە سەر خۆی کەوا حەزی لە تەگەیە و بەتەگەیە، تەگە واتە نێری و سابرێن، هەندێک لەبزنەکان دووبارەی دەکەنەوە بەهۆی ڕوونەدانی پیتاندن لە هێلکۆکەی منداڵدان-یان بە و جۆرەیان دەوترێت(پاش تەگە- واتە تەگەی نەگرتووە بۆیە دووبارەی دەکاتەوە) ئەوە بووە بە ئیدیۆم بە کیژێک یان ژنێک یان مێینەیەک دەوترێت کە زۆر بێ شەرمانە بیەوێت ئارەزوویەک یان حەزێکی خۆی دابین یان جێ بەجێ یان پەیرە و بکات بە ئیدیۆمەوە پێی دەوترێت دەڵێی بزنی بەتەگەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2021/18/1 6:31:11 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 648

## دەڵێی بەتەپکەی گیرایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180929103016156592



دەڵێی بە تەپکەی گیرایە

تەپکە، تەڵەیەکە لەکوردەواریدا زیاتر بۆ ڕاوکردنی باڵندە بەکارهاتووە، تەڵەی تەپکە بە شێوە کلاسیکیەکەی بەردێکی پان دەهێنرێت و بەگوێرەی قەبارەکەی قۆڵتێک یان چاڵێک هەڵدەقەنرێت، بەردەکە بەنیوەکراوەیی دەخرێتە سەرچاڵەکە و پشت دەبەستێت بە دوو چیلکە دار، یەکێکیان(دوو گوێ-گێ)یە و ئەویتر ڕاستە، دوو گوێیەکە لەسەر تراز دادەنرێت تاوەکو پێی باڵندەکە کەوتە سەری ببێتە هۆی تەپینی بەردەکە و باڵندەکە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ناو قۆڵتەکەوە، لەدەوروبەری چاڵەکە(کا) دادەنرێت و ناو چاڵەکەش(گەنم) ڕوودەکرێت، ئەم تەپکە نانەوەیەش لەوەرزی زستانان دەکرێت کە دانەوێڵە لەسەر زەوی نامێنێت، ئەمجۆرە تەپکەیە زیاتر بۆ سوێسکە و کە و و ریشۆڵە بەکارهاتووە، کەمتر بۆ باڵندەی گەورەتر لەمانە بەکارهاتووە، ئەم تەپکەیە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی بچوک و بودەڵە و گزگل و کورتیلە و کورەبنە دەوترێت ئەوەندە بچوکە دەڵێی بەتەپکەی گیرایە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/29/9 10:30:16 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 649

## دەڵێی بەرانی دابەستەی جولەکانە

https://www.kurdipedia.org/?q=20210509220734393973



دەڵێی بەرانی دابەستەی جولەکانە

جولەکەکان لە کوردستان زۆربەیان لە شاروشارۆچکەکان نیشتەجێبوون و پیشەی بازرگانی و پیشەوەری جۆراوجۆریان هەبوو، کەمتر ئاژەڵداری و جوتیاریان کردووە، لەماڵەکانیاندا بەرانێکیان ڕادەگرت و دایان دەبەستا و پەلکە شوتی و خەیار و پاشماوەکانی چێشت و خۆراک و جۆ و ئاوێکی باشیان لەبەر سێبەر پێ دەدا و بەمەش لەشوێنی خۆیەوە قەڵە و تەمبەڵ دەردەچوو، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی قەڵە و تەمبەڵ و تەوەزەڵ دەوترێت(دەڵێی بەرانی دابەستەی جولەکانە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 10:07:34 2021/9/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 650

## دەڵێی بەرخی دایک مردووە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170923155550142706

دەڵێی بەرخی دایک مردووە
بەرخێک دایکی مردبێت تێر شیر ناخوات و قرغ و لەڕ دەڕسکێت و جۆی هەموو دونیای پێ بدەیت هەر پێوەی دیار دەبێت، ئەمە بۆ کەسێک بەکار دەهێنرێت کە لاواز و بێ تەنگ وتۆش بێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 3:55:50 2017/23/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 651

## دەڵێی بەردیلی بەر بواردە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171221092241143576

دەڵێی بەردیلی بەربواردە
بەرخی ئەمساڵ لە بەهار بەدواوە دەبێتە(کاوڕ) و ساڵی دووەم پێی دەوترێت(بەردیل) ئینجا چ زگ وزا بکات چ زگ و زا و ئاوس بوونی ساڵێک ڕاگرتبێت پێی دەوترێت(بەر بوارد) واتە ساڵێک ئاوس بوونی بواردبێت، ساڵی سێەم دەوترێت دوو بەر بوارد و یان سێ بەر بوارد بەمەش تەمەنی دیاری دەکرێت، لێرەدا لە ئیدیۆمی کوردەواریدا بە ژنێکی گۆشتن و خرپلە و خەپان و تەڕ و ئاودامان دەوترێت دەڵێی بەردیلە ساڵێکی ئاوس بوون بواردووە.


تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📺 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2017/21/12 9:22:41 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 652
**دەڵێی بەردی دەم ڕووبارانە**
[https://www.kurdipedia.org/?q=20220203203734403755](https://www.kurdipedia.org/?q=20220203203734403755)




دەڵێی بەردی دەم ڕووبارانە
لە ڕواندز دەوترێت: (ئەرێ بەردینە دە و ڕووبارانە) ئەو بەردە زۆرەی بەهۆی ئاوی لاڤاو و ڕووباران کەڵەکە دەبێت و زۆر و زەوەندن پێی دەوترێت(بەست) بۆ شتێکی بێ کەڵک وتراوە هێندە زۆرە دەڵێی بەردی بەستییە، یان بەستانە، هەر بۆ بەرد وتراوە فلانە کەس کوتک و سەنگی هات دانیشت، یاخود وتراوە: دەڵێی بەردە زۆر پیاوێکی ڕەقە، لە ڕواندزێش بە کەسێکی کەمدوو، وشک و تێکەڵ نەبوو دەوترێت: (دەڵێی بەردی دەم ڕووبارانە).
(ئەم ئیدیۆمە لە پەرتوکی(ئیدیۆم لە ڕواندزێ و دەوروبەری) وەرگیراوە و ڕاڤەی زیاتری بۆ کراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📺 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2022/3/2 8:37:34 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 653
**دەڵێی بەردە بەناوی گوی دادەدات**
[https://www.kurdipedia.org/?q=20220103205612400271](https://www.kurdipedia.org/?q=20220103205612400271)



دەڵێی بەردە بەناوی گوی دادەدات
قسەی ڕەق، قسەی حەق زۆر بەدوای یەکدا دێن لە ئاخاوتنی کوردەواریدا، بەڵام لێرەدا لە حەق و ڕەق تێدەپەڕێت و ڕەقێتیەکی پڕوشک و پەرتی لێ دەبێتەوە، جگە لە ڕەقێتیەکەی پاشماوەی پیسی و ئاشوبگێڕیشی لێ دەکەوێتەوە، (بەرد) بۆ ڕەق قسەکان و(گو)ش بۆ پیسی و ئاژاوەگێڕی وتەکان و(دادەدات) واتە پیسایەکەش پەرش و بڵاو دەکاتەوە، بۆیە بە و جۆرە قسانەی کە هەندێک کەس بەڕەق و توندی و نابەجێی دەیکەن کورد وتویەتی قسەی هێندە ڕەقە دەڵێی بەردە بەناو گوی دا دەدات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ✉ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/3/1 8:56:12 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 654

## دەڵێی بەری مەلا ژنە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170731104354141657

دەڵێی بەری مەلا ژنە
ئیدیۆمێکە لەنێو کوردان دوای بڵاوبونەوەی ئایینی ئیسلام هاتۆتە ئاراوە، چونکە(شەرع وسولح وفتوا و ناشتن و تەلقین و پێش نوێژی وتاد) کاری مەلا بووە و مەلا ژنیش زۆرترین خزمەتگوزاری کراوە و بارەدار و کەلەشێر و سەرفترە و زەکات و سەرسواق و باراش و هەموو کارێکیان بە هەرەوەزی بۆ کراوە ئەوەی لەسەر مەلا ژن پێویست بووە بیکات تەنها سەرجێگە و خۆشوشتن و پاک وخاوێنی بووە بۆیە ئەگەر شتێک پاک و(تەمیز) بێت لە کوردەواری پێی دەوترێت(دەڵێی بەری مەلا ژنە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ✉ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/31/7 10:43:54 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 655

## دەڵێی بەڕووی بەدەمیا تەقی یە

https://www.kurdipedia.org/?q=20201107081323389637



دەڵێی بەڕووی بەدەمیا تەقی یە.
بەڕوو خۆراکێکی زستانەی بەسودی کوردستانە، بەجۆراوجۆر شێوازەوە، یەکێ لە و شێوانە خستنە سەرئاگرە، بەڕووەکە لەتاو گڕەکە زووکەف و کوڵ دەکات و دەپەقێت و دەنگێکی بەرزیشی هەیە تەقینەکەی، ئەگەر بەجارێک سێ بۆ چوار بەڕووی سەر ئاگر بتەقێت، ئەوا دەنگە دەنگێکی زۆر بەرپا دەکات و هەر بەڕووەی بەلایەکدا دەپرژێت، ئەوە برژاندنی بەڕووە و بووە بە ئیدیۆم بەکەسێکی زۆرگۆ، زۆر وەڕ، زۆر بڵێ و دەمە زەن و چەقاوەسوو دەوترێت دەڵێی بەڕووی بەدەمیا تەقییە واتە زاری وەک گڕی ئاگرەکەیە و بە کۆ قسەی لێ دەبارێت وەک چۆن بەڕووەکان لەگەرمی ئاگرەکە دەتەقن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/7/11 8:13:23 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 656

## دەڵێی پشیلەی سەروپێخانەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220513203353413854



دەڵێی پشیلەی سەروپێخانەیە
سەروێ یان سەروپێچک یان کەللە پاچە، خواردنێکی کوردەوارییە بریتییە لە سەروێ و ورگ و گەدە و ریخۆڵەکانی مەڕ و بزن، کورد زستانان زۆر قاندریەتی و حەزی پێ دەکات، ئینجا ئە و شوێن و دووکانەی کە سەروپێ لێ چاک دەکرێت و پاک دەکرێتەوە پێی دەوترێت سەروپێخانە، ئینجا ئە و پیشلەیەی لە دەوروبەری ئە و دوکانەیە، هەموو ئە و پاشماوە و پارچە و چەرم و پیس و مووەی کە مرۆڤ نایخوات لە کەللە و پاچە و ورگەکەی لێ دەکرێنەوە و وەکو بەرماوە فڕێ دەدرێنە تەنکەی خۆڵ و گوفک و زبڵخانەکان، لەوێش دەبنە خۆراکی ئە و پشیلانەی کە لە وێدان، بە و پارچە گۆشتانە پیشلەکان بەردەوام تێر و پڕ قەڵە و و خرپن دەبن، هاوشێوەی مریشکی ئاشەوان تێر و گۆشتن دەبن، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی گوپ خڕ و قەڵە و وتێر و پڕ دەوترێت دەڵێی پشیلەی سەروپێخانەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 𝖪 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 8:33:53 2022/13/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 657
## دەڵێی پیرەژنە جوی گایە
https://www.kurdipedia.org/?q=20170927140646142770
دەڵێی پیرەژنە جوی گایە
دەشوترێت(دەڵێی جو گایتی) وشەی جو لەناو کوردان بۆ پەیڕەوانی ئاینی ئاسمانی یەکتاپەرستی و شوێنکەوتوانی(موسا)ی پێغەمبەریان دەوترێت، بەڵام هەندێجاریش وەک ناوێکی سوک بەکاری دەهێنن بە بارگاوی بوون بە ئاینی ئیسلامەوە زۆر کەم وکورتی بۆ ئەوان دەگەڕێنەوە وەک ئەگەر کەسێک زۆر ترسنۆک بێت پێی دەوترێت(دەڵێی جولەکەیە)، مرۆڤ دوای خۆ خاڵیکردنەوە چ بە پیرەژنە جو بێت یان بە پیرەژنە موسڵمان ماوەیەکی دەوێت بۆ ئەوەی بەگوڕ و تینەوە لە کۆڕ و کوبونەوە ناو کۆمەڵ بە گەشی و جوانی ببینرێتەوە، واتە خاو بویتەوە، لەلایەکیتریشەوە دەڵێی جو گایتی هەمان حاڵەتی یەکەمە چ بۆ گانکەر چ بۆ گایراو، ئینجا لێرەدا ئەگەر دڵیان کەسێک نەگرێت لە کۆڕ و کۆبونەوەیەک و ئەویش لە شوێنی خۆی هیچ نەکات و هیچیش نەڵێت پێی دەڵێن سەیری سەیری دەڵێی پیرەژنە جوی گایە یان دەڵێی جو گایتی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 𝖪 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 2:06:46 2017/27/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 658
## دەڵێی پەرەسێلکەیە
https://www.kurdipedia.org/?q=20210118183440390925



دەڵێی پەرەسێلکەیە
باڵندەی پەرەسێلکە چەندین ناویتری هەیە وەکو(پلیسرگ، پەرەسوێلکە، حاجی رەشک، حاجی رەش، حاجی رەنگ، دوو مقەس) بەکۆمەڵ دەژین و رەوی کوێستان و گەرمێنیان هەیە و هەزاران کیلۆمەتر دەبڕن ومێش و مەگەس و مێروو خۆرن، نێرە و مێیە بەیەکەوە هێلانە لە بنمیچی رەوەزە شاخ و ساپیتە و بن سواندەی ماڵان لە پەڕ و پوش و قوڕ دروست دەکەن، دوو هەفتە کڕ دەکەون و بەدوو هەفتەش بێچوەکان دەبنە باڵە فرە، یەکێکە لە باڵندە جوان و دەنگ نەرم و سەرنجڕاکێش و بێ زیانەکان بە بەرزبوونەوە و باڵەفرەیان دڵی مرۆڤ ئارام دەکەنەوە، ئینجا ئە و بێ زیانییەی ئە و جۆرە باڵندە بووە بەئیدیۆم و بەکەسێکی بێوەی و بێ زیان و بێ کێشە و بێ گوناح و شەرم بەخۆ دەوترێت دەڵێی پەرەسێلکەیە.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2021/18/1 6:34:40 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 659

## دەڵێی تاقانەی حاجی نەجمەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220727223950425017



دەڵێی تاقانەی حاجی نەجمەیە
سەربوردە و چیرۆکی پشتی ئە و ئیدیۆمەی نازانم، زۆریشم هەوڵدا بەهەندێک لە ژنە کۆیبانیشم گووت، بەڵام ئەوانیش هەر لە کۆنەوە گوێیان لێ بووە، کەدایک و داپیرەکانیان و پور و خاڵۆژن و ماممۆژنەکانیان وتۆتیانەوە و دەم لەدەم وەرگیراوە و بۆ ئەورۆ ماوەتەوە، ئەگەر کچێک چەند برایەکی هەبێت و بەخۆی تاقانە بێت و هەموو نازونیعمەت و دڵ ڕاگرتن و بەنازی خێزانەکەی بۆ بچێت، بە گاڵتە و گەپ و قسە شیرینیەوە دەوترێت فلانە کەس یان کیژ دەڵێی تاقانەی حاجی نەجمەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: PM 10:39:50 2022/27/7
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 660

## دەڵێی تەنیمۆک سێڕیٚ یە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200826232855387229



دەڵێی تەنیمۆکی سێڕیٚ یە
سێڕ: ساجی نان کردن، کە دەخرێتە سەر ئاگردان و کوچکان و ئاگری لەژێردەکرێتەوە دووکەڵی گڕەکە بەر بنمیچی سێڕەکە دەکەوێت و ئەوەش هەموو ڕۆژیٚ دووبارە دەبێتەوە، بۆیە دووکەڵەکە شێوەی سرێژێکی قیری کەڵەکەبوو دەردەکەوێت، دووکەڵ و تەم لەڕەنگ دا بەیەک دەچن، ئینجا بە و دووکەڵە ڕەشەی بن سێڕەکە دەوترێت(تەنیمۆک) کە کەیبانوو دەستی بەرکەوێت و لەئەنجامی کارکردن و دەست بۆ دەموچاوبردنی لای لوت و ناوچەوان و چەناگەی ڕەش دەبێت، بۆ کەسێکی ناشیرین و ڕەنگ خۆڵەمێشی دەوترێت ئەوە چیە دەڵێی(تەنیمۆکی سێڕیٚ-یە) واتە ڕەش و ناشیرین و بۆر و شین و مۆرە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 11:28:55 2020/26/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 661

## دەڵێی جاحێڵی قۆڕیتانە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170927143848142772

جاحێڵی قۆڕیتانە
قۆڕیتان گوندێکی دەشتی کۆیەیە و لەدەشتی کۆیە گەنج و لاوی دڵتەڕ و شیک وجوانی هەبووە بۆیە ئەگەر کەسێک قۆز بێت دەوترێت دەڵێی جاحێڵی قۆڕیتانە،هەندیٚ جارش وتراوە(لە کوڕیٚ-ش کوری وا جوان نیە) واتە کوڕێکی جوانە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🕊 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2017/27/9 2:38:48 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 662

**دەڵێی جامانەی لەسەر کردووە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180829095450155041

دەڵێی جەمەدانی لەسەرکردیە
جامانە لەکۆندا یەکێک لە دروشم و ئەدگاری پیاوەتی بووە، ئەگەر کەسێک جامانەی لەسەر نەبووایە پێی دەوترا(سەر ڕووت) سەرڕووت وەک جنێو-یش بەکارهاتووە و وەک مناڵکارەش سەیری ئەوە کراوە کە بێ کڵاو و جامانەیە، ئینجا ئەگەر یەکێک کورد ووتەنی خاسیەتی پیاوانەی کەم بوایە و رۆژێک لە رۆژان جامانەش بکاتە سەر بە تەنز و تەشەر و توانجەوە دەوترێت دەڵێی فڵانە کەس(جەمەدانی لەسەرکردووە یان لەسەر ناوە) واتە تائێستا بەپیاو نەخوێنراوەتەوە چۆنە ئەمرۆ خۆی کردووە بەپیاو و جامانەی لەسەر ناوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🕊 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2018/29/8 9:54:50 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 663

**دەڵێی جگە گورگت پێیە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220218201446405540



دەڵێی جگە گورگت پێیە
ئێسکی کڵاوەی چۆک و ئەژنۆی گورگ پێی دەوترێت(جگ)، لە کوردەواریدا بۆ بەزم و خۆشی ئە و بیروباوەڕە هەیە و بەکاردەهێنرێت بۆ کەسێک کە ژن و کچ و ڕەگەزی مێینە، لێی نزیک دەبنەوە، بۆ قوزە کەمتیاریش هەمان قسە و ئیدیۆم بەکاردەهێنرێت و دەوترێت: دەڵێی قوزە کەمتیاری پێیە، هەندێک لە کوڕان و پیاوان ژن و ڕەگەزی مێینە زۆر لێیان نزیک دەبنەوە، بەگاڵتە و گەپەوە دەوترێت: دەڵێی جگە گورگت پێیە یان دەڵێی قوزە کەمتیارت پێوەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/18/2 8:14:46 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 664
## دەڵێی جولەکەیە خمی لێ شێواوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220103211205400279



دەڵێی جولەکەیە خمی لێ شێواوە
خم: هەژ، هەش، چویت، نیلی تێرییشی پێ دەوترێت، کە بەن وخام و بلۆری شاڵ وکڵافە و خوری دەکرێتە ناو خوم: واتە کوپە، مەرکانە، ئە و شوێنەشی ئە و کارەی لێ دەکرێت پێی دەوترێت : خمخانە، دواتر بەنە ڕەنگ کراوەکان شاڵ و بەرماڵ و جاجم و مافور و بەڕە و فەرشی پێ دروست دەکرێت.
ئە و کارە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم(1900-1950) زیاتر کوردە جولەکەکان لە شارەکانی کوردستان دەیانکرد، دواتر کوردە موسڵمانەکانیش فێربوون، ئەوانەی کاری جۆڵایی و تەون و تەونکاریان دەکرد، کاری خومخانەیان دەکرد، ئینجا لەبەر ئەوەی کاری خومخانە کارێکی ورد و قورس بووە و پیشەی سەرەکی هەندێک لە جولەکەکانیش بووە، ئەگەر هەڵەیەک ڕوویبدایە زۆر نیگەران دەبوون کە خوری و ڕەنگکردنەکە زیانی بەر بکەوتایە چونکە کەسابەت و بژێوی ژیانیانی لەسەر بووە، ئە و نیگەرانی و سەرلێشێواویە بووە بەئیدیۆم و ئەگەر کەسێک بشێوێت وبشلەژێت و پەڵەپروزکاوی پێوە بێت لە کارێک پێی دەوترێت(دەڵێی جولەکەیە، خمی لێ شێواوە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/3/1 9:12:05 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 665
## دەڵێی چەقەنەیە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220513202340413848



دەڵێی چەقەنەیە
چەقەنە: دارێکە بە کەوچکێکەوە بەستراوە، دانەوێڵە بەردەداتەوە بۆ ناو گەرووی ئاشێ بۆ ئەوەی بهاردرێت، یەکبینە لە جولەدایە و دەنگی شێوەی چەقەچەق و چەقەنەی دەست و سەماکەرانە، لەبەر ئەوەی ئە و دارەی بە کەوچکەکەوەیە بەردەوام دەجولێتەوە و دانەوێڵە دەگەیەنێتە ناو گەروو و دۆڵەدانەی ئاشی، زۆر خێرایە و دەنگی چەقە چەقێک دروست دەکات و بێزارکەرە، ئە و حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم و بە کەسێک کە خێراخێرا قسە بکات و جارس و بێزارکەر بێت بە نیگەرانی و توانج و تەوس و پەلارەوە پێی دەوترێت: دەڵێی چەقەنەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/13/5 8:23:40 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 666
## دەڵێی حەمامی ژنانە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220513224139413869



دەڵێی حەمامی ژنانە
سەرشۆر، سەرشۆرک لە کۆندا شوێنێکی گشتی بوو هەموو خەڵکی شار دەچوون بۆ خۆشوشتن تێیدا، لە گوندەکانیش پێی دەوترا: کۆڵ-کۆرکردن هەم خۆیان و مناڵەکانیان هەمیش جل وبەرگیان دەشوشت، ئەوەندە ماندوو دەبوون بە ئیدیۆمەوە دەوترا: ژنی کۆرکەر کۆڵەگەی داری لەبن دەلەرزی، واتە: هێندە هیلاک و ماندوو و برسی دەبوون ئەوەی بکەوتایە دەستیان دەیانخوارد، کۆڵەگەی داریش بووایە دەیانخوارد، سەرشۆرک کە حەمامیشی پێ دەڵێن، شیعرێکی قوبادی جەلیزادە هەیە بەناوی(حەمامی عمومی) کە تێیدا باسی(حەمامی ژنان) دەکات و دەڵێت:
ئەمن قەرزاری دایکمم
هەموو ژنە عەبا بەسەرو و کچە پەچەگرتووەکانی گەرەکم، بەڕووتی دەبینین
هەبوون بە ژن بڵند و باریک، هەبوون خڕو و خەپە و کورتیلە
هەبوون سپی سپی و پەمەیی، هەبوون ئەسمەر و ڕەشتاڵە
حەمامێک گشت ژنانی گەرەک(عەبا بەسەر، کچە پەچەگرتووەکان، بەژن بڵند، خڕ و خەپە و کورتیلە، سپی و پەمەیی و ئەسمەر و ڕەشتاڵە)، تێیدا بۆ خۆشوشتن و کولکردن کۆببنەوە، دەبێت چ ژاوەژاو و دەنگەدەنگ و هات و هاوار و بانگ و شیرەزەیی و ڕاکەڕاک و قیژە و حریتە و پێکەنین و گریانی کچان و کوڕانی مناڵی تێدا ڕوویدات، کورد وتەنی: سەگ ساحێبی خۆی ناناسێتەوە، ئە و حاڵەتی دەنگە دەنگ و گەڕەلاوژەیە بووە بە ئیدیۆم و بەشوێنێکی قەرەباڵغی پڕ دەنگ و هەڵا و سەدا و کەس بە کەس نەبوو دەوترێت: دەڵێی حەمامی ژنانە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] 𝖪 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2022/13/5 10:41:39 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 667
**دەڵێی دۆنی سەی لە قەلب درایە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180829094000155036
دەڵێی دۆنی سەی لەقەلبی درایە
دۆن واتە ڕۆن یان ڕوون،سەش واتە سەگ، ئەگەر کەسێک زۆر ئازا بێت و یەکبینە بجولێتەوە و کاربکات و هەست بەئازاری جومگەکان و شان و مل و پشتی نەکات، پێی دەوترێت دەڵێی(دۆنی سەی لێدرایە) ئەمە زیاتر بەکەسێک دەوترێت کە خۆشحاڵ بێت بەهاتنی کەسێک و لەبەر ئە و کەسە کارێکی نەبڕاوانە بکات بۆ نمونە ژنێک خوشک یان برا و باوک و دایکی میوانی بێت لەماڵەکەیدا هەرچی خزمەتگوزاری هەیە بەبێ پسان بۆیان ئامادە دەکات و بشمرێ ناڵێ ئۆف یان وەی چەند ماندووم یان پشتم شکا، ئینجا بەدرکەوە دەوترێت سەیری سەیری بکە چەند کەیف خۆشە بە و میوانانە(دەڵێی دۆنی سەی لە قەلب درایە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] 𝖪 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2018/29/8 9:40:00 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 668
**دەڵێی دێڵە بە بایە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170926133139142738
دەڵێی دێڵە بە بایە
دێڵە بە با، کە بە با هات، بۆ دابینکردنی غەریزەکەی لە هیچ گۆرێک ناپرسێت و هەر گۆرێک خورشتی غەریزەکەی

دابمرکێنێتەوە کێشەی نیە، ئەمە لەلایەک لەلایەکیتریشەوە هیچ شەرم و ئەدەبێکیشی نیە بۆ کردنی ئە و کارە، کەواتە کەسێک بیەوێت داخوازی و داواکاری و پێویستیەکی خۆی بە بێ شەرمانە و بێ(حەیا)یانە دابین بکات پێی دەوترێت دەڵێی دێڵە بە بایە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/26/9 1:31:39 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 669

## دەڵێی سنگە تەرەی

https://www.kurdipedia.org/?q=20170924130510142718

دەڵێی سنگە تەرەی

تەڵە، شێوازێکی ڕاوکردنی گیانەوەرانە مرۆڤ لە دێر زەمانەوە بەکاریهێناوە، ئینجا ئە و سنگەی کە بۆ ڕاگرتن و مانەوەی تەڵەکە بەکاردەهێنرێت دەبێت ئەوەندەی هێز هەبێت کە گیانەوەرە نێچیرەکە نەتوانێت هەڵیقەنێت و بە تەڵەکەوە بڕوات دوای تەقینی تەڵەکە، سینگەکە مێخێکی بچوک و کورتە، ئەم دەربڕە بۆ کەسێکی کورەبنەی کورتەباڵای زۆر زان و فێڵباز بەکاردەهێنرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/24/9 1:05:10 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 670

## دەڵێی سەرەوێڵکی جولەکانە

https://www.kurdipedia.org/?q=20210502204020393859



دەڵێی سەرەوێڵکی جولەکانە
سەرەوێڵک: واتە سەر هەویر لە پارچە قوماشی بە پینە و پەڕۆ دروست دەکرێت، جولەکەکانی کوردستان بەر لەوەی لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لە کوردستان و عێراق دەربکرێن، زۆر بیرکردنەوەی ئابوریان هەبووە، هیچ پارچە پەڕۆیەکیان فڕێ نەداوە، کۆیانکردۆتەوە و بە پینەوپەڕۆ سەرەوێڵکیان پێ دروستکردووە واتە هیچ شتێکیان خەسارنەکردووە، بۆ نابووتی و بەفیرۆنەدانی کەل و پەل و پێداویستی لەکۆیە بووە بە ئیدیۆمێکی ئابوری و دەوترێت(دەڵێی سەرەوێڵکی جولەکانە). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/2/5 8:40:20 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 671

## دەڵێی سەگە دەڕشێتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220103211451400280



دەڵێی سەگە دەڕشێتەوە
سەگ کە گۆشت و کەلاکی دەکەوێتە بەردەست خێرا خێرا لێی دەخوات، هەندێک جار ئێسک دەکەوێتە قورگیەوە ناچار بەڕشانەوەی دەکات، هەڵبەت ئەوە لایەنە ڕاستەقینەکەیە کە ڕشانەوە قێزەونە و نارێکە، ئیتر ئەگەر کەسێک قسەی نابەجێ و ناجۆر و دوور لە ئاداب بکات، وەکو دەم پیسی و جوێنفرۆشی، هەر گو لەسەر زاری بێت بە قێز و بێزێکەوە دەوترێت ئەوە چییە دەڵێی سەگە دەڕشێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/3/1 9:14:51 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 672

**دەڵێی سەی پێ سوتایە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170808082049141937

دەڵێی سەی پێ سوتایە
ئیدیۆمێکە بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت یەکبینە گەڕۆک و لەگەڕان بێت و جەم و دەمی نەبێت و لە هەموو شوێنێک ئامادە بێت، لە ناو کوردان بەدرکە و توێکڵەوە پێی دەوترێت دەڵێی سەی پێ سوتایە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/8/8 8:20:49 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 673

**دەڵێی سەیە ئاوی دەخواتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20210509205325393969



دەڵێی سەیە ئاوی دەخواتەوە.
سەگ کە بەزاری ئاوی دەخواتەوە، هێندە خێرا زمانی دەجولێنێت، کە لەناوچەی پشدەری لەباشوری کوردستان (میراودەلییەکان) کردویانە بەئیدیۆم و دەڵێن فلانە کەس دەڵێی سەیە ئاوی دەخواتەوە واتەخێرا و رەوان قسان دەکەن. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2021/9/5 8:53:25 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 674

## دەڵێی سەیە بە عاسمانی دەوەڕێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20220424232925411416



دەڵێی سەیە بە عاسمانی دەوەڕێت
حەپە حەپ و وەڕین و واڕبوونەوە دەنگی سەگە، ئەوەی شارەزای ئە و ئاژەڵە بێت لە دەنگەکانی سەگ تێ دەگات ئایا ئە و دەنگە بۆ پەلامارە یان بەرگرییە یان پەیام گەیاندنە، ئە و دەنگانە کە تێکەڵ دەبن پێی دەوترێت(سەگوەڕ)، وەڕینی سەگ لە ئیدیۆمدا شوێنی کراوەتەوە وەکو: دەڵێی سەگە دەوەڕێت، سەگ بەمانگەشە و وەڕینە، لێرەش وەڕینی سەگ بە ئاسمان بووە بە و ئیدیۆمە و ئەگەر کەسێک قسەیەک بکات و لە توانایدا نەبێت جێ بەجێی بکات یان ئەگەر کەسێک کفرێک بکات بەرامبەر خوا ئەوا دەوترێت: دەڵێی سەگە بە ئاسمانی دەوەڕێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/24/4 11:29:25 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 675

## دەڵێی شێلاقەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20210512162822393990



دەڵێی شێلاقەیە
بێچووی باڵندە و گیانداران ناوی تایبەتی خۆیان هەیە، بزن بێچووەکەی کارە، مریشک بەچکەکەی جوجکەیە بە و شێوەیە، بێچو و بەچکەی مراوی و قازیش کە تازە لەهێڵکە دێتەدەرێ لەکوردیدا پێ دەوترێت(شێلاقە)، لەبەر ئەوەی پێیان پانە، شێوەی سەوڵە لەڕۆیشتندا بەر لەوەی بگەنە گۆماوێک زوو زوو وەردەگەڕێنە سەر پیشت و خراپ ڕاست دەبنەوە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی دەست و پێ سپی دەوترێت دەڵێی شێلاقەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی


کاتی تۆمارکردن: 2021/12/5 4:28:22 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 676

## دەڵێی شەریفی مەککەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200906010832387563



دەڵێی شەریفی مەککەیە
شەریفی مەککە ناوی تەواوی(شەریف حسین عەلی هاشمی)، ئینگلیزەکان ناسناوی پاشای عەرەبیان لێ نا بوو، ساڵی1854 لە(ئەستەمبول) لە دایک بووە، باوکی لە لایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە دووخراوەتەوە بۆ(فەلەستین) بە هاوکاری ئینگلیزەکان شۆڕشی عەرەبی دژی عوسمانیەکان بەرپاکردووە، یەکەم کاری شەریفی مەککە هەڵوەشاندنەوەی سکەی شەمەندەفەری نێوان(مەککەو ئەستەمبۆڵ)بوو، بۆ ئەوەی سوپای عوسمانی دەستی نەگاتە مەککە، دوای ڕوخاندنی دەوڵەتی عوسمانی، بەریتانیا ئەو بەڵێنەی کە پێیدا بوو لێی پاشگەز بووە کە پێ گووتبوو دەتکەم بە پاشای عەرەب، دواتر دووریخستەوە بۆ(قوبرس)، ساڵی1931 بە دوورخراوەی لە ئەردەن کۆچی دوایی کردوە لە(قودس) بە خاک سپێراوە، ئەوە ڕووە ڕاستیەکەیتی، ڕووە ئیدیۆمیەکەی بەکەسێک دەوترێت کە هیچی تیابەستە نەبێت و بودەڵە پیاوی خۆ بەگەورەزان و موسڵمان وهیچ لەبارانەبوو بێت بەتەوسەوە پێی دەوترێت(دەڵێی شەریفی مەککە)یە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ولات: | ⬇️ باشووری کوردستان |
| ولات: | شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) |
| ولات: | TR تورکیا |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/6/9 1:08:32 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 677

## دەڵێی فاتەی سورەبانە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171114085848143172

دەڵێی فاتەی سورەبانە
خوازراوە بۆ کەسێک یان ژنێکی سەر بەگۆبەند و ئاژاوەچی، ئینجا ئەو(فاتە)یە لە سورەبان ژیاوە، هەر کاتێک دوو ژن بە یەکەوە بونیایە ئاژاوەی دەخستە نێوانیانەوە و دواتریش کەمێک لێیان دوور کەوتۆتەوە و هەر کەسێکیش بەوناوە گوزەری بکردایە و پرسیاری بکردایە ئەوە چیە، دەیگوت شەڕە و دەڵێن دەستی فاتەشی تێدایە ئینجا ئە و دەربڕە ئەمڕۆ بۆ هەرکەسێکی خاوەن هەمان ئەدگاری فاتە دەوترێت فلانە ژن دەڵێی فاتەی سورەبانە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/14/11 8:58:48 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 678

## دەڵێی قوزە کەمتیاری پێ یە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171114090212143174

دەڵێی قوزە کەمتیاری پێیە

لەناو ئە و میللەتی کوردەی ئێمەدا وا باوبووە کەسێک یان کوڕێک یان پیاوێک لەلایەن ئافرەتەوە خۆشەویست بێت، پێی دەڵێن دەڵێی قوزە کەمتیاری پێوەیە یان پێیە، هەڵبەت ئەمەش وایکردووە کەمتیار هەندێجار تەنها بۆ(قوز)ەکەی ڕاو بکرێت و قوزەکەی مەشکەتاڵ بکرێت و ووشک بکرێتەوە دوو بەرامبەری گۆشتەکەی پارەی کردووە و خەڵک هەبووە عەودالی پەیداکردنی قوزە کەمتیار بووە و هەندێجاریش ئە و ئەندامە مەشکەییە خوازراوەتەوە لەلایەن گەنجانەوە تاوەکو کچان نەرم بن و حەزیان لێ بکەن، هەندێجاریش قوزە کەمتیار بۆ ئەوەش بەکارهاتووە تاوەکو تەواوی خەڵکی بەرامبەر ئە و کەسەی کە قوزەکەمتیارەکەی هەڵگرتووە نەرم ونیان بن لەگەڵیدا، لە ڕاستیشدا هیچ بنەمایەکی نەبووە بەڵام بووە بە دیاردەیەکی باو، لەمڕۆدا تەنها وەک ئیدیۆم ماوەتەوە و هەزار قوزە کەمتیار دڵی ئافرەتێکت بۆ ڕاناکێشێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/14/11 9:02:12 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 679

## دەڵێی گای بنەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170709165203141242

دەڵێی گای بنەیە.

ئەم ئیدیۆمە لەناو کوردان بەکاردەهێنرێت بۆ کەسێکک کە تەمبەڵ و تەوەزەڵ و زۆر خۆر و قین و رق وکینە وبوغزی لە دڵ بێت، چونکە گای بنە لە گێرەدا شوێنی سوڕانەوەکەی زۆر کورت و کەمە بە و هۆیەوە دەڵەوەڕێت و تەمبەڵی دەکات و مۆن

دەبێتەوە، ئەوەی ئەرکی قورسە گای پەڕگانە زۆرتر دەجوڵێتەوە و ئەرک و قورسایی زۆری دەکەوێتە سەر ناتوانێت تەمبەڵی بکات و کاوکۆتی ژێر سمکۆڵانی و جەنجەڕی خەرمانەکە بخوات و مۆنیش نابێتەوە یەکبینە دەجوڵێ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/9/7 4:52:03 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 680

**دەڵێی گای بوغەیە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171214083544143507

دەڵێی گای بوغەیە
مرۆڤی تێکسمڕاو و قەڵە و وکەتە و نەفرەجاڕ لەگەڵ ئە و بەدەن و لەش و لارە و هەڵکەوتنەشی هێندێک لە خۆبایی و غرور(غللور) بێت پێی دەوترێت گای بوغە، بوغە واتە تێر و قەڵە و و مەغرور.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/14/12 8:35:44 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 681

**دەڵێی گوڵەبەڕۆژەیە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180530082049151151



دەڵێی گوڵەبەڕۆژەیە
خاسیەتی سروشتی گوڵە بەڕۆژە ئەوەیە بەخۆر دەچێت و وەک هەموو ڕووەکەکانیتر کە خۆر بەدەردەکەوێت ئە و گەش و نما دەکات و سود لەتیشکی خۆر دەبینێت، هەرچەندە دەوترێت لەگەڵ خۆر هەڵاتن و ئاوا بوون ڕووی خۆی دەسوڕێنێت بەڵام خۆسوڕاندنەکەی ڕێژەیی یە و لەلایەن جوتیارانەوە بە تەواوەتی هەستپێکراوە لە نێوان تاق بەیانیان و دانی ئێواران، چونکە لە تخوب وەرد و بێستانان و زەوییە کشتوکاڵیە بەراوەکان جوتیاران زۆری دەچێنن و وەک پەرژین و تەیمانی لێ دێت بۆ بەرووبومەکانی تر، هەندێکیش بەهۆی پردان بوون و گەورە بوون بە قەد و لاسکەکانەوە شۆڕدەبێتەوە و واهەست دەکەیت بەلایەکدا کڕنوشی بردووە، ئینجا کوردەواری لە چوارچێوەی ئە و خاسیەتە سروشتیانەی هەستاون مرۆڤی دوو ڕوویان بە و ڕووەکە جوان و بەتامە چوواندووە، هەڵبەت واتە ئە و مرۆڤەی ئە و درکەیەی دەدرێتە پاڵ واتە مرۆڤێکە وەک گوڵە بەڕۆژە خۆی بۆ خۆر دەسوڕێنێت و مەراییَ و ماستاو و کوسکێشی بۆ دەکات وکێ حاکم و ڕانەوا بێت ئە و کوتەکی دەستیەتی و کڕنوشی بۆ دەبات و وەک نیسکی بێ بەرووپشتە کەس تێی ناگات بۆیە بۆ کەسانەی کە خاسیەتی کڕنوش بردن و خۆچەمینەوەیان بۆ دەسەڵاتدار هەیە لەدەربڕی کوردەواریدا پێیان دەوترێت فلانە کەس دەڵێی گوڵە بەڕۆژەیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2018/30/5 8:20:49 AM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 682

## دەڵێی گوێزی بۆ دەژمێری

https://www.kurdipedia.org/?q=20210201191221391099



دەڵێی گوێزی بۆ دەژمێری
گوێز بە دانە و ژمارە دەفرۆشرێت نەوەک بە کیلۆ بۆیە هەر کەسەی(100) دانە بۆ(1000) دانەی دەوێت ئەویش بەژماردن دەبێت، هەر فرۆشیارەی بەگوێرەی داواکاری کڕیارەکە گوێزی بۆ دەژمێرێت، ئەوەی گوێ لە گوێز ژماردن بگرێت هەر ماوەیەک توانای گوێگرتنی هەیە چونکە گوێز بەرهەمێکی زۆر دەدات بە هەزارانە بۆیە مرۆڤ وەڕس دەبێت لە گوێگرتنی، ئینجا ئەوە بووە بە ئیدیۆم بەکەسێک دەوترێت کە گوێ لە قسەی نەگرێت و لەبەلاش قسەی بۆ بکەیت بەتەوس و گاڵتەوە دەوترێت دەڵێی گوێزی بۆ دەژمێری خۆ گوێ ناگرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 7:12:21 2021/1/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 683

## دەڵێی گیسکی بە تەگەیە

org/?q=20170920145408142645.https://www.kurdipedia

دەڵێی گیسکی بە تەگەیە
گیسکە مێ کە بەتەگە هات قارەقاری بۆ تەگە دەگاتە کەشکەلانی فەلەک و خۆی بەدار و بەرد دا دەدات، تا نەگاتە تەگەی خۆی ئارامی لێ هەڵدەگیرێت، حریتە و قاقای پێکەنینی و گەمەبازی و بەرزەفت نەبوونی کچەعازەبیش لەکوردەواری دا پێی وتراوە دەڵێی گیسکی بەتەگەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: رۆژهەلاتی کوردستان
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 2:54:08 2017/20/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 684

## دەڵێی لە بازیان لەوەڕایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170724160344141571

دەڵێی لە بازیان لەوەڕایە
دەشتی بازیان لەوەڕگایەکی باشی هەیە و ئەگەر رەشەولاغ و مانگا و نێرەکەری تێدا بلەوەڕێت ئەوا بەهێز و خورت و ملهورو چاوسور دەردەچن، ئە و ئیدیۆمە بۆ کەسێک بەکاردێت ئە و خاسیەتانەی هەبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: رۆژهەلاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] ⬤ دیارینەکراو | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/24/7 4:03:44 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 685

**دەڵێی مارە بەدەستی ژن کوژرایە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180929103628156596



دەڵێی مارە بەدەستی ژن کوژرایە
ژن لە کوردەوارییدا زۆر لەناو ئیدیۆمدا بەکارهاتووە، لێرەدا ژن و مار بەیەکەوە خزاونەتە ناو دەربڕێکەوە، ژن زۆرتر و زووتر لەپیاوان هەست بە دوژمن دەکات ودەیناسێت و لە مەترسیەکانی تێ دەگات، ئەمە لەلایەک لەلایەکتریشەوە واتە زۆر دەترسێت لە دوژمنەکە بۆیە تا بۆی بکرێت بەچاونوقانەوە هەر دەستی لێ دەوەشێنێت و دوای مرداربوونەوە ئینجا زیاتری پێ دەکێشێت و هەنجن هەنجنی دەکات، یان ئەگەر سەیری مریشکە کورک بکەیت بۆ پارێزگاری لەبێچووەکانی چی دەکات، ئینجا لێرەدا بەهەرشتێک یان کارێک یان هەڵس وکەوتێک کە زیاد لە سنوری خۆی مافی پێدرابێت و زیادڕۆیی لەسەر کرابێت، وەک نوشتاندنەوەی پارەی کاغەز لەدەستی ژنان یان وەک پەرپوتی و پارچە پارچە بوونی کەل و پەلێک، رایەخێک تاد، هەر لەبەر ئەمانەیە کورد ئە و حاڵەتانە بەگوزارشتەوە دەدرکێنێ و دەڵێت(دەڵێی مارە بەدەستی ژن کوژرایە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/29/9 10:36:28 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 686

**دەڵێی مانگای مالوانە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171114090504143176

دەڵێی مانگای مالوانە
مالوان دێیەکی دەشتی شارەزووری پڕ خێر و بەرکەت و بە پیتە، لەوەڕگایەکی لەباری هەیە بۆ ڕەشەووڵاغ، ئینجا مانگایەک لە و لەوەڕگایە بلەوەڕێت مانگایەکی پڕگۆشت و تێر لەوەڕ دەبێت واتە قورس و قەڵەوە، ئینجا لێرەدا تارادەیەک بۆ سووککردن و بە تەوسەوە بەکارهاتووە بۆ کەسێکی گۆشتن و قەڵەو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017/14/11 9:05:04 AM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 687

## دەڵێی مریشکە کورکە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220219111101405589



دەڵێی مریشکە کورکە
مریشکی کورک خاوەنەکەی نزیکەی(11-15) هێلکەی لەژێر دادەنێت و دەڵێت: مریشکە کورکەم نایەوە، ئینجا بۆ ماوەی(3)سێ هەفتە(21)ڕۆژ لەسەر ئەو هێلکانە دەکەوێت و کڕ بوونەکەی ڕۆژبەڕۆژ زیاد دەکات و زۆر کەم ئەگەر بۆ چیقنەکردن و بای پێی خۆیی و سڕ بوونی چەند دەقیقەیەک لەسەر هێلکەکان هەڵبستێت ئەگەرنا تا ڕۆژی هەڵهێنانی هێلکەکان یەکبینە کڕ دەکەوێت، ئە و بارەی مانەوەی مریشک لەسەر هێلکە بووە بە ئیدیۆم بە کەسێکی کە زۆر لەماڵەوە بمێنێتەوە کەم بچێتە دەرەوە دەوترێت: دەڵێی مریشکە کورکە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2022/19/2 11:11:01 AM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 688

## دەڵێی موی ناو ماستە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170921103100142664

دەڵێی مووی ناو ماستە
موو لەناو ماستی مەیوودا زۆر جوان دەق گرتووە و بێ گرفت شوێنی خۆی کردۆتەوە، ئەمە بەکەسێک دەوترێت کە لە شوێن و ماڵ و حاڵی خۆیدا زۆر نەرم ونیان وبێ کێشە و گرفت و دەست لەسەر سنگ بێت و هیچ بینە و بەردەیەکی نەبێت، ئەمە بەپیاوی ئۆمەریش دەوترێت کە لەگەڵ ماڵ و منداڵی خۆی تەواو گونجاو بێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/21/9 10:31:00 AM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 689

## دەڵێی مەڕی چوار گورچیلەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220729095729425213



دەڵێی مەڕی چوار گورچیلەیە
لەهەولێرێ دەوترێت: مەڕی چار گورچک، لە کوردەواریدا ئەوانەی ئاژەڵداریان کردووە، ئە و ئیدیۆمەیان داهێناوە، مەڕی قەڵە و و بەگۆشت، تێروپڕ، بەزێکی زۆری هەبێت، هەندێجار لەخوار جگەرییەوە دوو پارچە گۆشتیتری هەیە وەکو گەندە گورچک-گورچیلەیە، بە و مەڕانە لە دەشتی کاکی بەکاکی هەولێرێ گوتراوە: مەڕی (چار گورچک)، مەڕی چوار گورچیلە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی گەش و تێر و پڕ و قەڵە و و گۆشتن دەوترێت: دەڵێی مەڕی چار گورچکە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/29/7 9:57:29 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 690

**دەڵێی هێلکەی لە قون سوڕایە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220325192300409075



دەڵێی هێلکەی لە قون سوڕایە
هەر کاتێک مریشک هێلکەی لە قون بسوڕێت ئەوا هێلکەکە دەشکێت و هەمیش مریشکەکە ئازارێکی زۆری دەبێت و حەجمانی نامینێت و ئۆقرە ناگرێت، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێک دەوترێت کە بەهیچ شێوەیەک ڕانەوەستێت و ئەو لاو ئەو لا بکات بەتەوسەوە پێی دەوترێت ئەوە چیە؟ دەڵێی هێلکەی لە قون سوڕایە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/25/3 7:23:00 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 691

**دەڵێی هەنگوینی بەدارێوە دیتیتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220621204429419366



دەڵێی هەنگوینی بەدارێوە دیتیتەوە
هەنگوین، هەنگون، هەنگین، بەرهەمی مێش هەنگە، لە شیلەی جۆراوجۆری گوڵان دروستی دەکات، هەنگوینی کوردستان لە گوڵی جۆراوجۆری کێوی لە هەرد و کێوان مێش هەنگەکان کۆی دەکەنەوە، بە یەکێک لە بەرهەمە هەرە بەتام و خۆش و بە سوودەکانی دونیا دادەنرێت، هەرچی مرۆڤایەتی هەیە بەدوای هەنگوینەوە وێڵە، نرخ بەردەوام لە بەرزبوونەوەدایە، هەنگە کێوییەکان لە شوێنی جۆراوجۆر، شار و هێلانە دادەنێن، هەیان لە کەلەبەری شاخ یان سەر چڵی داری بەرز یان کەلەبەر و قلّشی داری گەورە گەورە، ئینجا ئە و هەنگوینە سروشتیەی کە لە کەلەبەری داریّ دەدۆزرێتەوە زۆر بە بەکەڵک و بەنرخ و بەهای خۆراکی و مادی بەرزە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و مرۆڤ بۆ شتێکی گرانبەهای بەنرخ و خاوەن پێگە و ڕێگە و جوانی و ڕەوشت بەرزی و بە نرخ و بایەخدار بە خۆشیەوە دەڵێت: دەڵێی هەنگوینی بەدارێوە دیتیتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆیە

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: PM 8:44:29 2022/21/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 692
**دەڵێ وورچی گەمە نەکەرە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170808082820141940
دەڵێ وورچی گەمە نەکەرە
ئیدیۆمێکە بۆ کەسێکی تەمبەڵ وتەوەزەڵ و بێ کار وکەڵحۆ بەکاردەهێنرێت، واتە ئەو کەسە هەم وەک وورچە ئینجا ئیششی ناکات چونکە ئەگەر وورچ نەجوڵێتەوە ئاژەڵێکی رەزا گران و قورس و بێ فەڕ دیارە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: AM 8:28:20 2017/8/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 693
**دەڵێ وەستا مەحمودی بێ قنگە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171114093149143177
دەڵێ وەستا مەحمودی بێ قنگە
لە کوردەواریدا ئەگەر کەسێک کاری(وەستا)یی بێت بەرۆژەوە زیاتر لە هەشت کاتژمێر کاری دروستکردنی خانوبەرەی کردبێت زۆر زەحمەتە لەکاتی پشودا بە قنگەوە دابنیشێت بەڵکو لە زۆرترین حاڵەتدا هەر پاڵدەکەوێت و قاچی ڕادەکێشێت، ئینجا لێرەدا بەکەسێکی تەمبەڵ و تەوەزەڵ دەگوترێت بە تەوسەوە کە هیچ کارێکی نەکردبێت و خۆی بە قنگەوە نەگرێت و هەر ڕابکشێت دەوترێت(دەڵێ وەستا مەحمودی بێ قنگە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/14/11 9:31:49 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 694
## دەڵێی رێوی قەمچوغەیە
https://www.kurdipedia.org/?q=20200928202501388370




دەڵێی رێوی قەمچوغەیە
چیرۆکێک لەسەر ئە و ئیدیۆمە هەیە دەگێڕنە و ە لە گوندی(قەمچوغە)ی قەزای(دووکان) رێوییەک بە مریشک و مراوی ئە و گوندە فێر دەبێت و ووردە ووردە خەریکە مریشک و پەلەوەری ئاوایی تەواو قڕ دەکات و خاوەنی ئە و مریشکانەش دەستەپاچە دەبن لە ئاست نەمانی پەلەوەرەکانیان، رۆژێکیان جوتیارێکی خاوەن پەلەوەڕ دەچێتە ناو گەوەڕێکی ئاژەڵەوە سەیر دەکات دوو کەوڵە رێوی بەدیوارەکەوەن، کەچی ئە و تەنیا یەک کەوڵەرێوی هەیە، نزیک دەکەوێتەوە بۆی دەردەکەوێت یەکێکیان زیندووە و خۆی هەڵواسیووە، بۆ تاقیکردنەوە خۆی دەداتە خەتی گێلی و جێی دەهێڵێت و بەدواداچونی بۆ دەکات، بۆی دەردەکەوێت رێوییەکە لەشەودا کەوڵەکەی تەنیشت خۆی جێ دەهێڵێت و دەچێتە راو و بەیانیانیش وەکو خووی پێووە گرتووە، دەچێتەوە لای کەوڵەکە و خۆی دەکاتەوە بە کەوڵی دووەم بە و جۆرە فێڵە لە و ماوەیە لە و دێیە دا توانیویەتی خۆراکی خۆی دابین بکات، ئینجا ئەوە بووە بەیەکێک لە ئیدیۆمە دیارەکانی باشوری کوردستان و بەکەسێکی فێڵبازی کلاوچی ساختەچی دەوترێت(دەڵێی رێوی قەمچوغەیە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/28/9 8:25:01 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 695
## دەڵێی رێی درە کەرییە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220219111458405591



دەڵێی ڕێی درە کەرییە
دۆڵی ئاکۆیان، دۆڵێکی سەختە، لە گوندی(سەران) کۆڕانی درە کەری هەیە، کە ڕێگای کەروبارە و زۆر دژوار و سەخت و کۆرە ڕێیە، لە ناوچەی شاخاویدا لە کوردستاندا زۆر کۆرە ڕێ و کۆران و تەنگەبەر و تەنگی سەر و دەربەندی تەنگەبەر هەیە، کە گوزەرکردن پێیاندا زۆر ناهەموار و نالەبارە، ئینجا لە ناوچەی ڕواندزێ بۆ سەختی و دژواری کارێک یان ڕێگایەک دەوترێت: ئەرێ ڕێی درە کەرییە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

📚 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/19/2 11:14:58 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 696

## دەڵێی کوڕەبەشەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170923155416142705

دەڵێی کوڕە بەشەیە
کورەبەشە ئاژەڵێکی شیردەری بچوکە و بازی-یە واتە ڕەش وسپی بەڵەکە، زۆر جوانە و مرۆڤ حەزدەکەیت ماوەیەک سەیری بکات و کورد وتەنی لەدیدەنی تێر نابیت، بۆیە ئەگەر کوڕە گەنجێک یان منالێک هەتاوەکو پیاوێکیش پێی دەوترێت هێندە جوانە دەڵێی کورە بەشەیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

📚 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/23/9 3:54:16 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 697

## دەڵێی کیرە سەیە دەلەرزێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20170924101533142711
دەڵێی کیرە سەیە دەلەرزێت
سەگ ئاژەڵێکە هەندێک لەرزۆکی هەیە دیارە مرۆڤ تێبینی لەسەر کیریشی داوە لەکاتی دەوری دێڵە بە با، کەوا لەرزۆکە، ئەم ئیدیۆمە لەکاتێکدا مرۆڤ دەریدەبڕێت کە کەسێک زۆر بترسێت پێی دەوترێت(دەڵێی کیرە سەیە دەلەرزێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/24/9 10:15:33 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 698
## دەڵێی کۆرانی گادەرێیە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220203203203403753



دەڵێی کۆرانی گادەرێیە
لە ڕواندزێ دەوترێت: (ئەرێ کۆرانێ گادەرێیە)، کۆرانێ گادەری ڕێگایەکی سەختی نێوان گوندی(گەرەوانی سەروو)ی ڕواندز و گوندی(مەلەکان)ی شارەدێی(خەلیفان)ە، ئەو ناوچە شاخاوییانە: (زۆزک و هندرێن و کۆرەک) زۆر هەورازی ڕک و سەختیان هەیە، ئینجا ئەو کۆرانە سەختانە بوون بە ئیدیۆم لە ڕواندز و دەوروبەری بۆ دژواری ڕێگایەک بەکاردەهێنرێن، وای بۆ دەچم کۆڵانەی ناوگەرەکەکانی شاریش هەر لە و وشە ڕەسەنەوە هاتبێت (کۆران)ی نێوان کێوەکان یان کۆرەڕێیان.
ئەم ئیدیۆمە لە پەرتوکی(ئیدیۆم لە ڕواندزێ و دەوروبەری) وەرگیراوە و ڕاڤەی زیاتری بۆ کراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/3/2 8:32:03 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 699

**دەڵێی کەری چەرچیانە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220103211832400282



دەڵێی کەری چەرچیانە
کەری چەرچی و دەروێش و قاچاخچی زۆر ماندوون و هەموو کارێکیان پێ دەکرێت هەر ڕۆژەی سعاتەی لەشوێنێک لە کارێکدان وبەسکێک تێر و بەدووان برسین، ئەگەر کەسێک ماندوو بێت و پشوی نەبێت و هەر ڕۆژە و لە کاروان و هەرد و کێوێک و ڕێبواری ڕێگایان بێت و هەر جارەی لەبەر دەرگای ماڵێک بێت ، پێی دەوترێت(دەڵێی کەری چەرچیانە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/3/1 9:18:32 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 700

**دەڵێی کەری دێزەیە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170725101725141580

دەڵێی کەری دێزەیە
ئیدیۆمێکە بەکاردێت بۆ کەسێک کە بەرژەوەندی خۆی بخاتە ژێر پێ-یەوە دژی خاوەن و خودان و بەخێوکەری واتە بەهەڵدێرانی خۆی ڕەزامەندە نەوەک بە قازانجی خاوەنەکەی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/25/7 10:17:25 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 701

## دەڵێی کەری گاڕانێیە

[4523https://www.kurdipedia.org/?q=2022021012535540](https://www.kurdipedia.org/?q=20220210125355404523)



دەڵێی کەری گاڕانێیە
گاڕان، گایەل و گاگەلیشی پێ دەوترێت، پێشتر هەر گا بووە، دواتر بۆ نێر و مێی وشەی(کەڵەگا)و(مانگا) زیادبووە، بۆیە بە کۆمەڵەکەی وتراوە: گاڕان(ڕانەگا) و گاگەل و گایەل، مانگا یان چێڵ(چێر) زۆرینەی گاڕان پێکدەهێنن، گوێدرێژ، کەر یەک دانەیە لەناو گاڕان، بۆ هاوکاریکردنی گاوانەکەیە، تێرکەکەی سەرپشتی تێشوو و ئاو و بزگوڕی گاوانەکەی تێدایە، کەواتە لە رووی پۆلەوە کەرەکە تەواو لە پۆلی گایەکان جیاوازە، ئینجا ئەوە کراوە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی ڕێزپەڕ و(شاز) و جیاواز لە دەوروبەرەکەی بەتەوس و گاڵتەوە دەوترێت(دەڵێی کەری گاڕانێیە) لە رواندزێ دەوترێت(ئەرێ کەرێ گاڕانێیە) [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()

کاتی تۆمارکردن: 2022/10/2 12:53:55 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 702

## دەڵێی کەرە دەترێت

[https://www.kurdipedia.org/?q=20171114090032143173](https://www.kurdipedia.org/?q=20171114090032143173)

دەڵێی کەرە دەترێت
گوێدرێژ لە کوردەواریدا کە دەست وپێی جوتیار و وەرزێر و لادێنشینانی کورد بووە زۆرترین جاریش ئە و ئاژەڵە بەستە زمانە لە قەوچین و تەڵەب و چەموشی و زەرینیەوە تا دەگاتە(ترین)ەکەشی لەناو ئیدیۆم و درکە و کینایەی کوردەواریدا سوودی لێوەرگیراوە، لێرەدا بۆ ئەوە بەکارهاتووە کە کەسێک لەناو کۆڕ و کۆبونەوەی کوردەواریدا نەفام و نەزان بێت و نەزانێت قسەی بەسەر و بەر بکات پێی دەوترێت فلانە کەس هیچ نازانێت لەناو کۆڕ و کۆبونەوەدا دەڵێی(کەرە دەترێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/14/11 9:00:32 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 703

## دەڵە دێوێکە بۆ خۆی

https://www.kurdipedia.org/?q=20171113093716143162

دەڵە دێوێکە بۆ خۆی
دێو گیانەوەرێکی ئەفسانەی ناشیرین و قێزەونە، ئینجا دەڵەش واتە مێینەی ئە و گیانەوەرە ئەفسانەیە، ئەم ئیدیۆمە بۆ ژنێکی زەبەلاحی گەورە بەکاردەهێنرێت مەبەست لێ سووککردنیەتی کاتێ پێی دەوترێت(دەڵە دێوێکە بۆ خۆی).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/13/11 9:37:16 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 704

## دەی هێشێ و دەیخورێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20171226091359143615

دەی هێشێ و دەیخورێ
ئێش و خوران ئە و ئیدیۆمەیان پێکهێناوە، ئێش ترسە لە ئازاری خورانەکە کە لێرەدا کراوە بەهێش لە فۆنەتیکدا، ئەمە بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت کە حەز لەکارێک بکات بەڵام شەرمیش بکاتە ئە و کارە بکات، یان ئارەزووی کارێک بکات و ترسیشی هەبێت، دەوترێت بەوانەی کە ئارەزووی نێر دەکەن لەکاتی تەڵەب و بەتەگە هاتن و بەباهاتن وفسیندا خۆ دەپچڕنەوە لە خورێتی و تەکان و سواربوون وحەملەی کێر و چوکی نێرەکانیان لەهەمان کاتیشدا ئاڵۆشی شوێنی شەرم ودامێن و گەڵیان پێی خۆشە، ئینجا زیاتر بۆ لایەنی ئارەزووی سێکسی ئە و ئیدیۆمە بەکاردەهێنرێت و ووتراوە(دەی هێشێ و پێشی خۆشە یان دەی هێشێ و دەیخورێ).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:13:59 2017/26/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 705
## راستی یەک ڕێگای هەیە چەوتی هەزار
https://www.kurdipedia.org/?q=20180626102716152115
راستی یەک ڕێگای هەیە چەوتی هەزار
مەلای گەورە(مەلا محەمەدی جەلیزادەی کۆیی) لە تەفسیری کەلامی خوداوەندی بەزمانی کوردی دەفەرموێت(باوکم دەیگوت کورم لەژیانتدا کەست بینیووە بە ڕێگایەکی راست بڕوات تا لەچاو وون و گوم دەبێت هیچ ئەولا و ئەملای نەکات) هەڵبەتە ئەم وتەیە ئیدیۆم و پەند و قسەی نەستەقە واتە ڕێگای چەوت و خوار زۆرترە و ڕێگای راست دەگمەنە کە لە ژیاندا توشی دەبین، بۆ چەوتی هەزار و بۆ ڕاستی تەنها یەک ڕێگا هەیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 10:27:16 2018/26/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 706
## ربەی تەقتەق
https://www.kurdipedia.org/?q=20170430092253139415

ربەی تەقتەق چیە
دوو بیرو بۆچونی لەسەرە:
یەکەم: گوایە لەسەردەمی عوسمانیەکان و بەر لەجەنگی جیهانی یەکەم(1914-1918)، تەقتەق شوێنی کۆکردنەوەی باج وسەرانە و دەرامەت بووە، بۆ قۆنتەراتچیەکانی عوسمانی کۆگایەکی گەورە لە ئاواییەکە هەبووە، مەئمورەکانی باج ربەیەکیان دروستکردووە، زۆر لە و ربانە گەورەتر بووە کەجوتیارانی ناوچەکە پێوانەیان پێکردووە، ئەمەش بۆ ئەوە بووە زۆرترین دەغڵ ودان کۆبکەنەوە و ئەوەی بۆ حکومەتی عوسمانی بێت وە ئەگەرنا زیادەکەی بۆ قۆنتەراتچیەکان خۆیان بێت، لەمەوە لەناو فرۆشیاران و کڕیاراندا هاتووە(بەربەی تەقتەق نەبێ)یان(بەربەی تەقتەق-مان لەگەڵ نەکەن).[1]
دووەم:کاتی خۆی جوتیارێکی خەڵکی تەقتەق چەند ڕەنج دەکێشێ هەر لەسەر ساجی عەلی دەبێت و رسقی سوار و بەزیاد نابێت، بۆیە بەباشی دەزانێت ناوچەکە جێ بهێڵێت و بچێتە

دەشتی دزەیی بۆ ئەوەی لەوێ دەست بەکاسبی و وەرزێری بکات، خوا دەیهێنێت لەوێش ئە و ساڵی وشکە ساڵی دەبێ و خلەوخەرمانی نابێت، کاتێ لێی دەپرسن بەروبومی ئەمساڵت چۆن بوو ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت(هەر بەربەکەی تەقتەقە).
دەزانرێت ناوچەکە دوای عوسمانیەکان کەوتە دەست ئینگلیزەکانەوە، ئەوانیش ترانزێتی گومرکیان لەپردێ لەسەر زێی بچوک دانا و گومرکێکی باشی کەڵەکەوان و کاسبکارانیان دەکرد و پێشتریش قۆنتەرات چی عوسمانی و دەرەبەگ ئە و زوڵمەیان لە کاسبکاران کردووە بەسەرانە و باج و دەرامەت کۆکردنەوە، بۆیە ئە و پەندوئیدیۆمە گشتاندنی بۆ کراوە و بووە بە ئیدیۆم وپەندێکی باشوری کوردستان هەر کاتێک کارێکی پێشتر کە کارێکی نوێ جێگەی دەگرێتەوە کەخراپتر بێت یان دەسەڵاتێکی خۆسەپێن شوێنی دەسەڵاتێکی خۆسەپێنی پێشوو دەگرێتەوە لەناو کوردان وا باوە بوترێت(هەر بەربەی تەقتەق-ە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/30/4 9:22:53 AM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 707

## ڕواندزی کفتە دزی

https://www.kurdipedia.org/?q=20220226205157406391



ڕواندزی کفتە دزی
بەگوێرەی سەرواى شار و شارۆچکە و شارەدێ و گوند و دێهات و ئاواییەکانەوە، ئە و گۆتە باوانە دەوترێن و هیچ پەیوەندی بە ئەدگار و خاسیەتی سەرەکی هاوشاریان و نشینانەوە نییە، بەڵام لەگەڵ سەرواى شارەکان هەندێ وشە و دەستەواژە و ئاوەڵناو دەخرێنە پاڵ ناوە سەرەکیەکەوە وەکو: هەولێری بەجوجکەی ناوێری، کۆیی و خۆیی، سابونە ڕەق لە تەقتەق پشتم تەقتەقی، ڕواندزی کفتە دزی.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2022/26/2 8:51:57 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 708
**ریخی لە قونێ هەڵسو و بەرەڵای گاڕانی بکە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170924102237142715
ریخی لە قونێ هەڵسوو بەرەڵای گاڕانی بکە
مانگایەک یان گایەک بە لێکدانەوەی مرۆڤ بیر لەهیچ ناکاتەوە تەنها لەوەڕ و پەڕین و پاڵدانەوە و گوێ بەهیچیتر نادات، ئەمەش لە مەزندەی مرۆڤ ئاژەڵی و کەم عاقڵیەتی، بۆیە ئەگەر مرۆڤێک کەم عەقل و کاڵ فام بێت پێی دەوترێت هەندە نەزانە وگێلە(ریخی لە قونی بدە و بەرەڵای گاڕانی بکە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2017/24/9 10:22:37 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 709
**رۆحیان لە قنگی یەکدایە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171114093424143179
رۆحیان لە قنگی یەکدایە
دوو کەس زۆر نزیک بن لەیەکەوە و یەکتریان خۆش بوێت پێیان دەوترێت(رۆحیان لە قنگی یەکدایە) یان بە جۆرێکیتریش ئە و ئیدیۆمە هەیە کاتێک دوو هاوەڵزاوا(هەمزاوا، هەڤ لینگ، ولاش زاوا) بە هۆی ژنەکانیانەوە زۆر هاموشۆی یەکتری دەکەن و دەوترێت(قونیان لۆ یەکتری دەخورێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/14/11 9:34:24 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 710
## ڕۆژێک لەدارە، ڕۆژێک لەخوارە
https://www.kurdipedia.org/?q=20170801084046141679
ڕۆژێک لەدارە، ڕۆژێک لەخوارە
ئیدیۆمێکە بۆ یەکێک بەکاردەهێنرێت کە ڕۆژێک هەبوونە و ڕۆژێکیش نەبوونە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/1/8 8:40:46 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 711
## ڕۆن لە پیاو بسێنە و گەنم لەژن
https://www.kurdipedia.org/?q=20201124112407389863



ڕۆن لە پیاو بسێنە و گەنم لەژن
بەدەستهێنانی شت و مەک بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی مرۆڤ ماندووبونی دەوێت و لەخۆڕاێ وەدەست ناکەوێت، ئە وکەسەی هەوڵ وکۆششی بۆ دەکات و ئارەقەی بۆ دەڕێژێت هەر ئەویش نرخەکەی دەزانێت، وەکو وتراوە نرخی زێڕ لای زێڕینگرە ئە و ئیدیۆمەی سەرەوەش مەبەست لێی نرخ دانانە بۆ شتەکان، ئە وکەسانەی کە شتێک بەدەست دێنن یان بەکاری دەهێنن زیاتر بایەخ و بەها و نرخەکەی دەزانن وەک لە خەڵکانیتر بەنمونە پیاو کەیبانوو نییە و نازانێت نرخ و بەها و گرنگی(ڕۆن) چەندە؟ بۆیە هەرزان فرۆشی دەکات، ژنیش زەوی ناکێڵێت و دروێنە و خەرمان کوتان و شەن و کە و ناکات بۆیە کرێنی(گەنم) لە ژن هەرزانتر دەکەوێت وەک لە پیاو بۆیە کورد بۆگرنگی نرخی هەر شتێک بەتەوسەوە وتویەتی(ڕۆن لە پیاو بسێنە و گەنم لەژن) واتە ئە و دووانە لەبەر ئەوەی بەکاری ناهێنن یان بەرهەمی ناهێنن نرخەکانیان نازانن بۆیە وتراویشە(نرخی زێڕ لای زێڕینگرە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/24/11 11:24:07 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 712
## ڕێوییەکی گەڕۆک لە شێرێکی نوستوو باشترە
https://www.kurdipedia.org/?q=20181217072012181617



ڕێوییەکی گەڕۆک لەشێرێکی نوستوو باشترە
ڕێوی نیشانەی تەڵەکەبازی و فێڵبازی و لەخشتەبردنە کەم وابووە ببێتە مایەی شانازی و مرۆڤیش حەز ناکات پێی بڵێی(ڕێوی) هەر لەبەر ئە و خاسیەتانەی کە هەیەتی، شێر هێمای خاوەن شکۆیەتی و پاشایەتی دارستانە بۆیە مرۆڤیش پێی ئاساییە پێی بڵێی بەشێر دەچیت، ئینجا لێرەدا(ڕێوی و شێر) بەراوردیان پێکراوە و ڕێوییەکە خاسیەتی باشتری خراوەتە پاڵ بۆیە مرۆڤ لە و بەراوردکارییەدا ئاساییە خۆشی بەخۆشی دەڵێت(ڕێوییەکی گەڕۆک لەشێرێکی نوستوو باشترە) واتە جولە و بزاوت ئەگەر ڕێویش بیکات باشترە و شتێکی وەچنگ دەکەوێت، بەڵام شێر بەشێری خۆی خەوتبێت هیچی دەست ناکەوێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/17/12 7:20:12 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 713
## ڕێوی بە شاگرد ناگرێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20170614011306140100



ڕێوی بە شاگرد ناگرێ
ئەم پەندە و ئیدیۆمە بۆ کەسێکی فێڵباز بەکار دەهێنرێت، کە زۆرزانی یەکەی ئەوەندە زۆر بێت و تۆ نەتوانی لە مامەڵەیەک لێی ببەیتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/14/6 1:13:06 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 714
## ڕێوی گەزیزە خواردوو تولەک دەردەکات
https://www.kurdipedia.org/?q=20171223092116143588
ڕێوی گەزیزە خواردوو تولەک دەردەکات
گەزیزە، گوڵێکی جوانی کوێستانیە و تولەکیش واتە گەنجی تازە پێگەیشتووی ێ مووە، هەندێجاریش لە باڵندە دا واتە پەڕی بێچووی و گەندە پەرە پێگەیشتوەکانی لێ بۆتەوە و تازە تولەکی داوە واتە دەچێتە قۆناغێکی جوانترەوە، بە تەوسەوە بەکەسێکی نابوت و ریویلە و تاژیلەی و لاواز و ڕەقەڵە دەوترێت کەتازە هەست دەکەیت وەک گەنجە ێ مووەکە و کۆترە تولەکەکە قرێش وکرێش و لاوازی نەماوە و ڕەنگی تازەی هاتۆتەوە بەر و جوان بووە، دەبێت کەوتبێتە ناز و نیعمەتێکیشەوە چونکە ڕێوی گوڵە گەزیزەی بەدەست کەوتووە وەک چۆن ووتراوە هەنگوینی بەدارەوەی دۆزیوەتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/23/12 9:21:16 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 715
## ڕەژی کەری چاولێ کەری

https://www.kurdipedia.org/?q=20220226210851406394



ڕەژی کەری چاولێ کەری

ڕەژی کەریان گوندێکە لە دۆڵی خانەقای وەرتێ لە سنوری ڕواندزێ، ئە و گوندە ناوی لە پشکۆ و ڕەژوو و خەڵوز و سکڵ هاتووە، کە خەڵکی ئە و ئاوایە، کورەی ڕەژوو دروستکردنیان هەبووە، خەڵکە وێکرا ئە و کارەی کردووە و یەک لاسایی یەکیان کردۆتەوە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بە هاوشێوەی خزمانی ڕەژەیکەریان هەر ناوچە و گوندێکیتر هەمان حاڵەتی چاولێکەری و لاساییکردنەوە بگرنە بەر لە ژیان و کاروکاسبی و بەدەستهێنانی بژێوی بەتەوسەوە دەوترێت: ڕەژیکەری، چاولێکەری.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/26/2 9:08:51 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 716

## ڕەمەزانت بەقونەکی خاوێن گرت نۆرەی شەشەرانێ یە

https://www.kurdipedia.org/?q=20181229094641181965



ڕەمەزانت بەقونەکی خاوێن گرت نۆرەی شەشەرانێ یە

لەناو ئاینی ئیسلامدا مانگی(ڕەمەزان) یەکێکە لەپێنج(فەرزە-ڕوکن)ە سەرەکیەکە و هەموان دەبێت بەپاک وخاوێنی و(تەهارەت)ەوە خۆیان بۆ گرتنی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان ئامادەبکەن و لەگەڵ نەبینینی مانگی ئاسمان دەست دەکەن بەرۆژووگرتن و لەگەڵ بینینی دوای 28-29-30ڕۆژ دەست دەکەن بە بەربانگ(فتار)کردنەوە، ئینجا موسڵمان هەیە خراپ بەرۆژوو دەبێت ئەمەش پەیوەندی بەپلەی(باوەڕ)داریەکەیەتی، بەڵام لە(تاوی لۆمەی عەبدی) خۆی وانیشان دەدات بەرۆژووە و هەندێجاریش ئە و حاڵەتەی بۆ ناچێتە سەر و درکی پێ دەکەن کە بەرۆژوو نی یە، دواتر دوای جەژنی ڕەمەزان لەمانگی(شەواڵ) موسڵمانان(شەش) ڕۆژیتر بەرۆژوو دەبن چ وەک سونەتی یان قەرزدانەوەی مانگی ڕەمەزان،شەشی شەواڵ بووە بە(شەشەران) ئەوەی مانگی ڕەمەزان بەرۆژوو نەبێت دڵنیابە گرتنی شەش ڕۆژی شەواڵیشی پێناگیرێت، ئەم ئیدیۆمە بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت کە کارێکی پێشوتری بینرابێت و بەسەرکەوتویی ئەنجامی نەدابێت بۆیە دەزانرێت ئە و کارەی ئێستاش لەپێشیەتی وەک ئەوەی پێشوو بەنیوەچڵی دەیکات بۆیە کورد بە و کەسانە دەڵێت(ڕەمەزانت بەقونەکی خاوێن گرت نۆرەی شەشەرانێ یە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 9:46:41 2018/29/12

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 717

## ڕەنگ نی یە بە عەرەب بڵێ مەرحەبا

https://www.kurdipedia.org/?q=20170914093134142603

ڕەنگ نییە بە عەرەب بڵێ مەرحەبا

ئیدیۆمێکە بەکار دەهێنرێت بۆ کەسێک کە جاڕس و داواکاری زۆر بێت و چیریش بێت بۆ بەدەستهێنانی داواکارییەکانی، دیارە کورد هاوسنور و تێکەڵاو بووە لەگەڵ نەتەوەی عەرەب بۆیە درکیان بە و خاسیەتە کردووە و لە نێو خۆیاندا بە هەموو ئە و کەسانە دەڵێت کە خاسیەتی چیریان هەبێت بۆ داواکارییەکان تا دەگاتە حاڵەتی جاڕس بوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: باشووری کوردستان

ولآت: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 9:31:34 2017/14/9

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 718

## ڕەنگی دەڵێی قوڕی بن گووە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170924130942142720

ڕەنگی دەڵێی قوڕی بن گووە

گو خۆی پیس و پاشەڕۆیەکی بۆن ناخۆش و بۆگەن وێ تلّپی تەڕ و بووە بە پەین، ئینجا وەرە بەهۆی ئەوەوە ڕەنگت بۆ دابنرێت، دیار ئە و خاکەی ئە و پاشەڕۆیەی بخرێتە سەر چەند سانتیمەترێکی دەکەوێتە ژێر کاریگەری و ئاوێتەی یەکتری دەبن، قوڕێک ئاوێتەی گو بێت دیارە ڕەنگێکی بۆڕ و ڕەش و کیمیائامێز دەبێت، هەڵبەت ئەوە بەکەسێکی ناشیرینی ڕەزا گرانی خۆ بەجوان بزانێ دەوترێت(ڕەنگی دەڵێی قوڕی بن گوە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗔 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: 2017/24/9 1:09:42 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 719

**زارهەراش**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200827221720387234



زارهەراش

زار: دەم، زاری تاوڵە، هەروەها بە مانای(زمان)یش دێت، شێوەزار، زاری کرمانجی، هەراش واتە گەورەبووە، تورەکە هەراش بووە، پاچەرە، پاچەرە، کێژۆڵەکە پاچەرەیە، هەراش ئاوسە واتە دەمێکە سکی کردووە، زار هەراش واتە کەسێک قسەی گەورەتر لە تەمەنی خۆیدا بکات، یان قسە و تێوەرێخ بخاتە ناو زۆر بابەتان، ئەمە بووە بە ئیدیۆم بە و کەسانە دەوترێت(زار هەراش).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗔 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: 2020/27/8 10:17:20 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 720

**زاوا خوێرییە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220621121729419305



زاوا خوێرییە
وتراویشە: موو نەرمە یان بارەبەری ماڵە خەزووران، زاوا لە کوردەواریدا زۆر جنێو و قسەی ناشیرینی پێ وتراوە، هاوشێوەی خەسوو، بێ بایەخ و تا ڕادەی سووک سەیر کراوە لە و ئیدیۆمەی کە دەڵێت: حەوتم بمرێ لەزاوا، کۆزم نابێ ساوا، یان وتراوە: زاوا بکا کفنم نەکا بەرگم، منەت و منەتباری خراوەتە پاڵی، یان پێی وتراوە: چوارپێی بارەبەر لە و ئیدیۆمەی کەدەڵێت: زاوا کەری خەزوورییە، لێرەش زاوا خوێرییە و موو نەرمە واتە: وەک داری تەڕ چەماوەیی و ئەڵقەییە دەخرێتە پەنجەوە و بە ئارەزووی خۆی باری دەکا و لێی دەخورێ و مووی وەک ژنان نەرمە و هەرچی پێی بکەیت ناڵێت: نا، بەتەوسەوە بە و جۆرە زاوایە دەوترێت: زاوا خوێرییە و موونەرمە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] ⋉ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2022/21/6 12:17:29 PM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 721

## زستان بەشەوێ، پیران بە تەوێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20220511223609413688



زستان بەشەوێ، پیران بە تەوێ
زستانی کوردەواری مانگەکانی(بەفرانبار و ڕێبەندان و ڕەشەمێ) دەگرێتەوە، هەرسێ مانگ بەناوەکانیاندا دیارە کە سەخت و دژوارن، سەرەتا بەفرێکی زۆر لە ناوچە کورد نشینەکاندا دەبارێت بۆیە بە و مانگە وتراوە: بەفرانبار و دواتر بەهۆی ئە و بەفرەوە ڕێگاکانی نێوان گوند و شارەکان دەگیرێن و دەبێتە(ڕێبەندان) و دواتریش زەخیرە و دانەوێڵەی کۆکراوەی هاوین لە و دوو مانگەدا دەخورێت و مانگی کۆتایی زستان دەبێتە(ڕەشە مانگ)، لێرەدا سەرما و سۆڵەی زستان بە هێند وەرگیراوە لە و ئیدیۆمەدا وەکو ڕێبەرێک بەکارهێنراوە، کە نابێت لە سەرمای زستانی کوردستان بێ باک بین، چونکە بەیەک شە و زستانی خۆی دەکات، کاتێک گیسکە نێر گاڵتەی بە زستان کردووە، لە و ڕووەوە زستان بە گیسکە نێری گووتووە: یەک ڕۆژم بمێنێ لە بوهارێ، کلکت ڕەق دەکەم لە بن دارێ، لە بەرامبەر زستانی سەخت و بەهێز، پیری سەد دەرد و لاواز خراوەتەڕوو، کە مرۆڤی بەساڵاچوو، بێ تەنگ وتۆژ و لاواز و زەبوون و پەککەوتوو و بێ هێز دەبێت، بەرگەی یەک(تەو) واتە:لەرز و تا ناگرێت، ئەگەر تووش ببێت لەوانەیە بکەوێت و ڕاست نەبێتەوە تا دەمرێت، کورد سەختی زستان و پیری و پەککەوتەیی کردووە بە و ئیدیۆمە جوانە، بۆ هاندان و خۆپارێزی لە ساردوسۆڵەی زستان و دابینکردنی دار و سوتەمەنی داکردن و جل وبەرگی گەرم و پۆشتە لەبەر کردن بۆ ساوا و بەساڵاچوان وتویەتی: زستان بەشەوێ، پیران بە تەوێ. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code


🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/11/5 10:36:09 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 722

## زستانان کۆ هاوینان شنۆ

https://www.kurdipedia.org/?q=20180627104207152129



زستانان کۆ هاوینان شنۆ
محەمەدی مەلا مستەفای سەرپەرشتیاری یەکەمی یەکەی سەرپەرشتیاری پەروەردەی کۆیە ووتی: باوکم دەیگۆت بۆ زانست و زانیاری لە سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بەر لە دروستبوونی قوتابخانەکان دەوترا بۆ خوێندنی سوختیە و فەقێیایەتی لە کوردستان زستانان کۆ و هاوینان شنۆ)، ئەمەش گوزارشتە بۆ پێشکەوتنی شارەکەی(حاجی) کۆیە لەسەوسەروبەندی چونکە تەنها لە باشوری کوردستان دوو مزگەوت پێیان ووتراوە مزگەوتی گەورە ئەویش مزگەوتی کاکە ئەحمەدی شێخ لەسلێمانی و مزگەوتی حاجی بەکراغای حەوێزی لە کۆیە، کۆیە مەڵبەندی خوێندنی ئاینی بووە خوێندکاری لە تەبرێز و ورمێیەوە هەبووە بۆ خوێندنی ئاینی لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم، جگە لە مەلا مەحمودی ئۆمەرگومبەتی یەکەم وتارخوێن و پێش نوێژی مزگەوتی گەورە، سێکوچکەی جەلیزادە سێ پشتەی جەلیزادە (مەلا ئەسعەد و مەلا عەبدوڵلا و مەلای گەورە) وەک حاجی قادری کۆیی گەورە شاعیر دەفەرموێ:
بەغەیری جەدی ئێوە کیهە دانا
بناغەی عیلمی لەکوردستانا دانا
لەلایەکیتریشەوە شاری شنۆ ناوچەیەکی کوێستانیە و زستان زۆر ساردە و هاوینان فێنک ودڵگیرە و قوتابخانە و مزگەوتی ئەوتۆی هەبووە کە خوێندکار و سوختیە و فەقێ لێی بخوێنن، بۆیە وتراوە بۆخوێندنی فەقێیایەتی(زستانان کۆ هاوینان شنۆ).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/27/6 10:42:07 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 723

## زگ مەشکەدۆ

https://www.kurdipedia.org/?q=20200826231533387224



زگ مەشکەدۆ
سک لە گۆکردندا دەبێتە زگ، مەشکە: لەکەوڵی ئاژەڵان بەتایبەت مەڕو بزن دروست و خۆش دەکرێت، بەرهەمی شیری دەخرێتە ناوییە وە و بەهەژاندن دۆ و کەرەی باش بەرهەم دێت، مەشکە دۆ شێوەیەکی ناشیرینی پڕی هەیە و بە کەسێکی وورگ و کەرش شۆڕبۆوە دەچێت، وەک سووک و ناشیرین و بێ ڕێزییکردن بەکەسێکی ورگن دەوترێت کەمێک جاریش بەگاڵتەوە بەکاردەهێنرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/26/8 11:15:33 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 724

## زمانی دەڵێیت تولەمارە دەیگێڕێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20220511224128413690



زمانی دەڵێیت تولەمارە دەیگێڕێت
تولەمار: تیلە مار، بێچووی مارە یان مارێکی باریک و درێژ، لە ڕۆیشتندا هەرچەندە بێ پەلوپۆیە، بێ دەست و قاچە، بەڵام زۆر خێرا و تیژڕۆیە و لەماوەی چاوپڕوکانێکدا لەبەرچاودا وون دەبێت و خۆی دەرباز دەکات، ئەگەر بەدوایدا بڕۆیت ئەوا بۆت ناگیرێت و وەکو بروسکە تێ دەپەڕێت، ئینجا خێرایی ئە و تولەمارە و ترسناکیەکەی کە ژارێکی کوشندەی هەیە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی خاوەن قسە و زمانێک کە هەمووکەس لێی دەترسێت و خۆی لێ دەپارێزێت دەوترێت: زمانی دەڵێیت تولەمارە دەیگێڕێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: PM 10:41:28 2022/11/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 725

## زمانی وەکو بزنمشک وایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20210515115301394068



زمانی وەکو بزنمشک وایە
بزن مژ، گیاندارێکی خشۆکە هاوشێوەی قومقمۆک و مارمیلۆک(مارمێلکە) و شەوگەرد، لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بەتایبەت لەناوچەی ڕەوەزەشاخ و تەمتەمە شاخدا دەژیێت، یەکێکە لە و گیاندارانەی کە شارەزا و بەتوانایە لە ڕاگرتن وڕامکردنی ئاژەڵی(بزن) و بەهێواشی گوانی دەمژمێت و بزنەکەش ڕادەوستێت و بەدەم کاوێژەوە تا چۆڕەشیری تێدا نامێنێ و شیرەکەی وەکو کارە کۆرپە دەخواتەوە، ئینجا ئە و حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم دەوترێت(زمانی وەکو بزنمشک وایە) واتە دەتوانێ زمانی بۆ بەرژەوەندی خۆی بۆ یەک دوو ئیش بەکارهێ بهێنێت و بیگێڕێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 11:53:01 2021/15/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 726

## زیرە بۆ(کرمان)دەبات

https://www.kurdipedia.org/?q=20200822110159387082



زیرە بۆ(کرمان)دەبات.
کرمان، پارێزگایەکە لە وڵاتی ئێران، دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاواییەوە، لەباکوریدا هاوسنورە لەگەڵ پارێزگای(یەزید و خۆراسانی باشور) و لەباشوریدا پارێزگای(هەرمزگان) و لە ڕۆژهەڵاتیدا پارێزگا ی(سیستان و بلوجستان) و لە خۆرئاوایشی پارێزگای(فارس)ە، ئە و پارێزگایە لەدێر زەمانەوە بە ڕووەکی(زیرە)ی بەناوبانگە کە ساڵانە لە دەشت و دەر و بەرزایی چیاکان و پاوان و لەوەرگاکانی(4)هەزار کیلۆ(زیرە) بەرهەم دێت و بە سحراویترین شاری وڵاتی ئێران دادەنرێت لەبۆن و بەرامەی بەهاراتی زیرە لە نیوەڕۆیانی شاردا، هەر کەیبانووەی هەندێک لە و بەهاراتەی خستۆتە ناو چێشت و شیوە و ئاشەکەی.
ئە و ئیدیۆمە لەناو کورداندا بۆ ئەوە هاتووە کەسێک نەفام و کەوودەن و نەزان بێت، لە پەیرەوکردنی کارێک، واتە: ئە و کەسە چۆن زەرەر و زیان ناکات زیرە بۆ کرمان ببات، کە مەڵبەندی بەرهەمهێنانی زیرە بێت، چونکە کەسی زیرەک زیرە بۆ کرمان نابێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 11:01:59 2020/22/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 727
## زین بۆ ئەسپە و کورتانیش بۆ کەرە
https://www.kurdipedia.org/?q=20190227090924278628



زین بۆ ئەسپە و کورتانیش بۆ کەرە
شاعیر وتویەتی(تۆ نابەزی ئەسپی بەزینت پێ یە، من دەبەزم ئەسپی بەزینم پێ یە) وتراویشە(کەرە مەمرە بەهارە کورتانت بۆ لەشار دێت) واتە زین بۆ ئەسپە و کورتانیش بۆ کەر، زۆرجار وارێکەوتووە کەسێک زیاد لەخۆی هەنگاو دەنێت و پێ هەڵدێنێت چ ستایش یان پیاهەڵدانی خۆی زۆر لە کێش و قەبارەی خۆی زیاد بکات دوای شکستهێنانی لە و ستایش و پیاهەڵدانە پێی دەوترێت(زین بۆ ئەسپە و کورتانیش بۆکەرە) یان دەوترێت(غاری بارگیر تانیوەی هەورازە، یان بازی پشیلە تا بەردەمی کادینە) هەموو گوزارشتی توانجە بۆ کەسانێک کە قسەیان گەورەترە لەتوانای خۆیان.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:09:24 2019/27/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 728
## زڕ هەر زڕەی لێوە دێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20181117085213162827

زڕ هەر زڕەی لێوەدێ
زڕگوێز و زڕتولە و زڕدایک و زڕباوک و زڕبرا و زڕخوشک ئە و هەمووە زڕە لەپێش ئە و هەمووە ناوە گوزارشت لەوەدەکات بنچینەیی و ڕەسەن نین بەڵکو وەک دەستی دوو وان، جگە لەمانە زڕ پور و زڕخاڵ و زڕمام-یش دێنە ئاراوە، مرۆڤ لەدوای مناڵ ودایک وباوک و خوشک و برا و مام و پور و خاڵ و ئامۆزا و پورزا و تاد.... دێن، ئە و خۆشەویستیەی لەنێوان خوشک وبرای دایک وباوک یەکیدا هەیە لەنێوان خوشک وبرای دایک یان باوک جیادا نیە، ئەوانەی لەیەک هەناو هاتونەتە دەرەوە سۆزیان زیاترە لەوانەی لە دوو هەناو هاتونەتە دەرەوە، یەک هەناو و دووباوکیش وەک یەک هەناو و یەک باوکی نیە، ئەگەر شیرت هەوری ساماڵی رابماڵێت ئەوا هەر بەچاوی زڕ لێت دەڕوانێت و بۆیە کە دوو خوشکی دایک یان باوک جیا یان دوو

کوڕی باوک یان دایک جیا لێکتر نیگەران دەبن دەڵێن بەخوای(زڕ هەر زڕەی لێوە دێت) واتە هەست و سۆزی وەک ڕەسەن و بنچینە ولە یەک دایک وباوکی حەق نین.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:52:13 2018/17/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 729
## زۆر بێ تام و خوێ یە
https://www.kurdipedia.org/?q=20170924101905142713
زۆر بێ تام و خوێ یە
تام و خوێ هەر لە خواردن وچێشت و ئاش و شیو-دا نی یە، مرۆڤیش دەبێت(هەمو شتێکی بەخوێ بێت و خوێ-ش بە مەعنا) کەسێک کەسایەتی خۆی بەپێی ناوەندە کۆمەلایەتیەکان نەپارێزێت و بەگوێرەی داب ونەریتە باوەکانی سەردەمی خۆی نەجولێتەوە و هەندێک بنەمای مرۆڤایەتی ڕەچاو نەکات لە بەڵێن و پەیمان و ئاخاوتن و کردار و ڕێزگرتندا پێی دەوترێت(زۆر بێ تام وخوێ-یە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 10:19:05 2017/24/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 730
## زۆر گۆتن لەسک سۆتنەوەیە
https://www.kurdipedia.org/?q=20200901132535387358



زۆر گۆتن لەسک سۆتنەوەیە.
زۆر بلێی و دەمەزەنی و چەقاوەسوڕی وچیکەنەیی و هەڵەپاسی و زارهەراش و دەم درێژ و قورگ درێژ و بەدەم وزارهەموو ئە و خاسیەتانە بەکەسێک دەوترێت کە زۆر قسان بکات، بەڵام لێرەدا زۆرگۆتن بنەمای تری بۆ دۆزراوەتەوە، ئەویش کەسێک لەتاو لەدەستدانی ئازیزێک یان هەبوونی کێشە و ئازارێکی گەورە و پرژان و ناسۆر، یان سک سوتان و جەرگ سوتان، ناچار بە زار دەرییڕیووە، ئەمەش بووە بەئیدیۆم و دەوترێت(زۆرگۆتن لەسک سۆتنەوەیە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/1/9 1:25:35 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 731

## زۆردار ئاوی سەرە و ژوور دەڕوات

https://www.kurdipedia.org/?q=20200822001929387080



زۆردار ئاوی سەرە و ژوور دەڕوات
زۆردار ئە و کەسەیە کە بەزۆری زۆرداری کارێک ئەنجام دەدات، بە زۆرەملێ دەست بەسەر سەروەت و سامان و داهات و حاڵ وماڵ و گیان وکەل و پەلی کەسێک، خانەوادەیەک، هۆزێک، نەتەوەیەک، نیشتمانێک دادەگرێت، پێچەوانەی خواستی مرۆڤەکانە بە ئارەزووی خۆی چی بیەوێت دەیکات، ئاو لە بەرزاییەوە بۆ نزمایی ڕێ دەکات بەڵام زۆردار لە خوارەوە بۆ سەرەوە لێ دەخورێت، تا ئاو لەدوای بێڵیەوە دێت، زوڵمی زۆردار لەلایەن بەساڵاچوان و بەئەزمونەکانی کورد بە(ئاوی سەرە و ژوور) باسکراوە، ئەم ئیدیۆمە ئاگادارکردنەوە و بۆ ڕێبەدیکردن بۆ نەوەکان بەکاردەهێنرێت، کە زۆردار ئەوەی لەدەسەڵاتی بێت دەرئەنجامی دەدات، لە هەندێجار بە(سەگی هار) چوێنراوە، سەگی هار عومری چل ڕۆژە، واتە تەمەنی زۆردار و ئاوی خوڕی بۆ سەروو زۆرناخایەنێ و زوو کۆتایی دێت وەک تەمەنی سەگی هاربوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: AM 12:19:29 2020/22/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 732

## زێڕی پاک ژەنگ هەڵناهێنێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20190227091414278629



زێڕی پاک ژەنگ هەڵناهێنێ
هەموو مادەیەکی پاک وبێگەرد نرخ و بەهای لە مادە و پێکهاتە تێکەڵ و ئاوێتەییەکان زیاترە، ڕەسەنی و بێ خەوشی پایەی مادە و مرۆڤ بەرزدەکەنەوە، ئینجا ئەم ئیدیۆمە زێڕی بەنمونە هێناوەتەوە ئە و زێڕەی تێکەڵەی پێکهاتە فلزیەکانیتری کەمتر بێت و عەیاری بەرزترە، ئەمە بۆ مرۆڤیش دەبێت کاتێک کەسێک شایستە و لەبار بێت بەزاری هەموو دونیا لەشایستەیی و لەبارییەکەی لەکەدار نابێت بۆ ئە و جۆرە کەسانەیە وتراوە(زێڕی پاک ژەنگ هەڵناهێنێ).

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: AM 9:14:14 2019/27/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 733

## زەرفی عەلاگە دەباتە پەرێزێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20180106091017143792

زەرفی عەلاگە دەباتە پەرێزێ
ماڵە گوندییەکان کە دەچنە شاری و ماوەیەک لە شاری دەمێننەوە ئیتر کوڕ و کچەکانیان هەندێک دەگۆڕێن و کە دەگەڕێنەوە گوندەکەی خۆیان زۆر بە فیز و تەکەبورەوە کاری کێڵگە و ئاوایی دەکەن بۆنمونە ئە و کچەی کە لەشاری هاتۆتەوە و دەیەوێت بچێتە پەرێزێ و کاری هەڵگرتنەوەی سوارەی دروێنەکراوی دوای سەپان و پاڵەی بکات یان تێڵەکێشی و کاری مەڵۆ هەڵگرتنەوە، ئەوا پێی شورەییە کەوا چارۆگە و بەرامپیلی بکاتە کۆڵ و شان وملەوە بۆیە زەرفێکی عەلاگە هەڵدەگرێت و دەیباتە پەرێزەوە تاوەکو گەنجان توانج و پەلاری تێ نەگرن ئینجا ئە و جۆرە کچ وکەسانە بە ئیدیۆمێکی نوێی دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991ی باشوری کوردستان دەوترێت(بە زەرفی عەلاگە وە دەچتە پەرێزێ یان فلانە کێژ زەرفی عەلاگە دەباتە پەرێزێ).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: AM 9:10:17 2018/6/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 734

## زەلامی کۆیە و گاڕانی تەقتەق

https://www.kurdipedia.org/?q=20170927144000142773



زەلامی کۆیە و گاڕانی تەقتەق
بازاڕی کۆیە لە کۆندا جگە لە قەیسەری شەقامێکی تەنگەبەر بوو لە فلکەی حاجی قادرەوە تا وەکو چوارڕیانی گردی(جەمعیە) ئینجا ئەگەر بە ئۆتومبیلەوە بە و شەقامە گوزەرت بکردایە لەبەر بچوکی شەقامەکە و قەرەباڵغی بازاڕ زۆر بەخراپی پیاوەکان لە شەقامەکە دەڕۆیشتن و شۆفێر دەبوایە بەکاوەخۆ(لەسەرەخۆ) ئۆتۆمبیلەکەی بهاژوێت یان لێبخوڕێت، شەقامی سەرەکی تەقتەق-یش لە شاخی قەلانەوە تا کەندری نەنە حەلۆمە(لێژی زراعەکە) بووە، بەیانیان و ئێواران گاڕانیان بە شەقامی سەرەکی هەورازی گردی گۆرستانی مەلاساڵح و شێخ مستەفا(کارەبا) و شاخی قەلانەوە دەبرایە لەوەڕ و لەکاتی گوزەری گاڕان دەبوایە شوفێرەکان لێخوڕینی ئۆتۆمبیلەکانیان زۆر کەم بکەنەوە تاوەکو ئە و گارانەی بەپانی جادە و شەقامەکەی گرتووە لەشەقامەکە دەرۆیشتن، ئینجا لەمەوە شوفێرانی نێوان کۆیە و تەقتەق بە درکە و ئیدیۆم و کینایە ئە و دەربڕینەیان دەگوت(زەلامی کۆیە و گاڕانی تەقتەق).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: PM 2:40:00 2017/27/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 735

## زەمانە بەزمی ڕەندانە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220105152411400472



زەمانە بەزمی ڕەندانە
هۆزانڤان(سەید هەورامی) لە دێرە شیعرێکدا دەفەرموێت: جای بەزمی ڕەندان، نیشانگەی یاران- تەختی خاڵ خاڵان نازک نازداران، حەمدی شاعیریش وشەی(حەشری ڕەندان)ی بۆ بەکارهێناوە، زەمانە واتە: ڕۆژگار و چەرخی گەردون، ڕەندانیش بەواتای بەزم و ڕەزم و ڕابواردنی جوان و گەنج و لاوانە، کەواتە ئە و ئیدیۆمە پەند و ئامۆژگارییە بۆ مرۆڤ کە ژیان و ڕۆژگاری دونیا هەر وەکو گاڵتە و گەپی کۆمەڵێک گەنجە و زوو بەسەر دەچێت، ئەوەندە ناهێنێت دونیای بۆ بەکوڵ دابدەیت، زیاتر ئیدیۆمێکی زاهیدانە و سۆفییانەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 1/5/2022 3:24:11 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 736

## زەوی فرەس، گۆڕ بە ئەنازە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220119203838402057



زەوی فرەس، گۆڕ بە ئەنازە
زەوی و ڕووبەرەکەی زۆر گەورە و فراوانە و گوریسی هەموو دونیا بهێنیت لە پێوانەی نایبتەوە، بۆیە دەوترێت زەوی فرەس یان زۆر و زەوەندە، گۆڕ و قەبر لە کوردەواردیدا وتراوە: دوو گەزە جاو دەبات یان ئەوە عەرد و ئەوە گەز، واتە هەموو شتێک بەپێوانەیە، گۆڕیش هەر بەیەک دوو گەز دانراوە، ئینجا فراوانی و گەورەیی زەوی و بچوکی گۆڕ بووە بەئیدیۆم، با زەوی و خاک زۆر و فراوان بێت، بەڵام دەبێت گۆڕ هەر بە ئەندازە بێت، بۆیە دەوترێت(زەوی فرەس، گۆڕ بەئەنازە) واتە دەبێت ئابوریانە دەست بە هەموو شتێکەوە بگرین هەروەک ئیدیۆمی(خابوور، ئەویش بەئابوور)ە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 19/1/2022 8:38:38 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 737

## زەڕینی هەیە و پەڕینی نی یە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171115081340143181

زەڕینی هەیە و پەڕینی نیە
کەسێک قسەی زۆر بکات و کرداریش کەم بێت، لەماوەی قەیرانەکاندا لە حکومەتی خۆمان بەدیدەکرا زۆرترین بەڵێنیان بە خەڵک دەدا و هیچ کارێکیشیان بۆ خەڵک پێ ناکرا، ئینجا ئەوە بە وکەسە دەوترێت کە بەڵێن و پەیمان زۆر دەدات و قسەش زۆر دەکات بەڵام لە باری ڕاپەڕاندن و کرداردا هیچی پێ ناکرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/15/11 8:13:40 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 738

## ژ ژنان دۆتمام ژ شوران شورێ شام

https://www.kurdipedia.org/?q=20220119204552402059



ژ ژنان دۆتمام ژ شوران شورێ شام
لە کوردەواریدا کچە مام زۆر جێگەی سەرنج بووە بۆ خزمایەتی و هاوسەرگیری تا کۆتایی سەدەی بیستەم، زۆرترین حەیران و بەستە و مەقام و ستران و لاوک و گۆرانی و شیعر لەسەر ئامۆزا و دۆتمام وتراوە، هونەرمەندی مەزن مەزن لە گۆرانیەکانیاندا(ئامۆزا گیان)یان وتووە، ئە و بایەخ و گرنگیەی ئامۆزا بۆ هاوسەرگیری و دڵ پێوەبوونە بووە بە ئیدیۆمێکی جوان لە ناوچەی بادینان لە باشوری کوردستان دەوترێت: ژ ژنان دۆتمام ژ شوران شورێ شام، لە ژنان کچە مام جێگەی پشت پێ بەستنە و لە خوێنی خۆتە و خوێنیش نابێت بەئاو، هەر ئە و دەتوانێت بتپارێزێت، وەک چۆن قەڵا و شورەکانی وڵاتی شام وڵاتەکەیان لە دەست درێژی داگیرکاران لە مێژوودا پاراستووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/19/1 8:45:52 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 739
## ژن بووم بەگرێی چارۆگێ دەریانکردم
https://www.kurdipedia.org/?q=20181001103540156652

ژن بووم بەگرێی چارۆگێ دەریانکردم
ئەم زاراوەیە لە زاری ژنانەوە گوتراوە و پیاویش بەکاریدێنن لە بابەتێکدا بگونجێت دەڵێن(خۆ بەگرێی چارۆگێ دەرنەکراویت؟) کورد هەرچەندە شانازی بە موسڵمانبوونی خۆی دەکات بەڵام دوای چواردە سەدە هێشتا داب و نەریتە کلتورییەکان بەسەریدا زاڵن بە و داب و نەریتە زاڵانەش دەڵێت(عەشایەری) کە ئەم زاراوەش لەگەڵ هاتنی موسڵمانەکانەوە سەرچاوەی گرتووە دەنا وشەی(خێڵایەتی و هۆزایەتی) هەبووە لەبری عەشایەری، واتە کورد ئەوەی لەبەرژەوەندی نەبووە لە(شەرع) فەرامۆشی کردووە بەتایبەت(میراتی زەوی و زار) و(سەروەت و سامان)ی ماڵە باب بدرێتە(کیژ و کەنیژک و کچان)، ئینجا وارێکەوتووە کچەخانەدانێ یان دەوڵەمەندێ کە بێ بەش کرابێ لە زەوی و زار و سەروەت و سامانی گەورە ماڵی باوکی بەکوڕازانەوە و حەسرەتەوە دەڵێت(ژن بووم بەگرێی چارۆگێ دەریانکردم) گرێی چارۆگ لەچیەوە هاتووە ئە و چوارشێوەی دوای هەموو جل و بەرگێک ئافرەت و ژنی کوردەواری بەشانیەوە بەدوو گرێ لێکی دەدەا و لەخۆی دەئاڵاند تا دەگاتە کەفەڵ و سمتی هەندێجار وەک جۆرکە و تورەگە و هەگبە بەکاریدەهێنا بۆ هەڵگرتنی کەل و پەل و کارەکۆرپە و مناڵان و بارەدار، لە هونەری کوردیش زۆر ئاوڕ لەچارۆگە دراوەتەوە بەتایبەت لە دەنگە ڕەیسەنەکانی وەک خاڵە تاهیر تۆفیق شێخانی و حەسەن زیرەک کە پڕ بەگەروویان دەیانووت(چارۆگێ چارۆگێ...)ئینجا وەک ئیدیۆم بۆ ئەوە بەکارهاتووە بوترێت بەکراسی بەرمەوە لەماڵی باوکم هاتمە دەرێ هیچم لەگەڵ خۆم نەهێنا و نەبرد و پێیان نەداوم.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/1/10 10:35:40 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 740
## ژن بەدوای قەلقەلاشک دەکەوێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20181006080956156792



ژن بەدوای قەلقەلاشک دەکەوێت
قەلقەلاشک دوو مانای هەیە یەکەم: قەلەڕەش یان قەلەباچکە دووەم: درکی وشکی کەنگر، ئینجا کە وتراوە(ژن بەدوای قەلقەلاشکی دەکەوێت) واتە پیاو قاتی یە و دەستناکەوێت، بۆیە کە خشکەی درکی کەنگر قەلقەلاشک دێت وادەزانێت پیاوە یەکسەر بەدوای دەکەوێت، هەندێجاریش لەدوورەوە قەلەڕەشێک بۆر دەچێتەوە واهەست دەکات پیاوە بۆیە بەدووی دەکەوێت، ئەم حاڵەتە پێشینەیەکی ئاینی هەیە کە دەوترێت لە نزیکبوونەوەی(کۆتایی دوونیا –ئاخر زەمان) ژمارەی ژنان زۆرتر دەبێت و ژمارەی پیاو کەم دەبێت بۆیە دەوترێت لەوسەروو بەندی ژنان بەدوای قەلقەلاشکیش دەکەون، هەندێجاریش شەڕ و شۆڕ ئە و ئیدیۆمە دروست دەکات وەک جەنگی جیهانی دووەم وترا(هەی ئارەمان هەی ئارەمان، پیاونەمان ژن بوونە خەرمان) واتە بەهۆی جەنگی هیتلەری ئەلمانی پیاو هەمووی کوژران و بێوەژن زۆر بوون، یان شەڕی سەفەربەرلکی عوسمانی یان جەنگی هەشت ساڵەی عێراق ئێران و تاد، کەواتە کاتێک دەوترێت(ژن بەدوای قەلقەلاشکی دەکەوێت) واتە ژمارەی پیاوان زۆر کەم بووە بەهۆی ناچارییەوەیە ژن ڕەدووی پیاوان دەکەوێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/6/10 8:09:56 AM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 741

## ژن پاژنەشی دوژمنیەتی

https://www.kurdipedia.org/?q=20220126115438402827



ژن پاژنەشی دوژمنیەتی
لە و ڕۆژەوەی ژن بووە بە موڵکی پیاوان، بۆ پیاوی مەرد و خاوەن ناموس و بە ئاوەز، ناموس بەنرخترین و بە بەهاترین و گرانترین شت بووە لەلای، هەر بۆیە لە هەموو ئایینە ئاسمانیەکانەوە ئامۆژگاری و ڕێنمایی تایبەت و پاداشت و سزای گەورەی بۆ دانراوە، ئەمەش وایکردووە ئافرەت و ژن داپۆشراو بن و شوێنە وروژێنەرەکانیان داپۆشن و لە چاوی پیاو و ڕەگەزی نێرینە بەدووری بگرن، ژنانیش ئە و ڕاستیەیان بۆ دەرکەوتووە و دەزانن نەوەک شوێنە هەستیارەکانیان بەڵکو پاژنە-پاشنەی پێشیان کاریگەری لەسەر ڕەگەزی بەرامبەر دروست دەکات، ئینجا ئە و کاریگەرییە و گرانی ناموسە لە کوردەواریدا زۆر پارێزگاری لێکراوە و بووە بە ئیدیۆم و بەڕێنمایی و ئامۆژگارییەوە واتراوە(ژن پاژنەی پێشی دوژمنیەتی) واتە:(ناموس گرانە) و دەبێت زۆر ئاگاداری بین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 11:54:38 2022/26/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 742
## ژن ژنی بەسەرهات شەرتی هەرات
https://www.kurdipedia.org/?q=20200905114632387528



ژن ژنی بەسەرهات شەرتی هەرات
لەدێرزەمانەوە ئەزمون و دونیادیدەیی کورد لە زۆر بواردا جێی خۆی کردۆتەوە، بەکردار سەلماندویانە کە هەندێک دیاردەی کۆمەلایەتی تاقیکراوەتەوە و مشت ومڕ هەڵناگرێت ڕێک و ڕاست وەک خۆی دەردەچێت وەکو ئە و ئیدیۆمەی کە وتراوە(ژن ژنی بەسەرهات، شەرتی هەرات)واتە بایەخ بەژنە تازەکە دەدرێت و وەکو جاران و پێویست ئاوڕ لە ژنە ژن بەسەر هاتووەکە نادرێتەوە، شەرت واتە مەرجەکانی چیتر وەکو پێشوو جێبەجێ ناکرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 11:46:32 2020/5/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 743
## ژن هەسانی مێردیە
https://www.kurdipedia.org/?q=20170704102334140949
ژن هەسانی مێردیە
ژنی کورد لەرەسەنایەتی کوردەواری پێگەی دیار و کارا وچالاکی هەبووە و هەیە، لەزۆربەی بڕیارەکانی خێزان لە دێر زەمانەوە پرس و راوێژی پێکراوە و بیرو راکانی بەهەند وەرگیراون، هەموو مێردێکی کورد بەژنەکەی گیراوە لە بابەتێک یان کارێک کە نەهاتبێتە راوە، یان چووبێتە سەری کەلی دارێ، بەقسەی ژنەکەی نەرم بووە و تەواو کەوتۆتە ژێرکاریگەری ژنەکەیەوە، بەتایبەت لە بەکرێدانی زەوی و زار و کچ بەمێردان وکاروباری نێومال و هاوسێیەتی و گۆڕینی بریاری مێردەکەی بۆیە لە کوردەواریدا ووتراوە: ژن هەسانی مێردیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ● دیارینەکراو | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/4/7 10:23:34 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 744
**ژن و تێڵا**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220618224310419086



ژن و تێڵا
لە بناری چیای بەمۆ گوندنشینانی ئە و ئاواییانە هەر لەژێر کاریگەری خێڵ گەراپی ماونەتەوە و پیاوان و بەساڵاچووان هەر لەبیری ئەوەدان هێز و توانا بەکاربهێنرێت بۆ ئامۆژگاریکردنی ژن و منداڵ، ڕاوەشاندنی بەرچیغ و کوتەک و تێڵا و دار حەیزەران و چەرەگە دەرمانە بۆ یەکلایکردنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش دوو زاراوە و دەستەواژەی تر هەن وەکو(حەسیر مەیدان: واتە ڕاکشانی یەکێک لە سەر زەوی و تێ هەڵدانی بەدار) و(تێڵاترێن: واتە بە تێڵا بکەویتە سەر سەروگوێلاک و هەموو لەشی کەسێک بشێلی و بکوتی)، هاوشێوەی ئە و دەستەواژە و ئیدیۆمانە وەک چۆن وتراوە(شەرعی مار بەدار) ئەوهاش دەوترێت: ژن و تێڵا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/18/6 10:43:10 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 745
**ژنا خەڵکێ ڕاموسانەک، هەسپێ خەڵکێ مەیدانەک**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220119205032402061



ژنا خەڵکێ ڕاموسانەک، هەسپێ خەڵکێ مەیدانەک
ناموس، لە کوردەواریدا بەگرانترین شت ئەژمارکراوە، وتویانە: بەس ناموسمان لەیەکتری چاوە، ژنیش لەمێژووی مرۆڤایەتیدا کە موڵکایەتی پەیدابووە، بەیەکەم موڵک دانراوە و تا سەدەکانی ناوەڕاستیش بەمیرات دانراوە، بۆ ئە و ژنەی خاوەنی هەیە و مێرد دارە، ئەگەر مرۆڤ بیەوێت سوودی لێ ببینێت تەنها یەکجارە و ڕاموسانەکی کاتی زۆر کەمە، چونکە تۆ خاوەنی نیت، ئەسپی خەڵکیش کە دوای ژن بۆ پیاوان جێگای بایەخ بووە هاوشێوەی ماشێن و ئۆتۆمبیلی زەمانە، بەڵام ئەگەر ئەویش خۆت خاوەنی نەبیت تەنها مەیدانەک و سەفرێک لەلات دەبێت و دەبێت زوو بیدەیتەوە خاوەنەکەی، کە داتەوە خاوەنەکەی دەبیەوە پیادە بۆیە کورد بۆ هەردوو حاڵەتی منەتدار و مەترسیدار بە ئامۆژگاری و ڕێنوینیەوە وتویەتی: ژنا خەڵکێ ڕاموسانەک، هەسپێ خەڵکێ مەیدانەک.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/19/1 8:50:32 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 746

## ژنت شەریک بێت، ماڵت شەریک نەبێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20181027081130159981

ژنت شەریک بێت، ماڵت شەریک نەبێت
هاوبەشی ماڵ ئاساییە و لە کۆنەوە چەند کەسێک یان ئەندامانی خێزان بەیەکەوە خاوەندارێتی زەوییەک یان کێڵگەیەک یان فرۆشگایەک یان سەرچاوەیەکی بژێوی ژیان دەکەن ئەم هاوبەشیە هەبوە و هەیە و بەردەوامە، بەڵام هاوبەشی
لەخاوەندارێتی ژن لە هیچ کلتور و ئاین و نەریتێک بە ئاشکرا و بە بەرچاوڕوونی نەبووە و ناکرێ و رێ پێدراویش نی یە، ئینجا کە(ژن، ماڵ) لە و ئیدیۆمە بەرامبەر کراون بۆ ئەوەیە کە یەکەم مرۆڤ نابێت(ژن)ی هاوبەشی هەبێت واتە دوو پیاو یان دووبرا بەیەکەوە یەک ژنیان هەبێت، دووەم ئاساییە دوو پیاو یان دووکەس یان دوو خوشک و برا بەیەکەوە هاوبەش بن لە(ماڵ)ێک بەنمونە خانوویەک یان زەوییەک یان دوکانێک، ئینجا ئەم دوو حاڵەتە(مەحاڵە) پێچەوانە کراونەتەوە لە و ئیدیۆمەدا واتە بەڕاستی گوناحە یان ئەستەمە یان ناکرێت دوو برا لە(ماڵ، ژن) هاوبەش بن، بۆ بەهێزی ئیدیۆمەکە پەنا براوەتە بەر ڕەزامەندبوون بە هاوبەشی لە ژناندا بەڵام هاوبەشی لەماڵدا نا، چونکە ئە و نیگەرانی و جیاوازی و نادادپەروەری و گومان لێک کردنەی بەهۆی هاوبەشی ماڵەوە دروست دەبێت لەوانەیە لەهاوبەشی ژندا ڕوونەدات کەچی لە بنەڕەتدا یەکەم موڵکی پیاو لەمێژوی مرۆڤایەتیدا هەر ژن بووە، بۆیە کورد بەمەبەستی دورخستنەوەی نیگەرانیەکانی هاوبەشی ماڵ هەڵساوە ئەم ئیدیۆمەی داتاشیوە و وتویەتی(ژنت شەریک بێت ماڵت شەریک نەبێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

▯ سەرچاوەکان
[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:11:30 2018/27/10
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 747
## ژنت نی یە خەمت نی یە
https://www.kurdipedia.org/?q=20190223073821276926



ژنت نی یە خەمت نی یە
پێچەوانەشی هەیە و وتراوە(ژن و ماڵ-یان گوتیە) لە خەڵکی خاوەن کار و دەوڵەمەند گوێم لێ بووە وتویانە(بلۆکێک-خشتێکت هەبوو، خەمێکت زیاد بوو) هەڵبەت ژیانی زگورتی-زگورتوو-سەڵتی کۆمەڵێک خاسیەتی باشی هەیە لەوانە وابەستە نەبوون و پابەند نەبوون و لە ئەستۆنەبوونی کەس، ئەمانە تارادەیەکی باش ئازادی و سەربەخۆیی دێنێتە کایەوە بۆ کەسی بێ ژن هەروەها کاروباری پەیداکردنی رزق و رۆژوو و پارە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ماڵیشت لەسەر نابێت کەواتە خەمت کەمە تەنها خەمی بێ ژنیتە، هەر بۆیە وەک دەربڕ وتراوە(ژنت نی یە خەمت نی یە) واتە پرتە و بۆڵەی پەیداکردنی پێداویستیەکانی ماڵت لەسەر نی یە جگە لەداب و نەریتە سەمەرەکانی کە رۆژانە دروست دەبن و دەبێت جێ بەجێیان بکەیت.

Quick Respons Code:

▯ سەرچاوەکان
[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:38:21 2019/23/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 748
## ژنیان کردە کێخوا ساڵی حەوت جاریان بزن بڕییەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20190112074617190963



ژنیان کردە کێخوا ساڵی حەوت جاریان بزن بڕییەوە
کچ تا شوو نەکات پێی ناوترێت(ژن) وەک چۆن خراپیش بەکوڕی بێ ژن دەوترێت(پیاو)، کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ ئەوەی لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی یە پیاوسالاری تێیدا زاڵە هەرچەندیشە وتویەتی(ژن هەسانی مێردیە) بەڵام هەر لەهەناوی کۆمەڵگادا جارجارە وا بیردەکاتەوە کەژن لە ڕووی بیرکردنەوە-وە بیری کورتە بۆیە زۆرجار ئیدیۆمی لە و شێوەیە بەسەر زاری میللەتدا هاتووە، لە گەورەترین یەکەی نیشتەجێبونی کوردانی کرمانج و ڕەمەکی دوای دەوارنشین ئاوایی و دێ و گوندە، سەرداری گوندیش ناوی(کێخوا-ئەنجومەن-ڕیش سپی..تاد)ە، ئەم کێخوایە کاروباری گوند دەبات بەڕێوە و میواندۆستی و ڕێزگرتنی خەڵکی لایدە-غەریبە-دیوەرە-فەرمانداری میری و....تاد لە ئەستۆی کێخوا دایە بۆ نان پێدان و ڕێنوێنی و پێشوازی و ڕاییکردنی کارەکانی و ئامانجی سەفەرەکەی، ئینجا ئەگەر ئەمە بەدەست ژنان بێت ئەوا کەموکورتی تێ دەکەوێت وەک لە و ئیدیۆمەی کوردان هاتووە بزن خۆی ئاژەڵێکی بێ تەنگ وتوشە(لاواز)ە تەنها لەماوەیەکی کورتی نێوان کۆتایی بەهار و سەرەتایی هاوین دوای ئەوەی مەڕ دەبڕدرێتەوە بزنەکانیش دەدرێنە بەر(جەو) و دەبڕدرێنەوە بۆ ئەوەی گەرمای هاوین(گەڕ) و گولیان نەکات و برستیان لێ نەبڕێت، ئەگەر لەپایز و سەرەتای زستان ببڕدرێتەوە ئەوا سەرما کلکی ڕەق دەکات و دەیکوژێت چونکە موی بزن وەک خوری مەڕ نی یە بۆ گەرمی و پاراستنی ئاژەڵەکە لە گەرما و سەرما، ئینجا ئەگەر بزن ساڵی زیاتر لە جارێک بڕدرایەوە زیان بە بزنە دەکەوێت و خاوەنەکەشی زیانمەند دەبێت، بۆیە بەتەوسەوە لە ئیدیۆمی کوردەواریدا وتراوە(ژنیان کردە کێخوا ساڵی حەوت جاریان بزن بڕییەوە) واتە ژن نەفام و نەزانە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2019/12/1 7:46:17 AM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 749
## ژنی خراپ منالی ڕەسەنی لێ ناکەوێتەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20180626102441152114
ژنی خراپ منالی ڕەسەنی لێ ناکەوێتەوە
ژنی خراپ منالی باشی لێ پەروەردە نابێت، ئەم پەند وئیدیۆمە دوو سەرەیە دەکرێت بوترێت پیاوی خراپ کوڕی چاکی لێ ناکەوێتەوە، یان ژنی باش منالی ڕەسەنی لێ دەکەوێتەوە، مەبەستی سەرەکی شیرخواردن و ڕەگەز و تۆرەمەی دسن و ڕەسەنە، ووتراوە (گوجیلەی گورگ خنکێن لە دێڵەحیز هەڵناکەوێت)، یان (داکێ ببینە و دۆتەی بخوازە) یان(دێری ڕەسەنە یان(ڕەحمەت لەشیرت) کورد تا ئەمرۆش وابیر دەکاتەوە دایکی ڕەسەنە منال گۆش و پەروەردە دەکات، باوک وبابەکان بای دەشتن و خەریکی بەدەستهێنانی رزق و ڕۆژوون، دەوترێتیش(ژنێک لە پشت هەموو پیاوێکی گەورەوە هەیە) یان(ژنێک لەپشتی هەموو تاوانێکەوە هەیە) کورت و کرمانجی یەکەم قوتابخانە و فێرگەی گۆشکراوی منال ئامێز و شیری دایکیەتی، پاک

و حەڵال بێت مناڵ بەدەگمەن دەردەچێت لە و پەروەردە پاکەی ئامێز و شیرە حەڵاڵەی چونکە دایکە ڕەسەنەکان یەکێک لەتووکەکانیان(دوعا) لەکاتی توڕەبوون لەمناڵەکانیان دەرێن(ئە و شیرەی منت لێ حەرام بێت کچم یان کوڕم).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/26/6 10:24:41 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 750

## ژنی ماڵانگەڕ یان کۆڵ دێنێ یان زۆڵ

https://www.kurdipedia.org/?q=20201124112606389864




ژنی ماڵانگەڕ یان کۆڵ دێنێ یان زۆڵ.
ماڵان گەڕ واتە ئە و ماڵ و ئە و ماڵ کردن چ بۆ دەرۆزە و سواڵ چ بۆ نان خواردن و حەوانەوە و کۆکردنەوەی زانیاری و خەبەروباسان، لە کهوردەواریدا کارێکی ناپەسندە و لەبەر نابەجێی بووە بە جنێو، ئە و کەسانەی خاسیەتی گەڕۆکی ماڵانیان هەیە بەماڵانگەڕ ناو دەبرێن، لە و ئیدیۆمەی سەرەوە خاسیەتی ماڵانگەڕی خراوەتە پاڵ ژن، ئەگەر ژنێکیش ماڵانگەڕ بێت یان بەرامپیلەکەی و چارشێوەکەی پردەکرد لە کەل وپەلی دەرۆزە و سواڵکەری و پاشۆڵی پڕ دەکرد، یانیش دەکەوتە بەر دەستدرێژی سێکسی و لەلایەن ئارەزوو بازانی پیاوانەوە لاقە دەکرا و سکی پڕ دەکرا بەبێژی و زۆڵ، بۆیە کورد بە ئیدیۆمەوە بە و جۆرە ژنانە دەڵێت(ژنی ماڵانگەڕ یان کۆڵ دێنێ یان زۆڵ)ئەمەش بۆ سوک سەیرکردن و ئەنجام ناسی خاسیەتەکە لەلاین مرۆڤی کوردەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/24/11 11:26:06 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 751

## ژنێ بە مێرد وەکی باخچەی بە پەرژینە

[https://www.kurdipedia.org/?q=20220215224522405184](https://www.kurdipedia.org/?q=20220215224522405184)



ژنێ بە مێرد وەکی باخچەی بە پەرژینە
پەرژین، تەیمان : لە کوردەواریدا بەدەوروبەری باخچەکاندا پەرژینێک دروست دەکرا بە دار و پرژە و گەرەشک و گەز و قامیش، ئەوە بۆ پارێزگاریکردن لە باخچەکە و شینایەکە بووە، بەهۆیەوە پەلەوەر و بزن و مەرومالآت لە و تەیمان و هەتان و پەرژینە دەگەرایەوە، ئە و پەرژینە لێرەدا کراوە بە ئیدیۆم بۆ ژیانی هاوسەری بەتایبەت بۆ ژنان، بە و کچانە ی کە مێردیان کردووە، وتراوە: ژنێ بەمێرد وەکی باخچەی بە پەرژینە واتە: بەهۆی مێردەکەیەوە پارێزراوە لە قسە و قسەلۆک و چاوتێبڕینەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()

کاتی تۆمارکردن: 2022/15/2 10:45:22 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 752

## ژنێ پیران، وەکی میران

[https://www.kurdipedia.org/?q=20220210130656404528](https://www.kurdipedia.org/?q=20220210130656404528)



ژنێ پیران، وەکی میران
کورد وتویەتی: کراسم جاوبی، مێردم لاو بی واتە: جوان و جاحێل بێت، ئەگەر کیژێک مێردەکەی جوان و جحێل و خورت و لاو بێت، ئەوا کیژەکە دڵی زۆر پێی خۆش دەبێت و هەموو کارێکی بۆ دەکات و دڵیشی بەتەواوەتی ڕادەگرێت و خزمەتێکی باشی دەکات، لە و حاڵەتەدا کیژەکە زۆر ماندوو دەبێت و وەک خزمەتکاری لێ دێت، بەڵام ئەگەر پیاوەکە بەتەمەن و بەساڵاچووە و پیر بێت و کەڵکی مەیدانخوازی نەمابێت و ژنەکەشی جاحێر و گەنج و جوان و تەروتازە بێت، ئەوا بە پێچەوانەوە پیاوەکە خزمەتی ئە و ناز و نیعمەتەی بەمل دادێت و دەبێت خزمەتێکی باشی بکات چونکە لە هەندێک ڕووەوە قەرزاربارییەتی و بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ناتەواوی و ناگوزریانەی ڕازەی تری پێشکەش دەکات و ژنەکەی دەبێتە بڕیار بەدەست و خان و مان بۆیە ئەو حاڵەتە بووە بەئیدیۆمێکی جوان و گاڵتەوگەپی کوردەواری و دەوترێت: ژنێ پیران، وەکی میران.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ✔ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/10/2 1:06:56 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 753
## ژنێکی زۆر بە ئاڵۆشە
https://www.kurdipedia.org/?q=20171212071824143462
ژنێکی زۆر بەئاڵۆشە
ئاڵۆش واتە خورشت و خورانی تەڕ نەخۆشیە لە بنەڕەتدا، کە دەوترێت ژنێکی زۆر بەئاڵۆشە واتە تەڕ وبڕە و زۆر شاوەتی و حەز لەمێردە و لە دوورەوە هەستی پێ دەکرێت و بەهەموو پیاوێکیش ئیدارە نادرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ✔ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/12/12 7:18:24 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 754
## ژنەکە مێردۆنییە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220221205657405908

ژنەکە مێردۆنییە
بۆ پیاویش وتراوە: ژنانی و سەرژنانیە، بۆ کوڕ و کچانیش کە زۆر لەدایکیان نزیک دەبنەوە و بەجێی ناهێڵن و هەر بەدوای دایکیانەوەن دەوترێت: داکۆنی، بە و ژنانەشی کەهۆگری مێرد و ماڵە مێردیانن دەوترێت: ژنەکە مێردۆنیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/21/2 8:56:57 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 755

## ژیان بەردی دەستاڕێیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20210113225421390889



ژیان بەردی دەستاڕێیە
ژیان، زۆر پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە یەکێک لە و پێناسانە بەردی دەستاڕی بۆ بەکارهاتووە لە ئیدیۆمی کوردیدا، بەردی دەستاڕ کە سەر بەرد و ژێر بەردی هەیە، لەبەردی سەرەوە کونێکی هەیە لەگەڵ جێ دەستێکی دارین و لە کونەکەوە دانەوێڵەی گەنمی تێ دەکرێت و بەدەستیش دەسکەکە دەجولێنی بۆ خولانەوەی سەربەردەکە بەسەر ژێر بەردەکە و بەمەش دانەوێڵە دەکەوێتە نێوان دوو بەردە دەستاڕەکە و دەهاڕدرێت، ئیتر لێرەدا چواندنی ژیان و بەردی دەستاڕ واتە ژیان وەکو بەردی دەستاڕ تەمەن و جوانی مرۆڤ دەهارێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/13/1 10:54:21 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 756

## سابوونی لەژێر پێی دا

https://www.kurdipedia.org/?q=20200822214821387087



سابوونی لەژێر پێی دا
زۆر جار بیستراوە کە ووتراوە(سابونێکی لە بنی پێیدا تەوق سەری بە عاردی دادا) هەرکەسێک ژێر پێیەکانی لوس بێت و بەپێ خاوسی بگەڕێت، ئەگەری کەوتنی یەکجار زۆرە، بەربوونەوەیەک کە پشتی ملی سەر بەر زەوی بکەوێت، ئەمە بووە بە ئیدیۆم و بەکاردەهێنرێت کاتێک یەکێک فێڵێک لە کەسێک دەکات و بە و فێڵ و تەڵەکەوە قازانجێکی باشی لێ دەست دەکەوێت یان زیانێکی باش بە و کەسە دەگات کە ساختەچێتیەکەی لەگەڵ کراوە، بە و حاڵەتە دەوترێت: سابونی لەژێر پێی دا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/22/8 9:48:21 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 757

## سارێک کار و سارێک مندار

https://www.kurdipedia.org/?q=20171127083302143332

سارێک کار و سارێک مندار
ساڵێک کار و کشتیاری و وەرزێری و دروێنە و تێلەکێشی و ئاوکێشان و کەستەک شکاندن و بژار و بەریێری و هەوێز ماڵین و قورکاری و کول و کولکاری و چێشت لێنان و کابان و خانەخوێی میوانان و ساڵی دواتریش سکپڕی و مناڵ خستنەوە و بەخێوکردنی منداڵ لە هەناوی تا دەگاتە گانگۆڵە و(گاگۆرە) و گرۆگاڵ و بەسەرڕێ کەوتن، ئەمانە کاری ژنی کورد بوون لە ڕابردوو ئەم ئیدیۆمە بۆ کاروباری ژنان بەکاردێت واتە ژن ساڵێک سکپڕە و مناڵی دەبێت و ساڵێکیش کاروباری ناوماڵ و کێڵگە دەکاتە ئەگەر سەیربکەیت ئێستا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئە و فەرمانبەرە ژنەی منداڵی دەبێت دەتوانێت یەک ساڵ مۆڵەتی بە موچە وەربگرێت بۆ بەخێوکردنی مناڵەکەی ئەمەش دەکرێت لە چوارچێوەی ئە و ئیدیۆمە وەرگیرا بێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/27/11 8:33:02 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 758

## ساغیان بەکۆڵی کەر دەگەڕێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20200822215320387089



ساغیان بەکۆڵی کەر دەگەڕێت.
ساغ واتە تەندروست، بەکۆڵی کەرەوە واتە لەسەر پشتی گوێدرێژەوە، زۆرجاران لەپەتای سەرماوەرزی وەرگەڕانی پایزەدا خانەوادەیەک بەتەواوەتی دووچاری ئە و نەخۆشیە دەبن، یان ئەندامانی بنەماڵە و ماڵێک بەیەکەوە پەکیان دەکەوێت و کەسی ساغیان تێدا نامێنێت و ئەگەر بپرسرێت بارودۆخیان چۆنە، دەوترێت ساغی چی بن؟ ساغیان بە کۆڵی کەرەوە دەگەڕێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2020/22/8 9:53:20 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 759
## ساوارمان نەبوو لۆ ڕونیش حەیر مابووین
https://www.kurdipedia.org/?q=20171126095628143324
ساوارمان نەبوو لۆ ڕونیش حەیر مابووین
ئێستا دەوترێت(ئاگرت پێیە جگەرەیەکمان بدەیێ) ماڵە هەژارەکانیش هیچ ڕزق و ڕۆژوویەک لەماڵیان نەبووە هێندە هەژار بوون، ئەم ئیدیۆمە بۆ سەرگوزشتە و گێڕانەوەیەک دەوترێت کە کەسێک زۆر هەژاری و قوڕبەسەری و دەردەسەری بینیێ و لە کاتی خۆشیدا بیگێڕێتەوە کە ئەوەندە ناگوزوری و نەداری و نالەباریان بینیێ هێندێک جار نەساوار و نە ڕۆنیشیان هەبووە تا پەلاو ساوارێک چیە بیخەنە سەر ئاگر.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2017/26/11 9:56:28 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 760

## ساوەر لەئاوکە، ماین لغاوکە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190227092323278631



ساوەر لەئاوکە، ماین لغاو کە
وتراویشە(ساوار ئالیکی مێردانە) کاتێک مرۆڤ تێری خوارد، دەستی داری دەگرێت و مێشکیش ڕێنوێنی و ئامۆژگاری، کەسی برسی لەهیچ ناپرسی و مێشکی برسیش هیچ وەرناگرێت، سوارسوارێنێ و شۆڕەسواری پێخۆری باشی گەرەکە، وتراویشە(حەوت جەمم تێرکە و لە مەیدانی دەروێشم کە) کەواتە ئە و ئیدۆیۆمە گوزراشتە بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێک تێر بێت ئەوا دەتوانێت ببێتە شۆڕەسوار و کەڵکی مەیدان و گۆڕەپانی هەیە.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰🇷 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2019/27/2 9:23:23 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 761

## ساڵی بەتەم، هەڵمەگرە خەم

https://www.kurdipedia.org/?q=20181121090045163005



ساڵی بەتەم، هەڵمەگرە خەم
تاقیکردنەوەکانی کشتیاری جوتیار و وەرزێری کورد هەموویان کراون بە پەند و ئیدیۆم وتراوە(پەڵەکەت،خەرمان کەت) واتە ساڵێک بارانی پەڵەی لە سات و کاتی خۆی بدات و پەڵەیەکی باش بێت و زەوی تەروپاراو بکات ئە و ساڵە بەروبومەکان بێ کێشە دەبن و خەرمانیش پربەرکەت و گەورە دەبێت، سەبارەت بەدیاردەی جوگرافی(تەم)یش لە دەرهاویشتەی ڕەگەزەکانی ئاو و هەوای شێ و پلەکانی گەرمیدا دێتە کایەوە بووە بەنیشانەیەکیتر بۆ وەرزێرانی کورد و لەدێر زەمانەوە ئەزمون و تاقیانکردۆتەوە کە ساڵێک پڕ بێت لە رۆژانی(تەم)ی بەیانیان تا نیوەڕۆیان ئەوا ئە و ساڵەش پڕ دەبێت لە خێر و بەرەکەت و پێویست بەخەم وغەم هەڵگرتن ناکات و بەروبومی ئە و ساڵەش بەرێک وپێکی دێتە بەرهەم و زەپۆش و کەش و هەوا بۆی لەباردەبن، هەربۆیە بووە بەدرکە و دەربڕ لە ناو کورداندا بۆ ساڵی بەتەم دەوترێت(ساڵی بەتەم، هەڵمەگرە غەم).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/21/11 9:00:45 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 762

**سپڵی لا ورگە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20210103193540390709



سپڵی لا ورگە
سپڵ، لە کۆیە پێی دەوترێت (فاتەڕەشە) ئە و پارچە گۆشتە تێر ڕەشی قاوەیی خوێنینە لە تەنیشت جگەرەوەیە، دوای سەربڕین و کوشتنەوەی ئاژەڵان هەندێجار فڕێی دەدەن و هەندێکجاریش لە شیشی دەدەن دەیکەنە تکە یان سووری دەکەنەوە، دەخورێت، پڕ خوێنە و ئەوەی بیخوات دەم وزاری سوور هەڵدەگەڕێت، تا ئە و دواییانەش وادەزانرا کە ئەندامێکی بێ کەڵک و بێ فەرمانە و تیابەستە نەبووە بۆیە لێ دەکرایەوە و فڕێدەدرا، بۆیە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی خزم و ناسیاوی بێ کەڵک دەوترێت زۆر بێ کەڵکە وەکو سپڵی لا ورگ وایە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/3/1 7:35:40 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 763

**سرکە تاترش بێت زیانی بۆ خۆی دەبێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220616160247418814



سرکە تاترش بێت زیانی بۆ خۆی دەبێت
سرکە: ترشاوی کۆنی هەندێ میوەیە یان شلەمەنییەکی ترشە لە گوشین و کوڵاندنی ترێ و میوەکان دروست دەکرێت، تا کۆنتر بێت ترشترە، بە خاوی و بە چێشتەوە دەخورێت، مرۆڤ لە کۆنەوە زۆر قاندرپەتی و زۆر حەزی لێ دەکات، ترشاوی میوەکان دەکرێتە شەڕاب و سرکە، هەندێجاریش قەتماغەی سرکە وەکو هەوێن دەخرێتە ناو شەڕاب و مەیەوە دەیکاتە خەل و سرکە، لە داغستانی منی ڕەسوڵ حەمزەتۆفدا زۆر باسی کۆنی شەڕابەکانی داغستان دەکات، کە زۆر بەنرخ و پڕبایەخەوە باسیان دەکات و خەڵکی دەسەڵاتداری رووسیا چۆن عەدالی بوون، لێرەش سرکە تا ترشتر و کۆنتر بێت باشتر خەڵکی عەودالی دەبن و بەکاری دەهێنن و دەیخۆن، لێرەدا(ترش) و(شیرین) هەیە، مرۆڤی شیرین قووت دەدرێت و مرۆڤی ترش و تاڵیش دەتفێنرێتەوە، وەک سرکە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکە نەکراوە، چونکە ئەگەر وەک سرکەکە سەیر بکرێت واتە: مرۆڤی باش بە هۆی باشیەکەیەوە زیانی پێ دەگەیەنرێت، بەڵکو(تفت و ترش و تاڵی)ەکە وەرگێراوە بۆ خاسیەتی مرۆڤ، ئە و مرۆڤەی مرومۆچ و ترش

بێت، زۆرتر زیانی پێ دەگات لە مرۆڤەی کە گوفتار و ئاخاوتنی شیرینە بۆیە وتراوە: سرکە تاترش بێت زیانی بۆ خۆی دەبێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] 🗄 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/16/6 4:02:47 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 764

## سرکەی دە ساڵە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220618222948419082



سرکەی دە ساڵە

سرکە: ترشاوی ترێ و میوەکانی وەکو(خورما و هەنار و سێو)ە، زۆر میوەی تریش ترشاویان لێ دەگیرێت بە گوێرەی پێشکەوتنەکانی مرۆڤ، هەر لەسەر سرکە کورد وتویەتی: سرکە تاترش بێت زیانی بۆ خۆی دەبێت، ترشاندنی ترێ و میوەکانی تر تا زۆرتر بترشێنرێن و بمێننەوە شێوەی(مەی وشەڕاب) تاکۆنتر بن، خەستتر و بەتامتر و ترشاوتر دەبن، سرکەیەکیش دەساڵ لەمەوبەر دروستکرا بێت، بە سرکەیەکی باش و ترش دادەنرێت و مرۆڤ عەودالی ئە و جۆرە ترشاوەیە، دوژمنداری و قەرز کۆن دەبن بەڵام هەر دەبێت تۆڵە بکرێتەوە و پارەی قەرزیش هەر دەبێت بدرێتەوە، بۆیە قین و رق و کینەی دەساڵ لەمەوبەریش دەمێنێت و کوردیش بۆ کینەیەکی لەمێژینە و دوور و درێژ وتویەتی: ئە و قینەیە سرکەی دەساڵە واتە: کۆنە و رقێکی ئەستورە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] 🗄 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/18/6 10:29:48 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 765
## سم سمی کەرە، چنگ چنگی مەیاسێ، سەرم لە و کاروبارە دەرناچێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20170926094531142735
سم سمی کەرە، چنگ چنگی مەیاسێ، سەرم لە و کاروبارە دەرناچێ
چیرۆکی ئەم ئیدیۆمە لە ناکۆکی نێوان بوک و خەسووەوە هاتوە دەگێڕنەوە، خەسویەک سەفەر دەکات و هیزە روونی ماڵەوە لە بوکەکەی دەشارێتەوە و دەیباتە بنەبانی ماڵەوە و زەوییەکەش بە قورێ سواخ دەدات و ماڵنجی دەکات تاوەکو ئەگەر بوکەکە رۆنی دەرهێنا شوێنی پێیەکانی ببنە گەواهیدەر بۆیە بوکەکەش دوای خەسوی دەچێت کەرەکەیان دەهێنێ و سواری پشتی دەبێت و چنگ دەخاتە ناو هیزە روونەکەوە و بە پێی پێویستی خۆی روون لە هیزە روونەکە دەردەهێنێت، کە خەسوەکەی دەگەڕێتەوە دەچێت سەیری هیزە روونەکە دەکات چنگ چنگی مەیاسی بوکیەتی و سمی سمی کەرەکەیانە بۆیە دەڵێت(سەرم لە و کاروبارە دەرناچێت) ئە و ئیدیۆمە بەکاردەهێنرێت بۆ کارێک بەڵگەت هەیە و نیە و دوو دڵی لە بڕیار لەسەردانی کارەکە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺️ وڵات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 9/26/2017 9:45:31 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 766
## سمکۆڵان لە خۆڵ دەکات
https://www.kurdipedia.org/?q=20180104075540143748
سمکۆڵان لە خۆڵ دەکات
کەسێک بە پەرۆش بێت بۆ ئەنجامدانی کارێک یان ئامادە بێت بۆ پەلاماردان دەوترێتیش(سمگوڕ سمگوڕیەتی)، یان کەسێک پێداگری بکات بۆ بەدەستهێنانی شتێک، سمکۆڵ لە خۆڵدانیش واتە پێ لە زەوی دان و ئەم حاڵەتە لە(ئەسپ و گا و سەگ) زۆر بەدیدەکرێت بەر لە پەلامار یان نیشانەکانی ئامادەگی و هاندانە بۆ شەڕ، لە نێوان ئەندامانی نەتەوەیەکیش سمکۆڵ لە خۆڵ دان واتە خۆخۆری و ئاژاوەگێڕی بەهەموو ئە و حاڵەتانە لە دەربڕی کوردەواریدا دەوترێت(سمکۆڵان لەخۆڵ دەکات) واتە پێ لە عەردی دان بۆ ئامادەیی و ئەنجامدانی کارێک بە پەرۆشەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺️ وڵات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2018/4/1 7:55:40 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 767

**سمی سوراوەتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170930091801142790

سمی سوراوەتەوە
گوجیلە تەمەنی ببێتە ساڵێک شێوازی میزکردنی دەگۆڕێت، پێشتر شێوەی بزن هەردوو پاشەڵی دواوەی فش و بڵاودەکردەوە و میزی خۆی دەکرد، بەڵام کەتەمەنی هەڵکشا و بووە دوازدە مانگ ئیتر وەک سەگێکی گەورە تەنها یەک لە پێیەکانی پاشەڵی بەرز دەکاتەوە لە کاتی میزکردن، ئینجا بە و گۆڕانکارییەی گوجیلەکە دەوترێت(سمی سوراوەتەوە) ئەمە بە هەمان شێوە بۆ کورێک بەکاردەهێنرێت کەتەمەنی بەرە و بالق بوون بڕوات و هەندێ نیشانەی هەرزەکاری و ساختەچێتی تێدا دەرکەوێت پێی دەوترێت فلانە کەس سەگ بووە و سمی سوراوەتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017/30/9 9:18:01 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 768

**سواری گای هاربووە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200822215642387090



سواری گای هاربووە.
سواربوونی گای هار ئەوەندە مەترسیدارە، هاتنەخوارەی بەئازارترە، پشت و مل شکاندنی بەدواوەیە، ئەگەر کەسێک لەگەڵ دەسەڵاتێکی زاڵم و زۆرداربێت و درێژە بە چەوسانەوە و تاڵانی و خوێنڕێژتن بدات، لەسەردەمی (سەدام حوسێن) لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو هەندێک مەفرەزەخاسەی چاوسۆر و خوێنڕێژ و ئەلقە لەگوێی ڕژێم هەبوون، پیرەمێرد و پیرەژنانی کوردی ئەزموندار و دونیادیدە بە و جۆرەیان دەگووت(سواری گای هاربووە) واتە هەم زیان بەخەڵک دەگەیەنێت و هەمیش ئەگەری لەناوچوونی خۆی زیادکردووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: PM 9:56:42 2020/22/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 769

## سواری لە ئەسپی دێنێتە خوار

[https://www.kurdipedia.org/?q=20190103071937182408](https://www.kurdipedia.org/?q=20190103071937182408)



سواری لەئەسپی دێنێتە خوار
ئەم ئیدیۆمە بۆ کەسێکی(چوست و چالاک و زۆرزان و زۆر لەبارا بوو) بەکاردێت، بە و مانایە دێت کە کەس ناتوانێت خۆی لەقەرە بدات و کورد وتەنی(دەرەقەتی نایەیت)، سوارئەسپ ئەگەر شۆڕەسواربێت زۆر زەحمەتە بتوانرێت ببەزێنرێت و جڵەوی بگیرێت ئینجا کەسێک سوار لە ئەسپێ بهێنێتە خوارەوە واتە ئەوپەڕی بەتوانایی و زیرەکی و گورج وگۆڵی ئە و کەسە دەسەلمێنێت بۆیە بەدەربڕەوە وتراوە(سواری لەئەسپی دێنێتە خوار).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: AM 7:19:37 2019/3/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 770

## سورناتک بردی

[https://www.kurdipedia.org/?q=20220617214030418971](https://www.kurdipedia.org/?q=20220617214030418971)



سورناتک بردی
(سورناتک گیایەکی ڕەنگ سورباوە، لە وەرد و پەرێزان شین دەبێت، مێگەلە بزن بە گیسک و بزنەوە زۆر قاندرین، چونکە تامی سوێری دەدات، ئە و بزن و گیسکانەی کە ڕەنگیان(سپی و مس و دورە)بن، ئەوا دەم و چاویان زووتر لە بزنە ڕەشەکان دەسوتێنیت و زۆر بە ئازارە و برینیش دروست دەکات لە لموز و دەم و قەپۆزیان، تا ڕادەی دەگاتە کوێر بوونیان، بەستەزمانەی ناشزانێت هۆکار ئە و گیایە و هەر دەشیخوات، خاوەن مەڕومالاتەکە دەزانن و ئە و زەوییانەی کە ئە و ڕووەکەی لێ یە مەڕومالاتەکەی نابەنێ بۆ لەوەڕاندن، شوانەکانیش وەکو نزا بەکاری دەهێنن کاتێک لە بزن و مەڕەکان نیگەران دەبن دەڵێن: هەرە سورناتک بتبات، ئە و حالەتە بۆ مرۆڤیش بەکاردێت ئە و کور و کچانەی کە سوور و سپین بەهۆی بەرخۆر و تیشکی هەتاوەوە توێژاڵێک لە دەم و چاویان بەتایبەت لچ و لێویان پەیدا دەبێت بە گاڵتە و تەوسەوە پێان دەوترێت: سورناتک بردی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆیە

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: 2022/17/6 9:40:30 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 771

## سوێسکەی گێڕەجارە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180815094246154003



سویسکەی گێڕەجارە
گێڕەجار، ناوی ئاقارێکی زورگان و شیوەرۆکێکە لە گوندی(باغەجنێر)ی شارەدێی(تەقتەق)ی شارۆچکەی(کۆیە)ی شاری(هەولێر)، سوێسکەی ڕەسەن و باشی لێیە هەر کاتێک لە و سنورە سوێسکەی گێڕەجارت هەبێت ئەوا هیچ دوو دڵ نابیت لەوەی کەسوێسکەکەت بۆ ڕاوکردن لەبار نابێت بەڵکو کورد گوتەنی یەکاویەکە و بێ ڕاو و نێچیرت ناکات، ئینجا بۆ ڕەسەنی شتێک یان ستایشی دەوترێت هیچ دڵ لەدڵەی مەدە بەخوا زۆر ڕەسەنە وسوسکەی گێڕەجارە یان بەخوای زۆرباشە و دەڵێی(سوێسکەی گێڕەجارە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەلاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/15/8 9:42:46 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 772

## سینگ شێری ماکەر پشتە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171115081554143182



سینگ شێری ماکەر پشتە
سینگ لەپێشە و وەک شێر خۆی دەهێنێتە بەرچاوان و لە پشت و قوەت و هێزیشدا پشتێکی ماکەری هەیە وگوێی شۆڕدەکاتەوە و باربەرێکی باشە و قەوچەقەوچیش دەکات، ئەم ئیدیۆمە بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت کە زۆر بەخۆی هەڵدەدات و لە خۆهەڵکێشان خۆی دەهێنێتە رێزی شێرەوە و لە لێ قەومان و پێویستیشدا وەک ماکەر دەردەکەوێت و بێ دەسەڵات و گوێ لەمشت و باربەرە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: ⬇ باشووری کوردستان
ولات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017/15/11 8:15:54 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 773

## سۆفیلکەی قون قوڵەتێن

https://www.kurdipedia.org/?q=20220613232820417460



سۆفیلکەی قون قوڵەتێن
قوڵەتێن: کانیاوێکە ئاوی لەبەر دەڕوات و لەبەر کانیەکە گۆمێکی بچووک و ماوە کورتی هەیە چ وەک سروشتی و خۆرسک بێت یان بۆی دروستکراوە، هەندێجاریش لە قوڵپ و سەرچاوەکەی خۆیەوە وورده وورده بە چەکوچ و قەڵەمکاری هەڵکەنراوە و پڕ دەبێت لە ئاو و ئاوەکەی وەکو هەموو ئاوی کانی و کانیاوەکانی کوردستان زستانان شلەتێنە، بۆیە لە کۆندا مزگەوتی لەنزیکەوە بۆ بونیاتنراوە بۆ دەستنوێژ هەڵگرتن و خۆشوشتنی پیاوان، کەواتە نزیکە بوترێت لە(هەڵقولان)ەوە هاتبێت وەکو ناوی گوندی(قوڵقوڵە)ی دەشتی کۆیە و ئاوی قوڵەی ڕانیە، قوڵپ و تینی گەرمی ئاوەکە وشەی قوڵەتێنی لێ پێکهاتووە، پێشینان لە سەر قوڵەتێن کۆمەڵێک گاڵتە و گەپ و قسەی خۆشیان بۆ یەکتری گێڕاوەتەوە و خەریکی دەست نوێژ هەڵگرتن و چاوەڕێی بانگ و کاتیان لێ بەسەربردووە، سۆفی: ئە و کەسەی دەروونی خۆی پاک بکاتەوە و خوداناسی و خەڵوەت و چلەکێشی بکات و دونیای خانۆچکە و کایەی منالان بەجێ بهێڵێت و بەتەواوی خۆی یەکلابکاتەوە بۆ پەرستن و خوداناسی، سۆفیلکە: بچوککردنەوەی سۆفیە، زیاتر بۆ بەکەم سەیرکردن و سووککردنی دەگوترێت، قون: واتە نزیک و لەکن یان لە تەک قوڵەتێنەکە، لەڕووە ڕاستەقینەکەدا چ وەک ئەوەی زوو زوو تارات(تەهارە) هەڵبگرێت و بەردەوام بە هۆی تارەتەوە قنگی تەڕ بێت شێوەی قوڵەتێن، چ

زۆر نزیک بێت لە قوڵەتێنەکەوە، لێرەدا سۆڤی و قوڵەتێن بوون بە بنەمای سەرەکی ئیدیۆمەکە، وەک پەلار و توانج و تەوس و بەکەم سەیرکردن بەکەسێک کە خۆی واپیشان دەدات کە بەرماڵی لەسەر ئاو دەڕوات لەڕاستیشدا وانەبێت بەتەوس و گاڵتەوە پێی دەوترێت: سۆفیلکەی قون قوڵەتێن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/13/6 11:28:20 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 774

**سیخوڕی لە گەوادی خراپترە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201107082252389640



سیخوڕی لە گەوادی خراپترە

سیخوڕ، ئاژەڵێکی پەردڕاوی هاوشێوەی(ژیژک، ژووژک) پەڕەکانی بازی(ڕەش وسپی) و درێژن، بۆ بەرگری لەخۆی بەکاری دەهێنێت و خاسیەتی سیخوڕ بە ڕۆژ خۆی دەشارێتەوە لەکون و کەلەبەری سەخت و دژواردا و لەشەویشدا دەگەڕێت بۆ بژێوی و خۆراک خواردن، گەوادیش بە و کەسانە دەوترێت کە ملی خۆیان شۆڕ و پان دەکەنەوە کە کەسێک بیەوێت ڕاموسان لەگەڵ ژن و کچ و خوشک و دایک و تاد بکات.

لە ئاینی ئیسلامدا بیروباوەڕ وایە لەدەرگای بەهەشتدا نوسراوە(دەیوس لایەدخول جەننە واتە گەواد ناچێتە بەهەشتەوە) بۆیە هەوادارن و پەیڕەوانی ئاینی ئیسلام زۆر خۆیان لە و گەوادییە دەپارێزن و جنێوێک و بەڵایەکی گەورەیە، بۆیە دەگێڕنەوە:مەلا باقربالکی مەریوان، لەرۆژهەڵاتی کوردستان بەکۆمەڵێک ئەفەندی و بەگزادەی وتووە(سیخوڕی لەگەوادی خراپترە) دواتر فەقێکانی وتویانە ماموستا بۆ وات ووت ووتی: ئەمانەم بە سێخور زانی.) کەواتە ئیدیۆمی(سیخوڕی لەگەوادی خراپترە) ئە و کەسانە دەگرێتەوە کە لەسەر وڵات و خاک و نیشتمانەکەی خۆیان جاسوسی و سیخوڕی و خەفیەیی بۆ دوژمن دەکەن لە و ملیانانە خراپترن کە بەدیار ڕاموسانی ناموسیانەوە چاو دادەخن و پشت لەپاش دەکەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت


🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 11/7/2020 8:22:52 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 775
## سیر بخۆ و زوڕنای لێدە
https://www.kurdipedia.org/?q=20200915162033387966



سیربخۆ و زوڕنای لێدە
وتراویشە(سیر بخۆ و زوڕنا بژەنە) زوڕنا پێویستی بە هەناسە و پشوو و هەوایەکی زۆر و بەردەوام هەیە نەوەک بێن کورتی و پشوی تەنگ و هەناسەبڕکێ، سیریش خۆراکێکی رووەکیە دەبێتە مایەی تەندروستی کۆئەندامی هەناسە و ڕێکخستنی فەرمانەکانی سییەکانی مرۆڤ، لایەنی ڕاستەقینەی ئیدیۆمەکە ئەوەیە ئەوەی سیربخوات و هەناسەی باش دەبێت و دەتوانێت بەئارەزووی خۆی زووڕنای لێ بدات، وەکو ئیدیۆمیش بۆ بێ منەتکردنی کەسێک بەکاردێت ئەگەر کارێکی بۆ نەکرێت و ئەویش خۆی گف و پڕ با بکات بەتەوسەوە پێی دەوترێت(سیر بخۆ و زوڕنا لێبدە) [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 15/9/2020 4:20:33 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 776
## سیروان لە کونێکەوە پەیدا دەبێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20220314200224408307



سیروان لە کونێکەوە پەیدا دەبێت
ڕووباری سیروان سەرچاوەکەی لە جۆگەلە و جۆبار و جۆمیلکە و شیوەڕۆک و لقۆچکانەوە بووە بە چەم و ڕووبارە گەورەیە، لە کوردەواریش ووتراوە: لە کانیان پرسی تۆ کێی؟ ووتی باوکی ڕووبارم!، کەواتە شتی گەورە لە شتی بچوکەوە سەرچاوەی گرتووە و دەبێت بچوکەکانیش بە هەند وەربگیرێن وەک چۆن ڕووباری گەورە گەورە لە کانیاوان و جۆگەلانەوە دروست بووە ئەوەهاش لاڤاویش لە دڵۆپەی باران و تکەتکە و پشکە پشکەوە دروست بووە و وێرانکەرە، ئە و ئیدیۆمە بۆ هەند وەرگرتنی شتی بچوک ووتراوە: سیروان لە کونێکەوە پەیدا دەبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/14/3 8:02:24 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 777

**سینگ شێری، ماکەر پشتە**

[https://www.kurdipedia.org/?q=20200926224443388285](https://www.kurdipedia.org/?q=20200926224443388285)



سینگ شێری، ماکەر پشتە
شێر، ئاژەڵێکی درندەی گۆشتخۆرە بە پاشای دارستان بەناوبانگە، کەریش ئاژەڵێکی گیاخۆری بارەبەری گوێ لەمستە، ئەوە لایەنی ڕاستەقینە ی ئیدیۆمەکەیە، بۆ مەبەستیش بەکەسێکی خۆهەڵکێش و سینگ ڕەپێشکەر دەوترێت لەکاتی شێنەیی دا و لەکاتی تەنگانە و پێویستیش وەک ماکەر گوێی خۆی شۆڕ دەکاتەوە و دێتە بن بار و جۆرە پیاوەتیەکی تێدا نییە بە و جۆرە کەسانە بەتەوسەوە دەوترێت(سینگ شێری، ماکەر پشتە). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2020/26/9 10:44:43 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 778

**سینگت دەبێت تەختە سێر بێت**

[https://www.kurdipedia.org/?q=20220616155652418811](https://www.kurdipedia.org/?q=20220616155652418811)



سینگت دەبێت تەختە سێر بێت
لەشاری کۆیە ئە و ئیدیۆمە زۆر بەکاردەهێنرێت، بۆ چیکڵدانە تەنگی و حەوسەڵە نەبوون دەوترێت فلانە کەس چیکڵدانەی تەنگە واتە زۆر زوو تورە دەبێت تا ئە و رادەیەی وتراوە: هێندە چیکڵدانەی تەنگە لەگەڵ ترِی خۆی بەشەرِ دێت، بەڵام لێرەدا(سینگ)، بۆ سینگ فراوانی لە و ئیدیۆمەدا بەکارهاتووە پێچەوانەی چیکڵدانە تەنگی، سینگ: کە مەڵبەندی بێن و پشوو و هەناسە درێژییە لە مرۆڤدا، بۆیە مرۆڤیش نابێت زوو پشوو سوار و هەناسەتەنگ بێت، سێر: ساجە، چ ئاسنێکی لووسی تەنکی قۆقزییە، دەخرێتە سەر ئاگردان و نانی پێ دەبرژێنرێت چ وەکو ئە و دارەش کە زۆر سەختە و لە دارتاشیدا بەکاردەهێنرێت، لە هەردوو حاڵەتدا سێر واتای بەهێزی و خۆراگری دێت چ وەکو ئاسنەکە چ وەک دارەکە، بەڵام لە کۆیە داری تەختەی سێر لە سروشتدا نییە، بەڵام هەموو ماڵێک لە کۆندا(سێر)ی نانکردیان هەبووە، بۆیە مەبەست لێی ساج و سێری نان پێکردنە لە و ئیدیۆمەدا، سێر کە بەرگەی داخ بوون و گەرمی زۆر و نان پێوەدان و تەپوهۆری لەپی بەهێزی کەیبانوو بووە، بۆیە کراوە بە و ئیدیۆمە جوانە و بۆ خۆراگری بارودۆخی قورس و بەرگەگرتنی قسە و قسەلۆک و تانە وتەشەر و توانج و پلاری خەڵکی و دڵ و دەروون فراوانی، بەتایبەت لە زەمانی ئەورۆدا لەگەڵ راپەراندنی کاروباری خەڵکیدا بەرێنوێنی و ئامۆژگاری و رێنماییەوە خزمانی کۆیە دەڵێن: سینگت دەبێت تەختە سێر بێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەراست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/16/6 3:56:52 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 779

## سینگی سەدەفە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220618223301419083



سینگی سەدەفە
سەدەف: شتێکی سفت وسۆڵ و رەق و سەختی سپی و بریقەدارە، بەرهەمێکی دەریا و زەریاکانە، لە پۆرگی مرواریەکان و گوێچکە ماسیدا، دروست دەبن و سەدەفی مراوری و بەردە سەدەف هەیە، لە ئارایشی ژنان بەکاردەهێنرێت و دوگمە و قۆپچە ومورو و شتیتری لێ دروست دەکرێت، لە کۆندا پیاوان بۆ ستایشی جوانی ئافرەت چەندین ئیدیۆمیان بەکارهێناوە وەکو(گەردن کێل، بەلەکچاو، پەنجە بەخەنە، دنکە ترێ، چەندە سپییە دەڵێی بەفری کەلیخانە، سینگی پەنیری کوردیە، دەڵێی دونگی بەرخە، بەژن لاولاو، ئەبرۆ کەوان)، لێرەش بۆ جوانی و قۆزی و سفت و سۆڵی و بریقەداری سینگ و بەرۆکی ژنان بە خۆشی و نەرمە پێکەنینەوە دەوترێت: سینگی سەدەفە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇹🇯 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/18/6 10:33:01 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 780

**سینگە تەڵە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200910230306387786



سینگە تەڵە

سینگ، چ دارێکی نووک داتاشراوی شێوە مێخەکیە یان پارچە ئاسنێکی مێخ زنجیرییە، تەڵە، تەرە، بالانە، سینگە تەڵە بەیەکەوە مێخ و زنجیرێکە بۆ توندبوون و لە زەوی گیربوونی تەڵەکەیە تاوەکو نێچیرە پێوە بووەکە تەڵەکە لەگەڵ خۆیدا نەبات بەدەم ئازاری پێیەکانیەوە، ئەوە ڕووە ڕاستەقینەکەیە، لایەنی ئیدیۆمەکەی بە پیاوێکی بودەڵە و بچوک و گچکە وگزگل و فچقڵ و بۆرە پیاو و تاد بێت و هەندێک دەستی فیتنەیی و بەدی هەبێت بەتەوس و ڕقەوە پێی دەوترێت(سینگەتەڵە). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇹🇯 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/10/9 11:03:06 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 781

**سێبەریان خۆش بووە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220727222916425011



سێبەریان خۆش بووە
لە کوردەواریدا سایەی کەپکە شاخ و گردۆڵکە و سابات و کەپری سێبەر تیر، زۆر بایەخی هەبووە چونکە جوتیاران و وەرزێران و دێهاتی و دەشتەکی و ڕەشۆکییەکان هەر لەناو کێڵگە و زەوییە کشتوکاڵیەکان لەبەر هەتاو بوون لەکاتی کارکردندا، بۆ پشوودان بەر سێبەر وەکو ناز و نیعمەت وابووە، ئەو سێبەرە خۆشە بووە بە ئیدیۆم و بەماڵێکی پڕ کیژە عازەب و جوان وتراوە، واتە بەهۆی کچەکانەوە دەتوانی زۆر لەلایان بمێنیەوە و هەر کیژە و گاڵتە و گەپ و قسەیەک و چایەکی تێ بکات ئەوا کات زوو دەڕوات و بە تەوس و گاڵتەوە کوردەواری بە و جۆرە ماڵانە دەڵێت: سێبەریان خۆش بووە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆیە
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/27/7 10:29:16 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 782
## سێپەڕە لە گونانە
https://www.kurdipedia.org/?q=20171115081854143184
سێپەڕە لە گونانە
یان وتراوە(گیا لە چۆکانە) سێپەڕە گیایەکە لە لەوەڕگاکانی لاپاڵ و هەرد و تەلان و کێوەکانی کوردستان لە وەرزی بەهاردا دەڕوێت و ئە و ساڵەی بەهارەکەی خۆش بێت و بارانی پێویست ببارێت ئەوا زۆر خێرا گەشە دەکات بۆیە وەک گوزارشت لە بەهارێکی تەڕ و خۆش ووتراوە بەهارێکە مەپرسە(سێپەڕە لەگونانە) واتە گیای بەهار لە چۆکانیش تێپەڕیوە گەیشتۆتە گونان یان دەوترێت بەهارەکەی خۆشە گیا لەچۆکانە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/15/11 8:18:54 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 783

**سێوەرۆکی گەیاندە گونان**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181224080531181732



سێوەرۆکی گەیاندە گونان
سێوەرۆک گیایەکی سەوزی بەهاریە لەنێو دەغڵ ودان و وەرد و سۆرکان گەشەدەکات و گەڵاکانی وورد و سەوز وسەرنج ڕاکێشن بەرەکەی وەک سەڵکە پەتاتە و سێوی بن عاردی وایە و کورد دەیخوات وەک دومەڵان و کوارک-قارچک دەیخاتە ناو ڕوونەوە، ئە و گیا بەهاریە بەزوییەوە دەنوسێت شێوەی(فریز-چیمەن) بەرز نابێت، ئینجا کەسێک دونیا بکاتە(شامی شەریف) یان(زەمانی محەمەدی مەهدی-گورگ ومەڕ پێکەوە ئاوێ بخۆنەوە) دەوترێت فلانە کەس(بەهاری هێنایە چۆکان: واتە هێشتا دونیا سارد و ڕێبەدان و وشکە ساردیە-گێڕان بەهارت هێنایە چۆکان) هەڵبەت مەبەستی سەرەکی ئەم دەربڕ و ئیدیۆمەش هەر ئەوەیە کە کەسێک بێ بنەما قسە بکات و کارەکان بەگاڵتەوە بەبێ پێوانە و سەلماندن بکات پێی دەوترێت ڕاوەستە برا بەوە شێوەیە نی یە ئەتۆ(سێوەرۆکت گەیاندە گونان) چونکە سێوەرۆک نەگ ناگاتە گونان بگرە بە وەرزی گەشەی خۆی ناگاتە چۆکی مرۆڤیش بگرە لە(گۆزینگ) تێ ناپەڕێت ئەگەر ساڵەکەی زەنەباران و پڕ هاتیش بێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 8:05:31 2018/24/12

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 784

**سە هەرچەندی قەڵە و بێت گۆشتی هەر ناخورێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201124112841389865



سە هەرچەندی قەڵە و بێت گۆشتی هەر ناخورێت.
سە یان سەگ هەرچەندی قەڵە و بێت لە کوردستان و جیهانی مەسیحی وئیسلامی و وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و زۆربەی وڵاتانی دونیا جگە لە هەندێک لەوڵاتانی باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا کە سەگی قەڵە و پڕ بایەخە و گۆشتەکە ی دەخورێت.
لە و کوردەوارییەی خۆمان بە کەسێکی قرچۆک و ڕەزیل و ڕژد و پولەکی و پول پەرست و یان کەسێکی نامەرد و ناکەس بەچە و ناکەس و کلاوچی و ساختەچی دەوترێت(سە هەرچەندی قەڵە و بێت گۆشتی هەر ناخورێت) واتە هەر سودی لێ نابینرێت هەرچەندی گەورە بێت یان دەوڵەمەند بێت چ سود و کەڵکە ی نییە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 11:28:41 2020/24/11

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 785

**سە وەڕە سەیەک دوورە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20210407193547393401



سە وەڕە سەیەک دوورە
سەوەڕ واتە(سەگوەڕ) لەشەودا سەگ دەست دەکات بەوەڕین هەرسەگە و لەلای خۆیەوە دەست بەوەڕین دەکات، هەندێکیان وەڵامی یەکتری دەدەنەوە، هەندێجار واڕبوونەوە، قوڕاندنیشی تێ دەکەوێت، لەشەوانی ئاواییەکانی کوردستان و شاریش ئە و سەگوەڕە لەدوورەوە هەندێجار لەنزیکیشەوە هەیە و مرۆڤ لەگەڵیدا ئاشنابووە و بووە بەئیدیۆم بۆ دوو کەس کە ماوەی نێوانیان نزیک نەبێت و کۆک و تەبا نەبن و لە یەکترییەوە دوور بن، دەوترێت(سەوەڕە سەیەک دوورە- سەگوەڕە سەگێک دوورە) .[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: PM 7:35:47 2021/7/4

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 786

## سەپانی پوشیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170808082954141941

سەپانی پوشیە
ئیدیۆمێکە لە ناو لادێکانی کوردستان زۆر بەکارهاتووە بۆ کارێک کە هیچ بەرهەمی لێ نەکەوێتەوە و زۆریش بەدوای وێڵ و سەرگەردان بیت، بۆ نمونە کوڕێک حەوت ساڵ دەبووە شوانی ماڵی کیژ جوانێک تاوەکو بە مرازی دڵی خۆی بگات و چاوجوانی لێ مارە بکەن، بەڵام دواتر فێڵی لێ دەکراو ئە و لەلای ڕانەمەڕ دەبێت ئێوارە کە دەگەڕێتەوە چاوجوان بە شوو دراوە، یان حەوت ساڵ سەپان و دروێنەی تەبارە و دەغڵ ودانی ماڵی کچە تیم حەیران بووە کەچی پێیان نەداوە، ئینجا ئەگەر کەسێک کچەکەی یان باوکەکەی ناسیبێ و کچە دڵی بۆ کوڕێکیتر چوو بێت و باوکەش حەزبکات کچەکەی بداتە پیاوێکی هەبوو و خانەدان ئەوا خەڵکی ئاوایی گوتویانە فلانە کەس بەخوای(سەپانی پوشیە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📕 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی


کاتی تۆمارکردن: 2017/8/8 8:29:54 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 787

## سەد تەرەی پساندیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220221203520405900



[1]سەد تەرەی پساندیە
هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمە زۆرە و وتراوە: لە حەوت ئاوانی داوە قاچی تەڕ نەبووە یان حەوت بەرک و گیرفانە یان گورگی باڵان-باران دیدەیە-دیتەیە، دونیادیدەیە یان وتراوە تەڵە بەکڵکی دەتەقێنێتەوە.....تاد، لە سۆران و دەوروبەری دەوترێت: سەد تەرەی پساندیە، واتە مرۆڤێکی زۆر فێڵباز و تەڵەکەبازە بەئاسانی تێ ناکەوێت و لەسەد تەڵەی داوە هەمووی پساندووە و داوبەز بووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 8:35:20 2022/21/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 788

**سەد دزو جەردە لاتێک ڕووت ناکەنەوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190302073741279663

سەد دزو جەردە، لاتێک ڕووت ناکەنەوە
لات واتە رووتەڵە و بێ دەرەتان و بێ رزق و رۆژوو و بەسکێک تێر و بەسەد سک برسی و هەڵوەدای ژەمێک خۆراک، سەد دز-یش واتە دوو ئەوەندە و نیوی (چل)دزەکەی عارەبان کە هەموو بیابان-یان لە زەواق بردووە لەمێژوی نەفامی(جاهیلی)عەرەب، کورد وتویەتی(چیت هەبێت ئەوەت دەڕوات) مناڵت هەبێ جەرگت دەسوتێ، گۆزەت هەبێت ئەوت لێ دەشکێت، ماشێنت هەبێت ئەوت لێ وەردەگەرێت....تاد، ئەم ئیدیۆمەش گوزارشتی و پەند لێ وەرگرتنە کە دەڵێت(سەد دز و جەردە لاتێک ڕووت ناکەنەوە) چونکە لە بنەڕەتدا لاتەکە رووتەڵەیە چۆن رووتی بکەنەوە هیچی نی یە تا لێی بدزن و رووتی بکەنەوە، لاتیش هەمیشە سەربەست و سەربەرز و ئاسودەیە و کەسیش پێ ناڵێت گونت داپۆشە لەدەشت و دەریش دەمێنێتەوە لەخوای نەبێت لەکەسیش ناترسێت.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:37:41 2019/2/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 789

**سەد دۆست کەمە دوژمنێک غەمە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190302073248279662

سەد دۆست کەمە، دوژمنێک غەمە
یار و دۆست و هاودەم و هاوڕێ و برادەر زۆر کەم دەست دەکەون و دەگمەنن، ئینجا ئەگەر زۆریش بن ئەوا جێگەی بەختەوەری و خۆشحاڵیە بۆ مرۆڤ کە خاوەنی سەدان دۆست و هاوڕێ بێت، بەڵام دوژمن و ناحەز ئەگەر کەم و کورت و بچوک و هیچ و پوچیش بێت ئەوا غەم و خەمێکی گەورەن لەکۆڵ و جێگەی مەترسی و دڵەڕاوکێ دەبن بۆ بونیادەم هەر لەبەر ئەمەیە کورد لەدەربڕیندا وەک ڕێنوێنی و ئامۆژگاری و ڕێنمایی وتویەتی(سەد دۆست کەم، دوژمنێک غەمە) یان(هەزار دۆستت هەبێت کەمە، یەک دوژمنت هەبێت زۆرە).

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2019/2/3 7:32:48 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 790

## سەد گوڵە زیوان، بە وشیەک گەنم

[https://www.kurdipedia.org/?q=20220622213026419580](https://www.kurdipedia.org/?q=20220622213026419580)



سەد گوڵە زیوان، بە وشیەک گەنم
لە کۆندا ژمارەی(سەد) زۆر بەکارهاتووە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان ئەو(سەدە) بووە بە(هەزار)، وەک پیری سەد عەیب بووە بە پیری و هەزار عەیب، سەد دڕک و سەد گوڵە جۆ و سەد گوڵە زیوان و...تاد، زیوان ڕووەکێکە لە ناو دەغڵ و داندا دەڕوێت بەرێکی تاڵی هەیە، خڕیلەی ڕەنگ ڕەشی بچووک بچووکە هێندەی موروی(زەنگیانە) دەبێت، جگە لەوەی بێ کەڵکە زیانبەخشیشە بۆ دانەوێڵەی گەنم، چونکە هەم ئاردی گەنم بێ پێز دەکات، هەمیش نان تاڵ دەبێت ئەگەر ڕێژەی دەنکە زیوانی زۆر تێدابێت، وشی: وشوو، هێشوو، بە گوڵی گەنم و جۆ دەوترێت کە چنرابێتەوە، ئەوانەی ئە و وشی وهێشووە هەڵدەگرنەوە لە پەرێزدا پێیان دەوترێت: وشیکەر، وشووگەر، گوڵەوەچن، ئینجا لێرەدا بەراوردکاریەک کراوە لە نێوان(سەد) وشیە زیوان و(یەک) وشیە گەنم، ئەمە بووە بە ئیدیۆم و بۆ بەراوردکردنی شتی بەسوود و بێ کەڵک بەکارهاتووە و دەوترێت: سەد گوڵە زیوان، بە وشیەک گەنم. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/22/6 9:30:26 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 791

## سەر زلی مل پان

[https://www.kurdipedia.org/?q=20170921133241142674](https://www.kurdipedia.org/?q=20170921133241142674)

سەر زلی مل پان
ئیدیۆمێکە لەناو کۆڕ و کۆبوونەوەی کوردەواریدا کە بۆ چارەسەرکردنی گرفتێک یان ئاریشەیەکی تایبەت بەکەسێک دانیشتوون کە زولمێکی لێکراوە یان حەقێکی خوراوە، کە باس و خوس لەسەر بابەتەکە گەرم دەبێت لایەنگرانی ماف خوراوەکە زۆر پێداگری لەسەر گەڕانەوەی مافەکەی دەکەن بەڵام خۆی بەبێ دەنگی و بێ هەڵوێستی وبێ بڕیار لە سەر بابەتەکە دەمێنێتەوە بۆیە بە درکەوە ئەوانەی کە بەرگری لێ دەکەن پێی دەڵێن(سەر زلی مل پان) بۆ قسەیەکت نەکرد یان بۆ قسە ناکەی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: 2017/21/9 1:32:41 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 792

## سەر قۆزی بن ئاڵۆز

[https://www.kurdipedia.org/?q=20170711095717141308](https://www.kurdipedia.org/?q=20170711095717141308)

سەر قۆزی بن ئاڵۆز.

ئەم ئیدیۆمە لە کوردەواریدا بە کەسێک دەوترێت کە لەرووی دەرەوە و رواڵەت جوان دەردەکەوێت و لە ژێرەوەش بە پینە و پەڕۆ خۆی راگرتووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ⚫ دیارینەکراو | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: 2017/11/7 9:57:17 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 793

## سەر لە بن بەڕێ، قون لەدەرێ، شە و دەکا شە و لەوەڕێ

[https://www.kurdipedia.org/?q=20171109092734143134](https://www.kurdipedia.org/?q=20171109092734143134)

سەر لەبن بەڕێ، قون لەدەرێ، شە و دەکا شەولەوەڕێ

ژنێک دەستی لەگەڵ پیاوێک تێکەڵ دەکات و شەوانە لەبن پەتۆ و پەڕۆ و بەڕێ کەفەڵی دەردێنێ و کابرای دۆست دانگە لەوەڕی دەعابایەکەی خۆی لێ دەکات، بەڵام ژنە پیاوەکەی گێڵ و گەمژە دەبێت بۆیە ژنەکەی بەدەم پێکەنینەوە لێی دەپرسێت پیاوەکە ئەوە چیە(سەر لەبن بەڕێ، قون لەدەرێ، شە و دەکا شەولەوەڕێ) پیاوەکەش دەڵێت:چۆن نازانم دایەت دەگێم ئەوا دۆکولیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ♁ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 11/9/2017 9:27:34 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 794

**سەر ڕەشی بن بۆش**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200915162400387967



سەر ڕەشی بن بۆش
ئە و ئیدیۆمە بۆ توخمی مێینەی مرۆڤ بەکاردێت لە سەروبەندی شوو کردن، لەکۆمەڵی کوردەواریدا پەردەی کچێنی زۆر بەنرخە، نرخەکەی بەرامبەر بە خوێنە، واتە ئەگەر پەردەکە سەلامەت بێت ئەوا کیژەکە پڕ بەشارێ نرخی هەیە و بەپێچەوانەشەوە کۆمەڵگا حەز دەکات بۆ شۆردنەوەی شەرەف و شەرمەندەیی خوێنی بڕێژێت و زۆر لە کچانی مەملەکەتی زاموا و میسیۆپۆتامیا خرانە ژێر خاک بە هۆی دڕانی ئە و پەردەوە، هەر ژنێکیش دوو داوە مووی بەسەرەوە بێت(سەر ڕەش)یان پێ وتووە، ئینجا لێرەدا بووە بەئیدیۆم وەکو جنێو و بەسوکی سەیرکردنی ئە و جۆرە کیژ و ژنانە پێیان دەوترێت(سەر ڕەشی بن بۆش) واتە با سەریان ڕەش بێت و پرچەکی جوان و شۆڕبۆوەی سەرکەفەڵیان هەبێت، مادامەکی پەردەی کچێنیان لەدەستداوە ئەوا عانەیەک یان فلێسێکی قەڵپ ناهێنن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ♁ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 9/15/2020 4:24:00 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 795

**سەراو و دەراوی زۆری تاقیکردۆتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220126121056402833



سەراو و دەراوی زۆری تاقیکردۆتەوە
سەرا، شوێنی کارگێڕی و بڕیادەری شار بووە، ئەوانەی لە سەرادا کاردەکەن خاوەن بڕیار و دەسترۆیشتوون، دەراو، واتە دەربار و دەرگاوانی کۆشک و دیوەخان و حەرەم سەرای سوڵتان و میر و پاشا و ئاغا و خاوەن دەسەڵات، ئە و مرۆڤانەی ئە و جێگایانەیان زۆر دیتبێت، شارەزا و بە ئەزمون دەبن، چونکە ساردی و گەرمی و ئە و دەرگا و ئە و دەرگایان زۆر بینیووە، بەرزی و پرشکۆیی و نزمی و نەداری و بێ نمودی زۆریان بینیووە، بە و جۆرە کەسانە دەوترێت(سەراو و دەراوی زۆری تاقیکردۆتەوە) هاوشێوەی ئیدیۆمی(دنیا دیدەیە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

▤ سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: 2022/26/1 12:10:56 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 796

## سەرباری لەبن باری قورسترە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901133217387360



سەرباری لەبن باری قورسترە.
کاتێک ووڵاغ باردەکرێت، بە نمونە بارەدارێکە، ئە و بارەدارە توند شەتەک دەدرێت لەسەرپشتی ووڵاغەکە، ئینجا دوای ئە و بارە تورەگەیەک یان هەندێک گۆگیا یان کاردو و کەنگر دەخرێتە سەر بارەدارەکە بەوە دەگوترێت(سەربار)لە بنچینەدا دەبێت سەربار لەبن بار سوکتر بێت، هەندێک جار بەداکەوتەیی(واقع) ئەوە دەبینرێت کە پیاوێک دوو تەنەکە گەنمی بارکردووە لە گوێدرێژەکەیی و خۆیشی سواری سەر پشتی بووە، خۆی کەسەربارەکەیە قورسترە لەبارە سەرەکیەکەی کە دوو تەنەکە گەنمە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم بۆ کارێک کە پاشەکیەکەی قورستر بێت لە پێشەکیەکەی بۆنمونە لە ئێستادا کە خانویەک دەکەیت پەیکەری خانووەکە کەمتری تێ دەچێت وەک لە دانانی ناوماڵ و تیف تیفەی بیناکە، یان کەسێک بیەوێت قسە لەسەر نزیکترین کەسی خۆی بکات باوک، برا، خوشک، خێزان، تاد، یان کەسێک بیەوێت کارێک بۆ کەسێک ئەنجام بدات و لەوکارەداهەست بکات بەکۆمەڵێک هۆکار کە دەبنە مایە قەرزاربوونەوەی یان پەشیمانبوونەوەی بۆ ئە و جۆروشێوازانە دەوترێت کورە کاکە ئە و کارەی مەکە چونکە(سەرباری لەبن باری قورسترە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/1/9 1:32:17 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 797

**سەربەرد و ڕەقەن کێڵانە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220126121317402834



سەربەرد و ڕەقەن کێڵانە
زەوییە بێ پێز و بەردەڵان و سەرقەل و سەرکەل و سۆرک و شینک و قەسپۆک و قەترەک و قومەرین و بن بەرد و بەردەرین و تەقتەق، هەموو ئە و زەوییانە بۆ بەرهەمهێنانی بەرووبومی کشتوکاڵی بێ کەڵک و بێ بەرهەمن، هەر بۆیە بۆرە موسڵمانان لە میرات دابەشکردن دەیانکردنە بەشی(خوشکان)، چونکە هەرچەندە گاسن تیژ بێت، هەر زوو کوڵ دەبێت و زەوییەکەی پێ ناکێڵرێت و هەم وڵاغەکان و هەمیش جوتیارەکە پەکی دەکەوێت و هیچیشی دەست ناکەوێت، ئە و داکەوتەیە بووە بەئیدیۆم و بەکەسێکی کەڵلەڕەق و نەسەڵمێن بەتەوسەوە دەوترێت: کورە بابە سەربەرد و ڕەقەن کێڵانە، واتە بێ کەڵک و بێ بەرهەمە و هەر ڕەنج بەخەسارچوونە ئەوە چی لەگەڵ ناکرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی


کاتی تۆمارکردن: 2022/26/1 12:13:17 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 798

**سەرپەڕی خەڵکی دەکات، بنەی خۆی ناکات**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220126121910402836



سەرپەڕی خەڵکی دەکات، بنەی خۆی ناکات
سەرچۆپی، سەر پاڵە، سەرکار، سەرگەورە، سەرپەڕ، هەموو ئە و سەرانە ئەرکی سەرەکی و ئارستەکردنی کارێک یان ڕە و و ڕان و گەلە و مێگەلێک دەگرنە ئەستۆ و کارەکەیان چ بەباشی بگرنە بەر چ بەخراپی هەر کارێکی قورس ئەنجام دەدەن، سەرپەڕی گاگێرە بەنمونە بهێنینەوە ئە و گایەی لەسەرپەڕی گێرەکەیە یەکبینە لە جولەیە چونکە بازنەی سوڕانەوەکەی زیاتر وەک لە گای بنە، گای بنە لە تەنیشت ستونی ناوەڕاستی خەرمان و قشرەکەیە بازنەی سوڕانەوەکەی زۆر نزیکە و زوو زووش دەم دەکوتێتە کاودانەکەی بن پێی و ئەوەش بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی زۆر خۆری تەمبەڵ دەوترێت دەڵێی گای بنەیە، کەواتە ئیدیۆمی(سەرپەڕی خەڵکی دەکات، بنەی خۆی ناکات) بەمانای ئەوە دێت کەسێک بۆ کاری خەڵکی ئازایە، لەکاری خۆیدا دەخەوێت-تەمبەڵە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/26/1 12:19:10 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 799

## سەرت بچێ قسەت نەچێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20190107085118186214



سەرت بچێ قسەت نەچێ
قسەچوون واتە بەڵێن و پەیمان شکاندن چونکە وتراوە(کەر بەپەتک و پیاو بەقسە دەبەسترێتەوە) ئینجا ئەگەر مرۆڤ قسەی خۆی بخواتەوە یان حاشای لێ بکات و جێبەجێی نەکات متمانە لەدەست دەدات ئەوەی متمانەش لەدەست بدات وەک ئەوە وایە خودی خۆی لەدەست دابێت چونکە قسەوگفتاری جێگەی بەقا نابێت بۆیە کورد لە کوردەواری بە دەربرینەوە وتویەتی(سەرت بچێ قسەت نەچێ).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2019/7/1 8:51:18 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 800
**سەرچۆپی بدە دەست گامێشێ، بۆلای کادینێ دەیکێشێ**
https://www.kurdipedia.org/?q=20201002000543388580



سەرچۆپی بدە دەست گامێشێ، بۆلای کادینێ دەیکێشێ
لەناوچەی پشدەرێ لەباشوری کوردستان ئە و ئیدیۆمە بەکاردەهێنرێت، دیارە خۆراک وئالیکی گامێش جگە لەخۆراکی ناو زەلکاو و کەناراوی گۆماوەکان، کا و ئەرفیشی پێ دەدرێت لەناو هۆر و گەورەکاندا، هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمەش هەیە کەدەڵێت(گۆشتی بەپشیلەی دابەش بکەیت یان بەزی بدەیتە دەست کتکێ) واتە هەر کەسە و چی پێ خۆش بێت یان بەرژەوەندی لەچیدا بێت ئە و کارە دەکات، هەڵبەت ئەمەش بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی بەرژەوەندخوازی چڵێس دەوترێت کە بۆ هەر شتێک کە بیەوێت ئەنجامی بدات تەنیا بەرژەوەندی خۆی لەبیر بێت دەوترێت(سەرچۆپی بدە دەست گامێشێ، بۆلای کادینێ دەیکێشێ).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/2/10 12:05:43 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 801
**سەرچۆپی دەباتەوە سەر تەشتی نانی**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171120081122143281
سەرچۆپی دەباتەوە سەر تەشتی نانی
هەڵپەڕکێ و شایی و زەماوەند بۆ خۆشی و دڵخۆشی دەربڕینە، ئینجا ئە و کەسەی یەکەم کەسی شاییەکەیە و شاییەکە دەبات بەڕێوە و هەڵی دەسوڕێنێت پێی دەوترێت(سەرچۆپی یان سەرچۆپی کێش) ئینجا ئەگەر ئە و سەرچۆپی کێشە مەبەستی هەڵپەڕینەکەی لە خۆشیەوە بگۆڕێت بۆ مەرامێکیتری کە خۆی گەرەکیەتی بەتایبەتی بۆ بەرژەوەندی ماددی، بەهەمان ئە و کەسانەی کە کارێکی نیشتمانی ونەتەوەیی و بزاوتێکی خزمەتکردن وئاینی و تاد دەکەن کە ئامانجی سەرەکیان پول و گیرفان و وورگ پڕکردنە لە کوردەواریدا بە و کەسانە دەوترێت(سەرچۆپی دەباتەوە سەر تەشتی نانی).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | 🇹🇯 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2017/20/11 8:11:22 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 802

## سەرم نائێشێ، پرێسکەی لێ نابەستم

https://www.kurdipedia.org/?q=20220505210002412799



سەرم نائێشێ، پرێسکەی لێ نابەستم
پرێسکە یان پریاسکە پارچە پەڕۆیەکە شتێکی پێ گرێدراوە و تێیدا هەڵگیراوە، هەندێجار وەکو بوخچە گەورە و پۆزاییان هەیە و هەندێجاریش بچووکە و پرییەتی لە تۆوی شوتی یان کاڵەک و ترۆزی، ئە و تیلمە پەڕۆیەی کە سەری مرۆڤی پێ دەپێچرێتەوە لەکاتی شکان یان پێ بەستنانەوەی سەر لە کاتی ژانەسەرێکی زۆر بە شەتەکەدانێکی تووند پێی دەوترێت: پرێسکە یان پریاسکە، ئەوە لایەنی ڕاستینەی ئیدیۆمەکەیە، وەکو مەبەستیش بەکاردەهێنرێت بۆ شتێک کە زیان و ماندووبوون و سەرئێشەی لێ بکەوێتەوە بە بێ ئەوەی سوود و کەڵکێکی هەبێت، خۆ بەدوور گرتنی دەبێتە مایەی خۆپارێزی لە و سەرئێشەیە و زیانە چاوەڕوانکراوەکەی کە هەستی پێ دەکرێت، بۆیە بە ڕێنوێنی و ووریایی و هۆشیاریەوە دەوترێت: سەرم نائێشێ پرێسکەی لێ نابەستم، هاوشێوەی ئیدیۆمی(گام لە و جوتەیدا نییە).[1].

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | 🇹🇯 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2022/5/5 9:00:02 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 803

## سەرما ئاگر نازانێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20190317071141281818



سەرما ئاگر نازانێ
ئەمە قسەی سەید ئەحمەدی ساتوقەڵایی-تەقتەق بووە باب و باپیری بە مەلایەتی هاتونەتە ئەم گوندە قسەی نەستەقی زۆرە، یەکێک لە و قسانەی بووە بە ئیدیۆم لە سنوری شارەدێی تەقتەق و دەوترێتەوە(سەرما ئاگر نازانێ) سولێمان تەهای شەوگێڕی کە لە تەقتەق نیشتەجێ یە ووتی: جارێک لەجاران سەید ئەحمەدی ساتوقەڵام بەمیوانی لەگەڵ خۆم بردەوە، شە و ووتم ئەوە سۆپا-ش پێ یە، داگیرسایە تا بەیانی خەمت نەبێت، ئەویش ووتی سولێمان هەندێک جاجم و لێفەم بۆ بێنە سەرما ئاگر و سۆپا نازانێ، کوردیش ووتویەتی(سەرما دزە) ئەم وتەیە بووە بە ئیدیۆم واتە سەرما و سۆڵە کاری خۆی دەکات و نابێت بەرامبەر سەرما بێ خەم بیت چونکە سەرما ئاگری نازانێ یان ناپرسێ بۆیە زستانان دەبێت مرۆڤ خۆی گەرم داپۆشێت.

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی


کاتی تۆمارکردن: AM 7:11:41 2019/17/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 804

## سەری زمانی خۆی گەستییە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220727223656425015



سەری زمانی خۆی گەستیە
وتراویشە: دەستی خۆی داخکردووە، زۆر جاران مرۆڤ کە قسەیەک دەکات و دواتر لێی پەشیمان دەبێتەوە چونکە کێشە و گرفتێکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، یان مامەڵەیەک دەکات و زیانێکی گەورەی تووش دەبێت، یان هاوکاری کەسێک دەکات و دواتر بەخراپە وەڵامی دەدرێتەوە و بەسەریدا دەشکێتەوە، بۆ ئەنجام نەدانی کاری هاوشێوە و تەمێ بوون کورد بەتەوسەوە وتویەتی فلانە کەس سەری زمانی خۆی گەستییە و جارێکیتر کار و قسەی لە و شێوەیە ناکات. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: PM 10:36:56 2022/27/7
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 805

## سەری سەفینە، بنی سەرگینە

https://www.kurdipedia.org/?q=20210404211421393379



سەری سەفینە، بنی سەرگینە
شاخی(سەفین) کە بە(سەفینە شێتی خۆشناوان) بەناوبانگە دەکەوێتە قەزای شەقلاوەی پارێزگای هەولێر و نزیکەی(1800)مەتر لە ئاستی رووی دەریاوە بەرزە، ئە و بەرزییەی بووە بەئاوەڵناو وەک وتەی مام جەلال(سەفین لەبن بێت، یەکێتی لەبن نایەت) واتە بناغە و بنچینەی پتەوی هەیە، یان ئەگەر کەسێک کەسێکی گەورەی لەپشت بێت لە ئەنجامدانی کارێک دەوترێت(سەفینی لەپشتە) دەگوترێت(تارینە شەڕێ لەگەل سەفینێ دەکات) واتە چوێنراوە بە(سەفین)، وتراویشە فلانە کەس(سەری لە سەفینێ دەدات) شاخی سەفین دووبارە لێرەش وەکو ئیدیۆم بەکارهاتووە لەبەر بەرزییەکەی و سەرکەشیەکەی، هاوشێوەی ئیدیۆمی(سەرقۆزی بن ئاڵۆز) بەکارهاتووە بەکەسێکی خۆهەڵکێش هیچ لەبارانەبوو دەوترێت(سەری سەفینە و بنی سەرگینە) سەرگین واتە ریخ و تەپاڵە و پاشەڕۆی رەشەوڵاغ، تۆرەگە-تۆڵەگە هاوشێوەی نمونەی ئەم ئیدیۆمەیە کە لەسەرەوە سەوز و جوان و گەشە و لەسەر زبڵ و خاشاکیش رووەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

📚 سەرچاوەکان

[1] 📧 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2021/4/4 9:14:21 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 806

## سەری گەوارە و بنی گەواران

https://www.kurdipedia.org/?q=20200919105126388037



سەری گەوارە و بنی گەواران
گەوارە، گەواڵە، پەڵە هەورێکی رەنگ تاریک بەهۆی پڕ ئاو بیەوە لەماوەیەکی کەمدا بارانێکی کورت و خێرا و بەخوڕی لێ دەکەوێتەوە، بە و بارانەی کە لە و پەڵە هەورە دروست دەبێت دەوترێت(گەوارە) گەوارە بەهۆی شەستەبارانی و خێراکوتانەکەی هەندێک جار تەرزەشی لەگەڵ دایە و بایەکی توندیشی لەگەڵدایە زیان دەگەیەنێت بە بەروبوومەکانی کشتوکاڵ و دانەوێڵە و رەزوباغی بەهاران و هەندێک جاریش لافاوێکی بچوکیش دروست دەکات، گەوارە رووداوێکی کتوپڕە شێوەی هەواڵ و رووداوەکانە بۆیە کراوە بە ئیدیۆم بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت کە هەواڵی ناوچەکە و دەوروبەری لایە، یان هەندێک گرفتی شێوەی ژیان گەیاندن و ئاژاوە نانەوەوی نێوان کەسەکانی لێ دەکەوێتەوە یان دەبێتە بنەمای ناکۆکیەک بە رق و تەوسەوە پێی دەوترێت هەنکوە بتکوژێ(سەری گەواران و بنی گەواران) هەندێکجاریش بەپێکەنین وخۆشیەوە بەکەسێک دەوترێت کە زۆرترین داتاو زانیاری لابێت جارجارەهەواڵەکانی یمژدە بەخشە هەر دەوترێت نەمری(سەری گەواران و بنی گەواران).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 9/19/2020 10:51:26 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 807
## سەری لە گێی قەبران دەلەرزێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20200825215226387180




سەری لە گێی قەبران دەلەرزێ.
ئە و ئیدیۆمە بۆ کەسێکی بەتەمەن دەووترێت: کە زۆر دونیا دیدە و بەناوساڵ چوو بێت، مرۆڤیش وەک گیای بەهارانە، کە پیر بوو، تۆو گوڵ دەکات و دەوەرێت و وەرزی بەسەر دەچێت و بەبادا دەڕوات و پەرش و بڵاودەبێتەوە.
لەدایکببون سەرەتاییە و بەخاک سپاردن دوا قۆناغە، بۆیە بەکەسە زۆر بەتەمەن وپیرەکان دەوترێت چی لەژیان ماوە(سەری لەگێی قەبران دەلەرزێت) هاکە بەرێتەوە ناو گۆڕ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 8/25/2020 9:52:26 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 808
## سەری لەبەر هەتاو سپی نەکردووە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220512225715413782



سەری لەبەر هەتاو سپی نەکردووە
نەتەوەی عەرەبی هاوسێمان ئیدیۆمێکی هەیە و دەڵێت: پێی لەسەر پێی داناوە، لەبەر خۆرەتاو، واتە: کەسێکی تەمبەڵ و تەوەزەڵە، چاوەڕێیە سێبەری بگاتێ و لە جێگەی خۆی ناجولێت، ئێمەی کوردیش وەکو عەرەبەکان(هەتاو)ەکەمان وەکو(خۆرەتاوەکە) بەکارهێناوە، هەردوو ئیدیۆمیش لە ڕووی ناوەڕۆکەوە زۆر لە یەکتریەوە نزیکن(ڕاوەستان لە ژێر خۆرەتاو و ڕانەوەستان لە بەر هەتاو) لە ئیدیۆمی عەرەبەکان ڕاوەستان لەبەر تیشکی خۆر بەبێ هەنگاو و جولە بەخراپ لێکدراوەتەوە، کوردیش نەوەستان لەبەر هەتاوی بە باشە لێکداوەتەوە، کەسێکی بە ئەزموون و شارەزا و دونیادیدە و زۆرلەبارابووی بەساڵاچوو ئە و قسەیەی دەکات کە دەڵێت: سەرم لەبەر هەتاو سپی نەکردووە واتە: تەمەنێکی پڕ ئەزمونم هەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/12/5 10:57:15 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 809

## سەری ناهێشی پەڕۆی لێ بەستووە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200919105830388039



سەری نایەشێت پەڕۆی لێ بەستووە
ژانە سەر، نەخۆشیەکە بەهۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە مرۆڤ دووچاری دەبێت، لە کۆندا ئە و دەنکە حەبە (پاراسیتۆل)ەی ئێستا نەبووە، سەر کە دەهێشا وژان و ئازاری هەبوو، بەپەڕۆیەک ناوچەوان توند دەبەسترا، بۆ ئەوەی تریووە و لێدانی خێرای دەمارەکانی سەر کەم ببێتەوە، جگە لەمەش پەنادەبردرا بۆ چارەسەری سروشتی سەرشێلان، ئەوە لایەنی ڕاستەقینەی ژانە سەر و بەستانیەتی، وەک ئیدیۆمیش بەکارهاتووە بۆ کەسێک کە کارێک پەیوەندی بەوەوە نییە و خۆی تێ هەڵقورتاندوە، بە و هۆیەشەوە دووچاری کێشە بووە، بە وکەسانەی لەکاری تر خۆیان ماندوو دەکەن و پەیوەندی نییە بە خودی خۆیانەوە بەتەوسەوە پێیان دەوترێت(سەری نایەشێت پەڕۆی لێ بەستووە). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇺🇳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/19/9 10:58:30 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 810
## سەری کوێرەماری لادەست دەکەوێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20220512224314413777




سەری کوێرەماری لادەست دەکەوێت
کوێرە مار: جۆرە مارێکی کوێری بۆرە، سەری سێ سووچە، ژاراوییە و زۆر کوشندەیە، جۆرێکی دانسقە و دەگمەنە، لە هەموو کاتێکدا دەرناکەوێت، ڕەنگی وەکو خاکەکەیە و مرۆڤ خراپ دەیبینێت هەندێجار پێی لێ دەنێت ئەویش پێوەی دەدات، پێشی دەوترێت: کورە وەیباب و کوڵەکوێرە و سەرسێگۆشە، لە گۆرانی کوردیشدا ناوی هاتووە وەک ماری بێ ئینجازە، هەر پێوەبدات زۆر مەترسیدارە، شەوانە دەگەڕێت و سستە، ئە و خاسیەتانەی دەگمەنیی کردووە، کەم دەرکەوتنەکەشی بووە بە ئیدیۆم، کەسێک هەموو شتێکی لەلای خۆی پارێزتبێت(سەری هار و ماری هەڵگرتبێت) وەکو ناساندنی پێی دەوترێت: سەری کوێرەماری لادەست دەکەوێت، واتە مرۆڤێکی کارزان و وورد و بەسەلیقەیە، کاری نەخت و تەختە هەموو شتێکی هەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇺🇳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/12/5 10:43:14 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 811
## سەری کەچەڵان، دەچنە باغەڵی گەردەن زەران
https://www.kurdipedia.org/?q=20220126122400402837



سەری کەچەڵان، دەچنە باغەڵی گەردەن زەران
کورد ئەوەشی وتووە: هەرچی گیای جوانە بزن دەیخوات، مرۆڤ دڵی خۆشی داوەتەوە وتویەتی: قیسمەت و نسیبە و دابەش بەدەستی مرۆی نییە، دیارە لە رۆژگاری زوودا، کەچەڵ وەکو ئەمڕۆ نەبووە، تەنیا سەر ڕووتانەوە بێت، بەڵکو خورشت و خوران و ئاوە زرزرەی بریناتیشی لەگەڵدا بووە، بێز لێبونەوە و هێڵنج و دڵ تێکهەڵاتنیشی لەدواوە بووە، دیارە کوردەواریش ئەوەی تێبینی کردووە، کێژۆکاڵ و کچی گەردەن کێل و سپی و زەرد و ژنی چاک و بەژن زراف، بوون بەژنی بۆرە پیاو و پیسکە و کەچەڵان، کردویەتی بە و ئیدیۆمە جوانە(سەری کەچەڵان، دەچنە باغەڵی گەردەن زەران) واتە کەس بە چاکە و پیاوەتی خۆی نییە، بەڵکو بەشی مرۆی بەدەستە خۆی نییە، کێ کێ دەخوازێت، چ ژن و کچی گەردەن زەرد، چ جوامێر و لاوچاکی شۆڕەسوار. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/26/1 12:24:00 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 812
**سەرەخۆرەیە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170808081726141935
سەرەخۆرەیە
ئیدیۆمێکە بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت کە دەست و دڵ و دەروونی ڕەش بێت و ببێتە مایەی مردن و چەرمەسەری و نەگبەتی بۆ کەسانی دەوروبەری، ئەوە زیاتر لە بەدبەختیە بۆ نمونە پیاوێک چەند ژنێک دەهێنێت لە ژیانیدا هەموویان بەهۆکارێکەوە دەمرن یان ژنێک چەند مێردێک دەکات بەهەمان شێوە مێردەکانیان بە هۆکارێکەوە دەمرن بە هەردوو حاڵەت ئیدیۆمی سەرەخۆرەیان بۆ بەکاردەهێنرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2017/8/8 8:17:26 AM

بابەت: 813

**سەفەر و مامەڵە، سەنگی مەحەکە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220805201849426669



سەفەر و مامەڵە، سەنگی مەحەکە
لە بەیانی باشی ناو فەرمانگەکەت و چۆنی و باشی سەر ڕێگا و یەکتر بینینی ئاسایی و بژیت و سوپاست دەکەم و گوفتاری شیرینی سەرپێی دا هیچ مرۆڤێک ناناسرێت، هەمیشە مامەڵەکردن و زەرەر و قازانج کردن بەیەکەوە و هاورێیەتی سەفری دوور و درێژ و مانەوەی هەفتە بۆ دوو هەفتە یان زیاتر دەبنە مایەی ناسین و هەڵسەنگاندنی کەسێک بۆ کەسێک دەزانرێت مرۆڤێکی سەرڕاست و بەکەڵکە یان خواروخێچ و بێ سوودە، بۆیە کورد دەڵێت: سەفەر و مامەڵە، سەنگی مەحەکە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/5/8 8:18:49 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 814

**سەگ بترسنەی، نەکوشیەی**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180125095657144260

سەگ بترسنەی، نەکوشیەی
سەگ لێرەدا مەبەستی کەس و پیاوی خراپە ئەگەر بیکوژیت دووچاری ماڵ وێرانی و دوژمنداری دەبیت، بەڵام بیترسێنی و چاوی لێ سوربکەیتەوە دوور دەکەوێتەوە بەمەش لەکێشە و گرفت دوور دەکەویەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 	AM 9:56:57 2018/25/1
ناوی تۆمارکار: 	ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 815
## سەگ بە بەلاش ناوەڕێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20220423231400411229



سەگ بە بەلاش ناوەڕێ
مستەفای حاجی ساڵحی خاڵم خەڵکی گوندی ئیلنجاغی گەورەی وراتی کۆیەیە ، بەکاری جوتیارییەوە خەریکبوو، تا لەشینگ و قوەتی خۆی بوو، بەتراکتۆرەکەی بژێوی خۆیی و ماڵ و منالی دەردەهێنا و ناوە ناوەش کاری چەرچیەتی و چێواری و جەڵەبی ئاژەڵی ووردەی مەڕومالاتی دەکرد، رۆژێک سەردانی گوندیم کرد و سەرێکم لێدا، ماڵیان لە بلندۆکەیە(برندۆکە)، سەگێکی سپی گەورەیان هەبوو، لەکاتی بەرێکردنم سەگەکە هەر نزیک دەبۆوە و دەوری تا ئاستی پەلامار و گەزە گرتن، گوتم: خاڵە ئە و چییە؟ ئەتوش لێرەبی و دەنگی دەدەی(چەغە چەغە) کەچی هەر دەحەپێت و دەوڕێت، خاڵیشم ووتی: کوڕم بابی نانەکەی دەحەپی، هەڵبەت ئە و گێرانەوەیە بۆ ڕوونکردنەوەی ئە و ئیدیۆمەیە کە دەڵێت: سەگ بە بەلاش ناوەڕێ، سەگ کە شوانکارەکان و ماڵە مەرداڕەکان و ڕەوەندەکان لەدەرباری خۆیاندا ڕایدەگرن بۆ پاسەوانی مەڕومالاتەکانیان، زۆربەی شەوان سەگوەڕ ڕوودەدات هەر سەگە و لەلای خۆیەوە بە وەڕینەکەی پەیامێکی پێیە و لەلای مرۆڤیش دەبێتە سەگوەڕ، ئە و وەڕینە بەهۆکاری جیاجیاوە ڕوودەدات، یان ئەوەتە بە جوڵەی زیندەوەرێکی زیانبەخشە یان بەخشپەی دزێکە یان گورگێکە یان پیاوخراپێکە، ئە و حەپین و وەڕینەشی بۆ ئاگادارکردنەوەی خاوەنەکەیەتی یان ترساندنی ئە و شتە نامۆیەیە کە هەستی پێ دەکات، لەبەرامبەر ئە و پاسەوانیەدا خاوەنەکەی ڕۆژانە(سەپک)ی پێ دەدات، سەپک کولێرەیەکە لە کەپەکی ئاردی دروست دەکرێت، شێوەی زمانەگا درێژکۆڵەیە، دەیانخستە سەر سێر و ساجی(خاوەبرژ)یان دەکرد و بە(گرمخاو)ی دەرخواردی سەگەکەیان دەدا، ئەوە لایەنە ڕاستەقینەکەی ئیدیۆمەکەیە، وەکو خواستنیش وەکو تەوس و وەسف و ناساندنی شتێک بەکەسێک دەوترێت: کە شتێک ئەنجام بدات بەڵام هۆکارێکی سەرەکی لەپشت ئەنجامدانیەوە هەبێت چ هەستەوەری و درک پێکردن بێت چ دەسکەوتێکی مادی و بەرجەستەی بە وکارە بەدەستبهێنێت بەوانە دەوترێت: سەگ بە بەلاش ناوەڕێ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 	PM 11:14:00 2022/23/4
ناوی تۆمارکار: 	ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 816
## سەگ بەتوتکەیی و شوان کوڕی خۆت
https://www.kurdipedia.org/?q=20200822215046387088



سەگ بەتوتکەیی و شوان کوڕی خۆت.
توتکە سەگ لە گوجیلەیی یەوە بەخێوبکرێت بۆ هەر مەبەستێک بتەوێت باردەهێنرێت و پەروەردە دەکرێت، بەڵام بەسەگی و سم سوراوەیی و پیری تازە کار لەکارترازاوە و خاسیەت و خووەکانی دەق گرتووە و لێی پیرکردووە تازە بە تازە هیچی لەگەڵ ناکرێت و بەهیچ کلۆجێک ناتوانرێت چارەسەری بۆ ئەدگاروخەسڵەتەکانی بکرێت و بەئارەزوی خۆت بتەوێت بەکاری بهێنیت، شوانیش ئەگەر کوڕی خۆت بێت لەمناڵیەوە لەلای کاریلە و بەرخان و ساوایانەوە ڕادەهێنرێت و کە گەورە بوو شوانکارێکی باشی لێ هەڵدەکەوێت، زۆر لە خەمی پەز و مێگەلەکەی دەبێت و خاوەنی ڕاستەقینەی ماڵاتەکەیە و بۆ لەوەڕاندن و ئاگاداربوون لە هەموو کەسێک زیاتر ئاگای لە ڕان وئاژەڵدارییەکە دەبێت بۆیە لە کوردەوارییەوە وتراوە(سەگ بەتوتکەیی و شوان کوڕی خۆت).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/22/8 9:50:46 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 817

## سەگ بەنانە یان بەدەرکە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180929101540156585



سەگ بەنانە یان سەگ بەدەرکە
مرۆڤایەتی لە دێر زەمانەوە ئاژەڵی سەگی ماڵی کردووە و بەخێویکردووە و بووە بە پاسەوان و هاوڕێیەکی بەئەمەکی مرۆڤ هەر بۆیەش ووتراوە(سەگ نان بدە سفڵەی نان مەدە) ئینجا سەگیش وەک مرۆڤ سەگ بەسەگ کەوتووە و هەریەکە و خاسیەت و ئەدگارێکی هەیە و بۆی دروستبووە، هەندێ سەگ هەیە فێرە دزیکردن بووە خاسیەتی ڕێوی و چەقەڵی تێدا گەشەی کردووە، هەندێکیشیان سیفەتی گورگ لەلایان چەکەرەی کردووە و لەپەزەکە دەڵەوەڕێن و (لەگەڵ گورگ ڕە و دەبەن و لەگەڵ مەڕ شین دەکەن) سەگ هەیە گورگ خنکێن و بەئەمەک و پاسەوانی گیانی بەگیانی خاوەنەکەیەتی و ئامادەییە خۆی بەر فیشەکی دوژمن و ڕێگر و دز و چەتە و پیاوخراپان بدات بۆ پارێزگاری و پاراستنی خاوەنەکەی، لەکوردەواریشدا پێیان وایە هەموو ئە و خاسیەتانە پەیوەندی بەخاوەنەکەیەتی لەچۆنیەتی ڕاهێنان و بەخێوکردن و پەروەردەکردنی بۆیە ووتراوە(سەگ بەنانە یان بەدەرکە) واتە هەم دەستاوی مرۆڤ و خاوەنەکەی ئازایەتی و ترسنۆکی بۆ دروست دەکات هەمیش دەراو و دەرگای خاوەن ماڵ، کەواتە کاتێک باسی ئازایەتی و ئەمەکی کەسێک دەکرێت یان خراپە و ترسنۆکی و بەدرەفتاری دەوترێت بەخوا برا(سەگ بەنانە) یان(سەگ بەدەرکە) واتە لە بنەمادا ڕزق و ڕۆژووەکەی(نان)ەکەی تەواوە یان ناتەواوە، دەرو دیوەخان و قەمتەرەی دەرگای هەبووە یان نەبووە، کورت و کرمانجی ئەم ئیدیۆمە دەڵێت: مرۆڤ بەنانی حەلال یان حەرام مرۆڤێکە و لە قۆناغ و خانەوادەی باش بێت مرۆڤێکیترە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/29/9 10:15:40 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 818
## سەگ فرۆشن
https://www.kurdipedia.org/?q=20211211214538398344




سەگ فرۆشن
لە ئاینی ئیسلامدا سەگ کڕین و فرۆشتنی لەسەر نییە ئەوانەی زۆر باوەڕدارن خۆ بەدوور دەگرن لە مامەلەکردن بە و ئاژەلەوە هەرچەندە شاعیرانی تەسەوف خۆیان دەهێننە ڕێزی سەگی یارانی ئەشکەوت، لێرەدا بووە بە ئیدیۆم و بەدەسەڵاتێکی حەرام خۆر دەوترێت ئەوانە سەگ فرۆشن واتە حەڵاڵ و حەرام نازانن و تراویشە: سەگی بەپێستەوە دەخۆن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/11/12 9:45:38 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 819
## سەگمان تۆپیە لۆیە قاپمان وا پیسە
https://www.kurdipedia.org/?q=20181001102249156649



سەگمان تۆپیە لۆیە قاپمان واپیسە
ئەم ئیدیۆمە زیاتر بە ئیدیۆمی ماڵە عەرەبان دەچێت وەک لە ماڵە کوردان، کورد لەباشوری کوردستان هاوسنورە لەگەڵ نەتەوەی عەرەب بۆیە بەهۆی هاوسنوری و تێکەڵیەوە هەندێ داب و نەریت و کلتور و قسەی نەستەق و ئیدیۆم-یان لەیەکتریەوە وەرگرتووە، کورد دەڵێت عەرەب پیس و پەڵۆس ترە و سەحن و قاپ و قاچاخ و دەوری و لەگەن ناشۆن هەر سەگەکانیان بەزمان دەیلێسنەوە، دەگێڕنەوە چەند کوردێک لەماڵە عەرەبێک میوان دەبن و عەرەبیش بۆ میوانداری خانەخوێ باشن و رێگە نادەن بەمیوان نزیکی ژەمی خۆراک بڕوات، ئینجا کە خوارنیان هێناوەتە سەر سفرە و بەردەست لەکاتی بسمیللا کردن قاپ و قاچاغەکان زۆر پیس بوون و خاوەن ماڵ کە هەستی کردووە میوانەکان درکیان کردووە و بە بێزەوە دەست بۆ خواردنەکە دەبن، پێیان دەڵێت دەبێت بمانبوورن(سەگمان تۆپیە لۆیە قاپ-مان وا پیسە) هاوشێوەی ئەم پەند و ئیدیۆمە لەناو کوردان وا باوە ئەگەر ماڵێک پیس و پەرۆس و پۆخڵ بن دەوترێت(سەگ بە گوو-ەوە دەیان-بات).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 2018/1/10 10:22:49 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 820

## سەگی پیر فێڵی تازە فێر نابێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20190302081934279664



سەگی پیر فێڵی تازە فێر نابێت
سەیرە ووتراوە(قەلە رەشی پیر لە بەلاش ناقیرێنێت) کەچی لێرەدا وتراوە(سەگی پیر فێڵی تازە فێر نابێت) هەڵبەتە(پیرە سە)و(گەمبۆس) وەک جنێودانیش کورد بەکاری دەهێنێت، قەلەکە تا دەمرێت دەتوانێ بفڕێت و دەنگ وباس و بارودۆخی دەوروبەری خۆی دەزانێت، بەڵام سەگ کە پیر بوو جموجۆڵ و چالاکی کەم دەبێتەوە و کورد وتویەتی(سەگ کە پیر بوو دەبێتە قەشمەرجاری گوجیلان) و بەهیچ شێوەیەک فێڵ و تەڵەکەی تازەی بۆ ناکرێت چونکە توانای راپەڕاندنی نی یە و هەر بەتەمبەڵ و تەوەزەلی دەمێنێتەوە، ئینجا ئەم ئیدیۆمە بەکاردێت بۆکەسێک کە لەسەردەمی لاوی وگەنجی چ کارێکی ئەوتۆی ئەنجام نەدابێت و بەپیری بیەوێت کارێک بکات پێی دەوترێت(سەگی پیر فێڵی تازە فێر نابێت).

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/2/3 8:19:34 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 821
**سەگی حەوت گوندانی پێ وەرپیووە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220126123201402838



سەگی حەوت گوندانی پێ وەرپیووە
سەگ ئە و ئاژەڵەماڵیەی مرۆڤی کورد چەند خۆشی دەوێت ئەوەندەش ڕقی لێی دەبێتەوە، بەڵام بەوە دەچێت هەر ڕقەکەی لێی زیاتر بێت چونکە هەر لە ئیدیۆمدا بەلایەنی خراپەوە بە نمونە دەیهێنێتەوە، لێرەش دووبارە خاسیەتێکی سەگ دەداتە پاڵ مرۆیەکی گەڕۆک لەبری ئەوەی پێی بڵێت(دەڵێی سەی پێ سوتاوە) دەڵێت: سەگی حەوت گوندانی پێ وەرپیووە، لە کۆندا خەڵگ گەڕۆک زۆربوون چونکە پێیان وابوو(رزق لەسەر پێیانە) بەکاری چەرچێتی و قەسابی ماڵی زیندە و دێوەرە و عەتاری و ڕەنجبەری و شوانکارەیی هەر ڕۆژە و بەروارەی لە گوندێک یان ئاواییەکی کوردستان گەڕاون، ئەوانە دەستاوی ماڵان و داب و نەریتی شوێنان و چۆنیەتی ژیان و خۆراک و جل و بەرگ و خاسیەت و ئەدگاری جۆراوجۆریان دەبینی و تۆزی زۆر ماڵان و گازی زۆر سەگانیان بە قاچ و قونێوە بووە، ئەوانە دەبوونە خەڵکێکی دونیادیدە و داوبەست و زۆرزان بۆیە بەتەوسەوە پێیان وتراوە: ئەوە تایهو سەگی حەوت گوندانی پێ وەرپیووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/26/1 12:32:01 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 822
**سەگی دوای سوارانە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171115081710143183
سەگی دوای سوارانە
لە کۆندا بە سواری وولاغە بەرزە ڕاو دەکرا و تولە وتانجی-یش دەکەوتنە دوای ئە و سوارانەوە، هەڵبەت ئەم تولە و تانجیانەش کاری ڕاوکردنیان دەکەوتە ئەستۆ یان لە نێچیر بەردەدران یان ئە و نێچیرەی دەپێکرا ئەوان بە خێرایی و ڕاکردنەوە دەچوون نێچیرە پێکراوەکەیان بۆ ڕاوکەرەکان دەهێنایەوە و کاتێک نێچیرەکەیان دەهێنایەوە کلکی خۆیان بادەدا و کەیف خۆشیان دەهات کە کارێکیان بۆ سوارەکان و ڕاوکەرەکان کردووە، کەواتە کاری ئەم تولە(سەگ) و تانجی-یانە دوو ئەرک بوو، یەکەمیان لەلایەن سوارانەوە تێ بەردەدران بۆ نێچیر و دووەمیان نێچیری ڕاوکراویان دەهێنیایەوە بەردەستی ڕاوکەران، ئینجا لێرەدا لە کوردەوارییدا بە تەوس و سوکردنەوە ئەم ئیدیۆمە بە کەسانێک دەوترێت کە پیاوی دیوەخان و ئاغاکان و دەرباری

دەرەبەگ وحەرەم سەراکان و دەسترۆیشتوانی سەردەم بوون بۆ هەر مەرامێک بیانەوێت بەکاریان دەهێنن چ بۆ تاڵان و دزی چ بۆ تێ بەردان و شەڕ و شۆڕ بێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/15/11 8:17:10 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 823

## سەگی ناوگەنم

https://www.kurdipedia.org/?q=20170921103930142666

سەگی ناوگەنم

سەگ بەناو دەغڵ ودان بڕوات باڵای کورتە و تەبارەکە لە و بەرزترە بۆیە لموزی بەرزدەکاتەوە، کەسێکی خۆ بەزلزان کە بەردەوام لوتی بەرزە و لە رۆیشتندا سەیری بەر پێی خۆی نەکات دەوترێت سەگی ناوگەنم.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/21/9 10:39:30 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 824

## سەیری خاڵم دەکەم گریانم دێ، سەیری خاڵۆژنم دەکەم کیرم هەڵدەستێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20180815094846154005

سەیری خاڵم دەکەم گریانم دێ، سەیری خاڵۆژنم دەکەم کیرم هەڵدەستێ

لەناو کوردان زۆر باوبووە و وابووە بە پشت بەستن بە(شەرع) کە بەناڕەوا بەکاری دەهێنن هەندێک هاوسەرگیری نابەجێ

دەکرێ و کراوە بۆ نمونە(جەرگ بە جەرگ) واتە کچ بەکچ کچی خۆت بەشوبدەیت بۆ ژنهێنانی دووەمت و کچەکەشت بدەیتە خەزوورت واتە باوکی کچەکەی کە دەیخوازی، ئەم جەرگ بە جەرگە بەلایەنی کەمەوە(18-20)ساڵی تەمەن جیاوازی هەبووە، هەندێجار خۆی گەیاندۆتە 30ساڵ تەمەن، هەندێجار وارێکەوتووە ئە و ژنە لە برازاو و خوارزای پیاوەکە مناڵتر بووە، بۆیە وتراویشە(بۆ خوارازا و برازیان ژنێ مەهێنە یان بۆ خەڵکی ژنێ مەینە) هەڵبەت ئەم درکەیە هەر لە و حاڵەتانەوە سەرچاوەی گرتووە کە خوارزا سەری داوە لەماڵە خاڵ ئە و حاڵەتە هاتۆتە پێشەوە کە خاڵۆژن مناڵتر بووە لە خوارزای پیاوەکە و پیاوەکەش واتە خاڵەکە پیروپەککەوتە بووە بۆیە وتراوە کەسەیری خاڵم دەکەم گریانم دێ، سەیری خاڵۆژنیشم دەکەم کیرم هەڵدەستێ.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] 📧 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/15/8 9:48:46 AM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 825

## سەیرە لە کۆیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170924125600142717



سەیرە لە کۆیە

بەزمە لە کۆیە-ش دەوترێت، کۆیە شارێکی مێژوویی و ڕۆشنبیری کوردستانە، لە دێر زەمانەوە کەلتور و داب ونەریتی زۆری هەیە ودەگێڕنەوە لە زەمانی(شەعبی و چەپڵە) واتە لەگەڵ گەشەسەندنی شیوعیەت لە عێراق و کوردستان، لە بازاڕی کۆیە چەندین دروشم و لۆگۆی بیری شیوعیەت وپۆستەر بەسەر دیوار و چایخانەکان و شوێنە گشتیەکاندا هەڵواسرابوون هەندێک بەزمانی عەرەبی و دانە دانەش بەزمانی کوردی، لە و سەروبەندەدا ئەوەی سەردانی کۆیەی بکردایە لە دروشمەکانی(ئیشتراکی و ئخوە وتەزامن و تەعایش) سەری سوڕ دەما بۆیە لە و ڕۆژەوە وترا سەیرە لەکۆیە و خزمانی ناوچەی سلێمانیش کردیانە بەزمە لە کۆیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] 📧 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی


کاتی تۆمارکردن: PM 12:56:00 2017/24/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 826

**سەڵت وقوڵت، حەماغایە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20210404211649393380



سەڵت وقوڵت، حەماغایە
حەمە ئاغای کوڕی مەحمود ئاغای کوڕی حەمەد ئاغای کوڕی کەریم ئاغای کوری غەفور ئاغایە بە بنەچە جەنگاوەری دەربازبووی قەڵای دمدمن و لە وەرتێ نیشتەجێبوون و دواتر هاتونەتە کۆیە، کە بەحاتەمی کوردان وحەماغای گەورەی غەفورییان لەکۆیە بەناوبانگە و یەکەم قایمقامی کۆیە بووە لە دوای عوسمانییەکان پیاوێکی ئازا و کاسب و سەخی و خاوەن دیوەخان و قوناغ بووە حاجی قادری کۆیی لە وەسفیدا دەڵێت:
کەسێ پیاوە کەدانێ وەک حەماغا
لەبۆ ئەبنایی جنبی نان و خوانێ
دیوەخانی حەماغا و سەخاوەتەکەی بەیەکێک لە ناوبانگە سەرەکیەکانی دادەنرێت لە مێژووی باشوری کوردستان هاوشێوەی حاتەمی تەیی عارەبان و حەمەقەدۆی کوردانی موسڵ، لێرەدا ناوی حەماغا لە و ئیدیۆمەدا بەکارهاتووە کە حاڵ خۆش و نانبدە و پیاو و بێ گرفت و بێ کێشەیە، ئینجا بەکەسێکی سەڵت و قوڵت و هیچ نەبوو دەوترێت فلانەکەس خەمی چی هەیە خەمی هیچی نییە سەڵت و قوڵت بۆخۆی حەماغایە، واتە هیچی نییە و خەمی نییە و سەری نایەشێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: PM 9:16:49 2021/4/4
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 827

**سەی نان بدە سفرەی نان مەدە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170725101515141579

سەی نان بدە، سفرەی نان مەدە
سەگ ئە و ئاژەڵەیە کە لەدێر زەمانەوە مرۆڤ ماڵی کردووە و پاسەوانی ماڵ و پەز بووە، ئەوەی خاسیەتی سەگی ڕەسەنی هەبێت، کەنانت پێ دا نمەک بە(حەرام) نابێت و نمەکگیر دەبێت، بەڵام هەندێک مرۆڤ هەن کاتێ نمەکگیرت دەبن ئینجا سفرە وخیانەت لەماڵ و موڵک و ژن و منالت دەکەن بۆیە ووتراوە سەی نان بدە سفرەی نان مەدە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/25/7 10:15:15 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 828

## شارەدێیە، کێ بەکێیە؟

https://www.kurdipedia.org/?q=20220308223328407679



شارەدێیە، کێ بەکێیە؟
وتراویشە: شێخە دێیە کێ بەکێیە؟ ئە و ئاوەدانیانەی ژمارەی دانیشتوانیان بەرە و زیاد بوون دەڕوا و لە گوندەوە دەبنە شارەدێ، بەهۆی ئەوەی لەڕووی کارگێڕیی و یاسایی و ڕێنمایی شارەوانیەوە سەرەتایین، بۆیە یاسا تێیاندا سەروەر نییە و هێشتا بەرژێمی خێڵەکی و کۆڕانی ڕەشکەکادا گوزەر دەکەن وبێ یاسا ودادوەرن، بێ خاوەنن و کەس نامەی کەس ناخوێنێتەوە، ئۆخەی ئۆخەی هەر کەس بۆ خۆی پەیڕە و دەکرێت کەس بەکەس نییە، لە و گەڕەلاوژەیدا بە تەوس و گاڵتە و گەپەوە دەوترێت: شارەدێیە کێ بەکێیە؟. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/8/3 10:33:28 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 829

## شارەک و گندۆرەیەکیان نەگۆتیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20181220073937181671

شارەک و گندۆرەیەکیان نەگۆتیە
شار واتە ژمارەی دانیشتوانی زۆر و گەرەک و تاخ و خانوبەرە و خێزانی زۆر، گندۆرەش واتە تەنها(کاڵەک)ێک، کورد بۆ کەمی شت و مەک و کاڵا و خۆراک زۆر ئیدیۆمی هەیە وەک(کێشکەی بەچل و چواران)یان(پێچک چارە بە ئەژمارە) واتە شتی کەم بەشی ژمارەی زۆر ناکات، ئینجا لە و ئیدیۆمەی(شارەک وگندۆرەکیان نەگۆتیە) واتە یەک تاقە شت بۆ هەموو شار نابێت ئینجا جاری واهەیە مەبەست لێی تاکە کەسێک و شارێکیان نەگۆتیە، کاتێک پیاوێک دژایەتی خێزانێک یان خانەواودەیەک

یان هۆزێکی گەورە یان شارێکی بیست بۆ سی گەرەکی دەکات پێی دەوترێت بابە دانیشە(گندۆرەیەک وشارەکیان نەگۆتیە) واتە دەرەقەتی ئە و هەموو خەڵکەی نایەیت و لەجێگەی خۆت دابنیشیت چاکترە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: ⬇ باشووری کوردستان

ولات: ➡ رۆژهەلاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/20/12 7:39:37 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 830

**شاناخسێ بە پاڵ مەڕوێ-دوەیە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220512224623413779



شاناخسێ بە پاڵ مەڕوێ-دوەیە

شاناخسێ و مەڕوێ دوو گوندن لە باشوری کوردستان لە شارباژێر و ماوەتدا هەڵکەوتوون، هاوسێ و هاوسنوری یەکترن شاناخسێ کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی مەڕوێ، دوو گوند و ناوچەی دڵگیر و سەرنج ڕاکێش و جوان و دڵرفێنن، لە و شارباژێر و ماوەتەدا ئە و ئاقار تێکەڵییەی ئە و دوو گوندە بووە بە ئیدیۆم، بە دوو کەسی نزیک لە یەکتر و هاوڕێ و هاودەم و بەردەوام بەیەکەوە بوو، یان پێکەوە گەڕان لە زۆربەی شوێن و بۆنەکانی وەکو: سەردانی ماڵان و پرسە و پیاسە و بۆنە کۆمەڵایەتیەکان و دیداری دۆستان و...تاد، بە تەوس و گاڵتە پێکردنەوە و بزە بۆکردنەوە دەوترێت: شاناخسێ بە پاڵ مەڕوێ-دوەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: شارباژێر (چوارتا و ماوەت)

ولات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/12/5 10:46:23 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 831

## شانە بەدڕکانەوە هەڵدەواسی

https://www.kurdipedia.org/?q=20171218094756143561

شانە بەدڕکانەوە هەڵدەواسی
شانە هەڵواسین بەدڕکەوە کارێکی وورد و ئەندازەییە ئەوەی ئە و کارە دەکات دەبێت وەستا و کارزان و بەهرەوەر و لێزان و کارناسە، وەک هەنگ و مێش هەنگ بەبیری ورد و تەگبیرەوە کاردەکات، ئینجا لێرەدا بەکارناس و کارزان و وەستایەکی بیر تیژ و وورد دەوترێت فلانەکەس هێندە زانایە(شانە بە دڕکانەوە هەڵدەواسی).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/18/12 9:47:56 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 832

## شاییەکی بێ دۆیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170921131945142669

شاییەکی بێ دۆیە
شایی و هەڵپەرکێی کوردەواری بەردەوام وابووە کە کچ و کوڕان بەیەکەوە دەستیان گرتووە و بەهەڵپەڕین گوزارشتیان لە خۆشی و ناخۆشیەکان کردووە، گرۆتین و بەزم ورەزم بەیەکەوە گەرمیان کردووە ئەگەر کچ لەشاییەکە نەبێت ئەوا ئە و بەزم و رەزم نەدەما و بۆیە ئەگەر شاییەک بێ کچ بێت دەوترێت شاییەکی بێ دۆیە، لە ئیدیۆمەکەدا واتە پرسێکی بێ تامە چونکە رەگەزێکی سەرەکی لە کارەکەدا نیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/21/9 1:19:45 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 833

## شمشێری چاک لەئاسنی خراپ دروست نابێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20190302082407279665



شمشێری چاک لەئاسنی خراپ دروست نابێت
ئاسن لەسروشتدا بەتێکەڵی هەیە لەگەڵ توخم وگەردەکانی تر و قوڕولیتە و ئاو و پاشماوەی جۆراوجۆر، ئینجا کە پوختەکرا جۆری باش و خراپی هەیە، جۆرە باشەکەی دیارە لەبارترە بۆ دروستکردنی کەرەسەی جەنگی وەک(شمشێر) بۆیە وتراوە شمشێری چاک لەئاسنی خراپ دروست نابێت واتە هەرکەسە و بنەچە و ڕەسەنی بڕیاری لێ دەدات.

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:24:07 2019/2/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 834

## شه و و ڕۆژێک، نعوری پێ دەگەڕێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20220616172557418839



شه و و ڕۆژێک، نعوری پێ دەگەڕێت
نعور: ئامێرێکی ئاودێری خڕی دەولک دارە، لە کۆندا لە سەر بیرەکان و کارێز و کانیاوەکان و ڕووبارەکان هەڵدەبەسترا، بە وڵاغە بەرزە و بارەبەری وەک ئێستر و گوێدرێژ و گا ڕادەکێشرا و دەکەوتە کار، شێوەی دەولکەکانی وا ڕێکخرابوو، کە دەکەوتنە ناو بیرەکەوە پڕ ئاو دەبوون و لە سوڕانەوەی بۆ سەرەوە دەولکەکان دەمەونخون دەبوون و ئه و ئاوەی کە تێیاندابوو دەیانرژاندە ناو جۆگەڵەی سەرەکی ئاودێرییەوە، نعورگێڕان یەکێک بووە لە کارە قورسەکان چ بۆ باخەوان و ڕەزەوان و میراوان چ بۆ وڵاغەکە هەردوولا تەواو ماندوو و هیلاک دەبوون، بەتایبەت ئه و گوێدرێژ و وڵاغەی کە نعورەکە ڕادەکێشێت، ئه و حاڵەتە کراوە بە ئیدیۆم و بەکەسێک کە شان و شەوکەتێکی باش و بەکێشی هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا کەوەدەن و دەبەنگ و گێل و نەفام و بێ عاقل و نەزان، ملهوڕانە ملی نیوی بکات بۆ ڕاپەڕاندنی کارێک کورت و کرمانجی زۆر(کەر) بکەوێتە بەرچاوان، بەتەوس و گاڵتەوە پێی دەوترێت: شه و و ڕۆژێک نعوری پێ دەگەڕێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 𐏍 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 5:25:57 2022/16/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 835

**شوان مەیلی بێ، لە گیسکە نێر شیر ئەدۆشێ**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220308223832407681



شوان مەیلی بێ، لە گیسکە نێر شیر ئەدۆشێ
شوانی و شوانکارەیی یەکێکە لە پیشە کۆنەکانی مرۆڤ، لەگەڵ ماڵی کردنی گیانلەبەران ئەو پیشەیەش بووە بە پیشە و پیشەوەرەکەی بووە بە شوان و شوانکارە، نزیکترین کەس لە و گیانلەبەرانە شوانەکەیە، هەموو رۆژێک بۆ لەوەڕاندن ئە و هەرد و ئە و کێوان و دەشتانەیان لەگەڵ دەکات، ئەوەندە شارەزایان دەبێت دەتوانێت بە هەموو شێوەیەک باریان بهێنێت، ئەمە بووە بە ئیدیۆم و هاوشێوەی پەندی(نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب) بەکارهێنراوە، دەوترێت: شوان مەیلی بێ، لە گیسکە نێر شیر ئەدۆشێ واتە هەرکەسە و بەکار و ئیش و شارەزایی خۆی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 𐏍 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 10:38:32 2022/8/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 836

**شوان مەیلی بێت، لەگیسکە نێر شیر دەدۆشێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20211218183254398877

شوان مەیلی بێت، لەگیسکە نێر شیر دەدۆشێت
شوان بۆ پەز واتە وەستا و شارەزا و کارزان و لێزان و لێهاتوو و باخەوان و پاسەوان، ئە و لە هەموو کەس لە ڕان و مێگەلەکەی شارەزایە و دەتوانێت زۆر بەجوانی باریان بهێنێت و ئاڕاستەیان بکات، ئەوانیش لەهەر کەسێکیتر زیاتر متمانەیان پێیەتی و بەدەنگ و هەڵس وکەوتی ئە و دەجوڵێنەوە بۆیە بووە بەئیدیۆم و دەوترێت(شوان مەیلی بێت، لەگیسکە نێر شیر دەدۆشێت).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2021/18/12 6:32:54 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 837

## شوان هەتا دانیشێ مێگەلەکەی دوور ئەکەوێتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170614010906140099



شوان هەتا دانیشێ مێگەلەکەی دوور ئەکەوێتەوە
شوان ڕابەری ڕان و پەزە ئەو مێگەل ئاراستە دەکات، ئەگەر ئەو دانیشت و بێ ئاگا بوو، ئیتر مێگەل سەر لێشێواو دەبێت، ئەم پەندە بۆ سەرۆک خێزان و سەرکاری کار و ڕابەرێکی بێ خەم و خەوتووی گەلێکیش هەر بەکار دێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: باشووری کوردستان

ولآت: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2017/14/6 1:09:06 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 838

## شوشتن ڕەنگ و ڕوو، خواردن گەند و گوو

https://www.kurdipedia.org/?q=20220105152213400471



شوشتن ڕەنگ و ڕوو، خواردن گەند و گوو
پێشینانمان زۆر دەمێکە وتویانە: (ئەوەی زۆر بخوات زۆر ناژیت) یان(نانی کەسێک هی دووانە، هی دوانیش هی سیانە) بە تەوسیشەوە وتویانە:(زۆر خۆری پیشەی مانگایە) یان(دەڵێی چێڵە حەوت مەعیدەی هەیە)، بەڵام بۆ پاک و خاوێنی ڕۆلەکانیان هانداوە بە و ئیدیۆمە کەدەڵێت: (شوشتن ڕەنگ و ڕوو) واتە بەخۆشوتن و کورکردن ڕەنگ و ڕووی مرۆڤ دەبێتەوە و کەڵکی ئاوەدانی دەبێت، بەڵام بۆ خواردنکە دووبارە وتویانە(خواردن گەند و گوو).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/5/1 3:22:13 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 839
## شوم دەوێ، زووم دەوێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20181027080745159980
شوم دەوێ، زووم دەوێ
هەندێک داواکاری یەکسەر و زوو جێ بەجێ ناکرێت وەک ئەوە نیە لەمانگی تەمموز داوای پلاستیکە تەماتەیەک بکەیت یان لە مانگی ئاب داوای تەنەکە هەنجیرێک ئەمانە لەوسەروبەندی یەکسەر دابین دەکرێن بەڵام ئەگەر بوترێت لەچلەی زستانێ تەماتە و هەنجیر ئەوا وەدەست ناکەوێت چ پێویست بە(وورک گرتن)یش ناکات چونکە کەنگر وماست بە وەعدەی خۆی، ئینجا کە دەوترێت(شووم دەوێ، زووم دەوێ) واتە کیژێک داوای مێرد دەکات و دەڵێت دەبێت زووش بۆم پەیدا بکەن، ئینجا دەربەستی تەمەن و قۆناغی ژیانی خۆیی و زاواشی نیە منالن یان قوتابین یان هەنە یان نینە هەر دەیەوێت شوبکات و ئە و درەنگە بە و زوویە ڕاناگات، ئەم دەربڕە کوردەوارییە بۆ ئە و مەبەستە بەکاردێت کە کەسێک داواکارییەکی بەپەلەی هەیە و دەیەوێت یەکسەر بۆی جێ بەجێ بکرێت و لە هەمانکاتیشدا جێ بەجێکردنی قورسە و پێویستی بەدان بەخۆگرتن و ئارامی هەیە تا دەتوانرێت و دەبینرێتەوە و دەگونجێت ئینجا بەشوو دەدرێت بۆیە بۆ ئە و حاڵەتانە وتراوە(شوم دەوێ، زووم دەوێ) چۆن دەبێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 𝗞 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: AM 8:07:45 2018/27/10
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 840
**شیری زوو هەڵدەچێت**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180826092308154927
شیری زوو هەڵدەچێت
خاسیەتی(شیر) ئەوەیە لەکاتی خستنە سەر ئاگر و کوڵاندنی زوو(هەڵدەچێت) هەربۆیە ئەم خاسیەتە کراوە بەدرکە و دەربڕ لە زمانی کوردیدا و بەیەکێکی توند و تورە و زوو هەڵچوو دەوترێت فلانە کەس(شیری زوو هەڵدەچێت) واتە گەڵێک زوو تورە دەبێت و کەڵکی گاڵتە و گەپی نیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 𝗞 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: AM 9:23:08 2018/26/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 841
**شینایی ئەگەر هات دوکانەک، دەغڵ ئەگەر هات مەیدانەک**
https://www.kurdipedia.org/?q=20181004103056156772



شینایی ئەگەرهات دوکانەک، دەغڵ ئەگەر هات مەیدانەک
بە چاندنی سەوزە و بەرووبومی هاوینە دەوترێت(شینایی) ئینجا ئە و شیناییە هەندێجار بەشێوەی(گۆڵ و دۆریخە) یان(دووکان) دەکرێت، دووکان واتە پێوانەیەکی دیاریکراو لە زەوی رووبەری(2بە3یان 3بە4مەتر) سەوزەکانی وەک(تەرەتیزە و کەرەوز و کەوەر و شبیت و تور و سلق و تاد) لێ دەروێنرێت، مەیدانەک-یش واتە سوار ماینێک تاوێک بە وولاغەکەی بدات هێندەی نمایش کردنێک و بگەڕێتەوە واتە سەد مەترێک و وەرگەڕێتەوە بە و ماوەیە لە درێژی و سوڕانەوەیە دەوترێت(مەیدانێک) لێرەدا وەرزێری کورد بۆ شینایی وتویەتی ئەگەر خودا بیدات یەک دووکانت بەسە بۆ سەوزەیەکی وەک کەرەویز و تەرەتوڵە و تاد و بۆ گەنم و جۆش چەند سەد مەترێت هەبێت بۆ چاندنیان واتە بەرووبەری یەک مەیدان بەسە ئەگەر خوا بیدات، ئەم ئەزمونانە بوون بە ئیدیۆم و دەربڕ لە کوردەواریدا و دەوترێت(شینایی ئەگەرهات دوکانەک، دەغڵ ئەگەر هات مەیدانەک) واتە بەزۆری و کەمی چاندن و ڕواندنی بەرهەم نیە لە رووبەری زەوی و لەبری تۆ-وەکەدا بەڵکو لە(هات)دا خۆی دەبینێتەوە با

رووبەری چێنراو کەمیش بێت ئەگەر ئەوەی چێنرا بە جوانی هات و گەشەی کرد ئەوا بەرهەمێکی باشت وەچنگ دەکەوێت و پێویستیت بە کەس و رزقیتر نابێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 10:30:56 2018/4/10 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 842
## شڕ و شیتاڵی خۆم باشترە لە موڵکی ڕۆم
https://www.kurdipedia.org/?q=20171226094204143617
شڕ و شیتاڵی خۆم باشترە لە موڵکی ڕۆم
شڕ: واتە کەڵ و پەلی بەکارهاتووی کۆن و نزیکە خایس و پەرپوت و پەشمە و بێ کەڵک و شیتاڵیش واتە پاشماوەی کەل و پەلی لەکارکەوتوو و بێ سوود، موڵکی ڕۆم مەبەست لە مەملەکەتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمە بێزەنتیەکانە کە دەسەڵاتیان بەسەر موڵکەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای سەر گۆی زەوی داگرتبوو لە مێژوودا، ئەم دەربڕ و ئیدیۆمە هەندێجار دەوترێت(شڕ و شیری خۆم باشترە لە موڵکی ڕۆم) واتە ئە و خانولکە و کاولە ژوورەی کەخۆم پێکمهێناوە و شە و تێدا دەخەوم و بەرۆژ پشوی تێدا دەدەم و جل وبەرگ و نانی تێدا دەخۆم و تڕ و سڕ و شیری تێدا دەکەم زیاتر و باشترە لەوەی کە هی خۆم نیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 9:42:04 2017/26/12 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 843
## شکار بەرچە ئەدۆزرێتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220308223558407680



شکار بەرچە ئەدۆزرێتەوە
ڕاو وشکار پیشەیەکی دێرینە و مرۆڤ لە کۆنەوە پێوەی خەریک بووە، بە هۆیەوە قوت و بژێوی ڕۆژانەی خۆی پەیداکردووە، بە گوێرەی ناوچەکانی دونیا چۆنیەتی و جۆری ڕاوکردن جیاوازە، بەڵام هونەری ڕاوکردن بۆ ئەوانەی کردویانەتە پیشەی خۆیان کارێکی ئاسانە و شارەزایی تەواویان لە کارەکەدا بە هۆی ئەزمونەوە بەدەستهێناوە، تا ئە و ڕادەیەی بەشوێن پێ و ڕچەکان ڕاوکەر نێچیری خۆی دەناسێت و ڕێ وشوێنی گونجاوی بۆ دەگرێتەبەر بۆ ڕاوکردنی، ئینجا لە کوردەواریدا شارەزایی ڕاوکەر بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی شارەزا و زانا لە پیشە و کارەکەی خۆی دەوترێت: شکار بەرچە ئەدۆزرێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/8/3 10:35:58 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 844

## شیاکەی تێهەڵسوو، بیکەرە گاگەل

https://www.kurdipedia.org/?q=20220513224842413871



شیاکەی تێهەڵسوو، بیکەرە گاگەڵ
لە هەولێری دەوترێت:ڕیخی لە قوێ بدە بیخە ناو گاڕانێ، شیاکە، ڕیخ: پیسی و پاشەڕۆی ڕەشوڵاغی مانگا و گایە، هەندێ لە مانگا و گایەکان ڕیخن و پیسن و بە داو تەشکەریاندا ڕیخ و شیاکە دێتەخوارە و ووشک دەبێتەوە، گاگەلیش واتە: گاڕان و گایەل و گاگەلە و ڕانەگا واتە: ڕانێک لە مانگا و گا و ئەوەی دەیان لەوەڕێنێت پێی دەوترێت: گاوان، تێهەڵسوو و تێسوون واتە: لێدانی ڕیخ بە سمتەجۆڵە و قوونەوە، ئە و تێهەڵسووونی شیاکە و خستنە ناو گاڕانەوە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی بێ عاقل و نەفام و گەوج و کەوەدەن و کاڵفام و نەزان و شێوە وڵاغی و وەکو ئاژەڵ بیر بکاتەوە بە قەشمەری و گاڵتە پێکردنەوە دەوترێت: شیاکەی تێهەڵسوو، بیکەرە گاگەل.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | □ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/13/5 10:48:42 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 845

**شیر مردەیە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220621204122419364



شیر مردەیە
شیر لەبەر ئەوەی خۆراکی سەرەکی ساوا و منداڵ و کۆرپەیە، چ لە مرۆڤ و چ لە ئاژەڵان، لەناو ئیدیۆمی کوردیدا زۆر ئاماژەی پێکراوە، وەک: ئە و شیرت لێ حەرام بێت، کێچی حەوت مەن شیر ئەدا، هەوێنی حەوت مەنجەڵەشیرانە، شوان مەیلی بێ لە گیسکە نێر شیر دەدۆشێت، شیربایی، شیر هەڵبزرکێت نەوعی هیچ شتێکی تر نییە، لە و ئیدیۆمەدا(شیر مردە) هەموو ئە و کار و بەرخ و کۆڵگ و بێچو و ساوایانە دەگرێتەوە دوای لە دایکبوونیان، دایکیان دەمرێت و بێ دایک گەورە دەبن، بەهۆی بێ خۆراکی و بێ شیری ڕەنگیان زەرد و لەش و لاریان لەڕ و باریک و لاوازە، ئینجا هاوشێوەی ئە و کۆرپە و بێچووانە ئەگەر کەسێک زۆر لەڕ و لاواز و کزۆڵ و باریکەڵە و ڕەنگ زەرد دەکەوێت پێی دەوترێت: دەڵێی شیر مردەیە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆیە

وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

□ سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | □ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/21/6 8:41:22 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 846

**شیر هەڵبزرکا لە هەموو شتێک خراپترە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170612230750140041



شیر هەڵبزرکا لە هەموو شتێک خراپترە
شیر یەکێک لە خۆراکە گرنگەکانی مرۆڤە، لەمناڵیەوە فرچکی پێوە گرتوە، دواتریش لەگەڵ ماڵیکردنی ئاژەڵە ماڵیەکان ئەو بایەخەی شیر هەیەتی تا هاتووە زیادیکردووە تا ئەمڕۆ، لەگەڵ گرنگیەکەشی خاوێنترین خواردنەوەی مرۆڤیشە، بەڵام کە هەڵبرکا و هەڵبزرکا وەک هیچ جۆرە خواردنەوەیەکی تر پیس نابێت، ئەم پەندە لە کوردەواریدا بەکار دەهێنرێت بۆ کەسێک کە زۆر باش بێت لەدەرفەتێک خراپ بێت وەک هیچ کەسێتر خراپ نابێت، یان خوێندەوارێک بەکۆڵێک بڕوانامەوە نەفام بێت، یان ئەوانەی لە پەرتوکە ئاسمانیەکان شارەزا بن و بگەنە حاڵەتی خوانەناسی پێیان دەوترێت شیر هەڵبزرکا لە هەموو شتێک خراپترە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ⚫ دیارینەکراو | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)

کاتی تۆمارکردن: 2017/12/6 11:07:50 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 847

**شیربایی خۆرە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220621122056419306



شیربایی خۆرە

لە کوردەواریدا کچان کە دەگەیشتنە تەمەنی بەشوودان، ئەگەر برا و باب و مام و خاڵ بۆ خۆیانیان بەشووبدایە دەوترا: ژنی بۆ برای کردووە یان باب و مام و خاڵی، هەندێکجار ژنە بەژنە و جارجارەش گەورە بەگچکەیان پێکراوە کە بن پشکیان پێ گووتوە، جاریش هەبووە چەند خوشکێک تاقە برایەکیان هەبووە، یان تەنها پیرە بابێکیان هەبووە، کە بەمێرد دراون لەباتی ئە و شیرەی دایکیان لەزاری ناون و پێی پەروەردە و گەورە کردوون برێک پارە وەرگیراوە چ بۆ باوکەکە یان بەناوی کورەکەوە وەرگیراوە، بە و برە پارە یان کەل و پەل و مەڕوماڵاتەی وەرگیراوە، بەبیانووی بەهای شیر پێدانی دایکی کچەکە، بە بەهای ئە و شیرەیان ئەژمارکردووە، دواتر گۆڕانی بەسەرداهاتووە و بووە بەشیربایی: شیر+بەهای، شیری دایک لە کوردەواریدا زۆر جێگەی بایەخ و پیاهەڵدان بووە دایک لەکاتی تورەبووندا وەک توک و نزا بەکاریهێناوە: ئە و شیرەت لێ حەرام بێت، یان وتراوە: فلانە کەس شیری پاکە، یان فرچکی بەحەرام گرتووە و....تاد، دوای پێشکەوتنی کۆمەڵگا و دوورکەوتنەوەی ڕێژەیی، لە و کلتور و نەریتەی وەرگرتنی شیربایی، ئە و باوک و برایانەی کە لەکاتی بەشودانی کچ و خوشکەکانیان شیرباییان وەرگرتووە، بەچاوێکی بێ ڕێزەوە سەیردەکران و وادەهاتە بەرچاویان ئەوان مامەڵەی بەکچ و خوشکیان دەکەن، بەتەوس و سوک سەیرکردنەوە پێان دەوترا: شیربایی خۆرن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ کۆیە

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)

کاتی تۆمارکردن: PM 12:20:56 2022/21/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 848
## شیری سەگی خواردووە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220126115805402828



شیری سەگی خواردووە
سەگی هەش بەسەر یەکجار لە کوردەواریدا ستایشی کراوە ئەویش تەنها بە قسە نەوەکو ئیدیۆم کە دەوترێت: ئاژەڵێکی بە ئەمەکە بۆ خاوەنەکەی، بەڵام هەرچی ئیدیۆمی کوردانە لەسەر سەگ لایەنی خراپی سەگی وەرگرتووە وەکو:(سەی نان بدە، سپڵەی نان مەدە و سەش بەژنان ناوەڕێت، سەگی لە سەگە، دەڵێی سەگی هاوشارە، سەگی هەڵەوەڕە، سەگی هار تەمەنی چل ڕۆژە، سەگی پێ سوتاوە، بەخوا سەیە)، جگە لەمە ناوی سەگ لە زۆربەی جنێوەکانی مرۆڤ ناوی بەخراپە دەهێنرێت و وتراوە: سەگی سەگباب، سەگباب، سەی لەسە، هەڵبەت لە و ئیدیۆمەش هەر بەخراپە ناوی سەگ وەرگیراوە، سەگ کە خۆی ئاژەڵێکی گلاو بێت، دەبێت شیرەکەی چۆن بێت بۆیە کورد بەتەوسەوە بەکەسێک دەڵێت(شیری سەگی خواردووە) واتە فرچکی بەکاری پیس و خراپەوە گرتووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 11:58:05 2022/26/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 849
## شین و شایی دەستەوایی
https://www.kurdipedia.org/?q=20220513201757413846



شین و شایی دەستەوایی
شین: شیوەن و ناڵە و زاری و ڕۆڕۆ و شین و شەپۆرە، کە گریانێکی بە کوڵ و گابۆرە و لە خۆدانیشی تێدایە بۆ مردوو، لەگەڵ ڕەش و شین پۆشینی کەسە نزیکەکانی کۆچکردووەکە، شایی: ئاهەنگ و زەماوەند و هەڵپەڕکێ و کۆڕی بەزم و ڕەزم و گۆرانیی و شایی لۆغانە چ بۆ ژنهێنان یان خەتەنە سووران یان شەکراو خواردنەوە ، دەستەوایی: دەستگرۆیی و دەستەبەری و هاوکاری و بەسەریەکەوەچوونی مرۆڤ بۆ هەرەوەزی و پێکەوەژیان و تەبایی و...تاد، لە هەردوو حاڵەت مرۆڤ بەدەم یەکەوە دەچن، چ بۆ بەدواداچوونی جەنازەکە بۆ سەر قەبران و نوێژ لەسەرکردن و ناشتنی و بەشداری خەم و پەژارە و پرسەکە، یان بۆ بەشداری لە خۆشی و هەڵپەڕکێ و زەماوەند، بەشداری شین و شایی بە قەرز دادەنرێن و پێویستە ئە و قەرزانە بدرێنەوە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ هاندان و ڕێنوێنی کردنی مرۆڤ بۆ بەشداری کردن لە پرسە و هەڵپەڕکێ، خۆشی و ناخۆشی یەکتردا وەکو قەرز سەیرکراوە و

پێویستە بەرامبەر بکرێنەوە و لەکاتی خۆیدا بدرێتەوە بۆیە وتراوە: شین و شایی دەستەوایی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2022/13/5 8:17:57 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 850
## شینی حەسەن و حوسێنی لۆ هەریسەکەیە
[825220647387186https://www.kurdipedia.org/?q=20200](https://www.kurdipedia.org/?q=20200825220647387186)



شینی حەسەن و حوسێنی لۆ هەریسەکەیە.
حەسەن و حوسێن کوڕی جێنشینی چوارەمی موسلمانان و کچەزای پەیامبەری ئیسلامن و نەوەی ئالی بەیت ئەژماردەکرێن، ئەمانە بە ناحەق شەهیدکراوون، موسلمانانی هەموو دونیا بۆیان بەداخن و ساڵانە لە عاشورادا یادی شەهیدبوونیان دەکەنەوە و لەیادکردنەوەکەدا چێشتی دانەوێڵەیی(هەریسە) کە تێکەڵەیەکە لە (گەنم و گۆشت و دۆ) ئامادە دەکرێت وئامادەبووان و پرسەگێڕان و ماتەمینداران، ئەوە حاڵەتە ڕاستەقینەکەیە، ئەوەی کردویەتییە ئیدیۆم هەریسە خواردنەکەیە، چونکە ئاپۆڕای خەڵکی لەدوای مەراسیمی پرسەکە زۆر هیلاک و ماندوون و زۆر باشە دادەڕسێنە سەر هەریسەکە و تێروپڕی لێ دەخۆن، بۆیە هەریسە خواردنەکە کاریگەری لەسەر شینەکە دروستکردووە، لەپرسەی کوردەواریش پڵاو و گۆشتێکی باش ئامادە دەکرێت، هەر بۆیە بەتەوەسەوە دەوترێت(شینی حەسەن و حوسێنی لۆ هەریسەکەیە). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2020/25/8 10:06:47 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 851

## شینیکە شینیکە ئێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20220725225403424774



شینیکە شینیکە ئێ
پیاوێکی هەژار و کاسبی یەکێک لە لادێکانی کۆیە، هەموو جارێ کە کچە کەیبانووەکەی مامۆستاوی کردووە، بەدیارییەوە وەستاوە و لەکاتی ئاو تێکردندا، بەکچەکەی ووتووە: شینیکە شینیکە ئێ، ماست دوای ئەوەی تێک وەردەدرێت تاوەکو پرتک پرتکی نەمێنێت و تەواو ببێتە شلەیەکی لینجاو، ئینجا ئاوی تێدەکرێت، بەڵام ئەگەر رێژەی ئاوەکە زۆر بێت، ئەوا رەنگی سپێتی ماستەکە ووردە ووردە نامێنێت و دەبێتە(شیناو) و رەنگی ئاوەکە زیاتر دەردەکەوێت و تامی ماستەکە لە ئاوەکە نزیک دەبێتەوە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و ئەگەر خواردنەوەیەک یان بەرهەمێک یان رزقێک یان چێشتێک بەشی تەواوی ئەندامانی خێزانێک یان کۆمەڵە کەسێک نەکات ئەوا شین دەکرێت و رێژەی ئاوی زۆر تێدەکرێت تاوەکو هەر یەکە و هەندێکی بەر بکەوێت و لەم حاڵەتە بیر لەتام و بۆی خواردن و خواردنەوەکە ناکرێت بەڵکو تەنها بیر لەوە دەکرێتەوە کە بەشی هەموو لایەک بکات بەم حاڵەتەش دەوترێت: شینیکە شینیکە ئێ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆیە

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/25/7 10:54:03 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 852

## شێتی عاقر گێ یە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200902005209387398



شێتی عاقر گێ یە.
شێت، هەندێ کەس پێیان وایە ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ لایەنگرانی پێغەمبەر(شیث، شیت) گوایە ئەمانە باری دەرونیان تێکچووە، چونکە باسی شتی نەبینراو و هەست پێ نەکراو دەکەن، ئەمە لەلایەک لەلایەکیتریشەوە شێت هەموو ئەوانەی چ لە زگماکەوە یان بەهۆی بارێکی لەناکاو و نەخوازراوەوە توش بوون، باری دەروونیان تێک دەچێت، ئینجا هەندێک کەس بۆ ئامانجێک و مەبەستێک خۆیان شێت دەکەن، بە و جۆرە شێتانە لە ئیدیۆمی کوردەواری دەوترێت(شێتی عاقڵ گێ یە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📂 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/2/9 12:52:09 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 853

## شێخ بە گوێز و هەنگوینی شوکرە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220226203947406387



شێخ بە گوێز و هەنگوینی شوکرە
لە پەنای ئایینەکاندا بەناوی پەرستش و خوداناسیەوە خەڵکانێکی زۆر، بەرماڵ دەکەنە کۆڵیان و بەگوێرەی ڕێوڕەسمەکان خۆنواندنی جۆراوجۆر و سەیر و سەمەرە دەکەن، لەوڵاتی کوردەواری خۆشمان پیر و سەید و شێخ و مەلا نازونوزییان لەسەر خەڵکی ڕەمەکی و ڕەشۆکی هەبووە و هەیە، دەگێڕنەوە: دەڵێن شێخێک لە شەوانی درەنگ دەبێتە مێوانی ماڵە جوتیارێک، بە خاوەن ماڵ دەڵێت: خۆتان سەغڵەت مەکەن بۆ شێخ بە و درەنگانی شەوە، گوێز و هەنگوین بەسە و پێی شوکرم، هەڵبەت بەدرەنگانی شەو، مریشک و ئاژەڵ سەربڕین پێ ڕاناگات، بەڵام ئامادەکردنی گوێز و هەنگوین ئەگەر هەبێت بۆ کەیبانوو زۆر ئاسانە، بەڵام هەردوو خواردنەکە گران بەها و دەگمەنن و لە هەموو ماڵێکدا دەست ناکەون، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بە گاڵتە و تەوسەوە بە کەسێکی زۆرزان و خوازۆک و نازینۆک و نەوسن دەوترێت: کە داوایەکی گەورە بکات و بە پێ بایەخیشەوە سەیری بکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📂 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/26/2 8:39:47 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 854

## شێر ئەگەر پیر بێت، مێش لە(گەڵ و گون)ی دەئاڵێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20220617222315418977



شێر ئەگەر پیر بێت، مێش لە(گەڵ و گون)ی دەئاڵێت
وتراویشە: گورگ پیر بوو دەبێتە مەخسەرەی سەیان، مەخسەرە واتە گاڵتەجارِ، لە
ڕوویەکیتریشەوە دەوترێت: پیری و هەزار عەیب، هەڵبەت شێر کە لە و ئیدیۆمەدا وەک
نمونە هێنراوەتەوە چونکە پاشای دارستانە، هێمای هێز و دەسەڵاتە، بەڵام ئەو قەڵەمرەوییە
کاتییە و ڕۆژێک دادێت بەرە و نەمان و کزبوون و لاوازبوون و کۆتایی دەچێت، مێش:
زیندەوەرێکی بچووکە وەک هێمای لاوازی و بێ دەسەڵاتی لە و ئیدیۆمەدا هاتووە، بەرامبەر
درندەیی و گەورەیی و زەبەلاحی شێر بەکارهێنراوە، مێش ئەوەندە بێ دەسەڵاتە بەڵام کە شێر
پیربوو دەبێتە گاڵتەجارِ و مەخسەرەی مێشان و مێشە گزگزە بە ئارەزووی خۆی لەسەر گەڵ
و گونی دەنیشن و بێ باکانە خوێنی گونی دەمژن، ئە و واقیعە وەکو ڕێنمایی و ئامۆژگاری بۆ
مرۆڤەکان کراوە بە ئیدیۆم و بۆ فەنابوون و کاتی قودرەت و دەسەڵات وتراوە: شێر ئەگەر پیر
بێت، مێش لە(گەڵ و گون)ی دەئاڵێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/17/6 10:23:15 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 855

## شێر بەنانە ڕەقە بەخێوناکرێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20200825215720387182



شێر بەنانە ڕەقە بەخێوناکرێت.
شێر ئاژەڵێکی درندەیە و بەپادشای دارستان بەناوبانگە، گۆشتخۆرە و حەزی لە گۆشتی
ئاژەڵەکانی وەک(کەرەکێوی و گامێش و مامز و بەراز و زەرافە)یە، لەرۆژێکی ئاساییدا پێویستی
بە(7)کیلۆ گۆشت هەیە و ئەگەر نێچیریشی هەبێت تاوەکو(50)کیلۆش دەتوانێت بخوات،
ئەوە خۆراکی شێر بێت ناکرێت بەنانەڕەقەی بەخێوبکرێت، بۆیە کورد کردویەتی بە ئیدیۆم و
بەتەوسەوە بەخاوەن و سەرداری ڕەزیل و کەم توانا دەوترێت(شێر بەنانە ڕەقە بەخێو
ناکرێت)، پێشمەرگەکانی کورد لەباشوری کوردستاندا لەسایەی دەسەلاتی
خۆماڵییەوە(حکومەتی هەرێم)، ئە و ئیدیۆمە پڕ بە پێستە کاتێک بە دوو مانگ جارێک
موچەیان پێ دەدرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/25/8 9:57:20 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 856
**شێر لە بێشان خلاس نابن**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220325190526409066



شێر لە بێشان خلاس نابن
بێشە یان بێشەڵان، زەمەند و لێڕەوار و جەنگەڵە، لانەی شێرانە، لێرەدا بووە بە میتافۆر و مەبەستە سەرەکیەی(بێشان) ئاگردانە، وەجاغ و ئاگری ئاگردانی خانەوادەیەکی خانەدان و قۆناغ و سەخی و نانبدە و جوامێر و مێرخاسە، واتە ئاگردانی بنەماڵەی ناودار بێ کەڵەپیاو و وەچەی پیاوانە نابێت، بۆ ئەو حاڵەتە لە کوردەواریدا ووتراوە: شێر لە بێشان خلاس نابن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/25/3 7:05:26 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 857
**شێر لەهەرکوێ بێت چنگی خۆی پێیە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190106091449184610



شێر لەهەرکوێ بێت چنگی خۆی پێیە
شێر بە سەرۆکی دارستان دانراوە و هەموو لایەک پێی ڕەزامەندبوون بە باشی و بەخراپیەوە، شێریش لە و ئاژەڵە چرنۆکدارە درندانەیە کە بەکەڵبە و چرنۆک چەکدارە و بۆ هەر کوێیەک بڕوات ئە و دوو چەکەی پێ یە و هەمیشە فیشەک و چەکی سوارە، ئینجا ئەم حاڵەتەی شێر بۆ پیاوێکی ئازا و چاونەترس و قارەمانیش بەکاردێت کە هەمیشە لە ئامادەباشیدایە و پێویست ناکات دڵت پێوەی بێت چونکە ئە و شێوێنراوە بەشێر، بۆیە بەکەسی بەدەست وبرد و گورجوگۆڵ دەوترێت لێی مەترسە(شێر لە هەرکوێ بێت چنگی خۆی پێ یە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:14:49 2019/6/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 858

**شێر هەر شێرا، چ ژنە چ مێرا، شێر لە بێشە هاتەدەر چ نێرە چ مێیە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170611095046139968



لە کرمانجی خواروو و کرمانجی سەروودا ئەم دوو پەندە وەک یەک ناوەرۆک بە کاردەهێنرێن بۆ ستایش و پیاهەڵدانی مێخاس بەهەمان شێوەی مێرخاس، واتە کورد لە بنەڕەتدا جیاکاری ڕەگەزی نەبووە، هەڵبەت ئەمەش جێماوی میللەت و خەڵکە، مانای تەواوی پەندەکە لە کرمانجی سەروودا راستەوخۆ دەڵێت: ژن یا پیاو ئەوەی شێر بێت هەر شێرە هەر بۆیەش لە مێژووی کوردا چەندین شێرەژن هەڵکەوتوون، لە کرمانجی خوارووشدا وتراوە: ئەوەی لەتوخمی شێر بێت و لە لانەی شێرەوە بێتە دەرەوە هیچ بە چاوی نێر یان مێ لێی مەڕوانن چونکە شێرە، واتە مێیایەتی و نێرایەتی هیچ لەناوی شێرەکە کەم ناکاتەوە، نێر یان مێ-ش کار لە مرۆڤ بوون و یەکسانی نێوان ژن و پیاوی کورد ناکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] ● دیارینەکراو | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:50:46 2017/11/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 859

**شێلم تەنکتر، عەزابی کەمتر**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200830142958387286



شێلم تەنکتر، عەزابی کەمتر
شێلم بەرووبومێکە پایزان دەچێنرێت و زستانیش پێ دەگات و تا نزیکەی بەهار گوڵ دەکات و وورده وورده قەپ دەبێت و سەردەمی بەسەر دەچێت و تۆ و دەکات، بۆ ماوەیەک دەبێتە یەکێک لەخۆراکە گرنگەکان وەک: ترخێنە وتەڕەساز و هەویرترش وترشیاتی سور و زەرد و لەهەندێک ناوچەش دەکرێتە شلە، بەڵام دیارترینیان شێلم بەدۆشاوە، کە لەشەوی زستان و سەرماوسۆڵەی ناو بازاڕدا هەڵمێکی جوانی لێ هەڵدەستێت و کڕیارێکی زۆر و داواکارییەکی باشی لەسەرە، شێلم فرۆشەکان لە وەرزی زستان باش بایەخی پێ دەدەن و پیشەی سەرەکیان دەبێت و خێزانەکانیش لەماڵەوە، شێلمەکان قاش قاش دەکەن و دەیخەنە ناو مەنجەڵ و دەیخەنە سەر ئاگر، ئینجا ئە و قاشە شێڵمەی تەنکتر ئامادەکرابێت و ئەستور نەبێت زووتر و جوانتر دەکوڵێت، ئەمە بووە بە ئیدیۆم بۆ هەر کارێک کەرێگەی ئاسانتر بۆئەنجامدانی هەبێت دەوترێت(شێلم تەنکتر، عەزابی کەمتر).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/30/8 2:29:58 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 860

## شێڵم تەنکتر عەزابی کەمتر

https://www.kurdipedia.org/?q=20181217064640181614



شێڵم تەنکتر عەزابی کەمتر
شێڵم سەوزەیەکی زستانەیە مرۆڤ لە کوردستان لەسەردەمانێکی زووە وە دەیچێنێت و گەڵاکەیی و سەڵکەکەی بۆ جۆراوجۆری خواردنەوە و خواردن بەکاردێنێت وەک(تەرەساز و شێڵم بە دۆشاو)، لەکاتی چاندندا ئەگەر تۆوەکەی تەنک بوەشێنرێت واتا(بۆڕ و پڕ) تۆو نەدرێت ئەوا کەشین بوو(ڕوا) پێویست بە تەنککردنی ناکات و سەڵکی هەر بنەشێڵم-ێکیش زۆر گەورە دەبێت، بۆیە وتراوە شێڵم تەنکتر عەزابی کەمتر واتە هەرشتێک پێشتر خەمی لێ بخۆیت و بیری لێ بکەیتەوە کەهاتە بەرهەم هەم باشتر هەم پێ کێشەتر دەبێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 6:46:40 2018/17/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 861
## شەرعی مار بەدار
https://www.kurdipedia.org/?q=20170429080041139403



شەرعی مار بەدار
پەندێکە لە کوردەواریدا بەکار دەهێنرێت بۆ ناحەز و دوژمن و فێڵباز و تەلەکەباز کەتەنها کار بەیاسای خۆیان دەکەن و یاسا و کلتور و نەریتی ئەوانیتر پێشێل دەکەن، ماریش ئە و زیندەوەرە ژەهراویەیە سنوری ببەزێنی، بێ سێ و دوو ژەهری خۆی پێتا بەتاڵ دەکاتەوە واتە هیچ بنەمایەک ناهێڵێتەوە بۆ دانوستاندن و گفتوگۆ، هەڵبەت ئەمە هەندێ مرۆڤیش دەگرێتەوە کە خاسیەتی مار-یان لە ناخدایە، بۆیە وتراوە شەرعی مار بەدار.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:00:41 2017/29/4
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 862
## شەریک و خەریک
https://www.kurdipedia.org/?q=20171126095913143326

شەریک وخەریک
دوو مرۆڤ بەیەکەوە لە کارێک خەریک بن و هاوبەشی یەکتر بن باشتر یەکتر دەناسن و دەتوانن بە تەواوەتی و لە هەموو ڕوویەکەوە شارەزای یەکتری ببن، ئینجا ئە و ئیدیۆمە لەوەهاتووە مرۆڤ ناتوانێت یەکتر بناسێت تا کار و گوزەرانی هاوبەش و پێکەوە ژیانیان نەبێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:59:13 2017/26/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 863

**شەریکی دز و ڕەفیقی کاروانە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171115082212143186

شەریکی دز و ڕەفیقی کاروانە
لە کۆندا دز دەچوونە سەر ڕێی کاروان و کاروانچیانیان ڕووت دەکردەوە و تاڵانیان دەکردن و هەرچی لە ناو بارەکانیاندا هەبوایە دەیانبرد و هەندێجاریش جل وبەرگیشیان لەبەری کاروانچیەکان دادەکەند، لەناو کۆمەڵگاش دزەکان دیاربوون و دەزانران کێن بەڵام هەندێ کەسیتر هەبوون هاوبەشی(شەریک) دزەکان بوون و دۆست و هاوڕێی(ڕەفیق) کاروانچیەکانیش بوون نەدەزانرا ئەمانە کێن، ئەمانە بەهۆی دۆستایەتیان لەگەڵ کاروانچیەکان وادەی بەڕێکەوتنی کاروانیان دەزانی و بەهۆی هاوبەشیشان لەگەڵ دزەکانەوە ئاگاداریان دەکردنەوە کە کاروانەکە بەڕێکەوتووە، بەمەش دزەکان لەکات و ساتی خۆیدا دەگەیشتنە سەر کاروانەکە و تاڵانیان دەکرد ئینجا ئەم ئیدیۆمە لە کوردەواریدا بە و کەسانە دەوترێت کە لەلایەکەوە هاوڕێی گەڵ و هاوڵاتی و خەڵک و پیشەوەر و جوتیار و کاسبکاران بن و لەلایەکیتریشەوە هاوبەشی گەندەڵکار و دز و ڕێگران بن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:22:12 2017/15/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 864

**شەریک ئەگەر باش بوایە، خوداش شەریکی ئەگرت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220617232155418985



شەریک ئەگەر باش بوایە، خوداش شەریکی ئەگرت
کورد زۆر ئەزموونی هەیە لەگەڵ کاری هاوبەشی و(شەریکایەتی) کە زیانی لێکردووە بۆیە لە زۆر پەند و ئیدیۆمدا بەکاریهێناوە وەک: کەری شەریکی گورگ دەیخوات، ژنت شەریک بێت ماڵت شەریک نەبێت، ئە و دوور کەوتنەوە لە شەریکیەی ئەوەندە جەخت لێکردۆتەوە کار گەیشتۆتە ئەوەی گەورەیی خودای تاقانە بکاتە نموونە، خودای باڵادەست و بەتوانا ئەگەر شەریکی پێ باش بووایە ئەوا شەریکی ئەگرت، بۆیە هاوبەشی پەیدا کردن بۆ خودای گەورە هیچ جۆرە لێ بوردنێکی نییە، کەواتە بۆ دڵنیابوونەوە لە خراپی مامەڵەی شەریکی و هاوبەشی کورد دەڵێت: شەریک ئەگەر باش بوایە، خوداش شەریکی ئەگرت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] ҝ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()

کاتی تۆمارکردن: 2022/17/6 11:21:55 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 865

## شەریکی قەلێ دەم بەگووە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220314195227408304



شەریکی قەلێ دەم بەگووە
قەل وتویەتی: بێچوم بوو بە دوو، تێرم نەخوارد لە گوو ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو کە باڵندەی قەل لە سەر کەلاک و گیفۆک و زبڵدان و پاشماوەکاندا قوت و خۆراکی خۆی پەیدا دەکات، هەڵبەت ئە و شوێنانەی خۆڵ و خاشاک، پریەتی لە پاشەڕۆ چ لەسەر زبڵدانەکان چ ناو هەناوی کەلاک و لاشەکەوتووەکان، ئینجا ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ حاڵەتی هاوبەشیکردن و هاوڕێیەتی و برادەرایەتی بەکاردەهێنرێت ئەگەر برادەر و هاوەڵەکەت باش بێت ئەوا تۆش کەسێکی باشی، ئەگەر ولاش و هاوەڵ و هاوڕێ و دۆست و برادەرەکەشت کەسێکی خراپ بێت ئەوا تۆش وەکو ئە و بەخراپ سەیردەکرێیت، بۆیە کورد گوتویەتی: شەریکی قەلێ دەم بە گووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] ҝ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()

کاتی تۆمارکردن: PM 7:52:27 2022/14/3

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 866

## شەق دەزانێ قۆناغ لە کوێیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200906005811387562



شەق دەزانێ قۆناغ لە کوێیە.
تێهەڵدان بە پێ لەقە و شەق لەکۆنەوە ستەمکاران پەیڕەوییان لێ کردووە، پیاوانی دەرەبەگ بەردەدرانە گیانی کورەجوتیارێک بەشەق و تێلا پەیامی ئاغا و دەرەبەگیان پێ دەگەیاند، هەندێجار ئە و حاڵەتە بەتەواوەتی کاری خۆی کردووە و خەڵک و ڕەعیەتی مێ کردووە و کەس نوقەی لێوە نەهاتووە، زۆرجار وابووە کە قسەی خۆش و ڕێزگرتن و گوێگرتن لەکەسی بەرامبەر هیچ سوودێکی نەگەیاندووە ناچار زمانی زبر و شەڕ و چاوسوور کردنەوە شوێنی گرتۆتەوە و کاریگەری و کاری خۆی کردووە بۆ ڕاییکردنی کارێک یان هەر کەسە و شوێن و مەقام و قۆناغی خۆی زانییوە و کڕەی نەکردووە و لەشوێنی خۆی بێ دەنگ بووە، بۆ یە بە ئیدیۆم و پەلارو توانجەوە ووتراوە(شەق دەزانێت قۆناغ لە کوێیە). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 12:58:11 2020/6/9

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 867

## شەقێکی لە قنگیدا

https://www.kurdipedia.org/?q=20171115082038143185

شەقێکی لە قنگیدا
ئەگەر کەسێک بۆ هەر مەرامێک کارێک بۆ سەرکارەکەی یان ئاغاکەی یان کێخواکەی یان براگەورەکەی بکات و تاڕادەیەکیش بەڵێنی لەگەورەکەی وەرگرتبێ کە دوای ڕاپەڕاندنی کارەکە یان ئەرکەکە ئەوەی دەوێت بۆی جێبەجێ دەکات، دواتریش دەرکەوێت هەر بەقسەی خۆش و زمان لوسی بۆ لە خشتەبردنی ئە و بەڵێنانەی پێداوە و دوای ئەنجامدانی کارەکە فەرامۆش و بەرەڵای بکات دەوترێت دوای تەواوکردنی کارەکە(شەقێکی لە قونیدا) واتە تەواو لە خشتەی برد و وێڵی کرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: AM 8:20:38 2017/15/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 868

## شەو قەڵای مێردانە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200906131305387576



شەو قەڵای مێردانە.
قەڵا، سەنگەر ومەتریز و شوێنکی بەرزە مرۆڤ دەپارێزێت لەپەلاماری نەیار و دوژمن و داگیرکەران، لەکۆنەوە یەکێک بووە لە ژێرخانی پاشا و میر و ئیمپراتۆرەکان و شانازیان بەزۆری قەڵاکانیانەوە کردووە، قەڵاکان مرۆڤەکانیان داپۆشیووە بەداخستنی دەرگاکانیان کەس نەیزانیووە ئە و قەڵایە توانامرۆییەکان و ئابوری و سەربازییەکانی چەندە؟ بۆیە هەردەم جێی ترس و دڵە ڕاوکێی دوژمن بووە و ئەژماری بۆ کراوە، شەویش لەبەر تاریکی و نادیاری و مەحوی شاعیر بە(سەتری گوناحکاران)ی داناوە، بۆیە کوردیش بە شورە و قەڵایەکی سەختی داناوە بۆ ئە و مرۆڤەی تۆڵەی خۆی بکاتەوە یان بیەوێت چالاکیەکی پێشمەرگانە یان حەمەدۆکیانە بکات، بۆکەسێکی دەست وەشێن و چوست و چالاک دەوترێت شە و قەڵای مێردانە واتە دەتوانێت ئەوەی بیەوێت تێیدا ئەنجامی بدات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: PM 1:13:05 2020/6/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 869

## شەڕ بەتیران، نەک بە تران

https://www.kurdipedia.org/?q=20220314194542408303



شەڕ بەتیران، نەک بە تڕان
وتراویشە: حەمام بە تڕان گەرم نابێ، بەکەسێکی تیابەستە نەبووش دەوترێت: فسکەن یان تڕکەن، هەڵبەت تڕکەن و تڕاندن و تڕۆکردن و قوچاندن و هاوشێوەکانی گوزارشتە لە بەزین و بێ دەسەڵاتی و ڕاکردن و بەجێهێشتنی بەرەکانی جەنگ و شک نەبردنی بنەما و خەسڵەتەکانی ڕووبەڕوو بونەوە، چونکە ئەگەر یەک کەرەسەی شەڕی خراپیش هەبێت ئەوا وتراوە: چەکی خراپ دوو کەس لێی دەترسێت، یەک دوژمن حسابی بۆ دەکات، دوو خاوەن چەک دەڵێت: خوایە دەبێت فیشەک بتەقێنێت، ئە و حاڵەتە بووە بە و ئیدیۆمە جوانە و کورد دەڵێت: شەڕ بەتیران نەک بە تڕان واتە: شەڕ بە شیر مامرەت بەدراو. [1]

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 7:45:42 2022/14/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 870
## شەڕ لە بادینان تۆز لە دەرگایماڵێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20170923154852142702
شەڕ لە بادینان تۆز لەدەرگای ماڵێ
لە کوردەواریدا ئەگەر شتێک پەیوەندی بەخۆتەوە نەبوو، مشت ومڕ و گفتۆگۆی جەلەحانێی لەسەر بکرێت و بگاتە حاڵەتی تورە بوون دەوترێت شەڕ لەبادینان تۆز لەدەرگای ماڵێ.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 3:48:52 2017/23/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 871
## شەڕ لەشۆ نەک لەتۆ
https://www.kurdipedia.org/?q=20170427100839139381



شەڕ لەشۆ نەک لەتۆ
ئە و پەندە جوتیارانی کورد بەکاری دەهێنن، ئەمڕۆ بەشێوە زانستیەکیەی لە ناوچەکانی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست بۆ کشتیاری پێی دەوترێت(کشتوکاڵی وشک)، جوتیار دوای بارانی پەڵە هەڵدەستێت بە کێڵانی پەرێزەکان واتە قۆناغی یەکەمی(شۆبڕین) دەست پێدەکات و دوای ئەوەی بارانی زستان تێر ئاوی دەکات و گژوگیای نێو زەوییە کێڵراوەکە دەروێت، ئینجا لەسەرەتایی بەهار جارێکیتر دەیکێڵێتەوە واتە(وەردی دەداتەوە)،لەم قۆناغەدا بەزەوییەکە دەوترێت(وشکە وەرد) لەپەیایزی داهاتوو پێش بارانی پەڵە تۆی دەکات، بەمەش بەرهەمە چێنراوەکە لەدانەوێڵەکانی گەنم وجۆ بەرهەمێکی باش دەدات و خاوەنکەی نا ئومێد ناکات بۆیە وتراویشە(وشکە وەرد، پیاو ناکا نا مەرد)[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 10:08:39 2017/27/4

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 872

## شەڕ و تر بەدەست خۆت نی یە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171109081220143113

شەڕ و تر بە دەست خۆتەوە نیە
شەڕ هەندێکجار بەرۆکت دەگرێت و ناتوانی خۆتی لێ دەرباز بکەیت وەک تەشقەڵە پێکردنی زۆر و هاتنی سوپای داگیرکەر، ترِیش با و بڕی ناو ریخۆڵەیە و دەرچەیەکی باشیشی هەیە ئینجا ئە و با و بڕە بەیەک جولەی ئاسایی بەدەنگ-ەوە بێ خواستی خاوەنکەی ڕێچکەی خۆی دەکاتەوە، ئەم دەربڕە لە کاتێکدا بەکاردەهێنرێت کە مرۆڤ دووچاری کارێکی ناهەموار و نائاسایی دەبێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی


کاتی تۆمارکردن: AM 8:12:20 2017/9/11

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 873
**شەڕی خۆ ترێن**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170803082645141756
شەڕی خۆ ترێن
ئیدیۆمێکە بەکار دێت بۆ شەڕێک کە پێش وەختە بزانیت سەرکەوتوو نابیت بەڵام سوریشی لەسەر ئەنجامدانی و خۆتی لێ نادزیتەوە یان ڕێگەی پاشگەزبوونەوە و پاشەکشە ناگریتە بەر، بۆ نمونە کەسێک لەگەڵ چەند کەسێک بکەوێتە دەمەقاڵێەکی توند تا ئاستی پێکدادان، یان چەند چەک بەدەستێک بەرامبەر سوپایەکی ژمارە زۆر شەڕ بکەن و تاد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/3/8 8:26:45 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 874
**شەیتان ئاوس دەکات**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220325185724409062

شەیتان ئاوس دەکات
ئەهریمەن و شەیتان، بە فێڵباز و تەڵەکەباز و مرۆڤ لە خشتەبەر دادەنرێت لە هەموو ئایینە ئاسمانی و سەرزەوییەکاندا ئەوە باسکراوە، یەکێک لەڕێگاکانی فێڵبازیش دەوترێت: ئەوەندەی بردێ، یان فلانە کەس فلانە کەسی گا، تا بنی برد، بۆی داگرت هەموو ئەو کردارانەش(سکپڕی و ئاوس) بوونی بەدوای خۆیدا هێناوە لە بارودۆخە سروشتیەکەدا، بۆیە ئە و بارە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی زۆرزان و ساختەچی و کلاوچی و فێڵباز دەوترێت: شەیتان ئاوس دەکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/25/3 6:57:24 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 875

## شەیتان میزی بەدەم وچاوی داکردیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200915161825387965



شەیتان میزی بەدەم وچاوی داکردیە
ئەم ئیدیۆمە لەکوردەواریدا بۆ گاڵتە و قۆشمە و خۆشی و شێوازێکی توخمیانەی وەرگرتووە بۆ ژنان بەکاردەهێنرێت بەتایبەت ئە و ژنانەی بەهەر هۆکارێک بێت هاوژینەکەیان نەماوە واتە بێ هاوژین وبێ وەژنن، شەیتان کە پێچەوانەی چاکەکاری و خێرە و لەئاینی ئیسلامدا بەناو دەمارەکانی خوێنی مرۆڤدا گوزەر دەکات و هێمای شەڕانگێزی و نەفرەتە بۆ سەرنج ڕاکێشانی پیاوان و ڕەگەزی نێرینە، ئە و ژنەی بێ هاوژینە و بێوەژنە میز بەڕووی دادەکات بۆ ئەوەی جوان و شیرن وپڕفرۆش بێت و ببێتە مایەی نەزەری حەرام و سەرنجی ناشەرعی پیاوان ئەمە وایکردووە بە خەندینەوە بوترێت(شەیتان میزی بەدەم وچاوی داکردیە). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/15/9 4:18:25 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 876

## عومری پیرە مەڕێکی ماوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220428220800411722



عومری پیرە مەڕێکی ماوە
مەڕ، ئاژەڵێکیماڵیە و مرۆڤ لە دێر زەمانەوە هەزاران ساڵ بەر لەزایینەوە لە گوندی چەرمۆی چەمچەماڵ ماڵیکردووە، یەکێکە لە و ئاژەڵانەی کەتەمەنی کورتە و هەتا دە ساڵان دەژیێت، کەواتە پیرەمەڕ ئە و مەڕە دەگرێتەوە کە لەسەرووی شەش ساڵیەوە بۆ دە ساڵی بێت، ئە و عومر کورتیەی مەڕ کراوە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی بەتەمەن و بەساڵاچوو دەوترێت کە لە ڕۆخی قەبر بێت و ژیانێکی زۆری گوزەراند بێت، عەبدولستار تاهیر شەریف بەر لە تیرۆرکردنی لە چاوپێکەوتنێکدا ووتی: لە چی بترسم عومری پیرە مەڕێکم ماوە با بمکوژن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/28/4 10:08:00 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 877
## عومری پیرە مەڕێکی ماوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20200927210431388333



عومری پیرە مەڕێکی ماوە.
بەرخەمێ تەمەنی لەساڵێک کەمترە و دوای ساڵێک دەبێتە(کاورەمێ) و دووساڵان دەبێتە(بەردیل) دەوترێت(کچێکی هێندە باشە سەد بەردیلی دەهێنێت) ساڵی سێیەمی تەمەنی دەبێتە(مەڕ) و(مەڕی یەک بەرخ و دوو بەرخ و سێ بەرخ) دواتر لە حەوت ساڵیەوە دەبێتە(قەیرە و یەک قەیرە و دوو قەیرە و..تاد) مەڕ بەشێوەیەکی گشتی تەمەنی لەنێوان(7-13)ساڵانە، پیرە مەڕ لە تەمەنی(7)ساڵیەوە دەست پێ دەکات بەتەمەنترینیان لە(13)ساڵی کۆتایی دێت، لەکوردەواریدا کراوە بە ئیدیۆم گوزارشتە لە بەساڵاچوون و وتراویشە(سەری لە گێی قەبران دەلەرزێ)یان ئەوانەی بەتەمەنن ئە و ئیدیۆمەی زۆر بەکاردەهێنن عەبدولستار تاهیر شەریف لەدوا چاوپێکەوتنیدا ئە و ئیدیۆمەی بەکارهێناو وتی لەچی بترسم بابمکوژن عومری پیرە مەڕێکم ماوە و دواتریش تیرۆرکرا، بەهەرکەسێک بوترێت عومری پیرە مەڕێکی ماوە، واتە تەمەنی گەیشتۆتە دوا مەنزلگا و کۆتایی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/27/9 9:04:31 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 878
## عیوا و عیوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20171109082548143119
عیوا و عیو
دەگێڕنەوە مەلایەک فەقێیەکی دایک جوانی بێوەژنی هەبووە ڕۆژانە دوای وانە(دەرس)ی فەقێیایەتی، بە فەقێ-کەی

گوتووە:بەدایکت بڵێ مامۆستا گوتیویەتی عیو، دایکی فەقێیەکەش بە کورەکەی گوت ئەگەر ئە و جارە مامۆستا گوتی بەدایکت بڵێ عیو، تۆش بڵێ دایکم گوتویەتی (عیوا و عیو)، ئەمە بووە بە ئیدیۆم بۆ رەزامەندبوونی هەردولا، ئینجا ئەگەر کارێک لە نێوان دوو کەس روویدات و جێگەی سەرنج بێت کە چۆن روویداوە ئەوا دەوترێت ئە و کارە(عیوا و عیو)ە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 11/9/2017 8:25:48 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 879

## عەباسە لەدیوەخان چ باسە؟

https://www.kurdipedia.org/?q=20200929000933388377



عەباسە لەدیوەخان چ باسە؟

چیرۆکی ئە و بێ هاوژینەی(بێوەژن) کە حەزی لەشووکردن بووە و چاوەڕوانی داخوازیکەرێک دەکات، بۆیە دوای هەموو میوانێک بەکورەکەی دەڵێت کورم لە دیوەخان چ باسە؟ مەبەستی ئەوەیە بزانێت کەس داخوازی نەکردووە، تا کورەکەی بێنێتە سەرباسەکە، ئەوە لایەنی راستەقینەی ئیدیۆمەکەیە و لایەنی ئیدیۆمەکەشی بۆ سۆراخکردن و دەستکەوتنی هەواڵ وبە بەر گوێ هەڵێنانە بۆ زانیاری.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 29/9/2020 12:09:33 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 880

## عەتر و دەهۆڵ بە دزییەوە لێ نادرێن

https://www.kurdipedia.org/?q=20220618222606419081



عەتر و دەهۆڵ بە دزییەوە لێ نادرێن
لە ئیدیۆمی تردا کورد وتویەتی: دینی محەمەد بەئاشکرا خۆشە یان چێل بەدزی کەڵ دەخوات بە ئاشکرا دەزێت، هەر مەبەستی ئەوەیە کە شاردنەوەی هەندێ شت زۆر ئەستەمە و هیچی لەگەڵدا ناکرێت، نە دینی محەمەد بەنهێنی خۆشە، نە چێلیش دەتوانێت کەڵ خواردنی تاسەر بەنهێنی بهێڵێتەوە، ئەمانە لە لایەک و(عەتر و دەهۆڵ)یش لە لایەکیتر، چونکە بۆن و بەرامەی عەتر خۆی دەمار بەدەمار دەڕوات و هەستەوەری بۆن بۆنی دەکات، وتراویشە: گوڵ ئەوەیە خۆی بۆنی بێت نەک عەتار هاواری بۆ بکات واتە: گوڵی بۆنداری باش ئەوەیە خۆی بۆنەکەی بڕوات، دەهۆڵیش مەگەر دۆڵ کوت بە دار نەیژەنێت و نەیکوتێت، ئەگەرنا دەنگی بۆ دوور دەڕوات و ناشاردرێتەوە و کۆنترۆڵ ناکرێت، ئە و دوو حاڵەتە وەرگیراون و کراون بە بنەمای ئە و ئیدیۆمە و بۆ ڕێنوێنی و ئامۆژگاری کورد بەکاریهێناوە بۆ ئە و شتانەی کە ناتوانرێت بەنهێنی ئەنجام بدرێن و پێویستە بە ئاشکرا جێ بەجێ بکرێن وتویەتی: عەتر و دەهۆڵ بە دزییەوە لێ نادرێن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/18/6 10:26:06 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 881

**عەشرەت گێرە، وەختی کولێرە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220328235721409335



عەشرەت گێرە، وەختی کولێرە
عەشرەت واتە قەوم و کەس و کار و ئەندامانی هۆز و خێڵ، گێرە: واتا گردبوونەوە و کۆبوونەوە و خڕبوونەوە، وەختی کولێرە واتە: ئەستوک و نان و هەبوونی زاد، هاوشێوەی ئەوەی ئیدیۆمە هەیە وەکو:هەتا گندۆر گندۆر بوو خزمان گەڵێک زۆربوو، گندۆر هاتە بڕانێ خزمیش کەوتە قڕانێ) یان(وەختی کاروبار ئەمان کەن بەیار وەختی چز وپز ئەمان کەن بەدز)، ئیدیۆمی عەشرەت گێرە، وەختی کولێرە واتە خەڵکی هەر لەدەوروبەری نەوس و خواردنی چەور کۆدەبنەوە، ئەگەر ئە و خواردن و هەبوونیە نەمێنێ ئەوا پەرت و بڵاوەی لێ دەکەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 11:57:21 2022/28/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 882
**عەقڵی حوڵحوڵیە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171230100029143663
عەقڵی حوڵحوڵیە
بەکەسێکی وازوازی و دوو دڵ و دەم دەمی و هەردەم لەسەر خەیاڵ و ئەندێشەیەک دەوترێت کەسێکی(عەقڵ حوڵحوڵیە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 10:00:29 2017/30/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 883
**عەقڵی منداڵی،قوونی قرژاڵی**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220624125611419714



عەقڵی منداڵی، قوونی قرژاڵی
لەسەر منداڵ و کاڵفامی منداڵان زۆر وتراوە لە ناو کوردان: گەورەی مەجلیسان منداڵە، قوونی بدە منداڵی دەمی مەدە منداڵی، بۆ ئە و ئیدیۆمەش لە کۆندا دەوترا: عەقڵی منداڵی، قوونی قرژاڵی، بەڵام ئەورۆ دەوترێت: عەقڵی منداڵی بە قوونی قرژاڵی، منداڵ لە رووی ئاوەز و هۆشەوە هیچ نازانێت و عەقڵی نییە دەست بۆ ئاو و ئاگر و مەترسی و دەرزی و شیشۆق و سەری هار و بێ مار دەبات و دەیخاتە دەمیەوە، ناکرێت پشت بە عەقڵی ببەسترێت بۆ پێ ڕاسپاردنی کارێک و بێ خەم بوون لێی، قوونی قرژاڵ، مرۆڤ لەبەر ئە و قاوغەی کە قرژاڵ هەیەتی هیچ دەرچە و کۆمێکی قرژاڵی نەبینیوە، هەروەها قرژاڵیش دەرچەکەی زۆر بچووکە، چونکە کوردەواری هەر ئە و قرژاڵە بچووکانەی کەنار کانیلە و چۆمیلکە و گۆم و ڕووبارۆچکانی بینیووە، بۆیە بچووکی قوونی قرژاڵ و نەبوون و بچووکی عەقڵی منداڵی پێک چوواندووە و لە ئیدیۆمەدا خستویەتییە ڕوو وەکو گوزارشت لە بچووکی عەقڵی منداڵ وتویەتی: عەقڵی منداڵی، قوونی قرژاڵی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/24/6 12:56:11 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 884
**غاری بارگیر هەتا ناو قەدی هەورازە**
[https://www.kurdipedia.org/?q=20190330082616283428](https://www.kurdipedia.org/?q=20190330082616283428)



غاری بارگیر هەتا ناوقەدی هەورازە
بارگیر لەڕەسەنی ئەسپ و ماین-ە و لەبەر خراپی بۆ ئەسپ سواری و غاردان ناگونجێت یان لەبەر قرغی و بچوکی خاوەنەکەی ناچار بۆ گواستنەوەی کەل وپەلەکان و بار بەکاری دەهێنێت، کەواتە بارگیر ڕانەهێنراوە بۆ سوارسوارێنێ و غارغارێن ئەگەریش لە و بوارە تاوی بدەیت ئەوا غاری تا ناوقەدی هەورازە و لە هەورازی سەخت و دژواردا پەکی دەکەوێت و ناتوانێت بەردەوام بێت و لە پێشبرکێکە دا دەدۆڕێت، ئینجا ئەم ئیدیۆمە بەشێوەی-تریش هاتووە لەجیاتی بارگیر، پشیلە کراوە بەنمونە و وتراوە(بازی پشیلە تا دەرگای کادینە) لێرەدا لەجیاتی بازدان غاردان بۆ بارگیر هاتووە ئەوە بەمەبەستی سوکی و کەم سەیرکردن بەکاردەهێنرێت بۆ کارێک یان ئیشێک یان خۆهەڵکێشانی پیاوێک یان کەسێک بە تەنزەوە پێی دەوترێت هیچ خۆتان سەغڵەت مەکەن(غاری بارگیر هەتا ناو قەدی هەورازە)

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2019/30/3 8:26:16 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 885
**غیرەت نییە پێچە**
[https://www.kurdipedia.org/?q=20220329000144409337](https://www.kurdipedia.org/?q=20220329000144409337)



غیرەت نییە پێچە
تەوسێکە بە گاڵتەوە دەردەبڕدرێت و شێوەی ئیدیۆمێکی تەنز ئامێزی وەرگرتووە، پێچ: واتە جوڵەی بە باوبڕ و غازات و بای ناوسک کە لە کۆئەندامی هەرسەوە دەست بە بزاوت دەکات هەم دەنگی غرەغڕ و قۆڕە قۆڕی دێت، هەندێجاریش لەدرچەوە دەنگێکی لێوە دێت، ئینجا ئە و باوبڕە کە دەست پێ دەکات جوڵەیەک لە مرۆڤەکە ڕوودەدات، بۆیە کراوە بە ئیدیۆم بەتەوسەوە بەکەسێکی خۆهەڵکێشی هیچ لەبارانەبوو کەوا دەزانێ بەغیرەتە دەوترێت: غیرەت نییە پێچە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/29/3 12:01:44 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 886
## فاتیحەی خۆڕایی لەسەر قەبری باوکیشی ناخوێنێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20220329000344409339



فاتیحەی خۆڕایی لەسەر قەبری باوکیشی ناخوێنێ
فاتیحە یەکێکە لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، موسلمانان دەیخوێنن لە سەر گۆڕستان و گۆڕی کەسوکاریان و لە پرسە و بۆنەکاندا، زیاتر لەسەر گۆڕی مردووان دەخوێنرێت و دەکرێتە دیاری بۆ گیانی کۆچکردووەکە، فاتیحە خوێندن هیچی تێ ناچێت لە ڕووی مادییەوە، بۆیە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی قرچۆک و ڕەزیل و بەرژەوەند خواز دەوترێت: فاتیحەی خۆڕایی لەسەر قەبری باوکیشی ناخوێنێ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/29/3 12:03:44 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 887

## فرۆی هەوێن دەکات

[9357https://www.kurdipedia.org/?q=20220329133308400](https://www.kurdipedia.org/?q=20220329133308400)



فرۆی هەوێن دەکات
ژەک شیرێکی خەستە لەدوای زایینی گیاندارانی وەکو مانگا و مەڕ و بزن و تاد، بۆ ماوەی دوو بۆ سێ ژەم لە گوانیدا دەمێنێت، پڕ ڤیتامین و پرۆتین و ڕەگەزە سەرەکیەکانە تاوەکو کۆرپەڵە تازە زایەکە زوو بە قومێک یان بەچۆڕێک یان بە ژەمێک هەناوی تێر بکات و پێیەکانی پێی توونددبن و بکەوێتە سەر پێیەکانی خۆی، ئینجا ئەوەی لە کۆرپەکە(گوێرەکە) یان(بەرخ و کاریلە)کە زیادە خاوەنەکەی دەیدۆشێت و لەسەر ئاگر دەیکوڵێنێت دەبێتە(ژەکێکی کوڵاوی توندەوەبوو) بەوە دەوترێت: فرۆ، لە ئیدیۆم و پەند و شیعر و ناولێنانی کچانیش کورد بەکاریهێناوە، بۆ نمونە: کوریکە گاگرۆ، بەهارت هێنا بەدرۆ، نەماست هەیە نەفرۆ، هەروەها عەبدوڵڵا پەشێوی شاعیر دەڵێت: تا ئەوان مابن هەردەبێ بەتەمای فرۆی بەرخە نێر بین)، فرۆ خاسیەتی شیری لەدەستداوە چ بەژەکی چ بەفرۆیی هەوێن ناکرێت و نابێتە ماست، هیچ ئاژەڵدار و مەڕدارێک ئە و کارەی ناکات، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بە کەسێکی نەفام و کەودەن و گێل و کاڵفام و هیچ نەزان کە کاری نەشیاو بکات و ئەسپ لە قنگەوە لغاو بکات یان کارێک ئەنجام بدات کە لە قووتوی هیچ عەتارێک نەبێت، دەوترێت فرۆی هەوێن دەکات. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2022/29/3 1:33:08 PM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 888

## فو لە مانگ کردن

[https://www.kurdipedia.org/?q=20180623083249152021](https://www.kurdipedia.org/?q=20180623083249152021)

فو لە مانگ کردن
مانگ دواکەوتەیەکی گەردونی زەوییەکەی لەمەرخۆمانە، رووناکی و تریفەکەی سروشتیە و لە بەرکەوتنی تیشک و ووزەی خۆرەوە دروست دەبێت و بەدەوری دایکەکەی کە زەوییە دەسورێتەوە، مرۆڤ هیچ رۆڵێکی نیە لەو(سەین و بەین)ە، چرا فوی پێدابکەیت گڕەکەی دەکوژێتەوە، ئاگریش بەفو یان بڵێسە دەکات یان خامۆش دەبێت، بەڵام تریفە و رووناکی مانگی چوارده بە فوو نەکز دەبێت و نە دەکوژێتەوە، ئینجا فو لەمانگ کردن ئیدیۆمێکە بەکاردێت بۆ کارێکی بێ کەڵک و سەرنەگرتوو، دەوترێت ئە و کارەی تۆ دەیکەیت وەک فو لەمانگ کردنە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/23/6 8:32:49 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 889

**فەرموی سنەیی یە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171108094509143099

فەرموی سنەیی یە(تەعاروفی سنەیە)
لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئە و دەربڕە زۆر بەکاردەهێنرێت بۆ جۆرێک لەپێداگری (جدی) بوون لە قسەیەک یان لەکارێک یان شێوە(پرسە خەسوانە)ی باشوری کوردستان واتە پێداگری و سوربون بە شتێکەوە دیار نەبێت یان هەڵوێستێکی فەرموو بۆ میوانداری و خوان سەر زارەکیان بێت دەوترێت تەعاروفی سنەییانەیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/8/11 9:45:09 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 890

**فەلەی پیر موسڵمان نابێ**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220329134733409362



فەلەی پیر موسڵمان نابێ
وتراویشە: خوی شیری بە پیری، دونیادیدە، هەموو ئە و بەساڵاچوانە دەگرێتەوە کە سەریان لەبەر هەتاو سپی نەکردبێت و ئەزمون و شارەزاییەکیان لە و ژیانەدا بەدەستهێنابێت، ئە و جۆرە مرۆڤانە ناتوانرێت کاریان لەسەر بکرێت وەکو جەوان و گەنج و لاوەکان چونکە ئەوانە هەر لە منداڵیەوە جۆرە فرچکێکی تایبەتیان گرتووە بە و شیرەی کە لەزاریان نراوە، لێرە فەلە، گاور، دیان، مەسیحی بەنمونە هێنراوەتەوە، لەبەر ئەوەی ئاینی ئیسلام لە دوای ئاینی مەسیحی هاتووە بۆیە بانگەوازی ئیسلامەتی کراوە بەنمونە بەسەر فەلەکانەوە، کەواتە فەلەی پیر تازە ژیانی بەسروشتەکانی ئاینی مەسیحیەت تەواو کردوە و تازە بەتازەش موسلمان نابێت هەوڵدان لەگەڵیدا بێ کەڵکە، خۆی لە(عیسا) ناکات و(محەمەد)یش نایناسێت، بۆیە ئە و حاڵەتە لەناو کوردان بووە بە ئیدیۆم و دەوترێت(فەلەی پیر موسڵمان نابێت) واتە ئەوەی فرچکی بەشتێک گرت زۆر زەحمەتە وازی لێ بهێنێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)

کاتی تۆمارکردن: 2022/29/3 1:47:33 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 891

## فەوجە دێ و دەڕوا

https://www.kurdipedia.org/?q=20190114071036198835



فەوجە دێ و دەڕوا
لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کێخوایەکی یەکێک لە گوندەکانی شارەدێی(سێگردکان) کە لە(تەقتەق) نیشتەجێ بووە حکومەتی عێراق کە ڕژێمی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی ڕانەوا بوو، (فەوجێکی خەفیفە)ی بۆدەکاتەوە، فەوج بە کوردی واتە(دەستە، تاقم، گروپ، کۆمەڵە) خەفیفەش واتە (سوک) کورد بە و فەوجانەی دەوت(فەوجی جاشان) و بە سەرۆک فەوجەکەش دەوترا(مستەشار-سەرۆک جاش)، ئەم کێخوا سەرۆک جاشە ژمارەی(جاش-فرسان) ەکانی لە پەنجەی دەستان تێ ناپەڕێ و ناوە ناوەش یەکێک لە(جاش)ەکانی بەچەکەوە دەچووە ناو شۆڕش، جارێکیان ژمارەی ئەندامانی فەوجەکەی هێندە کەم بوو بۆوە تەنها چەکدارێک و کوڕەکەی خۆی ماونەتەوە، چەکدارەکە بە خۆی و چەکەوە فەوجەکە جێ دەهێڵێت و پەیوەندی بەشۆڕشەوە دەکات، لێی دەپرسن مام کێخوا ئەوە چی بوو ئەویش هیچ بەسەر خۆی ناهێنێت دەڵێت ئەوە فەوجە دێ و دەڕوا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺️ وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗆 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:10:36 2019/14/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 892

**قادیانە، سەد ئاغا و یەک شانە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20211230073216399841



قادیانە، سەد ئاغا و یەک شانە
گۆتەیەکی کوردەوارییە سەبارەت بەئاوایی قادیانەی شارۆچکەی هەریر وتراوە، دوو لێکدانەوە هەڵدەگرێت:
یەکەمیان: خەڵکی ئاواییەکە هەژاربوون و قۆتریان بەرز بووە و هەمووی خۆی بەئاغا داناوە.
دووەمیان: کەس کەسی نەخوێندۆتەوە و هەر بابایە و خۆی پێ ئاغایەک بووە، بۆیە وتراوە(قادیانە، سەد ئاغا و یەک شانە) لەدوای ڕاپەڕینی 1991 لەباشوری کوردستان کە بنکەیەکی پۆلیس دەکرایەوە لە شارەدێیەک ژمارەی ڕێپێدراوی پۆلیس(مفەوەز) زۆرتر بوو لە پۆلیسی پیادە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗆 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:32:16 2021/30/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 893

**قازانج سەری مایە دەخوا**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200923120710388102



قازانج سەری مایە دەخوا
مایە، هەموو کەلوپەلێکی گوازراوە ونەگوازراوەیە، سەرمایە بەگەڕبخرێت یان قازانجی لەدوایە یان زەرەر، هەندێجاریش هەیە(قل وبەگایەتی) دەردەچێت، زیانی زۆر بەسەرمایە دەکەوێت بۆیە سەرمایە بەترسنۆکیش ناوی دەرکردووە، کورد هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمەی هەیە کەدەڵێت(بۆ ڕیشی چوو سمێڵیشی لەسەر دانا) کار هەیە ئەنجام بدرێت دەبێتە مایەی زەرەر و زیان و لەسەریشی قەرزار دەبیەوە، بۆ نمونە دەتەوێت کارێک بکەیت و بەنیازی قازانج دەچیە مەیدانەوە کەچی قەرزاریش دەبیەوە بە و جۆرە کارانە دەوترێت(قازانج سەری مایە دەخوا).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄️ سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: 2020/23/9 12:07:10 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 894

## قازانجی شوانی ماکەرگاینە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220329134917409363



قازانجی شوانی ماکەرگاینە
وتراویشە: قازانجی گاوان ماکەرگاینە، کاری شوانکارەیی و گاوانی بەبێ کەرەشوانە و جاشکی گاڕانی ناکرێت، چونکە تێرکەیەک دەخرایە سەر پشتی ئە و کەرەشوانەیە، پێداویستیەکانی خواردن و خواردنەوە تێ دەکرا وەکو(مەتارەی ئاو و تکلی و قۆریەی چایە و تورەگەی پڕ نوردووی نان و پیاز و هێلکە و تەماتە و بەگوێرەی رسقی شوانە یان گاوانەکە)، شوانەکان زۆرتر ماندوو دەبوون بەدوای مەڕوماڵاتەکان دەکەوتن ئە و هەرد و ئە و کێو و زورگانەیان دەکرد بەسواری پشتی کەرەشوانەکانیان دەسوڕانەوە و گەنج و بێ ژن و ماڵیش بوون ناوە ناوە دەچوونە گژیان و خۆیان پێیان خاڵی دەکردەوە، ئیتر کورد زاراوەی کەرگێی هێنایە سەرزاران بە هەندێک کەس دەوترا(کەرگێ)، پیاوێک لە ئاواییەکی کوردستان دوو کوڕیشکەی هەبوو زۆریان حەز لە ژنهێنان بوو، باوکەکەش بۆی نەدەسوڕا ژنیان بۆ بهێنێت و مەڕوماڵاتەکەشی بێ شوان بمێنێتەوە، ڕۆژێک دەچێتە مەیدانی نێرەکەرانی حاجیاوە دوو جاشولکەی ماکەریان بۆ دەکڕێت و هەر یەکەی بەناوی یەکێکیانی دەکات و بۆ ماوەیەک زۆر داوای ژنهێنانیان لە باوکی نەکرد، دەوترێت: گاوان بێ ئیشترە و پشووی زۆرترە چونکە چێڵ و مانگا زۆر ناگەڕێن وەکو بزن و مەڕان، بۆیە زووتر دەچێتە گژ جاشکەکەی ئەوەش وایکردووە جاشکەکە بێزا بێت و لەبەر دەستی ڕابکات، ئەگەر کەسێک زوو واز لەکارەکەی بهێنێت و تەواوی نەکات دەوترێت: دەرێ جاشکی دەست گاڕانییە، هەر ڕادەکات، هەموو ئەمانە بۆ شوانکارە و گاوانان بووە بە ئیدیۆم و چونکە حەقە شوانی و گاوانی کەمە بۆیە وتراوە: قازانجی شوانی مارکەرگاینە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📧 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/29/3 1:49:17 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 895

**قالب مێشی، دەنگ گامێش**

[https://www.kurdipedia.org/?q=20220218201215405539](https://www.kurdipedia.org/?q=20220218201215405539)



قالب مێشی، دەنگ گامێش
قەلب: لەش و جەستەی مرۆڤە، مێشیش لە مێرووەکانە و زۆر بچوکە دەوترێت: مێش و مەگەز کە قەبارەیان زۆر بچووکە، گامێش و مێش بەرامبەر یەکترن لە و ئیدیۆمەدا، یەکەمیان گامێش گەورەیە و دووەمیان مێش بچوکە، ئە و بچوکی و گەورییە بووە بە ئیدیۆم بە کەسێکی دەنگ گەورەی گچکە دەوترێت(قالب مێشی، دەنگ گامێش).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📧 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/18/2 8:12:15 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 896

**قالۆچەش لە چاوی دایکیەوە شیرینە**

[https://www.kurdipedia.org/?q=20220424004454411243](https://www.kurdipedia.org/?q=20220424004454411243)



قالۆچەش لە چاوی دایکیەوە شیرینە
قالۆچە، قۆلانچە و قالۆنچەشی پێ دەوترێت، یەکێکە لە مێروە سوود بەخشەکان بۆ بەرووبومە کشتوکاڵیەکان، بەڵام ڕەنگ و شێوەی زۆر ناشیرینە، لەکاتی ترس بۆ دوژمنەکانی بۆنێکی ناخۆشیش فڕێ دەدات، ئەوانەی بەریەککەوتنیان لە گەڵیدا هەبوو بێت، بەتایبەت کاتێک دەستیان لێداوە و بۆ لوتیان بردووە، هەستیان بە و بۆنە کردووە، شێوەی قالۆنچەش بە زرییۆش دەچێت و ڕەنگێکی ڕەشی تۆخی هەیە، دڵی مرۆڤ ناکاتەوە وەکو مێروەکانی پەپولە و خاڵخاڵۆکە و کۆیتەر و ئاورۆشنکەرە، بۆیە ناشیرینەیەکەی کراوە بە ئیدیۆم وەکو چۆن درکی ژوژک کراوە بەهێمانی نەرمی بۆ دایکەکەیی و کراوە بە ئیدیۆم و وتراوە: ژوژک دەڵێت: بێچووی من لە هەموو بێچوویەک نەرمترە، بەهەمان شێوەش وتراوە: قالۆچەش لە چاوی دایکیەوە شیرینە، واتە هەموو دایکێک بێچوەکەی خۆی خۆش دەوێت و پێی وایە لە منداڵی هەموو خەڵک جوانترە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/24/4 12:44:54 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 897

## قالۆنچە بە بۆنی گوڵ سەری ئێش دەکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20190306080601280179



قالۆنچە بەبۆنی گوڵ سەری ئێش دەکات
قالۆچە(قالۆنچە) کە گردوکۆکردنەوەی تەپاڵە(سەرگین، لاس، ریخە چێڵ) پیشەی بێت، دیارە ئیتر ڕاهاتووە و بەبۆنی(گوڵ) دووچاری هەستیاری(حەساسیە) دەبێت و سەری ژان و ئێش دەکات، چۆن ووتراوە(هەموو دونیا ناتوانێت قەناعەت بەمێش بهێنێت کە گوڵ چاکترە لە زبڵ) بەهەمان بیرکردنەوە هەموو دونیا ناتوانێت قەناعەت بەقالۆنچە بهێنێت کە گوڵ باشترە لە ریخە چێڵ، ئەم ئیدیۆمە بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێت هەرکەسە و بەسروشتی خۆی.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/6/3 8:06:01 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 898

**قالۆنچە خێر لە گوی نابینێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170928145828142779

قالۆنچە خێر لە گوی نابینێت
قالۆنچە(قالۆچە) لە بەهاراندا کە دەکەوێتە جموجۆل زۆر جاران دەبینیت هەندێک ریخە مانگای کردووە بە تۆپێک و بۆ مەرامی خۆی پێش خۆی دەدات و سود لە و پاشەڕۆیە(ریخ، سەرگین، لاس)ە دەبینێت، ئینجا لێرەدا ئەوە بەکارهاتووە بۆ خاسیەت و ئەدگاری مرۆڤ هێندێک لە مرۆڤەکان ئەوەندە بێ خێرن بۆ خۆیان و دەوروبەریان بۆیە پێیان دەوترێت ئەوە یان ئەوانە هێندە بێ خێرن(قالۆنچەش خێر لە گویان نابینێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: ⬇️ باشووری کوردستان

ولات: ➡️ رۆژهەلاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 9/28/2017 2:58:28 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 899

**قانتر نازێ، خوێ شین نابێ**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220424005253411245



قانتر نازێ، خوێ شین نابێ
قانتر، قاتر و ئێستریشی پێ دەڵێن، ئاژەڵێکی دوو ڕەگە لە ئەنجامی پەڕینی نێرەکەر لە ماین دەکەوێتەوە، یەکێکە لە ئاژەڵە نەزۆکەکان و وەچە ناخاتەوە، بەڵام بۆ باربردن لە نێرەکەر و ئەسپ بەکێشترە بەتایبەت لەناوچە شاخاوییەکان، جگە لێرە لە زۆر شوێنیتریش ناوی خزێنراوەتە نێو ئیدیۆمەوە وەکو(کەر بچێتە بەغدا نابێتە ئێستر، لەئێستریان پرسی باوکت کێیە؟ وتی: خاڵم ئەسپە، ئێسترە ماچە، ئێستری چەموش، ئێستری بالانی...تاد)، نەزۆکی ئێستر وەک ڕووە ڕاستەقینەی ئیدیۆمەکە بەراورد کراوە بەکانزای(خوێ) نە ئێستر وەچە دەخاتەوە نە خوێ شین و دەڕوێت، ئە و دوو شتە لەگەڵ یەکدا لە و ئیدیۆمەدا بەکارهاتوون بۆ شتێک کە ڕوودانیان ئەستەم بێت یان بۆ جەخت کردنەوە لەکارێک یان شتێک کە یەکجار بگوترێت هاوشێوەی ئەوەی وتراوە: یەکجار دەوترێت بەفر سارده یان ئاگر گەرمە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: ⬇️ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇹🇯 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2022/24/4 12:52:53 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 900
**قاوتی بەر با، کای بەر شەنە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220406195041410422



قاوتی بەر با، کای بەر شەنە
قاوت یان قاو یان قاویت پوشی سوکەڵەیە با بە شنەیەک بە ئارەزووی خۆی دەیگێڕێت و دەیسوڕێنێتەوە، لێرە بۆ ئەولا و لەوێشەوە بۆ شوێنێکی تری دەبات، کا کە کوتراوی قەسەری گەنم و جۆیە لەسەر خەرمان چ بە گێرە چ بە ئامێری کاکوت ئامادەکراوە، هاوشێوەی قاو و قاویتە، وردیلەی قەسەر و لاسکی گەنمە ئەویش بە یەک جولان و بەیەک شەماڵی دەجولێت، خۆ ئەگەر رەشەبا بێت ئەوا هیچ کایەک بۆ خاوەن خەرمان پاشەکەوت نابێت، کاودان بە ئامێری شەنە لەیەکدی جیادەکرێنەوە، جوتیار و سەپان کە شەنەبای خۆی کرد ئەوا کایەکە زۆر بە ئاسانی لە دانەوێڵەکە جیادەبێتەوە، ئەوە لایەنی راستەقینەی قاوت و کایەکەیە، وەکو ئیدیۆمیش بەکاردەهێنرێت بۆ دوو شتی نەگونجاو و لەیەکتریەوە دوور و بەیەکەوە هەڵنەکەن، واتە با و قاویت، با و کا بۆیە وتراوە: قاوتی بەربا و کای بەر شەنە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇹🇯 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2022/6/4 7:50:41 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 901
**قسان دەبزڕکێنێ**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171213094632143486
قسان دەبزڕکێنێ
هەڵبڕکان و هەڵبزڕکان واتە تێکچونی شیر وماست، یان رەنگ پەڕین چ لە خۆشیان یان لەترسان یان لە مەراق و کینەوە بێت

ئینجا کەسێک قسەی حەلەق و بەلەق و بێ جێ و بێ مانا بکات پێی دەوترێت پیاوێک یان ژنێکی نەفامە و زوو زوو قسان هەڵدەبزرکێنێ واتە قسەکانی بەجێ و رێ نین.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/13/12 9:46:32 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 902

## قسە خۆشی عەمەل سەگ

https://www.kurdipedia.org/?q=20220406195346410423



قسە خۆشی عەمەل سەگ

قسەخۆش بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت کە گوفتاری شیرین و بەخەندە و نەرم ونیان بێت لە ئاخاوتن، عەمەل لەبری(کردار) لە زمانی عەرەبی هاوردەمانکردووە، سەگیش لە ناو کوردان لەبەر ئەوەی زۆربەمان موسڵمانین و لە ئاینەکەش بە گڵاو هەژمارکراوە، بۆیە دەقمان پێوەگرتووە کە کاری خراپی بدەینە پاڵی، هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمە بۆ خاسیەتی خراپ دراوە بە پیاوێکی بەتەمەنی بێ ناموس پێی ووتراوە: پیرە سەی عەمەل گوجیلانی، لە و ئیدیۆمەش ئە و مرۆڤەی لە رواڵەت و لە رووودا قسەخۆش بێت و لە هەناویشدا کەسێکی هەناو رەش و دڵکرێ بێت و کاری باش بەرامبەر کەس نەکات لە پاشەملەدا دەوترێت: قسەخۆشی عەمەل سەگ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/6/4 7:53:46 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 903

## قسە دوای حەوت کێو دەگاتەوە بەخێو

https://www.kurdipedia.org/?q=20180627103529152127

قسە دوای حەوت کێو دەگاتەوە بەخێو
ووتراوە(بمدە بەر خەنجەران، مەمبەوە سەر خەبەران) قسەگێڕانەوە یەکێکە لەدیاردە کۆمەڵایەتیە باوەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و بەقێزەون و نارەسەنی و بەدکرداری هەژماردەکرێت و دەبێتە مایەی نیگەرانی دوو لایەن و کەس و ئاژاوەی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە مرۆڤ ڕێنمایی زۆری بەهۆی ژیانەوە وەرگرتووە و زۆر جەخت لەوەدەکاتەوە کە گێڕانەوەی قسە خراپ و کارێکی نەرێنیە، ئەمە لەلایەک لەلایەکیتریشەوە ئە و پەند وئیدیۆمە مرۆڤ ڕێنوێنی دەکات تا ئاگای لەدەم و گفتوگۆ و ئاخاوتنی خۆی بێت چونکە قسە هەر دەگاتەوە خاوەنەکەی ئەگەر 7ساڵیشی بەسەربچێت یان لەدووری حەوت شار و حەوت کێوەوە وترا بێت بۆیە وتراوە(قسە دوای حەوت کێو دەگاتەوە بەخێو).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: ⬇️ باشووری کوردستان

ولآت: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 6/27/2018 10:35:29 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 904

## قسە لە گیرفانی خۆی دەردەهێنێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20220103204601400267



قسە لە گیرفانی خۆی دەردەهێنێت
گوتویانە: قسە پێویستە بپێژرێت و بکوڵێنرێت ئینجا بووترێت، یان قسە دەبێت سەرووبای هەبێت، یان دایک وباوکی هەبێت، نابێت لەسەر بابەتێک هەڵبدەیت بێ ئەوەی زانیاری ڕاست و دروست هەبێت، ئە وکەسانەی لە خۆیانەوە بێ سەرچاوە و زانیاری لەسەر بابەتێک دەدوێن و هەڵیت وپەڵیت دەڵێن بە تەوس و گاڵتەپێکردنێکەوە پێان دەوترێت(قسە لەگیرفانی خۆیان دەردەهێن).
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/3/1 8:46:01 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 905

## قسە یان لەشێتی یان لەمنداری

https://www.kurdipedia.org/?q=20200902004828387397



قسە یان لەشێتی یان لەمنداری.
شێت، هەندێ کەس پێیان وایە ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ لایەنگرانی پێغەمبەر(شیت، شیت) گوایە ئەمانە باری دەرونیان تێکچووە، چونکە باسی شتی نەبیزاو و هەست پێ نەکراو دەکەن، ئەمە لەلایەک لەلایەکیتریشەوە شێت هەموو ئەوانەی چ لە زگماکەوە یان بەهۆی بارێکی لەناکاو و نەخوازراوەوە توش بوون، باری دەروونیان تێک دەچێت، ئینجا شێت و منداڵ هیچ لێکدانەوەیەکیان نییە و دڵ و دەروونیان پاکە و دوورە لە گەرد و رق و کینە و ئەوەی ببینن و گوێیان لێ بێت و بەزاریان دابێت بێ وورد بوونەوە یەکسەر دەیگێڕنەوە و باسی دەکەن زۆربەی ئە و قسانەی ئەوانیش دەیکەن ڕاست و دروستن و بێ درۆ دەردەچن بۆیە لەکوردەواریدا دەوترێت(قسە یان لەشێتی یان لە منداری) واتە قسە و گوفتاری ئە و دووانە سەد دەرسەد تەواوە و ڕاستن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/2/9 12:48:28 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 906

## قسەکەی گا

https://www.kurdipedia.org/?q=20171115082347143187

قسەکەی گا
قسە چۆن دەگیرێ؟ لە کوردەواریدا کاتێک لە کۆڕ و کۆبونەوەدا کەسێک سەرگوزشتە یان ڕووداوێک یان چیرۆکێک یان بابەتێک دەگێڕێتەوە لە پڕ کابرایەک یان کەسێکی تر دەست دەکات بە قسەکردن و قسەی کەسی یەکەم دەبڕێت و ناهێڵێت تەواوی بکات و خاوەن چیرۆک و سەربوردەکە چەند جارێک هەوڵ دەدات قسەکەی تەواو بکات بەڵام هەر پێی دەبڕێت، ئینجا لە ئیدیۆمدا دەوترێت فلانە کەس(قسەکەی گا) واتە نەیهێشت بزانین چی دەڵێت و قسەکەی تەواو نەکرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/15/11 8:23:47 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 907

## قشقەڕە بە خۆراپی پشتی گامێشی ناخورێێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20220423234900411237



قشقەڕە بە خۆڕاپی پشتی گامێشی ناخورێێ
قشقەڕە باڵندەیەکە، مرۆڤ زۆر ناوی بۆ داناوە(قەلانچە وقەلەباجکە، قەلە بەڵەکە، قەلەرەشکە، قەلە سابوونە) بەهۆی ئەوەی رەنگی رەش و سپیە بۆیە(قەلە بەڵەکە)م پێ لەناوەکانی تر خۆشترە، ئینجا ئە و قەلە بەڵەکە سوودگۆرکێ لەگەڵ گامێش دەکات، خۆی دوو کار بۆ گامێشەکە دەکات یەکەم هەڵدەستێت بە خاوێنکردنەوەی گامێشەکە لە زیندەوەرە زیانبەخش و مشەخۆرەکان، دووەمیش گامێشەکە ئاگادار دەکاتەوە لەنزیکبوونەوەی ئاژەڵە دڕندەکان، لەبەرامبەریشدا گامێشەکەش دوو سوود و کەڵەک دەبەخشێتە قەلەباچکەکە(قشقەڕەکە) ئەوانیش: سەرچاوەی بژێوی و خۆراکێ بۆ قەلەباچکەکە و هەروەها دەیپارێزێت لە دوژمنەکانی، ئە و رێکەوتن و هاوسەنگیە سروشتیە، مرۆڤ کردویەتی بە و ئیدیۆمە جوانە وەک ئامۆژگاری و رێنوێنی و هۆشیاری پێمان دەڵێت هەموو کارێک کە دەکرێت ئامانج و مەبەستێکی لەپشتە وکەس لە بەلاش کار بۆ کەس ناکات و ژیان وکار وکاردانەوەیە، ئەرک و مافە بۆیە وتویەتی: قشقەڕە بە خۆڕاپی، پشتی گامێشی ناخورێێ.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/23/4 11:49:00 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 908

## قنگ بەتاڵ دەرچوو

https://www.kurdipedia.org/?q=20171115082813143189
قنگ بەتاڵ دەرچوو
هەڵبەت ئەم ئیدیۆمە بە تەوسەوە گوتراوە کەسێک کارێک دەکات ولەکارەکەی سەرکەوتوو نابێت یان بەروبومێکی چاندووە و چەند مانگە خەریکیەتی کەچی هیچ بەرهەمی نەبووە، یان دەیەوێت گۆبەندێک بنێتەوە کەچی بۆی ناکرێت ئینجا لێرەدا بەتەوسەوە دەوترێت(قنگ بەتاڵ دەرچوو) واتە هیچی دەست نەکەوت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/15/11 8:28:13 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 909

## قنگ جنۆکەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171115082547143188
قنگ جنۆکەیە
وەرزێرێک لە دۆنمێکدا جۆراوجۆر بەرووبومی چاندووە یان کابرایەک لە سەد مەتر زەوییدا خانوەکی کردوە و سەری هار و بێ هاری تێکردووە و جەنجاڵ و قەرەباڵغ و قەڵەپەستۆی کردووە، یان شوێنێکی تەسک وتروسک و زۆر بچوک زیاتر لە دە بۆ دوازدە کەس لێی دابنیشن لە و حاڵەتانەدا بە درکەوە دەوترێت ئەوە چیە ئە و شوێنە بچوکە دەڵێی(قنگە جنۆکەیە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/15/11 8:25:47 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 910

## قنگی چوزاندەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171115082941143190

قنگی چوزاندەوە
ئەم ئیدیۆمە بە تەوسەوە گوتراوە زۆر جار وارێکەوتووە کەسێک دەیەوێت کاری کەسێکیتر سەرنەگرێت یان ڕکابەری یەکێک بکات بۆ ئەوەی کارەکەی نەیەتە بەرهەم، بەڵام هەموو هەنگاوەکانی بێ ئەنجام دەبێت و کارەکەی هەوڵی بۆداوە سەر نەگرێت زۆر بەسەرکەوتویی ڕاپی دەکرێت و سەر دەگرێت ئینجا بەتەوەسەوە دەگوترێت وەڵلا فلانە کەس(قنگی چوزاندەوە) واتە بەسەرکەوتنی ژانی پێگرت یان زامێکی لە دڵیدا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/15/11 8:29:41 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 911

## قوتۆی هاوار و بانگان

https://www.kurdipedia.org/?q=20200919105506388038



قوتۆی هاوار وبانگان
قوتە، گوێ کورت لە مەروماڵات و بزن وکاریلە پێی دەوترێت(قوتە) و سەگیش گوێی ببردرێت هەر بەناو(قوتە) ناودەبرێت، ئە و گوێ قوتیە بووە بە ئیدیۆم بۆ کەسێک گوێی هەڵبخات بۆ وەرگرتنی زانیاری و هەواڵ و بابەت و شتی نوێی جۆراوجۆری ڕووداو و بەسەرهات و هاوارکردن و بانگ ڕادێران، لەگەڵ ئەوەشدا زوو بڵاویکاتەوە هەندێجار بەخۆشی و جارجاریش بە تەوسەوە بە و کەسانە دەوترێت(قوتەی هاوار و بانگان).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/19/9 10:55:06 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 912

## قوچاندی

https://www.kurdipedia.org/?q=20171108095340143105

قوچاندی

تێی قوچاند، رایکرد، بە خێرایی و هیچ ئاوری نەدایەوە ئیدیۆمێکە بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت کە کارێکی بۆ دەرنەهێنێت و زۆری بۆ بێهێنرێت و بەناچاری را بکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/8/11 9:53:40 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 913

## قوراغە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170928144635142774

قوراغە

قوراغ بە و ئاژەڵە دەوترێت کە هەست بە جولە و بزاوتێک بکات و پێی وابێت مەترسیە بۆی هەردوو گوێی بەرز دەکاتەوە بۆ ئە و شوێنەی کە بزاوت و جولە و دەنگەکەی لێوە دێت دەڕوانێت بەتایبەت وەک ئاژەڵەکانی(مەڕ و بزن و مانگا و گوێدرێژ و ئەسپ و سەگ وتاد)، کوردیش ئە و ئیدیۆمە بۆ کەسێک بەکاردەهێنێت کە گوێی خۆی رادێرێت بۆ وەرگرتنی زانیاری و درککردن بە بابەتێک کە پێی وایە پێویستە بزانێت ئەوە چی دەگوزەرێت لە دەوروبەری.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/28/9 2:46:35 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 914

## قورە کێخوایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220621203546419360



قورە کێخوایە
لە دەشتی هەولێر و وراتی کۆیە دەوترێت: قورە کێخوایە، کە لە کوڵەبنە یان قوڵەبنەوە هاتووە بەمانای کەسی خرپلە و تێکچەقیوو و کورتە باڵا دێت، قوڵەش بە گیانداری کلک کورت دەوترێت، زۆرجاران کەسێکی گژگڵی کورتیلەی بودەڵە ئە و خاسیەتەی دەدرێتە پاڵ و بەگاڵتەوە پێی وتراوە: قورە کێخوایە، بەڵام ئە و گوندانەی کە ژمارەی خێزانەکانی کەم بێت و شێوەی کوێرەدێ بێت، خاوەندارێتی زەوی و زاریشی کەم بوو، کێخوایەتیەکەشی هێندە گەورە نییە و هاوشێوەی کوێرەدێ و ئاوەدانیەکە کێخواکەشی پلەوپایەی کەم دەبێت و بە بێ نمودی و کەم سەیرکردنی دەوترێت: قورە کێخوایە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/21/6 8:35:46 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 915

## قوز بە قەرماسنگ پاس ناکرێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20170729104904141618

قوز بە قەرماسنگ پاس ناکرێت
قەرماسنگ لە پەڕۆ و داوەبەن و دەزوو دروست دەکرا و بەردێکی گەورەی سەر شکێنی تێدەکرێت و قەرماسینگ بەدەستێک توند بەراوەشاندن خۆی لێک دەکێشێتەوە و رایدەوەشێنێت و بەر سەری هەر کەسێک بکەوێت نایەلێت یەک بەپێی خۆی بڕوات و دەیخات، وەک چەکی ئەمڕۆ هەژمار کراوە و شەڕە گەرەکی پێکراوە و دوور هاوێژیشە، ئەمە لەلایەک لەلایەکیتریشەوە ناموس و شوێنی شەرمی ئافرەت و ژن و مێینە یەکێک لە شوێنە هەستەوەرەکانی مرۆڤە لە نێوان کوردان و کۆمەڵگاکە بەتەواوەتی کۆنە پارێزن لە و رووەوە، پێیان پیرۆزییەکان و پێناسی شەرفی باوک وبرا و پیاوانە، لە هەمانکاتیش دەزانرێت کە پاسەوانی و ئێشکگری بەدیارییەوە ناتوانێت بیپارێزێت تەنها پەروەردە و خۆ پەروەردەکردن دەتوانێت پاسەوانی بکات و لە شوێنی خۆی بەکاری بهێنێت، بۆیە لەناو کوردان کاتێک کەسێک دڵی کرمی و پیسە سەبارەت بە خوشک و دایک و خێزانی لە رووی ناموسەوە پێی دەوترێت ئە و دڵ پیسیەی ناوێت چونکە(قوز بە قەرماسنگ پاس ناکرێت).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 10:49:04 2017/29/7
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 916

**قوز خوارە نیر و گاسن بێنە خوارە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170930101104142800

قوز خوارە نیر و گاسن بێنە خوارە
دەگێڕنەوە پیاوێک بە گاڵتەوە داوای کارێک لە ژنەکەی دەکات بۆ ئەوەی نیر و گاسنەکەی بۆ بێنێ و دەڵێت(قوز خوارە نیر و گاسن بێنە خوارە) ئەویش دەڵێت ئەی ڕۆ پیاوەکە دەنا دوێنێ مەلای گوندی ڕاستی کردۆتەوە، ئەمە لەلایەک لەلایەکیتریشەوە لە کوردەواریدا جنێوە و ژن بەژن و پیاویش بە ژنی دەدات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 10:11:04 2017/30/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 917

**قوز سمە مامز**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170930142435142808

قوز سمە مامز
سمی مامز هەم بچکۆلەیە و هەمیش خرپنە، پیاوان لە کوردەواریدا لە(غیابی) ژناندا ئەم ئیدیۆمە بۆ هەندێک لە ژنان بەکاردەهێنن گوزارشتە لە بچوکی و خرپنی قوز زۆر جاریش لە بواری گاڵتە و گەپەوە ژنان کە گوێیان لێ دەبێت(کەیف)یان پێ دێت و بزەیەک دەیانگرێ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🗄 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی)
کاتی تۆمارکردن: 2017/30/9 2:24:35 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 918
## قوز فستق
[https://www.kurdipedia.org/?q=20170930143150142809](https://www.kurdipedia.org/?q=20170930143150142809)
قوز فستق
ئیدیۆمێکە وەک دەربڕی(سمه مامز)ەکەیە، واتە هەم بچکۆڵە و هەمیش خڕیلەیە بەڵام گوزارشتی تەسک-یش لە و دەربڕینەدا هەیە زۆر جاریش لە بواری گاڵتە و گەپەوە ژنان کە گوێیان لێ دەبێت(کەیف)یان پێ دێت و بزەیەک دەیانگرێ.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🗄 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی)
کاتی تۆمارکردن: 2017/30/9 2:31:50 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 919
## قوز فیقە
[https://www.kurdipedia.org/?q=20170930143501142810](https://www.kurdipedia.org/?q=20170930143501142810)
قوز فیقە
فیقە لە فیق فیقەوە هاتووە هەم باریکەلەیە هەمیش درێژکۆڵەیە، ئەمەش زیاتر پیاوان بەکاری دەهێنن، زۆر جاریش لە بواری گاڵتە و گەپەوە ژنان کە گوێیان لێ دەبێت(کەیف)یان پێ دێت و بزەیەک دەیانگرێ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 9/30/2017 2:35:01 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 920

## قوز لاستیک

https://www.kurdipedia.org/?q=20170930092948142797

قوز لاستیک

ژنێک ڕەقەڵە و لاواز بێت و بەتوێت جنێویشی پێ بدەیت پێی دەڵێیت(قوز لاستیک) واتە وەک لاستیک ڕەش و سیرمەیی یە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 9/30/2017 9:29:48 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 921

## قوز لۆرە لەپ

https://www.kurdipedia.org/?q=20170923154256142699

قوز لۆرە لەپ

لۆرە لەپ دارێکە لەسەر مەشکەدایە، هەندێجار درێژییەکەی دەگاتە نزیکەی یەک مەتر و پانیەکەشی دە سانتیمەتر دەبێت، لەکاتی مەشکە هەژاندا ژنان دەستی پیادەکێشن، ئەگەر دڵیان ژنێک یان کەسێک نەگرێت پێی دەڵێن(قوز لۆرە لەپ) وەک جنێو بەکاردەهێنرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ⬇ باشووری کوردستان


وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2017/23/9 3:42:56 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 922
## قوز لە قەحپەی ناکرِدرێت
[https://www.kurdipedia.org/?q=20210429224336393784](https://www.kurdipedia.org/?q=20210429224336393784)




قوز لە قەحپەی ناکرِدرێت.
هەرچەندە(قەحپە) وشەیەکی کوردی نییە و لە زمانی عەرەبیدا هاتووە بۆ ناو ئاخێوەرانی زمانی کوردی، بەڵام لە ئێستادا بووە بە وشەیەکی ناو زمانی کوردی و بە ئافرەتێکی لەشفرۆش دەوترێت(قەحپە)، ئەندامی مێینە و جەستە بەیەکەوە لە کوردیدا(لەش+فرۆشتن) کە جەستەی خۆی دەخاتە بەردەست پیاوێک بۆ بەدەستهێنانی بڕێک پارە یان تێرکردنی لەزەت و ئاڵوشی خۆی و بۆ زیاتر لە نێرێک و بە و شێوەیە، کڕین و فرۆشتنی ئەندامی مێینە بە یەکجاری لە قەحپە دەست نادات چونکە ئەگەر بیفرۆشێت پەکی دەکەوێت بۆیە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسی سوک کە شتی لەدەست نابێتەوە یان مامەڵەی بەفێڵ و فەرەج ئەنجام بدات دەوترێت(قوز لە قەحپەی ناکرِدرێت).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی چارت و خشتە - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2021/29/4 10:43:36 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 923
## قوز لەندە هۆر
[https://www.kurdipedia.org/?q=20170927134552142758](https://www.kurdipedia.org/?q=20170927134552142758)

قوز لەندە هۆر
جوێنێکە بە ژنان دەدرێت، وەک (قوز ئەشکەلک) واتە گەورە و رەش و تاریک، هەم هۆر گەورەیە و بێ چرابووە لە ئاژەڵداری، هەمیش مەقلی گەورەی ڕەشە ئەشکەلک.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولّات: ⬇ باشووری کوردستان
ولّات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ☐ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/27/9 1:45:52 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 924
## قوز مراکی
https://www.kurdipedia.org/?q=20170927084851142754
قوز مراکی
کارێک مرۆڤی کورد دڵی نەیگرێت پێی دەڵێت(قوز مراکیە) واتە کارەکە خوار و خێچە وەک کەوچکی چێشت خواردن نارێک وپێکە و راست و رەوان نیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولّات: ⬇ باشووری کوردستان
ولّات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ☐ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/27/9 8:48:51 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 925
## قوزی پێ موی دەوێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20170914095034142610
قوزی پێ موی دەوێ
ئیدیۆمێکە بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت کە بەهەموو شتێ ڕازی نەبێت و شکورانە بژێر نەبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولّات: ⬇ باشووری کوردستان

ولآت: رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/14/9 9:50:34 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 926

## قوزە چێڵە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170923135017142693

قوزە چێڵە
ئیدیۆمێکە کەمتر بۆ ژنان بەکاردێت زیاتر بۆ پیاوان بەکاردەهێنرێت، بە پیاوێک دەوترێت(قوزە چێڵ) کە سست و کەم چالاک بێت و زۆر پاڵ بکەوێت، دەبەنگ بێ ولە شوێنی خۆیەوە قسەی گەورە بکات و هیچیشی تیابەستە نەبێت، بگرە وەک زێ-ی مانگا پان بۆتەوە وشێوەی لبادێکی تەڕکراوی راخراوە کەر-یش بەدەنگی ناڕوات لەماڵ و گەڕەک و ئاواییدا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولآت: باشووری کوردستان
ولآت: رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/23/9 1:50:17 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 927

## قون سەرە قەڵنە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170930093249142799

قون سەرە قەڵنە
سبیل یان قەڵنە دار جگەرەی لای خۆمانە بەڵام لە قەڵنەکەدا جگەرە و دارەکە بەیەکەوەن و سەری قەڵنەکە توتنی تێدەکرێت و دادەگیرسێنرێت و مژی لێ دەدەرێت، هەڵبەت سەر قەڵنە هەم بچوکە و هەمیش ڕەش و پیسە ئەمەش جنێوێکی ئیدیۆم ئامێزە مرۆڤ بەکاری دەهێنێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📄 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2017/30/9 9:32:49 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 928
## قون قەڕەپووڵ
https://www.kurdipedia.org/?q=20200910225527387784



قون قەڕەپووڵ
قەرە وشەیەکی تورکییە واتا(ڕەش) پول، پارە، یان فلسە، واتە فلسی ڕەش یان پارەی ڕەش، کەماڵ گرونیی لەساڵی 2009دا لە بەغدایێ بووە، دەنوسێت زۆر گەرم بوو(کارم بیووە ئاو کرین، ئاوفرۆش هەبوون گۆزەیەکیان بە بەرسینگی خۆیانەوە هەڵاوەسیبوو، شتێکی وردیی زەردیان تێکردبوو، لیوانی بە چەند فلسان بوو، نەمدەزانی، مستێکم قەڕەپوڵ لە لاوێچم دەکرد و لە پێش کابرای ئاو یان شەربەت فرۆشم رادەگرت و ئەویش مافی خۆی هەڵدەگرت، بیروبۆچونێکیتریشم بیستووە پێی وایە (قەڕەپوڵ) کێشانەیەکە لەچارەگە کیلۆیەک کەمترە، هەموو ئە و ڕوونکردنەوەیە بۆ ئەوەیە رووی ڕاستەقینەی ئیدیۆمە بزانین، لایەنی دووەم مەبەستی ئیدیۆمەکە ئەوەیە پیاوێکی قوون پوچ و قرغ و چروک وشۆڕ و لەڕوگەڕولاوازە بەتەوسەوە پێی دەوترێت(قوون قەڕەپووڵ). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📄 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2020/10/9 10:55:27 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 929
## قون لە کۆچەکان، سەر لە باڵەکان
https://www.kurdipedia.org/?q=20171109075943143110

قون لە کۆچەکان، سەر لە باڵەکان
کەسێک کاری پەرتەوازەی گرتبێتە دەست و کارێکی لە هەولێر و باڵەکان بێت و کارێکیشی لە شیراز و مهاباد بێت واتە ئە و پێمەرە بڵاویە سەرناگرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 7:59:43 2017/9/11

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 930

## قونت دری

https://www.kurdipedia.org/?q=20170930092831142796

قونت دری
یەکسەر بەمانای(ئامانج) پێکانە، لەکوردەواریدا ئەگەر کەسێک لەدوورەوە بەدەر بکەوێت تا دەگاتە ناو گوند و ئاواییەوە ئەوانەی لە بەربەرۆچک دانیشتوون هەریەکەی شتێک دەڵێت ئەوە فلانەکەسە ناوەڵڵا فلانەکەسە ئینجا ئەوەی بە تەواوەتی بزانێت ئە و کەسەی دێتە ناو گوندی لەدوورەوە کێیە ئەوا یەکسەر ئامادەبوان دەڵێن(قونت دری) واتە زانیت کێیە و ئامانجت پێکای.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 9:28:31 2017/30/9

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 931

## قونی لە ڕەشەبا کردیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170928150101142780

قونی لە ڕەشە با کردیە
ئەم ئیدیۆمەش بۆ کەسێکی تەمبەڵ و تەوەزل و(عەمەل مەندە) بەکاردێت و لەسەر کارەکەشی خەوی لێ دەکەوێت و مەراق بووە بەخە و لەسەر کاری زۆرەوەش پاڵدەداتەوە وقونی دەکاتە ڕەشەبا و هیچ باکی لە نەرۆیشتنی کارەکەی نیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 9/28/2017 3:01:01 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 932
**قونی ڕەش وسپی بەدەردەکەوێت**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170923154707142701

قونی ڕەش وسپی بەدەردەکەوێت
زۆر جار وارێکەوە دوو کەس دەبێتە دەمەقاڵیان و یەکێکیان زیاد لەپێویست مەدح و ستایشی ئازایەتی و قارەمانێتی و توانای خۆی دەکات بەرامبەریش داوای تاقیکردنەوەی لێ دەکات و دەڵێ وەرە بابچینە مەیدانێ لەوێ قونی ڕەش وسپیمان بۆ بەدەردەکەوێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 9/23/2017 3:47:07 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 933
**قونێ فێربێ بەترین ڕاناوەستێ لەسەر هیچ بەڕان**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170920134856142641
قونێ فێڕبێ بەترین راناوەستێ لەسەر هیچ بەڕان
وتراویشە: قونێ فێڕبێت بەترین تەرکی ناکات تا بڕین، واتە کەسێک دووچار و توشی کارێکی بەدخوو بوو بێت زۆر زەحمەت دەتوانێ تەرکی بکات و هیچ شوێن و دەم و ساتی بۆ نیە، وتراویشە(خووی شیری تا پیری).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/20/9 1:48:56 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 934
## قونێ لە دووم مەڕۆ بۆن گوت لێ دێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20171115083639143192
قونێ لە دووم مەڕۆ بۆن گوت لێ دێت
ئەم ئیدیۆمە بۆ دوو حاڵەت بەکارهاتووە یەکەمیان ئە و کەسەی ئە و ئیدیۆمەی ئاراستە دەکرێت زۆر نەگونجاوە هەتا لەگەڵ خۆشی ناسازێت لە و ڕووەوە وتراویشە(لەگەڵ تری خۆی بەشەڕ دێت) لە بوارێکیترەوە ئە و کەسەی ئە و درکەیەی ئاراستە دەکرێت کەسێکی زۆر بەفیز و لوت بەرزە تا پێی شورەییە ئە و کۆمەی لە تەنگاوییدا رزگاری دەکات بەدواوەی بێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/15/11 8:36:39 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 935
## قوون بە کوریکە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220617233736418986



قوون بە کوریکە
لە وراتی کۆیە دەوترێت: قوون بە کوریکە، تەرۆزی و ئاروو(خەیار) بە بچووکی زۆر ناسکن، گوڵەکەیان بە کۆتاییەکەیەوە هەر دەمێنێت بە و گوڵە دەوترێت(کوریکە) و لە سلێمانیش پێی دەوترێت: گوڵ بەدەم، ئە و جۆرە تەرۆزییە و ناسکە چەمیلەیە هەر بەلێو دەخورێت، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و لە وراتی کۆیە ئەگەر پیاوێک، کیژێکی مناڵکارە و جوانکیلە و ناسکۆڵە و تازە پێ گەیشتوو بخوازێت، بە تەوس و پەرۆشی و سەرسوڕمانەوە پێی دەوترێت: فڵانە کەس قوون بە کوریکەی خواستووە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆیە

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/17/6 11:37:36 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 936

## قوونێک ئە و بیگێ، بە ئاوی چەغەتووی پاک نابێتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220624124158419711



قوونێک ئە و بیگێ، بە ئاوی چەغەتووی پاک نابێتەوە
وتراویشە: قوونێک ئە و بیگێ، مووی لێ نایەتەوە، ئاوی چەغەتوو، لقە رووبارێکی سەرەکیە کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئاوەکەی دەچووە ناو دەریاچەی(ورمێ)، لە کۆندا ئاوێکی زۆری هەبووە، وەکو ئاوی رووباری سیروان و زێی بچووک و ئاراس بووە، ئینجا لێرەدا بۆ پاککردنەوەی شوێنێک بەکارهاتووە کە کەسێکی بەدڕەفتار ئەنجامی دابێت، هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمەش هەیە کورد وتویەتی: کەری بگێ سەقەتی دەکات، یان وەکو گوزارشتی پیسی و بەدی بۆ بەراوردکردنی وتراوە: فڵانە کەس لە چاو ئە و بە حەوت ئاوان شوراوەتەوە، کردەوەی چەپەڵی هەندێک کەس و بەیدوعی و دەست ڕەشی و بێ خێریەکەی بووە بە ئیدیۆم و بە تەوس وگاڵتە و رک وکینەوە دەوترێت: قوونێک ئە و بیگێ، بە ئاوی چەغەتوو پاک نابێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/24/6 12:41:58 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 937
## قوڕ و چڵپاوی دونیای بە قنگدا هەڵپژاوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20171115083502143191
قوڕ و چڵپاوی دونیای بەقنگدا هەڵپژاوە
ئەم ئیدیۆمە بەکاردەهێنرێت بۆ کەسێک کە لەژیانیدا زۆرترین تاقیکردنەوە و بەسەرهات و سەرگوزشتەی جۆراوجۆری بینیبێت هەروەها وتراویشە فلانە کەس(لەبەر هەتاو سەری سپی نەکردووە) واتە خاوەن تاقیکردنەوەی زۆرە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/15/11 8:35:02 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 938
## قوڕەی دوای گورگێ یە
https://www.kurdipedia.org/?q=20210407193718393402

قوڕەی دوای گورگێ یە
گورگ دوژمنی سەر سەختی پەز و مەڕوماڵاتە، سەگ-یش بە پاسەوانی مێگەل و ران دادەنرێت، هەندێک سەگ، گورگ خنکێن نین و لە گورگێ دەترسێن، بەڵام لەبەر نانەکەی خۆیان لەدوورەوە قوڕە-قولەیان دێت، بە و جۆرە وەرینە دەوترێت(قوڕەی دوای گورگێ یە) واتە گورگەکە لەڕانەکەی داوە و زیانی خۆی بە مێگەلەکە گەیاندووە وهەندێکی خواردووە و هەندێکی کەل وکوڵم کردووە، لەبەر ئەوەی شوانەکە زۆری نان پێداوە لەبەر خاتری نانەکە و شوانەکەی دەوەڕێت، ئە و حاڵەتە بووە بەئیدیۆم و بەمەبەست بەکاردێت بۆ کەسێک یان سەرکارێک یان پاسەوانێکی ترسنۆک و خەوتوو بەرامبەر کارێک کە لە ئەستۆیەتی و فەرامۆشی بکات، دوای ئەوەی زیانێکی بەرکەتووە، وەک وتراوە(پاش ترێ خەپشەی برێ) ئینجا هەڵبداتێ و خۆی دەربهێنێت بە و حاڵەتە دەوترێت(قوڕەی دوای گورگێ یە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📖 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/7/4 7:37:18 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 939
## قیڕی کەوای سپییە
https://www.kurdipedia.org/?q=20200822215949387091



قیڕی کەوای سپی یە.
کەوا، سپی بێت و قیڕی ڕەشی پێوەبلکێت و بنوسێت، وەک گای قەشی لێ دێت و لەدوورەوە ڕەنگە ڕەشەکە هاواردەکات و دیمەنی تەواوی کەوایە(کەوێ)کە ناشیرین و بێ نمود دەکات، ئە و دیاردە ڕاستەقینە بووە بەئیدیۆم وەکو سوک و کەم سەیرکردنی کەسێک و لە کۆڵ نەبێتەوە و بەبەردەوامی بەدوای یەکێکەوە بێت دەوترێت بووە بە قیڕی کەوای سپی واتا زۆر جاڕس و بێزراوە وخۆی لێت ناکاتەوە و لەتامی دەرکردووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📖 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/22/8 9:59:49 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 940
## قۆڕەی قوونی دێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20220619120204419108



قۆڕەی قوونی دێ
لەدەوروبەری شاری(هەولێر) ئە و ئیدیۆمە زۆرباوە و لەسەر زارانە، قۆڕە: دەنگ و نەخۆشیەکی ڕەشەوڵاخە، مرۆڤیش ئەگەر دووچاری غازات بوو بێت یان سکچوون یان هەر نەخۆشیەک لە هەناو یان تێر وپڕیش بێت سکی ئە و قۆڕە قۆڕەی دروست دەکات، کە دەنگێکی جاڕس و بێزارکەر و شەرمەندەیە، هەندێجار هاوشێوەی با و تڕی دەرچەی کۆمە دەنگەکەی، ئەوە حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی بەتەمەن و لەڕ و لاواز و بێ توانا و کزۆڵ کە گۆشتی سمت و کەفەڵ و ڕانەکانی داهاتبێ و لەرە لەری بێت و قوونی شۆڕ کردبێتەوە و کەڵکی مەیدان گرتنی لە زۆر بوار نەمابێت و قسەی گەورەش بکات بەتەوس و سوک سەیرکردنەوە پێی دەوترێت: قۆڕەی قوونی دێ. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/19/6 12:02:04 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 941

## قەبرم دەمی بەتاڵە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220424233416411418



قەبرم دەمی بەتاڵە
قەبر و گۆڕ ڕووبەرێکی بچوکە دوومەتر و گەزێکە، لە وڵاتی کوردەواری دوا مەنزل و شوێنە ئەگەر مرۆڤ قسمەتی بێت، دوای مردنی تێیدا بەخاک دەسپێردرێت و دەنێژرێت، ئەوانەی لە مردن ناترسێن کفن و گۆڕ بۆ خۆیان ئامادە دەکەن بەر لەوەی بمرن چ بە هۆی بیروباوەڕییانەوە بێت یان بە هۆی بوێری و ئازایەتیانەوە بێت، ئە و گۆڕانەی ئامادەکراون دەمیان واڵا و کراوەیە، ئە و حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم و کەسێکی پاک و بێگەرد و بێ باک و بێ ترس بۆ بێمنەتی و نەسڵەمینەوە لە زوڵم و ستەمی دەسەڵاتداران دەڵێت : قەبرم دەمی بەتاڵە واتە مردن هەر یەکجارە و ئە و لینگە فرتێیەی ناوێت یان مردنە لینگ بزافتن چییە؟.[1]

Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: PM 11:34:16 2022/24/4
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 942
## قەتارێک پێشەنگی کەر بێت زوو لە قوڕێ دەچەقێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20181229095146181966



قەتارێک پێشەنگی کەر بێت زوو لە قوڕێ دەچەقێ
قەتار واتە کاروان هەموو کاروانێک دەبێت سەر کاروانی هەبێت، پێشڕەوی قەتار دەبێت کەسێکی ئازاو چاونەترس و بوێر و شارەزای ڕێگاوبانان بێت و کات وساتی پشودان و وەڕێ کەوتن بزانێت و لەباروودۆخ و کەش وهەوا وورد ببێتەوە و بڕیاری گونجاو بۆ دەرچوون یان دەرنەچونی کاروان دەربکات و هەموو ئەندامانی کاروانەکە بەسەلامەتی بگەیەنێتە شوێنی مەبەست کەواتە رابەر وسەرکردە دەبێت کۆمەڵێک خاسیەت و ئەدگاری بەرز و لێزانانەی هەبێت، هەندێکجار وارێک دەکەوێت کەسێک هیچ خاسیەتێکی سەرکردەیی نی یە و دەبێتە پێش قەڕەوێڵ و سەرکاروان ئینجا بەتەوسەوە و بە ئیدیۆمەوە بە و جۆرە سەرکاروانانە دەوترێت(قەتارێک پێشەنگی کەر بێت زوو لە قوڕێ دەچەقێ) واتە کاروانەکە یان کارەکە بە فەوتان دەدات یان بە(فەتارەت) دەبات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:51:46 2018/29/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 943
## قەرانگی بەگو ناگاتە لوتی
https://www.kurdipedia.org/?q=20170927143726142771
قەرانگی بەگو ناگاتە لوتی
بە کەسێکی لوت بەرز و خۆ بەزلزان دەوترێت کە خۆی ناهێنێتە ڕیزی خەڵکی و وادەزانێ ئەم گەردونە بۆ ئە و دروستکراوە، لە و ئیدیۆمەدا بە تەوسەوە دەوترێت فلانە کەس قەرانگی بەگو ناگاتە لوتی.


تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰🇷 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: PM 2:37:26 2017/27/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 944
## قەلبی ساغ، بالیفی ناوێ
[https://www.kurdipedia.org/?q=20220215225405405188](https://www.kurdipedia.org/?q=20220215225405405188)



قەلبی ساغ، بالیفی ناوێ
قالب، قەلب واتە: لەش و جەستەی مرۆڤ، بالیف: سەرین، پشکۆڵ، ئەگەر مرۆڤ تەندروستی باش بێت، هەر کات و ساتێک خەوی بێت، پێویستی بە سەرین و بالیف و دۆشەک و ڕایەخ نییە و یەکسەر لەژێر ئاسمانی شین و لەسەر زەوی خەوی لێ دەکەوێت، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و گوزارشتە لەوەی لەش ساغی یەکێکە لە(نیعمەت)ەکان و دەوترێت مرۆڤ ئەگەر باری تەندروستی باش بێت پێویستی بە هیچیتر نییە بۆیە لەرواندزێ دەوترێت(قالبی ساغ، بالیفی ناوێ).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰🇷 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: PM 10:54:05 2022/15/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 945
## قەلقەلاشکە لەخۆی بەشکە
[https://www.kurdipedia.org/?q=20180621104317151988](https://www.kurdipedia.org/?q=20180621104317151988)



قەلقەلاشکە لەخۆی بەشکە
لەهەولێرێ زۆر گوێبیستی ئە و ئیدیۆمەی دەبم بەتایبەت لەناو منداران دەگۆترێتەوە، ئەمەش لە گۆترەوە نەهاتووە نێرەی قەل ئەرکی دروستکردنی هێلانەی لە ئەستۆدایە بۆ سەرنج ڕاکێشانی مێیەکەی هەندێک بازنە و ئەلقە و متومێروو کەلوپەلی یاری و شت و مەکی ڕەنگاوڕەنگ لێرە و لەوێ دەدزێت و هێلانە و ماڵەکەی پێ دەڕازێنێتەوە بۆ ئەوەی قەلە مێیەکان حەزی لێ بکەن و لەگەڵی جووت بن، لە دوای هەر دزینێکیش دەڵێت غاااق غاااق واتە بەخوا من نەمبردووە،ئینجا لێرەوە ئە و ئیدیۆمە دروستبووە کە دەڵێن شتێک وونبووە و گوایە دزەکەش وا هەست دەکات کە پێی دەوترێت تۆ دزیوتە بۆیە زوو بە قسەدێت و دەڵێ من نەمبردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/21/6 10:43:17 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 946

## قەلی ڕەشە بەچل ساڵی بارە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171213080639143475

قەلی ڕەشە بەچل ساڵی بارە
دەوترێت قەلی ڕەش مێینەکەی تا نەگاتە تەمەنی نەوەد ساڵی هێلانە دروست ناکات و هێلکەی ناکات، دەوترێتیش بێچووە قەل-یش ئێرەیی بە دایکی دەبات چونکە تا نەوەد ساڵ چاوەڕوانی دەکات ئینجا دەبێتە دایک، ئینجا بە تەوس و توانج و پەلارەوە بەکەسێک دەوترێت قەلی ڕەشە تا چل ساڵی ئینجا دەبێتە بارِ واتە پیر نابێت و تەمەنی درێژە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/13/12 8:06:39 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 947

## قەوم بۆ ڕۆژی تەنگ شمشێر بۆ ڕۆژی جەنگ

https://www.kurdipedia.org/?q=20190306080840280180



قەوم بۆ ڕۆژی تەنگ، شمشێر بۆ ڕۆژی جەنگ
لە ڕژێمی خێڵگەراپی زۆری و بۆری هۆز جێگەی ئومێدە بۆ پەلامار و بەرگری لە ڕۆژی تاڵانی و برۆدا، هەڵبەت(قەوم) کەس و کار و خزم و خوێش دەگرێتەوە کە بۆ ڕۆژی(تەنگانە) بەهانا و بەکەڵک و دەبنە فریادرەس، پیرەمێردی نەمر لەچوارینەیەکدا جێگەی ئەم پەندەی کردۆتەوە و فەرمویەتی:
ئەڵێن چاکترە کەس لەبێگانە
لەکاتی دەرد و ڕەنج و تەنگانە
شمشێر-یش کە چەکی زەمانەیە هەر لەکۆنەوە بۆ ئەمیش ووتراو هەیە(شەڕ بەشیر، مامڵەت بەدراو) کەواتە کڕین و هەڵگرتنی شمشێریش بۆ شەڕ و ڕووبەڕوو بونەوەیە، ئەم ئیدیۆمە دەڵێت(ئەگەر قەوم بۆ ڕۆژی تەنگانە و شیریش بۆ ڕۆژی شەڕ بەکەڵک نەێن بۆچی باشن؟).

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2019/6/3 8:08:40 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 948

## قەڕاسەیان لەسەر داکەندیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180829095052155039



قەڕاسەیان لەسەر داکەندیە
قەڕاسە(زنجیر و داو و مێخنجیر و مشتەمەلات)ی کەر بەستانەوە دەگرێتەوە بەتایبەتی(سەر) ی کوێدرێرێژەکە، هەرکات قەڕاسەی لێ بکرێتەوە، بەئارەزووی خۆی بە و لاو بەم لادا دەڕوات و هەندێکجاریش بۆ پشودانە و جاری واش هەیە بۆ بەرەڵاکردنە، ئەگەر کەسێک وەک کەرە بەرڵا ڕەفتار بکات و لوشکە و جۆتە و چەموشی و تێ هەڵجلیکان و خۆ بگەوزێنێ و زیان بگەیەنێت دەیهێننە ڕێزی کەر و پێی دەوترێت قەڕاسەیان لەسەر داکەندیە واتە بەتەواوەتی بەرڵاکراوە و بێ خاوەنە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code


🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇹🇯 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:50:52 2018/29/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 949

**قەڵای مەریوانمان بۆ دەگرێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181224075444181730



قەڵای مەریوان-مان لۆ دەگرن
ئەوەی بزانم(قەڵای مەریوان) میر(هەڵۆخان) بونیاتی ناوە یان کردویەتی بە پایتەختی(میرنشینی ئەردەڵان) قەڵایەکیش پایتەختی میرنشینێک بێت هەوەنتە نی یە دەست بەسەراگرتن و گرتنی ئەگەر ئەوەش ڕووبدات قوربانی و خوێن ڕشتن و ماندوبوون و وێرانیەکی زۆری بەدواوە دێت، بکەری ئەم داستان و سەروەریەش دەتوانێ بەخۆیدا هەڵبدات و وەک یەکێک لە دەستکەوت و قارەمانێتی ئاماژەی پێ بدات، بەڵام هەندێ کەس هەیە ڕاکردنی خۆی لەشەڕدا جوان دەگێڕێتەوە، یان مارێکی لەهێلکەدەرهاتووی تولەماری کوشتوە و لە ڕاگەیاندن و قسە و باس و خواسی کۆڕوکۆبوەنەواندا دەیکاتە عەزیا(ئەژدیها) ئینجا بە مەبەست و توانج گرتن لەکارە کەمەکەی یان کارە ئاسانەکەی کە کردویەتی دەوترێت دەتخوا تۆش ئەوەندە گەورەی مەکە دەڵێی(قەڵای مەریوانامان بۆ دەگری) ئەوەندە کارەکە قەبە و لە قەبارەی خۆی گەورە مەکە(ڕاکردن و تولەمارکوشتن) مەکە بەگرتنی قەڵای مەریوان و ئەژدیها کوشتن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code


🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇹🇯 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:54:44 2018/24/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 950

**گا بدە گابردە، ژن بدە ژن مردە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220119205345402062



گا بدە گابردە، ژن بدە ژن مردە
لە سەردەمی نەبوونی ئامێری تراکتۆردا، گا لەکێڵگەدا ڕۆڵی زۆری پێدراوە و کاری زۆری پێکراوە هەر لە(جووتکردن، کێشانەوە، گاگێرە) بەمەش لە دەفتەرداری دەولەتیش لەئامارەکاندا دەنوسرا فلآنە گوند و دێهات ئەوەندە جووت گایەی هەیە، هەر لەبەر ئەو بایەخەی گا زۆر جێگای چاوتێبڕین بووە، لەسەروبەندی دەربەگایەتی لەکوردستاندا زۆرجاران گا بەتاڵان براوە و دزراوە، ئە و کەسەی گایەکەی لێ دزراوە کاروباری کێڵگەکەی پەکی دەکەوت و بایەخی ئە و گایەی زۆر بەچاکی بۆ دەردەکەوت، ژنیش کە کورد دەڵێت: ماڵ و ژنیان گۆتیە، چونکە توانایەکی لەڕادەبەدەری هەیە بۆ خزمەتکردنی ماڵ و مێرد و منداڵ ئەگەر ماڵێک ژنی تێدا نەبێت دەوترێت: ئاوی تێوەرکرایە یان پێوەرکریە، چونکە ئە و ماڵە زۆر بێ کابان و بێ سەرە و بەرە دەبێت، ئینجا کەسێک ژنێکی باش و کابانی هەبێت و نەمێنێت ئە و لە هەموو کەسێک زیاتر نرخ و قەدری ژنان دەزانێت، هەر بۆیە کورد هەردوو حاڵەتی(گابردن و ژن مردن)ی لە و ئیدیۆمەدا جێگاکردۆتەوە و فەرمویەتی(گا بدە گابردە، ژن بدە ژن مردە) واتە هەر ئە و دوانە قەدری گا و ژنان دەزانن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/19/1 8:53:45 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 951
## گا بە پوش ناپەڕێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20170920151245142646
گا بە پوش ناپەڕێ
ئیدیۆمێکە بۆ زۆر بوار بەکاردەهێنرێت بۆ نمونە ئەگەر سەپانێک بتەوێت دروێنەکی باش بکات پێویستە خواردن و خواردنەوە و دۆیەکی باشیشی بدەیتێ، ئەگەر گایەکیش بۆ چاککردنی مانگا بەکاربهێنرێت پێویستە کا و ئالیکێکی باشی پێ بدرێت، دەکرێت ئەمە بۆ مرۆڤیش دروست بێت بەتایبەت لە قۆناغی تەمەن هەڵکشانا بۆ ئەوەی گرۆتینی باش بێت خواردن وخواردنەوەی باش بێت جۆرێکی ترە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 3:12:45 2017/20/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 952
## گا بە تەنیا گێرە ناکات
https://www.kurdipedia.org/?q=20220514220755413998



گا بە تەنیا گێرە ناکات
گا: گۆلکە نێر کە تەمەنی دەبێتە سێ ساڵ پێی دەوترێت: گا، ئە و گۆلکە نێرەی کە بچووکی بارهێنرا بێت، دەتوانرێت کاری جووت و کێڵانی زەوی وزاری پێ بکرێت، کە جووتی کرد پێی دەوترێت: گاجووت، گاجفت، گێرە: لە گێران و گەڕانی ڕەشەوڵاغ هاتووە لە سەر خەرمان بەمەبەستی کوتانی بە و کارەش ووتراوە: گێرەکردن، بۆ گێرەکردن دوو گا بەیەکەوە دەگەڕێنرێن و یەکێکیان پێی دەوترێت(گای بنە) و ئەویتر گای سەر پەڕە، بووە بە ئیدیۆم و وتراوە: دەڵێی گای بنەیە، ئەوەی لێیان دەخورێت پێی دەوترێت: گێرەوان، ئەویش بووە بە ئیدیۆم(گێرەشێوێن)، ئەگەر خاوەن خەرمان یەک گای هەبێت ناتوانێت خەرمانەکەی بکوتێت، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و وەکو گوزارشت لەوەی هیچ کارێک بە تەنیا ناکرێت و پێویستی بە دەستبار و دەستگرۆیی و هەرەوەزی و هاوکاری هەیە بە ڕێنوێنی و هۆشیاری و ئامۆژگارییەوە ووتراوە: گا بە تەنیا گێرە ناکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ووڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 10:07:55 2022/14/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 953
## گا بە گاڕانەوە ڕۆیشت، پیرێژن لە گۆڵکە سۆریی دەپێچایەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20170614011631140101



گا بە گارانەوە ڕۆیشت، پیرێژن لە گۆلکە سۆرێی دەپێچایەوە
ئەم پەندە بەکار دەهێنرێت کاتێک لە کارێک، بەرهەمێک، پرسێک بە تەواوی دەستت بەر ببێت و لە کیس بچێت، تۆ بێیت لە شتێ بچووک سۆراخ بکەیت و بپێچیەوە، بۆ نمونە شارێک وێران بێت لە خانویەک و شۆرشێک بتاوێتەوە لە تفەنگێک بکۆلیتەوە، خەرمانێک بسوتێت تۆ لە ڕبە گەنمێک بکۆلیتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ● دیارینەکراو | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/14/6 1:16:31 AM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 954

## گا بەدەنگی ناڕوات

https://www.kurdipedia.org/?q=20220409172102410850



گا بەدەنگی ناڕوات
گا، ڕەشەوڵاغی نێرە کە پێی نابێتە ساڵی سێیەمی تەمەنیەوە، ئەوەندە خورت و بەهێز و بە هەرەکەتە، زۆر زەحمەت و گران بار دەهێنرێت، پێویستی بە گاوان و گاکوژ و جوتیارێکی توند وتۆڵ و گورج و گۆڵ هەیە کە خێرا بەرزەفتی بکات لەگەڵ گرتنی هەردوو شاخی بتوانێت ملی بسورێنێت و ملهوری نەهێڵێت و لە زەوی بدات وەکو چۆن(گاکوژەکان) لە کاتی سەربڕینی ئە و شێوازە دەگرنەبەر، لەگەڵ ئەمانەش گا هێمای هەبوونی و ڕسق و ڕۆژوو و داهاتی ماڵە جوتیارانی کورد بووە وەکو تراکتۆری زەمانە بووە، هەموو زەوییە کشتیارییەکانی پێ کێڵراوە و کاروبارەکانی کێڵگەی پێ ڕاییکراوە بۆیە وتراویشە: گا دەیکا و کەر دەیخوا، هەر لە بەر گرنگی و پربایەخی گا و ڕۆڵی لە ژیانی کشتیاری و لادێ نشینانی کورد چەندین ئیدیۆم لەسەری گوتراوە وەکو:(کەڵەگا، گای بووغە، گای بنە، گای پیر، گای قەش، گاجووتە، گای ناو گۆلکان، گام لە و جووتەی نییە، سواری گای هابووە، گای گوی نەکات، گای بەگوێی دەناسێت، گای شێت، گای حەوت ئاخوڕە، گای گەڵناغاج و تاد).
لەبەر سەر شێتی و ملهوری گا، وەرزێرەکان و خاوەن گایەکان بەتایبەت ئەوانەی گایەکانیان ڕاداوە و دابەستاوە بۆ جووت کردن، دارێکی درێژکۆڵە و نەقیزەداریان بەدەستەوە بووە لەکاتی غەزرین و پێداگری و نەڕۆیشتن دەیسرەوێنە گایەکە و بەهۆیەوە دەڕوات، هەندێجار بە و دارە وتراوە: گاڕان واتە گا پێ لێخورین یان پێ ڕادانی گا، زیاتر جوتیارەکان لەکاتی کێڵانی زەویدا بەکاریانهێناوە و گایەکانیان پێ لێ خوریووە، ئینجا ئە و کەسەی بێ توانا و بێ هێز و بێ شینگ و بێ تاقەت بێت ناتوانێت کار بەگایەکان بکات و گایەکانیش هەر بەدەنگدان ناڕۆن و برِی جوتیارەکەیان تاقیکردۆتەوە و لە شوێنی خۆیاندا دەچەقن، ئەمە خستنە ڕووی ناوەڕۆکی ئیدیۆمەکەیە، وەکو خوازراوی ئیدیۆمەکە بەکەسێکی پەککەوتە و بێ دەسەڵات و دەست کورت و بێ هێز کە کەس گوێی لێ ناگرێت و بەقسەی ناکەن بە گاڵتە و پەلار و هەندێک جار بەتەوسەوە پێی دەوترێت: گا بە دەنگی ناڕوات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/9/4 5:21:02 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 955

## گا گوراوە، کلکی ماوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170425085756139344



گا گوراوە، کلکی ماوە

یەکێکە لە پەندە جێماوەکانی پڕ گوزارشتی کورد بە و بارە دەوترێت کە کارێکی قورس زۆربەی ئەنجام درابێت و بەشێکی کەمی مابێت یان بەرە و کۆتایی چوو بێت لە کارە کشتیارەکانی وەک جووت کردن و تۆکردن و داچاندن و دروێنە و هەروەها سەرسواخ و قورە پەستی خانوبەرە و وە کێشە و گرفت و ئاریشەکان...تاد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/25/4 8:57:56 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 956

## گا لە گێرەی گاوسی خۆی سەری ژان دەکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20170708102735141177

گا لەگێرەی گاوس خۆی، سەری ژان دەکات.

لە کوردەواریدا ئەم پەندە بە کەسێک دەوترێت کە لە کارێک  سوود و قازانجەکەی بۆ خۆی بێت، سەرگرانی بکات و خراپ بچێتە ژێر باریەوە، بۆیە گا-ش بەنمونە وەرگیراوە چونکە سەردەمانی زوو گا کاروباری کشتیاری و وەرزێری ناوکێڵگەی زۆر ێ

کراوە بەتایبەت کێڵان و جوتکردن و گێرە کردن، گاوس-یش واتە رووەکی(گاگۆز) کە رووەکە پاقلەمەنیەکانیانە هاوشێوەی(پۆلکە) کە ئالیکێکی باشی گا و گۆلک و ڕەشە ولاغە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: ⬇️ باشووری کوردستان

ولات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ⚫ دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/8/7 10:27:35 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 957

## گا یەک نێکە دوو جلی لێکە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190107085943186216



گا یەک نێکە و دوو جلی لێکە

گای یەک نێک واتە گایەکی شەل و پەقەکەت و پێیەکی دواوەی شەلە، دوو جلی لێ بکە واتە دووبار و نیمدەرەی بخەرە سەر شان و پشتی، ئەم ئیدیۆمە مرۆڤ بەکاردەهێنێت لەکاتی ئەوەی باری کەسێک لەنگ بێت و گرفت و کەم و کورییەکی هەبێت وکەچی ئە و گرفت و کەموکورییە بەرچاو نەگیرێت و وەک کەسێکی ئاسایی و بێ گرفت سەیری بکرێت و مامەڵەی لەگەڵ بکرێت بۆیە لەکاتی بونی کەم وکورِی و کێشە و کەم ئەندامی وتراویشە ماڵ بەخۆی نەبوو میوانیشی هات یان مەیمون بۆ خۆی نەبوو سورێژەشی لێهات بەهەمان شێوەیەش لێرە باری لەنگ و خوار بە گای یەک نێک ئەژمارکراوە بۆیە بەتەوسەوە بۆ کەسێکی شکستەحاڵ دەوترێت(گا یەک نێکە و دوو جلی لێکە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: ⬇️ باشووری کوردستان

ولات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2019/7/1 8:59:43 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 958

## گاسور سەر برا بێ خەتا، قوز بەشەمێشیان هەر گا

https://www.kurdipedia.org/?q=20170923155235142704

گاسور سەر برا بێ خەتا، قوز بەشەمێشیان هەر گا
ئەمە لەچیرۆکێکی کوردەوارییەوە سەرچاوەی گرتووە دەگێڕنەوە پیاوێک بۆ کارێک سەفەرێکی دووری دەکەوێتە بەر و بەژنەکەی دەڵێت ماوەی مانگێگم پێ دەچێت بەڵام ئە و پیاوە دڵی لەژنەکەی پیسە و قوز و شوێنی شەرمی بەشەمێ دادەپۆشێت تاوەکو دواتر بە و شەمێیە بزانێت ئایا خیانەتی لێکردووە و کەس چوێتە سەرجێی یان نا، لە و ماوەیەدا پیاوێکی ئاواپی بەژنەکەی فێر دەبێت و رۆژانە هاموشۆی ژنەکە دەکات و بەفرت وفێڵ شەمێیەکە لێ دەکەنەوە و بەر لەگەڕانەوەی کابرا، بە شێوەیەکی ئەندازەیی هاوشێوەی مێردەکەی شەمێیەکە لە شوێنی شەرمی دەداتەوە، بەڵام لە و کەین وبەینە پیاوێکی ئاواییەکە دەزانێت و لەدوورەوە چاودێری کردوون، پیاوە ومێردی ژنەکە لەسەفەرەکەی دەگەڕێتەوە و یەکسەر دەچێت سەیری دامێنی ژنەکە و شەمێیەکە دەکات دەبینێت وەک خۆیەتی و هیچ دەستکاری نەکراوە، پیاوەکە لەدڵی خۆیدا نەزری کردووە ئەگەر شەمێیەکە وەک خۆی بێت ئەوا گاسوری بۆ بکاتە خێر، گاسور سەردەبڕێت و گۆشتی گاسور ئاوایی پڕ دەکات ئە و کابرایەی کە بە نێوانی ژنەکە و پیاوەکەی دەزانی لەبەرە خۆیەوە دەڵێت(ئێ هێی گاسور سەربڕا بێ خەتا، قوز بەشەمێشیان هەر گا) ئەم ئیدیۆمە زۆر بوار دەگرێتەوە(بوونە قوربانی خەڵکی بێ تاوان و ساویلکەیی) و(دز و ساحێب ماڵ یەک بن گا لە دەلاقەوە ئاودیو دەکەن)یان(فێڵ کردن و مرۆڤ بیەوێت هەر کارێک بکات هیچ لەمپەرێک ناتوانێت رێ لە نیاز و ئارەزووەکانی بگرێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/23/9 3:52:35 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 959

## گاقۆڕان

https://www.kurdipedia.org/?q=20170930101715142804

گاقۆڕان
لە کۆتایی هاوین و سەرەتایی وەرزی پایز ئاو لەناوکەند و لەند و کانی و بیرەکان و رووبارەکان و شیوەرۆکەکان هێندە کەم دەبێت تا رادەی قڕان و گاوگۆلک و رەشەولاخیش شیو بە شیو وکەند بە کەند بە دوای ئاوی خواردنەوە دەگەڕێن و بە دەستیان ناکەوێتە ناچار بە قۆڕین و قۆڕە قۆڕ بۆ ئاو بەردەوام دەبن، تا بارانی پەڵە نەبارێت لە کوردستان حاڵەتی گا قۆڕان بەردەوام دەبێت هەرچەندە لە پایزاندا هێندێک کانی و کانیاویش دەژێنەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 9/30/2017 10:17:15 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 960
## گام لەو جوتەی نیە
https://www.kurdipedia.org/?q=20180926101117156257



گام لەو جوتەی نیە
جوتکردن پیشەیەکی کشتیاری و وەرزێریە بەگوێرەی(بەر و گاجوت) زەوی کشتوکاڵی دەدرێتە بەر(گاسن) و دەکێڵرێت، هەر کەسێک گایەکی لەجوت بێت دڵی بەجوتکردنەکە و کارەکە خۆشە و ئەگەر زەوی و دەغل و دانی تۆوە کراویش خۆی خاوەنی نەبێت بەهۆی گاکانیەوە دەستخۆشی و ستایشێکی وەچنگ دەکەوێت، بەڵام ئەگەر گاجوتەکان هیچ پەیوەندییەکان بە یەکێکەوە نەبێت چ باکی نیە لە چۆنیەتی جوتکردن و جۆتیارییەکە، هەڵبەت قازانج و زیان بەر خاوەن گاجووت دەکەوێت بەپێچەوانەشەوە ئەگەر هیچ پەیوەندیەکت بەجووت و گاجوتەوە نەبێت ئەوا نە زیان نە قازانجت بەردەکەوێت، ئینجا ئەم حاڵەتە بووە بەدەربڕ و ئیدیۆم لە ناو کورداندا دەوترێت(گام لە و جوتەی نیە) ئەمەش بۆ کارێک یان هەڵوێستێک یان ئیشێک دەوترێت کە لە دوور و نزیک پەیوەندی بەتۆوە نەبێت نە لەقازانج و نە لە زیانی هاوبەش نەبیت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 9/26/2018 10:11:17 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 961
## گاندانیش بە بەختە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220618223702419085



گاندانیش بە بەختە
دەگێڕنەوە دوو خوشک باسی بارودۆخی ژیان و حاڵ و گوزەران و قوت و پێخۆر و جل و بەرگ و ماڵ و بەرهەیوانیان بۆ یەکتری دەکرد، یەکێکیان زۆر تێر و پۆشتە و پەرداخ و کراس و کەوێ و فەرشی جوان و لێفەی لوس و کەوشی باش و ئەوەی پێویستی پێیەتی هەیەتی، ئەوەی تریش برسی و پێخاوس و کراس تیلم پەڕۆ و ڕایەخ و فەرشی حەسیر و بەڕەی ڕەق و جاجمی زوور و بەشێوەیەکی گشتی ناگوزورە، لە خوشکە هەبووەکەی دەپرسێت: خوشکم باشە خۆ ئێوەش چ کار و کاسبیەکتان نییە و وەکو ئێمە بێ کارن، ئە و هەمووو ناز و نیعمەتەت لە کوێ بوو؟ ئەویش دەڵێ: خوشکم چیت لێ بشارمەوە من هەندێ کاری نابەجێ دەکەم و ناوە ناوە سەرجێی ناشەرعی دەکەم و پیاوەکان ئەوەی بمەوێت بۆمی دابین دەکەن، ئیتر کە خوشکەکەی گوێی لەمە دەبێت و دەچێتە عەقڵیەوە ئەویش ئە و کارەبکات، بەڵام لە یەکەم سەرجێی ناشەرعی ئاشکرا دەبێت، ئەویش دەڵێت: گادانیش بە بەختە، ئەوە بە ئیدیۆم و بۆ هات و نەهاتی کارێک دەگوترێت: گادانیش بە بەختە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 2022/18/6 10:37:02 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 962

## گانی شەلان، یەک بەچلان

https://www.kurdipedia.org/?q=20220119205933402064



گانی شەلان، یەک بەچلان
شەل: واتە یەکێک لە قاچ و پێیەکان یان زگماک کورت و لەنگە و تەرازوو نییە، یان بەهۆی بارودۆخی پیاکێشان و کەوتن و کارەسات و جەنگ، شکاندویەتی یان زەبرێکی درکە پەتک دروستیکردووە، ئینجا ئە و کەسەی کەشەل دەبێت لە هەنگاوناندا دوو تەکانی جیاوازی هەیە، یەکێکیان کە هێزدەداتە بەرخۆی بۆ شەقاوهاویشتن و دووەمیش لەدەرهاوێشتەی لەنگیەکەوە دروست دەبێت، ئینجا ئەوە کراوە بە ئیدیۆم و لەتابۆی سێکسیدا بەکارهێنراوە گوایە(حینگ و تەکان)ی دەبێتە دوو تەکان وەک چۆن هەنگاو هەڵهێنانی دوو تەکانی تێدایە بۆیە وتراوە: گانی شەلان، یەک بەچلان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت


🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: PM 8:59:33 2022/19/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 963
## گاوان تا لەگاڕانێ نەیەتەوە نانی نادەنێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20220527102548414931



گاوان تا لەگاڕانێ نەیەتەوە نانی نادەنێ
گاڕان: گاگەل و ڕانەگایە لە کوردستاندا هەموو ئاوایی و لادێ و گوندێک گاڕانێکی هەبوو، بە گوێرەی لەوەڕ و لایەنی دارایی و توانای خەڵکی ئاوایی، گاڕان تا گاڕان توافەتی هەیە لەدەیان سەر ڕەشەوڵاغەوە دەست پێ دەکات تاسەدان و هەزار ڕەشەوڵاغ، ئە و کەسەی بۆ لەوەڕ دەیانباتە هەرد و پێدەشت و کەنار چەم و هەڵەدن و زوورگان و بانان لە گەردی بەیانیەوە تا زەردەی دەم کەل پێی دەوترێت: گاوان، کاری گاوانی لە دێر زەمانەوە لەناو ئاواییەکانی کوردستان، ئەرک و پاداشتەکەی بە مامەڵەی(ئاڵشت) بووە، شمەک بەشمەک یان ڕەنج بە شمەک(حەقە شوانی و حەقە گاوانی)، وەکو: ڕەنجی گاوان بۆ لەوەڕاندنی هەر گا و مانگایەک لە بەیانیەوە تا ئێوارە تەنها(1) یەک نانی تیری بووە و بە نانەسکی ئە و کارەی کردووە، هەر خاوەن مانگایەک یەک نانی داوە بە و گاوانە ئەویش دوای ئەوەی گا و مانگاکانیان ئێوارە گەڕاوەتەوە ماڵەوە، لەوەڕاندنی چێڵ و مانگا بەنان بووە بە و ئیدیۆمە و وەکو ئامۆژگاری و ڕێنمایی بەکاردەهێنرێت بۆ هاندان بۆ کاسبی و کارکردن چونکە ئەوەی کار نەکات ناخوات بۆ ئەمەش کورد گوتویەتی: گاوان تا لەگاڕانێ نەیەتەوە نانی نادەنێ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: AM 10:25:48 2022/27/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 964
## گاڵ لە درزی مشتی ناوەری
https://www.kurdipedia.org/?q=20220603212116416059



گاڵ لە درزی مشتی ناوەڕی
گاڵ: هەرزن رووەکێکە هێشوییە و رەنگی دانەکانی زەرد و سپی و سوور و قاوەییە، دەکرێتە ئالیکی مەڕ و بزن و باڵندە، لەبەر زۆر و زەوەندی هەرزن، هەرزانە و بە کەم بایەخ سەیری دەکرێت و هەروەها مرۆڤ ناتوانێت لە ناو لەپ و دەست و مشتیدا بیپارێزێت لەبەر ئەوەی زۆر وردە هاوشێوەی ڕازیانەیە، ئە و حاڵەتە ڕاستەقینەیە کراوە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی قرچۆک و ڕەزیل و چروک ویسکە و دەست قوچاو و پوولەکی کە هیچی لە دەست نەبێتەوە بۆ بەخشین بەتەوس و توانج و پەلارەوە پێی دەوترێت: گاڵ لە درزی مشتی ناوەڕێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/3/6 9:21:16 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 965
## گای بەگون دەناسێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20170724155707141569
گای بەگون دەناسێت
لەناو کوردان وەک میللەتانی تری جیهان زۆر پەند و ئیدیۆم لە ئاژەڵداری و کشتیاری وەرگیراوە و بووە بە قسە ی تویکڵدار و دیوەخانی پێ ڕازێنراوەتەوە ئەم ئیدیۆمە بۆ کەسێک بەکاردێت کە سیفەت و ئەدگاری کەسێک لە نێربوون و پیاوەتی تێکەڵ بکات واتە مەرج نیە ئەوەی نێر بێت پیاو بێت و ئازاو پیاوانە بێت، هەندێ جاریش بەکەسێکی نەفام دەوترێت گای بەگون دەناسێت و بەشێوەی تریش لە ناو کوردان وتراوە(هەموو سمێڵ سورێک هەمزاغا نی یە) هەردوو وشەی سمێڵ و گون لێرەدا یەک ئەرکیان پێ سپێردراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ⬤ دیارینەکراو | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/24/7 3:57:07 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 966
## گای تەنیا ئاخورە
https://www.kurdipedia.org/?q=20170923135203142694
گای تەنیا ئاخورە
ئیدیۆمێکە بۆ زۆر خۆرێکی بەهێز وکەم عەقل بەکاردەهێنرێت، کاتێک هەوڵ بۆ کارێک بدات لەناو کۆمەڵە مرۆڤێکەوە کە دەجولێتەوە چوار بۆ پێنج کەس تەکان دەدات و جێگەی خۆی بەهێز دەکاتەوە وەک گایەکە کە لەئاخورێکدا دابەستە و تێر ئالیک وجۆ بێت، کەمتر هەست و بیر بەکاربهێنێت و تەنیا غەریزە پاڵی دەدات بۆ ئامانجەکەی، هەندێ جار بەپیاوێکی بەهێز وچاوسوربۆوەش دەوترێت گای تەنیا ئاخورە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/23/9 1:52:03 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 967
## گای جووتێ، بە گۆلکی دیارە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220527101513414929

گای جووتێ، بە گۆلکی دیارە
هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمەش وتراوە: گوێرەکەی باری بە منداڵی، لە هەولێر و کۆیەش دەڵێن: گۆلکی باری بەمنداری، گا: گوێرەکە، گۆلکەنێرە، کە تەمەنی دەگاتە(3) سێ ساڵی پێی دەوترێت: گا، گا لە کوردەواردا زۆرترین کاروباری ناو کێڵگەی پێ هەڵسوڕێنراوە وەکو: جووتکردن و نعور گێڕان و گێرە و گواستنەوەی کەل و پەل و...تاد، ئە و گایەی کە جووتی زەوی و زار و کێڵانی پێ دەکرێت پێی دەوترێت: گاجووت، ئە و جوتیار و ئاغا و دەرەبەگەی ژمارەی گاجووتی زۆر بووایە نیشانەی هەبوونی و دەوڵەمەندی بوو، بۆیە لە سیستەمی دەرەبەگایەتی پیاوانی ئاغا یەکێک لە کارەکانیان دزینی گاجووتی ئاغاکانی تر بوو، بە فیت و گاردان و پلانی ئاغاکانیان ئە و کارەیان ئەنجام دەدا، ئە و گۆلکە نێرەی جێی چاوی تێدابووایە خاوەنەکەی زوو رایدەهێنا بۆ کاری جووتکردن، چونکە ئەگەر بە گۆلکی فێر نەکرێت کاتێک دەبێتە گا زۆر قورس ئە و کارەی دەکات و جۆتیار-جووتیاری بە هیلاکەت و ماندووبوون دەدات، ئینجا لێرەدا کورد جارێکیتر گای جووتی بە نمونە هێناوەتەوە بۆ ئامۆژگاری و پەند لێوەرگرتن و بە ئیدیۆمێکیتر داپڕێشتووە بۆ هەر شتێک کە لە سەرەتاوە نیشانە و ئاماژەی باش و چاکی تێدا بێت دەوترێت: گای جووتێ، بە گۆلکی دیارە، هاوشێوەی ئەمەش کورد بە جۆریتر وتویەتی: مانگە شەوە، سەر لە ئێوارە دیارە، منداڵ نەژیێت لە گووی رادیارە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2022/27/5 10:15:13 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 968
## گای حەفت ئاخوڕە
https://www.kurdipedia.org/?q=20210501002654393813




گای حەفت ئاخوڕە.
گا، گیاندارێکی زۆر خۆرە کەسێک زۆری بخوات دەوترێت(دەڵێی مانگایە) یان(وەکو چێرە حەوت مەعیدەی هەیە)، ئاخوڕیش شوێنی کاوکۆت و ئالیکە، حەوت و حەفت ژمارەیە بۆ زۆر شوێنکردن بۆ لەوەڕان، ئەوە بووە بە ئیدیۆم بەکەسێک دەوترێت کە زۆر شوێنان بکات بۆ لەوەڕ و پاروی چەور، وەکو ئێستا بازاڕی حزبایەتی باشوور و ئەوبەر وئەوبەرکردنی هەندێ کەس بەتەوسەوە دەوترێت( گای حەفت ئاخوڕە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2021/1/5 12:26:54 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 969
## گای گوێ نەکات
https://www.kurdipedia.org/?q=20200909131543387695



گای گوی نەکات.
گا، نێرینەی گایەڵ وگارانە، هێمای هێزی جوتیار ورەمزی ئابورییەکی باشی خاوەنەکەیەتی، بەتایبەت لە کۆندا(گاجووت) زۆر بەچاوی بایەخەوە سەیری دەکرا، دەوترا فڵانە ئاغا دوو جوت گاجووتی باشی هەیە، یان فڵانە دێ و ئاوایی دە جووت گای جوتیان هەبوو..تاد، دەرەبەگ و ئاغاکانی سەدەی رابردوو پیاوەکانیان دەنارد بۆ دزین و تاڵانکردنی گاجووتی ئاغاو دەرەبەگەکانی رکابەریان تا پەرپوتیان بکەن، وتراویشە(بەس خاوەنی گاجووت تێر نان دەخوات) چونکە گایەکان باش زەویان دەکێلا و بەرهەمی دانەوێڵەکە بەهۆی کێڵانی باشەوە زۆر باش دەهات و خاوەنکەی تێرنان دەبوو، ئینجا لێرەدا گای گوی نەکات وەک تووک و نزای خراپە وئێرەیی بووە بە ئیدیۆم، دەوترێت تاوەکو گایەکە بمرێت و بەمرداربوونەوەی گاکە خاوەن گایەکە هەژار دەکەوێت بۆیە بەتووکەوە دەوترێت(گای گوی نەکات)، بەبارێکیتر لەبەر گەورەیی گا و زۆر خۆری ریخێکی زۆر دەکات کە سودێکی باشی هەیە هەم بۆ سوتەمەنی هەمیش بۆ پەینی ئەندامی ئاژەڵی و خاک و رووەک کەڵکی لێ وەردەگرن، ئەگەر پێچەوانە بووایە لەجیاتی ریخ، گوی بکردایە ئەوا دونیای وێران دەکرد بۆیە وتراویشە یاخوا گا گوی نەکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/9/9 1:15:43 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 970
## گردی فیشارە
https://www.kurdipedia.org/?q=20170924131116142721
گردی فیشارە
لە کوردستانی خۆمان ئەگەر درۆیەک گەورە بێت دەڵێن فیشارە، دیارە لە یەکێک لە ئاواییەکانی (شێخ بزێنی سەرو) لە باشوری کوردستان گردێک بە و ناوەوە ناونراوە(گردی فیشار) دەگێڕنەوە لە وگردەدا دوای نوێژی عەسر خەڵکی کۆدەبوونەوە بێ کار و کاسبی قسە وقسەلۆک و ناو ناتۆرە و ووردە درۆ و خۆهەڵکێشان بووبووە سەردێری باس و خواسەکان، ئەگەر خەڵکی ئاوایی دڵیان قسەیەک یان دەنگۆیەکی نەگرتبا دەیان وت ئەمە قسەی گردی فیشارە واتە جێگەی متمانە نیە وەک(حەگی جەراید)ی عەرەبیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 1:11:16 2017/24/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 971

## گندۆرە بەرەنگی نی یە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901085949155142



گندۆرە بەرەنگی نی یە
گندۆرە کە پێگەیشت ڕەنگاو ڕەنگ دەبێت(سور و زەرد و سەوز و پۆش و شینکە و تاد) هەڵبەت ئەگەر تۆ ڕەنگ بکەیتە پێوەر بۆ تامەکەی ئەگەر حەزت لە ڕەنگی سور بێت و گندۆرەی سور هەڵبژێریت ئەوا مەرج نیە تامەکەی وەک حەز لە ڕەنگەکەی بێت و بەدڵت بێت، هەڵبەت بۆ هەموو ڕەنگەکانیتریش هەر وایە، کەسێک کارێک بکات کە لێی چاوەڕوان نەکرێت بەتوانجەوە پێی دەوترێت(گندۆرە بەرەنگی نی یە) واتە دەکرێت گندۆرەی(پۆش) ڕەنگ تێکەڵ لە گندۆرەی سور و زەرد و سەوز بەوتامتر و پڕ ئاو تر بێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:59:49 2018/1/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 972

## گو با گردێن

https://www.kurdipedia.org/?q=20170930143807142812

گو باگردێن
هاوشێوەی ئیدیۆمی گوزڵ-ە، باگردێن کە لە کوێستانان بەفری سەر بانی خانوەکانی پێ ڕادەماڵرێت ئەستور و گەورەیە، وەک جنێویش بەکاردەهێنرێت بەتایبەت بۆ کەسێک کە لاپرەسەنگ و زڕتە پیاو بێت و کەمیشی تیابەستە بێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] 📚 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📚 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 9/30/2017 2:38:07 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 973

## گو لەسەر گوی یەکتری دەکەن

https://www.kurdipedia.org/?q=20170926133746142742

گو لەسەر گوی یەکتری دەکەن
بە هەم زاوا(وڵاش زاوا، هاڤ لینگ) دەوترێت(قونیان لۆ یەکدی دەخورێت) واتە بەهۆی ئەوەی ژنەکانیان خوشکە بەردەوام لەلای یەکترین، بەڵام ئەم ئیدیۆمە بۆ هەموو کەسێک بەکاردەهێنرێت کە زۆر هاوڕێ و دۆستی یەکتر بن و بەردەوام و هەمیشە پێکەوە بن لە هەموو شوێنێک بەیەکەوە ببینرێن واتە زۆر هاوڕێن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] 📚 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📚 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 9/26/2017 1:37:46 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 974

## گورگ گورگێنەی خۆی دەکات و لەتەنگانەش قون لێک دەکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20180815094118154002



گورگ گورگێنەی خۆی دەکات و لەتەنگانەش قون لێک دەکات
گورگ گورگێنەی خۆی بکات واتە(چاوتێبڕین و ئێرەیی و هەڵپەکردن و ددان گرکردنەوە و خۆمەڵاس دان وکێبرکێ و قۆرخکردن وخێرا لەڕان دان و پەڵەواشکردنەوەی زیاتر لە پێویست...تاد) هەموو ئەمانە خاسیەتی گورگێکە بۆ بەردەوامی ژیان و ڕاوکردن، لەگەڵ ئەمانەشدا کاتێک گەلەگورگێک بکەونێتە مەترسیەوە و دەستەویەخە دەوریان بگیرێ ئەوا گورگەکان یەکگرتوو و پشتی یەکتری دەگرن و قون و پشت لەیەکتری دەگرن تاوەکو دوژمن لەهەر لایەکەوە پەلامار بدات لە و لایەوە بەرگری لەخۆیان بکەن بۆیە ووتراوە گورگ گورگێنەی خۆی دەکات و لە تەنگانەش قون لێک دەکات ئەمە بۆ تەبایی و یەکریزی و یەکگرتن کورد بەکاری دەهێنێت وەک ئەوەی لەسەرووبەندی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانی 1991بەدواوە حزبە کوردییەکان لەباشور گورگێنەی خۆیان لە هەرێم دەکرد و بەرامبەر بەغداش قونیان لێک دەکرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

ولات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()

کاتی تۆمارکردن: 2018/15/8 9:41:18 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 975

## گورگ نەخۆری دز نەبەر

https://www.kurdipedia.org/?q=20170927135829142764

گورگ نەخۆری دز نەبەر
شتێک بێ بایەخ بێت یان کەسێک بەتایبەت ژنێک نابوت و ناشیرن بێت هەروەها بۆ پیاویش هەر دەبێت، لە سەر زەوی دا لەماوەی شەویشدا بمێنێتەوە جێگەی دوو دڵی نی یە چونکە کەس حەق بەسەرەوە نیە بۆیە دەوترێت(گورگ نەخۆری دز نەبەر) کورت و کرمانجی کەس هیچی بەسەرەوە نی یە پێویست ناکات خەمی لێ بخۆیت، هەرچەندە لە کوردەواریشدا ووتراوە(گورگی کەرخۆریش هەیە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

ولات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 1:58:29 2017/27/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 976

## گورگانە شەوێ بۆ دەکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20171119083148143258

گورگانە شەوێ بۆ دەکات
هەروەها وتراویشە(لە لانکێ دەنێت) کورد کاتێک منال دەخەوێنێت دەست دەکات بەچیرۆکی هەڵبەستراو و دروستکراو و هەندێجار بە گیانەوەرانی دەگرێت چ سەگ چ ڕێوی یان گورگ دەکاتە پاڵەوانی چیرۆکەکان تاوەکو منالەکە بە و چیرۆکە بخافڵێت و بخەوێت ئینجا ئەمە بووە بە ئیدیۆم و ئەگەر کەسێک کەسێک بخافڵێنێت دەوترێت(گورگانی شەوێ بۆ دەکات).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: ڕۆژهەلاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:31:48 2017/19/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 977

## گورگی بالان دیدە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171202093007143384



گورگی بالان دیدە
کەسێک کەوتبێتە تەمەنەوە بەلام وەک کورد گوتەنی لەبەر هەتاو پرچی سپی نەکرد بێت و زۆر گەریدەیی و شاران و ولاتان گەڕا بێت و لە خوێندنەوەی شتەکان ووردبین و دووربین و چاو تیژ بێت و ئە و یال و یالی زۆر کردبێت و شارەزا و چاوساغ بێت پێی دەوترێت(گورگی بالان دیدەیە) واتە تەلەی زۆر بینیوە و دەرباز بووە وەک کەوی داوناس و داو بەست و داو دۆز.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: ڕۆژهەلاتی کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2017/2/12 9:30:07 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 978

## گورگی بەرداوەتە، کۆزی خۆی

https://www.kurdipedia.org/?q=20211226111058399607



گورگی بەرداوەتە، کۆزی خۆی
گورگ لەبەر ئەوەی ئاژەڵێکی کێوی و دڕندە و گۆشت خۆرە، بۆیە جێگای متمانە پێکردن نییە و هەر کاتێک فرسەت و دەرفەت بهێنێت زیانی خۆی دەگەیەنێت، بۆیە ئە و کەسەی خاسیەتی گورگی هەبێت و وەکو پشیلە عەودالی گۆشت و چزیلک و بەز بێت، نابێت بیکەیتە دابەشکەری گۆشت، لە کوردەواریدا ئەگەر کەسێک کارێکی پێ ڕابسپێردرێت و متمانەی تەواوی پێ بکرێت لەناو کەس و کار و پیشە و ماڵ و مناڵت بسورێتەوە و خاسیەتی دڕندەیی و گورگی هەبێت بە کینایە و دەربڕینەوە دەوترێت فلانە کەس(گورگی بەرداوەتە، کۆزی خۆی).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: ⬇ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code


سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2021/26/12 11:10:58 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 979

## گورگی کەرخۆریش هەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220603214133416063



گورگی کەرخۆریش هەیە
گورگ ئاژەڵێکە لە پۆلی(سەگ)دایە، گۆشتخۆرە کەمێک لە سەگ بچووکترە، مێملی مەڕ و بزنە، تەمەنی 10-15ساڵ دەبێت، دەوترێت وەکو مرۆڤ هەست و سۆزی هەیە، مرۆڤ لە زۆر ئیدیۆمدا بەکاریهێناوە وەکو: دەڵێی گورگە، گورگان خواردوو، دەڵێی گورگی کوشتووە، گورگی کەرخۆریش هەیە، گورگە و لەپێستی مەڕدایە، لەگەڵ گورگ گۆشتی دەخوات و لەگەڵ مەڕ شینی دەکات، گورگانی و...تاد، گورگ زیاتر قاندڕ و مێمل و حەز بە گۆشتی مەڕ و بزن دەکات، بەڵام ئەگەر زۆر برسی بێت و ئە و ئاژەڵانەی دەست نەکەوێت ناچار گۆشتی(کەر-گوێدرێژ)یش دەخوات، ئە و حاڵەتە سروشتییە کراوە بە ئیدیۆم و ئەگەر ژنێک زۆر ناشیرین بێت و پیاوێکش حەزی لێ بکات و بیەوێت ڕاموسانی لەگەڵ بکات چ وەک خواستن و مارەکردن چ وەکو ڕابواردن بەتەوس و گاڵتەوە بە و حاڵەتە دەوترێوێت: گورگی کەرخۆریش هەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/3/6 9:41:33 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 980

## گوریس زۆری ڕابکێشی ئەپچڕێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20220608232912416891



گوریس زۆری ڕابکێشی ئەپچڕێت
گوریس:پەتێکە لە مووی بزن و خوری مەڕ، دوای ڕێستن و هونانەوەی لە تاڵە بەن و هەودایەکانی دروست دەکرێت، بۆ کاروباری لادێنشینان و جوتیار و مەڕدارەکان بۆ بارگواستنەوە و شەتەکدانی سوودی لێ دەبینن، گوریس بۆ شەتەک دان پێویستی بەتووند ڕاکێشانە تا تەواو بارەکەی پێ شەتەک بدرێت و لەڕێگادا ئەگەر شل بێت بارەکە یان خوار یا دەسورێ یان لابار دەبێت، زۆرجاران ئە و گوریسانە لە کاتی بەکارهێنان و توند ڕاکێشانی دەچڕان، جوتیار و وەرزێری کورد ئە و حاڵەتەی لە ڕەوانبێژی و قسەی بەرئاگردان و کۆڕ و کۆبونەواندا وەکو ئیدیۆم بەکارهاتووە و بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک بەئاشتەوایی و بە نەرم و نیانی یان بۆ ئەوەی لە گرفتێکدا فیتنە و ئاشوب و ئاژاوەی لێ نەکەوێتەوە، بە ڕێنوێنی و ئامۆژگاری و ڕێنماییەوە وتراوە: گوریس زۆری ڕابکێشی دەپچڕێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: PM 11:29:12 2022/8/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 981

## گوریسی پەتەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220429200626411818



گوریسی پەتەیە
گوریس پەتێکە لە موو دروست دەکرێت بۆ ڕاتەوراندن و بەستانەوەی وڵاغ و شەتەکدانی کەل و پەلی سەر پشتی گوێدرێژ و وڵاغە بەرزە بەکاردەهێنرێت، ڕەنگی ڕەش و بۆزە و بازەی ڕەش و سپی تێکەڵە، ئە و گوریسە بەهۆی بەکارهێنانەوە کۆن دەبێت وەکو بەرە ئەویش لەلای تەنکیەوە دەپسێت، ئینجا ژنانی دەست ڕەنگینی کوردەواری ئە و تەنکیەیان بە پەڕۆ دووبارە لەیەکتری دەبەستایەوە، ئە و پینەکردنە دیار دەبوو، لە هەموو کاتێکدا ئەگەری پسانی لە و شوێنەدا زیاتر بوو وەک لەشوێنەکانیتر، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێک کە جێگەی متمانە نەبێت و بەرژەوەندی خۆی بخاتە پێش بەرژەوەندی خەڵکانی هەرەمەکی و ڕەشۆکی و ڕەعیەت وەکو ئاغا و شێخ و دەرەبەگ ووتراوە: شێخەکان گوریسی پەتەن، واتە دەست پێوەگرتن و پشت پێ بەستنیان هەڵەیە چونکە هەرکاتێک بپسێن وەکو گوریسەکە دەپسێن، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان پشتت لێ دەکەن لەکوردەواریدا وەک هۆشیاری و ڕێنوێنی و ئاگادارکردنەوەی نەوە و گەنجان دەوترێت: ئەمانە گوریسی پەتەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

📚 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: PM 8:06:26 2022/29/4
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 982

## گوریسی لەبن دنیا ڕاخستییە

https://www.kurdipedia.org/?q=20201014130802389000



گوریسی لەبن دنیا ڕاخستییە
گوریس، کە لەداوە مووی ڕێسراو دروستکراوە، بۆ بەستنەوەی(ئاژەڵ و باری باراشی سەرپشتی وڵاغ بەرزە و بارەدار و قەمیش و ڕەشکەکا و توند وشەتەککردنی هەموو بارێک و تاد)، گوریس ڕادەخراو دارو قامیشی تێدەکراو و توند دەبەسترا تاگوریسەکە باشتر و درێژتر بووایە بارەکە پڕتر و زۆرتر دەبوو، ئینجا ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی چاوبرسی وچاوچنۆک و چاوتێبڕ و تێرنەخۆر و حەرامخۆر و تەماعکار و چڵێس دەوترێت(گوریسی لەبن دنیایێ ڕاخستییە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2020/14/10 1:08:02 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 983
## گوزل
[https://www.kurdipedia.org/?q=20170921132844142673](https://www.kurdipedia.org/?q=20170921132844142673)
گوزل
پیاوێک بکەوێتە ساڵەوەوە و هیچی پێ نەمێنێت لەکار و کردەوە و هیچیشی بەدەست نەبێت لەناو ماڵ و منالی و ئینجا قسەی گەورە و زل بکات بەدرکەوە پێی دەوترێت(گوزل).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2017/21/9 1:28:44 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 984
## گوڵڵە بەتاریکیەوە مەنێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20210103193347390708



گوللە بەتاریکیەوە مەنێ
گوللەی وێڵ بەبێ ئەوەی ئامانجی تۆ بێت بەرهەنگڵت دەکەوێت و دەتپێکێت،
ئاراستەکردنی گوللەش بۆ شوێنێک مەبەست ئامانج گرتنی نەیار و نێچیر و بەرسێرەیە،
هەڵبەت گوللە بارانکردنیش دوژمنکارانەیە، تاریکی واتە پێچەوانەی ڕووناکییە و تیشکەکان
بەر تەنێکی گەورە دەکەون، ئە و شتانەی لە ڕووناکی دەبینران لەتاریکیدا بەدەست بۆ
کوتانیش نابینرێنەوە، تاریکی گوزراشتە بۆ شتی نەزانراو و نەبینرا و بێ بەڵگە، گوللەش
ئاماژەیە بۆ پەنچەڕاکێشان و تۆمەتبارکردن بۆیە کەسی بێ سوچ و دوور لە هەموو شتێک
دەڵێت بەگومان نابێت بەڵکو پێویستە بەڵگە هەبێت، ئەگەرنا گوللە بەتاریکیەوە مەنێ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2021/3/1 7:33:47 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 985

## گون جەوەندەر

https://www.kurdipedia.org/?q=20170930093107142798

گون جەوەندەر
جەوەندەر مەشکەیە لە پێستەی(نێری، تەگە) دروست دەکرا، بۆیە قەبارەی هەندێک گەورەتر بوو، ئەوەی لە پێستەی گیسک دروست دەکرا وەک(مەتارە) دەخرایە بن سکی کەر و پڕ لە ئاو دەکرا، ئینجا لەبن زگی کەرەوە وەک گون دەردەکەوت، بە یەکێک بوترێت گون جەوەندەر واتە گون ڕەش و گەورە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی


کاتی تۆمارکردن: 2017/30/9 9:31:07 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 986

## گوندەک و گندۆرەکیان نەگۆتیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220210130138404526



گوندەک و گندۆرەکیان نەگۆتیە
گوند: بچوکترین یەکەی نیشتەنییە(ئاوەدانی و ئاوایی و دێ و لادێ)یشی پێ دەوترێت، لەیەک ماڵەوە تا زیاتر لە سەدان ماڵ و خێزان پێکدێت، ئەگەر یەک(گندۆرە یان کاڵەک)یان پێ بدرێت دەبێتە مێوژی سەر بوکێ و کێشکەی بەچل و چواران، ئەوە لایەنە ڕاستەقینەکەی ئیدیۆمەکەیە، لایەنە خوازراوەکەی بەکەسێک دەوترێت کە لە گوندەکەدا ململانێ تەواوی گوندەکە بکات بە تەنها وەک کەڵەدارێک یان لق و پەل و چلێکە و ناکرێت خۆی بەراورد بکات بەزۆرینە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/10/2 1:01:38 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 987

## گونی بۆ دەدات لە خوم

https://www.kurdipedia.org/?q=20220514221133413999



گونی بۆ دەدات لە خوم
خم: خوم، هەش، چویت واتە: ڕەنگی شینی تێرە کوتاڵ و کلافە بەنی پێ ڕەنگ دەکرێت، پێشتر ئە و ڕەنگە هێمای پرسە بووە، ئەوانەی مردوویان لێ دەمرد، بەرگی ڕەنگ نیلیان دەپۆشی، ئە و بەرگەش خمچی لەخمی گرتووە چ لە ماڵەوە چ لە خمخانە بێت، هەندێجار کە مردوویەک دەمرێت خەڵکانێک هەن، چ نیگەرانی ئە و مردووە نابن و وادەزانن مردووی خەڵکی خەوی لێکەوتووە و هیچ باکیان بە کۆچکردنەکە نییە و خەمبار نابن و هیچ نرخێک بۆ ئە و کۆست کەوتنە دانانێن، لەبری ئەوەی بەرگی لە خمێ بنێت و تازیەباری پێوە دیاربێت، ئەوا مەگەر گونی لە خمێ بنێت، ئەمەش درکەیە بۆ ئەوەی کە ئە و شوێنە چ دیار نییە و داپۆشراوە، تا پێوەی دیاربێت کە پرسە دارە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بە فشە و گاڵتەوە بەکەسێک دەوترێت کە نرخ بۆ شتێکی لە دەستچوو دانەنێت و حسابی بۆ نەکات، بەتەوس و توانجەوە کورد دەڵێت: گونی بۆ دەدات لە خوم یان مەگەر گونی بۆ لە خم بدات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)

کاتی تۆمارکردن: PM 10:11:33 2022/14/5

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 988

## گوێی بۆ لە خوم دەدات

https://www.kurdipedia.org/?q=20171119083320143259

گوێی بۆ لە خوم دەدات

خوم ڕەنگی ڕەش لەمەنجەڵێ دەکوڵێنرا جل وبەرگی سپی بۆوە و کۆنیان تێ دەهاویشت و ڕەنگیان دەکردەوە، ئەگەر کەسێکی نزیکی هەر کەسێکیش بمردایە لەبەر خۆشەویستی و لەتاوی کۆچکردنەکەی(سەریان لەخومی دەنا) هەندێجاریش بۆ وەلامدانەوەی درۆزنان ووتراوە لە(خومخانەت نیم) بەلام لێرەدا بۆ گاڵتە و فشە دەوترێت فلانە کەس هیچ دەربەستی ئە و حاڵەتە، کارەی نیە و مەگەر گوێی بۆ لە خوم بدات بۆیە ووتراوە(گوێی بۆ لە خوم دەدات) واتە تەواو فشەی پێ دێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)

کاتی تۆمارکردن: AM 8:33:20 2017/19/11

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 989

## گوێی بەسەردا شۆڕکردۆتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171119085003143268

گوێی بەسەردا شۆڕکردۆتەوە

گوێی خۆی بەسەر مێردەکەیدا شۆڕ کردۆتەوە هەڵبەت ئەمە بۆ ژنانیش بەکارهاتووە، ڕێکەوتووە لە و کوردەوارییەی ئێمەدا ژنێک بە تەواوەتی زاڵە بەسەر پیاوەکەیدا، هەمووکار و هەڵسوڕاندنی ژیان و گوزەرانی ماڵ و مناڵەکانی دەکات، یان بە شێوە گشتیەکەی لە ناو کوردان ئە و ئیدیۆمە بۆ ئەوە بەکاردێت کە یەکێک بەتەواوەتی زاڵە بەسەر یەکێکیتر بەمەش دەوترێت فلانە کەس بەتەواوەتی(گوێی بەسەردا شۆڕکردۆتەوە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/19/11 8:50:03 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 990

## گونی خۆی و گێزەر لێک ناکاتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170930101407142802

گونی خۆی و گێزەر لێک ناکاتەوە

گون و گێزەری ڕەش لە ڕەشیدا بەیەک دەچن، بۆیە ئەگەر کەسێک گێل بێت یان کاڵ فام و نەفام بێت پێی دەوترێت هێندە گێلە گونی و گێزەر لێک ناکاتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/30/9 10:14:07 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 991

## گونی قۆرە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170930101243142801

گونی قۆرە

خزمێک خراپ بێت هەر لەسەرت ماڵە، ئینجا چ هاتوچۆی نەکەیت چ هاتوچۆت بکات هەر وەی، کوردیش وتویەتی(گونی قۆرە بیبڕی هەر وەی نەیبڕی هەر وەی) ئە و ئیدیۆمە زۆر جار بەکاردێت بۆ برا و کەس و کاری خراپ.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺️ وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/30/9 10:12:43 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 992

## گوێی گوندار دەردەهێنێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20171119083446143260

گوێی گوندار دەردەهێنێت

ووتراویشە(نێر نی یە بەرامبەری بکۆکێت) ئەم ئیدیۆمە بۆ کەسێکی خاوەن دەسەڵات و ئازا بەکاردەهێنرێت بەڵام لێرەدا ووتراوە(گوێی گوندار دەردەهێنێت) واتە دەسەڵاتدارێکی زاڵم و زۆردار و بەدەسەڵاتە ئەوەی گوێی هەبێت دەریدەهێنێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺️ وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/19/11 8:34:46 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 993

## گوێی لێمان کردۆتە باتمان

https://www.kurdipedia.org/?q=20170928145326142776

گوێی لێمان کردۆتە باتمان

ئیدیۆمێکە بۆ کەسێک بەکاردێت کە زیاد لە کەسایەتی و توانای (گوێی خۆی پڕ با بکات) باتمان-یش پێوانەیەکە وەک کیلۆگرام نزیکەی سی کیلۆ دەبێت، لە حەقیقەتیشدا هیچ گوێیەک ناگاتە زیاتر لە کیلۆیەک مەگەر(قۆڕ) بێت، کەواتە زیاد لە کێش و قەوارەی خۆی کەسەکە خۆی هەڵکێشاوە بۆیە پێی دەوترێت(گوێی لێمان کردۆتە باتمان).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

ولات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2017/28/9 2:53:26 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 994

## گونی مێش دەخەسێنێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20171109083233143122

گونی مێش دەخەسێنێت
چ مێش هەیە تا گونی هەبێت ئەم دەربڕە کوردەوارییە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کەسێک زۆر زیرەک بێت دەتوانێت گونی مێشیش بخەسێنێت وەک چۆن کەسێک زۆر قرچۆک بێت دەتوانێت(لەکێچ روون دەگرێت).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: ⬇ باشووری کوردستان
ولات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2017/9/11 8:32:33 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 995

## گونی مێشان ئەخەسێنێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20220314195954408306



گونی مێشان ئەخەسێنێ
مێشولە خۆی چی و گونی چی؟ هەڵبەت مێش و مەگەز زیندەوەرۆچکەی بچوکن، هەر زانراوە کەرخەسێن هەیە وکەر و ئەسپ و وڵاغەبەرزەی خەساندووە، لە رژێمی دەرەبەگایەتی و تاکرەویشدا خزمەتکارانی حەرەم سەراکانیش دەخەسێنران، ئە و جۆرە خەساندنە لەگەڵ مێش خەساندنی ئیدیۆمەکەمان جیاوازە، لێرەدا بۆکەسێکی بێ ئیش و کار و بێکارە دەوترێت: گونی مێشان ئەخەسێنێ هەندێجاریش بە تەوسەوە بە و بێکارانە دەوترێت هێندە بێ ئیشە(بە یەک شایی سەگ سوننەت دەکات).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/14/3 7:59:54 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 996

## گوو تا داری تێوەردەی بۆنی زیاتری لێ دێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20181229092903181961



گوو تا داری تێوەردەی بۆنی زیاتری لێ دێت
پیسایی و گووی بونیادەم تا ماوەی کردنەکەی دوور بکەوێتەوە بۆنەکەی کەمتر دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر چیلکە وچواری تێ وەربدەی ئەوا دووبارە بۆنەکەی بڵاودەبێتەوە و هەست دەکرێت تازە کراوە و بگرە بەهۆی شیبونەوە و تێکەڵی بەخاک و سروشت و هەوا بۆنەکەی تیرتر و ناخۆشتر دەبێت، بۆیە ئەوانەی پێیان بەگوو دادەچێت زۆر نیگەران دەبن جگە لەپیسیەکەی بۆنەکەشی پیاو دەکوژێت، ئەم پەندو ئیدیۆمە زیاتر لەباسکردنی گرفت و کێشە کۆمەلایەتیەکانی دوژمنداری و دڵداری و ناموس و ناوان بەزاندن و پیاو کوشتن و خوێن رژاندا دەوترێت زۆری لەسەر مەدوێ چونکە مەترسی شت کەوتنەوەی تری لێ دەکرێت، هەندێجار لەگێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە بەسەرچوانە وەک شینی حەسەن و حوسەینی لێهاتوە و خەڵکیتری کردووە بەقوربانی و لەسەرچوان و چووە هەر لەبەر ئەمەیە کورد لە خۆڕا نەیووتوە(گو تا داری تێ وەردەی بۆنی زیاتری لێ دێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:29:03 2018/29/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 997
## گوون لە سک
https://www.kurdipedia.org/?q=20220727223340425013



گوون لە سک
ئەگەر منداڵێک هێڵکە گوونەکانی لەسەرەوە بن و چووبنەوە ناو سک ئەوا دکتۆر دەڵێت: پێویستە نەشتەرگەری بۆ ئەنجام بدرێت، تاوەکو زیانی بۆ ئایندەی نەبێت و کوڕێکی تەواو دەربچێت بۆ خێزانداری و وەچە خستنەوە، چونکە گوون لەسک بوون نەخۆشییە، وەکو لایەنی ئیدیۆمیش لێرەدا دووبارە بە پیاوێکی نەخۆش دەوترێت لەبواری دەروونییەوە کە(حەقد) و ڕق و قینە لە دڵدا هەڵبگرێت و لە دەرفەتێک بگەڕێت بۆ تۆڵە کردنەوە و دەست وەشاندن بەو جۆرە مرۆڤانە دەوترێت: گوون لەسک. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 10:33:40 2022/27/7
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 998
## گوڵ بێ درک نابێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20190116071653210204



گوڵ بێ درک نابێت
گوڵ ناوەکەی بەخۆیەوەتی باغ و باخ دەڕازێنێتەوە و بەیەکەوە دەبنە(گوڵەباغ) ئینجا بەرهەمهێنان و ڕوواندنی ئەم(گوڵ)ە لە خۆڕا و خۆرسک نی یە بەڵکو کێڵان و پێمەرە و ئاودان و لە دەورا گەڕانی گەرەکە تاوەکو باڵا دەکا و دەبێتە گوڵی گوڵدار ئینجا هێشتا بەئاسانی ناتوانی بیچنیت چونکە کە دەست بۆ گوڵەباغ دەبەیت پەنجەکانت بەهۆی درکەکانەوە زامدار دەبێت، ئەم ئیدیۆمە واتە هیچ شتێک بەئاسانی وەدەست ناکەوێت هەوڵ و تێکۆشان و قوربانی دەوێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)

کاتی تۆمارکردن: AM 7:16:53 2019/16/1

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 999

## گوڵ ێ یە پەپولەی بەدەوردا نەسوڕێتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190306080227280178



گوڵ ێ یە پەپولەی بەدەوردا نەسوڕێتەوە
گوڵ و گوڵزار ئە و شوێنەیە کە پەپوڵە ئالودەیەتی و وێڵ و هەڵوەدایەتی، مەگەر شەمع هێندەی گوڵ، پەروانە و پەپوڵەی بەدەورا بخولێتەوە، ئەگەر لەباغێکدا بوویت لە وەرزی بەهاردا سەیری گوڵەکانی بکە هەنگ و پەپولەیان بەسەرەوە، بە دەوریەوە دەبینی نە بۆ گوڵ جێگەی نیگەرانی یە کە پەپولە بەدەوریدا دەخولێتەوە نە بۆ پەپولەش شەرمە بەدەوری گوڵ سوڕانەوە، ئەم ئیدیۆمە ژنان و کچان دەرباز دەکات لە کپکردنی خۆشەویستیدا و دەروازەیەکە بۆ شەرعیەت پێدانی ئەوین و ئەوینداری.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)

کاتی تۆمارکردن: AM 8:02:27 2019/6/3

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1000

## گوی دونیایان پێ ریاندین

https://www.kurdipedia.org/?q=20171119082815143256

گوی دونیایان پێ ریاندین
سوخرەکێشی و بێگاری دوو کاری قورس بوون کە لە کۆندا دەرەبەگ بە جوتیار و وەرزێر و کشتیاری کوردی کردووە، زۆربەی سیستەمەکانی حوکمڕانی تاکڕەوی و دیکتاتۆریش هەمان بێگاریان بە خەڵک و هاوڵاتیانی وولات کردووە، بۆیە ئە و سوخرەکێشی و بێگارییە لە ئیدیۆمی کوردەواریدا شوێنی بۆ کراوەتەوە بەبێزاری و رقەوە گوتراوە(گوی دونیایان پێ ریاندین واتە ئەوەندە زۆر سوخرەکێشیان پێمانکردووە هەر مەپرسە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗌 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/19/11 8:28:15 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1001
## گوێدرێژێکە بۆ خۆی
https://www.kurdipedia.org/?q=20171109083354143123
گوێدرێژێکە بۆ خۆی
ئیدیۆمێکە بەگاڵتەوە بە کەسێکی نەفام و نەزان دەوترێت کە وەک ئاژەڵی گوێدرێژ بەستەزمان و کەودەن و کەم عاقل بێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗌 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/9/11 8:33:54 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1002
## گوێز بە ژمارە، مایەی دیارە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220805200500426664



گوێز بە ژمارە، مایەی دیارە
گوێز لە کۆندا و تا ئەمڕۆشی لەگەڵ دابێت لە کوردستاندا هەر بەژمارە دەفرۆشرا، بە و دوایانە بە پێوانەی کیلۆش دەفرۆشرێت، بۆ ژماردنی گوێز ئیدیۆمیشی لەسەر وتراوە: هەر کەسە و گوێز لە هەمبانەی خۆیدا دەژمێرێت یان دەڵێ گوێزی بۆ دەژمێریت، هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمە لە سەروبنی ئاژەڵدا وتراوە: پێچک چارە، بە ئەژمارە، هەر سەد دانە لە گوێز نرخێکی بۆ دانراوە بە و پێیە بۆ دوو سەد دانە نرخێکیتر تا هەزاران دانە ژماردن، ئەمەش گوزارشتێکی ئابورییە بۆ دەست پێوەگرتن بە بەرووبومەکان و مایە دیاربوون، بۆیە کورد وەکو ڕێنمایی و ڕێنوێنی دەبێژێت: گوێز بە ژمارە، مایەی دیارە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/5/8 8:05:00 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1003
## گوێز لە گومەز خستن
https://www.kurdipedia.org/?q=20180623083737152023
گوێز لە گومەز خستن
گوێز خڕ و گومبەت و گومبەز خڕ، چۆن لە یەکتری گیر دەبن، ئەمەش بۆ شتێک بەکاردێت کە ڕێی تێ نەچێت دەوترێت گوێز و لە گومەزخستن-یان نەگووتووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/23/6 8:37:37 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1004

## گوێز هەتا نەشکێنرێت، نازانرێت پووچە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220805193302426654



گوێز هەتا نەشکێنرێت، نازانرێت پووچە
گوێز لە کوردەواریدا چەند ئیدیۆمێکی لەسەر هاتووە وەکو: گوێز لە هەمبانەی خۆی دەژمێرێت یان هەرکەسە و گوێز لە هەمبانەی خۆیدا دەژمێرێت، دەڵێی گوێزی بۆ دەژمێریت، دەڵێی گوێزی ساغە، گوێز لە گومەت خستن، ترێ گوێزی کوێرە دەشکێنێت، کرم لە گوێزی ساغ دەردێنێ و..زتاد، لێرەش وەکو ئیدیۆم کە بەکارهێنراوە هاوشێوەی ئیدیۆمی(تا لەئاو نەدرێت گونی قۆڕ ئاشکرا نابێت)ە، واتە خەڵک و مەردوم لە کاتی تەنگانە و پێویستیدا تاقیدەکرێنەوە، لە تاقیکردنەوەکەدا دەزانرێت بەکەڵکن یان پووچ و بێ کەڵکن بۆیە کورد وەکو ئامۆژگاری گوتویەتی: گوێز هەتا نەشکێنرێت نازانرێت پووچە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/5/8 7:33:02 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1005

## گوێیەکت کەرە و گوێیەکت ڕەشەبایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180929103356156595

گوێیەکت کەرە و گوێیەکت ڕەشەبایە
زورنای هەموو دونیا بژەنرێت ئەگەر گوێیەکت کەڕ بێت و گوێیەکت ڕەشەبای بەرکەوێت گوێت لە هیچ نابێت، ئینجا ئەم درکە و دەربڕە بۆ ئەوە بەکارهاتووە، ئەگەر حەز نەکەیت گوێت لە قسەیەک یان هەواڵ و باسێک بێت، دەڵێی باسی چی دەکەی من تێ ناگەم یان هەر گوێم لێ نەبووە، چونکە گوێیەکم کەڕە و گوێ-کەی ترم ڕەشەبایە هەڵبەت هەردوو بیانو دروستن بۆ ئەوەی نەتوانی گوێت لە خەبەروباسان بێت هەم کەڕی هەمیش ڕەشەبا ڕێگری دەکات لەبیستن، لەلایەکیتریشەوە پەیامێک یان نهێنیەک بەیەکێک ڕابگەیەنرێت و داوای لێ بکەیت بەهیچ جۆرێ بڵاوی نەکەیتەوە بەدرکەوە پێی دەڵێیت(گوێیەکت کەرە و گوێیەکت ڕەشەبایە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2018/29/9 10:33:56 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1006

## گیرفانیان لە بن عەردیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171212073239143469

گیرفانیان لە بن عەردیە
هەندێک لە گیانەوەران دوای تێرخواردنیان لە و نێچیرەی کەوتۆتە بەردەستیان ئەوەی کە لێی دەمێنێتەوە دەیخە بن عاردی و ژێر گڵ و خۆڵەوە، هەندێ لە مرۆڤەکانیش زۆر پارە و پول پەرستن ئە و پارەی وەچنگیان دەکەوێت دەیخەنە بن گاشەبەرد و خۆڵ وخاکەوە و کەس سود لە دەوڵەمەندی و هەبوونیەکەیان وەرناگرێت بۆیە بە تەوس و توانجەوە بە وکەسانەی ئە و سیفەت و ئەدگارەیان هەیە دەوترێت ئەوانە(گیرفانیان لە بن عەردیە) قالۆنجەش سوود لە گوەکەیان نابینێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان
ولات: رۆژهەلاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2017/12/12 7:32:39 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1007

## گیرفانی تەسکە دەستی ناچتەوە باغەڵی

https://www.kurdipedia.org/?q=20190107082927186211



گیرفانی تەسکە دەستی ناچتەوە باغەڵی
بەگۆتەی هەولێریان(بەرک و باغەر) واتە گیرفان و باغەڵ، باغەلیش ئەگەر وشەی گیرفانی لەگەڵ نەبوایە یەکسەر(بەرک) جێگەی دەگرتەوە بەڵام کورد دەشرێت(پرِی باغەری مەمکە) کەواتە باغەر-باغەڵ-بن باڵ و لاسینگی چەپ و ڕاستی مرۆڤ دەگرێتەوە بەتایبەت کە گیرفانیشی لێ بێت، ئینجا ئەگەر(جۆغەر) یان(سوخمە)تەسک و تەنگ دوورابوو، ئەوا زەحمەتە دەست بردنە بەر باغەڵ و لە گیرفان شت دەرهێنان، ئەمە لایەنە ڕاستەقینەکەی ئەم ئیدیۆمەیە، دەربرِینەکەی لێرەدا بۆ مەبەستی(قرچۆک، ڕەزیل و رژد و پیسکە) بەکاردەهێنرێت واتە دڵ ودەروونی کراوە و سەخی و دەست کراوە نی یە و قوچاندویەتی بۆیە بە و جۆرە کەسە بە کینایەوە دەوترێت(گیرفانی تەسکە دەستی ناچتەوە باغەڵی).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان
ولات: رۆژهەلاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ☐ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:29:27 2019/7/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1008

## گیسکی قەرداران نەبردی

https://www.kurdipedia.org/?q=20170927140102142766

گیسکی قەرداران نەبردی

گیسکێکی قرغ و بێ تەنگ و توش و بێ گۆشت و لاواز ئەگەر قەرزار بیت و بەخاوەن قەرز بڵێی وەرە لە جیاتی قەرزەکە بیبە و بە قەرزەکەی بقرسێنە ئەوا قەرزلێکراو ئامادە نیە لێت وەر بگرێت بە بەلاش و بە خۆرایش چ جای ئەوەی لەبری قەرز لێت وەرگرێ، ئەمە لایە راستەقینەکەیە بەلأم بۆ لایەنی خوازراو لە و ئیدیۆمە ئەگەر کورێک یان کچێک ناشیرین و لاواز و کورە بنە بێ و بەرچاو نەبێت پێی دەوترێت(گیسکی قەرداران نەبردی).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code


🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ☐ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 2:01:02 2017/27/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1009

## گڕ لەهەموانە و خۆشی بۆدووانە

https://www.kurdipedia.org/?q=20201028194617389553



[1]گرِ لەهەموانە و خۆشی بۆدووانە
گرِ، زمانەی گەرمییە چ لەئاگر بێت یان لە جۆش وخرۆشی مرۆڤەوە بێت، کۆمەڵێک کوڕوکاڵ و کیژوکچۆڵە لە زەماوەندی بەیەکگەیاندنی بوک و زاوا، زۆر بەگوڕوتینەوە و پڕجۆش و خرۆشەوە هەڵدەپەڕن و ئاگرێ دەکەنەوە یەک بەخۆیان هەڵدەپەڕن ئاگایان لەهیچ ئازارێکی جەستەیی و دەروونی نامێنێ، لەتاوی یەکتری و بۆ یەکتری لەجوڵە و بزاوتدان، کە هەڵپەڕکێ کۆتایی دێت تەنها دووان بەیەکتری دەگەن و ئەوانیتر هەر یەکەوە دەبێت دەست لێک بەردانی بکەن و دەردی دەست لێک بەردانیش سەختە بۆیە زەماوەندی کوردی بۆ کیژان و کوڕان بووە بە ئیدیۆم و دەوترێت(گرِ لە هەمووانە، خۆشی بۆ دووانە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/28/10 7:46:17 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1010

## گڤەی داوێنی دێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20220603212420416060



گڤەی داوێنی دێ
وتراویشە: گورەی داوێنی دێ یان ئاو لەسەر زوڵفی ئەتکێ، گڤە: گڤە گڤی دوای یەک، داوێن: لە پشتێنە بەرە و خوار، لای خوارەوەی هەموو شتێک، کەسێک هانا بۆ کەسێک ببات، داوێنگیری بکات تووند لاق و قاچ و لینگی کەسەکە دەگرێت، یان چمکی کەواکەی دەگرێت، بەلچکی کەوای مەلایانیش دەوترا: شاقەل، لێرەدا گڤەگڤی لچکی کەوا و شاقەڵ بووە بە ئیدیۆم و کەمتر بۆ داوێن پاکی و داوێنی پیسی و داوێنگیری بەکاردێت، بەڵکو بۆ کەسێک بەکاردێت کە زۆر دڵی تەڕ بێت و لە خۆی بخەفتێت و بایەخ بەجل وبەرگ و پۆشاک و پاک و خاوێنی خۆی بدات بە گاڵتە و پێکەنین و ناساندنەوە دەوترێت: گڤەی داوێنی دێت واتە: دڵی زۆر تەڕە و بەردەوام لچکی کەوای دێت و دەچێت و دەشەکێتەوە.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/3/6 9:24:20 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1011

## گڵێرە و بن بێژینگە

https://www.kurdipedia.org/?q=20201019233614389184



گڵێرە و بن بێژینگە، گڵێرە تۆی(خەرتەلە-خەردەل) یە لەبەربچوکی دوای لەبێژینگدانی دانەوێڵە بەکونیلە ووردەکانەوە دەچێت و دەکەوێتە بن بێژینگ بە و پاشماوەیە دەوترێت گڵێرە و بن بێژینگ، ئەمە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی ووردیلە و خاپەرۆک و قرغ و بچوک و گچکە دەوترێت(گڵێرە و بن بێژینگە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/19/10 11:36:14 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1012

## گۆتنێ پێشینان نەقشێ کەڤرانە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220409171818410849



گۆتنێ پێشینان نەقشێ کەڤرانە
لەناو هەموو میللەت و نەتەوەیەک گۆتە و وتەی پێشینان جێگەی ڕێز و بایەخ و گرنگیی پێدانە، چونکە ئە و وتانە لە خۆڕا نەوتراون، بەڵکو ئەزموندە و تاقیکراوەن، ئە و ئیدیۆمەی سەرەوە لە دیالێکتی کرمانجی سەروودا وتراوە بۆ کرمانجی ناوەڕاستیش دەبێتە(وتەی پێشینان، نەخشی سەربەردانە)، وتراویشە دەست دەڕوا، دەزگا دەمێنێ واتە جێی دەست ڕەنگینی مرۆڤ زیاتر لە تەمەنی خۆی دەژی، زۆرجاران شوانە وێڵەیەک بە سادە و ساکاری فێرە نوسین و ڕێنوس بووە، لە سەر شاخێک بە بەردێکی نوک تیژ یان مێخێک هەڵکۆڵین دەکات و دەنوسێت(خۆشتم دەوێ، 2022-04-10) ئە و نەخشاندنە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دەمێنێتەوە، نەقش واتە هەڵکۆڵین، لە کوردەواریش دەوترێت: نەخش و نیگار، لەوانەیە لە زانستی(ئیتیمۆلۆجی) ڕەچەڵەکی وشەکە ئارایی بێت، چونکە عەرەب ئە و پیتی(خ)ە، دەکەنە(ق) وەک لە: نەخش: نەقش و لە نەخشەوان: نەقشەوان) تێبینیم کردووە، هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمە عارەب دەڵێت: (العلم في الصغر، كالنقش على الحجر) واتە زانست و زانیاریەک کە لە منداڵیەوە وەربیگریت وەکو هەڵکۆڵینی سەر بەردە و لە بیرت ناچێتەوە)، کوردیش بۆ ئارەزوو کردن و پێخۆش بوونی کارێکی باش یان پلە و پایەک یان هاوسەرگیری لەوەڵامی پیرۆزبایدا دەڵێت: نەخشەبێ لە تۆش یان نوخشە بێ لە تۆش، واتە هەمان سەرکەوتن و دەسکەوتی من بۆ تۆش بێتە کایەوە، ئەوە مانا ڕاستەقینەکەی ئیدیۆمەکە بوو، لایەنە خوازراوەکەشی بۆ ئەوە دەوترێت: کە قسە و وتەی پێشینان وەکو

هەڵکۆڵینی سەر بەردە و بۆ ئایندەش دەمێنێتەوە و دەبێتە بنەمای ڕاستەڕێکردنی نەوەی نوێ و پێویستە گوێ ڕایەوڵی بین و پەیڕەوی لێ بکەین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ⬆ باکووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/9/4 5:18:18 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1013

## گۆزە هەموو جارێ بەساغی ناگەڕێتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190306075940280177



گۆزە هەموو جارێ بەساغی ناگەڕێتەوە
وتراویشە(گۆزەی ئاوێ لەڕێ ئاوێ) ئە و گۆزەیەی هەموو جارێ دەچێتە سەر کانی مەرج نی یە هەموو جارێش بەساغی بگەڕێتەوە ئەگەری شکان ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە، کەم کێژۆڵە هەبووە و هەیە لەڕێ کانی و سەرئاوان(سراوان) گۆزەی لەچنگ نەکەوتبێتە خوار، ئاوەکەی ڕژاوەتە زەوی شەقار بە شەقار ئەمە مانا ڕاستەقینەکەیەتی ، مەبەستی ئیدیۆمەکەش دیارە واتە هەموو جارێک پێشمەرگە لەشەڕدا بەساغی ناگەڕێتەوە جار هەیە زامدار و جاریش هەیە شەهید، هەموو شۆفێرێک لە ڕێگەوبانان ئۆتۆمبیلەکەی بەساغی نا هێنێتەوە جارهەیە پێکدادان و جاریش هەیە وەرگەڕان، سەروەت و سامانی کاروانی بازرگانی هەر قازانج نی یە جار هەیە زەرەر وزیان جاریش هەیە تاڵان دەکرێت، هەر بۆیە کورد وتویەتی(گۆزە هەمو جارێ بەساغی ناگەڕێتەوە).

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2019/6/3 7:59:40 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1014

## گۆزەیەک کابان بیشکێنێ دەنگی نایەت

https://www.kurdipedia.org/?q=20171109081750143115
گۆزەیەک کابان بیشکێنێ دەنگی نایەت
دەربڕێکە بەکاردێت بۆ ئە و وتەیەی کە دەڵێت(کەسی گونجاو لە شوێنی گونجاو) یان(ئەگەر دەستێک(حاکم) بیبڕێتەوە خوێنی لێ نایە) کابان و کەیبانو وا هەنگاو دەنێت گۆزە و کەل وپەل کەم لە دەستیان دەکەوێت چونکە هێندە بە پارێزو ڕێکوپێکیەوە کارەکانی خۆیان دەکەن کە کەم ڕەچاوی ئە و حاڵەتەی لێ دەکرێت تەنها(گۆزەی ئاوی لە ڕێگەی ئاوێ) نەبێت کە ئەویش دەنگی لێوە نایەت، لەلایەکیتریشەوە حاکمی دادپەروەر هیچ بڕیارێکی جێگەی نیگەرانی و سوو لێ بوونەوە نیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/9/11 8:17:50 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1015
## گۆزەی تازە ئاوی ساردە
https://www.kurdipedia.org/?q=20180508091722150779
گۆزەی تازە ئاوی ساردە
هەرشتێک تازە و نوێ بێت بەشان و شکۆی هەڵدەدرێت و جێگەی سەرنج و بەرباسانە، ژنی دووەمی پیاو، ڕانکوچۆغەی نوو، حزب و ڕێکخراوی نوێ و تازەگەر، ئەم درکە و دەربڕینە بۆ ئەوە بەکاردێت کە شتی نوێ خۆشەویست و قەدرگران و ڕێزلێگیراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:


📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/8/5 9:17:22 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1016

## گۆشت بکوڵێ خاو نابێتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200830090454387274



گۆشت بکوڵێ خاو نابێتەوە.
گۆشت بکوڵێنرێت و نەکوڵێنرێت هەر گۆڕانکاری بەسەر دێت، دوای کوشتنەوەی وڵاغ و مەڕ و ماڵات گۆشت پارچە پارچە دەکرێت و ئامادە دەکرێت بۆ خستنە سەر ئاگر، کاتێک ئاگری خرایە ژێر وورده وورده دەپیشێت و دەگۆڕێت، ئینجا ئەوە بە ئیدیۆم دەوترێت(گۆشت بکوڵێ خاونابێتەوە) واتە هەر شتێک ڕۆیشت ناگەڕێتەوە دۆخی پێشو وجارانی بۆیە دەبێت هەنگاو و شێواز و ڕەفتار و کردەوە دەبێت ورد و درشتی هەژماری بۆ بکرێت چونکە ئەوەی لەدەست دەربچێت ناگەڕێتەوە شوێنی خۆی. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/30/8 9:04:54 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1017

## گۆشتی لاگونی خۆت بخۆی لەمنەتی قەساب باشترە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170724160110141570

گۆشتی لاگونی خۆت بخۆی لەمنەتی قەساب باشترە
واتە ئەگەر خۆت توانیت بەهەر شێوازێک بێت پێداویستی خۆت دابین بکەیت ئەوا پێویست ناکات منەتی کەس هەڵگریت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ⚫ دیارینەکراو | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/24/7 4:01:10 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1018

## گۆشتی ناخوات، گۆشتاوی دەخوات

https://www.kurdipedia.org/?q=20220514221401414000



گۆشتی ناخوات، گۆشتاوی دەخوات
ئەوە چیرۆکێکی لە پشتە دەگێڕنەوە لە و وڵاتی کوردەوارییەی خۆماندا، لە دێیەکدا خەڵکەکەی سەرقاڵی دزیکردن و تاڵان و بڕۆ بوون و بەرۆژ دەنوستن و بە شەویش لە دزی دەگەڕان، ئەوەندە ئاڵودەی ئە و پیشەیە بووبوون، ئەگەر داخوازی کچیان لێ بکرایە ئەوا بێ شەرم و سڵەمینەوە بە و گەنجەیان دەگووت کە دەستی بۆ کچەکەیان درێژکردووە: دزیت پێ دەکرێت؟ ئەگەر بیگوتبایە: نەخێر، ئەوا کیژەکەیان پێ نادا، ئینجا هەندێک لە و دزانە دەچوونە ساڵەوە و کەڵکی سوارسوارێنی نەدەما و پەکی دەکەوت و دزی پێ ناکرا، بۆیە بەڕووکەش دەبووە تۆبەکار و ئەگەر گەنجەکان لە ڕاوە دزی شەویاندا(بەرخێک یان بزنێک)یان لەدەر و دراوسێ دەست بکەوتایە، سەریان دەبڕی و پارچە پارچەیان دەکرد و دەیانخستە ناو مەنجەڵ و سەر ئاگرەوە، کە دەکوڵا و دەهاتە سەر خوان و سفرە، کابرای تۆبەکار دەیگووت: من گۆشتەکە ناخۆم تەنها هەندێک جەلاو و گۆشتاوم بدەنێ، ئیتر ئە و چیرۆکە بووە بە ئیدیۆم و بۆ هەرکارێکی حەرام و نابەجێ و ناشایستە وەکو(دزیکردن) کە بە منەتکردنەوە قبوڵ بکرێت، یان بڵێت: چوونە ناو شاییەوە حەرامە، کەچی بەدیارییەوە دابنیشێت بۆ ئەمانە بەتەوسەوە دەوترێت: گۆشتی ناخوات، گۆشتاوی دەخوات. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ҡ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/14/5 10:14:01 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1019

## گۆشتە، هێدی جەفتە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220509231407413446



گۆشتە، هێدی جەفتە
دەگێڕنەوە لە و وڵاتی کوردەوارییەی ئێمە، کۆمەڵێک دەروێش نزیک دەبنەوە لە کەسێک مەنجەڵێکی گەورەی خستۆتە سەر ئاگر و هێدی هێدی داروچیلکەی دەخاتە ژێرییەوە بۆ ئەوەی بیکوڵێنێت، دەروێشەکان نزیکتر دەبنەوە و یەکێکیان زۆر نەوسنە و حەزی بەخواردنی گۆشتە بە خێرایی دەستە دەخاتە ناو مەنجەڵەکەوە، چنکێک دەردەهێنێت وادەزانێت چنکە گۆشتە، کەچی(جەفتە-توێکڵی بەڕوو ) خراوەتە سەر ئاگر بۆ ئەوەی ڕەنگاو و تاماوی جەفتەکە کوندەی تێ بکرێت، دەستی بەگەرمی جەفتاوەکە دەسوتێت و هاواری لێ هەڵدەستێت، ئەوانیتر هەموویان دەڵێن: گۆشتە و خەریکن هاوشێوەی دەروێشەکەی هاوەڵیان دەستە بخەنە مەنجەڵەکەوە بە گوتنی: گۆشتە، گۆشتە، ئەویش دەڵێت: هێدی بن هێدی بن جەفتە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و لە نێوان حەز و ئارەزووی زۆر و عەقڵی ئەزموونکردە، کە شارەزایی و دڵنیایی هەبێت بەهۆشداری و ئامۆژگارییەوە دەوترێت: گۆشتە، هێدی جەفتە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] 🗄 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗌 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/9/5 11:14:07 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1020

## گۆلکی پیرە چێڵە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170928150605142783

گۆلکی پیرە چێڵە

لەناو کوردان زۆر باسی ناسکی و منالکاری ئافرەت دەکرێت، بۆیە ژنان و کچان کەمتر حەز دەکەن لە تەمەن و رۆژی لە دایکبونیان بخەنە روو، هێندێک جار کیژۆڵەیەک قەیرە بووە بەڵام دەڵێت لە دایکبونەکەم هەڵەیە و خۆی بە دەساڵان لە تەمەنی خۆی بچوکتر نیشان دەدات، ئینجا بە و جۆرە کچانە دەوترێت(گۆلکی پیرە چێڵە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] 🗄 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗌 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/28/9 3:06:05 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1021

## گۆلکی خۆماڵی نابێتە گا

https://www.kurdipedia.org/?q=20170927140403142768

گۆلکی خۆماڵی نابێتە گا

لە نێو میللەتاندا بێگانە پەرستی هەیە کوردیش بەدەر نیە لەگەلانی دونیا، لە ناو لادێکانی کوردستان ئەگەر کەسێکیان لێ هەڵبکەوێت کەمجار رێکەوتووە رێزی بگرن چونکە لە منالیەوە دەیناسن و کوری خۆیانە بۆیە بۆ دڵدانەوەی ئەم کەسە هەڵکەوتوانە ووتراوە تۆ کەسێکی بەناوبانگ ودیاری بەڵام(گۆلکی خۆماڵی نابێتە گا) واتە چونکە کەسی خۆمانی بۆیە ئە و پلە و پایە و رێزەت پێ رانابینن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 2017/27/9 2:04:03 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1022

## گۆڕ بە گۆڕ

https://www.kurdipedia.org/?q=20220603213127416062



گۆڕ بە گۆڕ

گۆڕ: هەڵکەندنی زەوی بە شێوەی لاکێشەیی و قوڵکردنی تا ئەندازەی بەژن و سنگ و باڵای مرۆڤێکی تەواو، لەناویدا گۆڕیچکەیەک دروست دەکرێت مردووی تێدا دەنێژرێت، لە بیروباوەڕی ئاینی ئیسلامدا مرۆڤ یەکەم شەوی دوای ناشتنی گۆڕەشار دەدرێت، کە هەردوو لای گۆڕەکە لێک دەدرێت بە و کردارە دەوترێت: گۆڕەشار، هەڵبەت گۆڕەشاریش بۆ کەسی نێژراوەکە زۆر بەئازار دەبێت، ئە و حاڵەتە کراوە بە ئیدیۆم و کورد بۆ رق لێبونەوە و نزا و تووککردن بە کەسانی ناحەز و زۆردار و ستەمکار و چەوسێنەر و تاوانکار دەڵێن: گۆڕ بەگۆڕچێت، یان گۆڕ بە گۆڕ واتە: لە گۆڕەکەی خۆیان دەربهێنرێنەوە و ئە و گۆڕ و ئە و گۆڕیان پێ بکرێت تاوەکو عەزاب و ئازار و گۆڕەشاری زیاتر ببینن. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 2022/3/6 9:31:27 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1023

## گۆڕی بەخیل تەنگە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200923120918388103




گۆڕی بەخیل تەنگە
بەخیل، کەسێکی هەبووی قرچۆکە، لە هەموو ڕوویەکەوە هەتاوەکو لەکاتی پێویستیش ناتوانێت پیاوەتی و چاکە بکات، زەوی و زاری دونیاش فراوانە بەڵام ئەگەر ئە و سەیری بکات دەبێتە چەرمی چۆلەکە، بۆیە بە کینایە و درکە و ئیدیۆمەوە، بەتەوسەوە بە و جۆرە پیاوانە دەوترێت(گۆڕی بەخیل تەنگە) واتە ئە و جۆرە کەسانە زەوی و زاری ئە و دونیایەی پێبدرێت لەبەر ڕژدی و قرچۆکی قەبرێکی تەنگیش بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2020/23/9 12:09:18 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1024
## گیا بەدەوی مەڕێ خۆشە
[https://www.kurdipedia.org/?q=20220215230030405192](https://www.kurdipedia.org/?q=20220215230030405192)



گیا بەدەوی مەڕێ خۆشە
ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان شوانکارەیی کردبێت بەتایبەت بەرخەوانی یان شوانی ڕانە مەڕ لەوە تێ دەگات لەدوای هەفتەکانی(پیت وپارۆز و سەرمای پیرەژن)، و سەرەتای خاکەلێوە و بەهار ئە و گژوگیایەی لە قەراخ و شیوەرۆکەکان سەری دەرهێناوە مەڕ دروێنەی دەکات و دەنگی مشە و قرتاندنی گژوگیا و لەوەڕەکەی سەرنجی شوانەکە بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت تەواو دڵی خۆش دەکات کە مەڕەکانی بەجوانی دەلەوەڕێن، ئە و حاڵە بووە بە ئیدیۆم و بە لێهاتن و گونجاوی هەرشتێک لەگەڵ هەر شتێکدا دەوترێت: گیا بەدەمی مەڕێ خۆشە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/15/2 11:00:30 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1025

## گیسکی باربووانە

https://www.kurdipedia.org/?q=20210501002504393812



گیسکی باربووانە
لەکوردەواریدا ئەگەر ماڵێک یان خێزانێک دووچاری زیانەکی گەورەی وەکو ماڵ سوتان یان خەرمان ئاگر تێ بەربوو بوایە، یان ڕانەمەڕ و مێگەلەکەیان گورگ لێ بدابوایە، مانگا و ورستیان زۆر مرداربیوایەوە، ئەوا خەڵکی ئاوایی و دەر و دراوسێ کۆمەک و هاوکاری و هەرەوەزی و دەستگرۆییان دەکردن هەر ماڵە و کەسەی بە جۆرێک باربووی دەکردن، زۆربەی جاران واباو بووە چیان زیادە بوایە وەکو بەرە و تەشکەبەرە و قاپ وقاچاغ ئەوەیان دەکردە باربوو، هەندێجار بارۆکە و بەرخی ئایەخ و گیسکی قرغ و نابووت دەکرایە باربوو، ئەوە لە کوردەواریدا بووە بە ئیدیۆم بۆ شتێکی قرغ و خراپ و خاپەڕۆک دەوترێت: گیسکی باربووانە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2021/1/5 12:25:04 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1026

## گیسکی بەهاریێ، لەدایکی خۆی هەڵدێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20211230071257399834



گیسکی بەهاریێ، لەدایکی خۆی هەڵدێ
ئە و کاریلەی لە بەهاران لە دایک دەبێت، سەرماوسۆڵە بارگەی پێچاوەتەوە و گژوگیاش زۆرە و لەوەڕی دایکەکە زۆر لەبارە، وەختی هێرۆ سۆران، خۆزگەم بەبزن زۆران، واتە بزن تێرە و لەوەڕی باشە و پرگوانی شیر دەبێت، بەمەش کاریلەکان تێر شیر دەخۆن و زوو گەورە دەبن، لەماوەی(6)مانگ دەبنە گیسک، ئەوانەی نێرن تێر و پڕن و خورتن و لە دایکی خۆیان دەمرقێنن، ئەوە بە ئیدیۆم بەکەسی بێ سیفەت و بێ نمەک دەوترێت:(گیسکەنێرە) یاخود(گیسکی بەهاریێ، لەدایکی خۆی هەڵدێ).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: AM 7:12:57 2021/30/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1027

## گیوەکەر پای پەتیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220613230951417455



گیوەکەر پای پەتیە
زۆر جاران لە کاتی کە منداڵ بووم گوێم لێ دەبوو دەیانگوت: جوتیار(فەلاح) وەکو فەرمانبەرێک رزقەکەی خۆی ناخوات، منیش کە زەویە کشتوکاڵییە فراوانەکانم دەبینی ئە و قسەیەم پێ سەیر بوو، چۆن؟ لە و هەمووە بەرووبومە زۆر و زەوەندە جوتیار تێر و پڕ لە بەرهەمەکەی خۆی ناخوات، فەرمانبەرێک کە لە خانوویەکی(100-200)مەتری نیشتەجێیە زیاتر لە و جوتیارەی دەخوات، دواتر بۆم دەرکەوت جوتیار کە بەرهەمەکە بۆ بازاڕ دەبات کام بەرهەم گەورە و تەڕوبڕ و پڕئاو و رێک و ساغ و سفت و ناسک و جوان و گەشە ئەوە دەبات بۆ بازاڕ تا نرخێکی باش بکات، کام بەرهەمیش قرغ و لاقوزە و پڵیقاوە و لاترشاو و گەنیوو و(عەزل- کاڵ) و پیرەلۆک و سندراردار و قون رەش و کرمی و چورچ و تەپیوو و بێ خێرە بۆ خۆی دەهێڵێتەوە و دەرخواردی خۆیی و ماڵ و منداڵی دەدات، لە و ئیدیۆمەش بۆ کڵاشچن و سۆلدروو و پینەدۆز هەمان داکەوتە و ڕاستی هەیە، گیوە: کڵاشی ژێرپەڕۆیە، واتا ئە و کڵاشانەی کە بنەکەیان بە پەڕۆ دروست دەکرێت، گیوەکەر: کڵاشچنە ئە و کەسەی پێڵاو دروست دەکات و پیشەی بەدەستهێنانی بژێوی خۆیی و ماڵ و مناڵیەتی هاوشێوەی جوتیارەکان بەرهەمە باشەکان و کڵاشە باشەکان بۆ بازاڕ ئامادە دەکەن، بەمەش پێڵاوە خراپ و دڕاوەکان و بێ نمودەکان بەر پێی خۆیان دەکەوێت یا ناکەوێت، بۆیە زۆرجاران بە پێ پەتی و پێ خاوسی و قاچ رووتی دەردەکەون، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ هەموو خاوەنکارێکی بەرهەمدار بەکاردەهێنرێت، کە بەرهەمە باشەکان بۆ بازاڕ ئامادە دەکەن نەوە ک بۆ خۆیان بۆیە وەک رێنوێنی و رێنمایی و ئامۆژگاری و ئەزموونداری ووتراوە:
گیوەکەر پای پەتیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇️ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

---


🗄 سەرچاوەکان
[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: PM 11:09:51 2022/13/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1028

## گێرە بە گۆلکان ناکرێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20211227093125399706



گێرە بە گۆلکان ناکرێت
وتراویشە گێرە و بزنیان نەگۆتیە، لە کوردەواریدا گا و گوێدرێژ بۆ جوتکردن و زەوی کێلان و خەرمان کوتان و گێرە بەکارهاتوون، نە گۆلک و نەبزنیش ئە و کارەیان پێ ناکرێت، هەردوو ئیدیۆمی(گای بنە) لە گێرە و(خەتی خوار لەبن سەری گای پیرە) لە جووتکردن هەر لەسەر(گا)ی دروستبوون، ئیدیۆمەکە(گێرە بەگۆلکان ناکرێت) واتە کاری گەورە بە منداڵان ناکرێ و هەر کەسە و بەکاری خۆی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2021/27/12 9:31:25 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1029

## گێرەشێوێن

[https://www.kurdipedia.org/?q=20201124113027389866](https://www.kurdipedia.org/?q=20201124113027389866)



گێرەشێوێن
لەگێرەی خەرمانان، گایەکان بەگوریسێکەوە لێک دەبەسترانەوە(گای بنە تەمبەڵ و زل و پیرە لەلای چەپ و ناوەڕاستی خەرمانە، گای سەر پەڕگان سوک و ئازا و وریا بووە لەلای راستی خەرمان بوو) هەر گایەکیان(لەقەوەشێن و سەرەوەشێن و غەزرۆک بوایە پێی دەوترا گێرەشێوێن) ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی ئاژاوەچی و تێکدەر و فیتنەباز و سەربەگۆبەند دەوترێت:(گێرەشێوێن).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:


📚 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2020/24/11 11:30:27 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1030

## گێرەی ئۆمەرە کۆرە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171109090812143131



گێرەی ئۆمەرە کۆرە
ئۆمەر پیاوێکی نابینا بووە، چووە بۆ گێرەکردن، بە هۆی نابینایییەوە کەرەکانی تاق و فیق و پێچەوانە و هەر یەکە و ڕوو لەلایەک لەسەر خەرمان دابەستاوە، کاتێ دەنگیان دەدات هەر کەرە و بەلایەکدا دەڕوات و خەرمانەکە پەرش و بڵاوە پێ دەکەن و گێرەیەکی زۆر سەقەت و بێ بەرهەم دەکرێت، ئینجا ئەگەر کارێک زۆر کێخوا و خاوەن بیکات و هەر یەکەی ڕوو لە ئاڕاستە و لە ئاوازێک بخوێنن دەوترێت گێرەی ئۆمەرە کۆرە، وەک ئەوەی ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان توشی هاتووە چونکە لە بنەڕەتدا نادیدە بووە بۆیە هەر بابایە و ئاڕاستەیەکی هەیە و هەوجاڕ و خەرمان لەگێرەیەکی دروستدا یەکدی ناگرنەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/9/11 9:08:12 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1031

## گێرەی زەردە دڕکە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190317073245281823



گێرەی زەردە دڕک
زەردە دڕک ڕووەکێکە لە کۆتایی زستان و سەرەتای بەهاردا گەشەی بەرچاو دەکات و ساڵی خۆش و هات و پڕ باران نزیکە بەژنێک باڵا دەکات، لەگەڵ کامڵبوونی دڕکێکی شێوەی گوڵی لێ دەردەچێت و هەنگیش سوود لەشیلەکەی لەسەرەتادا وەردەگرێت و پاش ماوەیەک دڕکەکانی دەبنە ڕم و پارێزگاری تەواو لە پۆرگ و هەڵالەی دەکەن بەهۆی ئەم دڕکانەوەش ناو دەبرێت بەدڕکە زەردە، ئینجا هەر کە هاوین داهات زیندەوەری وەک(زیزیکە) بەرەنگی جۆراو جۆرەوە لەسەر ئەم دڕکە زەردە دەست دەکەن بەزیکە زیک و گەرماش تاو دەستێنێت، هەر کە نزیک بویتەوە لە دڕکە زەردەی ئەوا پێ سێ و دوو یەکسەر بەپەنجەی پێ-وە یان دەست ڕادەچێت، زۆریش بەئازارە و هەندێجار کێم و جەراعەت و زووخاو لە و شوێنە دروست دەکات کەدڕکەکەی تێڕاچووە، ئینجا کارێک قورس و مایەی ئازار و نیگەرانی بێت دەوترێت پەکو کارێکی چەند قورسە دەڵێی(گێرەی زەردە دڕکە).

Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2019/17/3 7:32:45 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1032

**گێرەی لە هەولێر دەگەڕێ**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220329134213409359



گێرەی لە هەولێر دەگەڕێ
دەشتی هەولێری کاکی بەکاکی مەفتەنی دانەوێڵەی گەنم و جۆیە، دەتوانرێت پێی بووترێت(تلیانە نانی کوردستان) وەک چۆن دەشتە مەزنەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە(تلیانە نانی جیهان) دادەنرێت، ئە و ئیدیۆمە چیرۆکێکی لەپشتەوەیە دەوترێت: جوتیارێک، وەرزێرێک، ڕەنجبەرێک لە ناوچەکەی خۆی کە زەوییە پشتاوەکانی سەرقەل و خاکی سۆرک و بەردەڵانە، هەموو ساڵێک کە تۆی کردووە بەرهەمەکەی خراپ بووە یان براتۆی هێناوە یان تەنەکە و دوو تەنەکە و سێ تەنەکەی بڕیووە، بۆیە لە دڵی خۆیدا دەیەوێت بار بکات و بچێتە دەشتی هەولێری بە پیت بەرەکەت، ئینجا دەکەوێتە خەیاڵ و دەست دەکات بەدابەستنی گایەکان و نیروگۆپەران دەخاتە سەر ملیان و جۆتیاری خۆی دەکات و زەوییەکە تۆو دەکات و دەیکێڵێت و ساڵێکی بەباران دەبێت و دەغل ودان تا پشتێنەی مرۆڤ دێت و دەنکە گەنمەکان پڕ شیر دەبن و کاتی جۆزەردان و دروێنەی گەنم وجۆ دەست پێ دەکات و دەنگی وتنی گازێ سەپان و قرمە و هاواری پاڵە و سوڕانەوەی سەر سەدە و دەنگی داس و بڕینی لاسکی گەنم و قەسەر، ئارەقەی شین و مۆر و جیلوەی تێلەکێشی جوانکیلە، گەلاوێژ و کیشە و کێشانەوەی بۆسەر خەرمان و ئینجا دوو گای سەرشێت یان دوو هێستری چەموش وا گێرەی دەکەن، بەڵام هەموو ئەوانە لەگەڵ ئەوەی کەسێک بڵێ کاکە چایەکەت بخۆوە کۆتاییان دێت، ئە و چیرۆکە جوانە بووە بە و ئیدیۆمە شیرینە بەکەسێک کە فڕی بەبابەتێکەوە نەبێت وهیچی لێ نەزانێت یان زۆر عاقل نەبێت و هەندی تورەکی لە شتێک نەزانێت دەوترێت کورە بابە دەڵێی چی فلانە کەس: گێرەی لە هەولێر دەگەڕێ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/29/3 1:42:13 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1033

**گەر بەدوعای کەر بوایە جۆ دەباری**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180626101710152113



گەر بەدوعای کەر قبوڵ بوایە جۆ دەباری
کەر یان گوێدرێژ زۆر لە پەند وئیدیۆمی کوردەواری ناوی هاتووە لە و پەند وئیدیۆمەدا نزاو پاڕانەوەی کەر بۆ جۆ وەرگیرایە چونکە گوێدرێژ(جۆ) قوتی سەرەکیەتی و تاکە زادە زۆرترین خولیاوحەزی بۆی بچێت، بۆیە جۆ و گوێدرێژ بوون بە نمونە واتە هەموو کارێک هەر بەنزا و پاڕانەوە مەیسەر نابێت و هەوڵ و تێکۆشانی گەرەکە، هیچ شتێک بۆ مرۆڤ بەردەست نابێت تا بە هەوڵ و ماندوو بوون و ئارەقی نێوچاوانی بەرجەستەی نەکات، وابیرکردنەوەش کاڵفامی و نەفامی تێدایە بۆیە گوێدرێژ کراوەتە نمونە و ووتراوە(گەر دوعای کەر قبوڵ بوایە جۆ دەباری)

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/26/6 10:17:10 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1034
## گەر ماسی سەری بوگەن بوک، باکلکی هەر بیریەی
https://www.kurdipedia.org/?q=20180125095516144259
گەر ماسی سەری بوگەن بوک، باکلکی هەر بیریەی
ئەمە شێوەزاری لوڕیە لە گوندەکانی شارەدێی سێگردکان بەتایبەت لە ئاوایی ئۆمەرگومبەت بەکاردێت لەووەوە سەرچاوەی گرتووە کە ماسی لە سەرەوە سەرەتا گەنی و بۆگەن دەبێت، ئینجا ئەگەر سەری ماسی بۆگەنی بوو، ئەوا هیچ سوودی نیە کلکی ببریت و فرێی بدەیەت گوایە گەنیویەکەیت لەکۆڵ بۆتەوە، چونکە ماسی کەسەری گەنی ئەوا هەموو لەشی گرتۆتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/25/1 9:55:16 AM

بابەت: 1035

## گەز، گەز باڵا دەکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20220515225516414057



گەز، گەز باڵا دەکات
گەز: ئامرازێکی پێوانەیە بۆ ئەندازەگرتن و پێوانەی درێژایی بەکاردەهێنرێت، یەک گەز(24) پەنجە و نزیکەی(90) سانتیمەترە، لەدووکانەکاندا کوتاڵفرۆش و بازرگانەکان بۆ پێوانی قوماش و کوتاڵ هەیانبوو، لە ئیدیۆمی کوردیدا ئە و پێوانە ناوی هاتووە وەکو(گەوادی دوو گەز و سێ گەز، ئە و عەرز و ئەوە گەز، شوێنمان دوو گەزە عەرزە، بەشەر هیچ لەگەڵ خۆی نابات تەنها دوو گەز جاو نەبێت)، گەز لە و ئیدیۆمەدا دووبارە بەکارهێنراوە لێرەش هەر بۆ پێوانەیە، رووەک و گژوگیا و درەختەکان ئەگەر بارودۆخ و ژینگە و ئاووهەوا و خاک و خۆڵیان لەبار بێت، ئەوا لەماوەی شە و و رۆژدا هەست بەباڵاکردن و بەرزبوونەوە و گەشەکردنیان دەکرێت، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بە کەسێک کە لە ناز و نیعمەت و هاتی و هەبوونی و خۆشی و تەندروست باشی دا بێت و بارەکەی کە تێیدایەتی پێی بکات و لەبار بێت، بە توانج و پەلار و بزە و خەندە و ئێرییەوە دەوترێت: گەز، گەز باڵا دەکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/15/5 10:55:16 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1036

## گەزیزە پیربوون لە نزاران، ئێمەش ماینەوە لە کۆنە هەواران

https://www.kurdipedia.org/?q=20220608233633416892



گەزیزە پیربوون لە نزاران، ئێمەش ماینەوە لە کۆنە هەواران
گەزیزە: گوڵێکی حەوت رەنگە، وێنەی گوڵە نەورۆزە، هەر کاتێک رێوی ئە و گوڵە بخوات تووڵەک، گرووە دەبێت واتە: مووی دەوەرێت بۆیە وتراویشە: دەڵێی رێوی گەزیزە خۆرە، نزار: شوێنی نسێ و نسار بەگۆڕانی دەنگسازی پیتی(س) دەبێتە(ز) و بەمەش لە گۆکردنی(نسار) هەندێجار دەبێتە(نزار)، شوانکارەی کوردان بۆ لەوەڕ و ئاوگەڕاون لە وەرزی بەهار بۆ کوێستان دەڕۆن و لە پایزان وردە وردە دێنەوە گەرمیان، لەهەردوولا(کوێستان و گەرمیان) هەوار و بنگەی دەخەن و هۆبە و رەشماڵیان هەڵداوە، بنگە و هەواری پار و پێرار دەبێتە کۆنە هەوار، کە وترا کۆنە هەوار واتە: پڕ لە بیرەوەری و جێ ژوانی جوانان و جحێل و گەنج و لاوان، ئینجا کیژۆکاڵ لە و کۆچ و کۆچبارەدا توێژێکی گرنگ و هەڵسوڕێنەرن و دڵ پڕ لە هیوان بۆ یار و کوروکاڵی خێڵ و وێردی سەرزوبانیانە: (دەگوازمەوە بە و پایزە)، هەر بۆ ئە و کۆچبارەش محەمەدی ماملێی مەزن لە گۆرانیەکدا ووتویەتی: کۆچی سوورم کۆچی یارە، بەهارە و خێڵ بەرە و ژوورە، کچە دڵ پڕ لە ئومێد و شوو نەکردووەکانی ئە و خێڵە گەڕۆکانەی

کورد لەبەر خۆیانەوە وەک بەند و پەند و ئیدیۆم بۆ دڵدانەوە و کەسەر و بێ هیوایی و لاوانەوەی خۆیان کە تووشی یەکتری بوون وتویانە: گەزیزە پیربوون لە نزاران، ئێمەش مایِنەوە لە کۆنە هەواران.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/8/6 11:36:33 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1037

## گەندە پەڵە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170930101840142805

گەندە پەڵە

بارانی پەڵە زۆر جاران لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەم و سەرەتای تشرینی دووەم لە کوردستان دەبارێت ئەگەر ڕێژەی باران بارینەکە بگاتە نزیکەی(35)ملیمەتر ئەوا پێی دەوترێت(حەقە پەڵە) بەڵام زۆر ساڵان ئە و بارانەی پەڵەی لێی دەگیرێتەوە و تا نزیک مانگی یەک(کانونی دووەم) ئینجا لێرەدا ئە و بارانەی پەڵە کە بەهۆیەوە دەغل ودان چەکەرەی کردوە و دواتریش هیچ نەباریووە تا نزیکەی دوو مانگ بەمەش ئەوەی چەکەرەی کردووە وشک دەبێت و جوتیاریش دەڵێت ئەمساڵ گەندە پەڵە بوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/30/9 10:18:40 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1038

## گەنمی قەندەهارییە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220608234125416893



گەنمی قەندەهارییە
جۆرە گەنمێکی بەنرخ و بایەخە، نانی تیری جوان لێ دێت و ژنان و کابانەکان زۆر پێی هەڵدەدەن و ستایشی ئە و جۆرە گەنمەی دەکەن و بەکەڵکی هەموو جۆرە زەخیرەیەکی وەکو: ساوار و بروش و گەنمەکوتا دێت، هاوشێوەی گەنمی(ڕەش گوڵ)ە، ئە و خاسیەتە باشانەی ئە و گەنمە بووە بە ئیدیۆم و بە کەسێکی دەسترەنگین و پیاوچاک و ڕەوشت بەرز و جوان و وەستا و شارەزا و بەکەڵک لە زۆر بواردا بەستایشەوە پیاهەڵدانەوە دەوترێت: فڵانە کەس گەنمی قەندەهارییە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/8/6 11:41:25 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1039
## گەوادی دوو گەز و سێ گەز
https://www.kurdipedia.org/?q=20170921131821142668
گەوادی دووگەز و سێ گەز
کەسێک گەواد بێت پێی دەوترێت گەوادی مل پان، دوو گەز و سێ گەزیش پێوانەیە واتە کەسێک هێندە گەوادە دوو گەز یان سێ گەز ملی پانە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/21/9 1:18:21 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1040
## گەوارەی بوهارێیە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220506220248412952



گەوارەی بوهارێیە
لە هەولێرێ دەوترێت: گەوارەی بوارێیە، یان بوهارێیە: گەوارە، گەواڵە، پەڵە هەورێکی ڕەنگ تاریکە بەهۆی پڕ ئاو بیەوە لەماوەیەکی کەمدا بارانێکی کورت و خێرا و بەخوڕی لێ دەکەوێتەوە، بە و بارانەی کە لە و پەڵە هەورە دروست دەبێت دەوترێت(گەوارە)، خاسیەتی گەوارە وایە ڕووبەرێکی کەم لە زەوی دەگرێتەوە کورد بۆ کەمی ئە و ڕووبەرگرتنە وتویەتی: (گەوارەی بوارێ، سەری کەرەبابی دەگری، کلکی کەرەبابی ناگری) جگە لەوەش ماوەی دابارینەکەی زۆر کورتە لەوانەیە تەنها چەند خولەکێک بخایەنێت، بەڵام زۆر خێرا و بەهاش و هوشە دەتوانێت لەماوەیەکی نزیک و چاوتروکانێک زریان و لاڤاو دروست بکات، ئە و خاسیەتانەی گەوارە(دابارینی لە ماوەیەکی کورتدا و بەخێرایەکی زۆر بە سەر ڕووبەرێکی کەمی زەویدا و لێکەوتەکانی) وایکردووە وەرزێر و جوتیار و کشتیار و لادێنشیانی کورد ئە و ئیدیۆمە جوانەی لێ دروست بکەن، وەکو ڕێنوێنی و ڕێنمایی و هۆشداری بۆ شتێکی کاتی کە هەڕەشە و گوڕەشەی هەبێت و گرەوفرەی دروست بکات، تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم پێویستە خۆی لێ بە دووربگرین، چونکە کتوپڕە و خێرا تێ دەپەڕێت و دەگوزەرێت پاش کەمێک لێکەوتەکانیشی نامێنن بۆیە وتراوە: گەوارەی بوهارێیە دێت و دەڕوا. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/6/5 10:02:48 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1041
## گەری بارە ترێ یە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220514221705414001



گەری بارە ترێ یە
لە کۆندا لە سیستەمی دەرەبەگایەتی و دەسەڵاتداری عوسمانیەکاندا لە کوردستان، هەموو شتێک باجی لەسەر بووە، جگە لە دانەوێڵە و مەڕوماڵات و پیشەگەریی جۆراوجۆر هەتا کار گەیشتبووە(سمتانە) واتە: ئەوانەی لە سایەی خەلیفەدا قەڵە و بوون پێویستە(مزە) بدەنە حکومەت، میوەی ترێش لە و باج و دەرامەتانەدا بەدەر نەبووە، هەموو بارە ترێیەک باجی خۆی هەبووە، جوتیارە خاوەن ڕەزە مێوەکانیش، کە بارە ترێیان بارکردووە، گۆڕیویانە گوتوویانە: ئەوە بارە ترێ نییە، ئەوە بە ئیدیۆم و بۆ بیانووگرتن و گەڕ پێگرتن بە کەل و پەل و شت و مەک و بەرووبومی گوازراوە لەلایەن جەندرمە و زەفتیەکانەوە وتراوە: بەخوا بابم گەری بارە ترێیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 5/14/2022 10:17:05 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1042

**لاپرەسەنگ**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170930092724142795

لاپرەسەنگ

لە لاسەنگەوە هاتووە، بەڵام کەسێک ئەگەر گەورە و زەبەلاح بێت و کاری نارەوا و نارێک بکات و زۆریش هەڵبداتە قسە و ئاخاوتن و قسەکانیشی بێ جێگەوڕێ بێت یان ئە و کاروبارەی پێی دەسپێردرێت بە جوانی نەیکات پێی دەوترێت(لاپرەسەنگ).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 9/30/2017 9:27:24 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1043

**لات پاڵەوانی خودایە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200824192714387129



لات پاڵەوانی خودایە.
لات وپات واتە: ڕەش ورووت، رووتە، کەسی هەژار هیچ بەرژەوەندییەکی نییە، تا لێی بترسێت، بۆیە لە ڕووبەڕوونەوەی هەر گرفت و کێشەیەک پاڵەوانە و سڵ ناکاتەوە، دەرگای لەسەر پشتە و شەوانیش لە گۆڕایی دەخەوێت و بێباکیشە لە نقومبوونی کەشتیەکەی، لە نەگەڕانەوەی کاروانەکەی، لەدابەزینی نرخی دراو و زێڕ و زیوو، لە هەموو قەیران و نا ئارامییەک سەردەکەوێت، بۆیە ئەوەی کەم دەرامەت و نەدار و ناگوزور بێت بەدرکە و کینایەوە دەوترێت(لات پاڵەوانی خودایە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/24/8 7:27:14 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1044
## لاکەی سەری دێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20220613231929417458



لاکەی سەری دێت
لاکە: لۆژە، بێهێزی و بێ تینی گیاندار بە هۆی نەخۆشی یان برسێتیەوە، لۆژەلۆژیش بەکاردەهێنرێت، زۆرجار وارێک دەکەوێت توتکە سەگێک یان بەچکە باڵندەیەک یان بەرخێکی شیرەخۆرەی کەم شیر کە برسی و نەخۆش بن زۆر کز و بێ هێزن و لە ڕۆیشتندا بەلادا دێن و دەکەون و هەڵدەستنەوە ئەوە بووە بە ئیدیۆم و لە حاڵەتی شەکەتی و ماندووبوون و کاری زۆر و یەکبینە و قورس، مرۆڤ دووچاری هێز لەبەر بڕان دەکات بۆیە بە کەسێکی زۆر هیلاک و ماندوو دەوترێت: لاکەی سەری دێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان


Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/13/6 11:19:29 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1045

## لچت لۆقەی لێ ناکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20190508070859286335



لچت لۆقەی لێ ناکات
لچ، مەبەست لێوی مرۆڤە، لۆقە-ش نەرمە غاری وڵاغە بەرزە و گوێدرێژ و بارەبەرە، مرۆڤ کاتێک نان دەخوات لچی دەجولێنێ، ئەویش بەنەرمە جووڵەیە بۆیە بە(لۆقە) چوێنراوە، ئەم ئیدیۆمە بەمەبەست بەکاردێت کاتێک دەوترێت فلانە کەس داوەتمان دەکات، فلانەکەسیش زۆر رژد و دەست قوچاو و پوشتە ناتوانێت ماڵی خۆی بۆ خۆی بخوات ئینجا چۆن دەیدات بەخەڵکیتر، یەکسەر وەڵام دەدرێتەوە و دەوترێت بەخوای برام(لچ-تان لۆقەی لێ ناکات) واتە ئە و داوەتەی هیوایەتتان بۆ هەڵچنیووە نایخۆن.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 7:08:59 2019/8/5

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1046

## لغلغە لەسەری زمانی کەوێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20220425232852411465



لغلغە لەسەری زمانی کەوێ
لغاو، ئاسنێکە دەکرێتە دەم و لغاوی وڵاغەوە، بەمەبەستی جلەوکردنی وڵاغ، بەڵام لغلغە، دەنگی هەناسە توندی و بڕانی هەوایە لە قورقوڕاگەی مرۆڤ و ئاژەڵ، ئە و مرۆڤانەی زۆر بلێن، ئەندامی سەرەکی ئە و زۆر وتن و ئاخاوتنە، زمانەکەیەتی، ئەگەر زمان زامداربێت یان کول بێت ئەوا مرۆڤ ناتوانێت قسەی بکات و دەمی کەف و تەڕ و ئاوە زر زرەی لێ دێت، ئەوە مانا ڕاستەقینەکەیەتی، وەکو ئیدیۆمیش بەکەسێکی زۆر بلێی جاڕس و زۆروەڕ و مێشک کونکەرە و چەقاوەسو و هەڵەوەڕ، بە بێزاری و نیگەرانی و دوعاوە دەوترێت: لغلغە لەسەری زمانی کەوێت واتە: هەناسەی لێ ببڕێت و هیچتر نەتوانێت قسەی بکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: PM 11:28:52 2022/25/4
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1047
**لنگە کەوشێکی لە دیوانا هەیە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220515225741414059




لنگە کەوشێکی لە دیوانا هەیە
کەوش یان سۆل: پێڵاوێکی چەرمینە و پاژنەی بەرز نییە، بە دەزوو و سیرمەی کەوش، سۆلدروو یان کەوشدروو دروستی دەکات، تاوەکو پەیدابوونی کارگە هەر لەبرە و باودا بوو، بەڵام کە کارخانە هاتە کایەوە ئیتر ئە و پیشە دەستیانە بەرە و کەمبوونەوە ڕۆیشتن و نەمان و فەوتان، کهو ش شاعیران و فۆلکلۆری کوردی لە دەقەکانیاندا بەکاریانهێناوە وەکو:
بەبیرت دێ زەمانی چووینە باڵەک
بەپێ خاوسی نە کەوشم بوو نە کاڵەک(حاجی قادری کۆیی)
هەروەها لە پەندێکی کوردیشدا ووتراوە:
تاکێ کەوش و تاکێ کلاش
ماندوو نەبی مام تەرەماش
لینگ: لەتەر و قاچ و پێ و بەلەک
دیوانا: دیوەخان و هۆدە و ژووری مێوان دانیشتن و کۆڕ و مەجلیسی کوردەواری، لینگ و کەوش و دیوەخان بووە بە و ئیدیۆمە جوانە، بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت کە لای کاربەدەستێکی گەورە یان بەرپرسێکی باڵای حکومەت کاربکات، یان لە کۆندا لەلای کێخوا و ئاغا و دەسەڵاتدارێکی ناوچەکەیەوە سەرکار بێت یان پیاوانی ئاغا بێت و کەمێکیش دەستی دەڕوات بە تەوس و درکەوە دەوترێت: لنگە کەوشێکی لە دیوانا هەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 10:57:41 2022/15/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1048
**لە( قەشە) ياندا(شەماش ) لەخۆی ری**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200902010407387401



له( قەشە) یاندا(شەماش ) لەخۆی ری
قەشە، پیاوی ئاینییە لە پەیڕەوانی ئاینی مەسیحیدا، لە کەنیسەکاندا پەرستش و ئەرکەکانی خۆی بەڕێوەدەبات، (شەماش) ش خوێندکاری ڕێبازی پەیڕەوانی ئایینی مەسیحیەتە و هاوشێوەی(فەقێ)یە، ئە و ئیدیۆمە دەڵێت کە لە(قەشە)یاندا لەترسان(شەماش ) گوی بەخۆیدا کرد، وەک ئەوە وایە بڵێی(لە مەلایاندا فەقێ لە خۆی ری) ئەوە گوزارشتە بۆ تۆقین وترسانی کەسێک لەکارێک یان هەڵوێستێک بەبێ ئەوەی پەیوەندی بەووەوە هەبێت، هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمەش هەیە کەدەڵێت(کەریان ناڵ دەکرد پێشووڵە کلکی بڵند دەکرد).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/2/9 1:04:07 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1049

**له( مازی)ان دۆڕاندیتی له(ستک)ان دەیەوێت تێ بینتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201011100149388864



له( مازی)ان دۆڕاندیتی له(ستک)ان دەیەوێت تێ بینتەوە.
مازی، بەرهەمی رووەکی دار بەرووە، دەوترێتیش(مازوو)، ستک، رووەکێکی گیایی بەهارییە ، گەڵا باریکە هاوشێوەی(شبیت) مانگی چوار گوڵ دەکات، گوڵەکەشی بەگوڵە شبیت دەچێت، لەناو مانگی(نیسان) و جۆزەردان بەرەکەی دەبێتە(هێشوو، وشی) شێوەی بۆڵەترێ، خۆراکێکی خۆشە، ئەگەر هێشوویەکی بخۆیت حەز بە هێشویەکیتریش دەکەیت، کوروکاڵ و کیژان لە بەهاراندا زۆر عەودالی دەبن و شیوەرۆک و شیوەرۆک بە قەد گردەکان و هەرد و سۆرکان بەدوایدا دەگەڕێن.
ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێک دەوترێت کە کارێکی سەرەکی هەڵەی ئەنجام دابێت، کەچی لە شتێکی بچوک و بێ کەڵک بیەوێت ڕاستی بکاتەوە، دۆڕاندنی بنەمای گەورە بە تێهێنانەوەی کەرەسەی لاوەکی تێ نایێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: AM 10:01:49 2020/11/10
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1050

## لوتیم لەبەردی ئەلحەددا

https://www.kurdipedia.org/?q=20220515230216414060



لوتیم لەبەردی ئەلحەددا
لووت: ئە و ئەندامەی دەم و چاوی مرۆڤە، هێمایە بۆ ڕۆح بەرزی و فیز و خۆ بەزلزانی و گەورەیی، وتراویشە(لوتی لە کورەکاژاوە، لوتی چۆتە کەشکەڵانی فەلەک)، ئەلحەد: گۆڕیچکە و گۆڕیچە ئە و شوێنەیە کە لە بنکی گۆڕ و قەبردا مردووەکەی تێدا دەهاوێژرێت و دەنێژرێت دواتر بەبەردی ئەلحەد دادەپۆشرێت و دوامەنزڵگایی مرۆڤە، دوای ناشتنی مرۆڤ بیروباوەڕ وایە، گیان دەگەڕێتەوە بۆ لاشەکە و کە سەر بەرز دەکاتەوە، سەری بە و بەردی ئەلحەدە دەکەوێت، ئەوە کراوە بە ئیدیۆم و بۆ بەخۆداشکاندنەوە و تەریقکردنەوەی کەسێک و جارێکیتر نەتوانێت خۆی بەشت بزانێ دەوترێت: لوتیم لە بەردی ئەلحەد دا. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: PM 11:02:16 2022/15/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1051

## لورەی دوای گورگە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170507231926139540



ئەم پەندە لە کوردەواریدا لەوەوە هاتوە کەسەگی پاسەوانی پەز گورگ خنکێن نەبێت و دوای ئەوەی گورگ لە ڕانە مەڕەکە دەدات و مەڕێکی زۆر بکوژێت و بۆی دەرچێت، ئینجا سەگەکە بلورێنێ، هەڵبەت ئەم لوراندنە هیچ سودێکی نی یە، چونکە کار لەکارترازاوە، بۆیە دوای ڕوودانی حالەتێکی لەو شێوەیە کورد دەڵێت لورەی دوای گورگە، واتە کارێکی بێ کەڵکە و هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: PM 11:19:26 2017/7/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1052

**لووت لەبەینا نەبێ، چاو چاوی دەخوا**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180815092948153998

لووت لەبەینا نەبێ، چاو چاوی دەخوا
ئەگەر سەیری شێوەی دەم وچاو بکەیت هەست دەکەیت لووت فەرمانڕەوایە چونکە شوێنێکی ستراتژی و لەجێی خۆی گرتووە، وا هەست دەکەیت ناوبژیوانی نێوان هەردوو چاوانی لە ئەستۆگرتووە، ئینجا کورد ئەم چاو و لوتەی لەدرکە و ئیدیۆمدا بەکارهێناوە دەڵێت(لووت لەبەینا نەبێت چاو چاوی دەخوات) واتە هەموو ئان و زەمانێ پێویستە حکومەت و دەسەڵات و فەرمانڕەوایەک هەبێت، گەرنا چاو چاوی دەردەهێنێت و دەبێتە پاشاگەردانی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: AM 9:29:48 2018/15/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1053

**لۆگەنمی زیوان، لۆ برنجی داڕوجان**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220203204154403757



لۆ گەنمی زیوان، لۆ برنجی داڕوجان
زیوان گیایەکە تۆوەکەی تاڵە لەناو دەغڵ و دان دەڕوێت و ئەگەر کەسێک بیخوات دەڵێن خەوی دێت و نانیش تاڵ دەکات ئەگەر لەگەڵ گەنمەکەی بهاڕدرێت، داروجان، پێشی دەوترێت: کارووش، ڕووەکێکی فرە ساڵیە، حەوت ساڵان وشکی بکەیتەوە دواتر باروودۆخی گونجاو بێت دەست بەڕوان و شین بوونەوە دەکات، زیانی زۆری بۆ بەرووبومە کشتوکاڵیەکان هەیە بەتایبەتی دانەوێڵەی برنج ، ئینجا جوتیار و وەرزێری کورد ئەزمونێکی بۆ دەرکەوتووە کە هەر شتێکی باش غەنیم و نەیار و ناحەز و گرفت و کۆسپ و تەگەرەیەکی لەپێشە، وەک چۆن گەنم زیوانی نەیارە و برنجیش داروجان بە و شێوەیە بۆ شتێکی باش نەیارێکی خراپ هەیە، ئەوەی کردووە بە ئیدیۆم و فەرمویەتی(لۆ گەنمی زیوان، لۆ برنجی داڕوجان).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/3/2 8:41:54 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1054

**لۆمەی عەبدی لە عەزابی قەبر ناخۆشترە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181027081256159982

لۆمەی عەبدی لە عەزابی قەبری ناخۆشترە
عەبد: بەندەی خوایە و عەزاب:یش ئازارە و قەبریش(گۆڕ)ە،لۆم:ەش واتە سەرکۆنە هەموو وشەکانی ئەم ئیدیۆمە لەزمانی عەرەبی وەرگیراون بەکاریگەری ئاینی ئیسلام(سەرکۆنەی بەندەکانی خوا لە ئازاردانی ناو گۆڕ ناخۆشترە) ئەمە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە هەندێ کلتور و داب و نەریت هەیە لەناو کۆمەڵگا ئەگەر خۆتی لێ بەدوور بگریت ئەوا دەکەویە سەرزاران و لۆمەکردن و سەرکۆنەکردنی کۆمەڵگا کوردیش وتویەتی(دەمی خەڵک کونە دیوار نی یە بە تۆپە قورێک بیگریت) واتە هیچ دەسەڵاتت نامێنێ کاتێ بۆ هەر بابەتێ یان شتێ بکەویە ناوزارانەوە، بۆیە مرۆڤی کورد تا بۆی بکرێت خۆ بەدوور دەگرێت لەکاروکردەوەیەک کە بیخاتە ناو قسەوقسەلۆک و ببێتە بنێشتە خۆشەی سەرزاران، بۆیە هەندێجار هیچ بڕوای بەکلتور و نەریتێ نیە کەچی وەک تێکرای خەڵکی جێ بەجێی دەکات و ئەگەر پێی بڵێن بۆ ئەم کارەتکردووە ئەوا دەڵێت(لۆمەی عەبدی لە عەزابی قەبری ناخۆشترە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:12:56 2018/27/10
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1055
## لێ یان بە بەنێوەکرد
https://www.kurdipedia.org/?q=20180830091038155084




لێ یان بە بەن-ێوە کرد
بەن واتە داو، ئەم داوە زیاتر لەخوری مەڕ و مووی بزن دوای ڕێستنی دروستکراوە، ئەم بەنە مرۆڤ زۆر کاری خۆی پێکردوە و پێداویستی بۆ دابینکردووە، خوری و موو هەڵدەبەسترێن تا ببنە داوە بەن و بەن خۆشی شت و مەک هەڵدەواسێت و بە بەنێوەی پێ دەڵێن، کەواتە بە بەن-ێوە کردن یان بە بەنێوە کردن واتە شت هەڵبەستان کە لەبنەڕەتدا کارەکە یان ڕووداوەکە یان هەڵوێستەکە بەجۆرێکیتر بووە و بە بەنێوەکراوە و ئاراستە و ناوەڕۆک و مەبەست وهەڵوێستی بابەتەکە گۆڕدراوە، زۆرجار وارێکەوتووە کچێک خاتر و ڕێزی پیاوێک یان کەسێک دەگرێت کەچی ئە و ڕێزگرتنە بەچاکە بۆ کیژەکە لێک نادرێتەوە پێی دەوترێت لەبەرخاتری کوڕە جوانەکەی بووە بۆیە ڕێزی ئە و پیاوەی گرتووە، واتە لەبنەڕەتدا ڕێزگرتن بووە بەڵام کە بەبەن-ێوە دەکرێت ڕێزگرتنەکە دەگۆڕن بۆ جوانی کوڕی کابرای ڕێزلێگیراو بەم حاڵەتەش دەوترێت(هەڵبەستان) واتە ئاراستەی کارەکەی لێ دەگۆڕن بۆیە کورد بۆ حاڵەتی لەم شێوەیە بەدەربڕین ووتویەتی(لێ یان بە بەن-ێوە کرد).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:10:38 2018/30/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1056
## لێخوڕە دەشتە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220515230453414061



لێخوڕە دەشتە
بەرزی و نزمی زەوی بریتیە لە دەشت و دۆڵ و گرد و چیا و بان و دەریا و زەریاکان و بیابانەکان و دارستان و لێرەوار و ئاوەزێل و...تاد، چاڵی و چۆڵی و کەند و لەند و کۆسپ و تەگەرە تەنیا لە پێدەشت و دەشتە فراوانەکاندا نییە و لە هەموو دیاردەکانی تری تۆبۆگرافیادا بوونیان هەیە، ئینجا تەختایی دەشت لێرەدا کراوە بە و ئیدیۆمە و بەکەسێک دەوترێت(لێخوڕە دەشتە)واتە هیچت لە پێش نییە و بە ئارەزووی خۆت لێخوڕە و برۆ و مەترسە و سڵ مەکە چونکە هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک لە ڕێگاتدا نییە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📕 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/15/5 11:04:53 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1057
## لێی بووە بەکورتە غیرەتی
https://www.kurdipedia.org/?q=20201014130959389001



لێی بووە بەکورتە غیرەتی
وتراویشە(لێی بووە بەکوردە ناموسێ) بۆ نمونە کەسێک هەڵەیەکی کردووە و سورە لەسەر هەڵەکەی پێی شەرمە دانی پێدا بنێت، بەڵام بوێری(غیرەت)خاسیەتێکە هەموو مرۆڤێک نییەتی، هەندێک لە مرۆڤەکان لەتەمەنێکی بچوکیشەوە درک بە و بوێرییەیان دەکرێت، ئە و کەسەی بوێر بێت کاری کەم و بێ کەڵکانە و گەندی ناکات و خاوەنی قسەی خۆیەتی زۆرجاران خاوەن بوێرییەکان لەسەر وشەیەک یان بەڵێنێک ئامادەن خۆیانیش بەخت بکەن، ئینجا ئەوە بووە بەئیدیۆم هەندێجار کەسێک بەڵێنێکی داوە بۆ ئەنجامدانی کارێک یان ئەنجام نەدانی، بەملی داهاتووە دەنا حەزناکات کارەکە بکات یان نەیکات) بە و جۆرە کەسانە دەوترێت(لێی بووە بەکورتە غیرەتی).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📕 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/14/10 1:09:59 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1058

## لێی کەوتۆتە کلکان

https://www.kurdipedia.org/?q=20220506221512412956



لێی کەوتۆتە کلکان
لە هەولێرێ دەوترێت(لێی کەوتیتە کلکان)، کلک ئەندامێکی بە کەڵکی زۆرێک لە ئاژەڵانە و کۆمەڵێک ئەرک و فەرمانیشی هەیە لە ئاژەڵێکەوە بۆ ئاژەڵێکیتر دەکرێت جیاوازی هەبێت، هاوسەنگی و جوانی و ئیما و ئاماژەی جۆراوجۆری تێدایە، بۆ ئاژەڵێکی وەکو بزن دەوترێت(کلکی بادەدا) واتە بەتەگە هاتووە بووە بە ئیدیۆمیش(کلکی بۆ بادەدا) واتە: حەزی پێیەتی، بۆ رێوی وتراوە: شاهێدی رێوی کلکیەتی، بۆ سەگ دەوترێت: کلکی خستۆتە ناوگەلیەوە، بۆ تەوس و تەنز و گاڵتە پێکردنەوە ووتراوە: بەکلکی بارگیرم داریا، بەڵام لێرەدا ناوی هیچ ئاژەڵێک نەهاتووە: لێی کەوتۆتە کلکان، بەڵام لەدوور و نزیکەوە پەیوەندی بە سەگەوە هەیە، کاتێک سەگێک بیەوێت پەلاماری سەگێک یان پشیلەیەک یان مرۆڤێکیش بدات سەرەتا بە کلک لێ بادان پەیامەکەی خۆی دەنێرێت و کلکی دەجولێنێت و بەولا و بەم لای دادەدات و دەوترێت: کلکی بادەدات، ئەوە لایەنە ڕاستەقینەکەی ئیدیۆمەکەیە، وەکو ئیدیۆمیش مرۆڤ بەکاری دەهێنێت کاتێک کەسێک بیەوێت بیانویەک لە خت وخۆڕایی بەکەسێک بگرێت، بۆ ئەوەی لەسەر کارێک لایبدات یان دووری بخاتەوە، هەر لەبەر ئەوەی ئە و کەسەی بەدڵ نییە، بە هۆشدارییەوە دەوترێت: بەخوای فلانە کەس لە فلانە کەسی کەوتۆتە کلکان هەر لای دەدات، ئە و دیاردەیە لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی فەرمانبەرایەتی زۆر هەستی پێ دەکرێت، کاتێک بەڕێوەبەرێکی تازە دەست بەکاردەبێت، کۆمەڵێک فەرمانبەر لەسەر کارەکانیان دەگۆڕێت و بەبێ هیچ هۆکارێک تەنها لەبەر ئەوەی بەدڵی خۆی نییە بە و حاڵەتە دەوترێت: لێی کەوتۆتە کلکان و هەر لای دەدات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/6/5 10:15:12 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1059

## لە ئاست ڕاستیدا، لە داس خوارترە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220624123517419708



لە ئاست ڕاستیدا، لە داس خوارترە

داس: ئاسنێکی کەوانەییە دەسکێکی داری پێوەیە و دروێنەی گژوگیا و گەنم و جۆی پێ دەکرێت، ئە و کەوانەییە، خواری بەداس بەخشیووە، شێوەی پشت و ملی حوشتر، نارێک و خوار و خێچە، پێچەوانەی ئە و ئیدیۆمەش وتراوە: وەک پشتی تفەنگ ڕاستە، خواری داس کراوە بە ئیدیۆم و بە کەسێکی بە پێچ و پەنا و بە فرت و فێڵ و فێڵباز و ساختەچی و کلاوچی و بێ پەیمان و بێ بەڵێن و خاوەن سەرێک و هەزار سەودا بەتەوسەوە دەوترێت: لە ئاست ڕاستیدا لە داس خوارترە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/24/6 12:35:17 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1060

## لە ئاش زۆری پێچووە، لە ڕێگا پەلە پەلیەتی

https://www.kurdipedia.org/?q=20190112073330190961



لەئاشی زۆری پێچووە لەڕێیە پەلەیەتی

ئاش یان ئاسیاو لە کۆندا زۆرتر بە ئاو کاریکردووە و وتراوە ئاشی ئاوی، بەڵام ئێستا زۆربەیان ئاشی ئاگرن و ئامێری پێشکەوتووی(دەستاڕ)ین و شوێنی دەستاڕیان هیچ گرتۆتەوە هەموو دانەوێلەکانی گەنم و جۆ و نیسک و نۆک و ماش و گەنمەشامی و هەرزن و برنج و تاد بۆ هەموو جۆرە لێکردنێک لێ دەکەن، بەڵام لە کۆندا سرە و نۆرە دەگیرا بۆ باراش لێ کردن، ئەگەر درەنگ بارت بگەیشتایە ئاشی ئەوا نۆرە و نۆبەت و سرەکەت درەنگتر دەگەیشت و دوادەکەوتی، ئینجا ئەم بارە بووە بە ئیدیۆم و بەمەبەست و دەربڕینەوە بەکەسێک دەوترێت کە لەکارێکی پێشوتر کەمتەرخەم بوو بێت و بیەوێت لە کاری دوای ئە و قەرەبووی بکاتەوە ئەمەش ڕوونادات چونکە سود ناگەیەنێت و بگرە ئەگەر مەترسی و کاری نەخوازراویشی لێ دەکەوێتەوە بۆیە وتراوە(لەئاشی زۆری پێچووە لە ڕێ-یە پەلە پەل-یەتی یانیش وتراوە لە مازیان دۆڕاندویەتی لە ئێستادا دەیەوێت تێی بێنێتەوە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/12/1 7:33:30 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1061
## لە باخەڵی خۆت بپرسە چی دەکری
https://www.kurdipedia.org/?q=20190306082452280185



لەباخەڵی خۆت بپرسە چی دەکری
وتراویشە(بەقەت بەرەکەت پێ ڕابکێشە) مرۆڤ لە مامەڵە و ئاڵشت و شت و مەک کرِیندا دەبێت رەچاوی گیرفان و توانا داراییەکانی خۆی بکات نەوەک تەنها بەدوای خواست و ئارەزووەکانی بکەوێت چونکە دابینکردنی پێداویستی پێویستی بە بودجە و پارە و پول هەیە کە رەنگە لەگەڵ داواکارییەکان یەک نەگرنەوە بەمەش کەم و کورتی لە بودجە و گیرفاندا روو دەدات و مرۆڤ دووچاری قەرزو قون دەکات بۆیەش وتراوە(مامرەت بەدراو) واتە داواکاری بۆ کڕین و مامەڵەت و دابینکردنی خواست پێویستە سەیری گیرفان وباخەڵی خۆت بکەی و بەقەدەر بەرەی خۆتیش پێ ڕابکێشیت.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/6/3 8:24:52 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1062
## لە بنی هەمبانەکەی دا
https://www.kurdipedia.org/?q=20220507224332413092



لە بنی هەمبانەکەی دا
وتراویشە: لە بنی هەمانەکەی دا یان قوڕی بنی دەرهێنا، هەنبانە، هەمبانە، هەمانە: چەرمێکە لە پێستی مەڕو بزن دروست دەکرێت بۆ تێکردنی دانەوێڵە بەکار دەهات، وەکو(ساوار و نیسک و نۆک)، ئیتر کەیبانووی ماڵ لە و هەمبانەیە زەخیرەی دەرهێناوە بۆ لێنانی شیوو و ئاش و چێشت و پێخۆری ڕۆژانەی خاوخێزان، کاتێک کۆتایی بە زەخیرە و دانەوێڵەکە هاتووە، هەمبانەکە بەتاڵ بووە و تەپڵی بنی بە دیار کەوتووە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و ئەگەر کەسێک سەبارەت بە بابەتێک قسە بکات و هەموو شتێک بخاتە ڕوو و هیچی تێدا نەهێڵێتەوە بۆ دواتر ئەوا دەوترێت: بە خوا لە بنی هەمبانەکەی دا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/7/5 10:43:32 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1063
## لە بنی کولەکەی دا
https://www.kurdipedia.org/?q=20220516230547414153



لە بنی کولەکەی دا
کوولەکە: ڕووەکێکی پەلک پانە بەرەکەی جۆراوجۆرە هەیانە وەکو گندۆرە و کاڵەک و شوتییە هەشیانە باریکترن وەکو ترۆزی و خەیار و شارۆخی عەزلن، دەکرێتە چێشت و بەشێوازی جیاجیا دەخورێت، ئەوەی لێرەدا باس دەکرێت مەبەستی کوولەکەیەکە ملدارە و ناوەکەی دەردەهێنرێت و وشکدەکرێتەوە و ناوەکەی شتی تێ دەکرێت، زۆرتر ئاوی خواردنەوە و لە بێری ئاژەڵی مەڕوبزندا شیری تێدا دەکرا و هەندێجار زەخیرە و دانەوێڵەی تێدەکرا، جارجاریش وەکو قەفەز سوێسکەی تێدا ڕادەگیرا بۆ ڕاوکردن و پەروەردە دەکرا، زۆرجاریش بۆ جوانی ناوماڵ بەکارهاتووە، کوولەکەکان هەندێجار زۆر گەورە بوون تەنەکەیەک ئاو و شیریان گرتووە، کاتێک کە چۆڕەیان لێ دەبری و تەواوی ئاوەکە و شیرەکەیان دەخواردەوە بنی کوولەکەکە دەردەکەوت، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێک دەوترێت کە زۆر ڕاشکاوانە و ڕاستگۆیانە لەسەر بابەتێک بدوێ و قسە بکات و هیچ نهێنی و حاڵەتێکی شاراوە نەهێڵێتەوە لە گفتوگۆ و ئاخاوتن و خستنەڕووی بابەتەکە ئەوا بەدرکەوە وتراوە: لە بنی کولەکەی دا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/16/5 11:05:47 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1064
## لە بیاباندا خرنوکیش درەختە
https://www.kurdipedia.org/?q=20170803083010141758

لەبیاباندا خرنوکیش درەختە
هەموو ئیدیۆمێک کەسێک لە کۆمەڵگا وتوویەتی و دواتر دەستاودەستی کردووە و لەزاران گوتراوتەوە و بووە بە موڵکی گشتی ئە و ئیدیۆمە لە دەقێکی مامۆستا(ئیبراهیم ئەحمەد) دا هاتووە(لە بیاباندا خرنوکیش درەختە) واتە (کەس نەبێت رەجەب سەرپاڵەیە) لەبەر وشک وبرینگی ودێمەکاری وبێ بارانی و بێ رووەکی لە بیاباندا ناچار دەبین بە(خرنوک) بڵێین درەخت، ئەمە زیاتر بۆ قات و قوڕی و دەستنەکەوتنی شت زیاتر بەکار دەهێنرێت لە کچێکیان پرسی چۆن شووت بە و پیاوە ناشیرینە کردووە ووتی: لەدێیەکەی خۆمان تەنها ئە و کورە جحێڵ بووئیتر(ئەم لام حەسەنۆک و ئەم لام قومقمۆک) ناچار حەسەنۆکم هەڵبژارد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/3/8 8:30:10 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1065

## لە بەختانمانە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220515230757414064



لە بەختانمانە
بەخت: ورە و وزە و هێزێکی نەدیوو و نا دیارە مرۆڤ لە کۆنەوە بۆخۆی هەڵبەستووە و پێی وایە چاکە و خراپەی ژیانی پەیوەندی بە بەخت و شانسەوە هەیە، کۆمەڵگای کوردیش بڕوای بە و بەخت و شانس و یەخبارە هەیە و زۆر ئیدیۆمیشی لەسەر گوتووە وەکو: ماڵمان لە تاتانە، بە ختمان لەلاتانە، بەختت بە بەختی قەڵەڕەشی بێت، تەخت دەکڕدرێت بەس بەخت ناکڕدرێت، بەختت ڕەش بێت، بەختی نوستووە، بەختی وەک سەگ دەوەڕێت، لێرەش کە وتراوە: لە بەختانمانە ئیدیۆمێکە بەکاردەهێنرێت: کاتێک کارێکی زۆرباش بۆ کەسێک دەکەیت و زۆری پێوە ماندوو دەبیت، لە بەرامبەریشدا هێشتا کابرا گلەیی هەیە و تەواو بەکارەکە ڕەزامەند نییە، بە نیگەرانییەوە لەبەر خۆتەوە دەڵێیت: لە بەختانمانە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: PM 11:07:57 2022/15/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1066

## لە پەنجەی ساغ کرم دەردەهێنێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20171119083614143261

لەپەنجەی ساغ کرم دەردەهێنێت
هەندێجار وواتراوە(بنە پیتۆڵە) واتە زۆرزان و فەیلەسوفە و هەر شتێک بکەوێتە بەرچاوی دەکەوێتە بنج و بناوانی لە خشتی کاڵ وێنەی خۆی دەبینێت، ئیدیۆمی(لە پەنجەی ساغ کرم دەردەهێنێت) بەهەمان شێوە بە زانایەکی زیرەک و رەخنەگرێکی بەتوانا دەوترێت کە گڵێ لە چاوان دەردەهێنێت و زۆر ووردە، لە و سەردەمەشدا هەندێ رۆژنامەنوسی بەتوانا هەنە لە وشکی بەیاری درک بە کەموکورییەکانی دەسەڵاتەکانی(یاسادانان و جێبەجێکاری و دادوەری) دەکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:36:14 2017/19/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1067

## لە تازیەدا یان تەسبێح هەڵگرە یان جگەرەی بکێشە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171126095319143322

لەتازیەدا یان تەسبیح هەڵگرە یان جگەرەی بکێشە
لەناو کوردان لە پرسەدا ئەگەر تەسبێح هەڵگری و تەسبێحات بکەی باشترە لەوەی جگەرەی بکێشی، بەڵام ئەگەر تەسبێحت لانەبوو جگەرەی بکێشی باشترە لەوەی دەست لە گوونان درێژ بکەیت و ئەو لا ئەولای پێ بکەیت یان دەست لە کونە لوتان بکوتی، هەربۆیە لە ئیدیۆمی کوردەواریدا هاتووە (لە تازیەدا یان تەسبێح هەڵگرە یان جگەرەی بکێشە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/26/11 9:53:19 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1068

## لە جەواڵ دەستی پێوە نەگرتووە، لە هەمبانە دەستی پێوە ئەگرێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20220616153444418806



لە جەواڵ دەستی پێوە نەگرتووە، لە هەمبانە دەستی پێوە ئەگرێ
جەواڵ تورەگەیەکە گەورەترە لە هەمبانە، لە بەن و موو دروستکراوە، هەمبانە: بچوکترە لە جەواڵ و لە چەرم و پێستە دروست دەکرێت، هەردوو کەل و پەلی لە کۆندا دانەوێڵەی تێدا هەڵگیراوە و وردە وردە کەیبانوو ئە و دانەوێڵەی بۆ پێداویستی خواردنی ڕۆژانە دەرهێناوە تا گەیشتۆتە بنی جەواڵ و هەمبانە، ئە و حاڵەتی جەواڵ و هەمبانەیە بووە بە ئیدیۆم و ئەگەر کەسێک ئابوریانە نەبێت و قەدری زۆری شت نەزانێت و دواتر بیەوێت بە شتی کەم شتە لە دەست دراوەکان بگەڕێنێتەوە بە تەوسەوە پێی دەوترێت: لە جەواڵ دەستی پێوە نەگرتووە، لە هەمبانە دەستی پێوە دەگرێ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/16/6 3:34:44 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1069

## لە چوارپەلی داوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180829095940155044



-لە چوار پەلی داوە
ئەوەی چوارپەلی هەبێت مرۆڤ نیە، چوارپەل مەڕ و ماڵات و وڵاغەبەرزە و ڕەشەووڵاغ و تاد دەگرێتەوە، خۆراکی بەچێژ و بەتام و شایانەی ئەم چوارپەلانە(جۆ)یە، ئەگەر زۆری بخوات ئەوا پێی دەکەوێت لەچوار پێی دەکەوێت واتە لە چوارپەلی دەدات و گەدەی تونددەکات و دەیپەڵمێنێت و یان دووچاری توشکاندن(ڕەوان بوون) یان(قەبزی) دەکات و لە پەل و پۆی دەخات، ئەم بۆ ئاژەڵ ئاساییە بەڵام کە بۆ مرۆڤ وەک درکە و کینایە بەکاردێت و دەوترێت(لەچوارپەلی داوە) واتە هەندە کەرە کەرایەتی وایکردووە هێندەی(جۆ) بخوات و لەچوار پەلی خستبێت ئینجا بەکەسێک دەوترێت(لەچوارپەلی داوە) کەخاسیەتی شینەکەری هەبێت.


تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 ولات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 ولات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: AM 9:59:40 2018/29/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1070
**لە چۆڵی شامی مایتەوە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220616155344418810



لە چۆڵی شامی مایتەوە
کورد بە سەحرای دەڵێت: سارا و دەشت ودەر و چۆڵگە یان چۆلی یان بیابانیشی پێ دەوترێت، بەڵام لێرەدا چۆلییەکە دروستترە چونکە چۆلی شام هەمووی بیابان و سارا نییە لە باکورەوە لە چیاکانی تۆرۆسەوە دەست پێدەکات تاوەکو کەناراوەکانی نیمچەدوورگەی سینا و دەریای ناوەڕاست و نزیک هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتی و بیابانی نەجد و حیجاز، ئێستا وڵاتی سوریا بە مەڵبەندی سەرەکی شام دادەنرێت، لەبەرئەوەی ئە و ناوچانە ناوچەی کوردستانیشی تێدایە بۆیە کورد لە ئیدیۆمدا بەکاریهێناوە، لە هەندێ ناوچەی کوردستان دەوترێت:(بە کێوەوە مایتەوە) یان بۆ لێقەومان و دەست کورتی و دڵتەنگی و زیان لێکەوتنی زۆر و بێ دەرەتانیش وتراوە:لە ژێر دارێک دانیشتووە هیچ پەلکێکی پێوە نییە، ئینجا مانەوە لە چۆلی شام بەهۆی هۆکارێکەوە کە شە و بەسەر کاروان داهاتبێت یان ڕێگای گوم کردبێت یان وڵاغەکانی گلابن و...تاد، ئەم حاڵەتانەش نیگەرانی و خەمباری و دڵ تووندی لێ دەکەوێتەوە، هەندێجاریش بۆ بەکەم سەیرکردنی گرفتێک بەتەوسەوە دەوترێت: کۆلی دونیای بەخۆی دادایە یان لە چۆلی شامی مایتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 ولات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 ولات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: PM 3:53:44 2022/16/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1071
## لە خوری تیسکێک لە ڕوون نیسکێک
https://www.kurdipedia.org/?q=20171125094819143315
لە خوری تیسکێک لەڕوون نیسکێک
ئەم ئیدیۆمە بۆ دەست گرتنەوە وماڵداری و ئابوری بەکارهاتووە لە خوری ئەگەر هەرجارەی(تیسکێک) لابدەیت بۆ ماوەیەک دەتوانرێت فانیلەیەک یان کڵاوێک یان نیمدەرەیەک پاشەکەوت بکەیت و لە ڕۆنیش ئەگەر هەرجارەی هێندەی دەنکە نیسکێک پاشەکەوت بکەیت ئەوا بۆ ماوەیەک هیزەیەک یان قوتویەک یان تەنەکەیەک ڕۆن پاشەکەوت دەکەیت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/25/11 9:48:19 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1072
## لە خۆشیان پاشەڵیان لە گێلاکیان دەدەا
https://www.kurdipedia.org/?q=20170930101600142803
لە خۆشیان پاشەڵیان لە گێلاکیان دەدا
ئاژەڵی وورده بزن و مەڕ کاتێک ئالیکیان بۆ روو کرابێت زۆر بە پەرۆش و خێرایی بۆ سەر کوڵ و ئاخورەکەیان دەرون لە خۆشی ئە وکا و ئالیکە هێندە خێرا دەڕۆن پاشەڵی دواوەیان بە گوێ-کانیان دەکەوێت، ئینجا ئەگەر مرۆڤیش کارێکی پێ خۆش بێت بە هەمان شێوەی ئە و بزن و مەڕانە خێرا دەڕۆن بۆیە وتراوە(لە خۆشیان پاشەڵیان لە گێلاکیان دەدەن).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/30/9 10:16:00 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1073
## له خەزووران بەچەمەرە، لەباوانان بێ خەبەرە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220621204941419369



له خەزووران بەچەمەرە، لەباوانان بێ خەبەرە
چەمەرە: داری تەڕ کە بچەمێنرێتەوە بۆ دروستکردنی گۆپاڵ و یان شورکی تەڕ و بەئاسانی بۆ هەر مەبەستێک بتەوێت بەکاری بهێنیت، هەروەها چەمەرە هەموو ئە و شتانە دەگرێتەوە کەوەک(ئەڵقە)بن، بێ خەبەر: بێ ئاگا، ئاگادارنەبوون، بێهۆشی و بێ هەواڵی و ناشارەزا و نابەڵەد هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمە دەوترێت: زاوا کەری خەزووریە، یان بارەبەری ماڵی خەزوورە، وەکو ئەڵقە و چەمانەوە بە خوایشتی ماڵە خەزووران و بێ ئاگایی و کەم سەردانی ماڵە باوان بووە بە ئیدیۆم و بە و زاوایەی کە زۆر سەردانی ماڵی خەزووری دەکات و کەمتر ئاگا و خەبەری لە ماڵی باوکیەتی بە گاڵتە و فشە پێکردنەوە دەوترێت: لە خەزووران بە چەمەرە، لە باوانان بێ خەبەرە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/21/6 8:49:41 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1074
## له خەودا خراپن
https://www.kurdipedia.org/?q=20220325191050409068



له خەودا خراپن
زۆرجاران لە کوردەواریدا وشەی(بەیدوم، بەدووم) بۆ کەسانی خراپ و دەست ڕەش و هەناوڕەش و چاوپیس و نەگریس و شەڕانگێز و ئاژاوەچی و فیتنەچی و خراپەکار بەکارهاتووە، دەوترێت: بەس مەرحەبایان بکەیت زەرەر دەکەیت، ئینجا لە ناو بنەماڵەکان و گوندەکاندا زۆرجار تاقیکراوەتەوە هەندێ کەس و تاکەکانی خانەوادەیەک لە خەودا ببینرێن ئەوا ئەو کەسەی خەونی بینیووە دووچاری زیانێک دەبێتەوە، ئە و بارە دەروونیە بووە بە و ئیدیۆمە جوانە و بە کەسانی خراپ و بەیدووم دەوترێت: ئەگەر لەخەویش بیان بینی ئەوا خراپ و شوومن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: PM 7:10:50 2022/25/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1075

**لە درۆنت نێم**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220616171748418835



لە درۆنت نێم
وتراویشە: لە قورێت نێم، لە خمێت نێم لە خمخانەت نێم، لە هەشت نێم، لە و هەمبانەیەی... تاد، خم: جۆرە ڕەنگێکە بەن و کاڵا و شمەکی پێ ڕەنگ دەکرێت، ئە و شوێنەی کە ئە و کارەی لێ دەکرێت پێی دەوترێت: خمخانە، قوڕکاریش یەکێک لەکارە قورسەکانی گوندنشینان بوو، هەندێجار بە گاڵتەوە یەکێکیان لە و گەنجانە دەگرت کە قوڕکاری و قورەپەست و سەرسواخی دەکرد، یەک ستڵ لە قوڕیان بەسەر سەری دا دەکرد، ئەوانەی تازیە بار و خاوەن پرسە بوون، سەریان لە قوڕ و هەش ناوە، هەمبانەش چەرمی ئاژەڵ بووە بۆ زۆر بواری ناوماڵ بەکارهاتووە بەتایبەت پڕکراون لە دانەوێڵە، ئیدیۆمی لە درۆت نێم هاوشێوەی ئە و حاڵەتانەی لە(قورێت نێم و لە خمێت نێم و لە هەشت نێم و لە خمخانەت نێم) فۆڕمی ئەوانی وەرگرتووە، ئەوانە هەموویان بەرجەستەن، بەڵام درۆ واتاییە(مەعنەوی) درۆ وەکو شلەکانی(خم و قوڕ و هەش و خمخانە) بەکارهاتووە، ئەگەر کەسێک درۆیەکی گەورە بکات بۆ شاردنەوەی ڕاستیەک ئەوا بە حەپەسانەوە پێی دەوترێت: لە درۆت نێم. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: PM 5:17:48 2022/16/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1076

**لە دە گوێز، گوێزێک پووچ دەبێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220805201109426665



له دە گوێز، گوێزێک پووچ دەبێت
وتراویشە: لەهەموو هەورێک باران نابارێت، گوێز و بەرووبومەکانیتری وەرزێری لە کوردستان پووچەڵ و بێ ناووک و بێ کرۆکیان زۆر تێدایە و هەموو بەرهەمێک سەد دەر سەد تێر و پڕ دەرناچن، ئینجا لەکاروباری ڕۆژانەدا ئە و پووچ بوونە کورد کردویەتی بە پەند و ئیدیۆمێکی پڕ ئامۆژگاری و بۆ سەر نەگرتنی هەندێ لە کاری ڕۆژانە و بۆ هیوا بەخشین و سوور بوون لەسەر کاروبار کورد وتویەتی: لە دەگوێز، گوێزێک پووچ دەبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/5/8 8:11:09 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1077
**لە دەستی شکا**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180611083226151479
لە دەستی شکا
هەر کارێک مرۆڤ پێی هەڵسێت و بیەوێت بەسەرکەوتوویی جێ بەجێی بکات، بەڵام لەکاتی ئەنجامدانی کارەکە وەک پێویست نەتوانێت ڕاییبپەڕێنێت، هەر کۆسپ و تەگەرەیەک بووە ڕێگر لەبەردەم ڕاییکردنی کارەکە دەوترێت فلانە کەس لە دەستی شکا واتە نەیتوانی بیگەیەنێتە سەر و کارەکەی لەدەستچوو تازە ناتوانێت ئەنجامی بدات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/11/6 8:32:26 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1078

## له زستان به ئەرکترە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220621211733419383



له زستان به ئەرکترە
وتراویشه: زستان پینه وپەڕۆ، بەهار به شۆخی برۆ یان زستان هات بەرگی فەقیری درا، زستان له کوردستاندا سێ مانگه بەناوەکانی(بەفرانبار و ڕێبەندان و ڕەشەمێ) که هەر سێ مانگی تەڕوتووشه و سارد وسۆڵەیه، پێویستی به زەخیرەیەکی باش له دارودوو و سوتەمەنی و دانەوێڵه و ئارد و کەندو و هێزه و دیزه و هەمبانەی پڕە، خانووبەرەیەکی ڕێک وپێک له بەفر وباران و شەختە و بەستەڵەک خۆت و خاوخێزانت بپارێزێت، هەموو ئەوانەش ئەرک و ماندوبوونی دەوێت و هەموو کەسێک پێی دابین ناکرێت، ئینجا ئەگەر کەسێک ناز و نوز و داواکاری زۆر بێت، به گاڵتەوە پێی دەوترێت: له زستان به ئەرکترە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/21/6 9:17:33 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1079

## له زستان شەوێک له پیران هەوێک

https://www.kurdipedia.org/?q=20180329094354147736

لەزستان شەوێک، لەپیران هەوێک
دەگێڕنەوە پیرە پیاوێک داوای ژنهێنان له کوڕەکانی دەکات و دەڵێت کوڕم ژنم بۆ بهێنن، ئەوانیش دەڵێن تۆ تەمەنت زۆرە و ژنت بۆ چیه، بەڵام ئه و وەڵامه دادیان نادات ناچار دەچن به کیژێکی به تەمەنی پیشە ڕەوەندی وەک خۆیان دەڵێن که شوو به باوکیان بکات ئەویش ڕەزامەندی دەردەبڕێت و دوای ڕێوڕەسم دەیگوازنەوە و شەوی سور دەبینێت و باوکیان دوای ئه و شەوە کۆچی دوایی دەکات و کچەش به ماڵبات و عێڵ دەڵێت که ئه و شه و باوکیان بەزاوا بووە، دواتر له بەرهەمی ئه و شەوە کچە سکی پڕ دەبێت وکوڕێکی جوانی پاش کاتی خۆی دەبێت و ئه و کوڕە دەبێتە سەرخێڵی ئه و ڕەوەندە کۆچەریە بۆیە له درکە و دەربڕی کوردەواری ووتراوە: له زستان شەوێک، له پیران هەوێک.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:43:54 2018/29/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1080

## لە زەرەران شەریکم لە قازانجێ تەریکم

https://www.kurdipedia.org/?q=20171225093458143607

لە زەرەران شەریکم، لەقازانجێ تەریکم
زەرەر: واتە زیان و دەستبەتاڵ بوون و سوود وەرنەگرتن، تەریک: واتە دوورەپەرێز، بێ لایەن، لادراو و بێ بەشکردن، ئینجا ئە و ئیدیۆمە بەکارهاتووە بۆ نارەزایی دەبرین چونکە کەسێک دەیلێت کە بەشتێکەوە زۆر ماندوو بێت و توشی زیان و گلەیی و کارەسات و ماڵ فەوتانیش بێت بەڵام کە گەیشتە خۆشی و شادی و داهات و دەستکەوت هیچی پێ نەدرێت و حسابی بۆ نەکرێت بەگلەییەکی زۆرەوە دەڵێت(لە زەرەران شەریکم لەقازانجێ تەریکم).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:34:58 2017/25/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1081

## لە سووژن بێ کەسترە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220517234228414223



لە سووژن بێ کەسترە
سووژن: تەبەنە، گندوش، ئاسنێکی نووک تیژی باریکە 10-15سانتیمەتر درێژە وەکو دەرزییەکی ئەستوورە و سەرێکی تیژە و سەرەکەی تری پان و کونداره بۆ ئەوەی بەن و داوی تێ بخرێت، کورتان و گونییە و خرار و جەواڵی پێ دەدوورێت، لەبەر ئەوەی نووکەکەی زۆر تیژە و دەچێتە ناو گۆشت و دەستی مرۆڤەوە و زامداری دەکات و مەترسیدارە بۆیە کەس ناوێرێت دەستی لێ بدات و هیچ کات ناتوانیت لە قەدی خۆتدا هەڵیبگریت تەنها بە بەنێکەوە لە دیوارێکدا هەڵدەواسرێت، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ کەسێک کە خاسیەتی گندوش و سووژنی هەبێت و مەترسیدار بێت، بۆ هاورێیەتی و هاودەمی نابێت و کەسێکی تەنیا دەمێنێتەوە لەبەر کردەوە خراپەکانی بێ هاوەڵ دەمێنێتەوە و بە تەوسەوە کورد پێی دەڵێت: لە سووژن بێ کەسترە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] 𝗞 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپیێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: PM 11:42:28 2022/17/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1082

**لە سۆرێ تێچووە، لە لابای نایەتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220226204448406389



لە سۆرێ تێچووە، لە لابای نایەتەوە
سۆر: واتە خەرمانی سوری خلە و خەرمان یان ڕەوسە و شارا، لابا: واتە ئە و کا و کۆت و کوزرەیە کە با لایداوە لە ئەنجامی شەن و کەوکردنی دان و کایەکە، ئینجا ئەگەر خەرمان و ڕەوسەی گەنمەکە لێی ببردرێت و کەمی لێ بمێنێتەوە، بە کوتانی لابا و بەباکردنی کوزر هیچ برە گەنمێکیتر زیاد ناکات، هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمە هەیە و وتراوە: لە مازیان دۆڕاندیتی لەستکان دەیەوێت تێی بینتەوە، یان گاڕان خرِی ڕۆیشتووە، لە گۆڵکەسوری دەپێچێتەوە، لە سۆرێ تێچووە و لەلابای نایەتەوە واتە: گەنمی ڕەوسەی بردراوە، بە کوزری گەنمی خرِنابێتەوە، ئە و ئیدیۆمە بۆ زیانێکی گەورە دەوترێت کە بیانەوێت بەشتێکی بچووک قەرەبووی بکەنەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] 𝗞 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپیێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: PM 8:44:48 2022/26/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1083

**لە شێت ترسان عەیب نییە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220624123152419707



له شێت ترسان عەیب نییە
لەسەر شێتی کورد ووتویەتی: حەفتاوحەوت جۆر شێتی هەیە یان شێتی حەوفتاو حەفت جۆری هەیە، شێت: کەسێک بەهەر هۆکارێک دووچاری حاڵەتی دەروونی هاتبێت، شێتبوون پلەی هەیە، هەیە تا ئاستی دەست وەشاندن شێت دەبێت، دوو کەس لە شێت دەترسێن، یەکەمیان: شێت بە خۆیەتی، ئەگەر دوو شێت بکەونە شوێنێک یەکێکیان لەترسی ئەوەیتر شوێنەکە چۆڵ دەکات، دووەمیان خەڵکی عاقڵ و هۆشمەند، چونکە نەقسەی باجی لەسەرە، نە دەست وەشانی جێگەی متمانەیە، نەیاسا و دادگا تاوانی دەخەنە پاڵ، بۆیە کورد بۆ خۆدوورخستنەوە لە قسەی نابەجێ و دەست وەشاندن و پەلار و بەرد ڕاوەشاندنی شێت بە ڕێنوێنییەوە وتویەتی: لە شێت ترسان عەیب نییە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2022/24/6 12:31:52 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1084

## له شەشی فشێ نازانێ

[https://www.kurdipedia.org/?q=20170927135718142763](https://www.kurdipedia.org/?q=20170927135718142763)

له شەشی فشێ نازانێ
شەشی فشێ دایکی وەستا عەبدوڵا ناوێک بووە گوێی بەهیچ نەداوە و هەموو کارێکی کردویەتی چپرە و بێ سەر و بەرە بووە، ئینجا لێرەدا ئەگەر کەسێک هیچ نەزانێ و لە و دایکە غەریبترە و دەوترێت لەشەشی فشێ-ش نازانێ زۆر جاریش ئە و ئیدیۆمە بەجۆرێکیتر دەوترێت(هێندەی فسی سەی لێ نازانێ) فسی سەگ لەلایەن مرۆڤەوە بە بێ بایەخ باس دەکرێت بۆیە ئەگەر کەسێک کارێک نەزانێ دەوترێت هێندەی فسی سەی لێ نازانێ واتە فرێ بە بابەت و کارەکەوە نیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2017/27/9 1:57:18 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1085

## لە عەمرەکەم حەلاوەوە بۆ قولوئەڵلاهو ئەحەد

https://www.kurdipedia.org/?q=20220428221315411723



لە عەمرەکەم حەلاوەوە بۆ قولوئەڵلاهو ئەحەد
لە زەماوەند و ئاهەنگی بووک گواستنەوەی کوردەواریدا، ئەوانەی گۆرانی بۆ شاییەکە دەڵێن و هەڵپەڕکێکە دەگێڕن، پێیان وتراوە: شایەر، ئە و شایەرانە بەند و گۆرانیەکانیان بە بەزم و خێرا دەوت و شاباشی خۆیان وەردەگرت چ پارە بێت یان کچان و ژنانی نزیک لە زاوا دەچوونە دەستی، تاوەکو شاییەکەی پێ تەواو بکەن، ئینجا کاتێک شاباشیان وەردەگرت یان کچێکی جوان بچووبایە دەستی ئەوا کاکی شایەر زۆر دڵی خۆش دەبوو و یەک بە خۆی دەیگووت: عەمرەکەم حەلاو، چاوەکەم لاولاو، بەوە شاییەکە دەخرۆشا و هەڵبەز و دابەزی تێ دەکەوت، قولوئەڵلاهو ئەحەد، یەکەم ئایەتی سورەتی(ئیخلاس)ە، ئەوانەی تازە دەچنە حوجرەکانەوە لە(جوزئی عەم) دەخوێن و بە حنجەوە فێر دەکرێن و دواتر لە سوختەوە دەبنە فەقێ و موستەعید و مەلا، ئەوە لێکدانەوەی لایەنی ڕاستینەی ئیدیۆمەکەی، وەکو ئیدیۆمیش بەکەسێک دەوترێت کە زووتر کاری دونیایی کردبێت و ئێستاش بوو بێت بە تۆبەکار و سروتە ئایینیەکان پەیڕە و بکات واتە کەسێک لە شایەریەوە ببێتە مەلا بەتەوس و توانج و پەلار و تەشەرەوە دەوترێت: لە عەمرەکەم حەلاوەوە بۆ قولوئەڵلاهو ئەحەد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/28/4 10:13:15 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1086

## لە قنگەوە لغاوی دەکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20171119083758143262

لە قنگەوە لغاوی دەکات
لغاوی ووڵاغ لە دەمەوەیەوە کە لێرەدا وتراوە لە قنگەوە واتە ئە وکەسەی لغاوەکە دەکات کەسێکی نەشارەزایە و نابەلەدە،هیچ تاقیکردنەوەیەکی نی یە و ئە وکارەی دەیکات پێچەوانە دەیکات و بێ سەروبەرەیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/19/11 8:37:58 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1087
**لە قولو ئەڵلا(قل الله) ساتمە دەکات**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171119083950143263
لە قولو ئەڵلا(قل الله) ساتمە دەکات
لە کۆندا بەشێک لە سوختیە و فەقێکانی کوردستان تەنها بە چیرۆک و بووبوو وانەیان پێ وتراوە و وانەکانیان کەمتر بە ڕێگە زانستیەکان بۆ ڕاڤە و شیتەڵکراوە بۆیە هەندێکیان کە پلە و مۆڵەتی مەلایەتیشیان وەردەگرت پێیان دەوترا(کۆڵکە مەلا) واتە زانست و زانیاریان کەمە و یان ئەگەر هەشیان بێت کوێرەوارن، ئینجا هەندێ لە و سوختیە و فەقێیانە زوو وازیان دەهێنا لەبەر خوێندن، بەڵام کە گەورە دەبوون دەچوونە ناو خەڵک و خۆیان بە خوێندەوار و مەلا پیشان دەدا هەندێکیان لە تازیە و پرسەکاندا عەشرەیەکیان لە قورئانیش دەخوێندەوە و تەواو هەستت پێ دەکردن بەتایبەت لە سورەتی تەکویر(اذا الشمس کورت) بە و شێوەیە دەیانخوێندەوە (ئیزا سەمس و کویرەت) بۆیە لە کوردەواریدا بە تەوس و بەگاڵتە و فشەوە دەوترا فڵانە کەس یان مەلا(لە قولو ئەڵلا ساتمە دەکات).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/19/11 8:39:50 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1088
**لە قەلاوان ڕاوەستایە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200825220454387185



له قه‌لاوان ڕاوه‌ستایه.
یاری(په‌لوكانێ)یان(هه‌لوكانێ) دوو كه‌س ئه‌ و یارییه‌ ده‌كه‌م له‌سه‌رشاراوه‌ یه‌كێكیان په‌لەدارێک به‌ده‌ستی چه‌پی ڕاده‌گرێت و به‌ده‌سته‌كه‌ی تر به‌داردەستێكی تۆكمه‌ی پێیه به‌هه‌موو توانای خۆی ده‌یكێشێت به‌ و په‌له‌داره‌وه‌ و له‌ به‌رامبه‌ریشدا كه‌سی دووه‌می گه‌مه‌كه‌ر(یارییكه‌ر) له‌دووری ده‌یان مه‌تر له‌ قه‌لاوان وه‌ستاوه‌ بۆ گرتنه‌وه‌ی ئه‌ و په‌له‌ داره، ئه‌گه‌ر گرتیه‌وه‌ ئه‌وه‌ی وه‌شاندویه‌تی قوچاوه‌ و ئه‌ و ده‌چێته‌ شوێنی و ئه‌ویتر دێته‌ قه‌ڵاوه‌ی، ئه‌ و یارییه‌ كوردەوارییه‌ ئه‌ و ئیدیۆمه‌ی دروستكردووه، بۆ هه‌ر كه‌سێک عه‌وداڵ یان چاوه‌ڕێ یان تامه‌زرۆ و به‌په‌رۆش بێت بۆ شتێک یان كه‌سێک ئینجا به‌پەلار و توانجه‌وه‌ پێ ده‌ڵێن ئه‌دی له‌قه‌لاوان وه‌ستایه‌؟![1]

تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی بابه‌ت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری كوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سه‌رچاوه‌كان

[1] κ تۆماری تایبه‌ت بۆ كوردیپێدیا | ⬜ كوردیی ناوه‌ڕاست | ئاماده‌كردنی كوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

كاتی تۆماركردن: 2020/25/8 10:04:54 PM

ناوی تۆماركار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابه‌ت: 1089

## له‌ گای گه‌ڵناغاج و سه‌گی ساتوقه‌ڵا و ژنی قه‌ره‌ناو بترسه

https://www.kurdipedia.org/?q=20220226211620406398



له‌ گای گه‌ڵناغاج و سه‌گی ساتوقه‌ڵا و ژنی قه‌ره‌ناو بترسه
سێ گوند له‌ و ئیدیۆمه‌دا ناویان هاتووه(گه‌ڵناغاج)ی شاره‌دێی ئاغجه‌له‌ری چه‌مچه‌ماڵ و(ساتوقه‌ڵا)ی شاره‌دێی ته‌قته‌ق كۆیه‌ و(قه‌ره‌ناو)ی شاره‌دێی شوانی كه‌ركوک، ساتوقه‌ڵا له‌ ئیدیۆمیتریش ناوی هاتووه(مه‌یكه‌نه‌ دیوه‌خانه‌كه‌ی ساتوقه‌ڵا) و گه‌ڵناغاجیش ناوی له‌ ئیدیۆمی تردا هاتووه(گه‌ڵناغاج خۆش گه‌ڵناغاج، دوازده‌ ئاغا و یه‌ک كرمانج).
گه‌ڵناغاج گوندێكی به‌ بژێون و له‌وه‌ڕگایه‌ و گایه‌كانیان خورت و تێرن و قه‌ڵه‌ و و بوغه‌ ده‌رده‌چن و قه‌ساب و چه‌رچیه‌كان پێیان به‌رزه‌فت ناكرێت و خه‌ڵكی گوندی ساتوقه‌ڵاش ده‌ستاویان ئه‌گه‌ر سه‌گ بیخوات، سه‌گه‌كه‌ زۆر دڕ ده‌بێت و بارانگژی پیاوان ده‌بێت، ژنانی قه‌ره‌ناویش زۆر ئازان و شان به‌شانی پیاوان كارده‌كه‌ن و قسه‌له‌جێ و حازر به‌ده‌ست و وه‌ڵام به‌جێن، هه‌موو ئه‌مانه‌ وایكردووه‌ له‌ شێخ بزێنی سه‌روودا بوترێت: له‌ گای گه‌ڵناغاج و سه‌گی ساتوقه‌ڵا و ژنی قه‌ره‌ناو بترسه.[1]

تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی بابه‌ت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری كوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/26/2 9:16:20 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1090
**لە گوندێ دەماڵ و دوازدە ڕیش سپینە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220325184110409057



لە گوندێ دەماڵ و دوازدە ڕیش سپینە
ئیدیۆمی هاوشێوەی ئەمە هەیە وەکو (قادیانە، سەد ئاغا و یەک شانە، ئاوەدان بێ حەریر، هەر گوندێک و نۆ میر، گەڵناغاج خۆش گەڵناغاج، دوازدە ئاغا و یەک کرمانج، من میر و تۆ میر، ئەی کێ جێگامان بۆ داخا، شێخە دێیە کێ بەکێیە؟ شارەدێیە کێ بەکێیە؟) لێرەش لە گوندێکی دەماڵی، دوازدە ڕیش سپی لێیە، واتە ژمارەی ئەوانەی خۆیان بەبراگەورە و ئاغا و کەسی یەکەمی گوندەکە دادەنێن زیاترە لە ژمارەی ماڵەکانی گوندەکە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بە گوندێک دەوترێت کە کەس کەس نەخوێنێتەوە و هەمووی هەر خۆی بە براگەورە و ڕیش سپی ئاوایی دابنێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/25/3 6:41:10 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1091
**لە گونی گا ڕووتترە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171119084255143265



لەگونی گا ڕووتترە
بەکەسێکی ڕووت و ڕەجاڵ یان بێ ماڵ و حاڵ دەوترێت، گا کە کەوتە تەمەنی پەرینەوە گونی سور سورە و دەڵێی پێستی(بزن مشکە) و هیچ موویەکی پێوە نی یە، ئینجا لێرەدا بۆ کەسی ڕەش و ڕووت و هەژار و نەدار بەکارهاتووە و دەوترێت(لە گونی گا ڕووتترە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] 𐌊 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:42:55 2017/19/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1092

## لە لانکێیان نایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220624130459419716



لە لانکێیان نایە
لانک: بێشکە، بێشک لە لایەن نەجاڕ و دارتاشانەوە لە دار و تەختە دروست دەکرا، منداڵی ساوای تێدا دەپێچرایەوە و تووند بە دەسترازەی شەتەک دەدرا، بۆ ئەوەی بخەوێت، ئینجا ئە و منداڵەی خەوی بهاتبایە، بۆ نوستن گریانی دەهات و دایکەکە دەیزانی ئە و گریانە لەبەر ئازار و برسێتی نییە، یەکسەر لە لانکێ دەنا و هەندێک لانکەی ڕادەژنی و منداڵەکە دەخەوت، ئە و لە لانک نانە بۆ کەسی گەوران کراوە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی هەندێک گێلۆکە و نەفام و نەزان کە لایەن کەسێکی زۆر زانەوە فریوو دەدرا و هەستی پێ نەکردبووایە بە توانج و پەلار وگاڵتەوە دەوترا: لە لانکێیان نایە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] 𐌊 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 1:04:59 2022/24/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1093

## لە موی گون پێ خێرترە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170928145655142778

لە موی گون پێ خێرترە
موی گون لە بنەڕەتدا پێ خێر نیە چونکە پەیوەستە بە گەشەکردنی هۆرمۆنی مرۆڤەوە، بەڵام لێرەدا وەک خواستن و لێکچون و خوازراو بەکارهاتووە کە ئەگەر بوونیشی نەبێت هیچ لە پرسەکە ناگۆڕێت و لە حەقیقەتیشدا موو ناتوانێت پێداویستی پڕ بکاتەوە بۆیە ئەگەر کەسێک هێندە پێ کەڵک بێت ئەوا پێی دەوترێت(لە موی گون پێ خێرترە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/28/9 2:56:55 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1094

## لە نێوان شاێ و شۆێ کەوتۆتە قۆڵێ قوڵێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20171120080813143280

لە نێوان شاێ و شۆێ کەوتۆتە قۆڵێ قوڵێ

دەگێڕنەوە پیاوێکی دوو ژنە کە لە کوردەواریدا پێشی دەوترێت(چوار چاو) ژنێکیانی ناوی(شاێ) و ئەویتر ناوی(شۆێ) بووە، ئیتر هەر ژنە و بە هۆێ ئێرەیی و بە(خیلی)یەوە لا لە مێردەکەیان ناکەنەوە، ئیتر ڕۆژێکیان شاێ هەر وادەزانێ لەلای شۆێ یە و شۆێش لای وایە لەلای شاێ یە، کەچی مێردەکەیان لەم کەین و بەینەدا کەوتۆتە چاڵێکەوە و فەوتاوە هەر بۆیە ئەگەر بە هۆی ململانێی نێوان دوو کەسەوە یان دوو لایەنەوە یان بەنمونەی ڕوونتر ململانێی نێوان دوو حزب بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات میللەتەکەیان بە هۆیانەوە بپلیشێتەوە بە ئیدۆمەوە دەوترێت(لە نێوان شاێ و شۆێ کەوتۆتە قۆڵێ قوڵێ).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/20/11 8:08:13 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1095

## لە هیچ شوێنێک قنگی توێتکە ناگرێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20171119084608143267

لەهیچ شوێنێک قنگی توێکە ناگرێت
بەکەسێک دەوترێت کە هیچ ئارامی نەبێت و ئەولا و ئە و لا بکات وبەهیچ جۆرێک نەزانێت دانیشتن چیە و یەکبینە لە جموجۆڵە و هەر سات و کاتەی لە شوێنێکدا ببینرێت و بسورێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/19/11 8:46:08 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1096
**لە هیچی نەخواردی لە سمێلان مەیوو**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170924101100142709
لە هیچی نەخواردی لە سمێلان مەیوو
ئە و سمێڵەی لە خوار لوتی پیاوەوە هەیە زۆر خاسیەت و سیفەت و شێوە دەگۆرێت بەهۆیەوە هەندێجار هەندێ تۆمەتیشت دەخرێتە پاڵ، سمێل زۆر لە کوردەواریدا ئیدیۆم و وشەی دەربڕی لەسەر ووتراوە وەک(هەرچی سمێڵی سور بێت هەمزاغا نی یە) یان(خۆ ماست نیە بەسمێڵتەوە بێت) بەڵام ئە و ئیدیۆمەی سەرەوە بۆ حالەتێک بەکاردەهێنرێت کە کەسێک هیچ کارێکی نەکردبێت و تۆمەتی بخرێتە پاڵ بۆ ئەوەی تۆمەتەکەی خراوەتە پاڵ دەوترێت(لەهیچی نەخواردی لەسمێڵان مەیوو).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/24/9 10:11:00 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1097
**لە هەر شوێنێ بێت، پەرکی لێ دەروێت**


https://www.kurdipedia.org/?q=20170808081547141934
لەهەر شوێنێ بێت، پەرکی لێ دەڕوێت
ئیدیۆمێکە بۆ کەسێک بەکار دەهێنرێت کە بەیدووم بێت، چونکە ڕووەکی پەرک بێ بەرە و سێبەریشی کەمە و لە ماوەی گەرمادا ناتوانرێت بۆ پشودانیش بچیە ژێرییەوە، بۆیە ئە و کەس بەدفەساڵ بێت ڕوو لە هەر شوێنێک بکات تێکی دەدات و خێروبێری ناهێڵێت بۆیە بە بەدکاران ووتراوە لە هەرشوێنێک بێت، پەرکی لێ دەڕوێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/8/8 8:15:47 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1098
## لە هەولێر کۆنترە
https://www.kurdipedia.org/?q=20201014131430389002



لە هەولێر کۆنترە
هەولێر شارێکی دێرینی کوردستانە و ژیان و ژیار تێیدا دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ بەر لەدایکبونی مەسیح، دیمەشق شان لەشانی ئە و شارە کوردییە دەدات لە شوێنەواری مرۆڤایەتی بۆیە کۆنی هەولێر بووە بەئیدیۆم و کورد بەکەسێکی پیری بە ئەزمون، شتێکی کۆنی دەگمەن و دانسقە وبەنرخی شوێنەواری دەڵێت(لەهەولێر کۆنترە) بە و دواییانەش بە کوڕێکی گەورەساڵ و کامڵ و کیژێکی قەیرەش دەوترێت لە هەولێر کۆنترە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/14/10 1:14:30 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1099

## له وشکی بەیار پێ کوڵان کەیک

https://www.kurdipedia.org/?q=20180106090222143788

له وشکی بەیار پێ کوڵان کەیک

بە کەسێکی تورە و توش دەوترێت کە هێندە تورە و کەر و کەڵلە رەقە و نەفام بێت زوو هەڵدەچێت و لە عاردی وشک تۆزێ دەکات، پێ کولانیش لە سمکۆڵانەوە هاتووە کەیکیش بە شێوەزاری لوری واتە دەکات، بۆیە بەکەسێکی نەفام و تورە دەوترێت لە وشکی بەیاری پێ کولان دەکات واتە لەزەوی نەکێڵراو یان عەردی رەقەکار سمکۆڵان دەکات و تۆزی لێ هەڵدەستێنێ.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ✍️ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ☐ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/6/1 9:02:22 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1100

## له رێوی بە پێچترە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220621210701419374

له رێوی بە پێچترە

گیانداری رێوی یەکێکە لە و گیانلەبەرانەی کە بۆ خۆ دەربازکردن لە نەیارانی دەتوانێت کۆمەڵێک تاکتیک و رێچکە و کردەوەی سیپر و سەمەرە بکات، زۆرترین چیرۆکی گەلانیش لەسەر رێوی فێڵەکانی هەیە و بوون بە چیرۆکی بەر ئاگردان و بۆ منالان دەخوێنرێنەوە و دەگێردرێنەوە، قەل و رێوی، کوڵینگە و کڵکی رێوی و مام رێوی و رێوییەکەی قەمچوغە و...تاد، لە دیارترین پێچە بەدەورەکانی ئە و ئاژەڵە سرک و چەتوون و فێڵبازە ئەوەیە کاتێک کە مرۆڤ دەبینێت خێرا خۆی دەدزێتەوە و دەچێتەوە پشتەوەی مرۆڤەکە لە دواوە سەیری هەنگاوەکانی و ئاراستەی رۆیشتنەکەی دەکات، ئە و پێچدانەوەی رێوی کراوە بە ئیدیۆم و بەکەسێک کە فرت و فێل و پێچ و پەنا و خواری زۆر بێت و راستی لا نەبێت دەوترێت: لە رێوی بە پێچترە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/21/6 9:07:01 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1101

## لە کاڕوشی ناو زرعات بێ خێرترە

[https://www.kurdipedia.org/?q=20171108095100143103](https://www.kurdipedia.org/?q=20171108095100143103)

لە کاڕوشی ناو(زرعات) بێ کەڵکترە- بێ خێرترە
کاڕوش رووەکێکە هاوشێوەی(فریز و چیمەن) دەئاڵێتە ناو خاکەوە و هەموی دەگرێتەوە، جگە لە زیان گەیاندن بە خاک و رووەکە کشتوکاڵیەکان نابێتە ئالیکی ئاژەڵیش هێندە بێ کەڵک و بێ خێرە، بۆیە ئەم ئیدیۆمە بەکاردێت بۆ کەسێک کە زۆر بێ خێر و بێ کەڵک و بە زیانیش بێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2017/8/11 9:51:00 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1102

## لە کوێرەکانیان ئاو مەخۆرەوە

[https://www.kurdipedia.org/?q=20220424215513411406](https://www.kurdipedia.org/?q=20220424215513411406)



لە کوێرەکانیان ئاو مەخۆرەوە
کوێرەکانی واتە ئە وکانیاو و دەراوەی ساڵێکی تەڕ و بە ئاو و باران ئاوی هەیە و ئە و ساڵەی وشکەساڵیە و بێ بارانە ئاوەکەی کوێر دەبێتەوە نامێنێت بە و جۆرە کانیاوانە دەوترێت: کۆردەرە، کوێراو و کوێرەکانی لە ئیدیۆم و پەندی کوردەواریدا ووتراوە: نە کۆراوان بکە بەرەز، نەناکەسان بکە بەکەس، شتی کاتی و بچوک وەک سێبەری خرنوک و بنەنیسک و نۆک یان کوێرەکانی ئاو لێ براو ناتوانی بیکەیە بنەمای رەزەوانی، چونکە ئە و جۆرە چاوگ و سەرچاوە و ئاوانە جێگەی متمانە نین چونکە ساڵێک نا ساڵێک ئاودارن، ئەوە لایەنە ڕاستەقینەکەیە و ئیدیۆمەکەشی ئەوەیە مرۆڤ خۆی بەشتی بچووک و کەم و بێ متمانە خەریک نەکات چونکە مایەپووچە و هیچی لێ شین نابێت بە ئامۆژگاری و هۆشداریدانەوە دەوترێت: لە کوێرەکانیان ئاو مەخۆرەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/24/4 9:55:13 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1103

## لە کۆیە عادەت لە عیبادەت زۆرترە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170924125051142716



لەکۆیە عادەت لەعیبادەت زۆرترە
کۆیە شارێکی خنجیلانەی خاوەن مێژو و سەروەرییە، ناسراوە بەشارەکەی(حاجی) بەڵام زۆرترین داب ونەریتی لێ یە وەک(بەزمە یان سەیرە لە کۆیە)یە، کەلتور و جیاوازی چین وتوێژ لە کۆیە ئە و حاڵەتەی خوڵقاندووە، لە کۆنەوە ئاغا و مسکێن، مەلا و فەقێ،شێخ و تەکیە و تەریقەت و مورید، دەشتەکی و کرمانج و شاری و حەوێزی و غەفوری وتاد، هەموو ئەمانە عادەت و داب ونەریتێکی جیایان هەبووە و کەسیش وازی لە خوو و عادەتەکەی خۆی نەهێناوە و هەندێجار عیبادەت و خواناسیش تێکەڵ بە داب ونەریتەکان کراوە بۆیە وتراوە(لەکۆیە عادەت لە عیبادەت زۆرترە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/24/9 12:50:51 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1104

## لەبەر نەوسێ کەوتە حەبسێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20200902011429387404




لەبەر نەوسێ کەوتە حەبسێ
باڵندەی وەک سوێسکە و ڕیشۆڵە دەنکە گەنمیان بۆ دەکرێتە چاڵی تەپکەوە، پشیلە و ڕێوی و چەقەڵ و گورگیش پارچە گۆشتیان بۆ بە بالان دەخرێت و کەروێشکیش گوڵەجۆی بۆ بە تەڵەوە دەکرێت هەموو ئە و ئاژەڵ و باڵندانە بەهۆی نەوسەکەوە دەکەونە چاڵ و بەتەڵەوە دەبن، هەندێجاریش مرۆڤیش هاوشێوەی ئە و باڵندە و ئاژەڵانە بەهۆی نەوسەوە دەکەونە داو و گیرۆدەی گرفت و کێشەیەکەوە و بەند دەکرێن، جاری وایە نەوسی مرۆڤ هەوڵدانە بۆ تێرکردنی غەریزەیەک چ دەم بێ یان داوێن بەهۆیەوە تێدەکەوێت و پەلکێش دەکرێت بۆ حەبس و زیندان بە و جۆرە کەسانە دەوترێت لەبەر نەوسێ کەوتە حەبسێ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/2/9 1:14:29 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1105
**لەپاش ملە سەری میران دەبڕێت**
https://www.kurdipedia.org/?q=20211218115012398836




لەپاش ملە سەری میران دەبڕێت
پاش ملە باسکردن لە ئاخاوتندا لە هەموو نەتەوەکانی گێتیدا باوە و خەڵک تام و چێژی لێ وەردەگرن بەتایبەت ئەوانەی ناتوانن لە بەرامبەر قسەی دڵی خۆیان بکەن و وەک کورد گوتویەتی(کە و ئە و کەوەیە بەرامبەر کە و بخوێنێت)، ئینجا ئە و کەسانەی زاتی ئەوە نەکەن لەڕوو قسە بکەن و بترسێن کورد بەتەوسەوە پێیان دەڵێت(لەپاش ملە سەری میران دەبڕێت). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/18/12 11:50:12 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1106

## لەپشکەکی ڕشکێک

https://www.kurdipedia.org/?q=20171125094923143316

لە پشکەکی ڕشکێک

ئەم ئیدیۆمەش بۆ ماڵداری و کابانی و دەستگرتن بەکاردەهێنرێت واتە لە هەر پشکێک تەنها یەک(ڕشک) هێندەی گێچ و ئەسپێیەک دەست بگریتەوە ئەوا بۆ ماوەیەک چەند پشکەکەک پاشەکەوت دەکەیت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/25/11 9:49:23 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1107

## لەپرێ نابێت بە کورێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20220516231307414155



لەپرێ نابێت بە کورێ

ئە و منداڵەی کە بۆ ماوەی(9) نۆ مانگ لە سکی دایکیدا هەڵدەگیرێت و دواتر بە و هەموو زەحمەتی و ئازار و ژانەوە دێتە دونیاوە، لە شیرپێدان و چاودێری و ئێشکگری و نەخەوتن و مەینەتی و گەورەکردنی مناڵ و دابینکردنی پێداویستیەکانی و دڵ ڕاگرتن و پەروەردە و گۆشکردنی تەمەنێکی باشی دەوێت بۆ گەورەکردنی کورێک بەلایەنی کەمەوە(18) هەژدە ساڵی ڕەبەق دەوێت، ئینجا پێی دەوترێت: کورێکی تەواو، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ ڕەنج و تێکۆشان و زەحمەتیەک کە تەمەنێکی بوێت تاوەکو بەرهەم بدات نەوەک کتوپڕ و لە پڕێکدا، کورد وەکو ڕێنمایی و هۆشیاری و ئامۆژگاری دەڵێت: لە پرێ نابێت بە کورێ.[1]

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/16/5 11:13:07 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1108

## لەپێچکەی پردێ بە بەرکەوێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20170920134237142640

لەپێچکەی پردێ بە بەرکەوێ
بە کەسێکی بەد ڕەفتار و جاڕس و تیابەستە نەبوو دەوترێت تا دوور کەوێتەوە خێر دەستت بگرێت، وەک بڵێی قیڕوسیا یان ئاو ئاو بڕوات یان حەوت بەردی لەدوو بێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/20/9 1:42:37 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1109

## لەتاو نەوس کەوتە حەوس

https://www.kurdipedia.org/?q=20180815095027154006



لەتاو نەوس کەوتە حەوس
هەرچی تەڵەیەک هەیە لەم دونیایە بەبێ چەشە(چێژ) نابێت، چێژیش نەوس(نەفس) دەجولێنێ بەرە و خۆی، بۆیە وتراوە تاو نەوس کەوتە حەوس، حەوس لە حەوزی زمانی عەرەبییەوە هاتووە و سەروگێلاکی لە کوردی شێڵراو و شێوێنراوە بووە بەحەوس لە زار و ئاخاوتندا، بە و کەسانە دەوترێت کە زۆر حەز بە خۆراک و لەزەت و چێژ دەکەن و دواتریش بۆ لەزەت و نەوسێکی کاتی دەکەونە تەڵە و حەوزەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/15/8 9:50:27 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1110

**لەتاوی جاجک کاغەز دەجاوی**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180620103422151923



لەتاوی جاجک کاغەز دەجاوی
لەتاوی: واتە بۆ بەدەستهێنانی شتێک(تا)بگریت و لە حەشمەتی وەدەستهێنانی دەموچاوت گەرم دابێت و نەرمە تایەکی بۆ بگرێت دەوترێت(لەتاوی) یان دەگریێ لەتاوی، جاجک بنیشت و بنێشتە لەدەم دا دەجورێت(دەجاورێت)، ئینجا ئەگەر مرۆڤێک عەودالی وەدەست کەوتنی شتێک بکات و بەدەستی نەکەوێت زۆریش تامەزرۆ بێت ناچار پەنا بۆ جێگرەوە(بەدیل) دەبات و هەندێجاریش جێگرەکەی زۆر خراپە و بەهیچ شێوەیەک بە داواکاریەکە ناچێت بەڵام ئەمە ئیتر پەرچەکردارە، ئینجا کەسێک لە و کوردەوارییەی ئێمە ئەگەر کارێکی باش یان شتومەکێکی باشی وەچنگ نەکەوێ کارێکی زۆر نالەبار وەک جێگرەوەی دەکات و بەمەش دەوترێت فلانە کەس لەتاوی جاجک کاغەز دەجاوی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: ⬇ باشووری کوردستان

ولات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/20/6 10:34:22 AM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1111

**لەترِی لۆتی سازترە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201129202051389890




لەترِی لۆتی سازترە
لۆتی لەناوی پێغەمبەر لوتەوە هاتووە، میللەتەکەی گوێڕایەڵیان نەکرد و کاری لاقەکردنی بەکتریان(قوندان) پەیرە و دەکرد، ئەوانەی لەدوای ئە و پەیامبەرەوە هەر کارێکی لە و شێوەیان بکردایە خاسیەتی ئۆمەتی(میللەت)ی ئە و پەیامبەرەیان دەدرایە پاڵ، لەناو عەرەبەکانیش لەدوای ئیسلامدا زاراوەی لۆتی بۆ قوندەران بەکارهاتووە، هەرچەندە کورد لۆتی بە کەسێکی لاسار و قەشمەر و گاڵتەجاڕ و ساختەچی دادەنێت و لە واتا ڕاستەقینەکەی دووری خستۆتەوە بەڵام لە و ئیدیۆمەدا نزیکی کردۆتەوە لە داکەوتەیی وشەکە و کارەکە، بەکەسێکی بەردەوام ئامادە بۆ ئەنجام دانی هەر کارێک دەڵێت ئەوەندە لەسەرپێ و ئامادەیە(لەترِی لۆتی سازترە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

▯ سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 8:20:51 2020/29/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1112

**لەجێی بازان کۆرکۆرە وازان**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181215075959177955

لەجێی بازان کۆرکۆرە وازان وتراویشە(داڵ پیر بوود کورکورەک تەمە)
کورد و گەلانی دونیا باڵندەی(باز) بەهێما و سیمبوڵی ئازایەتی و جوانمەردی وسەرکاری باڵندان ئەژماردەکەن و گوایە کاری کەم وکورت ناکات و هەمیشە کاری ئە و کاری گەورەیە و کورد وتەنی(هەڵۆ مێش ڕاو ناکات) لەبەرامبەریشدا(کوندەپەپوو-کوندەبەبۆ-کۆرکۆرە) ڕەمزی و ئاماژەی کاری شوم و نەگبەتی و کاولکاری و ماڵوێرانیە، ئینجا ئەگەر کەسێک لەکارێک یان لەماڵێک یان لە فەرمانگە و شوێنی کاری چ بمرێت یان بڕوات یان لابدرێت و کەسێکیتر شوێنی بگرێتەوە وەک ئە و نەبێت و خەڵک لێی نارازی نەبن دەوترێت(لەجێی شێران ڕێوی دەکا گێران) یان(لەجێی بازان کۆرکۆرە وازان) یان(داڵ پیربوود کورکورەک تەمە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

▯ سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:59:59 2018/15/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1113

**لەجێی سندانێ قوزەڵقورتە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200906002626387559



لەجێی سندانێ قوزەڵقورتە
سندان، جۆرە دەزگایەکی لەئاسن دروستکراوە، ئاسنگەر ئاسنی داخ و گەرمکراوی لەسەر دەکوتێت بۆ هەر مەبەستێک کە دەیەوێت، سندان، جۆرە نەخۆشیەکە لە بەرووبومەکانی هاوینەی وەک شوتی و گندۆرە و تەرۆزی و شارۆخ و تاد دەدات هاوشێوەی مێخ و بزمارە وکەڵکی لێ دەبڕێت و گەنیوو و ژەنگاوی دەکات و بۆ خواردن ناشێت، سندان، جۆرە نەخۆشیەکە وەک شێرپەنجە و سەرەتان لەکوردەواریش هەر نەخۆشیەک چارەسەری نەبوایە دەوترا لێیهات و یەکسەر دەیکوشت، قوزەڵقورتیش وشەیەکی تورکییە(قوزەڵ-قورت= واتە سوورە گورگ)، سندان و قوزەڵقورت هەردوکیان لە زمانی کوردیدا بوون بە(جنێو) واتە کەس لەکاتی توڕەبوون و نیگەرانیدا گوڵ بەڕووی کەس داناداتت هەڵبەت وشە و زاراوەی ناجۆر و جنێوت بەردەکەوێت وتراویشە(لەجێی مستەکۆڵە پێ ڵەقەیە)، لەکوردیدا بە ئیدیۆمەوە دەوترێت قەت لە شوێنی سندان قسەی خۆش و ئافەرینت گوێ لێ نابێت بەڵکو تەنها قوزەڵقورت چاوەڕێتە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/6/9 12:26:26 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1114
## لەجێی سنگان، قوزەڵقورتە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220517233125414219



لەجێی سنگان، قوزەڵقورتە
سندان: سنگانە دەردێکە لە هەناوی مرۆڤ و گیانلەر دەدات و تەواو دایدەگرێت، قوزەڵقورت: هاوشێوەی نەخۆشی سندانە لە کاڵەک و شوتی و ترۆزی دەدات، هەروەها وەڵامدانەوەی قسەی نابەجێ و سارد و سڕە، ئە و دوو دەردە کراون بە ئیدیۆم و بۆ وەڵامدانەوەی خراپ بە خراپە ووتراوە، هاوشێوەی ئیدیۆمی(لە جێی مستێ پێ لەقەیە) بەکارهاتووە، لە ئیدیۆمی لە جێی سندان قوزەلقورتە واتە: بۆ پاداشتی خراپ هەر خراپەیە، یان لە جێی کاری بەد هەر کاری بەدترە و لە جێی قسەی ناخۆش گوێبیستی قسەی ناجۆر و توند و ناخۆشتر دەبیت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖵 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 11:31:25 2022/17/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1115
## لەجێی مستی پێ لەقەیە
https://www.kurdipedia.org/?q=20200914192627387913



لەجێی مستی پێ لەقەیە.
مشت، مست پەنجەکانی لەپی دەست، توند بۆ ناو مەچەک و لەپە دەست دەچەمێنرێنەوە، لەکاتی شەڕو دارسانی دوو کەس لەگەڵ یەکتری ڕادەوەشێنرێت، کێشەکەی قورس دەبێت و ناوچەوان دەقۆپێنێ و هەڵدەتۆقێت، لەبەرامبەریشدا کەسی شەڕکەری دووەم، پەرچەکردارەکەی پێ لەقە وەشاندن و شەق ڕاوەشاندنە، ئەوە بووە بەئیدیۆم مەبەست لێ ئەوەیە ئەگەر دەست پێشخەری بکەیت بۆئەنجامدانی کارێکی نابەجێ بەرامبەر کەسێک ئەوا کەسی بەرامبەر وەک(کارو پەرچەکردار) کارێکی خراپتر پێ دەکات بۆیە کورد بەوجۆرە کارە دەڵێت(لەجێی مستی پێ لەقەیە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖵 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 7:26:27 2020/14/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1116
## لەچاو شلان پەیتە
https://www.kurdipedia.org/?q=20180929101757156586
لەچاو شلان پەیتە
ئەگەر لە(پەیت و خەست) بگەڕێیت هەرچی(شلە)ی ئەم گەردوونە هەیە خۆتی لێ دەبوێری تا شلەیەکی پەیت نەدۆزیتەوە ناوەستیت، مرۆڤ ئەگەر بەدوای کارەکەرێک یان شوانکارەیەک یان پاڵە و سەپانێک یان جوتیارێکی باش بگەڕێت و چنگی نەکەوێت، ئەگەر یەکێکیان لەمانە هەروەتە بۆ باشی ڕێبەدیی لێ بکرێت یان خاسیەت و سیفەتی نزیک لەچاکەی لێ ببینرێت لەچاو ئەوانیتر ناچار قبوڵی دەکات بۆ ئەوەی بیگرێت بەکرێکار بۆ کارەکەی، ئەگەر بڵێن شوانێک یان کارگوزارێک یان کشتیارێک یان پاڵەیەکی چۆنە ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت(لەچاو شلان پەیتە) واتە بەبەراوردکاری لەچاو ئەوانیتر ئەمەی هەیەتی باشترە، ئەگەرنا سەدان عەیب و عاری هەیە و بەناچاری ئەمەی قبوڵکردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ҡ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 10:17:57 2018/29/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1117

## لەچاوی ماری ناگەڕێتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20201216190345390128



لەچاوی ماری ناگەڕێتەوە
مار زیندەوەرێکی خشۆکی ترسناکە و ئەگەر مرۆڤ نەخوات یان دەیکوژێت یان کەم ئەندامی دەکات، بۆیە مرۆڤ وەکو زیندەوەرێکی دوژمن لەمار دەڕوانێت و هەموو کات بەمەترسی ئەژمار دەکات، چاویش هەموو نهێنیی ومەبەستێکی تێدایە بۆیە چاوی دوژمن بەتایبەتیش مار سامناکە، کەسێک بەغیرەت و بوێر و چاونەترس وزۆر ئازا بێت لە ئیدیۆمی کوردیدا پێی دەوترێت فلانە کەس زۆر ئازایە لەچاوی ماری ناگەڕێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ҡ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 7:03:45 2020/16/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1118

## لەچەم دار ڕاست و دار چەفتیش هەست

https://www.kurdipedia.org/?q=20180125100417144265

لەچەم دار ڕاستیش هەست و دار چەفتیش هەست
ئەمە شێوەزاری لوڕیە لە گوندەکانی شارەدێی سێگردکانی شارۆچکەی کۆیە بەتایبەت لە ئاوایی ئۆمەرگومبەت بەکاردێت مەبەست لە و دەربڕە ئەوەیە لەناو هۆز و نەتەوە و قەوم و خوێش مرۆڤی چاک و مرۆڤی خراپیش هەیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: AM 10:04:17 2018/25/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1119
**لەخاک ئەمین ترە**
[https://www.kurdipedia.org/?q=20201129202424389891](https://www.kurdipedia.org/?q=20201129202424389891)




لەخاک ئەمین ترە
خۆڵ و ئاخ و خاک و گڵ کە مرۆڤ لێیانەوە خوڵقێنراوە، بۆیە مرۆڤ بۆنی خاک و خاکەڕایی زۆر خۆش دەوێت و هەموو مرۆڤایەتیش دوای مردنیان دەبنەوە بەخاک و خۆڵ و کورد دەڵێت(چاوی مرۆڤ تەنیا بەمشتێک خۆڵ پڕدەبێتەوە) واتە مرۆڤ چاوبرسییە، خاکیش کە هەموومان دەگرێتە خۆ و باوەش و نهێنیەکانمان ژێر گڵ دەخات و دەمانپارێزێت بۆیە کورد کردویەتیە ئیدیۆم و بۆ نهێنگری و تەقەتی زاری یەکێک و شاردنەوەی کەموکورییەکان دەڵێت فلانە کەس (لەخاک ئەمین ترە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: PM 8:24:24 2020/29/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1120
**لەدوای باران کەپەنک**
[https://www.kurdipedia.org/?q=20220517233653414221](https://www.kurdipedia.org/?q=20220517233653414221)



لەدوای باران کەپەنک
کەپەنک: فەرەنجی، فەرەجی، قاپووتی شوانە، کەرەستە خاوەکەی خورییە، وەستای(هەلاج) دەیکاتە (لوا و لباد)، ئینجا قاپووتی لێ دروست دەکات، بەگوێرەی رەنگی خورییەکان رەش و سپی(بازە) دەبێت، زۆربەی جار لە لوای سپی دروست دەکرێت بۆ جوانی پارچە یان هێڵی رەشی تێ دەکرێت، شوانەکان لە شەوین و لەوەڕی بوهارەی ڕانەکاندا دەیپۆشن بۆ ئەوەی تەڕ نەبن و لە سەرما و سۆڵەش دەیانپارێزێت، ئە و کەپەنکەی شوان بووە بە ئیدیۆم و لە دوای هەڵە و ڕووداو و بە سەرهات، پاسا و هێنانەوە و پەشیمان بوونەوە دادت نادات، بۆ ئە و حاڵەتە کورد بەدرکە و کینایەوە گووتویەتی: لە دوای باران کەپەنک یان پاشی باران کەپەنکم بۆ چییە؟.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/17/5 11:36:53 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1121

## لەژن مەدە ئەگەر بەگوڵ-یش بێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20190306082727280186



لەژن مەدە ئەگەر بەگوڵیش بێت
ژن بونەوەرێکی کۆمەلایەتی یەکەمە و مرۆڤێکی مێینەی نەرم و نیانە بۆ هاوتاکەی، ئەم ئیدیۆمە ژندۆستیەکی زۆری تێدایە و لەگوڵ ناسکتری گوزارشت لێکراوە، بۆیە وەک مەولەوی فەرمویەتی(گوڵ چوون ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشان، وەفراوان چوون سەیل دیدە من جۆشان) لەزۆربەی ئاینە ئاسمانیەکانیش بە(پەری) دیدەکراوە و خەڵاتی هاوتاکەی(پیاو) کراوە بۆیە ژندۆستانی کوردیش وتویانە(لەژن مەدە ئەگەر بەگوڵیش بێت) واتە ژن زۆر هەستیار و دڵناسکی هاوشێوەی پەڕەی گوڵە نابێت بە پەڕەی ناسکیش لێی بدرێت.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/6/3 8:27:27 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1122

## لەسوری دۆڕاندووە لەلاباتی تێ هەڵدینێتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20181229095402181967



لەسوری دۆڕاندووە لە لاباتی تێ هەڵدینێتەوە
ڕەوسەی گەنم ئە و گەنمە جوان و سورەیە کەدوای شەن و کەوکردنی خەرمان دێتە حساڵات لەناوچەی پشدەرپێ دەوترێت(سور) لابا-ش مەبەستی گوزرە ئە و گەنمەی سیغ و بەرگی کاو کۆتی لەگەڵە و ئەگەر جارێکیتر بکوترێتەوە و کاوکۆتەکەی لابرێت ئەوا هەندێک گەنمی کەم بەدەست دێت بەڵام گەنمێکی کەمە و جێگەی هیچ ناگرێتەوە، ئەمەش بووە بە ئیدیۆم و لەکوردەواریدا بەکەسێک دەوترێت کە دەرفەت و کات و ساتی زۆری لەدەست چووە یان داهاتێکی زۆری فەوتاندووە و دەستی پێوە نەگرتووە ئێستا دەیەوێت بەشتی کەم تێ بینێتەوە بۆیە بە و جۆرەکەسانە دەوترێت(لەسوری دۆڕاندووە لە لاباتی تێ هەڵدینێتەوە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/29/12 9:54:02 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1123

## لەسەر دینێک ساغ نابێتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220621215300419387



لەسەر دینێک ساغ نابێتەوە
دین: ڕەوشت و خووی مرۆڤەکانە، هەندێک لە مرۆڤ لەگەڵ هەموو ڕێچکە و ڕێباز و ئاینێکدا هەڵدەکەن و هەر ڕۆژەی لەسەر دین و ئاینێک دەیانبینی و ئەمرۆ لێرەن و بەیانی زوو دەیانبینی لە پەیڕەوانی دینێکیترن، لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991ی باشوری کوردستان خەڵکانێکی زۆر لە نێوان پارت و حزب و ڕێکخراوەکاندا وەکو کەری ناو جۆگا هەر ڕۆژەی لە بەرەی حزب و لایەنێکدا بوون، بۆیە بە هاوشێوەی ئە و جۆرە کەسانە دەوترێت: لەسەر دینێک ساغ نابێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: PM 9:53:00 2022/21/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1124
**لەسەر سەد حەبلان بازی دایە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220621215835419389



لەسەر سەد حەبلان بازی دایە
لە کۆندا ژمارەی(100) سەد ژمارەیەکی گەورە و زۆر بووە لە زۆر بواردا بەکارهاتووە وەک: پیری و سەد عەیب، لەسەر سەد حەبلان یاری دەکات، بە هۆی گوڵە گەنمێکەوە سەد گوڵە زیوان ئاوێ دەخواتە، بەهۆی گوڵێکەوە سەد درک ئاو دەدرێت، بە هۆی گەنمەوە سەد گوڵەجۆ ئاو دەدرێت، بەڵام لەگەڵ زۆربونی ژمارەی دانیشتوان ئە و ژمارە سەدانەش هەڵکشاون ئێستا دەوترێت: پیری و هەزار عەیب و...تاد، لە یاری منداڵاندا(حەبل)، پەت، گندر بەکارهاتووە بۆ یاری کچانە و کوڕانە بۆ یاری(پەت پەتانێ )ی کیژان و(ڕاکێشانی پەت پەتانێ) بۆ کوڕان، ئە و ئیدیۆمە بە و شێوەیەش هاتووە: لە سەر سەد حەبلان یاری دەکات، ئە و منداڵەی لە بازدان دا بەسەر پەتەکە سەرکەوتوو بێت، پایزانێکی باشە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ کەسێکی گەورەی زۆرزان کە دەست دەبات بۆ ئە و کون و ئە و کون یان ئە و حزب و ئە و حزب دەکات یان بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیانی کاسیی و مامەڵەی جۆراوجۆر دەکات و ئەزمونێکی باشی پەیداکردبێت بەتەوەسەوە پێی دەوترێت: هێندە زۆرزانە لەسەر سەد حەبلان بازی دایە.[1]


تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: PM 9:58:35 2022/21/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1125
**لەسەرەوە یارە، لە بنەوە مارە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220204215607403910

لەسەرەوە یارە، لە بنەوە مارە
هەناوی مرۆڤایەتی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ ئاوسە بەمرۆڤە دووڕووەکان، مرۆڤی دووڕوو ئەوانەن کە لە ڕوو دا قسە خۆش و بەڕواڵەت باش خۆیان دەردەخەن و کاتێکیش دەکەونە پاشملە بەخراپ و دوژمنکارانە قسەت لەسەر دەکەن، هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمەش دەوترێت:-
(هەندەک دەمان یارن، هەندەک دەمان مارن)، ئەوەیان زیاتر لەسەر(میزاج)ە، دەم دەمی مرۆڤەکانە، یار: دۆست و خۆشەویستە، مار: دوژمن و ناحەزە. [1]



تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/4/2 9:56:07 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1126

## لەسەگ سواڵ ئەکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20211218113256398831

لەسەگ سواڵ ئەکات
سەگ بۆ سەپکە نانێک تا بەیانی ئێشکگری و پاسەوانی بۆ خاوەنەکەی دەکات، ئینجا لەشەواندا زۆرترین ملومۆی دەکات تاوەکو پارچە گۆشتێک یان کەلاکێک لەسەر گیفۆک و زبڵدان بدۆزێتەوە و بیخوات ئینجا بەکەسێکی عەودالی دەرۆزە وسواڵ و سەدەقە و ڕەزیل و یان بەکەسێک کە بەدینارێک باوکی خۆی دەگۆڕێتەوە دەوترێت لەسەگ سواڵ دەکات.[1]



تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2021/18/12 11:32:56 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1127

## لەشکر ترازا، بوک نەڕازا

https://www.kurdipedia.org/?q=20170927140246142767
لەشکر ترازا، بوک نە رازا
ژن مارەکردن و ئامادەکردنی بۆ رۆژی گواستنەوە چەندین داب ونەریت و رێورەسمی جۆراو جۆری گەرەکە هەر لە کۆنەوە تا ئەمرۆ، واتە کات و داهات و سەلیقەی زۆری دەوێت، بەتایبەت رۆژی گواستنەوە بوک دەبێت تەواو تیف تیفە بدرێت هەر لەکوڵکردنەوە تاوەکو ئارایشگا، لە رازاندنەوەدا حالەتەکە دێتە پێشەوە چونکە لەشکر ئامادەیە و لە چاوەڕوانیدایە تا بوک درەنگتر برازێتەوە مقۆمقۆ و قسەوقسەلۆک و چەلەحانێ لەناو لەشکردا دروست دەبێت و هەندێجار دەگاتە حالەتی لێکترازان و هەڵشاخان و تورەبوون، ئەم ئیدیۆمە بەکاردێت بۆ کارێک وەک هەویر ئاوی زۆری بوێت و تا دەگاتە ئامادەبوون کێشە و گرفتی لێ بکەوێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/27/9 2:02:46 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1128
## لەشەڕدا شیرینی نابەخشنەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220624122759419706

لەشەڕدا شیرینی نابەخشنەوە
کورد لە سەر شەڕ کۆمەڵێک ئیدیۆی هەیە وەکو: شەڕ و نیوە شەڕ هەر یەکە، لە شەڕدا حەڵوا-هەڵوا نابەشنەوە، شەڕ کەوتە بەر دەرگای ماڵێ، شەڕی سبەینان باشترە لە خێری ئێواران، شەڕ و تر لە دەست خۆت نییە، لەشەڕدا هەر ماڵ وێرانی و کاولیە، خوێن ڕشتن و هەتیوو کەوتن و جەرگ سووتان و پشت شکان و گرانی و نەبوونی و ڕێ گیران و ڕووخان و پرسە و ماتەمگێرییە، شەڕ هیچ شتێک ناپرسێت هەموو شتێک خاپوور دەکات، تەڕ و وشک بەیەکەوە دەسوتێنێت، داروپەردوو بەسەریەک دادەدات، شەڕ شەرە و ئامانی نییە، لەشەڕدا فرمێسک و خوێن و ئاگر و دووکەڵ و خۆڵ و ئارەقە دەبارێت بۆیە کورد شەرکردنی کردووە بە ئیدیۆم و بە ڕێنوێنی و ڕێنمایی و ئامۆژگارییەوە دەڵێت: لەشەڕدا شیرینی نابەخشنەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: PM 12:27:59 2022/24/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1129

## لەگەڵ تری خۆی شەڕ دەکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20171119084118143264

لەگەڵ تری خۆی شەڕ دەکات
ووتراویشە(سیکڵدانە یان جیکڵدانە یان سیقەتۆرە)ی تەنگە بۆیە زوو تورە دەبێت و کەڵکی خۆشی و گاڵتە و گەپی نیە، ئینجا ئەگەر کەسێک خاسیەتی جیکڵدانە تەنگی هەبێت کەڵکی ئەوەی نیە دەمەسوعبەتی لەگەڵ بکەی چونکە ئە و هێندە سیکڵدانە تەنگە لەگەڵ تری خۆی بەشەڕ دێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: AM 8:41:18 2017/19/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1130

## لەگەڵ جیرەی نانی ڕۆحی دەردەچێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20180826093350154933



لەگەڵ جیرەی نانی ڕۆحی دەردەچێت
لەگەڵ ئەوەی کورد چیانشینە و دەشت و دەر و کێو زنار و پێدەشت و کانیاوی زۆرە بەڵام لە ڕوویەکیتریشەوە ناوچە چیاییەکان بەرووبومی کەمە بۆیە ڕەزیلی لە ئیدیۆمی کوردناندا زۆر شوێنی بۆ دانراوە(سەی دز نمەکی ناکات) یان(گوی ناکات تا نانی نەخوات) یان(رق لەددانی خۆی دەبێتەوە)یان(بەقونی پارەی هەڵدەگرتەوە) یان(نەخۆری نەشۆر) یان(پوشت و قرچۆک) تا دوایی.
لێرەش(نان) کراوە بەبنەما بۆ سەخاوەت و ڕژدی و پوشتی و قرچۆکی، ئەوەی سینگ و دڵ و دەرونی فراوان بێت بەنان خواردن لەماڵیان زیاتر دڵ و دەروونی و ڕۆحی شاد و بەکەیف دەبێت، خۆ ئەگەر ڕەزیل و بەخیل و قرچۆک و پوشت و سەقیل بێت ئەوا لەگەڵ جیرەی نانی لەسەر تلیانەوە ڕۆحی دەردەچێت واتە هەر نانێک لە تلیانەوە ڕادەکێشرێت پێی نیووە ڕۆح دەبێت، بەکەسێکی ڕەزیل و قرچۆک دەوترێت کە حەزنەکات کەس لەماڵی نان بخوات دەوترێت(لەگەڵ جیرەی نانی ڕۆحی دەردەچێت یان نیووە ڕۆح دەبێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺️ وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/26/8 9:33:50 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1131
## لەگەڵ سەگ کەوتۆتە چاڵەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220424220429411407



لەگەڵ سەگ کەوتۆتە چاڵەوە
لە هەولێرێ دەوترێت: لەگەە سەی کەوتیتە چارێ، سەگ ئە و ئاژەڵە ماڵیەی لە دێر زەمانەوە لەگەڵ مرۆڤ هۆگری پەیداکردووە و بووە بە هاوەڵ و پاسەوانی، مرۆڤیش زۆر خۆشی ویستووە، بەڵام بەهۆی بیروباوەڕی ئاینیەوە کورد کە زۆرینەی موسڵمانە بەچاوی پیس و گڵاو سەیری دەکەن، تەنها شوانکارەکانی نەبێت نرخی سەگیان لایە و تا ئەمرۆش هاوەڵی بەوەفای یەکترن، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئە و ئیدیۆمانەی لەسەر سەگ هەن لایەنی خراپە و سیفاتی بەدی بەنمونە هێنراوەتەوە و هەرچی ئیدیۆمی کوردانە لەسەر سەگ لایەنی خراپی سەگی وەرگرتووە وەکو:(سەی نان بدە، سپڵەی نان مەدە و سەش بەژنان ناوەرێت، سەگی لە سەگە، دەڵێی سەگی هاوشارە، سەگی هەڵەوەرە، سەگی هار تەمەنی چل ڕۆژە، سەگی بێ سوتاوە، بەخوا سەیە)، جگە لەمە ناوی سەگ لە زۆربەی جنێوەکانی مرۆڤ ناوی بەخراپە دەهێنرێت و وتراوە: سەگی سەگباب، سەگباب، سەی لەسە، هەڵبەت لە و ئیدیۆمەش هەر بەخراپە ناوی سەگ وەرگیراوە، لێرەش کە وتراوە لەگەڵ سەگ کەتۆتە چاڵ، مرۆڤ لە چاڵ بێت و هاونشینی سەگ بێت بەدڵنیایەوە زیانی دەبێت، لەبەر دوو هۆکار یەکەم: ئەگەری هەیە گازت لێ بگرێت و دووەمیش: لەبەر گڵاویەکەی، ئینجا ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێک دەوترێت کە لەگەڵ پیاوخراپێک کەوتبێتە مامەڵەیەکەوە یان کێشەیەکەوە دەوترێت: لەگەڵ سەگ کەوتۆتە چاڵەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/24/4 10:04:29 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1132

## لەگەڵ ماری دەچێتە کونەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220221210240405932



لەگەڵ ماری دەچێتە کونەوە
مار کورد هەر بە دوژمنی داناوە و وتویەتی: شەرعی ماریێ بەداری، کەچی لێرەدا ماری کردووە بە هەمنشین و دەڵێت: مرۆڤ ئەگەر خۆش مەشرەب و گوفتار شیرین و ڕووخۆش و میهرەبان بێت ئەوا دەتوانێت لەگەڵ ماریش بچێتە کونەوە وەکو وتراویشە: بە قسەی خۆش ماری لە کونێ دێنێتە دەروە ئاواش وتراوە: دەگە مارییە چیتە کونێ واتە توانای خۆ گونجانی هێندە باشە لەگەڵ هەمو کەسێک دەگونجێت و هەڵدەکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی


کاتی تۆمارکردن: 2022/21/2 9:02:40 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1133

## لەماڵی جوولەکە بخۆ، لە ماڵی مەسیحی بنوو

https://www.kurdipedia.org/?q=20220519194231414366



لەماڵی جوولەکە بخۆ، لە ماڵی مەسیحی بنوو
لە کوردستاندا مەسیحی و جوولەکە و موسڵمان بە یەکەوە ژیاون، هەر یەکە ئایین و پەرستشی خۆیان هەبووە و پەیڕەویان لێکردووە، جولەکە کە موسایی و یەهودی و جوو و ئیسرائیلیشیان پێ دەوترێت لە کوردستاندا دەوڵەمەند و خاوەن پیشەی بازرگانی و پیشەگەری و جومگەکانی کار و کاسیی بوون، بۆیە ڕزق و ڕۆژوویان زۆر بووە و خاوەن کار بوون، بەڵام مەسیحی و گاور و دیانەکان هەژار و خەڵکی بێ وەیی و سەلامەتبوون، ئەوە لایەنی ڕاستەقینەکەی ئیدیۆمەکەیە، بیروبۆچونێکیتریش هەیە دەڵێت: جوولەکەکان چۆنیەتی حەڵاڵ و حەرامی خواردن و خەتەنەی منداڵانیان وەکو موسڵمانەکانە، بەڵام لەڕووی ئاسایش و ئارامی سەلامەتیەوە جێی متمانە نین، هەرچی مەسیحیەکانن خواردنی مردارەبوو دەخۆن و منداڵەکانیان خەتەنە ناکەن، بەڵام لە ڕووی ئاسایش و ئارامی و سەلامەتیەوە جێگەی متمانەن، بەهۆی تاقیکردنەوە و ئەزمون و بیروباوەڕی کوردی موسڵمانەوە ئە و پەند و درکە و ئیدیۆمەی لێ پەیدابووە کە دەڵێت: لەماڵی جوولەکە بخۆ، لە ماڵی مەسیحی بنوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗆 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/19/5 7:42:31 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1134

**لەناو دەخوات، لەپەڕ دەخەوێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170808081908141936

لەناو دەخوات، لەپەڕ دەخەوێت
ئیدیۆمێکە بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت بەکەمترین ماندووبوون زۆرترین دەستکەوتی هەبێت و هیچ ئارەقەی نەڕشت بێت یان ئەزیەتی نەکێشابێت، هەڵبەت لەناو خواردن لە کۆڵ و ئاخوڕ و پەرێزدا بۆ ئاژەڵ واتە لەسەرگوڵ خواردن و مفت، لەپەڕ خەوتنیش واتە دوور کەوتنەوە و تەریکی پەزەکە دەخەوێت و هەم پشوو دەدات هەمیش لە گرفت بە دوورە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗆 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/8/8 8:19:08 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1135

**لەنێوان دوو نانی گەرمدا بێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20210224205338391723



لەنێوان دوو نانی گەرمدا بێت
وتراویشە(لەبەینی دوونانی گەرمدا بێت) لایەنی ڕاستەقینەی ئە و ئیدیۆمە ئەوەیە نانی گەرمی تازە داگیراو لە سێر گەرمە، ئینجا ئەگەر دوو نانی گەرم بخەیتە سەر یەک و لە نێوانیاندا شتێک دابنێیت، ماوەیەک دەبات تا ئە و شتە سارد دەبێتەوە، زۆرجاران هێلکەیەک خراوەتە ناو تیکەیەک یان پارووە نانێ یان نوردوویەک تاوەکو بەگەرم و نەرمی بمێنێتەوە دەدرایە خۆشەویستان.
کەچی لایەنی خوازراو لە و ئیدیۆمەدا(هەڕەشە)یە، زۆرجار کەسێک زوڵمێکی لێ دەکرێت لە و کاتەی پێ دەسەڵاتە یان بۆی نالوێت، ناگونجێت تۆڵە بکاتەوە، بەڵام قبوڵیش ناکات بە و زوڵمە و دەڵێت با لە نێوان دوو نانی گەرمدابێت یان دەڵێت(بابمێنێتەوە) کەواتە ئیدیۆمی لە نێوان دوونانی گەرمدا بێت مەبەست لێی هەڕەشە وگوڕەشەیەکە کە سارد نەبێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2021/24/2 8:53:38 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1136

## لەهەتاوێ نایگەیەنێتە سێبەرێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20210509220526393972



لەهەتاوێ نایگەیەنێتە سێبەرێ
هەتاو و سایە، بەر هەتاو واتە بەر تاوی تیشکی خۆر و سایەش واتە سێبەری تەنێک کە تیشکی خۆر دەگەڕێنێتەوە، بەر تیشکی خۆر و سێبەر زۆر لەیەکتریەوە نزیکن تەنها داوە موویەکیان نێوانە، ئەگەر بتەوێت لەبەر سێبەرەوە بچیتە بەرخۆر تەنها هەنگاوێک و جولەیەکی کەمی گەرەکە، ئەوە بووە بەئیدیۆم بەکەسێکی قسەگێڕەوە و نهێنی لەدەم گیر نەبوو دەوترێت هێندە دەم بەهاوارە ئەگەر نهێنیەکی پێ بدەیت لەهەتاوێ نایگەیەنێتە سێبەرێ واتە قسە لەدەمی گیر نابێت و زوو بڵاوی دەکاتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: PM 10:05:26 2021/9/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1137

**لەواشە بکرێت باشە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171119084430143266

لەواشە بکرێت باشە
لەواشە دوو دارۆچکەیە تووند لە لموزی ووڵاغە بەرزە و باربەردەبەسترێت بەتایبەت وەستای ناڵبەند بەکاری دەهێنێت بۆ ئەوەی لەکاتی ناڵکردندا ووڵاغە بەرزەکە قەپاڵ و گازی لێ نەگرێت، ئینجا لێرەدا بۆ کەسێک هیچ دەربەست و بەربەستی نەبێت یان زیادەڕۆیی لەکاردا بکات و ببێتە مایەی زیان و نیگەرانی بۆ خەڵک بەرقەوە ووتراوە پێویستە لەواشە بکرێت یان(لەواشە بکرێت باشە) واتە دەست و دەم و پێیەکانی ببەسترێتەوە چیتر پێ باکانە هەڵس و کەوت بە کەیفی گونی خۆی نەکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 8:44:30 2017/19/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1138

**لەوێرانەدا خەزێنە دەدۆزرێتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201129202822389892

لەوێرانەدا خەزێنە دەدۆزرێتەوە.
لەکوردستاندا بنەماڵەی باش و خراپ هەیە و بۆ بنەماڵە باشەکان و عالیمزادە و قۆناغ و خانەدانەکان و کوردەوارییەکان دەوترێت وەچاغزادەن یان وچاغیان ڕوونە، ئەگەریش کەس لەخانەوادەکە نەمایە دەیان ووت ئاگردانیان کوژایەوە یان وچاغیان کوێربۆوە، لێرەدا بۆ بنەماڵەیەکی ناپەسند و دەست ڕەش و تاڵانچی و حەلال و حەرام لێک جیانەکەنەوە، ئەوەی دەستیان بکەوێت حەلالە و ئەوەی دەستیان نەکەوێت حەرامە، هەندێجار لە و جۆرە خانەوادە کەوێرانن پیاوێکی مەزن و گەورە هەڵدەکەوێت و کوردیش بەئیدیۆمەوە دەڵێت(لەوێرانەدا خەزێنە دەدۆزرێتەوە) واتە لەبنەماڵەی خراپ پیاوچاکی باش هەڵدەکەوێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2020/29/11 8:28:22 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1139

## لەکەری تۆپیو دەگەڕێت ناڵی بکێشێتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200914192148387911



لەکەری تۆپیو دەگەڕێت ناڵی بکێشێتەوە.
کەر ئەگەر بایەخی پێ درابێت بەر لە تۆپینی ئەوا ناڵکراوە بۆ ئەوەی لەڕێگەوبانان سمەکانی پارێزراو بێت، ئە و ئاژەڵە لەکوردستان زۆر ئیدیۆمی لەسەر هاتووە چونکە ڕۆڵی گواستنەوەی ئاو وباراش و زەخیرە وباری جۆراوجۆری پێ سپێردراوە شێوەی ئۆتۆمبیلەکانی ئەمڕۆ، بەڵام گۆشت و شیرەکەی ناخورێت لە و لایەنەوە هیچ بایەخێکی پێ نادرێت بۆیە کە تۆپی و گیانی لەبەر برا هیچ کەڵکێکی نامێنێت جگە لە دوور خستنەوەی لەئاوایی تاوەکو بۆنی کەلاک و گەنیوویەکەی ژینگەی ناومالان تێک نەدات، بۆ بەرماڵان دەیانگواستەوە و دەبووە کەلاک و سەگ و گۆشتخۆرەکانیتری تێوە دەئاڵا و بۆ چەند ژەم و ڕۆژێک دەخوراو و دەبووە ئێسکە پەیکەرێکی ڕووت.
ئەوە لایەنە ڕاستەقینەکەی، وەکو ئیدیۆمیش بە کەسێکی بێ غیرەت وهیچ وپوچ و فرسەت قۆستنەوە ودەرفەت حیزدەوترێت کە لەشتی زۆر کەم و بێ کەڵک و بۆگەنی و تالانی بگەڕێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code


🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2020/14/9 7:21:48 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1140

## ماچی ئاغاژن بەشەرتە شوانی حەساب ناکرێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20220126120132402830



ماچی ئاغاژن بەشەرتە شوانی حەساب ناکرێت
شەرتە شوانی و حەقە شوانی لە کۆندا بۆ ئە و کوڕیشکە بووە کە شوانی مەڕ و ماڵاتی بۆ خاوەن مێگەل کردووە، ئینجا شوانیەکەی چ وەرزێک چ ساڵێک یان تا حەوت ساڵ بێت، حەق و شەرتە شوانی جار هەبوو کاریلە و بزن و بەرخ بووە لەگەڵ جل وبەرگ و خواردن، بە و دوایانەش دراو و پارەی تێکەوت، ئینجا لەماوەی شوانکارەیی تیکەڵ بوون لەگەڵ خاوەن مێگەل روویدەدا، وەک یەک خێزانیان لێ دەهات و هەندێک خاوەن مێگەل وەکو کوڕی خۆیان سەیریان دەکرد و جار هەبووە کردوویانە زاوای خۆیان و کیژێکیان پێداوە، هەندێجاریش ئاغاژن دەستی لەگەڵ تێکەڵکردووە و ماچ و موچ و ڕاموسانیشی بەدواوە هاتووە، بەڵام ئەمەیان بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین بووە و هیچ پەیوەندی بەشەرتە شوانی و حەقە شوانییەوە نەبووە، ئینجا ئەگەر شوانەکە مافەکەی خۆی تەواو پێ نەدرابوایە و ئە و حاڵەتش زووتر درک پێکرابێت وتراوە(ماچی ئاغاژن بەشەرتە شوانی حەساب ناکرێت) هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمەش بەباریتر ووتراوە(سەد خورما و ڕوون جێگەی یەک قەرز ناگرێتەوە یان سەد هێلکەڕوون جێگەی یەک قەرز ناگرێتەوە یان سەد بەرتیل جێگەی یەک قەرز ناگرێتەوە، ماچی ئاغا ژنیش هەر وەکو ئە و خورما و ڕوون و هێلکە و ڕوونەیە، بەدیاری ئەژماردەکرێت و حەق هەر لەشوێنی خۆی دەمێنێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/26/1 12:01:32 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1141

## مار لە کونی خۆی دەرنایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20201201153202389907



مار لە کونی خۆی دەرنایە
مار لە وەرزی سەرماوسۆڵەی زستان دەچێتە قۆناغی متبوونەوە و تا ساردی زستان دەڕوات و تەزووی گەرمی مانگی ئادار دەست پێ دەکات ئە و هەر لە کونی خۆیدا بە متبوویی دەمێنێتەوە، بەرۆژێکی سار و سڕ و شەختە و زوقمی زستان دەوترێت هێندە ساردە(مار لەکونی خۆی دەرنایە) .[1].

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/1/12 3:32:02 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1142
## مار هەیە ژەهرەکەی شیرین بێت؟!
https://www.kurdipedia.org/?q=20181022094616159385



مار هەیە ژەهرەکەی شیرین بێت؟!
لەڕووی زانستیەوە دەوترێت ژەهر ڕێژەی ئەنسۆلین لە خوێندا زیاد دەکات واتە شەکر بەرز دەکاتەوە، لە ناو خەڵکیش وەتراوە وەک ژەهری مار تاڵە، یان وەی ژەهر، هەموو ئەمانە بۆ ئەوە دەوترێت ژەهری مار مەترسیدارە و جێی متمانە نیە چونکە هیچ مارێک ژەهرەکەی شیرین نیە، بۆیەش وتراویشە(شەرعی مار بەدار) یان(نابێت ماری تەزیوو بخەیتە باغەڵتەوە بۆ گەرم بوونەوە) چونکە هەر گەرمی بۆوە پێوەت دەدات و هیچ ژەهرێکی ماریش شیرین نیە و هەر ژەهرە، ئەمە زیاتر بۆ خەڵکانێک بەکاردەهێنرێت کە جێی ترس و دڵەڕاوکێ و مەترسی بن و متمانەشیان نابێت پێ بکرێت بۆ ئەوەی متمانەیان پێ نەکرێت لە ئیدیۆم و دەربڕی کوردەواریدا بەپرسیارەوە دەوترێت(مار هەیە ژەهرەکەی شیرین بێت؟!) واتە نەخێر نیە و ئاگات لەمار و ئە و کەسانە بێت کەخاسیەتی ماریان هەیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/22/10 9:46:16 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1143
## مارکاژی فڕێ دەدات، خوی فڕێ نادات
https://www.kurdipedia.org/?q=20201019231218389180



مار کاژی فڕێ دەدات، خوی فڕێ نادات.
مار، زیندەوەرێکی خشۆکە و بەددانەکانی ژەهردەخاتە خوێنی نێچیرەکەی، کاژ،
واتە:کراسەمار بەگوێرەی تەمەنی فڕێی دەدات کە بچوکە بە شەش مانگ جارێک
دەیگۆڕێت و کە بەرە و ساڵ دەچێت دەبێتە ساڵانە بە و شێوەیە کاژەکەی دادەماڵێت و
کاژێکی نوێی ڕەونەقداری تازە دەپۆشێت، بەڵام خووەکەی واتە ئەدگار و خاسیەتەکەی کە
گازگرتن و گەستن و ژەهر ڕووکردنە ناو جەستە و لاشە و خوێنی نێچیر و ناحەزەکەی وەکو
خۆی دەمێنێتەوە، ئەوە لایەنی ڕاستەقینەکەیەتی، وەک ئیدیۆمیش بەکەسێک دەوترێت کە
لەناخدا کەسێکی خراپ و بەدکردار و قین لەدڵ و گون لەژگ و مەترسیدار و دوژمنکار و
خونخۆر بێت کەچی لەڕووکار و ڕواڵەت بەشێوازێکی ڕێک و پێک و جلوبەرگێکی ڕەونەقدار
دەردەکەوێت، هەرچەندە ڕواڵەتیان بگۆڕێت بەڵام خوو و تایبەتمەندیان وەکو خۆی
دەمێنێتەوە، بۆیە بە ئیدیۆمەوە بە و کەسانە دەوترێت(مار کاژی فڕێ دەدات، خوی فڕێ
نادات)[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 10/19/2020 11:12:18 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1144

## ماران گاز لە خشکەی قەلقەلاشکێ دەترسێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20180621104719151990



ماران گاز لە خشکەی قەلقەلاشکێ دەترسێ
قەلقەلاشکە: درکە کنگر(کەنگر) ڕووەکێکی بەهاریە لاسکێکی ناسکی هەیە و مرۆڤ
دەیخوات بە چێشتی(ترش و زەردکردن و کنگرکەباب سوری دەکاتەوە تێکەڵی ئاردی دەکات
بۆ ئەوەی جوان سوور ببێتەوە کەنگر کەبابێکی باشی لێ پەیدابێت) بەڵام ئەوەی کە مرۆڤ
هەڵیناکێشێت درکێکی گەورەی لێ دەرسکێت وئینجا کە بەهار کۆتایی هات ئەویش وشک
دەبێت و درکەکە لە برکی دەبێتەوە و با لەگەڵ خۆی بەناو شیوەرۆکان دەیبات و لەشەواندا
دەنگی خلۆربوونەوەکەی وەک خشپەی مار و مێروو و گورگ و چەقەڵ و پیاوی دزە، ماران
گازیش: کەسێکە مارگەستبێتی و یان گەزەی لێ گرتبێت واتە کەسێک مارپێوەی دابێت، ئە و
پێوەدانە هێندە بەئازارە وا دەکات هەمیشە ئەوەت لە بیر بێت بۆیە ئەگەر کەسێک بەهەر
هۆیەکەوە زیانێکی بەرکەوتبێت و لە ترسی دووبارە بوونەوەی زۆر بە وورپاییەوە مامەڵە
دەکات و گوێ بۆ دەنگی با و قەلقەلاشکیش هەڵدەخات بۆیە بە درکەوە دەوترێت ماران گاز
لە خشکەی قەلقەلاشکیش دەترسێت.
تێبینی: قەل قەلاشک بە قەڵە ڕەش و قەلەباجکەش دەوترێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 10:47:19 2018/21/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1145

**مار-ان گاستە لە گوریس-یش سڵ دەکات**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190306082955280187



ماران گاستە لەگوریس-یش سڵ دەکات
وتراویشە(ماران گاستە لە خشکەی قەلقەلاشکیش دەترسێت) گوریس کە لەمووی بزن دروستکراوە و هەندێجاریش خوری مەڕی تێکەڵکراوە و ڕەنگەکەی بە شێوەیەکی گشتی ڕەش بوو هەندێجار ڕەنگی دەبووە بەڵەک و سپی تێکەڵ دەبوو، بۆ بەستانەوەی بار و کاوکۆت وپەتکردنی وڵاغ بەکارهاتووە، ئە و کەسەی مار رۆژێک لەرۆژان پێوەی دابێت کە بیبینێت لێی دەترسێت چونکە یەکەمجار شێوەی لە شێوەی مار دەچێت، ئەگەر کەسێک بەهۆی شتێکەوە دووچاری زیان هاتبێت ئەوا بە بینینی هاوشێوەکەی ترس دایدەگرێت هەربۆیەش کورد وتویەتی(ماران گاستە لە گوریس-یش سڵ دەکات).

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:29:55 2019/6/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1146

**ماری مارخۆریش هەیە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220516231457414156



ماری مارخۆریش هەیە
مار: زیندەوەرێکی خشۆک و سامناک و کوشندە و ژاراویە، گۆشتخۆرە، جۆراو جۆرە لە سروشتدا، کورد زۆر ئیدیۆمی لەسەر هێناوەتەوە وەکو: بەزمانی خۆش مار لە کونێ دێتەدەرەوە، دەستی خۆی نییە و ماری پێ دەگرێت، ماری کلک قرتاو، کلکی بیرناچێتەوە، خوا رۆژی بەماری سرِ نیشان نەدات، خوا پێی بەماری نەدات...تاد)، لێرەدا ماری مارخۆریش هەیە هاوشێوەی ئیدیۆمەیە کەدەڵێت:(هەموو زاڵمێک زەواڵێکی هەیە)، ئەوانەی زاڵمن و مەترسین بۆ سەر خەڵک و زیان بە خەڵکی دەگەیەنن وەکو مارەکان، ئەوا بۆ ئەوانیش زەواڵ و ملۆزمی خۆی هەیە بۆیە بە رێنوێنیەوە دەوترێت: ماری مارخۆریش هەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/16/5 11:14:57 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1147

## ماری کلک قرتاو، کلکی بیرناچێتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220516231720414157



ماری کلک قرتاو، کلکی بیرناچێتەوە
مار یەکێکە لە و زیندەوەرانەی زۆرترین جار کلکی قرتێنراوە، لەگەڵ ئەوەی مار بە دوژمنی مرۆڤ دانراوە، بەڵام ئەویش دوژمنی زۆرە مرۆڤ و حاجی لەقلەق و باڵندە گۆشتخۆرەکان باشترین مێملی مارەکانن، مار کە بەخێرایی و تێژرەوی دەرەوات بۆ دەربازبوون لە نەیارەکانی، کەچی لەلایەن ئە و دوژمنانەی زۆربەی جار کلکی بە زەبرێک دەپچرێنرێت چ لە کاتی ڕاکردنی چ لە کاتی چوونە کونەوە کلکی دەقرتێنرێت، مار لەکاتی شەڕدا لەسەر کلکی دەوستێت و بۆ خێراکردنیش زۆر پشتی پێ دەبەستێت، لە دەستدانی کلک بۆ مار زۆر نیگەرانی دەکات هیچ شتێک شوێنی بۆ پڕ ناکاتەوە، بۆیە ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ زیانگەندنی کەسێک بە کەسێک و دوژمنداری لێ بکەوێتەوە کەس لە بیری ناچێتەوە و وەکو مار هەر لە بیری تۆڵەکردنەوەدا دەبێت بۆ ئە و حاڵەتە بەڕێنوێنی و ئامۆژگارییەوە ووتراوە: ماری کلک قرتاو، کلکی بیر ناچێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📑 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: PM 11:17:20 2022/16/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1148
## ماره بەجاش
https://www.kurdipedia.org/?q=20171213081459143481



ماره بەجاش- ماره بەجاشی پێکراوه
پیاوێک ئەگەر شەیتان بهاتبایە کەڵلەیی و زەفەری پێ ببردبایە یەکسەر لەکاتی تورەبوون تورەیی وەک رەشەبا بیری دەکوژاندەوه و سێ بەسێ ژنەکەی تەلاق دەدا، لەکاتی ساردبوونەوه و خاوبوونەوه بە هەردوو لەپی گوی دەخوارد و پەشیمان دەبۆوه، چونکە ئەم نیعمەتەی تازە لێ حەرام وپاساغ بووه و جگە لەوەی 2بۆ سێ منالی چاوگەشیشی لە ژنەکە هەیە و ماڵ و منال و کاروباریشی پەکی دەکەوت، بەڵام تازە کارلەکارترازاوه و چارەی نەماوه و، بۆیە دەچووه لای مەلای گوندی و حالی خۆی بۆ بەیان دەکرد، مەلاش(حیله شەرع)ێکی بۆ دەدۆزییەوه لەیەکێک لەئایەتەکانی سورەتی بەقەرە و ژنەی دەهێنایەوه ژێر نیکاحی، بەڵام لە و حیلە شەرعیەدا یان کورە مەلا یان شوانەوێڵە وگاوانێک یان کەسێکی کەوودەن و دەبەنگ و گێڵۆکە و لاپرەسەنگ ودۆشاو بەگون و هەپرە گون و حولحولیەک نانی دەکەوتە روونەوه و شەوێک دەیانخستە پاوانەوه و باروبارخانەی دەخست و تا رۆژ دەبۆوه وەک سابرێنی تولکن وگای بوغە و بنە مرقە مرق و مشەمش و گژۆ گژۆ و پەرین و ترپینی خۆی لە و پاوانە قەدەغەکراوەی پێشوو، بەرەڵاکراوەی ئەوە شەوە دەدیت، دانگە لەوەرێکی باشی دەکرد کورد گوتەنی(نان و گان)ی بەلاش و لەمشە بوو، پێناچێت زیندەخەوی لە و شێوەی جارێکیتر بۆ دووبارە ببێتەوە، بۆ بەیانیش ژنە دەبۆوه پاوانێکی قەدەغەکراو لە کابرای کەوودەن و دەبوایە سێ بەسێ تەلاقی بداتەوە بۆ خاوەنەکەی، ئینجا هەموو ئەمانەش بەمەراسیمێکی ئاشکرا و نهێنی بەرێوە دەچوو بەکابرای حازرەکی دەوترا(جاش) و بەژنەی لێقەوماویش دەوترا(ماره بەجاشی پێکراوه).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📑 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: AM 8:14:59 2017/13/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1149
## مازووچنی کون لە پاشۆڵ
https://www.kurdipedia.org/?q=20181022094156159383



مازوو چنی کون لە پاشۆڵ
مازوو دارێکە و بەرهەم دارە، پاشۆڵ واتە چارۆگە و تورگەی بەشان و کۆڵەوە، ئەگەر پاشۆڵی چارۆگە کون بێت مازووی هەموو کوردستانی بخەیتە نێویەوە پڕ نابێت، ئەمە بەیەکێکی ڕەنج بەخەسار دەوترێت، یان کەسێکی رسق سوار و بێ(تاڵح) و نان بەدۆ ڕانەگەیشتوو، ماڵداریکردنێک بێ کابان و کەیبانوو، زۆر کاسب و زۆر کێخوا دەکات هیچ سەروەت و سامانێک پاشەکەوت نەبێت بۆ هەموو ئەمانە بەدەربڕی کوردەواریەوە دەوترێت(مازوو چنی کون لەپاشۆڵ)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] 🅺 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 10/22/2018 9:41:56 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1150

## ماست نییە بەلێوتەوە دیار بێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20200919110015388040



ماست نییە بەلێوتەوە دیار بێت
ماست بەرهەمی شیرە ئەگەر بەرێک وپێکی نەخورێت بە لێوەوە دیار دەبێت، چونکە ڕەنگەکەی سپییە ولینجیشە دەتوانێت خۆی بلکێنێت بەسەر دەم و لێو و لچ و سمێڵەوە، ئەوە لایەنە ڕاستەقینەکەی لایەنی ئیدیۆمەکەی ئەوەیە کەسێک چاکە و پیاوەتی و هاوکارییەکی باشی بکرێت کەچی ئە و خۆی لە و هاوکاری و یارمەتیدانە بدزێتەوە و هاشای لێ بکات و پێی نەزانێت بەتەوسەوە ئە و کەسەی هاوکاریکردووە یان دەستی گرتووە دەڵێت(خۆماست نییە بەلێوتەوە دیاربێت) واتە چاکە دوای ئەنجامدانی دیار نابێت تەنیا ئە و کەسەی چاکەکەی لەگەڵ کراوە خۆی دەبێت ئاماژەی پێ بکات، ئەگەرنا وەکو ماست نییە کە بەدەم و لێوەوە بنوسێت بۆیە ئەوە بووە بەئیدیۆم و بە و کەسانەی چاکەیان لەچاو نییە دەوترێت(ماست نییە بەلێوتەوە دیار بێت).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/19/9 11:00:15 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1151
## ماستی بواری، ئاوی ڕووباری
https://www.kurdipedia.org/?q=20200901133509387361



ماستی بواری، ئاوی ڕووباری
کوردەواری هەندێجار بە وەرزی(بەهار) دەڵێت(بوارە یان بوهارە) ئینجا لە بەهاراندا بەتایبەت لە گورە و نێرینەی بوارێدا پاوان پرییەتی لە گژوگیا وگوڵ وگوڵزاری بۆندار ولەوەڕی زۆروبۆر، کە بۆنی زەبەند وگیابەند دەماردەمار دەچێتە ناو لوتی شوانکاران و مەڕومەڵات تەنها لە و بۆنە تێردەخۆن، هەموو ئاژەڵێکی ماڵی وەکو(بزن و مەڕومانگا) بەهۆی تێرگیاخواردنەوە، گوانیان پڕە لەشیر و(ئەوەی چویتە بن ددانیان چویتە ناوگوانیان) لێرەدا بەرهەمی شیرەمەنی زۆر زۆر دەبێت، شیری مەڕومالآت ئەوەندە زۆر دەبێت وەکو ئاوی ڕووبارانی لێ دێت بۆیە دەوترێت(ماستی بواری، ئاوی ڕووباری) واتە وەکو ئاوی ڕووباری زۆرە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/1/9 1:35:09 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1152
## ماسی گرتن و قون تەڕنەکردنیان نەگۆتیە
https://www.kurdipedia.org/?q=20180929102830156591

ماسی گرتن و قون تەڕنەکردنیان نەگۆتیە
ژینگە و نشینگەی ماسی ئاو و دەریاچە و گۆم و ڕووبار و زەریاچە و دەریایە، ئەوەی بیەوێت ڕاوی بکات ئامێری پێشکەوتوشی پێ بێت هەر دەبێت لەش وجەستەی بەتایبەتی گەروقونی تەڕ بێت، چونکە ئەگەر بتەوێت ماسی بگریت دەبێت قون تەڕبونیش هەڵبژێریت، کاتێک ناتەوێ ئە و تەربوونە ڕووبدات تۆش ڕاوکەری ماسی نیت و ناتەوێ ماسی بگریت، ئینجا با بێین بزانین بۆ وەک ئیدیۆم بەکارهاتووە مەبەست لە و دەربڕینە کوردەوارییە چییە، مەبەستی سەرەکی ئیدیۆمەکە ئەوەیە هیچ کارێک بێ ماندبوون و قوربانی ناکرێت ئەگەر ئە و قوربانیە بچوکیش بێت بۆ ئاستی قون تەڕ بوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/29/9 10:28:30 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1153
## ماسی لەسەریەوە بۆگەن دەبێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20170507081250139531



ماسی خۆراکێکی بەتام وچێژە مرۆڤ لە زووەوە دەیخوات و لەهەندێ ناوچە بووە بە خۆراکێکی سەرەکیش، خاسیەتی ماسی وایە دوای مرداربونەوە یان گیان لەدەستدانی بەر لەهەموو شوێنەکانی بە ریشووەکانیەوە دەزانرێت ماوەی گیان لەبەر بڕانەکەی چەندە و بەمەش گەنیوی ماسیەکە دەردەکەوێت، ئەم حاڵەت و خاسیەتەی ماسی بووە بە پەند وئیدیۆم لەکوردەواریدا ووتراوە(ماسی لەسەرەکەیەوە گەنیو دەبێت) هاوشێوەی پەندی(ئاوەکە لەسەرچاوەکەیەوە لێڵە)ی لێهاتووە واتە ئەگەر گەورەکان کاروبارەکانی خۆیان بەراست ودروستی بکەن ئەوا هەرگیز خەڵکی رەمەکی و رەشۆکی گەندەڵ نابن و ئەوانیش چاو لەسەرووی خۆیان دەکەن، هەڵبەت پەندە کوردیەکان لە بواری سیاسیشەوە دەتوانرێت بەکار بهێنرێت وەک ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستانی باشوردا دەگوزەرێت ماسیەکە لەسەریەوە گەنیو بووە، دواتر تەنیوەتەوە بۆ چین و توێژەکانیتر.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/7/5 8:12:50 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1154
## ماسی هەر کاتێ لە ئاوێ دەرهات تازەیە
https://www.kurdipedia.org/?q=20190114070005198834



ماسی هەرکاتێ لە ئاوێ دەرهات تازەیە
ژینگەی(ماسی) ناو ئاوی ڕووبار و دەریاچە و گۆم و دەریا و زەریاکانە، ئەگەر لە شوێنی ژیان و چاوگەی خۆی کە ئاوەکانە دەرهات ئەوا بەشتێکی تازە و نوێ دادەنرێت، زیاتر ئەم ئیدیۆمە بەکاردێت بۆ بایەخی شتێک یان کەسێک یان بەرهەمێک یان رزقێک بۆیە دەوترێت ماسی هەرکاتێ لە ئاوێ دەرهات تازەیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2019/14/1 7:00:05 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1155

## ماسی و میوان مانەوە بۆگەن دەبن

https://www.kurdipedia.org/?q=20190306083640280188



ماسی و میوان مانەوە بۆگەن دەبن
وتراویشە(کش کش مریشکە ڕەشە میوان جارێک و دوان خۆشە، یان شەوێک و دووان خۆشە) میوان خۆشەویستە و جێگەی دڵخۆشی خانەخوێ-یە کەچی شەوێک و دوان خۆشە، ماسیش چەندە جوان و خۆش و بەتامە کەچی شەوی یەکەم نا شەوی دوووەم بە ڕاستەقینەیی بۆگەن و گەنیوو دەبێت و شەوی سێیەم بۆنی گەنیوەکەی وات لێ دەکات دەست بەلووتەوە بگریت، دوو شتی جوان و جێگەی دڵخۆشی بۆ ڕۆژی سێیەم هەم ناشیرین و هەمیش بۆگەنی دەبن، بۆیە ئەم ئیدیۆمە ڕاوێژکاری و ئامۆژگاری و ڕێنوێنی یە بۆ تێکرای مرۆڤایەتی کە زۆر مانەوە لای دۆست و ئەحباب پەسند نی یە هەرچەندە شیرین و جوان و لەبەر دڵان بیت بەمانەوەی زۆر بێ زراو و گەنیو دێیتە بەرچاوان.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2019/6/3 8:36:40 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1156

## مانگ شەوقی خۆی هەر دەدات هەرچەندە گورگ بلورێنێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20190307063152280193



مانگ شەوقی خۆی هەر دەدات هەرچەندە گورگ بلورێنێ
وتراویشە(بەمانگەشە و وەڕینە)یان بەشێوەیەکیتری هاوشێوە وتراوە(کاروان دەڕوا و سەگیش دەوەڕێت) دیارە تریفەی مانگە شە و بە لوراندنی گورگ و وەڕینی سەگ ناکەوێت و شەپۆلەکانی تریفەکانی دڵ و دەروون ئارام و پڕبەخشندەیی و هێمنایی دەکات و دڵ و دەروونی یاران و دۆستان وەک ئاوی دەریا و زەریاکان بۆخۆی کێش دەکات، بۆ ئەمەش وتراوە(دەریا بە دەمی سەگ گڵاو نابێت) واتە شتی جوان و ڕەسەن و پڕ بایەخ بە قسە و قسەلۆک و توانج و تەشەر هیچی لێ کەم نابێتەوە، وەک وەڕین و لوراندن بەرامبەر شەوقی مانگ.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📚 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 6:31:52 2019/7/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1157

## مانگا مرد و دۆ برا

https://www.kurdipedia.org/?q=20171214084019143510

مانگا مرد و دۆ برا
منالان کە لەیاریەک تەواو دەبوون بەیەکەوە بە هاوارەوە دەیان نگوت(هەرکەس بۆ ماڵی خۆی تەنەکە بە قوزی داکی خۆی) یان کەشۆڕشێک دەتوایەوە یان دووچاری نسکۆ دەهات دەیانووت ئاشبەتاڵی لێکرد یان ئاشتبەتاڵ کرا، مانگ مردوو دۆبرا-ش واتە هیچ نەما یان کۆتایی هات یان نانمان برا چونکە لە بنەڕەتدا لەسەر بەرهەمی مانگاکە و بەشیری و بەرهەمەکانی خاوەن ماڵ و خەڵکەکە لەوەڕاوە، تۆ سەیری نەوت فرۆشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکە لە دوای شازدەی ئۆکتۆبەری 2017 هەست دەکەیت ئە و ئیدیۆمە دەڵێی بۆ ئە و کابینە ژمارە هەشتەی هەرێم دانراوە، مانگاکەیان مرد و دۆکەشیان برا.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان
[1] 📚 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 8:40:19 2017/14/12

بابەت: 1158

## ماویلی هێسکێ فیلی

https://www.kurdipedia.org/?q=20220226204208406388



ماویلی هێسکێ فیلی
جەستەی مرۆڤ بە گوێرەی ئێسکەپەیکەریان کورت و درێژ و خڕیلە و تێکسمڕا و تێک چەقیوو و کەتەزەلام و زڕتە زەلام و چوارشانە و سینگە تەڵە و زەرگە و....تاد، دیارە لە دەوروبەری رواندزێ خزمانی گوندی ماویلیان شان و شەوکەتیان گەورەیە و پیاوی جەستە تۆکمە و بەهێزیان هەیە و ئەوەش بووە بە ئیدیۆم و دەوترێت: ماویلی هێسکی فیلی واتە: تۆکمە و مەتین و پتە و و بەهێزن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/26/2 8:42:08 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1159

## ماینت هەرجوانی بێت ژنت هەر بووک بێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20171126095801143325

ماینت هەرجوانی بێت، ژنت هەر بووک بێت
ماین هەر بە جوانوویی نامێنێتەوە و ژن هەر بە بووکی نامێنێتەوە بەڵام لێرەدا خوازراوە ماین ئەگەر تێر ئالیک و ئاخوڕی باشی هەبێت و کورتان و تەویلەی باشی بۆ دابین بکرێت هەر بە جوانوویی دەمێنێتەوە، ژنیش ئەگەر پۆشتە و پەرداخ بێ و جل وبەرگی باش و لەدەرو هەیوان و خانووی باش بێت هەر وەک بووک گەش و جوان دەبێت، ئینجا ئەم ئیدیۆمە شێوەی نزا و پاڕانەوەیە بۆ دوارۆژی خێر بێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/26/11 9:58:01 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1160
**ماکەری ئابڵاخە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171114090340143175
ماکەری ئابلاخە
ئابڵاخ دێیەکی رۆژئاوای پارێزگای سلێمانی بوو ئێستا تێکەڵ بە شار بووە، دیارە ماکەرەکانیان دەستەمۆ و دەستە پاچە و بەگوێکەر بوون و هەرچیەکت لێ بار بکردنایە دەیانبرد و گوێی خۆیان شۆڕکردۆتەوە ئینجا لێرەدا بە مەبەست بەکاردەهێنرێت بۆ کەسێک کە زۆر بە گوێکەر بێت و هەرچی لێی باربکەی ملی خۆی شۆڕدەکاتەوە ڕێگە دەگرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولآت: ⬇ باشووری کوردستان
ولآت: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/14/11 9:03:40 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1161
**ماکەری بارە تەماتە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170729082002141616
ماکەری بارە تەماتە
ئەم ئیدیۆم و درکەیە لە کوردەواریدا بەکاردەهێنرێت بۆ کەسێک کە بەهیچ جۆرێک مل بادانی نەبێت و بە هەموو شتێک رازی بێت لەگەڵ ئەوەشدا شان و شەوکەتێکی باشیشی هەبێت وەک ئە و ماکەرەی کە تەماتەی لێ باردەکرێت و گوێ و ملی خۆی شۆڕ دەکات و ڕێگە دەگرێت و هیچ تێ هەڵچلیکانێکی نەبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولآت: ⬇ باشووری کوردستان
ولآت: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ⇦ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: AM 8:20:02 2017/29/7
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1162

## ماکەری بەتەڵەب

https://www.kurdipedia.org/?q=20220424225703411411



ماکەری بەتەڵەب
بەتەڵەب یان بەفاڵ بە ماکەر و ماین دەوترێت کاتێک کە ئارەزووی نێرەکەر و ئەسپ دەکەن، ماکەر کە بەتەڵەبە زۆر بەباشی لەڕواڵەتیدا دەردەکەوێت، وەک بە ئاڵوشی و بەشکردنەوە و پرتەپرتی ئەندامی زاوزێی و قەوچەقوچ و دەم بەیەکداادن و بەرزکردنەوەی پاشەڵی و جووتە هاویشتن و زوو زوو میز کردن هەموو ئەمانە دەرکەوتەکانی بەتەڵەبوونی ماکەر وەدەردەخەن بۆ نێرەکەر، بۆیە نێرەکەر بە و دیمەنە دەست دەکات بەزەڕەزەڕ و دونیا دەکاتە بەهار لەچلەی هاوین و زستانی، ڕیک لە کۆمەڵی کوردەواری ئە و بارودۆخەی ماکەر و بەتەڵەب بوونەکەی بووە بە ئیدیۆم و بەژنێک یان کچێکی هاروهاج و بێ شەرم و بێ ئابڕوو یان ئەوانەی نیشانەکانی حەز لەمێردیان بە ئاشکرا دەردەکەوێت بەتەوس و رق و ناشیرینیەوە و هەیندێجاریش بە گاڵتە وگەپەوە دەوترێت: ماکەری بەتەڵەب.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ⇦ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: PM 10:57:03 2022/24/4
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1163

## ماکەری مایننگێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20171122092720143300

ماکەری مایننگێ
بەکەسێکی بێ کەڵکی تیابەستە نەبوو دەوترێت کە پشت بە فرت وفێڵ و هەڵپەرستی و فرسەتی حیز ببەستێت بۆ ئەنجامدانی کارێک هەرچەند نێر بێت بەڵام خاسیەتی ماکەری هەبێت بۆیە دەوترێت هەی(ماکەری مایننگێ).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 𐑮 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/22/11 9:27:20 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1164
**ماڵ بۆ خۆی نەبێت میوانیشی هەبێت**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180929102542156589
ماڵ بۆ خۆی نەبێت میوانیشی هەبێت
ماڵ لێرەدا واتە خێزانێک نیشتەجێی خانوبەرەیەک بێت، ئینجا بۆ خۆی نەبێت واتە سەدان کەموکوڕی و گرفت و نەبونی و بێ حاڵی و دەستکورتی و نالەباری ژیان و بژێویان هەبێت و پێداویستیەکانی خۆیانیان پێ دابین نەکرێت لەخواردن و خواردنەوە و پۆشین و شوێنی خەوتن، ئینجا سەرباری ئەمانەش میوان روویان تێ بکات بە و حاڵەتە دەوترێت(ماڵ بۆ خۆی نەبێت، میوانیشی هەبێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 𐑮 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/29/9 10:25:42 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1165
**ماڵ سوتاو بە ماڵ دەبێت، سکەڕۆ بە ماڵ نابێت**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220519195428414370



ماڵ سوتاو بە ماڵ دەبێت، سکەڕۆ بە ماڵ نابێت
پێکهێنانی خێزان و دروستکردنی خانووبەرە و دابینکردنی شت و مەک و کەل وپەلی ناوماڵ ماوەیەکی زۆری پێویستە تا دادەنرێن، ئینجا ئەگەر کەسێک ماڵی بسووتێت هیچ کەل و پەلێکی بۆ دەرناچێت و نامێتەوە، دێتە سەر ساجی عەلی و هەژار دەکەوێت و پێی دەوترێت: ماڵ سووتاو، بەڵام ئەوەی(سکەڕۆ) بێت، واتە: کەسێک هەر بایەخ بە دەم و خواردن و وورگی بدات و نەوسن و چڵێس و چاوچنۆک و تێرنەخۆرە و چڵ وچەورە و سکەڕۆ بێت تەنها بایەخ بە پڕکردنی ورگ و سکی بدات، پارە و سەروەت و سامانی هەموو دونیای پێ بدەیت ئەوا هەر تێر نابێت، بەمەشەوە ناتوانێت ماڵ دابنێت، بەڵام ماڵ سووتاوەکە دەتوانێت سەر لەنوێ ماڵ دابنێتەوە چونکە بڕوای بە ئیرادە و خۆگری و دانپێدانان هەیە، ئە و حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم و بە خەڵکی چڵێس و نەوسن کە هەر خەریکی وورگی بێت و هیچ پاشەکەوت نەکات بەتەوس و گاڵتە و قینەوە دەوترێت: ماڵ سووتاو بە ماڵ دەبێت، سکەڕۆ بە ماڵ نابێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/19/5 7:54:28 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1166

## ماڵ لە و هەوارە نەمایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20201201153903389908



ماڵ لە و هەوارە نەمایە
کوردەواری و ڕەوەند و کۆچەری کوێستان و گەرمیانیان دەکرد بۆ بەخێوکردنی مەڕوماڵاتەکانیان، بە و دوایيانەش کە نیشتەجێبوون لە ئاوایی و گوندەکان هەواری زستان و هاوینەیان هەر جیابوو، چالاکی کۆچ وکۆچباری کورد هەر بەردەوام بووە و هەر ڕۆژەی هەوار لەجێیەکی هەڵدرایە، وارێک کەوتووە ئەورۆ بەیانی لە هەوارەکی بوون و تاق و دوای نیوەڕۆکەی لە هەوارێکیتر بوون، ئینجا ئە و کۆچ و کۆچبارە لە کوردەواریدا بووە بە ئیدیۆم دەگوترێت(ماڵ لە و هەوارە نەمایە) واتە ئاگادار نیت کە دونیا گۆڕاوە ڕێسا و یاسای تازە هاتۆتە کایەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2020/1/12 3:39:03 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1167
**ماڵان گەڕە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170923134627142691
ماڵان گەڕە
لەکوردەواریدا هەندێ جار گەڕۆکی سنوری خۆی ببەزێنێت دەبێتە خووەکی ناشیرن، ئە و ئیدیۆمە بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت کە کەم لەماڵی خۆی دابنیشێت و بەردەوام لەماڵانە و کەم خانەخوێیە هەر میوانی ماڵی خەڵکیە و کە دەچێتە ماڵەکەیەوە لەماڵ نیە و بە و خاوەن ئەدگارە دەوترێت فلانە کەس ماڵان گەڕە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2017/23/9 1:46:27 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1168
**ماڵیان گانی لێ دەتکێ**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171230095401143657
ماڵیان گانی لێ دەتکێ
تکان: دڵۆپە هەنگوین بەشانەوە بکەوێتە خوارەوە، دڵۆپە ئاوی لاپاڵ و بن گەوری شاخان، حەزی مێینە بۆ سەرجێی و تکەی شوێنی شەرمی وەک لیکی زاران لە حەشیمەتی هەناری ترش و پەرسیلە، ئەگەر ماڵێک مێینەیان زۆر بوو پێیان دەوترێت(ماڵی ونس پربوو لە قوز) ئەگەر ئە و ماڵە کچە عازەبی حەز لەمێرد و بێوەژنی تەڕ و ژنی خۆش مەشرەب و یاران و دڵتەڕی پەنجە بەخەنە و پرچ بە وەسمە و چاو بەکلی-یان هەبێت کوڕەڵ لە کوردەواریدا بەتامەزرۆییەوە ناویان دەهێنن دەوترێت ماڵی فلانە کەس(گانی لێ دەتکێ) وات پڕییەتی لەحەز و تەڕی و ئاڵۆشی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/30/12 9:54:01 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1169

**ماڵی با بەبا دەچێ**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171126100223143328

ماڵی با بە با دەچێ
لە ناو کوردان ووتراوە ئە و پوش وپەڵاش و کاغەز و نایلۆن(لایلۆن)ەی با هێناویەتیە گۆڕەپان و تەختاییەکەوە هەر باش دەیگوازێتەوە بۆ شوێنێکی تر ئینجا لێرە(ماڵی با) خوازراوە بە و پوشە پەلاشەی با هێناویەتی ئینجا سەروەت و سامانی لەخۆوە بێ ماندوبوونیش دەست کەوتبێ دەگرێتەوە و (بەبا دەچێ) واتە هەر باش دەیباتەوە یان زوو بە فیڕۆ دەچێت وەک بە دەستهێنانەکەی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولآت: باشووری کوردستان
ولآت: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/26/11 10:02:23 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1170

**ماڵی بەفرە کچان، ئاو نییە لە گۆزان**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220517233945414222



ماڵی بەفرە کچان، ئاو نییە لە گۆزان
فرە: زۆر و زەوەند، ئێگجار زۆر، پڕ و بێ ژمار، زۆربێ و فراوانی و...تاد، زۆر وشەی لێکدراوی لێ پێکهاتووە وەکو(فرە حیزبی و فرە ئاینی و فرە کێخوا و.....تاد)، لێرە فرە کچ، یان فرە کابان واتە: کچ و کابانی زۆر، گۆزەش: دەفرێکی لوولەییە لەلە کۆندا لە قوڕ دروست دەکرا بە و دوایبانە لە پلاستیک و شوشەش دروستکراوە، بۆ هەڵگرتن و سارد ڕاگرتنی ئاوی کانی و کانیاوان بەکارهاتووە وتراویشە: نە گۆزەی نزیک ئاوان، نەبووکی نزیک باوان واتە: بۆ هەردوو لاخراپە گۆزەکە زۆر ئاوی پێ دەهێنرێت و دەشکێت و بووکەکەش زوو کێشەکانی گەورە دەبن و هەر دەچێتەوە ماڵی باوکی و ئاگای لە ماڵی خۆی نابێت، ئەوە ئیدیۆمەی(ماڵی بە فرە کچان، ئاو نییە لە گۆزان) واتە: ماڵی زۆرکابان، چێشتیان یان سوێرە یان بێ خوێ بە، دێی فرە کێخوا و ئاغاش بۆی وتراوە: من ئاغا و تۆ ئاغا ئەی کێ جێمان بۆ ڕاخا؟ ماڵی زۆر کەیبانوو و پڕ کیژیش کەس ناچێتە سەرئاو(سراو) بۆ ئاوهێنان، بۆیە ئە و لەبەر ئەم و ئەم لەبەر ئە و گۆزەیان دایمە بە بەتاڵی دەمێنێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/17/5 11:39:45 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1171

## ماڵی دزێتی، مەگەر شە و بکرێت بەخۆدا

https://www.kurdipedia.org/?q=20220519193351414364



ماڵی دزێتی، مەگەر شە و بکرێت بەخۆدا
دز، ئە و کەسەیە بەنهێنی شت و مەک و زێڕ و زیوو و کەل و پەل و پارەی خەڵکی دەبات، یاخود بە دەمامکەوە بە ئاشکرا کاروان و قەتاران ڕووت دەکاتەوە، لە هەردوو باردا دزیاری نهێنی و شاراوەیە چ بە دەمامکەوە بێ چ بە شە و و لە نادیاریدا ئەنجام درابێت، ئە و ماڵ و کەل وپەل و جل و بەرگەی بە دزیاری پەیدابوو بێت، هەر دەبێت بە دزیش ساغ بکرێتەوە چ خواردن بێت یان پۆشاک و بەرگ و کەل وپەل و ئامێر و....تاد بێت، ئینجا کاتێک باسی(شەو) دەکرێت وەکو مەحوی گەورە شاعیری کورد فەرموویەتی: سەتری گوناحکارانە شەو، یان کورد دەڵێت: کوڕ هەبێت تاریکە شە و زۆرە، شە و قەڵای مێردانە، لێرەدا شە و بۆیە هاتووە، چونکە شە و تاریک و نهێنگر و پەنهانە، ماڵ و کەل وپەلی دزراویش: چونکە خۆت خاوەنی نیت ناتونیت بە ئاشکرا لەبەری بکەیت یان بیخۆیت یان پێی بسورێیتەوە، ئە و حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم و بۆ کاری شەرمەزراری و سەرشۆڕی و ڕەزیلی و حەرام و نابەجێ و یاساغ و ڕێگەپێنەدراو، وەکو ڕێنوێنی و ڕێنمایی و ئامۆژگاری وتراوە:(ماڵی دزێتی، مەگەر شە و بکرێت بەخۆ دا).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code


🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 7:33:51 2022/19/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1172

**ماڵی دوو کابان هەمیشە خۆڵیان لە ئەژنۆدایە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190109065049187894



ماڵی دوو کابان هەمیشە خۆڵ-یان لە ئەژنۆ دایە
کابانی گەورە ماڵ هەمیشە جێگەی ڕێز و پێزانینە، بەکەسێکی خان و مان و کەیبانوی لێزان و خۆش(مەشرەب) و بەگفت و لفت و خۆشڕوو دادەنرێت لەبەر ئەوەی(کلیلی ژووری زەخیرە و کەندوو و گسکی کرتی و کەوگیری چێشت وتانکی نەوت) هەموو ئەمانەی لەبەردەستە خۆی(سەرافەت) سەرپەرشتیاری دەکات و زوو لەکەم و زۆری و نەبونی هەبوونیان ئاگادارە، ئە و ماڵ و دەراو و هەیوانە هەمیشە پاک و خاوێن و بێ خۆڵ و خاشاکە، هەموو شتێ لەشوێنی خۆیەتی، بەڵام ئەگەر(دوو کەیبانوو) لە گەورە ماڵ هەبوو نەک(کابانی گەورە ماڵ) ئەوا هەموو شتێک بەش دەبێت نەکلیلی ژووری زەخیرە لە کاتی خۆی دەست دەکەوێ و نە کلیلی کەندووی دانەوێلە و ئارد نە گسک وەچنگ دەکەوێت، ئیتر وورده وورده نەدەزانرێ زەخیرە چەند وچۆنە نە پێداویستی دەزانرێ سەرباریش خۆڵ و خاشاک و پاشماوە و پاشەڕۆ چاوی مرۆڤ دەردێنێ چونکە هەر کەیبانووە و لەبەر ئەویتر کارەکە ناکات بەمەش خۆڵ-خاشاک لە گەورە ماڵێ دەگاتە ئەژنۆ، ئەوە لەماڵێکی گەورە بۆ ووڵاتێکیش هەر دروستە سەیری باشوری کوردستان(هەرێمی کوردستان) بزانە بەهۆی دوو(ئیدارەیی-کابانی) خۆڵ و خاشاک-گەندەڵی لە کوێ-یە؟
هەزار دروود بۆ گیان و ڕەوانی پێشینانی کورد کە بەدرکە و ئیدیۆمەوە وتویانە(ماڵی دوو کەیبانوو هەمیشە خۆڵیان لە ئەژنۆدایە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 6:50:49 2019/9/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1173

## ماڵی قەڵپ سەر بەساحێبیەتی

https://www.kurdipedia.org/?q=20181014071456158034



ماڵی قەڵپ سەر بەساحێبیەتی
قەڵپ واتە زەق و زۆپ و زەغەڵ و قەلب، ئەگەر هەرکەل و پەلێکی زەق و زۆق و قەڵپ بخەیتە بازارەوە کەس عانەیەکی قەڵپی پێ نادات و ناچار کە ئێوارە داهات لەگەڵ خۆتدا دەیبەیتەوە بۆ ماڵەکەی خۆت، ئینجا ئەم قەڵپیە هەرکەل وپەل ناگرێتەوە بەڵکو ئاژەڵ و مرۆڤیش دەگرێتەوە، بۆ نمونە مانگایەک دەخەیتە مەیدانەوە و رێک دەکەویت لەگەڵ کریارێک بەلام دەبینیت پاشی کەمێک وولاغەکەت بەسەر دا دەداتەوە چونکە کەم دۆیە(کەندۆیە) یان چەموش و شێتەڵەیە، یان دەتەوێت کورەکەت بکەیتە کرێکار یان شاگردی وەستایەک یان دوکان و بازارێک کەچی پاش ماوەیەکی کەم دێتەوە ماڵ و دەست دەکات بەگەلەیی لەسەر شوێن و کار و وەستاکەی یان وەستاکە خۆی دەینێرێتەوە ئینجا ئەم قەڵپە لە کوردەواریدا بووە بەئیدیۆم و بەکاردەهێنرێت بۆ(کەل وپەلێکی خراپ، مرۆڤێکی نەگونجاو، ئاژەڵێکی قرخ وچەموش و کەندۆ و بێ تەنگ وتۆش) دەوترێت(ماڵی قەڵپ سەر بەساحێبیەتی) واتە چار نیە هەر بۆ خاوەنەکەی دەبردرێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/14/10 7:14:56 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1174

## ماڵی مەمۆ نانیان نەبوو داوای تەڕە پیازیان دەکرد

https://www.kurdipedia.org/?q=20170803083503141760

ماڵی مەمۆ نانیان نەبوو داوای تەڕە پیازیان دەکرد
ئیدیۆمێکە زۆر جار بۆ کەسێکی هەژار بەکار دەهێنرێت کە نانی ئیلاهی نەبێت کەچی دڵان بگێرێ بۆ زیاتر لەوەی کە خۆی هەیەتی یان پێی دابین نەکرێت، واتە تۆ ئەگەر نانت نەبێت چۆن نان و تەڕە پیازت دەست دەکەوێت، پێشتر واچاکە نانەکە پەیدا بکەی ئینجا تەڕە پیازەکە، واتە هێشتا(کەری نەکڕیووە، ئاخوری بۆ دروستکردووە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/3/8 8:35:03 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1175
**ماڵێک کە بووم لێی بێ بەری، چ عەرەب بیخوا چ یەنگی چەری**
https://www.kurdipedia.org/?q=20180125093638144254
ماڵێک کەبووم لێی بێ بەری، چ عەرەب بیخوا چ یەنگی چەری
ئەم ئیدیۆمە بۆ ئەوە بەکاردێت کە سەروەت و سامانی وڵات ئەگەر میللەت سودمەند نەبێت لێی و لە دەستێکی نا ئەمین بێت و بدزرێت و بخورێت و تاڵان و برۆ و تەخشان وپەخشان بکرێت، چ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت ئەگەر عەرەب بیبات یان هۆزی یەنگی چەری تۆرانی تورک، هەڵبەت ئەم کینایە و دەربڕە بۆ داهات و سامانی ئەمڕۆی باشوری کوردستان زۆر لە جێگەی خۆیدایە بوترێت چونکە داهاتێکی زۆر بەدەستی کارگێری خۆیی و خۆجێی هەرێم و چەتەوڵ و باند و مافیای سێکتەری ئابوری و ناوچەیی و هەرێمایەتی دیار نیە و نازانرێت ئە و هەموو سامانەی وڵات چی لێ دێت و چۆن دەڕوا، میللەتیش لە گێژاوی قەیرانی ئابوری و دەرامەتدایە، ئینجا کوردێک هیچ ناحەق نیە ئەم ئیدیۆمە بەکاربهێنێت و بڵێت(ماڵێک کە بووم لێی بێ بەری، چ عەرەب بیخوا چ یەنگی چەری).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/25/1 9:36:38 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1176
**ماڵە خەزوور، نۆ مەن خوێ**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220517233444414220



ماڵە خەزوور، نۆ مەن خوێ
مەن: کەرەستە و ئامێرێکە، دەفری پێوانەیە و سەنگێکی کێشانەیە بە گوێرەی ناوچەکان، کێشەکەی جیاوازە مەنی تەورێزی و مەنی گەورە و نیومەن و....تاد، لە(750گرامەوە تاوەکو 3.5کیلۆگرامی) دەبێت، وتراویشە: هەموو شتێک بەخوێ، خوێش بەمەنە، ماڵە خەزوور: ماڵە باوکی شوو، مێردە، لە ئێستا و ڕابردوو بۆ بووکەکەیان هەندێک مەرج و چاودێری و ئەرکی زیادە و قسەوقسەلۆک دەکەن و دەبێتە مایەی دڵتەنگی و نیگەرانی و ترشی و سوێری و تاڵاو چەشتن، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و وەک گوزارشت لە ناخۆشیەکانی ماڵە خەزوور و لێکەوتەکانی بۆ ژیان لە سوێری و تاڵی چەشتن ووتراوە: ماڵە خەزوور، نۆمەن خوێ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/17/5 11:34:44 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1177
## ماڵەکەی تەخشان وپەخشان کرد
https://www.kurdipedia.org/?q=20171218094614143560
ماڵەکەی تەخشان و پەخشان کرد
تەخشان وپەخشان واتە بڵاوکردنەوە وراژاندن و پرژاندن و پەرش و بڵاوە پێکردنی ماڵ و داهات و سەروەت و سامان و بەم لا و بە و لا بردنی پارە و نەختینە بەبێ بەرنامە و پلان لە ئیدیۆمی کوردەواریدا دەوترێت(ماڵەکەی تەخشان و پەخشان کرد).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/18/12 9:46:14 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1178

## ماینی باش زگی خەزنەیە پشتی موراده

[https://www.kurdipedia.org/?q=20210512163122393991](https://www.kurdipedia.org/?q=20210512163122393991)



ماینی باش زگی خەزنەیە پشتی موراده
وڵاغە بەرزەی ڕەسەنی(ماین و ئەسپ) بەنرخ و جێی بایەخن بۆ ئەسپ سواری وسوارسوارێێ و لەشکرکێشی و دیاری و بەخشین گرانبەهان، لە ئیدیۆمی کوردەواریشدا زۆر بایەخی پێدراوە و لێرەدا کە دەوترێت(ماینی باش زگی خەزنەیە پشتی موراده) واتە وەچەی باش زوو دەتگەیەنێتە جێی مەبەست و ئامانج و مرازان حاسڵ دەکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()

کاتی تۆمارکردن: PM 4:31:22 2021/12/5

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1179

## ماین و مەیدان، تفەنگ و نیشان

[https://www.kurdipedia.org/?q=20220226210650406392](https://www.kurdipedia.org/?q=20220226210650406392)



ماین و مەیدان، تفەنگ و نیشان
ئە و بارگیرەی کە تێرجۆیە و باربەرێکی باشە، بەڵام بۆ سوارسوارێن و پێشبرکێ و غارغارێن پەسند نییە، ئەسپە کەوێت و ماینی ڕەسەنیش بۆ بار گواستنەوە بارنەهێنراوان بەڵام بۆ پێشبرکێ وڵاغە بەرزەکانیتر پێی ناگەنەوە و بۆ مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوە و جەنگ یەکەمە، ئە و ئامێرانەی کە بۆ جەنگان و شەڕو شۆڕ و بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوە بەکاردەهێنرێن هیچیان وەکو تفەنگ بۆ نیشان شکێنی گونجاو و لەبارنیین، ئە و ئیدیۆمە بەکاردەهێنرێت: بۆ دوو شتی لێک هاتوو و لێکوەشاوە .[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()

کاتی تۆمارکردن: PM 9:06:50 2022/26/2

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1180

## مراویە تەڕ نابێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20190103072355182410



مراویە تەڕ نابێت
مراوی باڵندەیەکە جۆری ماڵی و کێوی هەیە، لەئاو و وشکایی هەڵ دەکات، پەڕەکانی وا خوڵقاون ئاو دانادەن و لەشی تەڕ نابێت هەر کە خۆی لەئاو هەڵکێشاو و هاتەوە دەری یەکسەر ئاو و تەڕی پێوە نامێنێ، ئەمە خاسیەتی ڕاستەقینەی باڵندەی مراویە بۆ ئە و زۆر ئاساییە، بەڵام کە بەمرۆڤ دەوترێت دەڵێی(مراوی یە تەڕ) نابێت ئەوا مەبەست و ماناکەی دەگۆڕدرێت واتە هەندە چاو قایمە یان بێ شەرمە کە کارێکی(نەنگ و لەنگ) دەکات هیچ ڕەنگ و ڕووی ناگۆڕێت و بەبای گوێ-شیا نایەت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ولات: | باشووری کوردستان |
| ولات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] k تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی


| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2019/3/1 7:23:55 AM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 1181

## مراوی لەئاو دەترسێنێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20190227091918278630



مراوی لە ئاو دەترسێنێ
مراوی بەخۆی باڵندەی ئاوییە، ڕووبۆشی ئاوی لانەیەتی چ باکی هەیە لە نێو ئاوان-دا بگوزەرێنێت، کاتێک کەسێک خۆی پەروەردەی شوێنێ یان ناوچەیەک بێت چ پێویست دەکات سڵی لێ بکاتەوە بۆ شارەزایی و خۆحەشاردان و پشودان و مانەوە، نان بۆ نانەواو و گۆشتیش بۆ قەساب هەر حیکمەتی تێدا نیە، ئینجا کەسێک خۆی بارهاتووی شەڕ یان کاسبی یان ناوچە و شوێنێ بێت باشتر چۆن دەبێت ببێتە مایەی هەڕەشە و گوڕەشە و گەف هەر بە تەوسەوە بۆ کارێکی لە و شێوەیە کورد بەدەربڕەوە وتویەتی(مراوی لە ئاو دەترسێنێ).

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] k تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 9:19:18 2019/27/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1182

## مرخی لێ خۆشکردووە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220519195054414367



مرخی لێ خۆشکردووە
لە هەولێری دەوترێت:(مرخی لێ خۆشکردیە)، مرخ واتە: ئارەزوو، تەماع، چاوتێبڕین، زۆرجاران مرخ خۆشکردن بۆ کچی جوانی ئاوایی بووە، یان بۆ زەوی وزاری بەپیت و بە بەرەکەت بووە، یان بۆ مایین و ئەسپ و ولاغەبەرزەی ڕەسەن یان گاجووت و...تاد بووە، ئە و مرخ لێخۆشکردنە بۆ هەموو شتە بە بایەخ و جوان و گران بەهاکان بووە بە ئیدیۆم و ئەگەر مرۆڤێک لە دەوروبەر و دوورەوە تەماحی بۆ شتێک هەبێت و خۆی بۆ مەڵاس و مات بدات، لە دەرفەت و هەلێک بگەڕێت تاوەکو بیقۆزێتەوە، بۆ دەست بەسەراگرتن و بردن و بەدەستهێنانی، بەتەوسەوە بە و جۆرە مرۆڤە دەوترێت: مرخی لێ خۆشکردووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: PM 7:50:54 2022/19/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1183

## مردن مردنە و تەنیا جارێکە قسەی ناکەسان گۆڕە و شارێکە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190307063631280195



مردن مردنە و تەنیا جارێکە، قسەی ناکەسان گۆڕە و شارێکە
مرۆڤ چۆن یەکجار لەدایکبووە هەر یەکجاریش دەمرێت ئەمە واقیعە و خۆی سەپاندووە و هیچ بێنەوبەردە هەڵناگرێت، ئینجا مردن و مەرگ ئە و ترس و کۆتاییەن کە هیچ ڕێگەیەک نی یە و هەموو ڕێگاکان بەرە و مردن و مەرگ و گۆڕ هەنگاو دەنێن، بۆیە پیاوی مەرد هەموو کاتێک مەرگ و مردن هەڵدەبژێرێت بەرامبەر(سەرشۆڕی و زەلیلی)، ناکەس واتە هەموو ئە و کەسانەی خۆ لەکاروباری خەڵکی هەڵدەقورتێنن وەک مەحوی گەورە شاعیری کورد فەرمویەتی:
لەناکەس کاریا خاکم بەسەر رۆیی بەباعومرم
ئەی خودایە بمژێنە تا لەبەر قاپی کەسێ دەمرم
گۆڕەشار، بیروباوەڕی موسڵمانانە دوای مردن و لە گۆڕنان، زەوی و خاک توند لەخۆییت دەگرێت بۆ گوناهکاران تاڕادەی پەراسوو شکاندن و پان و فلیقاندنەوەیە و بەهەمان شێوە بۆ موسڵمان و بڕواداارانیش لێی دەرباز نابن، بۆیە لە و ئیدیۆمە کوردیەدا ئاماژەی پێکراوە و وتراوە(مردن مردنە و تەنیا جارێکە، قسەی ناکەسان گۆڕە و شارێکە) واتە قسەی ناکەسان

زۆر لە گۆڕەشار ناخۆشترە بەراوردێکی جوانە چونکە گۆڕەشار یەکێک لە بە(عەزاب-ئازار)ترین پێشهاتەکانی ناو گۆڕە بۆ مرۆڤ بڕواداری جیهانی ئیسلامی.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🗄 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗄 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/7/3 6:36:31 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1184

## مردوش دەچنە ڕێواسان

https://www.kurdipedia.org/?q=20200816115310386932



مردوش دەچنە ڕێواسان
مردوو واتە کەسێکی بێ گیان، چوونە ڕێواسانیش پێویستی بە گوڕ و تینی خورت و گەنج و جوانانە، ئەمە مانا ڕاستەقینەکەی ئیدیۆمەکەیە، مەبەست و توانجی ئە و دەربڕینەش ئەوەیە کە کەسێک بیەوێت کارێک بکات بەڵام لەگەڵ کارەکە نەگونجێت و توانای بەسەریدا نەشکێت بۆ نمونە: پیرەژنێک بەپیری و نەساغیەوە حەز لە سەیران و گەشت بکات، پیرەمێردێک دڵی بۆ کچێکی گەنج بچێت وەک دەوترێت(دڵی تەڕەی بخوازێت)، ئینجا لێرەدا ئە و ئیدیۆمە دەوترێت(مردوش دەچنە ڕێواسان) بەمانای نەمزانیووە مردوو بچنە ڕێواسان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🗄 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗄 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/16/8 11:53:10 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1185

## مردی عالەمێ، بەعالەمێ خەو لێ کەتییە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220210130412404527



مردی عالەمێ، بەعالەمێ خەو لێ کەتییە
مردووی خەڵکی، بە خەڵکی وایە خەوی لێ کەوتووە و نەمردووە، کەواتە هیچ ئازارێکی لای خەڵک نییە و بە ئاسایی وەردەگیرێت، کۆست کەوتن زۆر بە ئازارە، چ جگەرگۆشە بێت یان خوشک و برا یان هاوژین و هاوسەر و خزم و کەس وکار و خوێش، بۆیە لە پرسە و تازیەکاندا دەوترێت: چاوی ساحێب تازیە گەورەیە، هەموو ئەو کەسانە دەبینێت کە بۆ دڵدانەوە و دڵنەوایی دەچنە پرسەکەوە، کەسیش لە ئازاری لەدەستدانی کەسی نزیک تێ ناگات مەگەر خۆی بەسەری هاتبێت، ئینجا ئەو حاڵەتە ڕاستەقینەیە بووە بە ئیدیۆمە، وەکو هۆشیاری و ئامۆژگاری و ڕێنمایی دەوترێت: مردی عالەمێ، بەعالەمێ خەو لێ کەتییە.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/10/2 1:04:12 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1186

## مردی لەوە چاکتر ناشوری

https://www.kurdipedia.org/?q=20200921124403388075



مردی لەوە چاکتر ناشورێ
دوای مردنی مرۆڤ لە کۆمەڵی کوردەواریدا مردووەکە دەبرێتە سەر تاتەشۆر و ئاوی بۆ گەرم دەکرێت و جوان و پاک دەشۆردرێت و دواتر کفنی بۆ دەبردرێت و بەبەریا دەدرووێت، ئەوە لایەنی ڕاستەقینەی ئیدیۆمەکەیە، بەڵام مەبەستی ووتنی ئیدیۆمەکە بۆ بڕیاردانە لەسەر کارێک و ئەنجامدانیەتی بەرێک و پێکی بۆیە ئەگەر تێبینیەک هەبێت لەسەر کارەکە ئەوا ئەوەی ئەنجامیداوە دەڵێت بەخوای بابم مردوو لەوەی چاکتر ناشورێت یان لەوە پاکتر ناشۆردرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/21/9 12:44:03 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1187

## مریشک سێ ساڵ لەتەلاری بکەی کە بەرت دا دەچێتەوە سەر کیفۆکێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20190107091725186219



مریشک سێ ساڵ لەتەلاری بکەی، کە بەرت دا دەچێتەوە سەر کیفۆکێ
وتراویشە(سەگ لە قەسابخانە نەمرێت عومری بەزایەع دەچێت) ئەم جۆرە ئیدیۆمانە خاسیەت و ئەدگاری ئاژەڵێ زیندەوەرێ یان باڵندەیەک وەردەگرن و هەر کارێکی یان هەڵوێست یان سیفەتێکی بونیادەم بچێتەوە سەری لەوێ وەک ئیدیۆم بۆی بەکاردەهێنن، تەلار واتە کۆشک و(قەسر) کیفۆک-یش واتە سەرینگوان و زبڵدان و تاد، مریشک لەشوێنی مۆزایک و سیرامیک و کاشیدا ناتوانێت پێ پۆرە و چینەی خۆی بکات کۆشک وتەلار بە مریشک چی، بەڵام ئەگەر بەرەڵات کرد دەچێتە سەر زبڵدان و کیفۆکەکەی دەست دەکات بەپێ پۆرە و چینەی خۆیی لەوێ شتێک بەشتێک دەکات، ئەمەش وارێک دەکەوێت(سواڵ کەرێک یان دەرۆزەکەرێک شوو بکات بە دەڵەومەندێک یان بەپێچەوانە کورە دەرۆزەکەرێک کچێکی خانەدانی پێ بدرێت) و لە و ئاستە نەبن کە پێان بەخشراوە دەوترێت بەخوا(مریشک سێ ساڵ لەقەسرێ کەی کە بەرتدا دەچەتەوە سەر کیفۆکێ).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2019/7/1 9:17:25 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1188

## مریشک مەڕی پیاوی فەقیرە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180820093211154563



مریشک مەڕی پیاوی فەقیرە
کورد مەڕی زۆر لەلا بەنرخ و بایەخە چونکە بەشێک لە گۆتە و گێڕانەوەکان و سەرچاوەکان پێیان وایە ووشەی کاردۆخی واتای شوانکارە دەگەیەنێت، لەدێر زەمانەوە لەچەرمۆوە لە و مەملەکەتەی خۆمان بۆیەکەمجار مەڕ ماڵی کراوە و بۆ بەرهەمەکانی بەخێوکراوە، مەڕ خورییەکەی و پێستەکەی و قشپڵ(پشقڵ)ەکەی و گۆشتەکەی و شیرەکەی و ریخۆلە و هەناوی وتاد هەمووی سوودی هەیە و هەبووە و کورد ووتەنی(بەقوڕ و زبڵەوە) دەخورێت و دەفرۆشرێت و بەکەڵکە و دەبنە مایەی بەدەستکەوتنی داهات بۆ خاوەنەکەی، ئینجا لەبەرامبەردا مریشکیش ئەوەی پێی ووتراوە(مریشکی کوردی) لەسەردەمی ئاڵشت و شمەک و شت گۆڕینەوە توانراوە بەهێڵەکانی چەندین داهات و دەستکەوت بەدەستبێت جگە لەوەی مریشکیش گۆشت و هێڵکەکەی خۆراکی بەتام و پرپرۆتینن، بەهێڵکە دەتوانرا(جگەرە

و پەرە سیغار توتن و شەکر و چاو و مێوژ و روون و...تاد) دابین بکرێت بۆیە کورد فەرمویەتی(مریشک مەڕی پیاوی فەقیرە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/20/8 9:32:11 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1189

## مریشک هێلکەی قاز بکات قونی دەدرێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20170928145117142775

مریشک هێلکەی قازبکات قونی دەدرێت

کورد دەڵێت(مەڕ و بزن بەپێی خۆی) واتە هەرکۆمەڵە و خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە و نابێت لە و تایبەتمەندییەی خۆی دەرچێت، ئەگەر دەرچێت ئەوا زیانی پێ دەگات ئە و ئیدیۆمەش مریشک کێش و پێوان و قەبارەی دیاری کراوی هەیە ئەگەر بیەوێت هێلکەیەکی گەورەی وەک هێلکەی قاز بکات ئەوا کە(زۆر هات قەوارە بەتاڵ دەبێت) و دەرچەی دەدرێت، ئەم دەربڕینە بۆ کەسێک بەکاردێت کە بیەوێت لەتوانای خۆی زۆر زیاتر کارێک بکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/28/9 2:51:17 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1190

## مریشک تاقەڵە و بێت قونی بچوکتر دەبتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200906002310387557



مریشک تاقەڵە و بێت قونی بچوکتر دەبتەوە.
مریشک تا قەڵە و تر بێت(بەز وپیو و ڕۆن) زیاتر هێڵکەدان و دەوروبەری قونەجۆرەی(پشتەقوون) دەگرێت و ئەگەری هێڵکەکردنی کەمتر دەبێت، ئە و ڕووە ڕاستینەکەیە، ئەمە بووە بە ئیدیۆم بۆکەسێک بەکاردێت کە بەهۆی دەوڵەمەندبوونی فیز و ئۆین و خۆبەگەورەزان و لەخۆی دەگۆڕێت و تەمبەڵی و هاوکاری نەکردنی زیاد دەبێت بەجۆرێک هەست ناکەیت کەسەکەی پێشووتر ناسیووتە، خۆیەتی، بۆیە بەتەوسەوە بە و جۆرە کەسانە دەوترێت ئەوەچیە گوتویانە تا(مریشک قەڵە و بێت قونی بچوکتر دەبێتەوە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ووڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/6/9 12:23:10 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1191
## مژانەی لە قەلب بشکێنی دەرەقەتی نایەی
https://www.kurdipedia.org/?q=20170924144006142722
مژانەی لە قەلب بشکێنی دەرەقەتی نایەی
مژانە دارێکی پتەوی تۆکمەیە لە هەوجاڕدا و درێژییەکەی دوو مەترە و کەمێکیش ئەستورە ئەگەر ئە و مژانەیە نەبێت هەوجارەکە ناگەڕێت و جوتکردن پەکی دەکەوێت، خۆ ئەگەر گوێدرێژ یان گاکە یان ئێسترەکە بغەزرێت ئەوا ئە و مژانەیەی لە قەلب بشکێنی نایەتە بن بارەوە، ئەمەش بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت کە قاڵ بوویێتەوە و بەلێدان و کوتان چارەی نەبێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ووڵات: ⬇ باشووری کوردستان
ووڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/24/9 2:40:06 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1192
## مژمۆر لە ناو کوێراندا چاوساغە
[https://www.kurdipedia.org/?q=20220616154453418808](https://www.kurdipedia.org/?q=20220616154453418808)



مژمۆر لە ناو کوێراندا چاوساغە
- مژمۆر، مژومۆر، مژمۆڵ: واتە مڕ و مۆچ، خەواڵوو، چاو نیوەکراوە، کوێر: نابینا و هیچ شتێک نابینێت، زۆرجار هاوشێوەی ئەم ئیدیۆمە، کورد بۆ کەسێک کە هیچی تیابەستە نییە، بە بەراوردکاری خەڵکانی دەوروبەری هەندێک باشتر بێت و لە ناو کۆمەڵە کەسێکی لە ئاستی خوار خۆییدا مەزنتر و چاکتر دەردەکەوێت، وتویەتی: لە چاو شلان پەیتە، یان زۆر جاران بە پیاوێکی نامەرد و بێ کەڵک وتراوە: لە ناو ژناندا پیاوە، بە مانای ئەوەی لە ناو پیاواندا پیاو نییە تەنها لەناو ژناندا بەپیاو دێتەبەرچاو، لێرەش ئەگەر مرۆڤ مژمۆر بێت و تەنها یەک چاوی کراوە بێت لە خەڵکی کوێر و نابینا ڕێگا دەبینێت، بەبەراوردی کوێرانیش وتراوە: ئەوەی یەک چاوی هەبێت پاشایە، بۆیە لە کوردەواریدا ئە و ئیدیۆمە جوانەی لێ بەرهەمهاتووە، بۆ بە نادیدەگرتنی کەسایەتی و پێگەی کەسێک کە شایانی پیاهەڵدان نەبێت و بە بەراوردکاریش لە دەوروبەرەکەی باشتر بێت وتراوە: مژمۆر لە ناو کوێراندا چاوساغە.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ولات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| ولات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2022/16/6 3:44:53 PM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 1193
## مست لە درێشەی دەگەڕێتەوە
[https://www.kurdipedia.org/?q=20200908155504387678](https://www.kurdipedia.org/?q=20200908155504387678)



مست لە درێشەی دەگەڕێتەوە.
درێشە، نوکێکی تیژی وەکو دلیوان و سوژن و بزمار ومێخە، دەسکێکی داری هەیە کڵاش درو و پینەدۆز و دارتاش بۆ مەبەستی جۆراوجۆری پیشەکەیان بەکاری دەهێنن، هەندێکجاریش وەکو خەنجەر و چەقۆ بە ئامێری بڕەندەکانی شەڕکردنیش دادەنرێت، مست، واتە نوشتاندنەوە و خڕکردنەوەی هەر پێنج پەنجەی دەست تا مەچەک تاوەکو بەهێز و تۆکمە بێت، کاتێک بوەشێنرێت بەگوێرەی هێزی مرۆڤەکە کاریگەری دەخاتە سەر دەموچاوی ئە و کەسەی پێی دەکەوێت، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و گوزارشتە لەوەی کە شتی تیژ و تیخت هەبێت مست و مستەکۆڵە پێت ناوێرن چونکە لەترسی بڕینی خۆیان کەس زات ناکات مستت بۆ بوەشێنێت، هەر کاتێک بزاوتێکی مەدەنی و شارستانی داوای مافەکانی خۆیان لەستەمکار کرد ئەوا ستەمکار گوللەباران و زیندانی و تێلاتڕێنیان دەکات، بەڵام ئەگەر چەک

بەرووی ئە و رژێمە دکتاتۆرییانە هەڵگریت ئەوا دەوترێت(مست لەدرێشەی دەگەڕێتەوە)
واتە شەڕ بەشیر و مامرەت بەدراو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/8/9 3:55:04 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1194

**مشتێکە لە خەروالێک**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200909132108387697



مشتێکە لە خەروالێک
مشت، مستی مرۆڤ و هەر پێنج پەنجەکەیەتی، خەروال، خەرار، شێوەی گونیە بوو، موتابچی لەموی بزن دروستی دەکرد و گەنم وجۆی پێ دەگوازرایەوە، ئینجا ئەگەر خەرارێک پڕ بێت لە جۆ و گەنم مشتێک یان مستێکی لێ دەربکەیت ئەوا هەست بەکەمبوونەوەی ناکەیت چونکە زۆر کەمە، واتە نمونەیەکی کەمی لێ دەردەهێنرێت، ئەوە رووە ڕاستەقینەکەیە بەڵام لایەنی ئیدیۆمەکەی ئەوەیە زەمی کەسێک بکەیت و هەندێک لە لایەنە خراپەکانی بخەیتەڕوو، کەسی بەرامبەریش پێی وابێت ئەوە وانیە یان بڵێت چۆن؟ تۆش دەڵێیت من هیچم باس نەکردووە ئەمە تەنها مشتێکە لە خەراوالێک، واتە بەقەد خەروال و خەرمانێک زەمی و لۆمە و سەرکۆنەی لێ دەوەشێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/9/9 1:21:08 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1195

**مشتە لە دۆم ناکرێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220409172309410851



مشته لە دۆم ناکڕدرێت
مشته واته: دەست کە پەنجەکانی بەناو لەپەوە بنوسێنێت دەبێته(مست یان مشت) لەناو ئیدیۆمدا شوێنی بۆ کراوەتەوە و وتراوە: گوێ لە مشتە، پڕ بە مشتە، بیگری مشتێکە بەریدەی دەشتێکە، بەڵام لەم ئیدیۆمەدا(مشته)، لە(مست)ەوە بووە بە ناوی ئامێرێک کە پارچە ئاسنێکی سەرپانی کلک باریکی قورسە، کە پینەدۆز و کڵاشکەر و کەوش دروو و سۆلدروو و چەرم دروو(پەڕۆ و چەرم)ی پێ دەکوتنەوە، تا ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت ئە و پیشەیە بەردەوامە و کارێکی دەست ڕەنگینییە و بژێوی هەندێ خێزانی لەسەرە، دۆمیش گرووپ و تیرەیەکن لەناو میللەتی کورد کە پیشەیان دروستکردنی کڵاشە، بە و پیشەوە ناو وناوبانگیان دەرکردووە بۆیە کورد ئیدیۆمێکی زۆر جوانی لە و بوارە لەسەر ووتوون(دۆم بێ و کڵاش بۆ خۆی بچنێ)، هەندێجاریش دۆم وەکو زاراوە بۆ خەڵکی بێ ڕەچەڵەک(ئەسڵ و نەسەب) دەوترێت: فڵانە کەس دۆمە یان دۆم و قەرەجە، کڵاشچنی پیشەی سەرەکی دۆمەکان بێت و مشتەش باشترین ئامێری کوتانەوەی پەڕۆ و چەرم بێت ئەوا زۆر جێگەی بایەخ و هەر لە هەوڵی ئەوەدایە باشترین مشته پەیدا بکات نەوەک بیفرۆشێت، بۆیە ئەوە کراوە بە ئیدیۆم و بۆ بەنرخی و بایەخی شتێک لەلای کەسی خۆی وەک ناساندن و هۆشیاری و ڕێنمایی دەوترێت: مشتە لە دۆم ناکڕدرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/9/4 5:23:09 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1196

## مشک لەماڵەکەی کلکی بەئارد نابێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20170801084449141681

مشک لەماڵەکەی کلکی بەئارد نابێت
ئیدیۆمێکە بەکەسێکی خاوەن خێزان و ماڵ و منال دەوترێت کە هەندە هەژار بێت، مشک بە بچوکی خۆی کلکی لەماڵ-یان بە ئارد نابێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺️ وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2017/1/8 8:44:49 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1197

**مل پان**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170921133750142675

مل پان
ئیدیۆمێکە بەکەسێک دەوترێت کە هەموو شتێک هەڵدەگرێت وەک بەراز و بارگیر، زۆر بواریش دەگرێتەوە بۆ مرۆڤ، مەرایی کردن بۆ داگیرکەران و رازی بوون بە زولم و ستەمەکەیان دەرحەق بەخۆی و کەس وکار و ولاتی، رازیبوون بە بێگانەیەک و بەدۆستی دایکت بلێی کاکە، بۆ خێزان و خوشک و دایکیش وەک بەراز بیت دەوترێت کەسێکی مل پانە هەندێجار هاومانای وشەی(گەواد)ە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2017/21/9 1:37:50 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1198

**ملی لەداوە موویەک باریکترە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180826092143154926

ملی لە داوە مووەک باریکترە
ملی مرۆڤ بەبەراوردی داوە موو زۆر ئەستوترە ئەی بۆ دەوترێت(ملی لەداوە موویەک باریکترە) واتە گرفتار و ملکەچە بەرامبەر بەشتێک یان یاری وەک شاعیر وتویەتی(گرفتارم گوڵم موو ناپسێنم) یان بەرامبەر بە کارێکی یان هەڵوێستێکی(حەق)یش دەوترێت ملم لەداوە موویەک باریکترە، یان بکەویتە ژێر کاریگەری کەسێکەوە لەبابەتێک یان خواستن و نەدان و پێدان ئەگەر ئە وکەسە قسە بکات تۆ دەوستیت و ئە وکاتە ملت لەداوە موویەک باریکتر دەبێت هەربۆیە بۆ هەرکارێکی رەوان، هەڵوێستێکی لەجێ، کاریگەر بە یەکێ، پێگە وقسەی ڕاست، دەرکەوتنی یار و جیلوە و عیشوەی، دەوترێت سەیرکەن فلانە کەس(ملی لەداوە موویەک باریکترە) بەرامبەری.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/26/8 9:21:43 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1199

**ملی لەداوە موویەک باریکترە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200908154429387674



ملی لەداوە موویەک باریکترە.
موو، زۆر باریکە و بۆ باریکی بەنمونە دەهێنرێتەوە، ئەگەر کەمێک توند ڕابکێشرێت دەپسێت، ئەوەی بیەوێت موەکەی نەپسێت دەستی خۆی شل دەکات وەک(موعاویەی کوڕی سوفیان) کە بووە بەئیدیۆمێکی جیهانی سیاسەتی (داوە مووەکەی موعاویە)، ئینجا باریکی موو لەناو کوردانیش بووە بە ئیدیۆم، بەکەسێکی زۆر گوێ لەمست وئەڵقە لە گوێ و مێ وماڵی و گرفتاری موو نەپسێن، یان کەسێک گیرۆدە و عەوداڵی کێژێک یان زەوییەک یان ماڵێک بێت بەتەوسەوە دەوترێت(ملی لەداوە موویەک باریکترە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code


🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/8/9 3:44:29 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1200

**من لە شام و ئە و لەشیراز، مەحاڵە ببین بە هاوڕاز**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220519200001414373



من لە شام و ئە و لەشیراز، مەحاڵە ببین بە هاوڕاز
عەرەبەکانی هاوسێشمان ووتویانە:(انت فی وادی و انا فی الوادی) واتە: تۆ لە دۆڵێک و من لە دۆڵێک، ئەمەش گوزارشتە بۆ بوونی جیاوازی و نێوانێکی زۆر لە نێوان هەردووکەسدا، هاوشێوەی ئەوە لە زمانی کوردیدا لە جیاتی دوو دۆڵ باسی دوو ناوچەی گەورە دەکات، یەکێکیان وڵاتی شامە کە(سوریا و لوبنان و ئوردەن و فەلەستین)دەکرێتەوە و ئەویتریش(شیرازە) لە وڵاتی ئارییایە، هەردوو ناوچە لە ڕووی کەلتور و ئاوهەوا وداب و نەریتەوە زۆر لێک جیاوازن بۆیە بۆ بیرکردنەوە و بەرژەوەندی جیاواز لە نێوان دوو کەس و لایەندا، کە هاوڕازی و ڕێکەوتنیان دوور بکاتەوە لە یەکتری دەوترێت: من لە شام و ئە و لە شیراز، مەحاڵە ببین بە هاوڕاز.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2022/19/5 8:00:01 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1201

## **منداڵی بە دەرمانان، ناگاتە سەربانان**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220519215848414393



منداڵی بە دەرمانان، ناگاتە سەربانان
وتراویشە: منداری بەدەرمانان، ناڕوا لەسەر بانان
زۆرجاران هەندێ منداڵ بەناکامی و بە کەموکوڕی و کەم ئەندامی و خاوەن پێداویستی تایبەتەوە لە دایک دەبن و هەموو ڕۆژێ، هەر ڕۆژەی دەیبەنە لای ئە و حەکیم و بۆنبڕ و نۆشدار و تیمارخانە و بەیتاڵ و بیمارستانان، بەڵام ئە و مناڵە هەر وەکو خۆیەتی و ئە و هەمووە دەرمانە کوردەوارییە و گژوگیایە سروشتییە چارەی ناکەن و هەر بە بەبێ هێزی و بێ توانایی دەمێنێتەوە، ئە و جۆرە مناڵەش بە مناڵێکی نەخۆشی بەرگری کەم، کە ژیانی بەدەرمانەوە بەندە-گرفت-ی هەیە و بێ چارەسەر دادەنرێت، ئەوە بووە بە ئیدیۆم بۆ خستنەڕوو و باسکردنی کارێک یان پرۆسەیەک کە ئەنجامی باشی لێ ڕەچاو نەکرێت بە شارەزایی و ئاگادارکردنەوە دەوترێت: منداڵی دەرمانان، ناگاتە سەربانان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📖 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 9:58:48 2022/19/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1202
**منداڵی نازدار، یان شێتە یان هار**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220521121025414509



منداڵی نازدار، یان شێتە یان هار
ناز: ئاین و ئۆین و خۆفرۆشییە بۆ ئەوەی بەرامبەر خۆشتی بوێت یان خۆشەویستی کەسێک بۆ کەسێکە بەنازەوە دەربڕێت، نازدار: کەسێک زۆر خۆشەویست بێت و نازی بکێشرێت یان نازی ڕابگیرێت، ئەندازە: چەندێتییە لە زانستی (جەبر و ئەندازە) بە نموونە: ئەندازەی شتێک لە درێژی و پانی و بەرزی و قەبارەوە، هەموو شتێکی بەرجەستە چەندێتی و قەبارەی خۆی هەیە، ئەو ئەندازەیە لێرەدا وەکوو پێوانە و بڕی ئەو شتە هاتووە کە قەبارە و چەندێتی پێدانانی نازە بە منداڵ، ئینجا لێرەدا ئەو منداڵانەی بە نازەوە بە خێو دەکرێن و هەموو نازێکیان دەکێشرێت و دڵیان ڕادەگیرێت و لەگەڵ هەر ورک گرتنێک پێداویستییەکانیان بۆ دابین دەکرێت وەکوو ڕووەکی تێر ئاو (نازاو) دەبن یان لەبەر بەنازییان وەکوو شێت یان زۆر هاروهاج دەبن، ئەو ناز کردن و خۆفرۆشییەیان بۆ خۆشەویستی لە هەموو جێگە و ڕێگە و شوێنێک و کەسێک، لێیان وەرناگیرێت، کاتێک لە هەموو شوێنێک وەرنەگیرا ئەوا بە لایەنی نەرێنی بەسەر منداڵەکەدا دەشکێتەوە کەواتە پەروەردەکردنی منداڵ بە زۆر ناز پێدان و نازداری و نازداربوونی خراپە و ڕێگایەکی چەوتە بۆ ئەم حاڵەتە کورد وتویەتی: منداڵی نازدار، یان شێتە یان هار. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📖 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 12:10:25 2022/21/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1203
**موو ڕەقە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220624124600419712



موو ڕەقە
پێچەوانەی ئە و ئیدیۆمە دەوترێت : توکی نەرمە و مووی نەرمە، ئۆمەرە، مچەیە، بەسێ یە و پیرداوده و....تاد، لەبەرامبەریشدا ئیدیۆمی:خدرە، موو ڕەقە، توکی ڕەقە، ڕەشیدە بە(وەجە) و....تاد، هەڵبەت هەموو ئە و ئیدیۆمانە چیرۆکێکی لە پشتە بەگوێرەی دەڤەر و ناوچە و شار و دێهات نشینەکان، ئە و پیاوانەی کە تورە دەبن یان ئە و ئاژەڵانەی لە شەڕدا دەردەکەون، موویان گڤ دەبێتەوە، شێوەی ژووژک-ژیژک و پشیلە، ئە و پیاوانەی کە لەگەڵ ژنەکانیان تورە و توندن و زوو زوو خۆیانیان بۆ گڤ دەکەنەوە، لە کوردەواریدا پێیان دەوترێت: خدر و موو ڕەق، واتە: خراپ دەخەوێتە قەلبەوە و بار ناهێنرێن و گوێ لەمشت و مەیسەر بوونیان زەحمەتە ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بە و پیاوانەی بەرامبەر ژنەکانیان توند و تیژن دەوترێت: موو ڕەقە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()

کاتی تۆمارکردن: 2022/24/6 12:46:00 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1204

## مووی ناپسێنێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20210224203404391720



مووی ناپسێنێ
هێمن موکریانی شاعیری گەورەی کورد، لە(تاریک روون)دا دەفەرموێت:
ئەمن دەمگوت لە دونیا تا بمێنم
لەبەر کەس ئەستەمە سەردانەوێنم
کەچی ئێستا لە داوی بسکی تۆدا
گرفتارم گوڵم موو ناپسێنم
کەسێکی گوێڕایەڵ و گوێ لەمست ئینجا بەهەر هۆکارێک بێت، جاری وا هەیە گیرۆدە و ئاڵودەبوون بە کەسێکەوە گرفتارت دەکات، ڕێکدەکەوێت خۆشەویستی و ئەوین دەستەپاچەت بکات، یان بەرژەوەندییەک لە نێوان دوو کەسدا بە و جۆرە تد...، لە ڕوویەکی ترەوە موو پساندن ئە و پەڕی کارێکی سادە وئاسانە ، دەوترێت(نێوانیان داوە موویەکی ماوە واتە نێوانیان بەرە و خراپی دەڕوات، یان بۆ خۆشەویستی دەوترێت داوە موویەک بە نێوانیانەوە ناچێت) لێرەش وەکو ئیدیۆم موو بەکارهاتووە کە داوە موویەک چەندە بێ نرخ و بێ هێزە، بەڵام هۆگری و خۆشەویستی و وابەستەبوون بەکەسێکەوە وادەکات بێ دەسەڵات و گوێ لە مست دەربکەویت و نەتوانی بیپسێنیت بۆیە بە ئیدیۆمەوە وتراوە فلانە کەس (مووی ناپسێنێت).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖵 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: PM 8:34:04 2021/24/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1205
## مویەک لەبەراز بێتەوە هەرباشە
https://www.kurdipedia.org/?q=20200926224243388284



مویەک لەبەراز بێتەوە هەرباشە
موو، هەندێجار بۆ ئە و شتانە بەکاردێت کە لەژماردن نایەن، مووی گوێدرێژ و بزن زۆر زۆرن، دیارە مووی بەرازیش هاوشێوەی ئە و دوو ئاژەڵەیە، بەڵام بەراز لە کۆمەڵی کوردەواریدا لەبەر ئەوەی موسڵمانن بەخێو ناکرێت و قێزەون و حەرامە و ناشیرین دێتە بەرچاو، ئینجا وەک ئیدیۆم دوو ڕووی هەیە ڕووی یەکەم: لەکەسێکی هاوشێوەی بەراز شتێک بپچڕیت، ڕووی دووەم: لە خەرجییەکانی ڕۆژانەدا شتێکت لەکۆڵ بێتەوە دەوترێت(موویەک لەبەراز بێتەوە هەر باشە). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖵 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: PM 10:42:43 2020/26/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1206
## میری کورد کورتە
https://www.kurdipedia.org/?q=20171109082413143118
میری کورد کورتە
بەدرێژایی مێژوی کورد هەرچی سەرکردە و میر و پاشای هەبووە ماوەی دەسەڵاتدارێتیەکەی کەم خایەن و کورت بووە لەلایەک و لەلایەکیتریشەوە لە ئاستی ئە و فەرمانڕەوایی و میرایەتیە نەبووە و هەنگاوی خراپ و پرکەموکورتی ناوە بۆیە وتراوە(میری کورد کورتە-میری کورد هەر کورت بووە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/9/11 8:24:13 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1207
## میمکە لۆمەی منی دەکرد، لۆخۆی هیشکە ڕنی دەکرد
https://www.kurdipedia.org/?q=20170926133319142739
میمکە لۆمەی منی دەکرد، لۆ خۆی هیشکە ڕنی دەکرد
بۆ خەڵکی عادەتە و بۆ ئێمە عیبرەتە ئە و ئیدیۆمە کاتێک دەوترێت کە هەموو خەڵکی کارێک بکەن بەڵام ئەگەر تەنها روو لەکەسێک بکرێت و پێی بڵێی ئەمە بۆ ئە و کارە دەکەی ئەویش بە و شێوەیە وەڵام دەداتەوە، بەڵام میمک واتە(پور یان پلک) لە کۆندا کچان وژنان لە دەرەوەی گوندی خۆیان دەشوشت بە و شوێنە دەوترا(کۆراو-کور-کوریَ- کوڵکردن) ئە و کاتە سەرشۆرک(حەمام) نەبوو لەماڵان، زۆربەی کچ وکاڵ و ژنی ئاوایی بەیەکەوە دەچوون بۆ کوڵکردن، دیارە کچێک بەری خۆی تاشیووە و هەندێک بەدەوری خۆیدا چووە و بەناسکی خۆی تاس و لوس کردووە، پورێکیشی پێی دەڵێت ئەوە بۆ ئە و کارە دەکەیت بۆ تۆ جوان نیە و هەندێ سەرکۆنە و لۆمە و سەرزەنشتی دەکات، پاش ماوەیەکیش کچە دەبینێت پورەکەی یان میمکەکەی وا بەدزیەوە بەبێ تەڕکردن وخۆڵەمێش پیاکردن مووی بەری رادەتەکێنێ و بە وشکی(هیشک)ی موەکانی لێ دەکاتەوە ئینجا دەڵێت(میمکە لۆمەی منی دەکرد، لۆ خۆی هیشکە ڕنی دەکرد)

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/26/9 1:33:19 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1208
## میوانی ماڵی خۆیەتی
https://www.kurdipedia.org/?q=20181231080027182124

میوانی ماڵی خۆیەتی
میوان ئەوەیە کە بچێتە ماڵێکیتر و خانەخوێی هەبێت ئینجا ئەگەر کەسێک زۆر گەڕۆک و ماڵانگەڕ بێت ئە و ماڵ و ئە و ماڵ بکات یان بەهۆی کاروکاسبیەوە هەر ڕۆژەی لەشوێنێک بێت یان بەکاروباری فەرمانگە و دەوڵەتداری هەر جارەی لە وڵات و شوێن و ناوچەیەک بێت بە و کاسانە دەوترێت(میوانی ماڵی خۆیەتی) واتە کەم وا ڕێک دەکەوێت لەماڵ بێت کە لەماڵیش بێت لەبەر کەم لەماڵ بونەکەی وەک میوان بێت وایە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺️ وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ☐ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/31/12 8:00:27 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1209

## مۆنەی بن بڕ

https://www.kurdipedia.org/?q=20201003233336388660



مۆنەی بن بڕ
مۆن، خاسیەتی(چاو)ە، ئە و چاوانەی کەسەیری ناوچاو ناکەن و چاویان ئاڕاستەی جیاو ازدەگرێت لەڕوانین و هەست دەکرێت پرییەتی لە(ئێرەیی و ناحەزی و دوژمنکاری و نیازپیسی و گلاوی) بە و چاوانە دەوترێت(مۆن)، ئەگەر چاو سەیری ناوچاو بکات ئەوا ئاسانتر دەخوێنرێتەوە، چونکە وتراویشە(کێو بەکێو ناکەوێت، چاو بەچاو دەکەوێتەوە) واتە مرۆڤ کاری بەیەکتر دەبێت، چاو لە ئیدیۆمی تریشدا جێی کراوەتەوە وەک(دەم دەخوا، چاو شەرمەزارە) یان(چاوباز، ئەوەی چاوی لەدەرییە، چاوی دەرهاتییە، چاوباشقاڵ، چاو لەدەر، شەیتان میزی بەدەم وچاوی داکردیە....تاد).
لێرەشدا مۆنەی بن بڕ واتە چاومۆنی بن بڕ، بەکەسێک دەوترێت کە لەژێرەوە کاری(ئێرەیی و ناحەزی و نابەدی وتێکدەرانە و دوژمنکارانە) بکات لەسەرەوەش بە شێوازێکیتر دەرکەوێت بەتەوس و ڕقەوە پێی دەوترێت(مۆنەی بن بڕ). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ☐ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: PM 11:33:36 2020/3/10
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1210

## میراتی کەر، کورتانەکەیەتی

https://www.kurdipedia.org/?q=20220519220719414396



[1]میراتی کەر، کورتانەکەیەتی
میرات: بریتیە لە ماڵ و موڵک و پارە و کەل وپەلی بەجێماوی مردوو، کورد وەکو نەفرەت و جنێو بۆ سەرەوەت و سامانی کەسێک بەناحەزییەوە دەڵێت: بە میراتت کەوێت، یان بێتە میراتت، هەڵبەت ئاژەڵ و گیاندەبەرێکی وەک(گوێدرێژ-کەر) ئەوەی لەدوای خۆی بۆی بمێنێتەوە ئە و کۆپان و کورتانەیە کە لەسەر شانیەتی، کە زۆرینەی پێکهاتەکەی پوش و پەڕۆیە، کەر و کورتانەکەی بووە بە و ئیدیۆمە و کەسی نەفام و نەزان و کەودەن و بێ هۆش و هیچ نەزان هیچ شت و بەرهەمێک لەدوای خۆی جێ ناهێڵێت و ئەوەی بەجێشی بهێڵێت تەنها شتێکی بێ کەڵکە بۆیە بەتەوس و توانج و تەنز و گاڵتەوە دەوترێت: میراتی کەر کورتانەکەیەتی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان


Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 10:07:19 2022/19/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1211

## میوان چاکی خانەخوێ خراپ

https://www.kurdipedia.org/?q=20171202093325143386



میوان چاکی خانەخوێ خراپ
میوان داکردن وناندان یەکێکە لەخاسیەتە جوانەکانی میللەتی کورد، ئینجا ئەگەر یەکێک ئە و خاسیەتەی نەبوو بە هۆی رەزیلی و رشدی و قرچۆکیەوە بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر حەزیش بکات نانی خەڵکی بخوات و لەماڵە خانەخوێش قسەی گەورە و پیاوانە بکات و باسی خزم دۆستی و میوان دۆستی بکات، کاتێکیش ڕێت بەماڵیان بکەوێت وەک پێویست خورک و خولقت نەکات و هەستی پێ بکەیت نیگەرانە لە هاتنەکەت بەهۆی بەخیلی و رەزیلیەوە بە و جۆرە کەسانە لە ئیدیۆمی کوردەواریدا دەوترێت(میوان چاکی خانەخوێ خراپ) واتە لە ماڵی تۆ میوان دۆستە و کە خۆشی خانەخوێیە خانە خوێیەکی خراپە و هیچ بۆ میوانان ناکات لەبەر بەرچاوتەنگی و قرچۆکی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت


🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/2/12 9:33:25 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1212
## میوانی ساتێک جاسوسی ساڵێک
https://www.kurdipedia.org/?q=20220519221425414398




میوانی ساتێک جاسوسی ساڵێک
وتراویشە: میوانی شەوێک جاسوسی سەد ساڵ، لە کۆمەڵگا سونەتییەکاندا میوان کە دەچووە ماڵێک، لەماڵەکەدا چاوی خۆی دادەخست لە سەیرکردنی ناموس و کە دەهاتە دەرەوەش دەمی خۆی قەپات دەکرد لە باسکردنی ماڵەکە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە ئە و میوانە تێبینی خۆی نەبێت، چونکە میوان و لایدە و غەریبە زۆر هەستیارە لە ماوەی تەنیا ساتێک یان یەک شەودا زۆرترین زانیاری کۆدەکاتەوە و وردترین سەرنج گەلاڵە دەکەن و چاویان هەموو قوژبنێک دەبینێت و هێڵ بەژێر زۆرێک لە بابەتەکاندا دەهێنن بۆیە بۆ ئامۆژگاریکردن و ئاگابوون لە حاڵەتی مێوانداریەکە دەوترێت: میوانی ساتێک، جاسوسی ساڵێک.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/19/5 10:14:25 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1213
## مێرد بەکێشانەی نی یە
https://www.kurdipedia.org/?q=20180901090136155143



مێرد بەکێشانەی نی یە
مێرد: مەرد و مەردوم و مرۆڤ و بونیادەم هەمووی دەگرێتەوە بەنێر و مێ دەگرێتەوە بەڵام لەلای کوردان هەرواهەست دەکرێت بوترێت مێرد واتە(مێرخاس) نەوەک(مێخاس) لێرەدا ئیمەش(مێر=مێرد)ەکە وەردەگرین هەر کارێک یان هەڵوێستێکی هەبێت پەیوەندی بە ورد و درشتی و باڵابەرزی و کورتی نی یە بەڵکو پەیوەستە بەووره و ناخ و بڕیار و خۆڕاگری و توانا شاراوەکانی ئە و مێردە، هەندێجار دەبینیت بۆرە پیاوێک داستانی گەورەی ئەنجامداوە، یان کورتەبنەیەک چوار ژنی هێناوە، یان ڕەقەڵەیەک پاڵەوانە و سەرمەشقی گۆڕەپان و مەیدانە تاد، ئینجا کاتێک مێردێکی قەزەم یان کورتیلەیە، کارێکی مەزن دەکات و لێی چاوەڕوان نەکرێت دەوترێت(مێرد بەکێشانەی نی یە)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/1/9 9:01:36 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1214

## مێرد نەتکات خەرۆ، بەکەس نابیت ترۆ

https://www.kurdipedia.org/?q=20220519220356414395



مێرد نەتکات خەرۆ، بەکەس نابیت ترۆ
خەرۆ: تەفرەدان و تەفرەخواردن و فێڵ و فریودان و هەڵخەڵەتاندن و فێڵبازی واتە: دەستخەرۆ و لە خشتەبردن، ترۆ: تورە، دەرکردنی یەکێک بە سووکی و بێ حورمەتی و بێ ڕێزی پێکردن دەوترێت: ترۆ کرا، ترۆی کرد، ترۆت دەکەم واتە: بێ بەها و بێ نرخی کرد، ئە و ئیدیۆمە بۆ ئامۆژگاری و ڕێنوێنی و ڕێنمایی ژنان هاتووە، کە دەبێت زۆر وریا بێت لە هەڵس وکەوت و ڕەفتار لەگەڵ شووەکە و مێردەکەی چونکە ئەگەر نزیکترین کەس لەگەڵت خراپ بێت و بەخراپە ناوت نەهێنێت ئەوا کەس ناتوانێت لە گوڵ کاڵترت پێ بڵێت، بۆیە وتراوە: مێرد نەتکات خەرۆ، بەکەس نابیت ترۆ.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/19/5 10:03:56 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1215

## مێروچە چیە تا گازی هەبێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20200824193352387132



مێروچە چیە تا گازی هەبێت.
مێروله، گچکەله وگزگڵه، وتراوە:دیاری مێروله بچوکه، هەڵبەت بەقەد بچوکیەکەی و تواناکەی خۆی دەتوانێت دیاری هەڵبگرێت، ئەگەر دیارییەکەی ئەوها بچوک بێت ئەی دەبێت گازگرتنەکەی چەندە بێت؟ ئەویش بە قەدەر بچوکی زارییەتی، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەمەبەستی کەم و سووک سەیردکردنی توانای کەسێک و بچوکردنەوەی دەوترێت(مێروچە چییە؟ تا گازی هەبێت).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/24/8 7:33:52 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1216

## مێشان دەکەن بۆ لای یەکتر

https://www.kurdipedia.org/?q=20200906001845387556



مێشان دەکەن بۆ لای یەکتر
مێش لەناو کۆمەڵێک ئیدیۆمدا بەکارهاتووە وەک(مێشە گزگزەی لێداوە، مێش هیچ نییە تەبیعاتی پیاوی دەگری، هەڵۆ ڕاوی مێش ناکات، مێش مێوانی نییە، تاد) ئاژەڵەکانی وەک بزن و مەڕو ماڵات و سەگ و وڵاغەبەرزە و مانگا مێش بکەوێتە لەشیانەوە خوێنیان دەمژێت و لەترسی ئە و مێشە یەک بەخۆیان غاردەدەن و هەڵدەپەڕن و سەریان بۆلای ملیان و بن گوانیان دەبەن بۆ ئەوەی مێشەکە لێیان دوور بکەوێتەوە، ئەوە مانا ڕاستەقینەکەی(مێشان)کردنە، ئینجا ئەوە کراوە بەئیدیۆم و گوزارشتی بۆ کراوە بۆ ئەوەی دوو کەس زۆر ئارەزووی لای یەکتر و دیدەنی یەکتر بکەن و حەزیان لە هاموشۆی یەکتر بێت بەتەوسەوە و بەگاڵتە پێکردنەوە بە و دەکەسە دەڵێن ئەوەندە حەزیان لە لای یەکترییە وا(مێشان دەکەن بۆ لای یەکتر).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 12:18:45 2020/6/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1217

**مێشک ئاشەوان**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200826231736387225



مێشک ئاشەوان
ئاش و ئاشەوان لە کوردەواریدا زۆر نموونەی پێهێنراوەتەوە وەک (ئاشی نەزانی خوا دەیگێڕێت) یان (نە بارت بەردەئاش بێت نە کەرت جاش بێت) لێرەش وەک ئیدیۆم مێشک ئاشەوان بەکارهاتووە زیاتر بۆ کەسێکی سەر گەورە و زل دەوترێت، هەندێجار بۆ گاڵتەیە و زۆربەی جارانیش بۆ ڕەزاگرانی و سەلک ئەستووری بەکاردەهێنرێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 11:17:36 2020/26/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1218

**مێشکی کەری خواردووە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220618222041419080



مێشکی کەری خواردووە
مرۆڤی کوردەواری هێندە ئاژەڵی(کەر)ی بە گەمژە و گێل و نەفام داناوە، بۆ هەموو حاڵەتەکانی ناهۆشیاری و کاڵفامی نموونەی پێ دەهێنێتەوە، وەکو: کەر لە چاوی ئە و سعاتچییە، کەر چوزانێ بۆنی بەهێ چییە؟، کەر بەجۆ بمرێ شەهیدە، ئەسپیان ناڵ دەکرد کەر کلکی بڵند دەکرد، کەر لە چاوی ئە و پاشایە، هەڵبەت کە ئاژەڵی کەر ئە و هەمووە نەزانییەی درابێتە پاڵ، فەرمانی هەمووکەودەنی و دەبەنگیەکانی هەر لە ڕێگەی مێشکەوە پێ دەکرێت، بۆیە کورد مێشکی کەری لە و ئیدیۆمەدا بەکارهێناوە و بەکەسێکی زۆر دەبەنگ و نەفام و کوێرەوار و نەزان دەڵێت: مێشکی کەری خواردووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/18/6 10:20:41 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1219
## مێشێک دەکاتە گامێشێک
https://www.kurdipedia.org/?q=20200923121517388105



مێشێک دەکاتە گامێشێک
وتراویشە(مێشێک و گایەکی پێ وەکو یەکە) بەڵام ئەمەیان تەواو پێچەوانەیە بۆ سەخاوەت و دڵئاوایی ووتراوە، مێش، مێشولە زیندەورێکی بچوکە و گامێش ئاژەڵێکی زەبەلاحە، ئەوە لایەنە ڕاستەقینەکەی ئیدیۆمەکەیە، بۆ مانا و گوزارشتی تر بەکاردەهێنرێت(بچوکی مێش و گەورەیی گامێش)، مێش ئاماژەیەکە بۆ کەموکورتیەکی بچوکی مرۆڤ بۆنمونە ئەگەر کراسێکی سپی بپۆشێت و مێشێکی لەسەر بنیشێتەوە لەدوورەوە دیار دەبێت هەر ئەوەشە وایکردووە مێش بە(عەیب و عار)ێکی بچوک هەژمار بکرێت، ئینجا زۆر جاران خەڵکانێک بەمەبەستی ناشیرین و بێ ڕێزیکردنەوە کەموکورتیەکی بچوک گەورە بکەن و زۆر زۆر لە قەبارەی خۆی زیاتری بدەنێ بە ئیدیۆمەوە دەوترێت ئەوەچیە؟ مێشێک دەگاتە گامێشێک.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 12:15:17 2020/23/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1220
## مێشێک و گایەکی پێ وەکو یەکە
https://www.kurdipedia.org/?q=20200929001829388378




مێشێک و گایەکی پێ وەکو یەکە
مێش، مەگەز باڵدارێکی بچوکە و زۆر ئیدیۆمی لەسەرهاتۆتەوە، وەک(دڵ مێشە لەسەر گووی دەنیشێت، مێش مێوانیان نییە، مێش لە لێوی خۆی ناکاتەوە، مێشێک دەکاتە گایەک، مێش هیچ نییە بەس تەبیعەتی پیاوی تێک دەدات، مێشوڵە فیلی ناموڕتاح دەکات، مێشان دەکەی لۆ لای یەکتری و...تاد).
گا، نێرینەی مانگایە و زەبەلاح و گەورەیە، بۆ بەراوردکردنی لەگەڵ(مێش) بەراوردێکی ناهاوسەنگە و نابەرامبەرە، بەڵام خواستراوە بۆ کەسێکی(دڵئاوا و دەستکراوە وسەخی و بەخشندە) کە چ گایەک ببەخشێت چ مێشێک لەلای وەکو یەکە ئەمە بووە بە ئیدیۆم و دەوترێت(مێشێک و گایەکی پێ وەکو یەکە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 12:18:29 2020/29/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1221
## مێوژی سەربوکێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20210509210730393971



مێوژی سەربوکێ
لەکۆندا لە ئاهەنگی بوک گواستنەوەدا هەندێ گەنم وپارە و شیرینی وەکو مێوژ و شەکرۆکە و چوکلێتیان دەخستە ناو قاپێکەوە لەلایەن کەسێکی نزیکی زاواوە لەسەر بان و خانووی ماڵێکەوە بەسەر سەری بوک دادەکرا و منداڵیش دەکەوتنە بەر دەست وپێیان بۆ کۆکردنەوەی پارە و فلس و مێوژ و شیرینی، لە دەیان منداڵی ئاوایی تەنها چەند منداڵێک مێوژ یان دەفلوسی و پێنج فلوسیان بەردەکەوت، ئیتر ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ شتی کەم و نەبوون دەوترێت(مێوژی سەر بوکێیە) واتە شتێکی زۆر کەمە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📧 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2021/9/5 9:07:30 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1222

## مەشکەی گاوسی کابان لەبەر دەفسی

https://www.kurdipedia.org/?q=20200830143522387288



مەشکە مەشکەی گاوسی کابان لەبەر دەفسی
هێمن موکریانی شاعیر فەرمویەتی:
ئاهەنگی ژین و شادی بوو، بەیانی کە تێکەڵ دەبوو،
شمشاڵی من، خرمەی بازن، گرم و هۆڕەی مەشکەی گاوس
مەشکە لە پێستی مەڕ و بزن و گۆلکە نێری دروست-خۆش دەکرا، مەشکەی گۆلکێ دوو هێندەی مەشکەی پێستی مەڕ و بزنە و زۆریش ماست و ئاو دەگرێت، ئینجا کەیبانوو لە هەردوو لاوە دەیهەژاند و کەرە و دۆیەکی باشی لێ بەرهەم دەهات، ئە و کەیبانووەی مەشکەی بزن و مەڕ بهەژێنێت و دواتر مەشکەی گاوسی پێ بدرێت زۆر قورس و گرانە لەلای و ووردە ئاهەنگی دواوەی لەگەڵ خرمەی بازنە و گرم و هۆڕەی مەشکەکەی تێکەڵ دەبێت، ئەمەش بۆ خۆشی و گاڵتە و گەپەوە بووە بەئیدیۆم و دەوترێتەوە(مەشکە مەشکەی گاوسی کابان لەبەری دەفسی).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code


🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📧 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2020/30/8 2:35:22 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1223

## مەگەر گو بکەنە سەر ڕێی کاروان

https://www.kurdipedia.org/?q=20201107081543389638



مەگەر گو بکەنە سەر ڕێی کاروان
لە کوردەواریدا پاشەڕۆی مرۆڤ(گو) لە زۆر بواردا لە ئیدیۆمدا بەمەبەستی جیاجیا بەکارهاتووە، وەکو(گوخۆرە ، ڕدێن بەگووە، گوزل، گو لەودە، گوگەورە، ئەوەی بۆ گوکەر هەڵدەکەوێ بۆ ڕاوکەر هەڵناکەوێ، ناوی نەبوو لەناوناوان، دەچوو گوی دەکردە سەروچاوان-سەروئاوان).
گو کردنە سەر ڕێی کانیاو و کانی و سەروچاوەی ئاوی ئاوایی و گوکردنە سەر ڕێی کاروانیش لەیەکتریەوە نزیکن، کەسێک پێ کەسایەتی و ناووناوداری بێت باهەر گوبکاتە سەروچاوی ئاوی ئاوایی، کەسێک پێ توانا و شەرکەر نەبێت با هەر گوبکاتە سەر ڕێی کاروان، دەگێڕنەوە لەشەڕی(شێخ بزێنی سەروو و ئاغاکانی کۆیە) هەواڵدەر هەواڵ دەداتە حەمەئاغای گەورەی کۆیە و دەڵێت خەڵکی گوندێکی سەرزێ بچوکیش بووینە پیاوی ئاغاکانی شێخ بزێنی سەروو، حەمەئاغاش بەکاوەخۆ و لەسەرەخۆ بەبێ ڕەنگ تێکچوون دەڵێت ئەوانە بێوەین مەگەر گوبکەنە سەر ڕێی کاروانمان واتە ئەوانە خەڵکی لاچەپ و لاشەڕ و بەدەست وقام و جەربەزە و ئازا و پیاوکوژ و دەست وەشێن نین هەر ئەوەندەیان پێ دەکرێت ولاغەکانمان برەوێننەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ☐ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/7/11 8:15:43 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1224
**مەلا خۆرکە بووە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170731105627141658
مەلا خۆرکە بووە
ئیدیۆمێکە لەنێو کوردان دوای بڵاوبونەوەی ئاینی ئیسلام هاتۆتە ئاراوە، چونکە(شەرع وسولح وفتوا و ناشتن و تەلقین و پێش نوێژی وتاد) کاری مەلا بووە، بۆیە لە ئاواییەکانی کوردستان لەسەر خەڵکەکە بوو مەلا بەخێو بکەن، ئەم ئیدیۆمە لەوە سەرچاوەی گرتووە کاتێک خەڵک پرسیاری بەروبومێکی کشتوکاڵی وەک تور و سلق و کەوەر و تەرەتیزە و کەرەویز و گندۆرە و شوتی و خەیار و تەماتە و هەنجیر وتاد بکەن، یان هەموو بەرهەمێک سەرەتای پێ گەیشتنی و گوڵ بەدەمی پێی وتراوە(مەلا خۆرە بووە) واتە سەرگوڵەکەی بۆ مەلا دەبێت، چونکە ڕێزی مەلاکان لەناو کوردان زۆر گیراوە هەموو ڕسق و بەرهەمێک حەزدەکرا سەرتۆپ و یەکەم بەری سەرگوڵی بۆ ماڵی مەلا ببردرێت کەواتە بۆیە وتراوە مەلا خۆرکە بووە وە خەلکیش بە و ئیدیۆمە تێ دەگات کە بەرهەمەکە سەرەتایەتی و خەریکە تەواو پێ بگات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: AM 10:56:27 2017/31/7
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1225

## مەلا قونە شەرتی هەر چوونە

[https://www.kurdipedia.org/?q=20171120093227143287](https://www.kurdipedia.org/?q=20171120093227143287)

مەلا قونە، شەرتی هەرچوونە
مەلا لەبەر ئەوەی پێشەنگ بووە و خوێندەواری سەردەمێکی دوور و درێژی ناو کوردان بووە بۆیە زۆر لە ئیدیۆم و نمونەی چیرۆک و نوکتە لەسەر ئە و دروستکراوە و هێنراوەتەوە هەندێکیان ڕاستەقینەن و هەندێکیشیان دروستکراون، ئەم ئیدیۆمە لەوەوە هاتووە گوایە مەلا خەریکی مەلاژن بووە، بەڵام چوکی چووە بە کۆمی مەلا ژن و مەلاژنیش ووتویەتی مەلا قونە ئەویش وتویەتی شەرتی هەر چوونە، لە ئیدۆمیشدا بۆ کارێک بەکاردەهێنرێت کە لە جێگەی خۆیدا نەکرێت بەڵام بەرژەوەندی کەسێکی تێدایە بۆیە هەر ئەنجامی بدات و ڕەچاوی بەرژەوەندی کەسانی تر نەکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: AM 9:32:27 2017/20/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1226

## مەلا مێزەری بۆ ئەفرۆشێ

[https://www.kurdipedia.org/?q=20220325190157409064](https://www.kurdipedia.org/?q=20220325190157409064)



مەلا مێزەری بۆ ئەفرۆشێ
وتراویشە: شێخ شێت دەکات و مەلاش سەرگەردان، مرۆڤ کاتێک سەرسام دەبێت ئینجا چ بە ماڵی دونیا، چ بە ژن و ئافرەتان یان هەر موڵک و سامان و کەلوپەلێکی گرانبەها، حاڵەتی وەرگەڕان لە بنەما سەرەکیەکانی خۆیدا ڕوودەدات و لە دین دەرچوون لە ناو کەسانی ئاینی وەکو شێخ و مەلا دێتەکایەوە، بەو دۆخە دەوترێت: مەلا مێزەری بۆ ئەفرۆشێ واتە لەدین وەردەگەڕێ وەکو وەرگەڕانی شێخی سەنعان بۆ کچە گاورێک.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] ℵ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/25/3 7:01:57 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1227
**مەم شۆوە بە گواوێ چاکەی دوایێم ناوێ**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170802073338141711
مەم شۆوە بەگواوێ چاکەی دوایێم ناوێ
ئیدیۆمێکە کەسێک بەرامبەر کەسێک بەکاری دەهێنێت کە خراپیەکی باشی لەگەڵ کردبێت و دواتر بیەوێ قەرەبووی بۆ بکاتەوە، چونکە لە و ئیدیۆمە دەردەکەوێت چاکەی پاش شوشتنەوەکە ناتوانێت بارتەقای ئە و هەموو سوکایەتی و بەزم پێکردنە بکاتەوە کە پێشتر پێی کراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] ℵ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/2/8 7:33:38 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1228
**مەیمون بۆخۆی نەبوو سورێژەشی لێهات**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180929102140156588

مەیمون بۆخۆی نەبوو سورێژەشی لێهات(ئاوەڵە-خوریکە)
ئاژەڵی مەیمون هەرچەندە لەناوچە شاخاوییەکانی کوردستان نیە زیاتر لە ناوچە زۆنگاو و جەنگەڵ و لێرەوارەکاندا گوزەران و ژیان بەسەر دەبات بەڵام مرۆڤایەتی هەریەکە و بەجۆرێک ئاشنایەتی و ناسیویەتی، کورد ناشیرنی مەیمون سەرنجی ڕاکێشاوە لەوانەیە هۆزێکیتر یان نەتەوەیەکیتر پێی ناشیرین نەبێت، کورد بە جوانی ئاژەڵی(کورەبەشە)ی گرتووە کە کوڕێکی جوانیان هەبێت دەڵێن هێندە جوانە(دەڵێی کوڕەبەشەیە) بۆ ناشیرینیش دەڵێن هێندە ناشیرینە سەد خۆزگەت بە مەیمون یان(دەڵێی مەیمونە) هەڵبەت لەم ئیدیۆمەش مەیمون شانسی نیە و هەر بەگوزارشتە ناشیرینەکە بۆی لێکدراوەتەوە، مەیمون خۆی ناشیرینە ئینجا توشی نەخۆشی سورێژە(ئاوەڵە)ش بێت ئەوا هەر مەپرسە چی لێ دێت، کورد ئەم ئیدیۆمە بۆ ناگوزری و بێ دەرەتانی و نالەباری بژێوی و ژیانی کەسێک بەکاردەهێنێت سەرباری ئەمانەش ئینجا توشی دەرد و بەڵایەکیتر بێت دەڵێت(مەیمون بۆ خۆی نەبوو، سورێژەشی لێهات) هاوشێوەی ئەمەش دەوترێت(ماڵ بۆخۆی نەبوو میوانیشی بۆ هات).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/29/9 10:21:40 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1229

**مەیمون هەڵدەپەڕێ خاوەنەکەی پارەی وەر ئەگرێ**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190307063354280194



مەیمون هەڵدەپەڕێ خاوەنەکەی پارەی وەرئەگرێ
مەیمون زۆر کورد بەکاریهێناوە بەتایبەت بۆ مەبەستی(ناشیرینی و گاڵتەجاڕی) لێرەدا وەک ڕەنج بەخەسار خراوەتە ناو ئە و ئیدیۆمەوە، مەیمون ئە و ئاژەڵەیە کە زۆر جوان دەتوانێت لاسایی مرۆڤ بکاتەوە، لە جموجۆڵ و هەڵسوکەت هەتاوەکو لەشێوە و ڕووخساریش ئەگەر مەیمونێک لەناو کوردان بەخێو بکرێت پێی بڵێی مرۆڤ چۆن شایی دەکات بەهەمان شێوەی شایی دەتوانێت گوزرارشت و هەڵبپەڕێت، ئەگەر لە ئەورووپاش بێت پێی بوترێت(دانس) بکە ئەوا بێ سێ و دوو(دانس)ت بۆ دەکات، بەڵام لەکوردستان و ئەورووپا بەرامبەر ئەم لاسایی کردنەوەی مەیمونەکە خاوەنەکەی بەخششێک وەردەگرێت، ئەمەش بووە بەدەربڕ و ئیدیۆم و وتراوە(مەیمون هەڵدەپەڕێت، خاوەنەکەی پارەی وەرئەگرێت) واتە وەرزێر و جۆوان و کرێکار و گەدا و(ڕەعیەت) هیلاک و ماندووە کەچی بەرهەمەکەی بۆ سەرکار و خاوەنکار و ئاغایە.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 6:33:54 2019/7/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1230

## مەڕ بەپێی خۆی، بزنیش بەپێی خۆی

https://www.kurdipedia.org/?q=20180826092441154928



مەڕ بەپێی خۆی بزنیش بەپێی خۆی
دەگێڕنەوە(بالول) برای(هارونە ڕەشید)ی خەلیفەی عەبباسی دەچێتە بازاڕ و بەلای کوشتارگەی ئاژەڵان دەڕوات و دەبینێت(مەڕ) دوای کوشتنەوەی بەپێی خۆی بەسینگێک هەڵواسراوە و بزنیش بەپێی خۆی بەسینگێکی تر بۆیە لە بەرە خۆیەوە بزەیەک دەیگرێت کە دەمێک بووە بزە و خەندەی نەکردووە لێی دەپرسن(بالول) چی وایلێکردیت پێبکەنی، ئەویش دەڵێت من وامدەزانی بە ئاگری هارونە ڕەشیدی برامەوە دەسوتێم بەڵام ئێستا بۆم دەرکەوتووە(مەڕ بەپێی خۆی بزنیش بەپێی خۆی) واتە هارونی برام بەپێی خۆیی و منیش بەپێی خۆم بەدارەوە دەکرێین، واتە کەس ئۆباڵی گوناحی کەسی تری ناکەوێتە سەر، تەنها ئۆباڵی گوناحەی خۆی لە ئەستۆیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:24:41 2018/26/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1231

## مەڕ لە گەلە بڕ بووە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171213094528143485

مەڕ لە گەلە بڕبووە
بڕبووە واتە تەریک بوون و پەراوێزە و هەرەتە(هەڵەتە بوون) و ئاوێ بوون و بەتاق تەنیا مانەوە، یان جیاکردنەوەی هەندێک لە کۆی شتێک یان تاکێک لە کۆمەڵەیەک، ئینجا ئە و بڕبوونە دەتوانرێت لەلایەن دوژمن و نەیار و گورگەوە زەفەری پێ ببرێت، بەتایبەت بۆ مەڕێک کەتەنهایە گورگ باش حەپەڵوشی دەکات و قرقراگەی دەگرێت و بەکڵکی لێدەخورێت بۆ دەوروبەری کونە گورگ و دەرخواردی گەلەکە و بێچووەکانی دەدات، لێرەدا بە ئیدیۆم وتراوە بۆ هەرکەسێک کە بەهەر هۆکارێکەوە بێت لە قەوم و خوێش و کۆمەڵگە و هاوسێ و هاوڕێیانی دابڕابێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 12/13/2017 9:45:28 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1232
**مەڕ هاوینێ دەمرێ، زستانی خاوەنی دەزانێ**
https://www.kurdipedia.org/?q=20210515120625394070




مەڕ هاوینێ دەمرێ، زستانی خاوەنی دەزانێ
چلەی هاوینێ تاو وتینی گەرما تاو دەسێنێ و مەڕ کۆڕ دەبەستن سەر دەنێن بەپاشەڵی یەکترییەوە وەکو سێبەر بۆ یەکتری و ناتوانن ڕێ بکەن و بچنە لەوەڕگا وپاوانان، بۆیە شوانکارەکان یەک دوو سەر بزن بەخێودەکەن و ڕادەگرن تاوەکو ببنە چاوساغ و ڕێوانی ڕانە مەڕەکە بۆ ئەوەی بچنە هەرد و کێوان و لەوەڕگایان، مەڕ زۆر باش دەڵەوەڕێت دەبێت دوای تێرخواردن لە لەوەڕگایان زوو زوو ئاوبدرێت و نابێت، لەئاودانی هاوینێ مەڕ و ماڵات خافل بکرێت و فەرامۆش بکرێت چونکە ئاژەڵی مەڕ پێویستی بەسێ ژەم ئاوخواردنەوە هەیە بەتایبەت لە وەرزی هاوین، لەبەرئەوەی مەڕ زۆر باش دەڵەوەڕێت ئەگەر لە هاوین ئاو نەدرێت، ئەوا لە چلەی زستانێ کار لەسیپەلاکی مەڕەکە دەکات، بەرگەی ئە و زستانە سەختە ناگرێت و دەیکوژێت، ئە و ئەزموونەی پەزەوان و ئاژەڵداران و شوانکارەی کورد بووە بە درکە و کینایە و ئیدیۆم دەوترێت(مەڕ هاوینێ دەمرێ، زستانی خاوەنی دەزانێ).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 5/15/2021 12:06:25 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1233
**مەڕوانە سەری تاسی، بڕوانە بەختی خاسی**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220519221937414399



مەڕوانە سەری تاسی، بڕوانە بەختی خاسی
تاس: تاس و لوس واتە کەچەڵی بێ موو، خاس: باش و چاک، لە کوردەواریدا ئەوەی سەری کەچەڵ و لوس و بێ موو بێت، قێزەون و ناشیرین و ناحەز دێتە بەرچاو و بەهۆی ڕواڵەتیانەوە کیژان و کچان حەز بەچارەیان ناکەن و بەدڵی خۆیان بێت خراپ شوویان پێ دەکەن، ئەمەش ڕاست نییە چونکە ڕواڵەت هەموو شتێک نییە و چاکی و باشی بەڕوخسارەوە نییە بەڵکو بەناوەڕۆکەوەیە، بەجۆرێکیتر ئە و ئیدیۆمە هاتووە(مەڕوانە سەر و تاسی، بڕوانە بەختی خاسی واتە: سەر وتاس و زێرِوزیوو و جل وبەرگ و ڕواڵەت ڕاستەقینە نییە، بەڵکو شانس و بەخت تەواوە، ئینجا ئەوە بووە بە ئیدیۆم و ئەگەر ژن و پیاو بەختیان لەگەڵ یەکدی باش بێت ئەوا کەچەڵی لاوەکیە و هیچ نییە بۆیە بە ڕێنوێنیەوە وتراوە:
مەڕوانە سەری تاسی، بڕوانە بەختی خاسی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2022/19/5 10:19:37 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1234

## مەڕە گەڕەی ناو لەوەڕی هەڵدەپەڕی و نا لەوەڕێ

[https://www.kurdipedia.org/?q=20171126094954143321](https://www.kurdipedia.org/?q=20171126094954143321)

مەڕە گەڕەی ناو لەوەڕی هەڵدەپەڕێ و نالەوەڕێ
مەڕێکی گەڕ و لاواز ئەگەر لەناو لەوەڕگا بێت و هەڵپەڕێ و نەلەوەڕێ کەواتە بەچی قەڵە و بێت، ئەم ئیدیۆمە بۆ مرۆڤێکی هەژار و نەدار بەکاردێت کە کاسبی و کار زۆر بێت و ئەویش گەڕۆک بێت و هیچ کاسبیەک بۆ ماڵ و منالی نەکات ئەوا هەر بە هەژاری و دەست کورتی دەمێنێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2017/26/11 9:49:54 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1235

## مەیکە ڕاوە ڕێوی

https://www.kurdipedia.org/?q=20201120075559389835



مەیکە ڕاوە ڕێوی
ڕێوی یەکێکە لە و ئاژەڵانەی کە لە زۆربەی گەلانی دونیادا کۆکن لەسەر فێڵبازییەکەی و لە زۆرێک لە چیرۆک و گۆتە و قسەی بەرئاگردانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، هەڵبەت لەنێو میللەتی کوردیش وەک ئیدیۆم ڕێوی زۆر بەکارهاتووە ئەگەر تێبینیش بکرێت ئەوا هەرجارەی کە باسکراوە گوزارشتی تەڵەکەبازی و فێڵبازی تێکەوتووە وەک(دەڵێی ڕێوی قەمچوغەیە، شایەدی ڕێوی کلکی بێت، ڕێوی بەشاگرد وەرناگرێ، فلانە کەس ڕێوییە و...تاد
یەکێک لەدیارترین فێڵی ڕێوی ئەوەیە لەکاتی ڕاوی ڕێویدا ئەنجامی دەدات ئەویش کاتێک لە زورگ(سورک) ڕێوییەک دەکەوێتە بەرچاوی ڕاوچییەک خێرا خۆی دەرباز دەکات و بۆ پشتی ڕاوکەر دەڕوات و لەپشتەوە سەیری ڕاوچییەکە دەکات و ڕواچیەکەش بەهەڵەداوان بەرە و شوێنی بینینی یەکەمجاری ڕێوییەکە دەڕوات و ڕێوییەکەش ئاڕاستەی ڕاکردنەکەی خۆی گۆڕیووە، ڕاوە ڕێوی لێرەدا بووە بە ئیدیۆم هەرکەسێک بەمەستی شێواندن وگاڵتەجاڕی و فێڵبازییەوە بیەوێت بابەتێک، باسێک بگۆڕێت پێی دەوترێت(مەیکە ڕاوە ڕێوی).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

▤ سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی


کاتی تۆمارکردن: 2020/20/11 7:55:59 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1236

## مەیکەنە دیوەخانەکەی ساتوقەڵا

https://www.kurdipedia.org/?q=20170419222645139178



مەیکەنە دیوەخانەکەی ساتوقەڵا
دیوەخان، قۆناغ ونوان ودالدەی ڕێبوارو دێوەرە و میوان ولێقەوماوان بووە، لەدێر زەمانی میللەتی کورد ڕەمزوهێمای میواندۆستی وخانەدانی وجێگەورێگەی خزمەتگوزاری پێشکەشکردن وپێدانی نان وئاو وخەسڵەتی نمەکگیری وئەدگاری بەرزی سەخاوەت وپیاوەتی وجوان مێری بووە، شوێنی ڕاوێژ وم شتومڕ و تاوتوێ وتەتەڵەکردنی بابەتە هەنوکەیی وکاروبارە ڕۆژانەیی یەکانی خەڵک وهاوڵاتیان بووە وئەنجومەنی پیران و خانووی کۆڕتیاگرتن و شوێنی بڕیاروتەکبیر وچارەسەرکردنی گرفتە هەڵواسراو وگرێ گوێرەکان بووە، شانبەشانی ئەمانەش بۆ ئەوەی دیوەخان کەموکوری نەبێت، دەبێت خان وتەویلەیەکی کاروان سەرای شێوەگەراجی پشوودانی ووڵاغ وباربەروهۆرونئاخوروکادینێکی بەقورسواخدراوی هەبێت تاوەکو جۆ وکا بۆ ووڵاغەبەرزە لەمشەبێت، داهاتی دیوەخانیش بەرەنج و کۆشش و وەرزێری وکشتیاری و ئاژەڵداری و بەرهەمی ڕەزوباغ ودوور لەڕێگری و جەردەیی و مشەخۆری و بەئارەق ڕشتن و بیری جوانی وەبەرهێنانی خاوەن دیوەخان بەردەوام بێت و تیایدا کەسێک براگەورەیەکی لە خۆبردوویی بەماڵ وبەگیان ودەرگای ئاوەڵا کردنی بۆخەڵک، بەمەش

توانیویەتی کەسایەتیەکی سەنگین وبەویقاروخاوەن بریار و جێگای متمانەی خەڵک بۆخۆی بەدەستبێنێ و چەندین نەوە و پشتی دوای خۆی شانازی پێوبکەن.
ئەوەی لێرە دەمەوێ ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەی بۆبکەم ئەو درکە وئیدیۆم و گۆتە باوەیە، کە لەتەقتەق و دەشتی کۆیە و وورانی کۆیە، چەندین ساڵە دەووترێت ولێرە ولەوێ لەکۆڕوگردبوونەوە وئیش وکارەکانی ڕۆژنەماندا بەرگوێمان دەکەوێت ئەویش کینایەی مەیکەنە دیوەخانەکەی ساتوقەڵایە، هەر لێرەوە زاراوەی (دیوەخان)ی گۆتەکە دەبێت هەموو مەرجەکانی کە لەسەرەوە ئاماژەم پێکردووە لەخۆی گرتبێ و دەبێت هەر واش بووبێت، بۆیە پێی ووتراوە دیوەخان، دانیشتوانی هاوچەرخی گوندی ساتوقەڵا(1) بەگوێرەی ئەوەی حەوت بۆ هەشت پشتی خۆیان دەزانن کەواتە دوای گرانی گەورەی ساڵی 1831زاینی کە بەهۆی نەخۆشی تاعونەوە دروستبووە، خزمانی گوندی ساتوقەڵا کەلەتیرەی هورمزیارن بەدووری 13 کیلۆمەتر لەخۆرهەڵاتی تەقتەق نیشتەجێبوون و ئەم گوندە خنجیلانەی کەنارزێی بچوکیان ئاوەدانکردۆتەوە و یەکێک لەباپیرانی ئەمانە بووە بەخاوەن قۆناغ و دیوەخان، ئەم دیوەخانە تا سەعیدی مام وەلی کە (بەسەعەی وەلە) بەناوبانگ بووە بەردەوام بووە.
تائێرە ئاساییە، بەڵام زاراوەی (مەیکەنە)کەکاری داخوازیە لە ڕێزمانی کوردیدا لەبەرچی گوتراوە وبووە بەوێردێکی درکەیی سەرزاری خەڵکی، ئەمە بیروبۆچونی جیای هەڵگرتووەولێکدانەوەی دژبەیەکدی بۆ کراوە، خزمانی ساتوقەڵا پێیان وایە دیوەخانێکی گەورەی قۆناغ ومەنجەڵی گەورەی زنجیرداری لەچێشتخانەوئاگردانەکەی هەبووە وخەڵکی نەداروهەژاروبرسی تیایدا تێرکراون ورۆژانە ئەو سەخاوەتی و نان پێدانە بەردەوام بووە، وە دەڵێن ووتراوەکردیانە دیوەخانەکەی ساتوقەڵانەوەک مەیکەنە دیوەخانەکەی ساتوقەڵا، کە ئەمەش بەبۆچونی ئەوان واتە وەک دیوەخانەکەی حەماغای گەورەو حەمەقەدۆی موسڵ بووە، بیروبۆچوونە دژوجیاوازەکەی کە لەسنورەکە باوە دەڵێت:دیوەخانەکەی ساتوقەڵا بەمانای ووشە دیوەخان بووە بەڵام دوای مردنی براگەورەکە، ئەوانەی دوای ئەو بەگوێرەی بارودۆخی ئابوری و داهات و ڕووتێکردنی کەمی بەرهەم وهەڵکشان وداکشانی ژیان، نەیانتوانیووە درێژە بەدیوەخانەکە بدەن، وگوایە دیوەخانەکە 40پێ درێژو10پێ پان بووە، لەحەوشەکەی تەویلەو خانی هەبووە، بەڵام دوای نەمانی کەسی یەکەمی خاوەن دیوەخان، یەکێک لەکورەکانی لەناوەڕاستی دیوەخانەکەوە پەردەیەکی هەڵواسیووە ودرێژییەکەی کردووە بە20پێ، ڕوونتر ڕووبەری دیوەخانەکەی بچووک کردۆتەوە، بیروبۆچونی سێیەمیش دەووترێتگوایە دوای نەمانی کەسی یەکەم هیچ کام لە نەوەکانی نەیانتوانیووە ببنەخاوەن بریاروکەس گوێ ی بۆ کەس نەگرتووە و هەر بابەیەولەجێگەی خۆیەوە قسەی کردووە وراوێژورێزگرتن لە بەرامبەرکەم بووە، کەواتە ووشەی (کردیانە)و(مەیکەنە)لەگەڵ بیروبۆچوونە دژەکانی خەڵکی گوندەکە یەک دەگرێتەوە، منیش دەڵێم دەستاوی هەرئاگردانێ کەشێرە کوروگەورەپیاوێک دروستبکات، خەمی ناوێت ئەگەر ئاگردانەکەش ڕۆژێک لەڕۆژان کزو ڕووەوخامۆشی بێ، ئەوا ئەو نەژادوتوخمە لەکات وساتێکیتر سەرهەڵدەداتەوە، قەد ئاگری ئەو ئاگردانە ناکوژێتەوە، دیارە ئەمەش بۆیە ووتراوە بۆ پەندوئامۆژگاریکردنی نەوەکان بووە تا سوود لەڕابردوو وەربگرن وکارێ کەپێویستە نەکرێ، نەکرێ و وەمەبەستی بەندەش خزمەتکردنی ئیدیۆمی کوردیەو دەوڵەمەندکردنیەتی و ساتوقەڵای کەنارزێی بچووکیش هەر ئاوەدان و ڕازاوەبێ.
(1)مەبەست هاوچەرخ، واتە دانیشتوانی ئەمرۆی گوندەکە نەوەک مێژووی چاخی ئاشوری ناوەراستی 3000ساڵ بەر لەئەمرۆ، کە ساتوقەلا پایتەختی هەرێمێک بووە بەناوی (ئیدۆ).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2017/19/4 10:26:45 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1237

## نازانم لەکەیەوە پیازیش بەخۆی دەڵێ میوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190107085430186215



نازانم لە کەیەوە پیازیش بەخۆی دەڵێ میووە
پیاز لەبەرووبومەکانی زستانە و هاوینە لەپۆلی(سەوز)ەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی پۆزیایی هەیە و پر بەدەست وخرە وەکو میوەکانی(سێو و هەنار و خۆخ و لیمۆ و ترنج و پرتەقاڵ) دەتوانێ بەدیارخۆیەوە لەئەندێشەیدا خۆی بخاتە شوێنی ئە و میوانە، ئینجا ئەگەر مرۆڤێکیش ستایشی خۆی بکات و خۆی لە واقیعی خۆی زیاتر بهێنێتە بەرچاو و ئاراوە ئەوا بەتەوسەوە لە ئیدیۆمی کوردەواریدا پێی دەوترێت(نازانم لەکەیەوە پیازیش بەخۆی دەڵێ میوە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 2019/7/1 8:54:30 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1238

## نان بایە نانەوا، نیمەی خوەیک و نیمەی دیلیکەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180125095941144262

نان بایە نانەوا، نیمەی خوەیک و نیمەی دیلیکەوە
ئەمە شێوەزاری لوریە لە گوندەکانی شارەدێی سێگردکانی شارۆچکەی کۆیە بەتایبەت لە ئاوایی ئۆمەرگومبەت بەکاردێت مەبەست لە و دەربڕە ئەوەیە نان بۆ نانەوا گۆشت بۆ قەساب واتە هەر پیشە و کەسێک لێی شارەزایە و دەزانێت چۆن ئەنجامی بدات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 1/25/2018 9:59:41 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1239

**نان خۆری، سفرە دڕ**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220521120414414506



نان خۆری، سفرە دڕ
سپڵە: کەسێکە کە چاکەی کەسی لەپێش چاو و لەبەرچاو نەبێت، سوپاسگوزاری هیچ شتێک نەبێت، خاسیەتی پشیلەی هەبێت دەوترێت: پشیلە کە خۆراکی پێ دەدەیت چاوی دەنوقێنێت، بۆیە کە تورەی دەکەیت گازت لێ دەگرێت، چونکە کەنانەکە یان پارچە گۆشتەکەی دەخوات تۆ نابینێت، زۆرجار لە و وڵاتی کوردنشینەی ئێمەدا خەڵکانێکی زۆر دوای ئەوەی نان و نمەکی کەسێکیان کرد و خوارد، ئەوا زیاتر بێ نمەکی دەکەن و زیان بە خانەخوێ و خاوەن نانەکە دەگەیەنن چ لە ناموس و کەل و پەل و بەها و شکۆ و ڕێزەوە تاوەکو دزی لێکردنی، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی سفرە، سپڵە، بێ نەزان، بێ ئەمەک دوای نان خواردنی سەر سفرە و خوان ئینجا زیانێکیشی هەبێت بە رق و کینە و قێزەوونی و سووکییەوە پێی دەوترێت: نانخۆری سفرە دڕ. [1]

تایبەتمەندییە کانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 5/21/2022 12:04:14 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1240

**نان گیربوو ئاو، ئاوگیربوو چاو**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200909131849387696



نان گیربوو ئاو، ئاوگیربوو جاو
مرۆڤ لەشی ساغ بێت، دەخوات و دەخواتەوە لەژەمەکاندا، هەندێکجار نان لە قورگی گیردەبێت و بۆ چارەکردنی جامێک ئاودەخواتەوە تاوەکو لەسورێنچک دەچێتە خوارەوە، بەڵام کاتێک ئاو لەقورگی مرۆڤ گیر بێت واتە زۆر نەخۆشە و ئاو لەقورگی ناچێتە خوارەوە بەمەش مرۆڤەکە نزیکی سەرەمەرگە بۆیە پێویستە جاو واتە کفن ئامادە بێت هەر لەبەر ئەمەشە بووە بە ئیدیۆم بۆ کەسی زۆر نەخۆش دەوترێت(نان گیربوو ئاو، ئاو گیربوو جاو).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/9/9 1:18:49 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1241

## نان نانی گەنم و دین دینی موحەمەد

https://www.kurdipedia.org/?q=20190327093043283395



نان نانی گەنم و دین دینی موحەمەد
کوردی خاوەنی وولاتی کوردستان کە بۆ یەکەمجار لەناو مرۆڤایەتیدا لە نیشتمانەکەی پیشەی وەرزێری و کشتیاری و کشتوکاڵی تێدا داهێنراوە و دۆزرا وەتەوە، گەنمی لە هەموو میللەتان پێشتر ناسیووە و بەبایەخەوە وەک قوت و زاد و بژێوی و خۆراکی سەرەکی ناسیویەتی و بەرهەمی هێناوە، ئە و نانەی لەئاردی هاڕاوەی گەنمە بەهیچ نانێکیتری هاڕاوەکانی(ماش و برنج و هەرزن و جۆ و گەنمەشامی و تاد) ناگۆڕێتەوە، کورد پێی وایە ئەگەر نانێک نان بێت و شایستەی ئەوە بێت پێی بوترێت نان ئەوا(نانی گەنم)ە، هەروەها کورد بۆ ئاینەکانیش کە ئاینی ئیسلامی دوای 622ساڵ لە لەدایکبونی(عیسا)ی پەیامبەر ناسیووە، لەرێگەی(گاوانی کوردی) یاوەری پەیامبەری ئیسلام(محەمەد کوڕی عەبدوڵلا-د.خ) دواتر کوردبوون لە پەیڕەوانی ئە و ئاینە، ئە و کوردانەی لەپەیڕەوانی ئە و ئاینە تازەیە بوون هەندێکیان لە ڕێچکەکانی(مەزهەب) سۆفیگەری وڕێبازی(تەریقەت)ی شێخگەرایی زۆر خولیاوتێکەڵکێشی بیروباوەڕەکانی ئیسلام بوون و پێیان وایە هیچ(دین-ڕەوشت و ئاین)ێک نیە خۆی بدات لە شانی ئاینی ئیسلام لەپاکی و بێگەردی و بەندەناسی و خواناسی-دا هەربۆیە کوردی موسڵمان نان و ئاین-ەکەی لەتەرازووی ناسین و بایەخەوە بە و ئیدیۆمە لێکداوەتەوە و وتویەتی وەک چۆن لە نانی گەنم چاکتر نی یە ئەوهاش ئاین لە ئاینی موحەمەد باشتر نیە و بەئیدیۆم دەربڕیووە و ووتویەتی(نان نانی گەنم دین دینی موحەمەد).

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2019/27/3 9:30:43 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1242
## نان و پیازی پێوە دەخۆن
[https://www.kurdipedia.org/?q=20220505204616412793](https://www.kurdipedia.org/?q=20220505204616412793)



نان و پیازی پێوە دەخۆن
لە وڵاتی کوردەواریدا، لە سەردەمانی زوودا تا دوای حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەم، خەڵکی زۆر هەژار و کەم دەرامەت بوون، ڕژێمی دەرەبەگایەتی(میرەدێ و بەگزادە و ئاغادێ، شێخەدێ، مەلادێ، کێخوا دێ و سەیدەدێ و...تاد) لە گوندەکاندا پەیرە و دەکرا و ئە و توێژانە دەسەڵاتداربوون و خاوەنی زەوییە کشتوکاڵییەکان و کارێزەکان و بڕگەکانی بەرهەمهێنان بوون، هەر ئەوانە نوان و ساباط و دیوەخانیان هەبوو، بەهۆی سیستەمی ئابوری ژیانەوە هەر ئەوان نان و پیازێکیان هەبوو، ئەوانیتر خەڵکی ڕەمەکی و ڕەشۆکی بوون، ئینجا ئە و مسکێن و ڕەعیەت و خەڵکە ڕەشۆکیەی لە خزمەتی ئە و سیستەمەدا بووایە ئەوا نان و پیازێکی دەست دەکەوت بە مەمرە و مەژی و کولەمەرگی ژیانی بەسەر دەبرد، چینێک لە کۆمەڵگا پەیدابوون و ئە و نا یەکسانی و نادادییەیان پێ قبوڵ نەدەکرا، بۆیە نان و پیاز خۆرەکانی دەرباری ئاغا و شێخ و میرەکان ئە و بیرە نوێیە و نیەت و مەرامەکانیان بۆ ئاغاکانیان دەبردەوە تاوەکو نان و پیازێکی زیاتریان دەست بکەوێت، بە مەراییەوە هەموو ئە و حاڵەتانەیان دەگواستەوە، ئیتر لەمەوە تا ڕۆژانی ئەمڕۆ ئە و ئیدیۆمە جوانە پەیدابووە، بە هەموو ئەوانەی قسە دەگێڕنەوە و دەگوازنەوە بۆ دەسەڵاتداران، بۆ سوود لێ بینین و دەستکەوتێکی مادی کەم، بە تەوسەوە پێیان دەوترێت: نان و پیازی پێوە دەخۆن، هەروەها لە بواری قسە وقسەلۆکی کوردەواریشدا بۆ ئەوەی بابەتێک چارەسەر بێت و نەتێنێتەوە خەڵکی زیاتر پێی نەزانن بە ئامۆژگارییەوە دەوترێت: ئە و بابەتەی زوو چارە بکەن بە خەڵکی نان و پیازی پێوە نەخوات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2022/5/5 8:46:16 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1243
## نان و دۆ، بە خوڵق و خۆ
[https://www.kurdipedia.org/?q=20220521120126414505](https://www.kurdipedia.org/?q=20220521120126414505)



نان و دۆ، بە خوڵق و خۆ
لە کۆندا لە وڵاتی کوردەواریدا ئەوەی نان و دۆیەکی هەبووایە، ئەوا بە هەبوو هەژمارکراوە، چونکە خەڵک زۆر هەژار بووە و وتراوە: فڵانە کەس نانی بە دۆی ڕاناگات هێندە هەژارە، واتە ئەگەر دۆی هەبێت نانی نییە و ئەگەر نانیشی هەبێت دۆی نییە، خوڵق و خۆش واتە: زمان و گوفتاری شیرین و ڕەفتاری جوان، لە پێشوازی و بەڕێکردنی میوان وتراویشە: نانت جۆ بێت، خوڵقت گەنم بێت، میوان دۆستیش لە ناو کوردان داب و نەریتێکی باوە تا ڕۆژانی ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، بۆ هاندان و دنەدان و ڕێنوێنی بۆ میوان دۆستی کورد وتویەتی: نان و دۆ، بە خوڵق و خۆ. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | 🇹🇯 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 5/21/2022 12:01:26 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1244
## نان و شیری شوانی جاشکە تەسکەی گاڕانی
https://www.kurdipedia.org/?q=20171125095106143317
نان و شیری شوانی جاشکە تەسکەی گاڕانی
نان و شیر بەیەکەوە پێخۆری باش بوون هەمووکەس دەستی نەکەوتووە ئینجا ئەگەر شوانێک بە بەردەوامی نان و شیری هەبوایە ئەوا تێر و پڕ دەبوو، ئینجا ئەگەر جاشکۆڵەیەکی(کەرە مەری) هەبوایە، ئەوا بە هۆی تێری شوانەکەوە ئە و جاشکۆڵەیە شوێنی پێ شوێن نابوو هەر دەچووە گژی و سواری دەبوو، هەر بۆیە ووتراوە شوان بە و تێریەی و جاشکۆڵەش بە و تەسکەیەی هەر خوا ڕەحمی پێ بکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | 🇹🇯 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 11/25/2017 9:51:06 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1245

## نان کەرت بوو، خۆی ناگرێتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220521120720414507



نان کەرت بوو، خۆی ناگرێتەوە
گێڕانەوەی کوردەواری زۆرە لە سەر نان کەرت بوون، دەگێڕنەوە هەیاس و سوڵتان بەیەکەوە بەلای کولانە سەگێکدا تێ دەپەڕن، چەند گوجیلەیەک سەریان بەشان و باڵ و سکی یەکترییەوە ناوە و زۆر جوان و کپ لێی خەوتوون، سوڵتان دەڵێت: خۆزگەم بە خۆیان و تەبایی و پێکەوەژیانیان سەیرکە هەیاس چەند جوان پێکەوە بەئارامی خەوتوون وەکوو برایان، هەیاسیش دەڵێت: قوربان ئەوانە بەرژەوەندی لە نێوانیاندا نییە، ئەگەرنا بە و شێوەیە نایانبینی، ئەگەر پارچە گۆشتێک یان نانێک بخەیتە بەردەمیان ئەوا لەسەری بە شەڕ دێن، لێرەش ئیدیۆمی (نان کەرت بوو، خۆی ناگرێتەوە) لەسەر هەمان شێوەی ئەو بێچووە سەگانەوە هاتووە، خێزان کە لە دایک و باوک و خوشک و برا پێکهاتوون، بەر لەوەی لە یەکتری جیا ببنەوە و ببنە خاوەنی ماڵ و منداڵی خۆیان ئەوا هەموویان بە خۆشی و بەختەوەری دەژین لە هەبوونی و نەبوونیدا، هەموو شتێک لە و ماڵەدا هی هەموویانە، داکۆک و تەبا و هەرەوەز و پێکەوەن لە هەموو بوار و لایەکەوە، بەڵام کاتێک کیژ یان کچێکیان لە ماڵ دەردەچێت و شوو دەکات یان کوڕێکیان ژن دەهێنێت و دەبێتە خاوەن ماڵی خۆی ئەوا ئەو تەبا و ڕەباییە و متمانەیە وردە وردە کەم دەبێتەوە وەکوو پێشتر نامێنێت لە هەموو ڕووەکانەوە، نانەکە کراوە بە نموونەیەکی جوان لە ڕووی بەرجەستەبوونەوەش نانێک ببێتە دوو پارچە، پارچەکان بە یەکترییەوە نانووسێنەوە و یەکتری ناگرنەوە وەکوو خۆی لێ نایەتەوە، بۆ گوزارشتکردن لە و حاڵەتە لە کوردەواریدا بە ئیدیۆم وتراوە: نان کەرتبوو، خۆی ناگرێتەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/21/5 12:07:20 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1246

## نانت جۆ بێت، خولقت گەنم بێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20171108094932143102

نانت جۆ بێت،خولقت گەنم بێت
نانی جۆ بۆ نانکردن بێ پێزە و لە ڕەنگ وتامیشدا ناگاتە نانی گەنم، ئە و ئیدیۆمە بۆ ئەوە بەکاردێت ئەگەر نان و خوانەکەت هیچیشی لەسەر نەبێت و تەنها نانی جۆی لەسەر بێ، بەڵام ڕەنگ و ڕووت خۆش و چاو تێر و بەدڵ بیت بەسە بۆ میوانداری و خانەخوێیەکەت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/8/11 9:49:32 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1247
## نانی بێ خوێ دەخوات، ترێ سوێر دەکات
https://www.kurdipedia.org/?q=20170711095436141307
نانی بێ خوێ دەخوات، ترێ سوێر دەکات.
ئە و پەندە بەهەژار و نەداری ڕۆح زل و خۆبەزلزان دەوترێت کە مشک لەماڵەکەی کلکی بەئارد ناکەوێت و لەناو خەڵکیش خۆی بێ گەورە بێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ⬤ دیارینەکراو | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/11/7 9:54:36 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1248
## نانی بەدۆی ڕاناگات
https://www.kurdipedia.org/?q=20170801084252141680
نانی بەدۆی ڕاناگات
ئیدیۆمێکە بۆ کەسێک بەکار دەهێنرێت کە بەکاروباری ژیان و بەدەستهێنانی قووت و بژێوی خۆی و ماڵ ومناڵی یەکبینە لەکار بێت و هیچ ڕاوەستانی نەبێت ئەمە لەلایەک لەلایەکیتریشەوە بەرهەمەکەی و سامانەکەی کە کۆی دەکاتەوە بەشی بژێوی خۆی و ماڵ و مناڵی بکات و نەکات و مەمرە و مەژی بیگوزەرێنێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] 𝒦 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/1/8 8:42:52 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1249
## نانی پاڵەوان هەر کەسێ بیخوا ئەبێت زۆران بگرێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20190307063851280196
نانی پاڵەوان هەرکەسێ بیخوا، ئەبێت زۆران بگرێت
پاڵەوان نانی پێدراوە بۆ ڕۆژی زۆرانبازی و ڕووبەڕووبونەوە دەگێڕنەوە لە ماڵی حەماغای گەورەی کۆیە زۆرانبازێکیان هەبووە، ڕۆژێک تەشقەڵە بەکابرایەکی لایدە دەکات، کابراش زۆر بەگوڕوتین و خورت و لەش ولار پاڵەوانان بووە یەکسەر پاڵەوانی حەمەئاغای گەورەی کۆیە دەق و نوشت دەکات، خەڵکی کۆیە بە گاڵتەوە بەپاڵەوانی حەماغا دەڵێن(هێلکە و ڕوون خۆر هەر ئەوەندەشی) بۆیە گاڵتەی پێ دەکرێت چونکە وەک زۆرانباز ڕاگیراوە و نانی پێ دراوە، تاوەکو ئەگەر زۆرانبازییەک هاتە پێشەوە حەماغا بە زۆرانباز و پاڵەوانی خۆی بچێتە مەیدانەوە، ئەم ئیدیۆمە(نانی پاڵەوان هەرکەسێ بیخوا دەبێت زۆران بگرێت) بۆ ئەوە هاتووە کەسێک بیەوێت لێپرساوێتیەک وەربگرێت هەر بۆ خۆشی و لاف و گەزاف نی یە بەڵکو دەبێت ئەرک و فەرمان و کاری لێپرساوێتیەکەی بە ڕاسپاردەیی و سەرکەوتوانەوە جێبەجێ بکات.

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] 𝒦 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/7/3 6:38:51 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1250
## نانی پەریوەتە پشتی شێر
https://www.kurdipedia.org/?q=20171202093154143385
نانی پەریوەتە پشتی شێر
ئەگەر دونیا گرانی و نەداری بێت نان پەیداکردن زۆر زەحمەت دەست کەوێت و هەموو کەسێکیش ناتوانێت بژێوی خۆیی و ماڵ و مناڵی دابین بکات بەهەزار ناری عەلی کرێکاری و موچەیەکی دەست نەکەوێت دەوترێت فلانە کەس نانی پەریوەتە پشتی شێر واتە دەستکەوتنی بژێوی زۆر قورس و گرانە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺️ وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/2/12 9:31:54 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1251

**نانی سواڵ یان سوتاوە یان نەبرژاوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171109080720143112

نانی سواڵ یان خاوە(نەبرژاوە) یان سوتاوە

کەسی سواڵکەر ناتوانێ ئە و شتە دیاری بکات کە پێی دەدرێت بەڵکو ئە و کەسەی شتەکەی لە دەست و دڵی دەبێتەوە و دەیبەخشێت ئە و دەزانێ چی دەبەخشێتەوە، واتە مرۆڤ ئەگەر سواڵی کرد مەرج نیە ئەوەی پێی دەدرێت بەدڵی خۆی بێت چونکە نانی سواڵکردن یان خاوە یان سوتاوە، ئەمە بۆ شتێک بەکاردێت کە بەخواستن وبە خۆڕایی دەستت دەکەوێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺️ وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/9/11 8:07:20 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1252

**نانی لەسەر سێری سوتایە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180621104539151989



نانی لەسەر سێری سوتایە
ساج و سێر نانی لەسەر دەبرژێنرێت ئە و کابانەی بۆ هەر کارێک لەبەر هەویری هەستابێت دەیەوێت زوو بگەڕێتەوە سەر کارەکەی، بۆیە هێندە خێرایە لەجێبەجێکردنی کارەکەی نە بادا نانەکەی کە خستویەتیە سەر سێرەکەی بسوتێت، ئەم درکە و دەربڕە بەکەسێک دەوترێت کە زۆر پەلەی بێت و ئۆقرەی نەبێت پێی دەوترێت ئەوەچیە خۆت نانت لەسەر سێرێ نەسوتایە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/21/6 10:45:39 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1253
## نانی مێردان، لەبن بەردان
https://www.kurdipedia.org/?q=20220622212425419577



نانی مێردان، لەبن بەردان
لە هەولێریێ دەوترێت: فلانە کەس هێندە کاسبە نانی خۆی لە بن بەردان دەردەینێ، مەرد: پیاوی ئازا و چاپوک و جوامێر و بە شکۆ و گران و سەنگینە، کە بەدەست و بازوو و شان و باڵی خۆی رزق و ڕۆژووی خۆی بەدەست دەهێنێت، ئینجا ئەگەر لە سەر شاخ بێت یان لەبن بەرد و زەوی رەق و کەفر و کەپکە شاخ و تات و رەوەزە شاخان بێت، ئە و جۆرە مرۆڤانە چ نێر بن چ مێ هەمان خاسیەت و ئەدگار و تایبەتمەندییان هەبێت بە مەرد ئەژمار دەکرێن، ئینجا بۆ قارەمانێتی و جوامێری و ڕۆژووی حەڵاڵ ئەوانە مەترسیان لێ ناکرێت و کورد کردویەتی بە ئیدیۆم و پێیان دەڵێت: نانی مێردان، لە بن بەردان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/22/6 9:24:25 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1254

## نانی کاسبی برژایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180815091609153995



نانی کاسبی برژایە
بیستراوە و تراویشە(نانی سواڵ یان خاوە یان سوتاوە) بەڵام نانی برژاو واتە نانێکە خۆت بەدەستتهێناوە بەئەرک ورەنج وماندووبون یان بەپول و پارەی خۆت کڕیووتە، ئەگەر کاسبی بکەیت ئەوا دەوترێت(دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە) واتە بە دراو و پول و پارەیەی کە بە رەنج و زەحمەتکێشانی خۆت وەدەستت کەوتووە بەئارەزووی خۆت بەرزق و رۆژووی دەدەیت و دەست پان ناکەیتەوە وەک دەرۆزەکەرو خێرومەندیش دڵیان لەنانی(خاو) یان(سوتاو) دەبێتەوە پێتی بدەن، بەڵام خۆت بچیتە لای نانەوا بۆ کڕینی(نان) بە نانی خاو و سوتاو رەزامەند نابیت چونکە تۆ پولی خۆت دەدەیت وکامە(نان) برژاوە ئەونانە دەسێنی بۆیە وتراوە(نانی کاسبی برژایە یان برژاوە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/15/8 9:16:09 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1255

## نانی یەک بەگوێی سێرێیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220424224128411408



نانی یەک بەگوێی سێرێیە
ساج و سێر، ئاسنێکی گردیلەی خڕیلەی لووسی قۆقزی تەنکە، دەخرێتە سەر ئاگردان و چیلکەدار یان سەرگین و قشپڵی دەخرایە ژێر و گرەدەراو سێرەکەی داخ و سوور دەکردەوە و نانی لەسەر دەبرژێنرا، ئەوە تا رۆژانی ئەورۆشمان بەردەوامە، ژنان نانیان دەکرد و دەست و تیرۆکیان جێی سەرەنج و تێرامان بووە، ئەوانەی ئەنگوتکە هەویرەکەیان لەسەر خوانەکان زۆر تەنک و جوان پان دەکردەوە، کە دەیانخستە سەر سێرەکە، بە و لاو بەم لای سێرەکەدا لچکی نانەکە وەک گوێ سوانە دەهاتە خوارەوە، ئە و جۆرە نانکەرە بە کابانی باش ناویان دەردەکرد، بە مەدح و ستایشەوە لەناو خەڵکی باسی لێوەدەکرا ئەوە لایەنە ڕاستەقینەکەیە و وەکو ئیدیۆمیش وەک ناساندن و وەسف و ستایش بە ژن و کچێکی ئازا و کەیبانوو دەوترێت: نانی یەک بە گوێی سێرێیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | PM 10:41:28 2022/24/4 |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 1256

**نانیان بێ خوێیە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220210125623404524



نانیان بێ خوێیە
نمەک و نان زۆر لە کوردەواریدا باسکراون و جێگای بایەخن، نمەککردن و نمەکگیری واتە: نان خواردنی کەسێک دەوترێت:(نمەکیمان کردیە) واتە نانی ئە و کەسەمان خواردووە، هەندێجار مانەوە لە سێبەر و خواردنەوەی ئاویش بەنمەک هەژماردەکرێت، لە ئیدیۆمی(نانیان بێ خوێیە) بە و خێزان و کەسانە دەوترێت کە کاری باش دەکەن و خەڵکێکی زۆر سوودیان لێ دەبینن و نمەکگیری کار و خواردنیان دەبن، بەڵام خەڵک بەو کارە باش و نمەکەیان نازانێت و پێی نازانن، بەتوانجەوە دەڵێن دیارە ئێمە نانمان بێ خوێیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | PM 12:56:23 2022/10/2 |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 1257

**نانەکەت دەخوات و سفرەکەشت دەدڕێنێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190307064314280197



نانەکەت دەخوات و سفرەکەشت دەدڕێنێ
نان و خوان(سفرە) زۆر کەسی لەسەر کۆدەبێتەوە چ ئەوانەی شایستە بن چ ئەوانەی لە ڕێگە و پێگەی ئە و سفرە و خوانە نەبن، نان لە پێشیناندا ئەگەر دز-یش بیخواردبووایە دەیووت(نمەکگیر) بووم دەستی لە دزی ئە و ماڵە هەڵدەگرت ئەگەر بە پاشۆل(چارۆگە) زێر و زیوو لە کۆڵی بوایە دایدەنایەوە، بەڵام بەداخەوە لەم سەردەمانە خەڵکانێک پەیدابوون نانەکەشت دەخۆن و نانەکەتیان هەندە بێ خوێ دێتە بەردڵان نمەک گیر-یش نابن ئینجا بۆیان بڕەخسێت لەماڵت دەڵەوڕێن و لە ناموست ڕاموسان و لەسڕ و ڕاز و پەنهانیشت دەهۆڵ دەژەنن بە و جۆرە کەسانە دەوترێت(نانەکەت دەخوات و سفرەکەشت دەدڕێنێت) واتە نمەک بەحەرامن و نان و نمەک نەک کوێریان ناکات بەڵکو دەتوانن دەست ببەن بۆ ناموس و ماڵ و حاڵت.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 6:43:14 2019/7/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1258

## ناوم چووە بەگولی، تۆقم چووە لەملی

https://www.kurdipedia.org/?q=20200830144009387290

ناوم چووە بەگولی، تۆقم چووە لەملی
گولی و گرِوو نەخۆشیەکی پێستە و دەبێتە مایەی ئازار و مەینەتی و تێکچونی دەم وچاوی ئە و کەسەی توشی بووە، شێوەی ناحەز و ناشیرین و نارێک دێتە بەرچاوان، تۆق، تەوق(طوق) لە دەورە گیرانەوە هاتووە بە بازنەیی ملی مرۆڤ بووە بە پەتێک لە کوردیدا دەوترێت(ڕستکراو)ە، گولی نەخۆشییە و تەوقیش پەتێکی ڕستکراوی ئاڵێنراوە بە ئەستۆ وملەوە، وەک ئیدیۆم کەسێک دەگرێتەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان کارێکی ناپەسند و نابەجێی کردووە، ئەویش بووە بەکلکیەوە تا لەدوای خۆشی هەر بەنەوەکانی دەوترێت، بۆیە ئە و کەسەی لەژیاندا بێت بە نیگەرانی و بێزارییەوە دەڵێت(ناوم چووە بەگولی، تۆقم چووە لەملی) واتا ناوبانگم بەکارێکی خراپ دەرکردووە و بووە بە تەوق بەملمەوە، و لە ملم نابێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 2:40:09 2020/30/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1259

**ناوەجاغ ببێت بەحاکم، باوکی خۆی لەدار ئەدات**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220103205848400273



ناوەجاغ ببێت بەحاکم، باوکی خۆی لەدار ئەدات
ناوەجاغ، وەچاغ واتە ئاگردان، لە کۆندا ئاگری ئاگردانی زۆر بەنرخ و پیرۆز بووە، دەبوو هەرچۆنێک بێت نەکوژێتەوە، ئینجا ئەگەر کەسێک منداڵی کوڕی نەبوایە دەیان ووت فڵانە کەس بێ وەجاغە، یان منداڵی باشی هەبوایە پێیان دەوت: وەجاغی ڕوونە، ئینجا ئە و وەجاغ ڕوونە هەندێک جار ناوەجاغ و ناکەس بەچە دەردەچوو، ناکەس بەچە، نارەسەن بە و کەسانە دەوترێت کە زوو لە خۆیان دەگۆڕێن و نازانن لەچیەوە بوون بەچی، واتە بنەچە و ڕەسەن و بارودۆخی پێشویان نازانن، ئینجا ئەگەر کەسی لە و شێوەیە ببنە دادەوەر و حاکم ئەوا ئەوەندە لە خۆیان دەگۆڕین، باوکی خۆیان ناناسنەوە و لەسێدارەی دەدەن، بۆیە کورد بە و ئیدیۆمە جوانە گوزارشتی لە و کەسانە کردوە و وتویەتی(ناوەجاغ ببێت بەحاکم، باوکی خۆی لەدار دەدات).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی


کاتی تۆمارکردن: 2022/3/1 8:58:48 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1260

**نایەتە گا کێڵەوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190327094705283398



نایەتە گا کێڵەوە
زەوی لەکۆندا بە هەوجاڕ و ئاسن و گا-وە دەکێڵرا، ئەگەر بارانێکی زۆر بباری بوایە ئەوا زەوی دەبووە قوڕ و کێڵانی لەبار نەبوو ئەگەر بکێڵرابوایە دەوترا(قوڕ کێڵ) قوڕکێڵیش لەبار نەبوو چونکە زیانی دەگەیاندە بەرووبومە داچێنراوەکە و کاری دەکردە سەر گەشەکردن و نەشونماکردنی، ئینجا لێرەدا ووتراوە نایەتە(کێڵان)ەوە واتە هێشتا زووە و زەویەکە ئامادە نی یە بۆ کێڵان، ئینجا ئەمە بۆ سروشتی(تەبیعەتی)مرۆڤ-یش بەکاردەهێنرێت هەندێک لەمرۆڤەکان خراپ دێنە(ڕجاێ) و درەنگ ڕەزامەندی لەسەر شتێک یان کارێک دەدەن، ژن و مێرد پێش هەموو کەس یەکتری دەناسن هەندێجار ژنەکە بەپیاوەکە و بەپێچەوانەشەوە بەیەکتری دەڵێن بە مەبەست و کینایە و ئیدیۆمەوە دەوترێت(نایەتە گا کێڵەوە) واتە خراپ دێتە بن بار و درەنگ ڕازی دەبێت وتراویشە(نەکورەکە-نەکوڵەکە) واتا بیژۆکە و خراپ دێتە کوڵاندن.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗆 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/27/3 9:47:05 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1261

## نە سەربانی لێژ، نە بانگوشی گێژ

https://www.kurdipedia.org/?q=20220521220430414542



نە سەربانی لێژ، نە بانگوشی گێژ
سەربان: سەری ژوور و خانوو، لێژ: سەر بەرە و خوار یان سەرەوژێر یان ناڕێک و ناتەخت، بانگوش: کەسێکە کە بانگێڕی خانوو دەکات بە کرێکاری بۆ دەستکەوتنی بڕێک موچە و پارە، لێرەدا(سەربان)ێکی لێژ و(بانگوش)ێکی گێژ، وەک یەک خراونەتەڕوو، نە خەوتن و ڕاکشان لەسەر بانی لێژ تام وچێژ و پشوودانی تێدایە، نە بانگوشی گێژ و گەمژە دەتوانێت بەفرماڵێکی باش بکات و خاوەن ماڵ بە ئارامی بخەوێت و پشتی پێ ببەستێت و لە شەوی(گاسوور)دا دەربازیان بکات، ئەوە بووە بەدرکە و ئیدیۆم و بۆ ئامۆژگاریکردن و گوزارشتکردن دەوترێت: نە سەربانی لێژ، نە بانگوشی گێژ واتە: هاودەمی و هەمنشین و هاوڕێیەتی کەسێ مەکە، جێی متمانە و دڵنیایی نەبێت و گێژ و گەمژە و کەودەن و خوار وخێچ بێت، چونکە لەبەریان ناحەسێیتەوە و جێگای پەشیمانین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗆 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/21/5 10:04:30 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1262

## نە کەری سەرمۆردیان، نە ژنی بۆگدییان

https://www.kurdipedia.org/?q=20220218201938405541



نەکەری سەرمۆردیان، نە ژنی بۆگدییان
سەرمۆرد: گوندێکە لە بناری چیای(سارا) و کەوتۆتە نێوان(پیرەمەگرون و سارا) لە شارۆچکەی(دوکان) دەکەوێتە پشتی گوندی(قەمچوغە) لەلاپاڵێکی رک و سەختدایە و رێگای سەرکەوتنی بزنە رێ و دژوار و کۆرانی تەنگەبەری کۆرەرێیە، کاتێک گوێدرێژەکان بە بارەوە سەردەکەون، ئارەق شین و مۆر دەکەنەوە و داو و تەشکەریان تەڕ دەبێت و نەقیزەی زۆریان دەوێت چونکە رێگایان هەورازە، باریان لابار دەبێت و زۆر ماندوو دەبن، کەس بە حاڵیان نەبێت، بۆگد: گوندێکە لە کەنار زێی بچووک لە دەشتی کۆیە، لەرووی کارگێڕییەوە سەر بە شارەدێی(ئاشتی)یە، خەڵکی ئە و ئاواییە زۆر کاسبن بەتایبەت ژنانیان شان بەشانی برا و باوک و هاوسەرەکانیان هەموو کارەکانی کێڵگە و کشتیاری و وەرزێری و ژنی لادێ ئەنجام دەدەن وەکو(دروێنەکردن و تێلەکێشی و شەنە کردن و جووتکردن و کەستەک شکاندن و دۆریخە و دێراو هەڵدانەوە و گۆڵ دروستکردنی بەراو و خشت بڕین و قورکاری و توتن و پەلک لێدان و گەڵاجاڕ و توتن خستنە زاخە و گونیەوە هەندێجار ژنەکان لە ماوەی وەرزی توتن تا(25) فەردە تونیان کردووە، جگە لە کاروباری ناوماڵ و ماڵین و کۆراو و شوشتن و سەراو و ئاوکێشان و منداڵ بەخێوکردن و مێوان بەرێکردن) هەموو ئەمانە ژنە بۆگدییان زۆر ماندوو و شەکەت دەکات و کەس خۆزگەیان بۆ ناخوازێت، بۆیە ئەوە بووە بە ئیدیۆم و دەوترێت: نەکەری سەرمۆردیان، نە ژنی بۆگدییان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇹🇯 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/18/2 8:19:38 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1263

## نوشتەی چاک هەر چل شەوە عومری

https://www.kurdipedia.org/?q=20180926102800156261



نوشتوی چاک هەر چل شەوی عومرە
چلەشۆر، چلەی زستان و هاوین، چلەی ماتەمینی، عومری سەگی هار چل شەوە، ژمارەی چل لە نێو کوردان زۆر باس کراوە و بایەخ بەچل رۆژ دەدرێت لە قاچ شکان و کاری سەرجێی دوای منالبوون و سەرماوسۆڵەی زستان و قرچەی گەرمای هاوین و کۆچ و کۆست کەوتن دوای چل شە و و رۆژ و نەخۆشی هاری لە ئاژەڵی وەک(سەگ) چل شە و و منالبوون و چلە چوون و..تاد
ئەم ژمارە چلە لەم ئیدیۆمەشدا بەکارهاتووە و گوزارشتی پێکراوە بۆ(نوشتە-نوشتوو) ئەم دەربڕینە بەکاردێت بۆ کارێک یان شتێک یان هەڵوێستێک کە تەمەنی کورت بێت لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتەوە بێ بایەخ و بێ کەڵک بووە، کەنوشتە بە نمونە هێنراوەتەوە وتراوە(چاک وخاس)ەکەی لە چل شە و زیاتر سود و کەڵکی نیە واتە مایە پووچە و کەڵکی لێ وەرناگیرێت بۆ ئەوە ناشێت هیوا و ئاواتی لەسەر هەڵچنی چونکە شتێکی کاتی و دەروونیە و بۆ هەمیشە ناشێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/26/9 10:28:00 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1264

## نوێژی لەسەر ئاتەگی دەکرێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20171203075503143391

نوێژی لەسەر ئاتەگی دەکرێ

لەباشوری کوردستان دەوترێت لە کاتی داخوازی کچت ئە و ماڵەی بۆ کچەکە هاتوون هێندە خۆیان شەریف و رێک وپێک پیشان دەدەن حەزدەکەی(نوێژی لە سەر قنگیان بکە) دیارە لەرۆژهەڵات دەوترێت نوێژ لەسەر داوێنی بکە هەڵبەت(ئاتەگ) واتە داوێن یان ژێرەوە و بنەوەی ئەم ئیدیۆمە بۆ کەسێک بەکاردێت کە خاوەنی خاسیەتی ئەمین و ئامانەتی زۆر بێت و لە دەست و دەم و داوێنی نەترسیت کە زیانت پێ بگەیەنێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/3/12 7:55:03 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1265

## نۆکەری بێ مزە و خەڵات تانجی سەری ئاغایەتی

https://www.kurdipedia.org/?q=20171127083956143334

نۆکەری بێ مزە وخەڵات تانجی سەری ئاغایەتی

هەژار موکریانی لە پێشەکی هەنبانەبۆرینە نوسیویەتی وشەی(قەڵەم) عارەبیە و بووە بە وشەیەکی کوردی و خزمەت بە زمانی کوردی دەکات بەبێ ئەوەی خۆت ماندوو بکەیت بە کەسێکی نەخوێندەواریش بڵێی قەڵەم باشتر دەزانێت مەبەستت چیە

لەوەی بڵێی پێنوس، ئەمەی پێ خزمەتکاری پێ موچەیە، کەواتە لێرەدا نۆکەر و خزمەتکارێک بە خۆڕایی و دەروێشانە کارێکت بۆ بکات ئە و خاوەن کار و ئاغا و سەرکار لەسەر سەری خۆیت دادەنێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/27/11 8:39:56 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1266

## نۆی بمرێ لە باوان، کلی نابڕی لە چاوان

https://www.kurdipedia.org/?q=20220521121523414510



نۆی بمرێت لە باوان، کلی نابڕێت لە چاوان
کل: سورمەیە کە ڕەنگێکی شینی تاریکی هەیە، چاوی پێ دەڕێژرێت (چاو ڕشتن)، هێمنی شاعیر فەرموویەتی:
چلۆن بۆ سوورمە نابێ خاکی شارێک
کە حاجی پێی لەسەر دانابێ جارێک
ئەو چاو ڕشتنە زۆربەی جاران بۆ دڵ تەڕی و دڵخۆشی و خۆ جوانکردن و ئارایشت بە کار دەهێنرێت، کەم جار وەکوو دەرمان بۆ کاتی بەفربارین پیاوان دەیانکردە چاو تاوەکوو چاویان لە تیشکدانەوەی ئەو سپێتییەدا ئازاری نەبێت یان زیانی بەر نەکەوێت، لەپێشدا پیاوان بەکاریان دەهێنا ئێستا بووە بە ئارایشتێکی ژنانە و ژنە کوردەوارییەکان زۆربەیان کل و کلدان و کلچۆکیان هەبوو، هەندێکیان بەردەوام لە گیرفانی کەوێ و سوخمەیاندا هەڵیان گرتبوو، بۆ ئەوەی هەر کاتێک بیانویستایە چاویان پێ دەڕێشت، هەر لە ناوی کوردەواریدا ئەوەی تازیە بار و پرسەدار بووایە جل و بەرگی ڕەشی دەپۆشی و هەموو شتێکی وەکوو وەسمە و خەنە و کل و سورمەی لە خۆی حەرام دەکرد بۆ ماوەیەک بەگوێرەی نزیکی کەسە مردووەکە، ئەو حاڵەتە لە ئیدیۆمی کوردەواریدا جێگەی کراوەتەوە و بە کەسێک کە کەس بە خەیاڵی دانایەت و کەسی بەلاوە گرنگ نەبێت و خەم بۆ کەس و کار و برا و خزمی خوێشی نەخوات، هەر لەگەڵ پشوودان و خەو و خواردن و دڵ تەڕی و بە خۆوە خەریکبوون و تیفتیفە و خۆڕێکخستن بێت بەتەوسەوە پێی وتراوە: نۆی بمرێ لە باوان، کلی نابڕی لە چاوان. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: PM 12:15:23 2022/21/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1267
## نێرەکەر بەبارە تەنگزەوە دەگێت
[https://www.kurdipedia.org/?q=20211218114323398833](https://www.kurdipedia.org/?q=20211218114323398833)



نێرەکەر بەبارە تەنگزەوە دەگێت.
تەنگز یان تەنگس ڕووەکێکە لە هەندێ ناوچە بە چواڵە و باوی دەوترێت و ڕووەکێکە درک و داری هەیە و گوندنشینان کۆلکە و لق وچلەکانی کۆدەکەنەوە و بۆ کاروباری ناوماڵ و ئاگردان و سۆپای دار و خۆ گەرمکردنەوە و کورکردن بەکاریان دەهێنا، بارە داری گەورە گەورەیان کۆدەکردەوە بەپشتی نێرەکەرێ دەیان گواستەوە بۆ ماڵ، ئینجا ئەوە بووە بەئیدیۆم بەکەسێکی بەدەسەڵات و زۆرزان دەوترێت(نێرەکەر بە بارە تەنگزەوە دەگێت)[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: AM 11:43:23 2021/18/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1268
## نێرەکەر بەتەنگ ماکەرەوە نی یە
[https://www.kurdipedia.org/?q=20170927135553142762](https://www.kurdipedia.org/?q=20170927135553142762)

نێرەکەر بەتەنگ ماکەرەوە نی یە
نێرەکەر کە گەیشتە ماکەرێک و کەوتە سەری هەتا خوا هێزی پێداوە و بۆی دەلوێ پاڵی دەدات و توند پشتی ملی ماکەریش دەگرێت، ئینجا ماکەر بەرگە دەگرێت یان ناگرێت ئەوە کاری نێرەکەر نی یە، بەڵکو کاری ئە و سەلماندنی نێرەکەرەیەتی و غەریزەی خۆی بەچێژ و لەزەتەوە دابمرکێنێتەوە، ئەمە بۆ کەسێک بەکاردێت کە دەسەڵاتدارە و ئاگای لە میللەت و(رەعیەت) نەبێت، یان کەسێک تەنها خەریکی جێبەجێکردنی کاری خۆی بێت و دەربەست نەبێت و ڕەچاوی خەڵکانی تر نەکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/27/9 1:55:53 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1269

**نێرەکەر تۆڕ**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170930091926142791

نێرەکەر تۆڕ
لەکاتی کارکردن و باربردن بە نێرەکەر ئەگەر بە هەر هۆکارێک بێت نێرەکەرەکە تێی هەڵجلیکاند و بارەکەی لەسەر پشتی خۆی فرێدا یان کارەکەی بەجێهێشت دەوترێت نێرەکەر تۆڕی کرد، هەڵبەت لە ناو کۆڕ و کۆبونەوە و خەڵکدا هەندێکجار ڕێک دەکەوێت پیاوێک لەسەر شتێکی بچوک تورە دەبێت و کۆڕەکە بە تورەییەکی زۆرەوە جێ دەهێڵێت لێرەدا پێی دەوترێت(نێرەکەر تۆڕی مەکە) یان(فلانە کەس نێرەکەر تۆڕی) کردو کۆبونەوە و کۆڕەکەی بەجێهێشت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/30/9 9:19:26 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1270

**نێرەکەری مایینان**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171122092554143299

نێرەکەری مایینان
ئەم ئیدیۆمە بۆ کەسێکی(ملەوەز)ی خورت و بەهێز دەوترێت کە کەودەن و کەم عەقڵ و کاڵفامی بەگوڕ و تین بێت و وەک ئەونێرەکەرە بێت خودا بۆ چاککردنی ماین-نان دایناتبێت بۆیە بە تەوس و گاڵتەوە پێی دەڵێن(هەی نێرەکەری مایینان).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/22/11 9:25:54 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1271

**نە ئە و نان و روونە نە ئە و زەبرە قونە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170930091544142788

نە ئە و نان و روونە، نە ئە و زەبرە قونە

ئیدیۆمێکە لە کوردەواریدا کاتێک بەکاردەهێنرێت کە بۆ مەبەستێک کەسێک هەندێک دیاری و نان و خۆراک و پێداویستیەک بداتە کەسێک و لە بەرامبەریشدا بیەوێت کارێکی قورس و گرانی پێ رایی بکات، ئینجا ئە و کەسەی کارە گران و قورسەکەی لێ باریکرێت نایەوێت کارەکە بکات بەرامبەر ئە و هەموو منەت و داواکارییەی کەسی یەکەم بۆیە دەڵێت(نە ئە و نان و روونە نە ئە و زەبرە قونە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/30/9 9:15:44 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1272

**نە بەزەردەخەنە زاڵم باوەڕ بکە، نە بەخۆشی زستان**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220521215018414538



نە بەزەردەخەنە زاڵم باوەڕ بکە، نە بەخۆشی زستان
زاڵم: زۆرداره، ئە و کەسەیە زوڵم لە خەڵکی دەکات و بە گوێرەی ئە و دەسەڵاتەی هەیەتی و مافی کەسانی دەوروبەری پێشێل دەکات و حەق و ناحەق تێکەڵ دەکات و جەبەڕووت و زۆردار و چەوسێنەر و خۆسەپێنە و پشت بە هێز و چەک و شیر دەبەستێت و ئاوەز و یاسا و نەریت دەبەزێنێت و بەدەر لە ڕێنمایی و یاسا کارێکراوەکان کاردەکات، زەردەخەنە: بزە، خەندە، سمێڵەخرتکە، گرژینەوە، بسکە، بزەی سەرلێوە، گوزارشتە لە خۆشی و شادی و دۆستی و کەیف پێ هاتن، خۆشی زستان: واتە کەش و هەوا لەبارە، باران و هەورەهێرە و باوباران و بەفروکرێوە و تەرزە و تۆفان و زریان لە ئارادا نییە، هەردوو حاڵەتی(زەردەخەنەی زاڵم) و(کەش و هەوا خۆشی زستان) لە و ئیدیۆمەدا وەکو دوو شتی وەک یەک خراونەتەروو، کەهەردووکیان هەنووکەیی و کاتیین و زوو تەواو دەبن، هەردوو حاڵەت لە کوردەواریدا بوون بە ئیدیۆم و بەکاردەهێنرێت بۆ کارێک کە هەڵخەڵەتاندن و فریوودانی تێدا بێت و جێگەی متمانە نەبن دەوترێت: نە بەزەردەخەنەی زاڵم باوەڕ بکە، نە بەخۆشی زستان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇️ باشووری کوردستان |
| :Quick Respons Code | |

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | PM 9:50:18 2022/21/5 |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 1273

**نە جۆ لەشوێنی بە میز، نە گۆر لە دێرەی حیز**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170708103438141178

نە جۆ لە شوێنی بە میز، نە گۆر لە دێرەی حیز.
دانەوێڵەی(جۆ) لە کوردەواریدا لە زەوییەکی سەرقەل و قەترەک و کورد ووتەنی : بێ پێزیش دەتوانی گەشە بکات و خۆی بگونجێنێ وەک دانەوێڵەی(گەنم) نیە کە بەپێچەوانەوە زەوی بەپیت و خاکێکی باشی بوێت، هەڵبەت جۆ لەزەوی پڕ پەیین و بە پیت بچێنرێت ئەوا لاسک و قەدی هێندە زوو گەشە دەکات کە لەوادەی دروێنە هەمووی دەکەوێت و زیانی زۆر دەگەیەنێت بە بەروومەکە و قازانجی نابێت.
شوێنی بەمیز مەبەست هەوار و هەوێز و پەچەی مەڕ و ماڵاتە، کە بە هاوینان و پایزان بۆ ئەوەی زەوییەکەی پێ بە پیت بکەن شوانکارەکان مەڕ وماڵاتەکە لە بەیاران دەخەوێنن.
گۆڕیش لە دەڵەی حیز بێت بۆ ڕاگرتن و پاسەوانی پەز نابێت چونکە گوجیلەی گورگ خنکێن دەرناچێت و وەک وتراوە دەبێتە سەگی هەڵەوەڕ و سەگی هەڵەوەڕیش لە کوردەواری دسن و ڕەسەن نیە و خاوەنی مەڕ و ماڵات ڕایناگرێت بۆ پاسەوانی[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇️ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2017/8/7 10:34:38 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1274
**نە خانووی سەر شیوو، نە ئاغاژنی کچەتیوو**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220521220101414541



نە خانووی سەر شیوو، نە ئاغاژنی کچەتیوو
لە بەرزی و نزمی سەر زەویدا، دیاردەی دۆڵ و شیوو و چەم و شیوەرۆک، بۆ دروستکردنی خانووبەرە و شوێنی حەوانە و ژیان و نیشتەنی و نیشتەجێبوونی هەمیشەیی نابن، چونکە ئاوەڕۆی ئاوی بارانە، ئەوەش زانراوە کە ئاو شوێنی خۆی دەگرێتەوە بۆ یەک خولەک و کاتژمێرێکیش بێت، تاوە بارانێکی بەخوڕ و گەوارە بارانێکی سەرشێت دەمی کوندەکەی بکاتەوە سێڵاو و لافاو دروست دەبێت و خانووی سەر شیووەکە ئاو دەیبات، کچەتیو، کچی هەتیو، باب مردوو، جنێوێکە لەکاتی توڕەبوون بەکچان دەوترێت، هەتیوو بۆ سووککردن و بریندارکردن دەوترێت: هەتیومچە و هەتیو ومەتیو، دۆخێکە لە بێ ئاکارییەوە کۆمەڵگا بەکاری دەهێنێت، ئەگەرنا کەسێک باوکی نەبێت دەبێت دەوروبەرەکەی جێگەی باوکی بگرنەوە نەوەکو بیکەنە جنێو ئە و بێ باوکییەی، بەڵام لە زاراوەی کچەتیوودا واتە:ئاغاژن، ئافرەتێکی بێ ئەسل و نەسل و بنەچەیە بۆ کابان و ئاغاژنی قۆناغ و دیوەخان و میوان بەرێکردن نابێت، وەک چۆن سەر دۆڵ و شیوەکانیش بۆ دامەزراندنی خانوو نابن و لەبارنین، هەردوو حاڵەت بوون بە ئیدیۆم و بۆ شتێک یان کارێک یان کەسێک بەکاردەهێنرێت، کە جێگەی متمانە و باوەڕ نەبن و نەتوانرێت بەتەواوەتی پشتیان پێ ببەسترێت، بەدرکە و کینایە و توانج و پەلارەوە دەوترێت: نە خانووی سەر شیوو، نە ئاغاژنی کچەتیوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2022/21/5 10:01:01 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1275
**نە شیری حوشتر نەدیداری عەرەب**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170927140529142769

نە شیری حوشتر نە دیداری عەرەب

کورد نە حوشتری هەیە و نە سەلیقەی عەرەبیشی هەیە لە قسەکردن و خواستن، ئەگەر حوشترێک بدەیتە دەست کوردێکەوە لەوانەیە پێویستی بەکاتێکی زۆر بێت تا بتوانێت چۆکی پێدابداتەوە و یخ بدات بۆ ئەمەش پێویستی بە عەتابە هەیە نە وەک حەیران تاوەکو بتوانێت سواری پشتی بێت چونکە ئاژەڵێکی بەرزە و بە خۆفرێدان ناتوانێت سواری ببێت ئەمە لەلایەک لە لایەکیتریشەوە دیدار و چاوپێکەوتنی عەرەب کۆمەڵێک داب ونەریتی کۆچەری و ڕەوەندی و بیابانی هەیە و توانیویەتی بیابان ڕام بکات بەپشو درێژی و جیرە درێژی و زۆر سورە لەسەر خواست و داواکارییەکانی خۆی بۆیە کورد ئەگەر تاقەتی شتێکی نەبێت دەڵێت نە شیری حوشتر نە دیداری عەرەب.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/27/9 2:05:29 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1276

**نەکوڵەکە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220720224700424096



نەکوڵەکە

لەهەولێرێ دەوترێت: نەکورەکە، نۆک و نیسک ئە و دوو دانەوێڵەن کە لە کوردەواریدا لە دوای گەنم دا زۆرترین بایەخیان پێدراوە، زەخیرە و قووتی دانیشتوان و لادێنشینانی کورد بوون، نیسک ونۆک بەیانیان و نیوەڕۆیان و ئێواران بوون بە ژەمە خۆراک، هەردووکیان بەشێوازی جیاجیا لێ دەنران و دەخرانە ناو مەنجەڵ و سەر ئاگردان، ئینجا ئەگەر زوو بکوڵایە دەوترا: نیسکێکی کوڵەکە یان نۆکێکی کوڵەکە، هەندێجاریش خراپ دەکوڵا و دەوترا: نیسکێکی نەکوڵەکە یان نۆکێکی نەکوڵەکە، دەوترا: زەوی وزار و خاک ئە و کوڵەکی و نەکوڵەکیە دەگۆڕێت، ئەمە لایەنی ڕاستەقینەی ئیدیۆمەکەیە، بەڵام وەکو خوازراو بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت کە لەگەڵ کەس هەڵنەکات و بەردەوام و قون بەگێچەڵ و کێشە و گرفت بێت و دەمەقاڵێ و دەنگە دەنگ پەیدا بکات کورد بە تەوسەوە پێی دەڵێت: پیاوێکی نەکوڵەکە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/20/7 10:47:00 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1277
**نە کۆراوان بکە بە ڕەز، نە ناکەسان بکە بە کەس**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170704101514140946



نە کۆراوان بکە بە ڕەز، نە ناکەسان بکە بە کەس
کۆراو واتە کوێرە ئاو ئە و کانی و کارێز و سەرچاوانە دەگرێتەوە کە پشت بەساڵێکی زەنەباران دەبەستێت و ئەگەرنا ساڵێک باران کەم بوو ئەوا کانی وسەرچاوە ئاویەکە کوێر دەبێتەوە و وشک دەبێت، ناکەس-یش جێگەی متمانە نیە تا ئەوکاتەی هەبووی یان کارێکی پێتە بەکوسکێشی و مەرایی و زمان لوسیەوە لێت نزیک دەبێتەوە کە کاری پێت نەما ئیتر نات ناسێت، بۆیە جوتیارانی کورد بە ئەزمونی خۆیان بۆیان دەرکەوتووە ئەو(ڕەز)ەی لەبەر سەرچاوەی کوێرئاوان بکرێت جێگای متمانە نیە و لە دەرفەتێکی وشکە ساڵی هەموو ڕەنجت بەفیرۆ دەروات و ڕەزەکە وشک دەبێت و ڕەنجەڕۆ دەبیت، ناکەسیش کە پێویستت پێیەتی ئە و ناتناسێ بۆیە وتراوە: نەکۆراوان بکە بەڕەز، نەناکەسان بکە بە کەس.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ⬤ دیارینەکراو | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/4/7 10:15:14 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1278
**نەبای دیووە نەباران، هەڵدەبەزێت وەک جاران**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220521214620414537



نەبای دیووە نەباران، هەڵدەبەزێت وەک جاران
کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی زۆر کەسی تێدا هەڵدەکەوێت کە باکی لە ئەنجامدانی کاری ئابروو بەرانە نییە و هەموو کارێکی نەخوازراو لەدەستی رووددات و بێ شەرمانە خۆی دەردەخات و واخۆی دێنێتە بەرچاوان نە ئابرووی چووە و نە ڕیسوایی بەسەرداهاتووە، بە هیچ جۆرێک خۆی بە شەرمەزار نازانێت، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێک کە کارێکی ئابڕووبەرانە و شەرمەزاریيانەی کردووە خۆی لێ داوەتە خەتی گێلی، خۆی کەڕکردووە و خۆی لێ بەخاوەن ناکات و لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و شایی و هەڵپەڕکێ و زەماوەندێکیش وەک ئەوەی هیچ رووی نەدابێت هەڵدەپەڕێت، بەتەوسەوە لەناو دەم وپلی خەڵکییەوە ناوی دەهێنرێت و دەبێتە جێی قسەوباسان و پێی دەوترێت: نەبای دیووە نەباران، هەڵدەبەزێت وەک جاران.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: 2022/21/5 9:46:20 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1279

## نەبونی کراسی ئاگرە

https://www.kurdipedia.org/?q=20201003233109388659



نەبونی کراسی ئاگرە
نەبوونی واتە نەداری و هەژاری و دەست کورتی و ناگوزوری، کۆمەڵی مرۆڤایەتی ڕێژەیەکی یەکجار زۆری لە وکەمدەرامەت و بێ بەروبوم و بەرهەمانە تێدایە کەناتوانن بەتەواوەتی قوتی ڕۆژانەی خۆیان لە ئاو و خۆراک و پۆشاک و نوان دابین بکەن، کورد زۆر ڕۆژگاری تاڵی وسوێری و گرانی و ڕۆژی ڕەشی بەرێکردووە، چەرمەسەری و بەش مەینەتی و کارەساتی زۆر ڕووی تێکردووە، هەموو ئەمانە وایکردووە کە دەوروبەرەکەی بەگڕ و دۆزەخ و ئاگر بێتە بەرچاو و هێدی هێدیش لە داکەوتەی ژیانیدا درکی کردووە کە دەسوتێت بۆیە بۆ هەموو جۆرە نەدارییەکی(ماددی و واتایی) بە ئیدیۆمەوە وتوویەتی(نەبونی کراسی ئاگرە) واتە نەبوونی لە زۆربەی ڕووەکانی ژیانەوە مرۆڤ دەسوتێنێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📋 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2020/3/10 11:31:09 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1280

## نەپێت هەڵکەوێت لە مێخ، نە بچۆ بۆ لای شێخ

[https://www.kurdipedia.org/?q=20220521215613414539](https://www.kurdipedia.org/?q=20220521215613414539)



نەپێت هەڵکەوێت لە مێخ، نە بچۆ بۆ لای شێخ
مرۆڤ پێی بە بزمار(مێخ)دا بچێت، دووچاری کێشە و گرفتی دەکات و پێویستی بەچارەسەرکردن دەبێت، ئەوە پێ بە مێخ داچوونە واتە: هەڵەکردن و بێ بیرکردنەوە ئەنجامدانی کارێک و سەیر نەکردنی بەرپێی خۆت، ئینجا هەندێ داب و نەریت و دیاردەی باو لەناو کۆمەڵگاکانی جیهاندا هەبوون و هەنە و پەیڕە و کراون و پەیڕەویش دەکرێن، وەکو بڕوا بوون بە ئامۆژگاری و حەکیمی و نۆشداری و کەرەم و وودمی شێخ و مەشایخ و پیر و سەید و... تاد، کە پێی وایە شێخ ئە و کەسە لە خواترس و عابید و خواناسەیە کە خودای گەورە وودم و نۆشداری پێ بەخشییووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە دونیایی و قیامەتییەکان، لێرەدا پێ نان بە مێخ واتە هەڵەکردن و چوونە لای شێخ واتە گەڕان بەدوای چارەسەر ئەوە بووە بە ئیدیۆم بەکەسێک دەوترێت: نەپێت هەڵکەوێت لە مێخ، نە بچۆ بۆ لای شێخ، واتە: نە هەڵە بکە و نە رووبکە لای شێخ بۆ چارەسەر.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📋 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/21/5 9:56:13 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1281

## نەترس لەمار بترس لەئایم گومار

[https://www.kurdipedia.org/?q=20181217062818181612](https://www.kurdipedia.org/?q=20181217062818181612)



نەترس لەمار بترس لەئایم گومار
لەناوچەی ئیلامی ئەوپەڕی باشوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کەسی سپلە و بێ نمەک و حەرامزادە دەوترێت(گومار) سەبارەت بە و درکەیە زیندەوەری خشۆکی مەترسیداری وەک(مار) بەباشتر دەزانێت لە مرۆڤی سپلە و بێ نمەک هەرچەندیشە کورد لەمێژە وتویەتی(شەرعی مار بەدار) یان وتویەتی(بەدەستی خەڵکی سەری ماری لێ بکەوە) یان(هەڵگرە دار بکوژە مار) بەڵام کوردەکانی ناوچەی ئیلام ماری مەترسیدار بەچاکتر دەزانن وەک لە مرۆڤێکی سپڵە و نمەرک حەرام بۆیە وتویانە(نەترس لەمار، بترس لەئایم گومار).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 6:28:18 2018/17/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1282
## نەترە دەنگی بێت نەفسە بۆنی بێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20171119085255143270
نەترە دەنگی بێت نەفسە بۆنی بێت
ئەم ئیدیۆمە بۆ سوکی بە کەسێکی بێ کەڵک و هیچ لەبارانەبوو بەکاردەهێنرێت یان بۆ کارێکیش کە هیچ سوود و قازانجێکی نەبێت بەتەوس و سووککردنەوە دەوترێت(نە ترە دەنگی بێت نە فسە بۆنی بێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:52:55 2017/19/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1283

## نەچیە بن بەڕەی دوژمنم

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901133746387362



نەچیە بن بەڕەی دوژمنم
بەڕە، ڕایەخێکە لەڕستن و چنینی(خوری و پەڕۆ و لۆکە و داوەبەن) لەکارگەی تەونداتەونکاری کورد دروستیکردووە، لەسەردەمانی زووکە پەتۆ و بەتانی و لێفە و جاجم هێشتا شوێنی نەگرتبۆوە، پەڕە پێخەف بووە و لەکاتی خەوتنان لچکەکی بەخۆدادراوە و لچکەکیشی لەژێرڕاخراوە، هەڵبەت بووک و زاوا کە هاوسەرگیریان کردووە، بەخۆیانداوە و لەچیاتی کەژاوە و سیسەمی ئێستا چووینە بن بەڕە شڕەی خۆیان و دەست لەملانی یەکدی بوون، ئەو چونە بن بەڕەیە لەناو ئیدیۆمی کوردیدا شوێنی خۆی کردۆتەوە، بەکیژێکی ڕشکنی پرچ گروازەی پیس و پەلۆس و دەمشڕ و بەگۆبەند و ناکەس بەچە و زارهەراش و بێ شەرم و نارێک و پێک و دەمەزەن وەک کێچ و ئەسپێ ئەگەر بچنە بن بەڕەی هەرکەسێکەوە دووچاری لەش خوران و هەستیاری و خەوزڕانی دەکەن، ئیتر ئە و کیژەش بە و کێچ و ئەسپییە چوێنراوە، هەندە نەگریسە بۆ بن بەڕەی دوژمنیش مایەی نیگەرانییە و دەخوازرێت نەچێتە بن بەڕەی دوژمنیش بۆیە دەوترێت(یاخوا نەچیە بن بەڕەی دوژمنم).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/1/9 1:37:46 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1284

## نەخۆر و نەشۆر

https://www.kurdipedia.org/?q=20180829095648155042

نەخۆر و نەشۆر
نەخۆر واتە کەسێک پڕ بەدڵ نەتوانێ نانی خۆی بخوات لەبەر قرچۆکی و نەشۆر-یش واتە کەسێک پیس و پۆخڵ بێت و بێز و(تەنەفور) لە بۆن پیسی خۆی نەکات ئەویش هەر لەبەر ڕەزیلی و پیسکەیەتی، نەخۆرەکان ئەژمار بۆ پوشکەیەکیش دادەنێن و چاویان دەچێتە پشتی سەریان ئەگەر کەسێک لە بێستانەکەیان گندۆرەیەک یان ترۆزییەک بکاتەوە، نەشۆرەکانیش ئەگەر لەسەر دەریاچەی وان بن حەزناکەن جامێک ئاو بکەن بەدەم وچاویان، ئینجا لە کوردەواریدا بە و کەسانەی قرچۆک و پۆخڵن دەوترێت(نەخۆر و نەشۆر)ن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺️ وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 
K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 29/8/2018 9:56:48 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1285

## نەخۆری نەشۆر

https://www.kurdipedia.org/?q=20200825215915387183



نەخۆری نەشۆر
نەخۆر، واتە کەسێک خۆراکی هەبێت و نەیخوات، نەشۆریش واتە کەسێک ئاو و دەراوێکی باشیشی هەبێت خۆی نەشوات، ئە و نەخۆری و نەشۆرییە بووە بە ئیدیۆم و بەرق وپەرپوتکردن و ناشیرینکردنەوە بەکەسێک دەوترێت کە هەردوو خاسیەتی پیس وپەلۆسی و پۆخلّی و رژدی هەبێت بەماڵی خۆی بەتەواوەتی نەخواو نەخواتەوە و بەکاری نەهێنێت دەوترێت لێیان گەڕێن ئەو(نەخۆری نەشۆر)انە چین؟.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 
K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 25/8/2020 9:59:15 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1286

## نەژنی تیلاک خوار، نە پیاوی گوێ بەگوار

https://www.kurdipedia.org/?q=20180125095253144258

نەژنی تیلاک خوار، نەپیاوی گوێ بەگوار
ژنی کورد(شەدە و تیلاک و بۆیمە و مێزەر)ی خستۆتە سەری هەندێک لەژنەکان بەخواری دەیانکردە سەر و پێان دەوترا(شەدەخوار و تیلاک خوار) ئەمانە سەرنجی پیاوانیان بەلای خۆیانەوە رادەکێشا و گەنج و کوڕ و کاڵ زوو دەکەوتنە داویانەوە، پیاویش لە ناو کوردان بە دەگمەن و دانسەق گوێی سمراوە و گوارەی لە گوێکردووە، وابزانم هەندێک خێلّی کورد کوڕە تاقانەیان گوێ سمیوە، بەلام لە کۆی کەلتوری کوردان پیاو و گوارەی گوێیان نەوتووە، بۆیە ئە و ئیدیۆمە بەگوێرەی کەلتورەکە بەکارهاتووە بۆ ناپەسندی و سووککردن و تەوس و هەجو بەکارهێنراوە بۆ ژنە تیلاک خوار و پیاوە گوێ بەگوارەکان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: ⬇ باشووری کوردستان
ولات: ➡ رۆژهەلاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/25/1 9:52:53 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1287

**نەژنی جوان حیز دەبێت نە ئاوی سارد پیس دەبێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171120092736143284

نە ژنی جوان حیز دەبێت، نە ئاوی سارد پیس دەبێت
ژنی جوان زۆر کەس بۆی عەودالە هەر لەبەر ئەمشە خۆڕازاندنەوەی کچان وژنان هەبووە و هەیە لەچاوڕەشکردنەوە تا دەگاتە مکیاژی ئەمڕۆ، وا ڕێکدەکەوت کچێکی جوانکیلە لە ئاواییەکی کوردستان بیست لە کوڕانی ئاوایی بەدواوەی بوون لە پورزا و ئامۆزا و کورەخاڵ و دەروردراوسێ تاد، دڵی کچەش هەر بۆیەکێکیان لێیداوە، خەڵکی ئاوایش زوو بە و دڵخوازی و حەزدارییەیان زانیووە، بەڵام بۆ هەر کەسێک گونجا بێت ئە و حەز حەزۆکە و دڵ لێدانەی بۆ کچەی فەرامۆش کردووە بۆ کوڕەکەی ئاوایی بێ سێ و دوو خواستویەتی ئەمە لەلایەک لەلایەکیتریشەوە هەرچەند تینوو لە پیسی ئاو ناپرسێتەوە بەڵام ئەگەر ئاوێک خاوێن و بێگەرد و پاکیش بێت کەچی گەرم بێت ئەوەی دەیخواتەوە هەست بە بێ تامی و تامداری و پیسی دەکات و هێڵنجی دێت و دڵی بە تەواوی ئاو ناخواتەوە، خۆ ئەگەر سارد و کەڵلە تەزێن بێت ئەوا هیچ هەست ناکات پیسە ئەگەر پیسیش بێت، کەواتە هەر لەبەر هەردوو خاسیەتی سەرەوەی ژنی جوان و ئاوی ساردە بە تەوس و بە خۆشیەوە لە ئیدیۆمی کوردەواریدا ووتراوە(نەژنی جوان حیز دەبێ و نەئاوی ئاوی سارد پیس دەبێ).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/20/11 9:27:36 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1288

**نەشیربایی یە و نە خوێن بایی یە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180107074926143821

نەشیربایی یە نەخوێن بایی یە
بەرامبەر مێرد، ژن ئەم دەستەواژەیە بەکاردەهێنێت، شیربایی: جۆرێکە لە فرۆشتنی کچ یان ژن بەرامبەر کچە یان ژنە

بەشودراوەکە برێکی دیاریکراو پارە دەدرێتە برا و کەس وکاری ژنەکە یان کچەکە.
خوێن بایی یان بەرخوێن یان خوێن بژاردن: کچێک یان ژنێک دەکرێتە قەرەبووی خوێنی مردوو بەرووداو یان ئەنقەست یان کارەساتێکی کوشتن.
ئەم ئیدیۆمە لێرەدا بەکاردەهێنرێت کە ژن هەست دەکات بێ دادیەکی زۆری بەرامبەر دەکرێت ئەویش بەداد و فیغانەوە دەڵێت(خۆ نەشیربایم و نە بەرخوێنم)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/7/1 7:49:26 AM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1289

## نەگوڵی گەنمی دیووە، نەچەقەنەی ئاش

https://www.kurdipedia.org/?q=20201209101854390071



نەگوڵی گەنمی دیووە، نەچەقەنەی ئاش
ئە و نانەی ئەورۆ لەخوانە بەرەنج و زەحمەتکێشان و خاوێرڕشتنێکی زۆر(ئارەقەرشتن)ی جوتیار و کشتیار و وەرزێر و دروێنەکەر وسەپان و پاڵە و تێلەکێش و گیشەکەر و خەرمان کوتان و گێرە و شەن و کەوکردن و لەسەرهەند و بێژینگدا گێشکە و کوزری گیراوە و رەوسەی سوری خلەوخەرمانی داگیراوە و باراشی لە گوێدرێژ بارکردووە براوەتە ئاشی و نۆرە و سرەی بۆگرتووە هارپوویەتی و هەویرشێلان و داروچیلکە و ئاگری بن ساج و ماندووبونی نانکەر و کەیبانوو ئینجا گەیشتۆتە سەر سفرە و خوان واتە زۆر بەماندووبون و هیلاکەتی و رەنجکێشیەوە هاتۆتە بەرهەم، زۆر جاران لە و کوردەوارییەی خۆمان کەسێک بە رزقێک یان بەرهەمێک ماندوو نەبووە پێان وتووە(حازرخۆری مفتەخۆر) هاوشێوەی ئە و کەسانە بە ئیدیۆمەوە پێان دەوترێت(نەگوڵی گەنمی دیووە، نەچەقەنەی ئاش) واتە بەهیچ ماندوو نەبووە زەحمەتی نەکێشاوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/9/12 10:18:54 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1290

**نەگۆزەی نزیک بە ئاوان نە ژنی نزیک بە باوان**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190307064516280198



نەگۆزەی نزیک بە ئاوان نە ژنی نزیک بە باوان
بۆ گۆزەکە وتراویشە(گۆزەی ئاوێ لەڕێی ئاوێ) یان(گۆزە هەموو جارێ بەساغی ناگەڕێتەوە) هەڵبەت ئیدیۆمی دووەمە وایکردووە بوترێت(نەگۆزەی نزیک ئاوان) کاتێک گۆزەیەک نزیک ئاو بێت هەڵگرتنی لەشان خۆشتر دەبێت و زوو زووش دەبرێتە سەرئاوان، ئینجا وتراویشە گۆزە هەموو جارێ بەساغی ناگەڕێتەوە، بۆیە ووتراوە گۆزە نزیک کانی و کانیاو و سەرچاوان نەبێت لەبەر ئە و حاڵەتەیە، هەروەها ژنی نزیک بەباوانیش پەسند نەبووە چونکە مرۆڤ هەموو دەمێک کۆک و تەباوڕەبا نی یە ئەگەر نزیکی باوانی بێت زوو زوو دەچێتەوە ماڵە باوکی لەبەر ئەمانەیە کورد وتویەتی(نەگۆزەی نزیک ئاوان نەژنی نزیک بە باوان).

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/7/3 6:45:16 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1291

**نەم گاوە بەس لە گوینە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171122091742143295

نەم گاوە بەس لە گوینە
دەوترێت مەلا نەسرەدین(مەلای مەشهور) لە نزیک کەرەێکەوە بووە و کەرەکە لەدوای میزکردنەوە بووە و زێی خۆی لێکداوە و کردۆتەوە و لە و کاتەش مەلای مەشهور دەبینرێت لە نزیک کەرەکەوە میزی کردووە و دۆخینی شەرواڵەکەی بەدەستەوە گرتووە و دەیبەستێتەوە، لێی دەپرسن مەلا کەرەکەت گاوە؟ مەلاش دەڵێ نەم گاوە بەس لە گوینە، ئینجا ئە و ئیدیۆمە بەکاردەهێنرێت بۆ کەسێک کە کارێکی ئەنجام نەدابێت بەڵام چەند بەڵگەیەکی نزیک لە ڕوودانی کارەکە هەبێت بیسەلمێنێ کە ئە و کارەکەی کردبێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:17:42 2017/22/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1292

**نەماڵ لەسەر شیو، نەژن لە کچە تیو**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190323090500282778



نەماڵ لەسەر شیو، نەژن لە کچە تیو
سەر شیوو واتە نێو دۆڵ و کەنار چەم و رووباران و کچە تیو-یش واتە ناکەس بەچە، ئەگەر مرۆڤ خانووی لەسەر شیوو و دۆڵان بوو واتە رێگەی ئاوی گرتووە و ئاویش شوێنی خۆی هەر دەگرێتەوە بەتایبەت لەساڵێکی زەنەباران و لەبەهارێکی توش و پڕ هەوری چڕ و شەستەباران و رەهێڵەی بەخوڕ و سێلاو و لافاوی کۆڵاوکۆڵ و ئاوماڵ و سەرڕێژی کەنارو هەردوو بەری رووباران بەمەش هەموو شتێک لەپێشی بێت ڕاپێچی دەکات و لەشوێنێکی دوور بەکاولی و وێرانەیی دەیکات بە ئاوماڵک، رەنجی چەندین ساڵت ئاو دەیبات و ماڵ و حاڵت لێ تێک دەدات لەماوەی تەنها یەک کاتژمێردا، کچەتیو-یش کە کچێکی ناکەس بەچەی نارەسەنە، چەندین ساڵ هاوژین و هاوسەرت بێت نابێتە ژنێکی سەلار و نەجیب زادە و کەسێکی دەم دەمی و(میزاجی)یە، یەک تاکە رۆژی مابێت بەدەستەوە شەرم و شورەییت لە بنا بنکۆڵ دەکات و وەک سێلاو و لافاوی بواران دەیبات، بۆیە وتراوە(نەماڵ لەسەر شیو، نەژن لە کچە تیو).

Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:05:00 2019/23/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1293

**نەماڵت لەبەر ماڵان بێت، نە ژنی براگچکەی بیت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220619115721419107



نەماڵت لەبەر ماڵان بێت، نە ژنی برا گچکەی بیت
ئاوایی و لادێکانی کوردستان نەریتی مێوان دۆستی تێیدا باوبووە، ئەوەی زۆری مێوان هەبووایە شانازی پێوەدەکرد و لەناو خەڵکیش وتراوە: بە سفرە و خوان خەڵک دەناسرێت، بۆ ئەوانەی مێوانیان ڕانەگرتووە پێان وتراوە: مێوان چاکی خانەخوێ خراپ، ئینجا ئە و ماڵانەی کە دەکەوتنە بەرماڵانەوە لەدوو بوارەوە تەنگژە و عەزیەتیان دەبوو، یەکەمیان سەر ڕێی هاتوچۆی مەروماڵات و پاتاڵ و گاوگۆل و کاروان و دووەمیشیان سەر ڕێی خەڵکی لایدە و گەڕۆک و غەریبە و میوانان بووە، لەهەردوو حاڵەت خاوەن ماڵی بەرماڵان هەم تەپ و تۆز وجەنجاڵی بەردەرگا، هەمیش دەبوایە دەرگای ماڵەکەی کراوە بێت بەڕووی ئە و کەسە غەواره و لایدە و مێوانانە، ژنی برا بچووکیش لەبەر ئەوەی کەلتور و نەریت وابوو لەسەر ماڵی گەورە دەمایەوە لەگەڵ پیرە خەسوو و پیرە خەزوور بەمەش هەرچی کەس و کار و خزم و خوێشە یان هاوسێ و نەوەی کوڕ و کوڕەزا و کچ و کچەزا هەمووی بەناوی سەردانی باب و دایک و باپیر و داپیرە و پوور و خاڵ و پلک و مام و...تاد، یەکبینە ئە و ماڵە جمەی هاتووە لە مێوان و بەسەرکردنەوە و ژنە برا بچووکیش بووە بە خزمەتکار و کەسیش منەتی پێی نەبووە بۆیە ئە و دوو حاڵەتەی(ماڵی بەرماڵان و ژنی برا گچکە) بووە بە و ئیدیۆمە پڕ ئامۆژگاری و ڕێنوێنییە و بە نارەزایی و نیگەرانی و تووک و لووکەوە وتراوە: نەماڵت لەبەر ماڵان بێت، نەژنی برا گچکەی بیت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2022/19/6 11:57:21 AM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 1294

**نەنێرە و مێ یە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170923135342142695

نەنێرە و نەمێ یە
ئەگەر(نێرەموک) بوایە کێشە نەبوو، بەڵام ئەم ئیدیۆمە بۆ پیاوێک بەکاردەهێنرێت کە لەراستیدا ڕەگەزی نێرە، کەچی هیچ کارێکی پیاوەتی لێ ناوەشێتەوە، ناتوانێت وەک ژن و کچێکیش مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت چونکە لەبنەچەدا نێرینەیە، واتە نە پیاوەتی پێ دەکرێت و نەپێی ناکرێت

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 1:53:42 2017/23/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1295

**نەهێسترت جاش بێت، نە بارت بەردە ئاش بێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170926094149142733

نە هێسترت جاش بێت، نە بارت بەردە ئاش بێت
ئیدیۆمێکە بەکاردەهێنرێت بۆ کارێکی قورس و خرابێتە ئەستۆی مناڵکارێکەوە، جاشوڵکەیەک ناتوانێ بەردە ئاش بگەیەنێتە شوێنی خۆی هەم جاشکەکە پشتی نەکردوە و هەمیش بارەکە گران و قورسە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: رۆژهەلاتی کوردستان
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:41:49 2017/26/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1296

**نەوەی قازی مەلەوانە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190107082721186210



نەوەی قازی مەلەوانە
گوجیلەی گورگ خنکێن لەسەگی ڕەسەن هەڵدەکەوێت، نەوەی مریشک جوجەلە-جوجکەیە، نەوەی ئادەمیش ئادەمیزادە، ئەمانە واتە هەرگیایە و لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە و هەر نەوەیەک کوڕی بابی خۆیەتی، باڵندەی قاز بەنمونە بۆ ئەم ئیدیۆمە هێنراوەتەوە ئەم باڵندەیە مەلەوانە و باڵندەیەکی ئاوییە و لەئاودا گەشە دەکات تا ئێرە واتە ڕاستەقینەکەی ئەم ئیدیۆمەیە بەڵام بەمەبەستی تر بەکاردەهێنرێت وەک ئەوەی هونەری تێدا نی یە بێچووە قاز مەلەوان بێت چونکە ئە و لە بنەچە و بنەمادا خۆی مەلەوانی دەزانێت ئەمە لەلایەک لەلایەکیتریشەوە بۆ ستایشی کەسێک بەکاردەهێنرێت کەباب و باپیرانی نەجیب زادە و شارەزای بوارێک بن و جێگەی مەترسی نەبن لە ئەنجامدانی کارێک یان ڕاسپاردەیەکی پێ ڕاسپێردراو بەدەربڕەوە دەوترێت(نەوەی قازی مەلەوانە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: ⬇ باشووری کوردستان
ولات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/7/1 8:27:21 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1297
**نەکردنی باشترە لە مامە حەمە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171120093104143286
نەکردنی باشترە لە مامە حەمە
کچ کە تەمەنی گەیشتە سەرووی بیست ساڵی ئیتر وورده وورده خوازبێنی کەم دەبێتەوە و بەرە و قەیرەیی دەڕوات لە ناو کوردان، کوڕانی تەمەنی بە دەگمەن دەمێنن ژن نەهێنن، ناچار داخوازییەکانی لە کوڕی گەنجەوە دەبێتە پیاوانی ژندار و یان کوڕانی ماوە و قەیرەی لە خۆی گەورەتر هەندێجار پیاوی بەتەمەنی هاوشێوەی لەڕیشی باوکی دێنە خوازبێنی، کە نە بەکەڵکی گەمە و یاریکردن دێن و نە توانای کارکردن و بەدەستهێنانی بژێویان هەیە ئینجا لەزاری کچەکەوە دەوترێت(نەکردنی باشترە لە مامە حەمە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: ⬇ باشووری کوردستان
ولات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/20/11 9:31:04 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1298

## هات چاوی ڕەش بکات کوێرەی کرد

https://www.kurdipedia.org/?q=20211121213322398338



هات چاوی ڕەش بکات کوێرەی کرد
کل لە کلدانە و بەکلچوک چاوی پێ ڕەش دەکرێت، هەم بۆ جوانی و هەمیش بۆ پەرچەکرداری تیشکدانەوەی بەفر لە زستانان، هەر کچان و ژنان چاوی خۆیانی پێ نارێژن بەڵکو کوران و پیاوانیش لە مانگی بەفرانباری وەرزی سارد وسۆڵەی زستاندا دەیخەنە چاویانەوە، ئە و چاو ڕەشکردنە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێک دەوترێت(هات چاوی ڕەش بکات کوێرەی کرد) واتە بۆ کارێکی باش چووە، بەهەڵە کارێکی خراپتری لێ قەوما.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/11/12 9:33:22 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1299

## هاوڕێی نەفسێ هەر زیزە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170924144237142724

هاوڕێی نەفسێ هەر زیزە
هاوڕێیەتی لە کوردەواری کراوە بەسێ جۆر(گانی بە گانی و نانی بە نانی وگیانی بە گیانی) دیارە لێرەدا هاوڕێی نەفسێ بۆ ملومۆ و چەوری و نان لێ خواردنەکەیە، خۆ دیارە تا نانەکە هەبێت هاوڕێیەتیەکە بەردەوام دەبێت و کورد گوتەنی(تا گندۆر گندۆر بوو، خزمێ مە گەلێک زۆربوو، گندۆر هاتە قرانێ خزمێ مە هاتە براني) ئە و ئیدیۆمە بۆ کەسێک بەکاردێت کە زووتر زۆر هاوڕێیەکی باش بووە لە کاتی دەوڵەمەندی و هەبوونی کەسێک بەڵام کە کەسەکە هەژار کەوت ئە و دیار نامینێت و دەبێتە هاوڕێی دەوڵەمەندێکی تر، لە کوردستاندا ئێستا ئە و حاڵەتە لەناو سەرکردایەتی حزبەکاندا زۆر بەدیدەکرێت کە(ئیمتیازات) و پلە وپایە و داهاتیان لە بەردەستی نەمینێ بە بیانوی جۆراوجۆر سەنگەر بۆ حزبێکی دەوڵەمەندتر دەگوازنەوە کە نەفسیان تێر نان و پارە بکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code


🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/24/9 2:42:37 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1300

## هاوینان شل و ملن، زستانان جوار لەملن

https://www.kurdipedia.org/?q=20220429204444411834



هاوینان شل و ملن، زستانان جوار لەملن
هاوین لە پەند و ئیدیۆمی کوردەواریدا زۆر بەکارهێنراوە چونکە مانگی کۆکردنەوەی بەروبوومەکان بووە و خەڵکی هەژاریش لە و مانگەدا ئاهێکی بەبەردا هاتووە وتراوە: بۆیە هاوینم پێ خۆشە کەس ناڵێ گونت داپۆشە یان کە زستان هات بەرگی فەقیری دڕا یان بەردی هاوینێ هەڵگرە بۆ زستانێ.
هاوین وەرزی کۆکردنەوەی زەخیرەیە بۆیە مرۆڤی کاسب، ڕەنجی خۆی دەخاتەکار و زۆرترین بەروبووم کۆدەکاتەوە تاوەکو زستانی ساردوسڕی پێ بگوزەرێنن، ئینجا هەندێ کەسی ناکاسب و عەمەل نەکەر هیچ جۆرە کاسبیەکی ناکەن، بازوو و مەچەک و شانوباڵیان بەکارناهێنن، بڕوایان بەدەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە نیە، شل و مل و نەمەیوو دێنە بەرچاو و نازدار و دەست وپێ سپی دەردەکەون، کە زستانیش داهات بەتورەگە و جواڵەوە بۆ دزی و سواڵ دەگەڕێن، ئە و حاڵەتە بەرجەستە بووە لە کۆمەڵی کوردەواریدا بووە بە ئیدیۆم و لەکاتی کاروبار زۆریدا کەسێک کارنەکات و تەمبەڵ و تەوەزڵ دابنیشێت و لەکاتی پێداویستیش دەست لەم و لە و پان بکاتەوە وەک سواڵ یان وەکو چەتە و جەردە و دز زەخیرەی خەڵکی بدزێت بەتەوس و قێزەونی و ڕق و کینەوە دەوترێت: هاوینان شل ومل، زستانان جوال لەمل. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/29/4 8:44:44 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1301

## هیچت نەزانی پیری بدە بە جوانی

https://www.kurdipedia.org/?q=20171123090705143305

هیچت نەزانی پیری بدە بەجوانی

پیری بەرە و کۆتاییە و جوانی بەرە و ژیانی تازە و گەشەکردنە، جوتیار و وەرزێرو ئاژەڵداری کورد هەموو کاتێک لە هەوڵی نوێکردنەوەی درەختەکانی ڕەز و مێگەڵەکانیاندا بوون، بە نمونە مریشکی سەرەمریان گۆڕیوتەوە بە بارۆکە و پیرەکەریان بە جاشکۆڵە گۆڕیتەوە، لەبەر ئەوە لە ناو کوردان ووتراوە(هیچت نەزانی پیری بدە بەجوانی) واتە هەمیشە خوێنی تازە و نەوەی نوێ و چرۆی تازە دەتوانێ لە نەبوونی و نەداری و کوێر بوونەوە دەتپارێزێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/23/11 9:07:05 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1302

## هێستری سەرانەییان

https://www.kurdipedia.org/?q=20220220215819405828



هێستری سەرانەییان

گوندی سەران لە ڕوانزێ دوو ئیدیۆمی لەسەر هەیە، یەکێکیان ئە و ئیدیۆمەیە کە دەڵێت: هێستری سەرانەییان، خەڵکی ئە و گوندە زۆر بایەخیان بە کورتان و جلوجۆڕ و گوڵینگەی ڕەنگاوڕەنگ و مۆری و مێرووی جوانیان تێخستووە و سەرنجی خەڵکی بەلای هێسترەکە ڕاکێشاوە، ئینجا ئەگەر لە ڕواندز و دەوروبەری شمەک و کەل وپەلی جوان ببینن یان ئافرەت و ژنی شیک پۆشن و جوان و ڕازاوە ببینن دەوترێت: هێستری سەرانەییانە، لە ووراتی کۆیەش دەوترێت: ئێستری ماچەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/20/2 9:58:19 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1303

## هێشتا میزی کەڤی نەکردیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20181220073145181669

هێشتا میزی کەڤی نەکردیە

بەکەسێکی منالّکار دەوترێت(هێشتا میزی کەڤی نەکردیە) واتە ماویەتی پێ بگات ئە و سەری لەهەموو کارو ئیشێک دەرناچێت ئەمە لەلایەک لەلایەکیتریشەوە وەک سوکایەتی پێکردنیش بەکاردەهێنرێت بۆ کەسێک کەبیەوێت کارێک بکات ئە و کارەش جێگەی نیگەرانی و ڕەزامەندی خەڵکی نەبێت بەتەوسەوە دەوترێت ئینجا فلان کەس چیە ئە و کارەی بکات نابابە هێشتا میزی کەڤی نەکردیە ئە و کارەی بکات باڵێ گەرێت دەنا وەک خۆی لێ نایەتەوە بەجۆرێک لە گورەشە و هەرەشەوە بەکاردێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/20/12 7:31:45 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1304

## هێلکە لە قەلی نادزرێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20210502203804393858



هێلکە لە قەلی نادزرێت

دەوترێت قەلی ڕەش مێینەکەی تا نەگاتە تەمەنی نەوەد ساڵی هێلانە دروست ناکات و هێلکەی ناکات، کەواتە تەمەنی زۆرە و ئەزمونێکی باشی هەیە بۆیە بەمرۆڤێکی دونیادیدە و شارەزا و زۆر لەبار و زانا دەوترێت کورە بابە هێلکە لە قەلی نادزرێت، واتە کەسەکە دونیا دیدە و شارەزایە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: PM 8:38:04 2021/2/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1305
## هێندە بێ بارە بەهیچ شتێک تەڕ نابێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20171225092812143602
هێندە بێ بارە بەهیچ شتێک تەڕ نابێت
بێ بار واتە: بێ ڕوو و بێ ئاڕاستەیە، یان وەک گوڵەبەڕۆژەیە و لەگەڵ خۆر ڕووی خۆی دەسوڕێنێت یان کێ دەسەڵاتدار بێت گوێڕاێی دەستیەتی، یان لە کوێ بای بێت لەوێ-وە شەنەی خۆی دەکات، تەڕ-یش واتە:بە ئاو و ئاودارە، یان دژی وشکی.
هێندە بێ بارە بەهیچ شتێک تەڕ نابێت بەکاردێت بۆ کەسێک تەمێ نەبێت و پەند لە هیچ شتێک وەرنەگرێت و بێ شەرم و شورەیی بێت و هەر ڕۆژێ لەسەر خەت و پەتێک یاری بکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:28:12 2017/25/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1306
## هێندە شیرینە دەڵێی هەنگوینی بەدرەمە
https://www.kurdipedia.org/?q=20171218095051143562
هێندە شیرینە دەڵێی هەنگوینی بەدرەمە
بەدرەمە، مێشولەیەکە شێوەی مێش هەنگە بەڵام ڕەنگی ڕەش و باریکترە و هەنگوینەکەی کە دروستی دەکات لە هەنگوینی هەنگ شیرینترە، بەکارامەیی و لێزانیەوە شانەکانی بەدرکەوە هەڵدەواسێت، ئینجا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ئیدیۆمێک بۆ شیرینی کەسێک یان پەسنی جوان و ئەدگار و خوێن شیرینی کەسێک دەوترێت(هێندە شیرینە دەڵێی هەنگوینی بەدرەمە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:50:51 2017/18/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1307

**هێندە رووتە بارەبەری سەگە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171213081048143478

هێندە رووتە بارەبەری سەگە
باری سەگ خوازراوە چونکە سەگ باربەر نی یە، واتە باروبارخانەکە زۆر کەمە تەنها باری سەگێکە یان ئەگەر کەسێک لەڕ و لاواز و باریک و بێ گۆشت بێت دەوترێت هێندە رووتە بارەبەری سەگە، هەڵبەت بۆ کەل و پەلی ماڵە هەژارێکیش لەکاتی کۆچ و کۆچباردا دەتوانرێت بوترێت چ ماڵی هەیە بارەبەری سەگێکیش نابێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: رۆژهەلاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:10:48 2017/13/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1308

**هێلکە پینەکەرە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171212072516143467

هێلکە پینەکەرە
هێلکە سەدەف و قاوغ و توێکلێکی تەنک و ناسکی هەیە و هەر کاتێک بتەوێت هەلبگریت و بیگوازیتەوە بۆ ماڵ یان شوێنێ دەبێت زۆر بە وریاییەوە ئەو کارە ئەنجام بدەیت چونکە کە شکا وەک خۆی لێ نایەتەوە و چارت نامێنێت، پینەش لە هێلکە نادرێت وەک جل وبەرگ و هەر شت و مەک و کەل وپەلێکیتر ئینجا لێرەدا خوارزێکی بەتەوسە بۆ کەسێکی رەزیل و رژد و قرچۆک و پول پەرست و پارەپیس دەوترێت هێندە رەزیلە(هێلکە پینەکەرە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: رۆژهەلاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:25:16 2017/12/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1309

## هەتا جۆزەردان، سەد پاشا گەردان

https://www.kurdipedia.org/?q=20210501002951393814



هەتا جۆزەردان، سەد پاشا گەردان
مانگێکی ساڵنامەی جۆزەردانە، ناوەکە پەیوەندی بە زەردبوون و پێگەیشتنی دانەوێڵەی جۆیە، لەکوردستان لە کۆتایی مانگی ئایار دەست پێ دەکات تا دەیەی دووەمی حوزەیران بەردەوام دەبێت، لە و نێوەندەدا دروێنەی دانەوێڵەی جۆ دەست پێ دەکات، کورد زۆر گۆڕانکاری بینیووە و زوو زوو شەپۆلێکی تازە بەسەر بارودۆخەکەدا دێت بۆ دڵدانەوە و خەم نەخواردن ووتراوە دڵ لە دڵەی مەدە دونیا وەکو ئێستا نابێت و دەگۆڕێت بۆیەکورد بە ئیدیۆمەوە وتویەتی:هەتا جۆزەردان، سەد پاشا گەردان. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 12:29:51 2021/1/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1310

## هەتا دەم بیەوێت، خوارێش دەیەوێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901090518155144



هەتا دەم بیەوێت، خوارێش دەیەوێت
غەریزەکانی(خواردن و جوتبون) دوو غەریزەی ڕاستەوانەن بەیەکەوە کاردەکەن بەتایبەت تا(خواردن و خواردنەوە) باش بێت ئەوا(جوتبون)ی زیاتر بەدواوە دێت و بەپێچەوانەشەوە تا خواردن و خواردنەوە خراپ بێت جوتبونیش کز و کەم دەبێتەوە، دەگێڕنەوە پیرەژنێک لەسەر گۆماوێک گەرماوێ دەکات و خۆی دەشوات، کوریژکەیەک بەوێدا گوزەردەکات و دەبینێت پیرەژن پەنجەی ئەسپێ کوژەی بەتەواوەتی خستۆتە(دەعبایەک)ەیەوە و یەک بەشەویلاگەی دەمی کردۆتەوە و نەرمە هاوارێک دەکات وەک ئەووەی نەرمە تایەکی شەوی زستانەی لێ بێت، تومەز پیرەژن دەستپەڕی خۆی لێی دەدات و لەگەڵ شۆڕەسواری خەونەکانی لە خەیاڵدایە، ئەم حاڵەتە کوریژکەکە بڵاویدەکاتەوە و دەگاتەوە پیرەژنێ و لێ

دەپرسن ئەرێ وایە وادەڵێن؟ تۆ و ئە و شتەیان گوتووە؟ پیرەژنیش دەڵێت:(هەتا دەم بیەوێت، خوارێش دەیەوێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/1/9 9:05:18 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1311

## هەتا نەبینی بەفری زستان، تێر ناخۆی لە باغ و بێستان

https://www.kurdipedia.org/?q=20180926101722156259



هەتا نەبینی بەفری زستان، تێرناخۆی لەباغ و بێستان
بەفر بارین لە زستاندا لەگەڵ ئەوەی ژیانی جوتیاری و ئاژەڵداری نالەبار و ناگوزەرانتر دەکات، بەڵام وەرزێر و مەرداری کورد هەر پێخۆشحاڵ دەبن کە هەموو وەرزێک بەوەرزی خۆی بکات، چونکە کە بەفر دەبارێت ڤایرۆس و زیندەوەران لەخاک دەکوژێت و شیکردنەوەی ئۆرگانی و کیمیایی و ئەندامی لەناو گەردەکانی خاک و زیندەوەرۆچکە روودەدات و بەمەش شیکردنەوەکان دەبنە پەیین و خاک بەپیت دەکەن و کۆمەڵێک ئالوگۆڕکاری لەنێو مادە و گەرد و هەواگۆڕکێی خاک روودەدات، وەرزێر لەمەوە هەستی بە و گۆڕانگارییانە کردووە دوای بەفرێکی زۆر هەستیکردووە ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی و کارێز و کانیاوەکان زیادیکردووە، رووەک تێر ئاو بووە و خاکیش بەتەواوی ئامادە بووە بۆ پەروەردەکردنی رووەک و باغ و بێستان بەمەش ساڵێکی پڕهات و بەرەکەتبار بووە و مرۆڤ تەواو تێری خواردووە لە بەروبومەکانی ئە و ساڵەدا بۆیە کورد لە دێر زەمانەوە ئەمەی وەک دەربڕ بەکارهێناوە و وتویەتی(هەتا نەبینی بەفری زستان، تێرناخۆی لەباغ و بێستان)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/26/9 10:17:22 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1312

## هەتا کوڕێک دەکەی بەلاو خوێنت دەبێ بە ئاو

https://www.kurdipedia.org/?q=20171126100057143327

هەتا کوڕێک دەکەی بەلاو خوێنت دەبێ بەئاو
ئەمە قسەی دایکانی کوردە، ئەگەر تۆ وجاغ کوێر بیت لەوە تێ ناگەی گەورەکردن و پەروەردەکردن و گۆشکردنی منالٚ چەندە ئازار و ماندووبون و تەمەن بەفیڕۆ چوونی دەوێت بەخێوکردن و گەورەکردنی کوڕێک تا دەبێتە لاو خوێنت دەکات بەئاو، ئەمەش بەراوردکردن و لێکچواندێکە پڕ بە پێستی خۆیەتی خوێن ببێتە ئاو بۆیە بۆ بەراودکاری و لێکچواندن بە ئیدیۆمەوە گوتراوە(تا کوڕێک دەکەی بەلاو خوێنت دەبێت بە ئاو).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/26/11 10:00:57 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1313

## هەتا کەندەرانێک نە روخێت، کەندێک پڕ نابێتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200923121305388104



هەتا کەندەرانێک نە روخێت، کەندێک پڕ نابێتەوە.
کەندەران، کەندەڵان، لاپاڵی هەموو(کەندێک) پێی دەوترێت(کەندەڵان) ئینجا بەگوێرەی قوڵی و فراوانی و گەورەیی کەندەکە، کەندەڵانەکەش گەورە و بچوکی دەردەکەوێت، بەهۆی دیاردەی کەشکاری و کەش و هەوا و باران و گەرما و سەرما و با وئاوەوە هەندێجار ئە و کەندەڵانانە دەتەپن و دەکەونە بنی شیوەکەوە و پڕی دەکەنەوە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ هەندێ مەبەست دەوترێت بۆ نمونە کە برایەک دەمرێت میراتەکەی بۆ براکەی دەچێت و پێی دەوڵەمەند دەبێت، یان ژنەکەشی مارە دەکاتەوە و دەبێتە خاوەنی خێزان و...تاد ، بۆ ئەمانە بە مانا و گوزارشتەوە دەوترێت(هەتا کەندەرانێک نەڕوخێت، کەندێک پڕ نابێتەوە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان
[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 12:13:05 2020/23/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1314

## هەتاوی قەراغ بانە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220325182541409052



هەتاوی قەراغ بانە
خۆرنشین و خۆرئاوابوون بەگوێرەی ناوچەکان زاراوەی جۆراوجۆر دەهێننە کایەوە وەک ئەوەی خۆرنشین لە کەنار دەریا و زەریاکان یان ناوچە شاخاوییەکان و بانە گەورەکان یان بیابانیەکان یان زوورگانەکان، زەردەی دەم کەل، هەتاوی قەراغ بان، ئە و دیاردە جوگرافییە سروشتییە لە کوردەوارییدا بووە ئیدیۆم بۆ شاخاوییەکان دەوترێت(زەردەی دەم کەلە) و بۆ ناوچە زوورگانەکانیش دەوترێت: هەتاوی قەراغ بانە، ئەمەش بۆ دۆخێکی کاتی دەوترێت کە زوو کۆتایی دێت وەکو ژیان و مردن و خۆشی و ناخۆشی و تاد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 6:25:41 2022/25/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1315

## هەر تاوێ یەکێ گەورە و سەردارە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190204074506250062



هەرتاوێ یەکێ گەورە و سەردارە
ئەم ژیانە لەکایەی مناڵ دەچێت و وەک زەرفە بەتاڵەی مەحوی-یە مایەپوچە، زوو زوو مرۆڤەکان تێیدا دێن و دەڕۆن و کاروانسەرا و خانی گەورە ماڵانە، هەزاران بۆرە پیاو دێ و بۆی دەردەچێ، جێی ئومێدان نی یە و کەسی ژێر ناتوانێ هیوای لەسەر بچنێ، ڕۆستەمی زاڵ و میر ئەرسەلان و جەنگیزخان و هۆلاکۆ و قەیسەر و کیسرا و خەلیفە وئیمپراتۆر و دیکتاتۆر هەرتاوێ یەکێکیان هاتن و چوون لە و چوارچێوەیەوە کورد وتویەتی(هەرتاوێ یەکێ گەورە و سەردارە).

Quick Respons Code:


📕 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:45:06 2019/4/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1316

## هەر تیرەکی لە کەندارەکی دەدات

https://www.kurdipedia.org/?q=20220203202955403752



هەر تیرەکی لە کەندارەکی دەدات
تیر و کەوان، چەک و ئامێری سەربازی و ڕاو بووە لە کۆندا، ئە و کەسەی بەکاریهێناوە پێی وتراوە(تیر هاوێژ)، کەندار واتە کەندەڵان کە شیو و دۆڵە لە نێوان گردۆڵکە و سۆرک و زورگانان هەیە، ئە و تیرهاوێژەی نیشان شکێن نەبێت ناتوانێت نێچیر و دوژمن بپێکێت، ئینجا ئەوە بووە بە ئیدیۆم لە ڕواندزێ بە کەسێک دەوترێت کە لەکاتی قسەکردن هەڵێت و پەڵیت بکات و بە نەفامی و نەزانی قسە لەسەر شتێک بکات بەتەوس و گاڵتەوە دەوترێت: (هەر تیرەکی لە کەندارەکی دەدات).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📕 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 8:29:55 2022/3/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1317

## هەر تەیرە و بە ڕەوەی خۆی

https://www.kurdipedia.org/?q=20180108075057143838

هەر تەیرە و بەڕەوەی خۆی
تەیر: باڵندە و پەلەوەر دەگرێتەوە، ئینجا لەکاتی گەڕان و سوڕان و کۆچکردنی کوێستان و گەرمێندا یان بۆ پەرپۆرەکردن و گەڕان بەدوای خۆراک و دانەوێڵە و گەمە و یاریکردن و مەلە کردن، زۆرجاران وارێکەوتووە پیرەژنێکی کوردەواری دوو هێڵکەی مراوی خستۆتە ژێر مریشکە کورکێکەوە دوای هەڵتروکانیان هیچ کاتێک بەدەنگ و دوقەی دایکیان ناچنە سەر خۆڵە پۆت و خۆڵەمێش و پەرپۆرەی زانن و دەنکۆڵەی گەنم ناتوانن وەک بێچووە و جوجەڵەکانیتر هەڵبگرنەوە بۆیە یەکسەر توشی زەڵکاو

و گۆمە ئاو و چڵکاو بین دوقەی دایکیان ڕۆڵی نامێنێ و خۆیان بەهەڵەداوان دەخەنە ئاوەکەوە بۆیە ووتراوە(هەر تەیرە و بەرەوەی خۆی) واتە هەر کەسە و لەگەڵ گروپ و دەستە و تاقمی خۆی هەڵدەکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/8/1 7:50:57 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1318

## هەر دەلینگێکی لەماڵێک پساوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171120080015143274

هەر دەلینگێکی لەماڵێک پساوە

دەلینگ دەرپێ ژنانە لە دوو پارچە دروست دەکرا بەشی سەرەوەی قوماشەکە جیابوو لە بەشی بەرپێ و لای خوارەوەی، ئینجا بەشی خوارەوە دەکەوێتە بەر پێ و درک وداڵ و خۆڵ و تۆز و زوو گیر دەبوو، ئینجا ئە و ژنەی زۆر گەڕۆک و ماڵان گەڕ بووایە پێی دەوترا(هەر دەلینگێکی لەماڵێک پساوە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/20/11 8:00:15 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1319

## هەر شەوەی قەبری بناسێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20220328235518409334



هەر شەوەی قەبرێ بناسێ
ئە و ئیدیۆمە شێوەی توکە، لە کوردەواری دەوترێت(توک و لوک)، لە بیروباوەڕی ئیسلامدا مردوو دوای ئەوەی دەنێژرێت لە گۆڕدا(قەبر) لە شەوی یەکەمدا گۆڕەشار دەدرێت، ئە و گۆڕەشارەش واتە هەردوو لای قەبرەکە دێتەوە یەک و تووند تاڕادەی پەراسوو شکاندن ئە و مردووە لە باوەش دەگرێت، ئەوەش بەجۆرێک لە(عەزاب)ی قەبر و گۆڕ ئەژماردەکرێت، بۆیە بە پیاوخراپ و کەسێکی بەیدووم و بەد و خراپەکار بەتوک و لوکەوە دەوترێت: هەر شەوەی قەبرێ بناسێ، بۆ ئەوەی زۆرترین عەزابی قەبر بچێژێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/28/3 11:55:18 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1320
## هەر عاقلە و لە خەسارەکێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20171126094533143319
هەر عاقلە و لە خەسارەکێ
دەڵێن تورکمانەکانی کوردستان ووتویانە(عەقڵی دوای خەسارەی کوردمان هەبوایە) کورد لە دێر زەمانەوە ووتویەتی لە هەر باربارۆکەیەک(گواستنەوەی ماڵ و هەوار و دەوار و ڕەشماڵ) زیان و خەسارەیەک دەدەیت، لە هەر خەسارەیەکیش عەقڵەک پەیدا دەکەیت، ئەم ئیدیۆمە بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێت کە مرۆڤ لە کاتی مامەڵە و کاروباری ڕۆژانەدا هەندێ کات و جار توشی زیان دەبێت بەڵام گرنگ ئەوەیە لە و زیان و خەسارەیە عەقڵێک و تاقیکردنەوەیەک پەیدا دەکەیت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2017/26/11 9:45:33 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1321

## هەر قامکە و خوێنی خۆی لێ دێت

[https://www.kurdipedia.org/?q=20220617230955418982](https://www.kurdipedia.org/?q=20220617230955418982)



هەر قامکە و خوێنی خۆی لێ دێت
وتراویشە:پەنجەی دەستان هەمووی وەک یەک نییە، بزن بەرِێ خۆی مەرِیش بەرِێ خۆی، قامک: پەنجە، ئەموست، مرۆڤ پێنج پەنجە و قامکی هەیە، ئەگەر هەر دانەیەکیان بریندار بێت هەر ئە و پەنجەیە خوێنی لێ دەرژێت و خوێنی خۆی لێ دێت، ئیدیۆمی جۆراوجۆریش لەسەر پەنجە و قامک هەیە وەک: کە مانگەشە و بوو، پێویستی بە پەنجە راکێشان ناکات، پەنجەی تۆمەتی بۆ راکێشا، پەنجە بەخەنە، پەنجەت بە هەنگوین بێت کەنەما دەیگەزێت...تاد، زۆر جاران لە باس و خواسی خێزانێکدا دەوترێت ئە و ماڵە هەموویان خراپن، چونکە فلانە کیژ یان کوریان فلانە کاری نابەجێی کردووە، یان گشتاندن بۆ سەرکۆنەکردنی بەرەبابێک دەکرێت و بە نەرێنی دەخرێنە روو لە کۆڕ و کۆبونەوەیەکدا، کەسێکیش دێتە گۆ و بەرگری لە و خێزانە دەکات و دەڵێت: هەر قامکە و خوێنی خۆی لێ دێت واتە: هەموو کەس وەک یەک نییە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()

کاتی تۆمارکردن: 2022/17/6 11:09:55 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1322

## هەر گاڵتەیەک مەبەستێکی لە دوایە

[https://www.kurdipedia.org/?q=20220523223420414672](https://www.kurdipedia.org/?q=20220523223420414672)



هەر گاڵتەیەک مەبەستێکی لە دوایە
گاڵتە: ڕاستیەکە بە پێکەنینەوە دەردەبردرێت بۆ خۆشی و بەزم و ڕەزم و کات بەسەربردن و چێژوەرگرتن لە کۆڕ و کۆبوونەوە، ئە و قسە و ئاخاوتنەی کە بە پێکەنین و خەندە و قۆشمە و شۆخییەوە دەوترێت، پرییەتی لەڕاستی شاراوە و پەنهان و هەموویان مەرامی گەیاندنی ڕاستەقینەیەکی داکەوتەی لەپشتە، بۆیە کاتێک یەکێک گاڵتەیەک دەکات مەبەستی خستەرووی ڕاستەقینەیەکە، بۆ نمونە کاتێک لە پرسەیەکدا ژنێک بە ژنێک دەڵێت(گوڵناز)ی کچتمان بدەرێ بۆ(شوان)ی کوڕم، دایکی گوڵنازیش نیگەران دەبێت و دەڵێت: کچەکەمان بە شوو نادەین، دایکی(شوان)یش دەڵێت: کچێ بە گاڵتەم بوو، سەر شێت، لەکاتی دەربڕین و خستنەڕووی گاڵتە و گەپ لە کوردەواریدا ووتراوە: هەر گاڵتەیەک مەبەستێکی لە دوایە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2022/23/5 10:34:20 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1323
**هەر لەعەرش هەتا قورش، کەس بەدۆی خۆی نالێ ترش**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170921132342142671
هەر لەعەرش هەتا قورش، کەس بەدۆی خۆی نالێ ترش
دۆ نابێت مزری خۆی لەدەست بدات تابخورێتەوە و قۆرەی لێ بهێنرێت و بەتەواوی بخورێتەوە، هەندێ جار دۆ کە ترش بوو ئیتر ئە و کەسەی دەیخواتەوە یەکسەر نێوچاوانی بەیەک دادەدات و هەست دەکەیت دۆیەکە یەکجار ترش بووە و خاسیەتی خۆی لەدەست داوە، بۆیە لە و سەر زەمینەدا کەسێک نابینیت بڵێ دۆکەم ترشە، هەر کەسە و بەیاری خۆی دا هەڵدەدات و کەس نالێت یاری من جوان نیە، ئە و ئیدیۆمە بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێت کەوا هەموو کەس لەخۆی و کارەکەی و هەڵوێستەکەی و بەرهەمەکەی خۆی رازییە و کەس نیە لۆمەی کاری خۆی بکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: رۆژهەلاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2017/21/9 1:23:42 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1324
**هەر هەراوێک بە پەراوێک**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190107083944186212




هەر هەراوێک بەپراوێک
هەراو یان هالاو، بەبڵێسە و گڕی ئاگری گەش دەوترێت یان بەتین و تاوی پشکۆ و سۆپا یان بەووزەی گەرمای هاوینی هەست پێکراو، پەراو یان پەلاو بە شیو و چێشتی(ساوار یان گەنمەکوتا و برنج) ئەگەر بەشلی لێ نەنرێت، ئینجا لەزستانانادا ئەم پەند وئیدیۆمە بەکاردەهێنرێت بەتایبەت لە وەرزی زستان ومانگەکانی(بەفرانبار و ڕێبەندان) کە بەفر سەر ڕێگە و چیاو و دەربەندەکانی گرتووە، ئەگەر مرۆڤ لە و مانگانە یەک(هالاو)ی سۆپای داری یان ئاگری وەدەست کەوێت ئەوا یەک پەلاو ساواری بەتام و چێژدێنێت، بۆیە لە چلەی زستانێ کورد دەڵێت(هەر هەراوێک بە پەراوێک).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2019/7/1 8:39:44 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1325
## هەر کەس بکا بە قسەی ژنان، عاقیبەت دەست دەگرێ بە گونان
https://www.kurdipedia.org/?q=20220617230440418981



هەر کەس بکا بە قسەی ژنان، عاقیبەت دەست دەگرێ بە گونان
دەڵێن: قورماچی کە دۆڕاندی نەڵێت بە گونمەوە شەق دەبات، گون لە کوردەواریدا بۆ پێ منەتی زۆر بەکارهاتووە وەک: بە گونمەوە، یان بە گونی کەرەکەمەوە، یان بە گونی کورمەوە، بۆیە هاوینم پێ خۆشە کەس نالێ گونت داپۆشە، دەستت لە گونم، بە گونی باوکی خێویەوە، لەسەر یەک لاگون پالێ داوەتەوە، خۆم گونم و فاتیلەی ژنم، هەروەها بۆ گاڵتە جاری و دەسەڵاتداریش هەر ئیدیۆی لەسەر هاتووە وەک گون باتمان، گونی بەسەرماندا شۆڕ کردۆتەوە، بۆ بێکاریش هاتووە: هەر گونی خۆی هەڵدەکوفێت، دەست لە گونان وەردەدات، تەسبێحات بە گونی دەکات، لەناو کوردانیش لەبەر ئەوەی خێڵ گەراپی باوە سەبارەت بە ژنان زۆر ئیدیۆم و قسەی ساردیان پێ دەگوترێت وەک: لە ژنان کەمتری، سەگ بە ژنان ناوەڕێ، ژن پرچی درێژە بیری کورتە، ژن ناقس ئەقڵ و ناقس دینن، ژن بکرێتە حاکم ساڵێ دووجار بزنی دەبڕێتەوە، ژن دەبێت دایمە سەری کیری بەدەرەوە بێت، ژن هەموو قەلبی عەورەتە، عەیبەیە...تاد، لێرەش هاتووە ئیدیۆی: پرس بە ژنان بکە، بەس بە قسەیان مەکەی پێچەوانە کردۆتەوە تا بیسەلمێنێت کە بە قسە و بە گوێیان کرا، مرۆڤ دووچاری زەرەر و زیان دەبێت بۆیە عاقیبەتی ئە وکارە دەست بەگون گرتنە، ئەووشی کردووە بە ئیدیۆم و بۆ ئیفلاس بوون و پەشیمانی و دۆڕاندن و خەسارەتمەندی و زیان پێگەیشتن کە بە هۆی بەگوێ کردنی قسەی ژنان توشی دەبێت وتویەتی: هەر کەس بکا بە قسەی ژنان، عاقیبەت دەست دەگرێ بە گونان. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: PM 11:04:40 2022/17/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1326

**هەر کەس کەر بێت ئە و کورتانە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171120080138143275

هەر کەس کەر بێت ئە و کورتانە
یان وتراویشە وەک(گوڵە بەرۆژە وایە) واتە ئە و کەسە لەگەڵ ڕۆژدایە کێ دەسەڵاتی هەبێت و فەرمانڕەوا بێت ئە و پیاو و سواری ئەوە، کورتانیش بەرگ و پۆشاکی کەرە و کەر هەم زامدار نابێت هەمیش شیک پۆش دەبێت ئینجا ئە و کەسەی سەگی دوای سوران بێت و پیاوی ڕۆژگار و دەسەڵاتداران بێت پێی دەوترێت(هەر کەس کەر بێت ئە و کورتانە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: AM 8:01:38 2017/20/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1327

**هەر کەسە و لە کەوڵی خۆیدا جوانە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190317072120281820



هەر کەسە و لە کەوڵی خۆیدا جوانە
وتراویشە(هەر کەسە و لە کراسی خۆیدا پیاوە) دیارە کەوڵ بۆ ئاژەڵ و زیندەوەرانە و کراسیش بۆ بونیادەمە، کەوڵی ڕێوی و سمۆرە و مامز تا بە بەریانەوە بێت یەک لەیەک جوانترن، بەڵام ئەگەر کەوڵەکەیان لێ دابماڵرێت ئەوا وەک مەیمون-یان لێ دێت بۆیە لە ڕاستیدا ووتراوە هەر کەسە و لە کەوڵی خۆیدا جوانە، ئەمە ڕووە ڕاستەقینەکەی ئیدیۆم و پەندەکەیە بەڵام ڕووە واتاییەکەی واتە هەر مرۆڤەی خۆی لە خۆیدا چۆنە ئەوها دەربکەوێت بەهای خۆی لە دەست نادات چونکە بەکەوڵێکی جیاوە دەربکەوێت و لە ڕاستیشدا جۆرێکیتر بێت ئەوا جوانی و بەهای خۆت لە دەست دەدەیت وەک چۆن کیسەڵ سەدەف و قاوغ و کەوڵی خۆی دابکەنێت دەبێتە شتێکی بێ نمود و ناشیرین و سەمەرە و ناجۆر.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:21:20 2019/17/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1328
## هەرایەکە سەگ ساحێبی خۆی نا ناسێتەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20180116072238144060
هەرایەکە سەگ ساحێبی خۆی نا ناسێتەوە
هەرا و گەرەلاوژە و قەرەباڵغی و جەنجاڵی زۆر ئە و ئیدیۆمەی هێناوەتە کایەوە چونکە ئەگەر کۆڕێک یان گۆڕەپان و گردبونەوەیەک زۆر پڕ و چڕ و بەدەنگە دەنگ بێت و کەس گوێی لەکەس نەبێت و هەربابایە و بۆ خۆی قسە بکات و هەوڵ بدات دەوترێت هەرایەکە سەگ ساحێبی خۆی ناناسێتەوە، واتە هێندە ئاڵۆزکاون و بەیەکەوە سەگ بە زیرەکی و بۆن و توانایەوە ناتوانێت خاوەنەکەی بناسێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:22:38 2018/16/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1329

## هەرایە لە بانە شانی

https://www.kurdipedia.org/?q=20220221204410405903



هەرایە لە بانە شانی
بانە شانی، ناوی ئاقارێکە شێوەی بانێکی بچوکی تەخت و پان وپۆر و گۆڕاپی هەیە لە گوندی(ئاکۆیان)ی ڕواندزێ، ئەوانەی خەریکی ڕاوی باڵندە و ئاژەڵە کێوییەکان بوون لە و شوێنە دەنگیان بەرزکردۆتەوە بە ئاوازی جۆراوجۆری هەراوهۆریا و دەنگەدەنگ و هات و هاوار بۆ هەڵستاندنی کەروێشک و مامز و ڕێوی و هەڵفڕاندنی باڵندە جۆر بەجۆرەکان، ئە و حاڵەتە لە سنوری ڕواندزێ بووە بە ئیدیۆم و بۆ هەرا و گەرەڵاوژەیەکی زۆر دەوترێت: هەرایە لە بانەشانی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/21/2 8:44:10 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1330

## هەرچی گا بیکات گا نایخوات

https://www.kurdipedia.org/?q=20190307064710280199



هەرچی گا بیکا گا نایخوات
بنەمای ئەم ئیدیۆمە ئەوەیە(ئەوەی گا دەیکات کەر دەیخوات) یان دەوترا(ئێ هێی گا دەیکات و کەریش دەیخوات) گا و کەر ئەگەر بۆ کاری کشتیاری و کێڵگە بەکاربهێنرێن گا لە جوتکردن و گێرە-دا بەهێزترە تا گا هەبێت گوێدرێژ بەکارناهێنرێت، ئینجا بەهۆی جوتیارییە زەوی دەکێڵێرێت و دوای دروێنەش خەرمان گێرە و کاو کۆت و دانەوێڵە دێتە بەرهەم ئیتر ئە و بەرهەمە هەر گا-کە ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە بەرهەمهێنانی بەروبومەکان و ئالیکەکانی وەک جۆ و کا و..تاد، بەڵام هەموو ئاژەڵەکانیتر لە و بەرهەمە و ئالیکە دەخۆن بۆیە وتراوە(هەرچی گا بیکات گا نایخوات) بۆ مرۆڤیش هەر وایە ئەوەی کەسێک پێوەی ماندوو دەبێت چ بەرهەم و چ دەستکەوت بێت مەرج نی یە خۆی بەتەنها بیبێتە خاوەنی.

Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 6:47:10 2019/7/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1331
## هەرچی لەکە، هەمووی یەکە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220720225122424099



هەرچی لەکە، هەمووی یەکە
بەستی شەرغەی وراتی کۆیەی سنوری شارەدێی(دێگەڵە و سێگردکان و قوشتەپە) لەکۆندا چ خۆی چ دانیشتوانەکەی ئیدیۆمی لەسەر گوتراوە، وتراوە: بەستی شەرغە بەتەپ وتۆزە واتە: خەڵکەکەی بەکینە و شەڕاوین و گرفت و کێشە کۆمەڵایەتیەکان و دوژمنداریان زۆرە، لە و گوندانەی کەناری بەستی شەرغەش هۆزی لەک و شێخان و مەنتک و دەربەندییەکان ئاقار و سنوریان لەسەر یەکە، هەندێجار لەسەر ناوان و سنور و تخوب و پاوان و لەوەڕگا گرفت و کێشە دەکەوتە نێوانیان و لە ڕووبەڕووبونەوەکاندا هەندێجار دەست لەیەکتری نەپارێزراوە و شەرکەر و شەرنەکەر گورزی بەرکەوتووە، ئە و ئیدیۆمە جوانەی لێ بەرهەمهاتووە، ئێستا ئەگەر دوو خانەوادە لەگەڵ یەکتری بکەونە نیگەرانییەوە هەموو ئەندامانی خانەوادەکە دەگرێتەوە و کەسی سەلامەت و شەڕانگێز قوتاری نابێت و بەتەوسەوە دەوترێت: هەرچی لەکە، هەمووی یەکە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ قوشتەپە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆیە
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 10:51:22 2022/20/7
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1332
## هەرچەندی دەتکەمە بن زگ هەر دەبیەوە بە بن پاروو
https://www.kurdipedia.org/?q=20200921124606388076



هەرچەندی دەتکەمە بن زگ هەر دەبیەوە بە بن پاروو
وتراویشە(من هەر بە پاڵووت ئەکەم و تۆ هەر ئەبیتەوە بە پاشوو)، پاڵو واتە پەراسو،
لەوڵاغی وەک گوێدرێژیش پاڵو واتە تەنگە، ئینجا کورتان یان کۆپان بۆ توندکردنی لەسەر
پشتی گوێدرێژ پێویستی بە پاڵو و بن پاڵو هەیە، پاڵوو کورتانەکە لەناو تەنگەی لەبن زگی توند
قایم و شەتەک دەدرێت و بن پاڵوش بۆ بن کلکی کەرەکەیە، ئە و پاڵووە هەندێجار(کەژوو و
قایش و گوریس)ە، پالو بەسەر تەنگە و پەراسووەکانی وڵاغەکەیە و بن پاڵوش لەبن کلکی
وڵاغەکەیە، بن پاڵو تەرس و میزی پێدا دەکرێت و شوێنی پاڵوو خاوێنە و ئە و بەزمەی نییە،
ئەوە لە کوردەواریدا بووە بە ئیدیۆم و خوازراوە بۆ کەسێک کە بتەوێت شوێن و مەقامێکی
بەرزی بۆ دابنێیت کەچی ئە و لە و ئاستە نەبێت و منالکارانە و هەرزانە هەڵسوکەوت بکات،
زیاتر باوک دەیەوێت کوڕەکەی یان براکەی یان ئامۆزاکەی یان مامی بەرز بکاتەوە کەچی
ئەویش نەتوانێت پێگەی خۆی ڕابگرێت، بەتەوسەوە بە و جۆرە کەسانە دەوترێت
هەرچەندی دەتکەمە بن زگ هەر دەبیەوە بە بن پاروو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/21/9 12:46:06 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1333

## هەرخوا لەهەموو ڕازێک ئاگادارە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180815092824153997

هەرخوا لەهەموو ڕازێک ئاگادارە

لەژێر ئەو(ئاسمان و سەر زەوی)یەدا زۆر کار لەبەرگی جۆراوجۆر و بەناوی خوازراوە-وە دەکرێت و(بەرگ و ناوەڕۆک) هیچ پەیوەندی بەیەکەوە نیە و کورد وتەنی(ئێرە و ماڵی خوای بەینە) خەڵکانێک کاری جۆراوجۆر دەکەن و مەبەستی ئاشکرایان خزمەتکردنە و مەبەست و نهێنی کارەکەش بەشاراوەیی هەرخودا دەزانێت بۆ چ مەرامێک ئەنجام دەدرێت، بۆیە کورد بۆ هەر کارێک کە تەواو سەری لێ دەرنەچێت دەڵێت(هەر خوا لەهەموو ڕازێک ئاگادارە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/15/8 9:28:24 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1334

**هەردێیەوە سەر تەندوربانەکەی نەنە حەڵە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200914191841387910



هەردێیەوە سەر تەندوربانەکەی نەنە حەڵە
بەرەبابی حەمەشینی حسێنی حێمرٍ لە شارەدێی تەقتەق سەر بەشارۆچکەی کۆیەی شاری هەولێر، پیرەژنێکی خانەدانیان هەبووە، ناوی(حەلیمە) بووە، ئە و حەلیمە دوو ئیدیۆمی لەدوای خۆی جێهشتووە لەناو هاونشیانی ڕەسەن و دەوروبەری تەقتەق، یەکەمیان: پێشینان دەگێڕنەوە شوێنی ئەمڕۆی تەقتەق زووتر لای گردی عروزە بووە و بەهۆی لاڤاوێکی بەهارەوە ئاو گوندەکەی ڕامالیووە و ئە و حەلیمەیەی لەگەڵ خۆی بردووە و لە نزیک فەرمانگەی(هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەق) لە کەلەبەرێک گیرساوەتەوە، ئەوکات پێیان وتووە(کەندری نەنە حەلۆمە)ئەمرۆ دەوترێت(لێژی زراعە)، ئەوە لەلایەک لەلایەکیتریشەوە، دوای ئەوەی پوور(حەلیمە) ڕزگاری بووە لەلاڤاوەکە، تەقتەق نوێ لاپاڵی(شاخی قەلان) بونیاتنراوە، نەنە حەڵۆمە تەندوربانێکی دروستکردووە ونانی کردووە خەڵکی ئاواپی ئەوەی بەلایدا گوزەری بکردبوایە کولێرەیەکی پێداوە، هەموو خەڵکی ئاوایی و لایدە نمەکی ئە و کولێرەیان دەکرد، هەر کەس لە تەقتەق دوور دەکەوتەوە یان ماڵی دەرۆیشت بیری ئە و کولێرەیەی دەکرد و دەیانگۆت(ئەوەی کولێرەی نەنە حەلۆمەی خواردبێت هەر دێتەوە) ئەوە بووە بەئیدیۆم و هاوشێوەی هەر بەرِیەی تەقتەقە دەوترێت(هەردێیەوە سەر تەندوربانەکەی نەنە حەڵە) یان(ئەوەی کولێرەی نەنە حەلۆمەی خواردبێت هەر دێتەوە تەقتەقی) واتە نمەکی هەر شتێک یان سود وکەڵکت لە کەسێک یان جێگایەک یان شوێنێک وەرگرتبێت هەر چاوی لە دوویەتی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/14/9 7:18:41 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1335

**هەرسی سەمەدەرا**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220221203048405898



هەرسی سەمەدەرا
ناوچە شاخاوییەکانی کۆرەک و مێگر و هندرێن و ئارمووشە، چەندین ئاژەڵی کێوی وەکو پشیلە کێوی و وورچ و مامز و گورگ و بزنەکێوی تێدایە، لە نێوان گوندی(دەرگەلە) و گوندی(سەران) ئاقارێک هەیە ناوی(سەمەدەرا)یە، شوێنێکی چۆل و دوورە دەست و عاسێیە، وورچی گەورە گەورەی توکنی زۆر لێ بینراوە، ئەوە لە رواندزی بووە بە ئیدیۆم بە کەسێکی قەبە و پەیکەری گەورە و توکن بێت دەوترێت: هەرسی سەمەدەرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2022/21/2 8:30:48 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1336
## هەرگیز نان و دۆی نەگەیونە یەک
https://www.kurdipedia.org/?q=20180620102855151922



هەرگیز نان و دۆی نەگەیونە یەک
هەرکەسێک نان و دۆی بەیەکەوە هەبوایە لە و کوردەواریەی ئێمە بە پیاوێکی هەبوو و خاوەن رزق و رۆژوو هەژماردەکرا، کەسێکیش ئەگەر دۆی هەبوایە و نانی نەبوایە بەپێچەوانەشەوە نانی هەبوایە و دۆی نەبوایە دەوترا فلانە کەس هەرگیز نان و دۆی نەگەیونە یەک واتە دەست کورت و نەدار و برسیە و بەسکێک تێر و بەسکێک برسیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2018/20/6 10:28:55 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1337

## هەروا ئاو بەیکەیک

https://www.kurdipedia.org/?q=20201002212032388586



هەروا ئاو بەیکەیک
ئەوە بەشێوەزاری لورییەکانە، لەسۆران و موکریان و بابان دەوترێت(هەروا ئاو دەیبات)، ئاو هەر شتێک هەڵبگرێت زۆر بەئاسانی لەگەڵ خۆی ڕاپێچی دەکات و هەڵیدەگرێت، وا هەست دەکەیت ئەوەی لەسەر سەری هەڵیگرتووە بازدەدات، چونکە هێندە بەگوڕ وخێرا دەڕوات، ئەمە بووە بەئیدیۆم و کەسێک زۆر پەرۆش بێت بۆ گەیشتن بەکەسێک یان ئەنجامدانی کارێک یان وەرگرتنی پلەوپایەک یان بەرژەوەندییەکی تایبەتی خۆی پێی دەوترێت هێندە خێرایە یان هێندەی حەز لێیە(هەروا ئاو بەیکەیک)[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] 📂 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/2/10 9:20:32 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1338

## هەروا شەڕی گەورە دێ یە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171109082218143117

هەروا شەڕی گەورە دێ یە
ئیدیۆمێکە بەکاردەهێنرێت بۆ سەربوردە و گێڕانەوەیەکی پڕ قارەمانێتی کەچی لە ڕاستیشدا تەنها بەخۆهەڵدان و(مەدح)ی خۆکردنە و لەبنچینەدا هیچیان پێ ناکرێت و هەر بابایە و پڕ بەکراسی خۆی هەڵدەکێشێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] 📂 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/9/11 8:22:18 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1339

## هەرکەس بانی فرەترە، بەفری زۆرترە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220523222939414671



هەرکەس بانی فرەترە، بەفری زۆرترە
بان: سەربانی خانوو دەگرێتەوە، لە زستان کە بەفر دەباری ئە و خانووەی سەربانەکەی گەورەتر و فراوانتر بووایە، بەفری زۆرتر لەسەر دەکەوت و بانگوش و بانگێڕەکە زیاتر ماندوو دەبوون، بەڕامالینی بەفر و گێڕانی باگردێنەکە، بەلام ئە و خانووەی سەربانەکەیان بچووکتر بووایە، بەفر کەوتنەکەش کەمتر دەبوو، کەواتە ڕامالینی بەفرەکەش و کات و ساتێکی کەم و ماندووبوونی کەمتری دەویست، ئینجا ئە و بەفر بارین و سەربانە بچووکی و گەورەییە کراوە بە ئیدیۆم و لە مەبەستی جیاجیادا بەکاردەهێنرێت بەنمونە: دیوەخانی ماڵە دلاوا و دەوڵەمەندێک قەرەباڵغ و جەنجاڵ و پڕ میوانترە وەک لە ماڵە هەژارێک یان دەوڵەمەندێکی قرچۆک، بە خاوخێزانێکی زۆر و ڕەشە خێزانیش دەوترێت: هەرکەس بانی فرەترە، بەفری زۆرترە واتە: تا ماڵ و منالّ زۆرتر بێت، ئەرک و زەحمەتی و ماندوبوونی زیاتری دەوێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2022/23/5 10:29:39 PM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 1340

## هەرکەسە و گوێز لە هەمبانەی خۆی دەژمێرێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20200830143256387287



هەرکەسە و گوێز لە هەمبانەی خۆی دەژمێرێت.
وتراویشە(هەر کەسە وگوێز لەباری خۆی دەژمێرێت) لەکوردەواریدا گوێز درەختێکی بەردارە و بەهەمێکی بەسود و بەنرخی هەیە و کە پێ دەگات گوێز بەباری وولاغ دەگوێزرێتەوە بۆ بازاڕ و هەندێکجاریش دەخرێتە هەمبانەی چەرمینەوە وەکو گونیە وایە و پڕ دەکرێت لە گوێز، ئینجا گوێز بە دانە و ژمارە دەفرۆشرێت نەوەک بە کیلۆ بۆیە هەر کەسەی(100) دانە بۆ(1000) دانەی دەوێت ئەویش بەژماردن دەبێت، هەر فرۆشیارەی بەگوێرەی داواکاری کڕیارەکە گوێزی بۆ دەژمێرێت، ئینجا ئە و بوارە ڕاستەقینەیە بووە بە ئیدیۆم و گوزارشت بۆ ئەوەی هەر کەس بە لێکدانەوە و بیرکردنەوە و پێوان و عەقڵی خۆی کارێک ئەنجام دەدات و لێکدانەوە و ڕاڤە و شیکاری و گۆتە و قسەی خۆی دەکات بۆیە دەوترێت(هەرکەسە و گوێز لە هەمبانەی خۆی دەژمێرێت).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: PM 2:32:56 2020/30/8


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1341

## هەرکەسە و نانی ناوچەوانی خۆی دەخوات

https://www.kurdipedia.org/?q=20200830090733387275



هەرکەسە و نانی ناوچەوانی خۆی دەخوات.
وتراویشە(سەری بێ ڕسق لە بن گرییە) بیردۆزەی ئاینی هەیە دەڵێت: خودای گەورە ڕۆژوو و قوتی بۆ هەموو مرۆڤێک داناوە لەڕۆژی لەدایکبوونیەوە تاوەکو ئە و ڕۆژەی دەمرێت، بۆیە لە و چوارچێوەیەوە بووە بە ئیدیۆم دەوترێت(هەرکەسە و نانی ناوچەوانی خۆی دەخوات)واتە نانی کەس بۆ کەس ناچێت و هەر کەسە و نانی نێوچەوانی خۆی دەخوات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 9:07:33 2020/30/8

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1342

## هەزار حەکیم هەندی دەردەدارێک نازانێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20170803082821141757

هەزار حەکیم هەندی دەردەدارێک نازانێت
حەکیم و نۆژدار لە ڕێگەی هەوڵ و کۆشش و خوێندن و تاقیکردنەوە وە فێری حەکیمی و نۆژداری دەبن، بەڵام دەردەدار ئە و کەسەیە کەخودی خۆی توشی نەخۆشیەکە بووە و لە هەمووکەس زیاتر لە ئازارەکەی تێ دەگات، ئینجا ئە و ئیدیۆمە کەسێک دەیڵێت کە توشی گرفتێک بووە و خەڵکیش ڕێگە چارەی بۆ دادەنێن یان ڕێنمایی دەکەن ئەویش هەموو ئە و ڕێگایانەی بەکار هێناوە و نەگەیشتووە بەچارەسەری بۆیە دەڵێت(هەزار حەکیم هێندەی دەردەدارێک نازانێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ⇜ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇬🇧 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/3/8 8:28:21 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1343

**هەزار ساڵ ئاو بڕوات لەڕۆخانە خۆیی نایێ بە بێگانە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20181229094211181963



هەزار ساڵ ئاو بڕوات لەڕۆخانە خۆیی نایێ بە بێگانە
لە ووراتی کۆیە وتراویشە(بۆ خەڵک رقم لێی نابێتەوە، بەس بۆ خۆم رقم لێ یەتی) واتە دۆست و خزم وخوێش ئەگەر ڕقیشت لێی بێتەوە تەنها بۆ خۆت ڕقت لێیەتی و بەرامبەر ناحەز ونەیارو دوژمن و بێگانە خۆشت دەوێت و بە بێگانەی ناگۆڕیەوە، ئەم ڕۆخانە سروشتیەی وڵاتی کوردان بووە بەبنەمای کۆمەڵێک پەند وئیدیۆم و دەقی جوانی ئەدەبی و شاعیرانە کەچی ئەویش عاشقی کەناری ئارامی و دەریای بێ بنە و هەر دەڕوا و ناوەستێت هەرچەندە عاشقان کۆلاوکۆڵ دەیکەنە سەر ئاگری عەشقیان هەر ناشیان کوژێنێتەوە، دەیکەنە فرمێسکی چاویان و کرێش دەبنەوە و دەیکەنە بەخت و دەچنە سەری وشکی دەکەن، بێمەنەتیشی دەکەن دەڵێن هەزار ساڵیتریش بڕوات هەر ئێمە خزمی خۆمان بە بێگانەی نادەین، ئەم ئیدیۆمە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە خوێن نابێت بەئاو ئەوەی بەخوێن یەکبگرێتەوە بە هەزاران ساڵیش نەوە بکەوێتەوە هەر دڵ و خوێن بۆیەکتری دەبزوێت و ئەگەر گۆشتیشی بخوات ئەوا ئێسکی ناشکێنێت تاوەکو بژێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ⇜ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇬🇧 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/29/12 9:42:11 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1344

## هەشت پێ لە مشت پێ نەک نۆ بێت لە دەشت بێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20181220072842181668

هەشت پێ لەمشت پێ نەک نۆ بێت لەدەشت پێ
هەشت ونۆ ژمارەن، هەشت دانەیەک لە نۆ کەمترە، کاتێک کەسێک هەردوو بژاردەی هەبێت و بە هەشت ڕازی بێت هونەری خۆی هەیە، دەبێت بۆ نۆی هەڵنەبژاردبێت خۆ نۆ دانەیەک زیاترە؟ ئەمە مەبەست و درکەی ئەم ئیدیۆمە دەسەڵمێنێ بابێیین بزانین(مشت) واتای چی؟ مشت واتا ناو لەپی دەست و (دەشت)یش واتە سارا و کێو وکەژ و دەرەوە ئینجا ئەگەر(8) لەناو لەپی دەست بێت و(9)لە دەشت و سەحرا و دەر بێت هەموومان هەشت لەمشت هەڵدەگرین و نۆ بۆ دەرەوە جێ دەهێڵێن، ئەمە لە هەموو سەردەمێک بەکاردێت بۆ ئە و شتانەی کە لەهەنوکەدا دەست کەوتنیان زەحمەت بێت لەپاڵ ئەمەشەوە کورد وتویەتی(حازریش بەقەرز مەدە) کەواتە ئەم ئیدیۆمە بەکاردێت بۆ بیرکردنەوەی وورد و بەئاوەز مرۆڤ دەبێت ئەوەی بەردەستە بەکەمی نەزانێ و ئەوەی بەردەست نیە هەزاریش بێت هەر نیە بۆیە وتراوە(هەشت پێ لەمشت پێ نەک نۆ بێت لەدەشت بێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/20/12 7:28:42 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1345

## هەموو چونە هەواران، ئێمە ماوین لە ئاران

https://www.kurdipedia.org/?q=20171203075647143392

هەموو چونە هەواران، ئێمە ماوین لە ئاران
هەوار واتە ئاو وهەوا گۆڕین هەڵبەت ئەمە پیشەی ڕەوەند و کۆچەریانە لە کوردستان کە هاوینان دەچنە مێرگ و کانیاو و لەوەڕگاکانی کوێستان بۆ مەڕلەوەڕاندنێ، لە وەرزی زستانانیش دەگەڕێنەوە بۆ ئاران، ئارانیش واتە بارگە و بنە و بنەگە و بنکەی مانەوەی کۆچەریان لە وەرزی سارد و سۆڵەی زستان، ئەم ئیدیۆمە بۆ کارێک یان شتێک بەکاردێت کە تۆ دواین کەس لەناو هۆزە و ڕەوە کۆچەرییەکە ئەنجامی بدەیت و کورد وتەنێ: بە جێماویت

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |


🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:56:47 2017/3/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1346

**هەموو شتمان لە کۆڵە نۆرەی زوورنا و دەهۆڵە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190131071659242315



هەموو شتمان لە کۆڵە نۆرەی زوورنا و دەهۆڵە
مرۆڤ کۆڵبەری دابینکردنی پێداویستی و حەز و ئارەزووەکانیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا کەوتنە ژێربار و کۆڵ قورسی ماندوو و بێ دەربەست و ئەستۆکەچی دەکات و هەوڵی ئەوە دەدات لە و کۆڵبەری و ژێرباریە رزگاری بێت، هەندێک جار کە گوێدرێژێک باردەکەیت بۆ ئاش یان کاروان دوای ئەوەی بارەکەیت خستە سەر پشتی بوزگورێک یان تورەگەیەک یان هەرشتێکیتری زیادە دەخەیتە سەر بارەکەی دەوترێت(سەربار)ە، ئینجا ئەمە لەسەردەمی داگیرکاری عوسمانیەکان لەبار بوو هەموو جۆرە باج و سەرانەیەک لەسەر هاوڵاتیان هەبوو و باری گوزەرانیانی بەتەواوەتی قورس کردبوو ناوە ناوەش جۆرێکی تر باج زیاد دەکرا، لێرەدا وەک نارەزایەتیەک ووتراوە(هەموو شتێکمان لە کۆڵە نۆرەی زوورنا و دەهۆڵە).

Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:16:59 2019/31/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1347

**هەموو رێ ئەچنۆ کانی وەتمانێ**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220221205212405906



هەموو رێ ئەچنۆ کانی وەتمانێ
کانی وەتمان گوندێکە لە خەلیفان، هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمەش لەرۆژهەڵاتی کوردستان دەوترێت: هەموو رێیەک دەچێتەوە بانە، ئە و ئیدیۆمە بەکاردەهێنرێت بۆ هەر شتێک کە بە ناچاری پەنا تەنها بۆ یەک شوێن ببات، واتە: هیچ رێگەیەکیتر نییە تەنها ئە و رێگەیە نەبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: PM 8:52:12 2022/21/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1348
**هەمووان کەری یەک ئاخورن**
https://www.kurdipedia.org/?q=20201011101618388868



هەمووان کەری یەک ئاخورن
هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمە وتراویشە:(گوجیلەی یەک کۆلیتن)یان(منداری یەک کۆرانن)
کورد بۆ مامەڵەکردن و ڕاییکردنی کاروباری ڕۆژانە و بەڕێوەبردنی ماڵ و حاڵ و کاروباری وڵات، بۆ ئەوەی دەسەڵات دەگرنە دەسەت چ لە خێڵ و ناوچە چ لە دام و دەزگا و فەرمانگە، کەری یەک ئاخوڕ و گوجیلەی یەک کۆڵیت و منالی یەک کۆڵان بەنمونە دەهێنێتەوە کە ئەوانە یەک خاسیەت و ئەدگاریان هەیە چونکە لەیەک خێزان وئاگردان و خانە و دیوەخان و قوتابخانە و حوجرەدا گۆش و پەروەردە کراوان، بۆ نمونە لە هەرێمی کوردستان هەر پارتێک دەگری لەچەپ و نەتەوەیی و ئیسلامیدا و کەمە نەتەوەیی و....تاد هەموویان بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە ئاخوڕ و بودجەی وڵات هەوڵ دەدەن، بە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەلاتیانەوە لەلای هاولاتی کورد ئەوە بەدیکراوە بۆیە کورد لەدێر زەمانەوە بە و حاڵەتەی گوتووە(هەمووان کەری یەک ئاخوڕن).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: AM 10:16:18 2020/11/10
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1349
**هەمیشە خەنجەری تانیوە هەڵکێشاوە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220314194005408302



هەمیشە خەنجەری تانیوە هەڵکێشاوە
خەنجەر، ئامێرێکی کورتیلەیە لە ئاسن و دەسکی دار دروستکراوە، لە کۆندا لەبەر پشتێن هەڵگیراوە و دانراوە بۆ هەر پێویستیەک چ بۆ سروشت و ئاژەڵان چ بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی مرۆڤ و دوژمنان بەکارهێنراوە ، کالانێکی هەبووە، تا لەشی مرۆڤ زامدار نەکات، هاوشێوەی(دەمانچە و کیفک)ی ئەمرۆ بووە، وتراوە: پیاو پێویستە تیخێکی پێ بێت، کەم پیاو هەبووە لە سەردەمی کۆن خەنجەرێکی پێ نەبوو بێت، چۆن لەمرۆدا مرۆڤ دەمانچەکەی سوار دەکات و فیشەکی دەخاتە بەر، ئەوهاش پیاو هەبووە زوو زوو مسک و دەسکی خەنجەرەکەی گرتووە و لە ناو کالانەکەی هەڵیکێشاوە گوزارشتە بۆ ئامادە بوون و ڕوو بەڕوو بوونەوە، ئینجا ئە و حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی حەز لە ئاژاوە و شەڕانی دەوترێت: هەمیشە خەنجەری تا نیوە هەڵکێشاوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/14/3 7:40:05 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1350

## هەنجیری تەقتەقی، نەیخۆی دەتەقی

https://www.kurdipedia.org/?q=20180829094155155037



هەنجیری تەقتەقی نەیخۆی دەتەقی
هەنجیری شارەدێی تەقتەقی هەنجیرێکی گەورە و پڕ و شیرینە، ئەگەر زوو نەیخۆیت دەتەقی، یان ئەوەندە گەش و بەتامە لەوانەیە ئەگەر نەیخۆی لەحەزەرەتیا بتەقی، بۆیە لەسەروبەندی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە بازاڕی سەوزە و میوەی شارەکانی کەرکوک و هەولێر و کۆیە و ڕانیە دەوترا(هەنجیری تەقتەقی، نەیخۆی دەتەقی)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/29/8 9:41:55 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1351

**هەندێک ئینتیزارە، هەندێک لێی بێزارە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200910225733387785



هەندێک ئینتیزارە، هەندێک لێی بێزارە
یەکێک نەمام ئەڕوێنێ، یەکێک نەمام ئەنێژێ، یەکێک چاوەڕێی گوڵە، یەکێک فرمێسک دەڕێژێ ئە و تێکستەم لەمناڵیەوە لەبەرکردووە نازانم کێ خاوەنیەتی، بەڵام لەگەڵ ئە و ناونیشانە(هەندێک ئینتیزارە، هەندێک لێی بێزارە) یەک دەگرێتەوە، مام تەیبی دەروێش ڕەشیدی ئیلنجاغی گەورە بۆی گێڕامەوە ووتی: لە خزمانی باوکم گەنجێک زۆری حەز لە ژن بووە، عەسران کە پیاوانی ئاوایی لەبەر بەرۆچکەی هەتاوی زستانان و پایزان یارییەکانی(نۆڕیچکان و سێ ڕێزکان و دامەیان) بەگرمۆڵەیی کردووە، ئەویش بەباوکی گوتووە: کاکە ئە و پیاوانە هەموویان ژنیان هەیە، ئەویش گوتویەتی: ئەی بۆ ناچنەوە لایان چ دەکەن دامە و سێ ڕێزکان دەکەن، مام تەیبب گوتیشی کە ژنیشی هێنابوو، بەزاوا نەبووبوو، ئە و ئیدیۆمەش زۆر بوار و لایەنی جۆراوجۆر دەگرێتەوە، هەندێک کەس چاوەڕێی وەدەستهێنانی شتێکە و هەندێکیش وەڕس و جاڕس و بێزارە لێی ئەوە مەبەست و لایەنی درکەیی ئیدیۆمی(هەندێک ئینتیزارە، هەندێک لێی بێزارە)[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/10/9 10:57:33 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1352

**هەنگوین بە دەمی تاڵە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220523222217414670



هەنگوین بە دەمی تاڵە
هەنگوین: بەرهەمی مێش هەنگە لە مژینی شیلەی گوڵەوە دروستی دەکات بە گوێرەی ناوچەکانی دونیا و گوڵە جۆراوجۆرەکان جیاوازی لە ڕەنگ(سپی و خاکی و قاوەیی) و تام(تیژ و ترش و شیرین)ی هەنگوینەکەدا پەیدا دەبێت، بەشێوەیەکی گشتی شیرینە و سوود بەخشە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکان و بەکەڵک و پڕڤیتامینە، شیرینی هەنگوین لە ئیدیۆمی کوردەواریدا بەکارهاتووە، ئەگەر کەسێک ژیانی ناخۆش و بارووددۆخی هەر تاڵی و تفتی و ترشی بێت و لەوپەڕی خراپیدا گوزەران بکات، لەبەر نەخۆشی و گرفت و کیشەکانیەوە حاڵی زۆر خراپ و نالەبار بێت، بەنیگەرانیەوە پێی دەوترێت: هەنگوین بەدەمی تاڵە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2022/23/5 10:22:17 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1353

**هەواوان سەی زۆرترە لەپیاوان**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180704163005152331



هەواوان سەی زۆرترە لەپیاوان
گوندی هەواوان لە دامێنی شاخی هەیبەسوڵتان و ڕۆژهەڵاتی شاری کۆیەی حاجی قادری کۆیی هەڵکەوتووە ئێستا نزیکە تێکەڵی شار ببێت بەتەواوەتی و بووە بەدوو ئاوایی هەواوانی خواریَ و سەریَ، ئینجا ئە و دێیە ژمارەی خێزانەکانی کەم بووە بەڵام مەڕوماڵات و ئاژەڵدارییەکی باشیانکردووە و ژمارەیەکی زۆر سەگی گورگ خنکێنیان هەبووە کاتێک( لایدە و گەریدە و دێوەرە) بەنزیک ئە و ئاواییە بچوکە تێپەڕیوون کەوتونەتە بەر پەلامار و سەگوەڕی سەگەکەکانی گوندی هەواوان بۆیە لە کۆیە بووە بە ئیدیۆم و دەربڕ دەوترێت (هەواوان سەی زۆرترە لەپیاوان) واتە ژمارەیەکی کەم ماڵ خاوەنی ژمارەی زۆر سەگی پاسەوانی مەڕوماڵاتن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2018/4/7 4:30:05 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1354

**هەویری، ئەوەندە دەستاوەی ناویَ**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200822110531387083



هەویری، ئەوەندە دەستاوەی ناوێ.
دەست و ئاو بووە بە: دەستاو، بۆ هەویر گرتنەوە پێویستمان بە ئارد و ئاو و دەست هەیە، ئینجا ئەگەر ماڵێک خاوەن دیوەخان یان ڕەشە خێزان بن، هەویرەکەیان ئاوێکی زۆری دەوێت چونکە دەستی زۆر لە ماڵیانە.
ئە و ئیدیۆمە بەکاردێت بۆ بە سووک و بەکەم سەیرکردنی شتێک یان کەسێک، لە هەولێرێ ئەگەر کەسێک خۆی عەنتەر و نێرەکەر بێت و بوتەنیا بێت و پشت و پەناشی نەبێت بە کەم بەیاخەوە دەوترێت فلانە کەس هیچ نییە ئەگەر خۆ دوور خستنەوە لە بەڵا نەبێت بە ئاماژەکردن بەناو لەپی دەستیەوە دەڵێت:(هەویری ئەوەندە دەستاوەی ناوێ).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/22/8 11:05:31 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1355

## هەوێ ببتە کەوێ نامەوێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20200905114340387527



هەوێ ببتە کەوێ نامەوێ
هەوێ، پیاوێک دوو ژنی هەبێت ژنەکانی دەبنە هەوێی یەکتر، واتراویشە(هەوێ هەوێ جوان دەکات، هێوەرژن هێوەرژن خێرا دەکات)، کەوێ یان کەوا جلێکی ژنانەیە و ژن زۆر دڵیان پێ خۆشە و ئارەزووی دەکەن و وەک کێبرکێی یەکتری ژنان بەگوێرەی توانایان زوو زوو کەوێی نوێ دەکڕن، چۆن پیاو تادەمرێ لە(کۆری و قۆرِی و کەچەری) دەترسێت، ژنانیش تا کۆتایی ژیانیان لە ژن بەسەرهێنانیان دەترسن و کورت و کرمانجی ژن بە ئیدیۆمەوە دەڵێت(هەوێ ببێتە کەوێ، نامەوێ).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/5/9 11:43:40 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1356

## هەوێ هەوێ جوان دەكات، هێوەرژن هێوەرژن خێرا دەكات

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001103951156655

هەوێ هەوێ جوان دەكات، هێوەرژن هێوەرژن خێرا دەكات
وتراویشە(هەوێ هەوێ جوان دەكات، هاوگیان هاوگیانی ئاژا دەكات) حاجی گەورە شاعیر فەرمویەتی(دوو هەوێن دونیا و عوقبا) واتە دونیا و قیامەت وەک دوو هەوێن و ڕکابەری یەکترن، هەوێ-ش دوو ژن کە پیاوێکیان هەبێت یەکسەر پێیان دەوترێت(هەوێی یەکترن)، بە ژنی دووبراش بۆیەکتری لە هەولێر و کۆیە دەوترێت(هاوگیان) و لەسلێمانی-ش دەوترێت(هێوەرژن).
ئینجا ئەم دەربڕین و زاراوە ئیدیۆمیە بەڕاستی لەچوارچێوەی ململانێ-وە هاتۆتە ئاراوە، هەوێدارەکان بۆ ڕاکێشانی سەرنج و خۆشەویستی پیاوەکەیان خۆیان خاوێن رادەگرن و وەسمە و کل و کلچوک و کلدان و عەتر و مێخەک و قەنەفر و خەنەبەندان و بەهەر شێوەیەک بێت خۆیان دەڕازێننەوە تا سنوری ئەوەی خۆیان وا لێ دەکەن کە هەندێجار نەیاناسیەوە ئەگەر مێردەکەیان لەدەرەوە بیانبینێ چاوی بۆیان بسورێنێ بۆ سنوری چاوباشقاڵێ، هێوەرژن و هاوگیان-ەکانیش بۆ ڕاکێشانی سەرنج و خۆشەویستی خەڵک و کەس و کاری مێردەکانیان ئەم ململانێیە دەکەن تا بوترێت فڵانە بوک یان فلانیان ئازاو کەیبانوو و پاک وخاوێن(خاوێن وباوێن)ە و بەرێز و نابدە و دەست و دڵپاک و زمان شیرین و بەگفت و لفتە، بۆیە کەخەڵک دیارە هەردوولا هێوەرژن و هاوگیان تاودەدەنە ئیش وکارەکان و خێراو گورج و ئازا خۆ دەنوێنن هەر بۆیە لەکوردەواری ئەگەر دوو ڕکابەر هەبێت لەسەر هەرشتێک یان کارێک یان هەڵوێستێک ئەوا دەوترێت(هەوێ هەوێ جوان دەکات، هێوەرژن هێوەرژن خێرا دەکات).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/1/10 10:39:51 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1357

## هەوێنی حەوت مەنجەڵە شیرانە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200916220543387997



هەوێنی حەوت مەنجەڵە شیرانە
مەنجەڵێک شیر پێویستی بەیەک کەوچک هەوێن هەیە بۆ ئەوەی ببێتە ماست، ژمارە حەوت لە زۆر ئیدیۆم دا بەکارهێنراوە(حەوت گیرفان، لە حەوت ئاوانیداوە، حەفت بەرِک، حەوت پەستەک، حەوت جۆش و...تاد) هەوێنێک بەشی حەوت مەنجەڵان بکات واتە زۆری پێکراوە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم بە کەسێکی چوست و بنە پیتۆڵ و بلیمەت و حەوت گیرفان و زۆرزان و ئاژاوەگێرِ و فیتنەباز و فتیل و لەبلەبان و لێزان و زیرەک دەوترێت فلانە کەس هەوێنی حەوت مەنجەڵە شیرانە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/16/9 10:05:43 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1358

## هەڵبژێرە تەماتەی رزیوو

https://www.kurdipedia.org/?q=20220505205005412794



هەڵبژێرە تەماتەی رزیوو
لە هەولێرێ دەوترێت: هەڵبژێرە تەماتەی رزی، تەماتە یەکێکە لە بەرووبوومە هاوینیەکان، لەوەتەی لە وڵاتی کوردەواریدا جوتیارەکان ئاشنای بوون، بەیەکێک لە بەرووبومە پێویستیەکان دادەنرێت و لە ژمە خۆراکیەکاندا بووە بە خۆراکێکی سەرەکی چ وەکو(زەڵاتە، ئاوە تەماتە، شلەی جۆراوجۆر و بەلەچەک و....تاد) لەگەڵ هەموو خۆراکێک دەتوانێ ڕەفیقایەتی بکات و خواردنێکی بەتام و بەکەڵکە و جەم و ژەمی مرۆڤ دابین دەکات، بۆیە قاندرِی و خولیابوونی لەلایەن خەڵکیەوە بووە بە شتێکی ئاسایی و هەمووان حەزی پێ دەکەن، کاتێک دەچنە دوکان و بازاڕ بۆ کرِینی ئە و بەرووبوومە لە ناو سندوقەکانی فرۆشیار دەست دەکەن بە هەڵبژاردنی و دنکە توند و گەییوو و پرەکان هەڵدەبژێرن و گەنیوو و پلقاوە و نەرمەکان لێ دەگەرێن، ئەگەر وەرزێرێک تەماتەکەی هەموو خراپ بوو بێت بەرە و گەنیویی و رزی بوون بڕوات، ئەوا با هەر بڵێ هەڵبژێرە تەماتەی رزیوو، چی هەڵبژێری؟ هەر رزیوو دەردەچێت، ئینجا ئە و هەڵبژاردنەی تەماتە لێرەدا بووە بە ئیدیۆم بۆ چەند پێشنیارێک بخرێتە بەر دەمی مرۆڤ هەموو پێشنیارەکان خراپ بن و وەکو یەک بن بە گاڵتە و تەوسەوە دەوترێت: هەڵبژێرە تەماتەی رزیوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2022/5/5 8:50:05 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1359

## هەڵدانە سەر تۆڕە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220505210219412800



هەڵدانە سەر تۆڕە
کورد لە ئاخاوتندا زۆر درکە و کینایە و ئیدیۆمی جۆراوجۆری بە توێکڵ و پەلکەوە دەخاتە ڕوو، هەندێجار ئەوانەی خوانەناسن، مەرامی خۆیان هەیە لە گوفتاردا هەندێ بابەت دەخەنە بەرباس بۆ دەرخستنی نهێنی و ئاشکراکردنی شتە شارەواکانی ئەوانیتر، یان بۆ بوختان و ناشیرینکردنی خەڵکی، قسە فڕێ دەدەنە کۆڕ و مەجلیسان، قسە فڕێدان یەکێکە لە کار نەگریسەکانی مرۆڤ بۆ لەکەدارکردنی خەڵک، بەبێ ئەوەی ڕاستی و دروستی لە ناوەڕۆکی قسەکەدا هەبێت، تەنها بۆ ئەوەیە هۆشە لاوازەکان ئە و قسە ژەهراوییە بچێتە عاقڵیانەوە و لە مەجلیسان بیگەڕێنن و ببیتە بنێشتە خۆشەی سەر زاران، لە بەرامبەر ئەوەدا لەگەڵ دەکەوتنی تۆپی بالە(طائیرة) یاریزانەکان کەباس و بەرزکەرەوەی تۆپیان هەیە، یاریزان هەیە باڵای زۆر درێژ نییە، پێی دەوترێت(بەرزکەرەوەی تۆپ-رەفاع) یاریزانیش هەیە باڵای بەرزە بۆ کاری کەباسی باشە، ئینجا ئەوەی تۆپەکە بەرزدەکاتەوە بۆ سەر تۆڕەکە بۆ ئەوەیە یاریزانە کەباسەکە کەپسەی لێ بدات، ئەوە لایەنی ڕاستینەی بابەتەکەیە وەکو ئیدیۆمیش بەکاردەهێنرێت بۆ کەسێک کە لە کۆڕ و مەجلیسان قسەیەک لەسەر یەکێک بخاتە بەرباس بۆ ئەوەی ئەوانەی لە مەجلیسەکەدان بیخەنە بەر نەشتەری قسەوباسان بە و جۆرە قسە فڕێدانە دەوترێت فلانە کەس حەزدەکات هەڵیبداتە سەر تۆڕ و بووە بە و ئیدیۆمە جوانە و دەوترێت: هەڵدانە سەر تۆڕە.[1]

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 2022/5/5 9:02:19 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1360

## هەڵیت و پەڵیت دەڵێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20171221092849143579

هەڵیت و پەڵیت دەڵێ
بەقسەی بێ تام و سوک و چروک و بێ جێ و ڕێ دەوترێت هەڵیت و پەڵیت دەڵێ.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📖 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 12/21/2017 9:28:49 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1361
**هەڵی تراند**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171120080410143277
هەڵی تراند
لە ململانێی دوو جەمسەر دوو کەس کێشە و گرفتێک هەبێت، مەیدان یەکلای بکاتەوە واتە زۆرانبازی و شەڕ شوێنی زمانی گفتۆگۆ بگرێتەوە ئەوا یەکێکیان شکست دەهێنێت و ململانێکەی سەرناگرێت و زیانێکی گەورەی بەردەکەوێت بەمە دەوترێت(هەڵی تراند) یان ترانِدی واتە خۆی پیس کرد و تەواو دۆڕا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📖 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 11/20/2017 8:04:10 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1362
**وار قەت کەون نابن**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220221204955405905




وار قەت کەون نابن
پیرەمێردی نەمر فەرمویەتی: کاولە هەواری وڵات چەند شیرینە، ژەهری دوپشکی عەربەت لای من هەنگوینە
وار: نیشتمان و خاک وخۆڵ و وڵات و مەفتەن و زێد و هەوار دەگرێتەوە، شوێنی لەدایکبوونی مرۆڤ هێندە دڵگر و خۆشەویستە بەبیستنی هەست و سۆزی مرۆڤ هەڵدەچێت، بۆیە بووە بە ئیدیۆمێکی جوان و ڕێنیشاندەر بۆ ژیان دەوترێت: وار قەت کەون نابێت واتە: زێدەکەت هیچ کاتێک کۆن نابێت هەمووکاتێک تازەیە و هەست بە ئارامی دەکەیت تێیدا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2022/21/2 8:49:55 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1363
## وار، لە واری پیرۆزترە
[https://www.kurdipedia.org/?q=20220204214944403909](https://www.kurdipedia.org/?q=20220204214944403909)



وار، لە واریٚ پیرۆزترە
وار: واتە نیشتمان و خاک و مەفتەن و زێد و هەوار، مرۆڤ بە هۆی بژێوی و کاروباری ژیان و هەندێجاریش بە ناچاری لەبەر بارودۆخی رامیاری و ئاینی و ئابوری و دوژمنداری، هەوارگە و گوند و نشینگە و شار و وڵاتی خۆی بەجیٚ دەهێڵێت و لە وار و نیشتمان و مەفتەنێکی تر دەگیرسێتەوە و نیشتەجیٚ دەبێت، کەشێکی ئەرێنی لە شوێنی دووەم بۆ دەرەخسێت و گونجاوتر دەبێت وەکو نیشتمانی دایکیان بۆیە لە کۆچ و کۆچباری کوردانیش ئەوە رەنگی داوەتەوە و بووە بە ئیدیۆم و دەوترێت: وار، لە واریٚ پیرۆزترە.[1]


تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2022/4/2 9:49:44 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1364

## وجاغ کوێر جەرگی ناسوتێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20190309083342280686



وجاغ کوێر جەرگی ناسوتێ
وتراویشە(چیت هەبێت ئەوەت دەڕوات یان دەچێت یان دەمرێت) وجاغ کوێر کە هیچ نەوەیەکی کوڕ یان کچی نەبێت چۆن جەرگی دەسوتێت، وجاغ کوێر بە وکەسە دەوترێت کە منالی نەبێت چ کیژ چ کوڕ، وەک کانیاوەک زایمان و سەرچاوەکەی چکی کردبێت دەوترێت(کوێر) بۆتەوە، ئیتر ئە و وجاغ کوێریە بووە بە ئیدیۆم و بەمەبەست بەکاردێت بۆ یەکێک هیچی نەبێت چی دەفەوتێت هەڵبەت هیچ، ئیتر ئە وکەسە سامانی نەبێ یان خانووی نەبێت یان منداڵ و مەڕوماڵات و تاد ئەوا کەسێکی رووتەڵەیە و خەم لە هیچ ناخوا چونکە هیچی نی یە لە دەستی بدات هەر بۆیە کورد بە و جۆرە کەسانە دەڵێت(وجاغ کوێر جەرگی ناسوتێ).

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2019/9/3 8:33:42 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1365

## وشتر بەقاپولە بەڕوو ئاو نادرێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20220103210835400278



وشتر بەقاپولە بەڕوو ئاو نادرێت.
وشتر بە کەشتی بیابان ناسراوە و دەتوانێت زۆر بەرگەی بێ ئاوی بگرێت و دەتوانێت لەیەک کاتدا زیاتر لە(100)لیتر ئاو بخواتەوە، بۆ ماوەی(6-7) ڕۆژ بەرگەی بێ ئاوی دەگرێت، قاپولەی بەڕوو بچوکە، سەری بەڕووە کڵاوێکی زۆر گچکەیە بۆ ئاو خواردنەوەی دەست نادات، لە کوردەواریدا ئەوەی وڵاغە بەرزەی هەبوایە، دەبوایە سەردەرەی بەرزیشی هەبوایە(سەردەرگای بەرز)، ئە وکەسانەی کارێک دەکەن و کارەکە لە توانا و دەسەڵاتی خۆیاندا نییە و بەرزەفت نابێت بۆیان، بەڕێنمایی و ئامۆژگارییەوە دەوترێت(وشتر بەقاپولە بەڕوو ئاو نادرێت).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2022/3/1 9:08:35 PM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 1366

## وەحەی لێ بکەی دەچێتە گاگەل

https://www.kurdipedia.org/?q=20171119085442143271

وەحەی لێ بکەی دەچێتە گاگەل
وەحە بۆ مانگا و گا و گۆلک بەکاردەهێنرێت ئینجا کەسێک کەودەن و گێڵ و بێ لێکدانەوە و نەفام و نەزان بێت پێی دەوترێت(وەحەی لێ بکەیت دەچێتە گاگەل) یان ریخی لە قونی بدە(هەڵسوو) و بیخە گاراِنی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017/19/11 8:54:42 AM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 1367

## وەختی نیسان سۆران خۆزگەم بە مەڕ زۆران

https://www.kurdipedia.org/?q=20170425000004139335



وەختی نیسان سۆران خۆزگەم بە مەڕ زۆران، وەختی هێرۆ سۆران خۆزگەم بە بزن زۆران ئەم ئیدیۆم و گۆتە کوردەواریە ئاژەڵدارانی کورد بەکاری دەهێنن لە مانگی نیسان کەگوڕەی بەهاریە(نێرینەی بوارێ)یە، مەڕ بەتەواوەتی تێر دەخوات ولە گژوگیا وەڕست و مەست دەبێت بەمەش شیرێکی باش دەدات بەخاوەنەکەی و تێر دۆ و ماستی دەکات، بەڵام لەکاتی هێرۆ گوڵ دەکات ئیتر دونیا بەرەو(پوشپەڕ)دەڕوات و گوڵە هێرۆ(سورو زەردو سپی) وە دەردەکەوێت و گەرمای کۆتایی بەهار و سەرەتای هاوینیش دەست پێ دەکات بەمەش مەڕ لەلایەکەوە گژوگیا و لەوەڕی کەم دەبێتەوە لەلایەکیش گەرما تینی بۆ دەهێنێت و شیری کەم دەبێت، بەلام بزن بەپێچەوانەوە تازە شیری زیاد دەبێت بەهۆی لەوەڕەکەیەوە [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2017/25/4 12:00:04 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1368
## وەدوو ماری ڕاچی واریٚ گوریسە
[https://www.kurdipedia.org/?q=20220218200949405538](https://www.kurdipedia.org/?q=20220218200949405538)



وەدوو ماری ڕاچی واریٚ گوریسە
لە رواندزیٚ ئەو ئیدیۆمە بەکاردەهێنرێت (مار و گوریس) بنەمای سەرەکی ئیدیۆمەکەیە، گیانلەبەری خشۆکی مار مەترسیدارە و ئەگەر نەجوڵێتەوە بە گوریس دەچێت، گوریس پەتێکە لە موو دروست دەکرێت بۆ ڕاتەوراندن و بەستانەوەی ولاغ و شەتەکدانی کەلوپەلی سەر پشتی گوێدرێژ و ولاغە بەرزە بەکاردەهێنرێت، ڕەنگی ڕەش و بۆزە و بازەی ڕەش و سپی تێکەلە، ئینجا بە کەسێکی چاوچنۆک و چلێس و تێرنەخۆر و چاوبرسی و لەبرسان مردوو کە لە هەلپەدایە بۆ دەستکەوتی جۆراوجۆر و زۆر و بۆر، دەست بۆ کاری مەترسیدار دەبات، بەو کەسانە دەوترێت (بەدوای ماریٚ دەکەوێت، وادەزانیٚ گوریسە- وەدوو ماری ڕاچی واریٚ گوریسە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2022/18/2 8:09:49 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1369
## وەران بەپیری نێری بە کوری
[https://www.kurdipedia.org/?q=20180125100642144267](https://www.kurdipedia.org/?q=20180125100642144267)

وەران بەپیری، نێری بە کوری
ئەمە شێوەزاری لوریە لە گوندەکانی شارەدێی سێگردکانی شارۆچکەی کۆیە بەتایبەت لە ئاوایی ئۆمەرگومبەت بەکاردێت مەبەست لە و دەربڕە ئەوەیە بەران بۆ پەڕین و ڕاگرتنی ناو ڕانە مەڕ تا تەمەنی هەبێت باشترە بۆ خستنەوەی وەچە و نێری و

سابرێنیش تا تەمەنی کەمتر بێت باشتر لەبای غارا دەپەڕێ و بە پیریش نێری کرم دروست دەکات لەزێی بزن و گیسک بۆیە ووتراوە بەران بەپیری و نێری بەکوری.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 10:06:42 2018/25/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1370

**وەستای قسان کۆڵەواری دەستان**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190107082116186209

وەستای قسان کۆڵەواری دەستان
وەستا واتە لێزان و شارەزا و خاوەن بەهرە لەهیچ شتێ ڕانامێنێ و لە هەموو بوارێکدا کاری خۆی دەدۆزێتەوە و بەسەرکەوتویش ئەنجامی دەدات، بەپێچەوانەشەوە(کۆڵەوار) واتە نەزان و ناشارەزا و بێ بەهرە و لە هیچ شتێ سەرەدەرەی لێ ناکات، ئینجا(قسان و دەستان) هەندێ مرۆڤ هەیە بەزاروپلە و لە هیچ قسەیەک ڕاناوەستێ و زۆر بەجێگەوڕێگە وەڵامت دەداتەوە و کورد وتەنی(دەتبەستێتەوە)بەڵام ئەم جۆرە مرۆڤە هەندێکیان تەنها لەزاردا گەرمن و لە دەست وپل دەستەپاچە و بێ کاروکردەوە و دەست وبردن ئینجا ئەوەی لەقسە و گفتۆ گۆ زۆری لەبار بێ و لەکارو کردەوەش دەستەوەستان بێت ئەوا لەئیدیۆمی کوردەواریدا پێی دەوترێت ئای نەمری(وەستای قسان و کۆڵەواری دەستان).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:21:16 2019/7/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1371

**وەستای نەجاڕ، بنو بێ خەم و خەیار، خودا یەکە و دەرگا هەزار**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170802100847141717

وەستای نەجار، بنو بێ خەم و خەیاڵ، خودا یەکە و دەرگا هەزار
دەگێڕنەوە پادشایەکی زۆردار داوا لە وەستایەکی نەجارِ دەکات تابەیانی دەبێت دوو لەودە ئاردە دارمان بۆ پەیدا بکەیت ئەگەر نەتتوانی ئامادەی بکەیت ئەوا لەسەرت دەدەم، کابرای نەجارِ زۆر داوا دەکات قوربان ناتوانم بۆ بەیانی ئامادەی بکەم(سەبر)ێکم لێ بگرە، بەڵام پادشاکە زۆری لێ دەکات و دەڵێت هەر دەبێت تابەیانی ئامادەی بکەی، کابرای نەجارِ بە دڵ توندی و مەلولی دەگەڕێتەوە ماڵ و باسەکە بۆ ژنەکەی دەگێڕێتەوە، ژنەکەی دڵی دەداتەوە و پێی دەڵێت(وەستای نەجارِ، بنو بێ خەم و خەیاڵ(خەیار)، خودا یەکە و دەرگا هەزار) بەیانی لەگەڵ گزنگی خۆر هەڵاتن نۆبەدار و قەرەوێڵی پادشا بە توندی لەدەرگای ماڵی نەجارِ دەدەن، نەجارەکەش دەڵێ بەخوا ژنەکە ئەوا هاتن لەسەرم دەدەن، ژنەکەش دەڵێ خوا گەورەیە کە دەچێت دەرگا دەکاتەوە نۆبەدارەکان دەڵێن کوا وەستای نەجارِ پاشامان مردووە و دەبێت دارەمەیت و سندوقێکی دارمان بۆ دروست بکات، ئەم بوو بوو و چیرۆکە بووە بە پەند و جێماوێکی کوردەواری و لەکۆنەوە دەوترێتەوە(وەستای نەجارِ، بنو بێ خەم و خەیار، خودا یەکە و دەرگا هەزار).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ولات: | باشووری کوردستان |
| ولات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017/2/8 10:08:47 AM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 1372

## وەڕینی سەگی هار بە هەند وەرمەگرە

https://www.kurdipedia.org/?q=20181013072923158028



وەڕینی سەگی هار بەهەند وەرمەگرە
سەگی ئاسایي و پاسەوانی چۆن بوەڕێت دەبێت ڕەچاوی ئە و حەپین و وەڕینە بکەیت ئایا دز هاتووە؟ یان گورگ نزیک ڕانە مەڕەکە کەوتووە؟ یان زیندەوەر و بونەوەری زیانبەخشی بینیووە؟ کەواتە بۆ هەر حەپین و وەڕینێک دەبێت حسابی بۆ بکرێت کە یەکێک لە و ئەگەرانە هەیە، بەڵام سەگێگ دووچاری نەخۆشی(هاری) بێت وەڕینەکەی نابێت بەئاسایي وەربگیرێت چونکە ئە و سەگە نەخۆشە و وەڕینەکەی جێگەی(ئیعتیبار) و بە هەند وەرگرتن نی یە، ئەمە کراوە بە ئیدیۆم بۆ مرۆڤ بەکارهاتووە بۆ کەسانی خراپ بەکاردەهێنرێت کە دووچاری نەخۆشی دەروونی و ڕق وکینە و نالەباری دەروونی بوونەتەوە یان کەسانێکن ئۆقرەیان نی یە و هەر کات و سات و ڕۆژەی خەریکی گۆبەندێکن و جێگەی متمانە نین لە هەڵس و کەوت و ڕەفتاریان، لەسەر بنەمای دروستیش کارەکانی ناکات بۆیە ووتراوە(وەڕینی سەگی هار بەهەند وەرمەگرە)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ولات: | باشووری کوردستان |
| ولات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📧 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 10/13/2018 7:29:23 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1373

## وەک ئاشی ئاو لێ براپە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170914093557142604

وەک ئاشی ئاو لێ براپە
لە کۆندا ئاشی ئاو زۆر بووە لە کەنارچەم و سەر ڕووباران و کارێزان، واتە ئاشەکە ئاشی ئاگر نەبووە بە ووزە کاربکات بەڵکو بە ئاو گێردراوە و بە ئاو کاریکردووە، ئینجا ئەگەر ڕۆژێک ئاو لە ئاشەکە ببڕێت ئەوا یەکسەر لەکار دەکەوێت و ناتوانێت باراش لێ بکات و چۆڵ دەبێت و کەر وبار و ئەوانەی باراشیان پێ یە ڕوو لە ئاشەکە ناکەن، بۆیە ئە و ئیدیۆمە بۆ زۆر مەبەستی تر بەکاردێت ماڵێک چۆل بێت، بارەگایەک ئەندامەکانی ئۆرگانەکەی بەرە و کەمبونەوە بچێت وهاتوچۆ و کاروباری کەم بوبێتەوە..تاد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📧 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 9/14/2017 9:35:57 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1374

## وەک بارگیر تەرسی خۆمان گێرە دەکەینەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170801085230141683

وەک بارگیر تەرسی خۆمان گێرە دەکەینەوە
بارگیر ئەگەر لە تەویلە داکرا و بەسترایەوە هیچ جاری نیە لەسەری تەرسی خۆی دەسورێتەوە، بەمەش هەر جولەیەکی بۆ دەرباز بوون هیچ نیە و تەنها تەرسی خۆی گێرە دەکات، ئەم ئیدیۆمە بۆ شتێک یان بابەتێک یان کارێک و هەنگاوێک بەکاردێت کە وەک سوڕانەوە بێت لەناو بازنەیەک لە چوارچێوەی خۆی هیچ جۆرە نوێگەری و پێشکەوتنێک و لێک تێ گەیشتنێک ڕوو نەدات، نزیکترین نمونە پەرتەوازەیی ناوماڵی کوردی و تێکچوونی بارودۆخی سیاسی و لەکارکەوتنی پارلەمانی

هەرێمی کوردستان و پەککەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆبوونەوە یەک لەدوا یەکەکانی حزبە کوردیەکان کە هیچ ئاسۆی رووناکیان دیار نیە رێک ئە و ئیدیۆمەی بۆ دەبێت هەمومان(وەک بارگیر تەرسی خۆمان گێرە دەکەینەوە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولاّت: باشووری کوردستان
ولاّت: ڕۆژهەلاّتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/1/8 8:52:30 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1375
## وەک پشتەماڵی حەمامە
https://www.kurdipedia.org/?q=20180929101924156587
وەک پشتەماڵی حەمامە
پشتەماڵ واتە(خاولی) دوای خۆشۆردن و هاتنەدەر لە(سەرشۆرگە)ی مرۆڤ لەخۆی دەئاڵێنێ و تەڕیەتی خۆی پێ وشک دەکاتەوە و دوای تەواو بوونی کارەکەی بەسنگێکەوە هەڵیدەواسێت یان فرێی دەدات، ئینجا پاش کەمێکیتر کەسێکیتر دەچێتە سەرشۆرەکە و خۆی دەشوات و دەست دەباتەوە بۆ هەمان خاولی و پشتەماڵ بۆ ئەوەی خۆی پێ وشک بکاتەوە یان بسڕێتەوە واتە لەماوەیەکی کەمدا دوو کەس یان سێ کەس بگرە زیاتریش بەکاریان هێنا بۆ کارێک ئەویش سڕینەوە و خۆ وشککردنەوەیە، ئینجا ئەم پشتە ماڵە کورد کردویەتی بە دەربڕ و ئیدیۆم بەمەبەست بەکاریدەهێنێت بۆ کەسێکی(دەروون نزم) و(سەگ وسوار)و(بێ هەڵوێست و ئاڵقە لەگوێ) و(پیاوخراپی چەتە و رێگر و خراپەکاران و پیاوی خەڵک) هەموو ئەمانە هەر رۆژەی لەدەربارێک و دەراوێک دەڵەوەڕێن و ئاودەخۆنەوە بۆیە هەردەم وەک(پشتەماڵ)ەکەن و هەر رۆژە و سات و کاتەی لەبەر دەرگای یەکێکن و وەک پشتەماڵەکە تەڕی و پیسی دەوریان وشک و پاک دەکەنەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولاّت: باشووری کوردستان
ولاّت: ڕۆژهەلاّتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/29/9 10:19:24 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1376

## وەک پیازی پاککراوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170914094855142609

وەک پیازی پاککراوە

ئەم ئیدیۆمە بەکاردەهێنرێت کە کارێک تەواو کاری لەسەر کرابێت و ئامادە کرابێت بۆ جێبەجێکردن و ڕاپەڕاندن و هیچ کاری تری نەوێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ولات: | باشووری کوردستان |
| ولات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/14/9 9:48:55 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1377

## وەک تری بن گۆم ڕۆیشت

https://www.kurdipedia.org/?q=20170920151656142648

وەک تری بن گۆم ڕۆیشت

دەنگی ئە و شێوە ترە نایەت و بلقە بلقیش بە جولە و بزاوتی مەلەوانی تێ دەچۆلێت، ئەگەر لەماوەی چەند مەترێکیش بۆنەکەی بلاو بێتەوە کەس ناتوانێت بەسەر کەسی ساغ بکاتەوە، بۆیە ئەگەر شتێک یان کارێک کەسێک بیکات و کەسیش پێی نەزانێ دەوترێت وەک تری بن گۆم ڕۆیشت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ولات: | باشووری کوردستان |
| ولات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/20/9 3:16:56 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1378

## وەک دەمارەکۆڵ دایم چزی بەرە و ژوورە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220314193445408301



وەک دەمارەکۆڵ دایم چزی بەرە و ژوورە
کورد، دەمارەکۆڵیش بۆ زیندەوەری(دووپشک) بەکاردەهێنێت، ئە و زیندەوەرە ژەهراویە، کلکی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت لە کاتی ئاسایدا، بەڵام هەر کە هەستی بە مەترسیەک کرد، یەکسەر بەرزی دەکاتەوە، سەر کلکیشی چزێکی وەکو نەشتەر و دەر زی و نێزەیە، لەسەر پشتی ئامادەی دەکات وەکو ئەوەی چەکەکەی سوار بکات، لەگەڵ هەر بەرکەوتنێک بە دەستوبردە و چوست ڕایدەوەشێنێت بۆ پێوەدان، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی ترش زوو تەڕ بوو و تورە و توند و گرژ و ئامادە بۆ شەڕ و گرفت و کێشە دەوترێت: وەک دەمارەکۆڵ دایم چزی بەرە و ژوورە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/14/3 7:34:45 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1379

## وەک زیوانی تاڵە

https://www.kurdipedia.org/?q=20201025100418389455



وەک زیوانی تاڵە
زیوان، ڕووەکێکی زستانییە لەگەڵ دەغل و دان گەشە دەکات ولەپوشپەڕدا تۆوێکی مەیلە و زەردی بۆرباوی شێوەی نزیک لە جۆ و گەنمە، لەدێرزەمانەوە لەگەڵ گەنم و جۆ دەڕوێت و بەئاستەم وەک گژوگیا و قەرسیل جیادەکرێتەوە، وەکو گەنم وجۆش گوڵ دەکات و پڕ دان دەبێت و کاریگەری خراپ دەخاتە سەر بەروبومی دانەوێڵەی گەنم وجۆ ، لەگەڵ داسی سەپاندا هاوشانی لاسکە گەنم و جۆ دەکەوێتە بەرداس و لەگەڵ سوارە و مەلۆیان تێکەڵ دەبێت دەچێتە ناو گیشە و سەرخەرمان و دوای بە جەنجەڕ کوتانی خەرمان و شەن و کەوکردنی هێشتا لەناو ڕەوسەی سوری خلەوخەرماندا لەگەڵ دەنکە گەنم و جۆ دا دەمێنێتەوە، دوای بژارکردنیشی لەلایەن کابانانەوە و کولاندنی گەنم وەکو دانوڵە لەکاتی خواردنی ئە و دانوڵەیە دەکەوێتە بەرددان و ناو زاران تامێکی تاڵ تێکەڵی ئە و گەنمە شیرینە کاربۆهیدارتییە دەکات، لەکتێبی پیرۆزی(ئینجیل)یش وەکو دوژمنی گەنم ئاماژەی پێدراوە. بەکەسێک دەوترێت کە برکی تاڵ بێت و کاری نابەجێ و نارێک و گفتاری ناشیرن و کاری قێزەون و زەق و ناجۆر و ناپەسند و تێکدەرانە و نەشیاو بکەن و دەبنە مایەی نیگەرانی و دڵتەنگی و دڵەڕاوکێی خەڵک بە و جۆرەکەسانە دەوترێت(وەک زیوانی تاڵە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/25/10 10:04:18 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1380
**وەک سەی سەر دێلە بە با لە دوورەوە دەژەنێ**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170924101704142712
وەک سەی سەر دێلە بە با لە دوورەوە دەژەنێ
هەندێ جار کە ڕەوە گۆرێک لە دەوری دێلە بەبایەکن تەنها گۆرێکیان دەکەوێتە دێلەکەوە، ئەوانیتر لەدەوروبەری دەخولێنەوە و دەسورێنەوە و هەندێکیشیان وەردەکەون، وارێکەوتوە هەندێجار گۆرێک کە دێلەکەی بەرناکەوێت،لە دوورەوە دەژەنێ، ئەمە بۆ کورێکیش بەکاردەهێنرێت کەناتوانێ بچێتە خوازبێنی کچێک یان زۆر تامەزۆری ژنێکە و ژنەکە دەرووی لێ ناکاتەوە ناچار لە خەیاڵ وو ئەندێشەوە حینگ بە زەوییەوە دەدات بۆیە لە دەربڕی کوردەواریدا پێی دەڵێن(فلانە کەس وەک سەی سەر دێلە بە با لە دوورەوە دەژەنێ).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولآت: ⬇ باشووری کوردستان
ولآت: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/24/9 10:17:04 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1381
**وەک سەیەکەی کەرکەت لێ دێت**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200830144230387291



وەک سەیەکەی کەرکەت لێ دێت.
کەرکە، ناوی بەرزاییەکی گوندی(قەسرۆک)ی ناحیەی(ئاغجەلەر)ی قەزای(چەمچەماڵ)ە، دەکەوێتە سەر زێی بچووک بەرامبەر گوندی(ساتوقەڵا)ی ناحیەی(تەقتەق)ی قەزای(کۆیە)یە، دەگێڕنەوە لەوەرزی سەرماوسۆڵەی زستان لەبەری ساتوقەڵا، دەڵەسەگێک بەبا بووە و سەگێکی گۆڕی(قەسرۆک) لە بەرزایی کەرکە هەر سەیری دەڵە سەگەکە دەکات کە چۆن ڕەوە سەگی(ساتوقەڵا) دەیکەونێ و پێوەی دەنوسێن، ئەویش هەر سەیریان دەکات و لەبەرخۆیەوە بە سەیرکردنەوە لە بن سکی خۆی دەوەژێنێت و لە وکەین و بەینە ئاگای لەوە نییە لە کەرکەوە دەکەوێتە ناو ئاوەکەی زێی بچوک و دەشلێن لەبەر زوقم و ساردی زستان لەئاوەکەدا ڕەق دەبێتەوە و ئاوی ڕووبارەکەی دەیبات، هەر لەبەر ئەمەشە وتراوە:(لەبەر نەوسێ کەوتە حەبسێ)، بۆ ئامۆژگاری و ڕێنمایی و ئاگادارکردنەوە کەسێک هاوشێوەی ئە و سەگە بیەوێت کارێک ئەنجام بدات و ڕێگەی کارەکەی مەترسی هەبێت، ئارەزووی لەکەڵەی دابێت و بێ هۆشی کردبێت دەوترێت(وەک سەیەکەی کەرکەت لێ دێت).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/30/8 2:42:30 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1382

## وەک گۆڵکی تاڵانی لێهاتووە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171122092147143297

وەک گۆڵکی تاڵانی لێهاتووە
کەسێک دڵی بە شتێکەوە نەبێت لەبەر ئەوەی بە خت و خۆڕایی دەستی کەوتبێت هیچ خزمەت و خزمەتگوزارییەکی ناکات وەک ئە و گۆڵکەی لە تاڵانەوە وەچنگ کەوتبێ ئەگەر ئالیکی بخەیتە پێشی بە ئاخورەوە حەپەڵوشی دەکات لەبرسان، ئەم ئیدیۆمە هەم بەکەسێکی بێ خزمەت و برسی و ڕەش و ڕووت دەوترێت کەهیچ دەسەڵاتێکی نەبێت لەلایەکیتریشەوە بەگەڵێکی چەوساوەی دەست دەسەڵاتدارێکی بێ باک و خودسەرەوە بێت و هیچ خزمەتێک نەکرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗂 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: AM 9:21:47 2017/22/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1383
## وەک ماستی مەیووە
https://www.kurdipedia.org/?q=20170920133816142639
وەک ماستی مەیووە
کارێک مەیسەر بێت، یان هیچ کێشەیەکی نەبێت، کاتی بێت، یان کێشە وگرفتێکی بەدواوە نەبێت، گەیشتبێتە خاڵی کۆتایی وپێگەیشتنی تەواو، وەک ئەدگاریش بۆ مرۆڤێکی تەواو و رێک وپێک دەوترێت دەڵێی ماستی مەیووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ رۆژهەلاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🗂 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: PM 1:38:16 2017/20/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1384
## وەک ماسی چەقۆی لەسەر هەڵگیراوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20211227091235399699

وەک ماسی چەقۆی لەسەر هەڵگیراوە
لە باڵەکایەتی بەکاردەهێنرێت واتە ماسی هەر لە ئاو هاتە دەرەوە بەخۆی دەمرێت، پێویست ناکات بیکوژیەوە، یان چەقۆی بۆ بەکاربهێنرێت، ئینجا بۆ کابرایەکی بەتەمەن ئە و ئیدیۆمە بەکاردەهێنرێت کە هیچی لەباراندا نەبێت لەگەڵ ژنان، لەگەڵیدا دابێت یان نەبێت هەر وەکو یەکە، بۆیە بەنائومێدیەوە وەکو ئیدیۆم بە و جۆرە کەسانە لەباڵەکایەتیدا دەوترێت(وەکو ماسی چەقۆی لەسەر هەڵگیراوە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: AM 9:12:35 2021/27/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1385
### وەک نوێژی قەڵلا پێی دەگێڕنەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220302212802406798



وەک نوێژی قەڵلا پێی دەگێڕنەوە
نوێژ پەرستشێکی ئایینەکانە، هەموو ئاینێک چ ئاسمانی چ سەر زەوی بایەخی پێ دەدەن و هەندێک لە ئایینەکان ئەگەر نوێژی تێدا پەیرە و نەکرێت، ئەوا ئە و کەسە بە تەواوی لە پەیرەوکەرانی ئاینەکەی ئەژمار ناکرێت، ئاینی ئیسلام یەکێکە لە و ئاینانەی زۆر جەخت لە نوێژکردن دەکاتەوە و بەکۆڵەگەی ئاینی دادەنێت و ئەوەی نەیکاتە بەکافری دادەنێت، کەواتە پەیرەوکەرانی ئاینی ئیسلام هەوڵ دەدەن هیچ نوێژێکیان نەچێت و هەمووی بکەن، ئە و نوێژەی کە فریای ئەنجامدانی نەکەون و کارئاسانیەکیان بۆ دۆزراوەتەوە و دەبێت بەقەڵا بیگێڕنەوە، قەڵا وشەی(قضاء)ی زمانی عەرەبیەوە هاتووە، ئە و کەسانەی کە خەوتوون یان بێ ئاگابوون لە نوێژەکانیان دەتوانن بیکەنەوە لەکاتێکی دواتر، دیارە ئە و حاڵەتە لە نێو کۆمەڵی کوردەواری بووە بە ئیدیۆم لە حاڵەتێک ئەگەر کەسێک بە هەر هۆکارێک بێت حەق یەکێکی بردبێت و ڕۆژێک دادێت وەک نوێژی قەڵلا پێی دەگێڕدرێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: PM 9:28:02 2022/2/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1386
### وەک نیسکی بێ بەر و پشتە
https://www.kurdipedia.org/?q=20201019231815389182



وەک نیسکی بێ بەر و پشتە
دانەوێڵەی نیسک، دەنکۆڵەی سورباوی خڕیلەن، هاوشێوەی دەنکە مۆر ومێرۆن، لە هەر ڕوویەک ولایەک و بەرەیەکەوە بیڕوانێی، هیچ بەر و پشتێکی دیار نییە چونکە شێوەی گۆیی یە، ئەوە لایەنی ڕاستەقینەکەیەتی بۆ ئیدیۆمیش بەکەسێکی دووڕووی زمان لووس دەوترێت کە هەر ڕۆژەی لەسەر پەتێک و بەردەرگا و دەراوێکی دەرباران هەڵبکات بەتەوسەوە پێی دەوترێت(وەک نیسکی بێ بەر و پشتە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2020/19/10 11:18:15 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1387
**وەک یەخسیری خوار بەغدای دەخیلت دەبم**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170808083133141942
وەک یەخسیری خوار بەغدای دەخیلت دەبم
ئەم ئیدیۆمە بۆ کەسێکی(موحتاج) یان بێ دەسەڵات بۆ بەدەستهێنانی داواکارییەک بەکارهاتووە، یەخسیر واتە دیل و دەستبەسەر و گیراو و بەندکراو ئەگەر لە مەملەکەتێکی دوریش یەخسیر بێت ئەوا زیاتر پێویست بە نەرم و نیانی ئە و کەسە دەبێت کە تۆی گرتووە چونکە هیچ ئومێدکت نابێت بۆ ئازاد بوون و دەرباز بوون لە سنوری خۆتەوە زۆر دووری کەوتویەتیە دەست دوژمنەوە، ناچار دەبیت خۆت(دەخیل) بە دوژمنەکەت بکەیت و زۆر دامێنگیری بکەیت تاوەکو بەزەیی پێتا بێتەوە، بۆیە ئەگەر کەسێکی(عیناد) شتێکی پێ بوو یان بەدەست بوو تۆش زۆرت پێویست بوو ناچار دەبیت زۆر بپاڕێیتەوە و پێی بڵێی(وەک ئەسیری خوار بەغدای دەخیلت دەبم).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2017/8/8 8:31:33 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1388

## یاری بەرتیلە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171230095116143655

یاری بەرتیلە

بەرتیل: ڕەشوەیە بریتیە لە پێدانی کەل و پەل و ڕزق و ڕۆژی و پارە و نەختینە بەکەسێکی وەزیفەداری میری یان هەر کەسێکیتر کە مەبەستت لێ ڕاییکردنی مامەڵەیەک یان کارێکە و هیچ نیەتی ڕاستەقینەت(دەست و دیاری) نیە بەوە دەوترێت(بەرتیل)، یار-یش دۆست و ئەحبابە کە لەناخەوە ئە و دۆستایەتی و خۆشەویستیە گەڵاڵە دەبێت، زۆر جار پیاوێکی کاسبی پیسکە یان کەسێکی ناکەس و ناکەبەچە لەگەڵ فەرمانبەرێکی میریدا زۆر خۆی دەباتە پێش و لەنێو خەڵکیدا خۆی بەیەکەم دۆستی ئەژمار دەکات هیچ پەیوەندییەکی خزمایەتی و وەزیفی و ئۆرگانیش لەنێوانیاندا نیە، ئەگەر بووترێت چۆن بەرێوەبەری فڵانە فەرمانگە هاوڕێ و دۆستی فڵانە دەوترێت کورە بابە دۆستی چی ئەوە(یاری بەرتیلە) واتە بەرتیلی بۆ دەبات بۆیە دۆست و یاریەتی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/30/12 9:51:16 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1389

## یان دەبێتە خانی خانان یان دەبێتە تۆزی بانان

https://www.kurdipedia.org/?q=20171120080525143278

یان دەبێتە خانی خانان یان دەبێتە تۆزی بانان

کەسێک کارێکی لەپێش بێت و لە ئەنجامدانی دوو دڵ بێت بەلای ئەوەشدا بیشکێنێتەوە کە دەیەوێت کارەکە ئەنجام بدات ئینجا دەست دەکات بە جێبەجێکردنی کارەکەی وەک وەرەقەی قومار و هەردوو دیوی دینارێک یان بۆی دەردەچێت یان بۆی دەرناچێت بۆیە دەڵێت(یان دەبێتە خانی خانان یان دەبێتە تۆزی بانان) ریفرانۆمەکەی هەرێمی کوردستان و کەتەلۆنیا یان دەبنە حکومەت یان بەتەواوەتی دەگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی ناوەند.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:05:25 2017/20/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1390
## یەک رۆژم مابێ لەکانونێ بەزت دەردێنم لەقونێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20190122071153222135




یەک رۆژم مابێ لەکانونێ بەزت دەردێنم لە قونێ
کانونی دووەم واتە(بەفرانبار) بەرە و ڕێبەندان-ێ ئەم مانگە لە ووراتی کوردان سەرما و سۆڵە هێرەی دەکات و هەموو سەرسواندوان و گوێسوانان دەکاتە چلورە و جۆگە و رووباران دەکاتە شەختە و گژوگیایان سڕ دەکات و نایەڵێت یەک بەپێی خۆیان گەشە بکەن، بزن لەبەر ئەوەی رووتەڵەیە و پاشەڵی بەدەرەوە لە سەرمان(تویشک و بەزێک) بە بن کلکیەوە وەدەردەکەوێت دەڵێی(چلمی لوت و پاشماوەی پەرینی نێری-یە) ئینجا وشک هەڵدێت و بەبن کلکیەوە دەنوسێت بەوە دەوترێت(بەز) ئەم بەزە سەرماو سۆڵەی زستان هۆکاریەتی، ئینجا ئەم ئیدیۆمە لێرەدا لە گفتوگۆی زستان و بزن هاتۆتە کایەوە وەک(حسابگرەوە) بەکاردێت واتە بزن بەتایبەت گ
گیسکە نێرەکەی کە تێر گیا دەخوات و لە لێژایی و زورگ و بەرزایی بەرە و خوار دەڕوات تاڕادەیەک تێر گیایە دەڵێ(ترِی ئە و زستانەش بەکێرم) زستانیش پێی دەڵێت زۆر لەخۆت بایی مەبە هێشتا زستان ماویەتی ئەگەر(یەک رۆژم مابێ لەکانونێ، بەزت دەردێنم لە قونێ).

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:11:53 2019/22/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1391
## یەک کاوڕی نێر دەهێنێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20170704101137140945



یەک کاوڕی نێر دەهێنێت
درکە و ئیدیۆم وکینایە بە گوێرەی ژیان و گوزەرانی نەتەوەکان دەگۆڕێت بۆ نمونە خەڵکی(داغستان) وەک رەسول حەمزەتۆف دەڵێت: ئەگەر قسەیەک زۆر لە جێگەی خۆی بێت ئەوا خەڵکی داغستان دەڵێن ئە و قسەیەت یەک ئەسپی بە زینەوە دێنێت، دیارە لە و وڵاتە شاخاویەدا ئەسپی بەزین نرخی تەواو نابێت، کوردی شوانکارەش بەنرخترین شت لەلای(کاوڕ)ی نێری گۆشتنە بۆیە بۆ هەمان مەبەست کورد دەڵێت: ئە و قسەیەت یەک کاورە نێری دەهێنا یان دەهێنێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ● دیارینەکراو | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/4/7 10:11:37 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1392

## یەکشەویلەی قینگ قەویلەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20171120080647143279

یەکشەویلەی قینگ قەویلەیە

ئەم ئیدیۆمە بە خۆشی دەوترێت بە منداڵێکی بچکۆڵەی چەند ساڵەی گۆشتن و قەڵەو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/20/11 8:06:47 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1393

## یەکمان گرت و یەکمان بەڕێلاکرد

https://www.kurdipedia.org/?q=20180901085804155141



یەک-مان گرت و یەک-مان بەڕەڵلا کرد
دەگێڕنەوە هەیاس لەگەڵ میر و سەردارەکەی دەچنە ڕاوکردن، لەکاتی هات و چۆ و ڕمبازی و بەدووکەوتنی نێچیردا(پاشا یان میر) لەکاتی ڕاوکردن و گرتنی کەروێشکێک ترێکی گەورەی لێ بەردەبێت و کەس خۆی ناهێنێتە ئە و حاڵەتەی هەستی پێکردووە، کە دەگەڕێنەوە کۆشک و دیوەخانێ دەڵێن چیتان گرتووە هەیاسیش دەڵێت(بەڵێ قوربان یەک-مان گرت و یەک-مان بەڕەڵلا کرد) ئینجا ئەمە وەک درکە بەکاردێت بۆ بەدەستهێنانی کارێک یان شتێک بەڵام لەهەمان کات و لەلایەکیترەوە کارێکی ترت لە کیس و لەدەست دەردەچێت دەوترێت(یەکمان گرت و یەکمان بەڕەڵلاکرد).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/1/9 8:58:04 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1394

## یەکێک کەباب دەخوات و یەکێکیش سیخ دەڵێسێتەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20190317070945281817



یەکێک کەباب دەخوات و یەکێک-یش سیخ دەڵێسێتەوە.
کەباب لە گۆشتی نەرم و بەزدار دروست دەبێت واتە گۆشتێکی نەرمی بێ ئێسقان خواردنێکی بەلەزەت و بەتام و خۆشە و زۆرێک لە شاعیرانیش بەکاریان هێناوە وەک(جەرگم بووە کەباب) یان(کەبابی گۆشتی بزن).
سیخ واتە ئە و شیش یان چیلکە دارەی کە گۆشتی کەبابەکەی پێوەیە و بەهۆیەوە گۆشت و قیمەکەی پێ خراوەتە سەر ئاگر(هەندێجاریش بەشاپەڕێکی ڕووتەوەبوی باڵندەش وتراوە سیخ)، دەرکەوت یەکێک قیمە و گۆشتی نەرم دەخوات و یەکێکیش شیشی کەباب یان چیلکەی برژاندنی گۆشت دەلێسێتەوە، ئەم ئیدیۆمە گوزارشتیە بۆ ناچونیەکیەکان و جیاوازییەکان و دابەشکردنی نایەکسان لەبەرهەم دا یان لە دەستکەوت و بەروبوم و خۆراکدا.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 7:09:45 2019/17/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1395

**ڕاست لە مەزەبیدا نییە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220103212738400286



ڕاست لە مەزەبیدا نییە
وتراویشە(ڕاستی بڵێ تەلاق، قسەی ڕاست لەدەمی دەرنایە، ڕاستی وەکو گۆپاڵە، ڕاستی لەداس خوارترە)، مەزەب لە(مەزهەب)ی زمانی عەرەبیەوە هاتووە، واتە ڕێچکە و ڕیگە و ڕێباز و میتۆد، زیاتر لە مەزەبەکانی ئیسلام(شافیعی و حەنبەلی و....تاد) هاتووە، ئینجا ئەگەر مرۆڤێک زۆر درۆزن بێت و تەواویش دەوروبەرەکەی بیناسن و چەندین جاریش لە درۆیەکانی ئاگاداری دەکەنەوە، بەڵام ئە و لوس بووە و لە درۆکردنی خۆی ناکەوێت و وەک ئەوەی گوڵەبەڕۆژەی بخوات ئەوها درۆ لەدوای درۆ دەیکات، ئینجا دەوروبەرەکەی باشی دەناسن و بە بێ ئومێدییەوە لێی دەڕوانن و دەڵێن(ڕاستە لە مەزەبدا نییە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: PM 9:27:38 2022/3/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1396

**ڕاوی دوو کەروێشک بکەیت هیچیانت بۆ ناگیرێت**

https://www.kurdipedia.org/?q=20190223074051276927



ڕاوی دوو کەروێشک بکەیت هیچیانت بۆ ناگیرێت
دوو گندۆرەش بە دەستێکی هەڵناگیرێت لە پەند و ئیدیۆمدا لەزمانی کوردیدا هاوشێوەی یەکتری لەدەربرین-دا زۆرن، ئەم ئیدیۆمە یەکێکیانە کە هاوشێوەی دەربڕینی(دوو گندۆرەش بە دەستێکی هەڵناگیرێت) هەڵبەت دوو کەروێشک کە ڕادەکەن هەریەکە و بە ئاڕاستەیەک دەڕوات ئەوەی بەدوایانیش دەکەوێت تەنها دەتوانێت بەیەک ئاڕاستە بەدوایان بکەوێت، بەپێچەوانەشەوە بەدوای هەردوو کیان بکەوێت هەردوو کەروێشک دەرباز دەبن و ڕاوێکی بەتاڵ دەبێت، ئینجا ئەم ئیدیۆمە بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێت کە دەبێت مرۆڤ تەنها یەک کار بکات و پەرێز و پیمەرەی فراوان نەبێت.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📧 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: AM 7:40:51 2019/23/2
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1397

## ڕاوی ڕێوی بۆ کەوڵەکەیەتی

[https://www.kurdipedia.org/?q=20200908155304387677](https://www.kurdipedia.org/?q=20200908155304387677)



ڕاوی ڕێوی بۆ کەوڵەکەیەتی.
ئاژەڵ ڕاوکردن و بەخێوکردن بەمەبەستە یان بۆ گۆشتەکەیەتی یان شیرەکەی یان خورییەکەی یان کەوڵ وپێستەکەیی یان هێلکەکەی بۆنمونە(مانگای گۆشت و شیر) هەیە، مەڕ بۆ خورییەکەی و مامری گۆشت و هێلکە، هەڵبەت ڕاوکردنیش مەبەستی جۆراو جۆری هەیە بۆ گۆشت و کەوڵ و کڕین و فرۆشتن و..تاد، لێرەدا ڕێوی ئیدیۆمی(چۆلەکە خۆت چی و گۆشتاوت چی؟) دەیگرێتەوە چونکە گۆشتی کەمە، بەڵام کەوڵەکەی بەنرخە و لەبازاڕدا پارەیەکی باش دەکات وەکو ڕێوییە زێویی ئەمریکا دیارترینی ئە و ڕێویانەیە کە لەجیهاندا کەوڵەکەی هۆکاری کەمبونەوەیەتی و ڕاوکەرێکی زۆری بەدواوەییە، ئەمە ڕووە ڕاستەقینەکەیەتی وەک ئیدیۆمیش واتا هەموو کارێک کە ئەنجام دەدرێت مەبەستێک لە پشتەوەیەتی وەک چۆن ڕێوی کە ڕاو دەکرێت مەبەست لێی بەخێوکردنی نییە بەڵکو تەنیا بۆ کەوڵەکەیەتی نەوەک مەبەست و ئامانج و ئەنجامێکیتر بۆیە کورد بۆ هەر کارێک کە ئەنجام دەدرێت لایەنێکی ڕاستەقینەی کارەکە دەخاتەڕوو و دەڵێت(ڕاوی ڕێوی بۆ کەوڵەکەیەتی) نەوەک مەبەستێکی تر.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📧 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: PM 3:53:04 2020/8/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1398

## ڕووبار زۆرن، بوار نین

[https://www.kurdipedia.org/?q=20220103213924400289](https://www.kurdipedia.org/?q=20220103213924400289)



ڕووبار زۆرن، بوار نین
ڕووبار، هەموو لق و جۆگەکانی بەرزاییەکانی لاپاڵ و کێوە بەزنارەکان ڕێ دەکەن و لەدۆڵێکی سەرەکیدا ڕووبارێک پێکدەهێنن، ئینجا سەر زەمینی خودا پڕییەتی لە لاپاڵ و جۆگە و ڕووبار، بوار واتە شوێنی پەرینەوەی مرۆڤ لە ئاوەکە بەسەلامەتی لە هەندێ بنەزار و شێوە زار دەوترێت (تەنکاو و بڕ و پایە و پێ یە)، کەواتە دەردەکەوێت ڕووبارەکان زۆرن، بەڵام شوێنی پەرینەوەی سەلامەت و تەنکاو کەمە، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بۆ شتی زۆر بێ کەڵک لەبەرامبەریشدا کەمی شتی گرانبەها و بەنرخ و دانسقە کە گران دەست دەکەون، دەوترێت(ڕووبار زۆرن، بوار نین).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ووڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/3/1 9:39:24 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1399
## ڕۆن زۆر بوو قنگی پێ دەسون
https://www.kurdipedia.org/?q=20171115081210143180
ڕۆن زۆر بوو قنگی پێ دەسون
هەر شتێک زۆر بێت نرخی نامێنێت، یان هەموو زۆر دەرکەوتنێک نرخی کەم دەبێت و لەبەرچاو سووک دەبێت، دیارە ڕۆنیش بۆ چێشت و پێداویستیەکان خواردن و بەرهەمێکی پێویستە بەڵام ئیتر کە زۆر بوو قنگی پێ دەسون وەک چۆنیش وتراوە(خەنە کە زۆر بوو لە گونان دەدرێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ووڵات: باشووری کوردستان
ووڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/15/11 8:12:10 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1400
## ڕیخی لەقونێ بدە و بیخە ناو گاراِنێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20200928202952388371



ڕیخی لەقونێ بدەیی و بیخەیە ناو گاراِنێ
وتراویشە شیاکەی تێهەڵسوو، بیکەرە گاگەل، (گاوگۆڵ) لە بەهاراندا کە تێر(گیاوگۆڵ)دەخۆن، ڕیخەکەیان شل دەبێت و بەداووتەشکەڵیان دێتەخوارەوە ورەق دەبێتەوە، ئینجا زۆرجار وارێک دەکەوێت کەسێک هێندە دەبەنگ و نەزان و حولحولی ونەفام و کەودەن و بێ عەقڵە، لەگەڵ ئاژەڵدا خراپ لێکدەکرێتەوە بۆیە لەباسکردنی دا دەوترێت بەخوای نەفامە هەر شایستەیە(ڕیخی لەقونێ بدەیی و بیخەیە ناو گاراِنێ).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/28/9 8:29:52 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1401
## ڕیسەکەی لێکردەوە خوری
https://www.kurdipedia.org/?q=20210201190413391097



ڕیسەکەی لێکردەوە خوری
خوری مەروماڵات یان پەمۆ و لۆکە چ بە ئامێری(خەرەک) یان بە(تەشی) بادراو بێت دەبێتە(ڕیس)، ئینجا ئە و خوری ڕێستنە، کات تەرخانکردن وقۆناغ برین و زەحمەتی وماندوبونی گەرەکە، زۆر جار وارێکەوتووە ڕیسەکە ئاڵۆزکاوە بەهەر هۆکارێک بێت ئەمە پێی دەوترێت ڕیسەکەی لێ بۆوە بە خوری واتە تاوەکو جارێکیتر دەیکەیەوە ڕیسی بادراو زۆری دەوێت یان لەوانەیە هەر نەکرێتەوە بە ڕیس، بۆیە ئە و حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم و بە تێکچونی کاروبارێک یان سەر نەگرتنی ئیشێک و تەواونەبوونی و نیوەچڵی و نیوەکاری و ناکاملی پرۆژەیەکی ئەنجامدراو بەهۆی کەسێکەوە یان هۆکارێکی ئەنقەستەوە دەوترێت(ڕیسەکەی لێکردەوە بە خوری). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان


[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2021/1/2 7:04:13 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1402

**ڕیشی لەسەر دانا**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220428220449411720



ڕیشی لەسەر دانا
ڕیش و چەناگە لە دەم و چاوی مرۆڤدا بەیەکەوە لکاون، چەناگە جەمسەری شەویلاگەیە لەخوار دەمەوە، توانای جولاندنی هەیە، ڕیش مووی سەر شەویلاگەیە ، ئە و پەیوەستیە وایکردووە هەردوو کیان(ڕیش و چەناگە) لە ئیدیۆمێکدا بە هەمان مانا بەخشین
بەکاربهێنرێن لە نێوان دوو ناوچەی وراتی کۆیە، خۆشناوەتی دەڵێت: چەناگەی لەسەر دانا، لە ڕۆژئاوای وراتی کۆیەش لە گوندی مام قلینج-ەوە تاوەکو گوندی کانی کەوان دەڵێن: ڕیشی لەسەر دانا، سەر لەقاندن و ئاماژەکردن بە ڕیش و چەناگە بۆ دیاریکردنی ماوەی دووری و نزیکی شوێنێک، مانا ڕاستەقینەکەی هەردوو ئیدیۆمەکەیە، وەکو مەبەستی ئیدیۆمیش:
کاتێک کەسێک پرسیار سەبارەت بەشوێنێک دەکات، ئەوەی وەڵامی دەداتەوە زۆر بەئاسانی بە سەر لەقاندن ئاماژەیەکی خێرا دەکات و دەڵێت: ئەوەتانێ نزیکە لە پشتی ئە و گردەوە گوندەکەیە، بەڵام ئە و کەسەی بۆ گوندەکە دەچێت زۆر دەڕوا هەر ناگاتە گوندەکە، ئینجا بەگوزارشت و تەوس و نیگەرانیەوە دەڵێت: پەکوف کورە خۆ کابرا ڕیشی لەسەر دانا یان چەناگەی لەسەردانا، واتە: بە هەڵەی بردین و هەڵەتەی کردین و ڕاست دەرنەچوو. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022/28/4 10:04:49 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1403

**ڕێبوار بە خەوتن، بە جێماوە لە کاروان**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200906123337387571



ڕێبوار بە خەوتن، بە جێماوە لە کاروان
ڕێبوار، ئەو کەسەی بەڕێگایاندا گوزەر دەکات، مەبەستێکیشی هەیە بۆ خوێندنە، کارە، کاسبیە، ژنخواستنە..تاد، کاروانیش کۆمەڵێک خەڵک چ بازرگان بن یان کاسبکار و خەڵکی ئاوایی و شوێنێک بەمەبەستی فرۆشتنی کەل وپەکانیان بەپشتی وولاغەکانیان دەچنە بازارێک، مەڵبەندی شارێک چ دوور چ نزیک، دوای فرۆشتنی ئە و کەل و پەلانە پێداویستیەکانی خۆیان و ماڵ و منداڵیان دەکڕن لە خۆراک و پۆشاک و کەولوپەلی پێویست، ئینجا دووبارە بەکاروانەکەی خۆیان و بە ڕێگاکەیاندا دەگەڕێنەوە دێ و شار وشوێنی خۆیان، کاروان سەرکاروانی هەیە و دەم و کاتی ڕۆیشتن و گەڕانەوەیان دیاری دەکات و پشوودان و حەوانەوە و بارخستنیان ئاماژەپێ دەکات، ئەگەر ڕێبوارێک لەبەر دزوجەردە و ڕێگران بیەوێت لەگەڵ کاروان و قەتارچیان بێت، دەبێت لەگەڵ گزنگی خۆرهەڵاتن ئامادە بێت، خۆ ئەگەر خەوی لێ کەوتبێت لەکاتی جوڵانی کاروانەکە، ئەوا بەدڵنیاییەوە لەکاروانەکە بەجێ دەمێنێ و تەنیا دەمێنێتەوە، لایەنی ڕاستەقینەی بابەتەکە بووە بە ئیدیۆم و گوزارشت بۆ ئە و کەسانەی کە خەمخۆری کاروباری خۆیان نین و خەمساردی و فسخاوی لێ دەکەن هەموو ئەوانە لەکاروانی کاروکاسبی و پێشکەوتنی دەوروبەریان ومرۆڤایەتی بەدوا دەکەون بۆیە دەوترێت(ڕێبوار بە خەوتن، بە جێماوە لە کاروان).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/6/9 12:33:37 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1404
## ڕێوی بە شاگرد وەرناگرێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20220507223513413090



ڕێوی بە شاگرد وەرناگرێ
ڕێوی یەکێکە لە و ئاژەڵانەی کە بە ساختەچی و فڵباز و تەڵەکەباز و زۆرزان ناسراوە، نە بە تەنیا لە نێو میللەتی کورد دا، بەڵکو گەلانی دونیا لە چیرۆکی منالآنیاندا ئە و فلبازییەی ڕێوی دەخەنە ڕوو، چ لە چیرۆکی بەرئاگردانیان یان لە فلیمەکارتۆنەکانیاندا، کوردیش کۆمەڵێک چیرۆکی منالآنە و هۆنراوەی لەسەر ئە و فێڵبازیەی ڕێوی خستۆتە ڕێوی وەکو: قەل و ڕێوی و ڕێوی قەمچوغە و تاد، ئە و زۆرزانییەی ڕێوی لێرەدا بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی زۆرزانی بلیمەت لە فێڵبازی و تەڵەکەبازی و خۆدزینەوەی لە کاری چاکە و ساختەچی دەوترێت: ڕێوی بە شاگرد وەرناگرێت واتە: لە ڕێوی فێڵبازترە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/7/5 10:35:13 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1405

**ڕێوی بە کونێوە نەدەچوو، گەڕەشکی بەدوای خۆی خستبوو**

https://www.kurdipedia.org/?q=20211227091655399700



ڕێوی بە کونێوە نەدەچوو، گەڕەشکی بەدوای خۆی خستبوو
ڕێوی خۆی باریکەلەیە و بە و کونانەوە دەچێت کە خانە و هێلانەی خۆیەتی، هیچ کێشەیەکی نیە، گورج و گۆڵ دەتوانێت بەکونەکانی خۆیدا تێپەڕێت، بەڵام ئەگەر(گەڕەشک)ی بەکلکیەوە بێت، ناتوانێت بچێتە ناو کولانە و کونەکەیەوە، گەڕەشک چیلکەداری بەپرژەی داری بەڕوو لە خۆشناوەتی پێی دەوترێت(گەڕەشک)، ئینجا ئە و حاڵەتە بووە بەئیدیۆم بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت کە خۆی زیادە بێت، چ ئەوەی شتێکی زیادەشی لەگەڵ خۆی پێ بێت بۆیە بووە بە و ئیدیۆمە جوانە و دەوترێت(ڕێوی بەکونێوە نەدەچوو، گەڕەشکی بەدوای خۆی خستبوو).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2021/27/12 9:16:55 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1406

**ڕێوی بەفێڵ ناگیرێ، ئەبێ بەتەڵە بگیرێ**

https://www.kurdipedia.org/?q=20220103214331400291



ڕێوی بەفێڵ ناگیرێ، ئەبێ بەتەڵە بگیرێ
ڕێوی یەکێکە لە و ئاژەڵانەی لە گێتیدا بە فێڵباز ناوی دەرکردووە و لە چیرۆکی بەر ئاگردانی گەلانیش ئەوە ساغکراوەتەوە، کەواتە هەرکەسێک خاسیەتی ڕێوی فێڵباز و تەڵەکەچی هەبێت، بەفێڵ بەردەست ناکرێت و پێویستی بە تەڵە هەیە بۆ ئەوەی بگیرێت هەربۆیە بۆ کەسێکی ساختەچی و کلاوچی و حەوت گیرفان و زۆرزان و هیچ وپوچ و تەڕنەبوو دەوترێت(ڕێوی بەفێڵ ناگیرێ، ئەبێ بە تەڵە بگیرێ) [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] 📂 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📄 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 2022/3/1 9:43:31 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1407

## ڕێوی قەت لە نزیک لانەی خۆی ڕاو ناکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20190317071904281819



ڕێوی قەت لە نزیک لانەی خۆی ڕاو ناکات
ڕێوی بە گیانلەوبەرێکی فێڵباز ناوزەد و ناوی دەرکردووە بە هەرکەسێک بڵێی ڕێوی واتە فێڵباز و زۆر-زان، کەسێکیش زۆرزان و فێڵباز بێت شەڕ ناخاتە بەر دەرگای ماڵی خۆی چونکە وتراوە(شەڕ لە بادینان تۆز لەبەر دەرگای ماڵێ) ئیتر شەڕ لە بادینان ڕوویدات کەچی تۆزەکەی بکەوێتە بەردەرگای ماڵ ئەی چۆن شەڕی بەردەرگا ماڵ سەلامەت دەکات، هەربۆیە زۆرزانی و فێڵبازی ڕێوی ئەوەی خراوەتە پاڵ کە لە نزیک دەوروبەری کونی خۆی ڕاو ناکات تا لانە و ماڵی سەلامەت بێت، هەڵبەت ئەمە بووە بە ئیدیۆم وەک ئامۆژگاری بەکارهاتووە کە مرۆڤ نابێت شەڕ و ناخۆشی و ئاژاوە لە گۆڕەپانی خۆی بکاتەوە کەسی ئاقل و ئاوەزمەند هەر شەڕ لەهێڵانە و ماڵ و حاڵی خۆی دوور دەخاتەوە و ڕێویش بە نمونە هێنراوەتەوە چونکە ئاژەڵە و فێڵباز و زۆرزانی دراوەتە پاڵ.

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] 📂 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 📄 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 2019/17/3 7:19:04 AM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1408

## ڕەزێکم هەیە لەسرێشمەی

https://www.kurdipedia.org/?q=20220105151512400468



ڕەزێکم هەیە لەسرێشمەی
دەگێڕنەوە لەشاری کۆیە پیاوێکی هەژار و دەست کورت لە دوکانەکانی شار، شت و مەکی بەقەرز بردووە، بۆ ئەوەی خۆی نەشکێنێ، هەموو جارێک وتویەتی لە سرێشمەی ڕەزم هەیە، دواتر لە بەرووبومەکەی دەفرۆشم و پارەکەتان پێ دەدەم، دواتر دەردەکەوێت هیچ ڕەز و باغێکی نییە لە گوندە دڵگیرەی خەلیفان، ئەوە بووە بە ئیدیۆم هاوشێوەی خورماش لە بەغدای زۆرە، پەمۆش لە شارەزوور، ئەگەر کەسێک هەژار و نەدار بێت، پروپاگەندەی هەبوونی بۆ خۆی بکات بەتەوسەوە دەوترێت(ڕەزێکم هەیە لەسرێشمەی) یان(دەوترێت لەسەروچاوەش ڕەز هەیە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/5/1 3:15:12 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1409

## ڕەفیقایەتی سنەیی، تابەر حەوزە کەس

https://www.kurdipedia.org/?q=20220105151727400469



ڕەفیقایەتی سنەیی، تابەر حەوزەکەس
لەسەر(سنەیی)یان کورد زۆر ئیدیۆمیتری هەیە و دەڵێت: فەرموی سنەیی یە! یان تەعاروفی سنەیی، لەبەری ئەوەی شاری سنە پایتەختی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و مەڵبەندێکی ڕەسەن و پڕ ژیاری کوردنیشنە، بەڵام ئە و جۆرە ئیدیۆمانەشی لەسەر هاتووە، بە گوێرەی ئە و ئیدیۆمەش هاورێیەتی و دۆستایەتی و برادەریان لەکوێ گرژی و تەنگانە و نەهامەتی بێت لەوێدا کۆتایی دێت، بۆیە کورد گوتەیەتی(ڕەفیقایەتی سنەیی، تا بەرحەوزەکەس).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:


📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🀆 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/5/1 3:17:27 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1410

## ڕەنجی فەرهاد بکێشی گەنجینەی قارونت دەست ئەکەوێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20190223074325276928



ڕەنجی فەرهاد بکێشی گەنجینەی قارونت دەست ئەکەوێت
فەرهادێک کێوی بێستون شەق بکات واتە ڕەنجێکی باشی کێشاوە بەرامبەر ئە و ڕەنجەش دەبێت دەستکەوت هەبێت، لێرەدا دەستکەوتەکە(گەنجینە)یەک دەبێت هاوشێوەی گەنجینەکەی(قاروون)ی وەزیری فیرعەونەکانی میسری سەردەی موسای پێغەمبەر(د.خ)، گوزارشتی ئەم ئیدیۆمە ئامۆژگاری و ڕێنمایی یە هەروەها هاندانیشە دەڵێت ئەگەر هەوڵ و تێکۆشانت هەبێت ئەوا بەرهەم و دەستکەوتت دەبێت.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🀆 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/23/2 7:43:25 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1411

## کابان بێ بەشە یان ڕوو ڕەشە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220513202718413850



کابان بێ بەشە یان ڕوو ڕەشە
کابان لە کوردەواریدا بە و ژنە دەگوترێت: کە سەرپەرشتی ماڵ و منداڵ بکات و ئاگاداری بنە و بنەگە و بارگە و هەوار و کۆتان بێت، لە نێو ئە و هەموو ئەرک و فەرمانەش کاری چێشت لێنان و ئامادەکردنی ژەمەخۆراکەکانیشی لە ئەستۆدایە، ئە و پیاوەی بێ ژن بێ یان کچێکی کەیبانووی نەبێت پێی دەوترێت: بێ بنەوانە واتە کابانی نییە، ئینجا لە کاتی تێکردنی چێشت و ئاش و شیوو لە سەر خوان و سفرە بۆ ئەندامانی خێزان و مێوانەکان دەبێت بە یەکسانی و دادپەروەری دابەشی بکات لە و حاڵەتەش خۆی بێ بەش دەبێت و کەمی بەردەکەوێت یان هەر بۆی نامێنێتەوە، ئەگەر بە نارێکی و ناچوونیەکی و بە جیاوازییکردنەوە دابەشی بکات ئەوا خەڵکانێک لە مێوان و ئەندامانی خێزان بەریان ناکەوێت و بەمەش گەندەڵ و ڕوو ڕەش دەردەکەوێت و دەردەچێت، ئەمە بووە بە ئیدیۆم و بە هەموو سەرپەرشتیارێک کە سەرپەرشتی کاروبارێک بکات دەوترێت چ بەباشی ئەنجامی بدات یان بە خراپی، بۆ هەردوو حاڵەت کورد گوتەیەتی: کابان یان بێ بەشە یان ڕوو ڕەشە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/13/5 8:27:18 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1412
## کادین بەگۆلکان، کاسە بەوورتکان
https://www.kurdipedia.org/?q=20201025100147389454



کادین بەگۆلکان، کاسە بەوورتکان
کاوکۆتی دوای خلەوخەرمان و مانگی خەرمانان بەشەغرە و ڕەشکەی دەگوازرێتەوە و لەکادینان دادەکرێت بۆ وەرزی زستان و ساردوسۆڵە و بەفرانبار و ڕێبەندان دەدرێتەوە پاتاڵی وەک مەڕومالات و ڕەشەوڵاخ و ولاغەبەرزە و گوێدرێژ و تاد، ئەوەی گۆلک و مانگا و گای هەبێت کا لەوەرزی زستان بەری ناگرێت چونکە زۆرخۆرن، ئە و خێزانەشی خێزاندار و ڕەشەخێزان بن و سەرتکە و پورتکەیان هەبێت واتە(ووردکە=وورتکە) مناڵی وورد و زۆر هەرچی نانی سەر تلیانەش هەیە دەیخۆن چ جای ئەوەی لەکاسە و قاپلەمەی گەورەدا بێت، ئەوە بووە بە ئیدیۆم بەماڵێکی ڕەشەخێزانی خاوەن منداڵی وورد دەوترێت کە زوو زەخیرەی ماڵیان نامێنێت کەندویان بەتاڵ دەبێت بۆیە کورد وتویەتی(کادین بەگۆلکان، کاسە بە وورتکان).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/25/10 10:01:47 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1413
## کادین کەپڕ بوو شەنە ئاخنی ناوێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20220617224654418980



کادین کەپڕ بوو شەنە ئاخنی ناوێت
کادین، کادان، کایەن: ژوورێکە(کا)ی تێ دەکرێت، کورد لە زۆر ئیدیۆمدا بەکاری هێناوە وەک: تاوی پشیلە تا بەردەرگای کادینە، کادین بەگۆلکان، کاسە بەوردتکان، سەرچۆپی بدەیتە دەست گامێشێ، بەرە و کادینی دەبات، هەور چووە بادینان خۆتان بکوتنە ناو کونە کادینان، ئەگەر کایەکە هی خۆت نییە، کادینەکە هی خۆتە، کاکە بە(ڕەشکە)ی دەگوازرێتەوە بۆ ناو(کادینان)، ئە و ئامێرەی بۆ داگرتن و بارکردنی بەکاردەهێنرێت پێی دەوترێت: شەنە کە دارێکی پێنج پەنجەیە بۆ بەباکردنی خەرمان دوای کوتان بەکاردەهێنرێت، لێرەدا کادین و شەنە بەکارهاتوون وەک بنەمای سەرەکی ئیدیۆمەکە هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمە هەیە و دەڵێت: جام کە پڕ لێی دەڕژێت، لە و ئیدیۆمەش وشەی: ئاخن بەکارهاتووە، واتە تێ کوتان و تێ پەستان و تێکردن بە زۆر هەڵبەت کە کادینەکە پڕ بوو پێویست ناکات بیپەستی چونکە وەک جامە پڕەکە لێی دەڕژێت بۆیە کورد بە ئامۆژگارکردنەوە دەڵێت: کادین کە پڕ بوو، شەنە ئاخنی ناوێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/17/6 10:46:54 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1414

## کارکاری خاتونێ ناو ناوی مەیمونێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20190112074153190962



کارکاری خاتونێ ناو ناوی مەیمونێ
زۆرجاران گوێ-بیستی کاری جوان و بەجێ بووین کە ستایشی خاوەنەکەی دەکرێت لەسەر ئەنجامدانی ئەم کارە لە جێ-یە، بەڵام مەرج نی یە ئە و کەسەی ستایش دەکرێت بکەری کارەکە بێت، زۆرجاران لە دەرباری گەورە ماڵان کچێکی ناشیرینی خاوەن ماڵ هیچ تایبەتمەندی و خاسیەتی کەیبانوو و خان و مانی تێدا نی یە کچە غوڵامێک یان کورد وتەنی غورامکاری شێوە مانگ وپەری و دەست ڕەنگین کارەکان دەکات و ستایش و پیاهەڵدانیش بۆکچە کێخواو سەرکار و میر و بەگ و دەرەبەگ و وەزیرە هەر بۆیە کورد کە زۆرینەی ڕەشۆکی و ڕەمەکی و کرمانجە بەدرکەوە و دەربڕینەوە وشەی کردووە بەتیر رایوەشاندووە و وتویەتی(کارکاری خاتونێ، ناو ناوی مەیمونێ).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code


▫ سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/12/1 7:41:53 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی


---

بابەت: 1415

## کاروانچیماندوو بێت جنێو بەخاوەن ووڵاغ ئەدات

https://www.kurdipedia.org/?q=20190306081133280181



کاروانچی ماندوو بێت جنێو بەخاوەن ووڵاغ ئەدات
قورماچی-یش بدۆرێت نەڵێت بەگونمەوە دەتەقێت، کاروانچی کرێکاری سەرکارە، لێخوڕینی وڵاغەکانی بەملە- وەیە، ڕێگەی کاروان هات و نەهات و هەوراز و نشێو و رووتکردنەوە و دەربازبوونی لە ڕێگر و جەردان لە پێشە، هەندێکجار ئارەقەی شین و مۆر دەکات کاروانچی لە ماندووبوون و لەترسان تفی دەمی وشک هەڵدێت ئینجا لەبەر خۆیەوە کە زۆر ترساوە یان ماندووە دەڵێت هەچە گو بەڕیشی خاوەنەکەت یان گو بەگۆڕی یان هەی لە قوزی دایکی ساحێبت بەم، دەگێڕنەوە جارێک سەرکارێک دەنگ لە وڵاغەکەی دەکات بۆ ئەوەی ڕێگە بگرێت و بڕوات بەڵام ئاغا و سەرکارەکەی لەگەڵ دەبێت بۆیە بە وڵاغەکە دەڵێت(هەچەی هەی باب و باپیرم یان هەچە هەی دایک دایکم) کەچی ووڵاغەکەش هیچ حساب بۆ ئە و دەنگ دان و لێخوڕینە ناکات، ئاغاکەش دەڵێت پێشتر چۆنت پێ ووتوە هەر ئەوەهای پێ بڵێ، ئەویش دەڵێت(هەچە هەی لە قەبری بابی خێوت بەم، هەچەی هەی لە قوزی دایکی ساحێبت بەم یان هەچە لە قوزی کابانت بەم) یەکسەر ووڵاغەکە ڕێ دەگرێت، ئینجا ئەم ئیدیۆمە بۆ زۆر بوار بەکاردێت هەم کاروانچی و کرێکار و فەرمانبەریش کە ماندوو و هیلاک دەبێت بەکاری دەهێنێت بەڵام مایەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ نی یە چونکە لێکەوتەی ماندوو بوون و کارکردنە.

Quick Respons Code:


▫ سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/6/3 8:11:33 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی


---

بابەت: 1416

## کاریتە لە کفری هەڵناکەوێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20181002091844156707

کاریتە لە کفری هەڵناکەوێت
کاریتە واتە دارێکی ڕاست و ڕێک وپێک بۆ سەرگرتنی خانوو(دارەڕێ)ی سەر بان لەبارە و کەڵک و سودێکی باشی لێ دەبینرێت و لەکاتی(قورەپەست-گڵەبان)یش کەمتر کێشە دروست دەکات و بەکەمترین گڵ کاری سەرسواق و گڵەبانەکەی تەواو دەبێت و چاڵ و چۆڵی و گرفت بۆ خەوتنی سەربان لەهاوینان دروست ناکات، ئەی(کفر) چیە؟ کفر درەختیلە-دەوەنێکە لەشیو ودۆڵەکاندا لەکوردستاندا لەناوچەی زورگان و شاخاوی دەڕوێت و لق و پۆپەکانی خواروخێچ و کورتی بەپرژە و لقۆچکەن و بەهیچ بارێک نەوەک کاریتە بەڵکۆ(گۆپاڵ یان دارەدەستی شوان)یشیان لێ دروست نابێت، هەر لەبەر ئەمەیە وەک ئیدیۆم بەکارهاتووە بۆ کەسێک ڕەسەن و بنەچە و خانەوادەی خراپ بێت ئەوا نابێتە ئە وکەسەی پشتی پێ ببەستی و ببێتە پیاوچاک وماقوڵی شار و لادێ و وولات، بۆیە ئەگەر یەکێک لە بنەڕەتدا لە قۆناغ و دیوەخان و کۆڕ و کۆبوونەوەی گەوران نەبوبێت و دسن و ڕەسەنایەتی دیار نەبێت، یان ئەگەر دسن و بنەچەی لە پیاوخراپ و ناکەس بەچە بێت و بیەوێت کارێکی باش بکات ئەوا بەگومانەوە لێی دەڕوانرێت و دەوترێت(کاریتە لە کفری هەڵناکەوێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺️ وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/2/10 9:18:44 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1417
## کاری کەر و خواردنی بارگین
https://www.kurdipedia.org/?q=20220424233906411419



کاری کەر و خواردنی بارگین
کەر یەکێکە لە و ئاژەڵانەی کە کەمخۆرە و ئەگەر تا بەیانی لەسەر ڕەوسە و خەرمانی گەنم بێت، بەدانەوێڵە ناکەوێت، چونکە لە ئاژەڵە کاوێژکەرەکان نییە و هێدی هێدی و کەم کەم دانەوێڵە دەخاتە دەمیەوە و ورد ورد دەیجوێت ئینجا قوتی دەدات، لەگەڵ ئەوەش کەر زۆرترین کاری پێ دەکرێت و زۆر پشوو درێژ و بارەبەرە، مرۆڤ بۆ کاروبارەکانی ژیان بەر لەپێشکەوتنی تەکنەلۆجیا زۆرترین سوودی لێ بینیووە، بارگین یان بارگیر، ئەسپی خەساوە لە چاککردنی ماین و ئەسپ دا پەیدا دەبێت بۆ باربردنی نێوان کوێستان و گەرمیان و جوتکردن و کێڵان و ناعور ڕاکێشان و گەڕان بەکاردەهێنرێت، لەبەر ئەوەی وەچەی ئەسپە و بارەبەرێکی باشە پێویستی بەئالیک و کاوجۆیەکی زۆر هەیە تاوەکو هێز و ووزەی بۆ بگەڕێتەوە و کاروبارەکانی پێ ئەنجام بدرێت، وەک ئیدیۆم بارگین و بارگیر بۆ کەسی نەزان و بێ عەقڵیش بەکاردەهێنرێت بەڵام لێرەدا بووە بە و ئیدیۆمە، بۆ تایبەتمەندی و هەر کەس بە کاری خۆی، هاوشێوەی(نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب) دەوترێت: کاری کەر و خواردنی بارگیر واتە کار بۆ گوێدرێژ و خواردنیش بۆ بارگیر وەک ئەوەی بوترێت: گۆشت قابیلی بازە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code


📚 سەرچاوەکان
[1] 𝒦 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 11:39:06 2022/24/4
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1418

## کارەکەری بادینان، نانخۆری شەمزینان

https://www.kurdipedia.org/?q=20211227090957399698



کارەکەری بادینان، نانخۆری شەمزینان
شەمزینان ناوچەیەکی دڵگیری باکوری کوردستانە و بادینانیش دەڤەرێکی ڕازاوە و دڵڕفێنی باشوری کوردستانە، کارەکەر واتە کارکەر و خزمەتگوزار و خزمەتکردن و جۆوان و ڕەنجبەر و نۆبەتچی و ئێشکگر و پاسەوان و...تاد، نانخۆریش واتە: مفتەخۆر و هاتنە سەر شتی ئامادەکراو و بێ ڕەنج و ماندوو بوون و خواردن و بەدەست کەوتن، هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمە دەوترێت:(هێلکەی بۆ خەڵکی و چیقنەی بۆ ئێمە) یان(خێر وبێری بۆ خەڵکە و شەڕەکەی بۆ ئێمە) ئیتر ئەگەر یەکێک یان کەسێک لەشوێنێکیتر خزمەت بکات و لە شوێنێکیتر بلەوەڕێت بەتەوسەوە پێی دەوترێت(کارەکەری بادینان، نانخۆری شەمزینان).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

📚 سەرچاوەکان
[1] 𝒦 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:09:57 2021/27/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1419

## کارەکەری خۆتی، خۆشەویستی خەڵکی

https://www.kurdipedia.org/?q=20180829093352155034



کارەکەری خۆیەتی، خۆشەویستی خەڵکی
کارکردن بۆ وەدەستهێنانی قووت و بژێوی خۆت و ماڵ و منداڵ پێی دەوترێت کاسبی واتە بەدەستهێنان بەهۆی کارەکەرییەوە، کەسی کاسب کارکەری ماڵی خۆیەتی و هەرچیەک بەدەستبهێنێت هەر بۆخۆیەتی بەڵام لەبەر ئەوەی چاوی لەدەستی خەڵکی نیە و دەست لەکەس پان ناکاتەوە دەبێتە جێگەی خۆشویستن و رێز و متمانەی خەڵکی بۆیە دەوترێت(کارەکەری خۆیەتی، خۆشەویستی خەڵکی).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/29/8 9:33:52 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1420

## کاسبی وەکو جەمی گورگییە

https://www.kurdipedia.org/?q=20210429224522393785



کاسبی وەکو جەمی گورگییە
گورگ ئە و ئاژەڵەی کورد لە زۆرترین ئیدیۆمدا بەکاری هێناوە وەکو(دەڵێی گورگە، گورگان خواردوو، دەڵێی گورگی کوشتووە، گورگی کەرخۆریش هەیە، گورگە و لەپێستی مەردایە، لەگەڵ گورگ گۆشتی دەخوات و لەگەڵ مەڕێ شینی دەکات، گورگانی و تاد، لێرەدا باس لەگورگ و ژەمەخۆراک و کاسبی کراوە، گورگ گەڕۆکە کە توشی رانە مەڕ هات ژەمی خۆی دەست دەکەوێت، گورگ گیاندارێکە دەرکەوتنی شێوەی دلۆپەیە لەپڕێکدا دەردەکەوێت و ژەمەخۆراکی خۆشی دەست دەکەوێت ئەوە بووە بە ئیدیۆم و لە کوردەواریدا بۆ کاسبی و پەیدابوون و دەستکەوتنی رزق و رۆژوو وتراوە: کاسبی وەکو جەمی گورگییە واتە رزق و رۆژوو رێکەوتێکی پەنهانە(غەیبە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2021/29/4 10:45:22 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1421

## کامی کردیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20210328202718393243




کامی کردیە
لەکوردەواریدا کە مەلاشووی گوێدرێژ دەئاوسێ و لیکی بەدەمی دا دێتە خوارەوە زۆر تامەزۆری خۆراک بەتایبەتی(جۆ) دەکات، دەوترێت ئە و گوێدرێژە بۆ ئە و جۆیە کامی کردووە، ئینجا ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێک دەوترێت کە زۆر تامەزرۆی شتێک یان خواردنێک یان ئەنجامدانی کارێک یان دڵی بچێت بۆ یەکێک، بە تەوسەوە دەوترێت بۆی(کامی کردیە). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2021/28/3 8:27:18 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1422

## کانی درۆزنەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180109082434143901

کانی درۆزنە یە
ئەم ئیدیۆمە بە سەرچاوە و چاوگێکی ئاو، کانی، کانیاو، ئاوێ کە هاوینان وشک دەکات و تاکۆتایی بەهار ئاوی هەیە و دواتر لەسەرەتایی هاوین وشک دەکات، ئەم زاراوە و دەربڕە و کنایە و درکەیە بە و مەبەستە بەکاردێت کە ئە و کەسە یان کارە مایەپوچە و ئەوە ناهێنێت هیوا و ئاواتی لەسەر بچنرێت، چونکە کاتیە و زوو نامێنێت و بەسەردەچێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 8:24:34 2018/9/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1423
## کاڵەک شیرین دەبێتە قیسمەتی ڕێوی
https://www.kurdipedia.org/?q=20220425004406411422




کاڵەک شیرین دەبێتە قیسمەتی ڕێوی
کاڵەک، گندۆرەی بەتام و پرچێژ و شیرین دوای نزیکەی سێ مانگ لە چاندنی بێستان پێ دەگات، بێستانیش دێمەکارە و پشت بە ئاوی باران دەبەستێت، شتی دێمەکاریش زۆر دەگمەن و پربایەخە، ڕێویش شەوان دەچێتە ناو بێستانەکان، کام کاڵەک و گندۆرە بەگۆشت و پرن دەچێت ئەوی دەخوات، ئەوە لایەنی ڕاستەقینەی ئیدیۆمەکەیە، وەکو توانج و پەلاریش بەژنێکی جوان و خانومان وباش دەوترێت کە درابێتە پیاوێکی گەوج و بلّح و بودەڵە و سینگەتەڵە و قەزەم و ناشیرن ونابووت و لاپرەسەنگ و هەپرەگوون هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمەش هەیە وەکو: (گیای جوان بزن دەیخوات، گندۆرەی شیرین ماری چەقەڵە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

⌸ سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 12:44:06 2022/25/4
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1424
## کاڵەک گێ کراوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220616175335418850



کاڵەک گێ کراوە
وتراویشە: گیسکە زێ و شیفتە زێ و ئێستری ماچە، لە کوردەواریدا گاڵتەی سێکسی کە بە قسەی قۆریش ناوزەند دەکرێت زۆر کراوە، چ لە کۆڕی پیاوان و لاوان و ماڵان بێت چ لە بەر هەیوانی مزگەوتان بێت، ڕاستەوخۆش باسی ئە و بابەتە نەکراوە بەڵکو بە خواستن و توێکڵ، شتی تر چوێنراوە بە و حاڵەتە وەکو: بارۆکەی نەگیراو، قوون بە کوریکە، مێنگیر و چوشتیر و بەردیل و کاورەمێ و گیسکە مێ و بە تەگە وبە بەران و بە تەڵەب و دێڵە بە با و....تاد، هەندێجار کچێک بەتەمەنێکی زووەوە 12 بۆ 15ساڵان بە شوو دراوە، واتە هێشتا تەواو پێ نەگەیشتووە و نەبووە بە سەرووی هەژدە ساڵی چوێنراوە بەکاڵەک و گندۆرەی زرکە تاڵ، ئینجا بە و کیژانەی کە زوو شوویان کردووە و گەیشتونەتە تەمەنی کامڵبوونەوە هێشتا تەروبر و بەراپەڕن کوردەواری بەتەوسەوە پێیان لە دەڵێت: کاڵەک گێ کراون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆیە

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 2022/16/6 5:53:35 PM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1425

## کای کۆن بەبا دەکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20200919110625388041



کای کۆن بەبا مەکە

وتراویشە: کای کۆن بەبا دەکات، دوای گردەگێرە و سوڕانەوەی جەنجەڕ و کوتانی خەرمان، ئینجا شەن وکە و و بەکزە با و بای شەماڵەوە، تا بەتەواوەتی کاودان لەیەکتری جیادەبێتەوە، کایەکە لەلایەک و (دانەکە، دانەوێڵەکە) لەلایەکیترەوە دەبێتە (ڕەوسە)، ئینجا ئەگەر کایەکە هەزارجاریتر بەبابکەیت یەک دەنکە گەنم یان دانەوێڵەی تێدا نیە و بێ سود و بێ کەڵکە، کەواتە کای کۆن نە دەنکە دانەوێڵەی تێدایە سەرباریش تۆزێکی زۆری تێدایە کە گەروو دەگرێت و هەستیاری زۆری پێوەیە، کەواتە کورد کردویەتی بەئیدیۆم و بۆ کارێک جگە لەوەی سودی نییە ئەنجامی بدەیت هەندێجار زیانیشی بەدواوەیە، بۆیە کورد بە و جۆرەکارانە دەڵێت(کای کۆن بەبا مەکە) چونکە هیچ سودێکیان نییە و بگرە زیانبەخشیشە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 2020/19/9 11:06:25 AM


ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1426

## کتکی کۆر نمەکیان ناکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20210911205032395183



کتکی کۆر نمەکیان ناکات
لە کرمانجی سەروو دا بە(پشیلە) دەوترێت(کتک) و کوێر-یش لە شێوەزار وئاخێوەرانی ناوچەکانی کۆیە و هەولێر و قەراج و کەندیناوە و شەمامک و مولکیە و دزەییاتی و قوشتەپە بە(کۆر) گۆ دەکرێت، هەرچەندە وشەی(نمەک) لە ئێستای زمانی فارسیدا بەمانای(خوێ)دێت، بەڵام لەبەری ئەوەی زمانی کوردی و فارسی و تاجیکی و ئەفغانی لە بنەچەدا سەر بەیەک خێزانی زمانین کە خێزانە زمانی (هیندۆ-ئێرانی)ە، دەشێت، ئەم وشەیە لە نێوان هەردوو زماندا هاوبەش بێت، لە زمانی کوردیدا، دوچاری گۆڕانی بوبێتەوە و لە(نمەک)ەوە، کە (تامی خوێ) دەگەیەنێت، واتاکەی فروان بوبێت بۆ هەموو جۆرە خواردنێک. هەمان حاڵەتی خوێش لە ئیدۆمێکی تردا کورد بەکاریهێناوە بۆ نمونە دەوترێت(نانمان پێ خوێیە) وەک ئەوە بڵێیت:(نانمان پێ نمەکە)، کەواتە لە و ئیدیۆمەی سەرەوە(کتکی کۆر نمەکیان ناکات) واتە پشیلەی کوێر تامی نانیان ناکات، یان گێچکەنان(وورتکە نان) لەماڵیاندا ناپچڕێنێت، ئەمە بووە بە ئیدیۆم بەکەسی (ڕەزیل) و ڕژد و قرچۆک و دەست قوچاو وپیسکە و پوڵ پەرست و (سەقیل) دەوترێت: کتکی کۆر نمەکیان ناکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ҡ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2021/11/9 8:50:32 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1427

## کچ تەشییەکەی دایکی دەڕێسێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20220513223827413867



کچ تەشییەکەی دایکی دەڕێسێت
هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمە وتراوە: دایکێ ببینە و کچێ بخوازە، دڵت هیچ نەکات پەرتەوازە، واتە کچان زۆرترین ئەدگار و خەسڵەتی دایکیانیان هەڵگرتووە، لە ڕووی پێکهاتەی لەش و لاری و خوورەوشت و ئاکارییەوە، هەروەها دەوترێت: کچ لە دایکی خۆی دەکات یان دایک ببینە دۆتەی بخوازە، تەشی: دارێکی کلک بارێکی سەرخڕە، قولابێکی پێوەیە، بە دەستی خوری و لۆکەی پێ دەڕێسرێت ، بە وکارەش دەوترێت: تەشی ڕستن، ئە وکەسەی ئە وکارەش بکات پێی دەوترێت: تەشی ڕێس، ئە و ژنانەی تەشی دەڕێسن، کچانیش چاویان لێ دەکەن و وەکو دایکیان ئە وکارە دەکەنەوە، زووش فێری دەبن، لەبەر ئەوەی وەستایەکەیان دایکیانە، ئیتر ئە و پیشە دەستییە بووە بە ئیدیۆم و بۆ ناساندنی کچان بەکاردەهێنرێت واتە کار و کردەوەکانی دایکی بە میرات بۆ بەجێ دەمێنێت، هەموو خوو و ئەخلاق و سیفەتی دایکەکە وەک کابانی و قسە و ئیش وکار و...تاد، لە کچەکەدا بەدیدەکرێ و دەبینرێن، وەک ڕێنوێنی و ئاماژە پێدان و ناساندن و هۆشیاری و ئاگادارکردنەوە کورد بەدرکەوە دەڵێت: کچ تەشییەکەی دایکی دەڕێسێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/13/5 10:38:27 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1428

## کچ لۆیە چاکن، پینەکەریان داکن

https://www.kurdipedia.org/?q=20181006081140156793



کچ لۆیە چاکن، پینەکەریان داکن
کورد دەمێکە وتویەتی(داکێ ببینە و کچێ بخوازە) واتە بەشێکی زۆر لە ئەدگار و خاسیەتی کیژ وکچان دەچنەوە سەر پەروەردەی دایک و گۆش و فرچکی ئە و ژنەی لە بیروهۆش ودەمی نراوە، دایک کە هەندێک حاڵەت توشی کچەکەی دەبێت لەبەر ئەوەی بۆخۆشی بەمناڵی و گەنجی توشی بووە بۆیە بۆ کچەکەی دەپۆشێت و بیانوی ئەوتۆی بۆ دەدۆزێتەوە کە دوچاری کێشە و گرفتی نەکات و رێگە چارە و دەروازە و دەرچەی دەربازبوونی بۆ دەبینێتەوە، ئەمەش واتا کچان هەمویان چاک و بێ گەرد و رەوشت جوان و بەرز نین بەڵام هەر هەنگاوێکی هەڵەیان هەبوو بێت دایکەکەیان بۆی داپۆشیون و ئاراستەی هەنگاوە هەڵەکەی بەبارێکیتر بۆ پینە کردوون و سەرەنجام بە چاکەی کچەکەی کۆتایی بە بابەتەکە هێناوە، کوردیش باش لە و حاڵەتە تێگەییوە و بەدەربری کوردەوارییەوە وتویەتی(کچ لۆیە چاکن، پینەکەریان داکن).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/6/10 8:11:40 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1429

## کچیان ناوی زێرینۆکە، بۆن گو لەماڵیان دێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20170926133912142743

کچیان ناوی زێرینۆکە، بۆن گو لەماڵیان دێت
بەتەوسەوە دەوترێت بۆ کچێک کەناوێکی گەورەی هەبێ لە گوزارشتکردن کەچی لە راستیدا لەگەڵ ئە و ناوەی یەک نەگرتێتەوە، زێرین بێت کەچی دەستی زێرین نەبێت و هیچ جۆرە کابانیەکیش نەزانێت و نەتوانێت ماڵەکەشی بە خاوێنی رابگرێت و پیس و پۆخڵیش بێت دەوترێت کچیان ناوی زێرینۆکە بۆن گو لەماڵیان دێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: رۆژهەلاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/26/9 1:39:12 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1430
## کراست جاو بێت مێردت جوان بێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20171123091451143306
کراست جاو بێت مێردت جوان بێت
قوماشی خام و جاو پارچە پەرۆیەکی سپییە و رەنگدەکرا هەرزانترین جلوبەرگ بوو، مێردی جوان مەبەست شێوە و رووخساری جوان نەبوو بەڵکو واتە گەنج و لاو و خورت بێت، ئینجا ئەم قسە و ئیدیۆمە زیاتر لە زاری ئەو ژنانەوە دەهاتە دەر کە مێردەکانیان هەبوو و خاوەن مێگەڵ و مەڕ و ماڵات و دەوڵەمەند بوون کەچی تەمەنیان رۆیشتبوو واتە بەساڵاچووبوون هیچ سودیان لەو دەوڵەمەندییە وەرنەگرتووە مادامەکی پیاوەکانیان پیر و هەمرازیان پشمین و کۆکە بووە نەیانتوانیووە ئەودیو ئەمدیویان بکەن. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: رۆژهەلاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2017/23/11 9:14:51 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1431

## کراسی کەتان لەبەریا شۆڕەی دێت زگی لەبرسان قۆڕەی دێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20190306081628280183



کراسی کەتان لەبەریا شۆڕەی دێت، زگی لەبرسان قۆڕەی دێت
وتراویشە(کەمەرە و دوگمە هارەی دێت، زگ لەبرسان قۆڕەی دێت)یان(دەسماڵ سپی سابون بەقەرز) یان(نانی بێ خوێ دەخوات تری سوێر دەکات)یان(سەرقۆزی بن ئاڵۆز)
هەندێ کەس لە ناو کۆمەڵدا توشی خوویەک هاتووە بە نەبونی و هەژاری باکی هەیە و خۆی وا دەرناخات هەژار و دەست کورت و نەدارە بەقەرزیش بێت کراسی کەتان و کەمەرە و دوگمە و دەسماڵی سپی و سەرقۆزی دەکڕێت و دەیپۆشێت گوێ بە قۆڕەی سک وسابونی قەرز و بن ئاڵۆزی نادات، ئەم ئیدیۆمە بەکەسی نەبوون دەوترێت کە خۆی بە هەبوون دادەنێت.

Quick Respons Code:


 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:16:28 2019/6/3
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1432

## کردوویانە بەڕێگای کانی

https://www.kurdipedia.org/?q=20220425231003411462



کردوویانە بەڕێگای کانی
ڕێگای کانی و سەراو یەکێک لە ڕێگا قەرەباڵغەکانی لادێ و ئاواییەکانی کوردستان بووە، هەر لەگەڵ هەڵهاتنی خۆر و گزنگی بەیانیەوە تاوەکو نوێژی شێوان یەکبینە کچ و کاڵ و ژن و منداڵانی ئاوایی لەڕێی کانی بوون، بە گۆزە و تێرکە و تەنکە و کوندەوە ئاویان بۆ ماڵەوە کێشاوەتەوە و قاپ وقاچاغ و هیربار و جلوبەرگیان لەسەر سەروچاوی کانیەکەدا شوشتووە، لە فۆلکلۆری کوردەواری و هەڵبەستی شاعیراندا زۆر بایەخی پێدراوە و بەتامەزرۆییەوە باس کراوە:
قەبرم لۆ لێدەن لە ڕێگەی کانی
مشک و مار بمخوا یار پێ نەزانی-فۆلکلۆر
بلوێری شوانی لەبەرزی تەلانی
کیژ لەڕێی کانی دێنێتە سەماوە- جەلال جۆبار
وتراویشە: ناوی نەبوو لەناو ناوان، گوی دەکرد لەسەر سەراوان
گرنگی ڕێگەی کانی و هاتوچۆ و هاموشۆی بەردەوامی وایکردووە کورد بیکاتە ئیدیۆم و بۆ چوون و هاتن و هاتوچۆی بەردەوامی کەسێک بۆلای یەکێک یان شوێنێک، دەتوانرێت وەکو ئیدیۆمێکی سیاسیش بەکار بهێنرێت بۆ نمونە ئەگەر شاندی کوردی هەموو ڕۆژێک بچێتە پایتەختی عێراق(بەغدا) بۆ پێکهێنانی حکومەت یان دانوستاندن لەسەر بودجە و تاد بەتەوسەوە پێیان دەوترێت: کردوویانە بەڕێگای کانی واتە: زوو زوو دەچن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2022/25/4 11:10:03 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1433

## کردی بردی، گەڕا دڕا

https://www.kurdipedia.org/?q=20220302213201406802



کردی بردی، گەڕا دڕا
ئە و کەسەی کارێک بکات بەرهەمەکەی دەچنێتەوە و بەڵام ئە و مرۆڤەی هیچ کارێک نەکات و هەر لەسەر بگەڕێت ئەوا هیچی دەست ناکەوێت، تەنها پێڵاو دڕانی بەردەکەوێت، ئەوانەی شوانکارەیانکردووە کاتێک ڕانەکەیان دەبنە ناو پەرژێکەوە بۆ لەوەڕاندن دەبینن بزنەکانیان خێرا خێرا بەناو پەرژەکەدا دەڕۆن و لە و گوڵ بۆ ئە و گوڵ و لە وشی بۆ ئە و وشی دەچن، بەڵام مەڕەکان لەسەرەتای پەرژەکەوە پەرێز پاکژی گوڵ و هێشووە کەوتوەکان هەڵدەگرنەوە و دەیخۆن تا دەگەنە کۆتایی پەرژەکە بەتەواوەتی تێر دەخۆن، ئینجا ئە و حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم بەکەسێکی گەڕۆکی کاسبی نەکەر دەوترێت: ئەوەی کردی بردی، ئەوەی گەڕا دڕا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2022/2/3 9:32:01 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1434

## کردی بە بنێشتە خۆشەی ژێر ددانی

https://www.kurdipedia.org/?q=20220513224525413870



کردی بە بنێشتە خۆشەی ژێر ددانی
بنێشت: لەبریندارکردنی دارەبەن و قەزواندا جەوییەکی زەردباوە دەرژێتە دروستکراوێکی شێوە هێلانەی چکۆلە، دواتر لە مەنجەڵ دەکوڵێنرێت و زەردباوییەکەی دەبێتە سپی وجیڕ دەبێت، بنێشتە خۆشە یان جاجکە خۆشە بنێشتی خۆشکراوە، بنێشت بەرهەمێکی کوردەوارییە و دەنێردرێتەوە دەرەوەی کوردستان وەکو خۆراک و دەرمان بەکاردەهێنرێت، یەکێک لە خاسیەتەکانی بنێشت جوینیەتی، هەڵبەتە جوینیش بەددانە و بۆ ماوەیەکی زۆر دەجاوێنرێت-دەجورێت، ئە و زۆر جوینەش بووە بەئیدیۆم و بە کەسێک کە قسەیەک یان بەسەرهات و گرفت و کێشەیەک زۆر بڵێتەوە بە تەوس و نیگەرانییەوە دەوترێت: کردی بە بنێشتە خۆشەی ژێر ددانی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/13/5 10:45:25 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1435

## کرم لە گوێزی ساغ دەردێنێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20200824193608387133



کرم لە گوێزی ساغ دەردێنێ.
وتراوە دەڵێی(گوێزی ساغە) گوێز ئەگەر نەخۆشی لێ نەدات زۆر پتەوە و سفت وسۆڵە و جێگەی سەرنج و سەیرکردنە، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر نەخۆشی تێ بکەوێت زوو دەرزێت و تێکدەشکێت و کرم لێ دەدات، کەسێک زۆر زیرەک و شارەزا و وورد و لەبلەبان بێت، دەبێتە جێگەی متمانە و دەوترێت فلانە کەس زۆر بەتوانا و دانایە ئەگەر بیەوێت(کرم لەگوێزی ساغ دەردێنێ). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/24/8 7:36:08 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1436

## کفن گیرفانی نیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220806233615426915



کفن گیرفانی نیە

کفن: خامێکی سپییە لە مردوو دەپێچرێت، بەرگێکە بووە بە مۆتەکە و لەزۆر بواردا بۆ ڕێنمایی و ئامۆژگاری بەکاردەهێنرێت لە گفتوگۆی ئاسایی دا و دەوترێت: ژیان ئە و ڕاکە ڕاکەی ناوێت، دوو گەز زەوی و دوو گەز کفن لەگەڵ خۆماندا دەبەین، لێرەش کە کراوە بە ئیدیۆم بۆ ئە و کەسانە بەکاردەهێنرێت کە زۆر بەتەماحن و زۆر هەوڵ دەدەن وماندوو و هیلاکن بۆ بەدەستهێنانی سەرمایە و کۆشک و تەلار بەتەوسەوە کورد پێیان دەڵێت: کفن گیرفانی نیە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/6/8 11:36:15 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1437

## کلکی خستە ناو گەلیەوە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220425232040411463



کلکی خستە ناو گەلیەوە

لە سمتەجوڵەی سەگ و گورگ و چەقەڵ و ڕێوی کلکێکی باریکەڵە هەیە، جوڵەی ئە و کلکە کۆمەڵێک گوزارشت و ئیما و ئاماژەی تێدایە، ئەوەی مرۆڤ هەستی پێ دەکات شۆڕکردنەوە و خستنە ناو گەلی ئاماژەیە بۆ بێ دەسەڵاتی و هەڵاتن و تەسلیم بوون و ڕاکردن و وازبوونەوە، لەکاتی بەرزکردنەوەی ئەوە لە پەلامار و خۆدەرهێنان و زاڵبوونە، کاتێکیش کەکلکی بادەدات ئەوا ڕەزامەندی و خۆشی و چێژوەرگرتن و پێکەوە ژیان و ئاشتەوایی و ڕۆمانسیەتی دەردەخات، ئینجا کلکی خستە ناو گەلیەوە لێرەدا بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی ترسنۆک و بێ غیرەت کە لەترسان سەری خۆی دادەخات و ملی شۆڕ دەکاتەوە و نا وێرێت دەم هەڵێنێت بەرامبەر کەسێک یان زوڵمیک بەتەوس وتوانج و ڕقەوە دەوترێت: کلکی خستە ناوگەلیەوە. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/25/4 11:20:40 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1438
## کلکی لە سەگ کەمترە
https://www.kurdipedia.org/?q=20220429200338411817



کلکی لە سەگ کەمترە
سەگ ئەو ئاژەڵەیە کە لەدێر زەمانەوە بەر لەزایین لەگەڵ مرۆڤدا ماڵی بووە و هاوەڵ و هاورێ و پاسەوانی مرۆڤی کردووە، بۆیە دەبینین لەزۆربەی کۆمەڵگاکانی سەر زەوی ئیدیۆم لەسەر ئە و ئاژەڵە یەکجار زۆرە، لەناو کوردان هەر بەلایەنی نەرێنیەوە باسی سەگ کراوە وەک(سەی نان بدە، سپڵەی نان مەدە و سەش بەژنان ناوەڕێت، سەگ لە سەگە، دەڵێی سەگی هاوشارە، سەگی هەڵەوەڕە، سەگی هار تەمەنی چل ڕۆژە، سەگی پێ سوتاوە، بەخوا سەیە...تاد)، جگە لەمە ناوی سەگ لە زۆربەی جنێوەکانی مرۆڤ ناوی بەخراپە دەهێنرێت و وتراوە: سەگی سەگباب، سەگباب، سەی لەسە)، لێرەدا لە و ئیدیۆمەش بەکەسێکی زۆر شەیتان و زیرەک و خۆگونجێن و بەزارودوو یان ئەوانەی خۆیان دەدزنەوە و خۆیان دەرباز دەکەن لەکاروبار و کلاوات و فرت وفێڵی جۆراوجۆریش بۆ ئە و ڕەفتارەیان دەدۆزنەوە بە گاڵتەوە پێیان دەوترێت: کلکی لە سەگ کەمترە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/29/4 8:03:38 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1439
## کلکی لەسەی کەمترە
https://www.kurdipedia.org/?q=20181231080536182126
کلکی لەسەی کەمترە
ئاژەڵی سەگ جارێک بە ئەمەکداری و جارێک بەزۆرزان و کلاوچی و فێڵباز ناوی هاتووە، لەم ئیدیۆمەی ئەمجارەش بەفێڵزان

هاتۆتەوە بەرباس، ئەم ئیدیۆم و دەربڕە بەکاردێت بۆ مرۆڤێک کە زۆرزان و زۆر لەبار بێت و کەم کەس لێی بباتەوە دەوترێت فلانەکەس تەنها(کلکی لەسەی کەمترە) دەنا کتومت سەگە و لەویش زیاتر دەزانێت بۆ پێ قولە(پاشەقولە) و حەوت بەرک(گیرفان).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/31/12 8:05:36 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1440

## کلکی کەرێ بەدەستەسری دەگرێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20180106090702143790

کلکی کەرێ بە دەستەسری دەگرێت

ماڵە گوندییەکان کە دەچنە شاری و ماوەیەک لە شاری دەمێننەوە ئیتر کوڕ و کچەکانیان هەندێک دەگۆڕێن و کە دەگەڕێنەوە گوندەکەی خۆیان هێندێک بە فیز و تەکەبورەوە کاری کێڵگە و ئاوایی دەکەن بۆ نمونە ئەگەر کەرێ کورتان بکەن ئەوا بۆ ئەوەی پاڵوەکەی بخەنە بن کلکی کەرەکەوە کلکی کەرەکە بە دەستەسرێک دەگرن وەک تەنەفور و دەعیە و فیز و بێزەوە گوایە ئەمە کاری پێشینەی خۆیان و باب و باپیرەیان نەبووە بۆیە ئەم درکەیە لە دوای ڕاپەڕینەوە واتە ساڵی 1991ەوە دوای ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی باشوری کوردستان هاتۆتە ئاراوە بە و کەسانەی کە فیز و خۆبەزلزانیان هەیە دەوترێت(کلکی کەرێ بە دەستەسرێ دەگرێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/6/1 9:07:02 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1441

## کلۆ مسەیە یان کلۆ مسکەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180815095209154007

کلۆمسەیە یان کلۆمسکەیە
کلۆ مسە، لە ڕەنگی سور و زەردی کوڵلەوە هاتووە بەڵام کلۆمسکە لە کۆ و گردبوونەوە و ڕەوی گەورەی پێکوڕەدار و شاڵاوێکی گەورەی کوڵلەوە هاتووە کە لە خلەوخەرمان و داغل و دانەوێڵە دەدات وەک ئەوەی ساڵی 1955 بەتەواوەتی دۆڵی(سوسە)ی لە ڕۆژئاوایی عەرەبی لەرووەک خاڵی کردەوە و هەمووی خوارد و کورد دەڵێ تەواو تاشی بە و حاڵەتە دەوترێت (کلۆمسکەیە) واتە نەڕەنگ سوری و زەردی بەڵکو واتە شاڵاوی کوڵلە کە هیچ ڕووەکێک خۆی لەبەر ناگرێت، چۆنە ڕەوە خێزانێک بەیەکەوە سەردانی ماڵێک بکەن پێیان دەوترێت(تەزرە کوت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/15/8 9:52:09 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1442

## کلی لەچاوان دەرفێنێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20190103072144182409



کلی لەچاوان دەرفێنێ
کل جۆرێکە لەگەل وسورمەشی پێ دەوترێت، مرۆڤ دەمێکە چاوی خۆی پێ دەرێژێت بۆ جوانی و چارەسەری بینین، لەسەروبەندی کۆنیشدا پیاو زیاتر بەکاریهێناوە بەتایبەت لەکاتی بەفر بارین بۆ پارێزگاری چاو و بەهێزکردنی بینین جگە لەمانەش سودی جوانی و گەشی بەچاو دەبەخشی، بە و دواییانە ژن زیاتر لە ئارایشگاکانیش بەکاریهێناوە و لە پیاوانی وەرگرتۆتەوە، کل لەبەر ئەوەی وەک تۆز ووردە ئەگەر بەکاریش هات ئەوا بەرجەستەکردن و کۆکردنەوەی زۆر ئاستمە چ جای ئەوەی کەسێک بتوانێت بیفڕێنێت و بیبات لە بای غارا، هەر لەبەر ئەمەیە بەکەسی زیرەک و چاپوک دەوترێت فلانە کەس(کلی لەچاوان دەرفێنێ).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/3/1 7:21:44 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1443

## کوچک لەئاگر گەرمترە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180728080017153123



کوچک لە ئاگر گەرمترە
کوچک، لە کوچکە بەردەوە هاتووە، جوتیار و وەرزێر و شوانکاری کورد کاتێک چایەکی دەنایە سەر ئاگر سێ بەردۆچکەی دەهێنا و سێ کوچکەیەکی سروشتی لەنێوان ئە و سێ بەردە دروست دەکرد، سێکوچکەی ئاسنیش کە ئاسنگەران دروستیان کردووە هەر لە و سێ کوچکە بەردەوە دروستکراوە و ناوەکەشی لەمەوە هاتووە، ئینجا دار و پوش و پەڵاشی دەخستە نێوانیەوە و ئاگرێکی تێ بەردەدا و چایەکەی دەخستە سەر ئاگرەکە، ئە و کوچکە بەردانە هێندە گەرم دەبوون ئەگەر دەستت بەریان بکەوتایە وەک ئاگرەکە دەستیان دەسوتاندنی، ئەمە بووە بەئیدیۆم و درکە لەناو کوردان، ئەگەر راستەوخۆ کارێک یان هەڵوێستێک یان خۆشی شادی و ناخۆشی و پرسەیەک پەیوەندی بەیەکێکەوە نەبێت و لە خاوەنەکەی زیاتر کاریگەر بێت دەوترێت(کوچک لەئاگر گەرمترە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: ⬇️ باشووری کوردستان
ولات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2018/28/7 8:00:17 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1444

## کورتانی بۆ دەجالی دەکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20210429224706393786



کورتانی بۆ دەجالی دەکات.
دەجاڵی یەک چاو کورد بە(تەجار) ناوی دەبات کە یەکێکە لەکاراکتەرەکانی کۆتایی دونیا و پەسلان لە ڕوانگەی ئاینی ئیسلامەوە، ئە و دەجاڵە فێڵباز و لەخشتەبەرە و لەسەر بنەمای درۆ و دەلەسە و کوشت و کوشتارەوە گەشە دەکات و لەشکرەکەی زۆرینەی لە ژنان پێکدێت، ئە و دەجاڵە کراوە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی تەڵەکەباز و زیرەک و زۆر فێڵباز دەوترێت(کورتانی بۆ دەجال دەکات).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 2021/29/4 10:47:06 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1445

## کورتانی خوارکرد

https://www.kurdipedia.org/?q=20220221203252405899



کورتانی خوارکرد
کورتانی کەرێ لە ئیدیۆمی تریشدا بەکارهاتووە وەک: کورتانی فڕێدا، واتە تێی هەڵجلیکاند و بە لوشکە و لەقە کورتانەکەی سەر پشتی بەربۆوە و کەوتە خوارەوە، ئە و کورتان فڕێدانە لە دەوروبەری کۆیە بەکاردەهێنرێت بۆ کەسێکی کارێک بکات کە لێی چاوەڕوان بکرێت و زووتر بناسرێت کە خەسڵەتی کەربوون لە مرۆڤەکەدا هەیە، کورتانی خوار بەهیچ جۆرێک نە سوار دەگەیەنێت نە بار دەگەیەنێتە هەوار و شوێنی خۆی، هەر بۆیە لە ڕواندزێ ئەگەر کەسێک کارێک تێک بدات یان تەواوی نەکات و تورە بێت و بەجێیبهێڵێت دەوترێت: کورتانی خوار کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 2022/21/2 8:32:52 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1446

## کورد یەک بەزمی دەزانێت ئەویش سێ پێ ییە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180826093133154932

کورد یەک بەزمی دەزانێت ئەویش سێ پێ ییە
کەرکوکیەکان دەڵێن(کورد یەک نەزمی دەزانێت ئەویش چەپەیە) یەک نەزم زانین نەزانی بەدواوەیە چۆن دەبێت هەر تەنها نەزمێک بزانیت، واتە بە شتێکی بگریت تا پەلەواژی نەکەیتەوە وازی لێ ناهێنیت، هەولێرییەکان زۆرتر سێ پێیان کردووە لە رەشبەڵک و ئاهەنگێڕاندا ئەگەر رێک بکەوتایە بۆ ئاهەنگی کەرکوکیان بچن ئەوا بەدیار شاییەکەوە دەستەپاچە ئەوەستان چونکە نەزمی چەپەییان نەزانیووە خۆم یەکێک بووم لەوانەی توشی ئەم حاڵەتە بووم، هەڵبەتە یەک نەزم و بەزم زانین بەلایەنی نەرێنییەوە دەشکێتەوە بۆیە ئەگەر کەسێک تەنها لەسەر قسەی خۆی بوو و قسەی خەڵکیتری وەرنەگرت دەوترێت فلانە کەس تەنها یەک بەزمی دەزانێت ئەویش سێ پێییە یان کورد یەک نەزمی دەزانێ ئەویش چەپەییە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] k تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/26/8 9:31:33 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1447

## کوردی دۆ نەدیوو

https://www.kurdipedia.org/?q=20210502204711393860



کوردی دۆ نەدیوو
کورد پیشەی سەرەکی شوانکارە و وەرزێرییە، دۆکە لە شیرمەنی مەروماڵات دێتە بەرهەم، لە زۆرێک لە ئیدیۆمەکاندا بەکارهاتووە وەک(دۆ و دۆشاوی تێکەڵ کرد، نانی بەدۆی ڕا ناگات، کەس بەدۆی خۆی ناڵێت ترشە، فلانە کەس دۆی ڕژاوە) ڕان و مێگەلەکان دۆیان زۆر وزەوەند بووە، ژەمی سەرەکی شوانکارە و کشتیار و وەرزێران بووە، لەهەندێ وەرز کەم دەبێت و بۆ ماوەیەک نامێنێ، کاتێک سەر لەنوێ پەیدا دەبێتەوە لەوەرزی بەهار و مانگی ئاداردا کەوتراوە(ئادار ناچێ بێ دۆ، نیسان ناچێ بێ جۆ)، ئەگەر کورد توشی ببێتەوە شاگەشکە دەبێت، ئەوە بووە بەئیدیۆم و بەکەسێک زۆر پەرۆش بۆ شتێک یان کارێک دەوترێت(کوردی دۆ نەدیوو)ە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2021/2/5 8:47:11 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1448
## کوریکە گاگرۆ، بەهارت هێنا بەدرۆ
https://www.kurdipedia.org/?q=20170423090147139284



گوڵێکە لەمانگی کانونی یەکەم وسەرەتایی شوباتی هەموو ساڵێک لە وەرد و شوێنە نمرگەکان دەڕوێت ڕەنگی سوور و شین و سپی هەیە و ساردو سۆڵەی زستان هێشتا ماویەتی و هیچ گژوگیایەکیتر گەشەی نەکردووە بۆیە کورد لە درکە و ئیدیۆمدا بەکاری هێناوە و وتراوە(کوریکە گاگرۆ، بەهارت هێنا بەدرۆ، نەماست هەیە و نەفرۆ) واتە مەڕو ماڵات تێر گیا ناخوا و هێشتا کاتی زاییی نەهاتووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2017/23/4 9:01:47 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1449
## کوندە ژەهرە
https://www.kurdipedia.org/?q=20211211214029398342



کوندە ژەهرە
کوندە لەپێستی ئاژەڵی بزن و گۆلک دوای دەباغکردنی دروست دەکرێت و دۆ و ئاوی تێدا دەکرێت لەسەر کوندەران(کوندەڵان) دادەنرا و ئاوی شەوینی زۆر سازگار دەبوو، کوندە لە ئیدیۆمدا بەکارهاتووە وەکو(ئە و پەلە هەورە کوندە ئاوێکی پێ نییە) یان(وەکو کوندە دەیرشاند) لێرەدا کە دەوترێت(کوندە ژەهرە) واتە کەسێکە ڕق وقین و تورەیی و ئێرەیی زۆری لەخۆیدا کۆکردۆتەوە، بە درکە و کینایەوە بەکەسێکی ژەهرتێژ و گون لەسک دەوترێت(کوندە ژەهرێکە بەخۆی).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📧 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2021/11/12 9:40:29 PM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 1450

## کونەبای قەیسەریان

[https://www.kurdipedia.org/?q=20211218113030398830](https://www.kurdipedia.org/?q=20211218113030398830)



کونەبای قەیسەریان
ڕەشەبای سلێمانی و کۆیە لەباشوری کوردستان بەناوبانگن، هەردوو شار بەهۆی جیاوازی پەستان لەنێوان شاخی ئەزمڕ و سلێمانی و شاخی هەیبەسوڵتان و کۆیە ئە و ڕەشەبایە تێیاندا هەڵدەکات، ئینجا زستان و هاوینی بۆ نییە زۆربەی ڕۆژانی ساڵ بایان لێ هەڵدەکات بۆیە ئە و دوو شارە بە هەڵکردنی بایەکانیانەوە دەناسرانەوە دەوترێت(ڕەشەبای سلێمانی و کۆیە)، ئینجا لە لەنزیکی(3)کیلۆمەتر لەخۆرهەڵاتی شاری کۆیە لەبناری هەیبەسوڵتان گوندێکی خنجیلانە لە بنار و لاپاڵی ئە و شاخە هەیە بەناوی(قەیسەری) هەندێجاریش دەوترێت(قەیسەریان) بەبەردەوامی ڕەشەبای تێدا هەڵکردووە بۆیە لەکۆیە و دەوروبەری وەکو گۆتەی لێهاتووە کونە بای قەیسەریان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📧 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()


| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2021/18/12 11:30:30 AM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 1451

## کوریشت ساوا بوو سەری بڕی باشە

[https://www.kurdipedia.org/?q=20181001102522156651](https://www.kurdipedia.org/?q=20181001102522156651)



کوڕیشت ساوا بوو سەری بڕی باشە
ساوا بوون چ لە بەرووبومەکانی کشتوکاڵ یان لە ئاژەڵداری و یان ئامادەکردنی بەرووبومی زستانە و هەڵگرتنی یان لە تۆ کردنی دەغل و دان و نیسک و نۆک و تاد هەموو ئەمانە زیان لەخاوەنەکەی دەدەن و لەکاتی پێویستدا پێ ناگەن و نابنە بەرهەم و داهات و پێداویستی پڕناکەنەوە و دابینی ناکەن، بۆ نمونە هەڵخستنی گەنمی کولاو بۆ(ساوار) ئەگەر لەمانگی حەوت و هەشت(تەمموز و ئایار) نەبێت لەمانگی(ئەیلول و ئۆکتۆبەر) تینی هەتاو کەم دەبێتەوە و ناتوانێت بەپێی پێویست هەتاوگاز و وشک ببێتەوە، یان ئەگەر لەمانگی کانونی یەکەم و دووەم مەڕەکانی ڕانە مەرێک نەزان ئەوا مانگی ئازار و نیسان و مایس وادەی شیرو بەرهەمەکەیتی ئەگەر ئە و کات بزێن چی؟
هەموو ساوا و منداڵی و بچوکیەک لەکاتی خۆیدا نەبێت بەزیان دەشکێتەوە، هەربۆیە بەهۆی ئە و هەموو زیان و نەگونجاویەی کە ڕوودەدات بەهۆی ساوایی بەروبومێکەوە چ ئاژەڵی بێت یان بەروبومی ڕووەکی کشتوکاڵی خاوەنەکەی بە نائومێدییەکەوە دەڵێت(کوڕیشت ساوا بوو سەری بڕی باشە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/1/10 10:25:22 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1452

## کوڕی بن چارۆگەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20170801083255141675

کوڕی بن چارۆگەیە
ئیدیۆمێکە بۆ پیاوێک یان کوڕێک بەکاردەهێنرێت کە قۆناغی هەرزەکاری و منالی بڕی بێت بەڵام هێشتا نەبوو بێت بە خاوەنی بڕیار و پەیمانی خۆی، بۆ هەموو کارێک، هەڵوێستێک، پەیمانێک، هەڵوەستەی هەیە و دوو دڵ و ڕاڕایە، یان دەگەڕێتەوە بۆ دایکی، هەڵبەت ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە ژێر چارۆگەی دایکی پەروەردە بووە و تێکەڵی کۆمەڵگا و کۆڕ و کوبونەوە گشتیەکانی کۆمەڵگا کەم یان هەر نەبووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان


🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2017/1/8 8:32:55 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1453
**کوین لەبەردی بدەیت دەیکاتە هەنگوین**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200905115110387529



کوین لەبەردی بدەیت دەیکاتە هەنگوین
لەناوچەی پشدەر بە میل و کوتکی ئاسن دەوترێت(کوین) بەهێزی بازوو توند ڕادەوەشێنرێت و لە تاشەبەردی گەورە دەدرێت و پارچە و تلیشی گەورەی لێ دەکاتەوە و وردە وردە ووردوخاشی دەکات و وەکو بەردی کەلابەرد چۆن چەکوچ نەرم و نیانی دەکات و دەیکاتە کەلا و هەڵمات و دەسکەڵا، ئە و ئیدیۆمە گوزارشتە لەوەی کە دەوترێت(شەق دەزانێت قۆناغ لە کوێ یە) واتە بەرد بەبەردی خۆی دوو چەکوچ و کوتەک و بیور و میلی ئاسنی لێ بدەیت وەکو هەنگوین نەرمی دەکەیت بۆیە دەوترێت(کوین لەبەردی بدەیت دەیکاتە هەنگوین).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2020/5/9 11:51:10 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1454
**کوێرە نانە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220429202216411823



کوێرە نانە
کوێر، بە و کەسە دەوترێت کە چاوی هیچ نابینێت، یەکێکە لە نەخۆشیە بێ چارەسەرەکان چ بەزگماکی تووش بێت یان بە نەخۆشی بۆیە وتراویشە: کوێر تادەمرێت بەتەمای دوو چاوی ساغە، ئە و کوێریە وەک ئیدیۆم لە زۆر بواردا بەکارهاتووە وەک(کوێرەکانی واتە: سەرچاوەیەکە ئاوی کەمە، کۆردەرە واتە: دەراوێکە خراپ ئاوی دەردەبێت ، کۆراو واتە: ئاوی کەمە، کوێرەدڵ کەسی کەم تێگەیشتوو، کوێرەدێ واتە دێیەکی دوورە شار و ئاوەدانی، کوێرەوەری واتە کەمی خوێندەواری، کوێرانە بیرکردنەوە و قسەی بێ لێکدانەوە ، کوێرەرێ رێگەی لاوەکی بێت و هاموشۆی بەسەرەوە نەبێت) کەواتە دەردەکەوێت ئاوەڵناوی(کوێر-کۆر) چ وەک پێشگر بێت یان پاشگر(وجاغ کوێر، کوێر نان) لەهەردوو حاڵەتدا بەمانای کەم و کورتی دێت، لێرەدا بەکەسێک دەوترێت: کوێرە نانە کە بەرچاوتەنگ بێ و نانبدە و سەخی نەبێت بەڵکو کەسێکی قرچۆک و دەست قوچاو بێت بە تەوس و پەلار و تانە و تەشەرەوە پێی دەوترێت فلانە کەس کوێرەنانە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]

کاتی تۆمارکردن: 2022/29/4 8:22:16 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1455

## کیریان کردە بەلەچەک

https://www.kurdipedia.org/?q=20200824194008387135



کێریان کردە بەلەچەک.
بەلەچەک، وشکردنەوەی بەروبومەکانی هاوینەی وەک:(هەنجیر و بامیە و تەماتە و باینجان)ە، لە بەرخۆرەتاو و قرچەی گەرمای مانگی تەمموز و ئابدا، تا هەتاوگاز دەبێت و وشک وبرینگ دەبێت، ئینجا هەڵدەگیرێت و دەخرێتە تورەگەوە بۆ ئەوەی زستانان لەکاتی نەبوونی ئە و بەروبوومانە بکرێتە چێشت و ژەمەخۆراکەکانی پێ دابین بکرێت، لێرەدا بەلەچەک خوازراوە بۆ(کێر)ی مرۆڤ، ئەگەر مرۆڤ ئە و دەعبایەی بمرێت دەبێتە بەلەچەک و هەندێکجاریش بەناحەزی و بەکەم سەیرکردن بۆ کوژران و نەمانی یەکێک دەوترێت(کێریان کردە بە لەچەک) حەیاتی ڕەشیان لێ بری.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/24/8 7:40:08 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1456
## کیسەی سواڵکەر هەرگیز پڕ نابێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20190306082303280184



کیسەی سواڵکەر هەرگیز پڕ نابێت
زۆر لەسەر سواڵکەر و دەرۆزەکەر(دەروازەکەر) وتراوە و وتراویشە(نانی سواڵ یان خاوە یان سوتاوە) سواڵکردن وەک خۆخستنە ناو ئاوێکی ساردی تەزیوەوە و تەنها سەرەتا و خۆتێخستنی یەکەمجاری قورسە و دەنا ئیتر هەر حەزدەکەیت خۆت بخەیەتە گۆمەکەوە کورد وتەنی تا(تەزیت) دەشکێت، ئیتر سواڵیش ئە و خاسیەتەی هەیە تاجارێک شەرمت دەشکێ ئیتر هۆگری دەبیت و دەبێتە پیشەت، پارەیەکی هێندە سفت و مۆڵ و بێ ماندووبون دەست دەکەوێت قەت بە برای بەبڕای وازی لێ ناهێنرێت، هەر بۆیە کورد لە و ئیدیۆمەدا ڕێکی خستووە و وتویەتی(کیسەی سواڵکەر هەرگیز پڕ نابێت) واتە سواڵکەر واز لەپیشەکەی خۆی ناهێنێت کەواتە هەرگیز کیسەکەی پڕ نابێت.

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2019/6/3 8:23:03 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1457
## کۆتری ساواری بەهەزاری
https://www.kurdipedia.org/?q=20180815094617154004



کۆتری ساواری بەهەزاری
گۆشتی کۆترۆکەم دەرمانە، کورد لە(بووبوو و چیرۆک)ی بەرئاگردان و شەوی دوورودرێژی پایزو زستان زۆر کۆتر و کۆترۆکەی ناو بردووە، ئەم ئیدیۆمەیان تازەیە هەندێک کۆتری ماڵی هەن کورد(قەلاج یان باجەر)یان پێ دەڵێت و بەخێویش دەکرێن بەڵام لەرووی نرخەوە ئە و نرخەیان نیە و تەنها هەزار دیناری ئەمڕۆ دێنن لە نرخەکانیان، بۆیە کە لەبازاڕی کۆتران دەفرۆشرێن فرۆشیار ئەوها بانگی لێ دەکات(کۆتری ساواری بەهەزاری) واتە بەهەزار دیناری چاپ(تەبع) ساوارەکەت بەتام بکە و گۆشتی کۆترۆکەی تێ بکە، دەشتوانرێت بوترێت ئە و شتە زۆر هەرزانە و بێ نرخە چیە ئەوەندەی پیاهەڵدەدەیت کۆتری ساواری هەر بەهەزارییە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:46:17 2018/15/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1458
## کۆرە بژ
https://www.kurdipedia.org/?q=20170930091653142789
کۆرەبژ
جاشک تەمەنی بگاتە دوازدە مانگی لە کوردەواریدا پێی دەوترێت(کۆرە وژ، کۆرە بژ، کۆرەمژ) واتە هێشتا بەتەواوەتی پشتی نەکردووە و نیشانەکانی گەورەبوونیشی تێدا دەرکەوتووە، ئینجا ئەمە بۆ کورێک بەکاردەهێنرێت کەتەمەنی چواردە و پازدە ساڵی بێت و هەمان شێوەی جاشولکەکە نیشانەکانی بالق بوونی وەدەرکەوتون و هێشتا نەبووە بە کوڕێکی تەواو و هەموو کارێکیشی پێ ناکرێت و زۆر جێگەی متمانەی ئە و کارانە نیە کە پێی دەسپێردرێت بە و جۆرە کوڕانە دەوترێت(کۆرە بژە). [1]
بۆ کەمکردنەوە و بە سوک تەماشاکردن بەو منداڵە بابمردەیەش دەگوترێ کە دایکی لە کاتی شووکردنەوە لەگەڵ خۆی دەبیات بۆ ماڵی مێردە تازەکەی.
خالۆ وەسمان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: رۆژهەلاتی کوردستان
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 9:16:53 2017/30/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1459
## کۆنە بەنرخی تازە دەفرۆشێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20200822220449387093



کۆنە بەنرخی تازە دەفرۆشێت
کۆنە هەر کۆنەیە و تازەش هەر تازەیە، کەل و پەلی بەکارهاتوو، جلوبەرگی پۆشراو، ژەمی دووەمی خۆراک و یان هەرشتێکی بەکارهاتوو، بە دەستی دوو و بەکارهاتوو ئەژماردەکرێت و مامەڵەی کۆنەی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام کەسانێک هەن شتی خۆیان زۆر لەلا بەنرخە و بەکەم دەستیان لێ بەر نابێت و ئەوەی پێویستی پێی بێت بەنرخێکی باش پێی دەفرۆشن، بە و جۆە کەسانەی شت لەدەستیان نابێتەوە دەڵێن(کۆنە بەنرخی تازە دەفرۆشێت).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2020/22/8 10:04:49 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1460
## کۆنە دۆستماینی بەزینە
https://www.kurdipedia.org/?q=20211230072817399840
کۆنە دۆست ماینی بەزینە
زۆرجار باوک بۆ کوڕەکەی وەسیەت دەکات و دەڵێت: (کوڕم کەمن مردم کارێکت هەبوو، بڕۆ لای دۆست و برادەرەکانم، کارەکەت بۆ ڕاپی دەکەن) دۆست و یار و هاوڕێی دێرین زۆر شیرینە و خاتری یەکتریان زۆر دەوێت و ڕۆژگاریش ئەوەی سەلماندووە کە کۆنە دۆست و کۆنە یار و برادەر هەمیشە ئامادە و لەسەر پێ بوون بۆ هاوکاری و دەستبار و هەرەوەزی کردن لەگەڵ یەکتری بۆیە کورد کردویەتی بەئیدیۆم و فەرمویەتی(کۆنە دۆست ماینی بەزینە) واتە هەموو دەم ئامادەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2021/30/12 7:28:17 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1461
## کۆپی یەک بن ژنتن، دوو بن مێردتن

https://www.kurdipedia.org/?q=20180826093719154934



کۆیی یەک بن ژنتن دووبن مێردتن
وتراویشە(کۆییاتی و خۆییاتی) لە کۆیە و دەوروبەری ئەم درکە زۆر دەوترێت بەتایبەت لە نێوان(کرمانج و کۆییەکان) ئەمە زیاتر کرمانجەکان دەیڵێنەوە چونکە کۆییەکان پشت دەبەستن بە ئیدیۆمی(کۆییاتی و خۆییاتی) و زیاتربەکاردەهێنن، بەڵام درکەی کۆیی یەک بن ژنتن دوو بن مێردتن واتە ئەگەر کۆییەک بەتەنها بێت ئەوا خۆی دەگونجێنێت لەگەڵت و دەزانێت تاقەسوار تۆزی نیە و دێتە سەردینت و وەک عەقلی تۆ بیردەکاتەوە بەڵام ئەگەر ببنە دوو ئەوا وەک خۆیان بیردەکەنەوە و یەکدەگرن بەرامبەرت و دەبنە مێردەزمەی سەروکوێلاکت و کورت و کرمانجی دەبنە مێردت بۆیە وتراوە(کۆیی یەک بن ژنتن دوو بن مێردتن).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2018/26/8 9:37:19 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1462

## کۆییایەتی و خۆیایەتی

https://www.kurdipedia.org/?q=20180107074501143820



کۆیایەتی و خۆیایەتی
هەروەها وتراویشە(کۆیی و خۆیی) ئەم دەربرینە هەر لەگەڵ ناوی شاری کۆیە گونجاو بووە وەئەگەرنا زۆربەی شارەکانیتری هەرێمی کوردستان ئە و خۆیایەتیەیان تێدایە دەتوانرێت بوترێت(ڕانیەیی و خۆیی و قەلادزەیەیی و خۆیی و سلێمانی و خۆیی...تاد).
کۆیایەتی واتە کۆیی چێتی و کۆیەکان بەیەکەوە خۆیان و یەکتری بەخەڵکیتر نادەن، خۆیایەتی واتە خزمایەتی و دۆستایەتی و شارچێتی و ناوچە چێتی هەڵبەت ئەم دیاردەیە تەنها کۆیەکان ناگرێتەوە لە باشوری کوردستان بەڵکو زۆرێک لەناوچەکان بەهۆی هۆگری و خزمایەتی خوێن و شوێن ئە و حاڵەتەیان هەیە بەڵام دیارە لە کۆیە زیاتر بەدی کراوە، کاتی خۆی لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی تاک ئە و پرسیارەم لە شاعیری میللی(جەلال جۆبار) کرد ووتی:
ئەم کۆیایەتی و خۆیایەتیە تەنها لەدەرەوەی شاری کۆیە دەیکەین بەڵام لەناو کۆیە زۆر وا نی یە و بگرە دژایەتی یەکتریش دەکەن، کۆییەکان لەگەڵ یەکتری کێشە و گرفت و ئاژاوە و نانی یەکتری نابڕن بەکوردی لەگەڵ یەکتری ناکەن، بەتایبەت ئەگەر لەدەرەوەی شارۆچکەی کۆیە بن، هەر لەبەر ئەمەشە ووتراوە یەک بن ژنتن و دووبن مێردتن واتە هەرکە دوو کۆیی گەیشتنە یەک ئەوا حسابی تۆ تێپەڕی چونکە ئەوەندە خۆیایەتی دەکەن تۆ وەلاوە دەنێن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 7:45:01 2018/7/1
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1463

## کیسە بۆرە، حەرامخۆرە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220509230815413444



کیسە بۆرە، حەرامخۆرە
حەرام: یاساغ یان هەموو شتانە دەگرێتەوە کە خوای گەورە قەدەغەی کردووە لە خواردن و گوتن و بیستن و بینین و ئەنجامدانی هەندێک کار و کردەوە، ئە و کەسەی پێشێلی بکات و ماڵی ئەم و ئە و بە حەرام بخوات پێی دەوترێت: حەرامخۆر، ئەوانەشی بەردەوام پەیرەوی لێ دەکەن بە حەرامزادە و حەرامزادەیی ناو دەبرێن، کیسە، توورەکەیەکە بۆ شت هەڵگرتن بەکاردێت، بۆر، ڕەنگی ئە و کیسەیە کە بەهۆی هەڵگرتن و تێکردنی کەل وپەلی دزراوی و حەرام ڕەنگی بۆر بووە کە ڕەنگێکی خۆڵەمێشیە لە نێوان سپی و ڕەشدا، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێک کە گوێ نەداتە هیچ شتێک و ئەوەی دەستی بکەوێت بە حەڵاڵی دابنێت و ئەوەی دەستی نەکەوێت حەرامە یان کەسێک حەڵاڵ و حەرام جیانەکاتەوە و توورەکە و کیسەی چڵکن و بۆر دەبێت، وەکو ناساندن و هۆشداری وتراوە: حەرامخۆرە، کیسە بۆرە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] к تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 11:08:15 2022/9/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1464

## کێ ژنی جوانە با ئە و پێش نوێژی بکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20180929103917156597

کێ ژنی جوانە با ئە و پێش نوێژی بکات
خۆزگەم بەوەی یاری جوانە لەنێو جحێلان بە خۆی سوڵتانە، کورد جوانی سروشت و ژن زۆر زیاتر لەشتی تر کاری تێ

دەکات، ئەوەی ژنەکەی جوان بێت خودا پێداوە، دوای هاتنی ئیسلامەتیش دەووترا: تا ژن نەهێنی(باوەڕ)ت تەواو نیە بەڵام کە ژنت هێنا(باوەر-ئیمان)ت تەواو دەبێت، ئینجا کوردیش هەر لەسەرینی خۆزگەم بەوەی یاری جوانە پێی وایە ئەوەی ژنی جوان بێت خواپێداو و باوەڕداترە لەناو موسلمانانیش دەبێت ئەوەی پلەی باوەڕی بەرزتر بێت ئە و پێش نوێژی بکات هەر لە و سۆنگەوە کورد بەدەربڕ و ئیدیۆمەوە بەگاڵتە و بەڕاستی دەڵێت(کێ ژنی جوانە با ئە و پێش نوێژی بکات).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/29/9 10:39:17 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1465

## کێ گو بە کڵاوی دەپیوێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20170926094331142734

کێ گو بە کڵاوی دەپیوێت

ئیدیۆمێکە بە کەسێکی بێ دەسەڵات و بێ توانا دەوترێت کە جێگەی مەترسی نیە و کەسیش پرسی لە هیچ پرسێک پێ ناکات، هەندێجار بە پیاوێکی بەتەمەنیش دەگوترێت کە لەماڵەوە پەراوێز خرابێت لە کار وبارەکاندا، یان کەسێک خۆی لەکارێک هەڵبقورتێنێت و هیچیشی پێ نەکرێت و یان هەڕەشەش بکات خەڵکی پێی دەڵێن(کێ گو بە کڵاوی دەپیوێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/26/9 9:43:31 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1466

## کێچ بە گا دەفرۆشێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20200924113138388121



کێچ بە گا دەفرۆشێت
کێچ زیندەوەرێکی بچوکی باڵداری مشەخۆرە هاوشێوەی(ئەسپێ)یە، دەچێتە نێو کەوڵ و جلوبەرگ و دەچێتە سەر لەشی مرۆڤەوە، زۆر خراپ بە مرۆڤەوە دەدات و هەستیاری دروست دەکات، ناویشیان لەدوای یەک دێت(وەختە کێچ و ئەسپێ بمان خوات) لەئیدیۆمدا بەکارهاتووە وەک(لەکێچی رووتێ دەگرێت، دەڵێی کێچ چوتە کەوڵت)، گاش نێرینەی مانگایە و زەبەلاح و گەورەیە، ئەویش لە کۆمەڵێک ئیدیۆمدا بەکارهاتووە(مێشێک دەکاتە گامێشێک، گای بەگونان دەناسێت، گایەک و نانەکی پێ وەکو یەکە...تاد) لە ئیدیۆمی(کێچ بە گا دەفرۆشێت) دا، واتە کەسێکی لەبلەبان و زۆرزان و زیرەک و حەوت گیرفان و چەرچی و چێوار و مامەڵەچیەکی عەیارە هەندە شارەزایە دەتوانێت ئەو(کێچ)ە بچوکە زیانبەخشە بە(گا) بفرۆشێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەراست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: AM 11:31:38 2020/24/9

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1467

## کێچ کەوتە کەوڵی

https://www.kurdipedia.org/?q=20200927205706388331



کێچ کەوتە کەوڵی
کێچ زیندەوەرێکی بچوکی باڵداری مشەخۆرە هاوشێوەی(ئەسپێ)یە، دەچێتە نێو کەوڵ و جلوبەرگ و دەچێتە سەر لەشی مرۆڤەوە، زۆر خراپ بە مرۆڤەوە دەدات و هەستیاری دروست دەکات، کێچ بکەوێتە کەوڵی هەر کەسێکەوە پشوودانی ناهێڵێت چونکە کە پێوەی دەدات و خوێنی دەمژێت ئازاری هەیە، بەمەش تەنگەتاو دەبێت، ئەوە لایەنی راستەقینەکەیەتی، وەکو ئیدیۆمیش بەکەسێک دەوترێت کە بۆ کارێک تەنگەتاو بێت و بیەوێت هەر ئەنجامی بدات و هیچ رێگرییەک نەبێتە هۆی سارکردنەوەی دەوترێت کاکە لێی گەرێ(کێچ کەوتە کەوڵی).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 8:57:06 2020/27/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1468
## کێچی حەفت مەن شیر ئەدا
https://www.kurdipedia.org/?q=20220524233050414751



کێچی حەفت مەن شیر ئەدا
کێچ: زیندەوەرێکی بچووکە، مێرووەکی خوێنمژ و زیانبەخشە، نەخۆشی لەرز و تا و گرانەتا و تاعوونیش دەگوازێتەوە، تەمەنی کورتە و ئەسپێش دەخوات ناویشیان زۆر بەیەکەوە دێت(کێچ و ئەسپێ) و دەوترێت: کێچ بۆنی رووەکی ژاڵە بکات دەمرێت، مەن: دەفری پێوانەیە بۆ پێوانەی دانەوێڵە و خوێ بەکاردەهێنرێت، لە 750گرامەوە تا 3.5 سێ کیلۆ و نیو دەگرێت، کێچ و مەن لێرەدا لە و ئیدیۆمەدا بەکارهێنراون بۆ ئە وکەسانەی کە زۆر ستایشی کاڵای خۆیان دەکەن و بەباڵایدا هەڵدەدەن دەوترێت: کێچی بەگایە، واتە: کێچێک دەکات بەگایەک یان کێچ بەگا ئەفرۆشێ وتراویشە: کایەک ئەکا بە کێفێک واتە: پوشکە کایەک دەکاتە کێوێک یان دەوترێت: دوو مێوژ بەلایەوە کەوێژێکە واتە: دوو دەنکە مێوژ دەکاتە یەک دەفر و مەن و کەوێژێک، ئەوە بووە بە ئیدیۆم و ئەگەر کەسێک هێندە ستایشی کاری خۆی بکات بەتەوسەوە پێی دەوترێت: کورە بابە ئەوە کێچی حەفت مەن شیر ئەدات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 11:30:50 2022/24/5
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1469
## کێر بە پەڕۆ گەورە نابێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20181006081606156794

کێر بە پەڕۆ گەورە نابێت
کوڕیژکە یان کوڕۆکەی مناڵ کە(خەتەنە-سوننەت) دەکرا، پارچە لەفافێکی دەپێچرایە(کیر-چوک)ی ئەم کردارە لەناو کوردان بەردەوامە و تا ئەمڕۆ و ئێستاش هەر دەکرێت، ئینجا ئە و پەڕۆیە پزیشکی و حەکیمیەی لە کێری مناڵەکە دەپێچرێت پاش ماوەیەک لە کێری دەکرایەوە و بەهۆی برین و پەڕۆکەوە هەندێک کێر ئاوسان و پەڵمان و گەورە بوونی هەبوو، بەڵام دواتر دەگەڕایەوە سەر دۆخی خۆی و سیس و بچوک دەبۆوە، ئەم لە پەڕۆ تێگرتنی ئاسایی و پێویستدا، ئینجا ئەمە بۆ گەورەکان و پیاوان بووە بە ئیدیۆم(کێر بە پەڕۆ گەورە نابێت) واتە دەبێت بەڕاست و دروستی بچیە مەیدانێ و بە ساختەچێتی و پینەوپەڕۆ و کلاوچێتی بۆت دەرناهێنێت و هەرچی زووە ڕاستی دەرکەوێت، خۆت چیت لەبارە هەر ئەوەیت پێویست ناکات خۆت مشەوەش بکەیت و دەمامک بۆ کێرت بکەیت لەبەر ئەمەیە کورد وتویەتی:(کێر بە پەڕۆ گەورە نابێت).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: رۆژهەلاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەراست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:16:06 2018/6/10
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1470
## کێر بەر کێری نادرێت
https://www.kurdipedia.org/?q=20171119082651143255
کێر بەر کێری نادرێت
یان ووتراوە(کێر زلی یە) واتە کەسێکی زۆردارە و کەس ناتوانێت خۆی لە قەرە بدات و کورت و کرمانجی دەرەقەتی ئە و جۆرە کەسە نایەی کەواتە خۆت تێکەلی کاروباری مەکە و با بەرێگای خۆیدا بڕوات، بۆیە بە و جۆرە کەسانە ووتراوە(کێر بەر کێری نادرێت).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
ولات: رۆژهەلاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەراست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 8:26:51 2017/19/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1471
## کێرمیزی لێ برین
https://www.kurdipedia.org/?q=20220429203227411826



کێرمیزی لێ برین
لە هەولێرێ دەوترێت(کیرمیز)، ئەندامی زاوزێی نێرینەی مرۆڤ بە(چووک)یش ناو دەبرێت، فەرمانەکانی ئە و ئەندامە جوتبوون و میزکردنە، هەندێجار بەگاڵتەوە بە کورە قەیرە و رەبەنەکان دەوترێت: ئەوەی تۆ تایبەتە بەمیزکردن، بۆ وەچە و نەوە کەوتنەوەی مرۆڤ پێویستە و ئە و خێزانانەی کە کوریان نا بێت بە بێ وچاغ ناو دەبرێن، لەسەردەمی موسا و فیرعەونەوە ئە و زاراوەی(کێرمیز)ە لە هەموو نەتەوەکاندا بوونی هەبووە، کاتێک فیرعەون هەوڵی داوە هەرچی نێرینەی خانەوادەی موسا هەیە بیانکوژێت بۆ ئەوەی کیرمیزیان نەمێنێ و وەچە و نەوە نەخەنەوە و نەبنە شۆڕشگێڕ دژی زوڵم و ستەمەکەی، لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم لە باشوری کوردستان رژێمی بەعس دەرحەق بەبارزانیەکان هەولێکی لە و شێوەیەی دا، کە هەشت هەزار کور و پیاوی بارزانیەکانی ئەنفال کرد و کورد ئە و کارە جینۆساید و تیرە کوشتنەی بە و ئیدیۆمە گوزارشت لێکردووە بۆ هاوشێوەی ئە و گرتن و شوون بزرکردنەی رەگەزی نێر لە تیرە و تایفە و هۆز و نەتەوەیەک دەوترێت: کێرمیزی لێ برین. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2022/29/4 8:32:27 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1472
## کێری نیە و مەدحی گونی دەکا
https://www.kurdipedia.org/?q=20170924130727142719
کێری نیە و مەدحی گونی دەکا
کێر و گون تەواوکاری ئەندامی زاوزێی پیاوە، چوک و کێر ئەگەر چالاک نەبێت وئەرکی خۆی بەتەواوەتی جێ بەجێ نەکات کۆکردنەوەی هۆرمۆن وسپێرم هیچ لە مەسەلەکە ناگۆرێت و بە(شەیتانی بوون) لە شیرینی خەودا دێتە خوارەوە، ئەم ئیدیۆمە بە پێ چەوانەشەوە هەیە کە دەوترێت(قون پوچی کێر گەورە) ئەمەیان واتە هەردوو لا ئاساین و بەکارە بۆ جێ بەجێکی ئەرکی خۆی پیاو لەناو کوردان حەزدەکات ئە و ئیدیۆمەی دووەمی بۆ بەکاربهێنرێت نەوەک کێری نەبێت و مەدح و سەنای گونی بکرێت، ئەوە لایەنە راستەقینەکەی ئیدیۆمەکەیە بەڵام بۆچی دەخوازرێت، بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت کە هیچی تیابەستە نەبێت و خۆی بەشتێک هەڵبداتەوە کە لە بنەڕەتدا بۆ خۆ هەڵکێشان نەبێت و بگرە نەنگیشە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 1:07:27 2017/24/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1473

## کە زۆر هات، قەواڵە بەتاڵە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200822000337387079



کە زۆرهات، قەواڵە بەتاڵە.
قەواڵە، شاخێکی هەڵدێرو ڕەق و سەختە لە ناوچەی(تاوەگۆزی) لە باشوری کوردستان هەڵکەوتووە، سەرکەوتن بۆ سەر ئە و شاخە ڕکە دژوارە، بەڵام ئەگەر مرۆڤ زۆری بۆ بهێنرێت بەناچاری هەنگاو بۆ سەرکەوتن و بڕینی دەنێت، چۆن لە ترس و دڵە ڕاوکێ(قەیسەری دەبێتە کونە مشک) و(کونەمشکیش دەبێتە قەیسەری) ئەوە بووە بە ئیدیۆمێکی گوزارشتی بۆ زۆرلێکردن و ناچاری و ئەگەر تاکە شوێن هەبێت بۆ دەربازبوون ڕک و سەختی لاپاڵی شاخی قەواڵە بێت ئەوا فشار و پاڵەپەستۆ و ترس و لەرز لەدواوە بێت ئەوا سەرکەوتن دەبێتە ئاوخواردنەوە و شاخی قەواڵەش بەتاڵ دەبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 12:03:37 2020/22/8
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1474

## کە گورگ پیر بوو دەبێتە مەخسەرەی سەگان

https://www.kurdipedia.org/?q=20180626093927152111

کە گورگ پیربوو دەبێتە مەخسەرەی سەگان.
گورگ کە لە گوڕ وتینی خۆی بێت دەزانێت چۆن لەگەڵ گەلەگورگەکەی لەڕانەمەڕ و مێگەڵ بدات لە شەوین و هۆڕ و گەوڕی ئاژەڵان و هەرد و کێواندا، یال ویالکردن کاری خۆی بووە و باڵان و تەڵەی زۆر زۆری بینیوە، بەڵام کە پیروکەنەفت و پەککەوتوو بێت دەکەوێتە نێو بازی سەگانەوە و دەبێتە گاڵتەجاڕی سەگان، ئینجا کەسێکی دونیادیدە و گەرِیدە و زۆرزان و فێڵباز و تەڵەکەباز کە دەستی لە هەموو شتێک بەربوو و خەڵک و نەوەی نوێ و گەنج گاڵتەی پێ دەکەن و دەوترێت کە گورگ پیر بوو دەبێتە مەخسەرەی(گاڵتەجاڕ)سەگان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2018/26/6 9:39:27 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1475
## کە گوێسوانە نەما لادێش نەما
[https://www.kurdipedia.org/?q=20171224082403143596](https://www.kurdipedia.org/?q=20171224082403143596)
کە گوێ سوانە نەما لادێش نەما
گوێ سوانە واتە لێواری سەربان یان لێواری سەربانی خانووی قوڕ لە لادێکانی کوردستان، لادێکانی کوردستان لە بەرد و دار و خشت و قوڕ خانوبەرە و حەوشە و وبانیان دروستکرد یەکپارچە کەرەستەی خۆماڵی و خاکی کوردەواری بوو، بەڵام کە ئەمڕۆ بووە بە بلۆک و کاشی و بەردی حەلان و چیمەنتۆ و پلێت و چینکۆ و دیواری ڕاگر شوێنی چیلەبەردی گرتۆتەوە ئەوا بەرماڵانی ئاوایی ئە و تام و چێژەی نەماوە بۆیە ئەم ئیدیۆمە لەسەرەتایی سەدەی بیست و یەک لە باشوری کوردستان دەوترێت(کە گوێسوانە نەما، گوند و لادێش نەما).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2017/24/12 8:24:03 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1476
## کە گڵۆڵەت کەوتە لێژی کەس خاست پێ نایێژی
[https://www.kurdipedia.org/?q=20181002090600156705](https://www.kurdipedia.org/?q=20181002090600156705)



که گلۆڵەت کەوتە لێژی کەس خاست پێ نابێژی
وتراویشە کە(گلۆرەت کەوتە لێژی، کەس چاکت لۆ نابێژی) گلۆڵە ژنانی کورد بەهۆی ڕێستن بە(تەشی)یەوە دروستیانکردووە چ لە خوری یان موو، ژنێک ئازا بوایە ئەگەر لە ڕۆژێکدا دوو گلۆڵەی دروستبکردایە، لەبەر ئەوەی گلۆرە خڕە ئەگەر بکەوێتە شوێنی لێژایی تا خلۆر دەبێتە چالایی و بنی دۆڵ و شیوەوە هەر خوڵ دەخواتەوە و بەهیچ کلۆجێک بۆت ناگیرێتەوە و تا هەڵدەکرێتەوە کاتێکی یەکجار زۆری دەوێت، هەڵبەت کەوتنە لێژی گلۆرەیەک لە دەسەڵاتی خاوەن گلۆرەکە نیە دەنا حەزناکات لەدەستی بکەوێت و ڕەنج و ماندوبونێکی بەلاش بدات بۆ هەڵکردنەوە داوەبەن و مووە ڕێسراوەکە، کورد ئەم حاڵەتەی کردووە بەدەربڕ و ئیدیۆم بەکاریدەهێنێت بەتایبەت بۆ کەسێک کە لەکارێک یان هەڵوێستێک یان شتێکدا لێی بقەومێت کەس چاک وخاسی بۆ ناڵێت و هەمووی سەرکۆنەی دەکەن لەجیاتی ئەوەی باری نالەباری بۆ ڕاست بکەنەوە و زیاتر لەهەوڵی خستنی بارەکەی دادەبن بۆیە کورد بەدەربڕەوە وتویەتی(کە گلۆڵەت کەوتە لێژی کەس خاست پێ نابێژی).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی


| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2018/2/10 9:06:00 AM |
| ناوی تۆمارکار: | ئاراس ئیلنجاغی |

---

بابەت: 1477

## کە مانگ هەڵات حەوجە بە ئەنگوست ناکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20170429075321139402



کە مانگ هەڵات حەوجە بە ئەنگوست ناکات
ئە و پەندە کوردیە لەوەوە هاتووە کەلە سەرەتایی هەڵهاتنی مانگدا، مانگ نابینرێت بۆیە بە پەنجە(ئەنگوست)ئاماژەی پێ دەکرێت، بەڵام کە گەییە شەوی چواردە(مانگە شەو) دەوترێت: (کەمانگ گەییە چواردە پێویست بە ئاماژە ناکات)واتە(حەوجە) بەئەنگوست و ئاماژەدان ناکات.
ئینجا ئەم پەندە بۆ زۆر بوار بەکاردەهێنرێت وەک هەندێ شە و لە شەوانی ساڵ هەندە دونیا تاریکە مرۆڤ بۆ هەنگاونان و پیادەڕۆیی بەئەنگوست ڕێ دەکات و پێی دەوترێت شەوی(ئەنگوستە چاو) واتە هەنگاوەکان پەنجە پەنجە و بست بست دەنرێن، خۆ ئەگەر مانگ هەڵات ئەوا هیچ(حەوجە) بە ئەنگوست ناکات و دونیا وەک ڕۆژی ڕووناکی لێ دێت و دەتوانرێت هەنگاوی گەورە بنێیت، یان مرۆڤێک لە مرۆڤەکان لەلایەن مرۆڤەکانی دەوروبەرییەوە بە بەدگومانی لەکارە چاک و خێرییەکانیەوە دەڕوانن دوای ماوەیەک هەموو لایەک بە جوانی کارەکانی دەزانن و پێویستی بەوە نامێنێت پەنجەی بەدگومانی بۆ رابکێشن... تاد.
هەندێ جاریش بۆ زوڵمی زاڵمان ووتراوە: لێخوڕە تا مانگەشەوە، تاریکیشت بەسەر دادێت، واتا پەتی زوڵم وزۆرداری کورتە و ماوەیەکە و هیچیتر.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/29/4 7:53:21 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1478

## کە کلۆ هات بفەوتێ چاوی رەش دەبێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20180815093251153999

کە کلۆ هات بفەوتێ چاوی رەش دەبێ

لەدێر زەمانەوە ووتراوە(کە مێروولە خوا غەزەبی لێ گرت باڵی لێ دەرسکێ) هەڵبەت(غەزەب)ەکە لەمەوە سەرچاوەی گرتووە کە مێروولە بفڕێت و بچێتە ئاسمان هەرچی باڵندەی مێروولە خۆری ئەم ناوە هەیە ژەمەخۆراکیان لە فەراهەم دەبێت و بێ گەڕان و نیشتنەوە هەر لەبای غارا تێردەخۆن و لە خواردنی مێروولە باڵگرتووەکان، ئەی کە کلۆ هات بفەوتێ بۆ چاوی رەش دەبێت، کاتێ کلۆ بەخۆی و رەوە کوڵلەوە پەلاماری شوێنێک دەدات هەرچی سەوزاییە بەشیان ناکات و تێکڕای خۆراکەکە دەخۆن و هیچ ناهێڵنەوە ئیتر بەتێرخواردن چاویان رەش هەڵدەگەڕێت و کۆتاییان نزیک دەبێتەوە، ئەم درکە و ئیدیۆمە بەرامبەر بە(جەندرمە و زەفتیە)ی عوسمانییەکان بەکارهاتووە لەزەمانی گرانی و جەنگی جیهانی یەکەم ئە و چەکدارانە وەک واشەی برسی سوراوونەتەوە بۆ بەدەستهێنانی گەنم و جۆ و ئاژەڵ بۆ خۆیان و دەسەڵاتە خودسەرییەکەی عوسمانی، ئینجا بەتایبەت لەسەروبەندی جەنگی جیهانی یەکەم(1914-1918) ئە و جەندرمە و زەفتیانە لەهیچ نەگەڕاونەتەوە و هەرچی وەچنگیان کەوتبێ لەسەرووەت و سامان و دانەوێڵەی جوتیارانی کورد بردوویانە بۆ بەتەمەنەکانی کورد لەوێ رۆژێ ووتویانە کە کلۆ هات بفەوتێ چاوی رەش دەبێ.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/15/8 9:32:51 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1479

## کەر بگێت سەقەتی دەکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20171119081954143252

کەر بگێت سەقەتی دەکات
لەکوردەواریدا بەکەسێک دەگوترێت کە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا ستایشی خۆی بکات و هیچیشی نە لە تواناادا هەیە و نە لە هەگبەدایە، واتە نەزانە و دەست بۆ هەر کارێک بەرێت تێکی دەدات و هیچ کارێکی کە دەیکات تێیدا سەرکەوتوو نابێت لەبەر نەزانیەکەی بۆیە ووتراوە(کەر بگێت سەقەتی دەکات).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/19/11 8:19:54 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1480

## کەر بەجل وجۆڕ، ژن بەسەر و پۆڕ

https://www.kurdipedia.org/?q=20181004103309156773



کەر بەجل وجۆڕ، ژن بەسەر و پۆڕ
گوێدرێژ یان کەر جاران لەبەر ئەوەی لەشوێنی ئۆتۆمبیلی ئەمڕۆ بوو زۆر جێگەی بایەخ بوو(ناڵبەندی و کورتاندروو و خان و کادین وەک پیشەی ئێستای پەنچەرچی و کوشنچی و گەراج و بەنزینخانە) وابوون، کورتان دروو نازناوی هەندێ کەس و پیشەوەر بوو دواتر بووە نازناوی بنەماڵە بەتایبەت لەشاری کۆیە، وەک(کوشنچی) ئەمڕۆ لەبرەودابوو، خاوەنی کەر هەندێجار دەکەوتە پیاهەڵدانی کورتانی کەرەکەی و باسی دەست ڕەنگینی وەستای کورتانی کەرەکەی دەکرد و کورتان و جل وجۆڕی کەرەکە دەبووە جێی سەرنجی خەڵکی ئاوایی و وەک بنێشتە خۆشەی بن زاری دەیانگۆتەوە و لەسەر کورتان و جل و جۆڕی کەرەکەی دەدوان، ژن-یش کە لە هەندێک لە قۆناغەکانی مرۆڤایەتی بەیەکەم قۆناغی موڵکایەتیان ئەژمارکردووە، بەهەمان شێوە بەهەوری و گۆبەرە و قەنەفر بەند و ملوانەکە و تاد دەبووە(سەر و پۆڕ) خۆی دەڕازاندەوە و بەهەمان شێوە دەبووە جێی سەرنجی کیژوکاری و ژنانی ئاوایی و کە تێ دەپەڕی تاچاوی حوکمی دەکرد و بوارهەبوایە ژنانی تر سەیریان دەکرد و دەبوە جێی باس و خواسی ژنان و پیاوان لە کانی ژنان و پیاوانی ئاوایی و بەنمونەی خان و مانی و جوانی و شیک پۆشی دەهێنرایەوە و زۆر لە کوڕ وکاڵیش بۆی لێ دەدران و لەسەر چاو دەکەوتن لەماڵەوە بۆی، ئەم ئیدیۆمە لە بنەڕەتدا ئەوها بووە ئەمڕۆش بەکاردێت بۆ کاریگەری ڕواڵەت و بایەخدان بە رووخسار و پۆشین کە وا دەکات ببیە مایەی جێی سەرنج و جوانپۆشی وبەدیارکەوتن بۆیە کورد بە دەربڕینەوە دەڵێت(کەر بەجل وجۆڕ، ژن بەسەر و پۆڕ).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات:                    ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن:        AM 10:33:09 2018/4/10
ناوی تۆمارکار:        ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1481
**کەر بەلێدان نابێتە ئەسپ**
https://www.kurdipedia.org/?q=20190306081356280182




کەر بەلێدان نابێتە ئەسپ
وتراویشە(کەر بچێتە بەغدا نابێتە ئێستر) واتە هەرچی لەگەڵ کەر بکرێت چ لێدان چ شوێن گۆڕین چ کورتان و زین گۆڕین کەر هەر کەرە و ئەسپیش هەر ئەسپە، ئەم ئیدیۆمە لە پێ کەڵکی لێدان هاتووە سەبارەت بەکەسێک کە خۆی تیابەستە نەبوو بێت و مێشکی نەخاتە کار جگە لە ئامۆژگاری و ڕێنمایی ئەوا لێدانیش هیچ لەبار و حاڵی ئە و کەسە ناگۆڕێت.

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن:        AM 8:13:56 2019/6/3
ناوی تۆمارکار:        ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1482
**کەر تری و بار شێوا**
https://www.kurdipedia.org/?q=20220621202614419356



کەر تری و بار شێوا
مرۆڤ، هەرچی کەودەنی و نەفامی و نەزانی و کەم عەقڵیە، داویەتیە پاڵ ئاژەڵی چوارپێی وەک:گوێدرێژ، لەهەورازان کەر بەباری قورسەوە دەست دەکات بەترین و ئەگەر هەورازەکە سەخت و دژوار بێت ئەوا بارەکەی خوار دەبێت، چونکە لە تاقەت و هێزی نامێنێت، نەقیزەی هەموو دونیا لە ترین و بارخوار بوون، ڕزگاری ناکات، ئە و حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم و ئەگەر کەسێکی گێل و نەفام و دەبەنگ کارێک بکات بەدڵنیاییەوە کارەکەی نابەجێ دەبێت و دەبێتە مایەی تێکدانی کاروبار و شێوانی بۆیە بەتوانج و پەلارەوە بەکارکردنی نەفامان وتراوە: کەر تری و بار شێوا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 8:26:14 2022/21/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1483
**کەر تۆپیوە شایی سەگانە**
https://www.kurdipedia.org/?q=20211218182549398874
کەر تۆپیوە شایی سەگانە
کەر بتۆپێت دەبێتە کەلاک و کەلاکیش سەگ و چەقەڵ و گۆشتخۆرەکان دەوری دەدەن و دەیخۆن، بەمەش تێر دەبن و برسێتیان نامێنێت، هەڵبەز و دابەز و یاری خۆیان دەکەن و وەکو شایی و هەڵپەرکێی مرۆڤ دێتە بەرچاوان، ئەوە بووە بەئیدیۆم لەکوردەواریدا کاتێک یەکێک پەکی دەکەوێت و سامان و سەرمایەکی باشی نەختینەیی و ماڵ و موڵکی هەبێت، هەست بکات هەندێک لەکەسە نزیکەکانی کە دەبنە میراتگری خۆشحاڵن بە پەککەوتنی و ئارەزووی زوو لە دونیا ڕۆیشتنی بکەن ئەویش بە نیگەرانیەوە دەڵێت(کەر تۆپیووە شایی سەگانە). [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 6:25:49 2021/18/12
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1484

## کەر چوزانێ بۆنی بەهێ چیە؟

https://www.kurdipedia.org/?q=20220617220355418973



کەر چوزانێ بۆنی بەهێ چیە؟
ئاژەڵی چوارپێ کە لە کوردەواریدا بە گوێدرێژ و کەر دەوترێت، ئەگەر بۆ مرۆڤ بەکاربهێنیت و بڵێی: چوارپێ دەبێتە جنێو و گوزارشتە لە کەودەنی و دەبەنگی، ئە و گیانلەبەرە بەستەزمانە مرۆڤ لە دێر زەمانەوە بۆ خزمەتکردنی خۆی بەکاریهێناوە، بۆ بارکردن و گواستنەوەی شمەک و کەل و پەل، کەر کە خۆراکی سەرەکی(جۆ)یە نەوەک میوەی(بەهێ) وەکو هێما و ڕەمزی نەزانی و نەفامی و بێ هەستی و بێ عاقڵی بەرامبەر یەکتری مرۆڤ بەکاریهێناوە و وتویەتی: کەری کوڕی کەر، کەران باوگاو، کەری لە کەرێ، کەرباب، کەرەشین، کەرە دێزە، ماکەر، کەرە تۆپیو و..تاد، هەر لێرەش وەکو ئیدیۆم جارێکیتر بەکارهێنراوە بۆ مرۆڤێکی نەزان و بێ مێشک کە قابیل و شایەنی شتێک نەبێت، بەتەوسەوە پێی دەوترێت: کەر چوزانێ بۆنی بەهێ چییە؟ [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/17/6 10:03:55 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1485

## کەر لە قوڕاودا دەگێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20171119082150143253

کەر لە قوڕاودا دەگێت
ئەم ئیدیۆمە بۆ بوارێک بەکاردەهێنرێت کە کەسێک فرسەت حیز بێت و دەگە لە یەکێک بدات کە سەرقاڵ بێت و بەهیچ نەپرژێت و بواری هیچی نەبێت، هەروەها بەکەسە سەرقاڵەکەش دەوترێت هێندە سەرقاڵە کەر لە قوڕاودا دەگێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017/19/11 8:21:50 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1486

## کەر لە قوڕدا ئەگێت

https://www.kurdipedia.org/?q=20220429202547411824



کەر لە قوڕدا ئەگێت
لە نوکتە و چیرۆکە کۆنەکانی مەلای مەشهور دا هاتووە، دەگێڕنەوە ڕۆژێک کابرایەک دێتە لای مەلای مەشهور و دەڵێت: مەلا ماڵی فلان کەس کەرەکەیان زاوە جاشکێکی بێ کلکی بووە، ئەویش زۆر خەفەتی بۆ دەخوات دەڵێت: باشە ئەگەر سبەینێ گەورە بوو، لە قوڕێ چەقی چۆن؟ خاوەنەکەی بڵندی بکات و لە قوڕەکەی دەربهێنێت، قوڕ و چەقین لە قوڕ، لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا ئیدیۆم و پەندی لەسەر هاتووە لە ناو کایەی سیاسی و نێو دەوڵەتیش شکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا-یان لە(ڤێتنام) بە چەقین لە قوڕاوی(دیان بیان فۆ) باسکردووە لە ساڵی 1952ی زایینیدا، قوڕ چ سروشتی بێت لەناو لێرەوار و جەنگەڵ و هۆڕ و زەلکاواندا هەبێت یان مرۆڤ خۆی گرتبێتیەوە، ئەوەی بکەویتە نێویەوە دەچەقێت، ئینجا چ مرۆڤ بێت یان وڵاغە بەرزە و بارەبەری وەکو ئەسپ و ئێستر و گوێدرێژ، ئەوەی بچەقێت پێویستی بەدەستبار و دەستگرۆیی و دەستگرتنە تاوەکو لە قوڕ و چڵپاوەکە دەربهێنرێت، چونکە تەواو پەلەکانی تا سەرووی ئەژنۆی لە قوڕەکەدا دەچەقێت و ناتوانێت یەک بە پێیەکانی خۆی هەنگاو بنێ و دەستەپاچە دەوەستێت، ئە و حاڵەتە بێ دەسەڵاتیە و چەقینە بووە بە ئیدیۆم و بەکەسێکی فرسەت حیز و لە دەرفەت گەڕاوان دەوترێت: کەر لە قوڕدا ئەگێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/29/4 8:25:47 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1487

## کەر لە کەرێی خۆشی دێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001104507156657




کەر لە کەرێی خۆشی دێ
وتراویشە(هەر تەیرە بەرەوەی خۆی) واتە هەر چین وتوێژەی ئارەزووی یەکتری دەکەن و بەیەکەوە هەڵدەکەن و لەخۆشی و ناخۆشی و ناز و عیشوە و هەبونی و نەبونی یەکتری تێ دەگەن و کەسیتر لە خۆیان چاکتر نیە بۆ پێکەوە ژیان و تێکەڵبوون، لێرەدا کەر لە کەرێی خۆشی دێ شێوە زاری ڕۆژهەڵاتیانەی کوردستانە و واتە ئەگەر تۆ نیگەران بووی بەهاوڕێیەتی و ڕەفیقی کەرێ ئەوە بزانە کەر لەکەرێی خۆشی دێ، دەکرێت بەتەوس و توانج و پەلارەوە بەدوو هاوڕێ بوترێت کە کەودەن و کاڵفام و دەبەنگ و ناحاڵی و لاپرەسەنگ و هەپرەگون بن پێیان بوترێت(کەر لەکەرێی خۆشی دێ).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/1/10 10:45:07 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1488

**کەر لەچاو ئە و سعاتچیە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170802073514141712

کەر لەچاو ئە و سعاتچیە

کەر یان گوێدرێژ لە کوردەواریدا زۆر بەنمونە دەهێنرێتەوە بۆ ئە و کەسانەی نەفامن یان کاری نابەجێ دەکەن کە هەڵبەت بووە بە خوو ئەگەرنا کەر یەکێک لە ئاژەڵە زیرەکەکان لە ڕێگاو بان و کاری ناو کێڵگە، کاتێک کەر وەک ڕوانگەی کۆمەڵگە بە و هەموو نەفامیەی لە چاو ئە و کەسەی ئە و ئیدیۆمەی ئاراستە دەکرێت ئەوجا سعاتچیە واتە پیشەورێکی وورد و کارامە و وەستایە لەچاو ئە و مرۆڤەی کە پێی دەوترێت(کەر لەچاو ئە و سعاتچیە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/2/8 7:35:14 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1489

**کەر لەکوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180820092848154560



کەر لەکوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە
شێواندنی حەقیقەت(دروست)ی هەر(کارێک، بابەتێک، هەڵوێستێک، ئاخاوتن و گێڕانەوە، شێواندنی حەقیقەت و دۆزینەوەی) بەنمونە تۆمەت و گوناح دانە پاڵ کەسێک و لەچەند ڕۆژی ئایندە دەردەکەوێت ئەوەی تۆمەتەکەی دراوەتە پاڵ بێ بەرییە لە وکارە و ئەوەی جێگەی متمانە بووە کارەکەی بەسەر ساغ بۆتەوە ئینجا لەناو کوردان بەدەربڕینەوە دەوترێت(کەر لەکوێ کەوتووە و کوندە لەکوێ دڕاوە) واتە ئەوەی مەزەندەمان بۆ دەبرد وا دەرنەچوو سەیرکەن ئەوەی هەرگیز بیرمان بۆی ناچوو ئە و ئەنجامی داوە، یان گێڕانەوەی چیرۆکێک یان ڕووداوێک بەناڕوونی و شێواوی دوای دەرکەوتنی ڕاستیەکان دەوترێت(کەر لەکوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)

کاتی تۆمارکردن: 2018/20/8 9:28:48 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1490

## کەر و خۆڵەمێشن

https://www.kurdipedia.org/?q=20220429202905411825



کەر و خۆڵەمێشن
هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمەش هەیە کە دەڵێت: وەکو سەگی سەر زبڵدان، لە زستانی سارد وسۆڵدا سەگ زۆر حەزی لەسەر گیفۆک و سەرین گوان و زبڵدانە، چونکە گەرمە ئەگەر بەفر یەک مەتریش ببارێت مادام ژێرەوەی گەرمە بێ باک لەسەر زبڵدانەکە وەردەکەوێت و دەخەوێت، ئاژەڵی گوێدرێژیش یەکێک لە چالاکیەکانی بۆ پشوودان و پشت خوراندن گەوزینە لە خۆڵە پۆت و خۆڵەمێش و خۆڵە کەوە و مشکێ و مشکیدان، ئەوەندە حەزی پێ دەکات وەک ئەوەی ڕوونی سەگی لە قەلب بدەی، هەندێک پارچە زەوی ناوی ئاقارانیش لە گوندەکانی کوردستان بەناوی(کەر گەوز) هەیە، ئەوە لایەنی ڕاستەقینەی ئیدیۆمەکەیە، وەکو ئیدیۆمیش بەکاردێت بۆ لێک وەشانەوەی دوو شت بەیەکەوە یان کەسێک زۆر جوان لەگەڵ کار و ئیشەکەی بسازێت و گونجاو بێت بە تەوس و گاڵتەوە دەوترێت: کەر و خۆڵەمێشن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: PM 8:29:05 2022/29/4
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1491
## کەر و شەڵتەمان نی یە قوڕێ دەگرینەوە
https://www.kurdipedia.org/?q=20171126095458143323
کەر و شەڵتەمان نی یە قوڕێ دەگرینەوە
شەڵتە و تێرکە(ڕاویە) لەسەر پشتی کەر دادەنرێت و ئاوی بیر و کانیاو و کارێز و ڕووبارەکانی پێ دەکێشرایەوە بۆ پێداویستیەکانی ناو ماڵ و قورکاری پایزان و سەر سواخی بانەکان و ماڵنجی دیوارەکان، ئینجا کەسێک بڵێت قوڕ دەگرینەوە و ئاسانە کەچی نە کەری هەبێت و نە شەڵتەی کێشانەوەی ئاوی هەبێت، کەواتە ئەم ئیدیۆمە بەکاردێت کاتێک بمانەوێت کارێک بکەین و هیچ پێداویستی و ئامێرێک نەبێت بۆ ڕاپەڕاندنی بە تەوس و گاڵتەوەش ووتراوە(کەر و شەڵتەمان نی یە قوڕێ دەگرینەوە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: AM 9:54:58 2017/26/11
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1492
## کەر و مشکی دان
https://www.kurdipedia.org/?q=20190106090945184608

کەرو مشکی دان
ئاژەڵی کەر لەکاتی پشوواندا حەزدەکات بگەوزێت و خۆی لە خۆڵەپۆت وەربدات دیارە ئەمەش جۆرێکە لەباری خواستی گویدرێژ، هەڵبەت لەهەموو خاک وخۆڵێکدا بۆ گەوزین دەست نادات دەبێت ئەویش خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەبێت وەک تۆز و گەردی وورد و نەرم ئینجا(مشکی دان) شوێنی گردوکۆکردنەوەی خۆڵەمێشی ئاگردانانە، خۆڵەمێشیش بووە بە زوخاڵ و کڵوکۆی دامردووە و بووە بە(خەرپووت-هاڵاوی مردوو-ناوی شارێکی باکوری کوردستانە) ئەم هاڵاوە مردوانە نەرم و نیان و تۆزدارن ئاژەڵی کەر زۆر حەز دەکات تێیدا بگەوزێت بۆیە کورد بە کەسێک یان دووان بەیەکەوە دەڵێت وەک(کەر و مشکدان) وان دایمە بەیەکەوە چونکە زۆر حەز بەیەکتری دەکەن و لە یەکتری زۆر گونجاون بۆیە بۆ ئەم بارە لە ناو کورداندا بە ئیدیۆمەوە گوتراوە(کەر ومشکی دان) واتە زۆر لەیەکتری دێن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2019/6/1 9:09:45 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1493
## کەر و ڕمبازیان نەگۆتیە
[https://www.kurdipedia.org/?q=20181220074910181674](https://www.kurdipedia.org/?q=20181220074910181674)



کەر و ڕمبازیان نەگۆتیە
ئاژەڵی کەر لەهیچ سوپایەک بەکارنەهاتووە بۆ شۆڕەسواران و واتە ئاژەڵێکە بۆ کاری ناو کێڵگە و ناوماڵ و باروباربردن بەکارهاتووە لەبەر ئەوەی ئاژەڵێکە بەرزە نی یە وەک ئەسپ و ماین هەمیش گورج وگۆڵ نی یە لە ڕێ ڕۆیشتن و غاردن و سوارسوارنێ، ڕم و ڕمبازیش کاری جەنگاوەرانە و ڕمەکانیش درێژبوون و لە بەرزی گوێدرێژ درێژترن، ئینجا بۆیە بە کەسێک دەوترێت(کەر و ڕمبازیان نەگۆتیە) کە لەئاستی کارەکەی نەبێت و یاخود نەتوانێ ئە وکارە بکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] К تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2018/20/12 7:49:10 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1494
## کەر و کورتانیان دەردێنێ
[https://www.kurdipedia.org/?q=20220424230627411415](https://www.kurdipedia.org/?q=20220424230627411415)



کەر و کورتانیان دەردێنێ
لەکوردەواریدا هەندێ ئیدیۆم بۆ ناوهەڵدان و ناسینەوە و سەرناسی و لەدوورەوە ناسینی کەسان بەکاردەهێنرێن، بۆ نمونە ئەگەر کەسێک لەدوورەوە بەرە و ئاوایی و ناودێ بێت، ئەوا ئە و کەسانەی لەبەربەرۆچکی مزگەوتی گوندەکەدا دانیشتوون، هەر بابا یەی ناونیشانی کەسێک هەڵدەدات، ئەگەر کەسێک لەوان ناوهەڵدانەکەی تەواو بوو، ئەوا ئامادەبووەکان دەڵێن: قونیت دڕی واتە: ناونیشان هەڵدانەکەت پێکای، ئینجا ئەگەر ئە و کەسە زیاتر لەسەری بدوێ و زانیاری زیاتر لەسەر کەسەکە بدات ئامادەبووان دەڵێن: قوڕی بنیت دەرهێنا، لە و ئیدیۆمەی سەرەوە(کەر و کورتانیان دەردەهێنێت) هاوشێوەی(قون دڕین و قوڕی بن دەرهێنانەکە)یە، چونکە هەڵوەشاندنەوەی(کورتان-کۆپان-پاڵان) کە پڕیەتی لە(پوش) ئاسان نییە، ئە و پوشەی کە کورتاندروو بە کۆپان ئاخن ، شیشێکە بۆ پەستانەوە و ئاخنینی پوشەکە بۆ ناو کورتانەکە توند ئاخنیویەتی بە درێشە و شوژن و داو و بەن، هەڵبەت تەتەڵەکردنی ئە و کورتانە کارێکی ووردە و مرۆڤێکی شارەزایی دەوێت بۆ ئەنجامدانی و ناسینی کەر و وڵاخەکە و کورتانەکەی، بۆیە ئەگەر کەسێک وورد و درشت زانیاری لە سەر کەسێک و خانەوادەکەی هەبێت بەگاڵتەوە دەوترێت: بەخوا کەر و کورتانیان دەردەهێنیت ئەوەندە شارەزاییت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی


کاتی تۆمارکردن: 2022/24/4 11:06:27 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1495

## کەرت هەبێت، کەرت دەتۆپێ، ژنت هەبێت ژنت دەڕوا

https://www.kurdipedia.org/?q=20220616161817418821



کەرت هەبێت، کەرت دەتۆپێ، ژنت هەبێت ژنت دەڕوا
عەزیزی مام حەمە عەلی حاجی عەلی حەمەد مەلاک، خەڵکی ئاوایی ئیلنجاغی گەورەی شێخانانی وراتی کۆیە بوو، ئێستا لە ژیاندا نەماوە، بۆ دڵدانەوەی ئە و کەسانەی کە دووچاری زیانێک دەبوون هەموو جارێ ئە و قسەیەی دووبارە دەکردەوە، هەڵبەت ئەویش ئە و پەند و ئیدیۆمەی لە کەسانی پێش خۆی وەرگرتووە، کە لە بنەچەدا ئیدیۆمەکە ئەوها بووە(چیت هەبێت، ئەوەت دەڕوات، نامێنێت، دەمرێت...تاد) کەرکە لە شوێنی ئۆتۆمبیلی تایبەت و بارهەڵگری ئەورۆ بووە، زۆر ئیدیۆمی لەسەر هاتووە، وتراوە: کەرێکت نەبێت، کەرێک ناهێنیت، گیسکێکت نەبێت گیسکێک ناهێنیت... بە و شێوەیە، وەکو گاڵتە و گەپ مام عەزیز ئە و ئیدیۆمەی بۆ زیاد کردووە: ژنت هەبێت ژنت دەڕوا، ئێستا لە سەروبەندی ساڵی(2022) زاییندا، ئە و کەسانەی کە ژنیان دەڕوات چ وەکو تۆران چ وەکو جیابوونەوە زۆر زۆر بووە و خەریکە گاڵتەکەی مام عەزیز تەواو وەکو ئیدیۆم شوێنی خۆی بکاتەوە، کە پێشتر ئەگەر کەر بەمانای وشە زۆر پێویست بووە بۆ کاروباری ناوماڵ و کێڵگە و شوانکارەیی و دەست ویێی مرۆڤ بووە بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبار، کاتێک بە هەر هۆکارێک بتۆپیبوایە

خەڵکی دەچوون دڵیان دەدایەوە دەیان ووت: کەرت هەبێت، کەرت دەتۆپێ، مام عەزیزیش ئەوەی بۆ زیادکردوو دەیوت: ژنت هەبێت ژنت دەڕوا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/16/6 4:18:17 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1496
## کەری بردە سەرکانی، کورتانی هێناوە بەشانی
https://www.kurdipedia.org/?q=20220617213106418969



کەری بردە سەرکانی، کورتانی هێناوە بەشانی
لە ڕۆژی سەرما و سۆڵە و سەختی زستاندا ئەگەر بە کەرێ بچیت بۆ ئاوهێنان لەسەر کانی، ڕێگاکە بەستویەتی و لە بەر زوقم و شەختەی، کەرەکە هەڵدەخلیسکێت و هەڵدەدێرێت بە و هۆیەشەوە دەتۆپێت و ناگاتەوە ماڵ، کابرای خاوەن کەرەکە بەناچاری کورتانەکەی بەشانی دەباتەوە بۆ ماڵەوە، هەڵبەت ئە و پەند و بەسەرهات و ئیدیۆمە پەیوەندی بە حسابگرەوەکانەوە هەیە لە وەرزی زستان ئەگەر لە کوردستان لەماوەی ڕۆژدا بارانێکی زۆر ببارێت و شەویش بیکاتە ساماڵ و سایەقە ئەوا ئە و تەڕایی و ئاوەی لەماوەی ڕۆژدا باریووە لە ڕێگا و گۆمەکاندا بەهۆی نزمبوونەوەی پلەکانی گەرما بۆ خوار پلەی ئاوڕەنگ یەکسەر دەبێتە زوقم و شەختە، بۆیە وتویانە: ئەگەر بتەوێت کوردان بکەی قڕ، بە شە و ساماڵ و بەرۆژ هەوری پڕ، ئیتر حاڵەتی کەر بردنە سەرئاو(سراو) بۆ هێنانی ئاو لە و سەروبەندەدا بووە و کەرەکە تیاچووە و تۆپیووە بۆیە بەناچاری کۆپاڵ و کورتانەکەی بەشانی دەبرێتەوە ماڵەوە وتراوە: کەری بردە سەرکانی، کورتانی هێناوە بەشانی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/17/6 9:31:06 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1497

## کەری خۆیەتی و گوێی ناڵ دەکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20171119082527143254

کەری خۆیەتی و گوێی ناڵ دەکات
ئە و ئیدیۆمە بە و شێوەیەش ووتراوە(ماڵ ماڵی خۆمە حەزکەم دەیخۆم حەزکەم نایخۆم) ئەم دەربڕینە بۆ ئەوە بەکارهاتووە کە هەر کەسە و لەوەی کەخاوەندارێتی دەکات ئازادە چی لێ بکات و چۆن هەڵسوکەوتی پێ بکات، ئەوەی کە قسەی لەسەر دەکات بە قسەکردنێکی زیادە بۆی هەژماردەکرێت بۆیە ووتراوە(کەری خۆیەتی و گوێی ناڵ دەکات) بە تۆ یان بە ئێوەچی؟

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/19/11 8:25:27 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1498

## کەری خۆیەتی گوێی ناڵ دەکات

https://www.kurdipedia.org/?q=20200927205930388332



کەری خۆیەتی گوێی ناڵ دەکات
وتراویشە(ماڵی خۆمە حەزکەم دەیخۆم و حەزکەم نایخۆم) ئەوە بۆ ماڵی خۆت، سەبارەت بە خاوەندارێتی(کەر)یش هەمان ئیدیۆم دەیگرێتەوە، هەرچەندە ناڵکردنی گوێدرێژ لە سمەکانیەوە ناڵ دەکرێت، بەڵام وەک درکە و کینایە بەکەسێک دەوترێت کە خاوەنداریەتی شتێک بکات بەئارەزووی خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات، کەس ناتوانێت ڕێگری لێ بکات، بۆ ئە و جۆرە کارە و هەڵسوکەوتە بە ئیدیۆمەوە دەوترێت(کەری خۆیەتی گوێی ناڵ دەکات).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2020/27/9 8:59:30 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1499
## کەری دوژمنیشت بگێ هەرباشە
https://www.kurdipedia.org/?q=20180815093413154000



کەری دوژمنیشت بگێ هەرباشە
خوێندوومەتەوە کە ئەمریکیەکان دەڵێن(ئاساییە دوژمن بێتە وولاتەکەتەوە، بەڵام ئاسایی نیە بێ زیان لێی دەرچێت) هەڵبەت ئەم ئیدیۆمە کوردییەش چەمکێکی لەوشێوەی ووتە ئەمریکیەکەی تێدایە، چونکە دوژمن دوژمنی تۆیە بەخاک و ئاو و مرۆڤ و بونیادەم و ژیاریەوە ئینجا هەر زیانگەیاندنێک بەدوژمن مایەی نیگەرانی دووژمن و ئاسودەیی دەستوەشێنەکەیە، زۆرجار لەسەر ئە و ئیدیۆمە داکەوتەیە(واقیعیە) لەنێوان دوو خاوەن زەوی وزار و ئاغا و کێخواوە شەڕێکی گەورە لەسەر کەر گاینی یەکتری روویداوە و بە نەنگی و لەنگی لێکدراوەتەوە چۆن دەبێت کەری ئێمە بگێن، هەندێجار سەری بردووە بۆ کوشتن بەهۆی کەر گاینەوە هەر لەبەر ئەمەشە کورد بەدرکە و کینایەوە دەڵێت(کەری دوژمنیشت بگێ هەر باشە) وەک چۆن بۆ ڕەزیلان ووتراوە(هەر موویەک لەبەرازی ببتەوە).

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]()
کاتی تۆمارکردن: 2018/15/8 9:34:13 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1500
## کەری شەریکی گورگ ئەیخوات
https://www.kurdipedia.org/?q=20220613232409417459



کەری شەریکی گورگ ئەیخوات
شەریک: هاوبەشی دوو کەس یان زیاتر بۆ موڵکایەتی و کار و بار و بەرهەمێنان و پرۆژە و سەرپەرشتیکردن و...تاد، ئەوانەی ئەزمونیان لەگەڵ شەریکایەتیدا هەیە زۆر بە سەرنج و تێبینییەوە دەڕواننە کاری هاوبەشی و کەمجار خۆیان لە کاری هاوبەشی و شەریکایەتی دەدەن، چونکە ئە و کارە تاقیکراوەتەوە جگە لە زیانی مادی، زیانی واتایی و مەعنەویشی تێدایە چونکە مرۆڤەکان خزمایەتی و دۆستایەتیەکەشی لەسەر دادەنێن بە هۆی توڕەبوونەوە ، بۆیە کورد لە مەترسی شەریکی ووتویەتی: کەری شەریکی گورگ دەیخوات واتا ئە و لەبەر ئەو، ئەم لەبەر ئە و هیچ کامێکیان ناچن بەلای کەرەکەوە بۆیە کەرەکە لە نێوان هەردوو خاوەنەکەی گورگ دەیخوات، بۆیە کورد لە ئیدیۆمێکیتر قورستر باسی ئە و حاڵەتە دەکات و دەفەرموێت: ژنت شەریک بێت، ماڵت شەریک نەبێت، لە هەموو بوارەکاندا کار هاوبەشی و شەریکی بووە بە مایەی نیگەرانی و توڕەبوون و زیان پێگەیاندن بۆیە لە زۆربەی ئیدیۆمەکاندا سەرکۆنەی کاری هاوبەشی و شەریکی لەماڵ و پەز و پەلەوەڕ و کێڵگە و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەرپەرچ درایەتەوە و نەکراوە و حەزی پێ نەکراوە، چونکە لەبەر یەکتری کارەکە فەرامۆش دەکرێت بۆیە وەکو ئامۆژگاری و ئەزمونداری و ڕێنوێنی وتراوە: کەری شەریکی گورگ دەیخوات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/13/6 11:24:09 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1501

## کەری نێر نایکێشێ

https://www.kurdipedia.org/?q=20220429203844411829



کەری نێر نایکێشێ
بارەبەری وەکو گوێدرێژ مرۆڤ بۆ کاروباری ناو کێڵگە و بارگواستنەوە و جووتکردن و پێداویستیەکانی بەکارهێناوە، لە هەندێ ناوچەدا خۆشناوەتی بەنمونە وەکو نەریت و باوبوون تەنها(نێرەکەر)یان بەخێوکردووە، نێرەکەر یان کەری نێر خورت و بە هێز بووە بۆ بارگواستنەوە و کێڵانی زەوی بەکاریانهێناوە، لە و ناوچە شاخاوی و پێدەشتانە تاکە هۆوپێناوی گواستنەوەش بووە بۆیە زۆر بەنمونە هێنراوەتەوە و خراوەتە نێو ئیدیۆمی کوردی، ئینجا ئەگەر کەسێک زۆر بەخێ داهەڵبدات و خۆی زۆر گەورە و قورس بکات بەتەوس و گاڵتەوە فشە پێکردنەوە دەڵێن ئەوە چیە ئەوەندە مەدحی خۆی دەکات کەسێک نەیناسێت دەڵێت: کەری نێر نایکێشێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی]
کاتی تۆمارکردن: 2022/29/4 8:38:44 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1502

## کەرەکەم کرد بە زەنگ

https://www.kurdipedia.org/?q=20220511222756413686



کەرەکەم کرد بە زەنگ
کەرە: ڕۆنەکەرە و فەریکەڕۆنیشی پێ دەوترێت، ئە و چەوریيە کە بەژەندن یان شڵەقاندنی ماست و دۆ لە مەشکەدا دەگیرێت، ڕەنگی زەرد و سپیی هەیە بە گوێرەی ماستەکە هەژێنراوەکە ، دەتوانرێت بەخاوی بخرێتە سەر نان و بخورێت یان سەوزە و هەندێ خۆراکی پێ سوور بکرێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی لە بەرهەمی شیرەمەنی مانگا و گامێش و مەڕ و بزن دا دەست دەکەوێت، زەنگ: واتە ڕۆنی قاڵی شلی زرنگ، کە دوای خستنە سەر ئاگری کەرە بۆ قرچاندنەوە و کوڵاندنی تاوەکو ڕۆنی ساف و ساغی لێ دەست کەوێت، کاتێک لەسەر ئاگرەکە دەقرچێندرێتەوە، کەفێکی سپی دەکەوێتە سەرەوەی تاوێرەکە و ڕۆنە زرنگە شلە قاڵەکەش دەکەوێتە ژێرەوە کە ڕەنگێکی زەردباوی کاڵی هەیە، ئە و کەفەی سەرەوەی دەگیرێت و جیادەکرێتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە پێی دەوترێت: ڕۆن ساغ، یان زەنگ و زرنگ، لە کەرەیەکی زۆر ئینجا هەندێک ڕۆنی ساغ بەرهەم دەهێنرێت، دەگێڕنەوە لەگوندی(گۆرقەرەج)ی زێدی گەورە شاعیری کورد(حاجی قادری کۆیی) لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم، کێخوایەکی هەبووە کە سەرانەی(کەرە)ی ئاوایی(گۆرقەرەج)ی بۆ فەرمانبەرانی فەرمانگەی ڕێژەی تەقتەق بردووە لە سەروبەندی دەسەڵاتدارییەتی خەلافەتی عوسمانییەکان، لەلای بەڕیوەبەری فەرمانگەکە دەڵێت: ئە و برە کەرەیەی بۆ ئێمەتان داناوە زۆر و قورسە ناتوانم ئەوەندەتان بۆ بهێنم، لەبری ئەوە زەنگ-زرنگتان بۆ دەهێنم، ئە و قۆنتەرات چییەی فەرمانگەی ڕیژەی تەقتەق بە و پێشنیارەی مام کێخوا ڕازی دەبێت، مام کێخواش دەگەڕێتەوە بە خەڵکی ئاوایی دەڵێت: کەرەکەم کردە زەنگ، ئەوەش بووە بە ئیدیۆم و بۆ فەقیرحاڵی و نەفامی و دەبەنگی و غەریبی کەسێک دەوترێت بەخوا بابە کەرەکەی بۆمان کردە زەنگ، واتە باری قورستر کردین، چونکە چەند کیلۆیەک کەرە ئەگەر نیو کیلۆ یان زیاتر ڕۆنی زرنگ و ساغی لێ بەرهەم بهێنرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
وڵات: باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/11/5 10:27:56 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1503

## کەس بە و سەردولکانە گریانی نایە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220429204203411833



کەس بە و سەردولکانە گریانی نایە
سەردولکە، ئە و وتە و قسانەن کە لە پرسەدا ژنان دەیڵێن بەدەنگ و ئاواز و هەندێک لە ژنانی ئامادەبووی پرسەکەش لەدوایانەوە دەیڵێنەوە، بە و ژنەی یەکەمجار دەست پێدەکات پێی دەوترێت: سەردولکە گێڕ، خاسیەتی سەردولکە پیاهەڵدان و ناورانەوە و دڵ بۆ سووتان و سوێ بوونەوەیە، کرۆزانەوە و شکستەخۆیی و بێ دەسەڵاتی تێدایە، هەندێجاریش بۆ خۆ نزیکردنەوە و ڕەپێشکردنە و بەمەبەست و مەرامێک ئەنجام دەدرێت، بۆ ئە و جۆرانەیان کە درکی پێکرا لە جەرگ سووتانەوە نییە و لە ناخەوە نایەت هەتا سبەینێ بوترێت کەس گریانی بۆ نایەت، ئە و حاڵەتە بووە بە ئیدیۆم و بە گوفتاری کەسێکی فریودەر و مەرایيکەر و بێ متمانە و ڕووپامایی و ڕواڵەتی و ڕووکەشی کە جێگای بڕواکردن نیە بەتەوس و گاڵتەجارییەوە دەوترێت: کەس بە و سەردولکانە گریانی نایەت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/29/4 8:42:03 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1504

## کەس بەدۆی خۆی ناڵێ ترشە

https://www.kurdipedia.org/?q=20200906130459387574



کەس بەدۆی خۆی ناڵێ ترشە
شیرمەنی و بەرهەمەکانی لەکوردەواریدا بایەخێکی زۆریان پێدراوە، ئەوەی بەرهەمی شیرمەنی نەبووبێت هەژار بووە و وتراوە(نانی بەدۆی ڕاناگات)، دۆش لە تێکەڵکردنی ماست و ئاودا لەنێو مەشکەدا بەهەژاندنێکی زۆر دروست دەکرێت و کەرەکەی دەبێتە توێژێک و دێتە سەرەوە و لێی دەگیرێت ئەوەی دەمێنێتەوە ئاوی ماست و ئاوی خوایشتە کەڕەنگێکی سپی کاڵی دەبێت هەندێک جار زۆر دەهەژێنرێت و ئاوی زۆریشی تێ دەکەن دۆیەکە شین و تەڕ دەبێت و تامی زۆر کەم دەبێتەوە تەنیا هەست بەڕەنگێکی سپی مەیلەوشین و مزرییەکی کەم دەکەیت، ئەگەر حەزت لەشیرینی بوو دەتوانی دۆشاو و شەربەتی بخۆیتەوە، دەنا هەموو دۆیەک ترشە، ئەمە بووە بەئیدیۆم و گوزارشتێکی بەهێز لەناو کورداندا واتە کەس نییە لەم گێتیەدا شتی خۆی پێ شیرین و باش و جوان و ڕێک وپێک و تەواو نەبێت، تا کارگەیشتۆتەی

ئەوەی بەدۆی ترشی خۆشیان بڵێن چ ترش نینە، بۆیە کورد وتویەتی هەنکوە ئەوەی پێ ناوێت(کەس بەدۆی خۆی ناڵێ ترشە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/6/9 1:04:59 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1505

**کەس دەسکی لە دو ناکا**

https://www.kurdipedia.org/?q=20180125093910144256

کەس دەسکی لە دو ناکا

ئەم ئیدیۆمە بۆ کەسێکی زۆرزان- یان زۆری قسە پێ بێت، یان کەس لە ئاخاوتن و گفتوگۆ لێی نەباتەوە، دەوترێت فلانە کەس زۆری پێ یە کەس لێی ناباتەوە یان کەس دەسکی لەدو ناکا، دەسک: دەسکێک گیا(باقە) ئەوەی ئازا بێت لە دروێنە و ڕنینەوەی گیا بەدەستی و کەسیتر لە و کارە لێی نەباتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/25/1 9:39:10 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1506

**کەس لە کەس ڕازی نیە و خواش لە هەموان**

org/?q=20171226094352143618.https://www.kurdipedia

کەس لە کەس ڕازی نیە و خواش لەهەمووان

لە و بارودۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستانی باشور تێی کەوتووە ئە و ئیدیۆمە زۆر جوان جێگەی خۆی دەکاتەوە، ئەگەر سەیر بکەیت هەم مرۆڤەکان و هەمیش ڕێکخراو و ئۆرگانەکان و کۆمەڵەکان و دام و دەزگاکانی مەملەکەت هیچ کامێکیان

بەویتر ڕازی نین و لۆمە و سەرزەنشتی یەکتری دەکەن و ڕووی یەکتری بەڕەش دادەنێن و هەر بابایە و لە ئاوازێک دەخوێنێ و بەیار و لەیلای خۆیان داهەڵدەدەن و یار و دۆستی یەکتر بە قیناج و خێڵ و خوار دادەنێن، خوای خوڵقێنەری ئەرز و ئاسمانیش لە و سیفەتە ناجۆر و درۆزنانە و تیابەستە نەبووەی هەموان نارازیە بۆیە بە درکە و کینایەوە دەوترێت(کەس لەکەس ڕازی نیە و خواش لە هەمووان).

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/26/12 9:43:52 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1507

## کەس لەسکی دایکیەوە هیچ فێر نەبووە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180815095344154009

کەس لەسکی دایکیەوە هیچ فێر نەبووە.
ژیان قوتابخانەیە و پرۆسەی فێربوون لە ژیانەوە سەرچاوەی گرتووە، دوای چاو هەڵێنان پرۆسەی وەرگرتن و فێربوون دەست پێ دەکات و بە تاقیکردنەوە و کارکردن و بەردەوامی و دووبارە بوونەوەی شتەکان و هەڵوێست وەرگرتن لەسەرما و گەرما کۆمەڵێک شتی نوێ و تازە فێردەبین و ئەگەریش یەکەمجار بێت کارێک بکەین هەڵەش بکەین ئاساییە چونکە کەس لەسکی دایکیەوە هیچ فێر نەبووە بەڵکو بەکردارەکی و پرسیارکردن و ئەنجامدان مرۆڤ کۆمەڵێک شت فێر دەبێت کە هەرگیز لەسکی دایکیەوە نەیبینیون و نەیبیستوە و ئەنجامیشی نەداوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2018/15/8 9:53:44 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1508

## کەس ناچتە قەبری کەس

https://www.kurdipedia.org/?q=20200923120334388101



کەس ناچتە قەبری کەس
لەکۆمەڵی ئاینیدا گۆڕ(قەبر) جێگەی سزا و پاداشتە یان دەبێتە باخچەیەکی بەهەشت یانیش دەبێتە چاڵێکی دۆزەخ، بۆیە ترس و تۆقین لەگۆڕ لە و بیروباوەڕانەدا یەکجار زۆرە و بووە بە وێردی سەر زمانی منالانیش لەیاریەکاندا دەیڵێنەوە (حۆحانێ بلی بلی، پێکەوە بچینە قەبری، قەبری تەنگ وتارە، پڕ لەمشک و مارە، مشک ومار عەزیایە، خۆی لەرمێ دایە)، ئە و ترس و تۆقینە لە قەبر کراوە بەئیدیۆم زۆرجاران کەسێک نیگەرانی هەڵسوکەوتی کەسێکە کە لەخوای یاخییە یان کارێکی نارێکی ئەنجام داوە و دەست دەکاتە ناوهێنانی و قسەی لەسەر دەکات، بۆ ڕەواندنەوەی ئە و نیگەرانییە بەئامۆژگاری و ڕێنماییەوە پێی دەوترێت کورە برام واز لە و قسانە بینە(کەس ناچتە قەبری کەس) واتە هەرکەسە و کاروکردەوەی خۆی تەواوە و کاری کەس لەسەر کەس ئەژمارناکرێت و هەر یەکەمان دەچینە قەبری خۆمان.
[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/23/9 12:03:34 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1509

## کەس نازیشی هەیە، گازیشی هەیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20220514220339413997



کەس نازیشی هەیە، گازیشی هەیە
کەس وکار، خزمایەتی خوێن، ئە و کەس و کارەی کە باب و برا و مام و برازا و بن عام و خزمی پشتێ دەگرێتەوە، ئەوانە خوێنی یەک کەس لە دەمارەکانیاندا هەیە و بە سیستەمی خێڵ و هۆزگەرایی، هەندێک ماف و ئەرک لە نێوانیاندا هاوبەشە، پاراستنی ئەندامانی خێڵ و ناموس و خوێنگری و شکۆی خانەوادە و بنەماڵە و هۆز و گەورە و بچوکی و داب و نەریت و هەرەوەزی و کۆمەک و بەشداریکردن لە خۆشی و ناخۆشیەکانی یەکتری هەموو ئەوانە ناز و منەتباری لێ دەکەوێتەوە بەرامبەر یەکتری لە ناو کەس و کاردا، لە ڕوویەکیتریشەوە بەهۆی نزیکی لە یەکترییەوە هەندێجار تەماع و چاوتێبڕین لە زەوی و زار و ناوان بەزاندن و ناموس هەتکردن و ملوملۆی بۆ کچ و ژن و ڕزق و ڕۆژوو و دەست بەسەراگرتن و بەدەستهێنان و بردنی پلە وپایە و براگەورەیی و خۆفەرز کردن و سەپاندن و...تاد دەبێتە هۆی گازگرتن و کوشتن و برین، هەموو ئەوانە لە نێوان خزم و کەس و کار لە منەتباری و چاوتێبڕینەوە بووە بە و ئیدیۆمە جوانە و کورد بەدرکەوە وتویەتی: کەس نازیشی هەیە، گازیشی هەیە واتە: خزم و کەس و کار خراپیشی هەیە و چاکیشی هەیە، پیرەمێردی نەمریش لە چوارینە پەندێکدا ناوەرۆکی هەمان ئیدیۆم دەخاتەروو :
دەڵێن چاکترە کەس لە بێگانە
لە کاتی دەرد و ڕەنج و تەنگانە

بەڵام داخەکەم گەڵێ کەس و کار
دەکەونە گیانت وەکو مۆرانە[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇺🇸 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2022/14/5 10:03:39 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1510
## کەس ناڵێ هاوارتە لە من، هەمووی دەڵێ قوتۆ بۆ من
https://www.kurdipedia.org/?q=20200819223646387038



کەس ناڵێ هاوارتە لەمن، هەمووی دەڵێ قوتۆ بۆمن
دەگێڕنەوە لە ئاواییەکی کوردستان کەسێک زۆر نەخۆش دەکەوێت، سەگێکی دڕ و ڕەسەنی دەبێت، لە و جۆرە توخمانەیە کە گورگ خنکێنە و پاسەوانێکی ئێشکگرە و ناهێڵێت لایدە و غەوارە و نامۆ یەک بست لە پەز و ماڵی نزیک بێتەوە بێ پرس و ئاگاداری خاوەنەکەی، ئە و سەگەشی ناونابوو(قوتۆ)، کەس وکارەکەی دێنە سەردانی و لێی خڕدەبنەوە هەر کەسە و لە بەرەخۆیەوە دەڵێت:(قوتۆ) سەگێکی دڕە بۆ پاسەوانی پەزەکەم، پارێزەری باخەکەم، من ناحەزم هەیە بۆ ئێشکگری شەوانە دەیبەم، بە و شێوەیە قسەی لە و جۆرە بەردەوام دەبێت، تا نەخۆشەکە لە بەر خۆیەوە دەڵێت(ئێ هێ کەس ناڵێ هاوارتە لەمن، هەمووی دەڵێ قوتۆ بۆمن)، ئێستا بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان لەنێوان حزبەکانی دەسەڵاتدار، هەمووی قوتۆی دەوێت کەس هاواری لێ هەڵناستێت بۆ دۆخی نالەباری ئەم ووڵاتە، ئەم ئیدیۆمە نزیکە لەئیدیۆمی(لە کەری تۆپیو دەگەڕێت ناڵی بکێشێتەوە) هەمووی بەدوای بەرژوەندییەکانی خۆیان دەگەڕێن و کەس خەمی نەخۆشەکەی نییە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | 🇺🇸 کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: 2020/19/8 10:36:46 PM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1511

## کەسکوونە

https://www.kurdipedia.org/?q=20180830091612155085

کەسکوونە

لەشێوەزاری هەولێری-یان و کۆیی-یان دەوترێت(کو) لەجیاتی(چۆن) ئەگەر بڵێن(چۆنی؟) دەرێن (کوی؟)، کەس-یش هەر(کەس)ە، بۆ نموونە دەوترێت کەسایەتی ئە و مرۆڤەی چۆنە؟هەڵبەت وەڵامی ئە و پرسیارەی یان دەوترێت(کەسایەتیەکی باشی هەیە) یان(کەسایەتیەکی خراپی هەیە) هەندێجاریش وەڵام لەنێوان(باش وخراپ) دەبێت، نە بۆ(ستایش) دەبێت نە بۆ(سەرکۆنە)ی دەبێت، ئینجا لە حاڵەتی سێیەم دەوترێت(کەسکوونە) واتا کەس نازانێت چۆنن(کوون) بۆیە لە نێو بەتەمەنەکانی هەولێر و کۆیە ئە و ئیدیۆمە(کەسکونە) بەکاردەهێنرێت تائەمرۆشی لەگەڵدا بێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ▭ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 8/30/2018 9:16:12 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1512

## کەشکیش برای دۆیە

https://www.kurdipedia.org/?q=20181001104313156656

کەشکیش برای دۆیە

یەکێک لەبەرهەمەکانی(دۆ) کەشکە واتە لەرووی پێکهاتەی خۆراکیەوە یەک جۆر ڤیتامین و پێکهاتەی تێدایە ئەوەی لە(کەشک) هەبێت بێ شک و گومانیش لە(دۆ)شدا هەیە، ئەم ئیدیۆمە مرۆڤ بەکاریدەهێنێت بۆ نەبوونی جیاوک و جیاوازی لەنێوان دوو کەسدا ئینجا ئە و دوو کەسە لەهەر ئاستێکدا بن بۆ نموونە حوکمڕان بن ئەمڕۆ(کەشک) بێتە شوێنی(دۆ) ئە و سیفەت و خاسیەت و ئەدگارانەی کە(دۆ) هەیبوو کەشک بە تەواوەتی و بەزیادەشەوە هەیەتی، کورت کرمانجی ئەگەر کەسێکی خراپتر یان خاوەن هەمان ئەدگار و خاسیەت شوێنی کەسێکیتر بگرێتەوە بە نائومێدییەوە دەوترێت(کەشکیش برای دۆیە) واتە چی لەوەی پێش خۆی چاکتر و باشتر نیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🗷 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2018/1/10 10:43:13 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1513
## کەلاکی تۆپیوە گۆشتی لێ بکەوە
[https://www.kurdipedia.org/?q=20200905115840387531](https://www.kurdipedia.org/?q=20200905115840387531)



کەلاکی تۆپیوە گۆشتی لێ بکەوە
کەلاک، کەڵەشی مەروماڵات، ڕەشەوڵاغ، گا و مانگا وکەرەکێوی و مامز و تاد دوای سەربڕین یان مردن و ڕاوکردنیان ئە و کەڵەشەی دەمێنێتەوە دەبێتە کەلاک و تا شیبوونەوەی بەسەربێت و گەنیو وبۆن ناخۆش بن دەبنە کەلاکی تۆپیوو، ئینجا گۆشتکردنەوە لە کەلاکی تۆپیوو کراوە بەئیدیۆم و گوزارشتی ماڵێکی بێ خاوەن دێت کە بتەوێت لە مشان و بێ بەرامبەر شتی لێ ببەیت دەوترێت(کەلاکی تۆپیوە گۆشتی لێ بکەوە).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🗷 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی](#)
کاتی تۆمارکردن: 2020/5/9 11:58:40 AM
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1514
## کەما بەدەم کەر خۆشە
[https://www.kurdipedia.org/?q=20220429201555411821](https://www.kurdipedia.org/?q=20220429201555411821)



کەما بەدەم کەر خۆشە
کەما، گیایەکی لاسک ئەستوری گەڵا وردی باڵابەرزی گوڵ زەردی بەهاریە لە کوێستانەکانی کوردستان گەش و نما دەکات، خاوەن ئاژەڵەکان لە بەهاراندا گیادووری دەکەن و گزرەی دەکەن، گزرە، ئە و گیادووراوەیە کە خاوەن ئاژەڵەکان هەڵیدەخەن بۆ وشک بوونەوە بۆ ئەوەی وەرزی ساردوسۆڵە و ڕێبەندان لە کوێستانەکان دەرخواردی ئاژەڵەکانیانی بدەن، ئە و پارچە زەوی و لاپاڵای کە ڕووەکی کەمای زۆر بێت پێی دەوترێت(کەماجاڕ)
هاوشێوەی(گەڵاجاڕ و نێرگزجاڕ و گۆجاڕ)، ئاژەڵی گوێدرێژ یەکێکە لە و ئاژەڵانەی کە زۆر باش ئە و گیا گزرە کەمایە دەخوات، ئەوە بووە بە ئیدیۆم بۆ لێهاتن و لێوەشانەوە و گونجان و(قابیل)بوون دەوترێت: کەما بەدەم کەرێ خۆشە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 8:15:55 2022/29/4
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---


بابەت: 1515
## کەنگر و ماست بەوادەی خۆی
https://www.kurdipedia.org/?q=20170729105229141620
کەنگر و ماست بە(وەعد)ی خۆی
رووەکی گەنگر وبەرهەمی ماست لە بەهاران دا زۆر دەبن و لەهاوین و پایز و زستان دا بەدەست کەوتنیان زۆر ئەستەمە و بەدەستیش ناکەون، بۆیە ئەگەر لەکاتی خۆی نەبێت پەشمە گەڕان بەدوایاندا، بۆیە کورد ئەگەر شتێک یان کارێک یان داواکارییەک لە جێگە و کاتی خۆی نەبێت یان پیرە پیاوێ خوازبێنی کیژۆڵەیەک بکات و بیانەوێت پێی نەدەن بە و پەند وئیدیۆمە وەڵام دەدەنەوە و دەڵێن(کەنگر و ماست بە وەعدی خۆی).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 10:52:29 2017/29/7
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1516
## کەنێری نەبوون، گیسک دەبنە بڵمباس
https://www.kurdipedia.org/?q=20211218183518398879




کەنێری نەبوون، گیسک دەبنە بڵمباس
نێری و بزن، نێر و مێی ئاژەڵی ڕەشن، زۆربەی مێگەلە بزنەکان یەک نێری یان دوون کەمجاریش سێ دانەی تێدایە، کاریلە-نێرەکەی دوای تەواوکردنی(6)شەش مانگی تەمەنی دەبێتە(گیسک) و بووە ساڵێک دەبێتە(کور) و(خرت) ئینجا یەک خرت و دوو خرت....تاد، خرتیش واتە نێری و سابرێن، کاتێک لەناو مێگەلێک نێری نەبوو ئەوا بەناچاری گیسک دەبێتە(بڵمباس) بڵمباسیش واتە نێری و تەگە و سابرێن) عەرەب دەڵێت: لە کەمی ئەسپ، زینیان خستۆتە سەر تاژی و کوردیش هاوشێوەی ئە و ئیدیۆمە دەڵێت: کەس نەبوو ڕەجەبیان سەر پاڵەیە، ئەوانە بوون بە ئیدیۆم کاتێک لەناو نەتەوەیەک یان هۆزێک یان بنەماڵەیەک پیاوی پیاوانە و سەرکردە نەبوو ئەوا خەڵکی بودەڵە و بۆرەپیاو و ناکەس بەچە دەردەکەون بە و حاڵەتە دەوترێت(کەنێری نەبوون، گیسک دەبنە بڵمباس).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2021/18/12 6:35:18 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1517

## کەوا سوری بەرگەرەک

https://www.kurdipedia.org/?q=20170924101358142710

کەوا سوری بەرگەرەک

کەوا سوری بەر لەشکر-م بیستبوو، دواتر کەوا سوری بەرگەرەکیشم کەوتە بەرگوێ، لە زۆر شوێن و گوند و ئاوایی تاک وتەرا کەسێک هەڵدەکەوێت بیەوێت هەموو شتێ بزانێت و زانیاری هەموو گەرەک وشوێنەکەی خۆی کۆبکاتەوە شێوەی کێخوا، زۆر جاریش ئە و زانیاری وخەبەر و باسانە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاردەهێنێت و دەکەوێتە پێش هەموو گروپ و تاقمێکەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/24/9 10:13:58 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1518

## کەوا سوری بەر لەشکر

https://www.kurdipedia.org/?q=20200910225321387783



کەوا سوری بەر لەشکر
کەوا سور ئە و کەسانە بوون کە کورد بوون و بۆ سوپای داگیرکەری عوسمانی دەبوونە چاوساغ و پێناوی داگیرکەران بۆ چۆرێک شاباش و نەرمە دەست لەپشتدان و ئافەرینێ و بۆگە و چڵکاوخۆری و کاسەلێسی، دەبوونە مەسینە هەڵگری کڵاوسورەکانی عوسمانی و بست بەبست و هەرد بەهەرد و بن بەرد بە بن بەرد بەدوای شۆڕشگێڕان و هەڵگرانی ئاڵای شۆڕشی کوردەوە بوون لە خاکی کوردستان، ئە و ئیدیۆمە زیاتر لە باشوری کوردستان بەکاردەهێنرێت لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە تا ئەمڕۆشی لەگەڵ بێت بەکاردەهێنرێت بۆ کەسانێک کە خیانەت لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەکەن و دەبنە جاش و خۆفرۆشی داگیرکەران هەر پێیان دەوترێت(کەواسوری بەر لەشکر).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/10/9 10:53:21 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1519

## کەوڵەکۆن

https://www.kurdipedia.org/?q=20200914192405387912



کەوڵەکۆن
کەوڵ، لە پێستی ئاژەڵان دروست دەکرێت بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێت وەکو کوندە و مەشکە و هیزە وفەرش و بەرگ و پۆشاک و تاد، کۆن، واتە سەردەمی بەسەرچووە، کەوڵەکۆن بەیەکەوە واتە کەوڵێکە زۆر بەکارهاتووە تا ئە و ڕادەیەی هیچ کەڵێکی نەماوە و پارچە پارچەی لێ دەبێتەوە داهێزراوە وزۆر ماندوو کراوە، ئە و ئیدیۆمە زیاتر بۆ کەسێکی بەتەمەن و پیر بەکاردەهێنرێت کە تڵپی تەری تیانەماوە و هیچی پێ ناکرێت هاوشێوەی ئیدیۆمەکانی(پیرەقۆتڕ، کەندوی بەتاڵ)، زۆربەی جاران ژنانیش بەرامبەر پیاوە پیرە پەککەوتەکان بەکاری دەهێنن و بەتەوسەوە دەڵێن(کەوڵە کۆن).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 7:24:05 2020/14/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1520
## کەڵ بۆت هاتۆتە بەر نیری
https://www.kurdipedia.org/?q=20220617231820418984



کەڵ بۆت هاتۆتە بەر نیری
کەڵ: نێرینەی ڕەشەوڵاغ و گامێشە، کە جوتیاری کورد بۆ جووتکردنی کێڵگە بەکاریهێناوە، نیروکوپەران دەخرایە سەر ملی ئە و کەڵەگایەی کە جووتی پێ دەکرا، بۆ ئەوەی گاسنەکەی پێ ڕابکێشێت، ئینجا گا زۆر خورت و بەهێز و هەرەکەتە زۆر زەحمەت دێتە بن بار بۆ ئەوەی نیر و کوپەرانەکەی لەسەر ملی دابنرێت و تووند لە ملی شەتەک بدرێت تاوەکو دەست بە جووتکردنی زەوییەکە بکرێت، ئە و حاڵەتە کراوە بە ئیدیۆم و بەخت و شانسی کەسێک زۆر باش بێت دەوترێت: کەڵ بۆت هاتۆتە بەرنیری.
هاوشێوەی ئەمەش بۆ هەندێ شانس و بەختی تر کورد دەڵێت: کەوڵە ڕێوی بەپیلەوە هاتووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🇰 تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 11:18:20 2022/17/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1521
## کەڵەبابی سەر بارە دارێ
https://www.kurdipedia.org/?q=20170507235357139547



بەکەسێکی قوت و بچکۆلانە دەوترێت کە لە خۆی دەرچێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ● دیارینەکراو | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2017/7/5 11:53:57 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

---

بابەت: 1522

## کەڵەشێر گەنم و هەرزنیشی پێ بدەی هێلکەی ناکا

https://www.kurdipedia.org/?q=20220617222612418978



کەڵەشێر گەنم و هەرزنیشی پێ بدەی هێلکەی ناکا
زۆرجاران کورد دەڵێت: (تەبیعات) دەرمانی نییە، هەر کەسە و بە سروشتی خۆی، ئەگەر یەکێک زۆر نەخۆش بێت دەوترێت: بە خوای ئاوی(حەیات)ی لە ژێر بکەیت چاک نابێتەوە، بەرخە نێر فرۆی نییە بۆیە عەبدوڵلا پەشێو دەڵێت: تا سێبەری ئەوان مابێت، هەردە بێت بەتەمای فرۆی بەرخە نێر بین، چاو لە زەردێنەی هێلکەی کەڵەشێر بین، هەموو شت لە سروشتدا تایبەتمەندی و خوو و پێکهاتەی خۆی هەیە، بەنمونە: نێر نادۆشرێت، چۆلەکە شیری نییە، مریشک نازێت...تاد، لیرەش کەڵەشێر بەنمونە هێنراوەتەوە بۆ شتێکی(مستەحیل) هەموو گەنم و هەرزنی دونیای پێ بدەیت هەر هێلکەی ناکات و سروشتی خۆی پێ ناگۆڕێت، ئەوە کراوە بە ئیدیۆم و بۆ کاری نەگونجاو لە کەس چاوەڕێ مەکە و هەرکەسە و سروشتی خۆی چۆنە هەروا دەبێت بۆیە کورد بەئامۆژگارییەوە دەڵێت: کەڵەشێر گەنم و هەرزنیشی پێ بدەی هێلکەی ناکا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2022/17/6 10:26:12 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1523

## یاخوا بەخێر بێی سۆرەگوڵی باخان

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901132735387359



یاخوا بەخێر بێی سۆرەگوڵی باخان
دەگێڕنەوە، پیاوێکی بەتەمەنی کوردەواری زۆر دەردو بەڵا رووی تێکردووە، نەخۆشی گەلێکی وەک(دڵ وچاوکزبوون و گوێگرانی وکەڕی و چورەمیزکە و ڕەوانی و شەکرە و فشاری خوێن و کەمخەویی و هەناسەتوندی و پشوتەنگی و شەپرەیی و ناهاوسەنگی رۆیشتن و پشت کۆمی و ئازاری پشت و هەوکردنی ریخۆڵەکان و تاد) رۆژێکیان لەسەر پێشاو-ئاو دادەنیشێت بۆ ئەوەی خۆی خاڵی بکاتەوە لە و پاشەڕۆەیەی هەڵیگرتووە کەچی قەبز دەبێت و لەگەڵ نقە لەخۆکردن خوێنی بەربوونی مایەسیریشی دەبینێت، رەنگی خوێن سوورە بۆیە لەسەرەخۆ دەڵێت(یاخوا بەخێر بێی سۆرەگوڵی باخان) هەر لەتۆمان کەم بوو، ئەمە بووە بە ئیدیۆم و هەرکاتێک لەسەر پەژارە و نەخۆشی و کارەسات و دەردە وبەڵایەکەوە شتێکی تازە پەیدا بێت و بێتە کایەوە دەوترێت(یاخوا بەخێر بێی سۆرەگوڵی باخان هەر ئەتومان پێدەویست).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] K تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی


کاتی تۆمارکردن: 2020/1/9 1:27:35 PM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1524

## یاخوا قوندان نەبتە عادەت

https://www.kurdipedia.org/?q=20200902010910387402



یاخوا قوندان نەبتە عادەت.
داب ونەریت زۆر بەهێز و خێرا لەناو کۆمەڵگا رەگ دادەکوتێت و بڵاودەبێتەوە و چەق دەبەستێت، ماوەیەکی دەوێت تاوەکو بەرە و کاڵبوونەوە بچێت، قوندانیش لە ناو میللەتی پێغەمبەر (لوت)دا بووە داب وهەموو میللەتەکەی تەنییەوە و تا کار گەیشتە ئەوەی بچێتە ناو ئەندامانی خێزانی لوت پێغەمبەر و لەناو میللەتێکی گەورەی زیاتر لەچوارسەدملیۆنی بۆ پیشەی قوندان، ناوی پێغەمبەر(لوت) بەکاربهێنن و لۆتی و لوتی، ئەگەر تێبینی بکرێت ناوی زۆربەی پێغەمبەرەکان لەنەوەکان بنرێت وەک(عیسا و موسا و یەحیا و زەکەریا و تاد) کەچی کەمترین ناوی(لوت) هەیە لە کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامی، هەموو ئەمانە روونکردنەوە بوو بۆ ئیدیۆمەکە، واتە هەر شتێک بووە داب و نەریت کەس سڵی لێ ناکاتەوە و هەمووی بێ شەرم و بەئاشکرا ئەنجامی دەدات و خەڵکیش هەیە بەشانازییەوە پەیرەوی لێ دەکات بۆیە کورد بەتەوسەوە دەڵێت(یاخوا قوندان نەبێتە عادەت).[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: AM 1:09:10 2020/2/9
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1525

## یان دەبینە قەشمەرخانی خەڵک، یان دەبینە خزمەتکاری خەڵک

https://www.kurdipedia.org/?q=20220616160909418816



یان دەبینە قەشمەرخانی خەڵک، یان دەبینە خزمەتکاری خەڵک
کچ لە وڵاتی کوردان ئەگەر بکەوێتە ناو ساڵانەوە و شووی نەکردبێت پێی دەوترێت: قەیرە، ئە و قەیرەیەش بەوە دەچێت لە قەیرەی بەران کە تەمەنی(پێنج) ساڵانە و قەیرەی ئەسپ بۆ ماوەیەک ڕاهێنانی پێکراوە تاڕاهێنراوە وەرگیرا بێت، قەیرەیی(کوڕان و کچان) لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکیتر تەمەنەکەی دەگۆڕێت لەناوچە خێڵگەرایی و هۆزساڵاریدا تەمەنی کچان و کوڕان دوای هەژدە ساڵی بەدواوە وردە وردە پێی دەوترێت قەیرە تا دەگاتە سەرووی چل و پێنج ساڵیەوە، ئە و کچانەی بە هۆی بارودۆخەوە دەچنە ساڵەوە و هێشتا شوویان نەکردووە، هەر کەسە و قسەیان لەگەڵ بکات پێیان دەڵێت: بۆ شوویەک ناکەن یان بۆ شووتان نەکردووە، بەمەش دەبنە مایەی قسە و باس و جۆرێک لە گاڵتە و گەپ، لەلایەکیتریشەوە کوڕانی گەنج و لاو و خورت نایەنە داخوازیان تەنها پیاوانی ژنمردە و ڕەبەن و بەساڵاچوو و خێزاندار و...تاد، کە ئەمانەش دەبێتە خزمەتی خۆیان و ماڵ و منداڵیان بکرێن، ئە و حاڵەتەش بووە بە ئیدیۆم و شێوەی بەندی سەرروادار دەوترێت: یان دەبینە قەشمەرخانی خەڵک، یان دەبینە خزمەتکاری خەڵک واتە: ئەگەر شوو نەکەین دەبینە گاڵتەجاڕ و شووش بکەین دەبینە پەرستار و کارگوزاری دەرد و کاروبار و کەس و کاری ئە و مێردە بەتەمەنی کە شووی پێ دەکەین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
وڵات: باشووری کوردستان
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] κ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی
کاتی تۆمارکردن: PM 4:09:09 2022/16/6
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

بابەت: 1526

## یان گاڵ دێنێ یان پەمۆ

https://www.kurdipedia.org/?q=20201025095953389453



یان گاڵ دێنێ یان پەمۆ
گاڵ، ڕووەکێکە تۆوەکەی هاوشێوەی تۆی پەمۆ-لۆکەیە، کەسێک زۆر شارەزاش بێت خراپ دەتوانێت لێکیان جیابکاتەوە، گاڵ ناوێکی کۆنە و ئێستا پێی دەوترێت(هەرزان و گلێنە) بۆ ئالیکی ئاژەلان سودی هەیە و پەمۆش بۆ پێداویستیەکانی مرۆڤ و پاشماوەکەی دەبێتە لەوەڕی گیانداران، هەرچەندە پەمۆ مرۆڤ زیاتری کەڵک لێ وەردەگرێت بەڵام گاڵیش خراپ نییە، بۆیە بووە بە ئیدیۆم و بۆ کارێکی نابەدڵ و دوودڵ لە ئەنجامدانی دەوترێت ناوی خوای لێ بێنە(یا گاڵ دێنێ یان پەمۆ) واتە هەر کامێکیان بێت خراپ نییە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] ĸ تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | ⬜ کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ئاراس ئیلنجاغی

کاتی تۆمارکردن: 2020/25/10 9:59:53 AM

ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی